حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی ڕاپەڕین

ISSN 2410 - 1036

# گۆڤاری
# زانکۆی ڕاپەڕین

گۆڤارێکی ئەکادیمییە
زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات

VOL.3 NO.6
2016

# گۆڤاری
# زانکۆی ڕاپەڕین

## گۆڤارێکی ئەکادیمیە
## زانکۆی ڕاپەڕین دەریدەکات


**سەرنووسەر**

**پ.د. محمد علی عبدالله**

**سکرتێری نووسین**

**پ.ی.د. صباح رشید قادر**

**دەستەی نوسەران**

**پ.ی.د. سناء حسن عبدالصاحب**

**پ.ی.د. سەردار فتح الله حسێن**

**د. حسێن غازی کاك أمین**

**د. موفق خالید ابراهیم**

**د. بەهزاد وسو حمد**

**دەستەی راوێژکاران**

**پ.د. کریم عبدول**

**پ.د. جبار قادر**

**پ.د. وریا عمر أمین**

**پ.ی.د. محمد صابر مصطفی**

**یاریدەدەری سکرتێری نووسین**

**م.ی. محمد قادر رسول**

# مجلة

# جامعة راپەرين

مجلة أكادمية تصدرها جامعة راپەرين


**رئيس التحرير**

ا.د. محمد على عبدالله

**سكرتير التحرير**

ا.م.د. صباح رشيد قادر

**هيئة التحرير**

ا.م.د. سناء حسن عبدالصاحب

ا.م. د. سەردار فتح الله حسين

د. حسين غازى كاك أمين

د. موفق خاليد ابراهيم

د. بەهزاد وسو حمد

**المستشارون**

ا.د. كريم عبدول

ا.د. جبار قادر

ا.د. وريا عمر أمين

ا.م.د. محمد صابر مصطفى

**نائب رئيس التحرير**

م.م. محمد قادر رسول

# ڕێنماییەکان بۆ بلاوکردنەوەی توێژینەوە

١. ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەکادیمیەو توێژینەوەی ڕەسەن و ئاست بەرز بلاودەکاتەوە،لە بوارەکانی زانستی و مرۆڤایەتی و زانستە سروشتی و پزیشکیەکاندا لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم،بە مەرجێ پێشتر لە هیچ گۆڤارێك بلاو نەکرابێتەوە،یان ڕەت نەکرابێتەوە.

٢. هەموو توێژینەوەکان لە لایەن پسپۆری شارەزا، بە پێی پسپۆری هەڵدەسەنگێنرێن.

٣. گۆڤارەکە توێژینەوە بە هەموو زمانە زیندووەکان بلاو دەکاتەوە.

٤. توێژەر توێژینەوەکەی بە چاپکراوی لەسەر کاغەزی سپی پێوانەی(A4) دا لەگەڵ جێهێشتنی (٢.٥) سم لە هەر چوار دەوری لاپەرەکە دەنێرێ.

٥. ژمارەی لاپەرەی توێژینەوەکان (٢٥) لاپەرە تێپەر ناکات، جگە لەو وێنەو خشتەو پاشکۆ و پێویستیەکان، ژمارەی لاپەرە لە لای خوارەوە لە ناوەندی لاپەرەکە دادەنرێ.

٦. توێژەر (٣) وێنە لە توێژینەوەکەو CD توێژینەوەکە ڕادەستی سکرتاریەتی گۆڤار دەکات، دواتر وەکو بنەمایەك بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوودی لێوەردەگیرێ، توێژینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێك دەخرێت:

- ✓ ناونیشانی توێژینەوەکە لەسەرەوەی لاپەرەی یەکەمی توێژینەوەکە دەبێ بەفۆنتی (١٦) بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان و (١٤) بۆ ناوەرۆك و (١٢) بۆ پەراوێز، ناونیشانی توێژینەوەکە (١٤) بۆ بەشە زانستیەکان و (١٢) بۆ ناوەرۆك.
- ✓ جۆری فۆنتەکە Ali-k-Alwand بۆ زمانی کوردی و Ali-a- Alwand بۆ زمانی عەرەبی.
- ✓ ناونیشانە لاوەکیەکان پێویستە بۆڵد بکرێن.
- ✓ ئەو توێژینەوانەی بەزمانی ئینگلیزین، دەبێت بە فۆنتی جۆری (Arial) بنووسرێن، بە پێوانەی (١٤) بۆ سەرە بابەت و (١٢) بۆ نووسینی تێکستەکە لەگەڵ بە جێهێشتنی مەودای دێڕونیوێك لە نێوان دێرەکان, و سەرچاوەکانیش بە سیستمی Harvard بنووسرێن
- ✓ ناوی توێژەر یان توێژینەوەکان بە فۆنتی (١٦) بۆ مرۆڤایەتیەکان و (١٤) بۆ زانستیەکان بەکاردێ.
- ✓ کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ تێدا ئامانج و پلان و ڕاسپاردەکان ڕوون دەکرێتەوە بە فۆنتی پێوانەی (١٤) بۆ مرۆڤایەتی و (١٢) بۆ زانستیەکان.
- ✓ کورتەی توێژینەوەکە بە دوو زمانی تر جیاواز لە زمانی توێژینەوەکە دەنووسرێ.
- ✓ لە نووسینی سەرچاوەکان پەیرەوی سەرچاوەکان و ناوی کتێبەکان دەکرێ.و ئەگەر توێژینەوەکە وەربگیرێت یان وەرنەگیرێت بە هەر هۆیەك بێت بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێنرێتەوە.
- ✓ هەر توێژینەوەیەك کە دەنێردرێت بۆ گۆڤارەکەمان پێویستە بڕی (٥٠,٠٠٠) دیناری لەگەڵ بێت، کەناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.
- ✓ پێویستە لەگەڵ ناردنی توێژینەوەکە زانیاری تەواوی توێژەری لەگەڵ بێت، وەك ژمارەی تەلەفون و ئیمەیل.

**پ.ی.د. صباح رشید قادر**

**سکرتێری نوسینی گۆڤار**

# التعليمات المتعلقة بنشر البحوث في هذه المجلة

١. هذه المجلة هي مجلة علمية تنشر البحوث الاصيلة و بمستوى رفيع في مجالات العلوم الأنسانية والعلوم الصرفة والعلوم الطبية داخل و خارج الأقليم، على ان لم يتم نشره مسبقا في أيه مجلة ولم يكن قد رفض.

٢. يتم تقيم البحوث من قبل المختصين وحسب اختصاصاتهم.

٣. تنشر المجلة بحوثها بكل اللغات الحية.

٤. يرسل الباحثون بحوثهم مطبوعا على صفحات بيضاء و بقياس (A4) تاركا (2,5) سم على الأطراف الأربعة للصفحة.

٥. يجب أن لا يتجاوز عدد صفحات البحث من (25) صفحة، عدا الصور والجداول والملحقات واللواحق الاخرى، و تدون رقم الصفحة في أسفلها.

٦. يرسل الباحث (3) ثلاث صور من البحث والقرص الأليكتروني (CD) للبحث الى سكرتارية المجلة، ويستفيد الباحث من بحثه لغرض رفع المرتبة العلمية، وتنظم البحوث شكلا ومضمونا وكالأتي:

- ✓ تكتب عنوان البحث في اعلى الصفحة الاولى، وتكون الكتابة بحجم ( 16 ) للعلوم الأنسانية، و ( 14 ) للعلوم الصرفة .
- ✓ ويكون نوع الخط Ali-k-alwand للغة الكردية و Ali-a Alwand - للغة العربية.
- ✓ يرجى بولد العناوين الثانوية.
- ✓ البحوث التي تكون باللغة الأنجليزية تكون نوع الخط فيه ( Arial ) وبحجم ( 14 ) للمواضيع الرئيسة و حجم (12) لكتابة النصوص مع ترك مسافة سطر و نصف بين السطور وتكون كتابة المصادر بنظام Harvard .
- ✓ اسم الباحث أو الباحثون يكون بحجم ( 16 ) للأنسانيات و ( 14 ) للعلوم الأخرى، وتكون خلاصة البحث بلغة البحث و توضح فيها هدف وخطط و توصيات البحث بحجم (14) للأنسانيات (12) للعلوم.
- ✓ وتكتب خلاصة البحث بلغتين اخريين عدا لغة البحث.
- ✓ وتكتب المصادر كالاتي اسم المؤلف - سنة النشر بين قوسين - عنوان البحث ثم التفاصيل الاخرى.
- ✓ يرسل الباحثون مبلغ (٥٠,٠٠٠) دينار مع البحث، حيث لايرجع للصاحبه.
- ✓ يرجي ارسال المعلومات الشخصية كارقام الهاتف والبريد الاكتروني.

**ا.م.د .صباح رشيد قادر**

**سكرتير التحرير المجلة**

## لەم ژمارەیەدا

## بەزمانی کوردی


- شیکردنەوەی ڕەگەزە شیعرییەکانی ( بێسارانی ) بە سەرنج و دیدگای نوێوە .................. ١٣
  پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد      پ.ی.د. فازیل مەجید مەحمود

- پێگەی شیعری کلاسیکی کوردی لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا.................................... ٢٩
  پ.ی.د.دڵشاد علی محمد

- مۆرفیما (- ژی) د گوڤەرا بەهدینیدا...................................... ٥٩
  د. شلێر نایف ئەمین

- چەند تایبەتمەندییێن دەنگێ کپێ [ ت] د فۆنۆلۆژییا زمانێ کوردیدا.......................... ٧٣
  د. عبدالوهاب خالد موسی

- کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی............................ ٨٧
  د. عادل ڕەشید قادر

- ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی............................................ ١٠١
  م. ی. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین      م. مستەفا سەید مینە مستەفا

- میکانیزمی خەیاڵ لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"..................................... ١٣٥
  م.ی. ڕێبوار محمد اسماعیل

- ئیشکالییەتی خوێندنەوە رەخنەییەکانی شیعری (گۆران)................................ ١٥٧
  هێمن عومەر خۆشناو

- گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم لە رۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی.................. ١٧٥
  کیفی محمد عزیز

- خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩–١٩٥٨.................................. ٢٠١
  د. جمال فتح الله طیب      د. ئاراس عبدالرحمن مستەفا

• کارنامەی ژیانی دیکتاتۆرەکانو بەراوردێکی نێوانیان (مۆسۆلینی، هیتلەر، سەدام حسێن، مستەفا کەمال) وەك نموونە........................................ ٢٢٣
د.سوزان کەریم مستەفا

• کەرکوك لە سەرچاوە و نووسراوە جیاوازەکاندا ((لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری ناو و شوێنی جوگرافیای کەرکوك))........................................ ٢٦١
د.پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولرەحمان

• مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین لە بەر ڕۆشنایی دەستنووس و یاداشتەکانیدا ١٩١٢– ١٩٩٨... ٢٩٥
م. ئەحمەد محەمەد ناسر

• راپەڕینی بەیاندوور........................................ ٣٢١
م. ی. نەهرۆ محەممەد عەبدلقادر

• پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنیشینە ئیسلامییەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر لەنێوان سەدەی (٣-٦ك/٩-١٢ز)........................................ ٣٤٩
م. ی. نوزاد خالد رؤوف

• جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی ٢٠١١ – ٧ حوزیرانی ٢٠١٥ "لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی"........................................ ٣٨٥
پ. ی. د. سەفین جەلال فتح الله م. ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ

• شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئاوی باران لەشاری سلێمانی ودەوروبەری بۆ ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤........................................ ٤٢٧
د. عطا محمد علاءالدین د. ڕۆژان فەرەیدون عبدالرحمن

• دەستنیشانکردنی ڕۆژە گونجاوەکان بۆ گەشتوگوزار لە ڕوانگەی ئاوهەوای فسیۆلۆجیەوە لە ناوچەی ئاکری........................................ ٤٥٥
د. لقمان وسو عمر

- شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی ئاینزاکان لە هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاری)........................ ٤٨٧
م.ی. احمد رفیق کریم م.ی. شاسوار محمد محمود م. ی. شاد حمید محمد

- دەستنیشانکردنی ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان بە بەکارهێنانی پۆلێنی تیرجنج (لیکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای پراکتیکی)........................ ٥١٩
م.ی سەرکار حمد خدر

- پەیوەندی ژنانی کورد بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی (توێژینەوەیەکی وەسفیە)........................ ٥٥١
د. ڕێبەر گۆران مستەفا م.ی. پاڤێ جەمیل

- ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لەپێشخستنی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکاندا (پراکتیزەکردنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بەنموونە)........................ ٥٧٥
م.ی.هەردەوان مەحمود کاکەشێخ

- تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس........................ ٥٩٥
م.ی ئارام قادر صابر

- فشاری کار لەنێو مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی قەڵادزێ........................ ٦٢٩
م.ی. روخسار محمد عمر

**بەزمانی عەرەبی — باللغة العربية**


- الفرائد البهية في القواعد والفوائد الفقهية (مسائل الطهارة) للشيخ محمود بن محمد بن نسيب الحمزاوي المتوفى سنة ١٣٠٥هـ.......................................... ٦٤٩
أ.د.جمال محمد فقي رسول م.شيلان محمد علي القرداغي

- محنة الإمام أبي الحسن الشاذلي وأثرها الإيجابي في نشر أفكاره المتسامحة.................... ٦٧٧
أ.د .جواد فقي علي م .كاكه خان نصرالدين أمين

- البعد السياسي لخلاف الفرق الإسلامية حول الإيمان والكفر.................... ٧٠١
أ.د. كريم نجم خضر شواني م. م. ئادەم عبد الجبار عبد الله بيدار

- العجز وأثره على الاحكام التكليفية دراسة نظرية تطبيقية في الطهارة والصلاة.................... ٧٢٥
د. كامران أورحمان مجيد د. عبدالفتاح حسين سليمان

- الرياضة ودورها في نشر ثقافة التسامح من منظور ديني.................... ٧٥٥
د. عباس علي سليمان

- ظاهرة التصرفات الجرمية في المحيط الرياضي من منظور الإسلام.................... ٧٦٥
د. محمد خالد مصطفى

- حقوق المستأمَن في الفقه الإسلامي.................... ٧٨٣
د. منذر محمد جزاع الجميلي

- الدعاء وأثره في جلب المنافع ودفع المضار.................... ٨٠٥
د. أكرم بايز محمد أمين

- مورفومترية حوض وادي سماقولي (دراسة في الجيومورفولوجية التطبيقية).................... ٨٣٣
أ.د.عزالدين جمعة درويشد د.سايه سلام صابر د.سۆران حمه امين احمد

- محاولات ايران لخلق هيمنةاقليمية شرقي البحر المتوسط (دراسة في الجغرافية السياسية)........ ٨٦١
أ.م.م. فيروز حسن حمه عزيز د.شيروان عمر رشيد د.هاوڕێ ياسين محمد امين

- تطور نمط التوزيع المكاني للكثافات السكانية في مدن أقليم كوردستان العراق (دراسة مقارنة في جغرافية المدن)........................................ ٩٢٥
أ.م.د.نشوان شكري عبد الله

- تكرار موجات الحر في مدينة اربيل للفترة من ١٩٩٢ – ٢٠١٤................................ ٩٤٣
أ.م.د. سليمان عبدالله اسماعيل

- ضرورة الاصلاح في المنظمة الأمم المتحدة........................................ ٩٧٧
أ.م.د. همداد مجيد علي المرزاني م. نايف محي الدين حسن

- النقد القذفي الصحفي بمنظور جنائي (بحث مُقارن)........................................ ١٠١٣
أ.م.د. مجيد خضرأحمد السبعاوي

- التأصيل الشرعي لمبدأ عدم رجعية القانون العقابي إلى الماضي.................................. ١٠٩١
أ.م.د. محمد شريف د.باقر جواد شمس الدين

- النفط وإستخداماته في بلاد الشام في العصر الأيوبي ( ٥٦٧–٦٥٨هـ / ١١٧١–١٢٦٠م )......... ١١١٥
أ.م.د.أكو برهان محمد

- إسهامات بعض أفراد البيت الأموي في ازدهار الحركة العلمية والأدبية والفنية في الاندلس من الفترة ١٣٨هـ/٧٥٥م ولغاية ٤٢٢هـ/١٠٣٠م.................................................. ١١٣٩
د.عمررشيد رمو

- الإنسان بين الجبر والاختيار (دراسة كلامية و فلسفية)........................................ ١١٥٧
أ.م.د. حسن حسين صديق د. محمد عبدالباقي ابراهيم

- نقطة تحول في الفلسفة ام ماذا؟ (دراسة تحليليه لحركة فلسفيه معاصره).................... ١١٧١
د. حميد عزيز سعيد

- التفكير الايجابي وفاعلية الذات لدى طلبة المدارس النموذجية في محافظة اربيل................ ١١٨٥
أ.م.د. ريزان علي ابراهيم م.م اسيل اسحاق بتو

- التدخين وعلاقته ببعض سمات الشخصية لدى عينة من طلاب جامعة زاخو.................... ١٢٢٣
م.م. جيهان حسين عمر

- الرضا المهني لدى القائمين بالإتصال في المؤسسات الاعلامية الكوردية (دراسة مسحية لعينة من القائمين بالاتصال في شبكة اعلام التغيير)........................................... ١٢٥١
د. ابراهيم سعيد فتح الله

- تعرض طلبة المدارس الاساسية لبرامج الأطفال في القنوات الفضائية الكوردية................ ١٢٧٣
م.م بەنازحمەرشيد حسن    م.م يوهان عوسمان

- أثر طريقة أختيار المجموعات التعاونية على تحصيل الطلبة في مادة الكترونيك القدرة في المعهد التقني كلار.................................................................... ١٢٩٧
كوردستان حميد محمد    عدنان محمود صالح

- أبنية الأفعال الثلاثية ودلالاتها في سورة (المؤمنون)........................................ ١٣١٩
م.م.أحمد محمد سليم

- قباب جنائزية في مدينة كفري (نماذج مختارة) دراسة اثرية فنية معمارية...................... ١٣٤١
د.ئاراس اسماعيل خضر    د. زيدان رشيد خان اودل البرادوستي

- النظم الإقتصادية المقارنة................................................................ ١٣٥٩
أ.د. محمد رؤوف سعيد

JOURNAL OF
RAPARIN UNIVERSITY
Vol .3 No.6 2016
ISSN 2410 - 1036

- بەنوسـراوی ژمـارە (١٥٢٤) لەبـەرواری (٢٠١٣/٩/٨) ی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانسـتی، بڕیاری دەرچواندنی گۆڤاری ( زانکۆی ڕاپەڕین ) دراوە.
- گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین — ژمارە (٦) ساڵی (سێیەم) ٢٠١٦
- دیزاین : م.ی. محمد وتمان محمد

# شیكردنەوەی ڕەگەزە شیعرییەكانی ( بێسارانی ) بە سەرنج و دیدگای نوێوە

**پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد پ.ی.د. فازیل مەجید مەحمود**

**زانكۆی سلێمانی**

**سكوڵی زمان**

**بەشی كوردی**

**پێشەكی :**

خوێندنەوەی دەقە شیعرییەكان لە ڕوانگەی جیاوازەوە و بە پێی تیۆری جۆراوجۆر ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوپێش دەچێ و تەشەنەدەكات ، سەرنج و وردبینی لە وردەكاری پێكهاتەی ئەو دەقە ناوازانەی كە لە ناوخۆیاندا سیحری وشە و لێكدانەوەی هەمەچەشنە هەڵدەگرێ ، شاعیرانی پێشین و سەردەم سەر بە چ قوتابخانەیەك و ڕێبازێكی ئەدەبی بن ، نموونەی باڵا و دەگمەن و شاكاریان هەیە ، كە زەمەن و گۆڕانكاری ژیان چێژ و زەبری كاریگەریان لەسەر خوێنەر كاڵ ناكاتەوە ، ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە كە شیعر و پەخشانی هونەری لەهەر فۆرم و ناوەڕۆكێكدا بخرێنەڕوو ، خوێندنەوەی تر و بە پێی ئاستی خوێنەر هەڵدەگرن ، كەسی داهێنەر و خوڵقێنەر كۆی سەردەمەكان لە خۆیدا كۆ دەكاتەوە و لە ڕێگای پەیامەكەیەوە چیرۆكی دوێنێ بۆ نەوەی ئەمرۆ دەگێڕێتەوە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی ترە بۆ خوێندنەوەیەكی تر بە چاوێكی تر بۆ چەند دەقێكی (بێسارانی) كە لە دووتوێی دیوانە چاپكراوەكەیدا تۆماركراون ، سەرجەم دەقە شیعرییەكان جێی سەرنج و تێڕامانن و خوێندنەوە و ڕاڤەكردنی نوێ هەڵدەگرن ، بەڵام تەنیا لەم توێژینەوەیەدا سەرنجمان لەو دەقانە داوە كە لە خەو و ئەندێشە ئەدوێن و كراونەتە ڕەگەزی سەرەكی دەقەكان و بەم فەنتازیایە ، دەقەكان بە زیندوویێتی ماونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێكدێت : بەشی یەكەم تەرخان كراوە بۆ باسكردن لە دەق و شیكردنەوەی بە پێی ڕێباز و قۆناغە مێژووییەكان و بەشی دووەم : كۆمەڵێ سەرنج و تێبینی نوێ لەسەر چەند دەقێكی (بێسارانی ١٦٤٣ – ١٧٠٢ز) خراوەتە ڕوو ، هەوڵی بەدەرخستنی توانا و ژیری شاعیر دراوە كە تا چەند توانیویەتی خەو و ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە بەرجەستەبكات .

**بەشی یەكەم**

دەق و شیكردنەوەی دەقی ئەدەبی بە زۆر قۆناغ و سەردەمی مێژوویدا تێپەڕیوە ، لە ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا تاكو ساڵانی ١٩٢٠ ز لە دەرەوەی دەقی ئەدەبی بۆ مەبەستی توێژینەوەی خۆیان دەگەڕان ، ڕۆچوون و گەڕان بە ناو مانای قووڵی دەقدا كەمتر پەی بێ برابوو ، ((مێژوونووسەكۆنەكانی ئەدەبیات وەكو پیاوانی پۆلیس بوون كە بۆ دەستگیركردنی كەسێك ، هەموو كەسێ دەگرن و دەست بەسەر موڵك و ماڵی هەمووان‌دا دەگرن ، تا ئەو جێیەی بۆ دواجار هەركەسێ بە شەقامدا تێپەڕێ دەستگیری دەكەن ، مێژوونووسانی ئەدەبی هەموو شتێك بەكاردەهێنن ، بواری كۆمەڵایەتی ، سایكۆلۆژی، سیاسەت و فەلسەفە ، ئەوان لە جێی ئەوەی كەڵك لە میتۆدی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی وەرگرن ، كۆمەڵێ بنەما دەهێننەوە كە خۆیان دروستیان كردوون ))[1]

لەو سەرنج و تێڕوانینانەی سەرەوەدا تێدەگەین كە لە ڕۆژئاوادا تا نیوەی دووەمی سەدەی پێشوو (سەدەی بیستەم ) و لە ڕۆژهەڵات تا ئەم ساتەوەختانە ، ژمارەیەك پێوانەی حازر بەدەست هەن ، كە ئامادەكراون و لە توانایاندا هەیە هەموو دەقێكی (كۆن و نوێ)ی پێ هەڵسەنگێنرێ و نرخ و بایەخی پێ بدرێت بە پێی ئارەزوو و ئاستی ڕۆشنبیری رەخنەگر و توێژەر ، هەروەها حوكمی ئامادەیان لە بارەوە بدرێت ، دیارە بەشێك لە نامە ئەكادیمییەكان لەم پێوانەیە بەدەرنین و بەو پێوانەیە هەڵس و كەوت لە شیعر و شاعیرانی كلاسیكی و سەردەمدا دەكەن ، بۆ نموونە : كاتێ لەسەرەتاوە ئەو قەناعەتە لای چەند توێژەرێ دروست بوو كە شاعیرانی دیالێكتی گۆران ( بێسارانی و مەولەوی ) دوور و نزیك پەیوەندییان بە ڕێبازی ڕۆمانتیكی ڕۆژئاواوە نییە و بێ ئاگابوون لەو ڕێبازە درێژخایەنە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ ئەدەن رایەڵ و بنەماكانی ئەو ڕێبازە بەسەربەرهەمی ئەو شاعیرانەدا بە زۆر بسەپێنن ، بەمەش هیچ مەبەستێ ناپێكن و ئەو دوو حاڵەتە بە زۆر بەیەكەوە نایەنەوە . دیارە هۆكاری مانەوەی توێژینەوەكان ( بەشێكیان ) لەو ئاستەدا ، تەنیا سووچ و گوناهی توێژەر نییە ، بەڵكو ئەركی رەخنەی ئەدەبی یە كە لە مەیدانی ئەدەبی كوردیدا ، بە چەندین هەنگاو لە دوای بەرهەمی ئەدەبیەوەیە ، رەخنەی كوردی نەیتوانیووە جیاوازییەكی روون و ئاشكرا بخاتە بەرچاو و رێنوێنی توێژەری ئەدەبی و ئەكادیمی بكات و جارێكی تر بژاری مێژووی ئەدەبی كوردی بكاتەوە ، ئەركی رەخنەگرە ، ئاراستەی خوێندنەوە و تێگەیشتنمان بۆ دەقی ئەدەبی بگۆڕێ و بیركردنەوە و سەرنجی نوێمان بداتێ و بمانخاتە سەر خوولیای خوێندنەوەی جیاواز و بەراوردكاری و هەوڵ بدات كاری سەرەكی خۆی جێ بە جێ بكات كە ئەوەش گومانە لە كارەكانی پێشوو ، هەوڵی خوێندنەوەی دەق بە هوشیاری و فرە رەهەندی و ڕووانینی نوێوە .

لە باسی گرنگی دەقدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ( فۆرمالیستەكان ) كە هەنگاوێكی بوێرانە و داهێنەرانەیان نا ، كاتێ تیۆرەكۆنەكانی شیكردنەوەی ( دەق ) و بنەماكانیان وەلا نا و هەوڵیان دا میتۆدی تایبەت بە ناسینی گەوهەر و شێوازی سەرەكی بەرهەمی ئەدەبی بدۆزنەوە ، ( فۆرمالیستەكان ) وەك ( سۆسێر ) مێژوویان لانەبرد ، بەڵكو هەوڵیان دا ئەوەی كە ئێستا هەیە بیناسن ، خاڵی گرنگ و سەرنج راكێش بۆ ئەوان ( فۆرمالیستەكان ) بوونی فۆرمی تازەی دەربڕین بوو نەك مێژوو و هۆكاری سەرهەڵدانی ( دەق).

بە كورتی كاری ئەوان جیاكردنەوەی ( دەق ) بوو لە ( مێژوو )[٢] كە ئێمە هەوڵ ئەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێچكەیە بگرین و ئەم ڕێبازە پەیڕەو بكەین .

قۆناغی دواتر ، لەبەر ڕۆشنایی گەشەكردن و بەرەو پێشچوونی تیۆرەنوێیەكانی ( شیكردنەوەی دەق ) ، جگە لە دوور خستنەوەی مێژوو و كاریگەری بەسەردەقەوە ، پەیوەستی لایەنی واقیعی و كۆمەڵایەتی (ئەو واقیع و كۆمەڵگایەی ) دەق بە تایبەتی و ئەدەب بە گشتی بەرهەم دەهێنێ ،خرانە ژێر پرسیارەوە.

دەقی ئەدەبی ( بە تایبەت دەقی داهێنەرانە ) بە هۆی میكانیزم و وێنەی هونەرییەوە ، هەموو رەنگ و رەگەزەجوان و دەگمەنەكانی جوانیناسی لە خۆ دەگرێت و دەبێتە تابلۆیەك كە بە وشە داڕێژراوە ، ئەفسوون و سیحری ( دەق ) ی زیندوو لەوەدایە كە هیچ كات و سەردەمێك ، نهێنی و ئیستاتیكای كاڵ نابێتەوە ، هەمیشە كۆدی چەند نهێنییەك ئەشارێتەوە و لە ناو خۆیدا ئەیپارێزێ تا خوێنەری بە ئاگا و توێژەری بە سەلیقە بتوانن هەرجارەی بەشێكی ئاشكرابكەن .

شاعیری داهێنەر كە خوڵقێنەری دەقی داهێنەرانەیە ، ئەم راستییە دەزانێ و داوادەكات بە رووكەش سەیری وشە و دێڕ و بەیتەشیعرییەكانی نەكرێت ، بەڵكە خوێنەر لە ناو رایەڵی تەونی دەنگ و رەنگ و زایەڵە

و سەدای بەرهەمەکەدا بۆ نەغمە و ئاوازی نوێ بگەڕێ ، مانا و بیرۆکەی تر هەڵگۆزێ ، وەك ئەوەی (( نالی )) داوامان لێ دەکات :

نەزمی ( نالی ) میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نیە

دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر :یەك خەفی و یەك ئاشکار[٣]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوەی لەم توێژنەوەیەدا مەبەستە و کاری لەسەر کراوە (دەقی نووسراوە ) لە بەر ئەوەی تاکە ڕێگای پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەرە ، ( دەقی نووسراو ) ئەو بەرهەمە فیکرییە کۆکراوەیە کە لە سەردەم و قۆناغی دیاریکراودا ، هۆشیاری خاوەنەکەی دەنوێنێ و (دەقی نووسراو ) ئەو نامەیەیە ( پەیامەیە ) کە بۆ هەموو کەس نووسراوە ، بۆ کەسی تایبەت نیە و بە چاوی هەموو خوێنەرێکدا گوزەردەکات ، بەڵام لە وێستگەی گومان ڕەخنەی خوێنەر و توێژەری وشیار و بە ئەزموون و قاڵبوی خوێندنەوە و ڕامان ، ڕادەگیرێ و لە پێناسە و شوناس دەکۆڵێتەوە ، هەر لێرەدایە جاڕی لەدایك بوونی دەقێکی تر ئەدرێت .

(دەقی ئەدەبی ) وەك سەرجەم دەقەکانی تر ( سیاسی ، سایکۆلۆژی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، یاسایی ... هتد) پێناسەی خۆی هەیە . ئەم جۆرە دەقەی ( ئەدەبی بە شیعر و پەخشانەوە ) ئەو هێمایانە لە خۆدەگرێت کە دەمانگێڕێتەوە بۆ دەیان سەرچاوە و دەقی پێشووتر ، لێرەدا بە پێویستی دەزانین وتەیەکی ( ڕۆلان بارت ) بهێنینەوە ، کە پەیوەستە بە پێناسەی دەقی زیندوو و مەرگی نووسەرەکەیەوە: (( دەق لە ریزکردنی کۆمەڵێك وشە پێك نایەت کە تاقە مانایەك دروست دەکەن ، مانایەکی لاهوتی ، بەڵکو دەق فەزایەکی فرە ڕەهەندە ، تیایدا نووسینی جۆراوجۆر ، ئاوێتەی یەکتری دەبن و لەگەڵ یەکتردا هاودژ دەبن ، بە بێ ئەوەی هیچ یەکێ لەو نووسینانە لەوانی تر ڕەسەن تر بێت ، دەق پێکهاتەیەکە لە وەرگرتن ، لە کۆمەڵێك سەرچاوەی ڕۆشنبیری جیاجیا )) [٤]

دیارە مەبەست لە ئاوێتەبوون ، تێکەڵاوی مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و کۆمەڵ و کێشەکانی و بارودۆخی دەوروبەر و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیانە بە ئاگایی یان بە نائاگایی لە دەقی بەرهەم هێندا .

جێی داخە و سەرنجە ، ئێمەی خوێنەر و توێژەری کورد ، تا ئەمڕۆ بە دەگمەن و دانسقە بە چاوی ورد و عەقڵی کراوەوە چەند جارێك بەرهەمی شاعیرانی پێشینمان خوێندووەتەوە ، ئەو ڕاڤەکردن و سەرنج و خوێندنەوانە مافی خۆیان بە بەرهەمی ئەو شاعیرانە نەداوە ، کەمتر شارەزای جیهانی ناوەوەی شیعر و چیرۆکەکان بووین ، و هەوڵمان نەداوە گرێی نهێنی ناو ئەو دەقانە بکەینەوە و ئاشنایان بکەین بە خوێنەر لە ڕووی داهێنانەوە ئەدەبی کوردی دەیان شاکاری ( خانی و جەزیری و حاجی قادر و نالی و سالم و کوردی و صەیدی هەورامی و بێسارانی و مەولەوی ... هتد ) لە خۆگرتووە ، کە ئەمانە کەرەسەی خاون و کلیلی ڕاز و نیازیان نەکەوتۆتە دەست توێژەری شارەزا و بە ئەزموون .

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ دابەشکردنی جۆر و سیفەتی دەق ئەدەین لەوانە :

زانای عەرەب ( لەتیفە عەباس ) دەقی بەم شێوەیە دابەشکردووە :

أ / دەقی ئەدەبی .

ب / دەقی بەدەر لە لایەنی ئەدەبی .

کە دەقی ئەدەبی بە دەقی ڕەسەن دادەنێ و دەقی ڕەسەن بەسەر چەند جۆری تردا دابەش دەکات وەك: دەقی ڕاگەیاندن ( بیستراو ، بینراو ،نووسراو، دەقی ڕۆژانە، دەقی پیشەیی ، دەقی گۆڕینەوە ) [٥]

هەروەها ( ڕۆلان بارت ) لە کتێبی ( SIZ ) دا قسە لە سەر دوو جۆر دەق دەکات : دەقی خوێنراو کە لەم جۆرە دەقەدا ، خوێنەر بەکاربەرە و ڕاستەوخۆ بەرەو مانای دەق دەڕوات . جۆرەکەی تر دەقی نووسراوە کە جیاوازە لە دەقی کلاسیکی ، خوێنەر دەتوانێ لە هەر خوێندنەوەیەکدا ، بەرهەم هێنەری مانا بێت ، ئەم خوێنەرە چالاکە و کۆمەڵێ سیفەتی نەرێتی کۆدەکاتەوە ، وەکو بکەرێکی بەرهەم هێن دەردەکەوێ نەك وەك بەرخۆر ، لەم جۆرە دەقەدا ( دەقی نووسراو ) فرەمانایی لە چوارچێوەی زمانی دەق و هەموو ئەو لایەنەرووناکبیر و ئەزموونەی کە لە ناو دەقدا کۆبۆتەوە ، دەردەکەوێ . ) [٦]

دیارە زۆری ئەو دابەشکردنانەی بۆ دەق کراون و لێرەدا مەودای باسکردنیان نیە تەنها نموونەیەکی تر باس دەکەین کە ئەویش دابەشکردنەکەی ( ئەمبێرتۆئیکۆ ) یە کە دوو جۆر دیاری دەکات : ( دەقی کراوە و دەقی داخراو ) دەقی کراوە بەلای ئەم نووسەرەوە ئەو دەقەیە کە یەك جەمسەرە و یەك ڕەهەندە و شیکردنەوە و مانای جیاواز هەڵناگرێ ، خوێنەر لە بەرامبەر ئەم جۆرە دەقانەدا ، ڕۆڵێکی دیاری کراوی هەیە کە وەك بازنەیەك نەخشەی کێشراوە کە ناتوانێ لێی دەربچێت .

بەڵام ( دەقی داخراو ) بە پێچەوانەی یەکەمەوە ، گەلێ نهێنی و کۆدی شاراوە لە خۆدەگرێت کە خوێنەری چالاك و رووناکبیر دەتوانێ چەندین مانای لێ بەدەست بهێنێ . [٧]

توێژەر و خوێنەری کورد ، لە سەر پێودانگی میتۆد و دابەشکردنی عەرەبی و ڕۆژئاواییەکان ، دەق دابەش و یەکاڵادەکەنەوە ، نەیانتوانیوە خۆیان جۆرێکی تر لە پۆلێن کردن دەست نیشان بکەن .

ڕاستییەکەی توخمەپێکهێنەرەکانی دەقی ئەدەبی زۆر ئاڵۆزن ، تەنیا دەتوانن بە یارمەتی خۆیان شی بکرێتەوە ، دیارە بەرهەمی ئەدەبی باس لە ( واقیع ) دەکات و ئاوێنەی واقیعێکی دیاری کراوە ، دەبێ لە ڕێگەی واقیعی دەقەوە بە واقیعی دەرەکی شارەزا بین و بیناسینەوە ، بەو پێیەی شیعر یاری کردنە لەگەڵ زماندا و بناغەکەی بۆ داڕشتنی پتەوی زمان دەگەڕێتەوە ، هەر لە بەر ئەوەی شێوازە زمانییەکان زۆر خزمەتی شاعیر دەکەن و بە کەڵکی دێن. ئەرکی ئەدەب ( دەقی ئەدەب ) پەیامە، کە بە هۆی ئاگاداربوون لە زمانناسی یەوە دروست ئەبێت ، زمانی شیعر لەگەڵ زمانی ڕۆژانە یان ئاسایی جیاوازە (یاکۆبسن ) شیعری بە ( ئەرکی جوانناسانەی زمان ) و ( هێرشی ڕێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە ناودێر دەکات .) [٨]

**بەشی دووەم :**

ئەم بەشە تایبەتە بە دەقەکانی (بێسارانی ١٦٤٢ – ١٧٠٢ ز) ، وەك ئاماژە دەکرێت ، تا ئەمڕۆ بە تەواوەتی ژیان و بەسەرهاتی ( بێسارانی ) وەك زۆرینەی شاعیرانی پێشینمان بە وردی نەزانراوە و زیاتر لە چەند سەرچاوەیەکدا بە کورتی ئەو زانیاری و ژیاننامەیە نووسراونەتەوە ، کە دیارە لێرەدا مەودای ساغکردنەوەی ئەو باسە نیە .( بێسارانی شاعیرێکی ناوداری دیالێکتی گۆرانە کە بەرهەمەکانی (دەقەشیعرییەکان ) بە هۆی دەوڵەمەندی شێوە و ناوەرۆکی شیعرییانەوە ، نەك دەقەکانی بە زیندوویەتی ماونەتەوە لە بەر ئەوەی ( دەقی داخراو )بوون و مانای زۆریان لە خۆ گرتووە کە پڕن لە مانای ( عیرفانی ، عەشقی سروشت و خەمی دووری و عەشقی ئافرەت و ئایین و مردن و ژیان و وەسێتنامە و .... هتد ، کە دیارە ئەم بەهێزی و پتەوییەی

بەرهەمەکانیەتی کە توانیوویانە سەردەم و قۆناغەکانی ببڕن و کاریگەرییان لەسەر شاعیرەگەورەکانی وەك (مەولەی و پیرەمێرد و وەلی دێوانە و گۆران ) هەبێت و پێناسەی شیعری کلاسیکی وکوردی بن . [٩]

(( شیعرەکانی ( بێسارانی ) ئەگەر بە قووڵی بەرچاو بدرێت ، ئەتوانین لای کەم بە سێ بەشی جیاواز دابەش بکەین ، کە بریتین لە : (غەرامی ، عیرفانی ، کۆمەڵایەتی ) بەشی یەکەم زۆرترین شیعرەکانی بێسارانی ئەگرێتەوە و زۆربەی هی دەورانێکە کە بێسارانی گەنج بووە کاتی خوولی فەقێتی و سەرەتای مەلایەتین ، ئەم بەشە خۆی بە دوو بەشی جیاواز دابەش ئەکرێت ، بەشی یەکەم ئەو هەڵبەستانەیە کە بە دیداری ژوانی خۆشەویستەکەی شادە و بە بێ تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دانیشتووە . بەشی دووەم بە ڕواڵەت دوور لە ( چراغ) دەوە سەدان تەنگ و چەڵەمە و زام و دەرد و برین و غەم و پەژارە و هیجرانی لێ کۆبووەتەوە و لە دەروونی دا ، تۆفانی غەم و هیجران ، شەپۆل بەسەر شەپۆل دەهێنێت )) [١٠]

دیارە ئەو دەقە شیعرییانەی لە قۆناغی هیجران و دوورکەوتنەوەی ( چراغ ) یان خۆشەویست یان (ئامینە ) دا وتراون زیاتر مانا و کۆدی جیاواز هەڵدەگرن ، پڕن لە ئەندێشە و خەیاڵی داهێنەرانە .

زۆر لە سەرچاوەکان بێسارانی وەك یەکێك لە شاعیرانی ڕۆمانسی کورد دادەنێن و تەنانەت شوێنەواری دڵداری و رایەڵی سۆفیزم ( عیرفان ) و کۆمەڵایەتی ئاوێنەی بەرهەمەکانی بوون ، کە ئەمەش توانای شاعیر نیشان ئەدات . [١١]

بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ڕۆژئاوایی کە زیاتر لە سەر بنەمای لایەنی سروشت و خۆشەویستی و خەو خەیاڵ و گۆشەگیری و دوورە پەرێزی وەستاوە ، کە توێژەرانی کورد ئەم لایەنانە ئەگوێزنەوە بۆ باس کردن لەم ڕێبازە لە ناو ئەدەبی کوردیدا ، زیاتر جەخت لە سەر لایەنی سروشت و خۆشەویستی و خەون و خەیاڵ ئەکەنەوە .(( سروشت لە لای ڕۆمانتیکییەکان مەڵبەندێکی پیرۆز و بێ گەردبوو ، لە بەرئەوەی تاقە سەرچاوەیەك بوو کە ئادەمیزاد بە بەختیاری تێیدا دەحەسایەوە ، دوور لە گیروگرفتی ناوشار ، پێشڕەوی ئەم لایەنەش (ڕۆسۆ ) بوو کە داوای دەکرد بگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت و دوورکەوتنەوە لە باری ئاڵۆزی ناوشارستانێتی ، هەروەها سەدەکۆنەکانی فەزل دەدا بە سەر ژیانی ئایندەدا ، چونکە ئادەمیزاد لە کۆندا بە شێوەیەکی بێگرێ ژیاوە و تووشی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی نەبووە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ، سەربەستییەکی تەواوی هەبووە ... هتد )) [١٢]

دیارە ئەم لایەنە لای شاعیرانی گۆران بەم شێوەیە نەبووە ، لەبەر ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای نوێ لەو قۆناغانە و دواتریشدا دەرنەکەوتووە ، زیاتر کۆمەڵی کشت و کاڵی و خۆبەڕێوەبەربوون ، بە توانای تاك و بە قەد پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان رەنجیان داوە و کەمێك بەرهەمیان کۆکردۆتەوە ، سەختی ناوچەی هەورامانی ( تەخت و لهۆن ) و تووشیساڵ و سەرمای بێ ئەندازەی زستان و جوانی بێ وێنەی سروشتی بەهار و قەڵبەزەی تاڤگە و ڕوونی کانیاو و بۆنی گوڵ و لالە و چیمەن و گوڵزار ....هتد .

هەموو ئەمانە ئیلهامی شاعیران بوون و زیاتر خەو و خەیاڵ و هەست و توانای چێژوەرگرتنیان بە ئاراستەی سروشت بووە ، ئەو جوانی و ڕەونەقە خواکردە ، دیسان یاد و یادەوەری خۆشەویستی بۆ شاعیر زیندووکردۆتەوە و بۆتە تەواوکەری ئەو جوانیە سروشتیە :

چراغم گوڵان
ئەرمن بە بێ تۆ ، بدیە رووی گوڵان
بەری بوون جە سۆز ، ناڵەی بڵبڵان
هام دەرد بوون ، چەنی دەردێ بێ دڵان
ئەر چەمەن بێ تۆ بوینوو بە چەم
من چەم بە مژگان هوونین بدەونەم
چون بێ دەردان بۆ دڵ بە وێنەی سەنگ
سەنگ رووبەرووی ، ئادەم بدۆ دەنگ
ئاخر زیندەگیم بێ تۆ بەتاڵەن
ئەرکەم تەرێ بۆ خاو و خیاڵەن (١٣)

بە وردی کە لەم پارچە شیعرەی (بێسارانی ) دەکۆڵینەوە ، دەردەکەوێ کە کاریگەری بەسەر شاعیرانی دوای خۆیدا هەیە بە تایبەت (گۆران و هەردی ... هتد ) ، تەنیا بۆ نموونە ئەم دوو بەیتەی (گۆران) وەردەگرین کە هەموو جوانیەکی سروشت و تابلۆی رەنگینی کوردستان وەك ( بێسارانی )

ئەبەستێتەوە بە جوانی و خۆشەویستییەوە و ئەو دوو جوانیە کە ئاوێتە ئەبن ئەوسا چێژی کۆتایی دەگاتە هزری شاعیر و لێواولێو دەبێت لە نەشئە و توانای لە شیعرێکی داهێنەرانەدا بەرجەستەدەکات:

ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن
رۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن !
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ رووناکی یە بێ بزەی ئازیز
بێ ئاوازەیە ، دەنگە نەرمەکەی
بانەیدا لە گوێم ، تێر نەڵێم ئۆخەی ! (١٤)

بەرهەمەکانی ( بێسارانی ) دەکرێت بەسەر سێ مەبەستی سەرەکیدا دابەش بکرێت :

( دڵداری و خۆشەویستی و عیرفانی و کۆمەڵایەتی ) کە هەریەك لەم مەبەستانە ئاماژەن بۆ قۆناغ و ژیان و سەردەمێکی تایبەتی شاعیر ، گەرچی هەندێ جار وێنەی تێکەڵاو لە یەك پارچە شیعردا ئەخوێنینەوە ، زیاتر غەزەل بەرچاودەکەوێ کە ئاماژەن بۆ قۆناغی لاوی و سەرمەستی عەشقی مەجازی و هێما و ئاراستەن بۆ ( ئامینە ) ناوێك کە دید و خەیاڵی شاعیری داگیرکردووە ، تایبەتمەندییەکی تری شیعرەکانی بێسارانی لەوەدایە کە بە هیچ جۆرێك ناوی خۆی و نازناوی لە دێڕە شیعرەکانیدا بەرچاوناکەوێت ، تەنیا لە دوو حاڵەتدا نەبێت ئەوەش بە ناوی ( سارانیان ) نووسیوە :

یەقین هەرزەگەرد بێ مەقامەنی
چون (( سارانیان )) خیاڵ خامەنی (١٥)

هەروەها جارێکی تر لە کۆتایی دێڕێکدا ناوی ( بێساران ) هاتووە ، کە بەلای توێژەری ئەم لێکۆڵینەوەیەوە دەستکاری کراوە و مەبەستی شاعیر نیە و ئەم بەیتە لە لای شاعیرانی تری ( گۆران ) و پەندی پێشینان و شیعری فۆلکلۆری دەرکەوتووە ، لەبەر ئەوە جێی گومانە :

چون ( بێسارانی ) هەرکەس بێ دڵ بۆ
چون باغچەی بێ ئاو ، دایم بێ گوڵ بۆ [١٦]

لەسەرجەم مەبەستە شیعرییەکانیدا شاعیر ئاوێتەی خەیاڵێکی داهێنەرانەیە کە لە مەستی سروشت و خۆشەویستی و عیرفانەوە کەیل ئەبێت ، سەرتاپا دەقە ناوازەکانی بە تان و پۆی (خەیاڵ ) ئەچنێ ، ئەو خەیاڵەی بەداهێنەر و خوڵقێنەری بەرهەمی ئەدەبی ئەناسرێت ، خەیاڵی داهێنەرانە ، دوامەبەست و ئاکامی شکۆی شاعیرە ، مۆتیڤی خەیاڵی شیعری سەرچاوەکەی تەنیا هزر و بیرۆکە نیە ، بەڵکو هۆکاری دەرەکی و چێژی دیمەنی تەژیە لە جوانی و ئەو تابلۆیانەیە کە هەموو جەستە و هەستەکانی بینەر نغرۆدەکەن و دەیخەنە دنیای خەیاڵاوی کە کۆتایی نیە . ئەو جۆرە خەیاڵە ئاسایی نیە ، پرۆسەیەکی هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و خوڵقێنەری ئەم جیهان و زەویەدا کرۆکی ئەم خەیاڵە خۆشەویستی یە بە هەردوو ماناکەی مەجازی و حەقیقی ، هەوڵی تێربوونە لەو جوانیانەی کە بە بینین و بیستن و هەست و بۆن تێرنابن ، بەڵکو رۆح تینووی چێژی زیاترە . [١٧]

لێرەوە دەقی ئەدەبی لەو مەبەستە رۆمانتیکیەوە خۆی بەرەو لوتکەی عیرفان دەهاوێژێ و شاعیری عیرفانی سەرجەم مەبەستەکان لە ئاسۆیەکی خەیاڵاوی دا نیشان ئەدات .

هونەر بەگشتی و ئەدەب بە تایبەتی بانگەوازی ئەو راستی و جوانیەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانین دەربیبڕین ، هیگڵ : وەك فەیلەسوفێکی میسالی زۆر گرنگی بە خەیاڵ ئەدات و بە دوو شێوە جیای ئەکاتەوە : خەیاڵی ئاسایی و خەیاڵی داهێنەرانە . کە جۆری دووەم تایبەتە بە کەسی داهێنەر و کاری هونەری و ئەدەبی سەرکەوتووی پێ ئەنجام ئەدرێت ، کەواتە رۆمانتیکیەکان و ئەوانەش رایەڵەکانی ئەو رێبازە ئەیانگرێتەوە ، لە گۆشەنیگای فەلسەفەی میتافیزیکیەوە ،دەبنەداهێنەر . [١٨]

لای شاعیرانی رۆمانتیکی بەگژداچوونەوەی ( عەقڵ و هەست ) کارێکی لەبار و رەوایە ، بە جۆرێك زۆرجار بە بکوژی عەقڵ و هەست تاوانباریان دەکەن ، بەڵام ئەوان سوورن لە سەر ئەو ئەنجامەی کە بڵێن (( شیعری سروشت و جوانی لە نەستەوە سەرچاوە دەگرێ و شیعری دروست کراو لە هەستەوە ، نەست داهێنانە و هەست نیشانەی سنعەتی شیعرە ، ئەمەش دەکەنە خاڵێکی تری جیاوازی جەوهەری نێوان رۆمانتیك و کلاسیك)) [١٩]

شاعیری رۆمانتیکی لای وایە گەر دەستبەرداری هزر و هوشیاری نەبێت و جڵەو بۆ خەیاڵ شل نەکات ، ناتوانێ بگاتە جیهانی پشت واقیع ، لێرەوە خەیاڵ کە نەست بەرهەمی دەهێنێ ، دەردەکەوێ ، ئەم خەیاڵە داهینەرانە لای شاعیرانی رۆمانتیك و پێڕەوانی ئەو رێبازە وادەکات ئەو بەرهەمەشیعر و پەخشان و گوفتارانەیان ، ببێتە کارێکی ئەدەبی ئاڵۆز و کەرەسەی رەخنەی شیکاری ( النقد التحلیلی ) و رەخنەی دەروونی ( النقد النفسی ) شاعیرە رۆمانتیکیەکانی ئینگلیز زۆر جەخت لەسەر رەگەزی خەیاڵ دەکەنەوە ، بە ( شاژنی ) ناودەبەن ، ( شیللی ) پێی وایە ( شیعر گوزارشتە لە شاژنی خەیاڵ ). [٢٠]

ئەم خەیاڵە داهێنەرانەیە بە لای بێسارانی کە ( وەنەوشە و چنوور و گوڵ ) دەکاتە سێ ئەندامی قسەکەر و دایەلۆگیان لەگەڵ دەکات ، هەریەکەیان ئەرکێکی خزمەتگوزاری بۆ خۆشەویستەکەی پێ دەسپێرێ و دواتر خەیاڵ ئەکاتە بەری ( وەنەوشە) و وەك مرۆڤێکی سەوداسەر پەشێوی بێ ئارامی دەگێڕێتەوە :

چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ
عەزم رای ویساڵ تۆشان هانەدڵ
چنوور جە سەرکۆ وەنەوشە جەچەم
گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم
واتشان بە من بەندەی فلانی
چون حاڵ زانەنی بە حاڵ مەزانی
بوونە ڕای الله بکەرە جارێ
بیاومێ بە وەسڵ ئەو دولبەر جارێ
چراغ نە هەر سێم بەستن بە دەستە
چ دەستە ، دەستەی زگاران بەستە
هەرسێم یە ئاورد چون خاکەساران
هەریەك وایەی وێم وە چەم مەداران
چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن
وەنەوشە سەودای خیاڵ خاڵشەن ...هتد [٢١]

هەر لێرەدا هەر جۆرێکی گوڵ و رازاوەیی سروشت لای شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە جوان و پاکژەکەی ( چنوور لە سەرکۆ و وەنەوشە لە چەم و گوڵ بۆ گوڵستان ) کە ئەو مەنزڵگایانە زادەی سروشتی جوانی کوردستان و هەورامانن .

دووری و گۆشەگیری ، نەتوانی دیدەنی یار و هەڵرژانی راز و نیازی راستەوخۆ کاریگەری زۆریان لەسەر نەستی شاعیر هەیە ، هەر بەو هۆیەوە لە خەیاڵدانی خۆیدا ، وێنەی خۆشەویست دەنەخشێنێ و مەنەلۆگ لەگەڵ راز و نیازەکانیدا دەکات ، دەمێ سەرزەنشت و دەمێکی حەسرەت و جارجار کولانەوەی ئازاری دووری بە هۆی خەیاڵەوە ، کەواتە هەموو دەمێ خەیاڵ ئارامی بە شاعیر نابەخشێ ، بەڵکە زۆر جار مایەی ئازار و سەرچاوەی غەم و ئاخ و کەسەرە :

چراغم زویر ، چراغم زویر
جە دووری باڵات ، زامدارم زویر
هەرپەند بە خیاڵ ، ماوەرەوت نەویر
بە تەرتەرێنمان ، داخت مەدوم گیر
مەگنۆ وەیادم ، گۆنای گوڵ بێزت
دیدەی بێ مەی مەست ، مژەی هوون رێزت
رەفتارێ شێوەی ، ئاما و لوایت

ئاداب و دەستور ، ساحیب وەفایت
یەك یەك لێم بیەن بە زامێ خەتەر
نیهانان فرەن ، یەك جە یەك بەتەر
مەر ئەوسا داخت ، بەرکەرون نە دڵ
وەسەرم کۆ بۆ ، نومای سەنگ و گڵ [٢٢]

شاعیر تەنیا گوڵ و گوڵزار ناهێنێتە قسە و بیانکاتە کاراکتەری دەقە شیعرییەکانی ، بەڵکو گیاندارانی هاوەڵی مرۆڤیش دێنە ناو خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرەوە و دەبنە مەبەست و ئامانج و گلە و گازەندەیی ، ( کەڵەشێر ) کە بە خوێندنی ئاگایی خۆی نیشان دەدات ، لە شەوێکی پڕمیحنەت و ناسۆری شاعیردا ، هیچ دڵنەوایی نەکردووە و لە ئاهو ناڵینی نەپرسیوەتەوە ، ئەمە لە لایەك بایەخدانە بەو گیاندارە و لە لایەکی ترەوە ئاماژەیە بە مرۆڤی خەمسار و خۆپەرست کە تەنیا بۆ خۆی دەژی و خەم و ئازاری کەسانی تر بە ئاگای ناهێنێتەوە کە وێنەیان لە کۆمەڵدا زۆرە ، گەر تێر ئاگای لە برسی دەبوو ، غەم وەك بەشەبرا دابەش دەکرا ، ئەوکاتە باری شانی هەمووان سووك دەبوو ، دادوەری کۆمەڵایەتی جێی بە رق و کینە لەق دەکرد ، نەسەرمایە لای چەند کەسێك کەڵەکە دەبوو ، خەمیش تەنیا خەمی بەش مەینەتان نەدەبوو :

ئێم شەو من گریام خروس کەرد ناڵین
سۆب ئەو بێ نیشان ، من زۆخ و باڵین
گریەی من جە داخ دووری کەسێ بێ
ئەو جە دەرد بێ باك ، وەش نەفەسێ بێ
نەسۆزا بە سۆز نە بە دەمەوە
ناما ، نەپەرساش بەدەردمەوە [٢٣]

کەسانی ئاسایی کە باس لە خەیاڵ و ئەندێشە دەکەن ، وەك شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و خواستێکی بەدینەهاتوو لێکی ئەدەنەوە ، زۆر دەیدەنە پاڵ کەسانی نەزان و تەمەڵ و بێکار ، لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە لە بەرئەوەی خەیاڵ و بیکردنەوەی لە ئاینده و خولیای هزری مرۆڤ دەبێتە کار وکردەوەی بە سوود یان زیانبەخش ، لێرەوە درووستی جیاوازییەکەی (هیگڵ ) دەردەکەوێ کە خەیاڵی کرد بە دوو بەشەوە و سەرچاوەی داهێنانی گەڕاندەوە بۆ خەیاڵ ، شیعر لە دیدگای شاعیرە رۆمانتیکیەکانەوە گواستنەوەی واقیع نییە ، بەڵکو سەرنجی تیژ و بەسەلیقەی شاعیرە بۆ لایەنە نادیارەکانی واقیع ئەوەش بە ئاسۆیەکی خەیاڵاوی ، بەشێوەی پچرپچڕ یان تێکشکاو ، ئاڵوگۆڕکراو ، خەیاڵی داهێنەرانە کە مولکی تاکەکەسە ، بەرهەمی هەڵچوونی نەستە ، هەر لە بەرئەوەیە وێنە شیعرییەکان لای هەر شاعیرێك بە شێوازێ دەردەکەوێ ، هەریەکەیان بە خەیاڵێ هەوڵی سەرکەوتنی ئارەزوو و خوولیا کپ کراوەکانی دەدات ، ئەو ئارەزووە و خولیایەی لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەر زەبری ( بەرزەمن – اناالعلیا ) کەوتووە و چەپێنراون ، گەر بەهرەمەندێکی رۆمانتیکی نەتوانێ بازگەی نەریت و سانسۆری کۆمەڵ و تابۆی سیستمی باو و غەدری سیاسی و رۆژگار ببەزێنێ ، ئەوا ئازادە لەوەی لەڕەوەخەیاڵێکی سەرکەشدا ، یان لە خەوێکی پشت بەستوو بە واقیع ، کاری هونەری و ئەدەبی نایاب ئەنجام

بدات ، دیارە لە چیرۆکدا ئەم کارە دووبارە بۆتـەوە وەك چیرۆکی ( الروءیا ) ی معـروف الرصافي و ( لەخـەوما ) جەمیل صائب .

(بێسارانی ) لە خەودا ، زوڵفی یارەکەی لێ دەبێـتە رەش مار و لە نەزانینەوە دەیەوێت بیگرێ (ئاماژەیـە بۆ نەست ) دواتر ئەو مارە دەبێتە مایەی ئازار و بریندار کردنی شاعیر ، تەنانەت رۆحی نـاتوانێ بەرگـەی زامـی گازی مار بگرێت ، دیارە ئەم هێمایانە ( مار ، گیان ، ئازار و سـزا و دوورکەوتنـەوە)ئاماژەن بـۆ چـەندین رێگـر و بەربەستی کۆمەڵایەتی :

ئێم شەو جە خاودا زوڵفێ دێزێ دیم
چون سیاماران سەراوێزێ دیم
شیانێ گرتم من جە  نەزانی
نمەز ئەو قاتڵ ( ............)
تیژتەر جە ئەڵماس فولاپش سازا
یە زەڕەی تەنم ناستیش بە ئازا
رۆح جە تاوپای زامێ گیر و گاز
پەرێ ئاسایش ئاماوە پەرواز
واتش مەربشون دوورگنون لێشان
زامێ گازێ مار مەتاو کێشان (٢٤)

سروشت بە نەرمە دەنگەکـەی بـە چـوار وەرزە جیاوازەکـەی ، هەمیشـە بوونـەتـە هـۆی بەخشـینی توانـای شیعری بە شاعیران و هەر رەنگە و هەر وەرزە هێمایە بۆ جۆرێك لە شـادی و خۆشـی و غـەم و ئـازار و تـەمـەن و کۆچ و ژیان و مردن ، لای ( بێسارانی ) وەك سەرئامەدی شاعیرانی سروشت (( خەزان هاوڕێ یـە  لەگـەڵ غـەم و پەژارە و تـەنـگ و چـەڵەمەی ژیـان ، رەنگی زەرد نیشـانەی غـەمباری و دەرد و برینـە ئەمەیـە زۆربـەی هۆنـەرە کوردەکان ، هەرکاتێ ویستوویانە بێزاری و تێربوونی خۆیان لە ژیان دەربڕن ، وەرزی گەڵاڕێزان ، واتە ( پـاییز ) یان هێناوەتەوە بیری خۆیان )) (٢٥)

پایز ئاماوە ، پایز ئاماوە
ئەودی نەو پایز جە نۆ ئاماوە
........................ (٢٦)
عاشقان سەودای ، دەروون تاماوە
قافڵەی سویمل ، زیا جە یەمەن
کەردەوەسێ وەنگ تەمامی چەمەن
تەبەق تەبەق هەور ، سیای دودێ تەم
نەم دا سەرزەمین بە شێلاوێ چەم
بیان بەو تیان ، دەردەدارێ دەرد

خەزانێ زایف زافەرانێ زەرد
وەشڵەی بە خەزان ، پەی وێش مەبۆ زەرد
ئەو جەوادەی وێش ، من جە تاوێ دەرد[٢٧]

بەرامبەری لەگەڵ سروشت و دیمەنەکانیدا ، کاری شاعیری داهێنەرە ، ( بێسارانی ) لەم مەیدانەدا پێشڕەو و پێش ( مەولەوی و گۆران ) وێنای پاییز دەکات و هاوتای ئازار و مەینەتی خۆی ، دەرد و ئازاری هەڵوەرینی تەمەنی ، بەرامبەر بە خەزان و رەنگی زەرد و ماتەم و گەڵای وەریوی پاییز دەشوبهێنێ . وەك ( گۆران ) وێنەیەکی جوانی لە ( بێسارانی ) و ( مەولەوی ) وەرگرتووە و جارێکی تر پاییزەکەی ( بێسارانی ) دەژیێنێتەوە :

پایز ! پایز
بووکی پرچ زەرد
من مات ، تۆ زیز
هەردوو هاودەرد !
من فرمێسکم ، تۆ بارانت
من هەناسەم ، تۆ بای ساردت
من خەم ، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە : دادم ، دادت
هەرگیز ، هەرگیز
پایز ، پایز [٢٨]

خەون و خەیاڵەکانی ( بێسارانی ) لە چەند بەرهەمێکیدا ، پەردەی شەرمی کۆمەڵ دەدڕێ و (لەخەویدا) لەگەڵ یارەکەی رادەبوێرێ و بە هونەری لێکچواندن وەسفی جەستەی یارەکەی دەکات :

چراغ و یاران
چراغ و یاران ، چراغ و یاران
ئیمشەو جە خاودا وەشیم و یاران
ئیجازەم سەنەن جە ئیجازەداران
مڵەما بیان شەو چەنی ماران
جفتێ کاڵەبەی هابەودارەوە
دووشامار بەندەن بەو چنارەوە
ماران و بەیان هەر لە مەزارێ
نمەز چ سڕەن نمەگەزانێ
(تبارك الله ) جەی دەستەی چنار

شاماران جفتەی مارتوولآن هەزار

صوب کەسپی بی جە خاو بیم بێدار

نەمارمەندە بێ نەبەی نە چنار

درێغ جە خاودا شامار بگەستام

چەنێ بێ بەینەت ، بەینەت نەبەستام [٢٩]

لەگەڵ ئەوەی شیعرە ناوازەکانی ( بێسارانی ) لای زۆر توێژەر ، وەك عەشقی مەجازی لێکدەدرێتەوە ، بەلآم عەشقی حەقیقی لە هەندێ لایەندا بەدیدەکرێت .

توێژەر لهۆن قادر دەڵێ : (( بە گشتی هەندێ کاتیگۆری و گوتەزای ئەوتۆ هەن لە هۆنراوەکانی بێسارانی دا کە رۆح و جەوهەری مۆدێرنەیان تێدایە بەتایبەتی لەو هۆنراوانەیدا کە دەربڕی بابەتی جوانناسی و خۆشەویستین )) [٣٠] دواتر توێژەر نموونەیەکی شیعری دەهێنێتەوە کە شاعیر لە ئاست خۆشەویستی و خۆی و دولبەرەکەیدا ، نموونەی ( فەرهاد ) و ( شیرین ) تێ دەپەڕێنێ و لەو رەنجەی (فەرهاد ) داویەتی شێوەی ئاشکرای وەرگرتووە و هەڵکۆڵینی ( بێستون ) ە ، بەلآم کاری ( بێسارانی ) لە دەروونیدایە ، لە هەر زەرەیەك ئاهوحەسرەتی دەبێتە کێوێك لە سەحرادا ، ئەم وێنەیە بە پێچەوانەی داستانەباوەکەی ئەو دوو دڵدارەیە ، لەوێدا دەست و بازوو ، هەوڵ و جووڵە و کاری شەو و ڕۆژ کە سەرچاوەکەی عیشقە ، دەردەکەوێ ، لەلای شاعیر دیوی ناوەوەی عیشق کاری خۆی دەکات و دیمەنی دەرەکی دەگۆڕێ و لە سارادا ، کێو دروست دەکات :

جەکۆشان بێ دەرد

جەکۆشان بێ دەرد ، جەکۆشان بێ دەرد

فەرهاد و مەجنون ، جەکۆشان بێ دەرد

فەرهاد نەتاوان بێستوون ساکەرد

مەجنون جە ئاهش سەنگ مەبی وەگەرد

..........

دەردجەکەسێوەن دەردش بۆنەسەر

دووش کۆی بێستوون بگێرۆ نەوەر

من زەڕێ دەردم ها نەدەروون دا

وەختەن نەجد بدۆ بە بێستوون دا[٣١]

ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێدان مشتێ لە خەرواری ئەو دەقە داخراوانەن کە ( بێسارانی ) بە زانایی و بلیمەتی خۆی بەرهەمی هێناون ، کە دەکرێ خوێندنەوەی تریان بۆ بکرێت ، هەروەها کاریگەری ئەم شاعیرە بە توانایە لەسەر دەوربەر و شاعیرانی دوای خۆی لە هەردوو دیالێکتی گۆران و کرمانجی ناوەڕاستدا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە . تا ئەمڕۆش تەم ومژو ئاڵۆزی لێکدانەوەی سەبارەت بە دیوانی ( بێسارانی ) لە ئارادایە بە تایبەت تێکەڵاوی لایەنی عەشقی مەجازی و عەشقی حەقیقی کە قسە و باس و گریمانە و بۆچوونی زۆرتر هەڵدەگرن .

**ئەنجام**

( بێسارانی ١٦٤٣ – ١٧٠١ ) کە تا ئەمڕۆ سێ جار هەوڵی کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانەکەی دراوە (کیومرث نیك رفتار ، حەکیم مەلا صالح ، صدیق صفی زادە ) ، وەك پێویست و لە زۆر لایەنەوە بە رووکەش لە شیعرەکانی کۆڵراوەتەوە ، جارێك هەوڵدراوە بنەمای ڕێبازی ڕۆمانسی بەسەر شیعرەکانیدا بچەسپێ و جارێکی تر لایەنی عیرفانی و کۆمەڵایەتی و دڵداری ، دیارە ئەم هەوڵانە سوودبەخش و جێی سەرنج و بوونەتە سەرچاوە ، ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە شیعرەکانی بێسارانی وەك دەقی داخراو یان دەقی زیندوو ، چەند خوێندنەوەی تر هەڵدەگرن ، لە بەرئەوەی شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێگای خەیاڵی داهێنەرانەوە کە سەرچاوەکەی ( نەستە ) شێوە و ڕوخسارێکی تر بدات بە سروشت و جوانی و عیشق و عیرفان و لایەنی کۆمەڵایەتی ، لە ناو دەقە شیعرییەکانیدا سروشت بە کێو و گوڵ و چەم و باخ و هەردەوە ئامادەییان هەیە نەك بە شێوەی مجرد و تەنیا سەرنج ڕاکێش بەڵکو وەك کاراکتەری بگۆ و کەسایەتی دەکەونە دایەلۆگ و لەگەڵ مرۆڤ هاوشان و باڵا دەبن ، هەروەها وەرز و گیاندار و دار و دەوەن و ڕەنگ بە وێنەی هونەری و داڕشتنی وشەی زرنگانەوەی دیالێکتی گۆران لە جوڵە و خۆ نمایش کردندان ، خوێنەری بە ئاگا و خاوەن چێژ و سەلیقەی ئەدەبی لە ئاست دەقە شیعرییەکانی ( بێسارانی ) دا خۆی لە بەردەم تابلۆیەکی سروشتی تێکەڵ بە هارمۆنیەتی ژیان و مردن و غەم و شادیدا دەبینێتەوە . ئەم شاعیرە جگە لە خەیاڵ ، خەونیشی کردۆتە چوارچێوەیەکی ڕازاوە بۆ تابلۆ شیعرییەکانی تا لەو لایەنەوە دەست لە مل هیوا و ئاواتەکانی بکات و هیچ نەبێ لە نەستدا بە خۆشەویستەکەی بگات و هەناسەی ئارام هەڵکێشێ.

**پەراوێز :**

١- بابەك ئەحمەدی ، پێکهاتەی دەق ، کتێبی (١)، ل ٥٤ .

٢- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٥٥ .

٣- دەقی دیوانی نالی ، لەگەڵ فەرهەنگۆکی وشەکان ، انتشاراتی کوردستان ، ل٤٨.

٤- ڕۆلان بارت ، مەرگی نووسەر ، گ سەراب ژ ٤٢٣ – ١٩٩٦ .

٥- بڕوانە : محسن عارف صالح ، پراکتیزە کرنا تیۆرا دەقی د مەم و زینا خانیدا ، ل ٣٢-٣٣ .

٦- بڕوانە : عەبدولخالق یەعقوبی ، دەنگی بلورینی دەق ، ل ٢١٧.

٧- بڕوانە : د.میجان الرویلی – د.سعدالبازغی ، دلیل الناقد الادبی ، ط ٢ ، ص ٢٧٢-٢٧٣ .

٨- بڕوانە : بابەك ئەحمەدی ، پێکهاتەی دەق ، کتێبی (١)، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧ .

٩- بڕوانە : بێساران حمەکریم ڕەمەزان ،بنەما ڕۆمانسیەکان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠١١، بەشی زمانی کوردی .

١٠- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ١١ ،١٢ .

١١- بڕوانە : د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ب٢ ، هەروەها : بێسارانی ، حەمە کەریم ڕەمەزان ، بنەما ڕۆمانسییەکان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، بەشی کوردی ٢٠١١ .

١٢- خورشید ڕەشید ئەحمەد ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا ، ل ٤٦ .

١٣- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ١٢٧ .

١٤- محمد مەلا کەریم ، دیوانی گۆران ، ل ١٠ .

١٥- بڕوانە دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو .

١٦- هەر ئەو سەرچاوەیە ل ١٣٧ .

١٧- بڕوانە : الخيال الخلاق ، مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٣ ، ص ١٢٧ .

١٨- بڕوانە : مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٢٧ ، ١٩٨١ ص ٣٥٣ .

١٩- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٣٦٣ .

٢٠- بڕوانە : الرومانتيكيه ، ليليان فيرست ، ت / عدنان خالد ١٩٧٨ ، ل ٦٥-٧٢ .

٢١- دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٨ ، لێرەدا ئاماژە بەوە ئەدەین کە ئەم پارچە شیعرە لە بەر کاریگەری و چێژ و مەبەستە نایابەکەی ( پیرەمێرد ) ی خستۆتە خوولیای وەرگێڕانی :

ئازیز وەنەوشە ، چنوور لەگەڵ گوڵ

سەودای دیتنی تۆیان کەوتە دڵ ... هتد

٢٢- دیوانی بێسارانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٧ .

٢٣- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩ .

٢٤- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ٢٣ .

٢٥- دیوانی بێسارانی ، کیومرث نیك رفتار، بەرگی یەکەم ، ل ٤٨ .

٢٦- لە سەرچاوەکەدا بە ( ........ ) ئەو بەیتە نووسراوە و ناتەواوە ، بڕوانە : دیوانی بێسارانی ل٤٨.

٢٧- سەرچاوەی پێشوو ل ٤٨ .

٢٨- دیوانی گۆران ، سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٦ .

٢٩- لهۆن قادر هەورامی،کاتیگۆری جوانی و خۆشەویستی لە هۆنراوەکانی بێسارانی دا( ١٦٤٣ – ١٧٠١ز) – گۆڤاری هەورامان / ژمارەی تایبەت بە پێنجەم فیستیڤاڵی هەورامان – ماچۆ – ژ ٣٠ ، ل ٤٤.

٣٠- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢ .

٣١- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧ ، ٢٨ .

**سەرچاوەكان :**

**بە زمانی كوردی :**


١. بابەك ئەحمەدی ، پێكهاتەی دەق ، كتێبی (١)، و.مەسعود بابائی ، چ١ هەولێر ٢٠٠٤.

٢. بێساران حمەكریم رەمەزان ،بنەما رۆمانسیەكان لە شیعری بێسارانی دا ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەدین ، ٢٠١١، بەشی زمانی كوردی .

٣. دەقی دیوانی نالی ، لەگەڵ فەرهەنگۆكی وشەكان ، انتشاراتی كوردستان ، سنندج ١٣٨٥ه.ش .

٤. دیوانی بێسارانی ، كیومرث نیك رفتار، بەرگی یەكەم ، كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە ، چاپخانە الادیب البغدادیە ، ١٩٨٢ .

٥. دیوانی گۆران ، محمد مەلا كەریم ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق ، بەغداد ، ١٩٨٠.

٦. خورشید رەشید ئەحمەد ، رێبازی رۆمانتیكی لە ئەدەبی كوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٩ .

٧. رۆلان بارت ، مەرگی نووسەر ، گ سەراب ژ ٤٢٣ – ١٩٩٦ .

٨. عەبدولخالق یەعقوبی ، دەنگی بلورینی دەق ، چاپخانەی راز ، سلێمانی ٢٠٠٥ .

٩. لهۆن قادر هەورامی،كاتیگۆری جوانی و خۆشەویستی لە هۆنراوەكانی بێسارانی دا( ١٦٤٣ – ١٧٠١ز) – گۆڤاری هەورامان / ژمارەی تایبەت بە پێنجەم فیستیڤاڵی هەورامان – ماچۆ – ژ ٣٠.

١٠. د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ب٢ ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠١ .

١١. محسن عارف صالح ، پراكتیزە كرنا تیۆرا دەقی د مەم و زینا خانیدا ، نامەی دكتۆرا ، زانكۆی دهۆك ، جڤاتا كۆلێژا ئادابی ٢٠١٢ .


**بە زمانی عەرەبی :**


١. الخیال الخلاق ، مجلة كلیة الآداب، جامعة بغداد ، العدد ٣ ، كانون الثانی ١٩٦١ مطبعة العاني ، بغداد.

٢. د.میجان الرویلی – د.سعدالبازغی ، دلیل الناقد الادبی ، ط ٢ ، دارالبیضاء، بیروت ٢٠٠٠ .

**ملخص البحث**

تحليل العناصر الشعرية في شعر بيساراني بروى جديدة ، بيساراني ( ١٦٤٣- ١٧٠١ ) احد شعراء الكرد المشهورين كتب قصائده باللهجة گورانية ، و جلّ قصائده نظمها على وزن السيلاب أي المقطعي ذات المقاطع العشرة ،من ناحية المضمون فان قصائده تتضمن نواحي شتى ابرزها ( الاجتماعية و العرفانيه و الغزل و الوصف ) ، هذه الدراسة محاولة جديدة لقراءة النصوص المغلقة و بالأخص النظرة العلمانية و ذلك الخيال الابداعي الذي يحتل جانباً كبيراً في أفق الشاعر ،الخيال كعنصر مهم في المدرسة الرومانتيكية نسج بها الشاعر صورة الشعرية قبل اكثر من قرنين من ظهور الرومانتيكية ، في هذا البحث حاولنا تحليل نماذج من نتاجه الوفير و الذي هو مؤشر لرسالة الشاعر الحية و هذه النماذج تمثل معبراً باتجاه المعاصرة و قصائده كسائر شعراء الكرد بأمس الحاجة الى قراءة جديدة و تاويل لتلك الرموز التي تتضمنها.

الدراسة تتضمن مقدمه و فصلين و من ثم النتائج التي توصلت اليها الدراسة و انتهينا البحث بعرض قائمة المراجع و المصادر المعتمدة في البحث و آخر ما تضمنتها الدراسة ملخصها باللغتين العربية و الانكليزية .

**Abstract**

**A Modern Analysis of Besaranis Poetic Elements**

Besarani (1643 – 1701 ) is one of the renowned Kurdish poets who wrote his poems in Goran ( Hawrami) dialect .He used iambic pentameter ( a ten – syllable line ) and tacked various issues including love , passion , knowledge and social issues .

This research is a resent attempt to explore the less common texts the poet , especially his worldview and the inventive imagination which occupied the mind of the poet . Imagination is an important element in Romanticism , but Besarani paid much attention to it and composed tenth of elite poems two centuries before the emergence of the movement in literature .

# پێگەی شیعری کلاسیکی کوردی لە ئەدەبی رۆژهەڵاتیدا


**پ.ی.د.دڵشاد علی محمد**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی زمان**

**بەشی کوردی**


**پێشەکی**

تا ئێستاش کۆمەڵێ پرسیار لە ناوەندەکانی خوێندنو لە ناو هۆڵە ئەکادیمیەکانماداو لە لای ئەدەب دوستانیشمان ، دەربارەی ئەو رێبازە شیعریەی کە بە زاراوەی(کۆن)و(دێرین)و (کلاسیکی) دەناسێنریو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا قۆناغی شیعری کوردی پێش جەنگی جیهانی یەکەمی پێ جیادەکریتەوە ، دەورووژێنرێ ، هۆی ئەمەش ، لەلایەك نا روونیو لێڵی ئەو بۆچوونو تێروانینایە کە تا ئێستا دەربارەی چەمکی زاراوەکە کە(کلاسیکی)یەو شیاوی بەکارهێنانی بۆ قۆناغیکی شیعری کوردی خراونەتە بەردەست و لەلایەکی ترەوە دیاری نەکردنێکی زانستانەو وردی سیماو شەقڵە هونەریەکانی شیعری قۆناغەکە خۆیەتی ، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم باسەماندا ئاورێ لەو کێشە ئەدەبیەمان بدەینەوە ، بەو ئامانجەی زانستانە لە رادەی شیاویو نەشیاوی بەکارهێنانی زاراوەی (کلاسیکی) بۆ قۆناغێکی شیعری کوردی بکۆڵینەوە و وردترو زانستانەتریش سیماو شەقڵە هونەریەکانی شیعری ئەو قوناغەی ئەدەبی کوردی دیاری بکەین

واشمان بە پەسەند زانی کە لە روانگەی ئاوردانەوەمان لە شیعری کلاسیکی ئەوروپی بە گشتیو شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتی یەوە بەتایبەتی بروانینە شیعری کلاسیکی کوردی، هەربۆیە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بەو شێوەیە دیاری کردووەو پلانەکەشمان بەم شێوەیە دارشتووە :

بەشی یەکەم : بە ناونیشانی (زاراوەو چەمکی کلاسیکی)یەو تیایدا و بە پێی ئامانجی لێکولینەوەکەمان بەدووسەرباسی جیا کە بریتین لە ( چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی ئەوروپیدا)و( چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا) ، ئاورمان لەو بۆچوونو تێروانینە گرنگو دیارانەی نووسەران ولێکۆڵەرانی ئەوروپیو کورد کە دەربارەی چەمکی (کلاسیکی) خراونەتە بەردەست ، داوەتەوەو بە پێی پێویست رای خۆمان دەربارەیان خستووەتە روو

بەشی دووەمیش کە ناونیشانەکەی (بنەماکانی قۆناغی کلاسیکی)یە ، تەرخان کردووە بۆ سەرنجدان لەو قۆناغە مێژوویی یەی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ئیسلامی کە (رێبازی کلاسیکی)یان تیا دەرکەوتووە ، تا زانستانە رادەی جیاوازیو لەیەکچوونی زەمینەی سەرهەڵدانی لە ناو کۆمەڵگا ئەوروپیەکەو ئیسلامیەکەدا دیاری بکەین

لە بەشی سێ یەمیشدا کە ناونیشانەکەی(شەقڵە هونەریەکانی شیعری کلاسیکی کوردی)یە بە ئاوردانەوەمان لە و بۆچوونانەی کە( گۆران )ی شاعیر دەربارەی سیماکانی شیعری کلاسیکی بڵاوی کردووەتەوە ، تێروانینی خۆمان

سەبارەت بە شەقڵە هونەریەکانی شیعری کلاسیکیمان خستووەتە بەردەست ، بایەخدانیشمان لەوێدا بەو باسەی (گۆران) بەو هۆیەوە بووە کە تا رادەیەکی زۆر ئاراستەکەری تێروانینی نووسەرا نمان بووە بۆ شیعری کلاسیکی لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە بەردەست کە لێکۆڵینەوەکەمان بەپێی ئامانجو سنوورەکەی توانیویەتی گەڵاڵەیان بکات

بەشی یەکەم : زاراوەو چەمکی کلاسیکی:

وەك ئاشکرایە چەسپاندنی زاراوە لە بواری لێکۆڵینەوەی رەخنەیی دا ، پێویستی یەکی گرنگە و نەك هەر رێگای بەردەمی رەخنەگر رۆشن دەکاتەوە بەڵکو دەتوانێ زانستانەش ئەرکەکەی بە جێ بهێنێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەلامانەوە زیاتر گرنگە، چەمکی زاراوەکەیە نەك زاراوەکە خۆی ، چونکە بنەمایەك لەو بنەما گرنگانەی کە لێکۆڵینەوە تیۆریەکانی زاراوە سازی دەست نیشانی دەکەن ، بنەمای دەست پێ کردنە لە چەمکەوە نەك لە زاراوەوە ، بەواتایەکی تر پێویستە لە چەمکەوە بگەین بە زاراوەکان نەك بە پێچەونەوە (١). هەر لێرەوە نەبوونی ئەم بنەمایە لە زووربەی ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی بە کارهێنانی زاراوەی ( کلاسیکی ) ئەنجام دراون ، بۆ خۆی دیارترین کەم و کورِی ئەو باسانەیە (٢) ، جا بە رازی بوون بووبێ لەسەر بەکارهێنانەکەی یاخود بە رازی نەبوون بووبێت ، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تائێستا نەتوانرێ بە تەواوی سیمای ئەو رێبازەی شیعری کوردی دیاری بکرێت .

جگە لەو کەم و کورِی یە ، راستی یەکی تری زانستی زاراوە سازی کەلەو نووسینانەدا فەرامۆش کراوە ئەوەیە کە واتای زاراوەو ئەوچەمکەش کە هەڵیدەگرێت ، لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرِرێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم راستی یە بۆخۆی بنەمایەکی تری گرنگەو ئەرکی دیاری کردنی سیما گشتی و تایبەتی یەکانی پێ دیاری دەکرێ ، بە تایبەتی لە بواری هونەری شیعردا ، کە ئاشکرایە هەڵگری هەردوو سیماکەیە. لێرەدا نامانەوێ باسەکەمان بەرەو باسێکی زاراوەسازی ئاراستە بکەین بەڵکو هەوڵ دەدەین چەمکی زاراوەی کلاسیکی دەست نیشان بکەین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کەبەکارهێنانی بۆ رێبازێك و بۆ قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعری کوردی نەك هەر لەرووی زانستی یەوە ئاسایی دەبێت، بەڵکو بەهۆیەوە دەتوانرێ بنەرِەتەهونەریە گشتی و تایبەتی یەکانی  قۆناغە ئەدەبی یەکەشی پێ دیاری بکەین .

هەر لێرەوە و لەسەرەتاوە باسەکەمان بەرەو سەرنج دان لە چەمکی زاراوەی (کلاسیکی) ئەورووپی مان دەبات کە ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت یەکالای بکەینەوە .

- چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی ئەورووپیدا:

وەك دەرکەوتووە زاراوەی (کلاسیکی) بۆ یەکەم جار لە نووسینەکانی (ئۆلس گلیس) دا بەکارهاتووە کەنووسەرێکی رۆمانی سەدەی دووەمی زاینی بووەو بۆ ئەو نووسەرە بەکاری هێناوە کەسەر بەچینی کرێکار نەبووە . واتە ( گلیس) بۆ یەکەم جار وشەی (کلاسیك)ی بۆ دەستەکردنی نووسەران بەکارهێناوە ، دوای ئەوەی کەبۆ دابەش کردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵی رۆمانی و بۆ مەبەستی باج وەرگرتن بەکار هێنرابوو ، جابەم واتا نوێیەش لایەنێکی گرنگی چەمکەکەی پێك هێنرا .

له ساڵی (١٥٤٨) ز یشدا و له کتێبی ( هونەری هۆنراوە)ی ( سیبیلێ) دا زاراوەی کلاسیکی بۆ دوونوسەری فەڕەنسی سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهێنراوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەمکی کلاسیکی لەو کاتەدا پەیوەندی نەبووە بە سەردەمە کلاسیکی یە کۆنەکەوە ، واتە بە ئەدەبی (گریکی و لاتینی ) یەوە ، بەڵکو مانای پایە بڵندی گەیاندووەو بۆ ئەوکەسە بەکارهاتووە کەسەر بە دەستەی شاعیرە ناودارەکان بووە ، بەم پێ یە چەمکی (کلاسیکی )وای لێهات نووسەری بلیمەت و گەورەو ئەدەبی بەرز و مەزن بگەیەنێ .

دوای ئەوسەردەمە ، واتایەکی تری زاراوەی( کلاسیکی) کە بەرەبەرە لەئەدەب و رەخنەی ئەورووپی دا چەسپا ، (نووسەرە کۆنەکان) بوو کە بووە واتای هەرە دیاری زاراوەکە (٣).

دەربارەی ئەم واتایەش ( رینیە ویلك ) دەڵێ:(( نازانم چ لێکۆلینەوەیەك ئەو رێگایەی گرتەبەر تا وشەکە واتای کۆنەکانی گەیاند و وای لێ هات مانای یۆنانی و رۆمانی یەکان هەڵگرێ ، هەروەها نازانم لە چ لێکۆڵینەوەیەکەوە ئەو ڕێگایەی تیا گیرایە بەر کە ئەدەبی کلاسیکی بە پۆلەکانی قوتابخانەوە ببەستێتەوە )) (٤) .

لە راستیدا زاراوەی (کلاسیك) بەم چەمکەی، واتە (نووسەرانی کۆن ) لەگەڵ نووسیندا بەدی دەکرێ ، هەروەك لە نووسینێکی ( پۆپ )ی ساڵی (١٧٣٩) دا دەبینرێ و دەڵێ: (( ئەوکەسەی کەناوبانگی سەدەیەك دەخاێنێ و هەڵەی لابەدی ناکرێت ، ئەوا ئەو نووسەرە بە پێی یاسا کلاسیکی یە )). هەر لە ڕوانگەی ئەم چەمکەشەوە ( جۆرج سۆل)یش دەڵێ : (( ئێمە قەرزرابارى نووسەرە گەورەکانمانین ، لە پەخشاندا بێت یان لە شیعردا بێت ، تا رادەیەکیش ئەوان کلاسیکی یەکانی ئێمەن و دەبێ لەو بنەرەتانەوە دەست پێ بکەین کە ئەوان چەسپاندویانە ، بەو پێیەی سازکەرو پاکژکەری زمانەکەمان بوون ))(٥).

لەگەڵ هەمموو ئەوانەشدا گرنگترین دیاردە کە پەرەی بە چەمکی (کلاسیکی) دا ئەو دەمەتەقێ و گفتوگۆیە بووە کە لە نێوان هەردوو رێبازی( رۆمانسی و کلاسیکی )، لە ئەڵمانیادا ، لە نێوان برایانی ( شلیگڵ ) ەوە دەستی پێ کرد . بەم رەنگە گۆڕانی وشەی کلاسیکی لە زاراوەیەکەوە کە چەشنە بەهایەکی دەگەیاند بۆ زاراوەیەك کەوەسفی رێبازێکی ئەدەبی یا شێوەیەك یا خود قۆناغێکی شێوازی پێ بکرێ ، بۆ خۆی خاڵێکی گەلێك گرنگ بوو لە مێژووی بەکارهێنانی زاراوەکەدا .

زاراوەی رێبازی کلاسیکی ( Classicism ) یش، وەك زاراوەیەك لە زاراوەکانی سەدەی نۆزدە ، بۆ یەکەم جار لە ئیتالیادا لە ساڵی (١٨١٨) و لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ( ١٨٢٠) دا و لە فەرەنسادا لە ساڵی (١٨٢٢) داو لە روسیادا لە ساڵی (١٨٣٠) داو لە ئینگلتەرە شدا لە ساڵی (١٨٣٦) دا سەری هەڵدا . بە گشتیش ئەم زاراوەیە لەو وڵاتانەدا ، دەست نیشانی رادەی چاکێتی و چۆنیەتی و رادەی پەیوەندێتی ئەدەبی بە سەدەکانی دێرینەوە پێ دەکراو بۆ سێ ئەدەبی سەربەخۆ بەکارهێنرا کە ئەدەبی فەرەنسی سەدەی حەڤدە و ئەدەبی ئینگلیزی کۆتایی سەدەی حەڤدە و سەرەتای هەژدە و ئەدەبی ئەلمانی دوا ساڵەکانی سەدەی هەژدە بووە ، ئەم سێ جۆرە ئەدەبەش نەك هەر لە کەرەسەو شێوازدا جیاوازییان لە نێواندا هەبووە ، بەڵکو لە رادەو چۆنیەتی پەیوەندی کردنیشیان بە سەدە دێرینەکانەوە جیاواز بوون لە یەکتری .

لێرەدا ئەوەی کە گرنگەو پێویستە سەرنجی بۆ رابکێشرێ ، ئەوەیە کە کۆکردنەوەی ئەو سێ ئەدەبەو لەو قۆناغەدا ، لە ژێر چەمکی (کلاسیکی) دا و هەست کردن بە جیاوازی و سەربەخۆیی و تایبەتێتی هەر یەکێکیشیان لە هەمان کاتدا ، بۆ خۆی تا رادەیەك کێشەی رەسەنایەتی رێبازەکەو لە گەڵیدا رازی بوون و رازی

نەبوون لەسەر بەکارهێنانی زاراوەکەی لایان دروست کرد، هەروەك لە نووسینیکی (جفری) سالی (١٨١١) دا بەدی دەکرێ ، کە بەلایەوە کلاسیکی ئینگلیزی قوتابخانەیەکی وەرگیراوو خواستراوی فەرەنسی یە .

( ئەدوارد داون ) یش لە سالی (١٨٧٨) دا دەڵێت : (( ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ئەوەی کە ئەدەبەکەمان بەرەو رێبازی کلاسیکی بەرن ، هیچ بنەمایەکی نیشتیمانیان نی یە))(٦).

تەنانەت شاعیرو رەخنەگرێکی وەك ( ئلیۆت ) یش رای وا بوو کە لە ئەدەبی ئینگلیزی دا نە سەردەمی کلاسیکی و نە شاعیری کلاسیکی نەبووە(٧).

لەگەڵ هەموو ئەو راو بۆچونانەشدا ، لەم سەردەمەدا، زاراوەی( کلاسیکی) یا (کلاسیکی نوێ) لە کاتی باسکردنی ئەدەبێکی وەك ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی هەژدەدا بەکاردەهێنرێ ، ئەمەش لە کاتێکدا کە زاراوەی کلاسیکی دوو سەد ساڵێك لەمەوبەر بەدەگمەن بەکارهاتووە وشاعیرە ئینگلیزەکان خۆیان بەکلاسیکی یان کلاسیکی نوێ ناو نەبردووە ، بەڵکو زیاتر باسیان لە لاسایی کردنەوەی پێشینان یاخود پەیڕەوی کردنی دەستوور کردووە .

بەم ڕەنگە وشەی کلاسیکی لە مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەوروپی دا بووبە زاراوەیەك بۆ ئەو رێبازە ئەدەبی یەی کە هەڵگری چەمکە دیارەکانی زاراوەکە بووە ، هەر لە ئەدەبی بەرزو نەمرو لاسایی کردنەوەی پێشینانەوە بیگرە تا ئەو واتا تایبەتی و گشتی یانەش کە هەر میللەتەو بە پێی سیمای تایبەتی و گشتی ئەدەبەکەی پێی بەخشیوە.

- چەمکی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا :

یەکێ لەو ڕێگایانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی خراوەتەبەردەست ، رێگای دابەش کردنی ئەدەبی کوردی یە بەسەر چەند رێبازێکی ئەدەبی دا کە (کلاسیکی و رۆمانتیکی و ریالیزمی)ن ، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو رێبازانە ئەنجام دراون بە تایبەتی هەردوو رێبازە رۆمانتیکی و ریالیزمی‌یەکە(٨) ، هەرچی رێبازە کلاسیکی یەکەشە ئەوا هێشتا وەك پێویستو بەتەواوی یەکالا نەکراوەتەوە چونکە نووسەرانی کورد پێش هەموو شتێ کەباسیان لە بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی کردبێ و ویستبێتیان بۆ قۆناغێکی شیعری کوردی بەکاری بهێنن ، تەنها لە راونگەی رێبازە کلاسیکی‌یە ئەوروپی یەکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و هەوڵیان نەداوە چەمکە گشتی و جیهانی یەکەی ئەو رێبازە لە ئەدەبی کوردی دا دیاری بکەن ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەی رازی بوون و رازی نەبوون لەسەر بەکارهێنانی زاراوەکە لەلایەك و دەرنەخستنی سیما گشتی و تایبەتی یەکانی ئەو قۆناغەی شیعری کوردی لەلایەکی ترەوە ، وەك دووکێشەی گرنگ بمێننەوە و رای زانستانەیان دەربارە نەدرێت .

دیارترین نووسەرمان کە رای لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دا نەبووە ، ( دکتۆر کامل البصیر ) بوو ، هەربۆیە بە فراوانی راکانی دەخەینە بەردەست و سەرنجی وردیان لێ دەدەین . هەڵوێستی ( د.کامل )و رازی نەبوونی لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی ، تا رادەیەك، بڕیارێکی تازەبوو لای ، چونکە لەوەو پێشتر نەك هەر رای لەگەڵ بەکارهێنانی دا بووە ، بەڵکو یەکێك بوو لەو نووسەرانەی کە پێشنیاری بەکارهێنانی خستبووە بەردەست ، وەك دەریش دەکەوێ لەم پێشنیارەی دا ( د.کامل ) لە روانگەیەکی ترەوە دەیروانی یە مەسەلەی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی ، نەك لە روانگەی چەمکەکەیەوەچونکە لەو کاتەدا رای وابوو کە (( دەبێ

ڕێبازێکی زانستی لە هەڵبژاردنی زاراوەی جیهانی دا بۆ زمانەکەمان بگرینەبەر ، بناغەکانی ئەم ڕێبازەش بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنن ، کەدەبێ لە هەموو بابەتەکانی ڕۆشنبیری و زانیاریداو لەبەر ڕۆشنایی یاندا دەرگای هاتنە ژوورەوەی زاراوەی جیهانی بۆ دووتوێی زمانەکەمان بکەینەوە ))، هەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەشەوە پێشنیاری بەکارهێنانی زاراوەی ( کلاسیزم) ی دەکرد (٩).

بێ گومان ئەم تێڕوانینەش کە دوور لە چەمکی زاراوەکەوە ئەنجام درابوو ، بووە هۆی ئەوەی کە دوای ماوەیەك ڕای بگۆڕێ و لەسەر بەکارهێنانەکەی ڕازی نەبێت ، بەڵکو پێشنیاری زاراوەی ( پێشین ) بکات لە جیاتی زاراوەی ( کلاسیکی )(١٠) .

وەك دەردەکەوێ ، ئەم بۆچوونەی (د.کامل ) یش ئاکامی بەراووردکردنێکی خێرای شەقڵە تایبەتی یە کانی هەردوو ئەدەبی ئەوروپی و کوردی بووە نەك سیما گشتی یەکانیان ، ئەمە جگە لەوەی دوور لەچەمکی زاراوەکەوە بڕیارەکانی ئەنجام داوە ، چونکە بەلایەوە : (( زاراوەی کلاسیکی ئاوەڵناوێکە بۆ دەربرین لەهۆنراوەی شانۆگەری تراجیدی و کۆمیدی ئەورووپی سازکراوە ، ئەمە لە کاتێکدا هۆنراوەی کوردی ئەو چەشنە ئەدەبەی تیا بەدی ناکرێ ))(١١) لێرەدا و بۆ وەڵام دانەوەی ئەم تێڕوانینەی ( د.کامل ) ، پشت بە بۆچوونێکی خۆی دەبەستین کەبەلایەوە: (( هیچ توێژەرێکی پسپۆر ناتوانێ بڵێ زاراوە نیشانەیەکی بێ گیانە و ڕەمزێکی ئامێرییەو هیچ ئەرکێك جگە لە مانا بۆ بەکارهێنراوەکەی نابا بەڕێوە )) (١٢) ، کەواتە بۆ ئەدەبی کوردیش دەکرێ لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونە زانستی یەوە مامەڵە لەگەڵ زاراوەی (کلاسیکی)شدا دا بکەین و بۆ شیعری کوردی ئەو قۆناغەی بەکاربهێنین ، باجۆری شیعرەکەش ( لیریکی ) بووبێت و شانۆگەری نەبووبێت ، تێڕوانینێکی تری ( د.کامل) لەم بوارەدا ئەوەیە کە : (( سەرچاوەی هۆنراوە لە تێڕوانینی کلاسیکی یەوە ، دەروونی هەستیارە ، دەرونیش بە گوێرەی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئغریقی هێزێکی پەنهانی یە ، ئادەمیزاد دوور لە ویستەمەنی خۆیەوە گیرۆدەیەتی و ناتوانێ خۆی لە کەمەندی ڕزگار بکات ))(١٣) . ئەمە لە کاتێکدا (( هەستیارە کوردەکان ژیانی ڕۆژانە بە سەرچاوەی بەرهەمەکانیان دەزانن ))(١٤).

ئەم بۆچوونەی ( د.کامل ) لێرەدا لەگەڵ بۆچوونێکی تریدا ، کەدەربارەی ڕێبازی کلاسیکی ئەوروپی یەو لە تێڕوانینێکی ( هاردی ) شاعیرەوە بەدەستی دەهێنێ ، یەك ناگرنەوە ، لەمەیاندا و بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی پێشتریەوە ڕای وایە کە : (( ڕەخنەگرە کلاسیزمەکان بیرو ڕایان وایە کە دروست کردنی هۆنراوە بە خورپەو مەیل و ئارەزووی سەلیقەیی وەدەست ناهێنرێ ، بەڵکو بەتواناو فێربوون و ڕاهێنان کە ڕێگای زانست و زانیارییە بەرهەمی شاکاری سەرکەوتوو ئەنجام دەدرێ )) (١٥) .

هەر بە پێی ئەم بۆچوونەش بڕیاێکی پێچەوانەی ڕاکانی پێشووتری دەربارەی سەرچاوەی شیعر لە ئەدەبی کوردی دا دەخاتە بەردەست و دەڵێ : (( هۆنراوە ی کوردی لەگەڵ هۆنراوەی کلاسیزمی ئەورووپی دا لەمەسەلەی فێربوون و سەلیقەت دا ئاسمان و ڕێسمانن و هەستیارە دێرینە کوردەکان بەزۆری بڕوایان بە فێربوون وەك ڕێگایەك بۆ وەدەست هێنانی هۆنراوە نەبووە )) (١٦) .

وەك دەردەکەوێ ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەی ( د.کامل ) بۆ خۆیان بەرامبەر یەك دەوەستن و هەریەکە ئەوی تریان ڕەت دەکاتەوە ، بەگشتیش ڕای شاعیرە کلاسیکی یەکانمان لەم لایەنەدا کە (د. کامل) پشتی پێ بەستوون ، بۆخۆیان هەر هەمان ڕاو بۆچوونی شاعیران و ڕەخنەگرانی کلاسیکی میللەتانی تریش بووە ، بەواتایەکی تر چ بۆ ئەدەبی جیهانی بێت و چ بۆ ئەدەبی کوردیش بێت ، لەم لایەنەدا دەتوانرێ هەر هەمان ڕای

( هۆراس ) ی رۆمانی بهێنینەوە یاد کە دەڵێ : ( ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە بۆم ساغ نەبۆتەوە کە ئایا خوێندن بە بێ شنەی زۆر و زەبەندی بەهرەی زگماك یاخود بەهرەی زگماك بەبێ خوێندن چ بەروبومێکیان ئەبێت ، هەریەکەیان زۆر پێویستی بەوی تریان هەیەو پەیمانی دۆستایەتی یەکی بەردەوامی پێ ئەدات ) (١٧)، هەر هەمان بۆچونی (هۆراس ) یش راستەوخۆ لای شاعیرێکی هاوچەرخی وەك ( نازك الملائكە ) ش دووبارە بەدی دەکرێ ، ئەمە جگە لەوەی کە هەردوو زاراوەی ( طبع و صنعەت ) لە رەخنەی دێرینی رۆژهەڵاتی دا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ ، جا بۆیە دەکرێ ئەم لایەنە بۆخۆی ببێتە خاڵی نزیك بوونەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری کلاسیکی جیهانی ، نەك خاڵی لێك ترازان .

هەر لە روانگەی ئەو تێڕوانینانەوە (د.کامل) بە پێی بنەرەتێك لە بنەرەتەکانی رێبازی کلاسیکی ئەوروپی کە (عەقڵ)ە ، نەشیاوی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دەچەسپێنێ و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە رەخنەگرە کلاسیکیەی ئەوروپی یەکان : (( لەبەر تیشکی دا دەرفەت بە هەستیار نادەن کە عەقڵ و هۆشمەندی فەرامۆش بکەن و بەبێ سنوور رێگای ئەندێشە بگرنە بەر و وێنەی هونەری ناماقوڵ ساز بکەن )) ، بەڵام هەرچی شیعری دێرینی کوردی یە ئەوا : (( لەبەرهەمی ئەندێشەیی بێ سنوورو خەیاڵی دەست کرد جمەیان دێت و بە دەگمەن لەناو شەپۆلەکانیاندا دێڕێك بەرچاو دەکەوێ کە بەزمانی ئەو هێزە نا هۆشمەندییە نەرازێنرابێتەوە ))(١٨) .
لە راستی دا و پێش هەموو شتێ بنەرەتی (عەقڵ ) لە تێڕوانینی کلاسیکی ئەوروپی دا و هەر وەك بە ئاشکرا لای ( ئەرستۆ ) و لای ( هۆراس )یش بەدی دەکرێ ، پەیوەندی بە روداوەوە هەبووە و هەروەك (د.کامل ) خۆی سەرنجی بۆ رادەکێشێ ( مانیزم ) : (( باوەڕو ئەقڵ و هۆشمەندی هەستیارە کە هەست دەکات بابەتی هۆنراوەکەی دەشێ رۆژێك لە رۆژان و لە شوێنێکدا رووبدات )) (١٩) . بۆیە بەلای ئێمەوە کە پەیوەندییەکەشی لەگەڵ ئەندێشەدا دیاری دەکرێ ، دەبێ باس لەو رووداوو بابەتانە بکرێ کە ئەو ئەندێشەیە دەیچنن ، نەك ئەو وێنە هونەریانەی کە لە شیعری لیریکی دا دەبینرێن و بنیاتنراوی ئەندیشەیەکن کە جوانی سازە . سەرەرای هەموو ئەمانەش لە لای کلاسیکی یە ئەوروپی یەکانیش ( ئەندێشە ) هێزێکی نا هۆشمەندی نەبووە ، وەك ( د.کامل ) هێمای بۆ دەکات ، چونکە بەلای (ئەرستۆ) وە و کاتێ دەیەوێ جیاوازی نێوان شیعرو مێژوو دیاری بکات ، بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو رووداوانەی ئەندێشە ئەنجامی دەدەن دەبێ شیاوبنو بە پێی ( زەرووړەت و ئیحتیمال ) سازدرابن (٢٠) ، تەنانەت لە قۆناغە کلاسیکی یە ئەوروپییەکەشدا دانانی فەلسەفەی ( دیکارت ) بە سەرەتای رێبازی کلاسیکی و ناساندنی سەدەی حەفدە و هەژدە بە ( سەدەی ئەقڵ ) نەبۆتە دیاردەیەکی ئەوتۆی بەربلاو ، کە هەرچی بەرهەمی ئەو قۆناغەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەقڵدا کۆبکرێتەوە چونکە هەر لە فەرەنسادا ( دیکارت ) نەیتوانی کاربکاتە سەر ( لارۆ شفکۆ ) و ( مۆلێر) و ( راسین) و ( مەدام دی سیفینی ) ، ئەو کارتێ کردنە تەنها لەسەر فەیلەسوفەکان و لەسەر هەندێ لەو کەسانە بووە کە دەربارەی کلاسیکی دەدوان (٢١) .

جگە لەمانەش ، ئەو چەشنە بەراوردکردنەی نێوان شیعری کلاسیکی ئەورووپی و شیعری کلاسیکی کوردی لە روانگەی (ئەقڵ)ەوە ، بەراووردکردنێکی نابەجێیە و هەرگیز نابێتە بەڵگەی نەشیاوی زاراوەی کلاسیکی ، چونکە ئەگەر لە روانگەی بنەرەتی ئەقلیشەوە بەراوورد بکرێن ، ئەوا ئەندێشە وەك رەگەزێکی کاریداهێنان و بە گوێرەی چەشنی ئەدەبی ، نابێتە تەوەری بەراوردەکە ، هەرچی بنەرەتی ئەقڵ و هۆشمەندیشە ، بە چەمکە گشتی یەکەی ، ئەوا هیچ کاتێ شیعری کلاسیکی کوردیمان لێ ی بێ بەش نەبووە ، چونکە هەروەك (د. علی جواد

تاهر) دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی بۆی دەچێت و بۆخۆی بۆ شیعری کلاسیکی کوردیش دەست دەدات و دەڵێ :(( بنەمای شیعری لیریکی عەرەبی سۆزە ، بەمەش پایە بەرز بووە ، چی بەو شیعرانە دەڵێیت کە ئەقڵی بەسەرا زاڵە وەکو شیعرەکانی ( متنبی و ابو علا ﴾ ، دەڵێی شیعرێکی لیریکی یە، باسۆزێکی بێ هێزیشی هەبێت ))(٢٢) .

هەر بە پێ ی ئەم جۆرە بەراووردکردنەو لە روانگەی زمانی شیعرەوە (د.کامل) هەوڵ دەدات نەشیاوی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی جارێکی تر بخاتە روو . بەلای ( د.کامل)ەوە : (( رێبازی کلاسیزم لە زمانی هەلبەستدا تا رادەیەکی زۆر رازاندنەوە بە هونەرەکانی رەوانبێژی فەرامۆش دەکات ئەمە لەکاتێکدا زمانی هەڵبەستە دێرینەکانمان بەو پەڕی وردی یەوە هۆنەرەکانیان پەیڕەوی زانستی واتا و زانستی رەوانبێژی و زانستی جوانکاری دەکەن و هەریەکەیان خۆی بە شاسواری ئەم مەیدانە دەزانێ و هەوڵ دەدات کە هەمیشە بە وشەسازی و سنعەت کاری پێشرەوی هاو هونەرەکانی بێت ))(٢٣).

پێش هەموو شتێ لێرەدا ( د.کامل) ئەوەی لە یاد دەچێت کەبەراووردی دوو جۆرە شیعر دەکات کە شیعری شانۆگەری و شیعری لیریکی یە ، جگە لەوەش رێبازەکلاسیکی یە ئەوروپی یەکەش بە هیچ جۆرێ هونەرەکانی رەوانبێژی و زانستی جوانکاری یان فەرامۆش نەکردووە ، تەنانەت لە تراجیدیاکانیشیاندا . ئەوەی لەم رووەوە جێگای گومان نی یە ئەوەیە کەرەخنەگرانی رێبازی کلاسیکی ئەوروپی ، هەرلە ئەرستۆ و هۆراسەوە بیگرە تا دەگاتە ( بوالو ) ی فەرەنسی بۆ خۆیان لە روانگەی جۆرەکانی ئەدەبەوە مامەڵەیان لەگەڵ زمانی شیعردا کردووەو بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەب ، پێشنیاری شێوازی دیاری کراویانکردووە، وەك ئەوەی دەبوایە لە تراجیدیادا وشەو دەربرینەکان شێوازێکی بەرزو بەهاداریان ببوایە ، بەلاَم کۆمیدیا پێویستی بەو شێوازە بەرزە نەبووە و وشەو دەربرینی ئاسایی و زمانێکی سادە و ساکاری هەڵبژاردووە . ئەوەتا لەم رووەوە ( ریفارول ) ی فەرەنسی کە یەکێك بووە لە پشت گیری کەرانی کلاسیکی دەڵێت : (( دابەش کردنی شێواز لە زمانەکەماندا وەك دابەش کردنی هاووڵاتیان وایە بەسەر کۆمەڵ چین دا  لە رژێمێکی پاشایەتیدا ، ئەو دوو دەربرینەی کەبۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن ، لە جێگا و مەقامێکدا ، نابنە هاوتای یەکتری و ئەو مەبەستە ناگەیەنن ، بەهۆی ئەم دابەش کردنە چینایەتی یەی شێوازیشەوە چێژی دروست دەتوانێ رێگای خۆی بدۆزێتەوە ))(٢٤). بەم چەشنە گرنگی دان بەزمان و شێوازی دەربرین لە بابەتێکی وەك تراجیدیادا ، بۆ  خۆی دەستورو یاسایەکی چەسپاوی ئەو رێبازە بووە و کار گەیشتۆتە رادەیەك کە (( شێوازە رەوانبێژی یەکان بەهۆی زۆری بەکارهێنانیانەوە بسوێن .... زووربەی ئەو شێوازانەش شێوازی لاسایی کاربوون و نووسەرانی کلاسیکی لەهەردوو ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی یەوە بۆیان مابووەوە و وەك کەلەپورێکی رۆشنبیری پەنایان بۆ دەبرد ، هەروەك ئەوەی پەنابەرنە بەر کۆمەڵ وشە لە فەرهەنگێکی کۆندا ))(٢٥) . لێرەدا تەنها ئەو باری سەرنجە دەخەینە بەردەست کەبەئاسانی دەتوانین هەمان دیاردەش لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا بەدی بکەین و ئەوە بسەلمێنین کە شێوازە رەوانبێژی‌یەکانی شیعری کلاسیکی رۆژهەلاَت بەگشتی وشیعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی  ، بە بەهەمان دەستووری رێبازە کلاسیکی یەکەی ئەوروپا ، بووبوونە دیاردەیەکی لاسایی کارو کەلەپورێکی رۆشنبیری بۆ شاعیران و بەردەوام لەو کەلەپورەوە وێنە هونەریەکانیان هەڵدەهێنجا ، بۆیە دەکرێ وەك دیاردەیەکی لێك نزیك بوونەوە تێ ی بروانرێ نەك وەك لایەنی لێك دابڕان .

وەك وتمان ( د.كامل ) دیارترین نووسەرمان بووە کە رای لەگەڵ بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دا نەبووە و بەلایەوە شەقڵە گشتی و تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و رێبازی کلاسیکی ئەوروپی گەلێ لێك جیاوازن و ناتوانرێ یەك بخرێن ، لەگەڵ ئەم رایەشدا گەلێ نووسەرو لێکۆڵەری کورد راستەوخۆ زاراوەی کلاسیکی یان بەکارهێناوەو وەك رێباز مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مەودایەیان لەبەردەمی خویاندا نەکردووەتەوە تا بەتەواوی سیماو شەقڵەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بخەنە بەردەست ، چونکە تێروانینەکانیان لەزۆر لایەندا سەرپێ یی بووە و زانستانە ئەنجام نەدراوە . ئاکامی ئەمەش ، لەلایەك ئەوە بووە کە بنەرەتی زانستانە لەپێشنیارکردنی بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیکی دابماڵێ و نەگەنە ئەنجام ، لەلایەکی ترەوە پرسیارکردن لە بنەماکانی رێبازی کلاسیکی کوردی هەر لەئارادا بمێنێتەوە، ئەمەش بەئاشکرا لەو دیدارەدا بەدی دەکرێ کەکاتی خۆی بۆ شیعری کلاسیکی کوردی ئامادە کراو ژمارەیەك باس و لێکۆلینەوەی تیادا پێشکەش کرا ، لەوێدا (محمدی مەلا کەریم ) پێشنیاری ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی پێویستی بەوە هەیە کەبزانین مواسەفاتی لای ئێمە چۆنەو ئەم مواسەفاتانە لە شیعری کێدا یەتەدی و لە هی کێ دا نایەتەدی .

( کامەران )ی شاعیریش رای وابووە کە تائێستا بەتەواوی دەست نیشانی ئەوە نەکراوەکە سفەتەکانی کلاسیکی بدەین بەکام دەق . تەنانەت (د.كامل) یش رای وابووە کە دیدارەکە لەو جۆرەباسانەی تێدا نەبووە کە تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی شی بکاتەوە . لەگەل ئەوەشدا ،یەکێ لەو لێکۆڵینەوانەی کەلەو دیدارەدا سەرنج رادەکێشێ ، لێکۆڵینەوەکەی ( کەمال میراودەلی ) یە چونکە هەوڵ دەدات لە روانگەی هەندێ لە چەمکە دیارەکانی کلاسیکی یەوە سیماو تایبەتێتی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی دەست نیشان بکات ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە سەرنجەکانی وای لە لێکۆڵینەوەکە کردووە کە نەتوانێ بەتەواوی شەقڵە دیارەکانی هۆنراوەی کلاسیکی بخاتە بەردەست بەتایبەتی دوا سەرنجی کە دەڵێ :(( لە شیعری کلاسیکی دا نامۆیی یەك لە نێوان مرۆڤ و کارەکەیدا دروست دەبێت ، کارەکە شوێن پەنجەی هونەرمەندەکە هەڵدەگرێت ، زیرەکی ئەو نیشان دەدات ، بەلاّم خۆی وەك مرۆڤ ساغ ناچێتە ناو کارەکەیەوە ، هەست و سۆزی گەرم و گوڕو راستەقینەی مرۆڤایەتی بەسەر ڕوویا ڕەنگ نادەنەوە )).(٢٦)

ئەم تێبینی یەی ( کەمال میراودەلی ) ئەگەر گشتیش بێت ، ئەوا لە جێگای خۆیدا نی یەو ئەوە دەردەخەن کەبەتەواوی ناتوانی شەقڵە گشتی و تایبەتی یەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دیاری بکات ، چونکە شیعری ڕەسەن هیچ کاتێ بە خاوەنەکەی نامۆ نابێت و لەهەست و سۆزی راستەقینەی مرۆڤایەتیش بێ بەش نابێت ،جا با ئەو هەستو سوزەش تەنها جوانی بێت ، ئەمە جگە لەوەی کە کلاسیکی بۆخۆی چ لای ئێمە بووبێت یاخود لای ئەوروپی یەکان و میللەتانی تر بووبێت هەڵگری بەها مرۆڤایەتی یەکانن و ئەو هەست و تێڕوانینە مرۆڤایەتی یانە بوونەتە بنەڕەتێك لە بنەڕەتە گرنگەکانی (٢٧)، تەنانەت خاسیەتێکی هەرە دیاری رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکە ، خاسیەتی گەرانە بەدوای راستی یەکانی دەروونی مرۆڤایەتی دا و بەلاشیانەوە ئەو راستیانە بۆخۆیان هەڵێنجراوی تاقیکردنەوە خودی و کەسی یەکانی شاعیرن ، وەك ئەوەی شکست هێنانی (مۆلیر ) لە ژیانی خێزانی دا بووە هۆی ئەوەی کە سەرکەوتووانە باس لە پیاوی هەڵخەڵەتێنراو بکات و زۆری ئافرەتەکانی ژیانی ( راسین ) یش وای لێ کردووە کە فولتر باس لە خۆشەویستی و دڵداری بکات (٢٨) ، ئەمە سەربای ئەوەی کە ئەم دوا بۆچوونەی ( کەمال میراودەلی) کاتێ دەخرێتە بەر دەست کە خۆی باش ئەوە دەزانێت کە سنعەتکاری نەیتوانیوە : (( ڕێگا لەوە بگرێ کە جارجارە شاعیر تووشی تاقیکردنەوەیەکی خۆیی بەهێز بێت

و به راست گۆیی و دڵسۆزی یەوە ئەو تاقیکردنەوەیە دەربڕێ ، بە جۆرێك كەرەگەزی موعانات بەسەر رەگەزی سەنعەتكاری دا زاڵ بێت و هۆنراوەكە توانای ئەوەی هەبێت خوێندەوار بهەژێنێت، نمونەی ئەو جۆرە شیعرانەمان لە ئەدەبیاتی كوردی دا گەلێك زۆرن كە هەستی راستگۆیی و سۆزی ئینسانی قوڵیان تیا بەدی دەكرێت )) (٢٩) . بێگومان ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازەی ( كەمال میراودەلی ) ئەنجامی تێڕوانینێكی دوولایەنی یە لە بنیاتی شیعر ، ئەگینا بۆ دەبێت بوونی موعانات ڕەگەزی سنعەتكاری كز بكات و زاڵ بێت بەسەری دا ئەوسا بە ڕاستگۆ دابنرێ و بەمەش خوێنەر بهەژێنێ ، ئەوەی كە ئاشكرایە ئەوەیە كە شیعری رەسەن تۆوی لە دایك بوونەكەی تاقیكردنەوەی شاعیرە ، هەروەك ئەو تاقیكردنەوەیەو ئەو سۆزش كەبەرپای دەكات بە وێنەی هونەری گونجاو دەردەبڕڕێ كە بۆ خۆیان زمانی ئەندێشەی شاعیرن . شیعری كلاسیكی كوردیشمان لەم لایەنەدا و هەروەك ( كەمال میراودەلی)خۆی دەڵێت ، گەلێ زۆرن ، كەواتە دەبێت وەك چەمكێكی كلاسیكی مامەڵەی لەگەڵدا بكەین و وەك سیمایەك لە سیما گشتی یەكانی تێ ی بڕوانین كە دەتوانێ بیبەستێتەوە بە ڕێبازە كلاسیكی یە جیهانی یەكەوە .

وەك ئاشكرایە بەكارهێنانی زاراوەی كلاسیكی لە ئەدەبی كوردی دا ، بۆ قۆناغێك لە قۆناغەكانی شیعری هونەری بووە ، ئەو قۆناغەش هەر لەسەرەتای ئەدەبی نووسراوی كوردی یەوە دەست پێ دەكات تادەووروبەری جەنگی جیهانی یەكەم ، بەم پێیە زاراوەكە بۆ كۆنترین ڕێبازو قۆناغ لە ئەدەبی كوردی دا بەكارهێنراوە و بەرهەمی ئەو قۆناغەش شیعر بووە نەك پەخشان .

دیارترین كێشەش كە دەربارەی ئەم دیاری كردنە لە ئارادا بووبێت ، كێشەی سەردەمە مێژوویی یەكەیەتی ، ئەم كێشەیەش بۆخۆی ئەنجامی ئەو تێروانینە بووە كە هەندێ شاعیری كورد لەو قۆناغە مێژوویی یەدا هەڵگری كۆمەڵێ شەقڵی تایبەتی بوون كە جیا بووە لەو شەقڵانەی كەلە شیعری شاعیرانی تری ئەو قۆناغەدا بەدی كراوە ، هەروەك ( لوسی پول مارگریت ) و ( كامەران بەدرخان ) بۆی چوون و رایان وابووە كە : (( بە دەركەوتنی مراد خان لە سەدەی هەژدەدا دەوری كلاسیكی لە هۆنراوەی كوردی دا كۆتایی دێت ، هەروەها حاجی قادر و شێخ ڕەزاو ژمارەیەكی زۆری تری شاعیرانی سەدەی نۆزدە شێوازی رۆمانیكی و رەمزیان سەر لەنوێ خستە ڕوو))(٣٠) .

بێگومان ئەم بۆچوونە جیاوازانەش كەدەربارەی سەردەم و قۆناغی كلاسیكی دەخرێتە ڕوو گەلێ ئاسایی یەو نابنە مایەی رەتكردنەوەی ڕێبازەكە خۆی . ئەم جۆرە كێشەیە لە ئەدەبی ئەوروپی و لە ڕێبازە كلاسیكی یە كەیاندابە ئاشكرا بە دی دەكرێت ، ئەوەتا ئەڵمانەكان تائێستاش شەش نووسەری خۆیان هەر بە كلاسیكی ناو دەبەن كە ئەوانیش ( گلۆپشتۆك ، لسنخ ، فیلاند ، هیردەر ، گۆتە ، شیلەر ) ن ، لە كاتێكدا كە جیاوازی یەكی تەواو ئاشكراش لە نێوانیاندا بەدی دەكرێ ، چونكە دووانیان كە ( گلۆپشتۆك و هێردەر )ن زیاتر لە رۆمانتیكەكان نزیك دەبنەوە ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو چ ( هیردەر ) بووبێت چ ئەوانەی تر بووبن كە شیعرەكانیان بە سەرەتای رۆمانتیكی دادەنرێن ، هێشتا هەر بە كلاسیكی ناویان بردوون و لە سنوورو چوارچێوەی ڕێبازە كلاسیكی یەكە دەریان نەهێناون .

جا بۆ ئەدەبی كوردییش بوونی كۆمەڵە بەرهەمێكی شیعریی كە هەڵگری هەندێ سیمای تایبەتی بن ، نابنە هۆی ئەوەی كە شاعیرەكەو سەردەمی بەرهەمەكەی لە سنوورو چوار چێوەی ڕێبازەكە دەربهێنن ، بەڵكو وەك تایبەتی یەك لە تایبەتی یە كانی ئەو شاعیرە خۆی و لەناو چوار چێوەی تایبەتی یە كانی كلاسیكی كوردی دا

کە بەشێك بووە لە شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتی تیٚ دەروانین ، بەمەش زیاتر دەتوانین سیما گشتی و شەقڵە تایبەتی یەکانی ئەو رێبازە و شیعری شاعیرانی سەر بەو رێبازە دیاری بکەین .

کۆنترین لێکۆڵینەوە کە زاراوەی کلاسیکی بۆ رێبازێك لە رێبازەکانی هۆنراوەی کوردی بەکارهێنابێت و لەبەر دەستماندا بێت ، لێکۆڵینەوەیەکە لە ساڵی (١٩٣٤) دا بە ناوی (پ...)ەوە بڵاو کراوەتەوە (٣٢) . لەو لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر دوو جۆر بەرهەمی ئەدەبی دیاری دەکات ، جۆرێکیان بە ئەدەبی عەوام ناودەبات و دەڵێت : (( ئەدەبیاتی ئەم تەبەقەیە تەنیا عبارەت نەبووە لە ( بەیت نووسی) ، زۆر غەزەل و مەنزومەی دڵداری ، سەرخۆشی و سائیرەشیان هەیە ، لەم مەیدانەدا لەسەرەتای عەسری نۆزدەمین دا بەعزیٚ شاعیری مەوزوون و رەوانیان تیا هەڵکەوتووە کە ئەکسەری شعرەکانیان بە لەبەر کردن بۆ ئێمە ماوەتەوە ، ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە، وەلی دێوانە ، عەولاٚی حەسەن ، لەم رێگایەدا زۆر شتی جوانیان بە جیٚ هێشتووە )). جگە لەو شاعیرانەی کەسەر بەو چەشنە ئەدەبەیان دادەنێت ، ئەم نووسەرە ، مەولەویش دەخاتە ریزیان و دەربارەی دەڵێت : (( لە ناوەراستی عەسری نۆزدەمین دا شاعیرێکی گەورەی کورد ( مەلا عبدالرحیم مەولەوی ) ئەم تەرزی شیعرەی ژیاندۆتەوە ، بەلەهجەی هەورامی لەم تەرزە گەلیٚ شیعری جوانی نووسی ،ئەم شاعیرە کوردە پەتی یە حسیات و خەیالاٚتی ئەوەندە بەرز و وردە ئینسان بیٚ ئیختیار ئەڵیٚ ، پێش وەختی خۆی کەوتووە ، لە موحیتێکدا هەڵکەوتووە کە بە نسبەت ئەوەوە پەست و تەنگ بووە )). لێرەدا ئەوەی سەرنج رادەکێشیٚ ، تێروانینی ئەو نووسەرەیە کە دەربارەی ( مەولەوی ) دەیخاتە بەردەست و بۆخۆی تێروانینێکە و لە سنوورو چوارچێوەی ئەو چەشنە ئەدەبەدا ئەنجام دراوە کەبۆی دیاری کردووەو بەئەدەبی (عەوام) ناوی دەبات ، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە پیش وەختی خۆی کەوتووە ، هەر ئەم تێروانینەشە کەلە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی دواتردا بەدی دەکرێت و هەندێکیان لە رۆمانتیکی نزیك دەخەنەوە.

جۆرەکەی تری ئەدەبی کوردی بەلای ئەم نووسەرەوە ، ئەدەبی دەستەی روناکبیران بووەو دەربارەی دەڵیٚ : (( پاش موددەتێك و دوای ئەوەی کەبەشی عەوام و خەڵق بۆ خۆیان ئەدەبیاتێکی نەزمی – چەنکە مع الاسف هەتا عەسری بیستەمین ئەستێرەی نەسرمان هەرکزبوو – رێك و رەوانی دامەزراند و لەو مەیدانەدازۆر شاسوار و شاکار هەڵکەوت ، بەشی عولەماو مونەوەرانیش روویان کردەوە لای سەقافەتی کوردو رابووردووی خۆیان هاتەوە بیروئایندەیان خستە بەر چاو . ئەمە لە عەسری هەژدەمین و نۆزەمین دا بووە ئیدارەی حکومەتی بابان بۆ ئەم بوژاندنەوەی سەقافەتی کوردە تەئسیرێکی موهمی هەبووە ، جا ئەگەر یۆ ئەدەبیاتی کوردی دەورو ئاساری کلاسیك قبوڵ بکرێت بێگومان ئاسار و شعری ئەم چەرخە ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد تەشکیل ئەکات )).

وەك دەردەکەویٚ نووسەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئاوڕی لەشاعیرانی سەربە زاری گۆران و شاعیرانی کرمانجی خواروودا داوەتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەست نیشان کردنی سروشتی قۆناغ و رێبازی کلاسیکی لە شیعری کوردیدا ، بەوەی کەبەرهەمی روناکبیرانی سەردەمەکەبووە ، تێروانینێکی زیرەکانەی وردە و لەلێکۆڵینەوە زانستی یەکانی دواتردا هەر هەمان تێڕوانین دەخرێتە بەردەست تەنانەت لە لایەن لیکولەریکی وەك(د.کامل بەسیر)یشەوە ، هیندە هەبوو کە بەلایەوە : (( ئەو دیاردە و سیمایانەی کەلەقۆناغێکی ئەدەبی ئەوروپی دا بەدی دەکریٚ و زاراوەی کلاسیکی بۆ بەکار دەهێنریٚ ، لە ئەدەبی کوردی دا و بەتایبەتی لە ئەدەبی دێرینماندا بەدی ناکریٚ ئەو زاراوەیەی بۆ بەکاربهێنریٚ )) (٣٣) .

بێگومان هەمان راش دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی لەلای نووسەریکی وەك ( د. محمد غنیمی هلال )یش بەدی دەکرێ و بەلای ئەمیشەوە : (( ئەو رێبازە ئەدەبی یانەی کەلە ئەدەبی ئەوروپی دا بەدی دەکرێ لە ئەدەبی کۆنی عەرەبی دا و بەو مانایانەی کەباسکراون بەرچاو ناکەون ))(٣٤). لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لە رەخنەگرە هاوچەرخەکانی ئەدەبی عەرەبی لە پاڵ وشەی (کۆن)بۆ شیعری پێش سەدەی نۆزدەیان زاراوەی (کلاسیك)بەکاردەهێنن‌و ئەو قوتابخانە ئەدەبیەیەی نیوەی دووەمی سەدەی نوزدەش کە بە (الاحیائیە)ناوی دەبەن ، زاراوەی(کلاسیك)و (کلاسیکی نوێ)شی بۆ بەکاردەهێنن‌و شاعرانی وەك (البارودی‌و حافز ابراهیم و تەنانەت احمد شوقی ) بە کلاسیك‌و کلاسیکی نوێ ناودەبەن ، ئەمە سەر باری ئەو تێروانینەی هەندێ لە رەخنەگرانیان کە پێیان وایە زۆرجار رای سەرپێیی‌و نادروست دەربارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدە دراوەو بە قوتابخانەیەکی چەق بەستوی لاسایی کەرەوەو شوێن پێ هەڵگرێکی نەشارەزا کە خۆی لە چوارچێوەی کلتوردا هێشتووەتەوە ، ناسێنراوە، بە تایبەتی لەلایەن نووسەرانی دیاری وەك (العقادو تەها حسین‌و زکی مبارك)ەوە (٣٥)

هەرچی دەربارەی (ئەدەبی فارسی)شە ئەوا لای ئەوانیش و لە رەخنەی هاوچەرخیاندا ، لەگەڵ زاراوەی (کۆن)دا زاراوەی( کلاسیکی)ش بەربڵاوانە بەکاردەهێنن‌و تەنانەت هەندێکیان شیعری فارسی لە دوو قۆناغدا دەبینن کە (کلاسیك)و(نوێ)یە ، مەبەستیشیان لە (نوێ) کە ئەو رێچکەیەیە کە شاعیرانی وەك(نیما یوشیج‌و احمد شاملو)کردیانەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی لای ئەمانیش ئەو تێروانینە دەبینرێ کە شاعیرانی (نوێ)یان رەهایانە شیعری (کلاسیکی) فارسییان رەت کردووەتەوەو شاعیرێکی وەك (مهدی اخوان ثالث)یان راشکاوانە ئەوەی خستووەتە بەر دەست کە ((ناشێ ناوی شیعر لە سەدا نەوەد و پێنجی ئەو دیوانانە بنرێ کە شاعیرانی وەك (عنصری‌و فرخی‌و انوری‌و خاقانی وهتد.....)بۆیان بەجێ هێشتوین)) (٣٦) ، بێگومان لە ئەدەبی کوردیشماندا هەمان رەت کردنەوە و بێ بەها کردنی شیعری کلاسیکی کوردی ، لەلای نووسەرێکی سەرەتای سیەیەکانی سەدەی رابردوو کە (سیاپوش)ە ، بە روونی دەبینرێ(٣٧)

ئەم بۆچوونانەو لە گەڵیدا پرسیارکردن لە رادەو چۆنیەتی بوونی قۆناغ و سەردەمێکی وەك ئەو قۆناغە ئەدەبی یە ئەوروپی یەی کە رێبازی کلاسیکی تیادا خەملی ، لە ئەدەبی عەرەبی‌وفارسیدا بە گشتی‌و لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی‌و بنەما هونەریەکانی قۆناغ‌و سەردەمەکە ش، ناچارمان دەکەن کە بە پێی سنوورو مەودای باسەکە ئاورێ لەو قۆناغەی شیعری کوردی بدەینەوەو بنەما گشتی یەکانی دیاری بکەین ، بە تایبەتی ئەو بنەمایانەی کەتوانیان رێبازێکی تا رادەیەك هاوشیوەی رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکە پێك بهێنن.

**بەشی دووەم : بنەماکانی قۆناغی کلاسیکی :**

لەسەرەتای ئەم باسەدا دەبێ ئەو راستی یە بهێنینەوە یاد کە شیعری کلاسیکی کوردی، بەشێکە لە شیعری کلاسیکی میللەتە موسلمانەکانی رۆژهەلات و راستەوخۆ پەیوەندی یەکی پتەوی بە ئەدەبی میللەتە موسلمانەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبووە ، بەتایبەتیش هەردوو ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسی کە دیارترین ئەدەبی رۆژهەڵاتی بوون ، چونکە ئەم راستی یە بۆخۆی ، راستی یەکی ترمان دەخاتە بەدەست ، ئەویش ئەوەیە کەبنەما مێژوویی‌یەکانی سەردەمەکەو رەوشی قۆناغە مێژوویی‌یەکەی شیعری کلاسیکی ئەو دوومیللەتە و پێك هێنانی رێبازێکی وەك رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکە لەسایەیاندا دەبنە بەشێکی گرنگی بنەرەت و بنەماکانی قۆناغی رێبازە کلاسیکی یە کوردی یەکەش ، کەواتە دەتوانین بڵێن ، کە ئەگەر ئەو بنەما ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریانەی کە رێبازە کلاسیکی یە ئەوروپی یەکەیان سازداوە ، دەقاو دەق و بە هەموو سوچ و لایەنەکانیانەوە لە کۆمەلگای کوردەواری ئەو قۆناغەدا بەدی نەکرێ ئەوا گەلێ لەو بنەمایانە بۆ خۆیان لە کۆمەلگا ئیسلامی یە رۆژهەڵاتی یەکەدا ، رەنگیان داوەتەوەو توانیویانە زەمینەیەکی وەك ئەو زەمینەیە پێك بهێنن کەلە ئەوروپای رۆژئاوادا رێبازی کلاسیکی لەسەر چەکەرە کرد .

دیاریشە کە دیاری کردنی ئەو زەمینەیەو لە گەڵیدا دەست نیشان کردنی بنەماکانی قۆناغی کلاسیکی رۆژهەڵاتی ، نەك هەر راستی بوونی رێبازی کلاسیکی دەردەخات ، بەڵکو زانستانەش دەتوانێ بوونی ئەو رێبازە لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیشدا بسەلمێنێ ، با هەندێ لە رەخنەگرەکانیشیان نەیانتوانیبێ پەی پێ بەرن یاخود بە مەبەست چاویان لێ پۆشیبێ.

ئاشکرایە کە سیماو دیاردە دیارەکانی ئەو قۆناغەی کە رێبازی کلاسیکی ئەوروپی تیا دا ئەنجام درا ، ئاکامی ئەو گۆڕانکاری یە مەزنانە بووە کە لە( سەردەمی راپەرین ) دا سەرتاپای ئەوروپای رۆژئاوای گرتبووەوە و هەنگاوی فراوانی بەو میللەتانە هەڵناو بە جۆرێ لەتاریکیی سەدەکانی ناوەراستی دەرهێنان کە توانیان لەهەمەوولایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن . بەواتایەکی تر ئەو زەمینەیەی کە رێبازی کلاسیکی ئەوروپی لەسەر چەکەرە کرد ، گۆڕانکاری‌یە گەورەکانی ( سەدەی راپەرین ) پێکی هێنابوون (٣٨) .

دیارترین شەقڵی ئەو زەمینەیە و سیمای قۆتاغەکەش، هەر وەك مێژوونووس و رەخنەگرەکانیان دەست نیشانی دەکەن بریتی بوون لە :

بوژاندنەوەی کەلەپووورە دێرینەکەی ( یۆنان و رۆمان )و سوود وەرگرتنێکی راستەوخۆ لێیان کە گەیشتبووە رادەی لاسایی کردنەوەیان و پێك هێنانی رۆشنبیرێتی یەکی دنیایی کە ناوەڕۆکی مێژوویی بزووتنەوەکە بووە لایان و هەوینی پێك هینانی میرنشینی‌یەکانیان بووە بە گیانێکی نەتەوایەتی ئەوتووە کە لە سایەیاندا زارە ناوچەیی‌یەکان ببنە زمانی نەتەوایەتی‌و لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەدەبیدا بەکاربهێنرێن . بێگومان ئەو سیماو شەقلانەش ، بریتین لەو هێڵە گشتی یانەی کەهەموو میللەتانی ئەوروپای رۆژئاوا یەك دەخەن ، با لەناویانیشیاندا چەشنەجیاوازی یەکیش لە رووی چەندێتی و چۆنیەتی ئەو بنەمایانەوە بەدی بکرێت کە (سەردەمی راپەرین)یان سازدا (٣٩) .

جا ئەگەر ئەمانە هێڵە گشتی یەکانی ( سەدەی راپەرین) بن و بنەرەتە دیارەکانی ئەو زەمینەیە بن کە رێبازە کلاسیکی یەکەی لەسەر بنیات نرا ، ئەوا بە دڵنیایی یەوە دەتوانین بڵێین کە هەر ئەو هێڵە گشتی یانە و

هەر ئەو بنەرەتانە و لە پاڵیشیاندا ئەو دیاردانەی کە لە قۆناغی سەرهەڵدانەکەیدا دەوریان بینیوە ، لێرەش لە رۆژهەڵاتدا بەئاسانی هەستیان پێ دەکرێت و بۆخۆیان زەمینەیەکی هەروەك ئەو زەمینەیەی لای ئەوانی ، بۆ رێبازێکی نوێی ئەدەبی ئامادەکرد، کە دەتوانرێ بە کلاسیکی ناوی بەرین .

لە رۆژهەڵاتدا و هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسیەکانەوە ، کاتێك کەئەوروپا هێشتا هەر خەواڵوی سەدەکانی ناوەراست بووە ، هەموو ئەو بنەرەتانە ی کە لای ئەوان چەکەرەیان  بە سەردەمی راپەرین کرد ، رەنگیان بۆ رێژرابوو.

لەم سەردەمەدا بزووتنەوەی کتێب دانان و وەرگێران گەیشتە پلەیەکی وا کە بتوانرێ زوربەی ئەو بەرهەمە شیعری و تێروانینە رەخنەیی یانەی کە دەماودەم دەگێڕرانەوە ، بنووسرێنەوەو وەك کەلەپورێکی رەسەن بخرێنە بەردەست شاعیران و رەخنەگرانی قۆناغەکە.

دیارترین بەرهەمیش کەسەرەتا توانیان دەوری گرنگ ببینن ، کتێبی ( طبقات الشعرا ) ی (ابن السلام الجمحی ) و ( الشعر و الشعرا ) ی (ابن القتیبە الدینوری ) و ( نقد الشعر ) ی ( قدامە بن جعفر ) بوون ، بە تایبەتیش کتێبەکەی ( قدامە بن جعفر ) کە کەلەبەر تیشکی بەرهەمە دێرینەکاندا سروشت و تایبەتیەکانی شیعری عەرەبی دیاری کرد و بۆ یەکەمجار پێناسەیەکی ئەوتۆی شیعری خستە بەردەست کەتا سەرەتای سەدەی بیستەم لەلێکۆلینەوە رەخنەیی یەکاندا بنجی داکوتابوو ، هەمووئەمانەش بوونە مایەی ئەوەی کەئەو بەرهەمە دێرینانە ببنە کەلەپورێکی رەسەن لایان و گەلێ لە بنەما هونەری و جوانکاری یەکانی لێ هەڵبهێنجن و راستەوخۆش لاسایی بکرێنەوە ، ئەم پەیرەوەش لە ئەدەبی رۆژهەلاتی دا  گەلێ پێش رێبازە کلاسیکی یەکەی ئەوروپا بنجی داکوتاوە ، چونکە سەرەتاکانی رێبازی کلاسیکی لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزە بەدواوە و لەئەدەبی فەرەنسیدا لەو داواکاری یە بەربلاوەدا بەرجەستە کراوە کە گرنگی بە دەستووورە کارسازیـیە هونەری یەکان دەدا ، ئەو یاسایانەی کەلە کارە هونەری یە کۆنەکانەوە بەدەست دەهێنران (٤٠) . هەر لێرەدا دەبێ ئەو راستی یەش بخەینە بەردەست کەلەو قۆناغەدا شاعیران و رەخنەگرانی رۆژهەڵات ، پێش ئەورووپی یەکان خۆیان ( هونەری هۆنراوە) ەکەی ( ئەرستۆ ) ی یۆنانی یان لەبەر دەستدا بووە و سوودی تەواویشیان لێ وەرگرتووە کە بێگومان رادەی کارتێکردنەکەی لەسەر شاعیران و رەخنە گرانی ئەوروپا بەگشتی و لەسەر رێبازەکلاسیکی یە ئەورووپی یەکە بە تایبەتی ، ئاشکرایەو پێویست بە لێدوان ناکات .

هەر لەو قۆناغەدا و لە کاتێکدا رۆشنبیری یەکی ئاینی وشك بە هەموو لایەنەکانی ژیانی میللەتانی ئەوروپاوە ئالا بوو، لێرە دەمێك بوو پارسەنگی‌یەکی دیاریان لە نێوان هەردوو لایەنی ژیانی ئاینی و دنیایی دا پێك هێنابوو ، بەرادەیکی وا کە هەندێ لە مێژوو نووسان (٤١) پەیان بەو راستی یە بردووە کەهەر ئەم گرنگی دانە بە ژیان و ئەو رۆشنبیرێتی یە دنیایی یەی کەلە رۆژهەڵاتدا چەسپابوو ، سەرنجی میللەتانی ئەوروپاشی راکێشاو کردیان بە چرایەك بۆ رۆشن کردنەوەی بەشێك لە تاریکایی سەدەکانی ناوەراستیان .

پەرەسەندی گیانی نەتەوایەتی و لە پاڵیدا سەرهەڵدانی میرنشینی سیما نەتەوەیی لەناو میللەتە موسوڵمانەکانی رۆژهەڵاتیشدا ، دیسان یەکێك بوە لە دیاردە دیارەکانی سەردەمی فەرمانرەوایی عەباسیەکان . هەر لەو سەردەمەداو لە ناوگەلانی ئێران دا لەو چەشنە میرنشینانە دامەزراو لە سایەشیاندا زمانە نەتەوایەتی یەکانیان بوژاندەوە ، زمانی فارسی دەری ئەمرۆش بۆ خۆی دیاردەیەکی دیاری ئەو قۆناغەیەو بۆخۆی بنەرەتێکی دیاری ئەو زەمینەیە بووە کە ئەدەبێکی نوێی لەسەر دامەزرا کە ئەدەبی فارسی بوو .(٤٢)

بەلای رەخنەگرە ئەورووپی یەکانەوە ، ئەو ڕێرەوی بەرەوپێش چوونە گشتی یەی میللەتانی ئەورووپا کە یارمەتی بەردەوام بوونی گیانە دنیایی یەکەی دا لایان ، بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆشك و سەراو دەرباری پاشاو میرەکانیان بکەونە شانکێ ( منافسە ) کردنی یەکتری لەرووی کۆکردنەوەی شاعیران و هونەرمەندان لە دەوری خۆیان . هەر ئەمەش ئەو بۆچوونەی لا دروست کردن کە ئەدەب و هونەری کلاسیکی بەرهەمی ئەو دەستەیە بوون کە لە پایتەخت و شارە گەورەکاندا و لە کۆشك و سەرای پاشاکاندا ژیاون ، یاخود هامشۆکەری ئەو شوێنانە بوون .

دەربارەی ئەو شاعیرو هونەرمەندانەش ، ئەو راستی یە خراوەتە بەرچاو کەئەم دەستەیە ئەدیبی گەورەو هونەرمەند بوون و جیا بوون لەو شاعیرە گەرۆکانەی سەدەکانی ناوەراست کەبۆ سوود وەرگرتن و جێگا خۆش کردن سەریان لەو کۆشك و سەرایانە داوە ، ئەمان هەموو روخسارێکی شکۆمەندی و سەر بڵندیان تیادا دەبینراو دەیانویست ببن بە مامۆستاو رابەری فەرمانرەواکانیان ، هەرچی فەرمانرەواکانیش بوون ئەوا بەچاوی شایەر و گۆرانی بێژی کۆڕ گەرم کەرەوە تێیان نەدەروانین ، بەڵکو ڕێزی تایبەتیان هەبوو لایان و وەك هاوڕێ و هاو رازو نهێنگری خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون ، بەمەش پلەو پایەی کۆمەڵایەتی شاعیر بەرز بووە و دەوریان لەژیانی بیری و رۆشنبیریدا گێڕاوە .(٤٣)

لە رۆژهەڵاتیشدا و لە پێش ئەورووپادا چ کۆشك و سەرای خەلیفە و میرە عەباسی یەکان بوو بێت و چ دەرباری میر و سەرکردە فارسەکان بوو بێت ، پێشوازی گەرمیان لە شاعیران کردووە و کەم شاعیر و هونەرمەندی گەورە هەبووە کە سەری لەو کۆشك و سەرایانە نەدابێ و هاونشینی خەلیفە و کاربەدەستان نەبووبێ ، تەنانەت بۆ ئەدەبی فارسی یەکەم شیعری لە دایك بووی ئەو قۆناغە ، لە کۆشك و سەرای فەرمانرەواکاندا بووە و بەشێوەی ( قەسیدە ) بوو کە بابەتی ستایش هەوێنو بنیاتنەری بووە(٤٤) .

هەر لەم بوارەشدا و دەربارەی زەمینەی چەکەرە پێ کردووی ڕێبازی کلاسیکی ئەورووپی دەوترێت ، ئەدەبی کلاسیکی ئاکامی ئەو بارودۆخە هێمن و ئاسوودەیی یە بووە کە پاش ماوەیەکی دوورو درێژی بێ ئارامی و بێ ئاسایشی باڵی کێشاوە بەسەریاندا (٤٥) . جا ئەگەرئەمە بوخوی بۆ کلاسیکی یە ئەورووپی یەکە لەبەر چاو بگیرێ ، ئەوا بۆ کلاسیکی یە رۆژهەڵاتی یەکەش دەتوانین بڵێین کە هەموو دیاردە شارستانی یەتە نوێ کانی سەردەمی فەرمانرەوایی عەباسی یەکان و لەگەڵیاندا ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و رۆشنبیری یەی کەلەو قۆناغەدا سەری هەڵدا، بۆ خۆیان ئاکامی هەمان بارودۆخی پڕ ئاسوودەیی ژیانیان بووە ، پاش ئەوەی کەتا سەردەمی ئەمەوی یەکانیش بنەماکانی ئەو ژیانە ئاسوودەیی یە بە تەواوی نەچەسپابوو .

ئەو راستی یانەی کەخستمانە بەردەست لەلایەك و راستی دانانی شیعری کلاسیکی کوردی بەبەشێك لەو شیعرە کلاسیکی یە رۆژهەڵاتی یەی کە دیارترینیان شیعری عەرەبی و فارسی بووە ، بۆ خۆیان زەمینە گشتی یەکەی چەکەرەکردنی ئەدەبی کلاسیکی کوردیمان دەخەنە بەردەست ، ئەمە جگە لەوەی کەگەلێ لەدیاردەکانی ئەو قۆناغە راستەوخۆ لەسەردەمی لەدایك بوونی ئەو شیعرە کلاسیکی‌یانەماندا دەبینرێن کە تائەمرۆ بەدەستمان گەیشتوون .

لێرەدا دەتوانین بڵێین ، کە ئەگەر مێژوو بە تەواوی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەردوو میر نشینی یەکەی بۆتان و ئەردەڵانی نەخستبێتە بەردەست ئەوا بۆ میرنشینی یەکەی بابان، لەگەڵ کەمی زانیاریشمان دەربارەی ، راستەوخۆ روبەرووی گەلێ لەو دیاردانە دەبینەوە کە

سەرنجمان بۆ راکێشان ، هەر لەپەرەسەندنی گیانی نەتەوایەتی و لە سایەشیدا خەملاندنی زمانێکی ئەدەبی بۆ یەکەم جارو ژیانێکی ئاسوودە و هێمنی سەردەمی فەرمانرەوایی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشای کوڕی تادەگاتە ئەو بزووتنەوە رۆشنبیری و ئەدەبی یەش کە میرنشینی یەکەو گەلێك لە پاشاکانی بابان دەستیا لە گەلالە کردنی دا هەبووە(٤٦)، بە واتایەکی روونتر ئەو زەمینەیەی کە شیعرەکانی نالی و سالم و کوردیومەحوی یان لەسەر چەکەرە کرد، ئامادەکراوی گەلێك لەو بنەرەتانە بووە کەلە کلاسیکی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی یەکەدا دەبینرێن .

بێ گومانیشە کەلەباسی وادا ، تایبەتێتی ئەدەبی هەر میللەتێك بۆ خۆی فەرامۆش ناکرێ ، بەڵام هیچ کاتێ بوونی ئەو تایبەتی یانەش ناتوانن سیما گشتی یەکان داپۆشن و هێلە گشتی یەکان ون بکەن ، کە لێرەدا و بۆ ئەم باسە گرنگیمان پێ داون .

بەم چەشنە دەگەینە ئەو راستییەی کە باسکردن لە جیاوازی نێوان سیماو دیاردەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی ئەوروپی و شیعری کوردیو دانانی بەبەڵگەی نەبوونی ئەو رێبازە لە مێژووی ئەدەبەکەماندا ، لە لایەن هەندی لیکولەرەوە ، بۆ خۆیان باسکردنیکی نا زانستانەنو هەموو ئەوراستیانە و ئەو هەموو تێروانینانەش کەلە پێشدا خستمانە بەردەست فەراموش دەکەن ، لە کاتیکدا کە دەتوانن راستەوخۆ ئەوە بسەلمێنن کەنەك هەر دەتوانین زاراوەی کلاسیکی بۆشیعری کوردی بەکاری بهێنین ، بەڵکو بە دڵنیایی وە دەتوانرێ بوونی رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراوو سنووردارو خاوەن تایبەتی کە رێبازی کلاسیکی یە بخەینە بەردەست ، چونکە نەك هەر بنەرەتە دیارەکانی چەمکی کلاسیکی یە جیهانی یەکە لەو رێبازەی شیعری کوردی دا رەنگ دەدەنەوە بەڵکو زووربەی ئەو بنەما دیادانەش کە چەمکەکەیان پێك هێناوە ، لە ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی ئێمەو میللەتانی رۆژهەڵاتدا بەدی دەکرێن .

گرنگی ئەو راستیانەو ئەو ئەنجامەش کە دەیدەن بەدەستەوە لەوەدایە کە دەتوانین بە هۆیانەوە دەرگای چوونە ناو باسی سیماو شەقلە هونەریەکانی شیعری کلاسیکی کوردی زانستانە بکەینەوەو لەو تیروانینە نازانستانانە دووری خەینەوە کە دەربارەی خراونەتە بەردەست

بەشی سێیەم : شەقڵە هونەرییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی :

جگە لەو باسو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردینو تیایاندا وەك کلتوورێکی ئەدەبیی بەهادار لە شیعری کلاسیکی کوردییان روانیوە ، بێ ئەوەی بە وردی سیما هونەریەکانی دیاری بکەن (٤٧)، کۆمەڵێ باسو لێکۆڵینەوەی رەخنەیی دەبینرین کە لە بواری لێدوان لە شیعری نوێو بەراووردکردنی لەگەڵ شیعری کۆنی کوردیدا سەرنجیان لە شیعری کلاسیکی داوەتەوەو بەگشتیش لە بەها هونەریەکەیان کەم کردووەتەوەو بە مەبەستی بی نرخ کردنی نازانستانە هەندێ لە سیماو شەقڵەکانیان دیاری کردووە ، یەکی لەو لێکۆڵینەوانەش کە تا رادەیەك ، وردتر ئەو ئەرکەی بەدی هیناوەو شوێن پێ هەڵگریشی زوربووە ، باسێکی (گۆران) ی شاعیرە کە بە ناونیشانی (کۆنیوتازەیی لە هەڵبەستا) بڵاوی کردووتەوە(٤٨) و ئێمەش لێرەدا بە ئاوردانەوە لێی و هەڵوێستە کردن لەسەری لەم خالانەی لای خوارەوە ، زانستانەترو وردتر هەوڵی دیاری کردنی سیماو شەقڵە هونەریەکانی شیعری کلاسیکییمان دەدەین .

١-سیمایەکی شیعری کلاسیکی - جگە لە شیعری هەورامی - کە (گۆران) لەو باسەیدا دیاری کردووە، بێ ئەوەی را دەربارەی دەربڕێ ، بەکارهێنانی کیشی عەروزییە لە بنیاتە ئاوازەییەکەیدا ، کە کاتی خۆی و لە پێشەکی

دیوانەکەیدا ئەو بۆچوونەی دەربارەی کێشی عەرووزی خستبووە بەردەست و بەلایەوە کێشی برگەیی لەگەل تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێ نەك کێشی عەروزی و ئەو بوچوونەشی ئەوەی لێکەوتەوە کە کێشی عەروزی عەرەبی‌یەو نامۆیە بە شیعری کوردی ولە بەهای شیعری کلاسیکی کەم کردووتەوە، هەروەك لە تێروانینیکی (کاکەی فەللاح )دا دەبینری و رای وایە کە:(( موسیقای دەریاکانی عەروز بتەوی‌و نەتەوی جورە وشکی‌و جوونەوەو گرمەو نالەیەکی ئەوتوی بە دەمەوەیە کە لە کاتی بیستندا شتیکی نوی‌و نە بیستراوو لە ناکاوت پی نابەخشیت..)) (٤٩) ، دیارە بەلای ئێمەوە ، نە بۆچوونەکەی (گۆران) بەراست دەزانین‌و نە تێروانینەکەی (کاکەی فەللاح) یش بە دروست‌و زانستانە دەبینین، چونکە نەك هەر دەقە کلاسیکیەکانمان بەڵکو هەر خودی گەلێ لە دەقە شیعرییەکانی( گۆران) خۆی بە گشتی‌و دەقەکانی (ئەحمەد هەردی) بەتایبەتی کە ئاوازەکانیان عەروزی‌یە ، ئەو دوو رایە رەت دەکەنەوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو چەشنە نەگوجاندنەی کە( گۆران) باسی دەکات، پەیوەندە بە چۆنیەتی کێشانی سیستەمە ئاوازەیی‌یەکەوە نەك بە خودی ئاوازەکەوە کە بەلای ئێمەوە ئاوازێکی هونەری ئەوتۆیە کە زمانی شیعری پێ چڕ دەکریتەوە و بەهۆی هێنانی دەستەپێی وەك یەکی ئاوازەیی‌یەوە و بە پشت بەستن بە دوو سیستەمی ئاوازەیی کە یەکێکیان فۆنەتیکی‌یەو بە هاو ژمارە کردنی برگەکان لە نیوە بەیتەکاندا بە دی دەهێنری‌و ئەوی تریان فۆنۆلۆژی‌یە و بە هاوتەریب کردنی برگەی وەك یەکی پێك هاتوو لە کۆنسنەنت‌و ڤاول پیك دەهێنرێ ، بوار بو هێنانی یەکەی زمانی هاوشێوە زیاتر دەرەخسێ ، بە پێچەوانەی کێشە برگەیی‌یەکە کە تەنها بە ژمارەی برگە بەیت بنیات دەنێت نەك بە هاوشێوەکردنی دەستەپی‌یەکان ، هەر بۆیە شاعیرانی وەك مەلای جزیری و نالی‌و سالم‌و مەحوی ... هتد روویان لەو کێشە کرد نەك کێشە برگەیی‌یەکە ، تا بتوانن بە هونەری شیعریی شان بدەن لە شانی ئەدەبی عەرەبی‌و فارسی .

سیمایەکی تری شیعری کلاسیکی کە( گۆران )دیاری دەکات، ئەوەیە کە بەلایەوە :( یەکیتی قافیە هەلبەستی کۆنی ناچارکردووە یەکێتی بابەت {وحده الموضوع} بترنجێنێتە ماوەی بەیت ..بەیت لە واتادا ئەوەندە سەربەخۆیە کە پیاو ئەتوانی بەیتەکان بە هەوەسی خۆی پاش‌و پێش خات بێ ئەوەی هەست بە جیاوازی‌یەك بکرێ..)

بێگومان لەم تێروانینەی (گۆران)دا ، ئەوە راستە کە سیمایەکی دەقی شیعری کلاسیکی سەربەخۆیی بەیتەکان بووە لە واتادا ، بەو رادەیەی کە پەسەند نەبووە واتای بەیتێك لە بەیتی دواتردا تەواو بکرێ ، بەلام ئەم پەیرەوە هونەری‌یە ، واتە سەربەخۆیی واتای بەیت ، نە پەیوەندی بە یەکێتی بابەتەوە هەبووە ، نە بە یەکێتی‌و یەك پارچەیی دەقەکەشەوە ، چونکە ئەو سێ لایەنەی بنیاتی دەقی شیعری ، سێ بنەمای جیاوازن وچۆنیەتی کارکردن‌و کار لە سەر یەکتری کردنیان ، لە دەقێکەوە بو دەقێکی تر دەگۆرین (٥٠) ناکرێ بۆ دەقی (نەمردم من)و(قوربانی توزی ریگەتمەی...) ەکەی (نالی) (٥١) ، بوترێ بە هۆی یەکێتی بەیتەوە یەکێتی بابەت‌و یەکێتی دەقیان تێدا لەدەست داوە ، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر لە دەقەکانی (گۆران) خۆیدا گەلێ دەق دەبینرێن کە یەکیتی بەیتیان بەرادەیەك تیا بەدی هاتووە کە بە پێش‌و پاش خستنیان هەست بە جیاوازی ناکەین ، لەگەلێ ئەوەشدا یەکێتی بابەتیان لە دەست نەداوە (٥٢) . بەم پێیە و بەلای ئێمەوە ئەو تێروانینە گشتگیری‌یە گەلێ نادروستە کە بە لایەوە شیعری کلاسیکی یەکێتی بەبات‌و یەکێتی دەقی تیا بەدی نەهێنراوە بە تایبەتی لەو دەقانەدا کە جگە لە جوانی چنینیان ، دەربرین بوون لە موعاناتیکی خودی‌وکەسی یان گشتی ،

هەرچی ئەو دەقانەش بووە کە ئەرکی سەرەکیان خودی جوانی خۆی بووەو خۆیان بۆخۆیان مەبەست بوون ، ئەوا سەربەخویی بەیتەکان چ لە دەربرینو چ لە واتادا ، بەو مەبەستە هونەرییە بووە کە هەریەکەیان بەشێك لە جوانی دەقەکەیان پێك بهێنن ، تا وەك( مەحوی )دەڵێ( ببنە تاری ئامێریکی موسیقی و هەریەکەیان ئاوازێکی جوانی لێ هەڵسێ)(٥٣)

٢- جیاوازییەکی تر کە (گۆران) لە نێوان شیعری کلاسیکیو شیعری نوێدا دیاری دەکات، ئەوەیە کە بەلایەوە:(شیعری کۆن بە پلەی یەکەم بایەخ بە هەستو ئەندیشە ئەدا نەك بیر، بەلام شیعری تازە (ریالیزم) پایەی یەکەم بە بیر ئەداتو بیری شیعری کۆن شەقڵی تایبەتی رژێمی دەرەبەگی پێوەیەو لە سەرێکەوە ئایدیالییە بەرامبەر بە ریالیستی شیعری تازەو لەسەرێکی ترەوە زوربەی ئەو شیعرە کۆنە خۆییە ، لە کاتێکا زوربەی بیری شیعری تازە لە دنیای بابەتی وەرئەگرێت ئەگەرچی لە دەربرینا رەنگی بۆتەی هونەری بویژ ئەگرێ )

لێرەدا و سەرەتا تێبینی ئەوە دەکەین کە (گۆران ) ئەوەی لە یاد چووە کە شیعری کوردی چ کلاسیکییەکە بێت و چ نوێ کەش (شیعری لیریکی)نو بۆخویان شیعری خودین و بە هەر بیرێکیش چەکەرەیان کردبێ لە بازنەی خودێتی ناچنە دەرەوە و هەر لە ژێر رکێفی هەستو سۆزو ئەندیشەدا دەمێننەوە ، خۆ ئەگەر رەگەزی بیرەکەش هێندە زاڵکرا کە هەستو ئەندێشەی تیا وشك کرێت ، ئەوا لە ژێر چەمکی شیعری هەردوو قۆناغەکە جێگای نابێتەوەو زیاتر بەرەو پەخشانیکی ناهونەری سەجعدار دەبرێت ، وەك گەلێ لە شیعرەکانی( گۆران) خۆی کە راستەووخۆ کراونەتە پەیامێکی سیاسی رووت ، بەگشتی و وەك دەردەکەوێ ، لەم بۆچوونانەی (گوران)دا دەنگی (گۆران)ێکی سیاسی دەبیسین ، نەك شاعیرێك و لێکۆڵەرێکی ئەدەبی ، چونکە دەبوو ئەوەی لە یاد نەچوایە کە لە دەقە جوانەکانی خۆیدا هەر لە (بۆ سالم و دەروێش عبداللە وشەهیدو وەڵامی پرس، تەنانەت لە مۆسکۆی جوانو رێگای لەنین )ەکەشی دا (٥٤)، ئەوە هەستو سۆزو ئەندێشەی بوون کە تیایاندا دەرگایان لەسەر بیریشی کردووەتەوە ، بەڵام لە ( دیاری خوایشەرو زیندانی ئەژدەهاكو بت بتەوانو بۆسەربازی جومهووریمانو چیرۆکی برایەتیو مۆسکوی ئەیار )دا (٥٥)ئەوە بیر بووە کە دەرگای هەستو ئەندێشەی پێ داخستووەو دەقی شیعریی بێ گیانیان پێ بەرهەم هێناوە .

هەرچی دەربارەی ئەو بۆچوونەشیەتی کە بیری شیعری کلاسیکی هەڵگری شەقڵی تایبەتی رژێمی دەرەبەگایەتی بووە ، ئەوا ئاشکرایە کە لەگەڵ ئەوەی ئەوقۆناغەی کە شیعری کلاسیکی کوردی تیا ژیاوە ، قۆناغی دەرەبەگایەتی بووە ، بەڵام نەك هەر هەڵگری بیری دەرەبەگایەتی نەبوون ، بەڵکو بەتەواوی لە دەرەوەی بازنەی ئەو بیرەدا خۆیانو دەقەکانیشیان هێشتووەتەوە ، هەر بۆیە نەخۆیان شاعیری دەرباری دەرەبەگو دەسەلاتدارەکان بوونو نە دەقەکانیشیان لە دەرباریاندا لە دایك بووە ، هەر ئەم دیاردەیەش بۆخۆی دەبێتە شەقڵی جیاکەرەوەی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری عەرەبیوفارسی ، چونکە ئەو بابەتی ستایشەی دەسەڵاتداران کە بووەتە بابەتیکی دیاری شیعری کلاسیکی عەرەبیو فارسی نە لەرووی چەندێتییەوەو نە لەرووی چۆنیەتییەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نابینرێ (٥٦)

٣- هەر ئەو چەشنە بەستنەوەیەی شیعری کلاسیکی بە رژێمی دەرەبەگایەتییەوە (گۆران) بەرەو تێروانینێکی نادروستی تر دەباتو رای وایە کە:(بەها هونەریەکانی سەردەمی دەرەبەگی ، سەر دەفتەریان پاڵەوان پەرستی بوو، پاڵەوانی بابەتی شیعر سێ کوچکەکەی یارو میرو پیر بوو، سەرچاوەی بیرێك کە وتەو واتای پیاهەڵدانی

میری پێ ئەرازێنرایەوە ، ئەفسانە بوو، میر لەشی هەرە ساغی چوار پەلێکی ئیفلیجیش بوایە ، هەمیشە بە زوری بازوو روستەمی داستان بە سێبەری دەرگا سولەیمانی زەمان ، بە سامو شکو ئەسکەندەری ساحیب قران بوو ، جادووکاریو تەلیسمەکانی ئەفسوونیش سەرچاوەی زانیاری بوون بۆ هەڵبەستی ستایشی پیر، جوانیەکانی سروشتو ژوور سروشت هەموو کە لای بوێژە دڵدارەکان ، یار بوو، ئەمیش زۆر جار پریشکی ئەفسوونوئەفسانەی لێ ئەپژا ، ئەبوو بە سەرکردەی لەشکرێك کە برۆکانی دوو شمشێری تیژو برژانگەکانی ریزە تیری ناو تیردانو پرچی کەمەندی لەشکری دڵان بێ و.......سێبەری زولفی کافرستان و خەتی تازەی رووی ئایەتی قورئان بوو ...بوێژی تازە ئەو جووتە پاڵەوانەی دەمێکە ناشتووە کە میرو پیریان پێ ئەڵێن ، یاریشی رزگارکردووە لەو دەربرینە بێزراوە کە باڵا شۆخەکەی کردبوو بە سنگی دیوەخان هەرچی چەکی ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیبوو ...لە هەڵبەستی کۆنا ئەوەی لە پاڵەوان بەجێ هێنانی ئەخوازرا ، هەموو ئاواتو ئارەزووە خوییەکانی بوێژ بوو ، بەرژەوەندیەکانی خۆی بوو ، ئێستا ئارەزوو ئاواتەکانی گەڵ داخوازیو پێویستییەکانی کۆمەڵ لە پاڵەوانی هەڵبەست داوا ئەکرێ ، پاڵەوانی هەڵبەستی تازەش تێکۆشەرە تەنانەت یاریش بە جوانییە دڵ چەسپو سروشتییەکەی ئێستایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە ئەگەر راستەو خۆ خۆی نەبێ پاڵەوان) .

دیارە لێرەدا نەمان توانی ئەو تێروانینانەی (گۆران) کورت کەینەوە ، چونکە هەموو بۆچونەکانی جێگای تێرامانو پێویستیان بە لەسەروەستانە، هەربۆیە لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا ، زانستانە لێیان دەدوێین :

ا- دانانی (میر) بە یەکێ لە پاڵەوانە دیارەکانی بابەتی شیعری کلاسیکی کوردی لە لایەن (گۆران)ەوە راستەو خۆ گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە (گۆران) باسی لە شیعری کوردی کردبێ ، چونکە جگە لە (شێخ رەزای تاڵەبانی)، شاعیرێکی کلاسیکیمان نابینین کە دەقەکانی بە پالەوانی( میر) و هاوچینەکانیو دەسەڵاتداران ئاخێنرابێ ، تا بووبێتە شەقڵی دیاری بەرهەمەکانی ، بەو رادەیەی (گۆران) باسی دەکاتو بە سمایەکی شیعری کلاسیکی کوردی دادەنێت ، لە چەند دەقی نالی وسالمو کوردیومەحوی ومەلای جزیریو حاجی قادری کوییو وەفاییو ...هتد ، (میر) بووەتە ئەو پاڵەوانەی کە (گۆران) باسی دەکات ؟

هەرچی دەربارەی ئەو بوچوونەشیەتی کە گوایە ئەوەی لە میری پاڵەوانی شیعری کلاسیکی ئەخوازرا ئارەزووەکانی شاعیرو بەرژەوەندییەکانی بووە، ئەوا دیسان بۆ شیعری کلاسیکی کوردی تا بڵێی نادروستو نازانستانەیە، چونکە لەو چەند دەقەی شیعری کلاسیکی کوردیدا کە ستایشی میرودەسەڵاتدارکراوەو بۆخۆیان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمترن ، نەك هەر هەوێنەکەیان بەرژەوندی شاعیر نەبوە ، بەڵکو راستەو راست تووی دەقەکان لای دوو دەنگی دیاری شیعری کلاسیکیمان کە (نالیو سالم)ن ، چرۆکردوی ژیانی رۆژانەی میرنشینییەکە بوون ، بە هەردوو دیوی سەربەخویی و ژێردەستەییەکەیدا ، هەر دوور نەرۆین ستایشی بابانییەکان بەگشتیو عەزیزبەگی بابان بەتایبەتی لای( سالم) لە پێناوی چارەنووسی گەلەکەیدا بوو ە، بویە هەر خودی( گۆران) خۆی لە دەقی (بۆسالم)ەکەیدا دەڵێ:(( کەکەوتە پەنجەیی غەدروجەور زەویی بابان.....بەقەد غەدر غەزەلت وت بەقەد جەور ئەبیات)(٥٧) ، هەرچی ستایشەکەی (نالی)شە بۆ سلێمان پاشاو ئەحمەد پاشای بابان(٥٨) ئەوا لەو بروایەدا نین کە نە خودی (گۆران)و نە هیچ لێکۆڵەرێکی تر بە شیعریکی دەرباری پاشاو ئەمیران ناوزەندی بکاتو بە بەرژەوەندی کەسیی(نالی) یەوە گرێی بدات ، نەك بە رەوشی گەشی میرنشینییەکەی ئەو چەند ساڵە کەمەی میرنشینییەکەی بابانەوە کە دوا ساڵەکانی فەرمان رەوایی سلیمان

پاشاو ساڵانی سەرەتای فەرمان رەوایی ئەحمەد پاشا بووە و تیایدا( نالی)بە توانا و لێهاتوویی خۆی بووبووە سەروکی زمانەوانی میرنشینیەکە و میرانی بابان دامەن گیری بوون(٥٩)

ب- دەربارەی (یار)یش کە (گۆران) بە پاڵەوانیکی تری شاعیری دڵداری شیعری کلاسیکی دادەنی ، سەرەتاو بە بۆچۆنی ئێمە نەك هەر لەشیعری کوردی کلاسیکیدا بەڵکو لە لای بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی میللەتە موسلمانەکانی روژهەلات ، ئەگەر نەڵێین لای سەرجەمیان، (یار)یکی ئەندیشەیی وشیعری بووە و هەوێنێکی دەقی جوان بووە و ئامادەبوویەکی نەبوو ی واقع بوو ە ، نەك خوشەویستیکی ئامادەبووی ناو ژیانی کەسی شاعیر، هەروەك لای نالی‌وسالم‌و کوردی‌و وەفایی‌و مەلا وەسمان‌و ...هتد دەبینری ، تەنانەت بەلای ئیمەوە خودی (حەبیبە)کەی (نالی) ناویك بووە کە لە داهینراوی نالی خوی بووە تا ناویکی شیعری نوی بخاتە پال ناوەکانی تری( یار)ی شیعری روژهەلاتی کە ( سەلماو لیلی و شیرین‌و ....هتد)بوون ، هەرچی لای شاعیرە سوفیەکانیش بوو ئەوا لەگەڵ عشقی حەقیقیدا هاوتەریبیان کردبوو (٦٠)

هەرچی دەربارەی وێنەی (یار)یشە بەو شێوەیەی کە (گۆران) گاڵتەجاریانە لێیان دەدوێ ، دەبێ ئەو راستیە فەراموش نەکەین کە وێنەی ژن لە شیعری کلاسیکیدا بۆخۆی وێنەی جوانکاریانەی زمانی دەق بوون و کارکردنی شاعیرانە بە هونەرەکانی رەوانبێژی هێناونیەتە ناو بنیاتی دەقەوە(٦١) ، هەربۆیە وەسفەکانیش بەو وێنانە کراون کە بەلای گورانەوە بووەتە (سنگی دیوەخان) ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەبێ بۆ شیعری کلاسیکی وەسفی ژن وجوانی ژن لە بازنەی چێژی سەردەمەکەدا ببینری‌و بە دابراو لەو وەسفانە نەبینرێن کە لە دەرەوەی شیعر ،خەڵکی سەردەمەکە بینونی ، دیارە لێرەشداو ئەگەر لە روانگەیەکی کۆمەلایەتیەوە لە شیعری کلاسیکیمان بروانین ، ئەوا ئەو راستیە دێتە بەردەست کە رێچکەی هاتنە ناوەوەی ژن بۆ ناو دەقی شیعری زیاتر رێچکەیەکی جوانی بووە نەك کۆمەلایەتی ، هەربویە لە جیهانی شیعری کلاسیکیدا ، بەگشتی، ژن سالارانە پیشان دراوە ، بە پێچەوانەی ئەو رەوش‌و ژیانە تاڵەی کە لەناو کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا بەسەری بردووە

ج- پاڵەوانی (پیر)یش کە بەلای (گۆران)ەوە بووەتە شەقڵێکی دیاری تری شیعری کلاسیکی ، دیسان تێروانینیکەو لە جێگای خویدا نیە، چونکە لای شاعیرێکی وەك (نالی)و لە فەرهەنگە شیعریەکەیدا تەنها (٨)جاریك‌و بەم شیوانە وشەی (پیر) دەبینرین کە: (پیری دل، پیری خەرەف،پیرەفتادە،پایزی پیری،سوجدەیی پیر، پیرم‌وفوتادە، پیرم‌وفانی پیریکی نەزان)ن ، لە ناو ئەمانەنەشدا وەك دیارە تەنها لە (٣)شوێندا بەو دەلالەتەی کە (گۆران) مەبەستی بووەو شیخی تەریقەت‌و مورشیدی گەیاندووە هاتوون (٦٢)، لای(سالم)یش (٧) جار وشەی پیر هاتووەن و لەو حەوت جارەش لە (٥) شوێندا بە واتای مورشد بەکاری هێناون(٦٣)،تەنانەت لای دەنگێکی سوفیانەی وەك(مەحوی)یش وشەی (پیر) تەنها (٦)جاریك بەواتای رابەرو شیخی تەریقەت بەکارهاتوون (٦٤)، بەم پیە بە هیچ شیوەیەك (پیر)ی تەریقەت نەبووەتە ئەو (پاڵەوانە)ی کە تایبەت بێ بە شیعری کلاسیکیمان تا وەك سیمایەکی جیاکەرەوە لە شیعری نوێ ببینرێ

٤- سیمیایەکی تری شیعری کلاسیکی بەلای (گۆران) ە وە ئەوەیەکە:((هەڵبەستی کۆن بە زووربەیی‌یەکی نزیك لە سەرجەم ، هەستی پێچەوانەی دەربرینە ، بەرامبەر بە ژیان ، لە راستیشا ئەو شتەی پێی ئەڵێن گیانی سەردەم ماوەی نەداون بتوانن بە جۆرێکی تر تەماشای ژیان بکەن)) ، بێگومان ئەم چەشنە روانینەی (گۆران) بو بنەمای(هەست) ی شیعریی، کە بەلایەوە هەستێکی خودی دابراو بووە لە ژیان ، تێروانینیکەو لەو روانگەی (ئەدەب بوژیان)ەوە گەڵاڵە بووە کە رێبازە ریالیزمیەکە لێی دەخواست ، خۆ ئەگەر لێرەشدا لەو راستیەوە

کە خۆی دەیخاتە بەردەستو بەلایەوە (شاعیرانی تازە ئەوەندەی شاعیرانی کۆن لە هونەری یەك خستنی وشەو سفت چنینی وتەدا وەستا نین ) ،لە بنەمای (هەستی شیعریی)شی بروانایە ، ئەوا ئەو راستیەشی دەهاتەوە یاد کە جوانی دەق لە شیعری کلاسیکیدا بۆخۆی مەبەست بووەو نەکراوەتە هۆیەك بو ئامانجە سیاسیو کۆمەلایەتیورەوشتیەکانی شاعیر و بەو چەشنەش شاعیرانی کلاسیکی نەدەبینی کە بەلایەوە(تەنها بەدوای بەرژەوەندی خۆیانا سووراونەتەوە )

٥- هەر بەهەمان روانین لە روانگەی ریالیزمیەوە بو شیعری کلاسیکی، ( گۆران) ئەندیشەی کلاسیکیش وادەبینێ کە(( هەڵبەستی کۆن باڵی ئەندێشەی زۆر تیژبووە ، بەڵام ئەندیشە کاتێك نرخێکی هونەریی ئەبێ کە نیگارکێشی هەستە پەسەندەکانی لای سەرەوە بێ ، ئەندێشەیەك پاڵەوانەکانی ئەسکەندەرنامەو دێوەکانی مازیندەران بهێنێتە دی ، تەنیا ئەتوانێ هاوتەمەنو هاومێشکی منالێ ژیرکاتەوە وە هەرگیز ناتوانێ تینوێتی خاوەن چێژێکی وێژەیی بشکێنی وە ئەم جۆرە ئەندێشانە لە ریزی کەڵکەڵەو ئەوهام دا ئەژمێرری ))

لێرەداو پێش هەر تێبینیەك دەربارەی ئەو بوچوونەی( گۆران) ، ئەو پرسیارە رووبەرووی دەبێتەوە کە ئەگەر وا بێ ئەوا دەبێ شیعردۆستانی قۆناغە کلاسیکیەکەو چێژلێ وەرگرانی ئەمرۆی شیعرەکانی نالیو مەحوی (هاو مێشكو هاوتەمەنی منالێ بووبن)....؟!

تێبینیەکی ترمان دەربارەی ئەو بۆچوونەی (گۆران) ئەوەیە کە دانانی ئەندێشەی کلاسیکی بە تەفسیریو ئەندێشەی نوێ بە داهێنەرانە ، بەوەی کە تەنها لێچواندنی چاو بە نێرگزو بەژن بە سەروی رەوانو روومەت بە پەرەی گوڵی لێ کەوتووەتەوە ، بۆخۆی تێبینیەکی بەرتەسکە ، چونکە هەر لای (نالیوسالم ) ،دەیان وێنەی داهێنراوی ئەوتۆ دەبینرێن کە تایبەتن بە خویانو تەنانەت لە شیعری فارسیشدا نابینرێن و وەستایانە زمانی دەقیان پێ چنیوە ، وەستاییەکی وا کە شاعیرانی نوێ وەك (گۆران) خۆی دەڵێ نەیان توانیوە بگەنە ئاستیان (٦٥)

بێگومان دەرك کردنی (گۆران) بەوەی زمانی دەقی کلاسیکی هونەرمەندانەترو سفت ترە ، ئەو راستیەی لی دەکەوێتەوە کە لای شاعیرانی کلاسیکی نە کێشە عەرووزیەکەو نە ئەو وێنە شیعرییانەی کە (گۆران) بە تەفسیری ناویان دەبات نەك هەر دەقەکانیانی بێ گیان نەکردووە ، بەڵکو لەگەڵ رەگەزەکانی تری شیعردا سیماو شەقڵێکی شیعریەتی ئەوتۆیان پی بەخشیون کە کەم دەقی شیعری نوێی قوناغەکەی (گۆران) گەیشتووەتە ئاستیان، هەر بۆیە بەلای (گۆران)ەوە شاعیرانی هاوتەمەنی هێندەی کلاسیکیەکان لە زماندا وەستا نینو((هێشتا لە دەوری تافیکردنەوە تێنەپەریونو لە سەردەمێکیشا ئەژین کە تەنانەت ئەو فەرهەنگەی وشەی لێ هەڵئەبژێرن بۆ بەرهەمیان هێشتا لە قاڵبا نەمەیوە ، ئەم هۆیە دەستی زۆرە لەوەدا کە پشتی تازە زوو نەتوانی شوێن پێ پتەو کا لە مەیدانی هونەرەکەی خۆیا ))

لێرەدا و بەلای ئێمەوە ئەو سیما لاوازەی زمانی شیعری نوێی کوردی کە( گۆران) هەستی پێ کردووە ئاکامی هەژاریو نەمەینی فەرهەنگی زمانی کوردی نەبووە وەك (گۆران) خۆی بۆی چووە، بەڵکو لەلایەك ئەنجامی ملکەچکردنێکی رەهایانەی زمانی شیعر بووە بۆ بیروباوری سیاسیو مامەڵەکردنێکی ناهونەریانە لەگەل دروشمی (ئەدەب بو ژیان) ، تا رادەی بە دروشمکردنی دەقی شیعری کە بنەمای(لادانی)زمانی شیعری لا سست کردبوون و لە لایەکی ترەوە ، بایەخ نەدانیان بە هونەرەکانی رەوانبێژی ، بەهۆی ئەو تێروانینە نا دروستەی کە گوایە ئەو هونەرانە ، هونەری شیعری کلاسیکینو ناشێ شیعری نوێ روویان تێبکا ، ئەمە لە کاتێکا هەر بەو

هونەرانە ، وێنەی شیعریی کە گیانی دەقی شیعرین بنیات دەنرێن(٦٦) ، بەڵام دیارە خودی (گۆران) خۆیو شاعیرانی قۆناغەکەی ، لەو ڕێچکەیەوە هەنگاویان بەرەو جیهانی شیعریو تاقیکردنەوەی شیعری ناوە کە ڕێبازی ریالیزمی بۆیانی ڕەنگ ڕێژکردبوو، وەك (گۆران) خۆی دەڵێ: ((لە هەڵبەستی تازەدا بەتایبەتی لە هی قوتابخانەی ریالیزمی تازەدا وشەبازیو زەرکەشی کردنی ئوسلووب باوی نەماوە وە لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخ پێدان خراوەتە سەرناوەرووك)) ، ئەمە لەکاتێکا کە (گۆران) پێش هەموو کەسێ دەبوو ئەوە بزانێ کە ئەگەر شیعر دەسبەرداری (وشەبازی)و(زەرکەشی کردنی ئوسلووب)بێت ، ئەوا لەوە دەکەوێت پێی بوترێت شیعر چونکە شیعر بۆخۆی هونەرێکی جوانکاریانەی زمانە.

بەم پێ یە جارێکی تر ئەو ڕاستیەیە دێتەوە بەردەست کە تێروانینەکانی (گۆران) لێرەدا بۆ شیعری کلاسیکی کوردیمان تێڕوانینی لێکۆڵەرێکە کە لەروانگەی میتۆدێکی دیاری کراو کە ریالیزمیەیە بە چەمکە سوشیالیزمیەیەکەی ، نەك شاعیر، دەروانێتە شیعری کلاسیکیمان ، چونکە ئەگەر وەك شاعیر لە دەقە کلاسیکیەکانی شیعری کوردیشی بروانیایە ، هەروەك چۆن لە (فزولی)و(نیزامی) ڕوانیوە ، ئەوا ڕێچکەی بەهادارکردنیانی دەگرتە بەر، نەك ناشیرین کردنیان و بۆ ئەوانیش دەیوت (٦٧):

غەزەل غەزەل عەشقی (فزولی)و(مەجنوونی)

بە دەنگی سۆز ئەخاتە بەستەی مەحزوونی

تا هونەری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی

گەشەبکاو بژی دیسان (نیزامی)

هەر لێرەوەو لە ئەنجامی ئەو ئاوردانەوەیەمان لەو بۆچوونانەی کە (گۆران) وەك لێکۆڵەرێك دەربارەی بنیاتی دەقی کلاسیکی خستوویەتیە بەردەست ، ئەم تێروانینانەمان لا گەڵاڵە دەبێت:

١-بنیاتنانی دەقی شیعری کلاسیکی لەسەر (بەیت ) ، وەك یەکەیەکی ئاوازەییو واتایی سەربەخۆی ئەوتۆ کە واتای هەریەکەیان لەخۆیدا تەواو بێتو دانەبەزێتە بەیتی دواتر ، بۆخۆی دیارترین شەقڵی هونەری ڕێبازەکە بووە ، ئەم شەقڵەش بەلای ئێمەوە و لە رووی هونەریەوە ، ڕێگای بو ئەوە خۆش کردووە کە:

ا - زمانی شیعری چڕترکرێتەوە وچنینی بەیتەکە لە سەر هەردوو ئاستی هاونشینیو جێنشینی سفتتربکرێ

ب- زمانی دەق بەرەو شێوازی گێرانەوە ئاراستە نەکرێ ، کە زمانی دەق بەرەو سادەیی دەبات ، چونکە شاعیر سەرقاڵ دەکات بە لێکدانی ئەلقەکانی بابەتەکەی

ج- رەخساندنی ماوەو بوارێکی گونجاو بۆ خوێنەر تا چێژ لە جوانی واتاکەو چنینی یەکە زمانیەکان وەرگریو ڕێگربێت لە بەردەم ڕاپێچ کردنی خوێنەر بەرەو (باس)ی دەقەکە ، کە زنجیرەی بابەتەکە دەیهێنێتە ناوەوە

د- لە ناوچوارچێوەی ئاوازی دەقەکەدا کە کێشە عەروزیەکە لەگەڵ قافیەی یەگرتوودا پێکی دەهێننو بۆخویان بەیتەکان پێکەوە گرێ دەدەن ، بوارلە بەردەم بەیتەکاندا دەکرێتەوە کە هەر یەکەیان و بە چنینی یەکە زمانیەکانیان ، ئاوازی ناوەوە بۆ خۆیان پێك بهێنن و هەر بەو ئاوازانەش زەمینەی چنینێکی نوێ بۆ یەکە زمانیەکان برەخسێنن .

هـ- ئەو بنەما هونەریانەی کە بەیت زەمینەیان بۆ ساز دەکات ، بووە هۆی ئەوەی کە (غەزەل)و(قەسیدە) ببنە دوو بنیاتی دیاری شیعری کلاسیکی بنیاتنراو بە بەیتی سەربەخۆ، کە کێشی عەرووزیو قافیەی یەکگرتوو هەروەك چۆن پێکهێنەری ئاوازی دیوی دەرەوەیان بوون هەربەوجۆرەش کشتەکی بەستنەوەیان بن بە یەکەوەو

بەدیهێنەرێکی هونەریانەی یەکێتی دەقیش بن ، بەتایبەتیش بە سیستەمە یەکگرتوویەیەکەی قافیە تیایاندا کە بە قافیەی مەسنەوی بەدی نەدەهات ، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیرانی کلاسیکیمان روو لە کێشی برگەیی شیعری فولکلوری‌و قافیەی مەسنەوی نەکەن ، کە زیاتر بۆ داستان‌وچیرۆکی شیعری دەستیان داوە و ئەرکی یەکێتی دەقەکە تیایاندا بابەت‌و شێوازی گێرانەوەکە بینیویانە نەك قافیەکە ، ئەمەسەرباری ئەوەی کە چێژوەرگرەکانیان ئەو کەسانە بوون کە لەژێر چەمکی رۆشنبیری قوناغەکەدا بە(عەوام) ناوبراون نەك توێژە خوێندەوارو رۆشنبیرە شیعردوستەکەی قۆناغەکە کە بە (خەواص)ناوبراون‌و(٦٨) چێژوەرگری غەزەل‌وقەسیدە بوون .

٢- وێنەی شیعری کلاسیکیش بۆخۆیان سەرچاوەکەیان ئەندێشەیەکە کە روو لە جیهانی شیعری خۆی دەکات پێش ئەوەی روو لە واقع بکات ، چونکە لەو جیهانەوە هەوێنی جوانی دەربرین و جوانی واتا بەدەست دێنی تا زاخاوی توانای هونەری‌و داهینانی پێ بدرێتەوە ، جا هەر لێرەشەوەیە کە دیاردەی لاسایی کردنەوە ی یەکتر بۆخۆی بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی و نەك هەر رێی داهینانی لێ نەگرتوون بەڵکو بەرەو داهێنانی ئاراستە کردوون ، چونکە خودی پرۆسەی لاسایی کردنەوەکە لە پێناو هاوشانی کردنی یەکترو خۆ تێپەراندن بووە لەیەکتری.

هەر لێرەوە بینینی وێنەی لەیەك چووی بنیاتنراو بە هونەرەکانی رەوانبیژی لە دەقی کلاسیکیشدا دەبێ ئاسایی ببینرێن ، چونکە لەلایەك پێکهێنراوی ئەو ئەندیشەیەن کە وەك وتمان لە فەزای جیهانی شیعر خۆید ا هەوێنی بەدەست هێناوە ، لەلایەکی ترەوە زادەی هاوچێژی‌و تێروانینی سەردەمەکە بوون بۆ جوانیەکان ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە خودی ئەو وێنە لەیەك چووانە ، هەریەکەیان و لە چوارچێوەی بەیتەکانیاندا و لەگەڵ وینەو یەکە زمانیەکانی دەورووبەریاندا ، ئەرکی نوێی جوانی چنین‌و جوانی واتاییان بینیوەو گیانی جیاجیایان بە جەستەی لەیەکچووی غەزەل‌وقەسیدە بەخشیوە

بەم رەنگەو بەو تێروانینەمان بۆ بنەما هونەریەکانی شیعری کلاسیکیمان ، ئەو راستیەیە دێتە بەردەستمان کە شیعری کوردیش توانیویەتی شوێن پێی خۆی لەناو ئەدەبی کلاسیکی میللەتە موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتدا بکاتەوە ،بەورادەیەی بەیتێکی وەك ئەم بەیتەی (حەمدی)(٦٩)یش شایەنی ئەوە بێت لەگەڵ بەیتەکەی (سەعدی)دا بە دەروازەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵواسرێ(٧٠) :

بەری نابێ درەختی باغی عالەم تا هەموو وەك یەك
بەیەك سۆزو بەیەك شۆرو بەیەك دەم چڵ بەچڵ نەگری

**ئەنجام:**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەم ئەنجامانە خۆیان دەخەنە بەردەست :**

**١-پەنا بردنە بەر زاراوە ، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە لەبوارەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و مێژووی گشتی بیری مرۆڤایەتی دا بەکاردەهێنرێن ، پێویستی یەکی مێژوویی گرنگە و نابێ لە یادبکرێت .**

**لایەنێکیش لە لایەنە گرنگەکانەی ژیانی رۆشنبیریمان کە ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی یە بەتایبەتی ، پێویستی یەکی تەواویان بەو زاراوانە هەیەو دەبێ کارامانە هەوڵی سازدانیان بۆ بدرێ ، چونکە ئەو زاراوانە راستەوخۆ بیر و بۆچوونە ئەدەبی و رەخنەیی یەکانمان گەڵاڵە دەکەن و کێشەی قۆناغ و شێوازە ئەدەبی یەکانمان بۆ یەکالا دەکەنەوە و زانستانەش رێگای چارەسەرکردنیان دیاری دەکەن .**

**زاراوەیەکیش لەو زاراوە ئەدەبی یە گرنگانەی کە پێویستی یەکی مێژوویی دەیهێنێتە ناوەوەو کێشەیەکی گرنگی ئەدەبیمان بۆ چارەسەردەکات و شێوازێك لە شێوازە ئەدەبی یەکانی کوردیمان بۆ دەدەخات، زاراوەی(کلاسیکی)یە**

**٢- ناساندنی رێچکەیەکی شیعری کوردی لە مێژووی ئەدەبەکەماندا بە زاراوەی(کلاسیکی)و بە چەند لایەنیکی هونەری ئەوچەمکەی کە لە ئەدەبی جیهایدا بەگشتیو لە ئەدەبی میللەتە موسلمانەکاندا بە تایبەتی هەڵیگرتووە ، رێ نوێنکەر مان دەبێت بۆ :**

**ا- شوێن پێ کردنەوەیەکی هونەریانەی شیاو بۆ رێچکەیەکی دیارو دەوڵەمەندی دەقی شیعری کوردی لەناو شیعری کلاسیکی جیهانیو روژهەلاتی ئیسلامیدا ، بەو سیماو شەقلانەی لەگەڵیاندا پۆشیویەتی ، بەوانەشی کە جیای دەکەنەوە لێیان**

**ب- تێروانینێکی بەهادارانە ی هاوشێوەی تێروانینی میللەتانی تر بۆ ئەو قۆناغە ئەدەبیانەیانو بۆ ئەو دەقە شیعریانەیانە کە نایان هێننە ژێر چەمکی (نوێ) ی جێگرەوەی (کۆن)، نەك بێ بەهاکردنیان بە زاراوەی(کۆن)ی بێزراو یان(دێرین)ی هێورکراوەی (کۆن)**

**ج- جیاکردنەوەی رێچکەو دەنگی شیعریی جیا لەیکتر لە قۆناغەکانی شیعری کوردیدا کە هەڵگری سیماو شەقڵی هونەری تایبەت بە خۆیان بوون**

**٣- سەرهەڵدان و چەکەرە کردنی رێبازی کلاسیکی لە شیعری کوردیدا ، دیاردەیەکی ئەدەبی سروشتی بوو ، چونکە:**

**ا- زەمینەو هەوێنی سەرهەڵدانەکەی لە زۆر لایەنەوە -لایەنی مێژوویی نەبێ- هاو شێوەی ئەو زەمینەو هەوێنە سیاسیوکۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئابووریانە بوون کە رێبازی کلاسیکی ئەورووپیو رۆژهەڵاتی ئیسلامیان چەکەرە پێ کردووە**

**ب- تۆوی سەرهەڵدانو نەشونما پێ کردنەکەی شیعری کلاسیکی ، تۆویکی بەمەبەست چێنراو بوو، بۆیە بووە رێبازێکی شیعریی ، بە هەموو ئەو بنەما هونەریانەی کە وەك هەر رێبازیکی شیعریو بەو چەمکەی شیعر کە هەڵگریەتی ، پەیرەویان دەکات**

**٤- دیاردەی لاسایی کردنەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، کە بەردەوام پێی بێ بەها کراوە ، بۆخۆی لێکەوتەیەکی هونەری بەرێباز بوونەکەی بووە ، هەر وەك چۆن بە رێباز بوونی شیعری نوێی کوردی لە سێیەکانی سەدەی رابردوودا لەسەردەستی (گۆران )دیاردەی لاسایی کردنەوەو شوێن پێ هەڵگرتنی یەکتری**

هێنایە ئاراوە و کەم و زۆری شاعیرانی قوناغەکە لاسایی کەرەوەو شوێن پێ هەڵگری (گۆران) بوون ، ئەمە سەرباری لاسایی کردنەوەی شیعری تورکیو عەرەبیو ئینگلیزی

٥- بەهای هونەری هەردەقێکی شیعری کلاسیکی لە بەرزی زمانەکیو جوانی چنینە زمانیەکەیدا و لە جوانی واتاو مەبە ستەکاندا بووە ، نەك لە و ئەرکەی کە لە روی سیاسیو کۆمەڵایەتیو رەوشتییەوە واتاو مەبەستەکان گەیاندوویانە

٦- پێکهینەرو بنیاتنەری ئەو جوانیو سفتی یەی زمانی دەقی شیعری کلاسیکی ، کە بە زمانی زووربەی دەقی شیعری نوێی کوردی یەوە -،هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا حەفتاکانی هەمان سەدە - نابینرێ ، ئەو کێشە عەروزی و قافیە یەکگرتووەو ئەو هونەرانەی رەوانبیژیبوون ، کە شاعیرانی نوێخواز پشتیان تی کردن بێ ئەوەی بە ئەڵتەرناتیفە هونەریەکانیان کە کێشی برگەییو قافیەی مەسنەوی و وێنەی ناتوریالی بوون بتوانن زمانی دەقەکانیان بگەیننە ئاستی سفتیو جوانی دەقی کلاسیکی

پەراوێزەکان :

١- بڕوانە : علم المصگلح ل٣٦

٢- بڕوانە : کتێبی دیداری شیعری کلاسیکی کوردی .

٣- بڕوانە : مفاهیم نقدیە ل٢٢٧-٢٢٨ .

٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٨ .

٥- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٩ .

٦- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٩ .

٧- سەرچاوەی پیشوو ٢٢٤، ٢٢٦.

٨-بروانە : الاتجاە الرومانتیکی فی الادب الکردی ، هەروەها بڕوانە : الواقعیە فی الادب الکردی .

٩- زاراوەی کوردی ل ١٢٢.

١٠- بەلای ئێمەوە زاراوەی ( پێشین ) ناتوانێ چەمکی رێبازێکی ئەدەبی هەڵبگرێ چونکە لە مێژووی ئەدەب و رەخنەی رۆژهەڵاتی دا هەمیشە شاعیران و ڕەخنەگران بەرهەمە ئەدەبی یەکانی پێش خۆیانیان بە ( پێشین ) ناوبردووە وەك ئەوەی لەسەردەمی عەباسیەکاندا وشەی ( پێشین) بۆ شاعیرانی جاهلی بەکاردەهێنراو لە ئەدەبی فارسیشدا لە سەردەمێکی وەك سەردەمی مغولی دا ( اشعار پێشینان ) بۆ بەرهەمەکانی پێش ئەو سەردەمە بەکارهاتووە

١١- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٦٥ .

١٢- سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٤ .

١٣- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٠ .

١٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧١ .

١٥- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٥ .

١٦- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٦ .

١٧-بڕوانە : هونەری شیعر ل.٣٤

١٨- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٧٨ .

١٩- سەرچاوەی پێشوو ل٢٧٨ .

٢٠- بڕوانە : کتێبی النقد اسس النقد الادبی الحدیپ ، جزو الاول.

٢١- بڕوانە : کتێبی الکلاسیکیه فی الاداب و الفنون العربیه و الفرنسیه .

٢٢- مقدمه فی النقد الادبی ل ٢٧٢.

٢٣- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ٢٧٢-٢٧٣

٢٤- الرومانتیکیه ل.٢٢٨

٢٥- سەرچاوەی پێشوو ل.٢٣٦

٢٦- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٨٧-٢٩٧ .

٢٧- قوناغی پیش رومانسیزمی شیعری کوردی :ل١٥

٢٨- الکلاسیکیه ل.١٢

٢٩- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل .٨٥

٣٠- له کتێبی الواقعیه فی الادب الکردی ل٨٧ .

٣١- مفاهیم نقدیه ل ٢٣٩ .

٣٢- رۆژنامەی ژیان ژماره ٣٨٥ .

٣٣- - دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ل٢٧٩ .

٣٤- الادب المقارن ل٤٠٩ .

٣٥- الکلاسیکیه وازمات الشعر العربی ، د.صادق القاضی

٣٦- وجوه گفتمانی نگاه شاعران نوگرا به شعر کلاسیك

٣٧- ئەدەبیاتی کوردی ، سیاپوش ، یادگاری لاوان

٣٨- بڕوانە: المزاهب الادبیه ل٩

٣٩ -بڕوانە : سەرچاوەی پێشوو ل٢٧ .

٤٠- سەرچاوەی پێشوو ل٤٩ .

٤١- بڕوانە: الموسوعه الصغیره : النهچه .

٤٢- بڕوانە: تحول شعر فارسی .

٤٣ - بڕوانە : المذاهب الادبیة ل٩ ، ١٦ . هەروەها بڕوانە : الکلاسیکیه ل٦ .

٤٤- بڕوانە : تحول شعر فارسی ل١٢٩ ، ١٩٩ .

٤٥ - بڕوانە : الکلاسیکیه ل ٧ .

٤٦ - بڕوانە : سەرنجێ له زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی .

٤٧- بڕوانە : ئەنجوومەنی ئەدیبان ، هەروەها ئەدەبی کوردیو لیکولینەوه له ئەدەبی کوردی

٤٨- کونیوتازه له هەلبەستا :ل ٦-١١

٤٩- کاروانی شیعری نویی کوردی :ل٣٥

٥٠- بروانە: بنیاتی هەلبەست لە هونراوەی کوردیدا

٥١- دیوانی نالی :ل ١٧٤، ٣٨٠

٥٢- دیوانی گوران : ل ٩ ، ١١، ١٦٩

٥٣- مەحوی دەلی : لەهەر شیعری لەدیوانت دەجوشی نەشئەیی مەحوی

سەداییکی لەیەکتر جوی دەدا هەرتاری قانوونت

بروانە : دیوانی مەحوی :ل ٧٥

٥٤- دیوانی گوران :ل ١١٧، ١١٩، ٢٦٥، ٣٠٣، ٣٠٦

٥٥- سەرچاوەی پیشوو: ل ١٩٦، ٢٦٨، ٢٨٢، ٢٩٩، ٣٢٠، ٣٢٤

٥٦- بروانە : ستایش‌وپیاهەلدان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،دلشاد علی , گوڤاری بەیان ژمارە (٧٦) کانونی دووەم ١٩٨٢-

٥٧- دیوانی گوران:ل ١١٧

٥٨- دیوانی نالی: ل٣٧٠

٥٩- نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارروودا ،د.دلشاد علی, گوڤاری زانکوی سلیمانی ژمارە (١٤) ی ٢٠٠٤

٦٠- بروانە: عشق در عرفان اسلامی ، دکتر سید یحیی یپربی

٦١- تەنانەت هەندی جار لە پیناو جوانی زمانەکەدا ژن ناشیرین‌و بی بەها کراوە ، ئەوەتا دەربارەی ئەم بەیتەی مەحوی کە دەلی :

هەی لەژن کەمتر موعەططە ل بوچی ؟نەی ژەن لیدە نەی

ساقیا ساقت شکی بەس رابوەستە بینە مەی

لیکدەرەوانی دیوانەکەی لە پەراویزدا دەلین : لەم بەیتەدا ژن بووە بەقوربانی دروست کردنی وشە ئاراییەك بو هاوسەنگ کردنی لەگەل وشەی (نەی ژەن)دا

بروانە: دیوانی مەحوی :ل٣٥٨

٦٢- بروانە : چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا:ل ٨٧

٦٣- بروانە : فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر روشنایی ئەدەبی فارسیدا

٦٤- دیوانی مەحوی: سەرجەمی دەقەکوردییەکان

٦٥- بروانە : چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا: ٦٧

٦٦- تحلیل الخطاب الشعری (استراتیجیه التناص) :ل ٢١- ٤٠

٦٧- دیوانی گوران : ل ٣٠٨

٦٨- بروانە : ئەدەیاتی کوردی ، روژنامەی ژیان ژمارە٣٨٥ :ل٣

٦٩- دیوانی حەمدی :ل ١٦٦

٧٠- سعدی ، د. میسون البیاتی ٢٠١٠/١/١

سەرچاوەکان :

١- کتیب

ا- کوردییەکان:

- ئەجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی ،چاپخانەی کوری زانیاری، بغداد ١٩٨٣
- بنیاتی هەلبەست لەهونراوەی کوردیدا ، د.دلشاد عەلی ، چاپخانەی رەنج ، سلیمانی ١٩٩٨
سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ، د. عزەدین مستەفا رەسول ، چاپخانەی سلێمانی ، الاعضمی ، بەغدا ١٩٧١ .
- چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، د. ئاڤان علی میرزا توفیق، بەریوەبەریتی چاپو بلاوکردنەوەی سلیمانی ٢٠١٢
- دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، ئامادەکردنی حمە سعید حمە کەریم ، دار الحریە ، بەغدا ، ١٩٨٦ .
- دیوانی حەمدی ،لیکولینەوەی جمال محمدامیی، چاپی یەکەم،چاپخانەی سەرکەوتن،سلیمانی ١٩٨٤
- دیوانی گوران ، محمدی مەلاکریم کوی کردوەتەوەو ئامادەی کردووە ، چاپخانەی کوری زانیاری عیراق ، بەغدا ١٩٨٠
-دیوانی نالی لیکولینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس‌وفاتح عبدالکریم محەمەدی مەلا کریم چاپخانەی کوری زانیاری‌کورد بەغدا ١٩٧٦
- دیوانی مەحوی لیکدانەوەو لیکولینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس‌و محمدی مەلاکریم چاپخانەی کوری زانیاری‌کورد بەغدا ١٩٧٧
- رەخنە سازی ، د.کامل البصیر ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری / بەغداد ، ١٩٨٣
- زاراوەی کوردی ، دکتۆر کامل حسن البصیر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ١٩٧٩ .
- کاروانی شیعری نویی کوردی، حەمەحەمە ئەمین قادر(کاکەی فەللاح) ، چاپخانەی کوری زانیاری کورد ، بغداد ١٩٧٨
- فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر روشنایی ئەدەبی فارسیدا،ئاڤان علی میرزا توفیق، بەریوەبەرایەتی چاپ‌وبلاوکردنەوەی سلیمانی چاپخانەی کەمال ، سلیمانی ٢٠١٣
- - هونەری شیعر ، هۆراس ، وەرگێرانی حمید عزیز ، چاپخانەی الزمان ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

ب- عەرەبییەکان:

- الادب المقارن ، د.محمد غنيمي هلال ، الطبعة الثالثة ، دار العودة ١٩٨١ .
- تأريخ الادب العربي ، العصر العباسي الاول ، د. شوقي ضيف ، دار المعارف / القاهرة .
- تحليل الخطاب الشعرى(استراجية التناص)، محمد المفتاح، الطبعة ٣، الدار البيضاء ، ١٩٩٢
- الرومانتيكية ، د.محمد غنيمي هلال ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣ .
- الكلاسيكية في الاداب و الفنون العربية و الفرنسية ، الدكتور ماهر حسن فهمي و الدكتور كمال فريد ، مكتبة الانجلو العربية ، القاهرة .
- المذاهب الادبية ، د. جميل نصيف التكريتي ، مطابع دار الشؤون الثقافية ، بغداد ، ١٩٩٠.
- مقدمة في النقد الادبي ، د. علي جواد طاهر ، منشورات المكتبة العالمية ، بغداد ، ١٩٨٣ .

- مفاهيم تقدية ، رينية ويلك ، ترجمة د. محمد عصفور ، سلسلة عالم المعرفة (١١٠) ، الكويت ، ١٩٨٧ .
- مقدمة في علم المصطلح ، د. علي القاسمي ، الموسوعة الصغيرة (١٦٩) ، دار الحرية ، بغداد ، ١٩٨٥ .
- النقد اسس النقد الادبي الحديث ، ترجمة هيفا' هاشم ، جز' الاول ، دمشق ، ١٩٦٦ .
- النهضة ، د.كمال مظهر ، الموسوعة الضغيرة (٣٧) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ١٩٧٩ .
- الواقعية في الادب الكردي ، د. عزالدين مصطفى رسول ، صيدا ، ١٩٦٦ .
- تحول شعر فارسى ، زين العابدين مو تمن ، كتابخانه ظهورى ، چاپ سوم ، ١٣٣٥ خورشيدى
-شعر فارسى از اغاز تا امروز پروين شكيبا چاپ اول چاپ حيدرى تهران ١٣٧٠
٢- روژنامەو گوڤار:
- رۆژنامەی ( ژیان) ژمارە ٣٨٥ .
- ستایش‌وپیاهەلدان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ،دلشاد علی , گوڤاری بەیان ژمارە (٧٦) کانونی دووەم ١٩٨٢-
- کونی‌وتازەیی لە هەلبەستا، گوران ،گوڤاری هیوا ژمارە ٣١ سالی ٤ کانونی دوەم ١٩٦١
-نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارروودا ، د.دلشاد علی, گوڤاری زانکوی سلیمانی ژمارە (١٤) ی ٢٠٠٤
- یادگاری لاوان ، بغداد ١٢٣٣
- الاتجاه الرومانتيكى فى الادب الكردى ، د. معروف خزندار ، مجله الثقافة (٩) ١٩٦٩ .
ج- نامەی ماستەر
- قوناغی پیش رومانسیزمی شیعری کوردی ١٨٥٠-١٩٢١ ،ئدریس عەبدوللا مستەفا، زانکوی سەلاحەدین ٢٠٠٥
د- سایتە ئەلکترۆنیەکان:
- الكلاسيكيه و ازمات الشعر العربى ،د. صادق القاضي ١٩ تشرين الثاني ٢٠١٢
www.algomhoriah.net/articles
- زن در اينه شعر فارسى www.iranpress.ir
-وجوه گفتمانى نگاه شاعران نوگرابه شعر كلاسيك، دكتر رضا چراغى www.ensani.ir
-سعدى ، اعداد ، د. ميسون البياتى ن الجمعه ٢٠١٠/١/١ www.al-nnas.com
- عشق در عرفان اسلامى ، دكتر سيد يحيى يثربي خبرى Rss

کورتەی لیکولینەوەکە

پیگەی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو ئەدەبی روژهەلاتیدا

لەم لیکولینەوەیەدا و بە ئامانجی دیاری کردنی پیگەو بەهای هونەریی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتیو لەناو شیعری میللەتە موسلمانەکاندا بە گشتی ، کومەلی باسی تایبەت بە شیعری کلاسیکی کوردی کە تیروانینی جیاجیا دەربارەیان خراوەتە بەردەست ، سەر لە نوی ئاوریان لی دراوەتەوەو سەرنجی نوی وزانستانە دەربارەیان خراونەتە بەردەست ، بە تایبەتی ئەو باسانەی دەربارەی زاراوەی (کلاسیکی)و چەمکەکەیەتیو ئەو سیماو شەقلە هونەریانەش کە شیعری کلاسیکی کوردی پوشیونی .

لیکولینەوەکەش لە سی بەش پیك هاتووە و لە بەشی یەکەمدا روو لە زاراوەو چەمکی (کلاسیکی) لە هەردوو ئەدەبی ئەورووپیو کوردیدا کراوە . لە بەشی دووەمدا باس لە زەمینەی سازدانو سەرهەلدانی ریبازی کلاسیکی لە ئەوروپاو لە ناو میللەتە موسلمانەکانی روژهەلاتو لەناو کوردیشدا . بەشی سییەمیش تەرخان کراوە بو ئاوردانەوە لەو سیماو شەقلە هونەریەکانی ریبازی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا . لە کوتایشدا ئەو ئەنجامە نویانە خراونەتە بەردەست کە لیکولینەوەکە پییان گەیشتووە .

ملخص البحث

عنوان هذا البحث ( مكانة الشعر الكلاسيكى الكردى في الآداب الشرقية) يهدف الى ابراز القيمة الفنية ومكانة الشعر الكلاسيكي الكردى في الادب الكردى على وجه الخصوص وبين آ داب الشعوب الاسلامية عموما ، ويعرض مباحث مختلفة خاصة بالشعر الكلاسيكى الكردى التى تحمل تفسيرات متباينة و يفض الغبار عنه مرة اخرى بطريقة علمية جديدة ، مركزا على الدراسات حول مفهوم (الكلاسيك) و مميزاته وصفاته الفنية في الشعر الكلاسيكى الكردى .

يتكون البحث من ثلاثة مباحث ، تضمن المبحث الاول مصطلح (الكلاسيكي) في الادبين الاوروبي والكردى ، وفي المبحث الثاني جاء الحديث عن تهيئة الارضية المناسبة لظهور المذهب الكلاسيكى في أوروبا و عند الشعوب الاسلامية في الشرق والشعر الكردى ، اما المبحث الثالث فقد خصص لدراسة المميزات والصفات الفنية للمذهب الكلاسيكى في الادب الكردى ، وفي الختام عرض أهم النتائج الجديدة التي توصل اليها البحث .

## Abstract

## The Status of Kurdish Classical Poetry in Oriental Literature

The study aims to show the status and value of Kurdish classical poetry, particularly in the oriental literature and in the poetry of the Muslim nations in general. A group of topics specified to Kurdish classical poetry is tackled from different views. Those topics are investigated from new and scientific perspectives, especially which are related to the term of classic, its concepts, the forms, and the artistic features of Kurdish classical poetry.

The study is composed of three sections. The first section is specified to elaborate on the terms, and the concept of *Classic* in both European and Kurdish literature. In the second section, the study deals with the emergence of European classical trend in Muslim, oriental nations and Kurdish nation. The third section is devoted to the study of the form and the artistic characteristics of Kurdish classical poetry. Finally, the study ends with some new results and conclusionsss.

# مۆڕفیما ( ـ ژی ) د گۆڤەرا بەهدینیدا

د. شلێر نایف ئەمین
زانکویا دهوکێ
کولێژا زانستێن مروڤایەتی
پشکا زمانێ کوردی

**کورتی :**

مۆڕفیمێن ڕێزمانی د زمانێ کوردیدا ، ژ کەرستێن چالاکن لێکۆلین و نڤیسین ل سەر ڤان مۆڕفیمان ب تایبەت د گۆڤەرا بەهدینیدا هاتینە ئەنجامدان ، بەلێ بەهرا پتریا ڤان بەرهەمان ئاماژەنەکریە بۆ مۆڕفیما ( ـ ژی ) ئانکو ب شێوەکێ گشتی د کرمانجیا سەریدا ،چ گرنگی ب ڤێ مۆڕفیمێ نەهاتیەدان سەرەرای وی ئەرك و واتایا دبەخشیت ، ژ بەر ڤێ چەندێ مە ب پێدڤی دیت لێکۆلینەکێ ل دور ڤێ مۆڕفیما ڕێزمانیا فەڕاموشکری ئەنجامدەین بۆ دیارکرنا سیمایێن وێ ب شێوەکێ زانستی .

**پێشەکی :**

لێکۆلین ل ژێر ناڤێ (مۆڕفیما(ـ ژی) د گۆڤەرا بەهدینیدا ) یە، د ڤێ گۆڤەرێدا چو لێکۆلینێن زانستی ل دور نەهاتینە ئەنجامدان، بەلکی ب شێوەکێ کورت و ب کێماسی د کێم ژێدەراندا ئاماژە ب ڤێ مۆڕفیمی هاتیەکرن، بێی کو ئەرك واتا و تایبەتیێن وێ بدەنە دیارکرن ، ژ بەر ڤان ئەگەران مە ب فەری دیت لێکۆلینەکێ ل دور ڤێ مۆڕفیمێ ئەنجامدەین، دا تیرۆژکێ بەردەینە سەر ژ چەند لایەکانڤە.

گرنگیا لێکۆلینێ د راستڤەکرنا بۆچوونێن ب کێماسیدا دهێت و دەستنیشانکرنا تایبەتی و ڕۆلێ مۆڕفیما (ـ ژی) ، بۆ ڤێ مەرەمێ ژی مە رێبازا وەسفی بکارهینایە بۆ شروڤەکرنا لایەنێن رێزمانی و واتایی یێن ڤێ مۆڕفیمێ .

لێکۆلین ژبلی پێشەکی و ئەنجامان ، چەند سەرە بابەتێن دی بخوڤەدگریت، ئەوژی :

ئێك : پێداچوون و هەلسەنگاندنا مۆڕفیما (ـ ژی) د کارێن بەرێدا .

دوو: مۆڕفیما (ـ ژی) د ناڤبەرا دوو ئاستێن زمانیدا.

سێ: مۆڕفیما (ـ ژی) ژ لایێ واتاییڤە .

## ئێك ـ پێداچوون و هەلسەنگاندنا مۆڕفیما (ـ ژی) د کارێن بەرێدا :

ئەو نڤیسەر و لێکولەرێن ل دور مۆڕفیما (ـ ژی) نڤیسی، زاراڤە و ئەرکین جوراوجور داینە پالێ ڤێ مۆڕفیمێ، ژ وان :

(جگەرخوین) زاراڤێ (تیپێ پێوەند) بۆ مۆڕفیما (ـ ژی) بکارهینایە و ب ڤی شێوەی بەحسکریە: ((تیپێ پێوەند ئەون کو بو وان چەند گوتنا یا چەند پەیڤان ب هەڤ رە و ل پەیهەڤ ددەن گرێدان و پەرچێ پاشی دکن هەمکارێ ئێ پێشی، وەك : روستەم هات بارام ژی هات )) [جگەرخوین ١٩٦١: ١٩٨ ـ ١٩٩] .

وەسا دیاردبیت (جگەرخوین) وەکی ئامرازەکێ پەیوەندییێ ڕەفتارێ ل گەل مۆڕفیما (ـ ژی) دکەت، بەلێ ب بۆچوونا مە (ـ ژی) نابیتە ئامرازێ پەیوەندی و ئەم نەشێین ڤی زاراڤی بۆ بکاربهینین چونکی((ئامرازی پەیوەندی بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە و لە پێکهاتنی ڕستەدا دەور دەبینێت و پەیوەندی ناو و بەشە ئاخاوتنی تر بەیەکترەوە دەبەستێت )) [ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی ٢٠٠٣: ٤٧] .

وەکی دهێتە دیتن مۆڕفیما (ـ ژی) نابیتە بەشەکێ سەربەخۆیێ ئاخفتنێ، چونکی مۆڕفیمەکا بەندا ڕیزمانییە و واتایەکا ڕیزمانی ددەتە پاڵ وی کەرستێ ل گەل دەرکەفتی ژ بلی ڤێ چەندێ ژی دشێت ل گەل ئامرازەکێ دیێ پەیوەندییێ دەرکەڤیت، بۆ نموونە:

... من د ئاڤێژیدا ددیت.

ل ڤێرێ دبێژین دەرکەفتنا (ـ ژی) ل گەل ئامرازەکێ دیێ پەیوەندییێ باشترین گرۆڤەیە ، کو (ـ ژی) نابیتە ئامرازێ پەیوەندی، چونکی دوو ئامرازێن پەیوەندی د ئێك ڕستێدا پێکڤەناهێن ئەڤە ژلایەکی، ژ لایەکێ دی ئەم دشێین (ـ ژی)ڕاکەین؛ چو گرفتێن ڕیزمانی پەیدانابن، ئانکو پەیوەندی د ناڤبەرا ناڤی و کەرستێن دی یێن ڕستێدا تێکناچیت، ژبەر هندێ زاراڤێ ئامرازێ پەیوەندی یێ گونجای نینە بۆ (ـ ژی)، چونکی ل گەل ئەرك و سیمایێن ڤێ مۆڕفیمێ ناگونجن . ژ بلی ڤێ هەتا ئەو ڕستا (جگەرخوین) ی وەکی نموونە ژی هینای یا ب کێماسییە، چونکی (ـ ژی) د وێ ڕستێدا ئەرکێ بەستنێ جێبەجێدکەت و ئەم دشێن ئامرازەکێ لێکدانێ د ناڤبەرا هەردوو ڕستاندا بینین بێی چو گرفتێن ڕێزمانی پەیدابن ئانکو پەیوەندی د ناڤبەرا هەردوو ڕستاندا ب ڕێکا (و) دروستبوویە، وەکی:

روستەم هات و بارامژی هات .

(ك.ك.کوردۆییێف) مۆڕفیما (ـ ژی) ب (ئامرازێ پێوەست)ددەتە دیارکرن ، دبێژیت: ((ئامرازی ژ تەنێ لە کرمانجی دا بەکاردیت ،شێوەی فۆنۆتیکی لە سۆرانی دا بریتیە لە ئامرازی ـش وە یا ـ یش ،کە لە ڕووی واتا و ئەرکەوە لەگەڵ ئامرازی (- ژی) ڕێکدەکەویت، ئەم ئامرازە لە هەردوو دیالێکتەکەدا زۆر نێزیك لە وشە گۆدەکرێت ، کە لە پێشی دێت و لە نووسیینیش دا پێوەدەلکێت . وەکو : مرنێ ژی بە ئەزێ ل سەر بیرو باوەرا تۆ هەرم))[ ك.ك.کوردۆییێف ١٩٨٢: ٣٥٠ ـ ٣٥١].

هەروەسا دبێژیت : ((جووتە ئامرازی (ژی...ژی)... بۆ بەیەك گەیاندنی دوو بەشی وێك چووی وە یا یەك نە چووی ڕستە هەروا بۆ لێکدانی دوو ڕستەی وێکچووش بە کاردێن ، وەك : سبێ مِن تو ژی و دارا ژی ل بەغدا دی)) [ژێدەرێ بەرێ: ٣٥٠ ـ ٣٥١].

ژ بۆچوونێن (کوردۆییێف)ی دیاردبیت، کو وەکی ئامرازەکێ پەیوەندی و ئامرازەکێ لێکدەرێ رستان ڕەفتارێ ل گەل مۆڕفیما (ـ ژی) دکەت. ب بۆچوونا مە ئەڤ هزرە یا ب کێماسییە، چونکی مۆڕفیما (ـ ژی) هەر وەکی مە پێشتر سەلماندی نابیتە ئامرازێ پەیوندی هەر وەسا ئەرکێ ئامرازێ لێکدانا رستان نابینیت ئانکو دوو ڕستان یان پتر لێکنادەت، چونکی بۆ نموونە :

بەفرین گەهشت و ئەڤینژی هات.

د ڕستا لێکدراوا سەریدا ئامرازەکێ لێکدەر هەیە، کو (و) یە و د هەمان ڕستەدا مۆڕفیما (ـ ژی) هاتیە، ل ڤێرێ دێ بێژین ئەگەر مۆڕفیما (ـ ژی) ئامرازێ لێکدەر بیت ئایا ڕۆلێ (و) دێ چ بیت ؟ ئایا چێدبیت د ڕستەکا وەکی یا سەریدا دوو ئامرازێن ژێکجودایێن لێکدانێ پێکڤە بهێن[1] ؟

د بەرسڤێدا دبێژین (و) د ڕستا سەریدا ئامرازەکێ لێکدەرە، چونکی دوو ڕستێن سادە یێن سەربەخۆ لێکداینە [٢] ، بەلێ مۆرفیما (ـ ژی) ئەرکێ لێکدانێ نەدیتیە، گرۆڤەژی ئەوە مۆرفیما (ـ ژی) دشێت ل گەل ڕستا سەری نەهێت و چو گرفتێن ڕێزمانی پەیدانابن و هەر دێ مینیت ڕستەکا لێکدای، وەکی :

بێریڤان گەهشت و ئەڤین هات.

ژ بلی ڤێ چەندێ (ـ ژی) دشێت د ئێك ڕستەژیدا بهێت،وەکی:

... ئەزژی هاتم .

دشێت د ڕستێن ئالوزژیدا بهێت، وەکی:

من ئەو هینا داکو توژی بهێی.

هەروەسا نڤیسەری سێ شێوێن ڤێ مۆرفیمێ دیارکرینە، کو ( ژ، ژی، ژی...ژی)نە، د دەمەکیدا ئەو ب خۆ ئێکە، ئانکو مۆرفیما (ـ ژی)، کو شێوێ دروستە، دووبارەدبیت هەروەسا نڤیسەری ئاماژە ب شێوێ نڤیسینا مۆرفیمێ کریە،کو پێدڤیە ل گەل وشێ بهێتە نڤیسین و چو ئاماژەنەکریە بۆ وێ پشکا ئاخاڤتنێ یا (ـ ژی) ل گەل دەردکەڤیت، ئانکو چو ئاماژە نەکریە بۆ لایەنێن مۆرفۆلۆژی، ئەڤە ژ بلی لایەنێ سینتاکسی. ژ بەر ڤێ چەندێ بۆچوونا (کوردۆییێف)ی بۆ مۆرفیما (ـ ژی) کێماسی تێدا هەنە .

(سادق بەهائەدین ئامێدی) ل ژێر ناڤێ (ئالاڤێت پێڤەگر یێت سادە) مۆرفیما (ـ ژی) دایە دیارکرن ، ئەڤ نموونە بۆ هینایە:(( ئەززی (ئەژی) ئێکم ژ وە)) .[ صادق بهاء الدین ئامێدی ١٩٨٧: ٤٣١ ـ ٤٣٢].

وەکی دیار (ئامێدی) ژ بلی زاراڤەی و نموونێ چ ڕوونکرنەك نەدایە سەر مۆرفیما (ـ ژی) ، ئانکو ئامێدی ئاماژە بۆ تایبەتی و ڕەفتارا ڤێ مۆرفیمێ نەکریە .

هەروەسا ناڤکرنا (ـ ژی) ب (ئالاڤێت پێڤەگر یێت سادە) بۆچوونەکا ب کێماسیە، چونکی د بۆچوونێن بەری نهودا مە سەلماندیە، کو (ـ ژی) نابیتە ئالاڤ ئانکو ئامراز، چونکی مۆرفیمەکا بەندا ڕێزمانیە و واتایێن ڕێزمانی د بەخشیت. ب کارهینانا زاراڤێ (سادە) وەکی پشکەك ژ ناڤێ ڤێ مۆرفیمێ بۆچوونەکا ب کێماسییە، چونکی زاراڤێن (سادە و نەسادە) بۆ مۆرفیمێن بەند بکارناهێن ئەڤە ژلایەکی، ژلایەکێ دی مۆرفیم بخو پیڤەرەکە بۆ دەستنیشانکرنا سادەیی و نەسادەیێ، ئانکو زاراڤێ سادە پتر بۆ وشا بکاردهێت ، بەلێ بۆ مۆرفیما (ـ ژی) دەستنادەت، ژبەرهندێ پێدڤێ ناکەت زاراڤێ سادە بۆ بکاربهێت.

(محەمەد تاهر گوهەرزی) ل ژێر ناڤێ ( ئالاڤێ پەیوەندی) ئاماژە ب مۆرفیما (ـ ژی) کریە و دبێژیت : ((پەیڤا (ژی) ئالاڤا پەیوەندیی یە د ناڤبەرا ناڤان و جێناڤان بێی ڕێز، بەلێ د دوماهیا پەیڤاندا دهێت ، مینا : هوین هەموو د کاری دا وەك هەڤن ئەم ژی ئەو ژی )).

هەروەسا دبێژیت : ((پیتا (ش) ئەڤ پیتەش هەر بۆ پەیوەندی یا ناڤا و جێناڤان نە بەلێ تڤیا پاش بزوێنەکێ بهێت دا جهێ خوبگریت ، وەك:

ئەز دێ چم ئالایێ ڕەنگین بلندکەم جانگیر توش وەرە ، باوەریش داناش کاوەش ڕەوشەنیش )) [ محمد طاهر گوهەرزی ١٩٩٩ : ١٥٢].

وەکی دیار (گوهەرزی) ب دوو شێوان ڕەفتارێ ل گەل مۆرفیما (ـ ژی) دکەت د جهەکیدا ب ئامرازێ یان ئالاڤێ پەیوەندیێ ناڤدکەت و د جهەکێدیدا ب پەیڤ ددەتەدیاکرن. ب بۆچوونا مە ئەڤ ڕەفتارە یا ب کێماسیە چونکی :

١- تایبەتمەندیێن ڕێزمانییێن ئامرازێ پەیوەندی د جودانە ژ تایبەتییێن پەیڤێ، ژ وان (( وشە بچوکترین دانەی واتەداره و مەبەست بە شێوەیەکی تەواو دەگەیێنێ، هەروەها بەهۆیەوە دەتوانین ڕستە پێکبێنین )) [ نازەنین جەلال ئەحمەد ٢٠٠٤: ٦٩].بەلێ ئامرازێ پەیوەندی ((واتای سەربەخۆیان نیە تا نەکەونە تەك وشەی ترەوە )) [ رەفیق محەمەد محێدین شوانی ٢٠٠٣ :٥١ ].چونکی مۆڕفیما (ـ ژی) نەشێت واتایەکا تمام بدەت ، ئەم نەشێین بێژینێ پەیڤ هەر وەکی د بۆچوونێن پێشتردا مە سەلماندی هەروەسا (ژی) نابیتە ئامرازێ پەیوەندیژی .

٢- ئەو ڕستا (گوهەرزی) هینای وەکی نموونە مۆڕفیما (ـ ژی) تێدا بۆ بەستنێ بکارهاتیە، گرۆڤەژی ئەوە کو ل دەستپێکا ڕستێ جهناڤێ (هین) بکارهاتیە و پاشی بۆ بەستنێ (لکاندنێ) جهناڤێن (ئەم ، ئەو) ل گەل مۆڕفیما (ـ ژی) بکارهینانە وگرۆڤەکێ دی کو (ـ ژی) بۆ بەستنێیە و ئامرازێ پەیوەندیێ نینە ، ئەگەر (ـ ژی) ئامرازێ پەیوەندیبا پێدڤیە بەستنێ ئەنجام نەدەت.

٣- (گوهەرزی) بەحسێ مۆڕفیما (ش) کریە و ب پیت دانایە. ئاشکرایە کو زاراڤێ پیت پتر د بوارێ ڕێنڤیسێدا بکاردهێت ، ئەگەر گوتبا مۆڕفیما (ش) باشتربوو ئەڤە ژ لایەکیڤە ، ژ لایەکێدیڤە ئەڤ مۆڕفیمە د گوڤەرا بەهدینیدا ل هندەك دەڤەران بکاردهێت، بۆ نموونە د دەڤوکا ئاکرێدا بکاردهێت، وەکی : توش چویە وێرێ .[ نەسرین عەبدوللا ٢٠٠٩: ٥٨]. ژ بەر ڤان ئەگەران بۆچوونێن گوهەرزی کێماسی تێدانە .

**دوو- مۆڕفیما (ـ ژی) د ناڤبەرا دوو ئاستێن زمانیدا :**

(ـ ژی) ئێکە ژ مۆڕفۆسینتاکسێن چالاك، کو ڕۆل و واتایا وێ د چارچوڤێ ڕستێدا دیاردبیت . [ژێدەرێ بەرێ : ٥٨]. ئەگەر ب شێوەکێ گشتی سەحکەینە ڤێ مۆڕفیمێ ل دیڤ تایبەتییێن وێ ناڤکەین ، دێ بینین چەندین واتا و ئەرکێن ڕێزمانی هەنە ، بەلێ بەهرا پتریا وان ب واتایا (أیضا) یا زمانێ عەرەبی و (too) یا زمانێ ئینگلیزی دهێن (ـ ژی) ژ لایێ ڕێزمانیڤە ئەرکێ دووبارەکرنێ جێبەجێدکەت [ویلەرم ساکستون ٢٠٠٩ : ١٣٧ – ١٣٨] ژبەر ڤێ دێ ل دویڤ ڕێبازا وەسفی لایەنێ ڕێزمانییێ مۆڕفیما (ـ ژی) دیارکەین، چونکی ئەڤ ڕێبازە پتر دشێت تایبەتییێن وێ د ئاستێ مۆڕفۆلوژی و سینتاکسێدا بدەتە دیارکرن.

أ- **مۆڕفیما (ـ ژی) ژ لایێ مۆڕفۆلۆژیڤە:**

ئەڤ مۆڕفیمە ژ ڤی لایڤە گەلەك هاتیە فەرامۆشکرن هەرچەندە گەلەك سیمایێن بەرچاڤ هەنە ، کو دەربرینێ ژ شێوە و پەیوەندی و دەرکەفتنا وێ ل گەل پشکێن ئاخفتنێ و مۆڕفیمێن دی دکەت ، ژ وان تایبەتیان :

١- (ـ ژی) مۆڕفیمەکا بەندا ڕێزمانی دهیتە هژمارتن ، چونکی ل دیڤ یاسایێ ڕێزکرنا مۆڕفیمێن بەند د زمانێ کوردیدا، چێنابیت مۆڕفیمێن بەندێن دارشتنێ بکەڤنە ل پشت مۆڕفیمێن بەندێن ڕێزمانی ، چونکی ((لە هەلکەوت و سروشتدا مۆڕفیمی ڕێزمانی لە بنجەوە دورترە ، لەچاو مۆڕفیمی وشەدارێژدا، بە واتایێکی تر لەو کاتەی کە هەردووکیان بە بنجێکەوە دەنووسێن ، مۆڕفیمی ڕێزمانی چێوەی دەرەوەی دەگرێ و لە دوای مۆڕفیمی دارێژەکە ڕێزدەبێ ، وەك:

وشە( بنج) + مۆرفیمێ وشە دارێژەر + مۆرفیمێ ڕێزمانی.

وەکو : پیاو + ەتی + ێك

ئەم یاسا ڕێزبوونە لە هەردوو جورێ مۆرفیمەکە (وشە دارێژ و ڕێزمانی) دا چەسپیوەوە ناکرێ لە هیچ ڕۆناکێکیدا پشتگوێ بخرێ)) [محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید قادر ٢٠٠٦: ٥٦]. ئەڤ گوتن و یاسایێن ل سەری باشترین گرۆڤەنە بۆ سەلماندنا وێ چەندێ، کو (ـ ژی)مۆرفیمەکا بەندا ڕێزمانیە ، وەکی:

بنج + مۆرفیما دارشتنێ + مۆرفیما ڕێزمانی.

هونەر مەند ژی

٢- دەمێ مۆرفیما (ـ ژی) ل گەل کەرستەکی دەردکەڤیت ،چ وشەبیت یان ئامراز دچیتە دوماهیێ، وەکی : قوتابیەکیژی

وەکی دیار(ـ ژی) ل پشت مۆرفیما دۆخێ تیان دەرکەڤیتە و ب ڤی شێوەی سنورێ یان قەبارێ کەرستەی دیاردکەت و دادئێخیت و ناهێلیت چو مۆرفیمێن دی ل سەر کەرستەی زێدەبن .

٣- ژ لایێ دەرکەڤتنیڤە ، مۆرفیما (ـ ژی) ل پشت مۆرفیمێن ( ڕێککەڤتن، دۆخێ تیان ، نە ناسیاری ، کومکرن) ێ دەردکەڤیت، وەکی :

قوتابیان ژی = ناڤ + مۆرفیما کومکرنێ + مۆرفیما (ـ ژی) .

چووم ژی = کار + مۆرفیما ڕێککەفتنێ + مۆرفیما (ـ ژی) .

ژنکێ ژی = ناڤ + مۆرفیما دۆخێ تیان + مۆرفیما (ـ ژی) .

مروڤەکی ژی= ناڤ + مۆرفیما نەناسیارێ + مۆرفیما دۆخێ تیان + مۆرفیما (ـ ژی).

ل دویف مۆرفیمێن (ناسیاری، دۆخێ خستنەسەر ، گازیکرن) ێ دەرناکەڤیت، وەکی:

*ئەوژی، *نەسریناژی ، * کورو ژی .

٤- مۆرفیما (ـ ژی) ، چونکی مۆرفیمەکا بەندا ڕێزمانییە، ب تنێ نەشێت چ واتایان ببەخشیت، بەلێ دەمێ ل گەل پشکەکا ئاخفتنێ دەردکەڤیت ، واتایەکا ڕێزمانی ددەتە وێ پشکێ ئەڤە ژ بلی هندێ ، کو فۆڕمەکێ نوی ژی ددەتێ ، ئانکو شێوێ وێ دگوهوریت، بەلێ ژ لایێ پێکهاتنێڤە هەر وەکی خو دمینیت، ب واتایەکا دی ئەگەر وشەکا سادەبیت هەر دێ مینیت سادە و ناهێتە گوهورین بۆ نەسادە، چونکی مۆرفیما (ـ ژی) مۆرفیما دارشتنێ نینە ،وەکی :

وانە
وانەژی } ژ لایێ پێکهاتنێڤە د سادەنە.

٥- (ـ ژی) ئەلۆمۆرفەك هەیە،کو ب ئەلۆمۆرفەکا شێوەزاری دهێتە هژمارتن، ئەوژی (ش/یش)ە ئەڤەژی ل دەڤوکا ئاکرێ بکاردهێت(٣).[ نەسرین عەبدوللا محەمەد تاهر ٢٠٠٩: ٥٩]. وەکی:

ئەویش چوو.

ماموستایێ مەش هات.

ژ بلی ڤێ مۆرفیمێ هەر د دەڤوکا ئاکرێدا هندەك جاران مۆرفیما (ـ ژی) ژی بکاردهێت.

٦- پێکهاتا ڤێ مۆرفیمێ ژ لایێ دەنگسازیڤە چ گوهورین ب سەردا ناهێن ، چونکی پێکدهێت ژ فۆنیما /ژ/ ، /ی/ کو دکەڤنە دوماهیکا وشێ و دەسپێکا ڤێ مۆرفیمێ ب دەنگەکێ گرێ نەبزوێن دەستپێدکەت ، دەمێ د چیتە سەر وشەکێ بێگوهورین وەردگریت ، وەکی :

ئاڤا کانیێ ژی یا خوشە.

بهار ژی چوو.

٧. مۆرفیما(ـ ژی) دشێت بچیتە سەر بەهرا پترا پشکێن ئاخفتنێ ، وەکی :

أ- دشێت بچیتە سەر هەمی جورێن ناڤان ، وەکی ناڤێ (تایبەتی، گشتی، کۆمەڵ، واتایی، بەرجستە، نێر ، مێ ، بێ لایەن ، دوولایەن ، سادە ، دارژاو، لێکدراو، تاك، کۆم ، ناسیار ، نەناسیار) بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| شلێرژی گەهشت . | (ناڤێ تایبەتی + ژی ) |
| وی قوتابی ژی هنارت. | (ناڤێ گشتی + ژی ) |
| مە لەشکەرژی بر . | (ناڤێ کۆمەڵ + ژی) |
| وان مێرانی ژی ل دەڤ هەیە . | (ناڤێ واتایی + ژی ) |
| پێدڤیە کتێبەکێ ژی بکری . | (ناڤێ بەرجستە + ژی ) |
| بێریڤان دێ چێلێ ژی فروشیت. | (ناڤێ مێ + ژی ) |
| جوتیاری گا ژی کری. | (ناڤێ نێر + ژی ) |
| من خانی ژی ئاڤاکر. | (ناڤێ بێلایەن +ژی ) |
| کاروانی ماسی ژی کرین . | (ناڤێ دوولایەن + ژی) |
| دار ژی کەفت . | (ناڤێ سادە +ژی ) |
| نڤیسەر ژی هاتە خەلاتکرن. | (ناڤێ دارژاو +ژی) |
| مە دارچنار ژی چاندن . | (ناڤێ لێکدراو + ژی) |
| قوتابی (یەك)ژی نەهاتبوو . | (ناڤێ تاك + ژی ) |
| سەیرانییان ژی ئاهەنگ گێران. | (ناڤێ کۆم + ژی) |

ب- ل گەل هەڤاڵناڤی بکاردهێت ، وەکی:

| | |
|---|---|
| زەلامێ هەژارژی بر. | (هەڤاڵناڤێ چەوایی + ژی) |
| خوێندکارێ ژ هەمیان زیرەکترژی سەرنەکەفت. | (هەڤاڵناڤێ پلابالا + ژی) |
| مالا چارێ ژی بارکر . | (هەڤاڵناڤێ رێکخستنێ+ژی ) |
| مروڤەکێ دی ژی چوو . | (هەڤاڵناڤێ نەدیار + ژی ) |
| کراسەکێ رەش ژی کری . | (هەڤاڵناڤێ سادە + ژی ) |
| مروڤێن بێمرادژی هەنە . | (هەڤاڵناڤێ دارژاو + ژی) |

ج- ل گەل چاوگی دەردکەڤیت ، وەکی:

| | |
|---|---|
| خواندن ژی کارەکێ باشە. | (چاوگێ سادە + ژی) |
| دەرچوون ژی یا ب ساناهی نینە. | (چاوگێ دارژاو + ژی) |
| ئەو ب گازیگرنێ ژی ناهێت . | (چاوگێ لێکدراو +ژی) |

د ـ ل گەل هەڤالکاری بکاردهێت ، وەکی:

من د پەرتوکێ ژیدا دیت . (هەڤالکارێ جهی + ژی)

بەیار سوباهی ژی دێ هینیت . (هەڤالکارێ دەمی + ژی)

ئەو ب ساناهی ژی ناهێت . (هەڤالکارێ چەوایێ+ ژی)

هـ ـ ل گەل هندەك جورێن جهناڤان دەردکەڤیت ، وەکی:

ئەزژی[٤] دێ گەهم . (جهناڤێ کەسییێ جودا+ژی )

خوشکا خوژی هینا . (جهناڤێ خوی +ژی)

کی ژی هات ؟ (جهناڤێ پرسیارێ+ژی )

ئەز چووم ژی . (جهناڤێ کەسییێ لکاو +ژی)

ئەڤەژی کارە . (جهناڤێ نیشانێ + ژی)

ئەگەر فلان ژی بهێت باشترە. (جهناڤێ نەدیار +ژی)

و ـ ل گەل هەمی تاف و رێژە و شێوێن ئەرێ و نەرێ یێن کاری دەردکەڤیت [٥]، وەکی :

ئەو چووژی . ( ڕابردوویێ سادە)

ئەو چووبووژی . (ڕابردوویێ دوور)

ئەو نەچوویەژی . (ڕابردوویێ تەواو )

ئەو دچووژی . (ڕابردوویێ بەردەوام )

ئەو دچیت ژی . (دەمێ نهو )

ئەو دێ چیت ژی . ( دەمێ دهێت )

ز ـ ل گەل هندەك ئامرازان دەردکەڤیت ، وەکی :

یان ئەز دێ چم یان ژی ئەو دێ چیت.

ب- مۆرفیما (ـ ژی) ژ لایێ سینتاکسیڤە :

د چارچوڤێ سینتاکسێدا (ـ ژی) رولەکێ چالاك دگێریت، ژبەر ڤێ دێ تیروژکێ بەردەینە سەر ڤێ مۆرفیمێ ژ لایێ سینتاکسیڤە دا تایبەتی و ئەرکێ وێ د سینتاکسێدا دیاربیت، ژ تایبەتیێن (ـ ژی) :

ل گەل هندێ کو مۆرفۆسینتاکسەکا چالاکە، هەروەسا تاکە مۆرفیما ڕێزمانیە کو دشێت بهێتە زێدەکرن ل سەر فرێزا (نافی، کاری، هەڤالنافی، بەند) و چو مۆرفیمێن وەکهەڤێن وێ د گوڤەرا بەهدینیدا نینە ، وەکی :

هاڤین ژی هات . (فرێزا نافی + ژی)

هاڤین هات ژی . (فرێزا کاری+ ژی)

قوتابیێ زیرەك ژی هات. (فرێزا هەڤالنافی + ژی)

زاروك د باخچەی ژیدا یاریان دکەن. (فرێزا بەند + ژی)

د چارچوڤێ فرێزێدا ــ ڤێجا هەر چ جوربیت ــ هەردەم ئەرکێ دیارکەرێ پاش سەرە (تەواوکەر)ی دبینیت ، وەکی :

ئەو دوو قوتابی ژی ( سەرە + دیارکەر(ژی))

ئەو کەفت ژی . (سەرە + دیارکەر(ژی))

بۆ هندەك جورێن فرێزان ب تاكە مۆرفیما رێزمانی دهێتە هژمارتن ، كو دشێت ئەركێ دیاركەری وەرگریت [ ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو ٢٠٠٩ : ٧٧] ،وەكی :

خوش دەلیڤەژی .

ئەگەر چەند دیاركەرەك ل گەل ئێك هاتن ل پشت سەرەیێ فرێزێ ــ ڤێجا چ ب شێوێ مۆرفیمێن سەربەخوبن یان مۆرفیمێن بەندێن رێزمانی بن ــ مۆرفیما (ـ ژی) دێ چیتە سەر دیاركەرێ دوماهیێ و هەر وەكی دیاركەرەكی رۆلێ خو دێ بینیت، وەكی:

ڕاگرێ كولیژا زانستێن ... ژی ،

سەرە+دیاركەر+دیاركەر...دیاركەر

ئانكو هندی فرێزا سادە مەزنبیت ئەگەر مۆرفیما (ـ ژی) هات هەردەم دێ چیتە دوماهیا فرێزێ .

١- ئەگەر فرێزا لێكدایبیت ، مۆرفیما (ـ ژی) نەشێت ل گەل هەردوو سەرەیان دەركەڤیت، وەكی :

*من ئەڤین ژی و دلڤین ژی گەهاندن.

د شێوێ فرێزا ئالۆزدا ل گەل وان دەردكەڤیت، ب ڤی رەنگی :

من ئەڤین و دلڤین ژی گەهاندن.

(سەرە + و + سەرە + دیاركەر)

٢- دمێ مۆرفیما (ـ ژی) د چیتە سەر فرێزا (ناڤی، كاری، هەڤالناڤی، بەند)، پێدڤی ب چو مۆرفیمەكا دۆخێ خستنەسەرێ نینە ، چونكی ئەو ب خو مۆرفیمەكا رێزمانیە، دشێت ل گەل سەرەیێ ڕووت دەركەڤیت و دشێت ل گەل سەرەیێ ب دیاركەر ژی دەركەڤیت ، وەكی:

چەكدار ژی ، (سەرە + ژی )

جەكدارێ برایێ تە ژی ، (سەرە + ێ + دیاركەر+ ێ + دیاركەر + ژی)

٣- د چارچوڤێ ئێك ڕستەدا مۆرفیما (ـ ژی) بەهرا پتر ئێك جار بكاردهێت، گەلەك ب كێمی د ڕستەكێدا دووبارەدبیت ، وەكی :

نەسرینێ ژی تو و هەڤالێن تە ژی دیتن .

بەلێ د ئێك ڕستەدا نەشێت ل گەل فرێزا ناڤی و كاری دەركەڤیت، وەكی :

*نەسرینێ ژی هات ژی.

٧- د چارچوڤێ ڕستێدا مۆرفیما (ـ ژی) شیانا دەركەفتنێ هەیە ل گەل هەمی ئەندامان ــ چ د سەرەكی یان نە سەرەكیبن ـ مەرەم ل ڤێرێ نە د ئێك ڕستەدا، بەلكی د ڕستێن جوراوجوردا ، وەكی :

ـ دشێت ل گەل بكەری دەركەڤیت ،وەكی :

ئارین ژی نڤست .

ـ دشێت ل گەل هەدوو جورێن بەركاری ( ڕاستەوخو و نەراستەوخو) دەركەڤیت، وەكی :

وی ئارام ژی هنارت.

سوزانێ دیاری بۆ تە ژی كری.

ـ دشێت ل گەل دیاركەری دەركەڤیت ، وەكی :

پیدڤیە خودانێ خانی ژی ببینی .

- د بوارێ فرێزا (ناڤ، كار، هەڤالناڤ) یدا، دشێت ل گەل سەرەی دەركەڤیت ، وەكی :

ڕێڤەبەر ژی نەهاتیە. (فرێزا ناڤی)

ئەو گەهشت ژی (فرێزا كاری)

ترومبێلا كەڤن ژی فروت. (فرێزا هەڤالناڤی)

د بوارێ فرێزا بەنددا نەشێت ل گەل سەرەی دەركەڤیت، بەلێ پشتی تەواوكەرێ وێ دهێت (٦)، وەكی :

وان بۆ هاندەران ژی كوچكر . (فرێزا بەند)

- د چیتە سەر هەڤالكاری ، وەكی:

كێ د ژورڤە ژی بەلاڤەكرن؟ ( هەڤالكارێ جهی)

مە ئێڤاری ژی بر . (هەڤالكارێ دەمی)

هیڤی ب لەزژی چوو. (هەڤالكارێ چەوایی)

- ل گەل تەواوكەرێ نە راستەوخو دەردكەڤیت ،وەكی:

ئەو دێ بیتە ماموستا ژی .

٨-ژ ئـەركێن گـرنگێن مۆرفیمـا (ـ ژی) د چارچـوڤێ سینتاكسـێدا، دەستنیشـانكرنا سـنورێ فرێزێیـە ژ دوماهیێڤــە، چــونكی دەمــێ ل دومــاهیێ دەردكــەڤیت، وێ فرێــزێ دادئێخیــت و چ دیاركــەرێن دی وەرناگریت، بۆ نموونە:

فەرمانبەرێ رێڤەبەریا ڤەگوهازتنێ ژی گەهشت.

فەرمانبەرێ رێڤەبەریا ڤەگوهازتنێ گەهشت ژی.

٩- هەر چەندە هندەك ژ مۆرفیمێن رێزمانی ژ لایێ سینتاكسێڤە دەربرینێ ژ رێككەڤتنا د ناڤبەرا سەرە و دیاركەریدا دكەن [ محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید قادر ٢٠٠٦: ٤٩]. بـەلێ مۆرفیمـا (ـ ژی) چو جورێن رێككەڤتنێ دەرنابریت ل گەل وی سەرەیێ ل گەل دەردكەڤیت.

**سێ: مۆرفیما (ـ ژی) ژ لایێ واتاییڤە:**

دەمی مۆرفیما(ـ ژی) ل گەل ئەندامەكێ رِستێ دهێت، ل دویڤ وی چارچوڤێ تێدا دەردكەڤیت ، واتایێن جوراوجور ددەتە پالێ وی كەرستێ ل گەل هاتی و ژبەر كو واتا تشتەكێ چارچوڤەكری نینـە، ژبـەر هنـدێ دەمـێ مۆرفیما(ـ ژی) ل گەل كەرستەكی دهێت هـەرئێك جورە واتایـەكی ددەتـە پـالێ ، چونكی هـەر ئێـك ب شـێوەكی لێتێدگـەهیت . ئەڤەیـە وەتكـەت كـو ل دویـڤ جورێ كەرسـتەی (كـارێ بـوری ، كـارێ خـودان ئەسـپێكت، كـارێ نەبوری، ناڤ) واتایا (ـ ژی) بهێتـە گوهورین . مۆرفیما (ـ ژی) واتـایێن جوروجـور دبەخشـیت وەكـی (پشكداری، تەواوی، ئیزافە) كو هەمی ڤەرێژن بۆ واتایا جەختكرنێ .

ب شێوەكی گشتی جەختكرن كریارەكە ئاخفتنكەر بكاردهینیت بۆ پشتراستكرن و پەیـداكرنا بـاوەریێ و نەهیلانا گۆمان و دل نەرەحـەتیێ ل دەڤ گوهـداری. ژ لایـێ زمانیڤـە جـەختكرن پرۆسـەكا زمانییـە ب شـێوازێن زمانین جوراوجور دهێتە دەربرین وەكی (ئاوازە ، مۆرفیم، واتا) هەر ئێـك ژ ڤـان یاسـا و تایبـەتین خـو هەنـە ب ڤان شێوازێن هەمەجور، مۆرفیما (ـ ژی) جەختكرنێ جێبەجێدەكەت . ژ بەر هندێ ژ لایـێ واتاییڤـە دێ زاراڤـێ

(مۆڕفیما جەختکرن)ێ [٧] بۆ ناڤکرنـا (ـ ژی) بکارهینین ، چـونکی ئـەڤ زاراڤـە ڕێکدکـەڤیت ل گـەل وی ئـەرکێ ئەنجامددەت هەروەسا زاراڤەکێ گشتگیرە، ئانکو دەربرینێ ژ وان هەمی واتایان دکەت یێن (ـ ژی) دەردبریت .

ژینگەها دروستا دەرکـەڤتنا (ـ ژی) رسـتا نەسـادەیا دەڤیـە، ژبـەرکو دەق یەکەیـەکا واتاییـە پـتر و واتایا مۆڕفیما (ـ ژی) دشێت رونکەت، ژبەر ڤێ ئێکێ مە ب فەری دیت ، کو ل دویڤ رێبازا وەسفی لایـەنێ واتـایی یـێ مۆڕفیما (ـ ژی) ب دەینە دیارکرن .

ل ڤێرێ و ل دویڤ جورێ کەرستەی، دێ وان واتایان دیارکەین ئەوێن مۆڕفیما (ـ ژی) پەیدادکەت:

١- ئەگەر کار د دەمێ بوریدابیت ب تایبەتی چ ئەسپێکت ل گەل دەرنەکـەفتبن، د ڤـی دۆخیـدا (ـ ژی) دێ واتایا تەواوییێ بەخشیت، بۆ نموونە:

سەرەرای هندێ کو زوی نەدهات، بەلێ ئەو زوی گەهشت ژی.

د ڕستا سەریدا (گەهشت) کارەکە د دەمێ بوریێ نێزیکدایە ژ لایێ ڕێزمانیڤە، بەلێ ژ لایێ واتایڤـە (ـ ژی) وەسا کارێ گەهشت ددەتە دیاکرن ،کو یێ تەواوبووی و بدوماهیك هاتیە.

٢- ئەگەر کار د دەمێ بوریـدابیت و ئەسـپێکتێن (تـەواوی، دووری، بـەردەوامی)ل گـەل هـاتبن، دەمێ(ـ ژی) ل گەل ڤان جورێن کاران بکاردهێت دێ واتایا وان ئەسپێکتان جەختکەت ، بۆ نموونە :

... مە ئەو نەهنارتیە ژی .

... هەڤالی ئەو دیتبووژی .

... ئەز دچووم ژی .

د ڕسـتێن سـەریدا (ـ ژی) بکارهاتیـە بـۆ جـەختکرنا وان واتـاییێن ڕێزمـانی ،ئـەوێن ژ ئەسـپێکتان دورستبووین ، ئانکو د ڕستا ئێکێدا (ـ ژی)هاتیـە بـۆ جـەختکرنا تـەواوبوونا کاری، د ڕسـتا دووێدا بـۆ جەختکرنا دووریا ئەنجامدنا کارێ (دیت) هاتیە، د ڕستا سێییێدا بۆ جەختکرنا بەردەوامیا کارێ (چوو) د دەمێ بوریدا، بکارهاتیە. ئەڤەژی دزڤریتە وێ چەندێ، چونکی ئەڤ ئەسپێکتە هێـزێ بـۆ خـو دکێشـن ژبەر هندێ دەمێ(ـ ژی) ل گەل بکاردهێت جەختێ ل سەر واتایا ڕێزمانیا ڤان ئەسپێکتان دکەت.

٣- ئەگەر کار د دەمێ رانەبردوودابیت، ڤێجا دەمـێ نهـو یـان ئاینـدەبیت، مۆڕفیما (ـ ژی) ل گـەل ڤـی جورێ کاری دێ ڕامانا ئیزاڤێ دەت د دەمێ نهو یان ئایندەدا ، بۆ نموونە :

... ئەوا دنڤیسیت ژی .

... ئەز دنڤیسم ژی .

... بێریڤان دێ هاژوت ژی.

د ڕستا ئێکێدا (ـ ژی) واتایا ئیزافێ ددەت ئـانکو کـارەك هاتیەکرن،ئەڤـە کـارەکێ دی ژی وەکـی (دنڤیسیت) دهێتەکرن، واتا کارەکی ئیزافێ دهێتەکرن، د ڕسـتا دووێ و سـێییێدا (ـ ژی) بکارهاتیـە بۆ ئیزافەکرنا (نڤیسین و هاژوتن)ێ ل سەر هندەك کاران کو بەری نهو هاتینەکرن.

٤- ئەگەر کاری مۆڕفیما دووبارەکرنێ (ەڤە) ل دوماهیا وی هاتبیت، بۆ نموونە:

... نەسرین هاتەڤەژی.

د ڕستا سەریدا (ـ ژی) بکارهاتیە بۆ جەختکرنێ ل سەر تەواوبوونا کاری هاتیەکرن .

٥- ئەگەر (ـ ژی) ل گەل هەر ئەندامەکێ ڕستێ هات ـ ب تنێ کار تێنەبیت ـ د ڤی باریدا (ـ ژی) دێ واتایەکا دی دەت ل دویف دەمێ کاری .بۆ نموونە :

ژبلی نارینێ نەسرین ژی کەفت.

د ڕستا سەریدا (ـ ژی) ڕامانا پشکدارییێ ددەت ،ژبەرکو کارێ بوریە د هەمان دەمدا جەختکرن ژی ئەنجامدایە، چونکی کارێ (کەفت) ڕویدایە و ب سەرڤەچوویە، دەمێ ئاخفتنکەر د ئاخڤیت ب پشتراستی پشکداریا نەسرینێ د کەفتنێدا دیاردکەت و گومانێ ل دەڤ گوهداری ناهێلیت، ژبەر هندێ دێ بێژین (ـ ژی) د ڕستا سەریدا جەختێ ل سەر واتایا پشکدارییێ دکەت .

٦- ئەگەر کارێ ڕستێ د دەمێ ڕانەبردوودابیت، دەمێ(ـ ژی) ل گەل فرێزا ناڤی دەردکەڤیت ،دێ ب تنێ ڕامانا پشکدارییێ دەت ، بۆ نموونە:

ژبلی نارینێ نەسرین ژی دێ کەڤیت.

د ڕستا سەریدا (ـ ژی) ب تنێ ڕامانا پشکدارییێ ددەت و نەشێت ڕامانا جەختکرنێ دەربریت، چونکی کاری هێشتا ڕوینەدایە و ئاخفتنکەر نەشێت پڕۆسا کەفتنا نەسرینێ بسەلمینیت .

٧- (ـ ژی) ب ئێك ژ نیشانکارێن دەڤی دهێتە هژمارتن، کو ب ئەرکێ پێکڤەگرێدانا کەرستێن دەڤی رادبیت، چونکی پێکڤەگرێدان (بەستن) پەیوەندیەکا واتاییە، (ـ ژی) ئێکە ژ وان کەرستێن ، کو ڕستێن پەیوەندیدار ژ لایێ واتایڤە پێکڤەگرێددەت[ قەیس کاکل توفیق ٢٠٠٢ : ٢١٩] ،بو نموونە:

ئازاد سەرکەفت و نەسرین ژی دێ سەرکەڤیت.

**پەراوێز :**

١- ب تنێ د دوخەکیدا دوو ئامراز پێکڤە دهێن ، ئەوژی ئەگەر ئامراز ژ لایێ پێکهاتنێڤە یێ لێکدایی بوو، ئانکو ژ دوو ئامرازان یان پتر پێکهاتبیت ، وەکی : هەتا کو ، ئانکو ، ژ بەر هندێ ، ل گەل هندێ ... هتد .

٢- بۆ پتر پێزانینان ل دور ئامرازێن بەستنێ و ب تایبەت ئامرازێ لێکدەر تایبەتیێن وی بنێرە [ رەفیق محەمەد محێدین شوانی،٢٠٠٣ ].

٣- د کرمانجییا ناڤەراستدا مۆرفیما (ش / یش)ل جهێ مۆرفیما(ـ ژی) بکاردهێت و ل ژێر کاتێکرنا ڤی زارەی ل دەڤەرا ئاکرێ و دەوروبەرێن وێ ژی مۆرفیما(ش/یش) بکاردهێن ،چونکی دەڤەرێن سنورینە ل گەل زارێ کرمانجیا ناڤەراست.

٤- (ئەژی) ل جهێ (ئەززی) بکاردهێت، ئەڤەژی دزڤریت بۆ [ز] کو دەنگەکێ گرە و [ژ] و ژ لایی سازگەهیڤە گەلەك ژێك نێزیکن ژبەرهندێ [ژ] ل جهێ وی بکاردهێت.

٥- بۆ پتر پێزانینان ل دور جورێن تاڤ بنێرە [بائیز عومەر ئەحمەد ٢٠٠٢] .

٦- ئەگەر ئامرازێ پەیوەندیێ دووپرت بیت وەکی (د ـ دا، ب ـ ڤە ، د ـ را ...هتد) ، ل ڤی دەمی مۆرفیما (ـ ژی) دکەڤیتە پێش پاشپرتکا ئامرازی چونکی دەمێ ئەڤ ئامرازە بکاردهێت دەستپێك و دوماهیکا فرێزێ دەستنیشاندکەت ژبەرهندێ ب تنی د ڤی دۆخیدا (ـ ژی) دکەڤیتە پێش پاشپرتکا ئامرازێ پەیوەندی ،بۆ نموونە :

من د لاپەرێ ژیدا نڤیسی.

٧- مە زاراڤێ (جەختکرن) هەلبژارت ژبەر دوو ئەگەران ،ئەگەرێ ئێکێ چونکی ل دیڤ بۆچوونا ژمارەکا زمانزانان زاراڤەکێ وەکی (دووپاتکرن) واتایا دووبارەکرنێ ددەت و ئەگەرێ دووێ د فەرهەنگێدا بەرامبەر زاراڤێ جەختکرن (توکید)بکارهاتیە.

**ئەنجام :**

١- مۆرفیما (ـ ژی) ، مۆرفیمەکا چالاکە ل گەل بەهرا پترا مۆرفیمێن رێزمانی دەردکەڤیت ژبلی مۆرفیمێن (ناسیاری، گازیکرن، خستنەپالێ) نەبیت، گەلەك کێم ل گەل ئامرازان دەردکەڤیت .

٢- ژ لایێ مۆرفولوژیڤە تاکە مۆرفیما بەندا رێزمانییە کو دشێت بچیتە سەر بەهرا پترا پشکێن ئاخفتنێ ، وەکی ( ناڤ ، جهناڤ ، هەڤالناڤ ، کار ، هەڤالکار ، چاوگ ، ئامراز).

٣- ژ لایێ سینتاکسیڤە دەمێ ئەرکێ دیارکەرێ پاش سەرەی دبینیت، د هەمان دەمیدا سنورەکێ بۆ بەرفرەهبوونا فرێزێ دیاردکەت. ل گەل فرێزا ناڤی یا سادە هەردەم دکەڤیتە دوماهیێ و بتنێ دشێت جارەکێ ل گەل دەرکەڤیت، هەروەسا دشێت بچیتە سەر هەمی ئەندامێن (سەرەکی، نەسەرەکی) یێن رستێ.

٤- ژ لایی واتایڤە مۆرفیما (ژی) ل گەل هەر جورە فرێزەکێ واتایەکێ دبەخشیت، ئەڤ واتایە ژی د گرێدایە ب جورێ فرێزێڤە کا یا ناڤییە یان کاریە و تافێ کاری و هاتن ونەهاتنا ئەسپێکتان .

٥- د چارچوڤێ رستێدا (ـ ژی) بەهرا پتر جارەکێ دهێت، ل گەل هەمی جورێن فرێزا ژی دەردکەڤیت، و رولێ تەواوکەری دبینیت و پێدڤی ب مۆرفیما دوخێ خستنەسەرێ نینە.

ژێدەر :

١- بائیز عومەر ئەحمەد ، تێنس لە دیالێکتی ژوورووی زمانی کوردیدا (گوڤەری بادینی) ، ناما ماستەر، کولیجی ئاداب ، زانکوی سەلاحەدین، هەولێر ، ٢٠٠٢.

٢- جگەر خوین ، أوا ئو دەستورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ .

٣- رەفیق محەمەد محێدین شوانی ،ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ، دەزگایی چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .

٤- صادق بهاء الدين ئامیدي ، رێزمانا کوردی کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری ، چاپا یەکێ ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بەغدا ، ١٩٨٧.

٥- ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو ، تایبەتیێن هەڤالناڤی د زمانێ کوردیدا (دیالێکتا سەری - گوڤەرا بەهدینی)، ناما ماستەرێ(نەبەلاڤکری)،کولیژا ئادابێ ، زانکویا دهوك ، دهوك ،٢٠٠٩.

٦- قەیس کاکل تۆفیق ، پەیوەندییەکانی نێو دەق ، نامەی دکتورا(نەبلاوکراو) ، کولیژی ئاداب ،زانکوی سەلاحەددین، ٢٠٠٢ .

٧- ك.ك.کوردۆییێڤ، رێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێران کوردستان موکریانی ، چاپخانەی ألادیب البغدادی ، ١٩٨٢.

٨- محەمەد مەعرووف فەتاح و سەباح رەشید قادر،چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆژی کوردی ، چاپخانەی روون ،سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٩- محمد طاهر گوهەرزی ، رێزمانا کوردی (زارێ کرمانجی) ،چاپا ئێکێ ،چابخانا خەبات ، دهوك ،١٩٩٩.

١٠- نازەنین جەلال ئەحمەد، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا (لە رۆی روخسارو و ناوەرۆکەوە )،نامەی دکتورا(نەبلاوکراو)، کولێجی پەروەردە - ئیبن روشد، زانکوی بەغدا ، بەغدا ، ٢٠٠٤.

١١- نەسرین عەبدوللا محەمەد تاهر ، هندەك جیاوازیێن زمانی د ناڤبەرا دەڤوکێن دهوك و ئاکرێدا ، ناما ماستەرێ(نەبەلاڤکری) ،کولیژا ئادابێ ، زانکویا دهوك ، دهوك،٢٠٠٩.

١٢- ویلەرم . ساکستون، رێزمانا کوردیا کورمانجی (دگەل هندەك دەڤێن خواندنێ) ، وەرگێران فاخر عمر محمد ، چاپا ئێکێ، چاپخانا زانکویا دهوك ،دهوك ،٢٠٠٩.

**الخلاصة:**

هذه الدراسة الموسومة بـ (مورفيم (- ژی) في اللهجة الفرعية البهدينية)) تتمحور حول المورفيم المذكور من عدة جوانب منها (الصرفية، النحوية، الدلالية) ، اذ ان عدم وجود دراسات موسعة حول (- ژی) دفع بالباحثة الى اختياره كموضوع للدراسة ، وقد تم الاستعانة بالمنهج الوصفي لتحليل الامثلة .

ان البيئة الاصلية لظهور (- ژی) هي الجملة غير البسيطة النصية لانها دائما ما ترتبط بعلاقة دلالية بعنصر اخر في جملة سابقة وهذا مما ادى الى ان يكون لها عدة دلائل ، هذا بالاضافة الى الناحية القواعدية لهذا المورفيم . في نهاية البحث تم عرض اهم النتائج التي توصلت اليها الباحثة .

## Abstract

This studies called (morpheme (- zhi) in Al Bahdini sub - dialect) centered on ALmorpheme mentioned in several respects, including (morphological, syntactic, Semantics), as the lack of extensive studies on the (- zhi) Payment researchers to chosen as the theme of the study, the descriptive approach was used to analyze the examples.

The original environment for the emergence of (- zhi) is a non-simple sentence text because it is always going to have a Semantics relationship of another element in the previous sentence and this leading to have several significant, in addition to the grammar of this ALmorpheme. At the end of the research there has been the most important results of the shown .

# چەند تایبە تمەندییێن دەنگێ کپێ [ ت] د فۆنۆلۆژییا زمانێ کوردیدا

د. عبدالوهاب خالد موسى

زانکۆیا زاخۆ

فەکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی

پشکا زمانێ کوردی

**پۆختە:**

ب شێوەکێ گشتی دەنگێن کپ خودان سیمایێن خۆیێن تایبەتن ژ لایێ دروستبوون و درکاندنێڤە، هەر ئەڤ تایبەتمەندیا وان بوویە ئەگەرێ پەیدابوونا چەند دیاردێن بەرچاڤ د یاسا و دەستوورێن بکارهینانا واندا. زۆر جاران ژ لایێ لێکۆلەرێن فۆنۆلۆژییا کوردیڤە ب ڕەنگەکێ مژاوی سەرەدەری ل گەل ڤان جۆرە دیاردان هاتیەکرن.

د ڤێ لێکۆلینێدا, ل دەستپێکێ سروشتێ دروستبوون و درکاندنا دەنگێن کپ هاتیە دیارکرن، پاشی بڕگە ژ هەردوو ئاراستێن فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیڤە هاتیە باسکرن ئەڤەژی ب وێ مەبەستێ کو سیمایێن دەنگان د بڕگێدا پتر خویادبن نەخاسمە ژی دەمێ بڕگە دکەڤیتە د چارچووڤێ ئاخفتنێدا، هەر بۆ ڤێ چەندێ لێکۆلینێ پەنا بریە بەر ئەواندیاردێن (یاسایێن) فۆنۆلۆژیێن تایبەت ب پێکڤەهاتن و گوهۆڕینا دەنگێن کۆنسۆنانتێن زمانێ کوردی.

ژ بۆ وێ ئارمانجێ کو لێکۆلین یا بەردەست بیت و ژ سنورێ خۆیێ دیارکری دەرنەکەڤیت، دەنگێ کۆنسۆنانتێ کپ [ت] وەکو نموونە بۆ مژارا پراکتیکی و سەرەکییا ڤێ لێکۆلینێ هاتیە دەستنیشانکرن کو ب بۆچوونا لێکۆلەری ئەڤ دەنگە ڕۆلەکێ بەرچاڤ د ڤی بواریدا دگێڕیت. ل دوماهیێ ژی لێکۆلین ب چەند ئەنجام و پەراوێز و ژێدەران ل گەل کورتیەکێ ب هەردوو زمانێن عەرەبی و ئنگلیزی ب دوماهی هاتیە.

**ناڤەرۆك:**

ئەڤ لێکۆلینە یا هاتیە دابەشکرن بۆ سەر ڤان تەوەرێن ل ژێری:

١- دەنگ د سنورێ فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییێدا.

٢- بڕگە.

٣- یاسایێن گوهوڕینا دەنگان.

٤- ئەنجام.

٥- پەراوێز و ژێدەر.

٦- کورتییا لێکۆلینێ ب هەردوو زمانێن عەرەبی و ئینگلیزی.

(١) دەنگ د سنورێ فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییێدا:

( ١-١ ) دەنگ د سنورێ فۆنەتیکێدا:

د سنورێ فۆنەتیکێدا ژ سێ روویانڤە سەرەدەری ل گەل دەنگی دهێتەکرن:

أ- دروستکرنا دەنگی (درکاندن).

ب- ڤەگوهازتنا دەنگی (هنارتن).

ت- بهیستنا دەنگی (وەرگرتن)[١].

دەنگ دهێتە هژمارتن ب كەرەستێ هەرە سەرەكیێ زمانی، بەلێ زۆرا گرنگە (دەنگ) ب شێوەیەكێ گشتی ژ (دەنگێن زمانڤانی) بهێتە جوداكرن، كەواتە بۆ دیاركرنا ڤێ چەندێ پێدڤییە دەمێ: ((لێكۆلینێ ل سەر دەنگی بكەین، دڤێت بزانین ئایا كیژ ئەندامێن ئاخڤتنێ وەكو (لێڤ، ددان، پدی، پەحنكا رەق، پەحنكا نەرم، سەرێ ئەزمانی، نیڤا ئەزمانی، ...) پشكداریێ د دروستكرنا دەنگێن جیاوازدا دكەن؟. سروشتێ فیزیكیێ هەر دەنگەكی ژ وان یێ چاوایە؟ و چ هۆكارێن فیزیكی دبنە ئەگەر، كو دەنگەكێ زمانی یێ جودابیت ژ دەنگێ دیترێ زمانی؟ و چاوا گوهدار ئەوان دەنگان وەردگریت و چاوا شرۆڤە دكەت؟ بۆ مەبەستا گەهاندنێ د زمانەكێ دیاركریدا))[٢].

گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکەمان لە بەشی پراکتیکیدا هاتەڕوو، ئەویش لەبەر ئەوەی چاپە جیاجیاکانی دیوانی شێخ ڕەزا هەموویان لە ژمارەی شیعرەکانیاندا یەکسان نین، لەبەرئەوە ناچاربووین سەرجەم دیوانەکان پێکەوە بەراوردبکەین و، نموونەکان لە یەك چاپی هەرە گشتگیر هەڵبژێرین.

توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك خراوەتەڕوو، گرنگی هاوسەنگیی نێوان ئەم دووانە ڕوونکراوەتەوە، پاشان تەکنیك و سەروای شیعرەکانی توێژراوەتەوە، کە تاك بەیت و سێین و چوارین و پێنجین و پێنج خشتەکی و مولەممەع و پارچە و غەزەل و قەسیدە دەگرێتەوە، نموونە بۆ هەر کامیان هێنراوەتەوە.

بەشی دووەمیش بۆ زمانی شیعرەکانی تەرخانکراوە و، لە پێشدا باسی چەمکی زمانی شیعری و جیاوازیی لەگەڵ زمانی ئاسایی کراوە، دوای ئەوە کورت و پوخت لە زمانی شیعری شێخ ڕەزا توێژراوەتەوە و، بە نموونەی شیعرەکانی، ئەو وشە کوردی و عەربی و تورکیانەی بەکاری هێناون، دیاریکراون.

بەشی سێیەمیشمان تایبەت کردووە بە کێشی شیعرەکانی... لەم بەشەدا پاش ڕوونکردنەوەی گرنگیی کێش لە شیعردا، باسی بایەخی کێشمان لە ڕوخساری شیعردا کردووە و، لە کۆتاییدا بە نموونەوە ئەو کێشانەی شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، دیاریمان کردوون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشماندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بە دەستهاتوون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# ڕوخساری شیعرەکانی

## پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی شیعرەوە کراون ڕوخسار و نێوەرۆکیان لێك جیاکردووەتەوە و، بە جیا لە هەریەکەیان توێژیوەتەوە، ئەمەش بە نسبەت توێژینەوە کارێکی ئاساییە. ئەگەر مەبەست لێی ڕوونکردنەوە و ئاسانکاریی بێت بۆ تێگەیاندن و حاڵی کردنی خوێنەر.

بەڵام دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین، کە دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی تۆکمە و لێك دانەبڕاوە و بە یەکگرتوویی لە هەست و نەستی کەسانی خاوەن بەهرە و سەلیقەی هونەری دێتەدەر و، ناکرێت بەش بەش و لێك جیا بکرێتەوە. ڕوخسار و نێوەرۆکیش هەردووکیان لە خزمەتی دەقی ئەدەبیدان و، ڕوخسار دیوی دەرەوەی دەقە و جەستەی نێوەرۆکە. نێوەرۆکیش کاکڵەی بیر و مەبەستی نووسەرە. پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆکیش لە شیعردا لە سەر بنەمای خزمەت و لێك نزیکبوونەوە دامەزراوە، نەك دژایەتی کردن و دوورکەوتنەوە.

هەموو نێوەرۆکێك ڕوخسارێکی تایبەت بە خۆی دەخوازێت، چونکە ((بیر بە تەنیا ناتوانێ گوزارشت لە واتا و مەبەستەکان بکات کە لە لای هەڵگری ئەو بیرە هەیە، دەبێت ئاوێتە و تێکەڵاوی زمانێك بێت و لە شێوازێکی لەبار و گونجاودا))[١]. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((پێوەندییەکی دوو سەرەی توندوتۆڵ لە نێوان ڕوخسار و نێوەرۆکدا هەیە، تا هاوسەنگی و گونجانی نێوان ئەو دووانە زیاتر بێت، دەقەکە جوان و بەرزتر دەبێت و، بە پێچەوانەشەوە لاسەنگیی نێوانیان زیان بە ڕەونەق و جوانیی دەقەکە دەگەیەنێت))[٢]، ئەگەر لەو ڕوانگەیەشەوە سەیری شیعر بکەین، کە ڕێگا تاریکەکان بۆ خەڵك ڕووناك دەکاتەوە و، چێژ و خۆشی بە دڵ و دەروونی خوێنەر دەبەخشێ و شادی هێنەرە بۆ دڵەکان، ئەوا دیسانەوە وشە و وێنەی شیعرییە، کە دەتوانن هەموو ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن، بۆیە شاعیر دەبێت هەردەم ڕەچاوی گرنگی وشە بکات و بزانێ لە شوێنی خۆیدا بەکاری بهێنێ و، وەستایانە وێنەی ڕەنگین و ڕازاوەی لێ دروست بکات[٣].

ئەم ڕاستییەش لە مێژە هەستی پێ کراوە، ئەوەتا (شێخ محەمەدی خاڵ) بەم جۆرە پێناسەی شیعر دەکات و، پێی وایە ((شیعر قسەیەکی ڕێك و پێکی زۆر جوانە کە لە دڵ و دەروونی هێندێ کەسی خاوەن خوادادەوە هەڵ دەقوڵێ بۆ سەر زمان، لە پەردە و کاڵایەکی موزیقی دا کە بە بیستنی مەردم دەکەوێتە جونبوش و جووڵە جووڵ))[٤]، بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی تەنها بۆ کات بە سەربردن و خۆشی و لەزەت وەرگرتن نییە، ڕوخساری جوان هەموو کات دەبێ نێوەرۆکێکی جوانی لەگەڵدا بێت و، بەپێچەوانەشەوە. چونکە ڕوخسار و نێوەرۆك پێوەندییەکی دیالێکتیکانەیان لە نێواندا هەیە و، یەکتر تەواو دەکەن و، هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی دیکەیان ناگونجێ و بەردەوام نابێت، جگە لەوەش هەر لە سەردەمی

---

[١] حەمە نوری عومەر کاکی ، شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، چاپخانەی تیشك ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٨ ، لا١٢.

[٢] سیروس شمیسا ، سبك شناسی شعر، انتشارات فردوس ، چ٤ ، تهران ١٣٧٨، ص٢١٤.

[٣] عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د) ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، لا١٣٩.

[٤] زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ،چاپی یازدەهەم ، چاپخانەی (بسمان) ، ١٤٢٣ك – ٢٠٠٢ز ، لا١٤٧.

یۆنانییە کۆنەکانەوە ئەرکی شاعیران دیاری کراوە، کە دەبێت مەبەستیان (سوود) یان (خۆشی) گەیاندن بێت بە خوێنەر یان هەردووکیان بە یەکەوە، بەجۆرێك لەو کاتەی کە خۆشی بە خوێنەر دەگەیەنێت، هەر لەو کاتەشدا هەندێك شتی بەسوود لە ژیاندا فێری خوێنەر بکات[٥]. بەو پێودانگەش ڕوخسار و نێوەرۆك، وەك دووتای یەك تەرازوو سەیر دەکرێن و، دەردەکەون.

بەڵام زۆربەی کات ڕوخسارە، کە زیاتر کار دەکاتە سەر خوێنەر و گوێگری شیعر و، دەیهەژێنێ و، وای لێ دەکات، کە نێوەرۆك و بەرهەمەکەی بەدڵ بێت، هەروەها زانایانی جوانناسیش جوانی دەگێڕنەوە بۆ ئەو لەزەتەی ڕوخساری دەرەوەی شتەکان لای ئێمە دروستی دەکەن[٦]، چونکە ڕوخسار لایەنی ئیستاتیکای هونەرە، ئەوە کە تام و چێژ بە شیعر دەبەخشێت و، لە قسەی بازاڕی دایدەبڕێت و وێنەی هونەری بەرجەستە دەکات و، سەرنجی خوێنەر و گوێگری شیعر بە لای نێوەرۆکدا ڕادەکێشێت، چونکە ڕوخسار و سۆز و ئەندێشەیە کە کار دەکاتە سەر خوێنەر و گوێگری شیعر و وایان لێ دەکات نێوەرۆکەکەی قبوڵ بکەن و بەپێچەوانەشەوە ڕوخساری ناشیرین و لاوازیشە، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر نێوەرۆك و خەڵکی لێ دوور دەخاتەوە[٧]. هەر ئەمەشە کەوای لە هەندێك کەس کردووە پێیان وابێت شیعرێك بە ڕوخسارێکی جوانەوە باس لە شتێکی خراپ و بێ کەڵك بکات زۆر لەو شیعرانە هونەری تر و چێژ بەخشترە ، کە باس لە شتی دانستە و نایاب دەکەن لە ڕوخسار و وێنەیەکی هونەری لاوازدا[٨]. چونکە بنەمای ئەدەب و، هونەر جوانییە، واتە: بەرگێکی پۆشتە و جوان بدرێت بە مەعنایەك، هەروەها نێوەرۆکیش بێ جوانی شێوە و ڕوخسار هیچ ئەرکێکی نییە، واتە: ڕوخسار و نێوەرك بە پێی مەبەستی شاعیر تەواوکەری یەکدین و، لەگەڵ یەکدیدا دەڕۆن[٩].

هەربۆیەشە ئەگەر وەك چنراوێکی زمانیش بڕوانینە شیعر، ئەوا دووبارە وشە و وێنەی هونەری ڕازاوەیە، کە سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت، بۆیە ڕوخسار زیاتر کاریگەریی لە شیعردا دروست دەکات ئەگەرچیش ڕوخسار و نێوەرۆك لە یەك جیا نابنەوە و، پێوەندییەکی تۆکمە و پتەو لە نێوانیاندا هەیە و، بە هەردووکیان دەتوانن وێنەیەکی ئەدەبی و هونەری تێر و تەسەل و، پڕ لە مانامان پێشکەش بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوخساری جوان و ڕازاوە دەتوانێت پەڵە و کەم و کورتییەکانی نێوەرۆك پڕبکاتەوە و، دابپۆشێت.

ئەوەتانێ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا کە شیعر سەلیقە و، وردەکاریی و، سەنعەت و، فێربوونە، وشەبازیی و گەمەکردنێکی زۆری بە وشە تێدا کراوە و، لە زۆر جێگەدا نرخی وێنە پێش نێوەرۆك خراوە، هەموو ئەو بایەخدانەش بۆ جوانکردنی ڕوخساری شیعری و، نیشاندانی توانست و دەستەڵات و، دەست ڕەنگینی خۆیان بووە لە شیعردا لە لایەن شاعیرانەوە، چونکە هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، کە ڕوخسارە زیاتر سەرنجی خوێنەر و خەڵك ڕادەکێشێت و، چێژ و خۆشیان پێ دەبەخشێت، وایان لێ دەکات ئەوەندە گوێ بەکەم و کورتی نێوەرۆك نەدەن.

---

[٥] هۆراس ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (حەمید عەزیز)، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم ، سلێمانی ٢٠٠٥ ، لا ٨ – ٩.

[٦] کەمال میراودەلی (د) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی (قانع) ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥ ، لا٢٨٧.

[٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦٧.

[٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٦٦.

[٩] حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠٠٨ ، ١٥٦.

گومانیش لەوەدا نییە، کە شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی هونەرییەوە لە شیعری نوێ و هاوچەرخ زۆر ڕەنگینتر و، گەورەترە. نێوەرۆکەکەی هەر شتێك بێت ڕوخسارەکەی زۆر دلگیر و بەهێز و سەرنج ڕاکێشە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە شاعیر زۆرجار شتی وای گوتووە، کە ڕەنگە هەر نەی کردبێ و، باوەڕی پێ نەبێت، بەڵکو تەنها ویستوویەتی توانست و، دەست ڕەنگینی خۆی لە هەموو بوارەکانی شیعردا تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە لە کۆنیشەوە باوەڕ وابووە کە نێوەرۆکی شیعر هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت، کە لە چوارچێوەی وێنەیەکی هونەریدا نەخرێتەڕوو و، لە گفتوگۆی ڕۆژانە دابڕ نەکرێت.

بێگومان ئەم دابڕکردنەش بە ڕازاندنەوەی ڕوخسار دێتەکایەوە هەر ئەمەشە، کە وای کردووە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بایەخێکی زۆرتر بە ڕوخسار بدەن و، دەست ڕەنگینی و، هونەرمەندیی خۆیانی تێدا بنوێنن و، لە زۆر جێگەدا نرخی وێنە پێش نێوەرۆك (محتوى) بخەن و، بە وێنەی هونەری و وشەکاریی جۆراوجۆر و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی شیعر برازێننەوە، لەگەڵ ئەو ماوە تەسکەش کە یەکیەتی بابەت دروستی کردووە، چونکە لە شیعری کلاسیکیدا یەکیەتی بابەت لە مابەینی دێڕە شیعردایە، بە پێچەوانەی شیعری نوێوە کە یەکیەتی بابەت بە سەر تێکڕای شیعرەکەدا دابەشبووە[10]. هەر لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین: کە شیعری کلاسیکی زیاتر بایەخی بە ڕوخسار و سۆز و ئەندێشەی شیعری داوە و بە وشەکاریی و وێنەی هونەری و هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژیی شیعریان ڕازاندووەتەوە. شاعیری کلاسیك ئەوەندەی گرنگی بە ڕوخسار داوە و لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە ڕوخساری جوان و، ڕەنگین بە بەر نێوەرۆکدا بکات، هێندە لە خەمی بیر و نێوەرۆکدا نەبووە، کە ئەمەش پێچەوانەی شیعری نوێیە، کە بایەخ و گرنگی شاعیران زیاتر بۆ بیر و نێوەرۆکە. نالیش جوانی و ڕوخساری زۆر مەبەست بووە و، تا ڕادەی گەیاندنی دەقەکانی بە شاکار، بایەخی پێ داوە، ئەوەتا (پیرەمێرد) دەڵێت: ((لە نەزەر نالی دا شیعر ئەسڵ و غایەیە، قەت بە وەسیلەی بەکارنەهێناوە))[11].

هەر ئەمەش وای کردووە، کە شەقڵی لاسایی کردنەوە لە شیعری کۆندا بە شێوازەوە ئاشکرا دەرکەوێت و، هەموو ئەو ئارەقەی، کە شاعیر ڕشتوویەتی لە نێو ڕازاوەیی هەڵبەستەکەدا دەرکەوێت، چونکە شاعیری تازە ئەوەندەی شاعیری کۆن لە هونەری ڕێکخستن و، گەمەکردن بە وشە و، چنینی وتەدا وەستا نییە[12].

شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی سەر بە قوتابخانەکەی نالیی و، وەك بڵاوکەرەوەی کڵپە و بڵێسەی ئەو قوتابخانەیە لە ناوچەی گەرمیاندا لەو پێوەر و باسانە بە دوورنین و، هەر زیادەیەك بۆ سەریان دەبێتە هۆی شێواندنیان و، دوورخستنەوەیان لە مۆرکی نەتەوەیی و، بە بەرداکردنی شێواز و بەرگی شیعری وڵاتە دراوسێ و بێگانەکانی کورد بە سەریاندا، کە لە مەودوا باس لە ڕوخساری شیعرەکانی دەکەین و، بە جیا هەریەك لە بابەتەکانی (قاڵب و قافیەی شیعرەکانی) ، (زمانی شیعری) ، (کێشی شیعرەکانی) دەخەینە بەرباس و توێژینەوە... .

---

(10) هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم ، دهۆك ٢٠٠٧ ،لا٢٧١.

(11) ئومێد ئاشنا ، شێوە و ناوەڕۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧ ، لا٢٠.

(12) هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، هەمان سەرچاوە ، لا٢٧٣.

## قاڵب و سەروای شیعرەکانی

هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە و، لای هەمووشمان ئاشکرایە، کە لە شیعری کۆندا نرخی وێنە پێش نێوەرۆك بووە و، بایەخی شاعیران بە بەراوردکردن لەگەڵ نێوەرۆك و بیری شیعری زیاتر بۆ ڕوخساری شیعری بووە و، لە بایەخی هەریەکە لە ڕوخسار و نێوەرۆکی شیعری دواین و، کاریگەرییەکانمان لە سەر بەرهەمی ئەدەبی و پێوەندیی نێوانیان خستەبەرچاو و ڕوونمان کردنەوە، جا ئێمەش ئەم بەشەی باسەکەمان بۆ خستنەڕووی هەریەك لەو قاڵبانەی کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، لەگەڵ سیستەمی سەروای هەر یەك لەو تەکنیکانە تەرخان دەکەین، چونکە یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی شیعری کلاسیك، کە لە شیعری نوێی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە شیعری کۆندا پەیڕەوی قاڵبە شیعرییەکانی غەزەل ، قەسیدە ، پێنج خشتەکی ، چوار خشتەکی ، تەرکیب بەند ، تەرجیع بەند ، چوارین ، پێنجین ....تاد. کراوە و ، دەرچوون لێیان بە عەیب و کەم توانستی شاعیر دانراوە، کە چی لە شیعری نوێدا شاعیران خۆیان لە قاڵبی شیعری ئازاد کردووە و، هیچ بایەخیان پێ نەداوە. بەڵام لە شیعری کۆندا گرنگییەکی زۆر بە قاڵب و تەکنیکی شیعری دراوە و لە قاڵبی شیعری لایان نەداوە و کەس نەیویستووە لە دابونەریتی پێشینان لابدات، غەزەل دەبووایە ژمارەی بەیتەکانی تاك بێت، قەسیدە دەبێ لە سەر یەك سەروا تەواو بێت . بۆ وشە و دەستەواژە و دەربڕینەکانیش بە هەمان شێوە دەبووایە هەر ئەوانە پێش خۆیان دووبارە کردبایەوە، واتە: دەبووایە هەروەك جاران بڕۆیان بە کەوان و مانگ و ، باڵایان بە چنار و ، برژانگیان بە تیر و، زوڵفیان بە تاریکە شەو....تاد. چواندبا. هەر ئەمانەش بوونەتە هۆی دەرکەوتنی لاسایی و چاولێکەریی لە نێو شاعیرانی کلاسیکدا[١٣].

شێخ ڕەزاش وەك هەر شۆڕەسوارێکی دیکەی ئەو بوار و مەیدانە ئازایانە ئەسپی خۆی تاوداوە و، سەرکەوتووانە ئەو کۆت و بەندانەی بڕیون، کە بوون بە شاعیری و سەرکەوتوویی شاعیر دیاری دەکەن و، وەك لاوچاکێکی ئەو بوارە هاتووەتە مەیدانەوە و، زمانی شیعری خۆی خستووەتەکار.

ئەگەرچی شێخ ڕەزا هەموو ئەو ژانر و بابەتانەی بەکارنەهێناوە، کە لە شیعری کوردیدا بەکارهاتوون. بەڵام ئەوانەی، کە بەکاری هێناون لە قاڵبە گرنگەکان و بە شێوەیەکی وا ڕازاندوونیەوە کە هاوتایان، نەك هەر لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا کەم بەرچاو دەکەوێت.

لە ڕووی سەرواشەوە بە هەمان شێوە شێخ ڕەزا نەهاتووە، وەك هەندێك لە شاعیرانی دیکە لە سەر هەموو دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی شیعر دابنێت، بەڵکو تەنها ژمارەیەکی دیاریکراوی لە دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی کردووەتە قافیە، کە لە سەرتاپای دیوانەکەیدا ئەم دەنگانە دەبینرێن {أ ب ت د ر ژ س ش غ ڤـ ك م ن و هـ ی ێ/یی}، کە ئەمانەش ژمارەیان دەگاتە نیوەی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردیی، کە زۆربەیان بەر پیتە سادە و ئاسان و ئاوازدارەکان دەکەون، هەر ئەمەشە، کە وایکردووە شیعرەکانی زۆر تەڕ و پاراو و ڕەوان بن و، لێوڕێژبن لە ڕیتم و مۆسیقا و، هیچ جۆرە زۆر لە خۆکردنێکیان پێوە دیار نەبێت و بە ئاسانی لە بەربکرێن و ببنە وێردی سەر زمانی خەڵك و، لە نێو کۆڕ و دانیشتنەکاندا بگوترێنەوە.

---

[١٣] هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، لا٢٧٠ – ٢٧٣.

وەك لای هەمووشمان ڕوونە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش وەك دیوانی زۆربەی شاعیرانی دیکەی کلاسیك لەسەر بنەمای (ڕەوی)، کە دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایە و شیعری لە سەر بنیات دەنرێت کۆکراوەتەوە و ، چاپ کراوە.

**دیوانەکەی لە ڕووی هونەرەکانی ڕوخساری شیعرییەوە دەکرێت دابەش بکرێتە سەر ئەم بەشانە:**

**١. تاك بەیت (فەرد)**

**٢. سێین (سێینە)**

**٣. چوارین (دووبەیت)**

**٤. پێنجین (پێنجینە)**

**٥. پێنج خشتەکی**

**٦. مولەممەع**

**٧. پارچە (قطعە)**

**٨. غەزەل و قەسیدە**

بەشی زۆریان بەر فەرد و، چوارین و، پارچە دەکەون، هۆی زۆریی ئەمانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی شیعرەکانی لە پڕ بۆ هاتوون و، وەلامی هەلۆیست و بارودۆخی نالەبار بوون، هەروەها لە بەر بچووکیان گەلێکیان ون بوون[١٤].

لێرەوە هەوڵ دەدەین، هەریەك لەو تەکنیك و سیستەمی سەروایانەی، کە شاعیر بەکاری هێناون بە نموونەی شیعرییەوە بخەینە بەرچاو:

## ١. تاك بەیت ( فەرد )

بریتییە لە دێڕە شیعرێکی سەربەخۆ، کە مانایەکی تەواوی هەیە و، بیرێکی فەلسەفی یان کۆمەلایەتی دەردەبڕیت و، لە دوو لەت پێکهاتووە، زۆرجاران قافیەی هەردووك نیوە دێڕەکە وەك یەك دەبێت و، هەندێك جاریش هەر نیوە دێڕە قافیەی خۆی دەبێت، واتە: سیستەمی قافیەکە (AA) یاخود پەیڕەوی (AB) دەکات. ئەم بابەتە فراوانترین پانتایی دیوانی شێخ ڕەزای بۆ خۆی پاوان کردووە. لە هەموو شاعیرانی پێش و پاش خۆی زیاتر تاکی هەیە ئەگەرچیش لە بنەڕەتدا ئەم بابەتە خۆی ((دیاردەیەکی باو نییە. لەو شیعر و بەرهەمانەی لە بەر دەستدان و بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراون لە شیعرەکانی مەلای جزیری (١٤٠٧ – ١٤٨١) ، ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٦) ، فەقێی تەیران (١٣٠٢ – ١٣٧٦) ...هتد. فەرد نییە))[١٥]. ژمارەی ئەم بابەتە لای شێخ ڕەزا لە سەد تاك بەرەو سەرەوەیە. زۆری ئەو ژانرە لە شیعرەکانیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بابەتەی زیاتر بۆ وەلامی پرسیاری کورت و هەلۆیست و دیاردەی ناپەسند و نالەباری نێو کۆمەڵ و سەرنجی پێویست بەکارهێناوە، کە زۆرجاریش هەوێنەکەی لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوە وەرگرتووە و، هەندێك جاریش داهێنانی

[١٤] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، لا٢٨٨.

[١٥] ئەنوەر قادر محەمەد ، لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی) دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) - ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، لا٩٣.

خۆیەتی و، لە دوایدا بووە بە پەند و وتەی بەنرخ[١٦]. بەشی زۆری ئەم بابەتانەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بەر بابەتی هەجو دەکەون، هەروەکو ئەم تاکە، کە دەڵێت:

**خواستم لـە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ**......... A
**بــۆ تـەجـروبە نەیدا بە من ، دای بە دیانێ**......... A

((دیوان ، لا١١٦))

یاخود لە تاکێکی دیکەدا، دەڵێت:

**وام ئەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نـابڕن**.......... A
**داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی**.......... B

((دیوان ، لا١١٩))

لە تاکی یەکەمدا پەیڕەوی سیستەمی (AA) و، لە هی دووەمیاندا سیستەمی (AB) پەیڕەوکراوە و، ژمارەی ئەو تاکانەی کە پەیڕەوی سیستەمی (AA)یان تێدا کراوە زۆر لە (AB)یەکان، کە ژمارەیان نزیکەی (١٠) دە دانە فەرد دەبێت، زیاترە.

## ٢. سێین (سێینە)

سیستەمێکی شیعری بژاردەیە و، تا ئێستا لە دیوان و بەرهەمی هیچ شاعیرێکی دیکە، جگە لە شێخ ڕەزا، بەرچاومان نەکەوتووە.

سەرەتا بیرمان بۆ ئەوە چوو، کە ئەوانی شێخ ڕەزاش پارچەیەك لە پارچەکانیان بزربووبێت، واتە: هەر چوارینە بن، بەڵام دوای وردبوونەوە و، تێڕامانی تەواو لە مانا و شێوەیان بۆمان دەرکەوت، کە تەواون و، وەبەر داهێنانێك لەم داهێنانانە دەکەون، کە شێخ ڕەزا لە سیستەم و قافیەی شیعرەکانیدا، ئەنجامی داون. ئەم سیستەمەش سیستەمێکی شیعری سەربەخۆیە و، لە سێ لەتە شیعر پێکهاتووە و، واتایەکی تەواوی هەیە و، بە پێی سیستەمێکی تایبەت بە کێش و سەرواوە دادەڕێژرێت و، دەگوترێت.

دیوانی شێخ ڕەزاش تەنیا دوو شیعری لەم چەشنەی تێدایە، کە لە هەدووکیاندا پەیڕەوی سیستەمی قافیەی (AAA) کراوە، کە بەم جۆرەن:

**شـــانـــازی ئـەکـەی کەوا من گونتم**......... A
**بـــەڵــی مــن بـە ڕۆژ تێبڕی کونتم**.......... A
**شەو تا بەیانیش دەست لە مل ژنتم** ......... A

((دیوان ، لا٧٤))

**حەمدوون پیاوێکی کوێـرە** ......... A
**قـــوونی مەقعەدی کێـرە** ......... A
**کەرکـووکـیانی پێ فـێـرە** ......... A

---

[١٦] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

((دیوان ، لا١٠٤))

### ٣. چوارین

پارچە شیعرێكی سەربەخۆیە و، لە چوار لەت پێكهاتووە و، كێش و سەرواى تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕووی سیستەمی قافیەوە ئەم سیستەمانە لە شیعرەكانی شێخ ڕەزا دەبینرێت (AAAA) ، (AABA) ، (ABCB) ، (ABBB) ، بۆ نموونە:

لە سەگم پرسی عەجەبا قەومتە حوسنی پاشا.......A

تووڕەبوو كلكی لەقان و وتی: (( حاشا حاشا.......A

ڕاستی گەرچی سەگیشم بە خودا خۆم دەكوژم.........B

ناوی من بێنی لەگەڵ ئیسمی خەبیسی پاشا))........A

((دیوان ، لا٣٨))

گوو بە ڕیشی تەنكی عەبدوڕەحمان بەگی قایمقام........A

ئەو كە بەینێك بیٚ زیان بوو ، بازیان مەغرووری كرد.........B

تاڵەبانی بوو كە سفرە و نان و خوانێكی هەبوو.........C

دای بە سەریا هەروەكو خەپلەی قنگی خاپووری كرد........B

((دیوان ، لا٥٢))

وەختی شەڕ شێرن لە بۆ دوژمن.......A

لە سیلما شیری پاكن بۆ خۆیان........A

وا بوو عاداتی ئەجدادی كیرامیان........A

ماوەتەوە بەم جۆرە بۆ یان.........A

((دیوان ، لا٧٨))

پیر كە كۆكی و نەتڕی دوورە لە مردن هێشتا.........A

وردە ئاهەنگی دوای كۆكە نیشانەی ئەجەلە.........B

پیر كە كۆكی و تڕی دەنگی وەك بارە زەلە..........B

شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە.........B

((دیوان ، لا٩٧))

ئەوەی لە سەرەوە خستمانەڕوو بریتی بوو لە سیستەمی سەرواى چوارینەكانی شێخ ڕەزا، كەچی (د. مارف خەزنەدار) بەم جۆرە باسی قافیەی چوارینەكانی شیخ ڕەزای كردووە و، دەڵێت: ((بە زۆری لە قافیەی چواریندا نیوە دێڕی یەكەم و دووەم و چوارەم لە سەر دەنگێك دەبن ، بەڵام قافیەی نیوەدێڕی سێیەم لەسەر دەنگێكی دیكە دەبیٚ (ا ا ب ا) ، هەندیٚ جاریش هەر چوار نیوەدێڕە شیعرەكە لەسەر یەك قافیە دەبن (ا ا ا ا) ، بەڵام شێخ ڕەزا ئەگەرچی بە زۆری ئەم سیستەمەی بەكارهێناوە لە چوارینەكانیدا ، كەچی سیستەمی دیكەشی داهێناوە لە قافیەی چوارینەكانیدا ، وەكو (ا ب ا ب) ، (ا ب ج ا) ، (ا ب ب ب) ، .....))[١٧]. بەڵام لە سەرانسەری دیوانی

[١٧] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

شێخ ڕەزادا سیستەمەکانی (ا ب ا ب) و (ا ب ج ا) بەرچاو ناکەون. ڕەنگە نووسەر لەگەڵ دەنگی پاش ڕەوی لێی تێکەڵاو بووبن، چونکە ئەرکی پاش ڕەوی درێژکردنەوەی مۆسیقا و ڕیتمی شیعرە، ئەوەتانێ نووسەر خۆشی دەڵێت: ((ئەمە لە شیعردا جۆرە ڕەوانیییێکی لە مۆسیقا و ڕیتم دروست کردووە))[١٨]، تەنانەت لە دیاریکردنی ژمارەی دانەکانی ئەم تەکنیکەش نووسەر زۆر ورد نییە و، دەڵێت: ((ژمارەیان دەگاتە دەوروبەری چل دانە))[١٩] ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە ژمارەیان لە سەرووی شەست چوارین دەبێت نەك چل!

## ٤. پێنجین ( پێنجینە )

ئەویش وەکو چوارین سیستەمێکی شیعری سەربەخۆیە لە پێنج لەت پێکهاتووە، کە مانایەکی سەربەخۆی تەواوی هەیە و، بەپێی سیستەمێکی تایبەتی کێش و قافیەوە دادەڕێژرێت، لە هەموو دیوانی شێخ ڕەزادا تەنیا سێ شیعری لەم بابەتە بەرچاودەکەوێت، کە دوو دانەیان سیستەمی سەرواکەیان (AAAAA) یە و، لە دانەکەی دیکەشیاندا پێڕەوی سیستەمی (ABCBB) کراوە:

**قەومەکان بەو زاتە واحوکمی لە سەر بەحر و بەڕە**............A

**بـــەرخەنێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە**............A

**دێم بـــە گژیا ئەی درەم گەر (فی المثل) شێری نەڕە**...........A

**با نەقـــەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە**...........A

**گشت لەسەر بەرخی شەل و کاوڕی لەڕ و بزنی گەڕە**.........A

((دیوان ، ل٩٥))

**ســـەر بـــە یـەشماغی شڕ و شاقـەڵی چڵکن مەهتووك**.......A

**سووڕ ئەخۆن سەرخۆش و ڕیسوا بە قۆریات و نەتووك**........A

**تێگەیشتن کـە مـــەلایان چەند بڵێی تـۆ بە وەزن سووك**.......A

**کەبابی گـۆشـتی بـــزن فـــاکـــیـهەی بەری خەڕنووك**.........A

**لە من بپرسـە سـەفای شـــارە حیزەکـــەی کەرکووك**.........A

((دیوان ، ل٧١))

لەم دوو پێنجینەدا پێڕەوی سیستەمی (AAAAA) کراوە و، تەنیا دانەیەکی دی لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێت، کە سیستەمی قافیەی (ABCBB) تێدا پێڕەوکراوە و، بەم جۆرەیە:

**لای دانا لە ناوی – ئەمین فەیزی- دا**..........A

**ئـــاشـــکـــرایـە لە هونەری هیجادا**..........B

**نیشـانـەیە بـــۆ یـــەکێتیی من و تـۆ** .........C

**لە نـــاوی نـامـیتا زیاد و کەمی کـوا؟**..........B

**بە ئەبجـــەد بیژمێری لـەگەڵ ڕەزادا**...........B

((دیوان ، ل١٤٣))

---

[١٨] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، ل٢٨٧.

[١٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨٨.

## ٥. پێنج خشتەکی

بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر ئەو شاعیرەی، کە پێنج خشتەکییەکە دروست دەکات شاعیری دووەمە و، شیعری شاعیرێکی دیکە وەردەگرێت و، سێ نیوەدێڕ دەخاتە سەر هەر دێڕێکی شیعرەکە و، دەبێت بە پێنج نیوەدێڕ.

لە دیوانی شێخ ڕەزادا بابەتی پێنج خشتەکی کەمە، ئەوەی هەیە تەنیا دوو دانەیە ئەویش یەکێکیان غەزەلێکی (حافزی شیرازی) و، ئەوی دیکەیان شیعرێکی (مستەفا بەگی کوردیی)یە. شیعرەکەی حافز کە بە زمانی فارسییە سێ نیوەدێڕی لە پێشەوە بە زمانی کوردی بۆ زیادکردووە، کە ئەمە پارچەی یەکەمیەتی:

**مەعروفی بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت**
**چیت پێ بڵێم قورمساغ هەردوو گونم بە دایەت**
**گونمی بە تڕ شەهید کرد کێرم ئەکا ڕیعایەت**
**«ازان یار دلنوازم شکریست با شکایت**
**گرنگتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت»**

((دیوان ، لا٤٥))

**دڵی بردم بە ناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییاریٚ**
**فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەحاریٚ**
**لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکاریٚ**
**«ئەمان مردم عیلاجیٚ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چاریٚ**
**ویساڵیٚ یا قەتڵیٚ یا تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کاریٚ»**

((دیوان ، لا١١١))

ئەمە پارچەی یەکەمی ئەو پێنج خشتەکییەیە کە لەسەر شیعری (مستەفابەگی کوردیی) دروستی کردووە و، سەرجەم پێنج خشتەکیەکەش لە حەوت پارچە پێکهاتووە تەنیا بەشی یەکەمی هەموو نیوەدێڕەکانی یەك سەروایان هەیە (AAAAA)، دەنا لە شەش بەشەکەی دیکە پێڕەوی سیستەمی (CCCCB) کراوە، چونکە سیستەمی سەروای غەزەلەکەی کوردیی بەم جۆرەیە (AABACADAEAFAGA) لە پێنج خشتەکییەکەی دیکەشدا، کە لە سەر غەزەلێکی (خواجە حافزی شیرازی) دروستی کردووە و، لە سەرەوە پارچەیەکمان لێ تۆمار کرد. هەمان سیستەمی قافیە پێڕەوکراوە سەرجەمیشی لە شەش بەند پێکهاتووە.

## ٦. مولەممەع

ئەو شیعرەیە، کە بە زیاتر لە زمانێك ڕێك دەخرێت. شێخ ڕەزاش بە حوکمی ئەوەی، کە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی زانیوە کۆمەڵێك دەستەواژە و، ڕستە و تەعبیری خستووەتەوە نێو شیعرەکانییەوە، کە هەندێکجار بە نیوەدێڕی تەواو دەبینرێت، هەندێك جاریش ڕستە و تەعبیری زمانە بێگانەکان لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە شیعری (**عەشیرەتی جاف**)دا لە بەشی کۆتایی شیعرەکە دوو

نیوەدێڕی عەرەبی بە دوای یەکدا و، دوای دێڕێکی تەواو بە زمانی کوردی، نێوەدێڕێکیشی بە فارسی گوتووە، کە بەم جۆرەیە:

**وابێ خەم و پـەروا دەچنە عەرسەیـی هەیجـا**
**تـۆ نـاچییە سـەر دۆشەکی بووکێ لە زەفافـا**
**یبغـــون الی الامـر صـغـــــاراً و کـــبـــاراً**
**یـــســـعـــون الی الـــحـــرب ثـقـالاً و خفافاً**
**وەسمان بەگـیـان ئامیرە وەختی کە بڵێ دەی**
**دێتە جـەوەلان هەروەکو حـــاجی لە طـەوافـا**
**خواهم زخدا انکە شـود دشـــمـــن جـاهـت**
**کۆتی لـە دەسا، دەس لە مـلا، مل لە تەنافا**
**ڕەحـمێ بکە با شێخ ڕەزا بێتــەوە گـوفـتـار**
**حەیفـە بڕژێ تیغی مجەوهەر لە غــیــلافـــا**

((دیوان ، لا٣٣ – ٣٤))

هەڵبەت شیعرە عەرەبی و فارسییەکەش هەر ئی خۆیەتی، کە لە ڕووی ڕوخسار و نێوەرۆکەوە جوانیی و ڕەنگینییەکی تایبەتییان بە شیعرەکە بەخشیوە.

یان لە تاکێکدا (بین الاهالی) خستووەتە نێو شیعرەکەیەوە، کە ڕیتمێکی خۆشی بە شیعرەکە بەخشیوە و، هەردوو نیوەدێڕەکەی هاوسەروا کردووە.

**وەها مەشهوور بووە (بین الأهالي)**
**هـەتیوی تەکیەکەی خۆمانە والی**

((دیوان ، لا١١٦))

لە پارچە شیعرێکی دیکەشدا لەتێکی فارسی گوتووە:

**خـادیمی ســـوجــــادەیی پێغەمبـەری**
**کەشتی جوود و سەخارا لــــەنـــگـــەری**
**( اغــنــیا خــواهــنـد از انـعــــام تـــو )**
**سینی شـــەکـــراو و پـلاو دوو لەنگـەری**
**ئەو کەسەی خوانی لە بۆ دێ سوبح و شام**
**چی لــــە ئـێــمـە زیاتر غەیـرەز کەری**

((دیوان ، لا١١٤ – ١١٥))

لە شیعری (**کوڕێکی بولغار**)[٢٠] یشدا، کە قەسیدەیەکی درێژی (٢٤) دێڕییە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کۆمەڵێك لەتە شیعر و وشە و دەستەواژە و ڕستەی فارسی و تورکی بەکارهاتووە، ئێمە لێرەدا لەبەر درێژی شیعرەکە و، کەمی ماوەی باسەکە شیعرەکە تۆمار ناکەین. گومانیش لەوەدا نییە کە شاعیران ئەوەیان تەنیا بۆ

(٢٠) بۆ ئەم شیعرە ، سەیری دیوانی شاعیر (لاپەڕە ، ٥٣ – ٥٤) بکە.

دەرخستنی توانست و لێزانینی خۆیان کردووە، چونکە ((هەر وەك چۆن کۆمەڵێك مەرجی پێش کات بۆ شاعیر دانراوە، گەلێك سنوور و نەخشە بۆ خولقاندن دانراوە. وەك ئەوەی شاعیر.... دەبێت چەند زمانێك بزانێت و وشەی ئەو زمانانە لە بەرهەمی خۆیدا تێکەڵ بکات))[٢١].

## ٧. پارچە (قطعه)

بەو شیعرانە دەگوترێت، کە لە سێ تا پێنج دێڕ پێکهاتوون، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە، کە سیستەمی قافیەی پارچەکانی شێخ ڕەزا، وەکو غەزەل و قەسیدە دێڕی یەکەمیان هاوسەروایە[٢٢]، کە شیعری لەم جۆرە لای شاعیرانی دیکە نابینرێت، چونکە یەکێك لەو جیاوازییانەی کە پارچە لە غەزەل و قەسیدە جیادەکاتەوە ئەوەیە ، کە دێڕی یەکەم لە پارچەدا هاوسەروا (موسەڕڕەع) نییە[٢٣]، بەڵام شێخ ڕەزا داهێنانی کردووە و، ئەم سیستەمەی لە شیعرەکانیدا پێڕەو کردووە.

**شێخ محەمەد عەلی و چەند نەفەرێ چوونە ئــوچــاغ**.......A
**گشت بە کەیف و بە نیشات و بە سروور و بە دەمــاغ**........A
**گەرچی چەند ڕۆژی بوو تەعلیمی تفەنگــبازیی دەکــرد**........B
**ڕۆســـتـــەم ئــاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلە بیجاغ**........A
**هەر کە ئەنگاوتی وتم: دەك دەس و بازووت نــەڕزێ**.........C
**هەر کەسێك پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قورمــساغ**........A

((دیوان ، لا٦٨))

لە شیعرەکانی دیکەشدا هەمان سیستەمی قافیەی پێڕەو کردووە:

**دەردی لۆقەی گرت لە ناکاو شێخە توهمەت کــارەکە**........A
**ئــەو قەیافەت حیزەکەی هەیئەت وەکو کەمتیارەکــە**........A
**قۆخ وەهای لێ کرد لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی دەخوارد**.......B
**شــێخەکەی دەم چەوتەکەی لچ گێرەکەی لێو خوارەکــە**.......A
**کــــوردە بــــێ نامووسەکەی گۆرانە قورمساغەکــەی**.......C
**حیزەکەی ، بێ دینەکەی ، کەربابەکەی ، بێ عــارەکــە**........A

((دیوان ، لا٩٤))

---

[٢١] زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، دانانی لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم (بژارکراو) ، هەولێر ٢٠٠٢ز – ٢٧٠٢کوردی ، لا١٧١.

[٢٢] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٨.

[٢٣] موحازەرەکانی (م. یادگار ڕەسووڵ محەمەد ئەمین) ، ئەدەبی کۆن ، قۆناغی دووەم ، کۆلێژی زمان / قەڵادزێ ، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧.

شیعری لەم بابەتە لە دیوانی شێخ ڕەزادا زۆرە و، لە هەموویاندا پێڕەوی سیستەمی قافیەی (AABACADA......) کراوە، بە پێچەوانەی شیعری شاعیرانی دیکەوە، کە پێڕەوی سیستەمی (ABCBDBEB........)یان کردووە، ئەمەش بە جۆرێك لە داهێنان لە شیعرەکانیدا هەژمار دەکرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا وەك شاعیرانی دیکە پێڕەوی سیستەمە بلاوەکەشی کردووە و، شیعری لەم بابەتەشی نووسیوە، ئەوەتا شیعری (**عیللەتی قائیم مەقام**) سیستەمەکەی بەم جۆرەیە:

**ڕەبی قەت تووشمان نەهێنی عیللەتی قائیم مەقام**........A
**ئێمە تابی حەرب و زەربی کێری پاشامان نییە**........B
**هەر کەسێ بیگێ دەڵێ ئەی ئافەرین سەد ئافەرین**........C
**دوژمنی ساداتە قەت باکی لە دان و مان نییە**.......B
**دوو هەزار کێری پیارۆیی نەخارا مەقعەدی**......D
**ئێمە میرم مەترەقی وەك سەنگی خارامان نییە**.......B
**بیکوژن کێرخۆرە نامووس و حەیای کوردانی برد**........E
**قەت لە کوردانا دەڵێی پیاوێکی ئازامان نییە**.......B

((دیوان ، لا٩٣))

### ٨. غەزەل و قەسیدە

باقی شیعرەکانی دیکەی بەر بابەتی غەزەل و قەسیدە دەکەون، ئەوانەی کە ژمارەی دێڕەکانیان لە نێوان حەوت تا (پازدە یان هەژدە) دێڕدایە پێیان دەگوترێت غەزەل و، ئەوانەشی کە لە سەرووی پازدە یان هەژدە دێڕەوەن بەر ژانری قەسیدە دەکەون[٢٤].
هەرچی غەزەلە زیاتر باس لە ئەڤین و دڵداری دەکات:

**نیمە[*] بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیرەوی مانی دەکا**
**شانە بۆ زنجیری زوڵفت عەنبەر ئەفشانی دەکا**
**قووتی ڕوحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە**
**مەعنی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی دەکا**
**خاڵی سەر لێوت نگین و خاتەمی نادر ظهور**
**موهری دەستی ئاصەفە حوکمی سولەیمانی دەکا**
**دڵ لە نەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لایعقل- ە**
**بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نمەکدانی دەکات**

(٢٤) مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٨.
(*) پێدەچێت ئەم وشەیە (خامە) بێت، لە دیوانەکەیدا بە (نیمە) نووسرابێت.

**بەرگی سەرتاپام پەلاس بێ گەر بە شەرتێ تۆم ببێ**
**تــــاری ئـەو بەرگە لە لام سەد شاڵی کرمانی دەکـا**
**سەد هـــەزار جار دەخیلم حەرفی بەدکار مەشنـەوە**
**هــــەرچـی دەربـارەم بـڵێ بێ پیرە شـەیتـانی دەکا**
**گـــەر لــە پەردەی نازەوە ئـاوازی تۆ بـگرێتە گوێ**
**بولبولی شیرین زوبان مـــەیــلـی غەزەلخوانی دەکا**
**کەس نییە ئەو شۆخە حاڵی کـــا لە سۆزی ئاتەشـم**
**وا ڕەزا دیسان لە عیشقی هەر غـەزەلخوانـی دەکـا**

((دیوان ، لا٣٧٧))

لـەو غەزەلـە و لـە سـەرجەم غەزەلـەکانی دیکـەی نێـو دیـوانی شـێخ ڕەزا پێـڕەوی سیسـتەمی قافیـەی (**AABACADA……**) کراوە.

لە بابەتی قەسیدەش شێخ ڕەزا چەند قەسیدەیەکی درێژی هەیە، کە بـۆ هـەجو و گێڕانـەوەی بـە سـەرهاتی ژیـان و ڕووداو بـەکاری هێنـاون بـە تایبـەتی قەسـیدەی (**هـەجووی کاکـەیی**)[٢٥]، کـە (٦٠) شەسـت دێـڕە شـیعرە، هەروەها بە قەسیدەیەکیش (**سەرگوزەشتەی خۆی و هەجوی شێخ غەفوور**) دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت:

**ئەو ڕۆژە کـــە تۆرام و لە کەرکـــوك سەفەرم کرد**
**مانەندی عەقاریب لــــە ئـــەقـــاریب حـــەزەرم کرد**
**گـــــەردوون ســــنــــەکی کــردم و هێنامییە کــۆیە**
**میوانی لـــە کـــن مـــامـە غەفووری لە جەرم کرد**
**خــواسـتـم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سەیاحەت**
**نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد**
**دانیشێ نـــەچێ مـــــن کـچی خۆم مارە دەکەم لێی**
**ئــــەو تـــالــیـــبی دنـــیـایـە ئەوا موعتەبەرم کرد**
**چـرووسا لە بەرم جوببە و فســا لــە سـەرم فێس**
**نـــەفــێــسی لەسەر نام و نەجوبـبەی لە بەرم کرد**
**شــەش مـــانگـــە بەم قسانە گلی دامەوە لای خۆی**
**نــەمــزانــی مــلم بشکێ تیـاچووم زەرەرم کـــرد**
**وەڵڵاهـــی دەکـــــەم دەرهـــەقی ئەو بەڵکو زیاتر**
**ئــەو کـــارە کـــە دەربارەی ڕەشیدی پسەرم کرد**
**کـــارم تەڕ ئەبێ ئەمـــــوت ئـەگەر لوتفی ببێ مام**

---

[٢٥] بۆ ئەم شیعرە ، سەیری دیوانی شاعیر (لاپەڕە ، ٥٨ - ٦٣) بکە.

**ئـــەی لایـــقـــی ڕیشی بـــە خودا کاری تەڕم کرد**
**بۆ موجتەهیدان گەرچی جـــەوازی نـــیـــیە تەقلید**
**من موجتەهیدم و هاتم و تەقلیـــدی کـــەرم کـــرد**
**ئەی گووی خلە بەم لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من**
**لـــەم مـــەرحـــەمەت و لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد**
**هەرچـــەنـــدە وتـم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی**
**یا ڕەب لەگەڵ شـێخ عـــەلی بـــۆچی شـەڕم کـرد**
**هـــــەر دەچـــمەوە لای گەرچی بڵێ هاتەوە دیسان**
**ئـــەو خـــوێـڕییە بێکـارە کە من لێرە دەرم کـرد**
**هـەرچەندە ڕەزا باعـــیـــسی بەدنامییە عـەودەت**
**لـــەم ســـووکی و بـەدنامییە سەرفی نەزەرم کرد**
((دیوان ، لا٤٩ – ٥٠))

لەو قەسیدە و لە هەموو ئەو قەسیدانەش، کە لە دیوانی شاعیردا بەرچاو دەکەون پێڕەوی سیستەمی قافیەی (AABACADA.......) کـراوە، دەبـێ ئامـاژەش بـۆ ئـەوە بکـەین، کـە هـەردوو ژانـری غـەزەل و قەسـیدە لـە دیوانەکەیدا بە ژمارە لە شیعرەکانیدا لە جۆرەکانی دیکە کەمترن، هۆی ئەمـەش وەك پێشـتر باسـکرا، بـۆ زۆریـی جۆرەکانی دیکە و، هۆکارەکانی زیادبوونی ئەو جۆرانە دەگەڕێتەوە.

## بەشی دووەم
## زمانی شیعری شێخ ڕەزا

### زمـانی شـیـعریی

شیعر وەك لقێکی گرنگی زانستی ئەدەب، بە هۆی زمانەوە بنیات دەنرێت و، دێتـە بەرهـەم ((بایەخـدان بـە زمانی شیعر و جیاکردنـەوەی لـە زمـانی ئاسایی خـەڵك و دیـارکردنی سروشـت و خاسـیەتە تایبەتییـەکانی ئـەو زمانـە هـەر لـە کۆنـەوە لـە لایـەن ئـەفلاتوون و ئەرسـتۆوە بـاس کـراوە و لێـی توێژراوەتـەوە، ئنجا ئـەو بـاس و توێژینەوانە لەگەڵ سـەرهەڵدانی قوتابخانـە ئـەدەبی و ڕەخنەییـیـەکان پـەرەیان سـەندووە و فـراوان بوونـە))[٢٦]. چونکە ئەگـەر زمـان لای خـەڵك شـتێکی گشتی ڕۆژانـە بێـت و، تـەنها بـۆ ڕاپەڕانـدنی کـاری ڕۆژانـە و، لـە یـەکتر گەیشتن بەکاربێت، ئەوا زمان لە شیعردا سروشتێکی دیکـە وەردەگرێـت و، ئـەرکی شـاعیر بەرزکردنـەوەی زمـان دەبێت لە شێوە گشتییەکەیەوە و، بایەخدان بە لایەنی هونەریی و، بـەکارهێنانی هێمـا دەبێتـە ئـەرکی شـاعیر[٢٧]

---

[٢٦] پەرێز سابیر (د) ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسـەلەی نوێکردنـەوەی شـیعر ، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس ، چـاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٦ ، لا٢٨١.

[٢٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٨٥ ، ٢٨٤.

بە واتایەکی دیکە ((شاعیر شتە ئاساییەکان دەهێنێت و پارچە پارچەیان دەکات و شتی جوانتریان لێ دروست دەکات، ئەمەش تەنها بە وشە و زمان دەکرێت لە ڕێگەی ڕەوانبێژی و لادانی زمانییەوە...))[٣].

ئەگەر بشمانەوێت ((زمان گیانێکی تازە وەربگرێت، دەبێت گرنگی بە زمانی شیعر بدرێت، چونکە زمانی شیعر شۆڕشێکە لە دژی چەند واتایی و سۆز لە زمانی ڕۆژانەدا))[٤].

لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك تایبەت و، تایبەتمەندی زمانی شیعری لەگەڵ ئەرکەکانی بخەینەڕوو:

١. یاریکردن بە وشە و، لادان و زیاد و کەمکردنی وشە و، دەنگ گۆڕکێی پیتەکان، لە پێناو جوانکردن و، ڕێکخستنی کێش و قافیەدا، کە ئەمانە زۆرجار لە زمانی ڕۆژانەدا ڕێیان پێ نادرێت و، بە لادان لە دەستوور هەژمار دەکرێن.

٢.زمانی شیعریی بریتییە لە ((ڕووی دراوێك و مۆسیقا و وێنەش ڕووەکەی تریەتی کە جوانییەکان دەدۆزێتەوە و، دەیخاتە بەرچاو و هەستمان))[٥].

٣. شاعیران زمان وەك کەرەستە بەکارناهێنن، بەڵام لە پەخشاندا زمان وەك کەرەستە بەکاردێت، واتە: وشە لە نێو پەخشاندا پاش ئەوەی بەکاردەهێنرێت لەنێو دەچێت و، دەکرێتە قوربانی چەمك و بیر. کەواتە دەتوانین بڵێین : کە وشە لە نێو شیعردا کەرەستە نییە بۆ گەیشتن بە شت، بەڵکو خۆی شتە نەك هێما[٦].

٤. زمانی شیعر زمانێکی ڕاستەوخۆ نییە، واتە: شیعر ئەوەیە، کە شاعیر شتێك بڵێت و، شتێکی دیکەی مەبەست بێت، لەبەر ئەوەی ((شیعر زمانێکی تایبەتی هەیە و لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتییانەی زمانەوە دروست دەبێت، بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ و دوورکەوتنەوە لە شێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان بەپێی توانست و دەسەڵاتی شیعری شاعیر))[١].

٥. زمانی شیعر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تەواوکەرانەی بە ڕەوانبێژییەوە هەیە و، هەردووکیان پێکەوە پەیوەستن و، لە نێو یەکدا ڕۆچوون، هەر بۆیەشە ئەو گرنگیدان و بەکارهێنانەی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیی، کە لە شیعردا بەرچاومان دەکەوێت، لە زمانی ڕۆژانەدا نییە و، نابێ هەشبێت، چونکە دەبێتە هۆی لێڵی واتایی و، ئەرك لە سەر خوێنەر و گوێگر، بە واتایەکی دیکە ((زمانی شیعریی بە هۆی جوانکاریی و ڕازاندنەوە و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی وەکو لێچواندن و خواستن لە زمانی ئاسایی جیادەبێتەوە))[٢].

٦. لە زمانی ڕۆژانە و ئاساییدا پیوەندیی نێوان هێما و هێمابۆکراو، پێوەندییەکی جێگیرە، بۆ نموونە: (نێرگز) لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەلالەتە لە هێما بۆ کراوێکی تایبەت و، دیار ، کە: گوڵێکی بەهارییە. ئەم دەلالەتەش

---

[٣] محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي ، ط١ ، بغداد ١٩٩٣ ، ص ١٥٥.

[٤] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە ، دار السبیریز للگباعە والنشر ، دهۆك ٢٠٠٨ ، ل٥١.

[٥] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، نامەی ماستەری پێشکەش کراو بە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٦، ل٥٨.

[٦] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ، هەمان سەرچاوە، ل٥٤ — ٥٥.

[١] پەرێز سابیر ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ، ٢٨٧.

[٢] الفت كمال الروبي (د.) ، نظرية الشعر ، بيروت ٢٠٠٧ ، ص١٧٩.

لەسەر پێوەر و بنەمایەکی تایبەتی دانەنراوە، دەتوانرا وشەیەکی دی لە شوێنی ئەو دابنرێت. بەڵام لە ئـەدەب و شیعردا وانییە، کاتێك نێرگز بەکارهات ، واتای چاو و، چاوی جوان دەگەیەنێت[٣].

٧. زمـانی شـیعر سەرچاوەکەی زمـانی ئاخـاوتنی ڕۆژانەیـە و، بـە شـێوەیەکی هونـەریی بـەکاردەهێنرێت، بـەڵام ناکرێـت زمـانی شـیعر بکرێتـە سەرچـاوە بـۆ ئاخـاوتنی ڕۆژانـە، چـونکە (( زمـانی شـیعری ئەوەنـدەی زمـانی بەدیهێنانە، هێندە زمانی دەربڕین نییە))[٤].

٨. لە زمانی شیعردا شاعیر هـەردەم لـە هـەوڵی ئەوەدایـە ئـەو وشـانە بـەکاربێنێت، کـە بـە یەکـەوە دەگـونجێن و، ئاوازێکی خۆش و، مانایەکی ڕەنگین بە دێڕە شیعرەکە دەدەن، واتە: شـاعیر وشـە دەکاتـە قوربـانی ئـاواز و کێشـی شیعریی، هەر ئەمەشە وای لە زۆر کەس کردووە ((بە هەڵە لـەو بـاوەڕەدان کـە شـاعیر بـەردەوام بـە دوای وشـەی جوان و بە شکۆدا دەگەڕێت لە کاتێکدا ئـەوەی کـە شـاعیر بـە دوایـدا، دەگـەڕێت بـە مانـاترین وشـەیە))[٥] لەگـەڵ وشەی ڕەسەن و خۆش و بە ئاواز.

٩. ((ئەرك و پەیامی زمانی ئاخاوتن و زمانی شیعر لە یەکدی جیان. ئەگەر خەڵك ڕۆژانە بۆ تێگەیاندنی یەکدی هەوڵبدەن وشە و زاراوە و ئاماژەی وا بەکاربێنن، کە بە ئاسانی بتوانن کەسی بەرامبەر حاڵی بکـەن، ئـەوا شـاعیر مەبەستی نییە بەهۆی شیعرەوە کەسی بەرامبەر یان ئەو کەسەی، کە شیعرەکەی دەخوێنێتەوە بە ئاسـانی حـاڵی بکا و پەیامەکەی پێ بگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا بۆی بکرێ دەیەوێ تووشی ڕامان و ماندووبوونی بکا. کاتێك شاعیر توانی خوێنەر تووشی ڕامان و سەرسوڕمان بکا، ئەوا کردەی شیعریەتی ئەنجامداوە))[٦].

١٠. ((زمـانی شیعر زمـانی وێنەکێشانی چـڕ و خـەیاڵی تیـژی بنیاتنـەرە))[٧] بـەو واتایـەی زمـانی شـیعر هەسـت بزوێنە و، کاردەکاتە سەر هەست و سۆزی خوێنەر و گوێگر و، فێنکی و چێژ بـە دڵ و دەروونیـان دەبەخشـێت و، کاردەکاتە سەر هۆش و هەستیان و، لەزەتێکی ڕوحیان پێ دەدات و، کار لە هەڵسوکەوت و بیریان دەکات.

١١. تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعری ئەوەیە کە ((لە کێشەکانی ڕۆژانەی ژیانەوە سەر هـەڵنادات، بـەڵکو لە ویژدانێکی قووڵەوە سـەر هەڵـدەدات))[١] بـەو واتایـەی هەسـتی پـەنگخواردووی شاعیرە بەرانبـەر بـە ڕووداو و کارەساتەکان، نەك وێنەی فۆتۆگرافی ئەو ڕووداو و کارەستانە.

ئـەوەی لـە سـەرەوە خستمانەڕوو گـرنگترین خاسـیەت و، سروشـت و، بنـەماکانی زمـانی شـیعریی و، ئـەرکی شـاعیران بـوون، جا ئەگـەر وشـە و مـوفرەدات و زمـانی شـیعریش ئەوەنـدە بایەخـداربن و، ئـەو ئەرکـە گرنگانـە ببیـنن، لای هـەموو کـەس هـەروا بـە ئاسـانی دەسـتگیر و دەسـتەمۆ نـابن! چـونکە دەوڵەمەنـدیی لـەو بـوارەدا (مەلە)یەکـە و، بـە هـەموو کـەس ناکرێـت، بۆیـە زەمینـە خۆشـکردن و چـوونە ئـەو دونیایـە و ، شـارەزایی لـێ پەیـداکردنی، چـەند هـۆ و مـەرجێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، لەوانـە: خێـزان و شـوێن و دەوروبـەر و، جـۆری پـەروەردەبوونی شاعیر لەگـەڵ جـۆری خوێنـدن و خوێندنـەوەی بـەردەوام و خـۆ هیلاککردنـی شـاعیر، هـەروەها

---

(٣) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە ، لا٥٥.

(٤) محمد العبدحمود (د.) ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر (بيانها ومظاهرها) ، الطبعة الأولى ، بيروت ـ لبنان ، ١٩٦٦ , ص١٧٠.

(٥) لۆرانس پیرین ، شیعر چییە؟ ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو ، چاپخانەی پیرەمێرد ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، لا٣٠.

(٦) عومەر میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٨ ، لا٣١.

(٧) عبدالقادر الرباعي (د.) ، جماليات المعنى الشعري ، الطبعة الأولى ، دار الفارس للنشر والتوزيع ، عمان ، ١٩٩٩، ص١١٠.

(١) طاهر أحمد مكى ، الشعر العربي المعاصر ، دارالمعارف ، مصر ، ١٩٨٠ ، ص٧٦.

وردیی لە بەکارهێنان[٢] و گەشت و گەڕان و ئەدەبی فۆلکلۆریی و وەرگێڕان و زمان فێربوون و دەیان هۆی دی، دەبنە سەرچاوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو گەنجینەیە و، کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و ، چاکیان لەسەر بەرهەمی شاعیر دەبێت.

جا ئێمە لێرەوە دەچینە سەر بابەت و، مەبەستی سەرەکی باسەکەمان، کە زمانی شیعریی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، وەك شاگردێکی زیرەکی قوتابخانەی بابان و، گەیەنەری کڵپە و بڵێسەی ئەو قوتابخانەیە بە ناوچەی گەرمیان.

زمانی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە سەر بنەمای ئەو قوتابخانە شیعرییە دامەزراوە، کە (نالیی و سالم و کوردیی) بناغەکەیان داڕشتووە ((زمانی شیعر بە دیالێکی کرمانجی خواروو، بناغەکەی نیمچە دیالێکتی ناوچەی سلێمانی بوو کە بە کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەتەوە دراوسێکان، بە تایبەتی ـ فارسی و عەرەبی ـ ببووە زمانێکی کوردی تیکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرمۆفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا داڕێژرابوو))[٣].

ئەگەر خاسیەتێکی دیاری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی ناوچەی سلێمانی ئەوەبێت، کە لەگەڵێ ڕووەوە کاریگەریی ئەدەب و، زمانی عەرەبی و، فارسی و، تورکی پێوە دیاربێت، ئەوا کاریگەریی زمانی عەرەبی زۆرتر بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بە نسبەت زمانی فارسیش، ئەوا دەتوانین کاریگەرییەکەی بە ((هۆکارێکی ئەدەبی ناو ببەین، چونکە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردی ئەو سەردەمە لەبەر نزیکی هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە یەك، خوێندنەوە و نووسینی فارسییەکەیان زۆر بە لاوە ئاسان بووە و زوو فێری دەبوون))[٤].

هەرچی کاریگەریی زمان و، ئەدەبی تورکیشە، ئەوا ((هۆکارێکی سیاسی هەبووە، بەو پێیەی کە کوردستانی خواروو لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی عوسمانییەکاندا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی ئەمان لە زمانە شیعرییەکەدا زۆر بە کەمی هەستی پێ دەکرێت، چونکە لە لایەکەوە زمانی کوردی و تورکی سەر بە یەك خێزانی زمان نین (وەك کوردی و فارسی) لە لایەکی تریشەوە زمانی تورکی زمانی خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری نەبووە لەو ناوچەیەدا....))[٢٨].

کەواتە زمانی شیعری ئەم قوتابخانەیە، زمانێکی کوردی تێکەڵە لە وشە و گوزارشتی عەرەبی و، فارسی و تورکی و، بە پلەی یەکەمیش زمانی فارسی، ئنجا عەرەبی و، دواتر زمانی تورکی کاریگەریی هەبووە. ئەم تێکەڵییەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە شێخ ڕەزا شارەزایی لە هەر چوار زمانەکەدا هەبووە و، بە هەر چوار زمان شیعری گوتووە و، شیعرەکانی لە هەر چوار زماندا زۆر ڕەوان و تەڕ و پاراون، لە ئەنجامدا گەنجینەیەکی لە بن نەهاتووی وشە و دەستەواژەی ڕەنگینی بۆ دروست بووە، بۆیە دیوانەکەی پڕە لە وشە و موفرەدات و، زاراوەی کۆن و نوێ، لە چۆنیەتی داڕشتنی دێڕەکان و، ڕێکخستنی مۆسیقا

---

(٢) عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د) ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، ل١٣٣.

(٣) هیمدادی حوسێن (پ. ی . د ) ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، ل٢٧٧.

(٤) جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ — ١٩٧٠) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨ ، ل١٢١.

(٢٨) جەبار ئەحمەد حوسێن ، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ — ١٩٧٠) ، ل١٢٢.

و، ئاوازی دێڕەکانیش، هونەرمەندیی و وەستایی شێخ ڕەزا ئاشکرا دەبێت، کە هەرگیز بۆ وشە نەگەڕاوە و، خۆی بۆ ماندوو نەکردووە.

دیوانی شێخ ڕەزا، ئەم چەند بابەتە سەرەکییە و زۆری دیکەشی گرتووەتەخۆ:

١. ناوهێنانی دەیان کەس و، شاعیر و، عەشیرەتی ناودار و، فەرمانبەر و، کاربەدەستانی ئەوکاتە و، ناودارانی مێژوو.

٢. ناوهێنان و باسکردنی چەندان ناوچە و، گوند و شاری کوردستان.

٣. ئاماژەبۆکردن و دەرخستنی، دەیان ناو و زاراوە لە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە.

٤. تۆمارکردن و، ناوهێنانی ناوی دەیان ئاژەڵ و، پەڕەور و باڵندە.

٥. تۆمارکردنی چەندان ڕووداوی مێژوویی و، بە سەرهاتی کۆن.

٦. ناوهێنان و باسکردنی ئەندامی نێرینە و مێینە و، باسکردنی کرداری سێکسی نێوانیان و، کاری نێربازیی.

٧. نموونەی تێهەڵکێش کراو و، ئاماژەکردن بۆ ئیدیۆم و، پەندی پێشینان لە دیوانەکەیدا زۆرە.

٨. ژمارەیەکی زۆر، وشە و جنێو و قسەی بازاڕیی نێو خەڵکی بەکارهێناوە، کە نموونەیان لە هیچ دیوانێکدا نییە.

٩. ناوهێنان و باسکردنی جۆر و چەشنە جیاجیاکانی گوڵ و سەوزە و دانەوێڵە و ناوی میللەت و کاتەکان... .

ئەمانە و ، چەندان بابەتی دیکە، لە نێو دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون، لە سەرجەم نێوەرۆکی شیعرەکانیدا، لە ڕووی زمان و موفرەداتی شیعریش، وشەکانی دیوانی شێخ ڕەزا دوو جۆرن:

**یەکەم: وشەی کوردیی**

**دووەم: وشـــەی بـێگانە**

**یەکەم: وشەی کوردیی**

زمانی کوردیی زمانی زگماکی شاعیر بووە و، شاعیریش لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و، خوێندەوار پەروەردە بووە و، لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندنی تەواو کردووە و، هاتوچۆی مزگەوت و خانەقا و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کردووە و، خۆشیان وەك بنەماڵەیەکی خاوەن دەستەڵات و، ناسراوی شێخانی تاڵەبانی خاوەنی تەکیە بوون. زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و، سەفەری وڵاتانی کردووە و، شارەزاییەکی باشی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا پەیدا کردووە، هەروەك لە شیعرەکانیدا ئەم شارەزاییە ڕەنگی داوەتەوە. زانستە ڕێزمانییەکانی ئەو سەردەمەشی زۆر باش زانیوە. هەموو ئەمانە بە یەکەوە گەنجینەیەکی زمانی پوختەیان بۆ شێخ ڕەزا دروست کردووە.

بە یەکەوە بوونە ڕێخۆشکەر بۆ وردبوونەوە و، قوڵبوونەوەی شاعیر و، ڕازاندنەوەی شیعرەکانی، هەروەك مامۆستا (هێمن)ی شاعیر باسی زمانی شێخ ڕەزا دەکات و، دەڵێت: (( ئای ... زۆر ، زۆر ... بە ڕاستی ڕەوانە .... تەعبیری کوردانەشی هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە، کە لە پێش ویدا دیارە لە شیعری نالیدا کەم تا کورتێك دەبینرێت....))[٢٩].

---

[٢٩] هەواری خاڵی ، سەرجەمی نووسینی هێمن ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠٦ ، ل٢٧٧.

**هەروەها د. مارف خەزنەداریش بەم جۆرە باس لە زمانی شیعریی شێخ ڕەزا دەکات و، دەڵێت: ((زمانی شیعری شێخ ڕەزا ئاسانە، وشە و تەعبیری فورسی کلاسیکی هەیە، ..... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی ئەمە دیاردەیێکی گرنگە لە شیعری شێخ ڕەزادا، واتە زیاتر هۆگری زمانی میللی سەر زار و ئیدیۆم و قسەی نەستەقی ناو خەڵکە))[٣٠].**

**دووەم: وشەی بێگانە**

**ئەگەر مەرجی زانینی زمانێکی بێگانە، یان زیاتر، یەکێك بووبێت لەو مەرجانەی، کە سەرکەوتوویی شاعیر و، بنەمای بە شاعیر بوونیان سەلماندبێت. ئەوا شێخ ڕەزا هەر زوو هەستی بەم ڕاستییە کردووە و، ئازایانە ئەسپی خۆی لە بواری هەریەکە لە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی، وێڕای زمانی کوردی تاوداوە، شارەزاییەکی باشی لە یاسا و دەستووری ئەو زمانانە پەیداکردووە، بۆیە دەبینین وشە و زاراوەی هەر سێ زمانی زۆر بە چاکی و، شارەزایی بەکارهێناوە و، هەندێك جاریش، بە هۆی شارەزایی لە ئایینی ئیسلام، ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەری خستووەتە نێو شیعرەکانییەوە. بە هەر چوار زمانەکە شیعری گوتووە، لەو زمانانە کۆمەڵێك وشە و دەستەواژە و ڕستەی یەکجار زۆریی بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە بۆ هەر زمانێك چەند نموونەیەکی کەم لەو وشە و دەربڕینانە تۆمار دەکەین:**

**– زمانی فارسی: بە کودەکی ، فراز ، دەهەن ، دونبال ، سورین ، فەرخوندە ، کارزار ، زەربولەسەل ، زێبا ، نگین ، پسەر... .**

**– زمانی عەرەبی: في المثل ، ولا تلقوا بايديكم ، بين الاهالي ، أنا الحق ، حبل المتين ، قل أعوذ ، دفع البلا ، لايعقل ، طيفلية... .**

**– زمانی تورکی: مەرحەمەت ئێت ئەڵماسم ، ئاقچەشر ، قەلەمدر ، ئەرقەسیندە ، خەرقە ، بەنم دەکیل ، حاد قەسی ، کیم بیلیر سزی... .**

**لێرە بەدواوە، چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی پیشان دەدەین، بۆ ئەوەی زیاتر لە شێوازی شیعرەکانی نزیك ببینەوە و، هاوکات ئەوەش ڕوون بێتەوە، کە شێخ ڕەزا چۆن هونەرمەندیی و دەست ڕەنگینیی خۆی لە بواریی زمانی شیعریی نواندووە:**

**شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا**
**سەیری کە چی بکا ، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا**

((دیوان ، لا٣٨٧))

**کاری کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا**

((دیوان ، لا٣٣٧))

[٣٠] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٦.

وەك دەزانین ئەدەبی كوردی لە بەرهەمی فۆلكلۆرییی، بە تایبەتی پەندی پێشینان، زۆر دەوڵەمەنـدە، ئەگـەر تەماشایەكی ئەو دوو دێڕە شیعرەش بكەین، ئەوا دەبینین، كە شێخ ڕەزا پەنـدەكانی (دۆم بـێ و كـڵاش بـۆ خـۆی بكات)[٣١] و ، (كارێكی پێ كرد با بە دەواری شڕی نەكا)[٣٢]ی وەرگرتووە و، بە زمانێكی پـاراو و كوردییـەكی ڕەوان چ وێنەیەكی هونەری لێ دروست كردوون و، تێكەڵ بە نێوەرۆكی شیعرەكانی كردوون.

**لام وابوو پیربووم عەشق دەستم لێ هەڵئەگرێ**

**نـەمـزانی داری وشـك بـاشـتـر ئاگر ئەگرێ**

((دیوان ، لا١١٥))

**دەرحـــەقی بـــۆچی ئـــەتـرسـم بە خوا تا ئەمرێ**

**چی لە دەست نایێ مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ**

((دیوان ، لا١١٠))

**ئێستری زیندوو بڵێم بۆم چاكە یا مردووم دەوێ**

**ئـیـحـتیاجم زۆرە خانم با بلێم هـــەردووم دەوێ**

((دیوان ، لا١١٠))

ئەگەرچی شاعیرانی سێكوچكەی بابان (دە)یان لە جێی (ئە)ی كرداری ڕانەبردوو بـەكارهێناوە، بـەڵام ئـەگـەر سەیری ئەم دێڕانەی شێخ ڕەزا بكەین، ئەوا دەبینین، لە دێڕی یەكەم و دووەمدا لە كردارەكانی (لێ هەڵـئـەگرێ ، ئاگر ئەگرێ، ئەمرێ)دا (ئە)ی بەكارهێناوە. بەڵام لە دێڕەكەی دیكەدا، وەك نالیی (دە)ی بەكارهێناوە لە كـرداری (دەوێ)دا، كەواتە شێخ ڕەزا هەردوو مـۆرفی مـۆرفیمی كـرداری ڕانـەبردووی بـەكارهێناوە، بـەڵام دەبـێ ئـامـاژە بـۆ ئەوە بكەین، كە ژمارەی ئەو شیعرانەی مـۆرفی (دە)یـان تێـدا بـەكارهێنراوە، زۆر زیـاترن لەوانـەی (ئـە)یان تێـدا بەكارهاتووە.

**تۆیش لە من بووگی وە شـاعیر ئەی حەرامزادەی سنە**

**بـــووچـــە شـــانێ نا حـەفێنی مەسرەفی چەس ئەو تنە**

**عیززەت ئاهەنگی لە كـوێ بوو ئەی كوڕی وەستا شەفێ**

**وردە ئـــاهـــەنگێ كـــە فـەرمووت ها وەلای وەستا ژنە**

((دیوان ، لا٩٩))

هـەروەك ئاماژەمـان بـۆ كـرد، شـێخ ڕەزا كوردییـەكی پـاراوی زانیـوە و، شـارەزایی تـەواوی لـە دیالێكتـە كوردییەكاندا هەبووە و، ((لەم چوارینەدا شێخ ڕەزا ڕستە و تەعبیری دیالێكتی میللی ئەردەڵانی بـەكاردێنێ ..... مەبەسـتی بنچـینەیی شـاعیر ئـەوە بـووە لێكسیكۆنی ئـەو دیالێكتـە بـەكاربێنی بـۆ ئـەوەی هەوایـەكی كۆمیـدی پێكەنیناوی بدا بە شیعرەكەی))[٣٣].

---

[٣١] شێخ محەمەدی خاڵ ، پەندی پێشینان ، چاپخانەی شڤان ، چاپی چوارەم ، ٢٠٠٧ ، لا٢١٦.

[٣٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٩٤.

[٣٣] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٣٣٣.

**هەر لە پاڵ ئەم شارەزاییيەدا**

**خـەبـەر چـــوو بۆ میرە سوورە**

**قوربـان شێخ ساڵح مەغـدوورە**

**خـۆشی خـۆشی پێ کەوت وتی:**

**ئاگرە سوورە لـــە خـۆم دوورە**

**کــــەسی فـــەقـــیری بێ چـارە**

**گـــەر عـەیبی هـــەبێ دیـــارە**

((دیوان ، ل٩٠))

**ســـاغ لـــە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ**

**بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قوڕمساغت دەوێ**

((دیوان ، ل١١٦))

ئەگەر سەیری ئەم دوو شیعرەی سەرەوە بکەین و، بە وردی لە زمانەکەیان بڕوانین، دەبینین بە زمـانێکی وا ئاسان و، ڕەوان نووسراون، کە لە ئاست تێگەیشتنی هەموو خوێندەوارێکی کوردن، لە هەر ئاست و پلەیەکدا بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: کە شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەی، کە زمانە بێگانەکان و وردەکارییـەکانی ئـەو زمانانـەی زانیـوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی شیرینی کوردی فەرامۆش نەکردووە و، تەئسیر و کاریگەرییەکانی دەوروبەریشی، لـە جێگا و، شوێنی خۆیـدا بـەکارهێناون، خۆی لـە گۆڕانکـاریی زمـان بـە دوور نـەگرتووە و، زانایانـە هاوسـەنگی لـە نێوانیاندا دروست کردووە.

هـەروەك ئاماژەمـان بـۆ کـرد شـێخ ڕەزا بـە هەرسێ زمانەکـەی دی شـیعری گوتـووە، وا بـاوە کـە لـە شـیعرە فارسییەکاندا گرەوی لە شاعیرانی فارس زمـان بردووەتـەوە، بۆیـە لێرەدا بـۆ هـەر زمانـەو، نموونەیـەکی شـیعری تۆمار دەکەین:

**زمانی فارسی:**

**کـــجـا شد ان عـنـــایـتـهـــا دیـریـن؟**

**کـجـــاشـــد ان کــــرامـــتـهای پیشین؟**

**نـەگـــاهی پـــرسـیدم خـانم نە پـاشا**

**نـە یـارم مـیکند خـسرو نـە شیرین!**

((دیوان ، ل١٣٦))

**زمانی عەرەبی:**

**أقـول قولاً لیس فـیـە أفترا**

**امـ جـمیل اولدتـە مـن ورا**

**ان لم تـصدق قولي امـا تـرا**

**فی وجهە المصغرأثار الخرا؟!**

((دیوان ، ل١٥٣))

**زمانی تورکی:**

**تحت توقیفه الندی قوی النسون کیرەته**

**خلقی ئەیچون چاهی قزان چاهه دوشر البته**

((دیوان ، لا١٥١))

## بەشی سێیەم

## کێشی شیعرەکانی

کێش ڕەگەزێکی زۆر گرنگە لە پێکهێنەرەکانی ڕوخساری شیعر و، هەر لە دێر زەمانەوە بووەتە هۆی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان و قسەو، گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانە. بۆیە زۆربەی شارەزایان و، پسپۆڕان بەم جۆرە پێناسەی شیعر دەکەن، کە کۆمەڵە وشەیەکی پابەند بە کێش و سەروایە[٣٤]، هەر ئەو کێشەشە، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بنەمایەکی مۆسیقی بۆ شیعر و، تەمەن درێژیی بە شیعر دەدات. چونکە شیعر بە پێچەوانەی پەخشانەوە لە ئەنجامی ئەو بەرگە مۆسیقییەی کە هەیەتی، زوو دەچێتە بیری خوێنەرەوە و، لەبەر دەکرێت و، لە بیر ناچێتەوە. ئەمەش بۆ کێش و سەروا دەگەڕێتەوە کە بە نەوایەکی بە جۆش وەبەرگوێمان دەکەون و، سەر و بنی شیعرەکە پێکەوە دەبەستن و، بەهۆی ئەو هارمۆنیایەی دروستی دەکەن، چێژ و ئۆقرە بە ڕووح دەبەخشن[٣٥].

دیارە، کە ((ئەدەبی کوردی لە فۆلکلۆر و و ئەدەبی میللی زۆر دەوڵەمەندە، کە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام کورد خاوەنی کێشی تایبەتی خۆی بووە، کێشی ٨ ، ٧ برگەیی... ))[٣٦]، وەك دەشزانین زانستی عەرووز و بەحرەکانی ئەم زانستە، لە لایەن زانای گەورەی عەرەب (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)یەوە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا دانراون و، داهێنانەکەشی باڵی بەسەر ئەدەبی هەموو گەلە موسڵمانەکاندا کێشاوە و، شاعیرانی کوردیش، هەروەك چۆن لە ڕووی زمانەوە بە لای عەرەب و زمانی عەرەبیدا شکاونەوە، هەرواش سەرنجیان بۆ لای ئەو زانستە چووە. هەر ئەمەش وای کردووە، کە تا ئێستاش ناوی ڕەگەز و بنەماکانی ئەم زانستە بە زمانی عەرەبی بمێننەوە.

هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئەدەبی کوردی بەر لە داهاتنی زانستی عەرووز، کێشی تایبەت بەخۆی هەبووە و، شیعری لەسەر دانراوە. پاشان دووبارە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، جارێکی دیکە شاعیران بۆ ئەم کێشە گەڕانەوە و، نوێکردنەوەیەکی گرنگیان لە ئەدەبی کوردیدا بەرپاکرد، کە دەنگونجێ ناوبنرێ شۆڕشی شیعری کوردی بەرەو شیعری هاوچەرخ و، کوردیی ڕەوان و، وەلانانی کێشی عەرووزی عەرەبی[٣٧]. بەڵام تا ئەمڕۆش، لایەنگر و پەیڕەوکەرانی ئەم جۆرە کێشە هەر ماون و، بۆ ماوەیەکی درێژیش ئەم ڕێبازە لە لایەن شاعیرانی کوردەوە پەیڕەوکراوە و، کارێکی یەکجار زۆری کردووەتە سەر شیعری کوردی چ لە ڕووی چاولێکەریی و لاسایی کردنەوە، یان گۆڕانکاریی و داهێنان لەو ڕێبازەی کە لە شیعری عەرەبیدا سەری هەڵدابوو. بەهەر کام

---

[٣٤] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، لا٦٦.

[٣٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٦٧.

[٣٦] حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، لا٥٨.

[٣٧] عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، لا١٧٩.

لەم لایەنانەدا بێت ئەم جۆرە شیعرە دەورێکی گرنگ و، بەرزی هەبووە و دەبێت لە مێژوی شیعر و ئەدەبی کوردیدا و ، شاعیرەکان وەستایی و دەست ڕەنگینی خۆیان لەم ڕووەوە دەرخستووە[٣٨].

دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کە زانستی ((عەرووز هونەرێکی زۆر گرانە ، فێربوونی مێشك دەکاتەوە، زاخاوی هۆش و مێشك دەداتەوە، خۆی لە خۆیدا مرۆڤ هۆشیار دەکاتەوە، کورت و پوخت: عەرووز گوێی مۆسیقی شاعیرە. بەلای شاعیرانەوە ئەم بڕیارە دروستە:

**نابی بە شاعیر تا بە ڕەوانی**

**زانستی کێشی هەڵبەست نەزانی))**[٣٩].

هەر ئەم گرنگیدانەی، شاعیران بە عەرووز و بنەماکانی شیعری کلاسیکی، وای لە زۆر کەس کردووە، کە شیعری تازە بە قسەی ئاسایی ناوبەرن، نەك شیعری ڕاستەقینە. دیارە ئەم تێڕوانینەش هەروا لە خۆڕایی نییە و، لاوەکییانە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە جوانی واتا و ئەندێشەی قووڵ دەبێ هەردەم، لەگەڵ ناسکی وشەکان و ڕەوانی ڕستەکان جۆش بدرێن و، تێکەڵ بکرێن، وەك بەرگی جوان لەبەر بووکی ڕەنگیندا ئەوەش ئیشی کێشە، ئەمە ئیشی عەرووزە[٤٠]. هەر ئەمەش وای کردووە، کە بە عەرووز بگوترێت کۆت و پێوەندیی ڕازاندنەوە (قیود زینە) لە ڕاستیشدا وایە و، لە گشت زمانێکیشدا شیعری زەبەلاح و گەورە دەبینین، بەهۆی ڕیتمی کێشەکەوەیە، کە وەك لوتکەی قەندیل ڕەنگینە، بەڵام کە ڕووتی دەکەینەوە لە کێش و قاڵبی شیعری وەکو بووکە بە بارانەی منداڵانی کوردەواری لێ دێت[٤١]!

ئەگەر کەسێك بە سەرنج و، تێڕامانی وردەوە بڕوانێتە دیوانی شاعیرانی وەك نالیی و سالم و کوردیی و... دیوانی شاعیرانی دیکە و، لەگەڵ شاعیرانی تازەدا بەراوردیان بکات، ئەمجار ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە کێش چ دەورێکی لە ڕوخساری شیعردا هەیە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ گرنگی عەرووز بۆ شاعیران کرد، ئێستاش باس لە عەرووز لە لای شاعیرانی کورد بە گشتی و، شێخ ڕەزا بە تایبەتی دەکەین، کە بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە، چونکە شێخ ڕەزاش وەك هەر شاعیرێکی دیکەی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە سەرجەم شیعرەکانیدا پێڕەوی لە کێشە عەرووزییەکان کردووە، بەڵام وەك دەزانین و باسیشمان کرد، کە شاعیرانی کورد نەهاتوون دەقاودەق ئەو زانستە وەرگرن، بەڵکو تەنیا ئەو ڕووەیان وەرگرتووە، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێت. شاعیر هەیە تەنیا یەك شیعری لە قاڵبە کێشێکی دیاریکراو هەیە، یاخود هەندێك جار قاڵبە کێشی عەرووزی واهەیە، کە چەند عەرووز و تەفعیلیەکی جیاوازی هەیە و، یاخود هەموو ئەو قاڵبانەی کە چوارین، وەك: هەزەجی چواری و، ڕەمەلی چواری و، ڕەجەزی چواری و.... بە هەموو قاڵبەکانیانەوە بە لای زۆربەی توێژەرانی بواری کێش ناسییەوە، لە

---

[٣٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا١٧٩ — ١٨٠.

[٣٩] نووری فارس حەمەخان ، عەرووزی کوردی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤ ، ١٠ — ١١.

[٤٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٩ — ١٠.

[٤١] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠.

بنەڕەتدا هەشتین و، بە هۆی سەرواى ناوەوە و هونەرى تەسمیت و تەشتیرەوە، هەر لە تێکیان کراوە بە دوو پارچەوە بەمەش لە هەشتییەوە بوون بە چواری[٤٢].

ئەمانە و چەندان کێشی دیکە، کە ڕووبەڕووی توێژینەوەی ئەم بوارە بوونەوە و دەبنەوە، هەر ئەمەشە، کە وای کردووە زۆر کەس خۆی لە قەرەی ئەم زانستە نەدات و، بە زانستێکی مردوو ناوی ببات، کە بە داخەوە کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا هەژارە و، چاوەڕێی دەستی توێژەرانی بەهرەمەند و، کەسانی پسپۆڕ دەکات، کە ئاوڕێك لەم لایەنە بدەنەوە و توێژینەوەی پوخت و ڕەنگین لەسەر سەرجەم بوارەکانی ئەم زانستە ئەنجام بدەن.

ڕێکوپێکی کێشەکان و ڕاستیشیان پێوەنییەکی تونددیان بە گوێی مۆسیقی شاعیرەوە هەیە، چونکە ئەگەر شاعیر ئەو هەستەی نەبێت، ئەوا ناتوانێت کێشەکان بەش بەش بکات و، ئاوازی دێڕە شیعرەکە لە ڕێگەی بڕگەی کورت و درێژەوە ڕێك بخات. یاخود جاری وابووە، کە شاعیر پەنای بردووەتە بەر پاش سەروا و پێش سەروا بۆ درێژکردنەوەی ئاوازی شیعرەکە و، ڕێکخستنی چونکە کاری پاش ڕەوی درێژکردنەوەی ئاوازی شیعر و بە بەرداکردنی بەرگێکی مۆسیقییە بە بەر شیعردا، یان شاعیر پەنای بردووەتە بەر دیاردەی دەنگ گۆڕکێ و، وشەی بێگانە بۆ ڕێکخستنی کێشەکە.

گرنگترین کێشە بەکارهاتووەکانی شیعری کوردی (هەزەج) و ، (ڕەمەڵ) و (موزاریع)ن، شاعیر نییە لە سەر ئەم کێشانە شیعری نەگوتبێت، دوای نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیش، لە سەرەتادا، مەبەستمان سەرەتای سەدەی بیستەمە، چونکە دواتر زۆربەی شاعیران – بۆ نموونە: گۆران- دەستی لە عەرووز هەڵگرت، هەرچەندە هەندێکیان، وەکو شێخ نووری، سەر لە نوێ بایانداوەتەوە سەر عەرووز، کە بە زۆریی کێشی (هەزەج) و (ڕەمەل)یان بە کارهێناوە، چونکە زیاتر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجێن[٤٣]. بەڵام هەندێ کێش لە شیعری عەرەبیدا زۆر بەکارهاتوون لەوانە: (تەویل) و (مەدید) و (بەسیت) و (وافر) و.... کە لە شیعری کوردیدا ، یان بەکارنەهاتوون، یاخود تاك و تەرا و دەگمەنن، کەواتە ((بە پێی چۆنیەتی زمانەکە لە کوردی و عەرەبیدا قاڵبەکان گۆڕاون، لەبەر ئەوەی دوو زمانی جیاوازن لە ڕووی سیستەمی ڕێزمانی و دەنگی، بۆیە شاعیرانی کورد گەلێك جار بۆ ئەوەی پیتەکان بە گوێرەی کورتی و درێژی بگونجێن، گۆڕیویانە تا لەگەڵ ئاواز و کێشی شیعرەکەدا یەکسان بێت))[٤٤].

بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمەش، کە شیعرەکانی شێخ ڕەزان بە داخەوە، وەك بەرهەمی زۆر لە شاعیرانی دیکەی کورد، ئاوڕی جدییان لێ نەدراوەتەوە و، توێژینەوەیەکی وردیان دەربارە نەکراوە و، ڕایەکی جێگیر دەربارەی کێشی شیعرەکانی بەرچاو ناکەوێت، بە وێنە د. مارف خەزنەدار بەم جۆرە باس لە کێشی شیعرەکانی دەکات: ((بەگشتی شێخ ڕەزا بەحرەکانی عەرووز لە شیعریدا بەکاردێنی، وەکو هەموو شاعیرانی دیکەی کلاسیکی کورد، بەشی هەرە زۆری شیعری لە سەر بەحرەکانی هەزەج و ڕەمەلن، هەروەها بەحرەکانی موزاریع و موجتەس و خەفیف و ڕەجەز و سەریعیشی بەکارهێناوە))[٤٥]. ئەمە ڕاوبۆچوون و بەرهەمی توێژینەوەی د.

---

[٤٢] عەزیز گەردی ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) ، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ٢٠٠٣، لا ٤٨ – ٥١.

[٤٣] حوسێن غازی کاك ئەمین ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، لا٢٠٩.

[٤٤] ئاری صبحی أحمد ، غەزەل و قەسیدەکانی (حاجی قادری کۆیی) لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا ، لا٦٩.

[٤٥] مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، لا٢٨٧.

**مارفه، کەچی (عەزیز گەردی) لە کتێبی (ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی)دا، هەر یەك لە بەحرەکانی (ڕەمەل) و (هەزەج) و (موزاریع) و (خەفیف) و (موجتەس)ی بە چەند تەفعیلە و قاڵبێکی جیاجیاوە دیاری کردووە، تەنانەت بۆ بۆچوونکەی ئەویش ڕای پێچەوانە دەکەوێتە بەرچاو، لەوانە: (هەزەجی هەشت هەنگاوی موسەببەغ)ی دیاری کردووە، کەچی لە بنەڕەتدا ((تەسبیغ نەگۆڕە و بەس لە ڕەمەل دا دەبێت))[٤٦]. ئێمەش لەو باسەماندا هەوڵ دەدەین هەندێك لە شیعرەکانی ناو دیوانەکەی دەربهێنین و، دەست نیشانیان بکەین، بەو شێوەیەی خوارەوە:**

1. **هەزەج**
2. **ڕەمەل**
3. **موزاریع**
4. **خەفیف**
5. **موجتەس**

**بەڵام وەك لای هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە، کە دیوانی شیخ ڕەزای تاڵەبانی بۆ چەندین جار و لە لایەن چەندان کەسی جیاواز ساغ و کۆکراوەتەوە، وەك دەشزانین بەرهەمی شاعیرانی کۆنمان بە ڕێنووسی کۆنی عەرەبی نووسراونەتەوە و، گۆڕینیان بۆسەر ڕێنووسی ئێستا، هەروا کارێکی سانا و ئاسان نییە لە ئەستۆی کەسانی پسپۆڕدایە کە بە شێوەیەکی زانستی و ڕاست و دروست ئەم کارە ئەنجام بدەن و هەڵەکانی ڕابردوو ڕاست بکەنەوە، بۆیە شێخ ڕەزاش وەك زۆر لە شاعیرانی دیکە شێوازی جیا جیا لە نووسینەوەی شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، تەنانەت تا ئێستاش ژمارەی شیعرەکانی بە وردی دیاری نەکراوە و هەر دیوانێك و کۆکردنەوەیەکیان لەگەڵ ئەوانی دیکە بەراورد بکەین، ژمارە و، شیعر و، نووسینەوە و ڕێکخستنی جیاوازمان بەرچاودەکەێت. هەڵبەت ئێمەش ناتوانین هیچ بڕیارێکی ڕەها و موتڵەق لە بارەی کێشی شیعرەکانییەوە بدەین، لە بوونی هەڵە و کەموکوڕیش دڵنیاین، ئەوەی کە دەخرێتەڕوو کورد گوتەنی (مشتێکە لە خەروارێك) و تەنیا نموونەیە:**

**<u>یەکەم:هەزەج</u>**

١. **هەزەجی هەشت هەنگاوی...**

**بەمارف بەگ بڵێن قەتعی معاشی من نەکا چاکە**

**زمــانی مــن کە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوححاکە**

((دیوان ، لا٩٥))

ب – – –   ب – – –   ب – – –   ب – – –

مـفاعیلن   مـفاعیلن   مـفاعیلن   مـفاعیلن

٢. **هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف...**

**بەجێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی**

[٤٦] نووری فارس حەمەخان ،عەرووزی کوردی ، لا٣٣٥.

**دەری کرد ئافەرین خدری گلاوی**

((دیوان ، لا١١٨))

ب – – –   ب – – –   ب – –

مـفـاعیلن  مـفـاعیلن  فعـولن

**٣. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور...**

**ئەم دەغڵە کەتەسلیمی دەکا شێخ بە هەجیجی**

**نـوقـسانی دەکا هەر لە تەغارێ  دەکـەویجی**

((دیوان ، لا١١٣))

– – ب   ب – – ب   ب – – ب   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـیل   مـفـاعیل   فــعولان

**٤. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف...**

**لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابـوو کە ئێمە**

**پاماڵی جەفابین و ، ڕەقیب سەیر و سەفاکا**

((دیوان ، لا٣٣))

– – ب   ب – – ب   ب – – ب   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـیل   مـفـاعیل   فــعولن

**٥. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەب...**

**گەر بێت و بە سەد دەریا بیشۆیەوە شێخ باقی**

**پاک نابێتەوە هێشتا پڕ گووی  سەگە  لوولاقی**

((دیوان ، لا١١٧))

– – ب   ب – – –   – – ب   ب – – –

مـفـعول   مـفـاعـیلن   مـفـعول  مـفـاعیلن

**٦. هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف...**

**ئەم قەحبە فەلەک لە داخی مردم**

**موحـتـاجی ڕەشی ڕەشیدی کردم**

((دیوان ، ٧٤))

– – ب   ب – ب –   ب – –

مـفـعول   مـفـاعـلن   فـعولن

٧. هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی ئەهتەم...

**شۆخێ بە ئینایەت چووە لای زوهد فرۆشێ**

**بۆ ئـەخزی تەریقەت بە دڵی پڕ لە خرۆشێ**

((دیوان ، لا١١٣))

– – ب ب – – ب ب – – ب ب –

مـفعول مـفـاعـیل مـفـاعـیل فـعول

**دووەم:ڕەمەل**

١. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف...

**گەرچی میرانی خدر بەگ موددەتێک قورعەی نەدا**

**پـار لە خـۆشناو قورعەیان کێشا و گەلێکیان پێوەکرد**

((دیوان ، لا٥١))

– ب – – ب – – – ب – – – ب – – ب –

فـاعـلاتن فـاعــلاتن فـــاعلاتن فـــاعلا (فاعلن)

٢. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم....

**ئــەو مــریشک و کــەڵەشێرە کە وتم بینێرە**

**دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشی لێرە**

((دیوان ، لا٩٨))

– ب – – ب ب – – ب ب – – – –

فـاعـلاتن فـعــلاتن فـعـلاتن فـع لن

٣. ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...

**دەمکـوژێ حــوکمـە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب**

**وەرە سا بەشقی خوا دەس لە یەخەم بەردە طەبیب**

((دیوان ، لا٤٢))

– ب – – ب ب – – ب ب – – ب ب –

فـاعــلاتن فـعــلاتــن فــعـلاتن فـعـلن

٤. ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەحزووف...

**حــاجی عــەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە**

**بـا وجوودی مـــەرتەبەی پێغەمبەری**

((دیوان ، لا١١٤))

ـ ب ـ ـ      ـ ب ـ ـ      ـ ب ـ

فـاعلاتن      فاعــلاتن      فــاعـلن

**٥. ڕەمەلی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...**

**چڵ و چێوی چـەمی ڕەشنەش  بە ڕەشت**

**بـە لـەشت هەم بە بەشت هەم بەرەشت**

((دیوان ، لا٤٧))

ـ ب ـ ـ      ب ب ـ ـ      ب ب ـ

فـاعــلاتـن      فــعــلاتــن      فـعــلن

**<u>سێیەم: موزاریع</u>**

**١. موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف...**

**زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە**

**هــەرزانــە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ**

((دیوان ، لا١١٤))

ـ ـ ب    ـ ب ـ ب    ب ـ ـ ب    ـ ب ـ

مفعول      فاع لات      مـفـاعیل      فاع لن

**٢. موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەب...**

**شێخ مـوسـتـەفـا  لە زومرەی ئەولادی  مورتەزایە**

**هەرکەس کە خەسمی ئەو بێ دەیگێم لە لام غەزایە**

((دیوان ، لا٩٧))

ـ ـ ب    ـ ب ـ ـ    ـ ـ ب    ـ ب ـ ـ

مفعول    فاع لاتن    مفعول    فاع لاتن

**<u>چوارەم: خەفیف</u>**

**١. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەحزووف...**

**بــەدە ئــاب و هــەوای قـەلـعەدزە**

**کە سەگیشی لە عـومری خۆی وەڕزە**

((دیوان ، لا٩٦))

ب ب ـ ـ    ب ـ ب ـ    ب ب ـ

فعلاتن      مفاعلن      فعلن

**٢. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم...**

**سوورەت و سـیرەتی لە پیاو ناچێ**

**ئـــەو قـــورمـساغە مێیە یا نێرە**

((دیوان ، لا٩٠))

– ب – –　　ب – ب –　　– –

فاعلاتن　　مفاعلن　　فع لن

**٣. خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوونی مەقسوور...**

**مــوتــەســـەریــف جیگـارەکـەی لە دەما**

**دێ و دەچێ وەك مریشکی چیلکە بە قوون**

((دیوان ، لا٧٧))

ب ب – –　　ب – ب –　　ب ب –

فـعــلاتن　　مفاعلن　　فعلان

**پێنجەم: موجتەس**

**١. موجتەسی هەشت هەنگاوی مەخبوونی ئەسلەم...**

**مــوخـالەفەم نییە مــن ساعەتێکی مـیـقاتم**

**غولامی حەڵقە بە گـوشی جەمیعی ســاداتم**

((دیوان ، لا٧٣))

ب – ب –　　ب ب – –　　ب – ب –　　– –

مفاعلن　　فعلاتن　　مـفــاعلن　　فع لن

## ئەنجامەکان

**پوختەی ئەنجامە هەرە درشت و بەرچاوەکانی ئەم توێژینەوە، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:**

**١. هێزی دروستکەری زۆربەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا، پاڵنەری کاردانەوەیە، نەك پرۆسـەیەکی فکری و مـەعریفی و، لـە چوارچـێوەی زمـانی شـیعریدا گوزارشـت لـە خۆبکـات و، زۆربـەی شـیعرەکانی بـێ بیرکردنـەوە و زۆر لـە خۆکردن بۆ هاتوون.**

**٢. دیوانەکـەی لـە وشـە و مـوفرەداتی کـوردیی و بێگانــەدا زۆر دەوڵەمەنــدە، سـوودێکی زۆری لــە فۆلکلـۆر و کەلەپووری نەتـەوەیی، بـە تایبـەتی پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق و ئیـدیۆم، وەرگرتـووە و سـەدان وشـەی ڕەسەنی دیالێکتە جیاجیاکان و زمانە بێگانەکانی بـەکارهێناوە، لـە شـیعرەکانییەوە دیـارە، کـە هـەرگیز بـۆ وشـە دانەماوە و، بە دوایدا نەگەڕاوە، زمانەکەی هەتا بڵێیت: دەوڵەمەندە.**

**٣. لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە، شێخ ڕەزا هەموو قاڵبە شیعرییەکانی بەکارنـەهێناوە، بـەڵام ئەوانـەی بـەکاری هێناون، لە تەکنیکە گرنگەکانن و، بە شێوەیەکی وا ڕازاندوونیەوە، کە هاوتایان کەمە، زۆرجاریش داهێنانی تێدا کردوون، یەکەم شاعیرە، کە بەرچاومان کەوتبێت تەکنیکی سێینەی بەکارهێنابێت.**

٤. شێخ ڕەزا بۆ سەرواى شیعرەکانى، نیوەى دەنگەکانى ئەلف و بێى کوردیى بەکارهێناوە، کە لە پیتە ڕەوان و ئاوازدارەکانن، بەجوانکاریى و وردەکارییەکانى لەم مەیدانەدا، شیعرەکانى ڕازاندووەتەوە و، داهێنانى تێداکردوون و، دێڕى یەکەمى پارچەى، وەك غەزەل و قەسیدە هاوسەروا کردووە.

٥. لەنێو شیعرەکانى شێخ ڕەزادا، تاك و چوارین لە هەموو جۆرەکانى دیکە زیاتر بەرچاو دەکەون.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**

**یەکەم: کتێب**


١. **ئومێد ئاشنا** ، شێوە و ناوەڕۆك، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.

٢. **ئەنوەر قادر محەمەد** ، لیریکای شاعیری گەورەی کورد – بە دیالێکتی گۆرانی(هەورامی)- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی سێیەم ، سلێمانی ٢٠٠٧.

٣. **پەرێز سابیر (د)** ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٦.

٤. **جەبار ئەحمەد حسێن** ، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ – ١٩٧٠) ، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٨.

٥. **جەلال مەحمود عەلی** ، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، مطبعة حسام ، بەغدا ١٩٨٢.

٦. **حوسێن غازی کاك ئەمین** ، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠٠٨.

٧. **حەمە نوری عومەر کاکی** ، شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا ، چاپخانەی تیشك ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٨.

٨. **عومەر میراودەلی** ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٨.

٩. **عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا** ، شیکردنەوەی دەقی شیعریی لە ڕووی زمانەوانیەوە ، دار السبیریز للطباعة والنشر ، دهۆك ٢٠٠٨.

١٠. **عەبدوڵڵا خدر مەولوود (د)** ، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤.

١١. **عەزیز گەردی** ، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردیی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ٢٠٠٣.

١٢. **کەمال میراودەلی (د)** ، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا) ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (قانع) ، چاپی دووەم ، ٢٠٠٥.

١٣. **لۆرانس پیرین** ، شیعر چییە؟ وەرگێڕانی **ئەبوبەکر خۆشناو** ، چاپخانەی پیرەمێرد ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٨.

١٤. زمان و ئەدەبی كوردی ، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، دانانی: **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە**، چاپخانەی بسمان ، چاپی یازدەهەم ، ١٤٢٣ك – ٢٠٠٢ز.

١٥. زمان و ئەدەبی كوردی ، بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، دانانی: **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە** ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەكەم (بژاركراو) ، هەولێر ٢٠٠٢ز – ٢٧٠٢كوردی.

١٦. **مارف خەزنەدار (د)** ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی چوارەم ، چاپی یەكەم ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ٢٠٠٤.

١٧. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، كۆكردنەوە و ساغكردنەوەی **شێخ محەمەدی خاڵ** ، **ئومێد ئاشنا** ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٣.

١٨. **شێخ محەمەدی خاڵ** ، پەندی پێشینان ، چاپخانەی شڤان ، چاپی چوارەم ٢٠٠٧.

١٩. **نوری فارس حەمەخان** ، عەرووزی كوردی ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، چاپی یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٠. **هۆراس** ، هونەری شیعر ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە **(حەمید عەزیز)** ، چاپخانەی چوارچرا ، چاپی دووەم ، سلێمانی ٢٠٠٥.

٢١. هەواری خاڵی ، سەرجەمی نووسینی **هێمن** ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی دووەم ، هەولێر ٢٠٠٦.

٢٢. **هیمدادی حوسێن (پ. ی . د.)** ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی كوردی ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەكەم ، دهۆك ٢٠٠٧.

**دووەم: نامەی زانكۆیی (ئەكادیمی)**

٢٣. **ئاری صبحی أحمد** ، غەزەل و قەسیدەكانی (حاجی قادری كۆیی) لە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەدا ، نامەی ماستەری پیشكەش كراو بە كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی كۆیە ، ٢٠٠٦.

**سێیەم: وانەی زانكۆیی**

٢٤. **م. یادگار ڕەسووڵ محەمەد ئەمین** ، موحازەرەكانی كۆلێژی زمان / قەڵادزێ ، ئەدەبی كۆن ، قۆناغی دووەم ،ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٧.

**بە زمانی فارسی:**

٢٥. **سیروس شمیسا** ، سبك شناسی شعر ، انتشارات فردوس ، ج٤ ، تهران ١٣٧٨.

**بە زمانی عەرەبی:**

٢٦. **طاهر أحمد مكی** ، الشعر العربي المعاصر ، دارالمعارف ، مصر ، ١٩٨٠ ، ص٧٦.

٢٧. عبدالقادر الرباعي(د.) ، جماليات المعنى الشعري الطبعة الأولى ، دار الفارس للنشر والتوزيع ، عمان ، ١٩٩٩، ص١١٠.

٢٨. الفت كمال الروبي (د.) ، نظرية الشعر ، بيروت ٢٠٠٧.

٢٩. محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقدي العربي ، ط١ ، بغداد ١٩٩٣.

٣٠. محمد العبدحمود (د.)، الحداثة في الشعر العربي المعاصر (بيانها ومظاهرها)، الطبعة الأولى، بيروت – لبنان ، ١٩٦٦.

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە (ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەتوێژێتەوە، دیارە زۆر کەس بایەخیان بە نێوەرۆکی شیعرەکانی داوە، بەڵام وەك پێویست گرنگییان بە ڕوخساریان نەداوە، ئەمەش پاڵی پێوەناین لەم توێژینەوەیەماندا، کە ناومان ناوە (ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لەو لایەنە گرنگەی شیعرەکانی بکۆڵینەوە.

**توێژینەوەکەمان لە سێ بەش پێکدێت:**

بەشی یەکەم بۆ توێژینەوەی پێوەندیی نێوان ڕوخسار و نێوەرۆك بە شێوەیەکی گشتی و هاوسەنگیی نێوانیان لە دەقی شیعریدا تەرخانکراوە، پاشان توێژینەوەی هونەری شیعر و سەروا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا و، هێنانەوەی نموونەی شیعری دیوانەکەی.

بەشی دووەمیش لە زمانی شیعری شێخ ڕەزا دەتوێژێتەوە، لە سەرەتادا زمانە شیعرییەکەی و جیاوازیی نێوان زمانی شیعری و زمانی ئاسایی، پاشان زمانی شیعری شێخ ڕەزا و ئەو وشە کوردیی و فارسی و عەرەبی و تورکییانەی بەکاری هێناون، پشت بە بەڵگەی شیعری توێژراوەتەوە.

بەشی سێیەمیش لە کێشی شیعرەکانی دەتوێژێتەوە، کە پاش ڕوونکردنەوەی گرنگیی کێش لە شیعردا، باسی گرنگیی کێشمان لە ڕوخساری شیعردا کردووە، لە کۆتاییشدا، ئەو کێشانەی شێخ ڕەزا لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، دیاریمان کردوون.

## ملخص البحث

يتطرق هذا البحث الى دراسة (الشكل في قصائد شيخ رضا الطالباني) حيث اهتم كثيرون بمضمون قصائده، دون الاهتمام بشكلها بصورة كافية، وهذا مادفعنا الى دراسة هذا الجانب المهم من شعره في بحثنا هذا والذي سمينا (الشكل في قصائد شيخ رضا الطالباني).

والبحث يتكون من ثلاثة فصول، الفصل الاول خصص لدراسة العلاقة بين الشكل والمضمون بوجه عام وأهمية التوازن بينهما في النص الشعري، ثم دراسة الفن الشعري والقافية في قصائد شيخ رضا مع ضرب الامثلة الشعرية من ديوانه.

أما الفصل الثاني، فهو يدرس اللغة الشعرية لشيخ رضا، بدءًا بدراسة اللغة الشعرية والفرق بينها وبين اللغة الاعتيادية اولاً، ثم اللغة الشعرية لشيخ رضا موثقة بالأمثلة الشعرية، وتحديد مافيها من الكلمات الكردية والاجنبية (العربية والفارسية والتركية).

والفصل الثالث يدرس أوزان شعره، حيث بعد بيان أهمية الوزن في الشعر، تطرقنا إلى أهمية الوزن في شكل الشعر، وفي الختام حددنا الأوزان الشعرية التي استعملها شيخ رضا في قصائده.



## Abstract

This research paper studies (The Style of Shekh Raza Talabani's Poems). Obviously critics have paid attention to the content of Shekh Raza's poetry, but few have dealt with its style. This research, therefore, has devoted its attention to the style of his poetry. The paper is in three parts:

In part one the relationship between style and content is attended. Also in this part, we have critically approached the question of poetry and rhyme scheme in Shekh Raza's poetry by citing examples from his oeuvre.

Part two examines, Shekh Raza's poetic language, it also discusses differences between everyday language and poetic language. Shekh Raza's diction and his borrowings from Persian, Turkish, Arabic and Turkish languages are also debated in this part, with citing specific examples from his poetry.

Finally, the third part of this paper endeavors to study in depth the rhyme scheme of Shekh Raza's poetry. This part also brings in the importance of rhyme in poetry in general. This paper closes by identifying the different rhyme schemes that Shekh Raza has experimented in his works.

# میکانیزمی خەیاڵ لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"

م.ی. ڕێبوار محمد اسماعیل
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە، ڕێگایەکـە بـۆ خسـتنە ڕووی کاریگـەری میکـانیزمی لادان لـە واقیعـدا و ڕوو کردنـە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن لە ڕۆمانی (غەزلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا. لێرەدا ئاماژە بە هێزی خەیاڵ، وەك یەکێك لە ڕەهەندە نافیزیکییەکانی مرۆڤ کراوە، کە ڕۆڵی گرنگی لە بواری سایکۆلۆژی و ئەدەبی و هونەریدا هەیە، واتە خەیاڵکردن تەنیا وەکو خووێکی سروشتی مرۆڤ سەیر ناکرێت، بەڵکو مەبەست لە خـەیاڵکردن، ئەو خەیاڵە بەرهەمهێنەیە، کە لە لایەك لـە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە میکانیزمێکـە هەڵدەسـتێت بـە گەڕاندنـەوەی بـاری هاوسەنگی دەروونی بۆ مرۆڤ، لە ڕێگەی قەرەبووکردنـەوەو تێرکردنـی حـەزوو ئـارەزووە چـەپێنراوەکان، لـە لایـەکی تریشەوە ئەو هێزەیە، کە سەرچـاوەیەکە بـۆ لێکـدان و دروسـتکردنی وێنـەو گۆزارشـتی نـوێ و داهێنـان و بەرهـەمی ئەدەبی و هونەری.

لەو چوارچێوەیەشدا میکانیزمی خەیاڵکردن لە ناو ڕۆمانی (غەزلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا بـوونێکی گـەورەی هەیـە، کە تیایدا نوسەر لە ڕێگـەی کاراکتـەرە جیاجیاکانـەوە ئامـاژەی بـەهێزی خـەیاڵ کـردووە و ئـەو بەرهەمـە هونـەری و ئەدەبیانە دەخاتە ڕوو، کە کاراکتەرەکان لە ڕێگەی میکانیزمی خەیاڵکردن داهێنانیان تێدا کـردووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا تیشـك خراوەتـە سـەر جیـاوازی سـایکۆلۆجییەتی ئـەو کەسـایەتییەی، کـە خـاوەنی هێـزی خەیاڵـە و لەگـەڵ ئـەو کاراکتەرەی، کەوا خەیاڵی بەرهەمهێنی نییە، لەگـەڵ ئـەو ئامـانج و مەبەسـتە جیاجیایانـەی، کـە نووسـەر لـە ڕێگـەی خەیاڵی کاراکتەرەکانەوە ویستوویەتی بیان خاتە ڕوو.

## پێشەکی

بۆ تێگەیشتن لە خەیاڵ، پێویستە لایەنەکانی پەیوەست بە خەیاڵی مرۆڤ بخەینە ژێر تێڕامان و بـاس کردنـەوە و کـارکرنێکی زانسـتیانە لەسـەر چـەمکی خـەیاڵ بکـەین. لەمەشـەوە ڕۆڵ و بایـەخ و گرنگـی هێـزی خـەیاڵمان بـۆ دەردەکەوێت، کە جیهانی خەیاڵ، یاخود ئەو ئەرکـەی خـەیاڵ پێـی هەڵدەسـتێت تەریبـە لەگـەڵ ڕەهەنـدەکانی تـری سایکۆلۆجی و فیزیکییەتی ژیان لە پەروەردە کردنی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی مرۆڤ لە بازنەی ژیاندا. لێرەشـەوە ئـەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هیزی خەیاڵ کاریگەری لەسەر نەخشەی هەڵس و کەوت و چالاکی تاك هەیە لە جیهانـە حـەقیقی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، جگە لـەوەش کاریگـەری لەسـەر ژیانـە سایکۆلۆجییەکەشـیدا هەیـە، وەك بـەدیهێنانی ئامـانج و تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی.

كاتێ مرۆڤ لە ژێر دەستەڵاتی عەقڵ و جیهانی حەقیقەت دوور دەكەوێتەوە و دەست بەرداری پێوانە كردنی بابەت و ڕەهەندەكانی ژیان و هێزی لۆژیك دەبێت بە پێوەرە عەقڵییەكان، جا بە هۆی هەر هۆكارێكەوە بێت، ئەوا دەبینین كە توانای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەو چارەسەركردنی كێشەكان كەم دەبێتەوە، هەروەها گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەكان دەكەوێتە دۆخێكی دژوارەوە. ئەمەش وا دەكات، كەوا بۆشاییەك لە لای مرۆڤ دروست ببێت و لە هەمان كاتدا ڕەمەكی ئیرۆس پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ بەردەوامبوون لەژیاندا و پڕكردنەوەی بۆشایی دروست بوو بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشەكان. لێرەدا مرۆڤ بە دوای جێگرەوەیەكی تردا دەگەڕێت، تاوەكو جێگای لۆژیك و عەقڵ بگرێتەوە، ئەو جێگرەوەیەش خەیاڵە، كە هاوشانی عەقڵە و بە جۆرێكی تر كار بۆ مرۆڤ دەكات، مرۆڤیش لەم بارەدا خەیاڵ دەكاتە ڕێگەیەكی نوێ بۆ بنیاتنانەوەو دۆزینەوەو چارەسەركردن و پێوانەكردنی پێویستییەكان و لایەنەكانی ژیان، بەم جۆرە تاك ئاوێتە دەبێت لەگەڵ دنیای خەیاڵدا و ئەو دنیایە دەكاتە پێوانە و پەنایەك بۆ چارەسەركردنی گرفتەكان و حەزو ئامانجەكانی خۆی پێ دەهێنێتەجێ.

پرۆسەی خەیاڵ كردن وەك ڕەهەندی نافیزیكیانەی تاك بەرهەمی لەو جیهانە حەقیقەتە دەردەكەوێت، كە ئەمەش لە تواناو ڕەوشت و مامەڵەی تاك و چالاكی و بەرهەم و داهێنانی عەقڵی تاك خۆی دەبینێتەوە. جیهانی خەیاڵی مرۆڤ و پرۆسەی خەیاڵكردن وەك كارخانەیەك ئەبینرێ، كە كار لەسەر وێنە و توخمە سادە و سەرەتاییەكان دەكات و دەیان گۆڕێت بۆ فۆرمێكی نوێتر و وێنەی داتاشراویان لێ بەرهەم دێنێت، واتا جیهانی خەیاڵ لەگەڵ هەموو ئەو ئەركانەی كە هەیەتی ئەركی دروستكردن و بنیاتنانی بابەتە جیاجیاكانیش لە خۆ دەگرێت لە ناو بوارەكاندا، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێ: (خەیاڵكردن واتا دووبارە بنیاتنانەوەی تێگەیشتن، دووبارە پێكهێنانەوەی پەیبردن)[1] .

لێرەدا زیاتر بە ئاراستەی ئەم بنیاتنانە دەڕۆین، كە خەیاڵ ئەنجامی ئەدات و دەركەوتەكەشی لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا خۆی ئەبینێتەوە، ناكرێ لە دەرەوەی پرۆسەی خەیاڵكردن و هێزی خەیاڵ لە بەرهەم و داهێنانی مرۆڤایەتی بە تایبەتی ئەدەب بڕوانین. لە دنیای ئەدەبدا خەیاڵ ڕەگەزێكی سەرەكییە و بەرهەمە جیاجیاكانی ئەدەب پەیوەستە بە هێز و جیهانی خەیاڵی شاعیر و نوسەرەوە، هەر بۆیە مەسەلەی خەیاڵ لە بابەتێكی ساكارەوە، تا بنیاتنانی كارێكی ئاڵۆز و وێنەیەكی ئاوێتە ڕۆڵ و ئەكتیڤیەتی خۆی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، كە لە ژێر ناونیشانی (میكانیزمی خەیاڵ لە ڕۆمانی "غەزەلنوس و باغەكانی خەیاڵ)ە، هۆكاری ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەو ڕۆڵ و كاریگەرییە دەگەڕێتەوە، كە خەیاڵ هەیەتی لەسەر لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ و گرنگی میكانیزمی خەیاڵكردن لەبواری ئەدەب و بەرهەمی هونەری. لێرەشدا چەمك و ئەركی هێزی خەیاڵ لە ناو ئەدەبدا تەوزیف دەكەین و لە ڕووی ئەدەبی دەروونی لە پرۆسەی خەیاڵكردن دەڕوانین، هەروەها كار لەسەر بەرجەستە بوونی ڕۆڵی خەیال دەكەین لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باخەكانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا. بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژەمان بە چۆنیەتی و جۆری خەیاڵی كاراكتەرەكانی ناو ڕۆمانەكە كردووە. ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دووبەش، هەر بەشێكیش لە چەند تەوەرەیەك خۆی دەنوێنێت. بەشی یەكەم پێكهاتووە لە (چەمكی خەیاڵ لە چەند ڕوانگەیەكەوە، خەیاڵكردن وەك میكانیزمێكی بەرگری دەروونی، میكانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵكردن لە ڕۆمانی ناوبراو، كاریگەری بوون و نەبوونی هیزی خەیاڵ، پەیوەندی مادە و خەیاڵ بەیەكەوە). بەشی دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی جۆری خەیاڵی كاراكتەرەكانی ناو ڕۆمانەكە.

## بەشی یەکەم: میکانیزمی خەیاڵکردن

### ـ چەمکی خەیاڵ لە ڕوانگەی جیاجیاوە

سەبارەت بە چەمك و هێزی خەیاڵ و کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئەدەبی، تێڕوانینی زۆر و جیاواز لە نێوان فەیلەسوف و زانا و رەخنەگر و ڕێبازە ئەدەبییەکان و قوتابخانە ڕەخنەییەکاندا بەدی دەکرێت، لە لێکدانەوەی خەیاڵ و لایەنەکانیدا، بۆ نموونە خەیاڵ لە لای ئەدیبی کۆندا بەجۆرێك بووە کە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و جیاوازی هەیە لەگەڵ خەیاڵی کلاسیکێك و ڕومانسییەك و لێکدانەوەی و ڕێبازەکانی تری وەك ڕیالیزم و سوریالیزم بۆ خەیاڵ، خەیاڵی دەقی کۆن لە زیادڕۆییەکی قووڵدا خۆی دەبینێتەوە بە جۆرێکی وا کە پەیوەندی لە گەڵ دنیای حەقیقەت و زانست دەپچڕێنی و بەمەش وێنەی خەیاڵی و ئەفسانەیان پی بەرهەم دەهێنا، کە ئەمەش لە خەیاڵی لاسایی کەرەوە خۆی دەنواند، سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگی خەیاڵیش ئەفلاتوون لە ژێر بۆچوونی فەلسەفەکەیدا کە بە جیهانی نموونەیی ناسراوە، بۆچوونێکی نێگەتیڤی لەسەر چەمکی خەیاڵ خستووەتە ڕوو بەوەی، خیاڵ بە جۆریك سەیر دەکات کە هێزێکە مرۆڤ لە ڕاستی دوور دەکاتەوەو ڕاستییەکان دەشێوێنێت.[٢] لێرەدا (ئەفلاتوون) لەسەر ئەو بنەمایە و چەند بنەمایەکی تری وەك لاسایی کردنەوە و ئیلهام و کەوا شاعیران لە کۆمارەکەی خۆی ئەکاتە دەرەوە جگە لەو شاعیرانەی، کە سوودیان بۆ بەرژەوەندی گشتی و دەوڵەت هەیە، بەڵام هەرچی (ئەرستۆ)یە لەسەر چەمکی خەیاڵ بە پێچەوانەی (ئەفلاتوون) دەڕوات و لە گۆشە نیگایەکی ترەوە لە گرنگی و بەهای خەیاڵ دەڕوانێت و پێی وایە: خەیاڵ ئەو هیزەیە، کەوا توانای بەرهەمهێان و بەستنەوەو پێکهێنانی وێنەی هەیە، خەیاڵ سەرەڕای پەیوەستبوونی بەهەستەوە، خەیاڵ دەکەوێتە ژێر هێزی عەقڵ[٣]. وەك دەردەکەوێت (ئەرستۆ) هێزی خەیاڵ بۆ شاعیر و بەرهەمهێنانی دەق بە گرنگ دادەنێت و خەیاڵیش بەهێزیکی دانەبڕاو لە پرۆسەی بیرکردنەوەو عەقڵ دادەنێت. بە مەبەستی زیاتر تیشك خستنە سەر ڕۆڵ و گرنگی خەیاڵ، دەبینین کە بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان جیاوازی هەیە و لە هەر ڕێبازێکدا بە شێوەیەکی جیاواز سەیری کراوە بۆ نموونە لە ڕێبازی کلاسیزمدا پرۆسەی خەیاڵ لەسەر بنەمای عەقڵانی بوون، واتا پابەندبوون بە یاساو دەستورە دانراوەکانەوە لە بابەتەکانیان دەڕوانی و تیایدا (عەقل بە توخمێکی بنچینەیی دادەنرێ و بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە داهێنانی ئەدەبی کلاسیکیدا، چونکە لای ئەوان عەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە، ڕاستیش لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕ و یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە، عەقڵ خەیاڵی مرۆڤ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێبەری دەکات و سنوری بۆ دادەنێت، وا لە مرۆڤ دەکات پەیڕەوی یاسا گشتییەکان بکات)[٤]. لێرەدا وەك دەبینین ڕێبازی کلاسیزم لەگەڵ ئەوەی کەوا لەسەر بنەمای سنوردانان و یاسا کار دەکات، جەخت لە خەیاڵی مرۆڤ دەکاتەوە و خەیاڵ بەو ڕەهەندە دادەنێت کەوا هێزی پەیڕەوی کردن لە یاسا گشتییەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی ڕێبازی کلاسیزمە.

بەڵام هەرچی ڕۆمانسییەکان بوون بە دیوێکی تر و جۆرێکی تر لە جیهانی خەیاڵیان دەڕوانی و (بەلای ڕۆمانسییەکانەوە خەیاڵ سەرچاوەی سەرەکی وزەی ڕۆحە و پەیوەندی بە نیزامی میتافیزیکی ئەو دیوی سروشتەوە هەیە، دووپاتیان لەسەر خەیاڵ دەکردەوە بەلایانەوە خەیاڵ جۆرێکە لە ئاشکرا کردنی ڕاستی، ڕمانسییەکان مامەڵەیان لەگەڵ خەیاڵ بەم شێوەیە نەبوو، کە وجوودی نییە بەڵکو دەیان گوت خەیاڵ کاتیێ، کە چالاکی خۆی جێ بەجێ دەکات، ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە عەقڵی ئاسایی ناتوانێ بیان گاتێ، بەلای ڕۆمانسییەکان خەیاڵ تاکە هێزە، کە شاعیر دروست دەکات لەبەر ئەوەی خەیاڵ شتێکی پیرۆزە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەیاڵ ڕاستی و حەقیقەت دروست دەکات)[٥].

لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵ و مەسەلەی خەیاڵ لە لایەن زۆرێك لە زانا و فەیلەسوفەکان ئاماژەی پێکراوە و بە شێوەی جیاواز خراوەتە ڕوو بۆ نموونە (ولیم بلیك) (وای دەبینیێ)، کە خەیاڵ خەوێکی پیرۆزە و تاکە هێزێکە دەتوانێ شیعر خەلق بکات، "شیلنگ" وا دەبینێ کە خەیاڵ تاکە هۆکارە بۆ درك کردنی هەر حەقیقەتێك)[٦]. وەك دەردەکەوێت (بلیك) بۆ نوسین و بەرهەمهێنانی شیعر جەخت لە هیزی خەیاڵ دەکاتەوە و تێگەیشتن و ناسینی ڕاستییەکان دەکاتە ئەرکی پرۆسەی خەیاڵکردن، هەورەها (وردز ورس) شاعیری گەورەی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکی (بەهەمان شێوە ئەرکی دركکردنی راستییەکان بە هێزی خەیاڵەوە پەیوەست دەکات و ئەندێشە بە ئامرازی بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەقەڵەم ئەدەدات)[٧]. بەڵام کۆلیردج بەشێوەیەکی وردتر کاری لەسەر چەمکی خەیاڵ و هێزی کاریگەریانەی خەیاڵ کردووە و بەلایەوە، خەیاڵ دوو جۆری هەیە ئەوانیش خەیاڵی سەرەکی و خەیاڵی لاوەکین، جیاوازی خەیاڵی لاوەکی لەگەڵ خەیاڵی سەرەکی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خەیاڵی لاوەکی تایبەتە بە داهێنان لە بواری ئەدەبدا و شاعیرو بلیمەتەکان خاوەنی ئەم جۆرە خەیاڵەن و خەیاڵی سەرەکیش تایبەتە بەهەموو کەسێك [٨]. بەو پێە بێت لای کۆلیردج خەیاڵی لاوەکی دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و لێرەوە جەخت کردن لەسەر خەیاڵ بەهێزتر دەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە خەیاڵ بە پێکهاتەیەکی گەورەتر دێتە بەرباس (شیللی) (شاعیری ئینگلیزی، کە خاوەنی "کتێبی بەرگری کردن لە شیعر"ە بەلای شیللییەوە حەقیقەت ئەوەیە کە شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە پێی دەگات نەوەك لە ڕێگەی لۆژیك کە هەموو فەیلەسوفێك بانگەشەی بۆ دەکات)[٩]. واتە شاعیر لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ خەیاڵ بەرهەمە شیعرییەکانیان بنیات دەنێن، لەو نێوەندەشدا ئەگەر سەیری (بەختیار عەلی) بکەین وەك ڕۆماننوسێك ئەوا ئەو خەیاڵە لاوەکییەی کەوا کۆلیردج ئاماژەی پێ کردووە تێدا بەدی دەکرێت، بە پشت بەستن بە هێزی ئەم جۆرە خەیاڵە نوسەر ڕۆمانێکی وەك (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵی) بەرهەم هێناوە، لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە نوسەر وێنە ئاویتەکانی خەیاڵی خستوەتەڕوو و بەهۆی ئەم هێزە بنیاتنانەوەی چەند بابەتێکی لە بوارە جیاجیاکان بە فۆرمێکی نوێ نیشان داوە.

## ـ خەیاڵکردن وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی

لێرەدا جەخت کردن لە سەر خەیاڵ لە دوو ئارەستەدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان وەك هیز و فاکتەرێك بۆ داهێنان، دووەم وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، کە زیاتر ڕووە مەبەستدارەکەی ئێمەیە، خەیاڵ بەهاو گرنگی خۆی هەیە. خەیاڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە پەیوەستە بە ڕەهەندە دەروونییەکانی مرۆڤەوە، توانایەکی دەرونییە کە یارمەتیدەرە بۆ هاوسەنگ کردنی هاوکێشەی ژیانی مرۆڤ ، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێ: (خەیاڵ کردن لە توانا نا ئاساییەکانی دەروونن، واتا خەیاڵکردن و جۆرەکانی هەموویان بە شێکن لە چالاکییەکانی دەروون، تاکەکان لە دنیای خەیاڵکردندا دۆخێك ئەسازێنن، کە لە واقیعدا سوودی لێ ئەبێنن، هۆکاری بەهێز بوونیش بۆ ئەم خەیاڵکردنە دەگەڕێتەوە)[١٠].

بۆ پاراستنی باری دەروونی مرۆڤ دوای شکست خواردنی مرۆڤ و لە دەستدانی ئامانج و بێ هیوابوون و نەگەیشتن بە حەزو ئارەزووەکانی، خەیاڵکردن ڕێگەیەکی ترە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو بارودۆخە دژوارانەی، کەوا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. واتا مەبەست لە خەیاڵکردن لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بریتییە لەو دەرچە و فریاد ڕەس و پەنایەی، کە مرۆڤ دژ بە واقیع و حەقیقەتە دژوار و پڕ کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان پەنای بۆ دەبات و لەوێ ئامانجەکانی خۆی پێ جێبەجێ دەکات. لەو چوارچێوەیەشدا زۆرجار مرۆڤ لە ڕێگەی خەیاڵەوە دوو ئامانج ئەپێکێ کە

بریتین لە: یەکەمیان هەڵدەستێت بە قەرەبوو کردنەوەی دۆخە دۆڕاوەکەی خۆی و باری دەروونی خۆی پێ هاوسەنگ دەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی کە نەیتوانی ئامانجەکانی لە واقیعدا جێ بەجێ بکات. دووەم قەرەبوو کردنەوە دۆخە دۆڕاوەکە بەشێوەیەك لە شێوە هونەرییەکان دەردەبڕێت و ئەیکات بە بەرهەمێکی هونەری، یان ئەدەبی و داهێنانی تێدا دەکات. لە ڕاستیدا حەزو ئارەزووە چەپێنراوەکانی مرۆڤ و هێزی ڕەمەکی ژیان دۆستی بۆ بەردەوام بوونی ژیان و تەسلیم نەبوونی تاك بە ڕەمەکی مەرگدۆستی لە ساتەوەختی بێ ئومێدی و نەگەیشتن بە ئاواتەکان، وا لە مرۆڤ دەکات پەنا بۆ کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری دەروونی بەرێت بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە دەروونییە ناخۆشانەی، کە تووشی بووە خەیاڵکردنیش بە یەکێك لەو میکانیزمانە دادەنرێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم میکانیزمی خەیاڵکردنەوە هەڵدەستێت بە تێرکردنی حەزوو ئارەزووە چەپێنراوەکان و بنیاتنانەوەی ژیانی بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیەوێت فرۆید پێی وایە، کەوا ( مرۆڤ هەندێك جار لە ساتی ئاگایشدا دەتوانێت ئارەزووەکانی تێر بکات ئەوەش لەو ڕێگەیەوە دەبێت، کە بە خەیاڵکردنەوە ناسراوە. هەندێك جار کاتێك پاڵە پەستۆێ ئارەزووەکان لەسەر کەسێك زیاد دەبێت، بە شێوەیەك کەوا ناتوانێت خۆی بگرێت، یان چاوەڕان بکات تا کاتی خەوتن یان پشت بە خەون نابەستێت بۆیە دەیەوێت لەم کاتەدا ئارزووەکانی تێر بکات بۆ ئەمەش پەنا بۆ خەیاڵکردن دەبات تاوەکو ئاواتەکانی بێنێتەجێ و لەو ڕێگەیەوە پاڵەپەستۆی دەروونی کەم بکاتەوە)(١١). لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کەوا خەیاڵکردن ئەرکی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانە دوای ئەوەی، کەوا لە واقیعدا بواری تێرکردنیان بۆ نەڕەخساوە، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ دەورووبەرو ژینگەیەکی گونجاو و بێ کێشە بۆ جێبەجێ کردنی ئاواتەکانی نادۆزێتەوە، ئەوا بەهۆی خەیاڵکردنەوە دەتوانێت ئەو ژینگەیە بۆ خۆی دروست بکات و بە یارمەتی کەسەکان. واتە ( ویستی تاکەکان بۆ خەیاڵکردن ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کەوا بێ هێز و یارمەتی کەسەکان بگات بە ئامانجەکانی خۆی، ئەمەش لەو تایبەتمەندیانەی خەیاڵکردندا دەبینین، کەوا تاك وێنای ڕزگاربوون و سەرکەوتن بەسەر شکست وهۆکارە شەیتانییەکاندا ئەکات)(١٢).

خەیاڵکردن دەرچەیەکی ڕزگاربوونی مرۆڤە لە فشار و پاڵە پەستۆ کە لە ئەنجامی چالاکی دەروون و هێز وتوانای دەرووندا دێتە ئاراوە، هەر بۆیە ( خۆلادان، یان تسلیم بوون بە خەیالات یەکێکە لە بەهێزترین و بە تواناترین سەرهەڵدانی تواناکانی مرۆڤ، لە ئەنجامدا کەم و زۆر هەموو کەس، تا ئاست و زەمانێکی دیاری کراو دەبێتە دەست خۆشی خەون و خەیاڵە خۆشەکانی خۆی مرۆڤ لە گۆڕەپانی خەیاڵیدا مەبەست و ناونیشانی باش بەرز دەکاتەوە و دنیایەکی خۆش و بەلەزەت بۆ خۆی بنیات دەنێ، کە لەو دنیای خەیالاتە بەو پەڕی ویست و ئارەزووەکانی خۆی دەگات، واتا دنیایەکی خۆش و ئەفسانەیی بۆ خۆی دروست دەکات)(١٣).

کەواتە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کەوا خەیاڵکردن وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی تاك ڕێگایەکە بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکان و خۆ بنیاتنانەوەی مرۆڤ ، تاکیش بەهۆی بەکاربردنی ئەم میکانیزمە دەیەوێ دوای شکست و ڕەشبینی و دەستەبەر نەبوونی پێویستییەکانی هاوسەنگی بۆ دەروونی خۆی بگەڕێنێتەوە و جارێکی تر و بەجۆرێکی تر خۆی بۆ خودی خۆی و دەوروبەر و کۆمەڵگا بسەلمێنێتەوە، لەو ناوەندەشدا هەندێك کەسیش بۆ ئەم خۆ سەلماندنە هەڵدەستن بە دەربڕینی ئەو میکانیزمە بە شێوەیەکی هونەری و ئەدەبی. واتە پەنا بردن بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لێ دەکەوێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا نوسەری ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ) لە ڕێگەی خەیاڵی خۆی و خەیاڵی کاراکتەرەکان

سەرەڕای کۆمەڵێك ئەرك و ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژییەی کەوا ئاماژەمان پێ کرد بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت، کە خەیاڵکردن لە ڕۆمانەکەدا بۆ چەندین مەبەست و پەیام و جێبەجێ کردنی ئەرکی تر بەرجەستە کراوە.

## ـ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن لە "ڕۆمانی غەزەلنوس و باخەکانی خەیال"

نەخشەی ڕۆمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیال لە نێوان دوو دەستەڵات و دنیادا دابەشکراوە، کە بریتین لە دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ، بەڵام هێزو دەستەلاتی خەیاڵ زۆر زیاترەو ڕووبەرێکی فراوانی نەخشەی ژیانی کارکتەرەکانی لە خۆ گرتووە، بە جۆرێك ئەو کارکتەرانەی کەوا ڕووبەڕووی لادان بوونەتەوە لە واقیعدا و پەیوەستن بە دنیای خەیاڵەوە، وەك کەسێکی ئاسۆ فراوان و ڕۆشنبیر وێنە کراون و خودی حەقیقەتیش پەراوێز خراوە. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەری واقیعیش زۆر بچووکتر لە خەیاڵ ئاماژەی پێ کراوە، بۆیە جیهانی خەیاڵ، وەك جیهانێکی نزیك لە ڕەها و نموونەیی لە ڕووی جوانی و تەواومەندییەتی بەرامبەر واقیعێکی پر لە کۆسپ و دزێو نمایش کراوە، ئەمەش بەجۆریك کاراکتەری دنیای واقیع لەگەڵ هەموو ئەو هێزو دەستەڵاتە مادییەی کەهەیەتی هەژارتر و بەزیوتر دەردەکەوێت لەبەرامبەر ئەو کاراکتەرەی، کە پەیوەستە بە جیهانی خەیاڵەوە، چونکە هێزی خەیاڵ توانای دەستەمۆکردن و بەرهەمهێنانی داهێنان و جوانی و ئارامی و بە ئاوات گەیشتنی هەیە، لە کاتێکدا ڕۆمانەکە واقیع بە تێکدانی هەموو ئەو بەها مرۆیی و جوانانە تۆمەتبار دەکات.

هەر بۆیە، ئەگەر بەپێی قوتابخانەی دەروونشیکاری سەیری هەناوی ڕۆمانەکە بکەین لە ڕووی ناوەرۆکەوە، دەبینین لەو جیهانە خەیاڵییەی، کە خراوەتە ڕوو لەگەڵ ئەو ئەرکەی، کە لە هێزی خەیاڵ بارکراوە و ئەو خەیاڵە جۆر بە جۆرانەی، کە بە پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکە بەخشراون، ئەوا "میکانیزمی لادان"ی نوسەرمان بۆ دەردەکەوێت. واتە لادان لە واقیع و حەقیقەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و جوگرافی و ئابووری، پەنا بردن بۆ میکانیزمی خەیاڵ و بیناتنانەوەی هەموو ئەو واقیع و حەقیقەتانە لە فۆرمێکی باڵاترو جوانتردا، چونکە (بەشێکی زۆر لە گۆڕانکاری و چاکسازی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەر ئەنجامی پەنابردنە بۆ دنیای خەیاڵ، کە زانا و فەیلەسوفەکان بەو ئەرکە هەڵساون و ڕەنج و ئازاریان بۆ بینیوە)[١٤].

ئەگەر ئەو میکانیزمە خەیاڵیەی، کە نووسەر پەنای بۆ بردووە بۆ هۆکارەکانی بگێڕینەوە و شیکردنەوەی بۆ بکەین، ئەوا دەبینن ئەم پەنا بردنەی نووسەر خۆی لە ئاگایی و نائاگایی دا دەدۆزێتەوە. واتا هەم ئاگایانە و هەمیش نا ئاگایانە نووسەر سوود لە جیهانی خەیاڵ وەردەگرێت و ئامانجەکانی خۆی پێ ڕادەپەڕێنێت. بە واتایەکی تر، ئەگەر وەك پرسیارێك ئەمە بوروژێنین و بڵێین بۆچی بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا پەنای بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن بردووە؟ لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین، کە وایان لە نووسەر کردووە لە واقیع لابدات و پەنا بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرێت:

١. بەهۆی نامۆبوونی گشتی نوسەر لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و جوگرافی و سایکۆلۆجی، کە لەم دۆخە نامۆیەدا دەستبەردار بوونی نوسەری تێدایە لە پرەنسیپە باوەکان. نووسەر سیفەتی جۆرە باوەکانی کەسی نامۆی تێدا بەرجەستەیە لە کەسانی خودگەرایی و کەسانی ڕەفز کردن واتە (ئەو کەسانەی لەم بارەدان ئارەزوویەکی وەها زاڵە بەسەریاندا، کە وایان لێدەکات سوود لە چوارچێوەی ئەزموون و تواناکانی خۆیان وەرگرن، هەروەها بەرەنگاری دەستەڵات دەبنەوە و یاسا کۆمەڵایەتییە باوەکان پشتگوی دەخەن)[١٥]. بەڵام ئەم دۆخە نامۆیەی نوسەر بە ئاراستەی پۆزەتیف و بەرهەمنانەوە شکاوەتەوە، کە تێیدا ئەو

نامۆبوونە ئاوێتەییەی نوسەر لە واقیعی هەموو لایەنەکانی ژیان و دژێوی حەقیقەت و فیزیکیەتی ژیان و ڕەوشتی گۆڕاوی مرۆڤ هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ نەخشە کێشانی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بەم ئاراستەیە و خستنە ڕووی جیهانی خەیاڵ لە پانتایەکی فراوان و دروستکردنی چەند کەساسەتییەکی پەیوەست بە جیهانی خەیاڵەوە. لەو ڕووەشەوە ئەگەر سەیری دۆخە سایکۆلۆجییەکەی ڕۆمانەکە بکەین، ئەوا دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە نامۆبوونی (بەختیار عەلی) جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆمانوسەکانی تر، ئەوش لەودا، کە نووسەری ڕۆمانەکە پێش ئەوەی ڕۆماننوس بێت، کەسێکی خاوەن ئەزموون و ڕۆشنبیرە و شارەزایی لە لایەنەکانی فەلسەفە و تیۆر و قوتابخانەکانی فەلسەفە هەیە و تێگەیشتنێکی تەندروستی بۆ چەمکەکان هەیە بۆیە کاتێك، کە نووسەر دەبێتە هەڵگری بۆچوون و تیۆرو مانای ڕاستەقینەی چەمکەکان لەسەر گەردوون و سروشتی مرۆڤ و بوارە جیاجیاکانی ژیان ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە واقیعدا بواری جێ بەجێ کردن نەرەخساوە بۆ کار پێ کردنی هەموو ئەم مەعریفە، وە ئەم جیهانە پڕ میتۆد و بەرنامە مەعریفییە، کە لە شارەزایی و ئەزموونی فەیلەسوفەکاندا گەڵاڵە بووە لە ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەروونی پشت گوێ خراوە. واتا نوسەر دەبینێ ئەم تیۆر و بەرنامە و چەمك و بۆچوونە جوانانە کاریان پێ ناکرێت و زیاتر میزاجی کەسەکانە، کە ڕێکخستن بۆ ژیانی مرۆڤ دەکات و بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی بەڕێوە دەبات. لەم حاڵەتەدا شار گۆڕین و وڵات گۆڕینی نوسەری لی دەکەوێتەوە ئەم حاڵەتەش بەسەر نوسەردا سەپاوە. پاشان (بەختیار عەلی) ئەم جیهانە نموونەیەی ناو بۆچوون و تیۆر و کتابەکان نادۆزێتەوە لە ئەنجامی واقیع گۆڕین و جوگرافیا گۆرین، بۆیە نووسەر لە نامۆبوونی سادە و جوزئی بەرەو نامۆبوونی ئاوێتە و گشتی دەچێت بەرامبەر بە واقیعی سەردەم و سروشتی مرۆڤایەتی بینراو. واتە بەشێوەیەکی گشتی نامۆبوون لە ژیان بەهۆی ئەوەیە، کە ئەم پرۆژە فیکری و قورساییە مەعریفییە لە واقیع ودەووروبەریدا جیگای نابێتەوە بۆ پیادە کردن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی سروشتی ژیان و مرۆڤ بچوکتر و لاوازترە لەم جیهانەی، کە لە ناو کتێب و تێۆرەکاندا هەن. ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی فشاری دەروونی و لە ئەنجامی بوونی فیکرو جیهانی نموونەی ناو مەعریفەی ناو مێشکی نوسەر و نەتوانینی تەحقیق کردنی ئەم پرۆژە فیکریە لە واقیعدا، هەر بۆیە نوسەر لە ڕێگەی میکانیزمی بەرگری دەروونی لادان لە واقیع و پەنا بردن بۆ جیهانی خەیاڵ ئەم جیهانە فیکرییەی جێ بەجێ دەکات ولە خەیاڵیدا گەردوونێك بۆ پراکتیزە کردنی پرۆژە فیکرییەکانی دروست دەکات، دوور لە میزاجی مرۆڤی ئاسایی. بەمەش ئامانجەکانی خۆی دێنێتە جێ، هەروەك (ئەدلەر) دەڵێت: ( کاتێك مرۆڤ سەرەرای چالاکی و جوڵە دەروونییەکان و هەوڵەکانی گەیشتنی بە ئامانجەکان مەحاڵ ئەبێت، ئەوا تاك ڕوو لە دنیای خەیاڵ و وەهم ئەکات، دەیەوێ لە ڕێگەی خەیاڵەوە شوێنێکی نوێ و دڵویست بۆ خۆی دروست بکات لە بەرامبەر ئەو ستەمەی کەوا ژینگەی واقیعی بەرامبەری دەکات، بە یارمەتی ئەو خەیاڵکردنە خۆی ئەپەروەرێنێت و لە نەنگییەکانی ژیان ڕادەکات)[١٦].

ئەو نامۆ بوونە ئاوێتەیەی، کە لە نوسەردا هەیە بەرامبەر بە واقیعی گشتی بە جۆرێکە، کە نە بۆتە هۆی ئەوەی نوسەر ڕەمەکی مەرگدۆستی زیاد بکات، بەڵکو هێزی بنیاتنانەوە و ستراکچەری پێ بەخشیوە، نوسینی کۆماریش لە لایەن ئەفلاتوونەوە هەمان هۆکاری لە پشتەوە دەبینرێ ( ئەفلاتوون، وەك فەیلەسوفێك لە بوونی جیاوازی گەورەیی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی یۆنان ئازاری بینیوە و بۆیە سود لە پارێزگاری خۆدزینەوە وەردەگرێت بۆ دەرچوون لە واقیع و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نموونەیی لە پەرتووکێکی گەورەی بەناوی کۆمار بەمەش ئارەزووەکانی دێنێتە دێ)[١٧]. ئەمەش بووە سەرەتای بیرۆکەی دروستکردنی یۆتۆپیای شاری خەیاڵی و دەوڵەتی نموونەیی و ئەم هەوڵەی (بەختیار عەلی)ش، کە لە ڕۆمانی غەزەلنوسدا داویەتی هەوڵێکە بۆ دروستکردن و بنیات نانی مەملەکەت و

جیهانێکی خەیاڵی پاك و بێ گەرد و بێ کێشە، لە بەرامبەر واقیعی ژیان و شکستەکانیدا، کە ئەمەش (تۆماس مۆریش پێشتر لە ساڵی ١٥٣٥ز هەوڵێکی وای دا کە لەبەرهەمەکەی خۆیدا شاری خەیاڵی بەکار هێنا وەك ناوێك بۆ ئەم شارە نموونەیی و خەیاڵیەی، کەوا کۆمەڵگایەك تێدا نیشتەجێیەو گەیشتوەتە لوتکە لە دانایی و هێز و ئاسودەیدا، لەسەر سیستەمێکی دیموکراتی سۆشیالیستی بنیادنراوە، کە وەك بەدیلیك بۆ نەنگییەکانی سیستەمی دەستەڵات لە واقیعدا)[١٨].

ئەم لادان لە واقیع و دروستکردنی دنیای خەیاڵە، پێویستی بە ژێرخانێکی نەستی و مەعریفی زۆر هەیە و نوسەری ڕۆمانەکە بە پشت بەستن بەم توانا مەعریفی و ئەدەبی و فەلسەفیی و ژێرخانە نەستییە ئەو دنیا خەیاڵیە دروست دەکات و بەسەر کاراکتەرەکاندا تەوزیفی دەکات.

٢. ئەم پەنا بۆ خەیاڵ بردنە بۆ هۆکارێکی سۆزیش دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە سۆزی ڕق و تۆڵە کردنەوەی دەدۆزێتەوە. نووسەر لە ڕقی واقیع و زاڵنەبوون بەسەر نەنگییەکان جیهانێك لە خەیاڵ دەنەخشێنێت. وزەی ئەم ڕقەش دەبێتە پاڵنەرێك بۆ پەنا بردنە بەر جیهانی خەیاڵ و نەفی کردن و دەستبەردار بوونی واقیع، وەك پەیامێکی نەستی نووسەر، کە واقیع نەتوانێت ئامانجەکانم بێنێتەدیْ، ئەوا گەردوونێکی تر هەیە، کە بالآتر و جوانترو فراونترە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکان و پیادەکردنی پرۆژە فکیریەکان، ئەویش جیهانی خەیاڵە. ڕێك وەك ئەو شاعیرەی، کەوا ناتوانی بگاتە خۆشەویستەکەی و زاڵبێت بەسەر کۆسپ و ڕێگرەکانی بەردەمیدا، ئەوا لەو پێناوەدا وێنەیەکی بالآ تری خۆشەویستەکەی دروست دەکات، کە لە وێنە ڕاستییەکەوە هاتووە، بەڵام جوانتر و ناسکتر و تەواو ترە. کەواتە ئەگەر لە واقیعدا نەتوانێ لەگەڵ جەستەی یارەکەی بژی، ئەوا دەیەوێ لەگەڵ جەستە خەیاڵی و وەهمییەکەی خۆشەویستەکەیدا بژی. لە ڕاستیشدا ئەمەش ڕەگەزێکی ڕقی تێدایە، کە لە داخی واقیعی ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە فیزیکیەتی کچەکە ئەم وێنەیەی دروستکردووە و نا ئاگاییانە دەڵێت، ئەگەر نەتوانم بەم کچە بگەم، ئەوا دەتوانم لەگەڵ ئەم کچەیە بژیم، کە زۆر جوانتر و تەواوترە. بێ گومان ئەم کارەش توانای هونەری و ئەدەبی و مەعریفی دەوێت، وە ئەمەش لە وێنە شیعرییەکانی شاعیرەکاندا هەست پێ دەکەین. هەروەها لە دوو توێی ئەم ڕۆمانەشدا نووسەر، وەك ڕقێك لە نەگییەکانی واقیع لە خەیاڵی کەسەکاندا وێنەکانی نەخشاندووە و خەیاڵی پڕ هێزتر و بالآتر لە واقیع نیشانداوە.

٣. گەردوونی فیزیکی و واقیع پابەندە بە یاسا و دەستور و لۆژیکەوە. واتە بابەت و ورووژێنەرەکان لە واقیعدا لە ژێر پڕەنسیپی گوناه و چوارچێوەی لۆژیکی زانستە جیاجیاکاندا سەیر دەکرێن، بەڵام لە جیهانی خەیاڵدا گوناه نییە و ئەم چوارچێوەیەش یاسای و لۆژیکییە نییە، بۆیە نووسەر ڕووی لە واقیع وەردەگێرێت و دەچێتە ناو کێڵگەی خەیاڵی خۆی و وێنەی نوێ و داهێنان و دەوڵەتی نوێ دروستدەکات، چونکە نوسەر لەم جیهانەدا، تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆتەکانی (فیکری و ئاییینی و کۆمەڵایەتی و شارەستانی و دەروونی) ڕزگاری بووە. لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆمانسییەکان پەنا بردن بۆ خەیاڵ، وەکو بنەما و خاسییەتێکی گرینگ لە قەڵەم ئەدەن و وەك بەدیلی واقیع جەختیان لێ دەکردەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ (لە خەیاڵیدا چەندین جیهانی جوان و هێمن دەکێشێت، کە هاوکاری و برایەتی و داد و یەکسانی تێیدا بەرقەرارە و لێبوردن هەیە، ئەم بەهایانە لە جیهانی ڕاستەقێنە یان واقیع دا بەدی ناکرێت، بۆیە بەنا چارییەوە پەنا وەبەر خەیاڵ دەبەن، کە ئەلتەرناتیڤی واقیعە)[١٩].

نوسەری ڕۆمانی (غەزەل نوس و باغەکانی خەیاڵ)یش لەسەر هەمان بنەما و خاسییەت چنین بۆ ڕووداوی پەیوەست بەکاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەکات و لە ڕێگەی کاراکتەرەکانەوە لە واقیع لائەدات و دەچێتە جیهانی خەیاڵەوە. واتە خۆی لە یاسا و کۆتەکان ڕزگار ئەکات و ئامانجەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات.

٤. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لای نوسەر و پەنابردن بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن بەرەو لێکدانەوەیەکی دەروونشیکارانەشمان دەبات، ئەوش بە پێی تیۆری فرۆید بۆ چەمکی کەسایەتی و دابەشکردنی کەسایەتی بۆ سێگۆشەی کەسایەتی (**Super Ego ،Id ،Ego**)[٢٠].

یاساو دەستور و بنەمای ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هێزێك بۆ گۆشەی "منی باڵا"[٢١]ی نوسەر و پاساوێکی بەهێز بەم گۆشەیەی نوسەر دەدات بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر گۆشەی "من"[٢٢]ی نوسەر بۆ ڕێگری کردن لەبەردەم تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان و وروژاندنی بابەتە یاساغەکان، لە ئەنجامی چەپاندن و هێزی لیبدۆی نوسەر، گۆشەی "ئەو"[٢٣]یش فشار دەخاتە سەر "من" بۆ تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان و وروژاندنی بابەتێکی لەم جۆرە، "منی باڵا"ش لەبەر تابۆیی کارەکان ڕێگری دەکات و فشار دەخاتەوە سەر "من" ی نوسەر، بەم جۆرە گۆشەی "من" بەردەوام ئەم دوو فشارەی دەکەوێتە سەر ( بەڵام ئەگەر "ئەو" هەر لەسەر ملهوڕی و سەرەڕۆیی خۆی بەردەوامبوو مەترسی لەسەر "من" زیادی کرد، ئەوکاتە "من" بە ناچاری کۆمەڵێك میکانیزمی بەرگری لە ڕووی "ئەو"دا دروست دەکات، هەروەها هەمان میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی فشاری "منی باڵا"ش بەکاردەهێنێ)[٢٤].

لێرەوەیە ئەم حەزو ئارەزووە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی نائاگایی نووسەر، تا خۆیان لە ناو بەرگی تر بنێن و فێڵی تر بدۆزنەوە و ڕێگا و میکانیزمی تر بگرنە بەر بۆ دەرچوونیان و تێ پەڕبوونیان لە وێستگەی "منی باڵا" هاتنەوەیان بۆ ئاستی ئاگایی. لەو چوارچێوەیەشدا خەیاڵکردنیش، کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی و فێڵێکی نائاگاییانەی نوسەرە بو گوزارشتکردن لە حەزوو ئارەزوو و بابەتە یاساغەکان. دەبینین نوسەر نائاگاییانە بۆ دوو مەبەست پەنای بۆ تەکنیکی خەیاڵی کاراکتەرەکان بردووە، واتا پەنا بردن بۆ تەکنیکی خەیاڵکردن لە لایەن نوسەرەوە ئامانجی ئاگایی و نائاگایی هەیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا یەکەم لایەنی نائاگایانەی نوسەرە، خستنە ڕووی ڕۆمانەکە بە پشت بەستن بە میکانیزمی خەیاڵکردن بۆ لاوازکردنی "منی باڵا"ی نوسەرە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە، بەوەی لە کاتی خەیاڵکردندا دەستەڵات و هێزی ڕێگری "من" و "منی باڵا" لاواز دەبن و پەك دەخرین و هێزی ڕێگری و سانسۆری کردنیان کەم دەبێتەوە، بەمەش ڕێگە بۆ حەزو ئارەزووە خەفەکراوەکانی "ئەو" خۆش دەبێت تا گوزارشت لە وزەی لیبدۆی خۆی بکات.

دووەم بە کارهێنانی تەکنیکی خەیاڵکردن هەوڵێکی نائاگاییانەی نوسەرە بۆ ئەوەی، کە بڵێت کۆی پرۆسەکە تەنیا خەیاڵکردنێکە "من"ی نوسەر دەیەوێت بە "منی باڵا"ی خۆی بڵێت، کە ڕێگرە لەبەردەم خستنە ڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکان، ڕاستە ئەم بابەتانەش ناواخنێکی تابۆی هەیە و یاساغە، بەڵام ئەمە تەنیا خەیاڵکردنی کاراکتەرەکانە و خەیاڵیش هیچی لەسەر نییە و مرۆڤ بەهۆی خەیاڵکردنەوە لەڕووی شەرعی و یاساییەوە گوناهبار نابێت و بەهۆیەوە دوچاری سەرزەنشتکردن و سزادان نابێت، بۆیە نوسەر لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە خۆی لە ڕێگرو بەربەستە تابۆکان ڕزگار دەکات.

## ـ کاریگەری بوونی هێزی خەیاڵ لەسەر داهێنان

واتا ئەو خەیاڵکردنەی، کە بەهێزی کۆکراوەی خانەکانی تەرکیزەوە ئەنجامدەدرێن دوور لە مەیلی دنیای مادی و پەیوستبوون بە غەریزە و جەنجاڵی ژیانەوە. واتە کاتێك مرۆڤ خۆی زیاتر، وەك پێکهاتەیەکی نافیزیکی دادەنیت، بە ئەزموون و باگراوەندی زانستی و ڕێژەی چەپاندنەکانییەوە بۆ میکانیزمی خەیاڵکرن دەچێت، وەك (کۆلیرج)دەڵێ: دەبێتە خاوەنی خەیاڵی لاوەکی، کە داهێنانیش بەو خەیاڵەوە پەیوەستە. واتە پەی بەو دنیا خەیاڵکردنە دەبات، کە بەهۆییەوە دەبێتە خاوەنی ڕامانێکی تایبەتی و جیاواز لە ڕامانی کەسانی ئاسایی, (ئەوانەی، کە مەزنترین خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە کەسانێکن، کە شتەگەلێکی باشتر لەوەی کە لەسەردەمەکەی خۆیاندا هەبووە لە نێو مێشك و زەهینیاندا خولاوەتەوە و دواتر هاتوونەتە سەر ئەوەی ئەو خەیاڵ و خولیانەی خۆیان بخەنە بەر تاقیکردنەوە و بیکەنە شتێکی ڕاستەقینە)[٢٥]. بوونی هێزی خەیاڵ کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و بە ئاراستەی مرۆڤی بەرهەمهێنی دەبات، لەبەر ئەوەی هێزی خەیاڵ بەرگێکی ستاتیکی بەبەر شتە سادەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات و دیاردە و دیمەنەکان لە دۆخی کۆن و چەسپاودا دەگۆڕێت و لە فۆرمێکی تازەتر نمایشیان دەکاتەوە. کەواتە (خەیاڵکردن دەتوانی شت خەلق بکات زیاتر لەوەی لەسەر یەك کۆیان بکاتەوە بە نەهێشتنی شتی چەسپاو و دیاری کراو ئەو وێنە زەینییانەی لە مانا وەرگیراون لە یەکەیەکی گشتی تازەدا یەکیان دەخات)[٢٦]. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر سەیری بەرهەم و داهێنانی مرۆڤایەتی بکەین ئەوا هێزی خەیاڵمان لە بەرهەمهێناندا بۆ دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەردا دەبینین، کەوا (بەرزترین شاکاری هونەری زادەی خەیاڵی هونەرمەندەکانن ئەوان هەمیشە شتێکی بەرزتریان لەوەی هەیە لە زەهنی خۆیاندا وێنا کردووە و ئاکارەکانی خۆیان داهێناوە. بینینی شتە دیارەکان بەهەمان شکڵ و شێوەی، کە هەن کارێکی ئاسانە تەنیا کاری چاوە، بەڵام بینینی ئەوشتانە بەشێوەو شێوازی پێشکەوتووتر و بەرزتر لەوەی، کە دیارن و کردنی ئەو خەیاڵانە بەشتی ڕاستەقینە کاری زەهن و وێناکردنێکی قوڵە)[٢٧].

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکەین مەبەست لە خەیاڵ، هەمان ئەو هێزی خەیاڵکردنەیە کەوا (کۆلیرج) ئاماژەی پێ کردووە، واتە خەیاڵی لاوەکی ئەوەی، کە پەروەردە کراوەو بۆ مەبەستی داهێنانی هونەری ئەدەبی، خەیاڵی کەسانێك کەوا کات و ڕامانی وردیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، دەست بەرداری تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئاسایی بوون و وازیان لە هەندێ لایەنی فیزیکی واقیع هێناوە، دوای شکست و دوای تێرنەکردنی هەندێ حەزوو ئارەزوو و پڕنەبوونەوەی پێویستییەکان لە واقیعدا لە ڕێگەی میکانیزمی لادانەوە ئەو مرۆڤانە دەگەنە هێزی خەیاڵکردن، چونکە ئەگەر مرۆڤ تێکەڵ بە ژیانی ئاسایی بێت ناتوانێ بە قوڵی ئاوێتەی ئەو جیهانە خەیاڵیە بێ و پەی پێ بەرێت. واتە ناکرێ تۆ هەموو مەیل و حەزی دنیات دەستەمۆکردبی و لەزەتی مادی بەشێکبن لە ژیانت. لە هەمان کاتیشدا بگەی بە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن, چونکە ڕێژەیەکی زۆری خانەکانی تەرکیزی بۆ بابەتە دنیاییەکان دەچێ لە تێڕامانی قووڵی ئەو کەسە کەم دەکاتەوە. لەم ڕووەشەوە ئەگەر لە ڕۆمانەکە وردبینەوە ئەم سروشتە بەدی دەکەین، کاتێ ئەبینین کە غەزەلنوس وەك کاراکتەرێکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە پەی بەو جیهانە خەیاڵیە بردووە و کاراکتەری (بارۆنی خەیاڵ)یش داوای هەمان جیهانی غەزەلنوس دەکات و دەیەوێ بچێتە ناو دنیای ڕوح لەبەرە خەیاڵیەکان و ببێتە خاوەن هەمان هێزی خەیاڵکردن، بێ ئەوەی وەك غەزەلنوس نرخ بۆ دنیای ڕوحی دابنێت و حەزو مەیلی دنیا لە خۆیدا خاڵی بکاتەوە وە بەها مادییەکان لە خانەکانی تەرکیزی دەربێنێ, هەروەك لە ڕۆمانەکە داهاتووە، کە بارۆنی خەیاڵ داوا لە غەزەلنوس دەکات، کەوا بیبات بۆ یەکێ

له باغەکانی خەیاڵ و پێی دەڵێت: (غەزەلنوس تۆ و هاوڕێکانت زوڵمی گەورەتان لە مـن کـرد... شـەرتە بمبـەیت بـۆ باغێك لەو باغانە لێتخۆشبم... قەسەم بەهەر شتێك تۆ دەتەوێت لێتخۆش دەبم, بـەڵام بمبـە بـۆ باغێـك لـە باغـەکانی خۆت, یەکجار بمبە بۆ باغێك و هەموو شتێك لە نێوان من و تۆدا چاکدەبێت)[٢٨] . بەم شێوەیە (بارۆنی خەیاڵ) هەموو هەوڵێکی لەگەڵ غەزەلنوس بەکاردێنیٚ، تاوەکو بیبات بۆ دنیای خەیاڵ, ئەمیش بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە چـوونی بـۆ ئەو جیهانە شتێك نیە لە کۆنترۆڵی ئەو دابێت، بەڵکو وەستاوەتە سەر خۆی و هەرکاتێکیش دەستبەرداری سەروەت و پۆستی دنیایی بوو، جیهانی مادی بەلاوە نا، ئەوا ئەو کاتە بێ ویستی خۆی دەگاتە ئەو جیهانە, هەروەکو غەزەلنوس پێی دەڵێت: ( بارۆن هەرکاتێك لە نوێمیران هاتیتـە دەریٚ, هـەر کاتێـك وازت لـەو خەونـە هێنـا کـە خـەیاڵ دەسـتەمۆ بکەیت.... باغەکان خۆیان دەرگات بۆ دەکەنەوە, ... لە ڕێزی بارۆنەکان وەرە دەریٚ و دەبینی ڕەنگی جیهان خـۆی لە بەر چاوت دەگۆڕێت.....)[٢٩]. لێرەدا کاراکتـەری (بـارۆن)، وەك بـەرپرس و کەسـایەتییەکی گـەورەو دەوڵەمەنـد و دنیایی لە قەڵەم دراوە و (نویٚ میرانیش) ئاماژەیە بۆ هێز و دەستەڵات و شوێنی نیشتەجیٚ بوونی ئەو بەرپرسە. جگە لەوەش غەزەلنوسیش، وەك کاراکتەرێکی سادە و خاوەن هیـزی خـەیاڵ داوا لـە (بـارۆن) دەکـات، کـە واز لـە ئاوێتـە بوونی بێنێت لەگەڵ دەستەڵات و دنیای مادی، بۆ ئەوەی زیاتر خانەکانی تـەرکیزی بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـەکار بێنێـت، بەڵام (بارۆن) ناتوانی ئەوە بکـات، کـە غـەزەلنوس داوای لیٚ دەکـات، چـونکە ئـەو خەیاڵیشـی بـۆ خزمـەتکردنی دنیـا مادییەکەی خۆی دەوێت ئیتر بەم حاڵەوە ئاستەمە بگاتە ئەو جیهانە, هەموو ئەم جۆرە خەیاڵانەی، کە غـەزەلنوس و ڕۆح لە بەرەکانی تری ناو ڕۆمانەکە پەیان پیٚ بردووە لەو برِە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگریٚ، کە مرۆڤ بەرامبـەر کەسێك یان کەرەستەیەك، یان بابەتێك یاخود کارەکە خۆی هەیەتی, یان لە حەزوو ئارەزووە چـەپێنراوەکان، یـاخود لە هەستکردن بەکەمی و بوونی پێویستییە جۆربەجۆرەکان، یانیش دەستنەکەوتنی ئاوات و پێویستی مرۆڤ لـە واقیـع و دنیای مادی، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە هەموو ئەمانە بۆشایی لە دەروونی مرۆڤ دروست دەکەن. بیٚ گومان مـرۆڤیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە پەنا بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن دەبات و هێزی خـەیاڵکردنی بـۆ پەیـدا دەبێـت بەمـەش بۆشـایی و پێویسـتییەکانی خـۆی پڕدەکاتـەوە و کـاتێکیش مـرۆڤ بـە شـێوەی کـردار لـە واقیعـدا پێویسـتییەکانی پڕکردەوە، ئەوا دەست کەوتنی هێزی خەیاڵی بەرهەمهێن قورس دەبێت.

## ـــ ڕۆڵی مادە لەسەر درووست بوونی هێزی خەیاڵ

پەنابردن بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونـی خـەیاڵکردن و دەسـتکەوتنی هێـزی خـەیاڵکردن بـۆ بەرهـەم هێنـان شتێکی دابڕاونییە لە لایەنە فیزیکییەکانی واقیع. واتا بۆ گەیشتن بە هێـزی خـەیاڵ مـادەش، وەك دەروازەیـەك ڕۆڵ و بەهای خۆی هەیە، بەڵام بەهایەکی سنوردار. لەگەڵ ئەوشدا ئەو ڕۆڵ و بەهایەی بۆ ئەو مەبەستە بە مادە دەدرێت، بۆ ئەوەیە تا مرۆڤ وەك دەروازەیەك بەکاری بهێنی و لەوێوە دزە بکاتە ناو میکانیزمی خەیاڵکردنـەوە، ئـیتر لـە قووڵـایی ئەم دنیایەدا مادە بەهای خۆی دەدۆڕێنیٚ و گوڵ و مافورو هەتاو و کەرەستە و دیاریدەکانی سروشتیش نرخی مادیـان نامێنیٚ و تەنیا ڕۆحیەت و لایەنە جوانەکەی نیگا دەکریٚ. لێرەشدا هەموو شتەکان بەرەو یەك ئاراستە دەچـن ئـەویش ئاراستەی دژە مادە و غەریزەیە. دواتریش مرۆڤ لەڕەوتی ئاسایی کۆمەڵگە لادەدا و توانا نەستیەکانی ئـەکتیف دەبـن و دەبێتـە خـاوەن ئـەو خەیاڵـەی، کـە دەتـوانی بەهۆیـەوە داهێنـان بکـات. کەواتـە، ئامـانج و کۆشـیش لـەم جیهـانی خەیاڵکردنـە ڕاپەڕانـدنی توانـا نەسـتی و ڕۆحیەکانـە و بـەرز ڕاگرتنیـەتی، لـە بەرامبـەر ئەمەشـدا زەلیلکـردن و کەمکردنەوەی توانای جەستەو غەریزەکانیەتی.

دوای ئەوە مرۆڤ دەتوانێ بە هەموو شانەو خانەکانی مێشك و تەركیزیەوە لە گوڵێك، یان دێرك یاخود لە کارەکەی خۆی قوڵبێتەوەو ڕامانێك بگرێتە کەرەستەکە کە توانای لێکدانەوەی ئاڵۆزترین هاوکێشەی هەبێ، ڕاستەوخۆ کەرەستەکە لە جیهانی دەرەوە بباتە ناو دنیای خەیاڵی خۆی لەوێشەوە چەندین وێنەی جۆراو جۆری لێ دروست بکات و بە چەندین جۆر نیگای بکات و هەزارەها پرسیاری لەمەڕ دروست بکات و هەر پرسیارێکیش بە چەندین وەڵام تێر بکات و چەندین تێگەیشتن بەرهەم بهێنێت. ئیتر مادەکە بە کۆمەڵێ مەفهومی جوان و ڕەنگداترو پڕ بەهاتر لە جیهانی خەیاڵی کەسەکە دێتە دەرەوە وەك بەرهەم وداهێنان سەیری دەکرێ، ئەوە هێز و میکانیزمی خەیاڵکردنە، کە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە وەك غەزەلنوس و مەلای هاجەرو تریفەو ماجەلانی خەیاڵ هەیانە.

ئەگەر لەوانە خەیاڵیەکانی غەزەلنوس وردبینەوە ئەو سروشتەی سەرەوە زۆر بە ئاشکرا بەدی دەکرێ، کاتێ بە کاراکتەری (مەهناز مارۆ) دەڵێت: (مەهناز خان بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرەتا فێری خەیاڵ بێت، دەبێت فێری شتە سادەکانی تر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ خەیاڵ بکاتەوە، دەبێت بتوانێت ببینێت، بۆن بکات، لەمسی هەبێت. هیچ شتێك لە بۆنکردنی تەواوەتی گوڵێك زەحمەتر نیە، هەر کات فێربووین بۆنی گوڵ بکەین، مانای وایە فێربوون خەیاڵ بکەین. یەکەمین لێشاوی گەورەی هەست، یەکەمین لێشاوی خەیاڵیشە)[٣٠].

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بوونی مادە بۆ خەیاڵ سەرەتایەکی پێویستە، مرۆڤ بێ پەنا بردنە بەر کەرەستە خاوەکان لە دنیای حەقیقی ناتوانێ لە دنیای خەیاڵیدا خانو و باغچە دروست بکات. واتە ئەو کەرەستە بەرجەستانەی دنیای حەقیقی مرۆڤ دەیبات بۆ ناو خەیاڵی خۆی لە ڕێگەی هەستەکانییەوە و ئیشی لەسەر دەکات شتی پێ دادەهێنێت دواتر ئەو داهێنانە دەگوازێتەوە بۆ سەر زەوی و دنیای حەقیقی. دوای ئەوەی غەزەلنوس ئاماژە بە کەرەستە سادەکان دەکات بۆ خەیاڵ، ئینجا دێتە سەر ئەو داهێنانەی خەیاڵ دروستیان دەکات و بە مەهناز مارۆ دەڵێت: (مەهناز خان، خەیاڵ لە هێزە هەرە گەورەکانی دنیایە، مرۆڤ ئەوساتە دروست دەبێت، کە خەیاڵ دروست دەبێت، حەقیقەت سەرەتا لە خەیاڵدا هەیە، (مەهناز خان) لە تۆ وایە لە سەرەتای سەرەتاوە باغچەی هەبووە؟ بێگومان نا هەموو شتێکی ئەم دنیایە بەرهەمی خەیاڵە، ئەم باغچەیەی ئێوە سەرەتا لە خەیاڵدا هەبووە، ئەم گوڵانەی سەرەتا لەناو سروشتدان، بەر لەوەی مرۆڤ دەستبەرێت و بەڕاستیان بهێنێت بۆ ئێرە، بۆ ناو ئەم باغە، بەخەیاڵ دەیانهێنێت و دەیانڕوێنێت. گەر باغێکی خەیاڵی لەسەرمان نەبێ ناتوانین باغیکی ڕاستەقینە دروست بکەین..، مرۆڤ سەرەتا بە خەیاڵ خانوو دروست دەکات، بەخەیاڵ ئامێرەکان دادەهێنێت، (مەهناز خان) زانست سەرەتا خەیاڵە، هەتا جەنگ سەرەتا خەیاڵە، خۆشەویستی سەرەتا خەیاڵە، هیچ شتێ نیە سەرەتا خەیاڵ نەبێت، هەتا بەر لەوەی وشە هەبێت خەیاڵ هەیە)[٣١]. ئەمە وانەیەکە کەوا غەزەلنوس بە یەکێك لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە دەڵێت، کەوا هێزی خەیاڵکردنی نییە، لەمانەوە بۆمان دەردەکەویت، کەوا هێزی خەیاڵ ڕۆڵی خۆی لە بەرهەمهێنانە و داهێنانەکاندا هەیە، هەروەها لیکدان و بیناکردنی وێنەکان لە زەیندا و ڕەنگین کردن و دروستکردنی هەموو پێکهاتەیەکی ئاڵۆز بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی کەوا وێنەی ماددەکان بە سادەیی و وەك کەرەستەی خاو لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەگیرێت، ئینجا هێزی خەیاڵ دەست دەکات بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی. هەروەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:.




بەم شێوەیە دوای ئەوەی کەرەستە و مادە لە واقیعدا دەکەویتە ژێر تیشکی تێڕامانی مرۆڤ ئینجا لە ڕێگەی هەر هەستێکەوە بێت، دەچێتە ناو دنیای خەیاڵی مرۆڤەکەوە و پاش لێکدانەوەو ئیشکردنی هێزی خەیاڵ لەسەری بەهۆی وەسیلەیەك لە وەسیلەکانی دەربڕین بەرهەمی ئەو لێکدانەوەو ئیشکردنەی هێزی خەیاڵ دەبینین لە دنیای واقیعدا کە هێزی خەیاڵ لە فۆرمێکی سادەوە بۆ وێنەیەکی ئاوێتە و داهێنانی گۆڕیوە. ئیتر هەریەکە بە پێی تێڕامانی خۆی لەسەر کەرەستەیەك یان بابەتێك ئەچێتە ئەو جیهانە خەیاڵییە و توانا نەستیەکانی دەخاتە کار.

## بەشی دووەم: خەیاڵی کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە

### یەکەم: مەلای هاجەر

(مەلای هاجەر) کە یەکێکە لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەهۆی پاڵنەری سۆزداری و پەیوەستبوونی بە خۆشەویستی ئافرەتیکەوە و شکستهێنان لە خۆشەویستی هەمان ئافرەت، دووچاری لادان لە واقیع ئەبێت و پەنا بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن دەبات و ئەکەوێتە ناو ئەم جیهانی خەیاڵەوە, واتە (مەلای هاجەر) بەهۆی خۆشەویستی بۆ (بەهار بانۆ) گەیشتە قوڵایی دنیای خەیاڵ و بوو بە خاوەنی هێزی خەیاڵکردن, پاش ئەوەی (مەلا هاجەر) عەشقی (بەهار بانۆی) دەکەوێتە دڵ هەر وەکو دەڵێت: ( ڕۆژێك لە خەو هەڵسام و سەیرمکرد عاشقم, عاشقی خانمێکی بە حورمەت و ناموسناس، کە ناوی بەهار بانو بو..، من کە شەیدای ئافرەتیکی شەرمن و نەجیب و پڕحەیا بوو بووم, هیچ کەس لە پیاوێك بەد بەختتر نیە، کە حەز لە ژنێکی بە حەیاو حورمەت بکات..)[٣٢].

وەك لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دیارە کە (مەلای هاجەر) کەسایەتییەکی ئایینیەو پابەندە بە بنەما ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، کاتێکیش، کە خۆشەویستی ژنێکی دەچێتە دڵ بەناوی (بەهار بانۆ)وە ئەوا بەهۆی ناسنامەی کەسایەتی خۆیەوە ڕووبەرووی غەمێکی زۆر دەبێتەوە، بۆیە هەر لەگەڵ دەسپێکی ئەم ئەوینەدا (مەلا هاجەر) لەوە دڵنیا ئەبێت، کە ئاستەمە بە (بەهار بانۆ) بگات, هەموو ئەو دۆخە کۆمەڵایتیانەی کە مەلایان پەروەردە کردووە لەگەڵ ژینگەی سایکۆلۆجی و بونی ئیمانی خۆیی و پرەنسیپی گوناە و شەرمی (بەهار بانو) و بوونی زۆر شتی تریش ئەوەیان لەمێشکی (مەلای هاجەر) ناوە، کە ناتوانێ بەو ژنە بگات لە واقیعدا, بێ گومان ئەوش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە مەلا دوچاری میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن ببێتەوە و ناچاریش پەنا دەباتە بەر دنیای خەیاڵ و لەوێ بە مەعشوقەکەی دەگات و قەرەبووی ئەو دابڕان و بەیەك نەگەیشتن و حەزوو ئارەزووەکانی دەکاتەوە و لە ئاوی ئارامی ئەخواتەوە هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: ( مەلا لە هیچ جێگایەکدا ئاماژە بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان خۆی و بەهاربانودا نادات. کەسێکە بە خەیاڵ ژیاوە, بە خەیاڵ عاشقبووە, بە خەیاڵ لەگەل بەها بانودا خەوتووە.)[٣٣]. وەك دەردەکەوێت کەوا (مەلای هاجەر) زۆر (بەهار بانۆ)ی خۆش ویستووە، بەلاٌم خۆشەویستیەکەی تاك لایانە بووە و لە واقیعدا نەیتوانیوە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار و کۆسپ و تەگەرە لەو ئافرەتە نزیك بێتەوە، بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەرداری خۆشەویستییەکەی نەبووە و ئەم حەزوو ئارەزووانەی چەپاندووەو دواتر لە ڕێگە

میکانیزمی خەیاڵکردن درێژەی بەم عیشقەداوەو ویستوویەتی لەو دەرچەوە حەزوو ئارەزووەکانی تێر بکات، ئەمەش لە بواری سایکۆلۆجیدا بە حاڵەتێکی تایبەت سەیر دەکرێت و لێکدانەوەی خۆی هەیە. واتە ( سروشتی تاکی پەیوەست بە سۆز بەهۆی ڕووبەڕو بوونەوەی لەگەڵ ناخۆشییەکان زوو ڕوو دەکەنە میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن، لەکاتی پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بێ هیوایی و نامرادی خەیاڵکردن و خەون پەرستی سەر هەڵدەدات)[٣٤]. هەروەها (عەلی وەردی)ش دەڵێت: (پیاو ئەگەر حەزێکی قوڵی بۆ ئافرەت هەبێ, وە نەتوانێ بەهۆی بوونی هەر هۆیەك لە هۆیەکان بە ئەڤیندرەکان بگات وەك ناشیرینی ئەوا پەنا دەباتە بەر خەونە کیشۆتییەکان و دنیایەکی تایبەت بە خۆی دەنەخشێنی و خۆی وەك پاڵەوان نمایش دەکات و لەوێ بە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەژی)[٣٥].

لێرەدا ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت باری دەروونی ئەو کەسەیە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کەوا ناتوانێ بە ئامەنجەکانی بگات و حەزوو ئارەزووەکانی تێر بکات لە واقیعدا و پێویستییە فیسیۆلۆژی و عاتیفییەکانی دابین بکات، ئەوا ڕوو لە میکانیزمی خەیاڵکردن دەکات و هێزی خەیاڵی بۆ ئەو مەبەستە دەکەوێتە کار و لە وێوە ئامانجەکانی خۆی پێ دەپێکێت، مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە مەلای هاجەر دوای ئەوەی لە دنیای حەقیقەتدا بە مادییەتی (بەهار بانۆ) ناگات, جا بەهۆی هەر بەر بەستێکەوە بێت، ئەوا لە ژێر فشارو پاڵەپەستۆی هێزی خۆشەویستی هەیکەلە مادییەکەی (بەهار بانۆ)ی خۆشەویستی دەچێتە دنیای خەیاڵی، (مەلای هاجەر) لە دنیای خەیاڵیدا بوونی خۆی بەناوی (مەلای سوختە) بۆ عەشقی (بەهار بانۆ) بەرجەستە دەکات تا بەو جۆرەی، کە دەیەوێت لەگەڵ (بەهار بانۆ)دا بژیت، ئیتر ئەم (مەلای سوختەیە) لە دنیای خەیاڵدایە و لە دەرەوەی هەموو کۆسپ و ڕێگرە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا، ژیان لەگەڵ مەعشوقەکەی بەسەر دەبات. واتە (مەلای هاجەر) و (مەلای سوختە) پێکهێنەری یەك کەسایەتین بە دوو دیوی جیاوازدا، (مەلای هاجەر) دیوە ئاشکرا و ڕاستەقینەکەیە، کە کەسایەتییەکی بەرجەستەیە لە واقیع و کۆمەڵگادا و کەوتووەتە ژێر پرەنسیپە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، (مەلای سوختە)ش دیوی خەیاڵی ئەم کەسایەتییەیە، کە دڵدار و هاوسەری (بەهار بانۆ)یە لە دنیای خەیاڵدا بێ ئەوەی هیچ ڕێگر و کۆسپێك هەبێت لەبەر دەمیدا، هەر بۆیە دەبینین ئەو کەسایەتییە لە ڕێگەی (مەلای سوختە)وە، بەهۆی میکانیزمی خەیاڵکردنەوە لەگەل خۆشەویستەکەی دەژی وەك دوو بوونەوەری خەیاڵی و بەرهەمی ئەم پێکەوە ژیانەش بوونەوەرێکی تری خەیاڵییە بەناوی (غەزەلنوس)، ئیتر ئەم کەسایەتییە دوو دیوە، هێزی خەیاڵ دەخاتە کار بۆ گوزارشت کردن لە خۆشی و بوونی ئەو ژیانە. لێرەدا دەبینین هێزی خەیاڵ ئەرکی ئەم گوزارشت کردنە ڕادەپەڕێنێت، مەبەستمان لە خەیاڵی لاوەکییە، کە خەیاڵێکی بەرهەم هێنە، ئیتر لە ڕێگەی کۆمەڵێك میکانیزمی دەروونی تری وەك: (قەرەبووکردنەوە و لادان و سەرخستن و گۆڕین) ئەم گۆزارشت کردنە لە فۆڕمێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع، مەلای هاجەریش لە ڕێگەی شیعر نوسینەوە گوزارشت لەم حاڵەتانە دەکات، بەرهەمی هێزی خەیاڵکردنی لە فۆرمی غەزەلدا خۆی دەنوێنێت لە واقیعدا، داهێنانی خۆی لەم ڕووەوە دەخاتە بەر چاو.

## دووەم: غەزەلنوس

کاراکتەری (غەزەلنوس) یەکێکە لەو کەسانەی کەوا هێزی خەیاڵکردنی هەیە و خاوەنی خەیاڵی بەرهەمهێنە، دوای ئەوەی (مەلای هاجەر) نامەیەك بۆ (غەزەلنوس) دەنوسێت، لێرەدا مەبەستمان لە (مەلای هاجەر) دیوە خەیاڵییەکی ئەم کەسایەتییەیە واتا (مەلای سوختە)، ئیتر لەم نامەیەدا باسی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دەکات و

شوێنی نهێنی شیعرەکانی خۆی نیشان دەدات و ڕێنمای دەکات بۆ ئـەوەی غەزەلـەکانی بخوێنێتـەوە، ئـیتر ئەمـە بـۆ غەزەلنوس دەبێت بە خاڵی وەرچەرخان و نامەکەی مەلا هاجەر بۆی بوو بەو دەروازەو سەرەتاییەی، کە پێیدا بـڕوات بۆ جیهانی خەیاڵ و ڕوو بکاتە میکانیزمی بـەرگری دەروونـی خـەیاڵکردن. واتـە غەزەلنوسـی بـۆ قوڵـایی خـەیاڵکردن پەلکێش کرد و تێڕامان و دنیای سەرنجدانی بەیەکجاری گۆڕی ئەمـە لـە لایـەك، هـەروەها لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەو زەمەنە پڕ جەنگ و بارە کۆمەڵایەتیە دژوارەی کە غەزەلنوس پێ تێدەپەڕی یارمەتی دەربوون بـۆ ئـەوەی لـە واقیـع لابدات و نەستیانە سود لە میکانیزمی خەیاڵکردن وەربگرێت بە هێزی خەیاڵکردن بگات.

هەروەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:( دوای گەیشتنی نامەکەی مەلای هاجەر , بەهمەن بە قۆناغێکی تێفکرینی قوڵدا تێ پەڕی..., غەزەلنوس ویستی بێ زیان لەو جەنگە بجێتە دەرێ, نامەکەی مەلای هاجەر بوارو دەربازێکی سەیر بوو تا لەوێوە ڕوو بکاتە خەیاڵ..)[٣٦]. کاراکتەرەی (بەهمەن) کە دواتر ناوی دەگۆڕێت بۆ غـەزەلنوس دوای ئـەوەی کـەوا (مـەلای هاجـەر) نامەیـەکی بـۆ دەنێرێـت، پـاش خوێندنـەوەی نامەکـەو دۆزینـەوەی غەزەلـەکانی (مـەلای هاجـەر), (غەزەلنوس) ڕامانەکان و وردبونەوەی قوڵترو پڕ ڕەنگتربوون, ئەم تێڕامانە بەهمـەنێکی سـادەو ڕەنـگ کـاڵ دەکاتـە خاوەنی هێزی خەیاڵکردن و دەیباتە ناو دنیای خەیاڵ لەولاوە بـە غەزەلنوسـێکی ئـاڵۆزو پـڕ ڕەنگـتر دەگەڕێنێتـەوە, ناسنامەی شاعیرێکی بە توانای پێ دەبەخشێت، بەو واتایەی موتاڵاکردنی زۆری بەهمەن لەسـەر غـەزەلاکانی (مـەلای هاجەر) و لەبەر کردنی شیعرەکانی (مەلای هاجەر) بەهمەنی توشی تێڕامان و خەیالات کردو بەهمـەنێکی غەزەلنوسـی بەرهەم هێنا. ئەمەش دۆخێکی ئاساییە، چونکە مرۆڤ بە دەروونێکی خاڵی و خەیاڵێکی خـاڵی و دەمـاغیکی خـاڵی لـە دایك دەبێ, لە ڕووی نافیزیکییەوە مرۆڤ کاتی لە دایك دەبیت ئامادەباشی و ڕەمـەکی پێویسـتی هەیـە بـۆ خوێنـدن و خەیاڵکردن، بەڵام ئەمە دەبێت لەگەڵ گەورەبوون لە ڕێگەی ئەزموون و ئاوێتەبوون لەگەڵ ژینگە پڕ بکرین و بارگـاوی بکرێن، لەئەنجامی پاڵەپەستۆی دەورووبەرو ژینگەی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و خوێندن و موممارەسەکردن و نیگاو تێڕامانەوە توانا خەیاڵیەکان فراوان دەبن و شتێك دروست دەبـێ بـەناوی هێـزی خـەیاڵکردن. بەمـەش داهێنـان دیتـە کایەوە, هەروەك (عەلی وەردی) دەڵێت: ( کاتێك کە نوسەر زانیاری خەزن کرد لـە ئـەقڵی ناوەوەیـدا و وازی لـێ هێنـا هەتا بپێکێت و تێکەڵ بن بە یەکتری دوای ئەوە هەست بە پاڵنەر دەکات بۆ نوسین, حەز دەکات لە نوسـین بـەردەوام بێت تا دەمرێت.)[٣٧]. واتا وەرگرتنی زانیاری و خوێندنەوە و حەزی نوسین ڕۆڵـی لـە بـەهێزکردنی پاڵنـەری دەربـڕین هەیە، جا بەهەر جۆرێك بێت. هەروەها سەبارەت بەوەی کە شاعیر چۆن چۆنی هۆنراوە دەنوسێت، دەڵێت: (شـاعیر دەبێت شیعرێکی زۆر لەبەر بکات, پێش ئەوەی ببێتە شاعیر, شتێکی نەشیاوە، گەر کەسێك هۆنراوی لەبەر نەکردبێ، یاخود حەزی لە هۆنراوە نەکردبێ لە خۆیەوە ببێ بە شاعیر, ئـەو شـیعرانەی کـەوا لـە بـەری کـردوون دەچـنە قوڵـای عەقلی باتینی لەوێ هەڵ دەگیرێن, پاش ماوەیـەك ئـەم شـیعرانە تێکـەڵ بەیـەکتری دەبـن و کـار لـە یـەکتری دەکـەن شیعری نوێیان لێ دروست دەبێت)[٣٨]. ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك پاڵنەرو و میکانیزمی تر، کە شاعیر بۆ نوسینی شـیعر دەگرێتە بەر، ئەم بۆچوونەی (عەلی وەردی) لەسەر غەزەلنوس جێ بەجێ دەبێت. دەبینین کەوا (غەزەلنوس) بەهۆی خوێندنەوەو لەبەرکردنی غەزەلەکانی (مەلای هاجەر) بـوو بـە خـاوەنی هێـزی خـەیاڵکردن, دوای ئـەوەی غـەزەلنوس شیعرەکانی (مەلای هاجەر) لەبەر دەکات و کات و مێشکی خۆی بە خەیاڵ و بیرۆکەی غەزەلـەکان بارگـاوی دەکـات و توانا نەستییەکانی دەکەونە کارو دەبیتە خاوەنی دنیایەکی پڕ لەهێزی داهینان، توانای نوسینی غەزەل و شیعردانانی بۆ دروست دەبێت.

## سێیەم: تریفە یابەحریە

(تریفە یابەحری) یەکێکی ترە لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە و بەهەمان شێوەی (غەزەلنوس) بوونەوەرێکی خەیاڵییە و بەرهەمی پەیوەندییە خەیاڵییەکانی دایکییەتی، ئیتر ئەم کاراکتەرە دوای هەرەس هێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی, هەستکردنی بە نەبوونی پەناو ئینتیمایەکی عاتیفی بۆی لە واقیعدا و بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو بارە دەروونیانەی، کە پێدا تێ پەڕیوە ڕوو دەکاتە جیهانی خەیاڵ تا لەوێوە ببێتە خاوەنی ناسنامەیەکی تر و کەسایەتیەکی بە وجودو ئەکتیف, هەروەك لە ڕۆمانەکە وێنەی بۆ کێشراوە (تریفە یابەحری) کچێکی ناشیرینە و لە ڕووی جەستییەوە جوانییەکی هەست پێ کراوی نییە، بەو واتایەی خۆی هەست بەمە ئەکا، کە خاوەنی جوانیەکی وەها نیە سەرنجی دەوروبەری بە لای خۆیدا کێش بکات, ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە لێکدانەوەکی تری بۆ کراوە, کە هەمیشە ئەو کەسانەی هەست بە کەمی و ناشیرینی دەکەن هەر زوو پەنا دەبەنە بەر دنیای خەیاڵ دەیانەوێت لەوێوە قەرەبووی هەموو حەزو ئارەزووەکانیان بکەنەوە. واتە ( تاك کاتێ هەستی کرد بە ناتەواوی و ناشیرینی خۆی بۆ رزگار بوون لەم دۆخەی خۆی هەر زوو پەنا بۆ خەیاڵ و خەونە کشۆتییەکان دەبات و ناشیرینی و ناتەواوی خۆی پێ تەواو دەکات و قەرەبووی خۆی بە جۆرێکی تر دەکاتەوە)[٣٩]. لێرەدا بەرامبەر بە کاراکتەرەی تریفە کاراکتەرێکی تر ئاماژەی پێ کراوە کە هاودژە لە سیفەتدا لەگەڵ (تریفە)دا، ئەویش کەسایەتیەکی وەکو (مەهناز)ە، کە خاوەنی جوانی و دەوڵەمەندییەکی بێ وێنەیە و پەنا ناباتە بەر ئەو میکانیزمی خەیاڵکردنە چونکە شتێك نیە حەزی لێ بووبێ بۆ بەدەست هێنانی شکستی هێنابێ و ئینجا ڕوو بکاتە دنیای خەیاڵ تا لەوێوە قەرەبووی شکست هێنانەکەی بکاتەوە, هەر بۆیە هەموو ئەوانەی، کە لەم قاڵبەدان، ئەگەر بڕۆنە ناو دنیای خەیاڵیش نازانن بۆچی چوونەتە ناو ئەم دنیایەو دەیانەوێت چی دەستەمۆ بکەن؟ بۆیە (مەهناز) خاوەنی خەیاڵ نیەو تەنانەت دوای وانەکانیش خەیاڵی بەم جۆرە گەشە ناکات و بگرە هەر لە سنورێکی دیاریکراودا دەمێنێتەوە، بەڵام (تریفە) و هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ژیانن لەگەڵ (تریفە یابەحری) زۆر شکست هەیە، کە دەیەوێت قەرەبووی بکاتەوەو زۆر شتیش هەیە دەستی نەکەوتووە و ئیستا دەیەوێ لەناو دنیای خەیاڵدا دەستەمۆی بکات، ئەگەر فشاری زۆری دەووروبەر و کۆمەڵگا ببێتە مەترسی بۆ سەر تاك، ئەوا ڕەمەکی ژیان ئەو تاکە ئەخاتە ناو خەیاڵکردن تا لە وێوە ڕزگاری بکات و درێژە بە ژیانی بدات، ( کاتێك پاڵە پەستۆ و گیروگرفتەکانی ژیان لەسەر خودی مرۆڤ زۆر دەبن و هەڕەشە لە بوونی دەکەن، لەم کاتەدا مرۆڤ ناچار دەبێت پەنا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا و زیندەخەون ببات کە جیهانێکە پریەتی لە پاڵەوانبازی و تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکان )[٤٠].

ئیتر هەریەکە بەپێی حەز و ئارەزووەکانی خۆیی و بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پەنا بۆ خەیاڵکردن دەبات و قەرەبوی کەم و کوڕیی و پێویستی خۆی دەکاتەوە، بۆ ئەمەش کەرەستەیەك ئەبات بۆ دنیا خەیاڵیەکەی خۆی لەوێ گۆڕانکاریەکی قوڵ و وردی بەسەر دادێنێت، کە هەندێ جار کەرەستەکە بە پڕ ڕەنگترو بەهادارتر دەگەڕێتەوە ناو واقیع, خەیاڵ داهێنانێکی تری لێ موتربە دەکات. هەندێ جاریش بە ئیفلیجی دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی مرۆڤ توانا نەستیەکانی تێکەڵ بەخەیاڵکردنی خۆی کرد، ئیتر مرۆڤ دەبێتە خاوەنی خەیاڵی بەرهەمهێن، هەر کەرەستەو دیاردەیەك لەم جیهانەدا چ گوڵ بێت, چ داروبەرد بێت, چ هەتاو و مانگ بێ بچێتە خەیاڵی ئەو مرۆڤ بە مەفهومێکی جوان و کامڵ دەگەڕێتەوە، لەو ڕووەوەشەوە وەك دەبینین (تریفە یابەحری) مافورێکی سادەو ئاسایی وەك دەروازەیەك بەکاردەهێنێت و دەیبات بۆ جیهانی خەیاڵی خۆی و لەوێوە هەموو توانایەکی نەستی و هێزی خەیاڵی خۆی دەخاتە کارو وێنەیەکی سحراوی لەم مافورە دەنەخشێنێت و وەك تابلۆیەکی

هونەری دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو واقیع و دەیکات بە جێی سەرسوڕمانی دەوروبەرەکەی و بەمەش بوونی خۆی بەم شێوەیە دەسەلمێنێتەوە و لە ڕێگەی جوانکاری و نەخشەسازی و وێنەکێشانی سەر مافورەکان قەرەبووی نا تەواوی و ناشیرینی خۆی دەکاتەوە.

## چوارەم: ماجەلانی خەیاڵ

(ماجەلانی خەیاڵ) کەسایەتیەکی تری ناو ڕۆمانەکەیە، حەزو ئارەزوویەکی قوڵی بۆ خۆشییەکانی دنیا هەیە، بەڵام هەژاری دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تێرکردنی حەزو ئارەزووەکان و دەست خستنی پێویستییەکانی، بۆیە بەناچاری پەنا دەباتە بەر میکانیزمی خەیاڵکردن لەوێدا تەواوی ئاواتەکانی دەهێنێتە جێ, هەروەك خۆی دەڵێت: ( بەدرێژایی ژیانم حەزم لە جلی جوان کردووە, حەزم لەوەیە قژم ڕێك بێت, قامەتم قنج بێت, ڕێك پۆشبم و بە ویقارەوە کتێبێك بخەمە بن دەستم یان جانتایەکی دبلۆماسی هەڵگرم و بەشاردا لەم سەرەوە بۆ ئەمسەر پیاسە بکەم. لە منداڵییەوە حەزێکی کوشندەی سەفر کردنم تێدایە, بەڵام بێپارەیی و بێکەسی بەم شارە ناشیرینەوە گرێیان داوم...، لەم ساڵانەی دواییدا هاوڕێکانم هەموویان ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات و من بە تەنیا مامەوە. من بیرم لەو کردەوە بە جۆریکی دی سەفەر بکەم, نەخشەیەکی خەیاڵیم دروست کرد, نەخشەی سەر زەمینێکی خوڕافی, نەخشەیەك تەنیا لە سەری مندا هەیە,..)[٤١]. ئیتر ئەم کاراکتەرە بەهۆی کۆمەڵێ مەراقەوە، پەنا دەباتە بەر خەیاڵکردنەوە بە مەبەستی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی, بۆ ئەو مەبەستەش بەسەر هەموو کیشوەرو دەریاو دنیادا گەشت دەکات وە هەموو مەراق و حەزی کوژراویشی قەرەبوو ئەکاتەوە, هەر بۆیە (مرۆڤ بە پەنا بردنە بەر هێزی خەیاڵ دنیایەکی دروستکرای پڕ لە خۆشی و سەرکەوتن بۆ خۆی بنیات دەنێت، کە لە دەرەوەی هێز و توانای خۆیەتی لە واقیعدا، مرۆڤ لە ژیانی خەیاڵی خۆیدا دەستەڵات و توانایەك بەدەست دێنێ کە لە ژیانی ڕاستی خۆی ناتوانێ پێی بگات)[٤٢]. (ماجەلانی خەیاڵ) حەزی زۆری بۆ هیزو دەستەلات و توانای گەڕان و سەفەرکردن دەخاتە دۆخی چەپاندنەوە، بەهۆی هەژاری و نەبوونی توانا و دەستەلاتەوە، بەلام دواتر هەوڵدەدات لە ڕێگەی میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردنەوە مومارەسەی ئەم حەزەی بکات، بەمەش جیهانە لەبن نەهاتووەکەی خەیاڵی خۆشی ئەدۆزێتەوەو ئەبێتە یەکێك لەو کاراکتەرانەی کەوا خەیاڵی بەرهەم هێنی هەیە. ئیتر هەریەکە لە کاراکتەرەکان بە ڕێگای تایبەتی خۆیان و شیوازی جیاجیاوە هۆکارێك وەك دەروازەیەك بەکار دێنن بۆ چوونە ژوورەوە لە دنیای خەیاڵکردنی بەرهەم هێن. واتە هەر یەکەیان بە پێی پیویستی دەروونی خۆیان و باری کۆمەڵایەتیان ئەو هێزە بەکار دەخەن, دواتر هەموویان لەخاڵێکدا بەیەك دەگەن و ئامانجەکانیان بەرەو یەك مەڵبەند ئاراستە ئەکەن, بەمەش توانای داهێنا گەورە تر دەکەن, پرۆژەی فیکری و وێنەی خەیاڵی جوان و نامۆ ئەنەخشێنن.

وەك دەبینین، ڕۆماننوس بە شێوازی جیاجیا وێنەی خەیاڵە جۆر بەجۆرەکانی مرۆڤ دەکێشێت لە ڕۆمانەکەیدا, خەیاڵە قوڵەکانی مرۆڤ, خەیاڵە سادەکانی مرۆڤ, خەیاڵە دەبەنگەکانی مرۆڤ, خەیاڵ بەرهەمدار و بێ بەرهەمەکانی مرۆڤ, هەر جۆرێك لە جۆرەکانی خەیاڵ بەپێی کەسەکان دابەش دەکات, وە بەشێوەیەکی هونەری شەقام و کوچەکان و شوێن و ئاراستەو مەبەستی خەیاڵی هەریەکەیان و چۆنیەتی ئیش کردنی خەیاڵی هەریەکەیان نیشاندەدات. وە خەیاڵی هەریەکەیان لە ڕۆح لەبەرەکان دەخاتە کارو داهێنانیان لێ بەرهەم دێنێت.

لەهەمان کاتیشدا وێنەی ناشیرین و نەزانین دەکێشێت، کە لە ئەنجامی نەبوونی هێزی خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە, بەو واتایەی ئەو وێنەیە دەبینین کە نەبوونی خەیاڵ نەخشەی کێشاوە, ئەو مرۆڤانە وەك توشبوو بە پەتایەك

دەخاتە ڕوو، کە لە ئەنجامی نەبوونی هێزی خەیاڵێکردن توانای هەستکردنیان بەرامبەر بەهیچ شتێك نیە، نە بە خۆشەویستی، نەبە دارو بەرد، نە بە گوڵ, بۆیە کەرەستەکان لای ئەوان بە ئاراستەی ستاتیکیانە وێنەی نوێی لێ دروست ناکرێت و لەبەرگی سادەی خۆیان ناهێنە دەرەوە.

## ئە نجام

١ـ نامۆبوونی ڕۆماننوس لە نەنگییەکانی پێوەری واقیع و ژینگەی نەشیاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بووە بە هۆکارێکی بەهێز بۆ ئەوەی نووسەر میکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن بەکار بێنێت، لەو ڕێگەیەشەوە ویستوویەتی بوار بۆ توانای داهێنان و بیرۆکەکانی خۆی برەخسێنێت.

٢ـ پەنا بردنی ڕۆماننووس بۆ میکانیزمی خەیاڵکردن هۆکاری سایکۆلۆژی و نائاگاییانەی نووسەری لە پشتەوەیە، کە ئەم میکانیزمە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە گێڕانەوەی هاوسەنگی باری دەروونی نووسەر هەیە. ئازادی بۆ گۆشەی (Id) ی کەسایەتی نووسەر ڕەخساندووە بۆ دەرباز بوون لە بازگەی گۆشەی (Super Ego)وە.

٣ـ بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)دا ویستوویەتی لە ڕێگەی خەیاڵکردنی کاراکتەرەکانەوە لە واقیع لابدات و ڕوو بکاتە مێکانیزمی بەرگری دەروونی خەیاڵکردن، تا بەهۆیانەوە چەند ئامانجێك بپێکێ، لەوانەش وەك تێرکردنی حەزووئارەزووە چەپێنراوەکان و گوزارشتکردن لە پێویستییەکانی خۆی و ڕەخنەگرتن لە هەندی لایەن و بارودۆخی واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری تاکی کورد.

٤ـ دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ دوو تەوەرەی سەرەکی بەردەوامی ناو ڕۆمانەکەن، کە نوسەر هەستاوە بە پەراوێز خستنی واقیع لەبەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان و کاری ناڕاستی مرۆڤەکان، لە بەرامبەریشدا دنیای خەیاڵی پەرەپێداوە، ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی هێزی خەیاڵن بە داهێنەرو بەرهەمهێنی لە قەڵەمداون، کە ئامانج و ئارەزووەکانیان بەشێوەیەکی تر لە دنیای خەیاڵدا جێ بەجێ دەکەن، وە بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری گوزارشتی لێ دەکەن.

## پەراوێزەکان


١. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی سیدۆ داود عەلی ـ فرمێسك رزگار محمد، چ/ یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٩.

٢. أفلاطون، جمهورية افلاطون، ت: د. فؤاد زكريا، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص٣٦٦.

٣. ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة شرحه عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣، ص٤٧.

٤. د. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣١.

٥. موريس بورا، الخيال الرمانسي ، ، وەرگێرانی لە عربییەوە، ڕێزان محمد غفور ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (١٩١٨–١٩٤٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٥، ل ٢٠ –٢١

٦. د. شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێرانی پ.ی.د. سردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥٩.

٧. ڕێزان سالح مەولوود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥.
٨. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، ١٩٧٩، ل٢٦٥.
٩. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکراوە موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٦٠.
١٠. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل٧٨.
١١. د. عەلی وەردی، خەونەکان لەنێوان بیروباوەڕو زانستدا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل١٠٣.
١٢. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل٨٠.
١٣. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، وەرگێرانی، حەمە رەشید حەسەن، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سایە، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ١٣٢.
١٤. هەمان سەرچاوە ل ١٣٤.
١٥. سابیر بۆکانی، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦، ل٥٨.
١٦. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، ل ٨٠.
١٧. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ل ١٣٤.
١٨. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل١٨٤.
١٩. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٠٧.
٢٠. چەمکی کەسایەتی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە خۆی لە سێگەشەیکی دژیەکدا دەبینێتەوە، بەم پێیە کەسایەتی لەسێ بەش پێك دێت، کە ئەم دابەشکردنە دەرگایەکی تری لە ڕووی لێکۆڵینەوەی کەسێتی مرۆڤ واڵا کرد، دروستکردنی ڕێگایەکی نوێبوو بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارە جۆر بەجۆرەکانی تاك، دەتوانین لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بگەین لە بە پشت بەستن بەو ململانێیانەی کە لە نێوان ئەم سێ ئاستەی هەستدا دروست هەیە، کە ئەوانیش ئەمانەن: (Ego، Id، Super Ego) ئەم سێ وشە بەرامبەر بە (الانا، الهو، الانا العلیا)ی عەرەبی دەوەستن، کە لە کوردیدا جگە لەم سێ وشەیە وشەی تریش هەن کە بۆ هەمان مەبەست بەکارێن، لە فەرهەنگ و سەرچاوە کوردییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها لە لێکۆڵینەوەی توێژەرەکانیشدا جگە لەم وشانە ئەمانەش بەکار هاتوون وەك: (خود و ناخود و کەڵە خود) ، (خۆمەکی و خۆیەکی وخۆمەکی باڵا) ، (خودونزمە من و بەرزە من).
٢١. منی باڵا (Super Ego)ئەمە بەشی سێمی کەسایەتییە بەلای فرۆیدەوە کە مەڵبەندی هەموو لایەنە بەرزەکانی ئاکارو بەها کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانە، بە پێچەوانەی گۆشەی ئەو "Id" فشار دەخاتە سەر گۆشەی من "Ego"، لە ژێر پەرنسیپی سزاو پاداشت کار دەکات، دوای ئەوەی کە حەزوو ئارەزوویەك لە "ئەو"ەوە بەرز دەبێتەوە ئەوا لە بازگەی منی باڵا (Super Ego) ڕادەگرێت و دوای پێوانە کردنی ئەم حەزوو ئارەزووە بە پێوەری پەسەند و ناپەسەند ئینجا بڕیاری دەرچوون یان گەڕانەوەی بەسەردا دەدرێت.
٢٢. من (Ego) ئەم بەشە نوێنەرایەتی ڕووە دیارەکەی مرۆڤ دەکات ، واتا کەسە بینراوەکەی ناو ژینگەو کۆمەڵگایە، کە خودی ئەو کەسە دەگرێتەوە کە لە ناو کۆمەڵگادا خۆی نمایش دەکات و تاکەکانی دەووروبەر هەستی پێ دەکەن، گۆشەی "من" ڕۆڵی ڕێکخەری ئەو فشارو داواکاریانە دەبینێ کە لە هەردوو گۆشەی تری

"ئەو" و "منی باڵا" ئاراستەی دەکرێن، بە پێی گونجانیان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا ڕێگای دەرچوونیان پێ ئەدات، هەروەها من "Ego" ئەو بەشەیە کەسەر بە هەر دوو جیهانی "ئاگایی" و "نائاگایی" یە.


٢٣. ئەو (Id) ئەو بەشەیە لە کەسایەتی کە لە دەروونشیکاریدا گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت، بەشێوەیەکی ورد و بەرفراوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، گۆشەی ئەو "Id" ئەو هۆڵەیە کە هەموو حەزوو ئارەزووەکانی تێدا کۆ بۆتەوە، چاوەڕێی هەڵی دەرچوون و تێر کردنیان دەکەن واتا گۆشەی ئەو "Id" هەموو پێویستییەکان و حەزە ئاژەڵییەکان و هەروەها ئەو ئارەزووانەی کە تاک نەیتونیوە لە ژیاندا تێریان بکات، ئەوا لە کۆگایەکدا هەڵگیراون بە ناوی (ئەو "Id" )، هەمیشە هەوڵی دەرچوونی خۆیان دەدەن جا ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگای تری وەك (خەیاڵکردن و خەون و نەخۆشی و هەڵەی زمان و داهێنانی هونەری و بەرهەمی ئەدەبی) کە حەزەکانی ناو ئەو "Id" لەم دەرچەیەوە هەوڵی تێر بوونیان ئەدەن.
٢٤. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٤.
٢٥. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، وەرگێڕانی ڕێباز مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاند، سلیمانی، ٢٠٠٨، ل ١٤٥.
٢٦. ئازاد ئەحمەد محمورد، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کراوە ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٢١.
٢٧. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، ل ١٤٥.
٢٨. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل٥٩٠.
٢٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٠.
٣٠. هەمان سەرچاوەی ، ل٢١٦ –٢٠١٧
٣١. هەمان سەرچاوەی ، ل ٢١٦.
٣٢. هەمان سەرچاوەی ، ل٦٩.
٣٣. هەمان سەرچاوەی ، ل٧٠.
٣٤. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ل١٣٢.
٣٥. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، ل١٧١.
٣٦. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ل١٠٧–١٠٨
٣٧. د. عەلی وەردی، کارە نائاساییەکانە نەست، وەرگێڕانی بەرزان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٤، ل١١٥.
٣٨. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، ل١٧١.
٣٩. هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.
٤٠. د. کریم شریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣١٩
٤١. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، ل١٨.
٤٢. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، ٥٩.

## سەرچاوەکان


١. ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة شرحه عبدالرحمن بدوي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣.

٢. ئازاد ئەحمەد محمورد، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ وبلاو کراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. ئالفەرد ئادلەر، ناسینی سروشتی مرۆڤ، وەرگێرانی سیدۆ داود عەلی ـ فرمێسك رزگار محمد، چ/ یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤. أفلاطون، جمهورية افلاطون، ت: د. فؤاد زكريا، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.

٥. ئورایزن سویت ماردن، سەرکەوتنی بیر، ورگێرانی ڕێباز مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی راند، سلیمانی، ٢٠٠٨.

٦. بەختیار عەلی، ڕمانی غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی، ٢٠٠٧.

٧. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکراوە موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨. پ.ی.د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٧،

٩. د. شکری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، وەرگێرانی پ.ی.د. سردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

١٠. د. عەلی وەردی، خەونەکان لە نێوان بیروباوەڕو زانستدا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی، ٢٠٠٥.

١١. د. عەلی وەردی، کارە نائاساییەکانە نەست، وەرگێرانی بەرزان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٤.

١٢. د. فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٣. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١١٤.

١٤. د. کریم شریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٥. د. محەمەد عەلی ئەحمەد وەند، ناسینی بیری مرۆڤ میکانیزمی بەرگری دەروونی، وەرگێرانی، حەمە رەشید حەسەن، چاپی یەکەم، چاپەمەنی سایە، سلیمانی، ٢٠٠٩.

١٦. ڕێزان سالح مەولوود، ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداً، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩..

١٧. سابیر بۆکانی، لە نێوان هەست و نەستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦.

١٨. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر (ئیستاتیکا)، چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، ١٩٧٩،

١٩. محەمەد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، سلیمانی، ٢٠٠٤.

٢٠. موریس بورا، الخيال الرمانسي ، ، وەرگێرانی لە عربییەوە، ڕێزان محمد غفور ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (١٩١٨–١٩٤٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٥.

**الملخص**

**الية الخيال في رواية "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ"**

هذا البحث طريقة لبيان تأثير الية الانحراف في الواقع والانصراف الى الية الدفاع النفسي للتخيل في رواية "غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ" لكاتب "بختيار على". ومن ثم أثار الى قوة الخيال كاحدى الابعاد اللافيزيكيية لدى الانسان، الذى له دور مهم في مجالات السيكولوجية والادبية والفنية. ومن هنا لاينظر الى التخيل كسمة طبيعية الانسان، بل الغرض منه ذلك الخيال المنتج الذي هو الية من الجهة السيكولوجية يقوم بأرجاع حالة التوازن النفسي للأنسان، وذلك عن طريق التعويض واشباع الرغبات والحاجات المكبوتة. وعلى صعيد اخر هوتلك القوة التي تكون مصدرا لخلق صور والعبارات الجديدة وكذلك الابداع النتاجات الادبية والفنية في الوقت نفسه. وثمة وجود كبير لألية التخيل ضمن هذه الرواية. مع كل هذا أشار الكاتب الى قوة الخيال عن طريق الشخصيات المختلفة ويعرض النتاجات الفنية والادبية والتي عن طريقها ابتدعت الشخصيات وكذلك ألقى الضوء على تباين النفسيات لهذه الشخصية التي يمتلك قوة الخيال وكذلك تلك الشخصية لايمتلك الخيال المنتج، مع ألقاء الضوء على الغايات والاغراض المختلفة التي أراد الكاتب أن يبينهم عن طريق خيال الشخصيات.

**Abstract**

**Mechanism of imagination in "The poem writer and imagination gardens" novel**

This study is a means of illustrating the influence of deviation mechanism in reality and relying on defense mechanism of imagination in Bakhtyar Ali's novel: "Poet and imagination gardens". The study signals the power of imagination as one of the abstract dimensions of human beings that plays an important role in literature, psychology and art. Here, imagination is not a natural habit, but a creative power that has two major roles. Firstly, it brings back psychological balance to individuals. Secondly, it is a source of forming images, new expressions, creativity and literary works. Imagination mechanism is central in "Poet and imagination gardens" novel. The writer, through the characters, marks the power of imagination in producing literary and artistic works. The current study, also, lays emphasis on the psychological differences among those who have the power of imagination and those who have not this power.

# ئیشكالییەتی خوێندنەوە رەخنەییەكانی شیعری (گۆران)

**هێمن عومەر خۆشناو**

**زانكۆی سۆران**

**فاكەڵتیی ئاداب**

**بەشی كوردی**

## پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی تا ئێستا هاتوونەتە بەردەم رەخنەگران، لە ڕامان و شرۆڤەیان بۆ دەقەكانی (گۆران)* ی شاعیر, بەجۆرێك لەناو ئەو هەموو خوێندنەوانەدا خوێنەر لە پاڵ دروستبوونی یەك واتای واتا (the meaning of meaning) تووشی دەیان واتای واتا لە رووی رەخنەییەوە دەبێتەوە, لەو سۆنگەیەی هەموو خوێندنەوەیەكی رەخنەیی واتایەكی دیكە لای خوێنەر دەسازێنێتەوە. بەتایبەتیش لە چۆنیەتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ تیۆرە ئەدەبییە باوەكانی سەردەم و چۆنیەتی پراكتیككردنیان لەسەر شیعرەكانی گۆران جۆرێك ئیشكالییەت دەخاتەوە, بەتایبەتی تریش لە مەسەلەی تازەگەری و پێشڕەوبوونی گۆران، كە زۆر لە لێكۆڵەران كەوتوونەتە رای جیاواز لەسەر سەنگرانەوەی گۆران لەناو چوارچێوەی رێبازەكاندا، كە ئەمرۆ ئەمە بۆ كاری رەخنە گرنگە تیشكی بخرێتە سەرو لەو روانگەوە كاركردنی ئێمە لەسەر ئەو ئیشكالییەتەیەو گرفتەكانی بەردەم تێكەڵكردنی چەمكەكانە لەناو چوارچێوەی لێكۆڵینەوە بۆ سەر شیعری گۆران.

ئەو رێبازەی لەم لێكۆڵینەوەیە بەكارهاتووە، بریتییە لە چوارچێوەی (رەخنەی رەخنە) و تێیدا هەردوو بنەمای شیكردنەوەو بەراورد بە هەند وەرگیراوە، چونكە بنەمای سەرەكی كارەكە، زیاتر كاركردنە لەسەر بەرهەمە رەخنەییەكان، نەوەك دەقە ئەدەبییەكە. باسەكە دابەشی سەر دوو تەوەر كراوە، لە تەوەرەی یەكەمدا كە لە ژێر ناوی گۆران و رەخنەی كوردییە، تێیدا باس لە ئیشكالییەتی مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعر كراوەو ئەم ئیشكالییەتەش لە نێوان گۆران و نالی دا لە هەمبەر پرسی نوێكردنەوەی شیعردا شیكراوەتەوە. هەرچی تەوەری دووەمە بۆ ئیشكالییەتی رێبازە ئەدەبییەكان تەرخان كراوە، تێیدا هەموو ئەو بۆچوونە رەخنەییانە شەن و كەو كراون كە لە هەمبەر شیعرەكانی گۆراندا بۆ مەسەلەی رێبازە ئەدەبییەكان ئیشكالییەتیان خستۆتەوە. لە كۆتاییشدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئیشكالییەتە رەخنەییەكانی سەر شیعری گۆران لە چوارچێوەی ئەم باسەدا لە ئەنجامدا خۆیان بەرجەستەكردووە.

---

* گۆران، ناوی عەبدوڵلا بەگ كوڕی سلێمان بەگی كوڕی عەبدوڵلا بەگی كاتب فارسییە، لە ساڵی ١٩٠٤ز لە هەڵەبجە لە دایك بووە، باوك و باپیری هەردووكیان بەهرەی شیعریان هەبووەو بە كوردی و فارسی نوسیویانە. لە بن دەستی باوكیدا، قورئان و سەرەتای خوێندن فێربووە، لە قوتابخانەی سەرەتاییش لە هەڵەبجە خوێندویەتی، كە ئەوسا قوتابخانەكە لە بن دەسەڵاتی عوسمانییەكان بوو و خوێندن بە زمانی توركی بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ بە مامۆستا دادەمەزرێ، لە قۆناغەكانی برەودان بە بواری رۆژنامەگەری كوردیدا رۆڵێكی بەرچاوی هەبووەو بە یەكێك لە شاعیرە دیارەكانی كورد دادەنرێ و لە سەرەتای شەستەكانی سەدەی رابردوو دەبێتە وانەبێژ لە بەشی كوردی كولێژی ئادابی زانكۆی بەغدا. دوای تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە، لە ١٨-١١-١٩٦٢ لە سلێمانی كۆچی دوایی دەكات و لە گۆرستانی سەیوان دەنێژرێ. بڕوانە (دیوانی گۆران، عەبدوڵلا گۆران، بلاوكراوەی پانیز، چ٣، تهران، ١٣٨٦)

## تەوەرەی یەکەم:

## گۆران و رەخنەی کوردی (ئیشکالییەت لە مەسەلەی نوێکردنەوەدا)

### ئیشکالییەت بۆ؟

قسەکردن لەسەر شاعیرێك و دەستپێکردنی ناوونیشانەکە بە وشەی ئیشکالییەت، رەنگە لای زۆر کەس مایەی تێڕامان بێت، بەڵام (خودی ئەم زاراوەیە ئیشکالییەت problematiqueبەم دواییانە وەك زاراوەیەکی فیکری و فەلسەفی هاتە ئاراوە و لویس ئەلتۆسێر Louis Althusser (١٩١٨-١٩٩١) لە جاك مارتن –ی وەرگرت کە بە واتای کۆمەڵێك بیروڕا کە جیاوازیان لە نێواندا هەبێت و لێکۆڵەریش وەك کێشەیەکی سەربەخۆ تەماشایان دەکات، کە لە خودی خۆیدا یەکەیەکی فیکری و تیۆرێکی سەقامگیرە، زۆر واتایشی لێ هەڵێنجراون، بەڵام گرنگترینیان زانستی خستنەڕووی مەسەلەکانە)[١]. هەموو ئەو مەسەلانەی کە مێژوو لە رێرەوی خۆیدا خستوونیەتە روو و ئەمڕۆ پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوەو هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکە جۆرێك لە ناتەبایی لەنێوان بیروڕاکاندا هەیە و پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنی رەخنەدا ئەمیش بخرێتە بەر توێژینەوەی تایبەت و بە دەنگ و رەنگی ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنێکی تازەی بۆ بکرێ. لەم روانگەوەش هەست بەوە دەکرێ بە درێژایی ئەو مێژووەی گۆران-ی شاعیری تێدابووەو و بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە رەخنەگران قسەیان لەسەرکردووە، خوێنەر تووشی جۆرێك لە ئاڵۆزی تێگەیشتن دەبێت، کە هەمووشیان لە ئەنجامی خستنەڕووی بیروڕا بووە لەسەر گۆران و بەرهەمەکانی لە رێگای راڤەو تەئویلی جیا جیا بۆ شیعرەکانی، بۆیە ئەمە هەر تەنیا خستنەڕووی بیروڕا جیاوازەکان نییە، چونکە زۆر جار جیاوازی لە روانین، جوانیی بەرهەم دێنێت و رەخنە گەش دەکاتەوە، بەڵام مەودای جیاوازییەکان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە شیعرییەکە دەخاتە روو، کە بۆ هەندێ مەسەلەی گرنگ جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنن، کە خودی شاعیرەکە بەم مەسەلانەوە بوونی خۆی بەرجەستە کردووە.

### گۆران و رەخنەی کوردی

ئەگەر بێت و بە مێژووی رەخنەی کوردیدا شۆڕبینەوەو هەنگاو و پلەکانی دەستنیشان بکەین، ئەوا گۆران چ وەك شاعیر لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی و چ سەرجەمی شیعرەکانی زۆرترین رووبەریان لە رەخنەی کوردی داگیرکردووە، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، چونکە هەڵکەوتەی سەردەمی گۆران وا بووە، کە زۆرترین گۆڕانکاری لە ئەدەبیات بەرپابووەو بەتایبەتیش شیعرو زۆرترینیشیان قەڵەمڕەوییەکەی بۆ گۆران دەگەڕێننەوە.

لێرەدا ئێمە ئەگەر بە پرۆسەی (رەخنەی رەخنە)دا بڕۆین و پێمان وا بێت، کە هەموو ئەو کارانەی لەسەر گۆران کراون دەبێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت و بەر نەشتەری (رەخنەی رەخنە) بکەون، ئەوا دەرفەتێکی زۆری گەرەکە و لەم لێکۆڵینەوەیە بواری ئەو باسە نییە، بەڵام ئەوەی قسەی زۆر هەڵدەگرێ بریتییە لە جۆراوجۆرییەتی کردەی رەخنە لە سەر شیعری گۆران، ئەم فرە هەوڵدان و راڤەکردنەش دەکرێ لەم روانگانەوە سەیر بکرێن:

---

[١] اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، د.يوسف وغليسي، الدار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨، ص ٤٩-٥٠

**یەکەم:** شیعرەکانی گۆران لە سەرەتاوە تا مردنی شاعیر, شێوازی جیا جیان و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕان بەسەر شێوازی نووسینی (گۆران)ی شاعیردا هاتووە, ئەمە یەکێك لەو گرفتانەیە، کە رەخنەگر لە خوێندنەوەی دیوانی گۆران رووبەڕووی دەبێتەوە, بە پێچەوانەی شاعیرانی کلاسیك یان کۆنی کوردی، وەك نالی و سالم و مەحوی و جزیری, کە ئەگەر سەرتاپای یەك شێوازیش نەبێت ئەوا لە چوارچێوەیەکی گشتیدا دەرناچێت.

**دووەم:** وەرنەگرتنی هەموو دیوانەکە بۆ لێکۆڵینەوەی رەخنەیی, نابێتە پێوەرێك بۆ کارکردن لەسەر چەمکێکی رەخنەیی پڕ بە پێستی خۆی, چونکە بە گوێرەی بنەما رەخنەییەکان شێوازی شیعرێك یان دوان لە رووی ناوەڕۆکەوە نابێتە پێوەر بۆ حوکمدان لەسەر پەیڕەوکردنی شاعیر لەسەر ئەم شێوازەو یان ناساندنی بە شاعیری شێوازەکە.

**سێیەم:** ئەم هەڵبەزو دابەزەی گۆران لە نووسینی شیعرداو گۆڕینی شێوازی شیعری لای ئەو, جا بە گوێرەی گۆرانکارییە ئەدەبیی و سیاسییەکانی ناوچەکە بێت، یان بیرو هزری خۆی بۆ ئەدەبیات بێت, رەخنەگر وا لێدەکەن زۆرترین قسەی بۆ شیعرەکان هەبێت و نەتوانێ گۆران بە شاعیرێکی سەقامگیر و ناسراو بە ستایلێکی تایبەت بناسێنی.

**چوارەم:** گۆران لە سەردەمی نالی و شاعیرە کلاسیکییەکان نییە تا دەستخستنی زانیاری لەسەر ژیانی تایبەتی گۆران ئەستەم بێت, کەچی تا ئێستایش زۆربەی هەوڵدان بۆ دەستخستن و نووسینەوەی ژیانی گۆران, نەبۆتە کەرەستەیەك بۆ شیکردنەوەی دەقەکان, بەو پێیەی شیکردنەوەی دەق لە رێگای زانینی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...تد رەخنە دەوڵەمەندتر دەکەن و دەشێ بەشێك لە شیعرەکان بەم هۆیەوە هۆکاری نووسینیان ئاشکرا بێت.

## گۆران و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر

ئەگەر پێشتر دەقی ئەدەبی بە کۆت و بەندی کۆمەڵێك یاساو رێسا قاوغ درابوو, ئەوا دوای پێشکەوتنەکان لە سەرتاسەری جیهانداو دەرکەوتنی بیروڕای نوێکردنەوە لە رۆژئاواو دواتریش رۆژهەلات, هێدی هێدی دەرگا لەبەردەم گۆرانکاری لەناو ئەدەبیاتدا کراوەو هەموو هەوڵەکان لە شوێن و کاتی خۆیاندا بە شۆڕشی ئەدەبیات ناسێنران, هەر بۆیە روانینی جیا جیا سەریان هەڵداو دواتر هەندێکیان وەك تیۆر ناسێنران, یەکێکی وەك کرۆچە croce (١٨٦٦-١٩٥٢) پێی وایە (ئەدەب وەك هەر هونەرێکی تر سووسەکردن (حدس)ەو سووسەکردنیش سۆزێکی پوختەو دەربڕینێکی تایبەتە ئەم دووانەش پێویست ناکات لق و پۆپی تری لێ ببنەوە)[٢] ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات کە گۆڕانکارییەکان لەناو ئەدەبیاتدا ئەگەر بشکرێن لە نوێوە سەرهەڵدەدەن نەوەك دەستکاری کردن بێت, هەرچی موریس بلانشۆ Blanchot ـە (بانگەشەی ئازادکردنی ئەدەبی کرد لە هەموو یاساو رێسایەك) [٣] ، لەناو ئەم مشت و مڕانەدا ئەدەبی کوردیش کەوتە ناو ئەم مەسەلەیەو هەوڵی نوێکردنەوەی دا, ئەوەیشی کە بۆتە گرفت لەبەردەم رەخنەی کوردیدا، ئەوەیە، زۆرجاران ئەوەی سەردەمانی زوو گوترا لەبارەی

---

[٢] في نظرية الادب وعلم النص،(بحوث وقراءات) ابراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، الطبعة الاولى، ٢٠١٠ص٢٥

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥

نوێكردنەوە هەر ئەمە دەگوترێتەوە بێ ئەوەی (ڕەخنەی ڕەخنە) كاری جیددی خۆی بكات و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم گوتنانە بكات، كە بوونەتە بناغەیەكی گرنگی ڕەخنەی كوردی.

هەرچی سەبارەت بە گۆران و ڕۆڵی لە نوێكردنەوەی شیعری كوردیدایە، ئەمیش بە شێوەی زانستانە ڕەخنەی ڕەخنە ئاوری لێ نەداوەتەوەو هەموو ئەو رایەڵانە لێك جیانەكراونەتەوە، كە لە كوێ هەنگاوەكانی گۆران دیاردەكات و جیای دەكاتەوە لە هەوڵی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و مەوداو سنووری ئەم نوێكردنەوەیە تا كوێ بڕ دەكات و كاریگەرییەكانی هەتا كەی دەمێننەوە؟ لێرەدا دەكرێ گرفتەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بكەین تا پێگەی تایبەتی گۆران لەم نێوەندەدا بخرێتە ڕوو:

## ١- نوێكردنەوە لە نێوان گۆران و نالی دا

یەكێك لەو ئیشكالییەتانەی كە دێتە بەردەم خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی شیعری گۆران مەسەلەی نوێكردنەوەیە, نوێكردنەوەكەیش بەراوردكردنە بە نوێكردنەوەو تازەگەرییەكی تر، كە پێش ئەو لەناو ئەدەبی كوردیدا ڕوویداوە, ئەویش تازەگەرییەكانی نالی لە شیعردا, ناكرێ هەر وا بە ئاسانی بگوترێت نالی لە سەردەمی خۆیدا شیعری تازەكردۆتەوە و گۆران-یش لە سەردەمی خۆیدا و هەردووكیش بە پێشڕەوی نوێكردنەوە دابنرێن, چونكە تا ئێستا بنەماكانی تازەگەری لەلای هەردوو شاعیر جیاوازن, بە جۆرێك:

أ- قەبارەی نوێكردنەوەی هەردووكیان وەك و یەك نییە.

ب- هەردووكیان لەیەك سەردەم نەژیاون.

پ- ڕەخنەیش نابێت هەردووكیان بە پێشەنگ دابنێت, چونكە لە نێوانی هەردووكیان دا شێوازێكی تری دەقی شیعری هەبووە، كە لە هیچ كامیان نەچووە, وەك شیعرەكانی (حاجی).

ت- گۆڕانی كێش و سەرواو ناوەڕۆك بە تەنیا پێوەری نوێخوازی نین و لە نێوان هەردوو شاعیردا هەوڵی گۆڕین هەبووە, بەڵام نێوانەكە ڕەگ و ڕیشەكەی نەگۆڕیوە, ڕەخنەیش نەك بە نوێخوازی لە قەڵەم نادات بەڵكو ناسنامەی میللی بوونی دەخاتە پاڵ, كە خودی هێنانەوەی ئەم زاراوەیە لە بناغەدا بە دروستی بەكارنەهاتووەو ئەمیش بۆ خۆی ئیشكالییەتی خۆی هەیەو لەسەر چەند كۆڵەگەیەك پەیوەست كراوە، كە ناكرێ بە تەنیا بەم كۆڵەگانە ناسنامەكە ببەخشرێ و بسەندرێتەوە.

## ٢- نالی و گۆران لە نێوان شاعیری و تیۆریست بوون دا

مەسەلەی نوێكردنەوەی شیعر وەك ئیشكالییەتێك لەنێوان ئەم دوو شاعیرەدا, بێگومان مەوداو كێڵگەی جیاواز بە خۆیان هەیە, ناكرێ ڕوانینی هەردووكیان بۆ مەسەلەی تازەكردنەوە، یان نوێخوازی، یان گۆڕانكاری لە ئەدەبدا وەك یەك حسێب بكرێن, چونكە ئەگەر ئێمە ئەدەب بەو شێوەیە دابەش بكەین، كە دەبێتە بەشی دەقی ئەدەبی (داهێنان) و بەشی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی, هی دووەمیشیان سێ لقی لێ ببێتەوە كە لقەكانی تیۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبین, ئەوا هەردوو شاعیرەكە بەرهەمی داهێنانیان نووسیوەو بە دەقنووس دادەنرێن, جا گۆڕانكارییان كردبێت یان نا, ئەگەر مەسەلەكە بەو ئاقارە ببەین، كە لەناو لێكۆڵینەوەی ئەدەبیدا كاری تیۆری ئەدەبی بریتی بێت لە دانانی یاساو ڕێسا بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی و پێكهاتەكەی دەستنیشان بكات و بە ئەركی خۆی دابنێت, ئەوا لەو سۆنگەیەوەش سەرەتاكانی سەرهەڵدانی تیۆری ئەدەبی لە جیهاندا بۆ

ئەرستۆ و کتێبەکەی ببەینەوە، کە لەسەر داستانی (ئەلیادەو ئۆدێسای هۆمیرۆس) داینابوو, ئەوا ئۆدێسا بە دەقنووس و ئەرستۆیش بە تیۆردانەری ئەدەبی دادەنرێت, (نالی)یش لەو نێوەندەدا ئەرکی تەنیا نووسینی دەق بووە جا هەر گۆڕانکارییەکی کردبێت, بەڵام (گۆران) جگە لەوەی کەوا دەقی نووسیوە, بەڵام پێکهاتەی نوسینی دەقەکەیشی بە یاسا داڕشتووە, واتە تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم شێوازە لە کۆنی و تازەیی لە شیعردا خستۆتە ڕوو. کە دەکرێ بڵێین ئەگەر لاساییکردنەوەی ڕەخنەی دەوروبەریش بووبێت وەك شاعیرێك لەخۆوە گۆرانی دروست نەکردووە, بەڵکو لەنێوان شیعری کۆن و نوێشدا لێدوانی هەبووە, ئەم لێدوانانە دەخرێنە ناو چوارچێوەی تیۆری ئەدەبییەوە. بۆ نموونە وتارەکەی بەناوی (کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا) [٤] ئەگەرچی وتارەکەی گۆران زۆر دوای بەرهەمە سەرەتاییەکانیەتی کە گۆڕانکاری دروست کرد, پێدەچی دوای ئەم ئەزموونەوە گەیشتبێتە ئەم بیروڕایانە, بەڵام گرنگییەکەی لەوەدایە ئەگەر هەر تەنیا باسی لە شیعری نوێ کردباو قالب و پێکهاتەکانی ڕاڤە کردبا, ئەوا دەبوو بە تیۆرێك بۆ شیعری نوێ, بەڵام چونکە باسی لە شیعری کۆنیش کردووەو هەردووکیانی هەڵسەنگاندووە, ئەوا لە بیروڕای تیۆرەوە دەردەچێت و بەرەو چوارچێوەی ڕەخنە هەنگاو دەهاوێژێت، کەواتە: گۆران لە یەك کاتدا شاعیرو تیۆردانەرو ڕەخنەگر بووە, کەچی نالی هەر تەنیا شاعیر بووەو بەرهەمی ڕەخنەیی و تیۆری لەپاش بەجێ نەماوەو ئەو بیروڕایانەی کە نالی و حاجی و خانی بە ڕەخنەگر دادەنێن، تەنیا زیاتر بۆ خستنە پێشەوەی مێژووی ڕەخنەی کوردییە, ئەگەرنا بیروڕای قووڵ زۆر جیاوازە لەگەڵ دێرە شیعرێکی:

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە خۆ کردیە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا** [٥]

لەلایەکی ترەوە (نالی) شێوازێکی تازەی پەیڕەو کرد، کە لە زاری کوردیی ناوەڕاست دا شیعر بەم جۆرە عەرووزییەو بەم تەرزە نوسینە نەدەنوسرا پێشتر و ئەم بووە سەرقافڵە, ئەگەرچی (جزیری) و قوتابخانەی کرمانجی ژوورو پێشتر بەکاریان هێناوەو (نالی) تەنیا زاتی ئەوەی کردووە بە ناوەراست (سۆرانی) بینوسێ, پاشان (نالی) بە تەنیا ئەم کارەی کردووە, بەڵام روون نییە تا ئێستایش (گۆران) بە تەنیا سەرقافڵە بووبێت، چونکە ناوی (پیرەمێردو شێخ نوری و رەشید نەجیب)یش هاوتای ئەو دێن. لەبەرئەوە چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ نالی بۆ مەسەلەی تازەکردنەوە جیاوازە وەك لە رەفتارکردن لەگەڵ گۆران.

## ئیشکالییەتی وشەی نوێخوازی لەنێوان نالی و گۆران دا

ئەگەر (نالی) بۆ سەردەمی خۆی تازەگەری ئەنجام دابێت, ئەوا نالی نوێخوازی سەردەمی خۆی بووە, بە هاتنی (گۆران) نوێخوازییەکەی نالی نامێنێ و بەرگەکە دەخرێتە سەر شانی (گۆران)، لێرەوە چونکە کردەی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا لەدوای (گۆران)ەوە هاتیتە نوسین، بۆیە بە پێ و دانی ئەوە وشەکەی بەکارهێناوە، کە نوێخوازی تەنیا لای گۆرانەو بناغەی (نالی)ی پشتگوێ دەخرێ, لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنی (گۆران)یشدا هێشتا وشەی تازەکردنەوە، نوێخوازی، مۆدێرنە، هاوچەرخ بوون، هەر بەبەر شیعری گۆران ماوەتەوەو هەموو ئەو تازەگەرییانەی دوای گۆران لە حەفتاو هەشتاو نەوەت و دووهەزارەکانیش دا نەیانتوانیوە وشەی (نوێخوازی) و

---

[٤] گۆران، نوسین و پەخشان و وەرگێراوەکانی، ئومێد ئاشنا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، لا ٢٧-٣٢

[٥] دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالکریم، چاپی دوهەم، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٨٣ هەتاوی، لا١٠٧

سەرەتاکانی تازەگەری لە شیعر لە (گۆران) بستێننەوە, کە ئەمە دەبوایە قۆناغبەندی بۆ کراباو زاراوەکە لەسەر شاعیرێك بە تەنیا تاپۆ نەکرابا.

### تەوەرەی دووەم:

### ئیشکالییەت لە چوارچێوەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا

### گۆران و ڕێبازە ئەدەبییەکان

ئەوەی ئیشکالییەتی هەرە گەورەی لە بەرهەمەکانی گۆران لەلایەن ڕەخنەگرانەوە دروست کردووە, بریتییە لە بەبەردابڕینی هەموو تیۆرەکان لە چوارچێوەی ڕێبازی ئەدەبییەوە, چونکە هەردوو چەمکی تیۆری ئەدەبی و ڕێبازی ئەدەبی پەیوەندییان پێکەوە هەیەو پێکەوە لە چوارچێوەیەکدا کاردەکەنە سەر بەرهەمی ئەدەبی, لەو سۆنگەیەی دەتوانین بلێین هەموو ڕێبازێکی ئەدەبی تیۆری ئەدەبە, بەلاٚم هەموو تیۆرێکی ئەدەبی مەرج نییە ببێتە ڕێبازی ئەدەب, لێرەشدا کردەی ڕەخنەی کوردی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبازەکانی ئەدەبی بە (گۆران) تاقی کردۆتەوەو هەر یەکەیان بەشی خۆیان لێ وەرگرتوەو قالبی ڕێبازەکەیان بەبەردا بڕیوە.

ئەوەی کەوا بۆتە ئاستەنگو گرفت لەبەردەم کامڵ بوونی ڕەخنەی کوردی، کە لە هەر لایەکەوە لێی بڕوانی ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە دەبێتەوەو بە شێوەیەکی گشتیش تاکی لێکۆڵەری کوردی بەوەوە بەرجەستە کردووە، بریتییە لە بەبەردابڕینی تیۆرە بێگانەکان بەسەر کەرەستەکانی دەقی کوردی، ئەم بەبەردابڕینە هەموو جارێ بە کارێکی سەلبی هەژمار ناکرێ، چونکە ئەدەبی کوردی لەهەموو ڕوویەکەوە خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆ نییەو کاریگەری تیۆرە بێگانەکانی بەسەرەوە دیارە، بەلاٚم لە شوێنێکدا ئەگەر پێویستی بە تیۆرێکی وەها نەبوو، یان تیۆرەکە شیاو نەبوو، بە واتا کالاٚیەك نەبوو بە قەد بالاٚی، ئەو کاتە فەرامۆشکردنی لە گرنگی پێدانی باشترە.

یەکێك لەو بابەتانە مەسەلەی ڕێبازە ئەدەبییەکانە، کە بێگومان دانانی خودی ڕێبازەکان (بە ناوو ناوەڕۆکەوە) دەستکردی کوردی نین، بۆیە ناڵێین خۆیان لێ دابڕین، بەلاٚم تا بە پێی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ، سەقامگیریو لەسەر پێ وەستانی دەقی کوردیو ڕەخنەکەی دەسەلمێنێ. لەو سۆنگەیەوە دەبێ ڕەچاوی واقیعی کاتو شوێنەکە بکرێو ڕاستەوخۆ کۆپیکردنی شتەکان نەبێ، بۆ نموونە هەموو ئەو جۆرە ریالیزمانەی کە تیۆرناسان باسی دەکەن، دەشێ لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر هەموو ئەو جۆرانە نەبنو تەنیا هەندێکیان هەبن، ئەم ڕایە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە پێمان وا بێ ریالیزمی ئەدەبێك کتو مت وەك ریالیزمە سەرەکییەکە نییە، واتە هەناسەی ئەدەبەکەو شێوازی نووسینەکەو بارودۆخی ژینگەییو کۆمەلاٚیەتیو سیاسیو دەروونی خودی نووسەرەکەش بڕیاری شێوەو بونیادی ریالیزمەکە دەدەن، لە لایەکی تر مەسەلەی (ناونان) کێشەیەکی دیکە لە بەردەم لێکۆڵەری کورد دروست دەکات، ڕەنگە ئەوەی پێی دەگوترێ ریالیزمی سۆسیالیستی، ڕێگری لەبەردەم ریالیزمی کۆمەلاٚیەتی بکا، واتە ناوی سۆسیالیستی داپۆشەری ناوە کۆمەلاٚیەتیو سیاسییەکەشە، بۆیەشە لەنێو تیۆری ڕێبازەکانی ئەدەبدا کە باس لە ریالیزمی سۆسیالیستی دەکرێ، هەردوو ریالیزمی سیاسیو کۆمەلاٚیەتی لە نێویدا نزیکی توانەوە دەبن، چونکە زاراوەکە هەمەلایەنترەو تاكو تەراو لێرەو لەوێ باس لە دیاردە کۆمەلاٚیەتییەکانو ڕەنگدانەوەی باری سیاسی لەو نێوەندەدا دەکرێ.

ئەگەر ئێمە بۆ بنجو بنەوانی دەستەواژەی (ریالیزمی سۆسیالیستی) بگەڕێینەوە، ئەو کاتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم جۆرەی ریالیزم هەردوو باری سیاسیو کۆمەلاٚیەتی دادەپۆشێ، بە تایبەتی باری دووەمیان،

چونكە (یەكەمین دەستەی سۆسیالیست ئەو كەسانە بوون كە باوەڕیان بە سیستەمی كۆمەڵایەتی هەبوو) [٦] و هەروەك سۆسیالیزم (بیرێكی كۆمەڵایەتی یە) [٧] و (یەكەمین قۆناغی سەردەمێكی كۆمەڵایەتی _ ئابووری، كۆمەڵگایە كە بە پێی یاسا ماددی یەكان گەشە كردنی كۆمەڵ لە جێگای سیستەمی سەرمایەداری جێگیر ئەكات).[٨] بەم جۆرە دەبینین سیستەمی سۆسیالیستی بە بێ ڕەچاوكردنی بارودۆخی كۆمەڵایەتی نایەتە كایەوە، یان بە دەربڕینێكی تر ئەوە كێشە كۆمەڵایەتیو دیاردەكانی نێو كۆمەڵگان، بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ریالیزمی سۆشیالیستی. كەواتە لەو شوێنە دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵ ریالیزمی سۆسیالیستی یەكدەگرنەوە، كە خزمەت بە بنەماو پرەنسیپەكانی ڕێبازی سۆسیالیزم بكا، بەدەر لەم چوارچێوەیە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی سۆڤیەتەوە بە هونەرێكی ریالیزمی دانانرێ، بە تایبەتیش ئەگەر هەموو چەقەكان نەگەڕانەوە سەر بیری كۆمۆنیزمو ماركسیزم.

دەشێ ئەم تێكەڵییەی جۆرەكانی ریالیزم بەوەش پشت ڕاست بكەینەوە، كە زۆربەی نووسەران بەتایبەتیش نووسەرانی سۆڤیەت، نەك هەر پەیڕەوی یەك ڕێبازی سەرەكییان نەكردووە، بەڵكو ئەگەر لە یەك ڕێبازیش خولابوونەوە، ئەوا لە تاكە بەرهەمێك دا ئەم تێكەڵییەی جۆرەكانی ریالیزمی بە نموونە تێدا دەسەنگرێتەوە.

بۆ وێنە ڕۆمانی (دایك)ی (مەكسیم گۆركی) دەشێ لە یەك كاتدا ریالیزمی ڕەخنەییو هەروەها ریالیزمی كۆمەڵایەتی بێ، چونكە لەم دەقەدا هەردووكیان بە جیا جیاو تێكەڵی دەبینرێن، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە لە بەرهەمهێنانو ڕەنگدانەوەی جۆرە ریالیزمییەكان ڕەچاوی ژیانی نووسەرەكە بكرێ. بۆ نموونە نووسەرێكی وەك (گۆركی) بە ژیانە خێر لەخۆ نەدیوەكەی هەرەتی هەرزەكاری ئاوێتەی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان دەبێو ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆی لە ڕۆمانەكانی بەرجەستە دەكات، بەتایبەتی (لە ڕێگەی ڕۆمانێن گەورەی وەكو (ناماگاردیف)و (دایك) بناغەی قۆناغێكی ریالیزمی دامەزراند كە پێی دەگوترێت (ریالیزمی ڕەخنەیی)) [٩] بۆیە گۆركی دوای قووڵبوونەوەی لەگەڵ دەردە كۆمەڵایەتییەكانو ئاراستەكردنی ڕەخنە بۆ بكەرانی، چەندین ساڵ دوای شۆڕش ئاراستەكانی ریالیزم شێوەی تر وەردەگرنو (لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەبیاتی قۆناغی دواتر، واتە "ریالیزمی كۆمەڵایەتی" ش لەسەر دەستی گۆركی داڕێژرا) [١٠] بۆیە سەرنج دەدەین (كار) وەك وەسیلەیەك بۆ ژیانو بەختەوەری لەلایەك لە بنەماكانی بزووتنەوەی سۆسیالیزمە كە كار بۆ كرێكار بگەڕێتەوەو بەرهەمەكەشی لە چنگ خۆی بێ، نەك لە مست سەرمایەدار، لە لایەكی تریش لەنێو ریالیزمی كۆمەڵایەتیدا (كار) یەكەمینو سەرەتاكانی ئاراستەكانی ڕێبازەكە بوو. لەم سۆنگەیەوە دەشێ ئەم ئاوێتە بوونی جۆرەكانی ریالیزم بە پێی كەرەستەكان گۆڕانی بەسەردا بێ، بۆ نموونە دەگونجێ شیعرێك یان چیرۆك یان هەر دەقێكی ئەدەبی لە بابەتی كاركردن، یان هەوڵێكی پیشەسازیو بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی ریالیزمی سۆسیالیستی دا بچێتە نێو ریالیزمی كۆمەڵایەتیو بەس، هەروەك دەشێ لە هەمان شیعردا لایەنی ڕەخنەیی لەگەڵ تێكەڵ بكرێو هەردوو جۆری ڕەخنەییو كۆمەڵایەتی پێكەوە بسازێن، بە هەمان شێوەش ئەگەر ڕەخنەكان ڕەخنەی

---

[٦] زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، برهان قانع، چاپخانەی الحوادث، بغداد، چ١، ١٩٨٤، لا ١٠٧

[٧] زاراوەی سیاسی، فازڵ قەرەداغی، لا ٤

[٨] زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، لا ١٠٣

[٩] قوتابخانە ئەدەبییەكان، ڕەزا سەید حسێنی، و: حەمە كەریم عارف، چ١، ٢٠٠٦، لا ١١٢

[١٠] سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو

سیاسی بن، ئەو حەلە واقیعی سیاسیو کۆمەلأیەتی پێکەوە تێکەڵ دەکرێن، بە تایبەتیش لە واقیعێکی وەك واقیعی رۆژهەلأت بە گشتیو کوردستان بەتایبەتی زۆر جار دیاردەی کۆمەلأیەتیو سیاسی پێکەوە بە یەك ئاراستە دەڕۆن.

لەو روانگەیەوەش ئەدەب رەنگدانەوەی واقیعە، بۆیە ئەو واقیعە سیاسیو کۆمەلأیەتییە دواجار رەخنەگرتن لێی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە شیعری (بیستو حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم)ی (بێکەس) واقیعێکی سیاسیی مێژوویی رەخنەیی لە چوارچێوەیەکی ریالیزمی سۆسیالیستی تێدا دەسەنگرێتەوە، کە دواتر ئەم شێوازە لە شیعری شاعیرانی تری وەك (ع. ح. ب، هەردی، دڵزار، دیلان، کامەران.....) دەبینرێن. بۆیە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، مەرج نییە ریالیزمی سۆسیالیستی لای کورد بە هەمان شێوەی ریالیزمی سۆسیالیستی سۆڤیەتو ئەوروپاییەکان بێ، چونکە (هونەری ریالیزمی سۆسیالیست دەشێ لای هەر گەلێك شێوەیەکی تایبەتی وەرگرێ، ئەو "تایبەتی بوونەش" تەنیا لەبەر جیاوازییەکانی زمان نییە، بەڵکو کەسێتی نەتەوەیی تایبەتی ئەو گەلەو جیاوازییەکانی ژیانی رۆژانەو میراتی زانیاری نەتەوەییو تەنانەت دیمەنە سروشتیەکانی ولأتەکەشی لە دروست کردنی ئەو "تایبەتی بوونە" دا دەور دەبینن) [11] لەبەرئەوە نەك هەر تەنیا جیاوازی لە نێوان ریالیزمی رۆژهەلأتو ریالیزمی رۆژئاوادا هەیە، کە (ریالیزمی سۆسیالیستی زۆر لە ریالیزمی رۆژئاوا گەشبینترە) [12] لەنێو کوردیشدا شاعیر بۆ شاعیر یان دەق بۆ دەق جیاوازی هەیە، بە پێی بارودۆخی نووسەرو کۆمەلگاو مێژووو لایەنی دەروونی....هتد، دەقی جیاواز لە ریالیزم بەرهەم دەهێنێ، بە واتایەکی تر کامێرای دەستی ئەدیبێك بۆ ئەدیبێکی تر لە تۆمارکردنو وێنەگرتنی واقیعەکان جیاوازییان هەیە.

ئەم سەرەتایە بۆ ئەوەیە ئاماژە بەوە بدەین، مەسەلەی رێبازە ئەدەبییەکان بۆتە ئیشکالییەتێك لەبەردەم خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی گۆران، چونکە هەموو ئەوانەی لە شیعری گۆرانیان کۆڵیوەتەوە, زۆربەیان بە گوێرەی هەندێك دێرە شیعری گۆران حوکمی یەکێك لە رێبازەکانیان بەسەردا سەپاندووە، بەتایبەتی کارەکە بەوە ئاسانتر بووە, کە خودی گۆران:

أ/ زمانی ئینگلیزی و زمانی تری بێگانەی زانیوە (زانینی کۆمەڵێ زمانی بیانی بۆ گۆران دەلیڤەیەکی زێڕین بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتوور و شارەزایی خۆی لەبواری شیعری جیهانیدا. دیارە جگە لە زمانی کوردی کە

[11] چەند وتارێك دەربارەی ئەدەبو رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادث، بغداد ١٩٨١، لا ١٤

[12] المعجم المفصل فى الادب، د. محمد التونجی، ج٢، دار الکتب العلمیه/ بیروت، ١٩٩٩، ص ٨٧٨

زمانی دایکی بووە, لە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و رووسیشدا* سوارچاك بووە... جگە لە شیعری کلاسیکی وەرگێڕانەکانی شایەتی لەم راستییە دەدەن). [13]

ب/ بۆ ماوەیەك لە دەرەوە بووە.

ج/ ئەدەبی رۆژئاوای خوێندۆتەوەو کاریگەری شاعیرانی غەیرە کوردی بەسەرەوەیە, بەتایبەت رۆژئاواییەکان و لەوێوە ئاشنای رێبازە ئەدەبیەکان بووە.

ئەگەر لێرەدا قوتابخانەو رێبازە ئەدەبییەکان بە نموونە وەربگرین و یەك یەك چنینیان لەگەڵ شیعری گۆراندا روون بکەینەوە, دەبینین هەڵوێستی جیاواز لەناو رەخنەگرو لێکۆڵەرەکان دەبینرێ، بەم جۆرە:

**یەکەم: کلاسیك**

بەدەر لە هەموو پێناسەیەك بۆ کلاسیك, وا خراوە تروو کە گۆران قالبی شیعری کلاسیکی تێك شکاندووە, جا بە کێش بێت، یان سەروا، یان ناوەرۆك و وشەی شیعری، کەمیشیان باس لەوە دەکەن کە گۆران پەیڕەوی سیستەمی عەرووزی کردبێت، بەڵام ئەگەر سەیری دیوانەکەی بکەین، ئەوا لە کۆی هەموو شیعرەکانی ٤٢ شیعری پەیڕەوی عەرووزی کردووەو کێشەکانی:

- (هەزەج بە حەوت جۆریەوە لە هەژدە شیعردا بەکارهێناوە.
- موجتەس بە سێ جۆرییەوە لە هەشت شیعردا بەکارهێناوە.
- موزاریع بە یەك جۆرییەوە لە شەش شیعردا بەکارهێناوە.
- رەمەل بە دوو جۆریەوە لە دوو شیعردا بەکارهێناوە,
- خەفیف بە سێ جۆرییەوە لە سێ شیعردا بەکارهێناوە.
- موتەقاریب بە دوو جۆرییەوە لە سێ شیعردا بەکارهێناوە.
- رەجەز بە یەك جۆرییەوە لە شیعرێکدا بەکاری هێناوە. ) [14]

کەواتە ئەگەر عەرووز بنەمایەکی مەزنی کلاسیکیی کوردی بێت، ئەوا ناکرێت شیعرەکانی گۆران بەگشتی و ٤٢ شیعرەکەی بەتایبەتی، لە نوێنەرایەتی کردنی کلاسیك دابڕین، کە ئەمەش کێشە بۆ بەبەردابڕینی ناسنامەی رێبازە ئەدەبییەکان لەلای گۆرانەوە دروست دەکات، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی کە دەقێکی شیعری لەسەر سیستەمی کێشی عەرووزی بەلای رەخنەگرێکەوە دەخرێتە ناو چوارچێوەی رۆمانتیکەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کۆت و بەندکردنی دەقەکان تەنیا لە چوارچێوەی یەك تیۆرو سیستەم و رێبازەوە، ناسنامەی شیعرەکە

* ئێمە پێمان وا نییە گۆران-ی شاعیر زمانی رووسی زانیبێ، بەڵکو تەنیا شارەزای لە پێنج زماندا هەبووە، وەك د.عیززەددین مستەفاش دەڵێ: (سوودی تەواوی لە پێنج زمان وەرگرت و دەتوانین بڵێین تواناو بەخششی ئەوانی خستە خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی یەوەو تەواوو خولقێنەرانە بەکاری هێنان. پێوەندی ئەو لەگەڵ زمانەکانی تردا، زۆر ئاسایی و ئیبداعی بوو، ناچاری تاقە زمانێکی بەسەردا دانەسەپاندبوو. لەبەرئەوە پێوەندیی ئەفراندن و وەك یەکی لەگەڵ حافزو خەیام و عیشقی و ئەبوتوڕابی جەلی و ناسر خەسرەوو نامیق کەمال و تۆفق فکرەت و جەلال نوری و نازم حیکمەت و شیللی و کیتس و لەم دواییەدا رەسافی و جەواهیریشدا هەبوو) . (ئەدەبیاتی نوێی کوردی، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، بەغدا، ١٩٩٠، لا١٢٣-١٢٤)

[13] نیمایوشیج و عەبدوللا گۆران (نوێکردنەوەو دابڕان) ئامر طاهر، سپیریز،٢٠٠٦، لا ٨٧-٨٨ هەروەها بڕوانە (مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥، لا٦٩٨)

[14] بۆ زانیاری لەبارەی ئەم ئامارەوە، سوود لە رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی لا ٥٥٣ وەرگیراوە.

دەخاتە بارێکی ئاڵۆزەوە. بۆ نموونە شیعری (شەهید)ی گۆران کە بۆ (هەڵۆ بەگ)ی نووسیوە، (د.عیزەدین مستەفا رەسول) خستویەتییە بەشی (پلەی رۆمانتیکی) ی گۆران، کە لە راستیدا چ لەبەر موناسەباتەکەی بۆ بردنە ناو ریالیزمەوە، چ لەبەر رووخساری سەرواو کێش و سیستەمە عەرووزییەکەی بۆ بە کلاسیك دانان، دەبێ خەملاندنەکەی لە دەقی تر جودا بێت:

**خواکەی بولبولی باغی سەرا!.. هەرچەندە پاییزە**

**بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە**

**تا دەگاتە:**

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم**

**نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عەشقی منا نەژیا**[١٥]

هەمان ئەم شیعرەی سەرەوە، لای (فەرهاد پیربال) بە ریالیزم دادەنرێ، لە ژێر رۆشنایی بیرورایەکی گۆران لەبارەی هەڵبەستی نوێ دا، پیربال پێی وایە: (شاعیری نوێ، بە پێچەوانەی کلاسیك، لەکاتی باسکردنی خۆشەویستی و عەشقدا، بینینێکی ریالیستی و ئەمرۆیی هەیە. عەشق وەك کێشەیەکی ئەبستراکت تەماشا ناکا بەڵکو وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی پەلوپۆ شارستانییەکانی دەخوێنێتەوەو لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و واقیعیدا دەریدەبڕێ، تەنانەت —وەك لای گۆران دەبینین- گرێی دەداتەوە بە ئازادیی تاکەکەس و ئازادیی هەموو کۆمەڵ) [١٦]. پاشان نمونەی شیعرەکەی سەرەوە دەهێنێتەوە. لەلایەکی تر (ئیحسان سابیر خەیات) لە ژێر ناوی (سازانی رۆمانسیەت و ریالیزم) ئەم شیعرەی گۆرانی بە نموونە هێناوەتەوەو دەیخاتە چوارچێوەیەك کە لە یەك کاتدا رۆمانتیك و ریالیزمە، بە شێوەیەك پێی وایە: (لەنێو شیعری گۆراندا ریالیزم و رۆمانس بە یەکەوە بە روونی دیارن، ئەو ریالیزمەی پێکهاتووە لە واقیعی ژیان و سروشت تێکەڵ بە خەیاڵی رۆمانتیکی، ئەو جۆرە خەیاڵە تێکەڵ بە واقیع شتێکی نوێ بوو لە شیعری گۆراندا... کت و مت ئەوەیە نموونەی راستەقینەی سازان (compatibilituy)) [١٧]، کە مەبەستی سازانە لەنێوان هەردوو رێبازدا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئیشکالییەتەکە لەنێوان هەرسێ توێژەر بۆ بەبەردابڕینی ناسنامەی رۆمانتیك و ریالیزمە، بەڵام پێمان وایە ئیشکالییەتەکە لە چۆنیەتی ناساندنی عیشق و پایەکانیەتی بۆ کارلێککردنی لەگەڵ هەردوو رێبازەکە، بێ ئەوەی رەچاوی پلەبەندی رێبازەکەو چۆنیەتی چنینی وشەکان و ستراتیژییەتی تەواوی دەقەکە بکرێ.

### دووەم: رۆمانتیك

رۆمانتیك یان رۆمانسیزم بە دووەم رێباز دادەنرێت، کە لە دوای کلاسیکەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردییەوە, هەر لە زووەوە لەناو رەخنەی کوردیدا ئەوە روون کراوەتەوە، کە دەشێ رێبازەکان بەناو یەکدابچن, وەك ئەو وتارەی (د. عیزەدین مستەفا رەسول) کە وەك پرۆژەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی ئەوەی خستۆتە روو

[١٥] بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی رایەکەی د.عیززەدین، بڕوانە ئەدەبی نوێی کوردی، دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول، بەغدا ١٩٩٠، لا١٣٢.

[١٦] شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥، لا١٣٠.

[١٧] نۆبەرەی من لە خەرمانی وەرگێڕان و ئەدەبەوە (رەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان)، ئیحسان سابیر خەیات، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر٢٠١٢، لا٨٤.

کە رەگەزی رۆمانتیکی، یان ریالیزمی لە رێبازی کلاسیکدا دەشێ هەبێت و نمونەی شیعرەکانی باباتاهیری هێناوەتەوە.[18]

لێرەدا گرفتی هەرە گەورەی رەخنەی کوردی لەوەدایە، رۆمانتیك وەك رێباز و بەرهەمی شیعری شاعیرانمان، کە رەگەزی رۆمانسیزمیان تێدایەو بێ ئەوەی شاعیرەکان هیچ سەرچاوەیەکیشیان لەو بارەوە خوێندبیتەوە، تێکەڵ دەکرێن، ئەگەر نا نە باباتاهیری هەمەدانی و نە نالی-یش شارەزایان لەو رێبازانە نەبووە, بگرە سەردەمی باباتاهیر لە رۆژئاوایش رۆمانتیك وەك رێباز دەرنەکەوتبوو. بۆیە ناکرێت هیچ شیعرێکی کوردی لە سەرەتاوە تا سەردەمی گۆرانیش لە بنەماکانی رۆمانتیك خاڵی بێت جا بە ئاگاییەوە بێت، یان بە نائاگایی, هەروەك ئەم مەسەلەیە بۆ (مەولەوی)یش گەنگەشەی لە نێوان رۆمانسیزم و کلاسیزم دا دروست کردووە.

بەهۆی ئەم بیروڕایانەوە (گۆران)یش سەردەمێك دەچێتە ناو چوارچێوەی رۆمانسیزمەوە، چونکە بە گوێرەی ئەو سەپاندنی رێبازانەوە مادەم کلاسیکی وەلاوەنا, دەبێ بە پەیژەی رۆمانسیزمەوە بێتە ناو ریالیزم و دەشێ چ لەناو کلاسیکییەکەداو چ لەناو ریالیزم و پەرناسیزم و سوریالیزم دا رۆمانسیزم هەر بەدی بکرێت, ئەمەش ئەستەمە بتوانرێ بە تەنیا یەك رێبازی وەك رۆمانسیزم لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکرێت. ئەگەرچی ئەمەش گرفت دەخاتەوە بەوەی کەسێکی وەك (د.مارف خەزنەدار) شێخ نوری و گۆران و هەردی بە دیارترین شاعیرانی رۆمانتیکی دادەنێت بەوەی کە کەوتوونەتە بن کارتێکردنی ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازانەی ئەدەبی تورکی[19]، چونکە هیچیان هێڵی جیاکەرەوە دانانێن و بڵێن هەتا ئێرە شیعرەکانی گۆران کلاسیکن و هەتا ئێرەش رۆمانتیك و ئینجا ئەوانی تر ریالیزمن یان رێبازی تر، هەموویان بەگشتی لێی دەڕوانن و (فەرهاد پیربال)یش لە کتێبی (رێبازە ئەدەبییەکان)دا بە گشتی دەڵێ: (گۆران لە ئەنجامی روانینە مۆدێرنەکەی چەند رێبازێکی نوێی ئەدەبی دەگەڵ بەرهەمەکانی و دەنێو بەرهەمەکانیدا پەیدا دەبن: رێبازی پەرناس، رێبازی رۆمانسیزم، رێبازی ریالیزم، ریالیزمی سرووشتی و رەخنەگرانەو سۆشیالیستی و شۆڕشگێری).[20]

بێگومان پلەبەندی رێبازەکان و چۆنیەتی دۆزینەوەی لەناو شیعرەکانی گۆران گرفتی لەلای رەخنەگرو لێکۆڵەران دروست کردووە، بەتایبەتی لەنێو هەموویاندا رۆمانسیزم بە پلەیەکی زۆر وێنەکەی دەشێوێندرێ، بۆ وێنە (رەفیق حلمی) بە هیچ شێوەیەك باس لە بوونی رێبازی رۆمانیتك لە شیعرەکانی گۆران ناکات، بەڵکو دوای ئەوەی بە سەرسامی و شانازییەوە گۆران بە وێرانکەری شیعری کلاسیك و رابەری ئەم ئینقیلابە دادنێت، حوکمێکی گشتیشی بەسەردا دەدا بەوەی ((گۆران، شاعرێکی (فەننان) و (واقیعی یە-Realiste): بێ ئەوەی باکمان ببی لە رەغنەیی یاخو لە واتاکەی خۆمان بە گومان بین، ئەڵێین (گۆران)، بەڕاستی بویژیکی واقیعی و فەننانە))[21]. ئەم رایەی رەفیق حیلمی کە دواتر (د. عیززەدین مستەفا) زۆر پێیەوە کاریگەر دەبێ و قسەکانی هەمیشە وەك پاڵپشتییەك دێنێتەوە، بەلام لە دەستنیشانکردنی رێبازی رۆمانتیك بۆ شیعرێك لە شیعرەکانی گۆران ناتوانن کت و مت بڕیارەکەی بەسەردا بدەن، بەڵکو روانینەکەیان پێچەوانە دەبێت. بۆ نموونە لە شیعری:

[18] بڕوانە: رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، پەرێز سابیر، ئاراس، ٢٠٠٦ لا ٨٢

[19] سەرچاوەی پێشوو، لا٨٤

[20] رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤، لا ١١٠

[21] شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، چاپخانەی (التعلیم العالی) هەولێر، ١٩٨٨، لا١٧٢

**سیاچەمانە... سیاچەمانە**

**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە**

**ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان**

**رەحمەت لە ژنی بەژن و بالاّ جوان**

**سیاچەمانە.. سیاچەمانە..**

**هەورامان جێگای سیاچەمانە!**

رەفیق حیلمی گەشتی هەورامانەكەی گۆران و ئەمەی لە چوارچێوەی ریالیزمدا دەبینێتەوەو بە هیچ كلۆجێك رووەو رۆمانتیكی نابا، هەرچی (د. عیزەدین مستەفا)یە، ئەم شیعرەی لە (پلەی رۆمانتیكی) داناوە، بەلاّم نەیتوانیوە وەك رۆمانتیكییە رۆژئاواییەكە مامەڵەی لەگەڵدا بكات و بەڵكو كارێكی باشی كردووە، بەوەی ئەگەرچی راست و رەوان لەنێوان رۆمانتیك و ریالیزمدا یەكلانەبۆتەوە بەلاّم دەڵێ: (گۆران بەناو ئەم چەشنە دیاردانەی رۆمانتیكێتیدا كە دیمەنی هەردوو چەشنە مێژوویی یەكەی رۆمانتیكێتیی تێدایەو دەتوانین بە رۆمانتیكی كوردیی ناو ببەین)[22]. (عەباس محەمەد قادر)یش لە ماستەرنامە چاپكراوەكەیدا خۆی یەكلادەكاتەوەو شیعری گەشتی هەورامانەكەی گۆران دەخاتە ناو چوارچێوەی رێبازی ریالیزمی فۆتۆگرافی[23]. كەواتە دەستنیشانكردنەكە وێڕای بیرورای جیاوازی رەخنەگران، جۆرێك ئیشكالییەتیش دەسازێنێ.

**سێیەم: ریالیزم**

وەك پێشتر لەبارەی جۆرەكانی ریالیزم لەناو رەخنەی كوردیدا، بە كورتی دواین، بەلاّم ئەوەی سەبارەت بە گۆرانە، زۆربەی رەخنەگران و توێژەران، گۆران بە سەرقافڵەی ریالیزم دادەنێن و لە چوارچێوەی دەربڕینی (گۆران هۆنەرێكی هونەرمەندو ریئالیستە كە بەرهەمی هۆنراوەكانی لە ژیانی كۆمەلاّیەتی كوردەواری یەوە وەرگرتووە، وە كردوویە بە توێشووی هۆنەرانی تر)[24] دەسەنگرێنەوە. لەناو شیعری كوردیشدا بە بەڵگەی وتەكەی گۆران، كە گوتبووی: (من بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبەوە- ئینگلیزی و عەرەبی- كەوتمە هەوای واقیعییەتەوە)[25]. ئەوا بە سەرنجدانمان لە شیعرەكان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، كە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ جوانی ئافرەت و بۆ جوانی سرووشت نووسراون، دوورن لە ریالیزمەوە, بەڵكو دەچنە چوارچێوەی رۆمانسیزم. بیانووەكەیش بەوە لێك دەدرێتەوە، كە گۆران هەڵگری بیروڕایەكی چەپ بووەو شیعرەكانی (رێگای لینین) و (مۆسكۆی جوان) و چەند شیعری تر گەواهی ئەوە دەدەن، كە ریالیزمی پەیڕەو كردووەو جا مشت و مڕ لەسەر ئەوەیە كام جۆری ریالیزمە؟ شۆرشگێری یان سۆشیالیستی، سرووشتی، رەخنەگرانە... تد. بەلاّم ئەگەر بە گوێرەی ریزبوونی رێبازەكان بێت, ئەوا شیعری رێگای لینین-ی لە ١٩٥٩ لە مۆسكۆ نووسیوەو بە شیعری كۆتایی ژیانی حسێب دەكرێ و سێ ساڵ پێش مردنی نووسراوە، ئەگەر ئەمە كت و مت ریالیزم بێت, ئەوا دەبوایە دوای

---

[22] ئەدەبیاتی نوێی كوردی، دوكتور عیزەدین مستەفا رەسوول، بەغدا ١٩٩٠، لا١٣٠

[23] بڕوانە: ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، لا١٢٤

[24] مێژووی وێژەی كوردی، صدیق بۆرەكەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥، لا٧٠٠

[25] دانیشتنێك لەگەڵ گۆران دا، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢، بەغدا، ١٩٧٠، لا٣٠

ریالیزم پەرناس هاتبا، کەچی ئەو شیعرانەی بە پەرناسیان دادەنێن شیعری دوو دەیەی سی و چلەکانن, کەواتە لەمەشدا (گۆران) بە پێوەری گۆڕانی ڕێبازەکان پەیژە بە پەیژە گۆڕانی بەسەر شیعرەکاندا نەهێناوە.

تێکچڕژانی ڕۆمانسیزم و ریالیزم لەناو شیعری گۆراندا، جۆرێکی تازەیە کە ڕەخنە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و دواتر لە کردەی ڕەخنەدا خۆی لەناو ئیشکالییەتێکی تایبەتدا دەبینێتەوە، بەوەی سرووشتی شیعری گۆران و گواستنەوەی لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی تر، لێکۆڵەرانی بەرەو ئەو ئاقارە بردووە، کە جاری وا هەیە نەتوانن بڕیارێکی بڕای بڕ لەسەر شیعرەکە بدەن ئاخۆ ریالیزمە یان ڕۆمانسیزم! ئەمە وریامان دەکاتەوە بەوەی هەندێ جار هێنانی ڕێباز بۆ ناو دەقی شیعری ڕەخنە دەخاتە ئیشکالییەتێکەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە پۆلبەندکردنی دەق بۆ ڕێبازەکان لە هەندێ قۆناغی شیعری کوردیدا بە تەواوی ناچێتە ژێر باری ڕێبازەکەوە، ئەم نەچوونە ژێر بارەش جۆرێك لە بەبەردابڕینی لێ دەفامرێتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (بە ڕەنگ ی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش)ی گۆراندا، (د. مارف خەزنەدار) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەنووسێ: (لەم شیعرە ریالیزمییە تازەیەی قانگ دراو بە ڕۆمانتیزم گۆران گەیشتۆتە لووتکەی داهێنان. سەنگی تای لایێکی تەرازووەکەی هونەری مۆسیقایە، لایەکەی دیکەی دواکەوتوویی میللەتی کوردە) [26]، داهێنانەکەیشی لە تێکەڵکردنی باسی رووخساری مۆسیقا وەك ڕۆمانسیزم و باسی دواکەوتوویی گەلی کورد وەك بابەتێکی ریالیزم دەبینێتەوە، کە لە ئەنجامدا یەکلایی نابێتەوە کە کت و مت دەچێتە قالبی چ ڕێبازێکەوە، بۆیە بە ریالیزمێکی ئاودراو بە ڕۆمانتیزم دایدەنێ، کە ئەگەر ئەمە بشێ بۆ چوارچێوەی ڕەخنە، ئەوا لە هەموو ئەم قۆناغە هەڵبەزو دابەزانەی شیعری کوردی و گواستنەوەی ڕێبازەکان، دەیان شیعری چەندین شاعیر ئەم ئیشکالییەتەیان لێ ڕوودەدات.

## چوارەم: پەرناسیزم

(د.فازڵ مەجید) لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (سرووشت لە شیعری گۆران دا) [27] سرووشتی ناو شیعرەکانی گۆرانی بەرەو ئاقاری ڕۆمانتیك بردوەتەوەو لە ریالیزم و ڕێبازەکانی تری دوورخستۆتەوە، بەلام ئیشکالییەتەکە ئەوەیە ئەو شیعرانەی ئەو بە شیعری ڕۆمانتیك و بناغەی سەرەکی ڕۆمانتیکی داناون, کە سرووشت و جوانی سرووشتە, (فەرهاد پیربال) یش لە کتێبی (شیعری نوێی کوردی) دا ئەم شیعرانە دەخاتە ناو چوارچێوەی پەرناسیزم، وەك شیعری:

**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**
**کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە**
**یان**
**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**
**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

---

[26] مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی شەشەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦٠٠

[27] بڕوانە: سرووشت لە شیعری گۆران دا، د.فازل مەجید، سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧ ل٦٠و ٦٣و٦٥

تەنانەت (پیربال) پێی وایە: (عەبدوڵلا گۆران کە لە ژێر کاریگەرێتی پرەنسیپەکانی پەرناسدا بووە، هەمان بینینی پەرناسەکانی لە شیعرەکانی خۆیدا دەربڕیوە... بەلای گۆرانەوە وەك پەرناسەکانیش پێیان وابوو: دەریایەکی بێ سنوور، بام بۆ ماسییەکانی و زێڕەکانی و سامانە سرووشتییەکانی- بۆ ئەوەی بکرێتە بەندەر- چەند بەسوودیش بێت، بەڵام هەمیشە "کانییەکی روون" شاعیرانەترو جوانترە. ئەم پرەنسیپە پەرناسییە بە تەواوەتی لەلای گۆران رەنگی داوەتەوەو زۆر وردبینانە بەکارهاتووە... عەبدوڵلاّ گۆران، دژی هونەری بەسوود بووە، دژی جوانیی بەسوود بووە، تەنانەت گەلێك جاران گۆران کۆپلەشیعرێکی پەرناسەکانی، دەقاودەق راگواستۆتەوە بۆ ناو شیعرێکی خۆی. بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی گۆران وردبەرەوە:

**کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگە شەو**

**لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو**

**لەلای من جوانترە لە دەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیشکی خۆر شڵپ و هوور..)** [28]

لێرەدا ئەم نموونانە شیعرییانەی سەرەوە لای (د. فازڵ مەجید) بناغەی رۆمانتیکن و لای (فەرهاد پیربال)یش لوتکەی پەرناسیزمن, ئەمە ئیشکالییەت دەخاتەوە لە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردنمان لەگەڵ خودی دەقەکانی گۆران و گونجانیان لەگەڵ رێبازە ئەدەبییەکاندا.

## ئە نجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ئیشکالییەت لەناو رەخنەی کوردیدا زۆر کەم قسەی لەسەر کراوەو دەشێ ئەو خوێندنەوانەی بۆ شیعرەکانی گۆران کراون, لەبەر هەڵکەوتەی سەردەمەکەو سرووشتی بیروڕاو شیعرەکانی، زۆرترین جیاوازی و ناکۆکی لەخۆوە بگرێت، بەمەش تێگەیشتنی رەخنەییانە تووشی ئیشکال و گرفت دەبێتەوە.

٢- مەرج نییە هەموو دەقێکی شیعری گۆران بە قالبی رێبازە ئەدەبییەکانەوە نوسرابن, بەڵکو دەشێ لە هەندێ لە دەقەکان حسێب بۆ رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراو نەکرابێت و خودی گۆرانیش ئەم ڕاستییەی لە کۆتاییەکانی ژیانی هەست پێکردووە.

٣- ناکرێ تەنیا ئەو شیعرانەی کە بە ناعەرووزی نووسراون, ئەوان ببنە پێشەنگی نوێخوازانە, چونکە شیعرە عەرووزییەکانیش بە شێوازێکی وا نووسراون، کە جیاوازن لە شیعری شاعیرانی پێش گۆران.

٤- هەندێ لە شیعرەکانی گۆران بە چەند لایەنێك خراونەتە قالبی رێبازە ئەدەبییەکان, لەلایەك لە بەرژەوەندی رۆمانتیك بەرجەستەکراون و لەلایەك بە پەرناسیزم, ئەمەش گرفتی خستۆتە بەردەم پێگەو ناسنامەی رێبازە ئەدەبییەکان لەناو کورددا.

٥- نالی و گۆران ئەگەر هەردووکیان بە نوێکەرەوەی شیعری کوردی دابنرێن, ئەوا ناکرێ هەریەکەیان ببنە تای تەرازوو و بەیەکەوە هاوسەنگ نابن, بەڵکو جۆرو هەنگاوەکانیان لێك دوورە.

[28] شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥، لا٥٤-٥٥

٦- گۆران هەر تەنیا شاعیر نەبووە, بەڵکو تیۆردانەرو رەخنەگریش بووە, دیارترین وتارە رەخنەییەکانیشی لە کۆتاییەکانی ژیانی دابووە, کە ئەمە سەلمێنەری ئەوەن رامان و وردبونەوەی خۆی، سەرنجی تایبەتی بۆ دروست کردون و پەیڕەوکردنەکەی بە تەنیا چاولێکەری نەبووە, بەڵکو بەرنامە بۆ داریژراو بووە.

٧- بە تەنیا چەند دێرە شیعرێك، نابێتە هۆی ئەوەی کت و مت پەیڕەوی رێبازێکی کردبێت, چونکە وەك چۆن بیری راگوزاری (توارد الخواطر) بۆ ئەدەبی بەراوردکاری مەرجێکە، بە هەمان شێوەیش دەشێ لەیەکچونی هەندی بیروڕاو خستنەڕووی هەندێ بابەت لە دەقی شیعریدا پەیوەندی بە رێبازەکەوە نەبێت, بەڵکو خاڵی هاوبەشیان هەبێت و ئەمە ببێتە مەرجی نووسینی شیعر نەك پەیڕەوکردنی ئیجبارییانە.

٨- نوێخوازی و نوێکردنەوە وەك زاراوەیەك لە گۆران نەسەندراوەتەوە، ئەمەش ئیشکالییەتی ئەوەی دروست کردووە، کە هەر چەشنە نوێخوازییەك دوای گۆران لە ئەدەبی کوردی کرابێت, هێشتا ناسنامەیەکی نوێخوازی وای بەبەردا نەبڕاوە، کە شایانی نوێخوازییەکەی گۆران بێت, ئەمەش گرفتێکی دیکەی رەخنەی کوردییە لە جوڵە پێ نەکردنی ناسنامە رەخنەییەکان.

٩- ئیشکالییەتی خوێندنەوەی رەخنەیی شیعری گۆران نەك هەر لە بۆچوونی جودای هێڵی جیاکەرەوەی رێبازەکاندا خۆی بینیوەتەوە، بەڵکو هەندێك جار نەتوانراوە کت و مت بخرێتە قالبی رێبازێکەوەو لە یەك کاتدا لای یەك توێژەر بە پەیڕەوی دوو رێباز خەملێندراوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

#### أ- کتێب


- ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، پەرێز سابیر، ئاراس، ٢٠٠٦
- چەند وتارێك دەربارەی ئەدەبو رەخنەی کوردی، کەمال مەمەند، چاپخانەی الحوادپ، بغداد ١٩٨١
- دیوانی گۆران، عەبدوڵلا گۆران، بلاۆکراوەی پانیز، چ٣، تهران، ١٣٨٦
- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالکریم، چ٢، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٨٣ هەتاوی
- رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣
- ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠
- رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤،
- زاراوەی سیاسی، فازڵ قەرەداغی، بێ ساڵی چاپ و شوێنی چاپ.
- زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، برهان قانع، چاپخانەی الحوادث، بغداد، چ١، ١٩٨٤
- سرووشت لە شیعری گۆران دا، د.فازل مەجید، سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧
- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، چاپخانەی (التعلیم العالی) هەولێر، ١٩٨٨
- شیعری نوێی کوردی (رەگ و ریشەکان ١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، چاپ و بلاۆکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ٢٠٠٥،

- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسێنی، و: حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٦
- گۆران، نوسین و پەخشان و وەرگێراوەکانی، ئومێد ئاشنا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢
- مێژووی ئەدەبی کوردی، دوکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی شەشەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦
- مێژووی وێژەی کوردی، صدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە)، بەرگی دووەم، چ١، انتشارات ناجی، بانە، ١٣٧٥
- نۆبەرەی من لە خەرمانی وەرگێڕان و ئەدەبەوە (رەخنە، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان)، ئیحسان سابیر خەیات، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر٢٠١٢.
- نیمایوشیج و عەبدوڵلا گۆران (نوێکردنەوەو دابڕان) ئامر طاهر، سپیریز،٢٠٠٦

## ب- گۆڤار

- دانیشتنێك لەگەڵ گۆران دا، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢، بەغدا، ١٩٧٠

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

### کتێب

-اشكالية المصطلح في الخطاب النقدى العربى الجديد، د.يوسف وغليسى، الدار العربية للعلوم وناشرون، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨،
- في نظرية الادب وعلم النص، (بحوث وقراءات)، ابراهيم خليل، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠١٠
- مدخل الى النقد الادبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوى، الاردن، ط١، ١٩٩٨
- المعجم المفصل في الادب، د. محمد التونجى، ج٢، دار الكتب العلمية/ بيروت، ١٩٩٩

## پوختە

(ئیشکالییەتی خوێندنەوە رەخنەییەکانی شیعری گۆران) لێکۆڵینەوەیەکە، تێیدا هەوڵێکە بۆ خستنە رووی ئەو گرفتانەی تا ئێستا هاتوونەتە بەردەم رەخنەگران لە رامان و شرۆڤەیان بۆ دەقەکانی (گۆران)ی شاعیر، بەتایبەتیش لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تیۆرە ئەدەبییە باوەکانی سەردەم و چۆنیەتی پراکتیککردنیان لەسەر شیعرەکانی گۆران جۆرێك ئیشکالییەت دەخاتەوە, بەتایبەتی تریش لە مەسەلەی تازەگەری و پێشڕەوبوونی گۆران، کە زۆر لە لێکۆڵەران کەوتونەتە رای جیاواز لەسەر سەنگرانەوەی گۆران لەناو چوارچێوەی رێبازەکاندا، کە ئەمڕۆ ئەمە بۆ کاری رەخنە گرنگە تیشکی بخرێتە سەرو لەو روانگەوە کارکردنی ئێمە لەسەر ئەو ئیشکالییەتەیەو گرفتەکانی بەردەم تێکەڵکردنی چەمکەکانە لەناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە بۆ سەر شیعری گۆران. باسەکە بە پەیڕەوکردنی رێبازی (رەخنەی رەخنە) و پایەندبوون بە هەردوو بنەمای شیکردنەوەو بەراورد بۆ بەرهەمە رەخنەییەکان، خۆی لە دوو تەوەر دەبینێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا لەژێر ناوی (گۆران و رەخنەی کوردی- ئیشکالییەتی مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر) هەریەکە لە چەمکی ئیشکالییەت و گۆرن لەناو رەخنەی کوردیدا و گۆران و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر و پەیوەندی گۆران لە نێوان شاعیربوون و تیۆریست بوون یان رەخنەگربوون و هەروەها مەسەلەی بوون بە رابەری نوێخوازی لەنێوان نالی و گۆراندا تیشکی خراوەتەسەر، هەرچی تەوەرەی دووەمە لە ژێر ناوی (ئیشکالییەتی رێبازەکانی ئەدەب) تێیدا چۆنیەتی کارلێککردنی رێبازەکان لەگەڵ شیعرەکانی گۆران بەلای رەخنەگرانەوە، شیکراوەتەوە. پاشان لە ئەنجامدا گرنگترین ئەو ئیشکالییەتانەی کە خوێندنەوەی رەخنەیی لەسەر شیعرەکانی گۆران توووشی دەبێت، تیشکیان خراوەتەسەر، کە هەموویان لە چوارچێوەی رەخنەی رەخنەدا رووبەرێکی زۆر داگیردەکەن.

## ملخص البحث

(إشكالية القراءات النقدية في أشعار كوران) هي محاولة لبيان المآزق التي جاءت في طريق عملية النقد لإشعار كوران، في التفكير في نصوصه وتحليلها، ولا سيما في كيفية التعامل مع النظريات النقدية المعاصرة، وتطبيقها على النصوص، وبالأخص مسألة التجديد والقدوة في بنية شعركوران، إذ إنَّ أغلبية النقاد وقعوا في مأزق وضع إطار للمناهج الأدبية، واختلفوا في ذلك، وإلقاء الضوء على هذا الأمر هام جدا في العملية النقدية، وقد شجعتنا هذه الأهمية للعمل في أشعاركوران، لأن أشعاره وقعت في إشكالية اختلاط المفاهيم النقدية ومناهجها.

ويحتوى البحث الذي يسير على منهجية (نقد النقد) على مبحثين، إذ تحدث المبحث الأول الذي هو بعنوان (كوران والنقد الكردي- إشكالية في مسألة تجديد الشعر) عن مفهوم الإشكالية، وگوران في النقد الكردى، وگوران ومسألة تجديد الشعر الكردي، ونالى و كوران بين الشاعرية والتنظير، وإشكالية التجدد عند كوران. أما المبحث الثاني الذي بعنوان: ( الإشكالية في المذاهب الأدبية)، فتحدث عن إشكالية المذاهب الأدبية في المنظور النقدي على أشعار كوران، ثمّ جاءت النتائج لإلقاء الضوء على الإشكاليات التي تأتي في طريق أشعار كوران في العملية النقدية في إطار منهجي التحليل والمقارن في (نقد النقد).



## ABSTRACT

The Critical Controversial Reading of Goran's Poems. It is the study which tries to show the problems yet have faced critics in their perception and analysis of Goran's scripts especially the way their treatment with contemporary well-known literary theories and their practice on Goran's poem which present some controversies and paradoxes on modernism and Goran's innovation.

Most of the researchers have different opinions about Goran' s living in the field of literary methods which is important nowadays to shed a light on it for critical works. In this prospect our work is about the controversy and the problem of incorporating the concepts in the field of the research on Goran's poem. The study is the application of the (Critic of Criticism) approach committed to both principles of analysis and comparison for critical works. It is divided into two sections; the first section is entitled (Goran and Kurdish Criticism-The Controversy of Modernizing Poem). It sheds light on the concept of controversy, Goran in Kurdish criticism, Goran and poetry modernizing, Goran's relation with being a poet, theorist, and critic, and being a pioneer of modernism between Goran and Nali. The second section is devoted to (The Controversy of Literary Approaches). It analyzes the interaction between the approaches and Goran's poems. Then it focuses on the most important controversies which critical readings on Goran's poems face and which all occupy wide topics through the critic of criticism approach.

# گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم لە رۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی عەتا نەهایی


**کیفی محمد عزیز**

**زانکۆی سۆران**

**فاکلتی ئاداب**

**بەشی زمانی کوردی**



**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆخوێندنەوەی رۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)ی عەتا نەهایی لەژێر میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم،ئەم میتۆدە دوایی هەڵوەشاندنەوەگەرایی کەوتە نێوپانتایی ئەدەب ، چەندین رەهەندی هەیە وەکو بواری ئەنسرۆپۆلۆژی و دەروونی (تاکی داگیرکراو) و مافی ژن (فیمینیزم) و زمان و ناسنامە و کەلتوور و.....هتد،لە هەریەکێك لەو کایەنەدا پێشەنگێکی هەبووە ،لەبواری ناسنامە و کەلتووردا ئیدواردسەعید پێشەنگ بووە ،لەبواری مافی ژن ئسیپڤاك چالاکی بوارەکە بووەو خاوەنی چەندین نووسینە، هومی بابا،لەبواری تێروانیینی نەتەوەی ژێر دەست نووسینی هەبووە، ئەمانە پێکەوە بنەماکانی میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزمیان گەلاڵەکرد .پۆستکۆلۆنیالیزم ماوەی زەمەنی دوای پرۆسەی کۆلۆنیالیزمە ، واتە کاتێك نەتەوەیەك یاخود سەرزەوینی نەتەوەیەك داگیر دەکرێت ،دوای ئەم داگیرکاریە تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزم ئیشی خۆی دەکات،کە ئەویش بریتیە،لە لێدان لە کەلتوورو دابو نەریتی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە ، بۆ ئەوەی بتوانن دەستکاری بیرو تێروانین و دنیابینینی نەتەوەکۆلۆنیکراوەکە بکەن ،بەشێوازێك لە هەوڵی ناشرینکردن و بێ بەها نیشاندانی کەلتوورو دابونەریتی نەتەوەکانن، دەکەونە پیاهەڵدان و نمایشکردنی کەلتوورو داب ونەریتی نەتەوە سەردەستەکان و لەهەوڵی بەسەنتەرکردنی کەلتووری ئەوروپین (ئێرۆسەنتر) ، ئەمانەش ناراستەوخۆ لەنووسین و کایەی ئەدەبدا خۆیان دەردەخەن بەتایبەت ئەو نووسەرانەی لەدەرەوەی وولاّت ماوەیەك ژیاون بەناراستەخۆ دەکەونەپەخشکردنەوەی هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم ، دیارە ئەمەش بەشێوەی نائاگا لەکردەی نووسیندا بەردیدە دەخرێت ، بۆیە رۆمانی(گرەوی بەختی هەلاّڵە) هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمی لەدووتوێی خۆیدا هەلگرتووە،کەتیایدا باس لە کەلتووری ژن کوژی بەدەستی پیاوی رۆژهەلاّتی دەکات و ئەم کەلتوورو داب و نەریتە رۆماننووس وێنەیەکی دیکەی بۆدروست کردووە، کە ئەویش تێروانینی تاکی رۆژئاوایە بۆ ئەم دیاردەیە،بە دواکەوتوو و بێ بەها وێنەی دەکەن، دیارە ئەمەش هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمە لە هەوڵی بەتەوەرکردنی کەلتوور و داب و نەریتە .


**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەم بابەتە(گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم) لەنێو ئەدەبی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە ، لەجیهاندا میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم لە ئێستادا نوێترین میتۆدە بۆ خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان ، بۆیە بەپێویستمان زانی لەژێر رۆشنایی پرەنسیپەکانی ئەم میتۆدەدا خوێندنەوە بۆ رۆمانی کوردی بکەین .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پەیرەوی میتۆدی ( وەسفی – شیکاری ) کردووە .

**سنووری توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە گوتاری پۆستكۆلۆنیالیزمی لەبواری كەلتوورو باوكسالاری بەنموونە وەرگرتووە،واتە لەنێو ڕۆمانەكەدا تەنها شیكردنەوەی بۆ ئەم بوارانە كردووە، دیارە ئەم میتۆدە دوو كەلتووری جیاوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای كردۆتە چەقی قورسایی كاركردنی خۆی، ئێمە كاتێك باس لەرۆژهەڵات دەكەین، كوردیش وەكو هەر نەتەوەیەكی تر لە ڕۆژهەڵاتدا هەمان دیاردە كەلتووری و سیستەمە باوكسالارییەكەی تێدایە، لەم توێژینەوەیەدا بوارەكانی تری ئەم میتۆدە وەكو لایەنی ئەنسرۆپۆلۆژی ولایەنی دەرونی ...هتد، وەلاوەنراوە .

**ناوەرۆكی توێژینەوەكە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێكهاتووە،بەشی یەكەم لایەنی تیۆری بابەتەكەیە،كەتیایدا تیشك خراوەتە سەر پرەنسیپ و بنەماكانی پۆستكۆلۆنیالیزم و دەركەوتەی بەسەر كەلتوورو خوێندنەوەی بۆ سیستەمی باوكسالاری لە ڕۆژهەڵاتدا ،پاشان قەلەمە دیارەكانی ئەم بوارە ئاماژەی پێدراوە.لەبەشی دووەم شیكردنەوەی ڕۆمانەكەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم میتۆدە ئەنجامدراوە . لە كۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان بەپێی پیتی ئەبجەدی كوردی ریزكراون .

پۆستكۆلۆنیالیزم :_ ڕاڤە و رامانێكە رەگی لە راستییە مێژوویی و كاریگەرییەكانی كۆلۆنیالیزم و ئاكامەكانی ئەودایە، هەرچەندە ئەوبابەتە(كۆلۆنیال) لەڕووی مێژووییەوە ،مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە، بۆ دەستنیشانكردنی سەرەتایەك سانا نییە ، بەڵكو بۆ خوێندنەوەكانی پۆستكۆلۆنیالیزم دەبێ بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، لەوەێوە سەرنج بدرێتە هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەندیان بە دەستبەسەرداگرتنی سەر زەوینی نەتەوەكانی ترە، هەر لە لەشكر كێشییەكەی زەینەفۆنەوە تاوەكو ئێستا تێزەكانی كۆلۆنیال درێژە بەخۆیان دەدەن و بەپێی گۆرانی زەمەن ئەویش روخساری خۆی گۆریوە . بۆئەوەی پۆستكۆلۆنیال بناسین، دەبێ لەچەمكی كۆلۆنیالەوە بكۆلدرێتەوە،ئەمانە(كۆلۆنیال و پۆستكۆلۆنیال) دوو چەمكی تازە داهێنراون(*) و هاوزەمان لێڵن،زەحمەتیشە بزانرێ سنوری ئەمیان لەكوێ تەواو دەبێ و سنوری ئەمیان لەكوێ دەست پێدەكات، چونكە كردەی كۆلۆنیالكردنەكە ئاسەوارە جێماوەكانی لەسەر نەتەوە كۆلۆنیالكراوەكان جێدەهێلێ و هەوڵی وێناكردنی ئەدەب و كەلتوری نەتەوەی كۆلۆنیكراو دەدات بۆ ئەوەی كردەی پۆستكۆلۆنیال ئاراستە و ڕێرەوی خۆی وەربگرێ،بەمەش پۆستكۆلۆنیالیزم پەیوەندی بەو باس و بابەتانەوە هەیە، كە دوای وەلاوەچونی بارودۆخ و یاساكانی كۆلۆنیال روودەدات و بەدیدێ،هەرچەندە كردەی كۆلۆنیالی كۆتایی پێهاتووە بەلاَم بە شێوەو شێوازی تر درێژەی پێدەدرێ .

كۆلۆنیالیزم: بەگوێرەی فەرهەنگی لۆنگمان ( Longman dictionary ) ووشەی كۆلۆنی (colony) لە ووشەی لاتینی (colonia) هاتووە،كە بەمانای(مێرگ و لەوەڕگە) دێ، بەم شێوەیە پێناسەی دەكات(( نیشتەجێ بوون لەسەر زەوینی ولاَتی نوێ))[1] ، واتە دەستەیەك لە مرۆڤ لەشوێن و سەر زەوینێكی نوێدا بارگەیان لێدادەخەن و

* مەبەستمان لە تازەداهێنراو ئەوەیە كەوا،دوای ئەو هەموو چەند سەد ساڵە لەململانێكردن لەنێوان كەلتوری نەتەوە جیاوازەكاندا ناو و ناونیشانێكی هەبووە واتە هەندێكجار لەژێرناونیشانی جیاوازی ئاین و هەندێكجار لەپێناو فراوانكردنی دەسەلات و دەستبەسەرداگرتنی خاكی نەتەوەی تر كراوە، ئەم چەمكانەی سەرەوە لەدوای شەری جیهانی دووەمەوە كەوتنەناو نوسینە ئەكادیمییەكان و چوار چێوەی تیۆری بۆ دانراوە.

جڤاکێك پێکدەهێنن،هەروەها لە پەیوەندیدان لەگەل ولاتی دایك(ئەو ولاتەی لێیەوە هاتوون)، بەمەش دەسەلات و هێز پەیدا دەکەن بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە،ئەم پرۆسەیە بە کۆلۆنیال ناودێر دەکرێ .

پۆستکۆلۆنیالیزم، لە ڕووی چەمکەوە ڕەنگە گەیشتن بە پێناسەیەکی کۆنکریت و تێگەیشتن لەم چەمکە، بۆ توێژەر یەکێك بێت لەکارە ئەکادیمییە قورسەکان چونکە سروشتی پۆستکۆلۆنیالیزم بەدیوێکدا گوزارشت لەبەریەککەوتنی مێژوویی دوورو درێژی نێوان هەردوو شارستانیەتی رۆژهەلات و رۆژئاوا دەکات و سروشتی توێژینەوەو دەرەنجامەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم و جیاوازی دەرکەوتە کەلتووری و ئایدۆلۆجی و رۆشەنبیرییەکانی ئەو کەس و لایەنانەی هەولی پێناسەکردنی پۆستکۆلۆنیالیزمیان داوە، هەموو ئەمانەش وایان کردووە پێناسەکان بەپێی شوێن و کات و کەسەکان بگۆرێن، ئەمە وێرای ئەوەی ،کە پۆستکۆلۆنیالیزم خۆی کایەیەکی سیاسی و مەعریفییە و لە گۆران و گەشەی بەردەوامدایە، بۆیە ئەوەندەی تر گەیشتن بەپێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم چەمکەی دژوارتر کردووە، ئەمەش وایکردووە ئەم چەمکە فرە ئاراستە بێت و رەگاوەژوی چەندین کایەی زانستی بێت، بەمەش یەکێك لە کارکردو و دەرکەوتەکانی ئایدیای پۆستکۆلۆنیالیزم بواری ئەدەبە . پۆستکۆلۆنیالیزم، قۆناغی دوای کۆلۆنیالە و یەکێکە لە باوترین و ئالۆزترین چەمك ،کە لە دەیەکانی سەدەی رابردوو خۆی نواندووەو تێکەلی گشت کایەکانی دیکەی شارستانی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان بووە ، ووشەی (پۆست) پەیوەندی بەماوەی زەمەنی دوایی کۆلۆنیالەوە هەیە و کەش و هەوایەکی سیاسی و ئەدەبی و کەلتوری تایبەت بە خۆی هەیە، بەمەش پۆستکۆلۆنیالیزم لە پەیوەندیدایە لەگەلْ نەتەوەو شارستانییەتی ئەو شوێنەی لەیاساکانی کۆلۆنیال رزگاریان بووە[٢] . لێرەوە دەشێ پۆستکۆلۆنیالیزم بخەینە نێو چەمك و ماناو خەسلەتگەلێکەوە وەکو سیستەمی کۆلۆنیکەر و تەرزێکی بیرکردنەوە،کە پشت بەجیاوازییەکانی نێوان ئەوەی پێی دەگوترێ(ئێمە) و ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەوان) دەبەستێ، بەمەش هەر زوو ئاراستەیەك بۆ نووسین لەبارەی پۆستکۆلۆنیالەوە پەیدا بوو ، ئەم ئاراستەیە هەولی دەدا بایەخی ئابوری و ئەدەبی و ستراتیجی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە بخاتە روو بۆ ئەوەی دە سەلاتی کۆلۆنیکەر بوروژێنێ و زانیاریان بداتێ لەبارەی ناوچەکەوە تا لە هەنگاوەکانی داهاتوویاندا بە کەلکیان بێ [٣].

روانینی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ کەلتوری نەتەوەی کۆلۆنی هەمیشە لە ئەدەبدا دەرکەوتووە ،لێرەوە مرۆڤ دەتوانێ سەرنج بخاتە سەر ئەو خوێندنەوانەی چۆن ئەدەبی رۆژئاوا لە سەدەی نۆزدە بە دواوە بەشێوازی جیاواز جۆرە پرۆژەیەك بووە لە کۆلۆنیالیزمی پرۆژەی ژیاری رۆژئاوا، بۆ نمونە ئیدوارد سەعید ئەوەی ئاشکرا کردووە ،کە چۆن لە ئەدەبدا وێنای رۆژهەلات کراوە و چۆنیش خودی ئۆرینتالیستەکان پۆلینبەندیان (کاتیگۆری) لە رۆژهەلاتی ناوەراست دروستکردوە، توێژەرانی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم سەرنجیان لە گەشەی ئەوبەرهەمە ئەدەبیانە داوە ،کە لە ولاتە کۆلۆنیکراوەکان نووسراوە، بەمەش ئەم جۆرە ئەدەبە بەئاگا یاخود نائاگا بەهرەیان لە ئەزمونی پۆستکۆلۆنی وەرگرتووە[٤] .

هاتنە پێشەوەی چەمکی پۆستکۆلۆنیالیزم و رسکانی وەکو تیۆرییەکی ئەدەبی ، دەگەرێتەوە بۆ پرۆژەیەکی فراوانتر بەناوی (رۆژهەلاتناسی)،کەوا ئیدوارد سەعید لەم چوار چیوەیەدا هێلە گشتییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمی دارشت . ئیدوارد سەعید ئاماژە بەوە دەکات کەوا هاتنە پێشەوەی پرۆژەیەکی لەم شێوەیە دەگەرێتەوە بۆ چەندین سالْ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ( فرانتس فانون ، فۆکۆ ، گرامشی) ،ئەمانە لە نووسینەکانیاندا بێ ئەوەی

بەشێوەی راستەخۆ ئاماژە بەناو و چەمكی كۆلۆنیالیزم بدەن هاتوون باسی ئەو دیاردەیەیان(داگیركاری) كردووە (٥)
.

بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی زاڵ پۆستكۆلۆنیال هەموو كایەكان دەگرێتەوە و هاوكاتیش هەوڵی زۆر بۆ بەئاسایی پیشاندانی ئەو پرۆسەیەی هەیە،بەزوترین كات و بەشێوەیەكی تایبەت و سەرنجراكێش ژیانی فەرهەنگی نەتەوە كۆلۆنیكراوەكان تێكدەدات ئەو سڕینەوەو لەناوبردنە فەرهەنگییە لەرێگەی حاشاكردن لە راستییە نەتەوەییەكان و داسەپاندنی كۆمەڵێك یاسای نوێی پەیوەندییەكان لە لایەن هێزە كۆلۆنیكەرەكانەوە و پەراوێز خستنی دابونەریتە خۆماڵییەكانە ، هەموو هەولێك دەدات بۆ ئەوەی كەسی داگیركراو باوەر بەنزمی و خواردەستی فەرهەنگی خۆی بێنێت و ئەوەش لە شێوازی هەمیشە دووبارە بوونەوەی رەوشت و كردەوەگەلێكی سروشتی وەك بروا پێكردن بە ناراستی و خەیال بوونی نەتەوەی خۆی و لەوپەری سەر لێ شێواوی و ناتەواوی و كەموكورتی لەسروشتی زیندەوەری خۆیشی رەنگدانەوەیان دەبێت (٦) .

كەلتوور لە گوتاری پۆستكۆلۆنیالیزمدا

كەلتوور وەك مەعریفەیەكی مرۆیی یەكێكە لەو هۆكارانەی مرۆڤ لە دروستكراوەكانی دیكە جیادەكاتەوە، بەمەش هەر كۆمەڵگایەك سیمای كەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە، كەبەرهەمی مێژووی ئەو كۆمەڵگاییەو لەژێر كاریگەری بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی دایە، بۆ بەرچاروونی ئەبێ سەرەتا لەپێناسەی كەلتوورەو دەست پێبكەین، رەچەڵەكی كەلتوور لە چەمكی (culture) ئینگلیزییەوە هاتووە، كە سەرچاوەكەی دەگەرێتەوە بۆ زمانی لاتینی و لەبنەرەتدا بە واتای كشتوكاڵ ، ئاوەدانكردنەوە یاخود چاندنی زەوی و بەرهەمهێنان بەكار هاتووە، پاشان ئەم زاراوەیە پەریوەتە ناو زانستەكانی ترەوەو نووسەران لەسەدەی هەژدە بەدواوە بەواتای پەروەدەی دەروونی مرۆڤ بەكاریان هێناوە(٧) ، مەبەست لەكەلتوورسەرجەمی ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژووییانەیە كە كۆمەڵێكی دیاریكراو لە مێژووی خۆیدا هێناویەتە بەرهەم ، لەوانە زمان ،بیر ،ئەدەب،هونەر و ئەفسانەو میراتی فۆلكلۆری و بابەتە تێۆری و زانستییەكان و داب و نەریت.....هتد(٨)، بەوپێیەی كەلتوری ولاتی كۆلۆنیكراو(داگیركراو) دەكەوێتە بەر تەوژمی ولاتی كۆلۆنیكەر(داگیركەر)،ئەوا یەكێك لەدەرهاویشتەكانی،كەلتورەكەیەتی،بەمەش پۆستكۆلۆنیالیزم روانینی خۆی بۆ خوێند نەوەی كەلتوور هەیە،چونكە بەرمەبنای كاركردنی داب و نەریتەكانی ژیانی كۆمەڵگان،بەمەش هەنگاوی یەكەمی ئەم پرۆسەیە و كاركردی پۆستكۆلۆنیالیزم، لە وولاتانی تازە پێگەیشتوو لەم روانگەوە لەهەوڵی هاوشێوەكردنی كەلتوورییەوە كاریگەری خۆی نواندووە،چونكە كەلتوور پێناسەو رەوایی خۆی لە نەتەوە وەردەگرێت،كە كۆمەڵە خەڵكێكی دیاریكراو لەمێژووی خۆیاندا هێناویانەتە بەرهەم و بەهۆیەوە توانیویانە زەمینەی پێكەوە ژیانی هاوبەش دروست بكەن. كۆلۆنیالی كەلتوری رەنگێكی سیاسی دیاریكراوی نییە، بەپێی نەتەوەو دەوروبەر و چوارچێوەكەی خۆی، خۆی مانفێست دەكات، بەمەش باری مێژووی و جوگرافی و سیاسی شوێنەكە یاخود نەتەوەكە، ناوەرۆكێكی تایبەت بەكەلتوری پۆستكۆلۆنیالیزم دەدەن . پۆستكۆلۆنیالیزم ، ئامانجی ئەوەیە كەلتوور بخاتە چوارچێوەیەكی سیاسی و لەوێوە كار لەسەر كەلتوور بكات و هەوڵی ئەوەدەدات لەرێگای میدیای نێونەتەوەییەوە كەلتووری ولاتانی كۆلۆنیكەر بگوازێتەوە بۆ ولاَتانی كۆلۆنیكراو، بەمەش ئەو پرۆسەیە بارودۆخێكی تازە دەخولقێنێ و كەلتوری ولاتانی كۆلۆنیكراو دەخاتە ژێر چەپۆكی ولاتانی كۆلۆنیكەر ،بەمەش ئامانجی پرۆسەكە رەگاوەژووی كەلتوری وولاَتانی هاوبەرژەوەندی كۆلۆنیال و ولاتانی جیهانی سێیەم دەبێ .

پۆستکۆلۆنیالیزم ، پەراوێزخستن و حاشالێکردنی کەلتوور و کایە کەلتوورییە نەتەوەییەکان بەرهەم دێنێ،ئەمەش قورسایی ئەو سیاسەتە دەردەخات سەبارەت بەکەلتووری ولآتانی کۆلۆنیکراو، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بیرۆکەی پۆستکۆلۆنیالیزم ، دابرانە لە کەلتووری نەتەوەیی ، کە بەشێوەیەك ئەبێ چاو لە کەلتووری ولآتانی کۆلۆنیکەر ببردرێ،ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بە ووشیارییەوە لەکردەی نووسین و ئەدەبیاتەوە خۆی بەرچاو دەخات، ((هەر نەتەوەیەك دووچاری کۆلۆنیالێکردنی کەلتوری ببێت ،ئەوە مانای ئەوەیە کە زەمینەی ون بوونی بۆ ئامادەکراوە))[9] بۆیە ئەبێ ئەم شێوە مامەڵەکردنە زەق بکرێتەوە، بەمەش بۆ ئەم کارەیان هەوڵی چەسپاندنی کەلتووری (ئیرۆ سەنتر) دەدەن و بابەتە کەلتوورییەکان بۆ سەر دوو بەرە دابەشدەکەن ، ئەویش بەرەی (پەراوێز) و (ناوەند)ە، بۆیە کەلتوور ((چەندە هۆکاری خۆناسینە دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکرنەوە بێت لە ئەویدی یان ئەوانیدی، ئەو سیستمە کەلتووری و پێوانە کەلتوورییەکانن کەجیاوازی نێوان (من ) و (ئەویدی) دیاریدەکەن و سەرەنجام خەتێکیان بەنێواندا دەکێشن ))[10] لەم پرۆسەیەدا ئاستەکانی کەلتوور = دەسەلآت ، بە جۆرە مامەڵەیەکی سیاسیانە گونجێندراوە. ئەو پرۆسەیە گرەو لەسەربنیاتنانی شێوازێکی جیاوازی ژیان و بیرکردنەوەی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان دەکات، بەشێوەیەك لە سنوور و چوار چێوەیەك قەتیسی دەکات و هەوڵی دابرانی لەسیستەمە کەلتوورییەکانی تری جیهان دەدات، دەیەوێ راستەوخۆ بیلکێنێت بە بازنە کەلتوریی و بەکارهێنانە تایبەتییەکەی خۆیەوە، بەمەش پتر لەسەر دروستکردنی کەلتورێکی هێمایی دەوەستێ و ئامانجی کەمکردنەوەی نرخی کەلتوورەکانی بەرامبەریەتی و رەشکردنی لاپەرەکانییەتی و پاڵنانە بە گروپ و ئەتنیە جیاوازەکان بۆ وازهێنان و هاتنە ناوەوەی سیستمە کەلتورییە تازە داهێنراوەکە . کۆلۆنیالی کەلتووری وەکو دەرکەوتەیەکی گەورەی ئەم پرۆسەیە(پۆستکۆلۆنیالیزم) ، کەلتوور دەکەنە چەقی قورسایی و بەراوردی نەتەوەکان و ناتەباییەکان ،پتر جەخت لەسەر ووشیاری کەلتوری رۆژئاوایی و شەڕ دژی ئەو کەلتوورە دێنە ئاراوە و هەوڵ بۆ دوورخستنەوەی کەلتووری رەسەنی نەتەوەکان دەدەن ، چونکە ئەم جۆرە زاڵبوونی کەلتوورییە دەرکەوتەی خەباتێکی سیاسیە و ئەو جۆر هەڵسوکەوتەش لەپاڵ ئەوەدا زیندوودەکرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتێکی ئاشکرای هەیە ، بۆیە پرۆسەی پۆستکۆلۆنیالیزم و شێوەگیربوونی لە چوار چێوە کەلتوورییەکەیدا هەردەم نەیاری گوتاری ناسیۆنالیزمی کەلتوورین و تێکرای چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بە بەرهەمی کەلتووری و دەسەلآتی کەلتووری رەسەن دەزانن ، بۆیەش زۆربەی جار پێکداهڵپژانی کەلتوری دروست دەبێت ، تەنانەت بۆ ئاستی کەلتوری مۆدێرن و کەلتووری دواکەوتوو دایدەبەزێنن .

دوای جێگیربوونی دەسەلآتی کەلتووری وولآتانی رۆژئاوا ،پۆستکۆلۆنیالیزم بەباشی توانی رەوایەتی خۆی وەربگرێ، بەمەش دامەزراندنی سیاسەتی کەلتووری لە روانگەی پۆستکۆلۆنیالیزمەوەئەوەیە کە کەلتووری رۆژئاوایی لەناو کەلتوورەکانی تردا بکاتە دیاردەیەکی بەرچاو و سەردەستی سەردەم، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە هێزی ئابووری و سەربازی رۆژئاواوە هەیە، ئەو مێژووەی ئەم بارودۆخەی بۆ شارستانییەتی رۆژئاوا فەراهەمکردووە،کە ببێتە کەلتوورێکی جیهانی ،هەمان ئەو مێژووەشە وای لە کەلتووری رۆژئاوا کردووە بەسەر کەلتوورەکانی تردا زاڵبێ، پاشان ئەم سیاسەتە کەلتوورییە رۆڵ دەبینێ لەپیرۆزکردن و نرخاندنی کەلتووری رۆژئاوا ،کە ئەمەش کۆنتێکستی گوتاری فەلسەفەی رۆژئاوا دیاریدەکات ، ئەم تێروانینە بۆ کەلتوور لە هەوڵی ئەوەدایە ببێ بە مۆدێل بۆ دەرەوەی خۆی ،کە کەلتووری رۆژئاواییە، لەدەرەوەی جیهانی خۆی هەوڵی بەرجەستەکردنی خۆی دەدات ، بۆیە

پۆستکۆلۆنیالیزم لەسەردەمی ئێستادا کەلتووری کردۆتە ئەو نێوەندە جیهانییە ،کە بەرامبەر بە گۆرین و لە قالبدانی کەلتووری ئەویدیکە بەرپرسیارە،ئەمەش بەئیتیکی (ئەخلاق)ی مەسەلەی بەشداریکردنی کەلتووری ئەویدیکە لە دەرەوەی بازنەی خۆی بەشتە جیهانییەکانەوە زۆر بەجدی دەکۆلێتەوە .

باوکسالاری لە گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم

تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ باوکسالاری لەبندەستی و چەوسانەوەی ژنەوە ماهییەتی وەرگرتووە، هەمیشە ژن باجی ئەو سیستەمەی داوە،بۆیە پێویستە تیشك بخرێتە شێوەی ژیانی ژن لەوەها سیستم و کۆمەلگەیەدا، بەمەش کاتێك باس لەمەسەلەی ژن لەتێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمدا دەکەین ، ئێمە لەماناو چۆنیەتی سەرهەلدانی ئەو بزوتنەوەیە قسە ناکەین، بەلکو مەبەستمانە قسە لەتێروانین و بزووتنەوەیەك بکەین ،کە پۆستکۆلۆنیالیزم نەخشاندوویەتی ،بەوەش بەپێی پێوستی ئەم بابەتە ئاماژە بۆ رەهەندە سیاسیەکەی تێۆرەکانی تری فیمینیزم دەکەین وەکو تێروانینی رادیکالّ ، لیبرال،مارکسیزم بۆ فیمینیزم .هەرجۆرێکی فیمینیزم روانبنێکی تایبەتی بۆ پرسی بندەستی ژنان هەیە و چارەسەرو هۆی جۆراو جۆری بۆ دیاردەکات، لیبرالەکان گرفتی سەرەکی ژن لەدۆخی کارو نایەکسانی ئابووری و هەلی نایەکسانی بەپێی رەگەزە ژن دەبینیّ و رێگە چارەش لەبەدیهاتنی یەکسانیدا دەبینیّ .بەم پێیە فیمینیزمی لیبرالّ داکۆکی لە ئامانجی یەکسانی ژن و پیاودا دەکات . بەلام بەرای فیمینستە رادیکالەکان ،چەوساندنەوەی ژنان بەرهەمی سیستەمی باوکسالارییە، جەخت لەسەر جیاوازیی و بنەرەتی ویستەکانی ژن و پیاودا دەکەن و رێگە چارە لە جیاکردنەوەی ویستی ژنان لەویستی پیاواندا دەبینن [11]. فیمینیستە مارکسیستەکان سەرچاوەی سەرەکی چەوساندنەوەو سەرکوت و نایەکسانی ژنان لەسیستەمی سەرمایەداریدا دەبینن،پێیانوایە دەسەلاتی پیاو بەسەر ژندا یەکێکە لەدەرکەوتەکانی دەسەلاتی سەرمایە بەسەر کاردا لەسیستەمی سەرمایەداریدا . فیمینیزم تەنها مەبەستی ئازادکرنی جەستە نییە لەکۆت و بەندی کۆمەلگە،هێندەی پرۆژەی رزگارکردنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی هەیە([12]) . تیۆرێك بەجیاواز لەو رابردووەی کەپیاو هەژموونی بەسەر کایەکانی ژنان سەپاندووە،ئەمجارە پۆستکۆلۆنیالیزم ژنی وەکو بەکەرێکی چالاك هێنایە پێشەوەو هەولیداوە لەماف و ئازادی و کاردا هاوشانی پیاو یەکسان بن، لەرێگای رەخنە گرتن لەو کەلتوورە باوکسالارییەی رابردوو،کە بەدرێژای سەدەکانی رابردوو ژنی خستبووە دەرەوەی پرۆژەی بیرکردنەوە. لەکەلتووری رۆژهەلات،وێنەی ژن و تێگەیشتن لەجیهانبینیەکەی ، میراتی کۆمەلگە و کەلتوورە باوکسالارییەکەیەتی،ئەو کۆمەلگەیانەی تیایاندا دەسەلاتی بیرکردنەوەو دانانی سنوورو چوارچێوەو بەهاکۆمەلایەتییەکان ،لەدەسەلاتی نێرینەیە،لەوەها کۆمەلگەیەکدا ترس لە بوونی دەسەلاتی ژن شتێکی ئاسایی و سروشتییە،چونکە کۆمەلگەیەك باوکسالاری قسەکەرو کۆنترۆلی کایەکانی ژیانی ژن بکات ،لەبەرژەوەندی نییە ستایشی ژن بکات، بەمەش ئەمحۆرە ترسە خەسلەتی زۆربەی کەلتوورەکانی رۆژهەلاتە، بیرکردنەوەی باوکسالاری لەکەلتووری رۆژهەلات بە دووپێوانەیی کاریکردووە، لەپێوانەیەکیدا ژنیان تارادەی پیرۆزی و پەرستن وێنەکردووە بەوەی بەهەشت لەژێر پێیی دایکاندایە، لەپێوانەیەکی دیکەیدا وەك بوونەوەرێکی پڕ لەرازو نهێنی و ئەفسوون خستۆتە روو،ئەم تەرزە بیرکرنەوەیە لەرۆژهەلاتدا برەوەی هەیە و پێیوایە ژن پەیوەندی بەدونیای غەیبییەوە هەیە و تێگەیشتن لەمەبەست و ئامانجی ژن تەلەزگەیەکی شەیتانییە.

یەکێك لەو بابەتانەی پۆستکۆلۆنیالیزم باس و خواسی لەسەر دەکات (ئەویدی سازی)یە، ئەم چەمکە لە ئیدوارد سەعیدەوە خوازراوەو لە چوارچێوەی بابەتە پەیوەندیدارەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە هاتووە بۆ نێو پانتایی ئەدەب و نووسینە فیمینیزمییەکانەوە، چونکە ئیدوارد سەعید پێیوایە خۆرئاوا لە خۆرهەلاتدا وێنەیەکی دیکەی دروستکردووەو لەگەڵ خودی خۆرهەلاتدا نایەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەقی قورسایی خراوەتە سەرباس و خواسەکانی مێینەی رۆژهەلاتی، بەمەش فیمینیزمی خۆرئاوا بەهەمان پرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم وێنەی ژنی خۆرهەلاتی کێشاوە ،کە واقعیەتی ژنی خۆرهەلاتی دەرناخاتەوە، بۆیە ئەم تەرزە تێفکرینە لە هەوڵدایە ژنێکی خۆرهەلاتی بەپێوانەو روانین و پێویستی خۆی بەرهەم بێنێ ، بەمەش ژێردەستەکان جوڵە و بزاوتەکانیان هی خۆیان نین، ئەو وێنە رەسەنە نین، بەڵکو دەستکردی رێساکانی کۆلۆنیالیزم و دەرکەوتەی پۆستکۆلۆنیالیزمن و ئەوان سەپاندویانن بەسەریاندا ، بەمەش دەسەلات و هێزی پاتریاکی رۆژئاوا ناسنامەو گوتارێك بۆچینی ژێردەست و ژنانی نەتەوەکۆلۆنیکراوەکە بەرهەمدێنێ ، لێرەوە شوناسی ژنی خۆرئاوا خۆی مانفێست و بەرجەستە دەکات (١٣)، لەهەوڵی وێنە دروستکردنێکە بۆژنی خۆرهەلات بەوەی دەنگ و رەنگ و تێگەیشتنی خۆی دەخاتە بڕی ژنی خۆرهەلات ، چونکە پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە ژنی خۆرهەلاتی بوون وناسنامەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا وونکردووەو پێویستە لەهەوڵی دۆزینەوەیدا بێت و هەرماف و شێکی لێی سەندراوە، بەهەرنرخێك بێت وەریانبگرێتەوە، بۆیە فیمینیزمی خۆرئاوا هەوڵیداوە زمانی ئەوانە بێت،کە زمانی قسەیان نییە و رێگایەکیشیان بۆ بدۆزێتەوە بۆ قسەکردن .

تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ مافی مێینەی خۆرهەلات وایە،کە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان ژن بوون بەتەنیا ناگەرێننەوە بۆ خودی ژن بوون و تەنیا وەك ژن سەیری ناکرێت ، بەڵکو وەك بەشێك لەناسنامەی نیشتمانی و شەرەفی کۆمەڵگە سەیر دەکرێت ، بەمەش کێشەی ژن تەنیا لە رەگەزەکەی کورت ناکرێتەوە بەڵکو هەڵگری خەسڵەتی ئەو کەلتوورەیە کەتێیدا دەژی ، لە هەوڵدایە ئەو یاسا و کۆت بەندە کۆمەڵایەتییانە تێکبشکێنێ ،کە ژنی خۆرهەلات وادەزانێ ئەو گوتارانە تروسکاییەکی پێ نییە بۆ ژنانی خۆرهەلاتی ، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای ستەمکار لە هەوڵدایە ژن ژێر دەست بێت و گۆرانکارییەکانی جیهان کاریگەریان لەسەری نەبێ و بەردەوام رازی بێت لەو دۆخەی تێیدا دەژی(١٤) .

پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە لەرۆژهەڵاتدا بەگشتی ژن ،ئاین سنوورەکانی بۆ دادەنێت، کەواتەژن نەك هەر ناتوانێ لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی چالاك خۆی بنوێنێت، بەڵکو بە شێوەیەك پەراوێزو کۆت وبەندکراوە،کەمافی نییە بێتە نێو ژیانەوە، بەمەش کاتێك ئاین سنورەکانی ژیانی ژن دیاریدەکات ،هەموو گۆرانکارییە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانی ژن بەدەرچوون و یاخی و هەڵگەراوە دەچوێنێ،بەمەش هەموو مافەکانی دووچاری بنبەست بوون دەکاتەوە. کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ،کۆمەڵگایەکی داخراوە، چونکە بەردەوام لەهەوڵی کۆت و بەندکردنی تواناکانی ژندایە، هەمیشە ترسی مەرگ بەرۆکیان پێدەگرێت، بەمەش ئاوەزی خۆرهەڵاتی پەیرەوی ئاوەزو بیرکردنەوەیەك دەکات ، کەئەوەندە مەرگدۆستە و تروسکایی ژیان بۆژن تا مەوادایەکی ئێجگار زۆر تەسکدەکاتەوە،بۆیە لەتەریك بوونی ژندایە و لە ئەمرۆیی ژیان و تەکنەلۆژیادا دایدەبرێت و شانازی بە رابردووی پڕ لە دەسەڵاتی پیاو سالاری خۆیانەوە دەکەن ، بۆیە هەمیشە سنوورەکانی ژیان بەدەوری ژن تەسکتردەکەنەوەو لەمەرگ و کوشتنان بێ سڵەمینەوە بەردەوام دەبێت، بەو واتایەی هەموو جوڵەو بزاوتە نوێخوازانەی ژن بەمەبەستی بەشداریکردنی ژیان و دونیابینی

سەردەم دێنە پێشەوە، بە هەڵگەراوەو زەندیق وەسفیان دەکەن و دەیانخەنە دەرەوەی سنوورەکانی کەلتووری کۆمەڵگاو بریاری کوشتنیان دەدەن([15]) .

سەرنجی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ ژنی رۆژهەڵاتی پەیوەندی بە زمان و قسەوە هەیە،پێیوایە ژنان لەژێر فشاری زان و باڵادەست و زاڵی پیاواندان، لەوەها کەلتوور و کۆمەڵگایەکدا زمانی ژنان بەنزم و لاوازو لەرزۆك دەزانن و ژنان لە هەڵسوکەوت و قسەکردنیان جەخت لەسەر هەست بزوێن و سۆزی تاکەکەسیانەی خۆیان دەکەنەوە ، کەچی ئەم کەلتووره زمانی پیاو بە تۆکمەو جێگیر دەزانی . یەکێك لەو فۆرمە دیارانەی پۆستکۆلۆنیالیزم بابەتی داکۆکی کردنە لە مافی ژن ،ئەمەش شێوەیەکی تەواو سیاسیانەی پێوە دیارە ([16])، بەو واتایەی فیمێنیزمەکان بە تووڕەییەوە هەستی خۆیان دەربارەی نادادپەروەری دەردەبرن و لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان ،لەبەرانبەر دەسەڵاتی پیاوسالاری، پێیوایە دەسەڵاتی پیاوسالاری یاخود حوکومەتی باوك ، ژن بە پاشکۆ و ژێردەستەی پیاو دەزانێ .

رابەرەکانی میتۆدی پۆستکۆلۆنیالیزم:

**ئیدوارد سەعید: (Edward Said):_**

میتۆدێك لەبیرکرنەوەو بەرخوردو راڤەکردن پێشکەشدەکات،کە لەچۆنیەتی تێکەڵکردنی مەعریفە و دەسەڵات ،لەچۆنیەتی نایەکسانییە سیاسیەکان بۆ ناو فیکرو وێنە و وێناکردنەکان، ئاگادارمان دەکاتەوە، لەپشتی ئەم دیدە رەخنەییەی سەعیدەوە هەوڵی هاتنەکایەی جۆرێکی نوێی تێفکرینی مرۆڤگەرا ،لەئارادایە، کەمافی قسەکردن و گێرانەوە و یستی ئازاد بەهەرکەسێك بدات و ئەو نایەکسانییە بنبربکات،کە سیاسەت لە مەعریفەدا دروستیان دەکات، سەعید خۆی بەخوێندنەوەی رۆژئاواوە خەریکدەکات و بەدوای دۆزینەوەو نیشاندان و راڤەکردنی ئەو میکانیزمە کولتوورییانەیە ،کە رۆژئاوا بەدەوری خۆیەوە گرێدەدات،لەم کارەیدا گرنگییەکی گەورە بەو رەوتە مێژووییە ئەدات ،کەئەم تێکست و وێنە و نمایشە کولتوورییانەی تێدا بەرهەمهاتووە و لەو رەوتەدا بەرهەمە کولتوورییەکانی رۆژئاوا نیشتەجێدەکات ،مەبەست لەو رەوتە مێژووییە تایبەتەش رەوتی پۆستکۆلۆنیالیزمە، بۆیە باس لە چۆنیەتی ئامادەبوونی بەشەکانی دیکەی جیهان دەکات لەناو خەیاڵ و نمایشی بەرهەمە کولتوورییەکانی رۆژئاوادا ، لە رەوتێکدا ، کە پۆستکۆلۆنیالیزم ئەو چوارچیوە مێژووییەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاواو دەرەوەی رۆژئاوا رێکدەخات([17]) . تێزەکەی سەعید باسی چۆنیەتی بەرجەستەبوونی وێنەو کولتوورو کارەکتەری گریمانەکراوی میللەتانی دەرەوەی رۆژئاوا لە فەنتازیای رۆژئاوادا دەکەن ، بۆیە پەیوەندیەکی راستەخۆ لەنێوان خەیاڵی کۆلۆنیاڵییانەی رۆژئاوا لەگەڵ خەیاڵی سیاسی و کولتووری و مەعریفی رۆژئاوادا پێشنیاردەکات ، سەعید فانتازیای سیاسی و کولتووری رۆژئاوا بەرامبەر بە رۆژهەلات فانتازیایەکی پۆستکۆلۆنیالیزمییانەیەو ئەم فانتازییایەش لەسەر زەمینی هاوکێشەیەکی نایەکسانی پەیوەندی دەسەلات و هێزو مانادا نیشەجێیە. لەنوسینەکاندا دەربارەی پۆستکۆلۆنیالیزم هاوشێوەی مێژوونووس کاری نەکردووە، واتە نەهاتووە مێژوو بگێرێتەوەو هەوڵی تێگەیشتن یاخود تێنەگەیشتن لە دەسەڵاتی رۆژئاوا بۆ خوێندنەوەکانی رۆژهەڵات بنووسێتەوە([18])، بەڵکو هەوڵی شیکرنەوەی ئەو گوتارانەی داوە ،کە بەهۆیانەوە پۆستکۆلۆنیالیزم و کەلتوورەکەی ، زانیاری و مەعریفەی لەسەر دەرەوەی رۆژئاوادا بەرهەمهێناوە، بۆیە خوێندنەوەکانی ئیدوارد سەعید لەچوار چێوەی پۆستکۆلۆنیالیزمدا دەیەوێت ئەو زانیارییانە بەرچاو بخات، کەوا هێزو دەسەڵاتی رۆژئاوا چۆن ئەو

پەیوەندییەی بەدەرەوەی خۆیەوە لەخۆدەگرێ، کردووە بەمەعریفە و ئەو پەیوەندیانەی رۆژئاوا لەنێوان ئەو زانیارییانەی دەسەلاَت و هێزی رۆژئاوا دەربارەی رۆژهەلاَت بەرهەمیهێناوە .

**هوومی بابا** (Homi J. Bhabha)؛

یەکێکی ترە لەتیۆریزەکەرانی پۆستکۆلۆنیالیزم،لەهندستان لەدایك بووەو لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو،وەك یەکێك لەقەلەمە دیارەکانی ئەم تیۆرە خۆی ناساندووە،هوومی بابا بەکاریگەری بیرۆکەکانی(بەندیکت ئەندرسۆن)ەوە،کاریگەر بووە،بەتایبەتی بیرۆکەکانی لەسەر نەتەوەو دروست بوونی نەتەوە، کەئەندرسۆن پێیوایە نەتەوە کۆمەلێك وێنەی خەیالی نییە ، بەلکو شوناسێکی دیاریکراو و تایبەتمەندیان هەیە، لەسەر بناغەی ویستێکی بە کۆمەلّ بۆ ژیان لەگەلّ رابردوویەکی مێژوویی درێژ خۆی گرتووە، نووسینەکانی هوومی بابا زیاتر پەیوەندی بەناسنامەی نەتەوەیی و کاریگەرییەکانی گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم بەسەر ئەو ناسنامەیەوە هەیە، بەتایبەتی کێشەی (دوو رەگ) بوون لەسەردەمی مۆدێرنەدا، بابا پێیوایە شوێن و کات لەسەردەمی مۆدێرنەدا بارودۆخێکی ئالۆزیان خولّقاندووە، بەمەش هەستی نەتەوەیی و شوناسی تاك بۆ مەسەلەی خاك ونەتەوە ،تارادەیەك حاشای لێدەکرێ، بۆیە بابا لە کتێبی ( نەتەوەو گێرانەوە) باسی لە دیاردەی لاسایی و لاسایی کردنەوە دەکات ، پێیوایە دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم هەموو هەولێکی بۆ ئەوەیە کەنەتەوە کۆلۆنیکراوەکە بکاتە وێنەیەکی نادروستی خۆی واتە ( بە هی کردنە خۆ)، بۆیە بابا پێیوایە گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم بەو زمانە دواوە[١٩]، بەمەش ئەم گوتارە لەئامانجە هەرەسەرەکییەکانی بیری کۆلۆنیالیزمەوە بیگرە تا بجووکترین کاریگەرییەکانی ، لاسایی کردنەوە وەك یەکێك لە هەرە کاریگەرییەکانی دێتە ئەژمار، لێرەوە زالّبوونی کۆلۆنیالیزم و دەسەلاَتەکەی شەرعیەت وەردەگرێ و خۆی دەکاتە نوێنەرو نمایندەی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکە .

**گایاتری جاکراورتی سپیڤاك** ( Gayatri Chakravorty Spivak)؛

یەکێکە لەنووسەرو قەلەمە دیارەکانی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم، هاوشانی ئیدواردسەعید سەرنج و خوێندنەوەی بۆ دەرکەوتەکانی بواری پۆستکۆلۆنیالیزم هەیە، بەلاَم زیاتر لە بواری فیمینیزم و بەرگیری کردن لەم بزاوتە سەرنجەکانی دەربریوە،پێیوایە خۆرئاوا خوێندنەوەیەکی سیاسیانەی دەربارەی ژنی خۆرهەلات هەیە،وایدەبینێ ئەو زولّمەی کۆمولگای خۆرهەلاَتی لە ژنی کردووە بەهەمان پێوانە ئەو تێروانیینە سیاسیانەی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ ژن هەیەتی زولّمی لێکردووە،چونکە ئەو دەنگ و رەنگەی خۆرئاوا بۆ ژنی خۆرهەلاَتی فەراهەمی کردووە، دەنگ و زمانی ئەو نین، بەمەش ئیسپواك چەقی قورسایی خوێندنەوەکانی بۆ مەسەلەی ژن لەدیدی پۆستکۆلۆنیالیزمەوە، وەستاوەتە سەر چەمکی( ژێر دەستە) ( subaltern) ،ئەو چەمکەی لە ئەنتۆنیۆ گرامشی وەرگرتووە، ئەمەش بۆ ئەو چینە دەگەرێتەوە کە لەژێر چنگی دەسەلاَتی زالّدایە،بەمەش چینێك بە هۆی رەگەز و جنسەوە لە مافەکانی نێو کۆمەلّگا بێبەش دەبێت . لێرەوە سەرنجەکانی سپیڤاك خۆیان دەردەخەن و وایدەبینێ داگیرکەران و دەسەلاَتی زالّ ، تا ئەو شوێنەی دەنگی ژێردەستەکانیان خنکاندووە ، ئیتر شوێنێکی بۆ قسەکردن نەماوەتەوە، سپیڤاك بۆ ئەم مەبەستە کتێبێکی لە ژێرناونیشانی ( ئایا ژێردەستە قسە دەکات؟) نووسیوە[٢٠]، لەم کتێبەیدا باس لە دیاردەی ژنی ژێردەستەو دەنگ هەلّبرینیان دەکات ،پێیوایە دەنگ و رەنگی ژێردەستە سەرباری شکاندنی هەموو کۆت بەندەکانی کەلتووری کۆمەلّگا ،ئەگەر بێتە گۆ ، ئەوا هەر نابیسترێ ، بەمەش ئاماژە بەدیاردەی دەنگ و قسە و پەیوەندی بە شوناسەوە دەکات، بۆیە پەیوەستی دەکات بەواقیعی ژن خۆیەوە ،پێیوایە دەنگ و قسە دیاردەن بۆ شوناس،بەمەش

شوناسی هەر ژنێك نەتەوەو زمانەکەیەتی ([٢]). داگیرکەران کاتێك رۆژهەڵاتیان داگیرکرد بەکەشتییەکانیانەوە پەرتوك و نووسراوە مێژوویی و کەلتووری نەتەوەیی رۆژهەڵاتیان لەگەڵ خۆیان برد و دەنگ و شوناسێکی تریان خستە شوێنی .

**بەشی دووەم /پراکتیکی**

**کەلتوور و دەرکەوتەی لە نێو رۆمانەکە:**

لەکۆمەڵگا مۆدێرن و نەریتگەراکاندا، تاك سەرچاوەی سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵگایە ، کۆمەڵگاش لەشێوەگرتنی کەسایەتی رۆڵ دەبینێ، لە کۆمەڵگای نەریتیدا تاك پەراوێزەو کلتوور و کۆمەڵ بە سەنتەر (ناوەند) کراوە، بەمەش کلتووری کۆمەڵگای نەریتی پتر کاریگەری بەسەر تێڕوانین و شێوەی بیرکردنەوەی تاك دەنوێنێ و تاك پتر بەدوای ناسنامەی خێڵ و هۆزو تایفەدا دەگەرێت ، هێندە بەدوای ناسنامەی کەسییەتی خۆیدا ناگەرێت، بەمەش تاکێك بەرهەمدەهێنێت لەناو (کۆ) بژێت و ( خۆ) فەرامۆش بکات و خۆی رادەستی قەدەری کەلتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگا بکات . لە رۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)ی عەتا نەهاییدا ،جیاوازییە کەلتوورییەکان زۆر بەروونی خۆیان دەردەخەن، ئەم رۆمانە پوختەی ژیانی ژنێکی کورد ، لە نێو دوو کەلتووری جیاوازدا باسدەکات هەروەکو چۆن یەکێك لەپرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم بەتەوەرکردنی دووکەلتوری جیاوازەو پاشان باڵانیشاندان و سەپاندنی کەلتووری رۆژئاوا بەسەر کەلتوورەکانی تری نەتەوە جیاوازەکان بەئەرکی خۆی دەزانێ . هەلاڵە کارەکتەری سەرەکی نێو رۆمانەکەیە و کچی خانەوادەیەکی بەناوبانگی وەکو (حمە رەشید ئاغا و سعادەت خانم) ە، ئەم کچە پەروەردەی ژیانی لادێنشینی و کەلتووری رۆژهەڵاتیانەیە، باوکی پاش تێکەڵ بوونی بەشۆرشی چەکداری و خەباتکردن لەپێناو خاك ونیشتماندا،کچ و کورانی ئەم خانەوادەیە هەمان رێچکەی باوکیان بۆ خزمەتکردنی نیشتمان دەگرنەبەر ، لەنێو شۆرشدا هەلاڵە دەبێتە کادیری بەشی راگەیاندن و لەرادیۆی شۆرش کاردەکات و لەم ماوەیەدا کورێك دەناسێ بەناوی (برایمۆك) ،دوای ماوەیەك دەبنە خۆشەویستی یەکترو رازو نهێنی دەکەوێتە نێوانیانەوە، پاشان لەشاخ بەهۆی رەنویی بەفرەوە برایمۆك دەکەوێتە ژێر بەفرەوەو دەمرێت، سەرەنجامی خۆشەویستی هەلاڵەش بەنامرادی دەگات ، هەرچەندە باوکی هەلاڵە چارەی برایمۆکی خۆشنەدەویست بەڵام لەبەر هەلاڵە بێدەنگی لێدەکرد، دوایی مردنی برایمۆك و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی وڵات و تێکچوونی نێوان حکومەت و شۆرش ، حمەرەشید بریاری جێهێشتنی نیشتمان دەدات ، شەوێك بەناچاری ماڵ و منداڵەکانی لەو شوێنەی لێی دەژیان بەیارمەتی چەند هاورێیەکی دەگوازێتەوەو هەلاڵە و کاروانی کوری حمە رەشید ئاغا بریاری چوونە دەرەوەی وڵات دەدەن، سەرەنجام هەلاڵە لە وڵاتی سوید دەگیرسێتەوە . لەرێگای نەسرین خانی مامۆژنی هەلاڵە،کە چەند ساڵێکە لەدەرەوەی وڵات دەژێن ، سعادەت خانمی دایکی هەلاڵە لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ژن لە کەلتووری رۆژئاوا ئاگادار دەکرێتەوە ، بەوەش باوکی هەلاڵە دەکەوێتە پلاندانان بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت کورێکی کوردی پەروەردە بوو، بە کەلتووری رۆژهەڵاتی بۆ کچەکەیان بدۆزنەوەو شووی پێبکات ،بەمەش داوا لە کورێك دەکات بەناوی (شێرزاد)، پاسەوانی خۆیەتی  و هەوڵی رازیکردنی دەدات بەوەی بچێتە وڵاتی سوید و کچەکەی بخوازێت و ببێتە هاوسەری ژیانی ،هەر چەندە لەسەرەتادا هەلاڵە ئاگاداری ئەم جۆرە کارە نییە چونکە باوکی هەلاڵە داوا لە هەلاڵە دەکات کەوا یارمەتی

ئەو کورە(شێرزاد) بدات بۆئەوەی لەرێگای چەند بەڵگە نامەیەکی ساختە ئەو کورە بکاتە مێردی خۆی و بیگەیێنێتە وولاتی سوید . هەلاڵەش لەسەر داواکاری باوکی ئەم کارە دەکات ، سەرەنجام هەلاڵە و شێرزاد دەبنە ژن و مێردی یەکتر .لێرەوە جیاوازییە کەلتوورییەکان سەرهەڵدەدات ، کەتەواوی رۆمانەکەش چەقی قورسایی خستۆتە سەر ئەم جیاوازییە و شێوەی ژیانی هەلاڵە و شێرزاد، کێشەکان لە چۆنیەتی ژیان و رەفتارەکانی هەلاڵەوە دەست پێدەکات . رۆماننوس لەرێی رۆمانەکەیەوە، هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمی لە دووتوێی دەقێکی رۆماندا وێناکردووە ،کەتیایدا یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی ئەم گوتارە لێدانە لەکەلتووری وولاتانی کۆلۆنیکراو ، بەواتای دەرخستنی رووە ناشرین و ناچیزەکانی ئەو کەلتوورەیە ،کەوا دەستێکی بالای لە دواکەوتن و سەرپێنەکەوتنی کۆمەلگادا هەیە، بەمەش خاڵە گەش و جوانەکانی کەلتووری ئەویدیکە زەقدەکرێتەوەو بەجوانترین شێوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەمەش جۆرە تێفکرینێك دروست دەکات کەوا کەلتووری رۆژهەلاتی زمانی خوێن و شمشێرەو جێگای برواومتمانە نییە،کەچی لەبەرامبەریدا کەلتووری رۆژئاوایی زمانی مەعریفە و پێگەیاندنی تاکە لە گشت کایەکاندا،تەنانەت ئەو سالانەی هەلاڵە بەتەنیا لەسوید ژیاوە تێکەلاوی کەلتوورەکەیان بووەو هەمان تێفکرین و رەفتاری ئەوانی نواندووە،کاتێك شێرزاد لەچارەنووسی ئارەزووی کچیان لە هەلاڵە دەپرسێ ((ئەو لێرە گەورە دەبێ و لێرەش مندالێ،کچ بێت یان کوڕ، بگاتە هەژدە سالێ یاسا مافی ئەوەی دەداتێ دایك و باوکی بەجێبێلێ و بروات شوێن ژیانی خۆی بکەوێت))[22] ،ئەم شێوە ژیانە بوەتە کەلتوور و تەواوی تاکەکانی پێی راهاتوون کەچی بۆ شێرزادی پیاوی هەلاڵە نامۆیە و ناتوانێ قەبولی ئەم شێوە ژیانە بکات ناچار زۆربەی کات کێشەو ململانێیەکانی نێوانیان لەئەنجامی جیاوازییە کەلتوورییەکانەوە سەریهەڵدەدا، تەنانەت شێرزاد دەیگوت:(( من لەیاسای ئەم ولاتە دەرچیم .ئەویاسایە من و ژن ومندالی من ناگرێتەوە))[23] . رۆماننوس لەرێگای خۆشەویستی نێوان هەلاڵەو برایمۆك و بەنامرادگەیشتنی ئەم دوو خۆشەویستەو پاشان لەقەدەرو چارەنووسێکی نادیاردا هەلاڵە و شێرزادی کۆنە پێشمەرگەی باوکی دەست لەملانەی ژیانێکی تازە دەکەن ، نووسەر خۆی خزاندۆتە نێو باس و بابەتێکی دیکە ،کە کەلتوورە جیاوازەکان بەربەستن لەبەردەم تێروانین و دنیابینینی تاکەکان ،ئەمەش هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمە بۆکۆمەلگا و کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان ، چونکە لەم جۆر کۆمەلگایانەدا(کۆمەلگای رۆژهەلاتی) تەواوی پانتاییەکانی ژیان و کایە و پێکهاتەکانی لەژێر کۆنترۆلی کەلتوورو داب و نەریتەکانیدان ، بۆیە هیچ هێزێك و کایەیەکی کۆمەلگا خاوەنی ناسنامە و شوناسی خۆیان نیین، رۆماننووس لەسەر زاری مەجیدی برای هەلاڵە هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمی بۆ کلتووری رۆژهەلاتی نیشانداوە و ئەم کلتوورەی بەمەترسی زانیووە،((هەلاڵە خوشکی من قوربانی ئەم کەلتوورەیە.ئەو قوربانی جەنایەتێکە کەلەم کەلتوورەوە سەری هەڵداوە. ئەم جەنایەتە دەبێ زۆر زیاتر لەمانە بەجەستەبکردرێتەوەو ریسوابکردرێت))[24] لەو کۆمەلگایانەدا یەك دنیابینی و یەك تێروانین بۆژیان و گۆرانکاری و مۆرالێ هەیە،بەمەش یەك حیکایەت کە کەلتوور ئاراستەکەرییەتی تەواوی مرۆڤەکان لەنێو چوارچێوەیەك قەتیس دەکەن ، قەدەر تیایدا قسەکەرو سەروەرەو، دەستە پاچەو ئەبلەقن لەبەرانبەر کەلتوورەکانی دەرەوەی خۆیان ، پۆستکۆلۆنیالیزم پێیوایە کەلتووری رۆژهەلات لەرێگای دەسەلاتەکەیەوە پانتاییە ژیارییەکان و جیهانبینیە جیاوازەکان دەکوژێت و لەچوارچێوەی هەژموونێکی دۆگمایی، تەواوی تاکەکانی کۆمەلگا ئاراستە دەکات ، بەناوی داب ونەریتەوە تەواوی تاکەکان جلەو دەکات و سەرجەم تێروانیینە جیاوازەکان لەناودەبات، بەمەش کەلتوور هەموو هەولێکی بۆ ئەوەیە تەواوی تێروانینە جیاوازەکان بەشێوەیەك بخاتە ژێرکاریگەریەکانی داب و

نەریت و رەوشت و پرەنسیپەکۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە، بۆ بەردەوامیدان بە دۆخێکی وەها پێویستی زۆری بە ستەمکاری و سەرکوتکردنی سەرلەبەری ئەو رەنگ و دەنگانەیە،کە تێروانین و حیکایەتی دیکەیان بۆ دیاردەکان و ژیان هەیە . لەنێو رۆمانەکەدا زۆر بەرونی ئاماژە بەچوونەژێرباری کەلتووری رۆژئاوا لەرێگەی کردەی (بەهی کردنە خۆ) ناچاربوونە بەهەڵگرتنی ناو و ناسنامەی جیاواز لەناو ناسنامەی راستەقینەدا،بەمەش هەڵهاتنە لە کەلتوورو شوێنکاتی نەخوازراو بەرەو شوێنکاتی خوازراو ،جیاوازییەکە لەوەدایە پشتکردن لە کەلتووری رەسەن و ملدان بۆ کەلتوورێکی تر ،توورهەڵدانی رابردووە، لەکاتێکدا رۆماننووس پێیوایە باوەشکردن بەکەلتوورێکی ترلەهەوڵی نەگەراندنەوەی زولم و زۆرە، کە بەدرێژای مێژوو لەژێر کەلتوورێکدا لێیکراوە،((ئەوەچارەنووسی تۆیە هەڵاڵە،کە خەنجەرێك شاخەو شاخ ،شارەوشار وڵاتەو وڵات شوێنت بکەوێ،تا لێرە لە ستۆکهۆلم ،لەگەرەکی فلەمینسبیرگ ،لەنهۆمی چوارەمی باڵخانەی ژمارە هەژدە لەسنگت بچەقێ))[٢٥] بەمەش زۆربەی جار تاك لەبارەی رۆڵی خۆیەوە لەنێو ئەم کەلتوورەدا جەخت لەسەر بێ دەسەلاتی خۆی دەکاتەوە، کە بریتییە لە هەستی بێئومێدی و شکست ، هەر ئەم هەستەی مرۆڤە بەهای مرۆیی خۆی لا کەمدەبێتەوەو لەژیان بێهیوا دەبێت ،بۆیە باوەشکردن بەکەلتووری رۆژئاوایی بەرێگە چارەو تەنها چارەسەر لەبەردەمیدایە بۆئەوەی هەم رزگاری بێت لە خودێکی بێ توانا لەبەرەنگاربوونەوەی ژیانی نەریتگەرایی و شکستخواردوو لەبینینی رۆڵی تاکانەی خۆی لەنێو کەلتووروکۆمەڵگاکەیدا ، بەمەش باوەشکردن بەکەلتووری رۆژئاوایی بۆ تاکی رۆژهەلاتی مانای کرانەوەی دەرگای هیوایە .بۆیە رۆماننوس زۆر بەروونی لەسەر زاری هەلاڵە ئەوجیاوازییە کەلتوورییە دەردەخات و دەڵێت:((کارێکی باشت کرد هاتی بۆ ئێرە،ئێرە جگە لەوەی کە زۆر خۆشە،شوێنی خۆپێگەیاندن و بەختەوەریشە))[٢٦] ،مەبەستی نووسەر لەوەدایە کەوا رۆژهەلات دۆزەخێکە هیچ ترسکاییەکی ژیانی بۆ تاك پێ نییە،لەبەرانبەردا کەلتوورو کۆمەلگایەکی دیکە هەیە، کەوا تاك تیایدا سەربەستەو مافی بوون وئازادی رادەربرین و ژیانی هەیە،ئەمەش بۆ خۆی وێنەیەکە لەو وێنانەی سیاسەتی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ رۆژهەلاتی کێشاوە. ئەم رۆمانە باس لە نەهامەتی تاکی کورد دەکات ،کە بەدرێژای مێژوو پێیەوەگیرۆدە بووە،چەقی قورسایی ئەم رۆمانە باسکردن لە کەلتوورو سیاسەت ،کە بەردەوام تاکی کورد گیرۆدەی کەلتوورێکە دەسەلاتی خۆی تێدا دۆراندووە، بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی کەلتوور بالادەستە چارەنووسێکی دیاریکراو بۆ تاکەکان دەستنیشانکراوە، بەمەش نووسەری رۆمانەکە هەر لەسەرەتاوە بەچارەنووسی کەسایەتی سەرەکی (هەلالە) ژیاوی کەلتووری رۆژهەلاتە دەست بەگێرانەوەی رەوتی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی دەکات، تەنانەت بە گۆرینی شێوەو شوێنی ژیانیشی ناتوانێ خۆی لەم کەلتووره رزگار بکات ، بۆیە عەتا نەهایی زۆر لێزانانە باس لەبەریەککەوتنی نێوان کەلتوورەکان و سیاسەتی ئاراستەکراوی کەلتووری دەکات . بەمەش پتر باس لە دەسەلاتی پیاوسالاری و بێمافی ژن وەکو وێنەیەکی کەلتووری رۆژهەلاتی دەخاتە روو، بەمەش نووسەر فەزایەکی خەڵقاندووە بۆ دەربرینی بیروراکانی بەمەش دوو خوشك و دوو دایك و چەندین کەسایەتی پیاو و ژن لەململانێدان و بەردەوام بەریەك دەکەون ، بۆیە دوو کەلتورو دووشوێنی جیاواز (کوردستان - سوید) ئاماژەی پێکراوە، نووسەر(عەتا نەهایی) هەوڵیداوە لەم نێوەندەدا پنتە جیاوازەکانی ئەم دوو کەلتووره بەرچاو بخات،کەتیایدا فەزای کەلتووری رۆژهەلاتی فەزایەکی نێرینەییە، هاوشانی ئەم فەزایەش کەلتووری رۆژئاوایی (سوید) بە کەلتوورێکی نەرم و مرۆڤدۆست وێناکراوە، رۆماننووس لەسەر زاری شێرزادەوە ئەمەی نیشانداوە((راستت بوێت ،منیش بەشوێن بەختەوەری کەوتووم،هەلاڵە .تەمەنای گەیشتن بەبەختەوەری منی

گەیاندۆتە ئێرە))[27] ،رۆماننووس مەبەستیەتی جیاوازییە کەلتوورییەکان کەوا پۆستکۆلۆنیالیزم جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەمیش بەهەمان شێوە ئەو وێنە نیشانداتەوە بەتایبەتی لەم کەلتووەرەدا(رۆژئاوا) تاك لە شێوەو چۆنیەتی گوزەرانی ژیانی ئازادە .

رۆماننووس لەنێو رۆمانەکەیدا،کەلتوور بەزادەی هەلومەرجی ئاینی و کۆمەلایەتی و مەعریفی کۆمەلگە دەزانێ،پێیوایە بەرهەمی بەریەککەوتنی هێزەکان و ئاکامە جیاوازەکانە، لەبەرئەوەی کەلتوور هەلقولاوی هەناوی کۆمەلگەیە و رێکەوتە سەیرو سەمەرەکان دروستیان نەکردووە،بەلام لە کۆمەلگەی رۆژهەلاتدا کەلتوور خۆی دەبێتە رێکەوت و لەقەدەری ئەو رێکەوت و دووبارەبوونەوەیی خۆیدا، ژیان بەتاك دەبەخشێت،کاتێك دایکی هەلالە لەزاری خێزانی مامی هەلالەوە دەبیستێ، کەوا هەلالە بەتەنها لە خانوویەکدا دەژیت ، ئارامی نامێنێ و دەکەوێتە بیرکردنەوە بۆئەوەی لەکوردستانەوە شوویەك (مێرد)ێکی بۆ پەیدا بکەن ، تا رۆژێکیان باوکی هەلالە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوا لە هەلالە دەکات کەوا کاتی خۆی کورێکی لای پێشمەرگە بووەو ئیستا دەیەوێ لە ئەوی مارەبکات و هەلالە بۆ لای خۆی بیبات(( بەروالەت شووی پێبکەیت .یەعنی لەسەر کاغەز خۆتی لێ مارە بکەیت و ئەوسا داوەتی بکەی ))[28]، تاك لەم کۆمەلگەیانەدا سەرکوتراوەو ترسێنراوە،ئەمەش پەیوەندی بە کەلتوورو ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە هەیە، هاوکات برێك شەرەنگێزی و بەرەنگاربوونەوەی لەگەلێ خۆیدا هەلگرتووە ، لەم کۆمەلگایانەدا ملکەچکردن بۆ دەسەلات ونەمانی ئینتیما ئامادەیی هەیە ، کە بەروالەت لە ژیانێکی مۆدێرندان و لەناوەرۆکیدا شێوە ژیانێکی خێلەکی دەژین ، کە بێبەشن لەهۆکارەکانی ژیانێکی کامەران و لەرێگەی بەدەستهێنانی ئەوکامەرانییەدایە ،کەئیدی ئینتیما لەدەست دەدەن(( هەلالە ئەگەر ئەو هەوالە بگاتە ئێرەو خەلك بیبستنەوە کەتۆ بۆ پیرەمێردێك حاشات لەمێردەکەت کردووە، باوکت دەبێ رووی خۆی رەش بکات و ئەم ولاتە بەجێبێلێت))[29] ،لەکەلتووری رۆژهەلاتدا ،سەرکەوتن و ژێرکەوتن، شکۆیی و شەرەفمەندی لەئەستۆی تاك نییە و بۆتاك ناگەرێتەوە، بەلکو پاراستنی کەلتوورو داب و نەریتی کۆمەلگە ئامانجەو تاك ئامرازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە،لەم جۆرە کەلتوورو کۆمەلگەیانەدا بەبەرنامەوە کار بۆ بزربوونی رۆلی تاك دەکرێت .

ئەم رۆمانە جەوهەری ناکۆکییەك بەردیدەدەخات کە خودی کەلتوور بەبەرپرسیار دەزانێ و هەلگری کۆمەلێك جیاوازی هەمەرەنگە ،بەمەش رۆماننوس تاکی رۆژهەلاتی وەك بوونەوەرێکی کەلتووری و کۆمەلایەتی ،ئاوێتە بەژیارییەکی ناوچەگەری کە هەلگری کۆمەلێك جیاوازی رەوشتی و ئاکاری و ئاینییە، بۆیە باس لە کەلتووری کۆمەلگایەك دەکات ،کەوا هەلگری جیاوازییەکانی خودی خۆیەتی لەبەرامبەر بوون و قەوارەی کەلتووری ئەوانی دیکە،هەرچەندە رۆماننووس باس لەداب و نەریتێك دەکات ،کەتەنها زمانحالی هەلسوکەوتە کۆمەلایەتی و ژیارییەکانی تاکی رۆژهەلاتی نییە، بەلکو رۆماننووس بەتەواوی رووئەچێتە کونجە تاریك و لابەلاکانی شارستانییەتی رۆژهەلاتی ،کەکاتێك دەربارەی کەلتووری ژن کوشتن، یەکێك لەرۆژنامەکانی ولاتی سوید لەسەر ئەم پرسە دەنووسێت(( ئەو کەسانە کەپاش سالەها دابران لەکۆمەلگە و کەلتووری رۆژهەلاتیناوەراست و پاش سالەها ژیان لەناو کەلتوورو کۆمەلگەی رۆژئاواییدا،ئاوا بەسووك و ئاسانی دەستیان دەچێتە ژن و مندالەکانی خۆیان ،بێگومان لەوە سوك و ئاسانتریش دەستیان دەچێتە ژن و مندالەکانی ئێمەش))[30]،بەپێی پرەنسیپەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم نووسەر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کەوا ناراستەوخۆ کەوتووینەتە ژێرکاریگەرییەکانییەوە بۆیە بەئەرکی تاك دەزانێ لەم سەردەمە نوێیەدا، نزیك بوونەوە لەمەوداو رەهەندە جیاوازەکانی کەلتووری ئەوانی

دیکە،گەلاڵەکردنی مانفێستێکە بۆ پرسیارگەلێکی هەنووکەیی لەژیان و مێژووی رابردوومان،بەمەش دیالۆگێکی کەلتووری دەسازێ بۆ نزیکبوونەوە و وەرگرتنی کەلتووری ئەوانی دیکە و پاشان خودێکی بەرپرسیار لەسەر ئاستی کۆمەلگەو ژیاری دێتە بەرهەم ، چونکە رۆماننووس پێیوایە کەلتووری رۆژئاوایی زمانی تەکنەلۆژیایەو لەسەر ئاستی جیهان رۆلێکی کارای هەیە .لەنێو رۆمانەکەدا نووسەر فەزایەکی بۆ جیاوازییە کەلتووریرکان سازاندووەو تیایدا بەهایەکی مرۆییانەی بەکەلتووری رۆژئاوا بەخشیوەو شارستانییەت بەبێ بوونی ئەو فەزا کەلتووریە بوار بۆ ژیان دەستەبەر ناکات ،کەلتوورێك ماکەکانی دووبەرەکی تێیدا وەلانراوەو وێنەیەکی زۆر رەونەقداری بۆ سازاندووە ،بەهاترین واتای پێبەخشیووە، بۆیە نووسەر ژیانی تاکی رۆژهەلاتی کردۆتە کالایەك و رۆمانەکەی پێرازاندۆتەوە، بەمەش چەمکەکانی وەکو دیموکراسی و پێکەوەژیان و دادپەروەری و لێبووردەیی ....هتد ،کردۆتە شوناسی کەلتووری رۆژئاواو ،لەدەرەوەی کەلتووری رۆژئاوایی بەهایەکی بۆ ژیان نەهێشتۆتەوەو ئەمەش پیرۆزییەکە ، کەچی لەوێنەیەکی تریدا رۆماننووس کەلتووری رۆژهەلاتی بەبوغزاویی و مێژوویەکی پڕ لەململانێ و یەکتر نەخوێندنەوە وێنە کردووە،بۆیە هەلالە دەلێت: ((باوکم دەیگوت دوژمنداره . دەیگوت زۆر کەس لەبۆسەیدا دانیشتوون تا فرسەتێکیان بۆ هەلکەوێت و زەفەری پێ ببەن.شتێکی بچووك لەخۆی یان ژن و مندالکەی گەورە بکەنەوەو حەیای ببەن ))[٣١] ، کۆمەلگەیەك کەلتوور بکاتە گوتارو ئەو حیکایەتەی، کە دەبێ تاکەکان لەدەوری کۆببنەوە،کۆمەلگەیەکی پڕکێشە و تاکێکی دلرەقی لێوەبەرهەمدێت ،ئەمەش ئەو ئامانجەیە پۆستکۆلۆنیالیزم دەیەوێ پێی بگات و لەگوتاری خۆیدا وێنای بکات . لەدیدی پۆستکۆلۆنیالیزم، پشت بەستن بەئایدۆلۆژیاو کەلتووری رۆژئاوایی ،کە وەکو بنەمایەکیش لەنێو رۆمانەکەدا بوونی هەیە و بەسەر تەواوی رۆمانەکەشدا زالە ، ئەوەیە کەوا باوەشکردنەوە بۆ وەها دۆخێك ئەوا خودێکی بالا لەسەر شکستی ئەویدیکە دروست دەکات .

نووسەر دنیایەکی گەشی بۆ ژیان و کەلتوورو سیستمی رۆژئاوا نەخشاندووە،بەمەش سەرەتاکانی بزاوتن و جوولە دەباتەوە بۆ رۆژئاواو، کلاورۆژنەیەك بۆ ژیان و گەلانی تری رۆژهەلات ناهێلێتەوە،کەرۆلیان لەبنیاتی ئەو شارستانییەتەی ئێستادا هەیە، بەلکو هەمووی کردۆتە میراتێك و پەیوەستی کردووە بەبارێکی مێژوویی و کەلتووری و ژیاری، هەموو دەستکەوتە بەپێزو جوانەکانی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو کردۆتە بەهای بالای کەلتووری رۆژئاوایی ،ئەمەش پتر سەندنەوەی ئەو رەهەندە مرۆییانەیە،لەنەتەوەو کەلتوورەکانیان و سەرەنجام کەلتوورێکی رۆژهەلاتی بێ بەهای نەخشاندووە،((بەپێی نەریتێکی رۆژهەلاتی هەر باوکێك کچەکەی بەشووبدات،لەرۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەك لەشێوەی ئەم چەقۆیە بەدیاری دەدا بەزاواکەی، تاهەرکاتێك کچەکەی پێچەوانەی داب و نەریت جولایەوە،بەو چەقۆیە بیکوژێت))[٣٢]،ئەمە سەردێری رۆژنامەیەکی سویدییە دوای رووداوی کوشتنی هەلالە بەم شێوەیە وەسفی کەلتووری رۆژهەلاتی کردوە،ئەمەش هەمان تێروانینی پۆستکۆلۆنیالیزمە، هەروەکو چۆن هەژموونی کەلتووری خزاندۆتە ناو رەهەندە ژیارییەکان و کردۆیتیە تەنیا سەرچاوەیەك بۆ ژیان ، بەلکو بەوەش نەوەستاوەو کەلتوورە جیاوازەکانی تری خستۆتە نێو قالب و لەچوار چێوەی داون و رێگەیان پێنادات لەناویەك شارستانییەت کە خۆی تیایدا بالادەستە ژیان بەسەر ببەن ،بەلکو ئێستا لەهەلوەشاندنەوەی هەمووکەلتوورەکانی تردایەو دەیەوێ بەتەنها یەك کەلتوور بالا دەست بێت، ناوەندێتییەکەی کەلتووری رۆژئاوا بێت و لەهەولی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی کەلتوری جیهانییە و پروپاگەندەی ئازادی بوون و سەربەخۆی بوونی ژیان بەگوێ تاك دەچرپێنێ . نووسەر هەولیداوە جیاوازییە کەلتوورییەکان لەبازنەیەکی

بەرتەسك قەتیس نەکات بەڵکو پەیوەستی سیاسەتی گشتگیری جیهانی کردووەو رەنگیداوەتەوە بەسەر تێروانیی دەسەڵاتی زلهێزەکانی جیهان ،مەترسییەکان لەوێوە سەرهەڵدەدەن،کە کاتێك کەلتوورێك دەیەوێت بازنە جوگرافی و مێژووییەکانی خۆی ببڕێت و هەوڵی خستنە ژێرکۆنترۆڵی کەلتوورێکی دیکەدا ئامادەنییە بوونی کەلتوورێکی دیکە قەبووڵبکات ،وێنەیەکی هۆشمەندی و ژیاری بۆ خۆی فەراهەمکردووە، وای دەبینێ کەوا کەلتووری نەتەوەکانی تر بجنە ژێر باڵی و بەسەروەری ئەو رازی بن . نووسەر لەوەسفکردنی چیرۆکی ململانێ خوێناویەکانی رۆژهەلاتدا ،وای نیشانداوە کەوا بێ تێفکرین و چوونە ناو سیستمی ئەقلی کەلتووری خۆرئاوا سەرکەوتنی بەهاو کەلتووری رۆژئاوایە بەسەر کەلتوورەکانی تردا ،(( ئەوە کارێکی هەڵەیە کە ئێمە ناتەواوییە کەلتووریی و نەریتییەکانمان لەخۆمان و خەڵکیتر بشارینەوە .لەکوردستان و لەناو هەموونەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەیان رەسم و داب و نەریتی لەم شێوەیە هەیە کە زۆر بەتوندی هەرەشە لەژیان دەکەن))[٣٣] ، نووسەر مەبەستییەتی ناتەواوییەکانی کەلتووری رۆژهەلاتی وێنابکات بە دژە ژیان و هەڵگری خەسڵەتی دووبەرەکییە و پێویستە بۆ ژیان چاو لەکەلتووری رۆژئاوا بکرێت .

**باوکسالاری و دەرکەوتەی لە نێو رۆمانەکە:**

باوکسالاری (پاتریارکی)، وەك زۆربەی زاراوەی بوارە جیاجیاکانی تر رەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانێتی گریکی و رۆمانی[٣٤]،ئیتر دەبێتە زاراوەیەکی باو ، نووسەرانیش لەبەرهەم و ژانرە ئەدەبییە هەمە چەشنەکان ڕەنگڕێژی دەکەن .ئەم چەمکە وەکو بنەمایەك لە تیۆری پۆستکۆلۆنیالیزمدا قورسایی خراوەتە سەر،چونکە لەرێگەی ئەم دیاردەیەوە،لە هەوڵدایە بۆ خوێندنەوەی نەتەوە جیاجیاکانی رۆژهەلات، دیارە مەبەستمان نەتەوەی کوردیش لەم نێوەندەدا بێبەری نەبووە، پۆستکۆلۆنیالیزم بۆئەوەی وێنەیەك بکێشێ و بیکاتە وەهمێك بۆشەرعیەتدان بەکارە داگیرگارییەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتیان، ئەمەش زۆربەی کات ئەدەب بەتایبەت ئەو ژانرانەی گێرانەوە تیایدا باڵادەستە دەبنە گوزارشتکەری ئەم شێوە سیاسەتە . ئاشکرایە پۆستکۆلۆنیالیزم دۆخێکی سیاسیە بەلاّم لەئەدەبیشدا خۆی نمایش کردووە.

کەواتە کاتێك دەڵێین باوکسالاری، مەرج نییە هەردەم ئەم زاراوەیە گوزارشت بێت لە دەسەڵات و حکومی باوك، و هەر لەم چوارچێوەیەدا قەتیس مابێت، بەڵکوهەموو ئەو تاکانەی وەك باوك، یاخود نێرینە بیر دەکەنەوەو خۆیان بەسەردار و ئەوانیدی بەژێردەستە دەزانن، و لەخەمی ئەمەدان چۆن هەژموون و دەسەڵاتیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن، و خۆیان بەسەربەخۆ و ئەوانی دیکە بە پاشکۆ بزانن خۆی نواندووە . باوکسالاری چەمکێکە سەروکاری لەگەڵ زۆربەی بوارو کایە و بابەتەکانی ژیاندا هەیە، واتە لەهەر زانستێکدا بۆ باوکسالاری بگەڕێین دەتوانین شوێنپێی بە ئاسانی هەڵبگرین، بەمەش بە ئەنجامێك دەگەین کە باوکسالاری چەمکێکی گشتگیرە و بەزۆربەی زانستەکانی تر شەتکدراوە بۆ نموونە دەتوانین هێڵە گشتییەکانی باوکسالاری لە سیاسەت و ئەدەب وکۆمەڵناسی و دەروناسی و زمانناسی و مرۆڤناسی و زایەندناسی و...هتد بدۆزینەوە. واتە هەر توێژەرێك بە پێی مەیدانی کارکردن و پسپۆڕییەکەی دەتوانێت باوکسالاری بخاتە چوارچێوە پسپۆڕییەکەی خۆیەوە، و هێلە تایبەتەکانی ئەم چەمکە بەدیار بخات.

لەنێو رۆمانەکەیدا رۆماننووس وێنەی گۆمەلگایەکی باوکسالاری نەخشاندووە ،کەتیایدا زۆر بە زەقی دەسەلات و خۆسەپێنی پیاوی نیشانداوە ، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێویستە ژن قسەو بڕیاری خۆی هەبێ،

كه‌چی باوكه‌كان له‌ شوێنی ئه‌وانه‌وه‌ قسه‌كه‌ر و بڕیارده‌رن ، ئه‌مه‌ش یه‌كێكه‌ له‌پرەنسیپه‌كانی پۆستكۆلۆنیالیزم كه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌ودیی سازی خۆی بنیاتده‌كات ، پۆستكۆلۆنیالیزم له‌ كۆمه‌ڵگای باوكسالاریدا ساناتر برگه‌ و بنه‌ماكانی خۆی ده‌چه‌سپێنێ چونكه‌ ئه‌و جۆره‌ كۆمه‌ڵگایانه‌ فه‌زای له‌باریان هه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی به‌سانایی كار له‌سه‌ر ره‌وتی گۆڕین و تێفكرینیان بكرێ ، بۆیه‌ ئامانجی پۆستكۆلۆنیالیزم ئه‌وه‌یه‌ له‌رێگای ده‌سه‌لاتێكی زاڵ ، نه‌خشه‌ و رێگایه‌ك بۆ ژێر ده‌سته‌ دیاری بكرێت و بۆی ببێته‌ به‌رنامه‌ و پرۆگرامێك ،هه‌روه‌كو چۆن سیاسه‌تی پۆستكۆلۆنیالیزم بریتییه‌ له‌ ده‌نگ و ره‌نگی نه‌ته‌وه‌ی ژێرده‌ست ، به‌هه‌مان شێوه‌ رۆمان نووس هاتووه‌ ده‌نگی باوكی هه‌لاڵه‌ی به‌سه‌ر ته‌واوی شێوه‌ی ژیانی هه‌لاڵه‌ زه‌ق كردۆته‌وه‌ به‌راده‌یه‌ك ده‌ستنیشانی هاوسه‌رێك بۆ هه‌لاڵه‌ به‌بێ خواستی خۆی ئاماژه‌یه‌كه‌ بۆ ئه‌و كۆلۆنیالیزمه‌ی كه‌ باوك و هزری كۆمه‌ڵگای باوكسالاری باوه‌ریان پێیه‌تی، (( كچم باش بیر له‌قسه‌كانم بكه‌ره‌وه‌،ئێمه‌ به‌رامبه‌ر به‌یه‌كترو به‌رامبه‌ر به‌و كه‌سانه‌ی كه‌خزمه‌تیان پێكردووین به‌رپرسین،به‌رامبه‌ر به‌ژیان و داهاتوویان به‌رامبه‌ر به‌مان و نه‌مانیان)) [٢٥]، ئه‌م رۆمانه‌ نیشانده‌ری ئه‌و راستییه‌،كه‌له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی باوكسالاریدا، هه‌ر پیاوه‌كان ڕووبه‌ڕووی ژنان نابنه‌وه‌، به‌ڵكو ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌كه‌ سه‌ر ده‌كێشێت بۆ نێوان پیاوه‌كانیش، پیاوێك یاخود كۆمه‌ڵێك له‌پیاوان ده‌یانه‌وێت هه‌رچۆنێك بێت هه‌ژموونی خۆیان به‌سه‌ر ئه‌وانی تردا بسه‌پێنن له‌ڕێی هێز و بازوو توندوتیژی و كوشتاره‌وه‌، لێره‌شدا هه‌ر له‌خۆوه‌ به‌شی ژنان ده‌بێته‌ په‌راوێزخستن، به‌بیانووی ئه‌وه‌ی له‌ هاوكێشه‌یه‌كی له‌مشێوه‌یه‌دا شتێك نییه‌ گوزارشت له‌ هێز و بازوو و ده‌سه‌ڵاتی ژن بكات، و به‌هۆی نه‌بوونی ئه‌و هێز و بازوو و ده‌سه‌ڵاته‌ی كه‌ پیاوان گه‌ره‌كییانه‌ ڕه‌وشێكی مه‌ترسیدار بۆ ژنان ده‌سازێنن ، واته‌ پیاوان به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی ده‌رچووی كۆمه‌لگه‌یه‌كی باوكسالارن، كۆمه‌ڵێك ناو و نازناو و پێگه‌ و چه‌مك و زاراوه‌ و وشه‌ی وه‌ك قاره‌مانێتی، سوار چاكی، ئازایه‌تی، به‌جه‌رگی، پاڵه‌وان، سه‌ركرده‌، جه‌نگاوه‌ر، پیاوه‌تی، برایه‌تی.......هتد، ده‌تاشن، بۆ ئه‌وه‌ی هێنده‌ی تر ده‌سه‌ڵاتی نێرانه‌ی خۆیان بسه‌لمێنن، و له‌ به‌رامبه‌ردا له‌پێگه‌ و ڕۆڵی ئافره‌تان كه‌م بكه‌نه‌وه‌، له‌م ڕووه‌ ئافره‌تان باجی قه‌به‌ و قورسیان داوه‌، به‌چه‌شنێك باجی پیاوه‌كانیش له‌سه‌ر ئه‌مان هه‌ژماركراون . ئه‌م رۆمانه‌ دركی به‌وه‌ كردووه‌ كه‌وا له‌ كۆمه‌ڵگا رۆژهه‌ڵاتییه‌كاندا باوكسالاری له‌ئه‌وپه‌ڕی ترۆپك دایه‌، و به‌ڕاده‌یه‌ك كه‌ هیچ مانایه‌كی بۆ تێفكرین و دنیابینی ژن ناهێڵێته‌وه‌ وه‌ك مرۆڤێك ، خودی ئافره‌ت ته‌نیا ده‌رهاویشته‌ی حه‌ز و ئاره‌زوو وروژاوه‌كانی سێكسیه‌ ، هه‌موو بوونێكیان له‌جه‌سته‌دا چڕ كردۆته‌وه‌ .

له‌ تێروانینی پۆستكۆلۆنیالیزمدا هۆ و ئه‌نجام هه‌یه‌ دیاره‌ ئه‌مه‌ش بۆ سیاسه‌ت و تێفكرنی نه‌ته‌وه‌ سه‌رده‌سته‌كان ده‌گه‌رێته‌وه‌،كه‌ هۆی داگیركردنه‌كه‌ په‌یوه‌ندی به‌ باری ئابووری و دۆزینه‌وه‌ی پانتایی بازارو ساغكرنه‌وه‌ی كالاكانیه‌تییان ، ئه‌نجامه‌كه‌شی له‌رێگای پرۆسه‌ی كۆلۆنیالیزمه‌كه‌وه‌ خۆی به‌یانده‌كات ،به‌هه‌مان شێوه‌ رۆماننووس هاتووه‌ ئه‌م وێنه‌یه‌ی خستۆته‌ دوو توێی رۆمانه‌كه‌یه‌وه‌ و له‌ هه‌وڵی شیكردنه‌وه‌و لێكدانه‌وه‌ی ئه‌م دیارده‌یه‌،به‌مه‌ش رۆماننووس ئه‌م وێنه‌یه‌ی گواستۆته‌وه‌ بۆ بارێكی دیكه‌ و له‌ هاوكێشه‌ی باوكسالاریدا جێگه‌ی بۆكردۆته‌وه‌،بۆیه‌ نووسه‌ر له‌كه‌سایه‌تی شێرزاددا ئه‌م وێنه‌یه‌ی به‌رجه‌سته‌كردووه‌،(( ئه‌و ساته‌وه‌خته‌یه‌كه‌ده‌بوو هه‌لاڵه‌ تیاله‌باوه‌ش بگرێت، له‌شی نه‌رم و ناسكی له‌باوه‌ش بگرێ، هه‌لاڵه‌ ئێستا له‌سه‌ر چرپاكه‌ راكشابوو،له‌شی گه‌رم و رووتی ،شل و شه‌كه‌ت له‌سه‌ر چرپاكه‌ كه‌وتبوو)) [٣٦] ، لێره‌دا نووسه‌ر شێرزادی وه‌كو كه‌سایه‌تی سه‌ره‌كی نێو رۆمانه‌كه‌ی نیشانداوه‌ ، كه‌وا هه‌میشه‌ خه‌یاڵی كردووه‌ جه‌سته‌ی هه‌لاڵه‌ بۆ مه‌رام و

لەزەتی خۆی بەکاربێنێ ، کەتیایدا تێڕوانین و دیدگەی نێرینە بۆ مێینە دەتوانین بە پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجامەکەی بچوێنین کە لەم پەیوەندییەدا مێینە دەبێتە هۆ و هۆکار، و نێرینەش دەبێتە ئامانج. نێرینە دەیەوێت بەشێوازێکی وا نەرێنی لەسەر مێینە کار بکات، کە دایکایەتیشی پێ ڕەوا نەبینێت، لە کاتێکدا دایکایەتی لەلای ئافرەت بەر لەوەی گوزارشت بێت لەشادی و شکۆیی، بەدرێژایی تەمەنی ئەو ئافرەتە ئازار وناخۆشی و بەرپرسیارێتیەکی قورسە ، بەلام دەبینین وەك پێویست ئەم ئەرکە قورسەی ئافرەت مایەی گرنگیدان و بایەخی پێدان نییە، بەمەش نووسەر دڵرەقی پیاوی رۆژهەلاتی بە جۆرێك وێنەکردووە،کەتەنانەت لەبەر چاوی منداڵە پێنج ساڵییەکەی(ئارەزوو)، شێرزادی پیاوی هەلاڵە، هەلاڵەی خەڵتانی خوێن دەکات،بەدەم هەنسك و ئاخ کێشانەوە دەڵێ: (( کاری باشت نەکرد شێرزاد ،لانیکەم نەدەبوو لەبەرچاوی ئەو منداڵەدا))[37] لێرەدا نووسەر هەمان وێنەی بەکارهێناوە کەوا لەپۆستکۆلۆنیالیزمدا بۆ پیاوی رۆژهەلاتی وێناکراوە،کە ئەویش دڵرەقی و لەزەت بینینە لەرشتنی خوێن و کوشتن ، دیارە نووسەر ویستوویەتی لەرێگای کارەکتەرەکانییەوە راستی وێنەکان بسەلمێنێ،ئەمەش ئەو هو و ئەنجامەیە کەوا پۆستکۆلۆنیالیزم لەرێگای نووسین و ئەدەبیاتەوە بەردیدەی تاکی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکەی دەخات،بۆئەوەی وا پیشانی بدات کەوا کەلتورێکی نەشیاو بەژیان و نەگونجاو بەسەردەمتان هەیە و پێویستە چاو لەکەلتووری رۆژئاوا بکەن . رۆماننووس پێیوایە سیستەمی سیاسی وڵات و سەردەستەیی نەتەوە و ژێردەستەیی لە تۆخکردنی باوکسالاری یاخود کاڵکردنەوەی ڕۆڵ دەبینین ((کوڕی من کارێکی کردووەلەئیمرۆە تاسەد ساڵی تریش کەس لەم شارو گەرەکە ناوێرێ بەلایدا بکۆکێ،بەخراپ سەیری بکات ))[38].لێرەدا رۆماننووس ئاماژە بە سیستەمی سیاسی تەندروست دەکات، تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بونیادنانی تاك، چونکە نا تەندروستی سیستەمی سیاسی و نەتەوەیی، تاك ڕووبەڕووی زۆرترین دەرد ی درێژخایەنی دەکاتەوە، بەچەشنێك ئەم دەرد و نەخۆشییە سەردەکێشێت بۆ بوون بە کەلتوورێکی باو و چەقبەستوو. بۆیە کاتێك نەتەوەیەکی سەردەستە، نەتەوەیەکی ژێر دەستە دەچەوسێنێتەوە ئەوا چەوساندنەوەی ژن لەبەرامبەر چەوساندنەوەی پیاو ئەوەندەی تر زیاتر دەبێت،بۆ ئەم مەبەستە نووسەر باسی ئەو ساتە وەختە دەکات کەوا کاتێك حمەرەشید ئاغا لەترسی دەسەلات و ئاشکرابوونی لەنێو شار بریاری چوونە شاخ دەدات ئەمەش بۆ سوعادی خێزانی زۆر ئەستمە بێت کەوا ژنێك بە کۆلێك منداڵەوە روو لەشاخ بکات،(( بەژن و منداڵەکانم بلێ خۆیان بپێچنەوە، لەم شەوانەدا کەسێکی ئەمین دەنێرم بەشوێنیاندا بیانهێنێت بۆ لای خۆم))[39] ، لێرەدا رۆماننووس ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کەوا لەدۆخێکی ئاوادا ژنان زۆرترین قوربانی دەدەن، چەندین ئەرکی تریان دەکەوێتە سەر دەبێتە باری قورس بەسەریانەوە سەبارەت بە سیستەمی سیاسیش بەهەمان شێوەیە،کە نەتەوەی ژێردەست زۆرترین قوربانیدەری دەسەلاتی زاڵە، پۆستکۆلۆنیالیزم بەردەوامیدانە بەو دەسەلاتەو شێوەی تێفکرینی بۆ نەتەوەکانی دیکە. خوێندنەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم بۆ گوتاری نێرسالاری لەکەلتوورو کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکاندا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە قەبارە و سەنگی مێینە کەم بکاتەوە، و کۆت و بەندی بخاتە سەر و گەمارۆی بدات، بۆ ئەوەی گوتارە نێرسالارییەکە سەنگینتر و کامڵتر خۆی بنوێنێت دەشێت نەتەوەیەکی سەردەستە، کە هەڵدەستێت بەچەوساندنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەستە، نێرەکانی ئەو نەتەوەیە ژێر

دەستە لە هەمبەر نێرەكانی تری نەتەوەی سەردەستە، گرێی هەست بە كەمیكردنیان لەلا دروست ببێت، بۆ قەرەبووكردنەوە و هەڵڕژاندنی ئەم گرێیەی هەست بە كەمییەش، ژنانی نەتەوەكەی خۆیان بكەنە ئامانج،((زۆرم بەلاوە ناشیرینە كەژن و پیاوی ئێمەش وەك سویدییەكان لەبەر چاوی میوانی ناسیاو و غەریبەدا یەكتر لەباوەش دەگرن و یەكتر ماچ دەكەن))[٤٤] ، رۆماننووس پێیوایە تاكی رۆژهەڵاتی لەكەم توانایی و لاوازی لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەن لە ژنەكانیان،بەمەش عەقڵییەت و كەلتووری باوكسالاری لەنێو میللەتانی رۆژهەڵات ، بە زەرەر و زیانی ژنان تەواو دەبێت، هەروەها جەستەی ئافرەت تاراەیەك بۆ هەندێك لە ئافرەتان بۆتە مایەی بەڵا و بەدبەختی، و جەستەیە كە بۆ خودی ئافرەتەكە، هەمووی تەقەمەنییە و بەتەقینەوەی تەنیا زیان بەخۆی دەگات و خودی خۆی لەناو دەچێت، لە هەمانكاتدا ئەو جەستەیە بۆ نێرەكان كاڵایەكی گرانبەها تا ئەو دەمەی هەرمێنی هەیە، و بازرگانی پێدەكرێت، واتە كولتووری باوكسالاری بەچەشنێك گوزارشت لە ژن دەكات، كە بۆ دواجار بە ناشیرینكردن و ناوزراندن و توانەوەی قۆناغ بە قۆناغ كۆتایی پێدێت، ئازادییەكانی لێتەسككراوەتەوە كە بۆتە مایەی خامۆشی و كپبوون و كاڵكردنەوەی بەمەش دەگەینە راستییەك كە رۆژهەڵات وەك پێویست نەیانتوانیووە باس لەژن بكات وەك مرۆڤێك و مافەكانی لێزەوتنەكەن و شوناسی مێینەیی لەپاڵ شوناسی نێرینەیی بەبوێری بناسێنن.

رۆماننووس كولتووری باوكسالاری لەچەندین رووەوە بە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی پاشایەتی چواندووە، باوك، یاخود نێرینە هەمیشە كار بۆ ئەوە دەكات دەسەڵاتەكەی بەنەمری بمێنێتەوە، و دەسەڵاتەكە لەباوكەوە بۆ كوڕ و نەوە درێژەی پێبدرێت . لە كۆمەڵگەی باوكسالاری دا، باوك هەمیشە وێڵە بۆ ئەوەی لەنێو كوڕەكانیدا ئەو دەسەڵاتە ببەخشێتە ئەو كوڕەی خۆی، كە پێیوایە كۆپییەك و دانەیەكی تری هاوشێوەی ئەوە لە هەموو رووەكانەوە لەو دەچێت. باوك ئەو كوڕەی زیاتر خۆش دەوێ كە بەشێوەیەكی باشتر خواست و ئاواتەكانی ئەو بەدی دەهێنێت، كوڕێكی لەم چەشنە زیاتر شیاوە بۆ ئەوەی جێگرەوە و میراتگری باوكی بێت، بۆیە رۆماننووس لەنیشاندانی هەڵوێستی حمەرەشید ئاغای باوكی هەڵالەدا،كاتێك هەستدەكات مەجیدی كورە گەورەی لەبیروبۆچون و تێروانینەكانیدا جیاوازە،دەكەوێتە بەهانە پێگرتن و لەماڵ دەریاندەكات ((ئەوانە كوری من نین.كەواتە حەقیان نییە لەمەودوا سەر بەماڵی مندا بكەن))[٤٥]،رۆماننووس پێیوایە كولتووری باوكسالاری زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، كە لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا خۆشەویستی وەك پێویست بوونی نەبووە، و لەجیاتی خۆشەویستیش رق لێبوونەوە و تۆڵەكردنەوە بۆتە شوێنگرەوەی، و ئەمانە بوونەتە ئەلتەرناتیڤێك كە بۆ ئەوەی گوزارشت لەخۆشەویستی بكەن بەبیانووی جۆراوجۆر. رۆماننووس وایدەبینێ باوكسالاری كولتوورێكە پەیوەستە بە كۆمەڵگە و دیاردە جۆر بەجۆرەكانی كۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئایین رۆڵی خۆی بینیوە لەگەشە و برەو سەندنی سیستەمێكی لەم شێوەیەدا، بەتایبەت ئەو كاتەی ئایین لەلایەن نێرینەكانی كۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیشكێننەوە، و دەقەكانی ئایین لە بەرژەوەندی خۆیان راڤەی بۆ دەكەن، و بەرووی مێینەكانی كۆمەڵگەیدا دەدەنەوە، وەك چەكێكی چەند سەرە لەهەمبەریان بەكاریاندێنن . برەوسەندن و رەگدا كوتانی كولتووری باوكسالاری لەزۆربەی كۆمەڵگەكان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كەخودی ژن كەمتەرخەمن لە بەرامبەر پرسە مرۆڤسالارییەكەی خۆیان، بەهۆی لایەنی پتەویی و پێگەیشتنی هەست و سۆزیان وایكردووە

پیاوانیان لە خۆیان خۆشتر بوێت بەڕادەیەك كە هێندە خودی خۆیان خۆشنەوێت،ئەمە لەنێو ڕۆمانەكەدا زۆر بەڕوونی ڕۆماننووس بەدیاریخستووە ،كەكاتێك حمە ڕەشید ئاغا هاتووچۆی ماڵی سۆفی برایم دەكات ،كچێكی جوانی بەناوی ڕەعنا هەیە،دوای شوپێكردنی بۆماوەی ساڵێك ئەم كچە ئامادەنییە تەلاق وەربگرێ (( من زیاتر لەساڵێكە شووم پێكردووە،هیچ گلەییەكم لێی نییە، كەواتە بۆ دەبێ تەلاقی لێوەربگرم؟ لەسەرچی؟من جێی كەسم تەنگ نەكردووە،بەشی كەسیشم نەخواردووە،سەد پیاو هەیە كە دووژنی ببێت ،ئەوان لەماڵی خۆیان و منیش لەماڵی خۆم))[٤٢] ،لە بارودۆخێكی ئاواشدا پیاوان ئەمە بەهەڵێكی زێڕین دەزانن بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆیان، ئەمەش ناچونیەكی و ناهاوسەنگییەكی ڕوونە، چونكە لێرەدا ژن ئاوێنەیەكی سیحرییە، یاخود كاڵایەكە لەدەستی پیاودایە، بۆ ئەوەی بەویست و ئارەزووی خۆی قەبارەكەی گەورەتر بكات و پانتاییەكەی لە ڕووی دەسەڵات و هێزەوە فراوانتر بكات.

كولتووری باوكسالاری لە كۆمەڵگەی كوردی، هەر لەچوارچێوەی كولتووره كۆمەڵایەتییەكە نەماوەتەوە، بەڵكو باوكسالاری لەكۆمەڵگەی ئێمەدا فرە مانا و فرە ڕەهەندە، و پەلوپۆی بۆ سیستەمی سیاسی و ئابووری و دەسەڵات ...هتد هاویشتووە، و ئاوێزانی ئەم سیستەمانە و سیستەم گەلێكی تر بووە. بەواتایەكی تر لە جیاتی ئەوەی تاكی كورد لە هەوڵ و تێكۆشانی ئەوە دابێت باوكسالاری بەهەموو مانا و مەدلوولەكانییەوە كاڵبكاتەوە، هەمیشە لەمشوور و مژولی ئەوەدایە ئەم دەسەڵاتە هێندەی تر تۆخ بكاتەوە. ئاشكرایە باوكسالاری وەك كولتوور و سیستەم، لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر جیاوازی هەیە،عەتا نەهایی باوكسالاری دەبەستێتەوە بە عەقڵیەتێكی چەقبەستووی بێبزووت و بێجووڵە چونكە پێیوایە پیاوێكی ڕۆژهەڵاتی لە دۆخی ئاساییدا، سەر بەچین و توێژێكی ئاسایی بێت، جیاوازی نییە لەگەڵ پیاوێكی ڕۆشنبیر، كە سەر بەتوێژێكی دەستەبژێر و بژاردەیە، هەردووكیان هەمان بیركردنەوە و عەقڵیان هەیە، بەڵام لە ڕووخسار و بەرگدا جیاوازن، بێگومان ئەمەش بۆ چوونێكی ڕەهایە دەشێت بە ڕێژەیی دەری ببڕیبایە.هەروەها عەتانەهایی پێیوایە پیاو پیاوەتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ببێتە جەللادێك بە ئازاردانی قوربانییەكەی (ژنەكەی) تام وچێژ و شكۆمەندی وەربگرێت، و وەك پۆلیس و چاودێرێكی نهێنی وابێت بیەوێت بۆسەی كەمەرشكێن لە بەرامبەرەكەی بدات، و نەهێڵێت ببێتە هاوتاو هاو ڕازی((تۆ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت گاڵتە بەحەیا و شەرەفی باوكت بكەی؟ ئەو هەتیوانەی برات چۆن لێت قبووڵ دەكەن؟ مامە فەتاحت چۆن ......))[٤٣] ، گوتاری باوكسالاری لەكۆمەڵگەدا، هەر بە تەنیا لە خەمی ئەوە دانییە كە لەڕێی ڕووبەڕوو بوونەوە ژن دەستە مۆو ملكەچ بكات، بەڵكو دەیەوێت لە ڕێی دەسەڵاتەكەیەوە ڕووبەڕووی كوڕەكانیش ببێتەوە و ، تەنانەت هیچ گیانێكی یاخبوونیشیان تێدا چەكەرە نەكات، بەم هۆیەوە بەویست و حەزی خۆی ئاراستە یان بكات . واتە دەسەڵاتی ڕەهای باوك لە كۆمەڵگەدا هەر مەبەست و ئامانجی ئەوەنییە تولە ڕێ و كوێرە ڕێی پیشانی ژن بدات بۆ ئەوەی بەبێوەیی دەرنەچێت، بەڵكو لە هەوڵی ئەوەشدایە لە هەندێك حاڵەتەدا بەتایبەت كاتێك كوڕەكان وێنەی باوكیان نانوێنن، تووشی هەمان چارەنووسی ژنانیان بكاتەوە، كەواتە باوكسالاری لەچەكێكی دووسەرە دەچێت ، كەواتە باوكسالاری مەبەستییەتی لەلایەك مێیینەكان، لەلایەكی تر نێرینە یاخییەكان بكات بە پەیڕەیەكی تۆكمە و قایم بۆ ئەوەی لەسەر ئەمانەدا خۆی لە لووتكەدا ببینێتەوە. لەكاتێكشدا دەبێت ئەوە بزانین نەژن وەك ڕەگەزێكی سەربەخۆ، و

نەکورە یاخییەکانیش سەر بەهەمان رەگەز، بوونێکی بێهێز و لاوازنین و سەربەخۆن، بەلام دەبینین لە ئەنجامدا کولتووری کۆمەلگە، کەگوتاری باوکسالاری تێیدا زالە، دەیانکات بە بوونەوەرێکی بێهێز و لاواز و ژێر دەستە، بەجۆرێك هەم ژنەکە، وهەم کورە یاخییەکان پاشکۆیەتی بە زۆرەملێ و ناچاری قبوول بکەن دەشێت لێرەدا بیانووی باوکسالار بۆ ژنەکە ئەوەبێت کە بۆ هەمیشە عەقلی ژن ناخەملیووە، و عەقلی کور و نەوە یاخییەکانیش لەئێستادا بەهۆی تەمەنەوە لەبەرامبەر عەقلی باوك باش نەخەملیووە،کاتێك رەعنای کۆنە خێزانی حمەرەشیدئاغای باوکی هەلالە باس چارەنووس و چارە رەشی خۆی دەکات و دەلێت: ((ئەرێ دەزانم .چالێکە لەسەر رێم هەلکەندراوە و دەبێ بکەومە ناوی . تەلەیەکە لەبەر پێم داندراوەو دەبێ پێوەی ببم)) [٤٤] ، بەمەش لەکۆمەلگەیەکی باوکسالاری وەك کۆمەلگەی کوردی، لەگەل ئەوەی پیاوان هەمیشە لەهەولی ئەوەدا بوونە کە هێز و توانا و دەسەلاتیان لە هەمبەر ژنان تاقیبکەنەوە، جا بەهەر شێوەو شێوازێك بێت، کەچی دەبینین ژنان لە کۆمەلگەی کوردیدا زۆر بە کەمی هەولیانداوە تۆلە لەپیاوەکانیان بکەنەوە، یاخود بەشێوەیەك لەشێوەکان لێیان یاخی بن، یاخود بگەنە رادەی لەرێ لادان، ئینجا ئەو یاخیبوون و لەرێلادانە رووحی بێت، یاخود جەستەیی بێت، لێرەدا دەکرێت نەبوونی دیاردەیەکی لەمشێوەیە لەنێو کۆمەلگە و تاکی کوردی لەرابردوودا بۆ دووخال بگەرێنینەوە، یەکێکیان لەوەدا خۆی دەنوێنێت ، کە مرۆڤی کورد هەمیشە لەزۆربەی بارودۆخ و شوێنکاتە جیاوازەکاندا پەیوەست بووە بە داب و نەریت و کولتووری نەتەوەیی خۆیەوە، ئەوەی تریشیان پەیوەستە بەوەی کە کۆمەلگەی کوردی بەدرێژایی سەردەمەکانی مێژوو کۆمەلگەیەکی تارادەیەکی زۆر رۆحانی بووە هەرگیز پشتی لە ئایین نەکردووە، لەئایینی زەردەشتەوە تا ئایینی ئیسلام، گوتاری ئایینی لەنێو رۆحی تاکی کوردیدا بەردەوام بوونی هەبووە.

رۆماننووس پێیوایە یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کەوایکردووە باوکسالاری وەك کولتوور و سیستەمێکی چەقبەستوو بمێنێتەوە، گوتار خوازییەکەی فراوان و پانتاییەکی زۆرتر بگرێتەوە، نەبوونی بەرهەمی هزریی و ئەدەبیی ژنانە، لە کۆمەلگەی باوکسالاری، گەر ئەم چەشنە بەرهەمانەش بوونیان هەبێت گەلێکجار لە پەنجەی دەست تێپەرناکەن، و یاخود لەنێو بەرهەمی پیاوانە تووشی تەنگە نەفەسی هاتوون، بۆیە رۆماننووس لەسەرزاری یەکێك لەکارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکەیدا(سەعید) ئەم وێنەیەی بەرچاو خستووە،کە بەردەوام ئامۆژگاری هەلالەی کردووەو،ئەمیش بە فریادرەسی خۆی زانیوە،بۆیە سەعید دەلێت: ((دەیویست بەردەوام قسەی بۆ بکەم .بۆی بدوێم . لەمرۆڤ و ژیان و خۆشەویستی و.... منیش بێدرێغی ،لەوەی کە دەمزانی و بروام پێی بوو بۆی دەدوام .لەئەدەب ،لە فەلسەفە،لەزمان و جوانی ناسی)) [٤٥]، رۆماننووس مەبەستیەتی بەهۆی گوتار زالییەکەی باوکسالاری بەشێکی زۆری نێرینەی کوردیی بەعەقلییەتە کۆنخوازییەکەی دوێنێی، خەم و خەون و خەیالی گەورەی ئەوەیە مێینەیەکی نوێخوازیی تەواو هاوچەرخ بخوازێت، و هەر بەعەقلیەتی دوێنێ بیدوێنێت و بیوروژێنێت. واتە پیاوی کوردیی بێئەوەی یەکەبەیەکەی قۆناغەکان ببرێت، چەندین قۆناغی بەیەك هەنگاو برپیوە، و گەرەکییەتی مێینەیەکی ئایدیالیی ببێت بەهاوسەری ، بە عەقلییەتێکی خێلەکی هاوسەرێتی لەگەل ژنێکی عەقلشارنشینی بکات، و لە کاتێکدا ئەو ژنە هەموو تایبەتمەندییەکی تێدا بێت بەپێ پێوەرەکانی دوێنێ و ئەمرۆ، لەکابانییەتی و مالدارییەوە بۆ خانەدانیی و بروانامەداریی .

ئەنجام

- ئەم رۆمانە بەهەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزم ، وێنەی ژێردەستەیی و کوشتنی ژنی نەخشاندووەو کەلتووری کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی بە هۆکاری ئەم دیاردەیە زانیوە .
- لەنێو رۆمانەکەدا، رۆماننووس، لەهەوڵی بێ بەها نیشاندنی کەلتووری نەتەوەییە،کەکاتێك هەڵاڵەی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە ناتوانێ بەئارەزووی خۆی خۆشەویست و دڵخوازی خۆی دەستنیشان بکات
- باوکسالاری وەکو سیستەمێکی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی لەنێو رۆمانەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەهۆکاری نەبوونی شوناسی ژنی لەقەڵەمداوە .
- باوکی هەڵاڵە بریاردەری چارەنووسی هەڵاڵەیە ،ئەمەش هەمان گوتاری پۆستکۆلۆنیالیزمە ،کە پێوایە ژنی رۆژهەڵاتی خاوەن شوناس و ناسنامەی خۆی نییە .
- ئەم رۆمانە زۆر بەرِوونی جیاوازییە کەلتوورییەکانی نیشانداوە،بەتایبەت لەنێوان تاکی رۆژئاوا (سوید) و،تاکی رۆژهەڵاتی(کورد)،کەتیایدا کەلتوری رۆژهەڵاتی لەبەردەم خەون و خولیای ژن، بەبەربەست زانیوە.

**پەراوێزەکان:**


1) William Craigie ,long man dictionary of American English,5th edition .
2) Christopher O'Reilly,Post-Colonial literature, Cambridge University perss, p6.
3) Abrams, M. H., & Harpham, G. (2011). *A glossary of literary terms*: Cengage Learning
٤) کۆمەڵێك نووسەر ، سەرەتاکان ،وەرگێرانی شوان ئەحمەد،چاپی یەکەم،چاپخانەی بینایی،سلێمانی ،٢٠١١،ل٣٣-٤٠.
٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل
6) . Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism*, 20
٧) مەنسوور وسووقی– عەلی ئەکبەر نیك خولق،بنەماکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێرانی سیروان محەمەد حاجی،چاپی یەکەم ،چاپخانەی موکریان،هەولێر،٢٠١٣،ل ١٢٥.
٨) رەفیق سابیر،کەلتوورو ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی،٢٠٠٨،ل١٧.
٩) عەتا قەرەداغی،کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری ،سلێمانی ، ٢٠٠١،ل ١٢٤.
١٠) رەفیق سابیر ،کەلتورو ناسیۆنالیزم،چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨،ل٣٧.
11) Lewis, R., & Mills, S. (2003). *Feminist postcolonial theory: A reader*: Routledge.
١٢) د.حسەین بەشیرییە، تیۆری کەلتووری،وەرگێرانی مەنسوور تەیفوری،چاپی یەکەم،چاپخانەی بینایی،هەولێر ،٢٠١٣،ل١١٥-١٢٠.
13) . Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism*, 20
١٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦.
15) Spivak, G. C. (2000). Foreword: upon reading the Companion to Postcolonial Studies.
16) *A Companion to Postcolonial Studies, 19* .
17) Katrak, K. H. (1989). Decolonizing culture: Toward a theory for postcolonial women's texts.*MFS Modern Fiction Studies, 35*(1), 157-179 .
18) Young, R. J. (2003). *Postcolonialism: A very short introduction*: Oxford University Press
١٩) مەریوان وریا قانع ،کتێب و دونیا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی،٢٠١١،ل٨٩- ٩٠.
20) https://en.wikipedia.org/wiki/Homi_J._Bhabh
21) https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
22) https://www.academia.edu/3644590/Can_the_Subaltern_Speak- _Summary

٢٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە(دوارۆژەكانی ژیانی باڵندەیەكی كۆچەر)،چاپی یەكەم ،چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠٠٧، ل ١٦.
٢٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١٦ .
٢٥) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٣١٢.
٢٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل١.
٢٧) عەتا نەهایی،گرەوی بەختی هەلاڵە ،ل ٢٥٦.
٢٨) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٥٦.
٢٩) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٢٤٦.
٣٠) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٩.
٣١) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٣١١.
٣٢) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٢٣٢.
٣٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل ٣١٩.
٣٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە،ل٣٢١.
٣٥) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی،چاپی یەكەم ، چاپخانەی بینایی،سلێمانی،٢٠١١، ل١٦٧.
٣٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل٢٤٧.
٣٧) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل٦٨.
٣٨) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ،ل١٠.
٣٩) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٥٦.
٤٠) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٤٨.
٤١) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل٨٥.
٤٢) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١٤٤.
٤٣) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل١١٢-١١٣.
٤٤) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٢٦ .
٤٥) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ١٢٠.
٤٦) عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە، ل ٣٤١.

**سەرچاوەکان**

**کتێبی کوردی**


- د.حسەین بەشیرییە، تیۆری کەلتووری،وەرگێرانی مەنسوور تەیفوری،چاپی یەکەم،چاپخانەی بینایی،هەولێر ،٢٠١٣.
- رەفیق سابیر ،کەلتورو ناسیۆنالیزم،چاپی سێیەم،چاپخانەی تیشك،سلێمانی ،٢٠٠٨ .
- عەتا نەهایی ،گرەوی بەختی هەلاڵە(دوارۆژەکانی ژیانی باڵندەیەکی کۆچەر)،چاپی یەکەم ،چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠٠٧.
- عەتا قەرەداغی،کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد،چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری ،سلێمانی،٢٠٠١ .
- کۆمەلێك نووسەر ، سەرەتاکان ،وەرگێرانی شوان ئەحمەد،چاپی یەکەم،چاپخانەی بینایی ،سلێمانی،٢٠١١.
- مەنسوور وسووقی– عەلی ئەکبەر نیك خولق،بنەماکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێرانی سیروان محەمەد حاجی،چاپی یەکەم ،چاپخانەی موکریان،هەولێر،٢٠١٣.
- مەریوان وریا قانع ،کتێب و دونیا، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم ،سلێمانی، ٢٠١١ .
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی بینایی ،سلێمانی ،٢٠١١ .

- Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism.*
- Lewis, R., & Mills, S. (2003). *Feminist postcolonial theory: A reader*: Routledge.


- Said, E. (2002). In Conversation with Neeladri Bhattacharya, Suvir Kaul, and Ania Loomba. *Relocating postcolonialism.*


- Abrams, M. H., & Harpham, G. (2011). *A glossary of literary terms*: Cengage Learning
- Spivak, G. C. (2000). Foreword: upon reading the Companion to Postcolonial Studies. *A Companion to Postcolonial Studies .*
- Katrak, K. H. (1989). Decolonizing culture: Toward a theory for postcolonial women's texts.*MFS Modern Fiction Studies, 35*(1) .
- Young, R. J. (2003). *Postcolonialism: A very short introduction*: Oxford University Press.
- Christopher O'Reilly(2001) Post-Colonial literature, Cambridge University press.

**سایتی ئەلیکترۆنی :**

- https://en.wikipedia.org/wiki/Homi_J._Bhabh
- https://en.wikipedia.org/wiki/Gayatri_Chakravorty_Spivak
- https://www.academia.edu/3644590/Can_the_Subaltern_Speak-_Summary
- Longman Dictionary of American English (paperback with PIN) (5th Edition)

## خطاب مابعد الإستعمارية في رواية عطا نهايي "رهان حظ هلالة"

### المقدمة

يقوم البحث بدراسة "رهان حظ هلالة" للروائي عطا نهايي على ضوء نظرية مابعد الإستعمارية، و التي وجهت دربها نحو الأدب بعد نظرية التفكيكية و لها عدة أبعاد مثل الأنثروثولوجي و النفسي و حقوق المرأة و اللغة و الهوية الثقافية ... الخ. و لكل منهم رواد و مفكرين حيث يعتبر ادوارد سعيد أحد الرواد في مجال الهوية الثقافية و اسيجناك في المجال الحركة النسائية و لها عدة كتابات، و أخيرا كتب هومي بابا عن القوميات المضطهدة و أكمل المبادئ الأساسية لهذه النظرية لتشمل الفترة الزمنية ما بعد الإستعمار، أي عندما يحتل احدى الدول أراضي شعب غير شعبها و تبدأ النظرية من هنا عندما يتعرض ثقافة الشعب المحتل الى مؤامرات و مهاترات فكرية منتظمة عن طريق تحوير أفكار و اتجاهات و العادات و التقاليد السارية في المجتمع المحتل. يقوم الإحتلال بعرض و ترويج مفاهيم لتبرير الإستعمارية عن طريق صياغة الثقافة الغربية (ئيروسنتر) لينعكس على المجال الأدبي بصورة غير مباشرة خاصة في أدب الغربة حيث يقوم الكاتب المهجر بنشر نفس الأهداف بدون قصد خلال كتاباته.

لذلك ترى بأن "رهان حظ هلالة" تحمل خطاب ما بعد الإستعمارية في مضمونها لتطرح للقارئ قتل المرأة على يد الرجل الشرقي عن وجهة نظر غربية لهذه الظاهرة و تصفها بالتخلف و الدناءة حيث نراه مطابقا لمفاهيم مابعد الإستعمارية ليتمحور في اطار الثقافة و العادات و المفاهيم.

### أهمية البحث

لم يجد خطاب مابعد الإستعمارية طريقها في الأدب الكردي بشكل شائع بما انه يعتبر من أحدث الطرق النقدية في العالم لدراسة النصوص الأدبية، لذلك من الضروري دراسة النصوص الكردية على ضؤ هذه النظرية.

### طريقة البحث

طريقة هذا البحث وصفية – تحليلية

### اطار البحث

تم تحليل رواية "رهان حظ هلالة" للكاتب عطا نهايي من وجهة نظر خطاب مابعد الإستعمارية فقط ليدرس مجالي الثقافة و الأبوية كنموذج للبحث. اتخذ هذه الطريقة الثقافة الغربية و الشرقية كمحور أساسي لها ليتحدث عن الشرق كمفهوم شمولي ليضم الكرد كأحد الشعوب الشرقية ذو ثقافة أبوية. لم يتطرق البحث الى المجالات النفسية و الأنثربولوجية.

### مضمون البحث

يضم البحث جزئين، الجزء الأول عبارة المجال النظري للموضوع ليسلط الضوؤ على المبادئ الأساسية و رواد مابعد الإستعمارية و اثارها الثقافية على وجهة نظرها لنظام المجتمع الأبوي في الشرق. أما الجزء الثاني و هو الجزء التطبيقي من البحث يدرس و يحلل رواية "رهان حظ هلالة" للكاتب عطا نهايي و يليها قائمة المصادر.

# A postcolonial approach to Ata Nahyee's "*Halala's Betting Fortune*"

## Introduction

This paper is an attempt to analyze the Kurdish Novel *Halala's Betting Fortune* (2007) written by Atta Nahayee with reference to postcolonial theory that emerged after the theory of deconstructionism and embraces several disciplines such as anthropology, psychology (occupied individuals), women rights and feminism, language, identity, culture, … etc. each aspect has its own leading figures such as Edward Said in culture and identity, Spivac in women rights and feminism, Homi Bhabha in colonizer-colonized nations. They could establish this method which includes the period after colonialism when the nation's lands were occupied. It starts after the occupation to degrade the colonized nation's culture and traditions through modifications in the attitudes of the colonized nation. Post colonialism promotes the invaders' culture and traditions and centralizes the European culture (Euro-center). The reflections of this theme can be easily observed indirectly in migrant literature or among writers who lived in Western cultures. The Kurdish novel *Halala's Betting Luck* has the same theme when depicts the Eastern man as a woman executioner from a westerners' viewpoint unconsciously, therefore the novel carries the same message as colonialism does to centralize culture, traditions and values.

## The significance of the study:

Textual analysis to Kurdish novels through the postcolonial theory is not a common method as it is one of the most up-to-date methods in the world. Therefore, an analytical study using this method for Kurdish novels is definitely important.

## Research method

This research undergoes a descriptive – analytical method.

## Limitations of the study

The paper is restricted within the theme of culture and patriarchal system representations apart from any other aspects observed in the novel such as anthropology, psychology, or any others. The novel draws connections between both Eastern and Western cultures and Kurds as any of the Eastern nations shares almost the same cultural phenomenon and patriarchal system.

## The content of the paper

This paper consists of two main parts; the first is mainly the theoretical aspect which introduces post colonialism as a concept, its theory, principles and the leading figures. Secondly, a critical study of the novel is presented with reference to the post colonial theory. Finally, a list of the sources and cited works is attached.

# خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٨

د. جمال فتح الله طیب
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی مێژوو

د. ئاراس عبدالرحمن مستەفا
زانکۆی ڕا پەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

**پێشەکی:**

هەرچەندە شاری سلێمانی لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی دێرین نییە، بەڵام بوونی ئەم شارە بەپایتەختی میرنشینی بابان، لەگشت ڕوویەکەوە هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی بوو ، لەم شارەدا هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی پەرەیان سەند و دەرگای چەندین قوتابخانەی بەڕوودا کرایەوە، ئەمانە هەموو بوونە هەوێنی دەرکەوتنی چینێکی خوێندەوار و هۆشیار بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر دەرکەوتنی ژمارەیەك ڕۆشنبیر و شاعیری گەورە هەبوو، کە کاریگەری زۆریان لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی و وابەستە بوون بەخاك و نیشتیمانەوە هەبووە، دواتر بوو بەپاڵنەرێکی سەرەکی لە هاندانی خەڵکی سلێمانی، لە بەگژداچوونەوەی ستەم و زۆرداری سەرانی پاشایەتی لەعێراق و ڕەتکردنەوەی سیاسەتە چەوتەکانیان.

هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی سلێمانی لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی داگیرکەرانەی پڕ لەئازار و ئەشکەنجە، کارێکی وایکرد کە تەنانەت ئافرەتانی ئەم شارە شان بەشانی پیاوان بەشداری کارای خۆپیشاندانەکان بکەن، هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٨)دا.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری هەندێ گرفت بووین، لەوانە: نەمانتوانی سوود لەو ڕۆژنامانە وەربگرین کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون، چونکە دوای گەڕانێکی زۆر بە کتێبخانەکاندا ئەو ڕۆژنامانە نەبوون و دەست نەکەوتن.

لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی زانستی مێژوویی سیاسی بەستووە، کە خۆی لە خستنەڕووی ڕووداوەکان و شیکردنەوە و هەڵهێنجان دەبینێتەوە و دواتریش دید و تێڕوانینی خۆمان خستۆتەڕوو.

لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سودمان لەچەندین سەرچاوە بەزمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتووە، لەوانە (جەمال نەبەز: سلێمانی شارە گەشاوەکەم) و (عزالدین مستەفا ڕەسول: بەشێك لەیاداشتەکانم)، هەروەها هەندێ سەرچاوەی عەرەبی ، لەوانە (جعفر عباس حمیدی: التگورات والاتجاهات، السیاسیە الداخلیە فی العراق (١٩٥٣-١٩٥٨). جگە لەوانە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ کەسایەتی سەردەمی ڕووداوەکە، لەوانە (عزالدین مستەفا ڕەسوڵ و بەهائەدین نوری و جەمال بابان) کە سوودی زۆری هەبوو لەبەهادار کردنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی.

ئەم توێژینەوە لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم: بەکورتی باس لەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ دەکات، دواتریش باس لەخۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٩ دەکات. تەوەری دووەم: تایبەتە بە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٢. تەوەری سێیەم: پەیوەستە بە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٥٤، تەوەری چوارەم: باس لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی دەکات لەساڵی ١٩٥٥ لەدژی پەیمانی بەغدا، تەوەری پێنجەم و کۆتایی باس لەخۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٥٦ دەکات، کە دوو بابەت لەخۆ دەگرێت، لەبابەتی یەکەمدا باس لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی کراوە لەدوای گەیشتنی تەرمی شێخ مەحمود بۆ شارەکە و بابەتی دووەمیش تایبەتکراوە بەخۆپیشاندانەکانی ئەم شارە، لەدژی هێرشی سێ قۆڵی (بەریتانیا- فەرەنسا- ئیسرائیل) بۆ سەر میسر.

**تەوەری یەکەم: خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩:-**

شاری سلێمانی بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی رژێمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٢١-١٩٥٨)، یەکێك بوو لەو شارانەی کە خاوەنی پێگەیەکی گرنگی سیاسی و رۆشنبیری بووە، زۆر جار لە دوای بەغداد ناوی دەهات و لە هەموو بۆنەو ڕاپەرینەکاندا بەشداری کارایی کردووە، دیارە ئەمانە هەروا لە خۆرایی نەبووە، بەڵکو لە سەردەمانیکی زووەوە ئەم شارە ناوەندێکی گرنگی روناکبیری و خەباتی سیاسی بووە[١].

دوایی هەڵگیرسانی شۆرشی بارزانی دووەم (١٩٤٣-١٩٤٥)، ژمارەیەك لە ئەفسەرە کوردەکان چوونە پاڵ شۆڕشەکە، لەوانە: (عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروللا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی). حکومەتی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٥ فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن، هەر ئەو ئەفسەرانە، کاتێك کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ٢٢/١/ ١٩٤٦ ڕاگەیاندرا، هەموویان چوونە پاڵی، بەڵام دوای رووخانی کۆمار لە ١٧/ ١٢/ ١٩٤٦، بەناچاری گەرانەوە عێراق[٢] ، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق لێیان خۆش نابن و سەر لەنوێ دادگاییان دەکەنەوەو فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەر هەر چواریاندا سەپاندو لە شەوی ١٨-١٩/ ٦/ ١٩٤٧ لە سێدارە دران، دواتر تەرمەکانیان بۆ شارەکانی خۆیان دەگەڕێننەوە، لەوانە: تەرمی مستەفاخۆشناوو محەمەد مەحمود قودسی ڕەوانەی شاری سلێمانی کران و بەگەیشتنی کەژاوەی تەرمەکانیان بۆ شارەکە، خەڵکی سلێمانی بە ژن و پیاو گەورەو بچووکەوە رژانە سەر شەقامەکان و دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە، لە ئاپۆرایەکی جەماوەریدا تەرمەکانیان لە گردی سەیوان ناشت[٣].

کاتێك کە ( پەیمانی پۆرتسمۆپ )[٤] لەنێوان عێراق و بەریتانیا لە ١٩٤٨/١/٤ مۆرکرا، هاوکات هاووڵاتیانی شاری سلێمانی لەگەڵ هاووڵاتیانی بەغداو شارەکانی تری عێراق خۆپیشاندانیان لە دژی پەیمانەکە کرد،

---

[١] ئەکرەمی ساڵحی رەشە: شاری سلێمانی ٢٠٠ ساڵ، پێداچوونەوە و پێشەکی د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦١.

[٢] عەلائەدینی سەجادی: مێژووی ڕیەرینی کوورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئێران، ئێران، ١٩٥٩، ل٩٤.

[٣] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحریە للگباعە، بغداد، ١٩٩٨، ل١٧٧-١٧٨.

(٤) پەیماننامەی پۆرتسمۆپ : ئەو پەیماننامەیە بوو کە لە نێوان عێراق و بەریتانیا لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دا بەسترا، تا شوێنی پەیماننامەی ١٩٣٠ بگرێتەوە کە رای گشتی عێراقی داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکرد، بەڵام ناوەرۆکی پەیماننامەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوی پێشتردا نەبوو، بۆیە راپەڕینێکی میللی کە بە ( الوثبة ) ناسرا هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکەی لێکەوتەوە بۆ

بەتایبەتی دوای ئەوەی تەرمی ڤالە چاوشینی کوڕی عەبدوللای سەعید گەیشتەوە شاری سلێمانی، کە پێشتر بۆ ئیش و کاری تایبەتی خۆی سەردانی بەغدای کردبوو بە گوللەی وێل کوژرابوو. لەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەك نووسەرو شاعیر بەشداریان تێدا کردبوو هەندێ هۆنراوەیان خوێندەوە[١].

دانیشتوانی شاری سلێمانی هەموو ساڵێك لە یادی نەورۆزو ئەو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانەی کە ساڵانی پێشتر ئەنجامدرابوون دەکەوتنە جموجۆڵ و خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین دژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق، یادکردنەوەی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)، لەلای پارتەکانی وەکو حیزبی تەحرورو پارتی دیموکراتی کورد، بە گرنگ دادەنراو بەرنامەی بۆ دادەڕێژرا، لەم بارەیەوە حیزبی شیوعی کە ئەو کات لەنێو هاووڵاتیانی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، هەواداری زۆری هەبوو، پلانێکی بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین داڕشت، بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە ڕێگای (کەریم سۆفی)ەوە، (بەهائەدین نوری) ڕادەسپێرێت کە ئەرکی سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانەکان لە ئەستۆ بگرێت، لەم بارەیەوە بەهائەدین نوری دەڵێت:" بە بێ دوودڵی ڕازی بووم ئەرکی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکە لە ئەستۆ بگرم، تاکە دواکارم ئەوە بوو جێیەکی لەبارم بۆ ساز بکەن خۆمی تێدا بشارمەوە، کەریم سۆفی ئێوارەی هەمان ڕۆژ بردمی بۆ ماڵی فەتاحی بەرگدروو کە لاوێکی شیوعی بوو لە گەڕەکی مەڵکەندی، لەسەر داوای خۆم دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە خۆپیشاندانەکەی لێوە دەست پێدەکات بۆ خۆم هێڵرایەوە، خاڵێکی قەرەباڵغی ناوەڕاستی بازاڕی شارم هەڵبژاردو ئاگاداری بەشداران کرایەوە کە لە کاتی دیاریکراودا ئامادەبن. خۆم بە دەمامك کراوەوە ئامادەبووم و وەك نیشانەیەك بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەو یەکەم هوتافم کێشا، دواتر بۆم دەرکەوت پۆلیس پێیان نەزانیوە و ئێمە لە ناخافڵدا لێیان پەیدا بووین، چونکە هیچ شتێکی وا سەرنجی ڕانەکێشام نیشانەی پێشتر بەخۆکەوتنی ئەوان بێ. ژمارەی خۆپیشاندەران خۆی دەدا لە دوو سەد کەس، چەند لافیتەیەك بەرز کرانەوە چەندین هوتاف کێشران، کە سەرجەمیان لە دژی ئیمپریالیزم و حکومەتی بەکرێگیراو و بانگهێشتکردنی جەماوەر بوون بۆ تازەکردنەوەی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨. خۆپیشاندانەکە چەند سەد مەترێك بەڕێوەبوو، لە بەرامبەردا کۆمەڵێکی گەورەی پۆلیسی پیادەو سوارەو ئۆتۆمبێل لە دورمان گردبونەوە، بەرلەوەی هیچ پێکداهەڵبژانێك ڕووبدات یان خۆپیشاندەرێك بگیرێت، دواجار لەبەردەم (گومرگ سووتاو)دا فەرمانی بڵاوە پێکردنمدا" [٢].

---

زانیاری زیاتر بڕوانە ، عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٣٤-٢٤٠ ؛ دکتۆر کمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧، ص١٣٧-١٤٠ .

[١] هـ. س: ل١٨٣-١٨٤.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤ ؛ ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی تەکیەی سەر بە پارێزگای کەرکوك لە دایك بووە، لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە ڕێزی حیزبی شیوعی عێراقەوە، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤١ شاری بەغداد ڕۆڵی باشی بینیوە، یەکێك بووە لە ڕابەرانی خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٤٧، ١٩٤٨،١٩٤٩ ، لە شاری سلێمانی، چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی پاشایەتی زیندانی کراوە، ماوەیەك سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە، لە دوای لێکترازانی حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسی عێراق، لە ساڵی ١٩٧٩ بە دواوە پەیوەندی بە شاخەکانی کوردستانەوە کردووە لە ریزی حیزبی شیوعی عێراق- هەرێمی کوردستان درێژەی بە کاری سیاسی و چەکداری داوە، لە دوای ڕاپەڕین لە حیزبی شیوعی جیا بۆوەو پارتی دیموکراتی خوازانی دامەزراند؛ بەهادین نوری: بیرەوەرییەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٥، ل ٧١-٧٤.

وەك دەردەکەوێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردبوو زۆر کەم بووە، تەنانەت هەوادارانی شیوعیەکانیش بەباشی خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی لەو کاتەدا سەراپا بەرهەڵستی ڕژێم بوونو بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی هاوسۆزی شیوعیەکان بوون، هەردەم دەرگای ماڵانی خەڵك بۆ لەباوەشگرتن و شاردنەوەی خۆپیشاندەران لە کاتی ڕاونانیاندا لە لایەن پیاوانی ڕژێمەوە خرابووە سەرپشت، هەر کاتێ پۆلیس لەنێو ماڵکاندا بە دوای خۆپیشاندەران بگەڕابایەو خۆی بکردبایە بە ماڵێکدا کە خۆپیشاندەر پەنای بۆ هێنابێ، زۆربەی کات بە دەستپێشخەریی خاوەن ماڵەکەو لە سەربانەکەیانەوە خۆپیشاندەریان دەگەیاندە ماڵێکی دیکە، نەزانراوە پۆلیس ئەو ڕۆژانە توانیبێتی هیچ خۆپیشاندەرێك لە نێو یەکێك لەو ماڵانەدا دەسگیر بکات[١].

لە ٢٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٩،جارێکی تر خۆپیشاندان لە لایەن ئەندام و لایەنگرو هەوادارانی(حیزبی شیوعی) ڕێکخرا، ئەمجارەیان تابوتێکیان لەگەڵ پارچە قوماشێك ئامادەکردبوو، تا لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بەکاری بهێنن، بەم شێوەیە خۆپیشاندان دەستیپێکرد بەبێ ئەوەی خەڵك و پۆلیس بزانن، کە بریتی بوو لە تابوتێکی ڕەمزی ، بۆیە کەژاوەکە شان و شکۆی خۆپیشاندانەکەی زیاتر کردبوو، خەڵکێکی زۆر بەشداریان تێدا کردو بەناو بازاڕو بە بەردەم دوکاندارەکاندا ئاپۆرای خۆپیشاندان و هوتاف کێشان کە زیاتر دژی سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی بوون بە جارێ ترسی خستبووە دڵی هێزەکانی پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەتەوە، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆری پۆلیس کە هێندەی ژمارەی خۆپیشاندەرەکان دەبوون ئامادە کرابوون و چواردەوری خۆپیشاندەرانیان گرتبوو. ئەوانەی سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکەشیان دەکرد، توانیان مزگەوتێك هەڵبژێرن بۆ خۆڕزگارکردن، هەرچەندە ئەم پلانە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چەند کەسێك لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران وەك (فەرەج مەحمود و نووری دارتاش)، تابوتەکەش بە بۆشی کەوتە ژێردەستی پۆلیس.[٢]

بۆ جاری سێ یەم خۆپیشاندان لە ٣٠ کانونی دووەم ١٩٤٩ لە شەقامی سابونکەران دەستی پێکردەوە، پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس ماوەیەکی باشی خایاندو ژمارەیەك خۆپیشاندەر بریندداربوون، بەڵام کاربەدەستانی حکومەت بە هێزێکی زۆرەوە توانیان خۆپیشاندەران بلاّوە پێبکەن و سەرکوتیان بکەن[٣].

سیاسەتی حکومەتی عێراق لەوکاتەدا بە گشتی بریتی بوو لە پەلاماردان و گرتن و زیندانیکردنی کادیرو ئەندام و سەرکردەکانی حیزبی شیوعی کە بەشێکیان بریتی بوون لە:(کەمالی نوری بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕان، عومەر عبدالرحمن هتد...) [٤].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم ، سلێمانی ، ٢٩ / ١٠ / ٢٠١٤ . مستەفا ساڵح کەریم لە سەرەتای لاویەوە لە قۆناغی خوێندنی دواناوەندی چۆتە ریزی حیزبی شیوعیەوە، لە تشرینی دووەمی ١٩٤٨ لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەشی زانست لەسەر چالاکیی سیاسی بۆ ماوەی ساڵێك لە قوتابخانە دورخرایەوە، دواتر چۆتە خانەی مامۆستایان لە بەغداد، ساڵی ١٩٥١ لە لایەن تەحقیقاتی جینائیەوە لە بەغداد گیراوە، لە بواری پەروەردەیدا ماوەی ٣٢ ساڵ مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە قەڵادزێ و سێوسێنان و داروخان و چوارتا و سلێمانی و فەللوجە و رومادی. (بڕوانە مستەفا ساڵح کەریم: یەکێتی نووسەرانی کورد رێبازو هەڵوێست، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٤٨٨-٤٩٤ .)

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

[٣] هەمان سەرچاوە .

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

ئەحمەد هەردی شاعیر لە باسی سیاسەتی گرتن و زیندانیکردن و خراپی بارودۆخی ئەوکاتەی شاری سلێمانی لە هۆنراوەیەکی دا دەڵێت:

ئاگری سوری ئیرهابی عورفی
شاڵاو دەهێنێ مەکەی بۆ نی یە
برسێتی پێی لێ هەڵبڕی
لەگەڵ ماڵا نانی جۆ نی یە
هەرکەسی شکوای حاڵی دەربڕی
یا شیوعی یە یا سەهۆنی یە...لە کۆتایشدا دەڵی
حارسی تەختی لەندەنی رزیو
باش بزانە گەل ناگەڕێتەوە
ئەو گەلەی لە خەو راستی بۆتەوە
نابەزێ لە رێی ئەم ژیانەدا
قاچی رۆڵەکەی گەر بە کۆتەوە
داڕزی لە ناو بەندیخانەدا[1]

**تەوەری دووەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٢:-**

شارەزایانی بواری سیاسی عێراق چاوەڕوانیان دەکرد لە نیوەی دووەمی ساڵی (١٩٥٢)دا گۆڕانکاری بەسەر دەسەلاتی سیاسی و دەستووری وولاتدا بێت، کۆمەڵناس و ئابوریزانەکان، مەسەلەی پەرەسەندنی بێکاری و کەم دەرامەتی و برسێتی و هەژاری و دابەزینی نرخی دیناریان کردبووە بەڵگە، کە بە پلانەکانی نوری سەعیدی[2] سیاسەتمەدار چارەسەر نەکرێ، بەمەش بوومەلەرزەیەك لە ناو کۆمەڵگای عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەرپاببێت و دەسەلاتی سیاسی بخاتە مەترسییەوە، یان گۆڕانکاری بنەڕەتی بێتەکایەوە، هەندێ شارەزایانی تر، بە پێچەوانەوە چاوەڕوانی چارەسەرێکی بنچینەیی مەسەلە بە پەلەکانی ئازادی و سەربەستی بوون، کە عێراق بەرەو سیستەمێکی دیموکراتیانە بەرێ[3].

(1) غەفوری میرزا کەریم: چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نووسینەکانمدا، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٢-٢٣ . ؛ عیزەدین مستەفا رەسول: بەشێك لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٥٤.

(2) نوری سەعید: لەساڵی ١٨٨٨ لەبەغدا لەدایك بووە، ئەفسەرێکی عوسمانی بوو بەشداری شەڕی بەلقانی کردووە، لەساڵانی نێوان ١٩٣٠-١٩٥٨ چواردە جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە، نازناوی پاشابووە و لایەنگری ئینگلیز و ڕژێمی پاشایەتی بووە، سیاسەتمەدارێکی زیرەك و چالاك بووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کوژرا.(د. عصمت السعید: نوری السعید رجل الدوله والانسان، گ٢، بیروت، ٢٠٠٣، ص٣٥٨).

(3) کاکەمەم بۆتانی: کاکی کاکان، مرۆڤ و رووناکبیرو شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٣١-١٣٢.

کاتێك کە شۆڕش و راپەڕینی میسر لە ساڵی (١٩٥٢) دەستی پێکردو سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم ڕوداوە خەڵکی عێراق بەگشتی وورژاندو خێراتر دەستیان بە چالاکی و جموجۆڵ و خۆپیشاندان و راپەڕین کرد، سەرەتای خۆپیشاندانەکانیش بە مانگرتنی کرێکارانی بەندەری (بەسرە) دەستیپێکرد، کە داوای زیادکردنی موچەیان دەکرد، هەرچەندە داواکاریەکانیان زوو جێ بەجێ کرا، بەلاَم ئەمە هۆکارێك بوو بۆ دەستپێکردنی خۆپیشاندانی قوتابیان لە کۆلێجی (صیدلە و کیمیا) لە دژی یاسای نوێی کۆلیجەکان[1]. ئەم پەرەسەندنە سیاسیانە حکومەتی پاشایەتی عێراقی ناچار کرد، کەمۆڵەتی ئازادی کارکردنی هەموو حیزب و دەرچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش هەلومەرجێکی ئاڵۆزی بە دوای خۆیدا هێناو کارێکی کرد کە ئاستی ناڕەزایی لە بەرزبوونەوەدا بێ[2].

لە باشوری کوردستانیش خۆپیشاندان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتەوە، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی بەرفراوان ئەنجامدرا، خۆپیشاندەران لە شەقامی ئەسحابەسپی و مەولەوی و سالمەوە بەرەو سەرا بە دروشم و هوتاف کێشان بەڕێکەوتن، دروشمەکانیش بریتی بوون لە (بروخێ پاشایەتی، بڕوخێ رژێمی مستەفا عومەری)، بەمەش ئاڵۆزی و پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روویداو لە ئەنجامدا ژمارەیەك لە خۆپشاندەران دەسگیر کران و زیندانی کران، لەوانە: (قادری میرزا کەریم، عومەر نەمەڵی، ئەمینی میرزا کەریم، هۆگر، ئەژی گۆران، عەلی فەوتاو، موحەرەم محمدامین، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولی سۆران، دکتۆر فارس) کە هەریەك لەمانە مانگێك لە زیندان دا مانەوەو دواتر ئازاد کران. ئەوانەی لە خۆپشاندانەکانی شاری سلێمانیدا رۆڵی گرنگیان هەبوو، بریتی بوون لە قوتابیانی دواناوەندی سلێمانی، رۆژانە بە خۆپیشاندان لە دواناوەندی یەوە بەرەو سەرا دەرۆشتن و چەندین دروشمیان دژی حکومەت دەووتەوە، کە ئەندام و کادیرو لایەنگرانی هەردوو حیزبی ئەوکاتە (پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق) رۆڵی گرنگیان لە هاندانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان هەبوو، زۆربەی جار رێکخەری خۆپیشاندانەکان بوون، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی دەسگیر دەکران و زیندانی دەکران ئەندام و کادیری ئەو دوو حیزبە بوون[3].

بارودۆخی عێراق رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر هەنگاوی دەنا، لەبەر ئەوە وصی (عەبدولئیلاه) [4] بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەی (مصطفى العمري)داو (نورەدین مەحمود)ی سەرۆك ئەرکانی سوپای ڕاسپارد

---

[1] دکتور أسماعیل احمد یاغی: تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان، بغداد، ١٩٧٩، ص ٣١٩ ؛ کاکەمەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١-١٣٢.١٥.

[2] جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، ل ١٨٦.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حسێن عبدالقادر علی، سلێمانی ١٢/ ١١/ ٢٠١٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی دواناوەندی سلێمانی یە، ماوەیەك کاری عەریزە نوسی کردووە، یەکێك بووە لە ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەردەمی پاشایەتیدا دوو جار بە هۆی بەشداری لە خۆپیشاندانداو نوسینی دروشم لەسەر دیوارەکان دەستگیرکراوە .چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو.

[4] عەبدولئیلاه: کوڕی عەلی کوڕی شەریف حوسەینی هاشمیە، لەساڵی ١٩١٣ لەشاری تائیف لەدایك بووە، دوای کوشتنی شاغازی لە١٩٣٩ دەبێتە وصی لە عێراق، چونکە لەوکاتەدا فەیسەلی دووەم تەمەنی ٤ ساڵان بوو، کە لەڕووی یاساییەوە نەدەگونجا ببێتە پاشای عێراق، ناوبراو خاڵی شافەیسەلی دووەم بوو، وەك وصی مایەوە تا ١٩٥٣(کە ئەو ساڵە تەمەنی شافەیسەل گەیشتە تەمەنی١٨ساڵ)، لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کوژرا. (عبدالرزاق أحمد النصیري: عبدالهادي الخماس ١٩٣٩-١٩٥٨،

وەزارەت پێکبهێنێت[1] کە ناسرابوو بە کەسێکی توندڕەو بڕوای بە سەربەستی و ئازادی نەبوو، لە دەستپێکدا کاری سیاسی هەموو حیزبەکانی قەدەغە کردو ژمارەیەکی زۆری لە سیاسییەکان و ڕۆژنامە نووسەکان و خوێندکاران و کرێکارانی دەسگیرکرد، یەکێك لەوانە جەمال نەبەز بوو، کە ئەو کاتە قوتابی بوو لە بەغداد، کار گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار، ئەویش دوای بەکارهێنانی چەك و تەقەکردن لە خۆپیشاندەران کە ژمارەیەك کوژراو برینداری لێکەوتەوە[2]. یەکێك لە کوژراوەکان خەڵکی سلێمانی بوو بە ناوی (ئەحمەدی حاجی ڕەحیم) کە لە پێکدادانەکانی نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەرانی بەغداد لە بەرەی کەرخ و ڕەسافەدا کوژرابوو، کاتێك تەرمەکەی گەیشتەوە سلێمانی، خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستکرا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دروشمی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و حکومەتەکەی نورەددین مەحمودیان بەرز کردەوە، یەکەکانی پۆلیس کەوتنە ئامادەباشی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئاپۆرای جەماوەری هەڵچوو کە مەترسیان هەبوو لەوەی خۆپیشاندەران لە دوای گەڕانەوەیان لە گردی سەیوان پەلاماری دەزگاکانی پۆلیسی سلێمانی بدەن، لە گردی سەیوان چەندین ووتار خوێندرانەوە کە داوای بەردەوامی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیان دەکرد، لەوانە: (ئەحمەدی دەلاك و کەمال فواد)، کە کاریگەری زۆریان لەسەر خەڵك هەبوو، بەڵام خۆپیشاندەرەکان بلاوەیان پێکراو کۆتایی هات[3].

هەر لەو سەردەمەدا نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی ناڕەزاییان بەرز کردووەو یاداشتێکیان ڕادەستی سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی حکومەتی عێراق کرد، تیایدا گرتن و زیندانیکردنی خۆپیشاندەرانیان ڕەتکردبۆوەو داوایان کردبوو کە بەهیچ شێوەیەك نابێت توندوتیژی بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەنجام بدرێت، دەسگیر کراوەکان ئازاد بکرێن، لەبەرامبەردا موتەسەریفی ئەوکاتەی سلێمانی، بڕیاریدا سیاسەتێکی هێمانە پەیڕەو بکات[4]. دیارە تەوژمی خۆپیشاندانەکان و بەردەوامیان کاریگەری زۆری لەسەر

---

دراسة تاريخية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص ص٢٥-٣٦؛ مذكرات توفيق السويدي: نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩، ص٣٢٠-٣٢١).

[1] نورەدین مەحمود کوڕی محەممەد بەگ و لە ساڵی (١٨١٩ ز) لە خێزانێکی کوردی موسڵ لە دایك بووە، خوێندنگەی سەربازی لە ساڵی (١٩١٧) لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، مامۆستا بووە لە کۆلێژی ئەرکان، لە ساڵی ١٩٤٨ بۆتە سەرتیپ، لەشەڕی فەلەستین دا فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی عەرەب بووە، لە ساڵی (١٩٥٢) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی پیران، لە ساڵی ١٩٨١ کۆچی دوایی کردووە. (مير بصرى: أعلام السياسية فى العراق الحديث، الجزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥، ص ٢٨٧-٢٨٨).

[2] جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێ یەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٣٢.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤ ؛ ( عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایك بووە، لە سەرەتای لاوێتیەوە چالاکی سیاسی ئەنجام داوەو بۆتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، بە هۆی چالاکیەکانیەوە لە کۆلێجی شەریعەی بەغداد دەرکراوە، دواتر چۆتە دار المعلمین و لە ساڵانی ١٩٥٢ ، ١٩٥٦، ١٩٥٨ بەشداریەکی گرنگی ڕاپەڕینەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا نێردراوە بۆ ڕوسیا، دواتر بۆتە مامۆستا لە کۆلێجی ئاداب لە زانکۆی بەغداد، خاوەندی دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیە لە بوارەکانی شیعرو ئەدەب و ڕێزمان و چیرۆك و مێژوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان، سلێمانی، ١٢/ ١١/ ٢٠١٤. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لە دایك بووە، مامۆستای زمانی عەرەبی بووە، ماوەیەك بەڕێوەبەری قوتابخانەی ٧ ی نیسان بووە، دواتر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووەو هەر لەو پسپۆڕیە خانەنشین کراوە، چەندین جار لەسەر هەڵوێستەکانی لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتەوە لە سلێمانی دەسگیرکراوە) .

[4] مەسعوود محەممەد: گەشتی ژیانم، چاپی سێ یەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، ل٢٦٩.

خودی موتەسەریفی سلێمانی هەبوو و ناچاری کرد کە سیاسەتی خۆی بگۆڕێ بە ئاراستەی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، دوای ئەوەی کە زانی پەیڕەوکردنی سیاسەتی توندووتیژی بێسوودە.

**تەوەری سێیەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤دا:-**

لە ساڵی (١٩٥٤) دا بارودۆخی عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، پارتەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران خۆیان ئامادە دەکرد، حکومەتی عێراقیش بڕیاریدابوو گەلی کورد بەشداری لەم هەڵبژارندنەدا بکات و دەرفەتی خۆپاڵاوتن بە هاووڵاتیانی هەموو شارەکانی کوردستان بدرێت نوێنەری تایبەتی خۆیان هەڵبژێرن، هەروەها حیزبە عێراقیەکان بڕیاریاندا بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەرەیەکی پەرلەمانی پێکەوە بنێن، دیار بوو حکومەتی عێراقیش ناچاربوو لە ژێر فشاری جەماوەر ڕێگا بە هەندێ لە ئازادییە دیموکراتییەکان بدات[1].سەبارەت بەم پرسە ناکرێت کاریگەری هەندێك لەکەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی کورد ، کە لەنوسینەکانیان ڕەنگی دابووەوە فەرامۆش بکەین ، لەوانە: شاکر فەتاح، کە بەردەوام جەختی لەسەر هەڵوێستی جوامێرانە و نیشتیمان پەروەرانەی هاووڵاتیانی کوردستان دەکردەوە لە بەگژا چوونەوەی داگیرکران و ستەمکاران و دەستەبەرکردنی خواستە ڕەواکانی کورد[2].

لەباشوری کوردستان ئامادەباشی بۆ ئەم هەلبژاردنە کرا ، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (ئیبراهیم ئەحمەد)([3])ی سکرتێری پارتی، وەك کاندیدی پارتی بۆ پەرلەمان لە هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کرابوو، هەروەها (مەعروف بەرزنجی)یش لەلایەن حیزبی شیوعی یەوە دیاری کرابوو، نوێنەری حکومەتی عێراقیش لەسلێمانی (عەلی کەمال) بوو. ڕۆژنامەی رزگاری کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق بوو باسی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی دەکات و ڕۆژانی ٣ و ٤ و ٧ مانگی ئاداری ١٩٥٤ بە ڕۆژانی زۆر سەخت و ئاڵۆزو پڕ لە خۆپیشاندانی ئەو شارە دیاری دەکات، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی سیاسەت و مامەڵەو هەڵسوکەوتنی حکومەت و دام و دەزگاکانی بەرامبەر خەڵکی سلێمانی زۆر خراپ و بێ بەزەییانە بوو، هەروەها جێ بەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەت بە خەڵکی سلێمانی دابوو، زیادبوونی بێکاری و نەخۆشی و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و قەدەغەکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەریو بڵاوکراوەکان و سیاسەتی هەڕەشەو ترس و تۆقاندن و پەلاماردان و هەڵکوتانە سەرماڵان، خەڵکی سلێمانی بێزار کردبوو، ئەوە جگە لەوەی دەستنیشانکردنی نوێنەری خەڵکی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدەرەوەی خواستی خەڵکی سلێمانی، ببووە مایەی تووڕەیی و بێزاری خەڵك، هەرچەندە حکومەت رایگەیاندبوو کە کوردەکان دەتوانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام ئەمە تەنها بەقسە بوو، هەر کوردێك بەکرێگیراوی حکومەتی عێراق نەبوایە و خۆی کاندید بکردایە دەسگیر

---

[1] فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە (مەلا حەسەن): حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٧.

[2] شاکر فەتاح: ژین، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە(٤)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٤، ل٢-٣.

([3]) ئیبراهیم ئەحمەد: لەساڵی ١٩١٢ لەشاری سلێمانی لە دایك بووە، لەساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٥١ بۆتە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لەبواری سیاسی و ڕۆژنامەگەری و ئەدەبیدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە. (فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا: بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١).

دەکرا[1]. لەم بارەیەوە گەلاوێژ صالح فەتاح([2]) خێزانی ئیبراهیم ئەحمەد لە بیرەوەریەکانی خۆیدا نوسیویەتی: "کاتێك نوێنەرانی کورد خۆیان کاندید کرد، خەڵك زۆر دڵی خۆش بوو، لەسەرجەم شوێنەکانی سلێمانی تا پردەکەی قلیاسانیش لەسەر دارو بەردو دیوار بانگەشەیان بۆ کاندیدەکان دەکرد، بەڵام دوای چەند رۆژێك حکومەتی عێراق دەستی کرد بە گرتنی نوێنەرانی کورد، بەم شێوەیە ئیبراهیم ئەحمەد و مەعروف بەرزنجی دەستگیراکران، برایم ئەحمەد لەم بارەیەوە دەڵێت:"لە هەڵبژاردنەکەدا من لەلایەن پارتی دیموکرات و شێخ مارف بەرزنجیش لەلایەن حیزبی شیوعیەوە بە نهێنی خۆمان کاندیدکرد، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەڵام لە کاتێکدا کە لە ناوچەی قەرەداغ خەریکی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بووین، لە گەڕانەوەماندا لەلایەن شوعبەی خاصەوە گیراین و زیندانیکراین"[3]. کاتێك بێژەری رادیۆ باسی سلێمانی کردو رایگەیاند کە نوێنەری حکومەت عەلی کەمال بە تەزکیەو لە سەدا سەد دەنگەکانی بەدەست هێناوەو بردویەتییەوە، ئەم راگەیاندنە لەلای خەڵکی سلێمانی نارەزایی وتوڕەیی زۆری لیکەوتەوەو خەڵکی سلێمانی بە جاری وروژان و خۆپیشاندان و راپەڕین لە کۆڵان و گەڕەکەکانی سلێمانی بەرەو دەرکی سەراو حەوزە وشکەکە دەستی پێکرد، خەڵك هەمووی پەلاماری داری دەداو بەرەو دەرکی سەرا دەڕۆشتن و بە خۆپیشاندان بە دروشمی (بڕوخێ...بڕوخێ) دەستی پێکردو لە ماوەیەکی کەمدا بە سەدان و هەزاران کەس لەبەردەرکی سەرا کۆبوونەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان رەتکردەوە، لەو خۆپیشاندانەدا منداڵ و ژن و پیاو گەنج و پیر بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە بەشداری کاریگەریان نواند،... خۆپیشاندان لە سەراوە بەرەو ئەسحابە سپی و ئەو شەقامانەی دەوروبەری بەردەوام بوو، تەنانەت کاتێك پۆلیس دەوری ماڵی برایم ئەحمەد دەگرێت، ژنانی ئەو گەڕەکە دێنە دەرەوە و بەردبارانی پۆلیسەکان دەکەن"[4]. دیارە دەسەلاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی پەیڕەوی سیاسەتێکی دووفاقانەیان لەگەڵ هاوولاتیانی کورد دەکرد، بەئاشکرا دەرگای خۆپالاوتنیان بۆ هەموو کەسێك والا کردبوو، لەژێرەوەش خەریکی پەراوێزخستن و زیندانیکردنی پالێوراوانی ڕاستەقینەی گەل بوون.

هەرچەندە خۆپیشاندانەکان لەو رۆژەدا بە زەبری چەك و هێزی زۆری پۆلیس بلاوەی پێدەکرێت، بەلام دوای سێ رۆژ خۆئامادەکردن بە هاوکاری شیوعیەکان، مانگرتن و خۆپیشاندان جارێکی تر سەری هەڵدایەوە،

---

[1] سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح: رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق ١٩٤٦-١٩٥٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٣٠٨-٣٠٩.

([2])گەلاوێژ صالح فەتاح، صالح فەتاح خەڵکی زاخۆیەو لە عەشیرەتی (قوچەبەگی) ن قوچە بەگی لە عەشیرەتە هەر کۆنەکانی کوردن بە رەچەڵەکیش لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون، گەلاوێژ لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لە موسل لەدایك بووە، لە بنچینەدا ناوی (ساجدە)یە، گەلاوێژ لە کاتی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی ١٩٣١ لە دایك بووە بۆیە کاتێك خاڵە محەمەدی کە لەگەڵ هێزی سوپاکەی ئەو کاتە لە سلێمانی و دەوروبەری بوون کە شەڕی بەردەرکی سەرا بووە بروسکەیان بۆ کردەوە کە سەلیمەی خوشکی کچی بووەو ناویان ناوە ساجدە، ئەویش زۆری پێ خۆش دەبێت، بەلام وەلامیان بۆ ئەنێرێت و ئەڵێت ساجدە بکەن بە ژیان، بەلام دوای ئەوەی ساجدە دەبێت بە دەستگیرانی ئیبراهیم ئەحمەد، ناوی دەگۆڕێت بە گەلاوێژ، کە ئەوکاتە گۆڤاری گەلاوێژ دەردەچوو، ئیبراهیم ئەحمەد ووتبوی هەر کەسێك گەلاوێژی بە ساجدە بانگ کرد دەبێت دە فلس بخاتە ئەم قوتوەوە، بەمەش پارەی باش کۆدەبۆوەو دەدرا بە هەژار، بەم شێوەیە ناوی ساجدە گۆڕا بە گەلاوێژ. بڕوانە: گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٠٥-١٠٨.

[3] ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦، ل ٣-٤.

[4] گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٢٨-١٣٤،

ژمارەیــەكی زۆر لــەهاوڵاتیانی ئــەو شــارە هاتنــە ســەر شــەقامەكان و دژی حكومــەت ئــەنجامی هەڵبژاردنەكــە وەستانەوە، لەبەرامبەردا كاربەدەستانی ڕژێم بێبەزەییانە تەقەیان لە خەڵك كردو چەندین هاووڵاتیـان برینـدار كرد[1].

لەو هەلومەرجەدا، هەڵمەتی سەركوتكردن بەناوی (بەرەنگار بوونـەوەی شـیوعیەت) پیادەكرا، بـەڵام ئـەم پرۆسـەیە جگـە لـە شـیوعییەكان، ركابـەرانی سیاسـی نـوری سـەعید و سـەرجەم ئـەو نوسـەرو ڕۆژنامـە نـوس و ئەكادیمیانەشی گرتەوە، كە نوری سەعید بە نەیارانی دەسەلاتی دەزانی، دواتر هەندێك لەمانـە لـە پۆسـتەكانیان لادران و هەندێكی دیكەشیان دەستگیر كران، ئەوانی دیكەش بۆ دەرەوە ڕاپانكرد. [2]

لەوكاتەدا ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عومەر دەبابـە[3] و حەمـەی حـاجی تایـەر لـەو ساڵەدا زینـدانی دەكـرێن، لەناو زیندانی سەرادا ئیبراهیم ئەحمەد دەچێتە سەر شانی عومەر دەبابە و لە پەنجەرەكەوە بـە دەنگێكـی بـەرز هـانی خـەڵكی سـلێمانی دەدات كـە خۆپیشـاندانی گـەورە ئـەنجام بـدەن و شـەقامەكان بـە دروشـم بڕازێننـەوە، لەئەنجامــدا ژمارەیــەكی بەرچـاوی هاووڵاتییــان دەڕژێنــە ســەر شــەقامەكان و خۆپیشـاندان دەسـت پێدەكـەن، لەبەرامبەردا كاربەدەستان هێزێكی زۆری پـۆلیس لـە هـەولێرەوە بـۆ سـلێمانی دەهێـنن و لەڕێگـەی بـەكارهێنانی چـەك خۆپیشـاندانەكە سـەركوت دەكـەن، كاتـژمێر(١٢)ی شـەو سـەرجەم دەسـگیركراوەكان بـۆ زینـدانی موسـڵ دەگوازنەوە، دواتر هەر یـەكێكیان بڕیـاری ٢ سـاڵ زینـدانی بـۆ دەردەكرێـت[4]. دیـارە لـەو كاتـەدا سـەرانی ڕژێمـی پاشایەتی لە عێراق باش دەیانزانی كە نوێنەری ئەوان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەرناچێت، هەر بۆیە هەوڵیاندا بـە هـەموو شـێوەیەك كارێـك بكـەن تیایـدا نوێنـەرانی خـەڵكی سـلێمانی دەرنـەچـن، ئـەویش لـە ڕێگـەی دەسـگیر كردنیان و دوورخستنەوەیان، دواتریش گۆڕەپانەكـە بـۆ نوێنـەرە بـە كرێگیراوەكـانی ئـەوان چـۆڵ بێـت و كارێـك بكەن كە دەرچوونیان لە هەڵبژاردنەكان مسۆگەر بێ.

لە ١٦ ئەیلولی١٩٥٤دا جارێكیتر خۆپیشـاندانی هاووڵاتیـان لـە دژی سیاسـەتەكانی حكومـەتی پاشـایەتی عێـراق دەسـتی پێكـردەوە، خۆپیشـاندەران لەسـەرای سـلێمانی لـەدژی ئـەنجامی هەڵبژاردنـەكان هوتافیـان دەكێشـا و بـە ناڕاست و نادروستیان لە قەڵەم دەداو داوای دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردنییان دەكرد، بەڵام كاربەدەستانی عێـراق لە جاران توندتر بوون و دووبارە بە تەقەكردن وەڵامـی خۆپیشـاندەرانی دایـەوە، لەئەنجامـدا دوو كـەس گیانیـان لەدەستدا و دەیان كەسیش برینـدار بوون. [5]

---

[1] كاكەمەم بۆتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

[2] تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، الدار العربية للعلوم، مكتبة مدبولي، لوبنان، ٢٠٠٦، ص ١٩٤.

[3] عومەر دەبابە: ناوی عومەر كوڕی حاجی سۆفی مستەفایە، ناسـراو بـە دەبابـە، لەسـاڵی ١٩٢٣ لەشاری كۆیـە لـەدایك بـووە، لـە١٩٤٦ كۆلیجی یاسای لە بەغـدا تـەواو كـردووە، لەهـەمان ساڵ دەچێتە ڕیزەكانی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان، لـە ١٩٥١ دەبێتـە ئەنـدامی كۆمیتەی سەركردایەتی، بەشداری شۆڕشی ئـەیلولی كـردووە و بەرپرسـی ناوچـەی كۆیـەو دەوروبـەری بـووە، لەسـالی ١٩٧٧ پاڵدەداتـە شۆڕشی هەڵگیرساو لەشاخەكانی كوردستان و دەچێتە ڕیزەكانی یـەكێتی نیشـتمانی كوردسـتان، لەساڵی ١٩٩٢ كۆچی دوایـی كـردووە. (عەبدولخالق عەلائەدین: كۆیە و ناودارانی، كوردستان، ٢٠١٤، ل١٧٤-١٧٧).

[4] بڕوانە چاوپێكەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، ژمـارە(٢١٢٧)، بـەرواری ٢٣/ ٤/ ٢٠٠٠، ل ٧.

[5] عبـدالرزاق الحسـني: تـأريخ الـوزرات العراقيـة، جـزء (٩)، دار الشؤون الثقافيـة، العامـة، بغـداد، ١٩٨٨، ص ١٥٩-١٦٠ ؛ جعفـر عبـاس حميدي: التطورات والاتجاهات، السياسية الداخلية في العراق (١٩٥٣-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٨٠، ص ١١٨-١١٩.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لەکۆی (١٣٥) پەرلەمانتار، (١١٦) پەرلەمانتار بە تەزکیە داندران، ئەمەش ڕێگەی بە حکومەتدا کە مۆڵەتی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، چاودێرییەکی توندی سەرجەم کۆمەڵەکانیش بکات، لە هەمان کاتدا هەندێك یاسا لە هەندێك بواردا دەرکران، وەك بواری هەڵسوکەوتی قوتابی و مامۆستایان و ئازادی ڕۆژنامەوانی و مافی بەستنی کۆبوونەوە گشتییەکان و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی سنوردار کرد[١]

**تەوەری چوارەم: خۆپیشاندانی سلێمانی دژی پەیمانی بەغداد لە٢٥ی شوباتی ١٩٥٥دا:-**

لە ئەیلولی (١٩٥٤) نوری سەعید سەردانی لەندەنی کرد، بە مەبەستی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ وولاتانی دراوسێ بە ئاگاداری بەریتانیا، دواتر شاندی تورکی لەشوباتی ١٩٥٥دا بە سەرۆکایەتی (عەدنان مەندریس)[٢] سەردانی عێراقی کرد، دوای چەند دانیشتنێك و گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل، دواجار لە(٢٤)ی شوبات ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان تورکیاو عێراق واژۆکرا، دوای ئەوەش چەند ولاتێکی دیکە هاتنە ناو هاوپەیمانییەکە، لەوانە: بەریتانیا، پاکستان و ئێران، پاشان لە (١٧)ی تشرینی دووەمدا دەستکرا بە دامەزراندنی ئەنجومەنی هەمیشەیی، لە (٢٥)ی هەمان مانگیشدا، لەئاهەنگی کردنەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکە بڕیاری لەسەردراو بەغدادیش کرایە بارەگای سەرەکی پەیماننامەکە، ئامانجێکی گرنگی ئەو ڕێککەوتننامەیە بریتی بوو لە لێدانی بزووتنەوەی چەکداری و سیاسی ناوچەکە بە تایبەتی گەلی کورد[٣]. مستەر کۆلمان (بالیۆزی ئەمریکا) وەك چاودێری سیاسی بانگهێشت کرا و لەوێدا ڕایگەیاند کە ئەمریکا پێشوازی لەم پەیمانە دەکا، چونکە لەڕاستیدا ویستی تەواوی نەتەوەکانی هەرێمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پیشان دەدا بۆ پاراستنی ناوچەکە لە هێرشی لە ناکاو. هەرلەم کۆبوونەوەیەدا عەدنان مەندەریس دەڵێت: "دامەزراندنی ئەو پەیمانە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ تەئمین کردنی سەلامەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ترسی پەلاماردانی بێگانە"[٤]. لەناوەڕۆکی پەیماننامەکە بەفەرمی و بەئاشکرا ناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەهاتبوو، بەلاّم خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بەستنی ئەو پەیمانە و لەو سەردەمەدا، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە مەبەستی هێرشی لەناکاو و هەڕەشەی خەباتی چەکدارانەی کورد بووە.

هەڵبەتە ئەم ڕێککەوتننامە کاریگەری خراپی لەسەر هاووڵاتییانی شاری سلێمانی هەبوو، چونکە سلێمانی لەو سەردەمەدا ناوەندێکی گرنگی جوڵانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی بوو، سیاسەتی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقیش بەرامبەر کورد دوژمنکارانە بوو، لەلایەك حکومەت (عومەر عەلی) کردبوو بە موتەسەریفی سلێمانی، کە سیاسەتی کوشتن و سەرکوتکردنی کەسانی نیشتمانپەروەرو سڕینەوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی پیادە

---

[١] تشارلز تريب: المصدر السابق، ص١٩٤.

[٢] عەدنان مندریس لە ساڵی ١٨٩٠ لە ئایدن لە ڕۆژئاوای تورکیا لە دایك بووە، لە ئەمریکا کۆلێجی مافی خوێندووە، نوێنەری ئەزمیر بووە لە ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیادا، لە ساڵی ١٩٥٠ بۆتە سەرۆك وەزیران، لە ساڵی ١٩٦١ پاش سەرکەوتنی کودەتای جەمال گورسیل، لە سێدارەدرا. (شيرزاد زكريا محمد: اثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحررية القومية الكوردية، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦، ص٢٤).

[٣] ولدمار غلمن: عراق نوري السعيد، بيروت، ١٩٦٥، ص ٩٤-٩٥.

[٤] پەیام (گۆڤار): پەیمانی بەغدا بخوێنەوە، ژمارە (٣٢٢)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٥، ل١-٣.

دەکرد[١]. بە چەشنێك لەو ماوەیەدا لە جیاتی جەژنی نەورۆز، ئاهەنگی جەژنی (دارودرەختی) داهێنابوو، لە هەمان رۆژیشدا ئاهەنگی ئەنجام دەدا تا لەو رێگەیەوە نەورۆز وەك جەژنێکی نەتەوەیی لە بیر خەڵك بەرێتەوە، هەروەها زمانی کوردی لە قوتابخانە کوردیەکان قەدەغەکردو زمانی عەرەبی کردە زمانی فەرمی خوێندنی قوتابخانەکان، هەروەها گۆرانی و سرودی کوردی قەدەغە کردو مامۆستا کوردەکانی گواستەوە و مامۆستای عەرەبی لە شوێن دانان،[٢] لێرەوە ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەی حکومەتی عێراق و پەیمانی (١٩٥٥) ی بەغداد بووە مایەی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی گەورەی خەڵکی سلێمانی، لە رۆژی (٢٥) ی شوباتی (١٩٥٥) بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتیانی سلێمانی کە لەسەرجەم چین و توێژەکان پێکهاتبوون، سەرەتای خۆپیشاندانەکەش بە ناو بازاڕی سلێمانیدا بۆ سەرای سلێمانی کە شوێنی کۆبوونەوەی جەماوەری خەڵك بوو دەستی پێکرد، یەکێك لەو پارچە هۆنراوانەی کە لە لایەن خۆپیشاندەران وەك دروشم دەوترایەوە بریتی بوو لە:-

هەڵپەڕن دەی هەڵپەڕن هەڵپەڕینێکی بە جۆش
مژدە بێت خوشك و برا حلفی بەغدا ئێوە خۆش...!!،[٣]

بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی خۆپیشاندەران، موتەسەریفی سلێمانی بڕیاریدا پۆلیس و سەربازێکی زۆر بڕژێنە سەر شاقام و شوێنی خۆپیشاندەران، لە ئەنجامدا روبەڕووبوونەوە لەنێوانیان ڕوویداو کاربەدەستان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و کەسێك بە ناوی (بەکر ئەحمەد خەیات) گیانی لەدەستداو نزیکەی (٣٠) خۆپیشاندەری دیکەش دەستگیراکران[٤]. دەسەلاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق وەك سیاسەتی هەمیشەییان، گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش دانیان بە خۆدا گرتبێت، دواجار هەمان ئەو پیلانەی کە دایانڕشتبوو جێبەجێیان دەکرد، کە بریتی بوو لە کپکردنی دەنگی ناڕەزایی و قۆرخکردنی ئازادی و پەیڕەوکردنی توندوتیژی، لەبری ئەوەی پەنا بۆ دانوستان و گفتوگۆ بەرن.

### تەوەری پێنجەم: خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەساڵی١٩٥٦:-

### بابەتی یەکەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لەکاتی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود ١٩٥٦:-

حکومەت کەوتە ململانێی بنەماڵەی شێخانی سلێمانی، ئەوەبوو داوای لە شێخ مەحموودی گەورەی ئەوکاتەی دانیشتووی دێی (داریکەلی) کرد، کە لەسلێمانی نیشتەجێ بێت، ئەگەرچی شێخ سەرەتا تا ماوەیەك سەرپێچی کرد، بەلام دوایی بۆی دەرکەوت کەڵکی شاخی پێوە نەماوەو ناتوانێ بەرهەڵستیی حکومەت بکات، بۆیە داواکەی بەجێ هێناو تا کۆتایی ژیانی لە سلێمانی نیشتەجێ بوو، دیارە ئەم بڕیارە بۆ ئەوە بوو تا پلەو پایەی بەرزی

---

[١] الدکتور کاوس قفطان: الحرکة القومیة التحرریة الکردیة فی کردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، سلیَمانیة، ٢٠٠٤، ص ٤٩.

[٢] شیرزاد زکریا محمد: المصدر السابق، ص ٥٩ ؛ توانا رەشید کەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٦٦-١٦٧.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف عارف قەرەداخی، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی سێ یەمی ناوەندی خوێندووە، خاوەنی چەندین نامیلکەی شیعرە، ساڵی ١٩٧٠ وەك فەرمانبەر لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی دامەزراوە، یەکێك بووە لەبەشدار بووانی خۆپیشاندانەکە.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ناوبراو.

[٤] نایب عەبدوڵلا: بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چاپی دووەم، پەخشخانەی نەورۆز، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٩٢.

شێخ لەلای ئەوانەی کە وەك نیشتمان پەروەرێکی مەزنیان دەزانی، کەمبکەنەوە، حکومەت بەوەشەوە نەوەستا، شێخ لەتیفی کوڕی کە خاوەن پێگەیەکی دیاری کۆمەلایەتی بوو، ببووە جێگەی متمانەی هاوولاتیان، بە تاوانی یارمەتیدانی خولە پیزە دەستگیرکراو[1] درایە دادگا، کاتێکیش تەرمەکەی شێخی گەورە لە (١٩٥٦) دا هێندرایەوە لە بەغداوە تا سلێمانی خەلکێکی زۆری بەدواوە بوو، دانیشتوانی شار بەگشتی کەوتنە خۆپیشاندان و خۆسازدان، خەلکێکی زۆر لەگەل تەرمی شێخ مەحمود گەیشتنە باخی گشتی، بە هەزاران گەنج و لاو و پیر، بەشداریان کردو تێکەلی ئاپۆڕای جەماوەری شاری سلێمانی بوون[2] لەم بارەیەوە قادری میرزا کەریم لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنوسێت "لە ئێوارەیەکی درەنگدا سەرەتای هاتنی تەرمەکە دەرکەوت لەگەل ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل کە لە بەغداو کەرکوك شارەکانی ترەوە لەگەلیدا هاتبوون تەرمەکە گەیشتە لای خەلکەکەو بەنیازبوون هەر بەو شێوەیە بەرەو شاری بەرن، بەلام ڕێگەیان لێگیراو تەرمەکەیان لێوەر گرت و خستیانە سەر شانی ئامادەبووان دەروێش و مریدەکان کەوتنە سلاواتو(الله أكبر) و لە خۆدان، هاوڕێیانی ئێمە(واتا شیوعی) و برادەرانی پارتی تێکەلاویان بووین و هاوبەشیمان کرد و لە گەلیاندا ئەڕۆیشتین، کاتی ئەوەش هاتبوو هەولی گۆڕینی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکە بدەین بە جۆرێکی تر یەکەم هاوار بەرزبۆوە بە روخاندنی رژێم و داواکردنی تۆلەساندنەوەی خوێنی شێخ و بەربوونی شێخ لەتیف ئەمەش بوو داوای سەرەکی هەمووان، کە ئەوانەش کە زیاتر هاواریان ئەکرد هاوڕێیان (فەرەج ئەحمەد و جەلالی میرزا کەریمو سەلاحی عەلی ئایشە خانو کامل حەسەنو ئەنوەر عوسمانو جەلال عەبدولرحمان حەکیمو شەوکەتی عەزیز بەگ و شەوکەتی صیدلی و وەهاب صالح و عومەر نەمەلی عومەر موتلرچی (عومەر ئاشتی)و صادقی بۆیاخچیو حسێن عارفو کەمال سلێمانیو کەمال حەمە ڕەشو جەلالی برای جەلالیی دەباغ وعەلی سالح عەفورو عەلی صالح سەعیدو شێرکۆ بێکەسو زۆر لە برادەران بێجگە لە برادەرانی پارتی وەك (عەبدولی سۆرانو حسەڕەشی خەیانو سمکۆ فەتحوللاو رشدی عەلی شەریف و جەمالی حاجی مەجید) و زۆری تریان کە ئێستا لەیادم نەماون پێی هەلسان "[3].

لەو قۆناغەدا ئافرەت ڕۆلی کارای لە بەشداریکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، کە هەردەم هان دەدران بچنە گۆڕەپانی تێکۆشان و شان بەشانی پیاوان ڕۆلی مێژوویی خۆیان ببینن[4]، ئەوەی دەبینرا بەشداری ئافرەتان بوو کە بە کۆمەل دەهاتنە ناو جەماوەرو بە هاوارو هوتاف کێشان بەشداریان کرد، ژنان و پیاوان

---

[1] خولە پیزە: ناوی تەواوی مەحمود کوڕی حەمە، خەلکی دێی (چمیالە) یە کە ئەکەوێتە قەزای چوارتاوە، خولە خۆی و هاوڕێکانی لە پێشدا خەریکی مەڕو مالات لەوەڕاندن بوون، ((پیزە)) کە پاشگری ناوەکەی خولەیە واتا خولە پیزە، ناوی دایکیەتی و ناوی پیرۆزە هەر ئەم هاندەرو یارمەتیدەریان بوو، خولە پیزە لە میری یاخی بووەو بەرامبەری وەستاوەو ئامادە نەبووە سەربازی بکات، کوڕێکی ئازا بووەو گوێی نەداوەتە گرتن و کوشتن، زۆرێك لە پیاوە دەسەلاتدارەکان وەك ئاغاو شێخەکان دالدەیان داوەو هاوکاریان کردووە، لە سالی ١٩٥١ لە شاخی کەتوی چوارتا لەگەل عەول گولچین کوژراو هەر لەوێش نێژران، دوای دوو رۆژ دۆزرانەوەو تەرمەکانیان هێنرانەوە چوارتا، دواتر بردیان بۆ سلێمانی و دوای دلنیا بوون کە خولە پیزەیە، بردیانە بەردەم سەرای سلێمانی و پیشانی خەلکیاندا ئینجا بردیان بۆ نالپارێز ناشتیان لەو شوێنەی کە حاکم عەبدولباقی تیا کوژرا، بروانە: ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٩، ل ٢٢٠-٢٢١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەل جەمال بابان، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەل مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان، سلێمانی، ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.

[3] قادر میرزا کەریم: مێژوویەکی پڕ لە شانازی، بیرەوەری، بەرگی دووەم، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٥-٣٦.

[4] زێبا عبدالواحد خەیات: پێویستی سەرشانی ئافرەتی خوێندەوار، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە (١٠٩)، ١٩٥٧، ل٨.

دەیانووت (ڕۆڕۆ مەلیکی کوردستانم ڕۆ)، تا دەهات خۆپیشاندانی خەڵکی سلێمانی فراوانتر دەبوو، بە تایبەتی کاتێك خزمەکانی شێخ مەحمود ویستیان تەرمی شێخ بەرەو مزگەوت بەرن، بەڵام جەماوەری خۆپیشاندەر ڕێگایان لێگرتن و تەرمەکەیان بەرەو شەقامی پیرەمێردو بەندیخانەی سەرەوەی شەقامی پیرەمێرد برد،[1] ئەمەش فشارێك بوو تا کاربەدەستانی ڕژێم بۆ شێخ لەتیف ئازاد بکەن ، لەوکاتەشدا ڕژێم سەرجەم کۆڵان و سەربان و شوێنە گرنگەکانیان بە سەربازو هێزی تایبەتی خۆیان تەنیبوو، بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی خۆپیشاندانێکی گەورە، بەڵام خۆپیشاندەران بەردەوام لە بەندیخانەکە نزیك دەبوونەوە و بە دەنگی بەرز داوای ئازادکردنی شێخ لەتیفیان دەکرد، بەڕێوەبەری بەندیخانەکەش بە خۆپیشاندەرانی ڕاگەیاند: تاوەکو فەرمان لە پارێزگارەوە نەهێنن ناتوانین شێخ لەتیف ئازاد بکەین، بەم شێوەیە خۆپیشاندەران هەڵیان کوتایە سەر بەندیخانەکەو بەهۆی بەهێزی دەرگای بەندیخانەکەوە نەتوانرا بشکێنرێت، کاربەدەستانی ڕژێم ترسیان لێ نیشت و دەستیان کرد بە تەقە کردن لە خەڵك، کە لە ئەنجامدا (ئەختەری ئەحمەدی ساڵحی خولە)[2] کە خێزانی ڕەشۆڵ بوو گیانی لەدەستداو چەندین کەسیش بریندار بوون، تەنانەت تەرمەکەی شێخ مەحمود چەند فیشەکێکی بەرکەوت، خۆپیشاندەرانیش بە ناچاری و بەزەبری هێز بڵاوەیان پێکراو گەڕانەوە بەردەرکی سەرا، بەڵام خۆپیشاندان لەبەردەرکی سەرا زۆر توند بوو، ڕژێم دووبارە بەدەستڕێژی گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە، لەئەنجامدا چەندین کەس بریندار بوون، وەك (ئەنوەر عوسمان، حسێن ئەحمەد شەشۆیی، فەرەیدونی عەزیز بەگ و جەلال عەزیز...هتد)، دواتر ڕژێم پیلانێکی ووردی دارشت و ڕێگریکرد لە جێبەجێکردنی بەرنامەی ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد،[3] بۆ ئەو مەبەستەش لە شەودا نزیکەی ١٥٠ کەسی دەسگیر کرد[4].

ئەم خۆپیشاندانەی خەڵکی سلێمانی لەلای شاعیرو ئەدەب دۆستان ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو، تەنانەت کەسێکی وەك شێخ نووری شێخ ساڵح لە هۆنراوەیەکدا زۆر بە جوانی باسی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود و خۆپیشاندانی خەڵك و کاردانەوەی پۆلیس و کاربەدەستانی حکومەت کراوە تەنانەت باسی شەهید و برینداراەکانیش کراوە، شێخ نووری لە هۆنراوەکەدا دەڵێت: "

شەوبوو جەنازەکەی گەیشتە کەناری شار
گیرایە ناو ژمارەیەکی زۆری بێ شومار

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود قادر مەحمود، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤١ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە رووی خوێندنەوە تاوەکو شەشەمی(محلو الامیە) خوێندووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ بۆتە سەرباز لە کۆشکی کۆماری.

[2] ئەختەر ژنی ڕەشۆڵە کچی (ساڵح) ی کوڕی (مەحمود)ە کە بە ساڵحی خولە بە نێوبانگە لە شاری سلێمانیدا لە دایك بووە لە ٩ تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ لەبەر دەرگای سەرا بە دەستی پۆلیسی عێراق لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا گیانی لە دەستدا، ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٦١.

([3]) هەندێ لە مێژوونووسان باس لە کوژرانی دووکەس دەکەن، لەوانە ژنەکەی ڕشۆل و فەقێیەك، ١٣کەسیش بریندار بوون، دواتر ژمارەی بریندارەکان بۆ ٤٠ کەس بەرز بۆوە، دوای ئەوە عومەر عەلی موتەسەریفی سلێمانی لە بەغداوە فەرمانی دابوو کە تەقە لەخۆپیشاندەران بکەن و دەست نەپارێزن، ئەوشەوەی کە شێخ نێژرا، ڕۆژنامەی ژین هەواڵی مردنەکەی بڵاوکردەوە، بەڵام ڕێگریان لەبڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە کرد و دەستیانکرد بە دەسگیرکردنی ٥٢کەس. (عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، ١٩٥٩، ل٩٦).

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ حسێن عارف، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

بردیانە بەندیخانە کە بیبینێ (شێخ لەتیف)
دەستێ بکاتە گەردنی باوکی هەژارەوە
کوژرا ژنی (رەشۆڵ) بە یەکەم گوللە، بێگوناه
داخێکی نا بە جەرگی گوڵ و لالەزارەوە
وەك (ئەختەری)ی (رەشۆڵ) ی بەسەزمان لە ئاسمان
چۆن زوو کوژایەوە، بەروخی تابدارەوە
زۆر نەوجەوانی تر وەکو ئەو کوشت و جەریح
شارانەوە هەموو بە لەشی زامدارەوە
زانرا نەتیجەکەی کە شتێکی فەلاکەتە
عالەم لە ترسی گوللە کشانە کەنارەوە
سبحەینێ وەزعی مەملەکەتم زۆر شپرزە دی
هەر (شورتە) یەو خولەی دێ بە دونکی و بەدارەوە
وەك رووی نەدابێ حادیسەیەك ئەمر ئەدەن ئەڵێن
عالەم ئەبێ خەریك بێ بەسەر ئیش و کارەوە.. هتد[١]

ڕۆژی دوایی هەر لەو مزگەوتەدا و لە تەنیشت کاك ئەحمەدی شێخەوە بەخاك سپێردرا شێخ لە تیفیش هەر لە بەندینخانەدا مایەوە تا دوای ١٤ی تەموزی (١٩٥٨) ئازاد کرا[٢]. دیارە ژنانی سلێمانی لەپاڵ پیاوان بەشداری کارایان لەم خۆپیشادانانە هەبووە، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ هەژمار دەکرێ و سەنگ و هۆشیاری ئەو چینە بەرجەستە دەکات، دیارە ئەمەش لە ژێر کاریگەری سیاسەتە توندوتیژەکانی ڕژێمی پاشایەتی بووە،جگە لەوەی سلێمانی لەزۆر بواردا پێشەنگ بووە، لەوانە: بەدیار کەوتنی ڕۆڵی ژن لە بەگژاچوونەوەی سەرکوتکەرانی.

## بابەتی دووەم: خۆپیشاندانی سلێمانی لە دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسڕائیل بۆ سەر میسر لەساڵی ١٩٥٦:-

ڕاگەیاندنی خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس لە ٢٦ تەموزی (١٩٥٦) دا لەلایەن حکومەتی میسرەوە، لێدانێکی کوشندە بوو لە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسەییەکانی وولاتانی رۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا، لە بەرامبەر ئەمەدا بەریتانیاو فەرەنسا، دژی ئەم کارەی حکومەتی میسر وەستانەوە، لەسەرەتادا ویستیان بە رێگای دیبلۆماسی کێشەکە چارەسەر بکەن، بەلام هیچ لە بڕیارەکانی میسر گۆڕانکاری بەسەردانەهات، هەر بۆیە لە تشرینی یەکەم و دووەمی (١٩٥٦) دا هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیاو فەڕەنساو ئیسڕائیل بۆ سەر میسر دەستیپێکرد[٣] بەم هەنگاوەش سەرلەنوێ بزووتنەوەی نیشتمانی گوڕی سەندەوەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان

---

[١] ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٦١-٣٦٢.

[٢] نوری عەبدوڵلا صالح (مەلا نوری ئاغجەلەری): بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی: سدیق سالح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٨٨-٨٩.

[٣] جعفر عباس حمیدی: انتفاضة العراق عام ١٩٥٦، الدوریة الوثائیقیة، بغداد، ٢٠٠٠، ص ٨٧-٨٩.

دەستی پێکردەوە، سەرەتای خۆپیشاندانەکانیش لە بەغداد لە کۆلێجەکانی ماف، پزیشکی، دەرمانسازی، ئەندازیاری، لە هەموو لایەکەوە روو لە گۆڕەپانی (باب المعظم) لای کۆلێجی ئەندازیاری و ئاداب کرا، بۆ چەند رۆژێك ئەم کارە بەردەوام بوو، حکومەتی عێراق سیاسەتی گرتن و زیندانیکردنی خۆپیشاندەرانی پیادە کرد، بە هۆی ئەم خۆپیشاندانانە ماوەیەك کۆلێج و قوتابخانەکان دواخران و قوتابیان بۆ شارەکانی خۆیان گەڕانەوە[١].

سەبارەت بە سلێمانی شان بەشانی شارەکانی تری عێراق و کوردستان، ناڕەزایی و توڕەیی خەڵك رۆژ بە رۆژ رووی لە زیاد بوون بوو، لەوکاتەشدا لەلایەن (سەعد عەلی) فەرماندەی سەربازی ناوچەی سلێمانی بەیاننامەیەکی بۆ سەرجەم خەڵکی سلێمانی بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە بلاّو کردەوە، تێیدا هەڕەشەی توندی لەخۆ گرتبو، لەناوەڕۆکیدا هاتبوو (لەلایەن فەرماندەی سەربازی سلێمانیەوە ئاگادارتان دەکاتەوە لە بەشداریکردنی هەر خۆپیشاندەرێك، کە هەندێ لە قوتابیانی تەمبەڵ، یان هەڵگرانی بیروباوەڕی تێکدەرانە لە نێو ئێوەدا، خۆیانگرتووە لەسەر بلاّوکردنەوەی گیانی ئاژاوە لە نێو پۆلەکانتان، بۆیە هەر کەسێك بیەوێت خۆپیشاندان بکات، یان بەشدار بێت لە خۆپیشاندان لە قوتابخانە دەردەکرێت و دەنێردرێتە (ئەنجومەنی سەربازی لە ناکاو)[٢]. سەرەڕای ئەم راگەیاندن و توندو تیژیە سەربازیەی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەڵك، کەچی خۆپیشاندانی هاولاّتیان بۆ پشتگیری میسر دەستی پێکرد. سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە گۆڕەپانی ماستەکەوە دەستی پێکرد، تا شەقامی سەیوان بۆ بەردەم خانەقا بەردەوابوو، بەلاّم وەك هەموو جارەکانیتر پۆلیسێکی زۆر پەلاماری خۆپیشاندەرانیداو ژمارەیەك خۆپیشاندەر دەستگیرکران کە بەشێکیان بریتی بوون لە (تالب سەید عەلی، نائیب عەبدوڵلاّ، دکتۆر فارس). دوای سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکەش نزیکەی(٥٤) مامۆستای لە ناو سلێمانیەوە بۆ گوندەکان گواستەوە، کە بەشێکیان بریتی بوون لە (عومەری مام رەحیم، ئیبراهیم سەرکیس، مەجیدی حاجی رەشید، ئیسماعیل عەبدوڵلاّ، حەمە نوری حاجی سەعید)[٣] بوو.

دانیشتوانی سلێمانی هەلوێستی جوامێرانەیان پیشاندا لە پشتگیریکردنی گەلی میسر و ڕەتکردنەوەی هێرشی سێ قۆڵی لە ١٩٥٦، ئەمەش بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەژمار دەکرێ لە خەباتی خەباتگێڕانی شاری سلێمانی، کە نەك تەنها داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن، بەڵکو ئامادەن لە پێناو ئازادی گەلانیش قوربانی بدەن.

پێویستە بوترێت کە سیاسەتی سەرکوتکەرانە و فەرامۆشکردنی مافە ڕەواکانی هاوولاّتیانی کورد هۆکاری سەرەکی ئەم خۆپیشاندانانە بوون، هەر بۆ نمونە کەسێك بەناوی هاوڕێ عمر کە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، دەڵێت: لەپاش گرتنم لە بەغدا لەسەرەتای ١٩٤٩دا دوای ئازاردان و تەحقیقات، براین بۆ ژووره تاریکەکانی ئەبوغرێب و لە دوو مانگ زیاتر تیای ماینەوە، پاش محاکەمەیەکی صوری نهێنی بێ بواردن بە قسەکردن بە ١٠ ساڵ و ٣ ساڵ موراقەبە حوکم دراین و ناردمیان بۆ بۆ بیابانی نگرەت سەلمان[٤]. هەروەها بەهائەدین نوری دەڵێ: لە ساڵی ١٩٥٣دا لەبەغدا گیرام، پێش گرتنم غیابی حکم درابووم ئەویش لەئەنجامی بەشداریم لەڕاپەڕینی ١٩٥٢، کە گیرام

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤؛ مستەفا عەسکەری: بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١، ل ٤٧.

[٢] الدكتور طاهر البكاء: مواقف فی وثائق الرأی العالم العراقی والعدوان الثلاثی علی مصر فی وثائق شعبة المخابرات السرية فی وزارة الداخلية ١٩٥٦، بغداد، ٢٠٠٦ ، ص١٠٢.

[٣] شێخ قادر شێخ تەها: مشتێ لە خەرواری بیرەوەریەکانم، سلێمانی ٢٠٠٦، ١٧١.

[٤] هیوا (گۆڤار): گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی، ژمارە(٣)، ١٩٥٨، ل٣٠.

درام بە محکمەی عورفی و ویستیان ملم بکەن بەسێدارەدا، بەڵام بەرهەلستی و احتجاجی نـاوەو دەرەوەی عێـراق بەرامبەر بە حکومەت، ڕزگاریکردین لە خنکاندن،حکم دراین بە ٢٠ساڵ[1].

کاتێـك شۆڕشـی ١٤ی تـەموزی ١٩٥٨ لـە عێـراق هەلگیرسا، هاووڵاتیـانی عێـراق بەگشـتی و کـورد بەتایبـەتی، پشــتگیرییەکی زۆریــان کــرد و بــەخاڵی وەرچــەرخانی گۆڕانکــاری و بــەدیهێنانی ئامانجــەکانیان و بــەڕۆژی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە برسێتی و کۆیلەتیان دەزانی[2].

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە

یەکەم : سەردەمی حوکمی پاشایەتی و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراق بەرامبەر بە کورد زۆر خراپ بووە، هیچ کاتێك ئامادە نەبوون بەدەم داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتیەوە بێن

دووەم: بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی ئەوپەڕی ئازایەتی و خۆڕاگری خەڵکی سلێمانی دەردەخات بەرامبەر سیاسەتی گرتن و لە سێدارەدانی حوکمی پاشایەتی.

سێیەم: دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە ویستویانە لە ڕێگای گرتن و دەرکردن و لە سێدارەدان و بلاوبوونەوەی ترس و تۆقاندنەوە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بێنن بەڵام دواجار خەڵکی سلێمانی بەردەوام بوون و ملیان نەداوە بە سیاسەتەکانی رژێمی پاشایەتی .

چوارەم: هەر لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر عێراق و ناوچەکەو جیهاندا هات کاریگەری باشی لەسەر ووشیاربوونەوەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی دروست کرد، ئەمەش وای کرد خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن .

پێنجەم: خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی لە سەردەمی پاشایەتیدا کاریگەری زۆری لەسەر دۆزی کورد دروست کردو خەڵکی کوردستان قۆناغێکی گرنگیان لە جولانەوەی مەدەنی شارەکان بەدەست هێناو دواتر ئەم خۆپیشاندانانە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی کۆماریشدا بەردەوام بوون.

شەشەم: خاڵێکیتر بریتی بوو لە بەشداریکردنی ژنان و کچانی سلێمانی بە شێوەیەکی فراوان کە هاندەرێکی باش بوو بۆ بەشداریکردنی سەرجەم چین و توێژەکان، دواتر رەنگدانەوەی زۆری لەسەر بەشداریکردنی رەگەزی مێ دروست کرد لەسەرجەم بوارەکانی تری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

[2] عەبدولخالق عەلائەدین: شۆڕشی ١٤ی تەموز، گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە(٤٠)، ١٩٥٨.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

### ا- کتێب بە زمانی کوردی


١- ئازاد عەبدولواحید: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢- ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٩.

٣- ئەکرەمی سالحی ڕەشە: شاری سلێمانی ٢٠٠ساڵ، پێداچوونەوە و پێشەکی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١.

٤- ئیبراهیم ئەحمەد: توێژێ لە خەباتی کاکە عومەر دەبابە، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٦.

٥- توانا رەشید کەریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥- ١٩٥٨)، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی دارالحریە للگباعە، بغداد، ١٩٩٨.

٧- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێ یەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح: رۆژنامەوانی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق ١٩٤٦-١٩٥٨، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٩- عەبدولخالق عەلائەدین: کۆیە و ناودارانی، کوردستان، ٢٠١٤.

١٠- عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، ئێران، ١٩٥٩.

١١- فەرەیدون عەبولرەحیم عەبدوللا: بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠-١١ی مارتی ١٩٧٤، چاپخانەی منارە، هەولێر، ١٩٩٦.

١٢- کاکەمەم بۆتانی: کاکی کاکان، مرۆڤ و ڕووناکبیرو شۆڕشگێر، بەرگی یەکەم، خەباتی ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٦١ ی سەرکردەی نەمر عومەر دەبابە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.


### ب- زمانی عەرەبی


١٣- اسماعیل احمد یاغی (الدکتور): تطور الحرکة الوطنیة العراقیة ١٩٤١-١٩٥٢، مطبعة النعمان، بغداد، ١٩٧٩.

١٤- تشارلزتریب: صفحات من تاریخ العراق ، الدار العربیة للعلوم، مکتبة مدبولی، لبنان، بیروت، ٢٠٠٦.

١٥- جعفر عباس حمیدی: التطورات والاتجاهات السیاسیة الداخلیة فی العراق (١٩٥٣-١٩٥٨)، بغداد، ١٩٨٠.

١٦- جعفر عباس حمیدی: انتفاضة العراق عام ١٩٥٦، الدوریة الوثائیقیة، بغداد، ٢٠٠٠.

١٧- شێرزاد زکریا محمد: اثر حلف بغداد ١٩٥٥ علی الحرکة التحرریة القومیة الکوردیة، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٦.

١٨- طاهر البکاء (الدکتور): مواقف فی وثائق الرأی العالم العراقی والعدوان الثلاثی علی مصر فی وثائق شعبة المخابرات السریة فی وزارة الداخلیة ١٩٥٦، بغداد، ٢٠٠٦.

١٩- عبدالرزاق الحسنی: تأریخ الوزرات العراقیة، جزء (٩)، دار الشؤون الثقافیة، العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٢٠- عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزرات العراقية، الجزء السابع، الطبعة السابعة، بغداد، ١٩٨٨
٢١- عبدالرزاق أحمد النصيري: عبدالهادي الخماس ١٩٣٩-١٩٥٨، دراسة تاريخية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١.
٢٢- عصمت السعيد (الدكتورة): نوري السعيد رجل الدولة والانسان، ط٢، بيروت، ٢٠٠٣.
٢٣- كاوس قفطان(الدكتور): الحركة القومية التحررية الكردية فى كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤، سليمانية، ٢٠٠٤.
٢٤- دكتۆر كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧
٢٥- مير بصرى: أعلام السياسية فى العراق الحديث، الجزء الاول، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
٢٦- ولدمار غلمن: عراق نورى السعيد، بيروت، ١٩٦٥.

**دووەم: بیرەوەری:-**

**ا- بەزمانی کوردی**

٢٧- بەهادین نوری: بیرەوەرییەکان، بەشی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٥.
٢٨- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: بەشێك لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٩- غەفوری میرزا کەریم: چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نووسینەکانمدا، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١.
٣٠- فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە (مەلا حەسەن): حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣١- قادر شێخ تەها: مشتێ لە خەرواری بیرەوەریەکانم، سلێمانی ٢٠٠٦.
٣٢- قادر میرزا کەریم: مێژوویەکی پڕ لە شانازی، بیرەوەری، بەرگی دووەم، چاپەمەنی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٣٣- گەلاوێژ: بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٤- مستەفا عەسکەری: بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١١.
٣٥- مستەفا ساڵح کەریم: یەکێتی نووسەرانی کورد رێبازو هەڵوێست، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٢
٣٦- مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، چ٣،سەنتەری لێکۆڵینەوەی پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩.
٣٧- نایب عەبدوڵڵا: بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چاپی دووەم، پەخشخانەی نەورۆز، سلێمانی ١٩٩٧.
٣٨- نوری عەبدوڵڵا صاڵح (مەلا نوری ئاغجەلەری): بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

**ب- زمانی عەرەبی**

٣٩- مذكرات توفيق السويدي: نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٩.

**سێیەم: گۆڤار:-**

٤٠– پەیام (گۆڤار): پەیمانی بەغدا بخوێنەوە، ژمارە (٣٢٢)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٥.

٤١– زێبا عبدالواحد خەیات: پێویستی سەرشانی ئافرەتی خوێندەوار، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە (١٠٩)، ١٩٥٧.

٤٢– شاکر فەتاح: ژین، گۆڤاری(هەتاو)، ژمارە(٤)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٥٤.

٤٣– هیوا (گۆڤار): گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی، ژمارە(٣)، ١٩٥٨.

**چوارەم: رۆژنامە:-**

٤٤– چاوپێکەوتنی شیلان ئەحمەد لەگەڵ محەمەدی حاجی تایەر، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٢١٢٧)، ٢٣/ ٤/ ٢٠٠٠.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن:-**

٤٥– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهائەدین نوری شێخ بابە عەلی، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٦– ــــــــــــ جەمال بابان، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٧– ــــــــــــ حسێن عارف، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٨– ــــــــــــ مامۆستا حەمە سەعید عەلی عوسمان،سلێمانی، ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.

٤٩– ــــــــــــ مامۆستا حسێن عبدالقادر علی، سلێمانی ١٢/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٠– ــــــــــــ د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، سلێمانی، ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤.

٥١– ــــــــــــ لەتیف عارف قەرەداخی، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥.

٥٢– ــــــــــــ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٣– ــــــــــــ مستەفا عەسکەری، سلێمانی ٦/ ١١/ ٢٠١٤.

٥٤– ــــــــــــ مەحمود قادر مەحمود، سلێمانی، ٣/ ٤/ ٢٠١٥.

## پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی

خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا بۆ ئەو کاتەی بارودۆخی کوردستان و دۆزی رەوای کورد، مانای هۆشیاری سیاسی و رۆشنبیری کورد و خەڵکی سلێمانی دەگەیەنێت، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکی سلێمانی لە بەرامبەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراق بە رامبەر دۆزی رەوای کورد و ئەو گۆڕانکاریانەی لە عێراق و ناوچەکە روویاندەدا کە هاوتەریب بوون لەگەڵ دۆزی رەوای کورددا ، بێ دەنگ نەبوون و توانیان وەڵامدانەوەیان هەبێت و وا بە ئاسانی پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی پاشایەتی نەبن.

ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە وێنەیەکی راستەقینەی بەگژداچوونەوەکانی خەڵکی سلێمانی بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانیان پیشان بدەین و ئەوە روون بکەینەوە، کە دەنگی ئازادی و رزگاری گەلانی زوڵم لێکراوی ئەو کاتەی عێراق بە سیاسەتەکانی رژێمی پاشایەتی کپ نەدەکران، بەڵکو بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی ئەو راستەیەی سەلماند کە پێویستە حکومەتی ئەو کاتەی پاشایەتی عێراق بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە گۆڕانکاری گرنگ لە هەڵوێستەکانیدا بکات، چونکە لە لایەك بێ بەش کردنی خەڵکی سلێمانی لە هەڵبژاردنەکان و نەتوانینی خۆ کاندید کردنی ئازادانەی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان دا لەلایەکیتر دەست نیشانکردنی چەند کەسێك وەك نوێنەری خەڵکی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ ئەوەی خەڵکی سلێمانی دەنگی بۆ دابن، رق و بێزاری لەلای خەڵك دروست کردبوو بەردەوامی بە نارەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان دەدا .

پلانی توێژینەوەکەمان بریتی یە لە پێنج تەوەرە کە تەوەرەی پێنجەم بۆ دوو بابەت دابەش کراوە، لە تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکەدا باسی  خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩ دا کراوە لە تەوەری دووەم خۆپیشاندانی سلێمانی لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٢ خراوەتە روو لە تەوەری سێیەمیشدا خۆپیشاندانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤دا باسی کراوە هەروەها تەوەری چوارەمیش بۆ خۆپیشاندانی سلێمانی دژی پەیمانی بەغداد لە٢٥ی شوباتی ١٩٥٥دا تەرخان کراوە کە ئەم پەیماننامەیە کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناو دواتر جێ بەجێ نەکرا، تەوەری پێنجەمیش خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە ساڵی١٩٥٦ لە دوو بابەتدا خراوەتە روو بابەتی یەکەم خۆپیشاندانی سلێمانی لەکاتی هاتنەوەی تەرمی شێخ مەحمود ١٩٥٦ توێژینەوەی لەسەر کراوە، هۆکارو دەرئەنجامەکانی باس کراوە، لە بابەتی دووەمیشدا خۆپیشاندانی سلێمانی لە دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ و کاردانەوەی لەسەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی باس کراوە.

**ملخص البحث**

**مظاهرات السليمانية للأعوام ١٩٤٩-١٩٥٨**

مدينة السليمانية معروفة بحضارتها ومدنيتها ومكانتها بوصفها واحدة من المدن التى تمتلك مواقف مشرفة ظاهرة للعيان، ولا سيما في الجانبي الثقافى والسياسى، من خلال المشاركة الفاعلة للمظاهرات والتصدي السياسي للتجاوزات التى مارسها النظام الملكي في العراق، عبر سلبها للحقوق المشروعة للشعب الكردي، وممارستها لصنوف متعددة من الاذى الجسدي من خلال زج الكثيرين في السجون وممارسة القتل المتعمد لأصحاب المواقف المشرفة.

ولم تكن نساء السليمانية بعيدات عن هذه الممارسات، اذ مارست دورها جنباً الى جنب الرجال في المعترك السياسي من خلال مشاركة ودعم المظاهرات، بما يشكل علامة خارقة على تنامي الوعي الثقافي لأهل السليمانية في ذلك الوقت وتحديهم للسياسات الخاطئة في النظام الملكي، وبعد زوال النظام الملكي وانتصار ثورة ١٤تموز١٩٥٨، استقبل سكنة السليمانية بفرح غامر الثورة من خلال الاهازيج والدبكات، احتفالاً بانتصار الثورة، مما يدلل على اظهار السرور لهذا التحول التأريخي. يتكون هذا البحث من خمسة محاور، تضمن المحور الاول المظاهرات التي شهدتها السليمانية عام ١٩٤٩، بينما تناول المحور الثاني مظاهرات أهل السليمانية في أواخر ١٩٥٢، والمحور الثالث يتحدث عن مظاهرات أهل السليمانية في ١٩٥٤، والمحور الرابع يتناول بالخصوص مظاهرات أهل السليمانية ضد معاهدة بغداد ١٩٥٥، والمحور الخامس يتضمن موضوعين، الموضوع الاول منه يتناول مظاهرات السليمانية أثناء عودة جنازة الشيخ محمود الحفيد، والموضوع الثاني يتناول مظاهرات أهل السليمانية ضد العدوان الثلاثي (بريطانيا- فرنسا- اسرائيل) سنة ١٩٥٦ على مصر.

Abstract

Sulaimany demonstrations (1949 – 1958)

Sulaimany city is famous of having civilization and has a significant role in the intellectual and political movements, they have had a great attitude, and had an active participation against the bad policy of the Iraqi kingdom regime, which they did not recognize the rights of Kurdish people and continuously torturing, jailing and killing the people of the city,The women and men equally took an active part in that demonstrations, this proves the awareness of people at that time, they always rebelled against the bad policy of the kingdom regime authorities, and they sacrificed for that sake.

After the fall of the kingdom regime and the victory of the 14th July revolution in 1958, people of Sulaimany received it happily, had a victory celebration and supported it.

This study consists of five axes; the first one is concerned with the demonstration of Sulaimany people in January 1949. The second one is specified for the demonstrations in the end of 1952. The third axis is about the demonstrations in 1954. The forth one is concerned with the demonstrations against the Baghdad treaty in 1955. The fifth axis falls into two sections, the first one is concerned with the demonstrations at the time of bringing back Sheik Mahmoud's body in 1956 and the second section is about the demonstrations to support Egypt against the three allied attack of British, French and Israel in 1956.

# کارنامەی ژیانی دیکتاتۆرەکان و بەراوردێکی نێوانیان
## ( مۆسۆلینی، هیتلەر، سەدام حسێن، مستەفا کەمال ) وەك نموونە

د.سوزان کەریم مستەفا
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

## پێشەکی

لە پشت هەموو دیکتاتۆرێکەوە کۆمەڵێك نهێنی خۆی حەشار داوە، لەپشت هەریەك لەو دیکتاتۆرانەوە گەنجینەیەکی شاراوە هەیە، کۆمەڵێك رووداوی ناخۆش‌و گاڵتە ئامێز هەن، لە پشت ئەمانەوە رابردوویەکی سەیرو پڕ لە ئازار بەدی ئەکەین، وەك شارەزایانیش ئاماژەیان پێداوە ئەم رابردووە پڕ لەئازارە کاریگەری خراپی لەسەر ژیان‌و کرداریان دروستکردووەو رێڕەوی ژیانیانی لە منالێکی ئاسایی‌و کەسایەتیەکی ئاساییەوە گۆڕیوە بۆ دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژو چەوسێنەر، هەر ئەم رابردووە بۆتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك گرێی دەروونی، کە بۆ ڤوتاربونیان لەم بارە دەرونیە بە کۆمەڵێك کاری نامرۆڤانە خۆیان خاڵی کردۆتەوە، ئەویش خۆی لە بەسوك تەماشاکردنی خەڵکی ترو ئازاردانی کەسانی تردا دەبینێتەوە، هەستکردن بە کەمی وای لێکردون چاوچنۆکانە بڕواننە دەوروبەرو هەمیشە بەدوای دەستکەوت‌و پلەو پایەو ناوی بەرزدا بگەڕێن، چونکە قۆناغەکانی ژیانیان شێوە ئاساییەکەی خۆی تێنەپەڕاندووە، بێبەشبوون لەژیانی منالی، نەبوونی‌و دەربەدەری‌و بەکارهێنانی توندو تیژی، هەموو ئەمانە بونەتە هۆی دروستبوونی پڕمەترسیترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم کە مێژوو هەتاهەتایە لەیادیان ناکات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی خودی بابەتەکە، کەتا ئێستا هەندێك ووردەکاری ژیانی ئەم کەسایەتیانە لای بەشێکی زۆری خەڵکی نەزانراوەو هۆکارەکانی پشت دروستبوونی دیکتاتۆر تاڕادەیەك بەشاراوەیی ماوەتەوە، بۆیە ئەمە هەوڵێکە بۆ ناساندنی کۆمەڵێك خاڵی گرنگ‌و لەهەمان کاتدا ناڕوون لەدیدی خەڵکیەوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا دووچاری هەندێك گرفت بووین لەوانە دەستنەکەوتنی سەرچاوە بە زمانی بیانی کە لە رووی زانستیەوە بە کەم‌و کورتیەکی گەورەی دەزانین.

میتۆدی نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی مێژوویی شیکاری بەراوردکاریە، کە هەوڵ دراوە سود لەهەموو ئەم میتۆدانە وەربگرین لە پێناو دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەدا.

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستراوە کۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگن‌و بەشێکیان بریتین لە یاداشت‌و ووتەی ئەم کەسایەتیە خۆیان، وەك(مژکرات موسولینی، خەباتی من، خواگر الزعیم).

بەشێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی بابەتەکە دەروازەیەك‌و دوو تەوەر لە خۆ دەگرن.

تەوەری یەكەم:دیكتاتۆریەت لە رووی چەمكو زاراوەوە، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە پێناسەو شێوازەكانی دیكتاتۆریەت روون بكرێتەوە.

تەوەرەی دووەم :بەراوردی نێوان دیكتاتۆرەكان، لەم تەوەرەدا هەوڵدراوە باس لە هەندێك ووردەكاریەكانی ژیانی تایبەتی ئەو كەسایەتیانە بكرێتو خاڵە لێكچوو جیاوازیەكانی ژیانیان بخرێتە روو.

## تەوەرەی یەكەم

## دیكتاتۆریەت لە رووی چەمكو زاراوەوە

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە سیاسی نابەرپرسیارو مرۆڤی ستەمكارو ئەو دیكتاتۆرانەی دەسەڵات وەك موڵكی تایبەتی خۆیان تەماشا دەكەن، پڕە لە كەسانێك نایانەوێت هیچ سنورو هێزو رێگرێك لەبەردەم ویستو ئارەزوو حەزەكانی دەسەڵاتیاندا هەبێت، دیكتاتۆرەكان پیاوانی نێو ناوەندێكی سیاسین كە پڕە لە سیاسی گەندەڵ، خاڵی لە هەموو ئامرازێكی لێپرسینەوەی یاساییو ئەخلاقی.[١] زاراوەی دیكتاتۆریەت لە بنەڕەتدا زاراوەیەكی لاتینیەو كارێكی دەستوریە ئەو كەسەی لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرا بۆ ماوەیەكی كاتی پیادەی دەكرد، بۆ پارێزگاریكردن لە دەوڵەت بەناوی سەلامەتی گشتیەوە، كەواتە دیكتاتۆریەت لە بنەڕەتدا دەلالەتە لە حاڵەتێكی سیاسی دیاریكراو كە سەرجەم دەسەڵاتەكان لە دەستی یەك كەسدا كۆدەبوەو بەپێی خواستی خۆی پیادەی دەكرد، دیكتاتۆریەتیش لە مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوەو لە زۆربەی قۆناغەكاندا بوونی هەبووە.[٢] ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا مەبەست لەو رژێمە سیاسیەیە كە تەنها كەسێك یان كۆمەڵێك دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرنو بەشێوەیەكی رەهاییو بەبێ پرسو رازیبوونی گەل دەسەڵات بەڕێوە دەبەن.[٣] ووشەی دیكتاتۆریش لەسەرچاوەی لاتینی (Dictator)ەوە وەرگیراوە، كەلە رۆمی كۆندا بە كاربەدەستێكی پایەبەرز دەگوترا كە بەهێزو شكۆیەكی زۆرو لە رادەبەدەرەوە كۆنترۆڵی كاروبارەكانی ووڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لە فەرهەنگی سیاسی ئەمڕۆشدا دیكتاتۆری بەو رژێمانە دەوترێت كە تاكەكەس یان حزبێك بەر بە ململانێی گروپەكانی تر دەگریو بەڕێوەبردنی هێزە گشتیەكانی ووڵات بەبێ ركابەر لەبەردەست تاكەكەس یان رێكخراوێكی خۆیدا كەڵەكە دەكات.[٤]

لە سەردەمی كۆندا كاری دیكتاتۆر شێوەیەك بوو لە شێوەكانی پیادەكردنی دەسەڵات، یەكەم دیكتاتۆر لە رۆما لە ساڵی(٥٠١پ.ز) هەڵبژێردرا كە گەل (ماكسیمۆس)یان وەك دیكتاتۆر لەسەروبەندی جەنگی (هنیبگل) وەك حاكمی شەرعی هەڵبژارد، بۆیە دیكتاتۆر تەنها نوێنەری حوكم بوو لە ماوەیەكی تایبەتدا، كە تیایدا دەسەڵات بەدەستی تاكێك یاخود كۆمەڵەیەكەوە دەبوو بە ئامانجی رووبەڕووبونەوەی مەترسیەكی گەورە.[٥] هەروەك ئاماژەمان

(١)مەریوان وریا قانیع : سیاسەتو دونیا، ماناو بێمانایی سیاسەت لە كوردستاندا، سلێمانی،2012 ، ل.199

(٢) عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ط٣، بيروت ، ١٩٩٧، ص٦٨٤– ٦٨٥.

(٣)یاسین صابر سالح :ئینسایكلۆپیدیای گشتی، سلێمانی،2005 ، ل490.

(٤)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٣٥.

(٥)عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية،

بۆكرد یەكەمین دیكتاتۆریەت لە مێژوودا لەهەندێك لە شارەكانی یۆنانیدا دەركەوت‌و لەسەردەمی نوێشدا لەو سەردەمانەی كە رژێمی دەرەبەگی كۆن رۆڵی داگیركاری گێڕا دەركەوت، لە ئیتالیا لە سەردەمی بوژانەوە(رێنیسانس)دا دەركەوت‌و لە فەرەنساش بەشێوەی پاشایەتی رەها، یەكەم دیكتاتۆر كە هەوڵیدا دیكتاتۆری بكاتە رژێمێكی دەستوری (كرومویل ١٥٩٩- ١٦٥٨)* بوو، ئەویش بە دامەزراندنی كۆمارێك كە دەگەڕایەوە بۆ كۆمەڵێكی رێكخراو. لە گرنگترین دیكتاتۆریەكانی سەدەی بیستەم رژێمی (فرنكۆ لە ئیسپانیا و سالازار لە پرتوگال و فەرمانڕەوایی سەربازی لە یۆنان‌و لە زۆربەی دەوڵەتەكانی ئەمریكای لاتینی‌و بەرازیل‌و شیلی‌و زۆرێك لە وولاتانی جیهانی سێهەم‌و زۆربەی ئەم دیكتاتۆرانە لە رێگەی كودەتای سەربازی خوێناویەوە لەلایەن كۆمەڵێك ئەفسەرەوە دەسەلاتیان وەرگرتووە، دواتر بەدەسەلاتی یەك ئەفسەر كۆتایی هاتووە.[١]

ئەگەرچی دیكتاتۆریەت وەك رژێم لە كۆتایی سەدەی چوارەمدا سەریهەڵدا، كاتێك كە دیكتاتۆریەتیان وەك چارەسەرێك بۆ كێشە مەدەنیەكانیان بەكاردەهێنا، بەلاّم بەبێ ئەوەی پێویستیان بە سەربازو جەنگاوەر هەبێت، ئەنجومەنی كونسوڵ بۆ چارەسەری قەیران‌و كێشەكان هەڵیان دەبژارد، بەلاّم لە راستیدا هەریەك لەوانە دیكتاتۆر بوون، هیچ رژێمێك یاخود دامەزراوەیەكی دیكتاتۆری لە ئارادا نەبوو، بەڵكو كارێكی دیاریكراو بوو بۆ ماوەیەكی كاتی دیاریكراو، دەسەلاتی دیكتاتۆریش بە كۆتایی هاتن یاخود چارەسەركردنی كێشەكە كۆتایی دەهات، دیكتاتۆر بۆی نەبوو دەستور هەڵوەشێنێتەوە، لە باشترین كاتەكانیدا دەیتوانی كارەكانی هەندێك لە دامەزراوەكان هەڵپەسێرێت بۆ ماوەیەكی كاتی دیاریكراو، دیكتاتۆر بۆ ماوەی نیو ساڵ دەبووە سەركردەی سوپا، دوای ئەو ماوەیە سەركردایەتیەكەی تەواو دەبوو، واتا دیكتاتۆریەتی رۆمانی لە حوكم كردنیدا پشتی بە بنەمای دەستوری دەبەست، دوای ئەو ماوەیە حوكمڕانیەكەی كۆتایی دەهات، تەنانەت ئەگەر كارە داواكراوەكەی تەواویش نەبوایە، دیاریكردنی ماوەی دیاریكراو یارمەتیدەر بوو لە هاتنەكایەی رژێمی دیموكراتی‌و بەكارهێنانی مافی ڤیتۆ لەلایەن ئەنجومەنی گەلەوە بۆ سەندنەوەی مافی دیكتاتۆری‌و رێگەنەدان بە حوكمڕانی رەها، بەلاّم دواتر ئەم جۆرە لە حوكمڕانیە بوونی نەما.[٢] رژێمی دیكتاتۆری بە درێژایی مێژوو چەند شێوازێكی بەخۆوە گرتووە، لەوانە دیكتاتۆری ئایدیۆلۆژی یاخود سەربازی، هەندێك لەوانە پشت بە یەك پارت دەبەستن، بەلاّم هەندێكی تریان ئاراستەیەكی پارێزگارانەی دواكەوتووو هەندێكی تریان ئاراستەیەكی پێشكەوتووی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، هەندێك جاریش دەسەلاتی دیكتاتۆری تاك یاخود دامەزراوەیەك پیادەی دەكات، تەنها ئەو سیما سەرەكیەی كە جیایاندەكاتەوە نێوەرۆكە چەوسێنەرەكەیەتی.[٣] گرنگترین شێوازەكانی ئەمانەن:-

---

alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150

* ئۆلیڤەر كرومویل، سوپا سالارێكی هەڵكەوتووی ئینگلیز بوو، كە سوپای بەرەو سەركەوتن بردو دامەزرێنەری رژێمی پەرلەمانی‌و دیموكراسی بوو لە ئینگلتەرا( یاسین صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤٤).

(١)عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ص685.

(٢) فاضل الخطيب: الديكتاتور و الديكتاتورية قديما و حديثا،
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=95090

(٣)سامي هابيل: بحوث في الديكتاتوريّة
http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1

رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥

شێوازی یەکەم: ئەو دیکاتۆریەتانەی کە خاوەن ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژین، ئەو دیکتاتۆریەتانەن کە پشت بە بنەمای مەزهەبی فکریو سیاسی دەبەستنو پێیان وایە کە ئازادی تاك لە ئازادی کۆمەڵگە جیانابێتەوە، کۆمەڵگەش یەك جەستەیە نەك تەنها ژمارەیەك تاك، تاك هیچ مافێکی نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە یەکێکە لە رێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم مەزهەبە بیری گەورەییو پاڵەوانێتی لای دیکتاتۆر گەورە دەکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردەو رابەڕی نەتەوە.

شێوازی دووەم: ئەو دیکتاتۆریەتەی کە پشت بە بنەمای ئایدۆلۆژی نابەستێ، بە دیکتاتۆری ئەمری واقیع وەسف دەکرێ، واتا ئەوەی کە حاکمەکەی بە زەبری هێز خۆی دەسەپێنێت، پشت بە باکگراوندێکی هزری یاخود فەلسەفی لە سیاسەتیدا نابەستێ، بەڵکو لە چوارچێوەی قەیرانێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی دێتە سەر حوکمو دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەسەڵات.

شێوازی سێهەم: دیکتاتۆریە نەتەوەییەکان(چاکسازی شۆڕشگێڕی): دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، جیهان ململانێیەکی نەتەوەیی بەخۆوە بینی کە بووەهۆی سەرهەڵدانی کودەتای سەربازی لە چەندین دەوڵەتدا، بەتایبەتی لە ئەوروپا، هەروەك چۆن خەبات دژی داگیرکەرو چالاکی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەرهەیهەڵداو بووە هۆی دەرکەوتنی رژێمێکی خاوەن ئاڕاستەی رزگاری نیشتمانی بەڵام شێوازێکی دیکتاتۆرانەی وەرگرت.[١]

مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئەو ئیمپراتۆریەتە دووچاری قەیرانێك ببوایە، دیکتاتۆرێکیان بۆ ماوەی حەوت ساڵ دادەناو لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی رەهای پیادە دەکرد، تا قەیرانەکە نەدەما، کاتێك قەیرانەکە کۆتایی دەهات دیکتاتۆر شوێنەکەی خۆی بەجێدەهێشتو یاساو رژێمی ئاسایی شوێنی خۆی دەگرتەوە.[٢] بەڵام لەسەردەمی ئێستادا شێوازی دەسەڵات وەرگرتنی رژێمە دیکتاتۆریەکان بەزۆری لە رێگەی نایاسایی وەك کودەتای سەربازی جڵەوی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، هەرچەندە هەندێ رژێمی دیکتاتۆریش هەن کە لە رێگەی یاسایی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرنو پاش سەقامگیربوونی حکومەتەکەیان ئامادەنین بەهەمان شێوە واز لەدەسەڵات بهێنن.

مەرج نیە رژێمی دیکتاتۆری حکومەتی رەهای تاکە کەسێك بێتو ڕەنگە حیزبێك یا گرووپێکی سەربازی بە شێوەی کۆمەڵ ئەم جۆرە حکومەتە بەڕێوە ببەن. بۆیە مەرج نیە سیستمێکی دیکتاتۆری تەنها لەیەك کەسایەتیدا بەرجەستە بێت، تەنها دیکتاتۆرێك شوناسی سیستەمەکە دەستنیشان ناکات، بەڵکو دیکتاتۆریەت دەکرێت دیکتاتۆریەتێکی بەکۆمەك بێت، دیکتاتۆریەتی گروپێك یان نوخبەیەکی سیاسی بێت، کەوەك گروهێکی داخراو لەناو خۆیانداو بەنهێنی بریار بدەن. لەبەر ئەوە دەکرێت بەبێ بوونی دیکتاتۆرێك، دیکتاتۆریەت بوونی هەبێت، واتە سیستمێکی سیاسی دیکتاتۆریانە هەبێت، بەڵام دیکتاتۆرێك سیستمەکە

---

(١)سامي هابيل: بحوث في الديكتاتوريّة
http://www.arab-ency.com/index.php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1
رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥

(٢)یاسین صابر سالح :سەرچاوەی پێشوو، ل490.

بەڕێوە نەبات.[١] هاتنە سەرکاری رژێمی دیکتاتۆری لە ریگەی کودێتا یان شۆڕشەوە، بەکورتی بە شێوازێك دەبێ کە لەگەڵ یاسا سەرەکیەکانی رژێمی پێشوودا یەك ناگرێتەوە، بەڵام هەر کاتێك رژێمی دیکتاتۆری وەك رژێمێکی نوێ سەقامگیر بوو، هەوڵ دەدا خۆی بە نوێگەی ئیرادەو ویستی خەڵك بنوێنێو لە شەڕی نێوان لایەنگرانی رژێمی پێشوو لایەنگرانی حکومەتی نوێدا تاقمی یەکەم رژێمی نوێ بەنایاسایی‌و زەوتکەر دەناسێنن‌و دەڵێن کە حکومەتی نوێ بە پەنابردنەبەر هێزو دەسەڵاتی نایاسایی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، لەبەرامبەر ئەم هێرشانەشدا لایەنگرانی رژێمی نوێ هەوڵ دەدەن دەسەڵات بۆ خۆیان بەرەواو یاسایی‌و سەرچاوە گرتوو لە ویست‌و ئیرادەی خەڵك لەقەڵەم بدەن.[٢]

رژێمە دیکتاتۆریەکان لە بنەڕەتدا بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن وەك ( کۆنەپەرست، شۆڕشگێڕو تێکەڵاو)، دیکتاتۆری کۆنەپەرست هەوڵدەدا پێش بە گۆڕانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان بگرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕ خێرایی بە گۆڕانی دامەزراوەکان‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان دەبەخشێ، هەرچەندە ئەم لێك جیاکردنەوە هەموو کات کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆربەی رژێمە دیکتاتۆرەکان بەکردەوە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەناسێنن‌و دەڵێن لە کۆمەڵگەی کاولی کۆندا کۆمەڵگەیەکی نوێ دادەمەزرێنن، بەڵام زۆرجار کردەوەی کۆنەپەرستانەیان هەیەو بەشێك لە چالاکییەکانیشیان شۆڕشگێڕانەو لە پێناوی گۆڕینی کۆمەڵگەدایە، لەدەرەنجامدا دەبێ ئەم پۆلێن کردنە سێ کوچکەییە پەسەند بکەین‌و دیکتاتۆری تێکەڵاو بە هەڵبژاردەی سێهەم دابنێین.[٣] چونکە هەمیشە بوونی دەسەڵاتێکی ستەمکار یاخود دیکتاتۆر هۆکارێکە بۆ شۆڕش‌و ئەو دیکتاتۆرانەش کە شۆڕش زەمینەی دروستبونیان بۆ خۆشدەکات لە بەشێکی مەزنی مێژووی شۆڕش‌و راپەرینەکانی گەلانی جیهاندا راستیەکی چەسپاوە، باشترین نموونەش شۆڕشی فەرەنسایە (1789)، کە پاش ماوەیەکی کەم زەمینەیەك هاتە ئاراوە، تێیدا دەسەڵاتەکان کەوتە دەست تاکرەوێکی وەك رۆبسبێرو لەوێشەوە بۆ ناپلیۆنی دیکتاتۆر، هەروەها شۆڕشی رووسی (1917)، کە تێیدا دەسەڵات لە تاکرەوێکی وەك لینینەوە* (١٩١٧- ١٩٢٤) کەوتە دەست دیکتاتۆرێکی وەك ستالین*(١٩٢٤- ١٩٥٣).[٤]

---

(١)مەریوان وریا قانیع :سەرچاوەی پێشوو، ل199.

(٢) زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

(٣)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل235 – ٢٣٦.

* ڤلادیمیر ئیلیتش ئۆلیانۆڤ لینین، ساڵی(١٨٧٠) لە شاری سیمبرسك لە رووسیا لەدایك بووە، پێشەواو دامەزرێنەری بیری کۆمۆنیستی‌و سەرکردەی شۆڕشی روسی ساڵی (١٩١٧) بوو، کە یەکەم دەوڵەتی کۆمۆنیستی لە جیهاندا دامەزراند، ساڵی (١٩٢٤) کۆچی دوایی کردوە، پاش ئەوەی دووچاری هەوڵێکی تیرۆر کردن بۆوە لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی، ئەم پێکانە بووە هۆی خراپبوونی باری تەندروستی‌و هۆکارێك بوو بۆ مردنی(مجموعة من المؤلفين: موسوعة مشاهير العالم، جزء الثالث، دار الصداقة العربية، بيروت، ٢٠٠٢، ص٨٩، ٩١"عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الخامس، ط٣، بيروت، ١٩٩٦، ص٦٠٣).

* جۆزێف ڤیساریۆ نوڤتش دزۆگشغیلی، ناوی جۆزێف ستالینی وەك ناوێکی خوازراو بەکارهێناوە، کە بەواتای پیاوی ئاسنین دێت، پێشوایەکی دیاری کۆمۆنیستی‌و دیکتاتۆری رووسیا بوو، دوای لینین پاش ئەوەی هەموو هاوەڵەکانی لە حوکم دورخستەوە سەرکردایەتی پارت‌و دەوڵەتی بەدەستەوە گرت‌و حوکمێکی تاکرەوانەی سۆڤیەتی دەکرد، ساڵی (١٩٥٣) کۆچی دوایی کردووە(عبدالوهاب الكيالي(الدكتور): موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ط٢، بيروت، ١٩٩٣، ص١٣٧"مجموعة من المؤلفين: المصدر السابق، ص٩٨، ١٠٠).

(٤)وەرگیراوە لە یاسین سەردەشتی(دکتۆر): شۆڕش‌و دیکتاتۆری،
http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd1569

**بەشێوەیەکی گشتی هەموو رژێمە دیکتاتۆریەکانی سەدەی بیستەمو بەر لەوە سەدەیەش ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان هەیە-:**

**١-کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەنددا.**

**٢-نەهێشتنی ئازادییە تاکە کەسیەکان.**

**رژێمی دیکتاتۆری هێرش دەکاتە سەر ئازادییە تاکە کەسیەکانو پێشلیان دەکاو پەرە بە دەسەڵاتو ئیمتیازەکانی دەزگاکانی حکومەت دەداو بە کردەوە ئیدارەی دەسەڵاتەکانی وڵات لە رێکخراوێکی دەوڵەتیدا کەڵەکە دەکات.[١]**

**کۆمەڵێك هۆکار لە پشت دروستبوونی دیکتاتۆریەتەوە ئامادەیە، یەکێکیان دروستبوونی دونیایەکە خاڵی لەهەموو هیواو ئاسۆیەك بۆ گەشەکردن، دونیایەك پڕ لە نەهامەتیو زەحمەتیو تێکشکان، لەم دۆخانەدا دیکتاتۆرێك دێتو بەڵێنی ئەوە دەدات، مرۆڤەکان لە مرۆڤی بەدبەختەوە بکات بە مرۆڤی بەختەوەر، لە خەڵکانێکی کەمگوزەرانەوە بکات بە خەڵکانێکی خۆشگوزەران، نیشتمان لە داگیرکردنەوە بەرەو ئازادیو لە وێرانەوە بەرەو بەهەشتکردن ببات.[٢] بەڵام ئەوەی مێژوو پێماندەڵێت بە پێچەوانەی ئەم بەڵێنانەیە، نەك هەر نەیانتوانیوە بەڵێنەکانیان ببەنە سەر، بەڵکو ژیانێکی پڕ لەدۆزەخیان بۆ خەڵك دروستکردووە. چونکە پابەند بوونی سەرسەختانەی دیکتاتۆرەکان بەدرۆ پڕوپوچە بەراییەکانیانەوە تەنها بۆ رێزە بێپایانو ئەفسانە ئامێزی کارە بێبەهاکانیان ناگەڕێتەوە، کە هەر درۆیەکی سەرکەوتوانەیان درۆیەکی دی کێش دەکات تا سەرئەنجام خۆیان دەبن بە قوربانی دوا درۆیان.[٣] لە مێژووشدا چەند جۆرێك لە دیکتاتۆری دەرکەوتوون وەك دیکتاتۆری( پرۆلیتاریا)* و دیکتاتۆری دەستوری.**

**جۆری یەکەم (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) لەو زاراوەیەی کە لە زمانی پارتە کۆمۆنیستەکاندا بریتیە لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیستیو بە گۆڕانی شۆڕشگێڕی وەسف دەکرێتو دەوڵەت لە لایەنی سیاسیەوە دەربڕی دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلیتارایە.[٤] لە قاموسی مارکسیزمدا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، دەوڵەتی تایبەت بەو کۆمەڵگایانەیە کە تیایدا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێناوەو لە پێناوی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزمدا هەنگاو دەنێ، بە بڕوای مارکس لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداریو کۆمۆنیستیدا قۆناغێك هەیە کە قۆناغی گۆڕینی شۆڕشی یەکەم بۆ شۆڕشی دووهەمە، هاوکات لەگەڵ ئەم قۆناغەدا قۆناغێکی تێپەڕی سیاسیش هەیە کە دەوڵەت لەو قۆناغە جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا شتێکی دیکە نیە، بەبڕوای مارکسیەت دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەدەستی پرۆلیتاریاو بەدەستی شەڕێکی شۆڕشگێڕانە خۆی**

---

(١)زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە :سەرچاوەی پێشوو، ل237.

(٢)مەریوان وریا قانیع: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

(٣)هانا ئارێنت: بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و/ حەمە رەشید، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٣– ١٧٤.

* بە چینی کرێکار دەوترێت لە ووشەی (prolearius)ی لاتینیەوە هاتووە، کە واتای میرات دەگەیەنێ، یەکەمجار لەسەردەمی رۆمانیەکان وەك زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوەو لەبەر ئەوەی هەر لەبنەڕەتەوە چینی کرێکاران هەژارو کەمدەست بوونو پشتاوپشت میراتیان بۆ نەماوەتەوە، بۆیە ناوی پرۆلیتاریایان بەسەردا براوە، ئەم ووشەیە لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوودا گۆرانی بەسەردا هاتووەو ئێستا بەو کەسانە دەوترێت کە هیچ جۆرە هۆیەکی بەرهەمهێنانیان نیە.(یاسین صابر سالح: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣).

(٤)عبدالوهاب الكيالي :موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ص685.

دەسەپێنێ. لە مێژووشدا (كۆمۆنەی پاريس*) بە يەكەم جۆری ديكتاتۆری پرۆليتاريا دەژمێردرێ.[1] جۆری دووەم (ديكتاتۆری دەستوری)يە كە بەزۆری لە ئەمريكای لاتيندا روودەدات، تيايدا دەسەڵاتی سەرۆكی وولات كە زۆرجار بە كودەتای سەربازی دێتە سەر دەسەڵات، سەرۆك پشت بە دەستورو دەسەڵاتی دەستوری دەبەستێ بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی لە حوكمدا، دوای ئەوەی كە رەزامەندی لە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە وەردەگرێت، كە زۆربەيان پشتيوانانی سەرۆكن، ياخود هەڵبژاردنيان بە زۆر سەپێنراوە، واتای (پياوی بەهێز) لە حوكمدا بەشێوەيەكی تايبەتی لە وولاتانی جيهانی سێهەمو ئەمريكای لاتيندا هەيە، بەجۆرێك رەگەكانی بۆ مێژووی پاشايەتی ئيسپانی دەگەڕێتەوە.[2]

بە خوێندنەوەی ژيانی ديكتاتۆرەكان ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ديكتاتۆرەكان وەك چۆن ژيانێكی ئاسايیو سروشتی ناژين، ئاواش بە مردنێكی ئاسايیو سروشتيش نامرن، ناتواننماڵئاواييەكی ئارامو لەسەرخۆ لەو دونياو لە هاوڕێو كەسوكارو ميللەتو كۆمەڵگەيە بكەن كە لەنێوياندا ژياونو دەژين. لە راستيدا زۆربەی ديكتاتۆرەكان بە دزيەوە دەمرن، زۆرجاريش مەرگێكی خوێناویو توندوتيژ، مەرگێك زۆرجار بڕێكی گەورە تۆڵەكردنەوەی تێدايە، تۆڵە لەو هەموو كوشتنو بڕينو خراپەكارييانەی بە پاڵپشتی تۆڕە شەيتانيەكانی دەسەڵات ئەنجاميداوە. مۆسۆلينی گەورە ديكتاتۆری مێژووی ئيتاليا، دوای دەسەڵاتداريەكی خوێناویو پۆلايی، دەستگير كراو لەسێدارە درا، هيتلەر كە دەيزانی تۆڵەی ئەو هەموو خراپەكاريانەی لێدەكرێتەوە كە ئەنجاميدابوو، ناچار بوو خۆی لە ژوورێكدا بكوژێت، تەنانەت سەگێكيشی هەبوو كە زۆری خۆشدەويست پێش ئەوەی خۆی بكوژێت سەگەكەشی كوشت. سەدام حوسێنيش هاوشێوەی مۆسۆلينی لەسێدارە درا، هەندێكی تر لە ديكتاتۆرەكان بەشێوەيەكی توندو تيژانە ناكوژرێن، بەڵكو لە نێو جێگەی كەنەفتیو نەخۆشيدا دەتلێنەوەو مردنێكی بەئازاری جەستەيیو روحی دەمرن، وەك مستەفا كەمال. مێژوو نموونەی چەندين ديكتاتۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە، كە بەشێكيان لە چەندين خاڵدا لەيەكچوون لە نێوياندا بەديدەكرێت، ئەمەش دەمانگەيەنێتە ئەو خاڵەی كە رەوشی كۆمەڵايەتیو ئابوریو سياسی زەمينە سازی لە دروست بوونی ديكتاتۆرەكاندا كردووە.

* زاراوەيەكی مێژووی فەرەنسيە كە بە حكومەتی (٧٢) رۆژەی شاری پاريس لە ساڵی (١٨٧١) دەوترێت (زاهير محەمەدی ، ياسين حاجی زادە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٠).

(١)هەمان سەرچاوە، ل٢٣٨.

(٢)عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ص٦٨٥، ٦٨٦.

## تەوەرەی دووەم

## بەراوردی نێوان دیکتاتۆرەکان

### ١-لە رووی کۆمەڵایەتیەوە:-

لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەروونی پێگەیشتنی دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەك بووە کە بە (سەردەمی بێبەشبوون) ناودەنرێت، بۆ نموونە مۆسۆلینیو هیتلەرو مستەفا کەمالو سەدام حوسێنیش، ژیانی منداڵیان زۆر بە ئازار بووەو ژیانی هەرزەکاریشیان زۆر قورس بووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لە پاشتردا کەسایەتیان بکەوێتە ژێر کۆمەڵێك گرێی دەرونیەوە کە خۆی لە واتای (بێبەشبوون)دا دەبینێتەوە.

لەم بارەیەوە زانای دەروونناسیی(فرۆید) (قۆناغی منداڵیو مەسەلەی (حرمان) (بێبەشی) دەکاتە بنەمای دەرکەوتنی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرو خۆسەپێن، ئەوەی منداڵ کەلە سەرەتادا تامی ئازادیو چێژگەراییەکی رەها دەکاتو پاشتر بەهۆی ئەو پابەند بوونە توندانەی دوای گەورەبوون بەسەریدا دەسەپێندرێت، وادەکات لە ململانێیەکی دەروونیی توندوتیژدا بژیو چاوەڕێی ئەوە بکات دەرفەتێکی دەستکەوێت تاکو چێژگەراییو ئازادییە رەهاکەی لەسەر حیسابی خەڵك بهێنێتەدی.[١] هەروەها پزیشکی نەمساوی دەروونناس (ئەلفرێد ئادلەر) کە لە فرۆییزم لایداوە، پێیوایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی کەسایەتی دیکتاتۆرو ستەمکارە توندوتیژەکان ئەو هەستە پڕ ئازارو بێبەشیو خۆبەکەمزانینە دەرونیەیە کە لە ناخی دیکتاتۆردا هەر لە سەردەمی منداڵیەوە رەگی داکوتاوە. ژیان لە سایەی باوکێکی توندوتیژ، بێبەشی لە یاریو خۆشیەکانی منداڵی، ژیانی وشكو برینگی بیابان یاخود چیا سەختەکان، ئازارەکانی هەژاریو برسێتیو ئاوارەیی، دیارە ئادلەر ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووەو تەنانەت کەمو کورتیەکانی روخساریشی کردۆتە یەکێك لەو بێبەشیانەی ئازار لە ناخدا پێکدەهێنێو هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەیان لە حاڵەتی دەسەڵاتدارییدا وادەکات دەسەڵاتدار بەرەو دیکتاتۆریی بەرێت، ئادلەر ئاماژە بۆ دیکتاتۆرەکانی وەك قەیسەرو ناپلیۆنو هیتلەرو ستالینو مۆسۆلینیو فرانکۆو... هتد دەکاتو دەڵێت: ئەمانە هەموویان کورتە بنەبوونو ئەو کەمایەتیە جەستەییەش وایکردووە هەر لە منداڵییەوە لە ناخیاندا رۆحێکی شەڕەنگێزی بخولقێنێت.[٢]

گەر تەماشای ژیانی منداڵی بنیتۆ مۆسۆلینی بکەین دەبینین لە منداڵیدا زۆر پەیوەست بووە بە دایکیەوەو دایکی بەتەنها ئەرکی پەروەردەکردنی ئەم منداڵەی لە ئەستۆدا بووە.[٣] واتە لە سۆزی باوکی دووربووە، هەروەها هیتلەریش لە منداڵیدا زۆر پەیوەست بووە بە دایکیەوەو کێشەی زۆری لەگەڵ باوکیدا هەبووە،[٤] دایکی مۆسۆلۆنی ناوی (رۆزا مالتۆنی) بوو ژنێکی هێمنو دیندارو ناسكو لەلایەن هەموانەوە خۆشەویست بووە، باوکیشی (ئەلیساندرۆ) ئاسنگەرێکی لێهاتوو بووە زۆر مەیلی لە کار نەبووە، بەڵکو زیاتر کاتی خۆی لە

---

(١)وەرگیراوە لە یاسین سەردەشتی(دکتۆر): شۆڕشو دیکتاتۆری،

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd1569

(٢)وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە.

(٣)ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی ئەفسانەیەك کە نەیدەویست بمرێت، و/ دڵسۆز عومەر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٥.

(٤)مجدي کامل: اشرار التاریخ، دمشق، ٢٠٠٨، ص١٩٠.

قسەکردن بە سیاسەتەوە بەسەر دەبردو نەچووبوە قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆشنبیرێکی زیرەك بوو بانگەشەی بۆ بنەماکانی شۆڕشگێڕی دەکرد.[1] هەرچەندە مۆسۆلینی زۆرباش بووە لەڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی باوکی پێی دەسپارد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جار باوکی لەگەڵیدا توندو تیژ بووەو زللەو بۆکسی پیا کێشاوەو باوکێکی سەرەڕۆو دڕندەی هەبوو.[2] سەرباری توندوتیژی باوکی لەگەڵیدا بەڵام مۆسۆلینی لەژێردەستی باوکی دەرچووەو چیتر نەیتوانیوە ئاقڵی بکات، هەرئەمەش وایلێکردووە کە کەسێکی دڕندەو سروشت توندو هەڵسوکەوت نارێكو زمان پیسو رەفتاری ناشارستانی لێدەرچێت.[3]

هیتلەریش دایکی(کلارا پۆلتزل)ی زۆر خۆشدەویستو خۆی وتویەتی (من نازدارەکەی دایکمم)، ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە، بەو خۆشەویستیەش دایکی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی خۆی دەیویست، هەرچەندە دایکی وەسفی دەکرد بەوەی کە لە منداڵەکانی تر جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگر بوو لەسەر ئەوەی هەر کاتێك هەڵە بکات تەمبێی بکات، بەڵام نەیدەزانی بۆ تۆڵە کردنەوە لە جیهان ئامادەی دەکات.[4] هەربۆیە هیتلەری لاو زیاتر دڵسۆزو هۆگری دایکی بوو وەك لە باوکی، تەنانەت کاتێك لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بووبە خۆبەخشو چووە ناو سوپای ئەڵمانیاوەو لە ریزەکانی ئەو سوپایەدا شەڕی دەکرد، وێنەیەکی دایکی لە جزدانەکەی بەرباخەڵیدا هەڵگرتبوو.[5] بەپێچەوانەوە باوکی ئەدۆڵف پیاوێکی توندو دڵ رەق بوو، دڵی بەردین بووەو نەرمیو چارەسەری نێوەندی نەزانیوە، لەوەش دەچێ ئەدۆڵف ئەو سروشتە تیژەی لە باوکیەوە وەرگرتبێ، (ئەلویس)ی باوك لە پەنجاو شەشساڵیدا خانەنشین کرا، سەرەڕای ئەوەی لە واقیعدا پیاوێکی رەقو هەستی بە تەنیای دەکرد، ئەو باوکە لە ماڵدا توند بوو، ئەوەی دەیوت یاسایەکی جێبەجێکردن بوو، بۆکەس نەبوو رەخنە یان بۆچونی تیادا دەربڕێ، هیچ منداڵێکی نەبوو لە لێدانی ئەو رزگاری بووبێ، بە تایبەتی ئەدۆڵفی کوڕی کە بەردەوام جیاوازیان لە نێواندا هەبوو، پێدەچێت ئەو جیاوازیەش بۆ جیاوازی گەورەیی تەمەن گەڕابێتەوە، چونکە کاتێك ئەدۆڵف لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو، باوکی تەمەنی شەستو چوار ساڵ بوو، لەوەدا ئەدۆڵف لە نزیك بوونەوە لە ماڵو سزای باوکی دەترساو بۆ رزگاربوون لە سزای باوکی بە زۆری لە دەرەوە ژیانی بەسەر دەبرد.[6] ئەم باوکە تابینە قاقای رۆچووبووە ناو سەپاندی کەسایەتیو رێزی خۆی بەسەر خێزانەکەیو منداڵەکانی خۆیدا، تەنانەت ئەگەر خودی هیتلەر خۆشی بیویستایە قسەی لەگەڵا بکردایە ئەوا قسەکانی بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد (باوکی گەورەم).[7] باوکی بۆ پەروەردەو باشکردنی بە توندییەوە کوڕەکەی تەمبێ دەکرد، بەڵام ئەو هەمیشە دژی ویستی باوکی بوو کە داهاتووی دەویست، باوکی دەیویست ئەدۆڵف لە خوێندندا بەردەوام بێتو لە حکومەتدا وەزیفەیەکی باش راپەڕێنێو دەستەبەری بژێوی

---

(١)الحسيني الحسيني معدى: بنيتو موسوليني، نهاية طاغية وسقوط الفاشية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٥.

(٢)هشام خضر: مذكرات موسوليني، دار الطيبة للطباعة، ٢٠٠٨، ص١١، ١٢.

(٣)هشام خضر: المصدر السابق، ص١٧.

(٤) لویس ل. سنیدەر(دکتۆر): ئەدۆڵف هیتلەر راستترین ژیاننامەیەکی دەستاو دەستکراوی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و/ عبداللە گەرمیانی، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٢.

(٥)فريد الفالوجي :ادولف هتلر، كفاحي، قراءة جديدة في مذكرات هتلر و نهايته، دار الكتاب العربي، دمشق، 2005 ، ص١٦.

(٦)لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢، ١٣.

(٧)دەستەیەك: نهێنییەکانی هیتلەر، و/ کارزان عەزیز، چ٥، خانەی چاپو پەخشی رێناما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٥٣.

خۆی بکات، وەك چۆن خۆی ئەوەی دەستەبەر کردبوو، بەڵام ئەدۆڵف لە بیستنی ئەو قسەیە رقی دەبویەوەو رۆژێکیان بە راشکاوانە بە باوکی دەڵێت:" دەیەوێت ببێت بە وێنەکێش، یەکسەر باوکی هاواری کرد بەسەریدا "نەخێر هەزار جار نەخێر، هیچ کات ئەوە نابێ تا من مابم ".[1] بۆیە لەئاست ئەو بەرهەڵستیە توندەی باوکی بەرامبەر بە خوێندنەکەی هیتلەر بڕیاریدا خواستو ئارەزووی خۆی باس نەکاتو بەکەمێك کەمتەرخەمیو بێدەربەستیەوە درێژە بە خوێندنەکەی لە شاری (لینز) بداتو تەنها مێژووو جوگرافیا بەجدی وەربگرێت چونکە لەم دوو وانەیەدا دیارو سەرکەوتووبوو.[2] لێرەوە ئەدۆڵف رێگەیەکی بۆ رکابەری کردنی باوکی دۆزیەوە تا ئارەزووەکانی جێبەجێبکات، ئەو رێگەیەش ئەوە بوو خۆی لە تاقیکردنەوەکاندا دەرنەچێنێو باوکیشی ناچاری خەرجی زیاتری خوێندنەکەی بکات تاکو ناچار بێتو ملکەچی واقیعی بکات، هیتلەر هەر لەوکاتەوە خۆی لەسەر فێڵو رق بونەوە لە دەسەڵات راهێنا کە لە باوکیدا بەرجەستە ببوو، لە وێنەی ئەویشدا ئەو تێڕوانینە بۆ ئەدۆڵف دروست بوو کە حەق هەمیشە لە ریزی بەهێزدایە.[3] دوای مردنی باوکی، دایکی ناچار بوو وەکو خزمەتکار لە یەکێك لەماڵە دەوڵەمەند جولەکەکاندا کاربکات، بێبەشبوونی هیتلەر لە سۆزی باوکیو دایکیشی کە دەبوو لە پێناو پەروەردەکردنیدا کاربکات، رەگەزێکی گرنگ بوو لە کارکردنە سەر وەرەی هیتلەرو گریانی هەموو بەیانیەك کاتێك کە دایکی ماڵی بەجێدەهێشت بۆ ئەوەی کارەکەی لەدەست نەدات، کاتێك گەورەش بوو لە دایکی پرسیوە کە هەموو بەیانیەك بۆ کوێ دەڕۆشت؟ ئەویش پێی ووتووە کەلای کەسێکی جولەکە کاری کردووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ زیاتر رقبونەوەی لە جولەکە.[4]

گەر باس لە مستەفا کەمالیش بکەین هەرچەندە بە لەشساغی لەدایکبوو، بەڵام لەدایکبوونی نەبووە مایەی دڵخۆشی ئەم ماڵە، بەتایبەتی کە پێش ئەم سێ منالّی تر بەناوەکانی فاتمە، عومەر، ئەحمەد، لەدایکبونو بەنەخۆشی جیاواز مردبوون. کێشەی ئەو ماڵە لە کوڕە تاقانەکەیانەوە دەستیپێکرد کە منالێکی سروشت توندو رەفتار دڕندانە بوو، هەر لە منالّیەوە کەلە ڕەقبوو لە فەرمانەکانیان دەردەچوو، بەو پێیەی کە منالّی جێگرەوەی ئەو خانەوادەیە بوو نازی درابوویە.[5] لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا باش نەبووە و نەك هەر رقی لە باوکی بووە بەڵکو زانینی باوکی راستەقینەش بۆ ئەو کارێکی سەخت بووە، چونکە بەشێك لە نووسەران پێیان وایە مستەفا کەمال منالّێکی ناشەرعی بووە، لەوانە(د .رچا نور) کە مێژوو نوسو پزیشکێکی تورکیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مستەفا کەمال مندالّێکی ناشەرعی بووە، تەنانەت مستەفا کەمال حەزی نەکردووە بەناوی مستەفا عەلی رەزاوە بناسرێ بەڵکو ناوی مستەفا کەمالی پێباشتر بووەو هەڵیبژاردووە.[6] ئەمە جگە لەوەی کە چیرۆکی زۆر هەیە لەسەر باوکی راستەقینەی مستەفا کەمال،*[7] هەروەك (ئارمسترونگ) لەو کتێبەیدا

(١)وەرگیراوە لە لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣–١٤.

(٢)دەستەیەك: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٣)لویس ل. سنیدەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٤)هشام خضر: المصدر السابق، ص٣٤– ٣٥.

(٥)محمود عبدالرحیم عرفات: امام الاتراك، بدون سنة ومكان الطبع، ص١٢، ١٣.

(٦)وەرگیراوە لە منصور عبدالحکیم: مصگفی کمال اتاتورك، ژئب الگورانیه الآغبر، دار الکتاب العربی، دمشق، ٢٠١٠، ص١١٨.

* سەبارەت بە باوکی مستەفا کەمال بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، بەو پێیەی کە مستەفا کەمال لە پێست سورو سپیەکان نەبووە بۆیە پێدەچێت لەو تورکمانانە بوبێت کە پێیان دەوترا (یوروك) لەوانەی (قۆنیە) یا لە (ئایدن)ەوە چووبون بۆ (روملی)و (عەلی رەزا ئەفەندی)

**كەلەسەر (مستەفا كەمال) نوسیویەتی بەڕاشكاوانە پەنجەی خستۆتە سەر سەرەتای گرێ دەرونیەكانی مستەفا كەمال‌و ئاماژە بەوە دەكات كە شوكردنی دووەمی دایكی بەیەكێك لە ڕۆدیسیە دەوڵەمەندەكان‌و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ دایكیو پەنا بردن بۆ هاوەڵە مەكدۆنیەكانی یەكێك بووە لە تێكشكانە دەرونیەكانی.[1] بۆیە مستەفا كەمال سەبارەت بە دایكی بەدرێژایی ژیانی بێدەنگی هەڵبژاردوە، بەبێ هیچ بۆنەیەك دەیووت:" وەك ئەوانی تر لەدایك بووم‌و گەورە بووم‌و ئەگەر جیاكاریەك یان جیاوازیەك هەبێت لە لەدایك بوونمدا ئەوا لە بوونم وەك توركیەك قەتیس دەبێت".[2] ئەمەش زۆر بەڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەو گرێ دەرونیەی كە بەدەستیەوە دەینالاند بەهۆی ڕەچەڵەك‌و لەدایك بوونیەوە.**

**سەبارەت بە ژیانی سەدامیش زۆربەی كتێبەكانی سەربردەی ژیانیو ئەو ئاماژە تایبەتیانەی ژیانی كە پێشتر بڵاوكراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەویش منداڵێكی شەرعی نیە، تۆمارەكانی عێراق ئەوە دەردەخەن كە سەدام لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان (سەبحە تلفاح)ی ژنە جوتیاری خوشكی خەیروڵڵا تلفاح‌و حسێن مەجید هاتۆتە دنیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانیاریە كەمانەی دەربارەی حوسێن زانراون وایكردووە كە ئەو ڕاستیە سادەیەش جێگای مشتومڕ بێت، هەروەها باس لەوە دەكرێ كە لەكاتێكدا سەدام ئارامگایەكی گەورەی بۆ یادكردنەوەی دایكی دروست كردبوو، باوكی ئەو جۆرە ئارامگایەی نەبووەو هیچ تۆمارێكیش بۆ مردن‌و شوێنی شاردنەوەی نەبووە.[3] باوكی سەدام بەر لە لەدایك بوونی سەدام، جیهانی بەجێهێشتووە، هەرچەندە لەسەر ئەم بابەتەش كۆمەڵێك ڕای جیاواز هەیە،* بەهەر حاڵ ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە كە سەدام لەسەرپەرشتی باوكی**

---

كە مێردی زبێدە بووە بە باوكی مستەفا كەمال دانراوە، بەڵام مستەفا كەمال كاتێك ئەو وێنەیەی ڕەزا ئەفەندی بینیوە دانی بەوەدا ناوە كە ئەوە باوكی ئەو نەبووە. لە ئینسیكلۆپێدیای فەرەنسی (لارۆس)دا هاتووە كە ناوی باوكی ڕاستەقینەی مستەفا كەمال (ئەلپۆماك)بووە. بۆچوونێكی تر هەیە كە لەسەر زاری پیاوە پیرەكانی تسالیاوە دەگێڕدرێتەوە كە دایكی مستەفا كەمال لە مەیخانە ئیشی كردووەو كوڕێكی خەڵكی (یەنی شهر) كە ناوی (ئابدوش ئاغا) بووە لە مەیخانەكەدا چاوی بە زبێدە كەوتووەو لەگەڵ خۆیدا بردویەتی بۆ شارەكەی خۆیو مستەفا كەمال لەوێ لەدایك بووە، پاش ئەوەی تەمەنی دەگاتە پێنج ساڵان (ئابدوش) دەمرێت‌و زبێدە گەڕاوەتەوە بۆ سالۆنێك‌و پاش ئەوەی تەمەنی دەگاتە (١٠) ساڵان دەچێتە شارەكەی ئابدوش‌و داوای بەشە میراتی دەكات، بەڵام لەبەر ئەوەی منالی شەرعی نەبوە بۆیە بەشە میراتی بەرناكەوێت‌و دواتر زبێدە شویكردوە بە عەلی ڕەزا( وەرگیراوە لە م. ڕەسول هاوار: كوردو باكوری كوردستان لە دوای شەری یەكەمی جیهانیەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لە پیران، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٨، ١٦٩، ١٧٠).

(١)وەرگیراوە لە علی محمد الصلابی: دەوڵەتی عوسمانی، و/ احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، دار المعرفة، بیروت، ٢٠٠٧، ل٦١٩.

(٢)وەرگیراوە لە منصور عبدالحكیم: المصدر السابق، ص١١٨.

(٣)كۆن كۆگلن: سەدام‌و ژیانی نهێنی، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢“ محمود عبده: صدام حسین رحلة ام نهایة الخلود من الاعتقال الی الاعدام، دمشق، ٢٠٠٧، ص١١.

* ڕاپۆرتی عێراقی كە بە فراوانی جێگای ئەو بۆچوونەیە دەربارەی چارەنووسی حوسێن ئەلمەجید كە بە دەستی ڕێگران كوژرابێ، ئەمەشیان كۆتاییەكی بەدور نیە، جیاوازی زۆری دەربارەی ئەو بیرۆكەیە هەبوو، لەوانەش ئەو بیرۆكەیەی دەڵێ كە ئەو لە كارێكی ڕێگریدا كوژراوە كە خۆی پێی هەڵساوە، گێرانەوەیەكی دیكە هەیە دەڵێ ئەو ماڵەوەی لەدەست سەبحەی بەدەسەڵات جێهێشتووە، كە داواكاری زۆری هەبووە، هەروەها بۆچونێكی ترهەیە دەڵێن كە حوسێن وەك خزمەتكار لای سەرۆك وەزیرێكی عەرەب پێشتر لەسەردەمی پاشایەتیدا كاری كردووە، لە كاتێكدا هەندێكی تر ئەو بۆچوونە ڕەتدەكەنەوەو دەڵێن یان كرێكارێكی بێكار بووە یان بەشداری لە تاڵان‌و دزی نا مەشروع كردووە، كە بەهۆیەوە ناوبانگی خەڵكی عۆجە خراپ بووە، ڕاپۆرتێكی دیكەش هەیە ئاماژە بەوە دەكات كەلەسەر

بێبەش بووەو بەشێوەیەك دەردەکەوێت کە هەستی بە خۆشەویستی دایکیشی نەکردووە، دایکی (سەبحە) بە هەژاریو نەداری سەرپەرشتی مندالەکەی خۆی لە ئەستۆ گرتووە، هێشتا سەدام منالێکی چەند سالانە بووە کە دایکی حەزی لە پیاوێکی خاوەن ژنو منالْ بە ناوی (ابراهیم) * کردووەو شوی پێکردووە، بەمەش سەدام کەوتۆتە ژێر سەرپەرشتی زڕباوکەکەی، ئیبراهیم پیاوێکی نەخوێندەوارو ناحالێ بوو زۆر رقی لە زڕکوڕەکەی خۆی بووەو ئازاری داوە. دوای چەندین سالْ، سەدام ئەم بیرەوەرییانە باس دەکاتو دەڵێت:" ئیبراهیم هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا باش نەبوو، بەیانیان زوو بە ووشەی ناشیرینو بە سوکایەتی کردن بە باوکم منی لەخەو هەڵدەستاندو داوای لێدەکردم کە مەڕو مالاتەکە ببەم بۆ لەوەڕ، ئەو پیاوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا باش نەبوو، پیاوێکی دەم پیس بوو بەبەردەوامی لەمیانەی جنێودان بەمن کرداری ناشیرینی دەدایە پالْ دایکمو منی بە باوك سەگ ناودەبردو هەندێ کاتیش منی ناچار دەکرد کە بەنهێنی بچم بۆ مالی دراوسێکانو مریشكو ئاژەلی مالی تریان لێ بدزم تا ئەو بیبات بۆ بازاڕو بیفرۆشێت ".[١] ئەوانەی ئیبراهیمی مێردی دایکیان ناسیوە باس لەوە دەکەن کە کەسێکی زۆر دڕندە بووەو هیچ هەستێکی باشی بۆ سەدام نەبووە بەبێ ڕەحمانە لێیداوە سەرباری ئەوەی تەمەنی زۆر بچووك بووە، سوربووە لەسەر ئەوەی فێری کشتوکالو ئاژەلداری بکاتو پێی وابووە باشترین شێواز بۆ پەروەردەکردنی توندو تیژیە تا ببێتە پیاو.[٢] پسپۆڕی کەسایەتی لە دەزگای سیخوڕی ئەمریکی (جیرولد پوست) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کەسایەتی سەدام ئەنجامداوە، ئەوەی کە پۆست پێی گەیشت لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە نهێنیەکانی کەسایەتی سەدام دەگەڕێتەوە بۆ منالیو لە کاتی لەدایکبوونیەوە دەستپێدەکات، دەڵێت:" مرۆڤ ناتوانێت خەیالی ئەوە بکات چۆن دێتە ئەم دنیایەوە خراپتر لەوەی سەدام هاتە نێویەوە، ئەو کاتەی کە دایکی سکی هەبووە بە سەدام، باوکی سەدام مرد، بە قۆناغێکی یەکجار ناخۆشدا تێپەڕیووەو چەند جارێك هەولیداوە خۆی بکوژێت، یان سکەکەی لەباربەرێتو لەنێوی ببات، کاتێك سەدام لەدایك بوو تەنانەت حەزی نەدەکرد سەیری دەمو چاویشی بکات".[٣] هەروەها برایەکی تریشی بووە دوای باوکی ئەویش مردووە، بۆیە سەبحە هەولی کوشتنی منالەکەی ناوسکی دەداتو پێی وابووە ئەو سکە چارە ڕەشیە بۆ ئەو، زۆرجار هەولیداوە لەباری بەرێت. ولای زۆر لە دراوسێکان باسی کردبوو کە ئەو سکەی ئەو شەیتانی تیایە.[٤] ئەو هەلومەرجە ناجۆرەی ژیانی مندالێتی، سەدام حوسێنی کرد بە دیکتاتۆرێکی ئامادەکراو بەوەی کە منالیەکی ئالۆزو ناخۆشو زۆر چەوساوە بووە، بۆیە سەدام منالێکی شەڕەنگێزبووە، کە هەڵدەستا بە

دەستی خزمەکانی سەبحە کوژراوە وەك تۆڵە کردنەوەیەك لە سکپڕبوونی لـەدەرەوەی چوارچێوەی هاوسـەرگیری ئەمـەش بیرۆکەیـەکی گونجاوە(وەرگیراوە لە کۆن کۆگلن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣).

* چەند سالێك بەنهێنی درێژەیان بە خۆشەویستیەکەیان داوە پێداگری ئیبراهیم بۆ هاوسەرگیرێتی لەگەڵ سەبحە ئەنجامی نەبوو چـونکە سەبحە یەکەمین مەرجی هاوسەرگیرێتی جیابوونەوەی ئیبراهیم لە هاوسەرەکەی دانابوو، ئیـبراهمیم سـەرەتا ئـەم جیابوونەوەیـەی بـەدڵ نەبوو بەلام سەرەنجام عەشـق بەسـەریدا زالبـوو لـە هاوسـەرەکەی جیابۆتـەوە.( وەرگـیراوە لـە JUDIT MILLER، LAURIE MYLROIE: لە تکریتەوە بۆ کوێت، و/ مەریوان غەریب، کامەران مەنتك، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٨.

(١)وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوە، ل٣٨– ٣٩.

(٢)مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟ محاولة لوضع الجرس في رقبة القط، دمشق– القاهرة، ٢٠٠٨، ص٩٥.

(٣) وەرگیراوە لە http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

(٤)کاوانی ئەنوەر مەسیفی: صدام حسێن پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، ل٢١، ٢٢.

سورکردنەوەی ئاسنو داخ کردنی سکی گیانەوەران، هەروەها ماری دەخستە نێو گیرفانی مامۆستاکانیەوە، هاوڕێ نزیکەکانی گەواهی کارە بچوکەکانی ڕۆژانەی بوون کە بریتی بوو لە گیرفان بڕین، دزیکردن، دەستدرێژی کردنو یەکەم کاری تەقەکردن، ویەکەم کاری کوشتنی فعلی، ئەویش کوشتنی حاجی سەعدون ناصری، کە یەکێك بوو لە سەرکردە شوعیەکان لە تکریت، لەسەر داوای خاڵی تلفاح.[١] پۆست دەڵێت:" مێردەکەی دایکی لەگەڵ سەدامدا زۆر خراپ بووە لە ڕووی دەروونیو جەستەییەوە، کە بووە هۆی هێنانە ئارای دەرونێکی بریندار کراو کە کەسایەتیەکی فشەڵو زۆر بەهەست بێت بەرامبەر بە بچوکترین کار، سەدام ئەم کەسایەتیە فشەڵەی خۆی لەژێر پەردەی روکارە خراپەکەیدا دەشاردەوە، بۆیە هیچ ڕەخنەیەکی قبوڵ نەدەکرد، هەروەها دەڵێت سەدام بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمو کورتیەی کە لە کەسایەتیەکەیدابوو هەوڵی گەورەکردنی کەسایەتی (تعقيم الزات)و حەزە زۆرەکانی دەدا بە جۆرێك کە توانای چاودێری کردنی گەلەکەی لەدەستدابوو، توانای ئەوەی لەدەست دابوو کە بەشداری کەسانی تر بکات لە ناخۆشیو ئازارەکانیاندا، بۆیە پۆست پێی وایە کە منالی سەدامو ئەو ڕێگە خراپەی کە مێردی دایکی مامەڵەی لەگەڵ دەکرد وایلێکردبوو کە سوربێت لەسەر ئەوەی جارێکی تر سەر بۆ هیچ هێزێك گەورەتر لە هێزی خۆی دانەنەوێنێ".[٢] سەدام کاتێك لە گوندی عوجەوە هاتو لەماڵ خاڵی جێگیر بوو لە ناوچەی کەرخ بیانوی ئەوە بوو کە هاتووە بۆ بەغداد بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی، بەڵام لە ڕاستیدا خێزانەکەی دەیانویست لە تکریت دوریخەنەوە، لەبەر ئەوەی کێشەی زۆر دروست دەکرد، خاڵی هاتنی سەدامی پێیخۆش نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی دەریکات لەبەر ئیعتیباراتی خێزانیو سەدام خۆشی هەستی بەوە کردبوو، بۆیە هەوڵیدەدا زۆربەی کاتەکانی لە قاوەخانەی ئەبی قاسم لە گۆڕەپانی شەهیدان بەسەر بەرێت، بە بیانوی خوێندنی وانەکانیەوە.[٣] ئەو توندو تیژیەی کە لە منالیدا دووچاری ببوو کاتێك منالێکی لاواز بوو، بەوە قەرەبووی کردەوە کاتێك کە گەورە بوو توندو تیژ بێت بەرامبەر کەسانی تر، بۆیە توندو تیژیو چەوسانەوەی تەواوی لە دژی هەرکەسێك دەکرد کە بیوویستایە دەسەڵات بگرێت بەسەر چواردەورەکەیدا.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتیانەدا سەدام دایکی زۆر خۆشدەویست، وەك چۆن لەو ڕێزلێنانە گەورەیەدا دەردەکەوێ بە بنیاتنانی مەزرارێکی گەورە کە دوای مردنی بۆی هەڵبەست، لەسەر کێلی گۆڕەکەشی نووسیووە (دایکی تێکۆشەرانە) لە تێبینیەکی تایبەتیدا سەدام قوڵی پەیوەندی بە دایکیەوە دووپات کردۆتەوە، بەوەی کە زۆرکات سەردانی کردووە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگانەی لەو ماوەیەی لەگەڵیدا ژیابوو، دڵسۆزی سەدام بۆ دایکی جێگەی گرنگی پێدان بوو.[٤]

گومانی تێدا نیە هەر تاکێك لە کۆمەڵگەدا لە نێو کۆمەڵێك هاوکێشەی کولتوریو ئەخلاقیو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دەژی کە بەشێك لە ویستو ئارەزووەکانی تەواو ناکۆکە لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا دەژی، بۆیە هەریەك لەم کەسایەتیانە ڕووبە ڕووی بە چەندین ململانێی کولتوریو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژی بۆتەوەو بە

(١)عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية، http://www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150،

(٢) وەرگیراوە لە http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

(٣) هايدة العامري: جوانب خفية عن صدام حسين تنشر للمرة الاولى – http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D،١

(٤)کۆن کۆگلن: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

جۆرێك لە جۆرەکان لە ململانێیەکی گرفت ئامێز لەگەڵ خۆیو دونیای دەورو بەریدا ژیاوە، لەوانە لە ناو سیستمێکی باوك سالاردا ژیاوە کە بازی بەسەر ئازادیو ئیرادەو ئارەزووە تاکەکەسیەکانیدا داوە، بەمەش ئەم کەسایەتیە یاخیانەی دروستکردووە. تەنها بە روانینێکی کورت لە ژیانی منداڵیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت خۆشەویستیو سۆزی دایكو دڵڕەقی باوكو هەڵسوکەوتی نەشیاویان وای لێکردوون دووچاری گرێیەکی دەروونی ئاڵۆز ببنەوە.

## ٢- لە رووی پەروەردەو خوێندنەوە-:

بە تێڕوانین لە ژیانی پەروەردەو فێرکاری هەرچوار سەرکردەکە، سەرباری خراپی بارودۆخی ژیانیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیانداوە قۆناغێکی باشی خوێندن ببڕنو زۆر رشت بن لەسەر تەواوکردنی خوێندنیان، سەرباری ئەوەی کەسانێکی زۆر شەڕانگێز بوون لە نێو خوێندنگەدا، خۆیان وەك کەسانێکی زیرەكو بەتوانا لە وانەکانی خوێندندا دەرخستوە.

مۆسۆلینی خۆی بەسروشت لاوێکی چەتونو سەرگەرم بووە.[1] دوای ئەوەی لەکەنیسە دەرکرا بەهۆی زۆری کێشەکانیو نارێك بوونو زاڵ نەبوون بەسەریدا، بۆیە ناچار بوون بیخەنە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی، مۆسۆلینی لەسەرەتادا منداڵێکی هێمنو کەم دوو بووە، بەڵام کاتێك تەمەنی گەیشتۆتە هەشتساڵی دەستی کردووە بە دزی کردن، هەمیشە وەك کەسێکی شەڕانی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا مامەڵەی کردووەو کێشەی زۆری دەنایەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەڕەشەی لە منداڵێکی تر کردبوو کە بە چەقۆ بیکوژێت، لە قوتابخانە دەریانکرد، مۆسۆلینی لەسەرەتای تەمەنیدا سروشتێکی زۆر سەرکەشانەو مەزاجێکی توندو بیرکردنەوەیەکی شەڕانگێزی هەبوو، بەخێرایی هەڵ دەچوو زۆر تورەو دڵڕەق بووە، تا لە قوتابخانە دەرکراو هیچ شتێك فێر نەبوو.[2] کاتێك مۆسۆلینی گەورە بوو باوکی ناردیە دوکان بۆ ئەوەی یارمەتیبدات لە کارکردندا، بەڵام مۆسۆلینی کوڕێکی زۆر کەللەڕەق بوو، زوو تورە دەبوو گوێی لەکەس نەدەگرتو کێشەی زۆری دەنایەوە، بەهۆی شەڕ کردنی لەگەڵ منالانی گوندەکە، تا جلەکانی نەدڕایەو دەمو چاوی خوێنی لێنەهاتایە نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵ، بەڵام سەرباری ئەوەش دەیتوانی سۆزی خێزانەکەیو منالانی گوندەکەی بەدەست بهێنێت، لە ئێواراندا کاتێکی زۆری بە چاودێری کردنی باڵندە بەسەردەبرد، دەگێڕنەوە کە رۆژێك بە دایکی ووتوە ": رۆژێك دێت هەموو جیهان سەرسام دەکەم" .[3] مۆسۆلینی خاوەنی سروشتێکی ووشكو زبر بوو، زۆر بەزوویی لەگەڵ قوتابیەکاندا بەیەکیدادەداو بە رەفتارە ئیستفزازیە سەرەڕۆییەکەی شوێنی دوژمنی بۆ گرتبوونەوە، مۆسۆلینی هەرگیز ئامادە نەبوو بۆ بیرکردنەوەو رقی لە قوتابخانەو مامۆستاکانی دەبۆوە، حەزی نەدەکرد کاهینەکان ببینێ، هەوڵی نەدەدا هاورێکانی بناسێ یاخود لە گاڵتەو یاریدا بەشداریان لەگەڵدا بکاتو باس لەوە دەکرێ کە تەنها کەسێك بۆتە هاورێی بونیادی لەشو سەری زۆر گەورە بووە، تەنها رێگەی بە مۆسۆلینی دەدا بە گۆچان

(١)جەواهیر لال نەهرۆ: چاوپێداخشانێك بە مێژووی جیهاندا، و/ رؤوف محمد زهدی، بەشی دووەم، بغداد، ١٩٩٠ ، ل٢٢٨.

(٢)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٣) نقلاً عن الحسینی الحسینی معدی: المصدر السابق، ص١٥.

لێیبدات، ئەمەش بۆخۆیو بۆ بەفیرۆدانی کات بووە.[١] مۆسۆلینی ئاماژەی بەوە کردووە کە:" زۆر رقی لە مەکتەبو باوکە سیلیزیەکانیو مندالآنی مەکتەب بووە، بەتایبەتی مندالآنی دەولەمەندەکان، ئەوانەی لەسەر سفرەی تایبەتی خواردنی تایبەتیان دەخوارد".[٢]

پاش تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی، پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی ناوخۆیی (سیکۆلار)یەوە کردووە، پاشتریش چۆتە پەیمانگەیەکی هونەری (فۆرلیمبوبولی)، لەم ماوەیەدا ئیتر وورده وورده لە روی جەستەییەوە گەورە بووەو پێگەیشتووەو بۆتە کەسێکی هەرزەکارو لە رووی دەست رەنگینیو خێرایی شت وەرگرتن ناوبانگی دەرکردوە، بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی ترەوە بە خێرایی لەناو هاوەڵەکانیدا بۆتە جێگەی سەرنجو کەسایەتیەکی دیاری نێوانیان، هەرچەندە کەسێکی کێشەدارو خاوەن سروشتێکی توند بووە.[٣] چونکە ژیانی منداڵی ژیانێکی هێمنو ئاسایی نەبووە، بەڵکو ژیانێکی ناخۆش دڕندانەی هەبووە، هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردووە کە نەیدەتوانی بچێتە سەر شەقامو شەڕ نەکاتو بەدەمو چاوی خوێناویو برینداریەوە نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەجۆرێك وایلێهاتووە چێژی لەو ململانێو شەڕکردنانەو ئازاردانی خەڵکی بینیوە.[٤] لە (8ی یۆلیۆی ساڵی(١٨٩٨)دا مۆسۆلینی دوای(3) ساڵ بڕوانامەی دیبلۆمی مامۆستایی بەدەستهێناوە، پاش ئەمە لە رووی رۆشنبیریەوە رویکردۆتە زانستە مرۆڤایەتیەکانو ئەدەبی گریکیو یۆنانی، ئەم جۆرە لەسەرجەم خوێندنگە ئیتالیەکاندا بەشێوەیەکی فراون باو بووەو بڵاوبۆتەوە، پاشان مۆسۆلینی دەیتوانی لە رێگەی نوسینەکانیەوە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی، ئیتر لێرەوە سەرەتای رۆژنامەنوسێکی شەڕانیو نەگبەتو بەدڕەفتارو دوژمنکار دەرکەوت، پاش ئەوەی چاوی کەوت بە (ئەنجلیکابالاف)ی روسی بە رەچەڵەك ئیتالی کە خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری مارکسی بوو لە نێو کۆچەرە ئیتالیەکان لە نەمسادا، سەراپا ژیانی گۆڕاوە، ئەم ژنە بوەتە مامۆستایو لەهەمانکاتدا هاندەری نوسینەکانیشی بووە، لێرەوە دەستیکردوە بە بڵاوکردنەوەی ووتارەکانی لە رۆژنامە سۆسیالیستەکاندا، وبڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی رۆمانسی کۆن بەناوی (خۆشەویستەکەی کاردینالٚ).[٥]

هیتلەریش سەرەتا پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەی دێی (فیشلهام)ی سەرەتایی حکومیەوە، پاشان چۆتە قوتابخانەی کەنیسەوە لە (لامباش)، بەڵام بەهۆی سەرکەشیەکانیەوە قبوڵیان نەکردووە.[٦] پاشان هیتلەر لەگەڵ خێزانەکەیدا رویکردۆتە (لیوندنگ) کە ناوچەیەکی بچووکە لە دەوروبەری شاری (لیتز)ی رۆژئاوای ڤییەننا لەوێ پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەوەو خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە، دواتر پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەی دواناوەندی لە ڤییەنناو قوتابخانەی ئادابو هونەری هەڵبژاردوە کە ئەمەش بە پێچەوانەی خواستی باوکی بوو، کاتێك باوکی مرد هیتلەر ناچار بوو رووبکاتە قوتابخانەی دواناوەندی لە شاری(شتیر) کە

---

(١)هشام خضر: المصدر السابق، ص١٨.

(٢)نقلاً عن الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص.16.

(٣)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل27-26.

(٤)عبدالهادي محمد مسعود: هتلر و موسوليني بين السياسة و الدين، مطبعة احمد، بدون سنة و مكان الطبع، ص٢٣، ٢٤.

(٥)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل27.

(٦)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

تایبەت بوو بە تورازی ئەندازیاری بیناکاری ئەمەش وای لە هیتلەر کرد سەرسام بێتو دوای ئەوەی چیتر لە باوکی نزیك نەبوو بەسەربەستی وێنەی زۆرێك لە دیمەنە سەرنج ڕاکێشە دەریایەکان بکێشێت.[١]

هیتلەر لەتەمەنی سیازدە ساڵیدا لە خوێندن کشایەوە بێ ئەوەی دواناوەندی تەواو بکاتو وورده وورده لە هاوپۆلەکانی سەردەمی منداڵی دوورکەوتەوە، چونکە ژیانی پڕئازاری قوتابخانەیان بیردەهێنایەوە، بەڵام دواتر لەبەر تەواونەکردنی خوێندنی، سەرزەنیشتی مامۆستاکانی دەکردو لەم بارەیەوە دەیووت: زۆربەی مامۆستاو فێرکارەکان بەدەست بارودۆخی دەروونیو بژێویەوە لەچەرمەسەریدا بوون، یەك مامۆستای هەبوو خۆشی دەویست ئەویشت (دکتۆر لیۆپۆڵد پۆیتش) بوو کە لەم بارەیەوە دەڵێ تاکە مامۆستایەك بوو هەر لە ڕۆژگارەکانی سەرەتایی قوتابخانەوە کاری کردە سەر ژیانم ئەو بوو مێژووی لا خۆشەویست کردم، لەو مامۆستایەوە ئەدۆڵفی گەنج حەماسەتو هەستی نیشتمانی وەرگرتو رق هەڵگرتنی بەرامبەر فەرمانڕەواکانی نیشتمانەکەی (بنەماڵەی هابسبۆرگ) بۆ دروست بوو، چونکە هەستی نیشتمانی ئەڵمانیایان لەدەستدا بوو.[٢]

هیتلەر لە قوتابخانەی گوندە بچوکەکەیاندا کەسێکی نادیارو نەناس یاخود خوێندکارێکی هێمن نەبوو، بەڵکو وەکو مامۆستاکانی دەڵێن: یەکێك بوو لە قوتابیە ژیرەکان، بە خێرایی کۆششی دەکردو بەخێراییش لەو وانانە حاڵی دەبوو کە مامۆستاکانی پێیان دەگوتەوە، بەڵام کەللە رەقو سەرنج ڕاکێش بوو بەخۆیەوە دەنازیو لە قوتابخانە ببوە سەرۆكو رابەری خوێندکارەکانو دەستی بەسەر یاریو کاروبارەکانیدا گرتبوو، تیمێکی چەکدار هەڵبەت چەکدار بە کوتەكو داری لێ دروست کردبوونو بەسەر دوو سوپادا دابەشی کردبوون سوپایەکیان نوێنەرایەتی فەرەنسای دەکردو ئەوی تریان نوێنەرایەتی ئەڵمانیای دەکرد، هیتلەر خۆی سوپای ئەڵمانیەکەی ڕێبەرایەتی دەکرد کە هەمیشە بەسەر سوپا فەرەنسیەکەدا سەردەکەوتو شەڕەکەی دەبردەوە.[٣] هەروەها لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری سەربازو هندیە سورەکانی دەکردو هەمیشە دەچووە ریزی هندیە سورەکانەوەو چەقۆو خەنجەری بەنهێنی دەبردە قوتابخانە بۆ فرۆشتنو سەرکردەی تۆکمەی ئەو یاریانە بوو.[٤] هیتلەر نموونەی خوێندکارێکی یاخیو نیگەران بووە نەك ئارامو لەسەرخۆو زۆر تامەزرۆی پەیوەندیکردن بووە بەو هاوڕێیانەیەوە کە لە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوون تا بەشداری یاریو گەمەو ئارەزووەکانیان بکاتو هەوڵبدات جڵەویان بکات، بۆ نموونە هانی ئەوەیان بدات کە بچن بۆ دەوروبەری دێیەکەیانو لەوێ چەند کاتژمێرێکی دورو درێژ لەگەمەو یاریو سەرکەوتن بەسەر دارو درەختو ڕاوەدونانی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکاندا بەسەر ببەن، شادومان دەبوو کە قسە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بکاتو بەدەنگە بەرزو توندەکەی بیاندوێنێو دەربارەی ئەو بابەتانەی کەلەسەریان ناکۆکی دەکەوتە نێوانیانەوە بۆچوونی خۆی ڕونبکاتەوە بۆیان. وێڕای ئەوەی خاوەن مەزاجێك بوو خێرا دەگۆڕا، جارێك تورە جارێك ئارامو شێنەیی بوو، تاوێك ئاژاوە گێڕبوو، تاوێکیش ڕۆڵی دیکتاتۆرێکی دەبینی بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە خۆی دەیویست جێبەجێیان بکات.[٥]

(١)فرید الفالوجي :المصدر السابق، ص16.

(٢)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل19-18.

(٣)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل54.

(٤)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل56.

سەرەڕای ئەو سەرکەشیانەی کەچی هیتلەر پێنج ساڵەی سەرەتایی بە نایاب تۆمارکرد.[١] ئەو وانانەی کە هیتلەر حەزی لێیان بوو بریتی بوو لە پەروەردەی هونەریو وەرزشیو مێژوو، ئەو وانانەشی کە رقی لێدەبووەوە لیستێکی درێژ بوو لەسەروو هەموویانەوە بیرکاریو زمانی ئەڵمانیو کیمیاو فیزیاو ئایینو تاپیکردن بوو لەسەر ئامێری چاپ.[٢]

سەبارەت بە خەڵکی ئەو گوندانەش کە هیتلەرو خێزانەکەی لەتەمەنی لاوێتیو منداڵیدا سەردانیان کردووە، بەشێوەیەکی تایبەت تەماشای هیتلەر دەکەن وەکو لاوێکی بێکەڵك سەیریان دەکرد، کە چاوەڕوانی هیچ چاکەو باشەیەکی لێناکرێتو هەموو خەمێکی ئەو بەدخوکردنی هاوڕێکانی بووە، بۆ ئەوەی نەچن بەلای خوێندنو کۆشش نەکەنو بەدەستی ئەنقەست فێری ژیانو گوزەرانی گەمەو رابواردنو یاریکردنیان دەکات.[٣] تەنانەت هیتلەر بەبێ کتێبو کوراسەی خوێندن ئامادەی قوتابخانە دەبوو، هەمیشە لەکاتی چوونە ژورەوەی پۆلدا دوادەکەوتو واپێدەچوو تووڕەو بێزار بێت لە مامۆستاکانی.[٤] رۆژێك لەناو کتێبخانەکەی باوکیدا هەندێك کتێبی مێژوویی بەرچاوکەوت ئیدی لەناو ئەو کتێبانەدا دوو بەرگی دەربارەی مێژووی جەنگی حەفتا ساڵەی هەڵبژاردو بە پەرۆشیەکەوە دەستیکرد بە خوێندنەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ دەرەوەی گوندەکەیانو لەوێ بە تەنیا لە دارستانەکانو دوور لە خەڵکی دەیخوێندەوە.[٥] ئەم شەڕانەو خوێندنەوەی ئەو کتێبە سەربازیانە گیانی خەباتو نەتەوەپەرستییان لەناخو دەروونی ئەم لاوەدا بوژاندەوە.

مستەفا کەمالیش سەرەتا پەیوەندی کردووە بە قوتابخانەیەکی ئاینیەوە کەسەر بە یەکێك لە مزگەوتەکانی شاری سالۆنیك بوو، بەڵام ئەم منداڵە بچووکە سروشتێکی درندانەی هەبوو خوێندنی ئایینیو لەبەر کردنی قورئانی رەتدەکردەوە، ئەمەش وایلێکرد دایکی بیخاتە قوتابخانەیەکی مەدەنی بەناوی شەمسی ئەفەندی. مستەفا لە قوتابخانە تازەکەدا سەرکەوتو ئەم سەرکەوتنەی ببوە جێگەی سەرنج راکێشانی مامۆستاکانیو ئیرەیی پێبردنی هاوڕێکانی.[٦] لەتەمەنی حەوتساڵیدا چووەتە خوێندنگەی(شەمسی ئەفەندی) ئەو خوێندنگەیەی مستەفا کەمال تێیدا خوێندووەیەتی، خوێندنگەیەکی بەکۆمەڵ بووە لەلایەن جولەکەکانی (کاببالیستەوە) کرابۆوە، شەمسی ئەفەندیش سەرکردەیەکی ئایینی سەر بە جولەکە بووە، چونکە بەشێك لە تایەفەی مستەفا کەمال جولەکە بووە کە ئەو سەردەمە لە سالۆنێك نزیکەی (180) هەزار کەس تیایدا ژیاونو نزیکەی (80) هەزاریان جولەکە بوون.[٧] پاش ئەوەی دایکی نەیتوانی تێچوونی خوێندنەکەی بگرێتە ئەستۆ بەوهۆیەوە کێشەی لەگەڵ دایكو براکەیدا زیادی کردو هەڕەشەی بەجێهێشتنی ماڵی دەکرد گەر نەیخەنە قوتابخانەیەکی باشەوە لە سالۆنیك، لەبەر ئەوەی خاڵی هەژار بوو نەیدەتوانی خەرجی خوێندنەکەی

(١)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

(٢)فرید الفالوجي: المصدر السابق، ص١٧.

(٣)دەستەیەك: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٤)فرید الفالوجی :المصدر السابق، ص18.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل57.

(٦)منصور عبدالحکیم :المصدر السابق، ص117.

(٧)رازاو محەمەد :ئەو تورکانەی بەرەچەڵەك تورك نین، گۆڤاری( دۆسیەی تورکیا)، ژ(4)، سلێمانی، تشرینی دووەمی2006 ، ل115، 116.

بگرێتە ئەستۆ، بۆیە دایکی داوای قەرزی لە خوشکێکی کرد کە دەوڵەمەند بوو بۆ ئەوەی خوێندنی تەواو بکات، بەوهۆیەوە گەڕاوەتەوە بۆ سالۆنیکو پەیوەندی بەیەکێك لەو قوتابخانانەوە کردوە کە ئاستێکی بەرزی هەبوو.[1] مستەفا کەمال لە قوتابخانە کەسایەتیەکی شەڕانی بوو، تەنانەت ڕۆژێك بەخۆی کتێبو دەفتەرو قەڵەمەکانیەوە بە گیانی خوێناویەوە گەڕاوەتە ماڵەوە، ئەم دیمەنە زۆر جار دووبارە دەبۆیە بەهۆی بەشەڕهاتنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بەڵام ئەمجارەیان ترسناك تربوو کاریگەری پڕمەترسی لەسەر پاشەڕۆژی هەبوو، بەهۆی بەشەڕهاتنی لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵو تۆڵەی خۆیان لێکردبۆوە، لەوکاتەدا بەڕیوەبەری قوتابخانەکە ناوبژیوانیان دەکات، بەڵام مستەفا پێلەقەیەك لە بەڕێوبەرەکە دەدات، ئەمەش بووە هۆی دەرکردنی لە قوتابخانە، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا مستەفا کەمال ببوە سەرچاوەی کێشەو ماندوو بوون بۆ دایکیو براکەی، بۆیە دواجار پورەکەی بیری لەوە کردەوە کە بیخاتە قوتابخانەیەکی سەربازی بەخۆڕایی لە سالۆنیك.[2] لە تەمەنی دوازدە ساڵیداو بەبێ ئەوەی دایکی ئاگادار بێت، بەشداریکردووە لە ئەزموونەکانی وەرگیران لە ئامادەیی سەربازیو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دوای شەش ساڵ خوێندن لە کۆلێژی سەربازی قوستەنتینیە بە پلەی مولازمی دەرچووە.[3] لە ساڵی(١٨٩٣) لە سالۆنیك چووەتە قوتابخانەیەکی جەنگیەوە بە نێوی قوتابخانەی (ڕوشدیەی سەربازی)، لەو قوتابخانەیەدا بە حەماسەتەوە دەستی کردوە بە خوێندن تا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەجۆرێك سەرسامی مامۆستاکانی بەدەستهێناو پلەیان بەرزکردەوە بۆ پلەی خوێندکاری مامۆستاو داوایان لێکرد کە سەرپەرشتی هەندێك لە وانەکان بکات کە بە خوێندکارە بچوکە تازەکانی دەوتەوە، لێرەوە بۆ یەکەمجار دەرفەتی دەست بەسەرداگرتنو دەرکردنی فەرمانی بۆ هەڵکەوت، لە کۆتایی ساڵی دووەمدا لە نێو سەرجەم دەرچووەکاندا نمرەکانی یەکەم بوو. وناوی لەسەر تابلۆی شەرەف (لائحە) هەڵواسراو نێردرا بۆ قوتابخانەی سەربازی باڵا لە (موناستیر) لە مەکدۆنیا.[4] مستەفا کەمال کۆلێژی سەربازی لە ئەستەمبول تەواو کردوو هەر لەو کۆلێژەدا ئارەزووی چۆنیەتی ووتاردانی لاپەیدا بووەو خۆی لە سیاسەتدا هەڵقورتاندووە، لەتەمەنی (٢٧) ساڵیدا لە کۆلێژی سەربازی ووتاری دەداو باسی لە گەندەڵیەکانی سوڵتان دەکرد، بەو هۆیەوە لە(١٩٠٤)دا دورخراوەتەوە بۆ دیمەشقو دواتر وەك ئەفسەرێك لە شۆڕشی (تورکیای لاو)دا بەشداریکردووە.[5] سەدامیش لە تەمەنی (١٠)ساڵیدا چۆتە قوتابخانەو لەتەمەنی(١٦)ساڵیدا خولی یەکەمی قوتابخانەی تەواو کردو حەزی دەکرد وەکو خاڵی خوێندنی خۆی لە سوپادا تەواو بکات، بەڵام ئاستی دەرچوونی زۆر لەوە لاوازتربوو کە بتوانێ بچێتە قوتابخانەی سەربازیو بە ناچاری وازی لە خوێندن هێنا.[6] هەرچەندە سەدام بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ خوێندن بەڵام هەموو هەوڵەکانی شکستیان هێنا لە رازی کردنی خێزانەکەی تا یارمەتی بدەن لە بەدیهێنانی خەونە گەورەکەی ئەویش پەیوەندی کردن بوو بە قوتابخانەوە، بۆیە بڕیاریدا تکریت

---

(١)منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ص١٢١.

(٢)مصطفى الزين: ذئب الاناضول، لندن، ١٩٩١، ص٢٠.

(٣)نۆیل باربەر :فەرمانرەوایانی قۆچی زێرین، و /ڕێبوار کەریم وەلی، هەولێر، 2001 ، ل229.

(٤) حنا مينا مطر: اتاتورك بطل الشرق مصطفى كمال باشا انتصارات الاتراك في الاناضول وغيرها، مصر، بدون سنة الطبع، ص ٢٥" منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ل123.

(٥)یاسین صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٦)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل39.

بەجێبهێڵێ‌و رووبکاتە بەغداد، سەدام دەیویست ئەوە بسەلمێنێت کە ئامانجی لەو بڕیارە بەپلەی یەکەم خوێندن بووە، بەڵام لە راستیدا ئەو پاڵنەرەی کە وای لێکرد بچێتە بەغداد راکردن بوو لەدەست مامی کە فشاری دەخستە سەری بۆ ئەوەی لە بواری تاواندا کاربکات، هەروەها هەوڵدان بوو بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە خراپە دەرونیەی کە دەستیگرتبوو بەسەریدا.[١] خانەوادەکەی سەدام دەیانویست ببێتە جوتیار چونکە پێیان وابوو ئەو ئارەزووی لە خوێندنی فەرمی نیە، بەڵام سەدام کاتێك چاوی بە کوڕە خاڵەکەی کەوت کە لەو بچوکتر بوو بەناوی (عەدنان)، ئیدی گرنگی بە بیرۆکەی چونە قوتابخانەدا. ساڵی (1947)سەدام کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو قسەیەی کە کوڕە خاڵە گەنجەکەی پێیگوتبوو گوایە بڕیاریداوە لەگەڵیدا بچێتە تکریت‌و بەیەکەوە لە قوتابخانەی گوندەکە دەوام بکەن، ئەمەش بەپێی گێڕانەوە فەرمیەکان یەکەم کاری سەرچڵی سەدام بوو، خێزانەکەی بەردەوام بڕوایان وابوو کە خوێندن بۆ کوڕە سەرکێشەکەیان کات بەفیڕۆدانە.[٢] خەیروڵا باوکی پەروەردەکاری سەدام ئامادەباشی خۆی نیشاندا تاکو یارمەتی بدات بۆ وەدەستهێنانی خوێندنی گونجاو، سەبجەی خوشکیشی بە پەرۆشەوە ئەو کارەی قبوڵ کرد.[٣]

لە ساڵی (1945)لە تکریتەوە دەچێتە بەغداد بۆ لای خاڵی (خیرالله تلفاح)، لە سەرەتای ساڵی(1955)دا توانیویەتی خوێندنی ئامادەیی تەواو بکات.[٤] لانی کەم لەسەرەتادا خوێندنی سەدام تاقیکردنەوەیەکی بەچێژ نەبوو، بۆ منداڵێکی دڵڕەقی شەقام، بگرە دڕندە، کە لە گوندێکی زۆر هەژارەوە هاتبێ کە تەنانەت نەیدەتوانی پیتەکانی ناوی خۆشی دەرخ بکات، سەدام بەهۆی گاڵتەپێکردن‌و هێرشکردنەسەری لە قوتابخانە دووچاری گەڵێ برینی کاریگەری دەروونی بوو، رەنگە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەمیشە ئامادە بووبێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕانگێزی، گومانی تێدانیە کە شەری لەگەڵ منداڵەکانی دیکەدا کردووە، هەندێ برینی منداڵی کاریگەریەکی قوڵیان لەژیانی کامڵبوندا هەیە، بۆیە دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ تکریت تاکو تۆڵەی خۆی بەزۆر لەوانە بکاتەوە کە ئازاریان دابوو.[٥] پاش ئەوەی لە ساڵی( ١٩٥٦) پەیوەندی بە پارتی بەعسەوە کرد، ولە (1959 /10 /7 ) بەشداری لە هەوڵی تیرۆر کردنی عبدالکریم قاسمدا کردووە،[٦] لە کاتی بەئەنجام گەیاندنی پلانی تیرۆرکردنی قاسمدا گوللەیەك بەر پێی چەپی دەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانێت رابکات‌و دوای گەشتێکی پڕ لە مەترسی بۆ ماوەی چوار مانگ لە دیمەشق نیشتەجێ دەبێت‌و دواتر چووەتە قاهیرەو لەوێ خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات‌و دواتر چۆتە کۆلێژی ماف لە زانکۆی قاهیرە.[٧] ولەوێ پەیوەندی کردووە بە ریزەکانی پارتی بەعسەوەو

(١)احمد الشايب: دكتاتور على طريقة الشاكو ماكو، ط١، بدون مكان الطبع، ١٩٩٠، ص١٠١– ١٠٣.

(٢)انيس الدغيدى: الحياة السرية لصدام حسين من القصور الى الجحور، دمشق، ٢٠٠٤، ص٢٥٠– ٢٠١" کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل40.

(٣)خليل دليمي: صدام حسين لە گرتوخانەی ئەمریکیدا ئەوەی کە روویدا، بیرەوەریەکانی خلیل دلێمی لەگەڵ سەدام حوسێندا، و/ شەماڵ محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤٠" کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(٤)عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) :موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ص627" انيس الدغيدى: الحياة السرية لصدام، ص٢٥٢.

(٥)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل41.

(٦)انيس الدغيدي: الحكام العرب كيف وصلوا للسلطة، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٨٢، ٢٨٣.

(٧)عبدالوهاب الكيالي :موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ص627.

وەك ئەندام هەڵبژێردراوە.[١] دەوڵەتی میسر مانگانەیەکی کەمی بۆ سەدام دیاری کردبوو، بەکەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتە درێژەی بە خوێندنی ئامادەیی داو لەتەمەنی (24)ساڵیدا کۆتایی پێهێنا، سەدام پاش کۆتایی هێنان بە خویندنی ئامادەیی لە ساڵی(1961) دا لە کۆلێژی ماف لە قاهیرە ناوی خۆی تۆمارکرد، بەڵام نەیتوانی تاپلەی بەکالیۆریۆس درێژە بە خوێندنی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی (1970)کۆلێژی ماف لە بەغدا پلەیەکی شانازی بە سەدام بەخشی کە دووەم پیاوی ووڵات بوو.[٢] لە ماوەی مانەوەی لە قاهیرە توانی پەیوەندی بکات بە خوێندنی دواناوەندیەوە بەو پێیەی کە بڕوانامەی ناوەندی هەیە، بەبێ هیچ کیتابێکی فەرمیو بڕوانامەیەك، بەڵام لێرەدا نوسەر ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی لێکۆڵینەوەی کردووە لە تۆماری دەرچوانی ناوەندیو ناوی سەدامی تێدا نەبووە، لەوە دەچێ لە پۆلی دووی ناوەندی دەرنەچووبێت، هەروەها هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزیوەتەوە لەسەر پەیوەندی کردنی بە کۆلێژی مافەوە لە زانکۆی قاهیرە، وەك خۆی بانگەشەی بۆ کردووە، جگە لەوە باس لەوە دەکرێ لەکاتی نیشتەجێبوونی لە قاهیرە لەسەر بابەتی تلیاك گیراوە بەڵام ئەم مەسەلەیە بە بڕیاری دەسەڵاتدارانی میسر پارێزراوە.[٣] گێڕانەوەکان وەك منداڵێکی بە جورئەت وێنایان کردووە کە هەوڵیداوە ئەو هاوڕێیانەی کە خوێندنیان لەو باشتر بووە بە نوکتەی واقیعی سەرسورماو بکا، وەك ئاوێزانی مامۆستا پیرەکەی ماددەی قورئان بەدەست لە ملانێیەکی دۆستانەی درۆزن، دواتر مار خستنە ناو جلەکانی، ئەو شتە دەگمەنەی کە لە هەمووان دیارترە دەربارەی رەوشتی سەدام لە قوتابخانە ئەوەیە کە یەکێك لە هاوسەردەمانی خۆی گێراویەتیەوە دەڵێ:" بەڕێوبەرەکەمان پێیوتم کە دەیەوێ سەدام لە قوتابخانە دەرکا، کە سەدام گوێی لەو بڕیارە بوو هاتە ژوورەکەی بەڕێوبەر، هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، پێی ووت :ئەگەر ئەو هەڕەشەیەت دژی من بەدەرکردنم لە قوتابخانە نەکێشیتەوە دەتکوژم، هەڕەشەی دەرکردنەکە بە هێمنی لابرا".[٤] لە نێو سەرکردەکاندا تەنیا سەدام نەخراوەتە ژێر پەروەردەی راستەخۆی سەربازیەوە،کەچی فەرمانبەرانی پروپاگەندەی رژێمی عێراق بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم کەمو کورتیە رایاندەگەیاند کە ئەو لە سەرەتای مناڵیەوە زۆر حەزی لە تیر هاوێژی بووەو بنەماکانی پەروەردەی سەربازی لەسەرەتای لاویدا فێربووە.[٥]

بێگومان یەکێك لەو هۆکارە راستەوخۆیانەی کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی مرۆڤ دادەنێتو رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانو کەسایەتی مرۆڤ، بریتیە لە پەروەردە، بەتایبەتی قۆناغەکانی سەرەتای پەروەردەی مرۆڤ کەلە خێزانەوە دەست پێدەکات، ئەو پەروەردەیە سەرەتای فێرکردنی هەڵسوکەوتو مامەڵە کردنە لە نێو قوتابخانەو کۆمەڵگەدا، بەڵام بەهۆی بێبەشبوونی ئەم کەسایەتیانە لە پەروەردەکردنێکی دروستی خێزانی، لە نێو قوتابخانەدا دووچاری گرفتێکی گەورەی کردوونو هەڵسوکەوتیان لە گەڵ هاوەڵو

(١)یاسین رضوی(الدکتور): الخائن قصة ام الهزائم، بدون سنة و مکان الطبع، ص21.

(٢)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرضاوەی ثێشوو، ل٤٣" انیس الدغیدي: الحکام العرب کیف وصلوا للسلطة، ص٢٨٣.

(٣) نقلاً عن احمد الشایب :المصدر السابق، ص108.

(٤) وەرگیراوە لە کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل42.

(٥)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

مامۆستاکانیاندا نەشیاو بووە. بەمەش دووچاری گرێیەکی تری دەروونی بوون کە خۆی لەپەروەردەو فێرکردندا دەبینێتەوە.

## ٣- لەرووی ئابوریەوە-:

هیچ کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە گەنجێك لە خێزانێکی هەژارو کەم دەستو نەدار کە دەینالآند بەدەست غەریبیو دوورە وولآتیەوە، رۆژێك لە رۆژان ببێتە دەسەلآتداری رەهای ئیتالیا، باوکی مۆسۆلینی کە لە بنەماڵەیەکی هەژارو جوتیاری هەرێمی رۆمانیای ئیتالیابوو.[١] مۆسۆلینی لە شارۆچکەی ( فارنۆ دی کوستا) لەدایك بووە، کە دێیەکی بچووکی کۆنە دەکەوێتە چوارچێوەی ناحیەی (برایدابیو) لە پارێزگای رۆمانیا، مۆسۆلینی لەگەڵ دایكو باوکیدا لە خانوویەکی زۆر سادەدا لە گوندی دۆفیا لە نزیك بریدانو دەژیان، دایکی یەکێ لە ژوورەکانی ماڵەکەی وەك قوتابخانە بەکاردەهێناو لە رۆژدا وانەی تیادا دەوتەوە باوکیشی وەك کۆگا لە کاتی پشووی هاویندا بەکاریدەهێنا مۆسۆلینی لەگەڵ براکەیدا ئەرنالدۆ لە ژوورێکدا بوون کە وەك چێشتخانەو کۆگای دار بەکاردەهات.[٢] لەمناڵیدا لە کوخێکدا دەژیا لەگەڵ خێزانەکەیدا کە پڕبوو لە خراپەو دڵڕەقیو وشکیو زبری ئەم کوخە لە دوو ژوور پێك هاتبوو، مۆسۆلینیو براکەی لە چێشتخانەکە بەتەنیشت یەکەوە دەنوستن، زۆری نەبرد مۆسۆلینی لەگەڵ باوکیدا لە نێو وەرشەی ئاسنگەریدا بۆ یارمەتیدانیان تێکەڵ بە کارکردن بووە.[٣] تەنانەت هەندێك لە توێژەرەوان هۆکاری لادانو توندو تیژی مۆسۆلینی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو توڕەییو رقە کپ کراوەی کە هەیبوە بەرامبەر بەو جیاوازیەی نێوان خۆیو هاوڕێ دەوڵەمەندەکانی.[٤]

ژیان لەچاوی مۆسۆلینی مناڵەوە دوربوو لە نەرمیو خۆشگوزەرانی تەنانەت خێزانەکەی نەیدەتوانی خۆشترین خواردنیان بۆ دابین بکەن، وەك ئەوەی لە قەدەغەکراوەکان بێت، قاپێ سەوزە لەگەڵ هەندێك دەنکە سیری دەشتیو پاقلەو نانی ووشك لە گرنگترین ژەمەکانی خواردن بوون کە ئەم خێزانە پشتیان پێ دەبەست، بێگومان ئەم گەورە بوونە سادەیە کاریگەری لەسەر دروست بوونی مۆسۆلینی هەبوو کەبەدەست برسێتیو بێبەشیەوە دەینالآند، تەنانەت جلەکانی زۆر پەرپوتو شرۆڵ بوون کە مایەی بەزەیی بوو.[٥] بارودۆخی خراپی ژیان هێندەی تر موسولینی منداڵی پەرێشان کردبوو، هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردووە برسێتی هێندەی زیندانو دوژمن ماندویانکردووە، مانگانەی دایکی تەنها ٥٠ لیرە بووە کە لە رێگەی مامۆستایەتیەوە بەدەستی هێناوە، باوکیشی ئاسنگەرێکی سادە بووە بۆیە تاڕادەیەك گۆشت لە ژەمەکانی خواردنیاندا نەبووە.[٦] هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە ژیانیان هێندە ناخۆش بووە خەڵکی نانو زەیتو خوێیان بە قەرز داونەتێ.[٧] ئەم بارودۆخە ململانێیەکی دەرونی لای مۆسۆلینی دروست کردبوو زۆر رقی لە دەوڵەمەندەکان دەبۆوە، تەنانەت

---

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل٢٥.

(٢)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص15.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص11.

(٤)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل26.

(٥)هشام خضر :المصدر السابق، ص12.

(٦)بنيتو موسوليني: خواطر زعيم، ت/ صبحي وحيدة، دار المجلتي، القاهرة، بدون سنة الطبع، ص٧٤.

(٧)عبدالهادي محمد مسعود: المصدر السابق، ص٢٤.

مۆسۆلینی لەبەر ئەوە رقی لە قوتابخانە دەبووەوە بەهۆی ئەو جیاوازیەی هەیبوو لەگەڵ قوتابیەکانی تردا، وەك جلو بەرگو خواردنو خەرجی قوتابیەکان، ئەویش برسیو بێ پول بوو، بۆیە ئەمە پاڵی پێوەنا بگەڕێت بەدوای شوێنێکداو لەو بارودۆخە ناهەموارە رابکات.[1]

لە شوباتی(1902) مۆسۆلینی وەك مامۆستا لەیەکێك لە گوندە نزیکەکانی دامەزرا، بەڵام ئەو بەنیازی شتێکی زۆر گەورەتر بوو بۆیە لەهەمان ساڵدا سەردانی سویسرای کرد، لەوێدا مۆسۆلینی دووچاری ناخۆشی زۆر بوو، برسێتیو کاری جۆراو جۆری وەك وەستای دیوارو شاگردیو قوماش فرۆش وشاگرد لە دوکانی مەی خواردنەوەو کرێکاری کارگەی شکولاتە.[2] مۆسۆلینی لە بیرەوەریەکانیدا باس لەوە دەکات کە وەك یارمەتیدەرێك کاری کردووە لای قەسابێك بەرامبەر بە کرێیەکی کەم، دواتر بەهۆی کەمی کرێکەیەوە لەگەڵیدا بۆتە کێشەی، ئەویّ جێهێشتوەو کارێکی تری دۆزیوەتەوە لەیەکێك لە دوکانەکانی مەی فرۆشی، کارەکەی گەیاندنی مەی بووە بۆ ئەو ماڵانەی داوایان دەکرد، بەڵام لێرەش بەرگەی ئەو ماندوبونەی نەگرتو لەگەڵ خاوەن کارەکەدا بووەتە ناخۆشیان، پاشان بەدوای کارێکی تردا گەڕاوە کە بتوانێ خواستو ئارەزوەکانی پێ پڕبکاتەوە، ئەوەبوو لە نێو کارگەیەکی شکولاتەدا کارێکی دۆزیوەتەوە، کە بریتی بووە لەگەیاندنی پاکەتی شکولاتە بۆ کۆمپانیاو دوکانو ماڵەکان، بەڵام لەسەر ئەم کارەش بەردەوام نەبوو بەهۆی زۆربوونی سکاڵای کرێکارەکان لە دژی، بەهۆی خراپی رەفتاریو درێژی زمانو زبری سروشتی.[3] پاشتریش لە قاوەخانەیەك لە (نادل جرسون) کاری کردووە، دواتر ئاوارەو دەربەدەر دەبێت تا دواجار ناچار دەبێت لە نێو کارتۆنێکدا بخەوێت لە ژێر پردێکدا لە لۆزان، لە(24 ی یۆلیۆ 1903 ) پۆلیسی سویسرا دەستگیری دەکات بە تۆمەتی سوالکردنو خەڵەتاندنی پۆلیس، دوای ئەمەش وولاتی سویسرا بەجێدێڵێتو دەگەڕێتەوە ئیتالیا، بەڵام زۆر بەخێرایی لە وولات رادەکاتەوە تا رزگاری بێت لە خزمەتی سەربازی وولاتەکەی، کەچی پاش ئەوەی دەسەڵات وەردەگرێت، دەبێتە کەسێکی زۆر دەمارگیرو سەرسەختو لایەنگری سەربازی.[4] مۆسۆلینی لەو ماوەیەدا دەڵێت:" خۆی زۆر ماندوو کردووەو فێر بووە چۆن بژیت نزیکەکانی لەو کرێکارانە بوون کە بەرۆشنبیریان دەزانیو لە شاری لۆزان وەك سکرتێری کۆمەڵەی بەنناو کرێکاری پیشە دەستیەکان هەڵیان بژارد، دوای ئەمە توانی وانەی زمانی ئیتالی بڵێتەوەو لە زمانی ئیتالیەوە وەرگێڕان بکات بۆ زمانی فەرەنسی هەروەها پارەی لەسەر ئەو وتارانە وەردەگرت کە دەینوسیو تیایدا بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی سۆسیالیستی ئازادەوە دەخستە روو، لەوێدا هێرشی دەکردە سەر چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیو پیاوانی ئایینی بانگەشەی بۆ گەلێکی خۆش بژێو دەکرد.[5]

(١)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٨.

(٢)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص22.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص27.

(٤)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل25-24.

(٥)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص22.

لەبارەی رۆشتنی بۆ سویسرا مۆسۆلینی بە پاسپۆرتێك چۆتە سویسراوە کە ماوەکەی بەسەرچووبوو، بەبێ ئەوەی پیاوانی پاسەوانی سنور تێبینی ئەوە بکەنو پێی بزانن [١] لەم بارەیەوە مۆسۆلینی دەڵێت:" تەمەنم ١٩ساڵ بوو باوکم لە زیندان بەجێهێشتو چووم بۆ سویسرا، وەك کرێکارێکی سادە هیچ پارەیەکم پێنەبوو، ...گەنجێتیم بەمجۆرە بوو". [٢] کاتێك مۆسۆلینی نیشتەجێ دەبێت لە لۆزان لە کارگەیەکی دروستکردنی پێڵاودا، داوای دەستخستنی بەڵگەنامەی نیشتەجێ بوون دەکات، تا بتوانێت ناوی لە زانکۆدا تۆمار بکات، بەڵام لەبەرامبەردا مۆڵەتی مانەوەی کاتی پێدەدرێت، بەڵام لە (11ی ئەپریلی1904 ) دەستگیر کراوەو خراوەتە زیندانەوە بەهۆی بەکارهێنانی پاسپۆرتی ماوە بەسەرچووەو بۆ ماوەی (6) رۆژ لە زینداندا دەمێنێتەوە پێش ئەوەی بنێردرێتەوە بۆ ئیتالیا.[٣] هەروەك خۆی ئاماژەی پێکردووە دەڵێت:" یازدە جار زیندانی کراوم لە ٤ وولاتی جیاواز، لە برناو، لۆزان، جنێف، تۆرینتۆ، فورلی چەند شوێنێکی تر". [٤]

ساڵی (1909)جارێکی تر دەستگیر کراوە هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە گومانی لێدەکرا هەڵی کوتابێتە سەر بانکێك لە تورنتوو نزیکەی(250) هەزار کرۆنی دزیبێت لەکاتی ئەو قەرەباڵغیە زۆرەی کە بەهۆی سەردانی شای ئەو وولاتەوە بۆ ئەو شارە دروست ببوو، دوای چەند رۆژێك دەسەڵاتدارانی ئەو شارە ئازادیان کردو بڕیاری دورخستنەوەیانداوەو گەڕاوەتەوە بۆ شاری فورلی.[٥] هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە لەسەر کۆمەڵێك پوشی زبر لە ژێر یەکێك لە پردەکان یاخود تەنیشتی بینای توالێتی گشتی لە لۆزان نوستووە.[٦] لەو ماوەیەدا مۆسۆلینی دووچاری چەندین کێشەو ئاستەنگ ببوو، هەرلەو ماوەیەدا (راتشیلی) کچی خۆشەویستەکەی باوکی ناسی ئیتر لەمە بەدواوە مۆسۆلینی زۆربەی کاتەکانی بۆ کۆکردنەوەی پارە بەسەر دەبرد، تا بتوانێت بەو پارەیە ژیانی هاوسەری دروستبکات، مۆسۆلینی لەمبارەیەوە دەڵێت:" لەم ماوەیەدا هەستام بە پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ راتشیلی لە17 ی ینایر بەبێ هیچ رێو رەسمێکی ئایینیو مەدەنی ئوتێلێکمان بەکرێ گرت بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی تیایدا ".[٧] لەو ماوەیەی کە مۆسۆلینی بێ پارە بردیە سەر جارێکیتر سەرەتاکانی لادانەوەو خراپبوونی ژیانی بەدەرکەوتن، لەم دەردەسەریو ناڕەحەتیەدا دژوارترین کاتەکانی لەگەڵ راشیلدا دەبردە سەر لەگەڵ ئەوەی سوێندی بۆ خواردبوو ژیانێکی ئارامو خۆشی بۆ فەراهەم بکات.[٨]

هیتلەریش لە ژینگەیەکی لادێی ڕەقدا لەدایك بووە، خێزانەکەی لە شاری (ڤالد ڤیرتل)ی باشوری نەمساوە هاتبوون، لەوناوچە کەناریە کە دەورەدراوە بە تەپۆلکە، تێیدا کۆمەڵە جوتیارێکی ماندو بچوك دەژیان،

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل25.

(٢) بنيتو موسوليني: المصدر السابق، ص٧٦.

(٣)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل25.

(٤)بنيتو موسوليني: المصدر السابق، ص٧٧.

(٥)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل٤٢.

(٦)هشام خضر :المصدر السابق، ص29.

(٧) وەرگیراوە لە ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشووو، ل43-42.

(٨)هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

زۆربەیان هەژار بوون پەتاتەیان دەچاندو داریان دەبڕیەوە، هەوڵدان بۆ ژیان لەو زەویەدا سەخت بوو، خەڵوزی روەکیان دروست دەکرد، بۆیە ژیانێکی سەختیان لەو شوێنەدا بەسەر دەبردو سروشتیان لەو شوێنەوە وەرگرتبوو لێبوردەو بەسۆز نەبوون، توند بوون بەپێچەوانەی خەڵکانی دەوروبەریانەوە.[١] لەساڵی (1907) سەردانی ڤییەنناى کرد، لەوێدا کەسی لە دانیشتوانەکەی نەدەناسیو نە ئیشو کارو نەماڵو جێیەکیشی هەبوو پەنای بۆ ببات، ئەوانەی مێژووی ئەویان نوسیوەتەوە هیچ گومانیان لەوە نەبوو کە هیتلەر لەوکاتەدا تەنها کەمێك پارەی پێبووەو بۆ ئەوەی پاروە نانێکی دەست بکەوێت، دەبوو خێرا کارێك بدۆزێتەوە یاخود لە برساندا بمرێت، بێکار بوو پارەی ئەوەی پێنەبوو کە بتوانێت ژوورێك بەکرێ بگرێتو پاروە نانێك بکڕێت.[٢] هیتلەر پێنج ساڵ لە دوای یەك لە نەهامەتیدا ئەژیا، خۆی دەڵێت:" پێنج ساڵ تامی حەسانەوەم نەزانی، پێشان وەك شاگردی بینا ئیشم دەکرد، بۆیەم دەکرد تا برسێتی لە خۆم دووربخەمەوە، برسێتی ببوە هاوڕێم، لێم جیا نەدەبۆوە، کە کتێبێکم دەکڕی دەبوو ئەو رۆژە برسی بم، یان ئەگەر بچووما یە بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا یان شانۆگەریەك دەبوو دوو رۆژ برسی بم ".[٣] سەرەتا پەنای دەبردەبەر پەناگەی جولەکەکانو بەجلو بەرگەکانی خۆیەوە دەنووستو بەدەگمەن سەری چاك دەکردو قژی دەبڕی، تا ئەو کاتەی برسێتی تەنگیان پێهەڵدەچنیو وەکو پەرتەوازەکانی لە نموونەی خۆی لە ریزدا رادەوەستاو چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەو بەشە(شۆربا) گشتیەی دەکرد کە بەخۆڕایی بەهەژارانو بێکاران دەدرا، کەس نازانێت لەو ماوەیەشدا دەرۆزەی کردبێت یاخود لەسەر رێگاوبانە گشتیەکان دەستی سواڵی پان کردبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیاین ئەوەیە کەلەسەر شەقامەکانو شوێنە گشتیەکانی دانیشتنو باخچەکاندا خەوتووەو ژیانی برسێتیو هەژاریو نەبوونی بەخۆیەوە بینیوە.[٤] بەڵام سەرچاوەیەکی دی لەوەسفکردنی ئەم رۆژە نالەبارانە لە ژیانی هیتلەردا دەڵێت: چەند رۆژێك پێش ئەوەی بچێتە پەناگەی پەرتەوازان بێکارو بێشوێنو ئاوارەی سەر شەقامەکان بووەو جلو بەرگێکی شڕو دڕاوی لەبەردا بووەو روویەکی گرژومۆنی هەبووەو سەروەختێك کە ئاشنای (هانی)ش بووە کە دواتر بۆتە هاوڕێی پرسیاری حاڵو رەوشی لێکردووە ئەویش بە سادەیەکی سامناك گوتویەتی:" هیچ ئیشو کارێکم نیەو چەند رۆژێکە دەرۆزە دەکەم ".[٥] لەبارەی ژیانیەوە هیتلەر دەڵێت:" کە دایکم مرد بەدەستی بەتاڵەوە هاتمە ڤییەننا، ...لەو تەمەنەدا رووبەڕووی هەژاری بوومەوە، تاڵی نەبونیم چەشت، سەرەڕای ئەوەی کەلە خێزانێکی بۆرژوازیدا ژیابووم کەوتمە ناو جیهانی بێنەوایانەوە".[٦] دەبوو کارێك بدۆزێتەوەو لە برسێتیو گەداکردن دوریبخاتەوە، هەربۆیە شەقامەکانی بە شوێن کارێکدا تەیدەکردو لەکاری کەناسی بەولاوە هیچ ئیشێکی دی دەست نەکەوتو کەوتە بارودۆخێکەوە کە لەگەڵ کرێکارەکاندا دەستی بەکارکردن کردو بە شەوانیش لەبەر رۆشنایی مۆمێکدا دەیخوێندەوەو لەسەر پێخەفی دوونەفەری دەنووست، چونکە نەیدەتوانی پێخەفێکی یەك نەفەری بەکرێ بگرێتو تێبینەری کارەکەشی کەسێکی توندو دڵڕەق بوو، هەربۆیە دەبوو هیتلەر پێش خۆرکەوتن لەخەو

---

(١)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل10.

(٢)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل70،71 .

(٣)ئەدۆلف هیتلەر: خەباتی من، و/ حەمە صالح محمد گەلاڵی، چاپەمەنی دیلان، ٢٠٠٣، ل٣.

(٤)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل٧١– ٧٢.

(٥)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل72، ٧٣.

(٦)ئەدۆلف هیتلەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

هەڵسێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستپێکردنی ئیشدا لەسەر کارەکەی بێت.[1] لەم بارەیەوە هیتلەر دەڵێت:" وەك هەر ئاوارەیەك کە بەدوای بژێویدا بگەڕێتو بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی بژێنێت دەژیام، من ئەو شتانەم پشتگوێ خست کە ڕێگای ئیشکردن لە خەڵك دەگرن وەك لوتبەرزی، خۆبەکەمزانی، گاڵتە پێکردن، چونکە دڵنیابووم لەوەی کە کارکردن هەرچۆنێك بێت سەربەرزییە".[2] ئەو کەسانەی کاتی خۆی لە ڤییەننا ناسیویانە وتویانە کە ئەوپەڕی دەربەدەرو بەدبەخت بووە، کڵاوێکی چڵکنو خوارو ڕەشی لە فرۆشیارێکی هەنگاری کڕی بوو کە بەرگی کۆنی بەکارهێنراوی دەفرۆشت. لەو کاتەدا هیتلەر ژەمی خواردنی ڕۆژانەی لە فرۆشتنی وێنەیەکی بچوکی ڕەنگ ئاویدا پەیدا دەکرد، بەزۆری وێنەی تەلارو شەقامەکانی ڤییەننا بوو، وێنە کێشانی کەسەکانی بەلاوە سەخت بوو، هەروەها بەرێکخستنی پروپاگەندەکانی شەقامەکانیش کاری دەکردو بە وێنەکانیش دەچووە قاوەخانەکان بەڵکو بیان فرۆشێتو بە قازانجەکەی نانێك بکرێت.[3] هانیش لە باسی هیتلەردا دەڵێت:" تەماشایەکی رووخساریم کرد بەئاشکرا سیماکانی برسێتی پێوە دیار بوو، ئیتر ئەو خواردنەی کە هەمبوو لەگەڵیدا کردم بە دوو بەشەوە، ئەویش سوپاسی کردمو دانی بەوەدانا کەلە ڕۆژی دوێنێوە هیچی نەخواردووە".[4] لە نۆڤەمبەری(1909) دا هیتلەر بەهۆی بێپارەییەوە ئەو ژوورە کرێ هەرزانەی بەجێهێشت، لەو ڕۆژە بەدواوە لە قاوەخانەو پارکەکاندا شوێنی خەوتنی ئەبینیەوە، پاشان لە ئوتێلە هەرزانەکانی ڤیەننادا کە دەربەدەرەکان لەبەرامبەر چەند قروشێکی کەمدا لەو شوێنانە دەخەوتن، ڕۆژانە دەچووە بەشی هەژارەکان، تاکو لەلایەن شوێنە ئایینیو ماڵە خێرومەندەکانەوە ژەمی بەخۆڕایی دەست کەوێت. ولەبەرامبەر پارەیەکی کەمدا هەموو کارە سەیرەکانی کردووە، لەسەر پشتی کەلوپەلی قورسی هەڵگرتووەو لە وێستگەی شەمەندەفەردا حەماڵی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی هیتلەر لەکارە گرانەکانی لاشەیی دووری دەگرتو بە خۆی دەوت من لاوازمو نابێ خۆم ماندووبکەم.[5] پێدەچێت هیتلەر هاوشێوەی مۆسۆلینی زیاد لە کارێکی کردبێتو لەو ئیشە سادانەی کە بە دەست دەکرانو حەزی لێنەدەکردنو پێشیان ڕانەهاتبوو، وەکو ئیشو کاری پەنجەرە سڕینو پاککردنەوە(کەناسی)و خۆڵ کۆکردنەوەو لابردنی خۆڵو خاشاك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیو کارکردن لە کانەکانو بیناسازیو زۆرجاریش لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا کە کاری لەگەڵدا دەکردن یاخود لەگەڵ خودی خاوەن کارەکە خۆیدا دەبووە ناکۆکی کاتێك کە ئاشنای بۆچوونەکانی دەبوونو گوێیان لە وتووێژو قسەکانی دەبوو، ئیدی پێیان دەبووە کەسێکی بێگانەو پەڕگیرو یاخی نەك وەکو ئەوان سۆسیالیست.[6] گەرچی ماوەیەك لەگەڵ دەربەدەریو نالەباریەکاندا ژیا، بەڵام هیچ کات جگەرەی نەدەکێشاو بەتەمەنیشی نزیکی خواردنەوە نەکەوتووە، رقی لە ڤیەننا دەبویەوە بەڵام بە گەنجی هاتە ناویەوەو بە پیاوێکی پێگەیشتوو تیایدا دەرچوو.[7]

---

(١)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣- ٧٤.

(٢)ئەدۆلف هیتلەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(٣)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل21.

(٤)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل73.

(٥)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل22.

(٦)دەستەیەك :سەرچاوەی پێشوو، ل79.

(٧)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل22.

بە بەراورد بە ژیانی ئەوانی تر مستەفا کەمال تارادەیەك ژیانی لەوانی تر باشتربووە بەتایبەتی کە کورە تاقانەی ماڵ بووەو نازی کێشراوە، بەڵام ئەویش لە سەختی باری ئابوریو ژیانی نەبونی رزگاری نەبووە. عەلی رەزای باوکی چەند کارێکی کردووە لەوانە ماوەیەك پاسەوانی گومرگ بووە، دواتر داری فرۆشتووە.[١] هەروەها لە سالۆنیك لە ریزی سوپادابووە، بەڵام لەبەر ئەوەی موچەکەی کەمبووە، بۆیە ناچار بووە کاری زیادە بکات، وەك نووسەرێتی لە خەزێنەی قەرزی دەوڵەتی عوسمانی کە تازە دامەزرابوو کاری دەکرد.[٢] بەهۆی خراپی بارودۆخیانەوە عەلی رەزا رویکردۆتە بازرگانی وەك بازرگانی دارو دواتر خوێ بەڵام کەوتۆتە ناو قەرزێکی زۆرەوە کەنەیتوانیوە بیداتەوە.[٣] بەهۆی کەڵەکەبوونی قەرزو دزینی باری دارەکەی لە بازرگانیەکەیدا زیانێکی زۆری کردوە،[٤] دوای ماوەیەك خوو دەداتە شەرابو مەی خواردنەوە مایەپووچ دەبێتو لە خەفەتا لەتەمەنی ٤٧ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.[٥] مستەفا کەمالو دایکی بەبێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی بەجێهێشت، بۆیە زبێدەو کورەکەیو کچەکەی دەباتە لای براکەی بەناوی حسێن، کە لە کێڵگەکەیدا نزیك سالۆنیك کاری دەکرد.[٦] لە دێیەکەی خاڵی بەرامبەر نیشتەجێبوونی خۆیو خێزانە بچوکەکەی لەوێ کاری دەکرد، بە رۆژ شوانی دەکردو کە دەگەڕایەوە ماڵەوە کاری پاککردنەوەو کاری ماڵەوەشی جێبەجێدەکرد، دواتر دەخەوتو تارۆژی دواترو کۆمەڵێك کاری تر چاوەڕوانی بوو.[٧] مستەفا کەمال دەچێتە لای خاڵیو وەك جوتیارێك ژیانی بەسەر بردووە، بەیانیان پەزو بەرخۆڵەکانی ماڵی خاڵی بردووە بۆ لەوەڕگاکانو ئێوارەش دەگەڕایەوە، لەماڵەوەش کاودانی ئاژەڵەکانی دەکرد بەرلەوەی بڕوا بخەوێت، بەم شێوەیە ژیانی پێنەچووە سەر، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سالۆنیكو دەچێتە خوێندنگەی سەربازی.[٨]

سەدامیش لە گوندێکی پیسو دواکەوتوودا لەدایك بووەو لەسەردەمی منداڵیدا تامی تاڵیو هەژاریو برسیەتی چەشتووەو گرفتو نەهامەتی زۆری بەسەردا هاتووە، لەساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا لە گوندێك ژیاوە کە هیچ جۆرە پێداویستیەکی خۆشگوزەرانی تێدا نەبووەو پاشان چۆتە شارو پاش زنجیرەیەك نەهامەتی وورده وورده قۆناغەکانی پێگەیشتنی بڕیوە.[٩] سەدام ژیانی منداڵی زۆر ناخۆش بووە، ئەو پیاوەی کە بوە یەکێك لە بەهێزترین سەرکردە عەرەبەکانی سەردەمی خۆی، لە گوندێکی هەژارەوە هات، کە دەکەوێتە بەری رۆژئاوای روباری دیجلەو باشوری شاری تکریت، لە خێزانێکی هەژارو لە یەکێك لە ناخۆشترین ناوچەکانی ووڵات لەدایك بوو.[١٠]

---

(١)عزيز خانكى بك: ترك و اتاتورك، المطبعة المصرية، مصر، بدون سنة الطبع، ص٧٧.

(٢)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٢.

(٣) محمد محمد توفيق: كمال اتاتورك، دار الهلال، مصر، ١٩٣٦، ص١٩.

(٤)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٤.

(٥)ضابط تركى سابق: الرجل الصنم مصطفى كمال اتاتورك، حياة رجل ودولة، ت/ عبدالله عبدالرحمن، عمان، ٢٠١٣، ص٣١.

(٦)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٤" حنا مينا مطر: المصدر السابق، ص٢٥" عزيز خانكى بك:المصدر السابق، ص٧٧.

(٧)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٤.

(٨)مصطفى الزين: المصدر السابق، ص١٩- ٢٠.

(٩)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل35.

(١٠)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل19.

سەدام لە گوندی عۆجە چاوی بەدنیا هەڵهێناوە خێزانەکەی ئەو بەدژواری بژێوی ژیانیان بۆ دابین دەکراو لە مناڵیدا روبەڕوی چەندین کێشەی دژوار بۆوە، دانیشتوانی گوندی عۆجەو لەگەڵ ئەوانیشدا بنەماڵەی سەدام لە خانووی قوڕیندا دەژیانو بۆ سوتەمەنی زستان کەڵکیان لە پیسایی ووشك کراوەی ئاژەڵان وەردەگرت، شاری تکریت خزمەتگوزاری ئاووکارەبای تێدانەبوو حکومەتی ناوەندیش هیچ گرنگیەکی پێنەدەدا.[١] گوندەکەش بریتیی بوو لە کۆمەڵێك کوخو ماڵی لە قوڕ دروستکراوو خەڵکەکەی لە بارودۆخێکی زۆر نەدارو هەژاریدا گوزەرانیان دەکردو جادەی قیرتاوی لێنەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ خاوەن زەوی دەوڵەمەند لە ناوچەکەدا هەبوون، کەچی خودی گوندەکە وشكو برینگ بوو، رێژەی مردنی مناڵان بەرز بوو.[٢]

ئیبراهیم زبێدی هاوڕێی مناڵی سەدام بەم جۆرە باسی مناڵی سەدام ئەکات:"ماڵی ئیبراهیم تەنها یەك ژوور بوو ژووری نوستنو خواردنو میوان، لە شەویشدا لەدەرەوە لەسەر حەسیرێك دەنووستین منو سەدامو عەدنانو بەرزان کە بچووك بوو، ئیبراهیم شەریکی خیرالله تلفاح بوو لە کشتوکاڵدا پارچەیەك زەوی هەبوو هی خیرالله بوو لە کەناری رووبار لە عۆجە، خیرالله خاوەن مەکینەیەك بوو کە ئاوی لە رووبارەکەوە هەڵدەکێشا بۆ ئاودانی کشتوکاڵەکە ئیبراهیم بە هەوڵەکانیو پاش پێگەیشتنی بەروبومەکە لە بازار دەیانفرۆشتو قازانجەکەیان بەشدەکرد، حەزیان لە راوی ماسی بوو، دایکی سەبحە زۆر هانی دەدایین بۆ ئەو کارە، بەتایبەتی سەدام کە پسپۆڕیەکی لە پێشتری هەبوو لە دانانی بۆمبێکی تایبەتی کە فڕێیدەدایە نێو رووبارەکە بۆ کوشتنی ماسیەکانو دوای تەقینەوەکە دەکەوتنە سەر ئاوەکە، هەرچەندە ئەم هاورێیەتیە بەردەوام باوکمی توڕە دەکردو حەزی نەدەکرد هاورێیەتی خەڵکی عوجەو بەتایبەتی سەدام بکەم، و هەمیشە پێی دەوتم گەر وەك ئەو خراپ نەبیتو سەرسەری نەبی ئەوا هاورێیەتی ئەوناکەیت".(٣) بارودۆخەکە لە گوند زۆر ناخۆش بوو، لەوماڵەدا ئاووکارەبا نەبوو، منداڵو ئاژەڵو پەلەوەر بەیەکەوە بوون، بەپێی گێڕانەوەی یەکێك لە نوسەرانی ژیانی تایبەتی سەدام کە (ئەمیر ئەسکەندەرە) دەڵێت دەربارەی رواڵەتەکانی ئەو هەژاریەی سەدام لەسەری گەورە بوو، نەکەوتبووە ژێر کاریگەری خەیاڵبازی، سەدام وتویەتی کە ئەو هەرگیز منداڵێکی بچووك نەبووە، بەڵکو منداڵێکی خەمۆك بووەو خۆی لە هاوەڵی ئەوانیدی لادەدا، ئەمەش دڵدانەوەیەکە دەربارەی قسەی خۆی کە لەدایك بوونی بۆنەیەکی دڵخۆش کەر نەبووەو لانکەکەی بە گوڵو رەوکی بۆنخۆش نەڕازێنراوەتەوە.[٤] سەدام لە دواناوەندی کەرخ وەرگیرا لەوێ لەگەڵ کەسێك بوە هاورێ کە لە خێزانێکی بەرێزو خاوەن پارە بوو ئەویش (محمد دراغ) بوو ئەم پیاوە بەزەیی بە سەدامدا دەهاتوە بۆیە هاوکاری دەرکرد لە هەندی خەرجی وەك چایو قاوە هەندێ پێداویستی تر کە سەدام نەیدەتوانی دابینی بکات، بەڵکو سەدام هەندێك لە قاتەکانی محەمەد دراغی لەبەر دەکرد لەبەر ئەوەی کە خاڵی جلی بۆنەدەکڕی، یەکەم جار کە خاڵی جلی بۆ کڕی بردیە لای بازرگانێكو پێی

---

(١)LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : سەرچاوەی پێشوو، ل37.

(٢)كۆن كۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل20.

(٣) ابراهيم الزبيدي: صدام حسين كما يتذكره أحد أصدقاء الطفولة وزملاء الدراسة،
http://classic.aawsat.com/details.asp?article=156058&issueno=8863

(٤)كۆن كۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

ووت ئەمە کوڕی خوشکمەو هەتیوە بۆیە بازرگانەکە چاکەتو پانتۆڵێکی بەدیاری پێدا، سەدام لە خوێندندا زیرەك بوو دەیویست سەرکەوتوو بێتو کارێکی هەبێتو خاوەن پارەی خۆی بێتو دواتر واز لە خاڵی بهێنێت.[١] دوای بەندکردنی خەیرۆڵا، سەدام گەڕایەوە کوخە قوڕینەکەی خۆیان لە عوجە، خێزانە تازەکەی سەبحە خەریکبوو خۆی دەگرت، سەدام ئەو کات هێشتا منداڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازیەکی چاکی لێنەکرا، پێدەچێ لەماڵەوە تاڕادەیەك زۆر پشت گوێ خرابێ، جگە لەو گرنگی پێنەدانە دڵڕەقی زڕ باوکەکەی کە ئەگەر لە تەمبەڵی خۆرسکەکەی وەئاگا هاتباوە ناچاری دەکرد لەناو قوردا سەما بکات تاکو تێهەڵدان نەخوا.[٢] زڕباوکەکەی لەگەڵ شەبەقدا بەئاگای دەهێناو بەسەریدا دەینەڕاند:" هەڵسە هەی کوڕی قەحپە بڕۆ مەڕەکان بلەوەڕێنە، سەدام زۆر ڕاشکاو بوو دەربارەی ئەو هەژاریەی کە لە لاویدا دیویەتی زۆر بە سادەییش ئەمەی بۆ یەکێك لە نوسەرانی ژیانی رونکردۆتەوەو دەڵێت:" ئێمە لە ماڵێکی سادەدا دەژیاین".[٣] سەدام لە چونە قوتابخانە بێبەش کرابوو، دەبوایە لە نزیك ماڵەکەیان بەهەندێ کاری پوچ هەڵسێ، دەنێردرا تاکو مریشكو هێلکەی لە کێڵگەکانی دەوروبەر بدزێ، لەئەنجامی ئەوەدا ماوەیەکی لەبنکەی بەندکردنی نەوجەوانان بردەسەر، وەزیرێکی پێشتری عێراق دەیگوت سەبحە زۆر گرنگی بە هاندانی سەدام دەدا بۆ دزی کردن، ئەوان دزی دەکەنو لەهەمان شەودا دەستکەوتەکان دابەش دەکەن، دایکی سەدام ڕاهاتبوو کە خۆی دەستکەوتەکان دابەش بکا، چ گەنم بوایە یان مەڕ یان چەند پارچە زێڕو زیوی کەم بوایە.[٤]

هەژاری یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتیە ترسناکەکان کە تەنها هەڕەشە لە کۆمەڵگە ناکات بەڵکو تاكو بەتایبەتی منداڵ دەکەونە بەر مەترسی ئەم دیاردەیەو هەڕەشە لە ئاسایشو جێگیری کۆمەڵگا دەکات، هەژاری هۆکارێکی سەرەکیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیە دەروونیەکان، وەك لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئاماژەیان پێکردووە. بەتایبەتی سەردەمی منالی کە سەرەکیترین قۆناغی گەشەکردنە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە لە ژێر کاریگەری ئەو ووتەیەی هەژار ئەو کەسەیە کە زۆرترینو خراپترین شێوەکانی مەترسی بەردەکەوێت، ئەم کەسایەتیان ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بوونەتەوە، نەك تەنها دەربازبوون لە هەژاری، بەڵکو وەرچەرخانێکی گەورەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیاندا دروستکردووە.

## ٤- لە رووی ئایینیەوە-:

ئایین یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەم چوار کەسایەتیە لەیەك خاڵدا کۆدەکاتەوە، هەڵوێستی هەریەك لەو کەسایەتیانە بەرامبەر بە ئایین تاڕادەیەك هەڵوێستێکی دژکاری بووە.

دایکی مۆسۆلینی کاسۆلیکیەکی زۆر دیندار بووە، لەهەمان کاتدا باوکی(ئەلیکساندرۆ) کەسێکی ئاژاوە گێڕو بێ دین بووەو لەبەر ئەوەی پەروەردەی مۆسۆلینی لە ئەستۆی دایکی بووە، بەجۆرێك کاری لەسەر کردو بۆ

(١)هایدة العامري: جوانب خفیة عن صدام حسین تنشر للمرة الاولى—
http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D8%A7%D9%86%D8%A

(٢)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(٣)کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤)مجدی کامل: من یصنع الطغاة، ص٩١ " کۆن کۆگلن :سەرچاوەی پێشوو، ل29.

كەنيسەی برد، بەڵام دواتر بەهۆی زۆری كێشەكانیو نارێك بوونیو زاڵ نەبوون بەسەریدا، ناچار بوو بیخاتە قوتابخانە ناوخۆییەكان، تەنانەت ئەو كەسانەی تاوانبار دەكرد كە سەردانی كەنیسەیان دەكرد. هەرچەندە دایكی جارێكی تر ویستی بیخاتەوە بەر خوێندن لە كەنیسە، بۆ چارەسەركردنو گۆڕینی هەڵسوكەوتو لابردنی ئەو سروشتە توندڕەویەی، بەڵام سەركەوتوو نەبوو.[١]

مۆسۆلینی لە تەمەنی نۆساڵیدا بوو كە دایكی ویستی بیخاتە قوتابخانەی (فاینیزا)ی پیرۆزی ناوخۆیی، بەڵام لە راستیدا مۆسۆلینی بە گوێ گرتن لە تەراتیلی ئینجیل دڵی تەنگ دەبوو، هەروەها كاتێك دایكی هەموو رۆژانێكی یەك شەممە لەگەڵ خۆیدا بۆ نوێژ كردن دەیبرد بۆ كەنیسە، كە بۆنی بخوری كەنیسەی دەكرد پێی قەڵس دەبوو، بەڵكو لەمە خراپتر مۆسۆلینی حەزی بە بینینی پیاوانی ئایینی نەبوو بە جلە رەشەكەیانەوە هەمیشە پاساوی دەدۆزیەوەو دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی لەكاتی نوێژدا بێتە دەرەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بە هیچ شێوەیەك بە سرووتە ئاینیەكان ئاسودە نەبووو وازی لە ئازاردانی منداڵانی دێیەكەشی نەدەهێنا، كاتێك هەموو بەیانیەكی یەكشەممە دەڕۆشتن بۆ كەنیسە بەبەردو دار ئازاری دەدان.[٢] بەپێچەوانەی دایكیەوە باوكی كەسێكی بێباوەڕ بوو، تەنانەت باوەڕی بە خوا نەبوو، سەرباری بێباوەڕیەكەشی بۆ نەهێشتنی كێشەكانی مۆسۆلینی لەگەڵ دراوسێكانی، ناچار بوو بینێرێتە قوتابخانەیەكی ناوخۆیی ئایینی.[٣] بۆیە كە تەمەنی گەیشتە نۆساڵی باوكی ناردیە گوندی (فاینزا) لە مەكتەبی (باوكانی سیلیزیان) كە بەرژێمێكی وورد ناسرابوون، هەرچەندە ئەلساندرۆ دژی كەنیسەی كاسۆلیكی بوو، بەڵام ناچار بوو كە كوڕە كەللەڕەقەكەی رادەستی پیاوانی كەنیسە بكات، بەڵكو سەركەون لەو كارەیاندا كە ئەم تیایدا سەرنەكەوت.[٤] ئەم رق لێبونەوەو دژایەتی كردنی ئایینە تا گەورەش بوو بەردەوام بوو ئەویش لەڕێگەی نوسینەكانیەوە. لە ووتارەكانیدا بانگەشەی بۆ دژایەتی كردنی پیاوانی ئایینی دەكرد، هەوڵی نەهێشتنی رۆڵی كەنیسەكانی دەدا بەهۆی مەترسیان لەسەر هزری خەڵكی.[٥] رۆژنامەكانیش مۆسۆلینیان بە (دڕندەی سوری خوێناوی)و (گۆشت خۆری مرۆڤ)و (خۆرەی ئایین) وەسف دەكرد، ئەم ناوانەش لای دانیشتوانی (تۆرینتۆ) زۆر بڵاوبوونو شتێكی ئاسایی نەبوو كە كەسێك هەڵگری ئەو نازناوانەبێت.[٦]

دایكی هیتلەریش خاتونێكی زۆر دیندار بوو، دەیویست كوڕەكەی ببێتە راهیب، بۆیە پێش شەش ساڵی پەیوەندی كرد بە قوتابخانەیەكی دێی (فیشلهام)ی سەرەتایی حكومیەوە، پاشان چووە قوتابخانەی كەنیسەوە لە (لامباش)، بەڵام سەركەشیەكانی هیتلەر كە لاسایی گەورەكانی دەكردەوە لە جگەرە كێشانو ئاگر كردنەوە لە باخچەی كڵێسادا وای كرد راهیبەكان بە ئاشكرا بڵێن توانای وەرگرتنی ئەو منداڵەیان نییە، ئەوەش كۆتایی خەونی دایكی بوو.[٧] هەرچەندە هیتلەر كە گەیشتە دەسەڵات لەبەردەم یاریدەدەرانو راوێژكارە سیاسیەكاندا

---

(١)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل26،25 .

(٢)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٦" الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص16.

(٣)هشام خضر :المصدر السابق، ص١٧.

(٤)الحسيني الحسيني معدى :المصدر السابق، ص16.

(٥)هشام خضر :المصدر السابق، ص40.

(٦)ئەحمەد ناصیف :سەرچاوەی پێشوو، ل42.

(٧)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل15.

دنیای بەسەر کەنیسەدا وێران دەکرد، بەڵام لەبەردەم ئافرەتاندا توزێك لەو هێرشو هەڵمەتانەی کەمدەکردەوەو دەیوت:" کەنیسە بۆ میللەت شتێکی زۆر پێویستە، کەنیسە هۆکارێکی بەهێزو بەتوانایە بۆ ئاسایشو سەقامگیری وولات".[١] هیتلەر مەسیحیەتی وەك بیرۆکەیەکی بێگانەی نامۆ بەسەر روناکبیریو شارستانیەتو رەگەزپەرستانەی ئەڵمانیەکان رەتدەکردەوەو ئەیووت سەردەمەکانی رابردووو زۆر باشتر بوون لەسەردەمی نوێ، چونکە سەردەمەکانی کۆن مەسیحیەتو نەخۆشی زوهەری کۆئەندامی زاوزێیان نەناسیوە. بۆیە سوکایەتی کردنی هیتلەر زۆر سەخت بوو کە بێ رەوشتانە نەخۆشی زوهەری خستۆتە پاڵ مەسیحیەت.[٢] لەمبارەیەوە دەڵێت:" مرۆڤ دەبێت یان مەسیحی بێت یان ئەڵمانی، ناتوانی ئەم دووشتە پێکەوە کۆبکەیتەوە، ئێمە پیاوانێکی ئازادمان دەوێت، کە هەست بکەنو بزانن خوا لە دڵیاندایە".[٣]

هیتلەر وەك دراوێکی دووڕوو دەیڕوانیە مەسیحیەتو بەو جۆرەش مامەڵەی لەگەڵ دەکردو وا تەماشای کەنیسەی دەکرد کە ئامێرێکە لە دەستیدا چۆنی بوێت وای هەڵدەسوڕێنێت، بۆیە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی لە کۆڕو دانیشتنەکانیدا کەنیسەی بەهۆکارێکی پێویست بۆ دەوڵەت لەقەڵەم دەدا. چونکە پیاوێکی سیاسی بوو هەستی بە مەترسی هێرشکردنە سەر ئایین دەزانی لەبەرامبەر جەماوەرداو دەیزانی ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رەسەنە لە ناخی مرۆڤداو هەرچەندە بەرەنگاری بێتەوە ناتوانێت لەناوییبەرێت. بۆیە لەبەرامبەر جەماوەردا دەیووت:" من هێرش ناکەمە سەر ئایین، بەڵکو هێرش دەکەمە سەر پیاوانی ئایین".[٤] هەندێك جار سەرزەنیشتو ریسوایی ئەو کۆڕو لایەنە نەیارانەی دەکرد کە دژی کەنیسە بوون، بەوە باسی دەکرد کە ئەوە تاوانێکە دژی پاشە رۆژی گەل دەکرێت، دەیووت بیروباوەڕی حزبی نازی جێگای کەنیسە ناگرێتەوە، دەربارەی کەنیسە بیروڕایەکی لا دروست ببو دەیوت:" کەنیسە لەگەڵ دەورو زەماندا ئامانجی سیاسی ئیشتراکی نیشتمانی نازی تەبەنی دەکاتو بەهۆی ئەوەوە لە نیشتماندا ئاینێکی حیزبی نوێ لە جیاتی بیروباوەڕی سۆفییە کۆنەکانی سەدەی ناوەڕاست دێتە کایەوە".[٥] هەندێك جاریش دەیوت ئەو دەتوانێ مەسیحیەت لەناوبەرێ بەڵام سەبارەت بە ئەو ئەوە هیچ نرخێکی نیە.[٦] هیتلەر لە ساڵی(1937)دا کە زانی زۆرێك لەدەستو پێوەندو لایەنگرانی بە پێی رێنمایی حزب وازیان لە کەنیسە هێناوەو پشتیان تێکردووە، فەرمانیدا بە گەورە پاریدەدەرانی کە ئەوانیش بچنە پاڵ ئەوانو پشت لە کەنیسە بکەنو دەیوت من خۆم بە تەنها بە ئەندامی کەنیسەی کاسۆلیکی دەمێنمەوە، گەرچی خۆشی هیچ مەبەستو سۆزێکی بەرامبەر بە کەنیسە نەبوو، بەڵکو بەهۆی پلەو پایە گەورەکەیەوە هەتا ئەو رۆژەی خۆی کوشت هەروا مایەوە، بەڵام ئەم هەڵسوکەوتانە هەلپەرستیو رووکەشی کەسێتی هیتلەری بەرجەستە دەکرد.[٧]

(١)وەرگیراوە لە مارشاڵ زۆکۆف :بیرەوەریەکانی مارشاڵ زۆکۆف، و /شێخ عەلی شێخ محمەد بەننا، سلێمانی،2009 ، ل51.

(٢)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل117.

(٣)عبدالهادی محمد مسعود: المصدر السابق، ص١٦٧.

(٤)عبدالهادی محمد مسعود: المصدر السابق، ص١٧٠.

(٥)مارشاڵ زۆکۆف :سەرچاوەی پێشوو، ل52.

(٦)لویس ل .سنیدەر :سەرچاوەی پێشوو، ل118.

(٧)مارشاڵ زۆکۆف :سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

دایکی مستەفا کەمالیش بەهۆی لەدەستدانی سێ منالەکەیەوە زۆر خواپەرست بووەو باوەڕی بەدەسەلاتی پیاوچاکانو هێزی خەلیفەکان هەبووە، بەپێچەوانەوە مێردەکەی باوەڕی بەو شتانە نەبوو، زیاتر ڕووەو ئەوروپای پێشکەوتوو زانستی نوێ بوو، بیروڕای تەواو لە خوێندنی ئایینی لەدەولەتی عوسمانیدا جیاوازبوو. [1] (ئارمسترۆنگ) لەباسی ژیانی مستەفا کەمالدا شایەتی چەند کەسایەتیەکی وەرگرتووە کە باس لە پەیوەندی مستەفا کەمال لەگەڵ ماسۆنیەتدا دەکەن، لەوانە (بینومیشان) دەڵێت:"مستەفا کەمال بەشێوەیەکی فەرمی چۆتە ریزی ماسۆنیەتەوەو چۆتەپاڵ مەحفەلی نیدانا". [2]

مستەفا کەمالیش هاوشێوەی هیتلەر هەڵوێستی بەرامبەر ئایین دوو فاقانە بووە، بۆ نموونە لەسەرەتای دەسەلاتیدا بایەخێکی زۆری دابوو بە بۆنە ئایینیەکان، بۆ دەست برینی خەڵكو لەوتارێکدا باسی ئەمەی کردووە:" بەیارمەتی خوداو لوتفی خودا دەبێ لە پاش تەواوکردنی نوێژی هەینی ئەوسا ئەنجومەنی میللی گەورە لە ئەنقەرە بکرێتەوە، ... کردنەوەی ئەنجومەن لەم ڕۆژەدا نیشانەی بەرەکەتو پیرۆزی ڕۆژی هەینیەو دەبێ دوای کردنەوەی ئەنجومەن هەموو ئەندامان لە مزگەوتی حاجی بایرام سوود لەم ڕۆژە پیرۆزە وەرگرنو لە پاش سلاواتدان لە پێغەمبەری پیرۆزو لە دوای نوێژ کردن رووبکرێتە (مەزار شریف) بە ئالای سنجاقەوەو بەرلەوەی بچینە ژورەوە بۆ مەزار شەریف دوعا بخوێنرێتو قوربانی دابەشبکرێتو ریزێك سەرباز لە ڕێگەی مزگەوتەوە هەتا مەزار شەریف بۆ رێزگرتن لە نوێژکەران رابوەستن، هەروەها ئەتاتورك درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێت:" بۆ رێزگرتن لەم ڕۆژە پیرۆزە، ئیدی دەبێت لەم ڕۆژەوە لە مەرکەزی ویلایەتدا لەلایەن جەنابی(والی)یەوە دەستبکرێت بە خوێندنی قورئانو کتێبی (بوخاری)ی شەریفو لە دوای نوێژ لە (مەزار شەریف)دا دوابەشی قورئان خەتم دەکرێت...، لە ئێستە بەدواوە ناوی سولتان دەهێنرێتو دەبێت دوعای سەربەرزیو سەرکەوتنی خەلیفە بکرێتو لە هەموو ناوچەکانی وولاتی زامدارو برینداردا دەبێ دەستبکرێت بە خوێندنی قورئانو (بوخاری)و روو دەکرێتە دەزگەکانی بالای میللی...، پێویستە ئەم ئامۆژگاریانەی لێیان دواوین بکرێت بە بەیانێکی فەرمیو بنێردرێت بۆ هەموو لایەكو بچوکترین گوندیش ئەو بەیانەی پێبگات...، داوا لە خوا دەکەینو لێی دەپاڕێینەوە سەرمانبخات". [3] ئەم وتاردانە بەناوی ئایینەوە ببوە هۆی راکێشانو کۆکردنەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ بزوتنەوەکەی، ئەم سۆزی ئاینیە لای مستەفا کەمال هەروا درێژەی نەکێشاو هەر بەگەیشتنیان بە سەربەخۆیی تەواو لە (١٩٢٣) ئیدی دەستبەرداری بیرو باوەڕی ئاینی بوون. ئەوەتا مستەفا کەمال لەوتەیەکیدا دەڵێت:" لە پێناو خەلافەتو ئیسلامو پیاوانی ئاینیدا نەبوو کە دێهاتیە تورکەکان ماوەی پێنج سەدە دەجەنگان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە تورکیا تەماشای بەرژەوەندیەکانی خۆی بکاتو خۆی رزگار بکات لە دەسەلاتدارێتی دەولەتی ئیسلامی". [4] هەروەها (محمود ئەسعەد بوزقورت) کەوەزیری دادی کەمالییەکان بووە دەگێرێتەوە:" جارێك لەگەڵ مستەفا کەمالدا بریارماندا بچین بۆ مزگەوتی (حاجی بایرام) مەلایەك لەبەردەمی مزگەوتەکەدا هاتە بەردەمی مستەفا کەمالو راوەستا، ساتێك مستەفا کەمال لێی پرسی

(١)محمود عبدالرحيم عرفات: المصدر السابق، ص١٢" عزيز خانكى بك: ترك واتاتورك، مصر، بدون سنة الطبع، ص٧٧.

(٢)منصور عبدالحكيم :المصدر السابق، ص.91

(٣)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل175 -174.

(٤)رضا هلال : السيف و الهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، دار الشروق، بيروت، ١٩٩٩، ص47.

چیت ئەوێ؟ لەوەڵامدا مەلاکە دەستی بەرز کردەوەو پێی ووت : بەبێ خوێندنی دوعا نابێ بچنە ناو مزگەوتەکەوە، مستەفا کەمال پاڵێکی نا بە مەلاکەوەو پێی ووت : ووڵات بەچەکی سەربازەکانی رزگار کراوە نەك بە دوعاو پاڕانەوەی تۆ ".[1] هەر لەبارەی ئاینەوە ئەتاتورك دەڵێت:" دۆستایەتی رۆژئاوا شتێکی پێویستە... رۆیشتن لەتەك رۆژئاوادا لە شارستانیەتیو ئافراندنو زانستەکانیدا دینی ئێمەیە، ئیسلامیش کە دینی خوایە، هەموو ئەو رووخسارانەی لێ دادەماڵم کە دەبنە هۆی ووروژاندنو دوژمنایەتی رۆژئاوا".[2] لێرەوە مستەفا کەمال دەستی کرد بە ریشە کێش کردنی هەموو نەریتێکی رۆژهەڵاتیو گۆڕینی سەرتاپای دەوڵەتەکەی بە سیستمێکی رۆژئاواییو ئەم سەرسامیەی خۆشی نەشاردۆتەوە کاتێك دەڵێت:" پێویستە درەختی شارستانیەتی رۆژئاوا بێنینە ووڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی ئەم درەختە بژی پێویستە ئەو ژینگەیەشی لەگەڵدا بێنین کە تیایدا ژیاوە، بۆ ئەوەی ئەم درەختە لە شوێنە تازەکەیدا بڕوێ پێویستە ووردە ووردە لەگەڵ ئەو ئاوو هەواو ئەو خاكو خۆڵەدا رایبێنین کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە لەگەڵ خۆماندا هێناومانن، هەموو ئەمانەش بەمانای پچڕاندنی یەکجارەکی پەیوەندیەکانمان بە رۆژهەڵاتەوە دێن- پەیوەندیەك کەلە سەڵتەنەتو خەلافەتەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە".[3]

لە ساڵی(١٩٢٥)ەوە مستەفا کەمال دەستی کرد بەجێبەجێکردنی بیرۆکەکانی خۆیو پەیڕەو کردنی سیاسەتی نوێگەریو بە رۆژئاوایی کردنی تورکیاو زۆرێك لە تورکەکانو مسوڵمانان بەگشتی سەرسامبوون بە لابردنی خەلافەتو بێدەنگ بوونی تورکەکان لەبەرامبەر ئەو سیاسەتانە کە لەدەسەڵات گرتن بەسەر سەرجەم ناوەندی هێز لە دەسەڵاتی خۆیدا سەرکەوتوو بوو.[4] تەنانەت مەلاو پیاوانی ئایینی کاتێك کە مرد وایان دانابوو کە لە ریزی مسوڵمانێتی چۆتە دەرەوە، بۆیە کەسیان رازی نەبوون لەسەر جەنازەکەی نوێژ بکەنو تەڵقینی بدەن، بەڵام خوشکەکەی بەدەم گریانەوە لە مەلایەك پاڕاوەتەوەو دەستی ماچ کردووە، ئەویش بەزەیی پیادا هاتۆتەوەو خواستو پاڕانەوەکەی بەجێهێناوە، تەنانەت لەکاتی سەرەمەرگو گیانەڵادا بە ئاشکرا وەسیەتی کردبوو کە مرد نابێ بە پێی دابو نەریتی ئیسلام نوێژ لەسەر جەنازەکەی بکرێو کە برایە ناو گۆڕەوە نابێ بە پێی رێبازی ئیسلام تەڵقینی بدەن.[5] بێگومان هۆکاری پاشەکشەی تینو رەوتی ئیسلامیش لە پاش دامەزراندنی کۆمار بە شێوەیەکی بنچینەیی بۆ کەلتوری سیاسیو نوخبەی سیاسیو هەوڵە زۆردارەکیەکانی ئەتاتورك بۆ دورخستنەوەی ئیسلام لە ناوەندی دەوڵەت دەگەڕێتەوە.[6]

---

(١)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم ، ل176 -175.

(٢)وەرگیراوە لە فەرۆز ئەحمەد، مستەفا ئیبراهیم، عەباس خۆشناو، ئارام عەلی عەزیز، ئەیوب ئەمیر کەواسمی، جەنگیز چاندار، ئەحمەد نوری نعێمی(دکتۆر)، یاسەمین دۆبرامانچۆ، سەلامی سەزگین، خلیل عەلی مراد(دکتۆر)، ئیدریس بووانو: تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و/ خلیل بەکر مەحمود، کەمال رەشید شەریف، ئەبوبەکر خۆشناو، نەجدەت عەبدولکەریم، فەیسەڵ محەمەد عەزیز، شوان پێنجوینی، ئازاد میرخان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٠٣.

(٣) وەرگیراوە لە هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە

(٤) رضا هلال: المصدر السابق، ص٦٩.

(٥)م. رەسول هاوار :کورد و باکوری کوردستان، بەرگی دووەم، ل١٧٧.

(٦)فەرۆز ئەحمەدو ئەوانیتر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١- ٣٠٢.

سەدامیش هەرچەندە سەربە پارتێکی سیکۆلار بووەو بە ئاشکرا ووتەی دژ بە ئایین داوە، بەڵام بەهەمان شێوەی هیتلەر هەمیشە دیدی بۆ ئایین دیدێکی دوو لایەنە بووەو بەشێوەیەکی رەها ئایینی رەتنەکردۆتەوەو هەمیشە دوو فاقانە لە ئایینی روانیوە، بۆ نموونە سەدام حسین دەست بۆ هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگەی عەرەبی رادەکێشێ‌و پێی وایە بەهۆی ئایینی ئیسلامەوەیە، کە زیاتر لە چەند جارێك لەبەرامبەر خەڵکدا وەستاوەو ووتاری بۆ داون‌و ئاینی ئیسلامی بەوە وەسف کردووە کە یەکێکە لەو هۆکارانەی بۆتە هۆی دواکەوتنی نەتەوەی عەرەب.[1] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابووە لە بنەماڵەی پێغەمبەرانەو لە عێراق خاکی پێغەمبەران لەدایك بووە، بۆیە زۆرێك لە هێما ئاینیەکان‌و روداوەکانی مێژووی ئیسلامی بەکاردەهێنا بۆ جەختکردنەوە لەسەر نەرجسی بوونی.[2] لە چەند ووتەیەکی تری خودی سەدام خۆیدا دەڵێت:" ئیسلام هیچ رۆژێك لە رۆژان هۆکارێك نەبووە لە دواکەوتوویدا، هەروەك چۆن راگەیاندنی رۆژئاوایی گومان لێکراو رایدەگەیەنێ، بەڵکو دواکەوتوویی لە رێگەی بەرامبەرەوەیە کە شای ئێران‌و دواتر خومەینی بنیادیان ناوە".[3] بێگومان بەکارهێنانی ئەم دوو ئاڕاستە دژ بەیەك لە ئاییناو بەکارهینانی کۆمەڵێك رەمزو ووشەی ئایینی تەنها بۆ راکێشانی سۆزی مسوڵمانان بوو هیچی تر. لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هەڵوێستی ئەم کەسایەتیانەو تێڕوانینیان بۆ ئایین زۆر لە یەکەوە نزیك بووەو هەوڵیانداوە ئایین بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن.

(١)محمود النجيري :صدام حسين في ميزان الاسلامي، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، 1990 ، ص8.

(٢)مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟، ص٩٦، ٩٧.

(٣)حزب البعث العربي الاشتراكي: اضواء على موقف البعث من الدين و الظاهرة السياسية الدينية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٦، ص١٢.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك کە هەوڵدەدەین بە خاڵ بیانخەینە روو:-

١- هەرچەندە دیکتاتۆریەت بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام لە رووی پیادەکردنەوە لە دیکتاتۆریەتی سەردەمی نوێ تەواو جیاوازە، چونکە لە کۆندا دیکتاتۆر لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەیەك یاخود هاتنە ئارای قەیرانێکدا بۆ ماوەیەکی کاتی دادەنراو ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەیان پێدەسپاردو دوای کۆتایی هاتنی ماوەکە دەگەڕایەوە شوێنی ئاسایی خۆی. ئەمە جگە لەوەی کە دیکتاتۆریەت وەك رژێم مەرج نیە لەلایەن تەنها کەسێکەوە بێت، بەڵکو هەندێك جار دیکتاتۆریەتێکی دەستە جەمعی بووە، هەروەها شێوازی دەسەڵات وەرگرتنیشیان جیاوازە، رەنگە لەرێگەی کودەتاو شۆڕشەوە بێت یاخود بەڕێگەی دیموکراسی بێتە سەر حوکمو دواتر پیادەی رژێمی دیکتاتۆری بکات.

٢- لەپشت هەر یەکێك لەو دیکتاتۆرانەوە گەنجینەیەکی شاراوەو بارودۆخێکی ئەستەمو پڕ کێشە هەیە، کە رۆڵی خۆی بینیوە لە تێکشکاندنی کەسایەتیو دروستکردنی گرێیەکی دەروونی گەورە لای ئەو کەسانەو لە منداڵێکی ئاساییەوە کردوونی بەکەسێکی نائاساییو لە دواتریشدا دیکتاتۆرێکی گەورەی لێدروستکردوون کە رەوتی جیهانیان گۆڕیو گەورەترین کارەساتیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروستکرد.

٣- بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابوریو پلەی خوێندنی ئەو چوار کەسایەتیە رۆڵی گەورەی بینیوە لە دروستکردنی کەسانێك کە لە هەوڵی گەورەکردنی خۆیاندابنو لەو پێناوەشدا هەموو رێکارێکیان گرتۆتە بەر بۆ سەلماندنی تواناو سەپاندنی کەسایەتی خۆیان بەسەر جیهاندا، بێبەشبوونیان لە خۆشیەکانی منداڵیو نەبوونیو دەربەدەریو بەکارهێنانی توندو تیژی، هەموو ئەمانە بونەتە هۆی دروستبوونی پڕمەترسیترین دیکتاتۆرەکانی سەردەم کە سڵیان لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە.

٤- ئەو دیکتاتۆرانە کەسانێکن کەلەڕووی بیروباوەڕەوە باوەڕیان بەهیچ بنەمایەکی ئایینی نەبووە، بەڵکو دژیشی وەستاونەتەوە، ئەوەندەی پێیان کرابێت هەوڵی داماڵینی ئاینیان داوە لە کۆمەڵگەداو هەندێك جاریش وەك هۆکارێك بەکاریان هێناوە بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتو پاراستنی پێگەیان، بەڵام لەناخەوە هەڵگری هیچ سۆزێکی ئایینی نەبوون. پێدەچێت هەر ئەمەش وایلێکردبێتن کە لەهەموو سۆزو هەستێکی مرۆڤانە داماڵرێن.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم/ کتێب

### ١- کتێب بەزمانی کوردی


١. ئەحمەد ناصیف: مۆسۆلینی ئەفسانەیەك كە نەیدەویست بمرێت، و/ دڵسۆز عومەر، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. ئەدۆڵف هیتلەر: خەباتی من، و/ حەمە صالح محمد گەلاڵی، چاپەمەنی دیلان، ٢٠٠٣.

٣. جەواهیر لال نەهرۆ: چاوپێداخشانێك بە مێژووی جیهاندا، و/ رؤوف محمد زهدی، بەشی دووەم، بغداد، ١٩٩٠ .

٤. خلیل دلیمی: صدام حسین لە گرتوخانەی ئەمریکیدا ئەوەی كە روویدا، بیرەوەریەکانی خلیل دلێمی لەگەڵ سەدام حوسێندا، و/ شەماڵ محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٠.

٥. دەستەیەك: نهێنییەکانی هیتلەر، و/ کارزان عەزیز، چ٥، خانەی چاپو پەخشی رێناما، سلێمانی، ٢٠١١.

٦. زاهیر محەمەدی ، یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. علی محمد الصلابی:دەوڵەتی عوسمانی، و/ احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، دار المعرفه، بیروت، ٢٠٠٧.

٨. فەرۆز ئەحمەد، مستەفا ئیبراهیم، عەباس خۆشناو، ئارام عەلی عەزیز، ئەیوب ئەمیر کەواسمی، جەنگیز چاندار، ئەحمەد نوری نعێمی(دکتۆر)، یاسەمین دۆبرامانچۆ، سەلامی سەزگین، خلیل عەلی مراد(دکتۆر)، ئیدریس بووانو: تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، و/ خلیل بەکر مەحمود، کەمال رەشید شەریف، ئەبوبەکر خۆشناو، نەجدەت عەبدولکەریم، فەیسەڵ محەمەد عەزیز، شوان پێنجوینی، ئازاد میرخان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٩. کاوانی ئەنوەر مەسیفی: صدام حسێن پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

١٠. کۆن کۆگلن: سەدامو ژیانی نهێنی، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١. لویس ل. سنیدەر(دکتۆر): ئەدۆڵف هیتلەر راسترین ژیاننامەیەکی دەستاو دەستکراوی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و/ عبدالله گەرمیانی، چاپەمەنی سایە، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٢. مارشاڵ زۆکۆف : بیرەوەریەکانی مارشاڵ زۆکۆف، و /شێخ عەلی شێخ محەمەد بەننا، سلێمانی، 2009 .

١٣. م. رەسول هاوار: کوردو باکوری کوردستان لە دوای شەری یەکەمی جیهانیەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعید لە پیران، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٤. نۆیل باربەر : فەرمانرەوایانی قۆچی زێرین، و /ڕێبوار کەریم وەلی، چ1، هەولێر،2001 .

١٥. مەریوان وریا قانیع: سیاسەتو دونیا، ماناو بێمانایی سیاسەت لە کوردستاندا، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٦. هانا ئارێنت: بنەماکانی تۆتالیتاریزم، و/ حەمە رەشید، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٧. یاسین صابر سالح : ئینسایکلۆپیدیای گشتی، سلێمانی،2005 .

١٨. LAURIE MYLROIE،JUDIT MILLER : لە تکریتەوە بۆ کوێت، و/ مەریوان غەریب، کامەران مەنتك، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**٢- کتێب بەزمانی عەرەبی:-**


١. احمد الشايب: دكتاتور على گريقه الشاكو ماكو، بدون مكان الگبع، ١٩٩٠.

٢. الحسينى الحسينى معدى: بنيتو موسولينى، نهاية طاغية وسقوط الفاشية، القاهرة، ٢٠٠٩.

٣. انيس الدغيدى: الحياة السرية لصدام حسين من القصور الى الجحور، دمشق- القاهرة، ٢٠٠٤.

٤. انيس الدغيدى: الحكام العرب كيف وصلوا للسلطة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٥. بنيتو موسولينى: خواطر زعيم، ت/ صبحي وحيدة، دار المجلتي، القاهرة، بدون سنة الطبع.

٦. حنا مينا مطر: اتاتورك بطل الشرق مصطفى كمال باشا انتصارات الاتراك في الاناضول وغيرها، مصر، بدون سنة الطبع.

٧. رضا هلال : السيف و الهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، دار الشروق، بيروت، ١٩٩٩.

٨. ضابط تركى سابق: الرجل الصنم مصطفى كمال اتاتورك حياة رجل والدولة، ت/ عبدالله عبدالرحمن، عمان، ٢٠١٣.

٩. عبدالهادي محمد مسعود: هتلر و موسولينى بين السياسة و الدين، مطبعة احمد، بدون سنة الطبع.

١٠. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) : موسوعة السياسة، الجزء الثاني، ط٣، بيروت- لبنان، ١٩٩٧.

١١. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) :موسوعة السياسة، الجزء الثالث، ط2، بيروت- لبنان، 1993 .

١٢. عبدالوهاب الكيالي(الدكتور) :موسوعة السياسة، الجزء الخامس، ط٣، بيروت، ١٩٩٦.

١٣. عزيز خانكى بك: ترك و اتاتورك، المطبعة المصرية، مصر، بدون سنة الطبع.

١٤. فريد الفالوجي : ادولف هتلر، كفاحي، قراءة جديدة في مذكرات هتلر و نهايته، دار الكتاب العربي، دمشق -قاهرة، 2005 .

١٥. مجدي كامل: اشرار التاريخ، دمشق-قاهرة، ٢٠٠٨.

١٦. مجدي كامل: من يصنع الطغاة؟ محاولة لوضع الجرس في رقبة القط، دمشق- القاهرة، ٢٠٠٨.

١٧. مجموعة من المؤلفين: موسوعة مشاهير العالم، جزء الثالث، دار الصداقة العربية، بيروت، ٢٠٠٢.

١٨. محمد محمد توفيق: كمال اتاتورك، دار الهلال، مصر، ١٩٣٦.

١٩. محمود النجيري : صدام حسين في ميزان الاسلامي، الزهراء للاعلام العربي، قاهرة، ١٩٩٠.

٢٠. محمود عبدالرحيم عرفات: امام الاتراك، بدون سنة ومكان الطبع.

٢١. محمود عبده: صدام حسين رحلة ام نهاية الخلود من الاعتقال الى الاعدام، دمشق_ القاهرة، ٢٠٠٧.

٢٢. مصطفى الزين: ذئب الاناضول، لندن، ١٩٩١.

٢٣. منصور عبدالحكيم: مصطفى كمال اتاتورك، ذئب الطورانية الآغبر، دار الكتاب العربي، دمشق، ٢٠١٠.

٢٤. هشام خضر: مذكرات موسولينى، دار الطيبة للطباعة، بدون مكان الطبع، ٢٠٠٨.

٢٥. ياسين رضوى(الدكتور): الخائن قصة ام الهزائم، بدون سنة و مكان الطبع.

**دووەم/ بڵاوكراوە حزبيەكان بەزمانی عەرەبی:-**

حزب البعث العربي الاشتراكي: اضواء على موقف البعث من الدين و الظاهرة السياسية الدينية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٦.

**سێهەم/ گۆڤار**

١- **گۆڤار بەزمانی كوردی:-**

رازاو محەمەد: ئەو توركانەی بەرەچەڵەك تورك نین، گۆڤاری دۆسیەی توركیا، ژ(4)، سلێمانی، تشرينی دووەمی 2006.

**چوارەم/ سەرچاوەی ئەليكترۆنی:-**

١. ابراهيم الزبيدي: صدام حسين كما يتذكره أحد أصدقاء الطفولة وزملاء الدراسة،
http://classic.aawsat.com/details.asp?article=156058&issueno=8863

٢. عبدالحميد الأنصار(الدكتور): من يصنع الديكتاتور، الجريدة الكويتية،
alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=74150

٣. سامي هابيل: بحوث في الديكتاتوريّة
http://www.arab- php?module=pnEncyclopedia&func=display_term&id=9307&m=1
ency.com/index.

رقم صفحه البحث ضمن المجلد:٣٠٥

٤. فاضل الخطيب: الديكتاتور و الديكتاتورية قديما و حديثا،
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=95090

٥. هايدة العامري: جوانب خفية عن صدام حسين تنشر للمرة الاولى –
http://www.kitabat.com/ar/page/07/03/2013/9540/%D8%AC%D9%88%D

٦. ياسين سەردەشتی(دكتۆر): شۆڕش و ديكتاتۆری،
http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=42dd156

٧. http://www.alsakher.com/archive/index.php/t-56729.html

## ملخص البحث

الديكتاتورية كمفهوما واصطلاحا يرجع الى عصر دولة المدن اليونانية، يوضع لغرض حل ازمة لفترة زمنية، لكن فى العصر الحديث يستخدم للحكام، الذين يستولون على السلطة بصورة غير شرعية، ولايعطون حق المشاركة للناس فى هذه السلطة. الديكتاتوريون عاشوا عيشا غير طبيعي، ومروا ببعض العقبات الكبيرة. وراء كل الديكتاتور هناك خزينة خفية يتضمن مجموعة من عقدة نفسية متعلق بصعوبة الحياة وعنف مرحلة الطفولة وكراهية الحياة وصعوبة وضع المعيشية وحرمان من العطف والحنان والحب، هذه الاشياء غيروا الاشخاص الى انسان غير طبيعى ومليئ بالمشاكل و مفترس، التى فى مراحل عمرهم يشغلون العالم باسره بانفسهم وادوا الى التغير مسار التاريخ. وايضا خلقوا كوارث انسانية كبيرة فى العالم. هذه الدراسة محاولة لكشف السر والوضع التى عاشوا الاشخاص التاريخية ومروا بها ويتالفوا من:

مقدمة عن الديكتاتورية من جانب الاصطلاح والمفهوم، ثم اجندة حياة الديكتاتوريون فى نواحى الاجتماعية والاقتصادية و درجة الدراسة ومواقفهم تجاه الدين.



## Abstract

The concept of dictatorship dates back to the era of Greek city states which were established to resolve a conflict and crisis within a specific epoch. The term dictator nowadays is used to refer to those individuals who illegally seize power in a country or a region and do not give people or the nation any chance to partake in the authority. Dictators have not had a normal life but have undergone a number of serious struggles and problems. Life and personality of any dictator encompasses a series of veiled secrets. Illness and violence during childhood, the hard economical life and being deprived of care and love have turned these individuals into abnormal and knotty persons that , consequently after they have grown up and seized power, have challenged society and sometimes the entire world by creating crises and calamities. This research is an attempt to exhibit the secrecy and the hard life of these historic tyrants. It consists of: An introduction about the concept and the term of dictatorship and then the dictators' educational, economical and social record as well as their stance towards religion.

# کەرکووك لە سەرچاوە و نووسراوە جیاوازەکاندا
## ((لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری ناو و شوێنی جوگرافیای کەرکوك))

د. پشکۆ حەمەتاهیر عەبدولرەحمان
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

پێشەکی

**گرنگی لێکۆلینەوەکە**//لێکۆلینەوە لە بارەی((کەرکووك لە سەرچاوەو نووسراوە جیاوازەکاندا)) وەك بابەتێکی مێژوویی دیاریکراوی ئەوشارە، گرنگ و پڕبایەخە.چونکە بە درێژایی مێژوو کەرکووك ڕووبەڕووی داگیرکردن بۆتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا داگیرکەرانی شاری کەرکووك بۆشێواندنی مێژوو و ناسنامەی ئەو شارەو پێدانی ناسنامەی خۆیان نێوی تازەیان لە کەرکووك ناوە . لە لایەکی دیکەشەوە هەرداگیرکەرێکیش هاتووە هەوڵی گۆڕینی سنووری جوگرافیا و دیمۆگرافیای شارەکەی داوە.ئەو پلانانەی داگیرکەرانیش تا ئێستەش کاریگەری ماوە. سەبارەت هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتێك لە ژێرناونیشانی((کەرکووك لە سەچاوەو نوسراوە جیاوازەکاندا)) لەو ڕوانگەیەوە دێت، کە تا ئێستە وەك پێویست لێکۆڵینەوەی زانستی و شیکاریی وردی لەسەر نەکراوە لە زانکۆکانی کوردستاندا ،جگە لە چەند وتارێکی ڕۆژنامەو نامیلکەو نوسراوێکی کەم نەبێت کە بە زمانی کوردی و عەرەبی نوسراون.

**ئامانج و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە**:ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لێکدانەوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانەو شیکاریانەیە بۆ ناوو شوێنی جوگرافیایی کەرکوك لە سەرچاوەو نوسراوە جیاوازەکاندا، وەك سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر و هەمەلایەنتر. وێڕای ئەوەی مەبەستمانە بڵێین بە درێژایی مێژووی شاری کەرکوك لە هەر قۆناغێکدا ناوێکی نوێی لێنراوەو تا سەدەی نۆیەمی کۆچی و پازدەیەمی زایینی بەتەواوی ناوی (کەرکووك) چەسپی، هەرچەندە دواتریش ناوی دیکەی لێنراوە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستیەك خراوەتە ڕوو بۆ ئەو شارە تا ئێستەش لە نێوان نووسینی نوسەرە کوردی و بیانییەکاندا سنورێکی دیاریکراوی تەواو نیە. سەبارەت بە میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیانەی مێژوویی بەستراوە، بەشەنووکەوکردنی سەرچاوەکان.

**سەرچاوەو گرفتی لێکۆڵینەوەکە**:بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی بەستراوە. لەوانە دەستنوسی(کەریم زەند - کرکوك و سلیمانیە صنوان) و دەستنوسی(مسالك الابصار - ابن الفچل الله العمری). لەگەڵ کتێبی(اصول اسماءالمدن و المواقع العراقیە - جمال بابان) و کتێبی(ڤهور الکورد ڤی التاریخ و دراسات ڤی بلاد سوبارتو)ی (جمال رشید)و کتێبی(کرکوك وتوابعها حکم الچمیر و التاریخ - د.کمال مڤهر أحمد)و کتێبی(بلاد ما بین النهرین - لیواو أپنهایم) و کتێبی(اربعە قرون من تاریخ العراق الحدیپ - لونگریك) و(موجز البلدان العراقیە - عبدالرزاق الحسنی)و کتێبی(قاموس ألاعلام - شمس الدین سامی)و نوسراوەکانی(گە باقر و فواد سفر - المرشد الی الموگن أپار)و کتێبەکانی(عەبدوڵلا عەبدولکەریم

مارف بەرزنجی - نێوان حەمرین و سەرگرمە و کارکۆك لە مێژوودا) و کتێبی(ڕپۆرتی کارکێری دەڤەری کەرکوك لە ماوەی ١ی کانونی دووەم تا ٣١ی کانونی یەکەمی١٩١٩ - سەربەست کەرکوکی)و کتێبی(سفره من دەربەند بازیان الی ملەی تاسلوجە - توفیق وەهبی)و کتێبی(گەشتێك بە کوردستانا - عەلائەدین سوجادی)و کتێبی (Conseruation of an Historic Tawn Qalaa of Kirkuk)ی (D.H) و چەند نوسینێکی دیکەی وەك(فازڵ قەرەداغی و روفائیل منیاس و موعتەسەم ساڵەیی و بلاوکراوەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق........تاد....). لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەها بێ گرفت نەبوە، لەوانە دەست نەکەوتنی هەندێ سەرچاوەی گرنگی ئەو بابەتەو نازانستی و شێواندنی هەندێك نوسراوی تایبەت بە بابەتەکە. ئەم ئاستەنگانە ئەگەر ماوەیەکیش کاریگەری لە هەندێ وردەکاری هەبوبێ، بەلاّم نەبۆتە هۆی لاوازی بابەتەکەی بەردەستان کە لە پێشەکییەك و دوو تەوەرە پێکهاتوە،بەم شێوەیە:-

تەوەرەی یەکەم:((ناوی کەرکوك لە سەرچاوەونوسراوە جیاوازەکاندا)):لەم تەوەرەیەدا باس لە هەموو ئەو ناوە جیاوازانە کراوە کە بە درێژایی مێژوو لە کەرکووك نراون و لەگەڵ شیکردنەوەی ناو یاخود ووشەی ( کەرکووك ) کراوە کە لە سەدەی نۆیەمی کۆچی و پازدەیەمی زاینییەوە بە شاری کەرکوك وتراون، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی نوسینی ناو سەرچاوەو نوسراوە جیاوازەکان ناوە جیاکانی کە بە کەرکووك وتراوە شیکار بۆ ناوەکە و سەردەمەکەیان کراوە.

تەوەرەی دووەم: ((شوێنی جوگرافیایی کەرکوك لە نوسراوە کوردی و بیانییەکاندا)): لەم باسەدا هەوڵدراوە ئەو بۆچونە جیاوازانە بخرێنە ڕوو کە لە نوسراوە کوردی و بیانییەکاندا سەبارەت بە شوێنی جوگرافیای شاری کەرکوك هەیان بووە, لەگەڵ هۆکاری ئەو بۆ چوونە جیاوازانەش لەلای هەردوو گروپی کوردی و بیانیش، کوردستانیەتی خاکی کەرکووك لە رووی جوگرافیەوە سەلێندراوەو خراوەتە ڕوو.

تەوەرەی یەکەم// ناوی کەرکوك لە سەرچاوەونوسراوە جیاوازەکاندا:

شاری کەرکووك بە هۆی بوونی مێژووە دوورو درێژەکەیەوە، لە سەرچاوەو نوسراوەکانی مێژووی کۆن‌و نوێدا بەچەندین شێوە نێوو براوە، بەجۆرێك لەهەر سەردەمێکدا نێوێکی نوێی لێنراوە. ئەم نێوە زۆرانەی کەرکووکیش بۆ گرنگی ئابوری وسیاسی و سەربازی ئەوشارە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی داگیرکەر پەلاماریان دراوە بە مەبەستی گۆڕینی ناسنامەی بنەڕەتی شارەکەو شێواندنی مێژووەکەی، بۆیە هەر یەکێك لەو هێزانە نێوێکی بەسەردا سەپاندوە، بۆنموونە :

سەردەمی گوتیەکان کە کۆنترین سەردەمی ئاوەدانی کەرکووك بووە، زانیاری تەواو نییە لەو بارەوەو تەنها لە ڕووی زمانەوانیەوە نەبێت بۆ پاڵپشتی ووشەی زمانەوانی تر لەسەر بنەڕەتی ووشەی (کەرخو) یان (کەرخی) بە کەرکووك وتراوە کە لە زمانە ناوخۆییە سوبارییە لەو کاتەدا گەشەی سەندبوو[١]. ساڵانی(٤٥٠٠ - ٤٠٠٠پ. ز)

[١] کامەران محمد جلال: نوزی لە هەزارەی دووەمی پ.ز، نامەی ماستەر، بەشی مێژوو، زانستی مرۆڤایەتی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٩.

شاری کەرکوك بە (ئەرفە - عەرفا)[١] نێوبراوە، [٢] هەرچەند کۆنترین زانیاری دەربارەی نێوی کەرکوك ئەوەیە کە لە سەردەمی ((سەرجۆنی ئەکەدی) (٢٥٣٠- ٢٤٧٣پ. ز) بە ولاٌتی (ئەربخ) یان (ئارابخا)[٣] ((Arabkhalos)) هاتووە، [٤] لە تۆمارەکانی (تحوتمسی یەکەمی) فیرعەونی میسریشدا (١٥٢٨ - ١٥١٠ پ. ز) بەهەمان شێوە دەرکەوتووە، کاتێك کە دەسەلاٌتی گەیشتۆتە سوریا. [٥] ئەم نێوەش تا سەردەمی میدیەکانو دواتریش هەر مابوو، (گە باقر و فواد سفر) لە بارەی نێوبردنی شاری کەرکوك بە (ئارابخا) وتویانە: ((شاری کەرکووك(اربخا)، کە خاوەن قەلاٌتێکی کۆنەو لە سەر پاشماوەی دێرینەیەکی کۆنتر دروستکراوە، هەروەك ناوەکەی لەو نوسراوە قوڕینانەی، کە تێیدا دۆزراونەتەوە بە ناوی (ارابخا) کە پاشان کراوەتە (عرفە)ی گەڕەکی کرێکارانی تازەی شەریکەی نەوتو ژمارەی ئەو نوسراوە قوڕینانەی لە ناو قەلاٌدا دۆزراونەتەوە کە (٥١)لەوحە بووەومێژوویان بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین ئەگەڕێتەوە، (ئارابخا) کۆنترین نێوبردنی ئەم شارە بووە، کە بۆ سەردەمی (حامورابی) دەگەڕێتەوە)) . [٦]

شاری کەرکووك لە سەردەمی سۆمەریو ئەکەدیەکاندا نێوی بە(کەرخۆ)ش براوە هەرچەندە لە پێش ئەوانیشدا هەبووە، (کەرخۆ)ش زاراوەیەکی ئەکەدی (دوو ڕوو)ە کە بنەڕەتی وشەکە سۆبارییەو چەند جارێك بەکارهاتووە، لە بەرامبەر نێونانە جوگرافییەکاندا بەشێوەی (دیمتۆکرخی شیلواخو) هاتووە، کە مانای (قەلاٌی شورەدراو) دەگەیەنێت و لەلایەکی ترەوە سۆمەرییەکان بە شێوەی (کنکهار) نێویان بردوە. [٧] لە هەندێك سەرچاوەی کۆندا دەردەکەوێت کە بابلییەکان (ئامنجە) یان پێی وتووەو ئاشوریەکانیش بە شوێنێکی کەرکوکیان وتوە (ئارابخا) یان (ئارافە -عرفە). [٨] لە سەردەمی ئاشوری تازەشدا (٩٠٠ _ ٦١٢پ. ز) شاری کەرکوك بە(کار) نێوبراوە، کە مانای (قەلاٌ) دەگەیەنێتو دواتریش وا دەردەکەوێت کە نێوی (کەرکوك) هەر لەو وشەیەوە

[١] بۆچوونێك هەیە دەڵێت: ((نێوی گەڕەکی (عەرەفە)ی ئێستای کەرکووك لە نێوە کۆنەکەی دەچێت، بەلاٌم ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ناوەکە گۆڕاوە چونکە دەنگی(ع) لە نووسینی مێخیدا نەبووەو لەجیاتی ئەوە پێدەچێت دەنگی (ئێ – e ) یان دەنگی ( هـ ـ h)، کە ئەم دوانە بە زۆری بە (ئـێ) و (خ) دەخوێندرێتنەوە، هەروەها دەنگی (ف – f) لەو نوسینانەدا نەبووەو دەنگی (پ –p)ی بۆ بەکارهاتبێ، بۆیە دوورنییە هەر لە کۆنەوە ناوی شارەکە (عەرفخە)یان (ئەرەفخە)بووبێ)). (فازڵ قەرەداغی: کەرکوكو پادشایەکی کۆنی، گۆڤاری رامان، ژ(١٩)، کانونی دووەمی ١٩٩٨، ل١٤٢).

[٢] عەرەبی فهمی: مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی١٩٥٧، ل٤.

[٣] ناوی(ئارابخا)لەکۆنەوە بەشێوازی جیاجیا هاتووە، لە شێوازە ئەکەدییەکەیدا بە(Ar-ra-ap-hu-um) و بەجەڕ (im)ش هاتووە، بەلاٌم لەبنەڕەتدا خورییە، وەك لە نوزیدا بە(ئەلئیدنی AL-ilam) واتە شاری خواوەندانو ئەرابخی (Arraphi) تۆمارکراوە کە (phi) پاشگری خوریە (ا) لە ئارامیدا بە(ربخا) واتای (ئەوپەتەی کەچەند گرێیەکی هەیەو مەری پێدەبەسترێ) (ب) (Astour، micheal C: Semites and Hurrians in northern Transtign's" in : SECNH، VOL 2(Eisendranus: 1987) P. 41. ). (ب)، فازڵ قەرەداغی: کەرکوك و پادشایەکی کۆن، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٩)، ل ٤٢).

[٤] جەمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة، ج١، مطبعة الاجیال، بغداد، ١٩٧٦، ل٢٩٠. ؛ اسماعیل شكر رسول: کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی لە رووی فکریو سیاسی (١٩٣٩ _ ١٩٤٥)، گۆڤاری پەیامی ئازاد، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠١، ل٣٥ . ؛ عبدالرقیب یوسف :المعالم الأثریة والتراثیة في المدینة کرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ(١)، ساڵی سێیەم، هاوینی ٢٠٠١، ل١٠٥.

[٥] Astour، m. C.، Topnymic parallels Between Nuza and Northren Syria، iniccc NH، Vol. 2، 1987، P. 23.

[٦] المرشد الی الموطن أثار، الرحلة الرابعة، دارالجمهوریة للطباعة، بغداد، ١٩٦٥، ل٧ –١١.

[٧] لیلی نامق الجاف: کرکوك لمحات تاریخیة، مطبعة خبات، هەولێر، ١٩٩٢، ل٣٠.

[٨] میجرسون: رحلة متنكر الی بلاد مابین النهرین وکردستان، ت. فؤاد جمیل، بغداد، ١٩٧٠، ل١٢٧.

هاتبێت.[١] لە دوای ئاشورییەکانیش کاتێك کەرکوك بووە بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی (میدی) بە (کی رەك) نێویان بردوە.[٢] نزیك لەونێوانەش مێژوونووسی رۆمانی (ئەمیانوس) بەنێوی (کارك) ناوی کەرکوکی بردووە، هەروەها (کارشا)ش کە لە (کەرخا)وە هاتووە باسیکراوە .[٣]

کاتێك (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لە هێرشەکەیدا بە دەشتەکانی نێوان دیجلەو فوراتدا تێپەڕی دوای ڕێوڕەسمێکی چوار ڕۆژی گەیشتە شاری (منس)، کە لەوکاتەدا ئەو شوێنە ئەشکەوتێك بووە ڤیری لێهاتۆتە دەرێ، هەر بۆیە لێکۆڵەروان شاری (منس) بە شاری کەرکوك دەستنیشاندەکەن[٤]، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مێژوونووسان شاری کەرکوك(ئارابخا) بە(منس)ناو دەبەن، لە ڕیزی ئەو شارانەی کە ئەسکەندەری مەکدۆنی پیاداتێپەڕیووە.[٥] لەگەڵ ئەوەی ماوەی دووری نێوان (ئەربیل) و(منس) بە چوار ڕۆژە ڕێگە دەخەملێنرێت، بەلاّم پێناچێت ئەم بۆچوونە ڕاست بێت، چونکە لەلایەکەوە دووری نێوان شاری کەرکوك‌و هەولێر(٨٧کم)ە و ئەو ماوەیە دەتواندرێت لە سێ ڕۆژەڕێگەدا ببڕێت، بەتایبەتی بۆ هێزەکەی ئەسکەندەر کە لەسەرکەوتندا زۆرخێرابوون و لەلایەکی دیکەشەوە لە دەوروبەری کەرکوکدا ئەشکەوتێك نابینرێت، کە ڤیری[٦] لێبێتە دەرەوە یا ڤیری زۆری هەبێت. ... بەلاّم هەر لەکاتی هێرشی مەکدۆنیەکان کە لەڕێگای(ئەرەبخا)وە ڕوویان کردۆتە بابل، گڕی ئاگرە هەمیشەییە ئەزەلیەکەی کەرکووك سەرنجی مەکدۆنیەکانی ڕاکێشابوو، بۆیە مێژوونووس(بلۆرتاخ) ئەو شارە بە (کوڕ کوڕا) ناو دەبات. بێگومان نێوچەی باوەگوڕگوڕی ئێستایە، کە ئەوکاتە بە تەنیشت شاری (ئەرەبخا)ی سەر بە میدیەکانەوە بووە، (جمال رشید)ش وەهای بۆ دەچێت کە ووشەی کەرکووك پێوەندی بەوناوە هێلینیەوە هەبێت‌و پاشگری (ئەك - Ak)ی سوباری خرابێتە سەرو بووبێت بە(KORKOURAK).
[٧](بەتلیمۆس)ی فەیلەسوفی جوگرافیزانیش دووسەدە پێش زایین نێوی هەرێمی کەرکوکی ناوە (کرخوا) یان (گوڕگوڕ)، کە هەر لە (گڕگڕە)ی ئاگری باباگوڕگوڕی[٨] وەرگرتووە[٩].نەخشەی ڕێگەی (خارگە بویتنجر) عێراق _ ڕۆمانیەکانیش لە سەدەی دووەمی زایینی بەنێوی (کۆنکۆن – con con)ەوە کەرکوکی ناساندووە .[١]

---

[١] محمد هادي الدفتر  وعبدالله حسن: العراق الشمالي، ج ١، ل١٥٢.

[٢] کەمال نوری معروف: قەلاّی کەرکوك لەروانگەی شوێنەوارو مێژوودا، گۆڤاری (بانەرۆژ)، ژمارە (٣)، شوباتی ٢٠٠٤، ل١٦.

[٣] عبدالجبار محمود سامرائی : کەرکوك شاری ئاڵتونی رەش، و. سەلام عبدالله عبدالکریم، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)، ساڵی چوارەم، بەهاری ٢٠٠٣، ل١٦٨.

[٤] وريا نامق الجاف: كركوك دراسة سياسية واجتماعية، مطبعة وزارة الثقافة، أربيل ١٩٩٨، ل٢١.

[٥] جمال بابان: أصول اسماء المدن والمواقع العراقية، ل ٢٩٠–٢٩١.

[٦] دەشێت ئەمە مەبەستی لەو نەوتە بێت کە لە خاکی بابەگوڕگوڕ دەرچووە.

[٧] ظهور الكورد في التأريخ، ج١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٣، ل١٦٧.

[٨] وشەی باباگوڕگوڕ: لە گڕگڕی ئاگر وەگیراوە یاخود هەر لە وشەی (کوڕکوڕا)ە وەرگیراوەو سیمای کوردی وەرگرتووەو زۆر پێدەچێت، کە نێوی شاری (کەرکوك) لەوەوە سەری هەڵدابێ، بەلاّم سەبارەت بە وشەی (باوە) وەك زانراوە پلەوپایەکی ئایینی کوردی دێرینەو تەنانەت تا ئەمڕۆش لە ناو کاکەیەکاندا بەکاردێت. بۆیە زۆر نێوچەش بە وشە (باوە)یە وەك (باوەنور باوەشاسوار باوەفەقێ، .. هتد). ( موعتەسەم ساڵەیی: کێشەو مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(٢١)، ساڵی شەشەم، هاوینی ٢٠٠٤، ل٩٩. ؛ عەلائەدین سوجادی: گەشتێك بەکوردستانا، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٦، ل٧٩ –٨٠).

[٩] کوردێکی مێژوونووس: کەرکوك - ناوی مێژووی کۆن- دانیشتوان - دەسەلاّتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە(٢)، کانونی یەکەم، ١٩٩٨، ل٢٢. ؛جەمال بابان: اصول اسماء المدن والموقع العراقية، ل٢٩٠. ؛ لەتیف فاتح فرج: کوردو کەرکوك، ب١، دەزگای

شاری کەرکوك لە سەردەمی (سلۆقیەکان)دا پێی وتراوە (کەرخ[٢]-سولق) بە واتای(شاری سلوقیەکان)، [٣]هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەو نێوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەرکوك لە سەردەمی (سلۆقسی کوڕی ئەسکەندەر)دا گەشەی باشیکردووە،[٤] بۆیە نێوی شاری کەرکوکیش نێوی پاشای سەلوقییەکانی وەرگرتووە. [٥] بەلاّم هەندێك دەڵێن ئەوە لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە ئەو ناوە زۆر لە وە کۆنترەو لە نێوی میرێکی نوزی(شیلوا -تیشوپ کوڕی پادشای ئەراپخا)ەوە هاتووە، کە زۆر جار لەگەڵ (خ: he) یان (خو: hwe)ی پاشگری خوڕیەوە بووە بە(سلوخ)، وشەی (کیرخا)ش لە زمانی نێوچەکەدا بەواتای (قەلاّ)دێت.[٦] بەوپێیە دەبێتە(قەلاّی شیلوا - تشوپ)... لە لایەکی دیکەوە لە (التقويم الجغرافي)دا هاتووە:((نێوی کەرکوك بەشێوەی (گرەکین)هاتووەو پاشان گۆڕاوە بۆتە(کرخ_ سلوخ) کەدراوەتە پاڵ (سلوقس)ی یۆنانی)).[٧] لای گریکەکانیش نێوی کەرکوك بەشێوەی (ئارانجیویس) هاتووەو[٨] لە دەقە سریانیەکانیشدا بە(کەرخا)نێوی براوە.[٩] (یاقوت الحموی)ش بە(کەرخینی) نێوی دەباو[١٠] لەبارەشیەوە وتراوە:((قەلاّیەکە لەسەرتەختی زەویدایەو زۆرپتەوەو چاکە، لەنێوان داقوقو هەولێردایەو... خۆم بینیومە، بریتییە لەسەر شێوەگردێکی بەرز، کە باخچەیەکی بچووکی هەیە)).[١١] (ابن الغوگی)نێوی کەرکوکی بە(کەرخینی)[١٢] بردووە.[١٣]

---

چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٥. سەلام عبدالكريم عبداللە: کەرکوك شاری ئاڵتونی ڕەش، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٣، ل١٦٦.

[١] جەمال بابان: اصول اسماء المدن والموقع العرقية، ل٢٩٠. ؛ روفائیل میناس: کەرکوك لە مێژوودا، و. هیوا صاڵح، گۆڤاری ئاران، ژ (١٣)،ساڵی٢٠٠٠، ل٥.

[٢] ووشەی(کەرخ) ئارامی نیە، لە هەولێرو دەشتی دزەیی(کەرخ) لە باتی (لاجیٚ) بەکاردێتو دەڵێن: (لەوکەرخە) .. وا دیارە هەرشارێك یا هەر گوندێك بە ناوی شیوێکی گەورەو بووبێت نێونراوە (کەرخ). . . ڕەنگە (ئارامی) یەکان لە کورد (گوتیان) وەرگرتبیٚو لە جێی شار یا قەلاّ بەکاریان هێنابێت. (کوردێکی مێژوونووس: کەرکوك ناوی– مێژووی کۆنی – دانیشتوانی– دەسەلاّتەکانی، هاواری کەرکوك، ژ(٢)، ل٢٢)

[٣] موعتەسەم ساڵەیی: کێشەی مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری (کەرکوك)، ژ(٢١)، ساڵی شەشەم، هاوینی ٢٠٠٤، ل٩٨.

[٤] لیلی نامق الجاف: كركوك لمحات التاريخية، ل٢٨.

[٥] طه باقر وفؤاد سفر: المرشد الى موطن الاثار والحضارة، المرحلة الرابعة، ل٨.

[٦] ليواو أپنهايم: بلاد مابين النهرين، ت: سعدي فيضى عبدالرزاق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ل١٦٠.

[٧] مذكرات مأمون بك بن بيگە بك، ت. محمد جميل ڕۆژبەیانیو شكور مستەفا، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد،١٩٨٠، ل٢٦.

[٨] جمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، ل٢٩٠.

[٩] جمال رشيد أحمد: ظهور الكورد في التايخ، ج١، ل١٦٨.

[١٠] معجم البلدان، ج٢، ط٢، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٥، ٢٣٥ .

[١١] عبدالجبار محمود سامرائي: کەرکوك شاری ئاڵتونی ڕەش، ل١٦٧ . ؛ یادگار فهمی عرب و مامۆستا فاضل محمد مەلا مستەفا: شاری کەرکوك (٥)، ل٢.

[١٢] یەکەم کەسێك بلاّوی کردبێتەوە کە لێك نزیکبوونەوە هەیە لەنێوان (کەرخینی)و (کەرکوك)دا (هۆڤمان) بووە کەلەفەرهەنگی زانستی ئیسلامیدا ئاماژەی پێداوە، بەلاّم جۆری داتاشینەکەی لێك نەداوەتەوە. (لیلی نامق الجاف: كركوك لمحات تاريخيه، ل٣٤).

[١٣] أبي الفضل عبدالرزاق بن الغوطي البغدادي : الحوادث جامعة والتجارب النافعة في مائة السابعة، مكتبة العربية، بغداد، بدون سنة طبع، ل٢٧–٢٨ .

لە سەردەمی ساسانیەکاندا شاری کەرکوك بە(بیت کرمای _ بیت گرمای)ی نێوی هاتووە،[1] (جمال رشید)دەڵێت :((بیت گرمی ئارامی بۆ (باجرمی) لەعەرەبیدا هەر شێوەی ناوە جوگرافیەکاندا (بیت زیدیتا، بازیدیتا، بیت قردو، باقردی، بیت درایە...هتد)، هەروەها لە ناوچەی (جرمی)دا وشەی (جرمت) پەیدابووە، کە لە عەرەبیدا کۆی (جرامیق)ەیەو شێوە کۆنە کوردیەکەی (گەرمیك)ە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ گەرمیان)).[2] مێژوونووسی ئەرمەنی (موڤسیس) لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ساسانیەکانی ئاشنای میدیەکان نێوچەی کەرکوکیان نێوناوە (گەرمەکان-Gamarkan)، کە سنوورەکەی لە باکووری ڕۆژئاوای زێی بچووکەوە دەستپێدەکات، تاکو باشووری ڕۆژئاوای چیای حەمرین)).[3] لەلایەکی دیکەشەوە ساسانیەکان بە کەرکوکیان وتوە(کرمکان)[4] یان بەنێوی (کەرکین) و (کۆڕەك) هاتووە، کە واتای گوندە سورەکراوەکەی میدیەکان دەگەیەنێت.[5] لەهەندێك کتێبی چیرۆك و ئەفسانەی ئێرانیدا نێوی کەرکوك بەشێوەی (ئارافە) و(کرخ سلوخ) و(بیپ سلوخ) و (کاری کوك) و (ارمجە) و (شارەزوور[6]) و (کوڕکوڕ) دەبینرێت.[7] لای سریانیەکانیش بە (بیت کرمای -بێت گرمای) (bethgarme) نێوبراوە[8] لەلایەکی تریشەوە شاری کەرکوك بەنێوی (شاری خواکان - مدینە الالهە) ناسراوە.[9]

لەسەردەمی ((ئیسلام))دا بەچەندین شێوە نێوی کەرکوك هاتووە وەك (الکرخینی)[10] و (الکرخانی) و (الکرخنی) و (دبس سلوخ)[11] و(کیوخو ڪان لڪَرخۆ[12] یان کیرخی)، کە بەواتای(قەلاّ)دێن.[13] لە کتێبی ژیاننامەی(صلاح الدین) و (تاریخ بنی سلجوق)دا نێوی شاری کەرکوك بەشێوەی (کرخانی) هاتووە[14] لە سەردەمی

---

[1] المنجد في اللغة والاعلام، طبعة الرابع و العشرون، بیروت، ل٥٨٦. ،د. نوری تاڵەبانی : سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکوك، و. مەریوان حسین چیمەنی، بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیری هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سایمانی، ٢٠٠٣. ل٩ . ، لیام ئاندرسن: تەنگژەی کەرکووك، و.ئومێد عوسمان،چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٣،ل٣٠.

[2] دراسات کردیة في بلاد سوبارتو، ل٢٩.

[3] وەرگیراوە لە /د. کمال مظهر أحمد: کرکوك وتوابعها، حکم الضمیر والتاریخ، ج ١، ل١٤- ١٥.

[4] المنجد في اللغة والاعلام، طبعة الرابعة والعشرون، دار المشرق، لبنان، بیروت، ١٩٨٦، ل٥٨٦.

[5] بورهان اسماعیل: ناوی کەرکوك لەمێژوودا، گۆڤاری باباگوڕگوڕ، ژ(٦)، هاوینی ٢٠٠١، ل٧.

[6] بروانە بەڵگەنامەی ژمارە ( ١)، گۆڕنی ناوی سەنجەقی شارەزوور بۆ سەنجەقی کەرکووك، ل ٣٣.

[7] یادگار فهمی عرب و مامۆستا فاضل محمد مەلا مستەفا: شاری کەرکوك (٢)، گۆڤاری هەتاو، ژ(١٢٥) ی ساڵی -٤- دووشەممە ٢٠رەشەمیّ (١٠مارتی ١٩٥٨)، ل٦.

[8] المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة الرابعة والعشرون، بیروت، لبنان، ل٥٨٦.

[9] د/ج. گەرمیانی: کەرکوك شارەکەی مێژوو و سەربەزری کوردان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(١٦)، هەولێر، هاوینی ٢٠٠١، ل٢١٦.

[10] جمال بابان: اصول اسماء المدن والموقع العراقیة، ج١، ل٢٩٠.

[11] محمد هادی الدفتر وعبدالله حسن: العراق الشمالي، ج١، ل٢١٣.، لیام ئاندرسن: تەنگژەی کەرکووك،ل٣٠.

[12] لە میلێکی سەرکەوتنی یەکێك لە پاشاکانی بابلدا، نووسراوە: کێرخۆ _ ئارابخام داگیرکرد چوومە ناوشارەکەو هەردوو پێیی خواوەند (ئادد)م ماچکردو ولاّتەکەم رێکخستەوە.( وەرگیراوە لە// مامۆستا محەمەدباقی سەعید مستەفا: کەرکوك لە مێژوودا نەتەوەکانی کۆنی دەوروبەری کاریگەرییان لەسەر ناوچەی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤،ل٣٨).

[13] فازڵ قەرەداغی: کەرکوك و پادشایەکی کۆنی، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٩)، ل١٤٤.

[14] وەرگیراوەلە / محمد أحمد سعید، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٢ . ( بلاّونەکراوە )

(عەباسی) یەکانیش بە (کورە باجرمیّ)[1]یان[2](کورە باجرمق)[3]ناسراوە، کە وشەی(کورە)لەوکاتدا بەمانای ئاوەدانیەکی بەرفراوان، یاخود شار بەکارهاتووە.[4] لەلایەکی دیکەوە نوسەری (مسالك الابصار) لە نێوەڕاستی (سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەیەمی زاینیدا) نێوی کەرکوکی جارێك بە(کەرخانی)و جارێکی دیکە بە(کەرخینی) بردووە.[5] (کی لسترنج)بە(کیرکوك) درکاندویەتی.[6]

وشەی کەرکوك لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی (قەرەقۆینلۆ)ی تورکەکانەدا لە سەدەی (نۆیەمی کۆچی/ پازدەهەمی زاینی) بۆ یەکەمجار دەرکەوت، چونکە لەوکاتەدا هەندێك ڕووداو بەنێوی (کەرکوك)ەوە تۆمارکراوە، هێندێکی دیکەی بەنێوی (کەرخینی)ەوە هاتووەو لە کۆتاییدا وشە(کەرکوك)[7] بەتەواوی سەقامگیربووە.[8] وادیاریشە لە شێوەی (کەرخینی)یەوە بووە بە(کەرکی)و دواتر بەشێوەی فارسی بچووك کراوەتەوەو بووە بە (کیك) تا لەوشەی(کەرکوك)دا جێگیربووە.[9] ناوی کەرکووکیش بۆیەکەمجار لە کتێبی فارسی نوسراوی (ڤفرنامە) هاتووە، لە ساڵی (٧٩٦ك/١٣٩٣ز)ی کە بۆ باسکردنی لە شکرکێشی (تەیموری لەنگ)ە کە لە بەغدادەوە بۆ داقوق و قەڵای کەرکوك هاتووە ،[10] دواتریش لە نامەی مێژووی سووری تەیموری لەنگدا بینراوە لەشێوەو ڕوخساری کەرکوکدا کە(شەرەفەدین عەلی یەزیدی) لەساڵی ((٨٢٨ك/١٤٢٥ز))ی نووسیویەتی.[11]

سەبارەت بە وشەی (کەرکوك)یش ناتوانین بگەینە شارەزاییەکی تەواوو نەگۆڕو چەسپاو ، بەڵکو ئەوەی کە باسی لێوەدەکرێت، تەنها بریتیە لە ئەگەر (شێمانە)و بەنزیك بوونەوە....(گە باقر وفؤاد سفر) لە بنەڕەتی وشەی کەرکوکەوە وتویانە:((پێ دەچێت ناوی کەرکوك پەیوەندی بەوشەی گڕگڕەوە هەبووبێت، کەناوی ئەو ئاگرە هەمیشە بڵێسەدارەی دەوری کەرکوکە))، [12] کەواتە وشەی(کەرکوك)لە(گڕگڕ)ی ئاگرەوە وەرگیراوە، یاخود

---

[1] (باجرمیّ): لە زۆر سەرچاوەکاندا وشەی (باجرمیّ) بۆ قسەکردنە لەسەر ئەو هەرێمەی لە دەورانی سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکەو تا دەوروبەری (سەدەی چوارەمی کۆچی / دەیەمی زاینیی) بەکارهاتووە، لەوکاتەدا هەڵکشاوتر بەرەبەرە نێوی ئاوەدانی دیکە لە نێوچەکەدا وادەرکەوتوون، لەوانەش شارۆچکەی (کرخ جلدان) کەدەکەوێتە نێوان خانەقین و شارەزوورو ویلایەتی عێراقی لە هەرێمی شارەزوور جیاکردۆتەوە. ( یاقوت الحموی: معجم البلدان، المجلد٤، لبنان، بیروت، ١٩٩٥، ل٤٤٩).

[2] البلاذري: فتوح البلدان، تحقيق . صلاح الدين المنجد، قاهيره، ١٩٥٧، ل٣٢٥. ؛ الطبري: تأريخ الامم والملوك، تح "محمد أبو الفضل ابراهيم"، ، لبنان، بيروت، (ج٢، ل٥٩ ) ، (ج٩، ل١٧٦).

[3] ابن الفقيه: مختصر كتاب البلدان، لندن، ١٣٠٢هـ، ل١٢٩ . ؛ ابن عبدالحق : مراصل الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاء، تحقيق" على محمد البجاوي"، ج ١، دار أحياء الكتب العربية، ، القاهرة، ١٩٥٤، ل١٤٧.

[4] قادر محمد ئەسکەندەر: ناوچەی کەرکوك لەسەردەمی عەباسیدا (١٣٢ – ٦٥٦/٧٥– ١٢٥٨ز)، سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١، ل١٠٢.

[5] مسالك الابصار: ابن الفضل الله العمري المتوفي ٧٤٩هـ ـ ١٣٤٩م، مخطوطه.

[6] بلدان الخلافة الشرقية، ت. بشير فرنسيس وكوركيس عبدالرزاق، ط٤، بغداد، ١٩٥٤، ل١٢١ – ١٢٢.

[7] مێژووی ووشەی "کەرکوك" لەسەدەی (پێنجەمی کۆچی/ پازدەی زاینی) دایان پێش ئەو سەدەیە بە ماوەیەکی کەم ئەم نێوە هاتووەتە ئاراوە بەتایبەت لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەلجوقیەکاندا. (محمد هادی الدفترو عبدالله حسن : العراق الشیمالی، ج١ ، ل٢١٥).

[8] عوسمانی سەید قادر: کەرکوك شاری دێرینی کوردەواری، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژ(٧)، ئۆکتۆبەری ١٩٩٨، ل٩.

[9] تۆفیق وەهبی: اصل الاسم کرکوك، مجلة الکاتب، عدد (١) سنة الاولى، حزيران ١٩٥٨، ل . ؛ روفائیل منیاس: کەرکوك لەمێژوودا، و. هیوا صاڵح، گۆڤاری ئاران، ژ(١٣)، ل٨.

[10] قادر محمد ئەسکەندەر: کەرکوك لەسەردەمی عەباسیەکاندا، ل١٠٣.

[11] جمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقية، ج١، ل٢٨٩-٢٩٣.

[12] المرشد الی موطن اثاري والحضارة، الرحلة الرابعة، ل٨.

لەوشەی (کورکور)ەوە وەرگیراوەو سیمای کوردی وەرگرتووە، بۆیە زۆری پێدەچێت نێوی شاری کەرکوکیش هەر لەوەوە سەریهەڵدابێت.... هەروەها (جمال رشید)یش بڕوای وایە کە نێوی کەرکوك لەوشەی (گرگر)ەوە دروستکراوە،[1] کە ناوی چاڵێکی ئاگرە لە دەرەوەی کەرکوك. بەڵام (د. مستەفاجواد) وابۆی دەچێت، کە نێوی کەرکوك لە نێوی (کرخینی)یەوە هاتبێت، ئەویش بەکۆکردنەوەی سێ پیتی(ك) لەو بارەیەشەوە دەڵێت :((نێوی کەرکوك، کە سێ پیتی (کاف) ی کۆکردۆتەوە، بەیەکێك لەنێوە دەگمەنەکان دادەنرێت، کە بنەڕەتیەکەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی ئارامی)).[2] (تۆفیق وەهبی) پێیوایە کە: ((نێوی کەرکوك لەنێوی (کەر) واتا (قەڵا) وەرگیراوەو پاشگری کە(UK)ی دووجار چوەتە سەر، لەوەرگرتنی یەکەمدا بووە(کەوەك)ودووەمیان بەپێی تێپەڕبەوونی کات پاشگری (وك-UK)ی دیسانەوە چووەتە سەر بۆ دەربرینی خۆشی یان بچووکردنەوەیە، کە واتا وشەی یەکەمی(کیرك)، پاشان (و-ك) بووە بە(کیرەك + وك) ئەوجابوو بەم ناوەی ئێستای کەرکوك)).[3]

هەرچی رۆژهەڵاتناسی ئینگلیز(لینرنج-Letrenge)ە، لە بارەی وشەی کەرکوکەوە وتوویەتی: ((وشەی کەرکوك وشەیەکی ئارییە، کە بەمانای (قەڵا) دێتو لەدوو برگە پێکهاتووە کە (کەرخ)و (کەووك)ەوە هەردووکیانیش سەرچاوەکەیان بۆمانای (قەڵا - قەلعە)یە، بەڵگەش لەسەر ئەم راستییە، ئەوەیە کە شاری کەرکوك سنووری لە نێوان دەسەڵاتدارانی وڵاتی (رۆم، شام) دایە کە بەنێوچەی (بەلقیەکان — البلقاو) ناسراون)).[4] (کەریم زەند) لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستیانەی کوردیەوە سەبارەت بەنێوی کەرکووك دەنووسێت (کەرکوك) بەواتای (کار + کۆك)[5]ە کە (کار یان ئیشێکی گەورە)و (کۆك)، ئەودەڵێ (کار) لەسەردەمی سۆمەرییەکانیشدا هەر بەمانای (ئیش) بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وا لێکی بدەینەوە، کە (کەر) بەواتای (قەڵا) بێتو (کۆك) یان (کوك)بەومانایە بێت، کە (کەریم زەند) دەیڵێت ئەوە دەبێتە (قەڵای کۆك)، [6] پێویستە بگوترێت لەم نێوچانەدا زنجیرەیەك قەڵای دەستکرد هەیە، کە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان یان پێشتری یان دواتری، خۆ ئەگەر (قەڵای کەرکوك) قەڵایەکی گەورە یان کۆك بێت ئەوا دەکرێت بڵێین ئەو بۆچوونانە لە بۆچونەکەی(کەریم زەند)ەوە نزیکن. زۆربەی ئێرانیەکانیش نێویان بە(کاری کۆك) بردووە، کە واتا، (کاری مەزن) دەگەیەنێت. [7]

بنەڕەتی وشەی(کەرکوك)هەرچۆنێك بێت، لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەتەواوی جێگەی (کەرخینی)گرتەوە و وای لێهات بەکارهێنانی(کەرخینیو ئارابخاو کەرخ سلوخ...هتد) باوی نەماو تەنها لە کتێبەکۆنەکاندا مایەوە،[8] وشەی کەرکوك بەتەواوی دەرکەوت، هەرچەندە لەدوای پرۆسەی بەناو خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٦دا کەرکووك نێوێکی (تەعریبی) نوێی لێنرا، لەلایەن (پارتی بەعپی عەرەبیەوە))،

[1] دراسات كردية في بلاد سوبارتو، دار افاق عربية للطباعة و النشر ، بغداد ،١٩٨٤ ل٣٠ -٣١. ؛ مامۆستا:محەمەد باقی مستەفا، کەرکوك لە مێژوودا،ل٣٠٦.

[2] فاخرليات. فاضل مهدي بيات: توركمن تاريخنيدن ياپراقلر، لزمان باصم ئەويندە باصبلمتسدر، بغداد، ١٩٧٥، ل٢٤٤-. ٢٢٥.

[3] تۆفيق وهبی: اصل اسم كركوك، مجله الكاتب، عدد(١)، ل١٣.

[4] عوسمان سەید قادر: کەرکوك شاری دێرینی کوردەواری، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژ(٧)، ١٩٩٨، ل٥٢.

[5] پێدەچێت ئەم (کار + کۆکە) لەراستیدا (کار + گوت) بووبێ، واتە بەنێوی دروستکەری شارەکەوە بووبێ کە"گوتیەکانن" .

[6] كركوك والسليمانية صنوان، ل٣٦. (دەستنووس).

[7] فهمى عرب اغا وفاضل ملا مصطفى : ماذا في كركوك، مطبعة تتويج، كركوك، بدون سنة طبع، ل٨.

[8] عباس العزاوی: دراسات تأريخية حول كركوك، (مجلة اخاء)، ژماره (١- ٢)، سنه(٢٦)، مايس و حوزەيران١٩٨٦، ل٧ -٨.

کە (تامیم) بووە .[1] مەبەستی سەرەکیش لە گۆڕینی ناوی کەرکووك و کوژاندنەوەی ناوە مێژووییەکەی ئەو مێژووە دێرینەی شاری کەرکووك بووە، کە بۆچەند سەدەیەك دەگەڕایەوە .[2]

بۆیە دەکرێت بووترێت بنەڕەتی لێبونەوەی نێوی(کەرکوك)، بەچەند دەورێکی مێژوویدا تێپەڕیوە، لەگەڵ گۆڕانکاریە مێژووییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو دوورو نزیك تووشی سوانو داتاشین بووە، وەك (کەرخۆ، کوکی، کەرخا، کەرەك، کەرەخ، کەرخی، کەرخینی، کەرخ سلوق، کوکوڕ، گرگڕ، کەرمینی، ئەربەخ، ئەراپخا، ئەرابخا، ئورفا ئەرەفە، عەرەفە، کەرخورا، کور کورا، کۆنکون، کەرکینی، ئەرانجیوس، کاری کوك ...هتد).

تەوەرەی دووەم: شوێنی جوگرافی نێوچەی کەرکووك لە نوسراوە کوردی و بیانییەکاندا:-

کەرکووك یەکێکە لەشارە گەورەکانی باشووری کوردستانو لە ڕووی فراوانی ڕووبەرەکەیەوە، چوارەم شاری عێراقییە.[3] بەلاَم سنوورەکەی بۆچوونی هەمەچەشنو جیاوازی لەسەر هەیە، ئەم بۆچوونانە بەپێی ڕەگەزو نەتەوەی نووسەرو توێژەرەوەکان دەگۆڕێتو تەنانەت جیاوازی هەڵوێستی نیشتمانیو سیاسیشیان کاریگەری زۆری هەبووە لە بۆچوونە جیاوازەکان. لەلایەکی دیکەوە بۆچوونەکان زۆرو هەمەجۆرن، کە دەتوانرێت بوترێت هەر نوسەرێك بەجۆرێك سنووری کەرکوکی دەستنیشانکردووە. لە سەردەمە جیاجیاکاندا، ئەو بۆچوونە جیاوازانەش بۆچەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە کەئەمانەن:-

١// دەسەلاَتدارە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقی ئێستە، بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە، کە سنووری جوگرافیاو باری دیمۆگرافی کەرکوك بشێوێننو بیگۆڕن، ئەمەش بەپیادەکردنی چەندین شێوازی جیاجیای وەك(ڕاگواستنی کورد لە کەرکوكو دەوروبەریو نیشتەجێکردنی نەتەوە ناکوردەکان، لە جێگەی ئەواندا)، ئیدی داگیرکەرانی کەرکوك بەم کارەیان سنورەکەیان شێواندوە.

٢// لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە ڕێگە بەبلاَوکردنەوەی ئەو کتێبو لێکۆڵینەوە زانستیانەی دەربارەی ((جوگرافیای کەرکوكو مێژووی کەرکووك..هتد))نوسرابون نەدراوە، کەچی بەپێچەوانەی ئەو کارەیانەوە هەموو دەرفەتێکیان بۆ نووسین و بلاَوکردنەوەی بیروڕاو بۆچوونەکانی شۆڤێنیزمی دەمارگیری نەتەوەی سەردەست ڕەخساندووە، کە دوورن لە زانستو بنەما ئەکادیمیەکان و دژ بەجوگرافیاو مێژووی کەرکوکن، لەو نووسینو بۆچونانەشدا هەتا بۆیان کرابێت، هەوڵیانداوە سنووری نێوچەی کەرکووك بچووك بکەنەوە. هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لەسالاَنی (١٩١٩– ١٩٢٠)دا کراون، بەڕەزامەندی ئەفسەرانی ئینگلیزی نێوچەکە بووە،[4] دواتریش بە فەرمانی دەسەلاَتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق کراوە.

---

[1] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (١)، ل٣٤.

[2] پشکۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن : شاری کەرکوك لە نێوان سالاَنی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ : لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی –سیاسیە، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو، کولێجی زانستەمنرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ،٢٠١١،ل١٨٤.(بلاَونەکراوە).

[3] وریا نامق الجاف: کرکوك . دراسه سیاسیه واجتماعیه . .، ل٣٢.

[4] و. سەر بەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووك ( ماوەی ١ی کانوونی دووەم تا ٣١ / کانونی یەکەمی ١٩١٩ )، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٦، ل٢٤ .

3//نوسین لە سەر جوگرافیا و مێژووی کورد بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی جێگەی بڕوای تەواو نین، چونکە لەلایەك کورد خۆی نەنوسراوەتەوە بەڵکو خەڵکی تر نوسیویانەتەوە، ڕەنگە ئەوانیش بە ئارەزوی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردبێت. لەلایەکی دی کورد لەبەرئەوەی ئامادەبوونی سیاسی و شارستانێتی لەبەرچاو نەبووە، بۆیە ئەوانەی لەبارەیەوە دواون یان لە ژێر کاریگەری عاتیفەدا لێی دواون یان بەشێکیان بە ڕق و کینەوە نووسیویانە، کە هەردوو حاڵەتەکەش مەوزوعیەت و ڕاستی ونبوە.[١]

ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا دەربارەی سنووری جوگرافیای کەرکوك هەن، لێرەدا هەوڵ دەدرێت بەدوو کۆمەڵ بۆچوونەکانیان بخرینە ڕوو:

یەکەم//شوێنی جوگرافی کەرکوك لە نووسراوە کوردیەکاندا: -

کاتێك سەیری سەرچاوەو نوسراوو بۆچوونی نووسەرە کوردەکان دەکرێت، دەبینرێت بۆچوونەکان لەسەردیاری کردنی سنوری کەرکوك یەك نین، دیارە هۆکاری سەرەکیش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سنووری(کەرکووك[٢]) لەسەردەمە جیاجیاکاندا لەلایەن داگیرکەرانی کەرکوکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەو نووسەرو نوسراوە کوردیانەش، کەئاماژەیان بەسنووری کەرکوك داوە ئەمانەن:

(گۆڤاری هیوا)[٣] لەبارەی سنووری کەرکوکەوە دەڵێت: ((لە نێوان ساڵانی٤٥٠٠_٤٠٠٠پ. ز)دا سنووری شاری کەرکوك زۆر فراوان بووە، کە لای ژوورووی زێی بچووك، لای خوارووی نەهرەوان، لای ڕۆژئاوای ڕووباری دجلە نزیك بەتکریتو سامەرا بووە)). [٤]واتە سنووری کەرکووك درێژدەبێتەوە لەسەرو ڕووباری زێی بچوکەوە هەتا کۆتایی سنووری قەزای _کفری_ لە سنووری پارێزگای سلێمانیەوە تاکو چیای حەمرین، لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای (هەولێر) و بەشێك لە (موسڵ)، لە باشووری ڕۆژئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ شاری (بەغداد) و بەشێکی شاری (دیالە) و لە باکوری ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنوورە لەگەڵ سلێمانی.[٥]

هەرچی (جمال ڕەشید)ە نوسیویەتی: ((کەرکوك کە بە (ئارابخا) یان (عەرەفە) ناسرابوو، لە کۆندا چیای حەمرین سنووری بووە، لە ڕۆژئاواوە ڕووباری سیروان (دیالی) جیاکردۆتەوە، لە خوارووی وڵاتی (حەلوان)و(نوار)، لە سەروش گەیشتۆتە ڕووباری زێی بچووك، کە لەوێ وڵاتی (حەدیاب) و (ئەربیلا) لەسەر هەردوو زێیە کۆبووبوونەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتۆتە چیا سەرکەشەکانی نزیك سنووری  زاموا)).[٦] لە سەردەمی شەڕی چاڵدێران (١٥١٤)دا سنووری شاری کەرکوك بەم جۆرەبووە :(( باکوورو خۆرئاوای زێ ی گەورە،

---

[١] عەتا قەرەداغی : کاریگەری کلتوری ئەوان لەسەر کورد ، چ٢، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، ل

[٢] کەرکووك لە ڕووی جوگرافیاوە سەرەتا بنیادنراوە لەسەر گردێکی گەورەی لاکێشەیی، بەرزاییەکەی (٢٢٠ پێ)یە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لاتەنیشتی ڕێڕەوێکی فراوانی هەیە کە پڕە لە وردە بەردو چەو، ئەو ڕێڕەوە ناسراوە بە (خاسە چای)، نیوەی ڕۆژئاوای گردەکەش کەلاوەو وێرانە. ( سي جي ادموندز: كرد و ترك و عرب، ت. جرجيس فتح الله، ط٢، اربيل، ١٩٩٩، ل٢٣٩).

[٣] گۆڤاری هیوا یەکێکە لە گۆڤارانەی کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستدا، لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو نووسەری باشووری کوردستان لە کەرکووك دەردەکرا، ئەم گۆڤارە یەکێك بوو لەو دەروازانەی کە ڕووداو ڕاستیەکان ئەو سەردەمەی بە نەوەکانی دوای خۆی گەیاندووە.

[٤] مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٧، ل٤ –٥ .

[٥] ئاران: ئارابخای وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری (هەزارمێرد)، ژمارە (١٦)، حوزەیرانی٢٠٠١، ل١٧٠–١٧١.

[٦] دراسات كردية في بلاد سوبارتو، ل٢٦–٢٨.

خۆرئاواو باشووری ریزە چیاکانی حەمرین، باشوور خۆرهەلاتی سیروان، خۆرهەلات و باکووری سنووری بابان (سلێمانی) بووە)).[١]

(تۆفیق وەهبی) سەبارەت بەسنووری کەرکوك نووسیویەتی: ((نێوچەی (کەرکوك)ی ئێستا کەوتۆتە نێوان چیاکانی زاگرۆس‌و زێی خواروو، دیجلەو بەرزاییەکانی حەمرین و(سیروان - دیالە) هەمان ئەو ناوچەیەیە، کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە(گەرمەکان) نێودەبرا)).[٢] (د.نوری تالەبانی) بەم شێوەیە سنوورەکەی دیاریکردووە:((نێوچەی کەرکوك دەکەوێتە نێوان چیاکانی زاگرۆس لە باکووری ڕۆژهەلاتی زێی بچوك و ڕووباری دیجلە لە باکووری رۆژئاواو زنجیرە چیای حەمرین لەباشووری رۆژئاواو زێ ی سیروان (دیالە) لە باشووری رۆژهەلات)).[٣] هەرچی (عەبدوللا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی) لە هەردوو کتێبەکەیدا بەم شێوەیە سنووری کەرکوکی دەستنیشانکردووە: ((زنجیرە چیای حەمرین... زنجیرە چیایەکی دوور و درێژەو لە سنووری _ عێراق ئێرانی ئێستاوە دەستپێدەکات‌و لە فەتحەی پشت شاری بێجی دەپسێت درێژی ئەم زنجیرە چیایەیە ٥٠٠ کیلۆمەتر دەبێت‌و بلندی لە هەندێ جێگای دا دەگاتە ٨٠٠مەتر، حەمرین ئەمڕۆ سنووری جوگرافی گرنگ لە نێوان کوردستان (کەرکوك) و بەشە عەرەبیەکەی عێراقی ئەمڕۆدا دروستدەکات. زنجیرە چیای سەرگرمە.. زنجیرە چیایەکی درێژی سەخت و ئالۆزە، لەپشت دێی بانیخێلانی ڕۆژئاوای بەنداوی دەربەندیخانەوە دەستپێدەکات و لە دەربەند ئاوداری دێلێژە دەپسێ، دەست پێدەکاتەوە لەدەربەند وشك دەپسێت، ئەمجارە دەست پێدەکاتەوەو لە باشووری ئاغجەلەری قەلاسێوکە کۆتایی دێت. درێژی ٣٠٠ کیلۆمەترەو لەهەندێ جێیدا ( ١٨٥٠م )بلندە، نێوان کارکۆك‌و سلێمانی دەکات. زێ سیروان.. نێوان کارکۆك‌و دیالە دەکات، کە سەرچاوەی لەبەنداوی دەربەندیخان دەگرێ‌و تێکەل بەئاوی ئەلوەند دەبێ زێی دیالە پێکدێ‌و دەبنە بالێکی رووباری دیجلە. زێی بچووك.. نێوان پارێزگای کارکۆك‌و هەولێر دەکات، سەرچاوە لە بەنداوی دووکان دەگرێ‌و سەرەو خوار شۆڕدەبێتەوە بە چەمی ڕێزانداو بەناو شارۆچکەی تەق تەق پردێدا تێدەپەڕێت و دەبێتە بالێکی رووباری دیجلە)).[٤] کەواتە (سنوری شاری کەرکوك) لەخۆرهەلات ئاوی سیروان، لای ژووری سەرگرمەو دەربەندی بازیان‌و ئاغجەلەر، لای خۆرئاوای زێی بچوك پردێ‌و دبسە، لای خواروو زنجیرە چیای حەمرینە. (جەمیل رۆژ بەیانی) سەبارەت بە سنووری جوگرافیای کەرکوك دەلێت: ((لە باشوورەوە دیالەو لە باکووری رۆژئاوای لیوای هەولێرو بەشێك لە موسل، لە باشووری رۆژئاواشی لیوای بەغداو بەشێك لە لیوای دیالەیەو، لە باکووری رۆژهەلاتیشەوە لیوای سلێمانییە))[٥] لە کتێبی(کرکوك -بحوث المؤتمر العلمی حول کرکوك)دا سنووری کەرکوك بەم شێوەیە دەستنیشانکراوە :((نێوچەی کەرکوك بریتیە لە خاکێکی پان‌و بەرین‌و دەکەوێتە بەشی باکووری رۆژهەلاتی عێراقەوە، لە نێوان لیواکانی(هەولێرو سلێمانی‌و بەغدادو دیالەو موسل)دایە، لەباکوورەوە لەگەل لیوای هەولێر و بەشێك لە سلێمانیدا هاوسنورە ، لەرۆژهەلاتەوە لەگەل لیوای سلێمانی‌و بەشێك لەدیالە هاوسنورە،

---

[١] کوردێکی مێژوونووس: کەرکوك – ناوی– مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەلاتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژ (٢)، ل٢٦.

[٢] سفره من (دەربەندی بازیان) الی (ملەی تاسلوجه)، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٥، ل٥ –٦.

[٣] سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك: و. مەریوان حوسێن چیمەنی، ل٩.

[٤] نێوان حەمرین‌و سەرگرمە: چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارك، ٢٠٠٤، ل٢ . ؛ کارکۆك لەمێژوودا، چاپخانەی خویبوون، دانیمارك، ئازاری ٢٠٠١، ل٥٠.

[٥] وەرگیراوە لە:هاشم کاکەیی : لەیادی دوو ناوداری کاکەیی دا، گۆڤاری بەیان، ژ(١٧٨)، سالی ١٩٩٦، ل١٧–١٨ .

لەباشووریشەوە دیالەو ڕۆژئاوای بەغداو بەشێك لەموسڵە)) .[1] (حەمید عەبدولا ساڵح)ش سەبارەت بە سنووری کەرکوك نووسیویّتی:(( سنووری کەرکووك لە باکوورەوە لەگەڵ زنجیرە چیاکانی دۆمەلان درێژدەبێتەوە، چیای باتیوەش دەکەوێتە باشووریەوە، لە بەشەکانی ڕۆژئاواشی ئەوا ڕووباری بچوك وەکو سنوورێکی جیاکەرەوەیە، کەرکووك و قەزای دوبز لەگەڵ پارێزگای هەولێر جیا دەکاتەوە، چیای عەلی و جەمبورو ڕووباری چەمی داقوقیش لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە هەڵکەوتوون)).[2]

بەم شێوەیە (کەرکووك) دەکەوێتە دەشتە فراونەکانی خۆرئاوای زنجیرە چیای زاگرۆس، لە باشووری خۆرئاواوە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین کۆتایی دێت و وەك سنوورێکی سروشتی ناوچەکەیە. بانی کەرکووك بە ناوچەی گواستنەوەی نێوان دەشتی لیتە لە باشووری خۆرئاواو ناوچەی زۆنگ و شاخاوی لە باکوورو باکووری خۆرهەڵات ناسراوە، تا بەرەو باشووری خۆرئاوا بڕۆین، ڕادەی بەرزو نزمی کەم دەبێتەوە، کە لەسەر ئاستی دەریاوە (١٠٠_ ٢٠٠م) دایە.[3]

دووەم//شوێنی جوگرافی کەرکوك لە نوسراوە بیانییەکاندا :-

لێرەدا هەوڵ دەدەین بۆچوون و ڕوانگەی چەند نوسراو و نووسەرێکی بیانیو چەند دەزگایەکی جیهانی بیانی بخرێنە ڕوو کە لە بارەی سنووری جوگرافی کەرکوك نووسیویانە وەك ئەمانە :-

(شمس الدین سامی) لە فەرهەنگەکەی خۆیداو لە پیتی(ك - ر)دا سەبارەت بە سنووری شاری کەرکوك لە ڕووی جووگرافیەوە دەڵێت: ((شاری کەرکوك مەرکەزی ئەو لیوایەیە کە پێی دەوترێت شارەزورو دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لە کوردستان، ١٦٠کیلۆمەترێك لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی موسڵدایە ئەمەش لە خوار ریزە گردۆڵکەیەك دروست کراوە، بەتەنیشت دۆڵێکی بەرین لەدۆڵەکانی زێی ئەدهەم[4])).[5]

(ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی)سنوورەکەی بەم شێوەیە دەستنیشانکردووە: ((کەرکوك لە باکووری ڕۆژئاوای ڕووباری زێی بچووك، باشووری رۆژئاوای چیای حەمرین، باشووری ڕۆژهەڵاتی رووباری سیروان - دیالە، شاخەکانی زاگرۆزیش کەوتووەتە رۆژهەڵاتییەوە، گەورەترین شاری نێوان دوزییە لەسەر هێڵی ٢٥ر٤٢پلەی درێژی و ٢٥ر٣٥هێڵی باکوورە)).[6] بەلام لە(ئینسکلوپیدیای دەزگای مایکرۆسۆفتی ئەمریکی) داهاتووە: ((کەرکوك شارێکە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراق))، هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای وڵاتی نەرویجدا نووسراوە:((کەرکوك شارێکی کوردستانی عێراقە، لە کۆتایی خوارەوەی چیاکانی زاگرۆسە، کە٢٣٠کیلۆمەتر لە باکوری بەغدادایە).[7]

---

[1] مجموعة من الباحثین: طبعة الثانیة، أربیل، ٢٠٠١، ل٣٢.

[2] شیکردنەوەی جوگراف بۆ سیاسەتی تەعریب لە شاری کەرکوك و رێگەکانی چارەسەرکردنی "لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای سیاسی"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٠.

[3] کامەران کوێخا جەلال: مێژووی کۆنی کەرکوك لەبەر رۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٢٩.

[4] دۆڵی ئەدهەم مەبەست لێی رووباری خاسەیە کە کەرکوکی کردووە بەدووبەشەوە (توێژەر).

[5] قاموس الاعلام، چاپخانەی مهران، استانبول ، بەرگی پێنجەم، ١٨٩٨، ل٣٨٠٢.

[6] دائـرة المعـارف الاسـلامیة، ت. أحمـد الشـنتاوي وآخـرون، دار الفکـر،ج١٦، دون مکـان وسـنة الطبـع، ل١ ( kramers, J.H.2008.kirkuk, Encyclopaedia of Islam Beaman,P. TH.Bianquis,C.E.Bosworth,E.van Donzel and W.P.Heinrichs(eds).leidn:Brill).

[7] وەرگیراوە لە//ئەحمەد عەزیز: کوردستانی کەرکوك لەئینسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)ی بەهاری ٢٠٠٣، ل٥٦ –٥٧.

بەلاّم ئینسكلۆپیدیای بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە شاری كەركوك دەكەوێتە سەربناری چیاكانی زاگرۆس لە هەرێمی كوردستانی عێراق.[1] لە بەلگەنامەی ژمارە(١٣٩٧٦٤—٥٠٦٩/. fo)ی بەریتانیدا سنوورەكەی بەم شێوەیە دیاری كراوە : ((ڕۆژهەلاّتی، ئەمانەی تیادایە:لەك، سالّەیی، شوان— كە لە كاتی توركەكاندا سەر بە ناحیەیەك بووە بەهەمان نێو، شێخ بزێنی لێدەركرێ و لەوێوە بە سنوورە كۆنەكانی نێوان كەركوك و ناحیەی چەمچەمالّدا بڕوات. ڕۆژئاوای زەوی یەكانی جەباری و ڕۆژهەلاّتی گوندەكانی تالّەبانە، هەروەها دروست لە دوو ئاوانەی (chia zarin)چیای زێڕین، ئاوی ئافوسی ڕۆژهەلاّتی عەشیرەتی زەنگنەوە ڕەت ببێت و لەوێوە بە هێلّێكی ڕاست تادەگاتە بەرامبەر بە(مەیدان)ی سەر بەڕووباری سیروان . باشووری لەو خالّەی(مەیدان)ی سەر سیروانەوە تاخالّی بەیەك گەیشتنی ڕووباری ( نەهرین )و سیروان پێدەكرێت، لە ڕۆژهەلاّتی (جەبەل حەمرین)ە وە تا چالّە خوێیەكانی( جەبەل حەمرین)ی تیادا بێت. لەوێوە بەرەو سەروو تا لەخالّی(تەل عەلی) خۆی لە(زاب)دەدات . باكووری هاوتەریبی (زاب) تا(ئالّتوون كۆپری) ئەو شوێنەو گوندەكانی(لەك)ی تێدابێت، كە دەكەونە بەشی سەرووی ڕووباری(زاب). تائەو خالّە كە لە ڕۆژئاوای زەردك ( zardik ) دایە، لەو شوێنەی كە سنورەكانی ڕۆژهەلاّتی دەڤەرەكە دەست پێدەكەن)).[2] (هاشم سەعدی)ش نوسیوێتی: (( كەركووك چەند سنوورێكی سروشتی دەوریان داوە، لەسەرەوە ڕووباری زێی بچووك و لە خوارەوە ڕووباری سیروان و چیای حەمرین لەبەشی ڕۆژهەلاّتی و، بەشی ڕۆژئاوای بریتیە لە دەشتێكی بەپیت، زێی بچووك بۆتە هاوسنوور لەگەلّ هەولێر و كەركووك و موسلّ)) [3].

(محەمەد هادی دفتر و عبدالله حسن) لەپەرتوكەكەیاندا بەم شێوەیە سنووری كەركوكیان دیاریكردووە:((شاری كەركوك لەسەرەوە لەگەلّ زێی بچووك هاوسنوورە، كە لە دێی (كیتك)ەوە دەست پێدەكات، درێژ دەبێتەوە لەگەلّ هێلّی سنووری ڕووبارەكە بۆ سەرچاوەی زێیەكە لە رووباری (دیجلە)، لەرۆژئاواوە هاوسنوورە لەگەلّ رووباری (دیجلە)، سنووری ئەم هێلّە لە سەرچاوەی زێی بچووكەوە لەڕووباری دیجلەوە دەست پێ دەكات هەتا فەتحە، ئینجا درێژ دەبێتەوە لەڕووی زنجیرە چیای (حەمرین)، هەتا خالّی (عین خالد)و(عین نخیلە) لە نێوەڕاستی چیای حەمرین لەسەر ڕێگەی(كەركوك - تكریت).. لەخوارەوە هاوسنورە لەسەر هێلّی سنووری(عین خالد) و(عین نخیلە)هەتا گردی(مغارە)،كە دەكەوێتە لای دەستە ڕاستی دۆلّی(كوردەرە)، زەویەكانی حەویجە دەبڕێت بە هێلّێكی راست لێی ئەشكێتەوە بۆ نێوچەیەك پێی دەوترێت (گقات گوقان)، بە درێژبوونەوەی سنووری جیابووی نێوان هەریەكە لە ناحیەی (داقوق) و (قەرەحەسەن)دا دەڕوات بە سەرووی گوندی (گویلعە) و گوندەكانی (مەتارەوعین حاجیو جەمیلە) لەلای قەرە حەسەن بەجێ دەهێلّن، كە كۆتایی دێت لە شوێنی یەكگرتنی رووباری (سلوهانو) و (رۆخانە) كە سەر بەدۆلّی رۆخانەیە لە رۆژهەلاّتەوە سنوورەكەی دەست پێدەكات لە دۆلّی رۆخانەوە، كەسنوورەكەی لەگەلّ دۆلّێكە بە (خڕپاپیر) بەنێوبانگە و ئەم دۆلّە لە سنووری قەزای (چەمچەمالّ) لەخوارووی گوندی (قەرەوەیس)كۆتایی دێت، لە دوایدا سنوورەكەی بەرزدەبێتەوە بەرەو سەرووبەهێلّێكی راست كە گوندی(باشیولا) لە لای دەستەچەپەوە بەجێ دەهێلّێت لە ناحیەی (قەرە حەسەن)، بەنێوان هەردوو گوندی (كودەكی) و (هەزاركان) دەڕوات كە یەكەمیان بەلای

[1] وەرگیراوە لە //محمد سعید سۆفی : پارێزگای كەركوك لەناو پاكتاوكردنی رەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١.

[2] و. سەربەست كەركوكی : ڕاپۆرتی كارگێڕیی دەڤەری كەركوك، ل٢١ — ٢٢ .

[3] جغرافیة عراق الحدیث، مطبعة دار سلام، بغداد، ١٩٢٤، ل٧.

چەمچەماڵو دووەم بەلای ناحیەی قەرە حەسەن بەجێ دەهێڵێت لە دۆڵی رووباری خاسە لە خوارووی دێی(کوراك) کۆتایی دێت، ئینجا دادەبەزێت بۆ رۆژهەڵاتی ئەو دۆڵە، لەوخاڵەی کە دەکەوێتە خوارووی دێی(بەختەخان) لەوێوە بەرزدەبێتەوە بۆسەرو بەشێوەیەکی بەردەوام هەتا کۆتایی رووباری زێی بچووكو لە تەنیشت گوندی (کتیك)))[1] (د.ئەحمەد سوسە) لەبارەی سنووری کەرکوکەوە دەڵێت:((لە باکوورەوە لیوای هەولێرەو، لە رۆژهەڵاتیەوە لیوای سلێمانیو دیالەیە، لە رۆژئاوایەوە لیوای بەغدادەو، لە باشووریەوە لیوای دیالەیە)) .[2]

(تۆمابوا)ی گەڕۆكو مێژوونووس سنووری کەرکوك بەم شێوەیە دیاری دەکات:((لە باکوورەوە رووباری زابی بچوك، لە باشووری رۆژهەڵات رووباری سیروان (دیالە)، لە باشووری رۆژئاوای شاخی حەمرین، لە باکووری رۆژهەڵاتیەوە شاخی زاگرۆس))ە.[3] هەرچی (یاقوتی حەمەوی)ە دەڵێت: ((کرخینی قەڵایەکە لە زەوییەکی نزمدا، سەنگەرێکی چاکەو دەکەوێتە نێوان(گاوق) دقوقاو ئەربیل (هەولێر)ەوە))،[4] (ابن عبدالحق) دەڵێت: ((کەرکوك قەڵایەکی تۆکمەیە لەنێوان داقوقو ئەربیلدا)).[5] (عبدالمجید فهمی) بۆ سنووری کەرکوك وتویەتی: ((کەرکوك ئەوپارچە زەویەیە، کە دەکەوێتە نێوان رووباری سیروان -(دیالە)وزێی بچوکەوە، لە سەرووی رۆژهەڵاتی عێراقەوەو لە نێوان لیوای هەولێرو دیالەو موسڵدایەو، زێی بچووك لەهەولێرو موسڵ جیای ئەکاتەوە، ڕووباری سیروانیش لە باشووری رۆژهەڵاتی دیالە جیای دەکاتەوە، ریزە شاخەکانی حەمیرن لە باشووری رۆژئاوایەوە لەبەغدادو دیالە جیای دەکاتەوە، ریزە شاخەکانی قەرەداغو سەرگرمەو هەنجیرەو بازیان لە سلێمانی جیادەکاتەوە)).[6] کەواتە سنووری سروشتی کەرکوك لای سەرووی رۆژئاوای زێی بچووكو خوارووی رووباری سیروانـ دیالەو چیای حەمرینە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت شاری کەرکوك سنوورەکەی درێژدەبێتەوە لە سەرووی زێی بچووکەوە هەتا کۆتایی سنووری قەزای(کفری)و لە سنووری لیوای(سلێمانی)یەوە بەرەو رووی چیای(حەمرین).... لە خوارووی رۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ لیوای (دیالە)، لەسەرووی رۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ (هەولێر)و بەشێك لە موسڵو لە خوارووی رۆژئاواشەوە هاوسنوورە لەگەڵ (بەغدا)و بەشێکی دیالە، لە سەرووی رۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ لیوای (سلێمانی).[7] (عەبدولڕەزاق حەسەنی)ش نووسیوێتی:(( کەرکووك یەکێکە لە چوار لیواکەی باکوری عێراق، کە سنووری لە رۆژهەڵاتەوە بە سلێمانی و دیالەوەیە، لە باشوورەوە چیای حەمرین و لە رۆژئاواوە هەولێرە، ڕووبەرەکەی ٢٠,٨٠٠ کم چوارگۆشەیە)).[8] لێرەدا دەردەکەوێت سەرچاوەو نووسراوە کوردی و بیانیەکانیش کاتێك دەستنیشانی سنووری جوگرافیای کەرکوکیان کردووە، ئەو

[1] العراق الشمالي، ج١ ، ل٢٤١– ٢٤٢.

[2] لواء كركوك: گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە(٣)، ئاداری ١٩٩٩، ل١٢٧.

[3] وەرگیراوە لە//حەسەن محمود حەمەکریم: ئارابخا پایتەختی مەزنترین ئیمپراتۆریەتی کورد، گۆڤاری باباگوڕگوڕ، ژ(٥)، ساڵی ٢٠٠٤، ل٤٣.

[4] وەرگیراوە لە/جرجيس فتح الله: شاری کەرکوك، سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠)، هاوینی ٢٠٠١، ل٢٥٣.

[5] مراصد الاطلاع على انحاء الامكنة والبقاع، ج٢، جونيك ليدن، ١٨٥٣، ل٤٨٧.

[6] دليل مشاهير الالوية العراقية، ج ٢، ١٩٩٧، ل٢.

[7] متصرفية لواء كركوك: المشاريع والأعمال المنجزة في لواء كركوك خلال العام الثالث من ثورة (١٤)تموز المجيدة، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٥٧، ل١٧.

[8] العراق قديما و حديثا، ط٧، سوريا، ١٩٨٢، ل١٨٩.

ڕاستیەیان نەشاردۆتەوە کە لە ڕووی خاك و جوگرافیەوە کەرکووك و هەڵکەوتەی شوێنی ئەوە شارە بەشێکی سەرەکیە لە خاکی کوردستان . (ابراهیم شریف) لەوەبارەیەوە نووسیویەتی :"ئەو پێشتێنە سەربازگەیانەی کە تورکەکان دروستیان کرد، چ سەلجوقیەکان بێت یان عوسمانیەکان بووەتە هۆی ئەوەی ناوچە کوردیەکان لەلایەك و عەرەبیەکان لەلایەکی تر، کە لە مەندەلیەوە دەست پێدەکات و بە خانەقین و قزڵ بات و قەرەتەپەو کفری و دووزخورماتوو کەرکوك و ئاڵتوون کۆپری و هەولێر و موسڵ بەرەو تەلەعفەر تێدەپەڕێت"[1] فائق سامەرائیش دەڵێت :"چیای حەمرین کە دەیان میل دەکەوێتەوە باشووری کەرکوکەوە دەبێتە سنووری باشووری کوردستان"[2] . (محمد بن السید احمد الحسنی) ناسراو بە (المنشی البغدادی) لە ساڵی ١٨٢١دا گەشتێکی لە بەغداوە بۆ کوردستان کردووە، باسی لە شارەکانی کوردستان کردووە، لە باسکردنی شاری کەرکووکدا دەڵێت:(( کەرکووك شارێکی جوانە، قەلاَکەی دەکەوێتە سەر گردێك، دانیشتوانەکەی کوردن، ژمارەی خانووەکانی قەلاَکە شەش هەزارەو ڕووباری کەرکووك پێی دەوترێت خاسە، لە بارەی چیای حەمرین دەڵێت لێرەوە زمانی ئەو ناوچەیە کوردییە))،[3] واتە کەرکووك کوردستانە. هەروەها لە نەخشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٧٩٤ و ١٨٩٣ و ١٨٩٥)ی زاینی، کەرکورك کە بەشێك بووە لە ولایەتی موسڵی ئەوکات بە کوردستان ناسێندراوە.[4]لە نەخشەکەی بۆرك دا زۆر بڕوونی ناوچە کوردنشینەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە بریتین لە کەرکوك و دەوروبەری مەندەلی و خانەقین و تەواوی ناوچەکانی سەرووی زنجیرەی چیای حەمرین و ناوچەکانی باکووری پارلایزگای موسڵ لەوانە دەوروبەری چیای شەنگار [5] .

(هێنر فیلد)یش لە ساڵی ١٩٥١ دا بەسەرۆکایەتی شاندێکی ئەنسرۆپۆلۆجی گەیشە باشووری کوردستان، لەسەر ئەرکی زانکۆی هارڤارد بۆ توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی، لە دیاری کردنی سنووریخۆرئاوای کوردستان ناوچەکانی (قزلر بات – کفری – کەرکوك، ئاڵتون کۆپری، ......هتد) بە کوردستان دیاری کردووە[6] . لە کتێبی (کورد و کوردستان)ی کۆمەڵێك لەنووسەران و پسپۆڕانی ئینگلیز، لەگەڵ ئەوەی شارە سەرەکیەکانی(کەرکوك و ئاڵتون کۆپری و ...هتد) بە کوردستان داناوە و زۆرینەی دانیشتوانەکەشی بەکورد لەقەڵەم داوە . [7] کاتێك چاو بە ئینسکلۆپیدیای زۆرێك لە وولاّتانی ئەوروپا دەخشێنین، کەرکوك بە شارێکی کوردستانی دەناسێنن لەڕووی خاکەوە، بۆنمونە لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە : شاری کەرکوك دەکەوێتە دامێنی لێواری چیای زاگرۆس لە هەرێمی کوردستانی عێراق . ئەنسکلۆپیدیای ولاَتی دانیمارکیش پێناسەی شاری کەرکوك بەم جۆرە دەکات : کەرکوك شاری چاڵگە نەوتەکان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاَتی عێراق سەر بە کوردستان، لەئینسکلۆپیدیای

---

[1] وەرگیراوە لە// جەزا توفیق تاڵب : سكان اقلیم كردستان العراق (دراسة في الجغرافیا السیاسیة)، اطروحة تقدم الى مجلس كلیة العلوم الانسانیة في جامعة السلیمانیة، كجزء من متطلبات درجة دكتوراه، ٢٠٠٤م،ص١٨ .

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٩ .

[3] صلاح الدین انور: كركوك وتوابعها في رحلة المنشئ البغدادي، مجلة كركوك، العدد (٣)، السنة الخامسة ، شتاء٢٠٠٤، ل١٩٩-٢٠٠.

[4] بڕوانە نەخشەکانی ژمارە (١ و ٢ و ٣و٤)،ل ٣٥-٣٨.

[5] سلیمان عبدالله اسماعیل : تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێم کوردستان عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩ .

[6] جنوب كردستان (دراسة انثربولجیة)، ت.جرجیس فتح الله ، مطبعة مؤسسة سردم، السلیمانیة، ٢٠٠١، ل٤١ .

[7] کوردو کوردستان، و.حسین عوسمان نێرگزەجاڕی و حوسێن احمد مارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر ساڵ ٢٠٠٢ز ، ل٢٢ .

نەرویجیشدا نووسراوە : کەرکوك شارێکی کوردستانی عێراقە . هەروەها ئینسکلۆپیدیای (ئەڵمانیا و سوید)یش کەرکوکیان بەبەشێك لە لەخاکی کوردستان ئەژمار کردووە .[1] بەسەرنج دان لە ئینسکلۆپیدیای تورکیش "کەرکوك شارێکی کوردستانیە".[2]

(ژان ئۆتارە)ی گەریدەی فەرەنسیش کاتێك لە ساڵی ١٧٢٤ لە ئەستەمبوڵەوە بە کوردستاندا تێپەڕیووەو چۆتە بەغداد و ئەسفەهان، دەربارەی کەرکووك نووسیوێتی:(( شاری کەرکووك پایتەختی ویلایەتی شارەزورەو بەشێکە لە کوردستان)).[3] هەروەها ئۆتێری فەرەنسیش، لە ساڵی ١٧٣٥ و ١٧٣٩دا سەردانی کەرکووکی کردووەو دەڵێت:(( کەرکووك پایتەختی "باشاڵق"ی شارەزوورە، کە بەشێکە لە کوردستان)).[4] گەرۆکی دیکەی فەرەنسی ( ئا.کلیمان) بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ بابانیەکان، لە ساڵی ١٨٥٦دا گەشتێکی بۆ کوردستانی خواروو کردووەو نووسیوێتی: کەرکووك ناوچەی کارگێری شارەزوور، کەوتووەتە ئەوپەڕی سنووری خۆرهەلاتی نێوچەی بابانیەکان کە بەسەر لاپاڵی خوارووییەکەمین گردۆلکەدا دەنوارێت، کە دەبوایە بیبڕین بۆ چوونە نێو کوردستانەوە، کەواتە دەرگای چوونە ژوورەوەیە بۆ کوردستان کە هاوسنووری نێوچەی عەرەبیە.[5] (بارون ئەدوارند نولد) لە گەشتنامەکەیدا (گەشتێك بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستان)دا نووسیوێتی:((کەرکووك ناوچەیەکی کوردییە بۆیە ناوچەی سولێمانی پێوە لکێنراوە)).[6] ببلیۆگراف و جوگرافیناسی تورك (مصگفی بن عبدالله حاجی خلیفە) لە کتێبی (جهان نما) دەڵێت:(( کەرکوك لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە زیاد بوو بۆ ٣٢ سنجق، درێژ دەبووە تاکو چیاکانی حەمرین و هەموو سنجقەکانیش کورد بوون)).[7]ئەمانەش ئەو ڕاستییە دوپاتدەکەنەوە کە کەرکوك لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێکە لە خاکی کوردستان.

سەبارەت بە شوێنی فەلەکی شاری کەرکوك(پێش پارچە پارچەکردنی) دەکەوتە نێوان بازنەکانی پانی (٨ر ٣٥) ی باکوورو (٦ر٣٤) باشووری کەمەرەوە، لە نێوان هێڵی درێژی(٥ر٤٣) ی ڕۆژئاواو (٨ر٤٤)ی ڕۆژهەلاتی هێڵی "گرینج"دایە،[8] ڕووبەرەکەشی بە(٢١٠٠کم٢)[9] دەخەملێنرێت،[10] بەلام بەردەوام لەلایەن دەسەلاتە یەك لە

---

[1] ئەحمەد عزیز : راستی شاری کەرکوك لەنێوان ڕابردوو باری ئەمڕۆدا، چاپخانەی conmatabaacilik، ٢٠٠٧، ل٩ -١١ .

[2] شمسەدین سامی : کورد و کوردستان لەیەکەمین ئینسکلۆپیدیای تورکی لەمێژوودا، ئامادەکردنی بۆ تورکی نوێ (م.ئەمین بوز ئەرسەلان)، و.ئەحمەد تاقانە، هەلێر ،٢٠٠٨، ل٣٥٨ .

[3] وەرگیراوە لە// دلێر حەسەن عارف: کەرکوك لەبەر ڕۆشنایی راستیە مێژووییەکاندا، کوردستان، کەرکوك، ٢٠٠٩،ل٢٣-٢٤.

[4] وەرگیراوە لە// تارق رەئوف محەمەد وهەورامان کەمال میرزا: ناوچەکانی ململانێ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١)، ساڵی هەشتەم، هاوینی ٢٠٠٦، ل٢٠.

[5] وەرگیراوە لە// د. نەجاتی عەبدولاَ: کەرکوك لە نیگای گەڕیدە وڕۆژهەلاَتناسە ئەوروپاییەکانەوە، گۆڤاری نۆڤین، ژمارە(١٠)، ساڵی ٢٠٠٧، ل٥٩-٦٠.

[6] وەرگیراوە لە// عبدالرقیب یوسف: حدود کردستان الجنوبیة تاریخیا وجغرافیة خلال خمسة الاف، سلیمانیة، ٢٠٠٥، ل٢٦٠.

[7] د.کمال مظهر احمد: کرکوك وتوابعها حکم التاریخ و الضمیر، الجزء الاول، مطبعة رینوین،ل٣٤-٣٥. ، د.عمر ابراهیم توفیق: الترکمان في العراق _ دراسة تاریخیة دیموغافیة، منشورات مکتب والتوعیة الأتحاد الوطني الکوردستاني، السلیماني، ٢٠٠٥، ل٣١-٣٢.

[8] د. أحمد سوسە: الدلیل الجغرافي في العراق، مطبعة تمدن، بغداد، ١٩٦٠، ل٢.

[9] هەندێك ئەم رووبەرە بە(٨٦٠ر١٦کم٢) دەخەملێنێتو هەندێکیتر بە (١٩٨٧٣کم٢)و بەشێکیتر بە (٦٩١٣١٣کم٢) رووبەرەکەی دەخەملێنێت. (توێژەر)

دوای یەكەكانی عێراقەوە هەوڵی شێواندن و بچووك كردنەوەی ئەو ڕووبەرە دراوە، بۆ نموونە لەساڵی(١٩٢٧) دا بە(٢٠,٠٠٠كلم٢) و لە سەرژمێری (١٩٤٧) دا بە (٢٠,٣٧٦كلم٢) و لە سەرژمێری (١٩٥٧)دا بە (٢٠٠١٣كلم٢) و لە سەرژمیری (١٩٧٧)دا بە (١٠٢٥٥كلم٢) خەملێندراوە.[2] دیارە ئەو كەمبوونەوە بەرچاوەی ڕووبەری كەركووك بۆ دابڕینی (٤ قەزاو) و (١٤ناحیە) و (٨٤٨ گوند) دەگوەڕێتەوە، كە تێكڕا هەموویان ناوچەی كورد نشین بوون.[3] هۆكاری ئەو كەمبوونەوەی كە بەسەر سنووری كەركووكدا هاتووە، فاكتەری سەرەكێكەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی شۆڤێنیانەی حكومەتە یەك لە دوای یەكانی عێراق بەگشتی و حكومەتی بەعسی (١٩٦٨_٢٠٠٣) بەتایبەتی، كە بەردەوام هەوڵیانداوە سنوورەكەی دابڕن و بیخەنە سەر نێوچە عەرەبیەكان.

لە ڕوی پێكهاتەی خاكەوە كەركوك لە نێوچەی(حەویجە) نزمترین شوێنی بووە بەرێژەی (١٠٥٠)پێی لە ئاستی رووی دەریاوەو بەرزترین شوێنی لەرووی دەریاوە (١١٧٥)پێیە.[4] كەركوك خاوەن دەشتی فراوان و پڕ گردۆڵكەو بانە، تا بەرەو باكووری ڕۆژهەلا بڕۆین زەویەكەی بڵند تر دەبێت و ئەویش وای كردوو ڕێژگەی سەرجەم ڕوبارەكانی لە سەرووی‌ڕۆژهەلاتیەوە بەرەو خوارووی ڕۆژئاوا بڕوا، لە سەرووی ڕۆهەلاتیەوە ڕیزەشاخەكانی سلێمانی كە لە ناوەڕاستیدا كۆمەڵێ بان و بەرزایی گرتۆتە خۆ، بەشی ڕۆژئاوای هەتا شاخەكانی حەمرین و ئەرمەلان دەشتاییە، لەوەڕ و سەوزە گیای زۆری هەیە، ئەو سرووشت و بەرزو نزمیەی خاكەكەی و بوونی چەم و ڕووبار و پێدەشتەكان و لەهەندێك شوێندا بوونی ئاو و ئاوەژێ و هەندێ ڕوباری وەك زێی بچووك و باسەڕەو ئاوەسپی لە بەشانەی ڕۆژهەلاتی ئاو و هەوایەكی فێنك وسازگاری ڕەخساندوو.[5] هەوایەكەی وشكو سەلامەتە و ئاوەكەی پاكو سازگارەو گەرمای لەهاویندا دەگاتە (٤٣)[5] پلەو بەرەو ژووریش، لەزستانیشدا پلەی گەرمای ( ٥ر١٤)[5]پلەیەو[6] هەندێك جاریش پلەكەی لەورێژەیە زۆرتردادەبەزێت.

سەرباری هەموو ئەو سیفەتانە شاری كەركوك یەكێك بووە لەشارە جوانەكانی كوردستانو زۆر لەو گەشتیارانەی سەردانی نێوچەكەیان كردووە ئاژمایان بەم راستییە كردووە.[7]بە بووكی كوردستان ناوزەدیان كردووە .[8]

---

[1] راگەیاندنی پارێزگای كەركوك: چوارساڵ كارو خزمەتو بوژانەوەو ئاشكراكردنی سیاسەتی راگواستنو تەعریب ١٩٩٦– ١٩٩٩، چاپخانەی سانا، كوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٧.

[2] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە // وزارة الشؤون الاجتماعية ، مديرية النفوس العامة : الدليل العام لتسجيل نفوس ١٩٥٧ ، العشائر المستوطنة، مطبعة بغداد، ١٩٥٧.,احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،مطبعة الحكومة ،بغداد، ١٩٥٤. پشكۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن:شاری كەركووك لە نێوان سالأنی(١٩٥٧–١٩٧٥),ل٣٥٨.

[3] پشكۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن : هەمان سەچاوە، ل٣٠٢ .

[4] Conseruation of an Historic Town the Qalaa of Kirkuk ، by : D. H. Baghad ، university ، 1975 ، p. 2-4 .

[5] عبدالمجيد فهمي : دليل تاريخ و مشاهير الالوية العراقية،خاص بشؤون لواء كركوك، ل٥ .

[6] حەمە كەریم عارف: كورد لەئینسكلۆپیدیای ئیسلامییدا، هەولێر، ١٩٩١، ل١٧.

[7] بڕوانە // لونگریك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ت. جعفر خياط، مطبعة التفيض الأهلية، بغداد، ١٩٤١، ل١٢. “ عبدالرزاق الحسني، موجز البلدان العراقية، ط٢، مطبعة عرفان، سوريا، ١٩٣٣، ل١٨٧. “ د. كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير، ج١، ل٦٨.

[8] عبدالمجيد فهمي : دليل تاريخ و مشاهر الالوية العراقية، ج٢/ل١٢٤ .

## ئەنجام

**یەکەم**//شاری کەرکووك یەکێکە لەو شارانەی کە بە زۆرترین ناو نێوبراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو شارەوە،کە زیاتر لە(٤٥)ناوە.هۆکاری ئەم نێوە زۆرانەش بۆ گرنگی ئابوری و سیاسی و سەربازی ئەو شارە دەگەڕێتەوە و داگیرکەرانی شارەکەش ویستوویانە لە ڕێگەی ئەو نێوانەوە ناسنامەی خۆیانی پێبدەن.

**دووەم**//نێوی کەرکووك بۆ یەکەمجار لە سەدەی(نۆیەمی کۆچی/پازدەیەمی زاینی)ەوە بە دەرکەوتوە،ئەم وشەیەش زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانی و مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەم ناوە ووشەیەکی(ئاری)ە.

**سێیەم**//پێدەچێت ناوی کەرکووك لە ووشەی(کار_گوت)ەوە دروست بوبێ کە مانای(کار) واتە(قەلا) و(گوت) واتە(گوتیەکان) کە دروستکەری شاری کەرکوکن، کەواتە ناوی کەرکوك لە (قەلای گوتیەکان)ەوە وەرگیراوە، بەڵام دوایی تووشی داتاشینیی زۆر بووە.

**چوارەم**//بە درێژایی مێژوو داگیرکەران هەوڵی بچووککردنەوەو شێواندنی جوگرافیایی کەرکووکیان داوە، هەر ئەمەشە وایکردووە بۆچوونی جیاواز هەبێت لە سەر سنوورەکەی لەلای نوسەرە کوردی و بیانییەکانیش.

**پێنجەم**//زۆربەی نوسینی نوسەرانی کوردو بیانییەکانیش کە سەبارەت بە شوێن و جوگرافیای نێوچەی کەرکووك نوسیویانە سەلماندویانە کە سنوری ئەم نێوچەیە بەشێکە لە ناوچەکانی کوردستان وکەوتوەتە بەشی(باشووری کوردستان)ەوە.

شەشەم// لە سەرچاوەکاندا ئەو راستیانە بەدەردەکەوێت، کە شێواندنی ناسنامەی کوردی بنەرەتی شارەکەو تێکدانی سنووری جوگرافیەکەی، بە پێیی هەموو ناساندنەکانی جینۆساید ئەوا ئەو شارە بەر پرۆسەی جینۆساید کەوتووە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کەرکووکدا.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم// پەرتووکەکان:**

**ئەلف: پەرتووك بە زمانی کوردی:**


**ئەحمەد عزیز :**

1. راستی شاری کەرکوك لە نێوان ڕابردوو باری ئەمڕۆدا، چاپخانەی conmatabaacilik، ٢٠٠٧.

**توفیق وهبی:**

2. سفره من (دەربەندی بازیان) الی (ملەی تاسلوجه) ، مگبعه المعارف ، بغداد،١٩٦٥ .

**حەمە کەریم عارف :**

3. کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٨ .

**دلێر حەسەن عارف:**

4. کەرکوك لەبەر رۆشنایی راستیە مێژووییەکاندا، کوردستان، کەرکوك، ٢٠٠٩

**راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك:**

5. چوارساڵ کارو خزمەتو بوژانەوەو ئاشکراکردنی سیاسەتی راگواستنو تەعریب ١٩٩٦- ١٩٩٩ ، چاپخانەی سانا، کوردستان ، سلێمانی ٢٠٠٠.

**سەربەست کەرکوکی:**

6. ڕاپۆرتی کارگێڕی دەڤەری کەرکوك (ماوەی ١ی کانونی دووەم تا ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩١٩)، بنکەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٦.

**سلیمان عبدالله اسماعیل :**

7. تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێم کوردستان عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**شمسەدین سامی :**

8. کورد و کوردستان لە یەکەمین ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، ئامادەکردنی بۆ تورکی نوێ (م.ئەمین بوز ئەرسەلان)، و.ئەحمەد تاقانە، هەلێر ،٢٠٠٨

**عەبدوڵڵا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی:**

9. کارکۆك لەمێژوودا ، چاپخانەی خۆیبوون ، دانیمارك، ئازاری ٢٠٠١.

10. نێوان حەمرینو سەرگرمە: چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارك، ٢٠٠٤.

**عەلائەدین سوجادی:**

11. گەشتێك بە کوردستاندا، چاپخانەی معاریف، بغداد، ١٩٥٦ .

**عەتا قەرەداغی:**

12. کاریگەری کەلتوری ئەوان لە سەر کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون،سلێمانی،٢٠٠٧.

**کامەران کوێخا جەلال:**

13. مێژووی کۆنی کەرکوك لەبەر رۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨

کۆمەڵێک پسپۆر:

١٤. کوردو کوردستان، و.حسین عوسمان نێرگزەجاڕی و حوسێن احمد مارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر ساڵ ٢٠٠٢.

لەتیف فاتح فرج:

١٥. کوردو کەرکوک،ب١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢.

لیام ئاندرسن:

١٦. تەنگژەی کەرکووک، و.ئومێد عوسمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٣ .

مامۆستا محەمەدباقی سەعید مستەفا:

١٧. کەرکوک لە مێژوودا نەتەوەکانی کۆنی دەوروبەری کاریگەرییان لەسەر ناوچەی کەرکوک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤

محمد سعید سۆفی :

١٨. پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوکردنی رەگەزیدا، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

نوری تاڵەبانی(دکتۆر) :

١٩. سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکوک، و.مەریوان حسین چیمەنی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیری هۆشیاری (ی.ن.ك) ، سلێمانی، ٢٠٠٣.

با: پەرتووك بە زمانی عەرەبی:

أحمد سوسه (دکتۆر):

٢٠. الدليل الجغرافي في العراق ، مطبعة تمدن ، بغداد ، ١٩٦٠.

ابن الفقيه:

٢١. مختصر كتاب البلدان ، لندن ، ١٣٠٢هـ.

ابن عبدالحق :

٢٢. مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاء ، تحقيق" على محمد البجاوي" ،ج ١ ، دار أحياء الكتب العربية، ، القاهرة،١٩٥٤.

أبي حسن البلاذري:

٢٣. فتوح البلدان ، تحقيق . صلاح الدين المنجد ، قاهيرة ، ١٩٥٧.

ابن عبدالحق :

٢٤. مراحل الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاء ، تحقيق" على محمد البجاوي" ،ج ١ ، دار أحياء الكتب العربية، ، القاهرة،١٩٥٤.

أبي الفضل عبدالرزاق بن الغوطي البغدادي :

٢٥. الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في مائة السابعة، مكتبة العربية ، بغداد، بدون سنة طبع.

جمال بابان:

٢٦. اصول أسماء المدن والمواقع العراقية ، ج١، مطبعة الاجيال، بغداد، ١٩٧٦.

جمال رشيد (دكتۆر):

٢٧. دراسات كردية في بلاد سوبارتوو، دار افاق عربية للطباعة و النشر ، بغداد ،١٩٨٤.

٢٨. ظهور الكورد في التأريخ ، الجزء الاول ، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل ، ٢٠٠٣ .

فهمي عرب أغا و فاظل ملا مصطفى:

٢٩. ماذأ في كركوك، مطبة تتويج، كركوك،بدون سنة طبع.

الطبري:

٣٠. تأريخ الأمم والملوك ، تحقيق. محمد أبو الفضل ابراهيم،،لبنان، بيروت ، (ج٢و ج٩) .

طه باقر وفؤاد سفر:

٣١. المرشد الى موطن الاثار والحضارة ، الرحلة الرابعة، دار الجمهورية للطباعة، بغداد، ١٩٦٥.

سي جي ادموندز:

٣٢. كرد و ترك و عرب، ت. جرجيس فتح اللة، ط٢، اربيل، ١٩٩٩،

عبدالرزاق الحسني :

٣٣. موجز البلدان العراقية، طبعة الثاني، مطبعة العرفان ، سوريا ، ١٩٣٣.

٣٤. العراق قديما و حديثا، ط٧، سوريا، ١٩٨٢.

عبدالرقيب يوسف:

٣٥. حدود كردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافية خلال خمسة الاف، سليمانية، ٢٠٠٥،

عبدالمجيد فهمى:

٣٦. دليل تاريخ ومشاهير الالوية العراقية، ج ٢، بغداد، ١٩٤٦.

عمر ابراهيم توفيق (دكتور):

٣٧. التركمان في العراق _ دراسة تاريخية ديموغافية، منشورات مكتب والتوعية الأتحاد الوطني الكوردستاني، السليماني، ٢٠٠٥.

كمال مظهر أحمد(دكتۆر):

٣٨. كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير، الجزء الاول، مطبعة رينوين.

كي لسترنج:

٣٩. بلدان الخلافة الشرقية ،ت."بشير فرنيس وكوركيس عبدالرزاق ، ط٤، مطبعة الرابطة، بغداد ، ١٩٥٤.

ليلى نامق جاف:

٤٠. كركوك لمحات تاريخية، منشورات خبات، اربيل، ١٩٩٢.

لونطريك:

٤١. اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث،ت.جعفر خياط،مطبعة التنفيض الاهلية،بغداد،١٩٤١.

ليوا أثنهايم:

٤٢. بلاد مابين النهرين ، ت: سعدي فيضى عبدالرزاق ،دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨١.

**مامون بط بن بيطة بط:**

٤٣. مذكرات مامون بط بن بيطة بط: ت. محمد جميل رؤذبةيانىو شكور مستةفا، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد،١٩٨٠.

**متصرفية لواء كركوك:**

٤٤. المشاريع والأعمال المنجزة في لواء كركوك خلال العام الثالث من ثورة (١٤)تموز المجيدة ، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٥٧.

**مجموعة من الباحثين:**

٤٥. كركوك- بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك، ط٢، اربيل،٢٠٠١.

**محمد هادي دفتري و عبدالله حسن :**

٤٦. العراق الشمالى،ج١،مطبعة شفيق،بغداد،١٩٥٥.

**ميجرسون:**

٤٧. رحلة متنكر الى مابين النهرين وكردستان ، ت.فؤاد جميل، مطبة الجمهوري ، بغداد، ١٩٧٠،

**هاشم السعدي:**

٤٨. جغرافية العراق الحديث ، مطبعة دار السلام ، بغداد، ١٩٢٤.

**هينر فيلد:**

٤٩. جنوب كردستان (دراسة انثربولجية)، ت.جرجيس فتح الله ، مطبعة مؤسسة سردم، السليمانية، ٢٠٠١.

**وريا نامق الجاف:**

٥٠. كركوك دراسة سياسية واجتماعية،مطبعة وزارة الثقافة، أربيل ،١٩٩٨.

**وزارة الشؤون الاجتماعية ، مديرية النفوس العامة :**

٥١. الدليل العام لتسجيل نفوس ١٩٥٧ ، العشائر المستوطنة، مطبعة بغداد، ١٩٥٧.

٥٢. احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،مطبعة الحكومة ،بغداد، ١٩٥٤

**ياقوت الحموي:**

٥٣. معجم البلدان ، ج٤،ط٢ ،دار الفكر للطباعة والنشر،بيروت ،١٩٩٥ .

**جيم: ثةرتووك بة زمانى توركى:**

**فاخرليات، فاضل مهدي بيات:**

٥٤. توركمن تاريخنيدن ياثراقلر، لزمان باصم ئةويندة باصبلمتسدر ، بغداد، ١٩٧٥ .

دال: پەرتووك بە زمانی ئینگلیزی:

٥٥. As tour, Michael: “Semites and Hurriansin northern Transition’s” in: SCCNH, VOL, 2, (Eisenbranus: 1987).

٥٦. As tour, M.C., Toponymicparallels between Nuzaiand Northern Syria, iniccc NH, Vol.2, 1987.

٥٧. Conseruation of an Historic Tawn Qalaa of Kirkuk, By: D.H, Bagdad unevirsty, 1975.

دووەم: گۆڤارەكان :

ئەلف: گۆڤار بە زمانی كوردی:

ئاران:

٥٨. ئارابخای وڵاتی كوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری (هەزارمێرد)، ژمارە (١٦)، حوزەیرانی٢٠٠١.

ئەحمەد عەزیز:

٥٩. كوردستانیەتی كەركوك لە ئینسكلۆپیدیای ئەوروپا و ئەمریكادا، گۆڤاری كەركوك،ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٣.

أسماعیل شوكر رسول:

٦٠. كەركوك لێكۆڵینەوەیەكی مێژووی لەرووی فكریو سیاسی(١٩٣٩ ـ ١٩٤٥) ، گۆڤاری پەیامی ئازاد، ژمارە (١) ، ساڵی ٢٠٠١.

بورهان اسماعیل:

٦١. ناوی كەركوك لەمێژوودا ، گۆڤاری باباگوڕگوڕ، ژ(٦)، هاوینی ٢٠٠١.

جرجیس فتح الله:

٦٢. شاری كەركوك ، سەنتەری برایەتی، ژ(٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١ .

ج. گەرمیانی(دكتۆر):

٦٣. كەركوك شارەكەی مێژوو و سەربەزری كوردان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(١٦) ، هەولێر ، هاوینی ٢٠٠١.

تارق رەئوف محەمەد وهەورامان كەمال میرزا:

٦٤. ناوچەكانی ململانێ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، گۆڤاری كەركوك، ژمارە(١)، ساڵی هەشتەم، هاوینی ٢٠٠٦.

حەسەن حەمە كەریم:

٦٥. ئارابخا پێتەختی مەزنترین ئیمپراتۆریەتی كورد، گۆڤاری باباگورگور، ژ(٥)، ساڵی ٢٠٠٤.

دلێر حەسەن عارف:

٦٦. كەركوك لەبەر رۆشنایی راستیە مێژووییەكاندا، كوردستان، كەركوك، ٢٠٠٩

روفائیل میناس :

٦٧. كەركوك لەمێژوودا ، و.هیواصالح ،گۆڤاری ئاران،ژمارە (١٣ )،٢٠٠٠.

سەلام عبدالكریم عبدالله:

٦٨. کەرکوک شاری ئاڵتونی ڕەش، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٤)، بەهاری ٢٠٠٣.

عبدالجبار محمود سامرائی :

٦٩. کەرکوک شاری ئاڵتونی ڕەش ، و.سەلام عبدالکریم ، گۆڤاری کەرکوک ، ژمارە (١٦)،.ساڵی چوارەم ، بەهاری ٢٠٠٣

عەرەبی فهمی:

٧٠. مێژووی شاری کەرکوك ، گۆڤاری هیوا ، ژمارە(٤)، تشرینی یەکەمی١٩٥٧.

عوسمان سەید قادر:

٧١. کەرکوك شاری دێرینی کوردەواری، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ژ (٧)، ئۆکتۆبەری ١٩٩٨.

فازڵ قەرەداغی:

٧٢. کەرکوكو پادشایەکی کۆنی ، گۆڤاری رامان ، ژ(١٩)، کانونی دووەمی ١٩٩٨ .

قادر محمد ئەسکەندەر:

٧٣. ناوچەی کەرکوك لەسەردەمی عەباسیدا (١٣٢ - ٦٥٦/٧٥- ١٢٥٨ز)، سەنتەری برایەتی ، ژ(٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١

کەمال نوری معروف:

٧٤. قەلأی کەرکوك لەڕوانگەی شوێنەوارو مێژوودا، گۆڤاری (بانەرۆژ)، ژمارە (٣) ، شوباتی ٢٠٠٤.

کوردێکی مێژوونووس :

٧٥. کەرکوك ناوی - مێژووی کۆنی - دانیشتوانی - دەسەلأتەکانی، گۆڤاری هاواری کەرکوك ، ژمارە (٢) ، کانونی یەکەمی ١٩٩٨ .

موعەسەم سالەیی:

٧٦. کێشەی مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری (کەرکوك) ، ژ(٢١)، ساڵی شەشەم ، هاوینی ٢٠٠٤.

نەجاتی عەبدولأ (دکتۆر):

٧٧. کەرکوك لە نیگای گەڕیدە وڕۆژهەلأتناسە ئەوروپاییەکانەوە، گۆڤاری نۆڤین، ژمارە(١٠)، ساڵی ٢٠٠٧،

هاشم کاکەی:

٧٨. لە یادی دووناوداری کاکەیدا، گۆڤاری بەیان، ژ(١٧٨)،سلّی١٩٩٦.

هیوا (گۆڤار)

٧٩. مێژووی شاری کەرکوك، گۆڤاری هیوا، ژمارە (٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٥٧.

یادگار فهمی عرب و مامۆستا فازڵ محمد مەلا مستەفا:

٨٠. شاری کەرکوك ، بەشی دووەم ، گۆڤاری هەتاو ، ژمارە (١٢٦ ) ،ساڵی چوارەم، ٣٠ ڕەشەمێ ( ٢٠ مارت ١٩٥٨).

**با: گۆڤار بە زمانی عەرەبی:**

**.احمد سوم (دكتور):**

**٨١. لواء كركوك: طؤظارى هاوارى كةركوك ، ذمارة(٣)، ئادارى ١٩٩٩ .**

**توفيق وةهبى:**

**٨٢. اصل الاسم كركوك ، مجلة كاتب ، عدد (١) سنة الاولى،حوزيران ١٩٥٨.**

**عباس عزاوى:**

**دراسات تأريخية حول كركوك ، (مجلة اخاء) ، ذمارة (١- ٢) ، سنة(٢٦)، مايسء حوزةيرانى ١٩٨٦.**

**عبدالرقيب يوسف :**

**٨٣. المعالم الاثرية والتراثية في مدينة كركوك ، طؤظارى كةركوك، ذ(١)، سالَى سيَيةم ، هاوينى ٢٠٠١.**

**فهمى عرب ئاغا و فاضل محمدمصطفى:**

**٨٤. مدينة كركوك فى العصور المظلمة،طؤظارى هاوارى كةركوك، ذ (٣)، ئازارى ١٩٩٩.**

**صلاح الدين انور:**

**٨٥. كركوك وتوابعها في رحلة المنشئ البغدادي، مجلة كركوك، العدد (٣)، السنة الخامسة ، شتأ ٢٠٠٤ .**

**سێیەم: نامە زانكۆییەكان:**

**ئەلف:نامەی زانكۆیی بە زمانی كوردی:**

**پشكۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن :**

**٨٦. شاری كەركوك لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧ : لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی –سیاسیە، تێزی دكتۆرا، بەشی مێژوو، كوڵی زانستەمنرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠١١.(بلاْونەكراوە).**

**حەمید عەبدوڵا ساڵح:**

**٨٧. شیكردنەوەی جوگرافی بۆ سیاسەتی تەعریب لە شاری كەركوك و رێگەكانی چارەسەركردنی "لێكۆڵینەوەیەكە لە جوگرافیای سیاسی"، نامەی ماستەری بلاْونەكراوە، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**كامەران محمد جلال:**

**٨٨. نوزی لە هەزارەی دووەمی پ.ز، نامەی ماستەر، بەشی مێژوو، زانستی مرۆڤایەتی، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**محمد احمد سعيد:**

**٨٩. كەركوك و بزاڤی شیعری كوردی، لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، نامەی دكتۆرا، بەشی كوردی ، كۆلیجی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠١.**

**با: نامە زانکۆیی بە زمانی عەرەبی:**

**جزا توفيق تالب :**

٩٠. سكان اقليم كردستان العراق (دراسة في الجغرافيا السياسية)، اطروحة تقدم الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية، كجزء من متطلبات درجة دكتوراه، ٢٠٠٤م.

**چوارەم: ئینسکلۆپیدیاکان:**

**ئەلف:بە زمانی عەرەبی:**

٩١. _ دائرة المعارف الاسلامية ، ت.أحمد الشنتاوى وآخرون ،دار الفكر ،ج ، بدون مكان وسنة طبع.

٩٢. _المنجد في اللغة والاعلام ، طبعة الرابعة والعشرون ، دار المشرق، لبنان ، بيروت ،١٩٨٦ .

**با:بە زمانی تورکی:**

**شمس الدين سامی:**

٩٣. قاموس الاعلام، چاپخانەی مهران، استانبول ، بەرگی پێنجەم ،١٨٩٨.

**پێنجەم: دەستنوس بە زمانی عەرەبی:**

**ابن فضل الله العمري :**

٩٤. مسالك ا لابصار، متوفى ٧٤٩هـ/١٣٤٩م.(مخطوطة).

**كريم زند:**

٩٥. كركوك والسليمانيه صنوان. (مخطوطة).

## بەلگەنامە و پاشكۆكان

### بەلگەنامەی ژمارە(١)



## بەلگەنامەی ژمارە(٢)

التشكيلات الادارية

رقم ٤١

بسم الله الرحمن الرحيم

**مرسوم جمهوري**

استنادا الى موافقة مجلس قيادة الثورة والمادة الرابعة من قانون المحافظات رقم ١٥٩ لسنة ١٩٦٩ ( المعدل ) وبناء على ما عرضه وزير الداخلية .

رسمنا بما هو آت :-

١ - احداث محافظة باسم محافظة صلاح الدين ، يكون مركزها في مدينة تكريت وتتبعها الاقضية التالية بكامل حدودها الادارية .

أ - قضاء تكريت

ب قضاء سامراء

جـ - قضاء بلد

د - قضاء طوز

٢ - ابدال اسم محافظة كركوك باسم محافظة التأميم .
وتتبعها كل من الاقضية التالية :-

أ - مركز كركوك

ب - قضاء الحويجة

على وزير الداخلية تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في اليوم الثامن والعشرين من شهر محرم لسنة ١٣٩٦

المصادف اليوم التاسع والعشرين من شهر كانون الثاني لسنة ١٩٧٦

احمد حسن البكر

رئيس الجمهورية

**پاشكۆی(١)**

**نەخشەی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی ١٧٩٤**



**پاشکۆی(٢)**

**نەخشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەساڵی ١٨٩٣**



## پاشکۆی(٣)

## نەخشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەساڵی ١٨٩٥



## پاشکۆی(٤)

## نەخشەی کارگێڕی کەرکووک لەسەردەمی عوسمانی دا



**ملخص البحث**

إجراء البحوث والقيام بالدراسات حول أصل تسمية كركوك وجغرافيتها مسألة هاما جدا وبالأخص إذا أجرينا كبحث تأريخي، كونها واجهت الاحتلال على مر تاريخ وقد حاول المحتلون تشويه تاريخ وهوية تلك المدينة، منها إطلاق و إلصاق التسميات الغريبة و الريبة عليها و تشويه جغرافيتها الكوردستانية، وأهمية هذا الموضوع تكمن في كونها موضوع جديد لم يتطرق اليها الباحثون بإجراء أية بحث علمي حول هذا الموضوع ناهيك بعض الدراسات العابرة و الشذرات هنا وهناك . في طياق الكتب او المجلات .

والهدف من أجراء هذا البحث تناول الموضوع وتحليلها تحليلا علميا حول أصل تسميتها و موقعها الجغرافية باستخدام المنهج البحث التاريخي وآلية أجراء البحوث العلمية، قد قمنا باستخدام العديد أمهات المصادر والمراجع باللغات (الكردية، العربية ، تركية، الانكليزية) مثل : (أصول أسماء مدن والمواقع العراقية للمحامي جمال بابان ، وظهور الكرد في تاريخ ودراسات كردية في بلاد سوبارو للمؤرخ جمال رشيد ، وقاموس الاعلام للكاتب شمس الدين السامي و طةشتيَك بة كوردستاندا للمؤرخ علاءالدين سجادي و **Conseruation of an Historic Tawn Qalaa of Kirku** للكاتب **D.H** )وقد قمت بتوزيعها وتصنيفها كالاتي إذا قسمتها الى محورين :

**المحور الاول** ((تطرقت بها الى كل تلك الاسماء التي اطلقت على المدينة عبر تريخها مع تحليل ودراسة أسمها الحالي وكركوك ) .

**المحور الثاني** : تناولنا فيها الموقع الجغرافيا كركوك في المصادر الكردية والغير الكردية . وقد حاولنا التطرق الى امراء الكاتب والمؤرخين الكورد وغيرهم من المؤرخين حول الحدود الجغرافي للمدينة كركوك .

# Summary

As limited historical period, studying about the (Kirkuk in various books and sources) is important, because historically Kirkuk subjected to the invading, even its name were changed into different names as well as geographically deformed the importance of this subject in the other side is that, until the present time there are no scientific research done about this city, in spite of a number of articles issued in the magazines, newspapers and booklets.

The aim of this research is for preparing a scientific and academic studying about the name and geographical location of Kirkuk, as beginning for obtaining entire research, which is depending on the historical scientific method including tenths of ( Kurdish , Arabic , Turkish and English) sources , like ( Usool Asma al-Mudin and al-Mawaqi`h al-Iraqya – Jamal Baban), ( Dhihur al-Kurd in T`arekh , Dirasat Fi Bilad Subartu-Jamal Rasheed) , ( Gashtek Ba Kurdistan-     ) , ( Qamus al-I`ilam-Shamis al-Deen Sami)……

After a numerous problems, the subject could arrange like following:-

**First** part (Name Kirkuk in various books and sources) it explains all the different names of Kirkuk within analyzing the present name of the mentioned city.

**Second** part (Geography Kirkuk in Kurdish sources and non-Kurdish), In this subject effort used to Present the point of views of the Kurdish and foreign writers whom they have about the geographical locations of Kirkuk .

# مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین
# لە بەر ڕۆشنایی دەستنووس و یاداشتەکانیدا ١٩١٢- ١٩٩٨

م. ئەحمەد محەمەد ناسر
زانکۆی گەرمیان
کۆلێژی پەروەردە
بەشی مێژوو

**پێشەکی** :

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەی ، کە لە چوار چێوەی ئەم نووسینەدا ، داڕێژراوەتەوە ، بەسەریەکەوە ، بریتیە لە سێ تەوەری سەرەکی ، سەبارت بە کەسایەتی و پیاوی ئایینی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین : ( مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی شەیخ و لئیسلامی ئەردەلانی ) ، کە لە سەردەمی خۆیدا ، خزمەتێکی بەرچاویان بە باری سیاسی و کۆمەلایەتی باشووری کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی کردووە ، دڵنیاشین لەوەی ، کە بە درێژایی ڕۆژگار و ئەو هەلومەرجەی بەسەر باشووری کوردستان و ناوچەکەدا هاتووە ، زۆربەی دەستنووس و بەرهەمە دەوڵەمەندەکانی ئەم بنەماڵەیە لە ناوچوون و بوونەتە خۆراکی ئاگردانەکانی مێژوو و تەنها بەشێکی یەکجار کەمیان نەبێت ، نەتوانراوە وەك پێویست سوودیان لێ وەربگیردرێت و لە بارەیانەوە بنووسرێت . بە تایبەتی بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕووناکبیری ئەوتۆ ، کە ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵیان ، لە تەواوی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەشی باشووریدا هەبووە و هاوکات باپیرە گەورەیان گەیشتۆتە پلەی ( شەیخ ولئیسلام )ی شاری سنە لە ناوەندی فەرمانڕەوایەتی ئەردەلانیەکاندا .

ئەو هۆکارەشی ، کەزیاتر وای لەتوێژەری ئەم بابەتەکرد ، کە سەبارەت بەو ناونیشانەی سەرەوە بنووسیت ، زیاتر بایەخ و گرنگی بابەتەکە بوو ، وەك کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی ، کە تا ئێستا و وەك پێویست بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوەو ، تەنانەت لە بارەشیەوە نەنووسراوە ، سەرەڕای ئەوەش ناوچەیەکی وەك گەرمیان و شاری خانەقین بۆ کاری نووسین و بە دواداچوون ، بە تایبەتی لە ڕووی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی مێژووییەوە ، هەڵدەگرێت دەیان نامە و لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بنوسرێت و هاوکات ڕووداو و لایەنە جۆر بەجۆرەکانی بە درێژایی مێژوو خوێندنەوە و لێکدانەوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت ، بۆ نموونە شارێکی وەك خانەقین سەرەڕای ئەو تەمەنە مێژووییەی ، کە هەیەتی ، تائێستا جگە لە لایەنی جوگرافیەکەی وەك کاری زانستی و توێژینەوەی زانستی ، بوارەکانی تری بەتایبەتی بارودۆخە مێژووەییە کە ی بە هەموو قۆناغەکانیەوە ، هەروەها بە پێی پەیڕەوو میتۆدێکی زانستی شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە ، کە جێی سەرنج و لێکدانەوە و لەسەر وەستان بێت .

بەهەرحاڵ بەگوێرەی تەواوی ئەو سەرچاوە و دەستنووس و بیرەوەرییانەی ، کە بۆ ئەم نووسینە لەبەر دەستدا بوون و وەك لە لیستی پەراوێز و سەرچاوەکاندا بەڕوونی ئاماژەیان بۆ کراوە ، توانرا تاڕادەیەك لێکۆڵینەوە کە بە شێوازێکی پوخت ، بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی و چەند ناونیشانێکی لاوەکی ، وەك ئەوەی لەچوار چێوەی پلانەکەدا دەر دەکەوێت و تاڕادەیەك بەکورتی ڕوون کراونەتەوە . تەوەری یەکەمیان : بریتیە

لە ژیان و کەسایەتی و مەلا عارفی خانەقین . دووەمیان تەرخانکراوە بۆ بە دوا داچوونی دەستنووس و بیروەریەکانی ڕۆژانەی ، بەتایبەتی لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٥ ) دا ، کە بە زۆری هەر هەموویان لە نێو دەستنووسەکانیدا ماون و وەك ئاماژەی بۆکرا زۆر ڕووی نادیاری مێژوویی ، بۆ خوێنەر و لێکۆڵەران ڕۆشن دەکەنەوە لە قۆناغی ناوبراودا ، بە تایبەتی زۆرێك لە ڕووداوە گرنگەکانی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەری . بەڵام تەوەری سێیەم و کۆتایی : بەسەریەکەوە بەدوادا چوونێکی خێرایە لەسەر ناوەرۆکی ئەو هەموو دەستنووس و وتار و نامە و خوتبانەی ، کە هەموو ڕۆژانی هەینیەك ، لە مینبەری مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقینەوە ، بۆ کۆمەلآنی خەڵکی خوێندۆتەوە . کە بەزۆری لە ڕێگای کەس و کارو بنەماڵەکەی خۆیانەوە بەدەست گەیشتوون و تاڕادەیەکی باش خوێندنەوەیان بۆ کراوە و شیکردنەوەی پێویستیان لەسەر دەستنیشانکراوە .

## تەوەری یەکەم / ژیان و کەسایەتی مەلا عارفی خانەقین :

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو بەدواوە گەلێك کەسایەتی ئایینی و ڕووناکبیری جۆر بەجۆری کورد لە بەشی ڕۆژ هەلآتی کوردستانەوە ڕوویان لە بەشی باشووری کوردستان کردوەو هاوکات لە مزگەوت و تەکێ و خانەقا و ناوەندەئایینی یەکانیدا جێگای تایبەتی خۆیان کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی تەدریس و وانە وتنەوەی تایبەتەوە توانیویانە لە باشووری کوردستاندا سەدان مەلای هوشیارو پیاوی ئایینی گەورە پێ بگەیەنن و ئیجازەی مەلایەتیان بدەنێ . هەرلەم لایەنەشەوە ناوی دەیان زانای گەورەو پیاوی ئایینی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە ، شان بە شانی ئەوەش دەستنووس و دانراوەکانیان لە بواری زانستی جۆر بەجۆردا ، ئەوپەڕی دەلالەت و بەڵگەی زیندوومان ئەخەنە بەردەست لەوانە: مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی ئەردەلآنی ( ١٨٦٩ - ١٩٣٣ )، مەلا محەمەدی مەهدی جوانڕۆیی ( ١٨٦٨- ١٩٣٨ )[١] ، حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی ( ١٨١٣- ١٨٨٤ ) ، مەلاسەید حەکیمی خانەقینی هویەیی ( ١٨٩٢- ١٩٥٧ )[٢]، مەلا محەمەدی قزلْجەیی تورجانی زادە ( ١٨٩٥- ١٩٥٩ )[٣] ، مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی مەریوانی ( ١٨٩٩- ٢٠٠٥ )، عەلائەدینی سەجادی سنەیی ( ١٩٠٧- ١٩٨٥ ) . هەروەها مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای ئەردەلآنی ( ١٩١٢- ١٩٩٨ ) واتە ئەو کەسایەتی و پیاوە ئایینیەی ، کە دەمانەوێت لێرەداو لە چوارچێوەی ئەم نووسین و لێکۆڵینەوەیە دا ، بۆ یەکەم جار باسی لێوە بکەین و سەبارەت بە یاداشتنامەو دەستنووسن و کارە جۆر بەجۆرەکانی بدوێین .

مەلا عارف بە پێی ئەو زانیارانەی ، کە لە باوك و باپیرانیەوە وەری گرتووەو ، بەگوێرەی یەکێك لە دەستنووسەکانی خۆی کە مێژووی ( ٢٧/ ٥/ ١٩٧٣ ) ی بەسەرەوەیە ، پێ دەچێت بەشێکی زۆری لێ فەوتابێت ، لە بارەی سەربوردە و ژیاننامەی خۆیەوە بە کورتی نووسیویەتی : ( عارفی کوڕی مەلا یەحیای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلا محەمەد مەهدی شەیخولئیسلامی مەلا حەسەنی مەلا ئەحمەدی ... لێرەشەوە و بەڕەسەن دەچنەوە سەر مەلا یەعقوبی قازی پڵنگان کە مەستورەی کوردستانی لە چەندین شوێنی مێژووی ئەردەلآنەکەیدا باسی لێوە کردوون [٤]. بەلآم مەلا عارف لە بارەی خۆیەوە درێژە دەداو دەنووسێت : لە ( ١٩١٢ ) زایینی لە شاری خانەقین لەدایك بووە و هەر لە منالییەوە لای باوکم خەریکی خوێندن و نووسین بووم و فارسی و خوێندنی سەرف و نەحوم هەر لای باوکم خوێندوە . لە پاشان لە حوجرەی فەقێیان لە خانەقین و

سلێمانی تەحسیلی باقی عیلمەكانم كردووە لە خزمەتی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی كە لەو سەردەمەدا یەكەم باش مەلا بوو، بەلاغە و تەفسیری قورئان و فیقهو ئوسوڵ فیقهم خوێند و هەروەها لە خزمەتی شێخ محەمەدی خاڵ ( ١٩٠٤ - ١٩٨٩ )[5]دا ، لە شاری سلێمانی بەعزێ مەنتیق و ئادابم خوێند و لە خزمەتی خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد سەعیدی دێلێژەیی ( ١٨٨٦- ١٩٤٥ )[6] ، خوێندنی مەنتیقم تەواو كرد و دووبارە گەڕامەوە شاری خانەقین و ئیجازەم لە خزمەتی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی وەرگرت و لە ساڵی ( ١٩٣٦ ) دا بووم بەمەلای ئاوایی ( سەوزبلاخ ) ، نزیكەی دوو ساڵ خەریكی وتنەوەی عیلمەكان بووم ، پاشان لەبەر تێكچوونی تەدریس گەڕامەوە خانەقین و دوو سێ ساڵێ لە شاری خانەقین بە بێكار و بێ جێ و مەعیشەت مامەوە، لە بەر ناچاری دوكانێكی عەتاریم دانا و نزیكەی بیست ساڵ بە دوكانداریەوە مەشغوڵ بووم . لە دوایدا لەبەر تێكچونی كاسبی و ڕێك نەهاتنی كەسابەت لەگەڵ بارودۆخی من بە ناچارییەوە وازم لێ هێناو لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) لە شاری خانەقین ، بە ئیمامەت و خیتابەت مشغوڵم )[7].

بەپێی دەقی ئەو ئیجازەیەش بێت ، كە حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی دابێتی بە: ( مەلا عارفی كوڕی مەلا یەحیای كوڕی مەلا عەبدولعەزیزی ئەردەڵانی ) لە تەكیەی نەقشبەندی شاری خانەقین و لە خوارەوەیدا نووسیویەتی :( العبد الفقیر الی رحمة ربه القدیر محمد بن مهدی الحسینی المدرس والخطیب فی تكیة النقشبندی فی خانقین فی ٢٨ رجب ١٣٥٧ )[8]، ئەمەش بۆخۆی جۆرە یەك نە هاتنەوەیەك ، لەگەڵ ئەو ساڵەدا دروست دەكات ، كە مەلا عارف ئیجازەی مەلایەتیەكەی تیا وەرگرتووە . چونكە ساڵی ( ١٣٥٧ ) كۆچی ، بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ( ١٩٣٨ ) زاینیدا ، بەڵام وەك لە دەقی ئیجازەكەیدا دیارە ، كە ئەبێت مەرحووم مەلا محەمەدی جوانڕۆیی كلێشەی ئامادەی هەبووبێ و تەنها لەو شوێنانەدا بە بەتاڵی مابنەوە ، كە ناوی قوتابیەكە و شوێنی پێدانی ئیجازەكەی تیا دەنووسرێت ، چونكە بە پێی ئەو نووسراوەی لە بەردەستی ئێمەدایەو بۆ ساغكرنەوەی ئەو لایەنە پشتی پێ بەستووە، بەو شێوەیەیە ، كە ئاماژەی بۆ كراوەو دواتر بە شێوازی نووسین مەلا عارف ئیجازەكەی بۆكراوە ، بۆیە نووسراوە : ( ٢٨ رجب ١٣٥٧ ). هاوكات لێكدانەوەیەكی ئەوتۆش لەگەڵ ساڵ و ڕێكەوتێكی وادا هەرگیز نایەتەوە ، ئەویش ئەوەیە كە مەرحووم حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ، بە پێی دەقی ئەو نووسینەی كە لەسەر كێلی ئارامگاكەی لە گۆڕستانی ( پاشا كۆپری ) لە شاری خانەقین ، بە زمانی عەرەبی نووسراووە : ( هذا قبر المرحوم المغفور له العالم الفاضل الحاج ملا محمد بن مهدی الحسینی توفی یوم الاربعاء المصادف ٢٧ من شهر الرجب الخیر سنة ١٣٥٧ الهجریة لروحه الفاتحة )[9]. بەوەی ئەم دوو مێژووە واتە ڕۆژی وەرگرتنی ئیجازەكەی مەلا عارف و ڕۆژی وەفاتكردنی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆ تەنها جیاوازیان یەك ڕۆژە و خۆ ناكرێت بوترێت : تا ڕۆژێك پێش وەفاتكردنی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی توانیبێتی مۆڵەتی مەلایەتی بە قوتابیەكانی خۆی دابێت . هەروەها مەلا عارف خۆی لە دەقی ئەو نووسینەشدا كە لە بارەی ژیاننامەی خۆیەوە نووسیویەتی : لە ساڵی ( ١٩٣٦ ) دا بووم بە مەلای ئاوایی سەوز بلاخ ، كە ئەمەش بۆ خۆی دەكاتە دووساڵ پێش ئیجازە وەرگرتنی [10].

هەر بە پێی دەستنووسەكانی مەلا عارفی كوڕی مەلا یەحیا خۆی ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە پێش پێنج ساڵ لەوەی كە مۆڵەتی مەلایەتی وەربگرێت ، باوكی چۆتە بەر دلۆڤانی خودای پەروەدگار و هەر لەم بارەیەشەوە و لە پەراوێزی دەستنووسێكی تریدا بە زمانی فارسی نووسیویەتی : ( فوت كردن مرحوم ابویم ملا

یحیی غفر له در شهر خانقین در شهر جمادی الاولی سنة ۱۳۵۲ هجری ) . واتە : وەفاتکردنی خوا لێخۆشبووی باوکم مەلا یەحیا لە مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ۱۳۵۲ ی کۆچی لە شاری خانەقین ، کە ئەمەش بۆ خۆی هاوکاتە لەگەڵ ساڵی ( ۱۹۳۳ ) زایینیدا . بەڵام لە ناو هیچ دەستنووس بەڵگە نامەیەکی تری فەرمی بنەماڵەکەیاندا دیار نیەو بۆمان ڕوون نەبووەوە کە مەلا یەحیای باوکی لە ساڵی چەندا لە دایك بووە و لە چ قۆناغ و ساڵێکیشەوە لە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتوونەتە بەشی باشووری کوردستان و بە تایبەتی شاری خانەقین . بەڵام مەلا عارف وای گێڕاوەتەوە کە ئەوساڵەی باوکی وەفاتی کردووە ، تەمەنی شەست و چوار ساڵ بووە، جا بە گوێرەی ئەو گێڕانەوەیەش بێت ، ئەوا ساڵی لە دایك بوونی مەلا یەحیای باوکی دەکاتە ساڵی ( ۱۸٦۹ ) ی زایینی و هاوکات بە گوێرەی شوناسنامەی باری شارستانیەتەکەی مەلا عارف بێت ناوی دایکی : ( مەسعودە محەمەد ساڵح ) بووە و لەگەڵ ئامینە خانی دایکی ڕووناکبیر و کەسایەتی ناسراوی ڕۆژ هەلاتی کوردستان شوکرڵڵای بابان ( ۱۹۲۳- ۱۸/ ۱۰/ ۲۰۱۲ )[11] . دەبنە خوشکی یەکتر . ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون و یەکلایی دەکاتەوە کە هەریەك لە مەلا عارفی مەلا یەحیای ئەردەلانی و شوکرڵڵای بابان پورزای یەکتر بوون ، جگە لەوەش لە دامەزراندنی پارتی هیوا بەدواوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەو پارتەوە کردووەو ئەندامێکی چالاکی بووە . لە ماوەی خەباتی سیاسیشیدا پەیوەندی بە کۆمەڵێك کەسایەتی ئەو دەمانەی کوردستان و ناوچەکەوە کردووە و لە گەڵ هەڵ وەشانەوەی ئەو حیزبەشداو لە ساڵی ( ۱۹٤٦ ) بەدواوە پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بووە لەشاری خانەقین و دەورو بەریدا [12]. هەروەها یەکێکیش بووە لە چا نەخۆرەکانی شاری خانەقین ، کە ئەمەش لەدەرئەنجام و وەك هەڵوێستێك بووە بەرامبەر بە داهێنانی تەموینی خۆراکی حکومەتی عێراق بۆ هاووڵاتیان ، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا ، کە لەگەڵ هەر یەك لە: ( بنەماڵەی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، عەزیز پشتیوان ، محەمەدساڵح سلێمان دەلۆ ، سەید ئیبراهیمی برازای سەید حەکیم )، لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی تردا لە ناوچەی گەرمیان و خانەقین و کفری ئەودەمانەدا ، کە ئەمەش بۆ خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو سەربەخۆ هەیە ، بۆ ئەوەی لە سەر وردەکاریەکانی بنووسین [13].

مەلا عارفی مەلا یەحیا خۆشی لە ژیانیدا لەگەڵ : رابیعە حەسەن حوسێن ( ۱۹۲۰ - ۲۰۰٦ ) کە لە هۆزی گەورەی لەك بووە ، ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە ناوە و لە بەرەی ئەم خێزانەی بە کوڕ و کچیەوە تا ساڵی ( ۱۹٦٤ ) و بە گوێرەی شوناسنامەی: ( مدیریة الاعاشة العامة – هویة توزیع خبز الاعاشة ) کە لە ساڵی ناوبراودا دەرچووە ، ئەندامانی خێزانەکەی ( ۹ ) کەس بوون واتە ( ۷ ) منداڵ و خۆی و خێزانی [14]. هەر بە گوێرەی دەقی شەجەرەکەش : مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا تەنها دوو برای هەبووە ، کە هەر یەك لە ( مەلا یوسفی ) برا گەورەی و عەبدولغەفوور بوون ، یەکەمیان : وەکو خۆی دەنووسێت لە ( ۱ی شوباتی۱۹٤٤) دا کۆچی دوایی کردوەو دووەمیان : لە ئاوی ( ئەڵوەن ) دا خنکاوە ، وەك لەم بارەیەوەو لە دەستنووسێکی تری خۆیدا بە ڕشکاوییەوە نووسیویەتی : ( غەرق بوونی برای عەزیزم عەبدولغەفوور خوا ڕەحمەتی بکات لە ڕۆژی هەینی ۲٤ ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ۱۳٦۱ای کۆچی / ۹ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹٤۲ ی زایینی )[15] .

ئەم برایەشی لە دوای مردنی تانها کچێکی ئەبێت ، ئەویش گەورەکردن و پەروەردەکرنی بە گوێرەی ناوەرۆکی ئەم نووسراوە فەرمیەی ، کە لە ناو دەفتەری خزمەتی سەربازی ( دفتر الخدمة العسکریة ) کەیدایەو لە ساڵی ۱۹٤۰ دا دەری کردووە، دواتر دەکەوێتە ئەستۆی مەلا عارف خۆیەوە وەك لە بەشێکی سەر لاپەڕەکانیدا

نووسراوەو بۆ نموونە لە بەشێکیدا هاتووە : ( تبين بان المكلف المدعو غفور ملا يحيى متوفى حسب كتاب مامور نفوس القضاء المرقم ( ٢١/٨٠٥ ) و المؤرخ ١٢/ ٨ / ١٩٤٥ و كتاب الطبيب المركزى الرقم ( ٨٨٢ ) والمؤرخ ٧/ ٨/ ١٩٤٥ . لذا يصبح معيلا الى بنت اخيه غفور المدعوة ( وجيهة ) البالغة من العمر ( ٩ ) سنوات... )[١٦] . جگە لەوەش هەر بە پێی ناوەڕۆکی دەستنووسەکانی خۆی تەنها دوو خوشکی هەبووە بە ناوەکانی : ( خەدیجە ) کە لە مانگی مارتی ساڵی ( ١٩٤٤ ) دا کۆچی دوایی کردوە و ( نیگارە خانم ) بەهەمان شێوە لە ( ١٤ی مارتی ١٩٧٤ ) دا چۆتە بەر دلۆڤانی خوای گەورە [١٧].

هەر وەك لە زۆربەی نووسراوەکانیدا دەردەکەوێت ، مەلا عارفی مەلا یەحیا لە( ١٩٣٨ ) بە دواوە و پاش ئەوەی لە ئاوایی ( سەوز بلاخ )ی ناوچەی بنکورەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە شاری خانەقین و ماوەیەکی زۆر بێ ئیش و کار دەمێنێتەوە ، سەرەڕای ژیانی کرێچێتی کە یەکێك بوە لە گەورەترین کێشەکانی ژیانی و بەماڵەوە ئەم گەڕەك و ئەو گەڕەکێکی زۆری کردوە وەك کرێ نیشین ، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژ ژمێر و بیرەوەریەکانی ڕۆژانەیدا ، بۆیە بە ناچاریەوەو بۆ لایەنی ژیان و گوزەرانی خۆی سەرەتا دوکانێکی عەتاری لە شاری خانەقین دادەنێت و لێرە بەدواوە لە نێو خەڵك و تەنانەت وەك لە زۆرێك لە نووسراوەکانیدا دەردەکەوێت بە: ( مەلا عارفی عەتار ) دەناسرێت ، لە ساڵی دواتریشەوە ، کە گۆڤاری بە ناو بانگی گەلاوێژ ( ١٩٣٩- ١٩٤٩ ) بلاّو دەکرێتەوە لە ساڵانی دواتری بلاّو بوونەوەیدا ، بە هۆی نزیکی و خزمایەتیەوە لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی دا لە سنووری شاری خانەقین و تەنانەت ناوچەی گەرمیاندا ، گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕێگای ئەم و سەید ئیبراهیمی عەتاری هاوڕێیەوە و لە ڕێگای دوکانەکانی ئەوانەوە دەگاتە دەستی کۆمەڵانی خەڵك لە شاری خانەقین و دەوروبەری و بگرە لەوێشەوە بەشێك لە ژمارەکانی دەگاتە ناو ڕوناکبیران و کوردانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە شاری کرماشان و دەوروبەری . تەنانەت دەیان جار لە نووسراو و یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆیدا ، ڕۆژانە ناوی مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەنووسێت و دەهێنێت ، کە چۆن بە بەردەوامی هاتۆتە شاری خانەقین و سەردانی کردوەو تێکەڵی خێزانی و کۆمەلاّیەتی لە نێوانیاندا هەبووەو بە زۆری هەر لای ئەو ماوەتەوە لە شاری خانەقین و لە ماڵەوەیاندا ، زۆرجاریش سەربوردەیەکی خۆش یان یادەوەریەکی سەرنج ڕاکێشی لابوو بێت بۆ مامۆستا سەجادی گێڕاوەتەوەو ئەویش دواتر لە بەرگەکانی کتێبی : ( ڕشتەی مرواری ) دا و زۆر بە ئەمانەتەوە بلاّوی کردۆتەوە[١٨]. بۆ نموونە لە( ٢٣ی مارتی ١٩٥٥ ) دا ، لەبارەی هاتنی عەلائەدین سەجادیەوە دەنووسێت : ( ئەمرۆ سەید عەلا ئەدینی سەجادی هاتە شاری خانەقین و سەردانی کردم و لامان مایەوە ).

هەروەها مامۆستا عەلائەدین سەجادیش دواتر لای خۆیەوە ، هەوڵێکی زۆری بۆ دەدات لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقافی ئەو کاتەی عێراقەوە تا دادەمەزرێت و دەبێتە بەر نوێژ و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ( مەجید بەگ ) لە شاری خانەقین و لە ( ١٣ تەممووزی ١٩٥٥ ) دا وەك ئەوەی خۆشی دەنووسێت : ( سەید عەلائەدین لە هەوڵێکی زۆر دایە بۆ ئەوەی ئەمری تەعینەکەم تەسبیت بکات ) هەر وەك لە بیرەوەریەکانی دا دووبارە دەنووسێت : ( دەرچوونی ئەمرەکەم لە بەغدا بۆ بەعقوبە ژمارە ( ١٢٣٤ ) لە ٦/ ٦ / ١٩٥٥ )) و ماوەیەکی دیش لەیاداشت و بیروەریەکانی دا دەنووسێت : (( جەوابی هاتنەوەی ئەمری ئینفکاکی مەلا ئەحمەد حەسەن و موباشەرەی من بۆ ئیمامەت و خیتابەتی مزگەوتی مەجید بەگ سادیر بوو لە شاری بەغدا لە ( ١٠ / ٧ / ١٩٥٥ ) و سادیر بوو لە شاری بەعقوبە لە ١٣ / ٧ / ١٩٥٥ ) . ماوەیەکی زۆر بوو بە شێوازێکی کاتی لە شوێنی مەلا ئەحمەد حەسەنی

ئیمام و خەتیبی هەمان مزگەوت بەر نوێژی تیا کردبوو ، کەچی ئێستاش هەر بۆی نەکراوەتە دامەزراندنی بەردەوام . هەر بە پێی یاداشت و بیروەریەکانی مەلا عارفی مەلا یەحیاش بێت ، مەلا ئەحمەد حەسەن بۆ مەسەلەی خوێندن دەچێتە وڵاتی میسری لەو دەمانەدا [١٩] . ئیدی لێرەش بەدواوە مەلا عارف هەر بە شێوازی کاتی و گرێ بەست ، وەك ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ناوبراو دەمێنێتەوە، تا دوای بەرپابوونی شۆڕشی( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ) و بگرە دواتریش ئەوجا دەبێتە فەرمی ، وەکو خۆی دەنووسێت لە ( ٢٥ی ئەیلولی ١٩٦١ )دا ، فەرمانم بۆ دەردەچێت وەك ئەوەی خۆی لە ( ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦١ ) دا لەم بارەیەوە بەڕوونی دەنووسێت : ( چوومە بەعقوبە و ئەمری ئیداری ئیمامەت و خیتابەتم وەرگرت بۆ مزگەوتی ( مەجید بەگ ) و مەرسوومی جمهوری ژمارە ( ٤٩٩ ) لە ٢٥ / ٩ / ١٩٦١ ەوە دەرچوو )) ، بە جۆرێك شان بەشانی خیتابەت و ئیمامەت و بەرنوێژی وانەشی تیا وتۆتەوە، بەتایبەتی بە زمانی کوردی و بایەخدانی بەم زمانەو بە زۆریش لە هەموو ڕۆژانێکی هەینی دا هەر بەزمانی کوردی خوتبەی داوەتەوە[٢٠]. لێرەش بە دواوە لەم مزگەوتەدا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی لە ساڵی ( ١٩٨٢ ) دا بە شێوازێکی فەرمی خانەنشین دەکرێت و هاوکات هەر لەو ساڵەشدا ، لەگەڵ ڕابیعە خانی خێزانیدا پێکەوە بە مەبەستی حەجکردن سەردانی خانەی خودا دەکەن و لێرە بەدواوە دەبێتە حاجی مەلا عارف و ماوەیەکیش بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ( عێراق – ئێران ) ەوە بەماڵەوە دەچێتە شاری کەلارو دووبارە دەگەڕێنەوەو بە زۆری هەموو کاتی خۆی بە نوێژو خوا پەرستیەوە سەرگەرم بووە، جا لە بەرئەوەشی ماڵەکەیان لە گەڕەکی ( مەزرەعە ) ی شاری خانەقین بووە ، زیاتر هەموو نوێژەکانی لە مزگەوتی ( شێخ عەلی ) ئەو گەڕەکە کردووەو هەندێك جاریش لە کاتی ئامادە نەبوونی مەلای مزگەوتدا بەرنوێژی کردووەو تەنانەت دەرسیشی تیا وتۆتەوە[٢١].

لەساڵی ( ١٩٩٧) دا ، کە باری دروستی بە هۆی هەڵکشانی تەمەنیەوە زۆر خراپ دەبێت ، لەلایەن حکومەتی عێراق و دەزگای پۆلیسی خانەقینەوە کە لە جێگەدا دەبێت دەگیردرێت بە بیانووی ئەوەی کوڕەکانی لە دەرەوەی وڵاتن و بەماڵ و منداڵەوە فەرمانی دوورخستنەوەیان بۆ دەردەچێت و ڕەوانەی شاری ( فەلوجە ) دەکرێن و بەلام دوای چەند مانگێکی کەم لە دوورخستنەوەیان بەهۆی نەخۆشیەوە لە خەستەخانەی ( کندی ) شاری بەغدا و لە( ٢٤ / ٢ / ١٩٩٨ ) دا کۆچی دوایی دەکات و لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) شاری خانەقین ئەسپەردەی خاك دەکرێت [٢٢].

## تەوەری دووەم / بەشێك لە بیرەوەریی و یاداشتەکانی ڕۆژانەی ( ١٩٤٧ – ١٩٧٥ ) :

بە پێی زۆربەی ئەو یادەوەریانەی ، کە مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا ڕۆژانە و بە پێی دەرفەت کە سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەی خۆی و شاری خانەقین و دەورو بەری تۆماری کردوون ، گەلێك زانیاری زۆر ورد و سەربوردەی بایەخداریان تێدایە . کە دەکرێت ئەمڕۆ وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ سوودیان لێ وەربگیردرێت و لە تۆمارە مێژووییەکاندا پشتیان پێ ببەسترێت . جگە لە دەستنووسەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا بیرەوەریەکانی ڕۆژانەی خۆی هەر لە سەردەمی لاوی و بە تایبەتی لەو کاتەوە نووسیوەتەوە ، کە حیزبێکی سیاسی وەك ( هیوا ) چالاکیە سیاسیەکانی لە باشووری کوردستاندا بەرەو نەمان و هەڵوەشانەوە ڕۆیشتووە ، کە پێشتر ئەو ڕاستەوخۆ ، تیایدا ئەندام بووە، بە تایبەتی لەگەڵ هاوەڵان و کەسایەتیە دیارەکانی ئەودەمانەی ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینی وەك : مەلا سەید حەکیمی خانەقین، ڕەشیدی ئیسماعیل

ئاغای باجەلان ( ١٩٢٠- ٢٠٠١ )[٢٣] ، عەزیز پشتیوان ( ١٩١٢- ٢٠٠١ )[٢٤] ، شێخ محەمەد ئەمینی میرانی ( ١٩٠٦- ١٩٩٥ ) ، مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای دەککە ( ١٨٨٠- ١٩٥٩ )[٢٥] ، مەلا عەباسی محەمەد سلێمانی خانەقین ( ١٩٠٤ – ١٩٨٥ ) مەلا عەزیزی محەمەد شاوازی زیرەك ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ )[٢٦] .. تاد . یان ڕەنگە یادەوەری ڕۆژ ژمێری ڕۆژانەی تریشی هەبوو بێت ، بەڵام بە پێی ڕۆژگار هەموو تیا چووبێتن . هەموو ئەو دەستنووس و یادەوەریانەشی کە لە ڕێگای بنەماڵەکەیانەوە دەستی ئێمە کەوتوون ، باس لەوە ناکات کە ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەندام یان هەواداری حیزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی بوو بێت لە کوردستاندا . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا و بە گوێرەی یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی زۆر هاوەڵ و نزیکی هەموو ئەو کەسایەتیانە بووە کە ئەندام یان زۆر لە ڕێکخستنەکانی حیزبی هیواوە نزیك بوون لە شاری خانەقین و دەورو بەریدا . تەنانەت بە شێك لەوانەش خۆیان باسیان لەوە کردووە ، کە کەسایەتیەکی وەك مەلا عارفی مەلا یەحیا لە حیزبێکی وەك هیوادا کاری کردووەو هەرلە سەرەتاوە پەیوەندی بەڕیزەکانیەوە کردووە . بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکی مستەفا نەریمان ( ١٩٢٥- ١٩٩٤ )[٢٧] دا ، کە لە گۆڤاری ( ڕەنگین ) دا و لەگەڵ ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەلاندا کردوویەتی بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، ئەو کەسایەتیانەی ، کە لە سەرەتاوە لە شاری خانەقین و دەوروبەریدا هاتنە ڕیزەکانی حیزبی هیواوە بە زۆری بریتی بوون لە: ( عەزیز پشتیوان ، مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، مەلا عارف ، مەلا سلێمان ، وەستا ئەحمەدی جلدروو ، حەبیب نەوروز ، حەمە جافی بەرید ، حەمە ئەمینی دەربەند فەقەرە ، حەمە سەعید قەرەداغی و خەلیل بەگی دەلۆ ) و دواتر وردە وردە پەلمان بۆ دەورو پشتی خانەقین درێژکرد و ئینجا ئەم کەسایەتینەش پەیوەندیان بە هیواوە کرد : ( حاجی برایم بەگی جاف ، شەریف بەگی دەلۆ ، محەمەد ساڵح سلێمان ، وەسمان بەگی شەرەف بەیانی ..تاد )[٢٨].

وەك ئەوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا یاداشتەکانی ڕۆژانەی تاڕادەیەکی باش لەبەر دەستدان و بە سەلیقەی ئەو ڕۆژگارەی خۆی کە بە شێوازێکی زۆر سادەش دەستی پێکردووە و دەنووسێت ئەمڕۆ لە( ٢٥ ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ) دا ، کە لە دوکانەکەیدا سەرگەرمی کەسابەت و مامەڵە کردن دەبێت دەنووسێت : ئەمڕۆ کەسابەتم باشبوو و بۆ چەند ڕۆژێکی دواتریش باس لەوە دەکات چاوم بە دەروێش حوسێنی خانەقین ( ١٩٠٤- ١٩٧٨ )[٢٩] کەوت . بەڵام لە بەهاری هەمان ساڵدا و بەتایبەتی لە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢١ی مانگی مارتدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، کە چۆن لەگەڵ ماڵی هەریەك لە مەلا سەید حەکیمی خانەقین و سەید ئیبراهیمی سەید محەمەد حەسەنی برازایدا ، کە دوو کەسایەتی و دوو پیاوی ئاینی دیاری ناوچەکە بوون و بە ماڵەوەو وەك گەشتکردنێکی وەرزی بەهار سەردانی مەزاری ( باوە مەحموود ) ی لای گوندی ( باوە پلاوی ) یان کردووە لە نزیك شاری خانەقین . بەڵام لە ڕۆژانی ( ٤ - ٦ ) ی نیسانی هەمانساڵدا ، بە زۆری باس لە پەژارە و دەسکورتی و بێ کەسابەتی خۆی دەکاتەوە بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا و بۆ نموونە : لە بیرەوەریەکانی ڕۆژانەیدا و لە ( ٤ی نیسانی ١٩٤٧ ) دا ، دەنووسێت : ( ڕۆژێ بوو بێ ئەندازە بێ پارە بووم ، حەتا دینارێکم نەبوو نە لەماڵ و نە لە دوکان ) یاخود دەنووسێت : ( نهایەتی نارەحەتیم و عاجزیم بە واستەی قەرزاری و بێ پارەیی مەگەر خوا خۆی ڕەحم بکات ) . یان لە ٢٦ی ئابی هەمان ساڵدا دەنووسێت : ( غایەتی بێ پارەیم بە دەرەجەیەکە دینارێکم شك نە ئەبرد ) هەر بۆیە بارودۆخێکی وا ناچاری دەکات پەنا بباتە بەر قەرز کردن و بە زۆری ئەو کەسایەتیانەشی کە لەو دەمانەدا پەنایان بۆ دەبات و قەرزیان لێ وەردەگرێت لەئەندامە دیارەکانی پێشووی حیزبی هیوای هاوڕێی خۆی بوون ، لە ناوچەکەداو دواتر بە

ئەمانەتەوە بۆیان دەگێڕێتەوە لەوانە هەر یەك لە حاجی ئیبراهیم بەگی کوڕی سلێمان بەگی جاف لە گوندی دەککە ( ١٨٨٧- ١٩٥٢ )[٣٠] و مەلا عەزیزی محەمەدی شاواز ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ ) لە ( ئاوایی سەوز بلاغ ) ی ناوچەی ( بنکوورە) نزیك بە شاری خانەقین . وەك ئەوەی لە چەند ڕۆژێکی دواتردا ، قەرزەکەیانی لە ( ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤٧ ) دا دووبارە بۆ گەڕاندوونەتەوە[٣١].

## - ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی شاری بەغداو خانەقین لە یاداشتەکانی مەلا عارفدا ١٩٤٨ :

مەلا عارفی مەلا یەحیا لە بیرەوەرییەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یدا و بە تایبەتی لە ڕۆژی سێشەممەی ٢٧ ی مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا ، وای بۆ تۆمارکردووین ، کە : ( ئەمڕۆ سێ شەممە موزاهەرەیەکی بەشیدەت لە شاری بە غدا هەڵگیرسا و بە دەرەجەیەك ، نیهایەت کوژرانی ئەهالی و پۆلیسی لێ کەوتەوە . هەروەها بووە مایەی ئەوەی کە ساڵح جەبر ( ١٨٩٥ — ١٩٥٧ )[٣٢]ی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەست لە کار بکێشێتەوە ) ، بۆ ڕۆژانی دواتریش بە تایبەتی لە: ( ڕۆژی پێنج شەممە ٢٩ ی کانوونی دووەمی ٩٤٨ دا محەمەد سەدر وەزارەتی پێك هێنایەوە ) . هاوکات بە پێی هەواڵە جیهانیەکانی ئەودەمانە و لە ڕۆژی هەینی ٣٠ کانوونی دووەمی هەمانساڵدا لە یاداشتەکانی دا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ غاندی کوژرا ) و بۆ ڕۆژی دواتریش واتە ڕۆژی شەممە ٣١ی مانگی کانوونی دووەم دەنووسێت : ئەمڕۆ لە مەراسیمێکدا غاندی سوتێنرا . بەڵام لە کۆتایی مانگدا و لە ڕووی کەسابەت و ئالوویرەوە وای هەڵ دەسەنگێنێت کە هەرچەندە : ( مانگی ڕابردوو کەسابەت زۆر کەساد بوو ، موشاغەبە زۆر بوو ، موزاهەرە لە شاری بەغدا هەشت ڕۆژی تەواوی خایاند و دەوامی کرد و نزیکەی سەدو پەنجا کەس کوژرا و وەلحاسڵ مانگێکی شووم بوو ) . هاوکات بە درێژایی مانگی شوباتی ئەو ساڵە لە شاری خانەقین ئەبێت و سەفەری هیچ شوێن و جێگەیەکی تری نەکردووە، تەنها ئەوەیان نەبێت ، کە لە ڕۆژی هەینی ٢٠ی مانگی شوباتدا ، بەیاوەری لەگەڵ مەلا سەید حەکیمی خانەقینی هاوڕێی و دۆستی زۆر نزیکیدا ، بە سەردانێك دەچنە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی سلێمان بەگی جاف و لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەك وەسفی ئەو مانگەی کردووە ، کە جۆرێك لە بووژانەوە و ئالوو ویر ڕووی لە بازاڕ بەگشتی و بازاڕی شاری خانەقین کردووە ، وەکو ئەوەی نووسیویەتی : ڕۆژی هەینی کە دەکاتە ١٩ی مانگی مارت :( داوام لە شێخ مستەفای کوڕی شێخ حەمیدی تاڵەبانی ( ١٨٨٧- ١٩٧١) کرد بە قەرز بێت یان بە شەریکی مقدارێك پارەم بداتێ ، بەڵام ڕازی نەبوو ) هەرچەندە بەسەر یەکەوە و بە لێکدانەوەی خۆی وای هەڵسەنگاندووە کە ئەم مانگە :( مانگێکی موناسیب بووە بۆ کارو کاسبی ) .

لە شاری خانەقین و دەورو بەریدا لە کاتێکیشدا و بە تایبەتی لە ( ٥ ی نیسانی ١٩٤٨) دا شاری خانەقین ڕاپەڕینێکی جەماوەری تیا سەرچاوە دەگرێت . ئەمەش زیاتر لە دەرئەنجامی ئەو قات و قڕی برسێتییەوە سەری هەڵداوە ، کە تەواوی وڵاتی عێراق و تەنانەت شاری خانەقینیشی گرتۆتەوە ، هەر لەم کاتەشدا زۆرێك لە سەرمایەداران و دەوڵەمەندەکانی شاری بەغدا لەوانە گەورە بازرگانێکی وەك : ( شەفیق عەدەس ) برنج و خۆراك و دانەوێڵەیەکی زۆریان لە گومرگ و لە وێستگە( محگە ) ی شەمەندەفەری ئەوکاتەی شاری خانەقیندا هەڵگرتبوو . بەتایبەتی ئەو هەموو برنج و خۆراك و دانەوێڵەی کە لەو دەمانەدا ، گەورە پیاوی ناسراوی جوولەکەی شاری خانەقین ( موشی حایی )[٣٣] وەکیلی سەرەکی دەبێت و هاوکات خەڵکی نەدار و برسی شاریش ، زۆر بە ناچارییەوە هێرشی دەکەنە سەر ، هەرچەندە پێش وەخت هەریەك لە مامۆستا عەزیز پشتیوان و مەلا

عارفی مەلا یەحیا بە ناوی کۆمەلأنی خەڵك و دانیشتوانی شاری خانەقینەوە ، دەچنە لای قائیمقامی شار کە لەو دەمانەدا : ( تۆفیق موختار )[٣٤] دەبێت داوای ئەوەی لێ دەکەن ، کە کارێکی وابکرێت کۆتایی بەو قۆرخکاریە بهێنرێت و چارەسەرێك بۆ ژیانی ئەو خەڵکە بدۆزرێتەوە . بەلأم هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نابێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە دانیشتوانی شاری خانەقین پەلاماری بنکەی گومرگی شارەکە بدەن و تالأنی بکەن ، وەك ئەوەی مامۆستا مەلا عارف لەم بارەیەوە دەنووسێت : ( ڕۆژی دووشەممەی پێنجی نیسانی ساڵی ١٩٤٨ دا موزاهەرەیەکی بەشیدەت لە شاری خانەقین ڕوودەدات و دەبێتە هۆی بە تالأن بردنی گەنم و برنجی مووشی حایی لە بنکەی گومرگ ) ی شاری خانەقین و تەنانەت کەسایەتیەکی وەك محەمەد محەمەد ئەمینی دەربەند فەقرەیی ( ١٩٢٣- ٢٠٠٤ )[٣٥] کە لەو دەمانەدا لە شاری خانەقیندا ژیاوەو زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکە بووە ، لە یادداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت : جەماوەر پێش ئەوەی پەلاماری مەحتەی ڤیتارو گومرگ بدەن سەرەتا چوونە بەردەم ماڵی قائیمقامی شار داوای گەنمیان دەکرد ، قائیمقامیش ڕویان لێ دەکاو دەڵێت : ( الحنطة مو بجیبی – گەنم لە گیرفانی منا نیە )[٣٦]. بەڵکو گەنم لە مەحەتەو گومرگایە هەر بۆیە کۆمەلأنی خەڵك ئاراستەی خۆپیشاندانەکەیان دەگۆڕن ڕوو لە هەردوو شوێنی ناوبراو دەکەن دەکەونە تالأنی دەکەن . هاوکات مامۆستا عەزیز پشتیوانیش کە لەو دەمانە هەر لە شاری خانەقیندا بووەو لەبارەی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی شارەوەو لەچوار چێوەی دەستنووسەکانی خۆیدا ، جەختی لەسەر ئەم بارودۆخەی شاری خانەقین کردۆتەوەو دەنووسێت : جەماوەری شار بەجارێك هێرشیان کردە سەر مەحەتە( وێستگە ) ی ڤیتاری شارو نزیکەی ( ٥٥٥ ) فەردە گەنم و( ٥٥ ) فەردە برنج بەجارێك هەر هەمووی لە لایەن کۆمەلأنی خەڵك و دانیشتوانی شارەوە بە تالأنی برا[٣٧].

بەجۆرێك دەنگ دانەوەی بارودۆخێکی لەم بابەتەش ، دەبێتە مایەی ئەوەی زۆرێك ، لەوانەی کە دەستیان لەم هەڵچوونە جەماوەریەدا دەبێت ، لە لایەن کار بەدەستان و فەرمانڕەوایانی حکومەتی عێراقەوەلە شاری خانەقیندا ، دەگیرێن وەك ئەوەی لە یادداشتەکانی : ( مەلا عارف و عەزیز پشتیوان ) دا هاتووە هەریەك لە : سەید ئیبراهیم سەید ئیسماعیل ، عەباس قەرە ، مەجید حەمەلاڵ ، عەزیز پشتیوان ، عەزیز تاهیر دای زادە ، عەبدوڵلأ قەرەداغی ، محەمەد محەمەد ئەمینی دەربەند فەقەرەیی ، ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەلأن ، مەلا عەبدوڵلأ عەباس ، سلێمان فیتەر و کۆمەڵێك خەڵکی تر ، بۆ ڕۆژی دواتر واتە بۆ ( ٦ ) ی مانگی نیسانی هەمان ساڵ ، بە بەندکراوی زۆربەی زۆریان دەگوێزرێنەوە بۆ شاری بەعقوبە و ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاودێریدا دەمێننەوە، بە ڕادەیەك ، لە ١٢ی مانگی نیساندا مەلا عارف لە یادداشتەکانیدا باسی لەمە کردووەو لەم بارەیەشەوە دەنووسێت : ( ئەمڕۆ چووین بۆ بەعقوبە بۆ لای ئەو برادەرانەی کە حەبس بوون لەسەر موزاهەرەکەی پێنجی نیسانی شاری خانەقینی ١٩٤٨ ) . هەروەها لە ڕۆژی یەك شەممەی ( ١٨ ) ی نیساندا مەلا عارفی مەلا یەحیا لە بیرەوەری ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت و ئەوەدەگێڕێتەوە : ئەوانەی کە لەسەر موزاهەرەکە گیرابوون بە غەیری سەید ئیبراهیم ، عەباس قەرەو مەجیدی حمەلاڵ و ئەوانی دی مەرەخەس بوون . بەلأم لە باسکردن و مەسەلەی بەربوونی پارێزەر ڕەشیدی ئیسماعیل ئاغای باجەلأندا لە ٢٢ ی کانوونی یەکەمی هەمانساڵدا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ ڕەشید باجەلأن لە حەبس بەر بوو ) . ئەمەش بۆخۆی دەلالەت لەوە دەکات ، کە فەرمانڕەوایانی پاشایەتی عێراق دوای لێپێچینەوەو بە دواداچوونێکی ورد ئەوسا ، کەوتوونەتە ئەوەی ناو بەناو هەموو گیراوەکانی ساڵی ١٩٤٨ ی شاری خانەقین بەربدەن [٣٨].

## - درێژەی یادداشت و بیروەریی یەکانی مەلا عارف لە ساڵانی دواتردا :

لە کۆتایی دەستنووسەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یدا ، سەرەڕای ئەوەی بە وردی باسی لەوە کردووە، کە دووبارە بارودۆخی بازاڕو چالاکی کاروبار کەوتۆتەوە سەرسکەی خۆی ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ( ٢٩ی ئەیلولی ١٩٤٨ ) دا باسی لە دادگایکردنی کەسایەتی ناسراوی ناوچەی خانەقین مەلا محەمەدی شەمیرانی ( ١٨٩٨– ١٩/ ٥ / ١٩٨٢ )[٣٩] دەکات و دەنووسێت : ( موحاکەمەکردنی مەلا محەمەدی شەمێرانی و سوڵحکردنیان لەگەڵ عەلی ناجی )دا ، کە ئەمەش مەبەستی لە عەلی ناجی گەورە کەسایەتی و دەوڵەمەندی شاری سلێمانی ئەو دەمانەیە. بەڵام تا ئێستا نازانرێت وردە کاری مەحکەمەکردنیان لەسەر چی بووەو ئایا کەسایەتیەکی وەك عەلی ناجی لەو دەمانەدا چی گەیاندویەتیە شاری خانەقین . هەروەها لە دوا بڕگەی تۆمار کراوەکانی ساڵی ( ١٩٤٨ ) یداو لە ٩ی کانوونی یەکەمی هەمانساڵدا دەنووسێت : ( ئەمڕۆ حەمیدی ڕەشە ڕاوچی لە تەوقیف دەرچوو ). بەڵام لە یاداشتەکانی ساڵی ١٩٤٩ یدا و بەتایبەتی لە ٢٢ی کانوونی دووەمدا ، باس لەوە دەکات ، کەچۆن نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیووە لە وڵاتی فەلەستین بە ناوی ( عەبدوڵڵای تۆفیق حاجی ) ەوە کە لەو دەمانەدا لەوێ سەرباز بووە . شانبەشانی ئەوانەش باسی ئەوەمان بۆ دەکات ، کە لە ( ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ ) دا ، لە شاری خانەقینی ئەودەمانەو دەوروبەریدا بڕی چوار ئینج بەفر باریوە و بەماوەیەك دوای ئەوەو هەر بەپێی یاداشتەکانی باسی هاتنی مامۆستا عەلائەدینی سەجادی دەکات ، کە لە شاری بەغداوە دێتە شاری خانەقین و لای ئەوان دەمێنێتەوە [٤٠].

بەڵام لەچەند مانگی داهاتوودا کۆمەڵێك وردە ڕووداوی کۆمەڵایەتی ناو شاری خانەقین و دەورو بەری بەوردی تۆماردەکات و یەکێك لەوانەشیان لە ١٧ای مارتی هەمانساڵدا باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمڕۆ واتە ( ١٧ای مارت ) هومەیلەی کچی مەلا ئەحمەدی ڕەشید ئەفەندی ، کە دەکاتە برای نوری ڕەشید ئەفەندی وەکیلی زەوی و زارەکانی شا فەیسەڵی یەکەم ( ١٨٨٣ - ١٩٣٣ ) لە گوندی ( محەمەد شێربەگ )ی سەر بە شاری خانەقین لە مەراسیمێکی شەکراو خواردنەوەدا ، مارەدەبڕدرێ وەکو خۆی نووسیویەتی : ( نیکاح دەکرێ ) بۆ شێخ نیزامەدینی کوڕی شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ شەمسەدین [٤١]. بەڵام ( ١٤ی نیسانی ١٩٤٩ ) دا ، باسی لەوەکردووە ، کە لە بازاڕی شاری خانەقیندا فانۆسێکی واتە چرایەکی بە بڕی (٧٥٠ ) فلس بۆماڵەوە کڕیوەو هەر لەو سەرو بەندەشدا ، ماڵیان باری کردۆتە گەڕەکی مەزرەعەی شاری خانەقین ، ئەوەشی کە زیاتر گرنگ بێت لە ماوەی داهاتووداو ، لەچوارچێوەی یادداشتە ڕۆژانەییەکانیدا تۆماری کردبێت ، ئەوانەش گێڕانەوەو تۆمارکردنی هەواڵی نەخۆش کەوتنی کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین و ڕیزەکانی پارتی هیوای ناوچەی گەرمیان و خانەقین مەلا سەید حەکیمی خانەقینیە ، کە لە ١٥ی کانوونی یەکەمدا و هەروەها دووبارە بێهۆش کەوتن و گەیاندنیەتی بۆ لای دکتۆر لە ( ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٩ )دا ، سەرەڕای تۆمارکرنی ڕۆژ و کاتی مردنی سەرۆکی هۆزی جاف کەریم بەگی جاف ( ١٨٨٥- ١٩٤٩ ) لە ( ١ی تەمموزی ١٩٤٩ ) دا ، وەك ئەوەی لە درێژەی یادداشتەکانی دا هاتووە [٤٢]. بەڵام لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٠ ) یدا ئەوەی ، کە نووسیویەتی و بە وردی تۆماری کردوون . زیاتر پەیوەندیان بە لایەنی زۆر شەخسی خۆیەوە هەیووە بۆ نموونە: لە ڕۆژی شەممەی ١٩ای مانگی کانوونی دووەمیدا دەنووسێت : ( ڕۆژێك بوو زۆر نارەحەت بووم بە دەرەجەی نیهایەت لە بەغدا داوای قەرزم لێ ئەکرا بڕی ( ٢٠ ) دینار بۆیە ناچار بووم بڕێك برنجم بە خەسار فرۆشت کەچی هێشتا بۆم جێ بەجێ نەکرا ) . سەرەڕای باسکردنی بارودۆخی نەهاتی و بەرز بوونەوەی نرخ و گرانی بازاڕ ، وەك ئەوەی لەو دەمانەدا وای

تۆماركردووه كه نرخی یەك ( هووقه ) ڕۆن لە بازاڕی شاری خانەقیندا ، گەیشتۆته ( ٦٥٠ ) فلس و هاوكات ئەوەشی نووسیوه كه گوایه : بەعزێ كەس سەندویانه واتە كڕیویانە بە ( ٦٠٠ ) فلس . لەگەڵ ئەوەشدا باسی خۆرگیرانێك دەكات لە ١٢ی مانگی شوباتدا لە سەعات شەشەوه تا سەعات هەشتی بەیانی . بەهەمان شێوەی ساڵی ١٩٥٠ لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥١ ) دا نووسین ووردەكاری ڕۆژانەی كەم تۆماركردووه . بە زۆری هەرچی نووسی بێت زیاتر بابەتی ڕۆژانەیی سەرپێین . هەرچەندە وەكتر هەندێك ڕووداو و ساڵی وەفاتی كەسایەتیەكانی شارو ناوچەكەی بەوردی نووسیوەو هەریەكەو بۆ خۆیان نرخی مێژوویی زۆر باشیان هەیە .بۆ نموونە لە ڕۆژی دوو شەممەی ( ٢ی نیسانی ١٩٥١ ) دا نووسیویەتی : ( چوونمان بۆ ئاوایی قەرەبلاغ بۆ تەعزیەی شێخ نازمی كوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی )[٤٣] و لە ٢٣ی مانگی تەممووزیشدا باس لەوە دەكات كە: ( ئەمرۆ عەبدولوەهاب خەتیب وەك قائمقامی شاری خانەقین )) دەست بە كاربووه. كەچی لە ڕۆژی شەممەی ٤ی ئابدا باس لەوەدەكات كە : ( ئەمڕۆ من و مەلاسەید حەكیمی خانەقین بانگ كراین بۆ شورته و هەریەكەو دوو وێنەیان لێ وەرگرتین ). بەڵام لە ڕۆژی دووشەممەی هەمان مانگدا ، كێشەیەكی كۆمەڵایەتی برزایەكی خۆی دەگێڕێتەوه بە ناوی ( وەجیهە)ەوه، كە لە دوای خنكانی باوكیەوه لە ڕووباری ( ئەڵوەند ) چۆن كەوتۆته لای ئەم و بەخێوی كردووەو دوای گەورە بوونی بە مێردی داوەو پاشان كێشە خێزانیەكانی بۆتە مایەی ئەوەی كە هەر یەك لە مەلاسەید حەكیمی خانەقین و مەلا كەریم لە بارو دۆخی تێكەوتوون و یارمەتیان داوه . بە جۆرێك هەر لە هەمان مانگی ئابدا ، وەفاتكردنی هەریەك لە دەروێش كەریم لە خەستەخانەی ئەوكاتەی شاری خانەقین لە ٢٣ی مانگی ئاب و وەفاتكردنی مەلا عەبدولڕەحمان لە ( ٣١ی ئابی ( ١٩٥١ ) دا تۆمار كردووه[٤٤].

كەچی لە تەواوی ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٢ ) دا نازانرێت ، هۆكاری چی بووه بەوەی ڕوداوكی ئەوتۆی تۆمارنەكردووه ، جگەلەوەی لە ( ١٨ی نیسانی ١٩٥٢ ) دا ، كۆچی دوایی حاجی ئیبراهیم بەگی جافی لە ناوچەی دەككە تۆماركردووەو لە ڕۆژی هەینی ٢٦ی مانگی مایسدا نووسیویەتی : ( چووین بۆ دەككە بۆ سەر چلەی حاجی ئیبراهیم بەگ ) و بە ماوەیەك ، دواتر لە ڕۆژی چوارشەممەی ٢٨ی حوزەیراندا ، وەفاتكردنی شێخ حیسامەدینی لە دوای نوێژی مەغریبەوه تۆماركردووه لەگەڵ لەدایك بوونی یەكێك لە كوڕەكانی بەناوی ئیبراهیمەوه لە ٢٩ی تەمموزی هەمانساڵدا . بەڵام لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٣ ) داو لە چوارچێوەی یاداشتەكانی دا ، هەرچەندە وردەكاری ڕووداوەكانی ئەوساڵەشی بە كەمی نووسیوه. هاوكات هەندێ زانیاریان تێدایە لە نرخی مێژوویی و بایەخی مێژوویی بە دەرنین . بە تایبەتی ئەوانەیان كە پەیوەندیان بە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقینەوه هەیە . سەرەتا بەلایەنێكی تەندروستی دەست پێ دەكا لە ٢٣ی كانوونی دووەمدا دەنووسێت : ( زاور ( زاڵە ) گا لەگەڵ ئاوی كەرەوز ئەگەر تێكەڵی بكەی نەفعی هەیە بۆ مایەسیری ) . بەڵام لە (١٠ ی مارتی ١٩٥٣ ) دا ، ڕۆژی مردنی كەسایەتی شاری خانەقین ( شێخ مارف ) ی تۆماردووه كە دەبێتە ، باپیری شێخ عەبدولقادری كوڕی مەلا غالیبی كوڕی شێخ مەعرووفی بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای دیالە و عەلی كوڕی شێخ عەبدولقادری بەڕێوەبەری پۆلیسی شاری خانەقین لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بەدواوه[٤٥]. بەماوەیەك دوای ئەوەو لە مانگی نیساندا، بەمەبەستی سەردانی كردنی محەمەدی قزڵجی تورجانی زادە ( ١٨٩٢- ١٩٥٩ ) ، كە ماوەیەك كرایە مفتی عێراق سەردانی بەغدا دەكات و لەو بارەیەوه دەنووسێت : ( چوونم بۆ شاری بەغدا بۆ لای مامۆستا محەمەدی قزڵجی ) . لە نووسینەكانی داهاتوویداو بەتایبەتی لە ١٣ی ئەیلول و ١٥ی ئەیلولی ئەم ساڵەوه ڕۆژی ژن هێهێنانی مەحموودی وەستا غەفووری خەیاتی شاری خانەقین و هەروەها مێردكردنی ئایشی كچی

مەلا سەید حەکیمی خانـەقین بـە ئیبراهیمی حاجی فـەتاح ( ١٩٣٢- ١٩٨٧ )ی کادیری ناسـراوی حیزبـی شـیوعی عێـراق لـە ناوچـەی گـەرمیان و جەلـەولا تۆماردەکـات و لـە ( ١١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٣ ) دا ڕووداوی : ( خـۆ کوشتنی ئەحمەد ڕۆستەم خانی برای ساڵح ڕۆستەم خان ) دەکات و هەروەها لە ١٦ی کانوونی دووەمدا دەنووسێت : ( مەلا سەید حەکیمی خانەقین لە شاری بەغدا عەمەلیاتکرا ) و دواتـر لـە ٢٢ی هـەمان مانگـدا دەنووسـێت : ( هێنانەوەی مەلا سەید حەکیم لە عەمەلیاتی شاری بەغدا )[٤٦] .

جگـە لـەوەش لـە درێـژەی ڕۆژ مێـری ( ١٩٥٤ ) دا ، وردە کـاری چـەند ڕوداوێـك دەگێڕێتـەوە ، کـە بـە زۆری پەیوەنـدیان بـە ژیـانی کرێچـێتی و ڕۆژانـەی خـۆی و بـارکردنی لـەم گەڕەکـەوە بـۆ گـەڕەکی دی و مەسـەلەی دەستکورتی و هەژاری خۆیـەتی ، کـە هـەموو ئەوانـەش دەلالـەت لـەوە دەکـەن و وەکـو زۆرێـك لەوانەشـی کـە لـە نزیکەوە ناسیویانەو تا ئەودەمانە ، مەلا عارف هێشتا خاوەنی خانوویەکی تایبەت بەخۆی نەبووەو بـەردەوام لـە بێ خانوویی و ژیـانی کرێچـێتی دا بردوویەتیـە سـەر . بـەلاَم لـە( ١٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٥٤) دا ، وردەکـاری کەوتنــەخوارەوەی فڕۆکــەی ئەفســەری فڕۆکــەوانی خانــەقینی محەمــەد ئەحمــەد بــەیاتی ( ١٩٢٣ — ١٩٥٤ )[٤٧] دەگێڕێتـەوە ، کـە چـۆن لـەڕوداوێکی ئـاڵۆز و تەمومژاویـدا لـە ( حەبانیـە ) گیـانی لـە دەسـت داوە. پـاش ئـەوە بەچەند مانگێك و بە داخێکی زۆرەوە ، لـە ( ٢١ی مـارتی ١٩٥٤ ) دا هـەواڵی مردنـی کـە سایەتی ناسـراوی کـورد شێخ عەلائەدینی کوڕی شێخ عومەری تەوێڵە ( ١٨٦٣- ١٩٥٤ ) دەنووسـێت و بـە خەسـارەتێکی گـەورەی لـە قەڵـەم دەدات . دوا بەدوای ئەمە لەگەڵ سەید ئیبراهیمی ئامۆزای مەلا سەید حەکیمدا پێکەوە سەردانێکی بەغدا دەکەن و شەو لە ئوتێل ( العاصمە )ی ئەوکاتـە دەمێننـەوە شـەوی بـە ( ٣٠٠ ) فلس ، ئەمـەش بـۆ خـۆی دەلالـەت لـەوە دەکات کە لەو دەمانەدا لە بەغدا نرخی مانەوەی شەوێکی ئوتێل لە سنووری چەندا بووە ، ئیدی لەمە بەدواوە و لە ( ١٩٥٤ ) دا ، شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە [٤٨]. بەلاَم لەگەڵ داهاتنی ( ١٩٥٥ )دا ، بەهەمان شێوازی سالآنی تـر نـاو بەناو وردەیادگار و تێبینی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێت و لەماوەی ئەم ساڵەشدا ، هەنـدێك گۆڕانکاری لـە ژیـانی دا ڕوودەدات و عەلائەدین سـەجادی زۆر جار سـەردانی دەکاو بۆ مەسـەلەی دامەزرانـدنی بەشـێوازێکی فـەرمی لـە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی خانەقین وەك خـۆی باسـی لێـوەکردووە ، زۆر هاوکارو یارمـەتی دەری بـووە . وەك ئـەوەی لـە ( ٢٣ی مـارتی ١٩٥٥ ) دا ، عەلائـەدین سـەجادی دێتـە خانـەقین و لای دەمێنێتـەوە، بـەزۆری ئەمـە لـە کاتێدایە ، کە مامەڵەی دامەزراندنەکەی لە نێوان ئەوقافی لیوای باقوبەو وەزارەتی ئەوقافی بەغدا دایە . ئەوەش دوای ئـەوەی ، کـە مـەلا ئەحمـەد حەسـەنی ئیمـامی مزگـەوتی ( مەجیـد بـەگ ) سـەرگەرمی سـەفەرکردنە بـۆ دەرەوەی وڵات ، ناو بەناو و بە شـێوازێکی کـاتی کاروبـاری مزگەوتەکە بـەڕێوە دەبـات . بـۆ نموونـە لـە سـەرەتای نیسانی ئەم ساڵەدا دەنووسێت : ( دوای ئەوەی مەلا ئەحمەد حەسەن بۆ ماوەی دەرۆژ ئیجازەی ڕەسمی وەرگرت و ڕۆیشتە بەغدا ، بۆ تەواو کردنی کارەکانی لـەو ماوەیـەدا بەوەکالـەت لـە جێـی ئـەو ئیمامـەتم کـرد ) . لـە چـەند ڕۆژێکی دواتردا نووسیویەتی : ( ئامادەبوونم لە مەجلیسی عیلمی بەغـدا بـۆ ئیسپاتی ئەهلیـەتم بـە مەبەسـتی ئیمامەتیم و بڕیـاری لـە سـەردرا ) . دوای ئـەم هـەموو ئامادە کاریـە لـە ( ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٥ ) دا باسـی لـەوە کردووە کە لە ( ٦/ ٦ / ١٩٥٥ )دا ، بە فەرمانی ژمارە ( ١٢٣٤ ) لە بەغداوە گەیشتۆتە باقوبەو دوا بەدوای ئەمەش ، وەلاَمی فەرمانی دەست لە کار هەڵگرتنی مەلا ئەحمەد حەسەن لە ئیمامەتی مزگەوتی مەجیـد بـەگ لـە شـاری بەغداوە دەگاتەوە شوێنی مەبەست ، ئەمیش واتە مەلا عارف لە ( ١٣ی تەمموزی ١٩٥٥ ) دا ، بەشێوازێکی فەرمی ئەبێتە ئیمام خەتیبی مزگەوتەکە و دوای تەواو کردنی ئەم هەموو لێپێچینەوە ئیداری و یاساییە مەلا ئەحمەد

حەسەن: لە ( ٣ی ئابی ١٩٥٥ ) دەگاتە میسر و لە وێشەوە نامەیەکی بۆ دەنێرێت ، وەك ئەوەی لە بڕگەیەکی دا نووسیویەتی : ( هاتنی نامەی مەلا ئەحمەد حەسەن لە قاهیرە) وە . بەلآم ئەوەی کە زیاتر دلتەنگ و دڵ گرانی دەکات ، وەك خۆی دەنووسێت دوای یەك مانگی تەواو ئاگاداریان کردم بەوەی کە : ( فخر العلماء )ی خالۆم لە شاری سنەی ڕۆژهەلآتی کوردستان کۆچی دوایی کردووە ، کە ئەمەش بۆ خۆی دەکاتە مەلا محەمەد سالحی مەلا محەمەدی شەیخولئیسلامی سنە واتە ئامۆزای باپیری مەلا عارف ( مەلا عەبدولعەزیز ) و هاوکات باوکی دایکی مەلا عارف وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆکرا ، کە ناوی مەسعودە مەلا محەمەد سالح مەلا محەمەدی شەیخولئیسلامی بووەو هاوکات دەبێتە باوکی دایکی ڕووناکبیری ڕۆژ هەلآتی کوردستان شوکرلآی بابان ، کە ناوی ئامینە خانی کچی مەلا محەمەد سالح بووە [٤٩].

لە سەرەتای ( ١٩٥٦ )دا بەوە دەست پێ دەکات ، کە چۆن ناو بەناو نامەو هەواڵپرسین لە نێوان ئەم و مەلا ئەحمەد حەسەنی دۆستیدا دەست پێ دەکاو لە ولآتی میسرەوە لە بارودۆخی ئەم دەپرسێت و ئاگایان لە ژیانی یەکتربووە . وەك ئەوەی لە ( ٢ی مارتی ١٩٥٦ ) دا ، بە پەژارەیەکی زۆرەوە باسی مردنی پورێکی مەلا ئەحمەد کردووە، بە ناوی ( ڕەعنا )، لە ئاوایی ( کارێز ) ی دەورو بەری خانەقین . شانبەشانی ئەوانەش لە ڕوداوێکی ئالۆزدا باس شێخ نیزامەدینی کوڕی شێخ نەجمەدین دەکات ، کە لە بارودۆخێکی تەم و مژاویدا، لە یەکێك لە ئوتێلەکانی بەغدا ، لە ( ٣١ی ئابی ١٩٥٦ )دا کۆچی دوایی کردووە ، کە دەبێتە برا گەورەی دکتۆرە ئەختەر نەجمەدینی وەزیری خوێندنی بالآی پێشووی حکومەتی کوردستان و زاوای مەلا ئەحمەد ڕەشید ئەفەندی خەلکی گوندی ( محەمەد شێربەگ )ی لای خانەقین . بەلآم ئەوەی کە زیاتر نیگەرانی کردووە لە کۆتایی ئەم سالەدا ، مردنی شێخ مەحمودی حەفید ( ١٨٨٢- ١٩٥٦ ) بووە ، وەك خۆی نووسیویەتی لە خەستەخانەی ( ئەلحەیدەری ) شاری بەغدا و لە( ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ ) دا [٥٠]. سەرەڕای بایەخدانی ، بەو هێرشە سێ قۆلیەی ، کە بەریتانیا و فەرەنساو ئیسرائیل کردوویانەتە سەر میسر لە ( ٣١ی تشرینی ١٩٥٦ ) دا . بەلآم ڕۆژ ژمێری سالی ( ١٩٥٧ ) زۆر کەمی تیا نووسیوە . بۆ نموونە لە ( ١٥ی نیسانی ١٩٥٧) دا نووسیویەتی : ( تا پازدە ڕۆژی تریش هێشتا دەست بە دروێنەکردنی جۆ ناکرێت ) لەوە زیاتر نووسینی سەرنج ڕاکێش نابینین . بەلآم ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێ و ئەو تۆماری کردبێت ، مێژووی کۆچی دوایی مەلا سەید حەکیمی خانەقینە ، وەك لە بارەیەوە نووسیویەتی: ( وەفاتکردنی مەلا سەید حەکیمی خانەقین لە سەعات ١٢ی شەوی شەممە لەسەر یەشەممەی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧ )[٥١].

## - بیرەوەرییەکانی مەلاعارف لە ماوەی ١٩٥٨- ١٩٧٥:

لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٨ )دا زۆر وردە سەرنج و هاوکات گەلێك ڕووداوی مێژوویی ناوچەی خانەقین و دەوروبەری تاڕادەیەك بەباشی نووسیوەتەوە، بەسەریەکەوە دەتوانرێت وەك کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی لە ئێستاو دوا ڕۆژدا سوودیان لێ وەربگیردرێت و ببێتە هۆی دەولەمەندبوونی زەخیرەی مێژوویی و زانستی . ئەوەتا هەر لە سەرەتای سالەوەو وەك هەر کارەساتێکی تری سروشتی ، کە لەو دەمانەدا سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی عێراق خۆشیان بایەخیان پێ دابێت، بارینی ئەو بارانە بەهێزەبووە ، کە لەوسالەدا بۆتە هۆی هەلآیسانی لافاو و زیانێکی گەورەی لە دانیشتوان و خەلکی شارەکانی سەعدیە ( قزرەبات ) ، جەلەولا و شاری خانەقین داوە ، بەڕادەیەك ژمارەیەك هاولآتی بەهۆی لافاوەوە گیانیان لە دەست داوە . وەك ئەوەی لە ( ٥ی کانوونی دووەمی

١٩٥٨ ) دا نووسیویەتی: ( ئەمشەو بارانێکی بە شیدەت بوو ، زۆر ماڵ و دووکانی خراپ کرد و تەنانەت کونی کۆپریە کانیشی هەموو پڕکردەوە، بەڕادەیەك تا ئێستا لافاوی وا نەهاتووەو مەکینەی ئاوو کارەبای بە تەواوی خراپ کردو زەرەرێکی زۆری داوە لە شارەکانی سەعدیەو جەلەولا و زۆریانی لێ خنکان لە ژێر خانوا ، ئەما لە خانەقین زەرەری نفووسی نەدا . بەڵام باخو خانوویان زۆریان خراپ بوو )[52]. بەڕادەیەك عەلائەدین سەجادیش بەهۆی ئەوەی خزم و کەس و کاری لەم شارەدا بوون ، بە بایەخەوە باسی لێوەکردووە و ڕێژەی زەرەر و زیانی بەوردی خەملاندووە، وەك ئەوەی نووسیویەتی: ( زیانی خانەقین بە باخەکانیەوە گەیشتە ( ٤٠ ) هەزار دینارێك ، دیسان دەڕۆژ ئەم شارە بێ کارەبا و سێ ڕۆژ بێ ئاوی خواردنەوە مایەوە ) . لە بارەی قزڕەباتەوە دەنووسێت : ( کارەساتی قزڕەبات وەك هیچ شوێنێك نەبوو ، دنیا تاریك ، لافاوی بەهێز ، شوێنێك منالێك تیایا ستار بگرێت نەماوە .. نە باوك بەسەر منالیا ئەپەرژا ، نەدایك بەسەر کۆرپەی ناوبێشکەدا . ئەڵێن ڕۆژی قیامەت وا دیارە ئەو شەوە بووە لە قزڕەبات ) . بەجۆرێك زیانەکانی شارۆچکەی قزڕەباتی ئەو دەمانە بەم شێوەیە خەملێنراون : مردنی ( ٦ ) کەس ، ڕووخانی ( ٥٠٠ ) خانوو ، زیانی دوکان و بازرگانەکانیش نزیکەی (٣٠ ) هەزار دینارێك بووە . کەچی زیانی جەلەولا : مردنی ( ١٠ ) کەس ، ڕووخانی ( ١٥٠ ) خانوو [53]. ڕووداوێکی سروشتی لەم جۆرەش وای لە حکومەت و تەنانەت هاولاتیانی ناوچەکە کردووە ، کە بە هانایانەوە بچن و هەریەکەو بەپێی توانای خۆی کۆمەك و هاوکاری ئەو خەڵکە بکەن . بۆ نموونە کەسایەتیەکی وەك مەلا عەزیزی شاواز ( ١٩٢٨- ٢٠١٥ ) بەهەمان شێوەی مەلا عارف لە یاداشتەکانیدا ، بەبایەخەوە لەسەر ئەم ڕوداوەی نووسیوەو باسی لەوەکردووە ، کە چۆن دانیشتوانی ناوچەی ( بنکورە ) کەوتوونەتە ئەوەی یارمەتی بۆ ئەو زیان لێکەوتوانە کۆبکەنەوە . وەك دەبینی لە لە ( ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ ) دا دەنووسێت :( وتیان : قزڕەبات هەمووی ئاو بردوویەتی ) یان بەچەند ڕۆژێك ، دوای ئەوەو لە ١٤ی کانوونی دووەمدا وای تۆمارکردووە : ( ئەمرۆ ئەفەندیەکانی قوتابخانەی سەوزبلاخی سەرەتایی پارەیان کۆ دەکردەوە بۆ قزڕەبات )[54]. تەنانەت کاریگەری بارودۆخەکە وای لەشاعیری گەرمیان مینە جاف ( ١٩١١- ١٩٦٥)[55] کردووە، بە پارچە شیعرێك هەستی خۆی بۆ ئەو بارودۆخە دەر ببڕێ :

پاش سلێمانی شاری قزڕەبات  
بۆچیت کاول کرد بۆ ڕیشەی دەرهات  
تۆ پێنج سەد ماڵی شاری سەعدی یە  
کاولی ئەکەی لە پێو جێی چی یە  
دووسەد ماڵی تر لە ئەرکەوازی  
بەم سەرماو سۆڵە ئەشێوێ نازی  
دوو سەد ماڵی تر لە قەرەخانا  
گشت هەڵ ئەتوتێن لەبەر بارانا ...تاد[56]

دوای ئەم کارەساتەو بەماوەیەك دواتر، کە بارودۆخی ئاوهەوای گەرمیان و ناوچەی خانەقین بەرەو خۆشبوون دەڕوا و ئاسایی دەبێتەوە . مەلا عارف لە درێژەی نووسینی یادداشتەکانی داو لە ( ٩ی مارتی ١٩٥٨ ) دا نووسیویەتی :( ئەمرۆ شاڵ و دەورملم لابرد هەوا خۆشی کرد) و بە ماوەیەك ، دوای ئەوەش هەواڵی ڕووداوێکی تری ناوچەکە تۆماردەکات ، کە ئەویش بریتییە:( خۆ کوشتنی محەمەد ڕەشیدی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف) لە

دەككە لە مایسی ١٩٥٨ دا ، ئیدی لەو ماوەیە بەدواوە ، بە هەر هۆیەك بوو بێت ، ڕۆژ ژمێرەكەی شتێكی ئەوتۆی تیا تۆمار نەكراوە، تا دەگاتە سەروبەندی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨[57]. بەڵام لە درێژەی ساڵی ( ١٩٥٩ ) دا ، كە چەند مانگێك بەسەر بەرپابوونی دا تێ پەڕیوە، مەلا عارف لە سەرەتاو كۆتایی ئەم ساڵەدا، بەدووجۆر ناوی خۆی بەیانكردووە. لە سەرەتادا نووسیویەتی : مەلا عارفی مەلا یەحیای عەتار ، لە شوێنێكی تردا بە عارفی یەحیا زادە و لە( ١٣ی شوباتی ١٩٥٩ ) دا ، باس لەمردنی كچێكی مەلا عەباس محەمەد سلێمانی بنكوورە دەكات و بەچەند ڕۆژێكی دواتری هەمان مانگ ، ئەوەڕوون دەكاتەوە ، كە سەرماو سۆڵەیەكی زۆر دەستی پێ دەكات و دەبێتە هۆی بارینی بەفرێكی زۆر و داخستنی دووكانەكانی شار، وەك دەنووسێت: ( بە دەرەجەی نهایەت سارد بوو ، لە فەجرەوە تا سەعات ( ٣ ) ی عەسر باران باری و دواجار دوو سەعات بەفر باری و لاكین زۆر ساردبوو . ئەكسەری دووكانەكان داخران ) . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، كە گرانی ڕوو لە بازاڕبكات و شتومەكی تیا كەم بێتەوە وەك دەنووسێت: ( برنجی كوردی خۆماڵی دەست نەكەوت . مەجبوور بووم برنجی كوردی ئێرانیم سەند یەك باتمانی بە ( ٨٠٠ ) فلس و گۆشت هۆقەی بە ٣٦٠ فلس )، كە بۆ ئەوكاتە پارەیەكی كەم نەبووە . جگە لەوەش لە شاری مووسڵەوە یاخی بوونی عەبدولوەهاب شەواف ( ١٩١٦- ١٩٥٩ ) دەست پێ دەكات و لەم لاوە شاری كەركووك دەبێتە گۆمی خوێن ، شەڕی ناوخۆ لە نێوان پێكهاتەكانیدا ، بەتایبەتی كوردو توركمان بەرپا دەبێت . وەك ئەوەی لە بارەی مووسڵەوە و لە ( ٦ی مارتی ١٩٥٩ )دا ، ئەوە دەگێڕێتەوە، كەسایەتیەكی وەك : ( عەبدولوەهاب شەواف تەمەڕودی كردووە ، لە شاری مووسڵ و چەند كەسێك لە ئەهالی كوژرا وەو دوایی خۆیشی كوژراوە... )[58] .

جگە لە هەمووئەوانەش عەبدولكەریم قاسم ( ١٩١٤ – ١٩٦٣ ) لە شاری بەغداوە فەرمان ئەكات بە : ( ڕاوەستانی چالاكی هەموو حیزبەكان و هیچیان كار نەكەن ) . ئێرانی پەهلەویش لەبەر ئەوەی هاتنەكایەوەی سیستەمی نوێی لە عێراقدا پێ قبووڵ نەبووە ، یەكێك لە هەنگاوەكانی بەرانبەر بە عێراق : ( ڕاگرتنی ئاوی ئەلۆەن بووە لە لایەن ئێرانەوە ) . بەتایبەتی لە سەرەتاكانی تەمووزی ( ١٩٥٩ ) دا ، هەروەها بەپێی تۆمارەكانی مەلا عارف یەكەمین دەستپێكردنی شەڕ لە شاری كەركوكدا لە ( ١٤ی تەممووزی ١٩٥٩ )دا سەرچاوەی گرتووە : ( ئەوەڵ شەڕو هەواڵ لە كەركوك ) . ئەمەش چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت و لە كۆتایی شەڕو پێك دادانەكاندا ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە : ( شەڕ لە كەركوك كوژایەوەو حكومەتی وەتەنی ناجیح بوو ، زۆر كەس لە توركمان و تۆرانیەكان كوژران ) . بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا باس لە ڕووداوێكی سەرنج ڕاكێش دەكات لە گوندی ( شێرەوەند ) ی ناوچەی بنكورەی سەر بە شاری خانەقینی ئەودەمانە ئەویش : ( تەوقیف بوونی مەلا عەباسی محەمەد سلێمان ( ١٩٠٤- ١٩٨٥ ) و عەلی كوری ( ١٩٤٠- ٢٠٠٠ ) بە واسیتەی دەرچوونی دەمانچەوە لە دەستیان و دووكەسیان زامدار كردووە ) . ئەو دووكەسە هەریەك لە محەمەد حەسەن ، كە بە( حەمە سەرك ) ناسراوە لەگەڵ ئەحمەدی ساڵح ڕەزا[59]. هاوكات لە چەند مانگی دواتری ئەم ساڵەدا ، چەند ڕووداوێكی تری گرنگ دەنووسێتەوە ، هەریەكەو لە شوێنی خۆیدا بایەخی تایبەتیان دەبێت لەوانە : تۆماركردنی ڕۆژو مانگی مردنی كەسایەتی ئاینی كورد لە بەغدا مەلا محەمەدی قزڵجەیی تورجانی زادە وەك ئەوەی نووسیویەتی : ( وەفاتكردنی مامۆستا محەمەدی قزڵجی ڕۆژی دووشەممە ١٤ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) . هەروەها لە ڕۆژانی دواتردا ، لەگەڵ چەند كەسێكی دیدا ، كە ناوەكانیان دەستنیشان ناكا ، پێكەوە دەچنە پرسەكەی قزڵجی لە بەغدا و زۆریشی پێ ناخۆش بووە ، بەوەی كەپرسەكەی بەو ساردوسڕیە دەبینێت وەك نووسیویەتی: ( چوونمان بۆ شاری بەغدا بۆ

تەعزیەکەی مامۆستا محەمەدی قزڵجی ئەما مع الاسف کەسی وەها نەبوو بۆ جێ بەجێکردنی تەعزیەکەی ) . بۆ شەوی هەمان ڕۆژ لە خانەقینی ئەودەمانەدا دەنووسێت : ( وەفاتی مەلا ئەحمەدی دەککە لە نیوەشەوی ڕۆژی هەینی ١٥ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) . دوا بەدوای ئەوانەش ، باسی ئەو هەوڵی کوشتنەی سەرۆك کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم دەکات ، بەتایبەتی لە ( ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ ) دا ، کە چۆن لە لایەن دەستەیەك لە کادیرەکانی حیزبی بەعسەوە تەقەی لێ دەکرێت و بەسەختی بریندار دەکەن : ( زامداربوونی عەبدولکەریم قاسم لاکین بە لوتفی خوا زامەکەی خەفیف بوو ، ئەما لە شەودا ) . بەڵام لە کۆتایی ئەم ساڵەدا ، تەنها لە هەواڵی دوو بابەت دواوە یەکەمیان : ( تاقیکردنەوەی مەلاکانە بۆ دەورەی پەروەردە)، بۆ ئەوەی بکرێنە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکاندا ، دووەمیان : نووسینی سکاڵایەکی خۆیەتی ، کە بۆ بەرێوەبەری ئەوقافی لیوای دیالەی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی جێگیر بکرێت : ( لە مزگەوتی مەجید بەگی خانەقین یان بگوازرێتەوە بۆ مزگەوتی حەسەن عەلی ) هەر لە شاری خانەقین [٦٠].

بەڵام لە درێژەو وردەکاریەکانی ( ١٩٦٠ )دا ، زیاتر بە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی ناخۆشی شارو خۆیەوە دەست پێ دەکات وەك لەسەرەتای ساڵەوە و لە ( ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ ) دا دەنووسێت :( دوێنێ مەلا ڕەوف ژنەکەی تەڵاقدا ). بە دوو ڕۆژ دوای ئەوە سەردانی بەغدا دەکات و بەوردی دەیگێڕتەوە: ( چوونم بۆ بەغدا بۆ ئەشیا لە ڕێگەی ماڵی حوسێن لە ناو سەیارە بڕی شەش دینارو حەوسەدو پەنجا فلسیان لێ دزیم ، لە ناوسەیارەدا لە شەقامی شێخ عومەر ) . شانبەشانی ئەوانەو لە ڕۆژانی دواتردا بەیتێکی شیعر دەنووسێتەوەو لە ژێریدا دەنووسێت: ( ڕەفیق حیلمی ) :

کورد ئەوەندە کوردن بە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون

لاکین خەڵقی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەری پەیدا ئەکات

کەچی لە ١٨ی مایسدا دەنووسێت : ( چوونمان بۆ سەعدیە لەگەڵ سەید ئیبراهیم و محەمەد ساڵح سەنەوی بۆ زیارەتی مەلا مەعصوم بۆ حەج ئەچوو ) . لە هەمان ماوەدا ، ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە ، کە دروستکردنی کەواو چاکەتێك بە پێی نرخی بازاڕی ئەوکاتە تێچوونی چەند بووە : ( کەواو چاکەتێکم کرد لای حاجی محەمەد ئەمین ، مەجمووعی مەسرەفی نۆ دینارو شەش سەد فلس بوو ) . بەڵام لە ئابی ( ١٩٦٠ ) دا بەکەف و کوڵێکی بە تینەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا ڕەفیق حیلمی ( ١٨٩٨- ١٩٦٠ )[٦١] دەنووسێت : ( وەفاتی ڕەفیق حیلمی بەگ خەبەرێکی ناخۆش بوو ) . ئەوەشی کە پەیوەندی بەخۆی و کاری خۆیەوە بێت ، قسە لەسەر عەلائەدینی سەجادی دەکات و ستایشی هاوکاری و هەوڵە دەکات لە ڕاپکردنی کارەکانیدا : ( قەرار وایە ئەمڕۆ کاك عەلا ئەدینی سەجادی لەگەڵ مودیری عام لە بابەت مەسەلەکەی منەوە قسە بکات تا بزانین ) . پاش ئەوە بەچەند ڕۆژێکی ترو لە ( ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ ) دا ، ئەوەڕوون دەکاتەوە کە : ( تەقریبەن مەئویس بوونم لە مەسەلەی ئیمامەت . چونکە کاغەزی سەید عەلائەدینی سەجادیم بۆ هات ، کە خەریکن بیخەنە جەرائدی ڕەسمیەوە بۆ ئینزاری مەلا ئەحمەد حەسەن )) . هاوکات لە کۆتایی ساڵدا زۆر بە ڕەش بینیەوە دوا بڕگەی خۆی دەنووسێت : ( تف لەم ساڵە چەند ناخۆش بوو )[٦٢].

لەماوەی ( ١٩٦١ ) داو بەپێی نووسین و وردەکاریەکانی ڕۆژانەی مەلا عارف ئاماژە بۆ کۆمەڵێك هەواڵ و ڕووداوی گرنگ دەکات ، کە بۆ ئەمڕۆی مێژوو و بەکارهێنانیان ، وەك کەرەستەیەکی خاوی مێژوویی تایبەتمەندی خۆیان دەبێت ، وەك ئەوەی لە سەرەتای ساڵەوە ، بە ڕووداوێکی سروشتی و هەواڵی باران بارینێك

دەست پێ دەكات لە گەرمیان و بەتایبەتی ئەو شوێنانەی كە سەر بە شاری خانەقینن ، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لافاو زیانێكی زۆر لە كۆمەلانی خەلك دەكەوێت . وەك لە ( ٣ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا نووسیویەتی : ( بە واسیتەی سەیل و لافاو ئەمرۆ زۆر نارەحەت بووین ، هەموو ئەهلی شار لەبەر بێ ئاوی و بێ كارەبایی بارودۆخ هەمووی شپرزە بوو ، نرخی تەنەكەی ئاو گەیشتە ( ٣٠ ) فلس و زیاتریش ، تا هەژدە ڕۆژ كارەبای مالان لە شاری خانەقیندا نەبوو ) . جگە لەوە یەكێكی دی لە گیروگرفتەكانی كۆمەلانی خەلك گۆڕینی پارەو دراوی عێراقی بووە ، بە پارەی جمهوری : ( موشكیلەی گۆڕینی پارە بە عوملەی جمهوری بە تەواوی وەزعی تێك دابوو ) . هاوكات لە ناوەڕاستی هەمان مانگدا باسی لە مردنی كەسایەتی ناسراوی ناوچەی ( عالیاوا ) ی شاری خانەقین ( شاكیر ئەفەندی وەكیلی مەزارعی مەلیكی ) دەكات ، كە چۆن دوای مردنی تەرمەكەیان ، لە بەغداوە هێناوەتەوە خانەقین و ئەسپەردەی خاكیان كردووە ، لە ( ١٤ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا . بەلام لە ڕۆژانی دواتردا دەنووسێت : ( ڕۆژنامەی ( الاهالی ) لە ( ١٥/ ١ / ١٩٦١ ) و ( ١٦ / ١ / ١٩٦١ ) دا و لە ژمارەكانی ( ٦٢٧ ) و ( ٦٢٨ ) دا ، ئیختارێكی ( اخگار) بۆ مەلا ئەحمەد حەسەنی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی مەجید بەگ لە خانەقین بلاوكردۆتەوە ) ، لە( ١٥ی شوباتی ١٩٦١ ) دا ، باس لە ڕوودانی خۆرگیرانێك دەكات بەوەی لەماوەی ئەو ڕۆژەدا ، نزیكەی سێ سەعاتی تەواوی خایاندووە: ( ئەمرۆ خۆرگیرا و تەقریبا سێ سەعات دەوامی كرد ) . بەلام لە كۆتایی مانگی مارتدا باس لەو خۆپیشاندانانە دەكا ، كە حیزبە سیاسیەكانی عێراق دینامیكیەتی سەرەكی بوون ، لەوانە زیاد بوونی نرخی كالاكان لە بازاڕدا . بۆنموونە دەنووسێت : ( موزاهەرەی ئەحزاب لە بەغداد بە واسیتەی زیاد بوونی نرخی جگەرەوە ) و لە لایەكی ترەوە ، ئاماژە بە ناوی بەشێك لەوانەش دەكات ، كە پێشتر بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ( ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ )ەوە ، لە سنووری گەرمیان و خانەقینەوە ، پەنایان بردۆتە بەر ولاتی ئێران لەوانە: بە گزادەكانی جاف لە كەلار ، عوسمان بەگی شەرەف بەیانی ( ١٨٩٥ — ١٩٦٨ ) لە ناوچەی هۆرێن و شێخانی سەر بەشاری خانەقین و هەروەها شێخ محەمەد نەجیب ( ١٩٢٢- ١٩٩١ )[٦٣] ی كوڕی شێخ وەهابی تالەبانی ( ١٨٨٦- ١٩٧٢ ) لە سنووری كفری و گوندی قەرەبلاغ . بەجۆرێك ئەمەی دواییان واتە شێخ محەمەد نەجیب لە ( ١٨ی نیسانی ١٩٦١ ) دا ، دووبارە لە ئێران گەڕاوەتەوە عێراق و گوندی قەرەبلاغ . لێرە بەدواوە ئەوەی ، كە جێی سەرنج بێت لە یاداشتەكانی مەلا عارفدا ، دیاریكردنی یەكەمین ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی ( ١٩٦١ )ە ، بەرانبەر بە فەرمانڕەوایانی عێراق و ناوهێنانی یەكەم شەهیدی پێشمەرگە لە سنووری گەرمیان و شاری خانەقیندا وەك ئەوەی دەنووسێت : ( ئەوەل شەڕ لە دەربەندیخان لە ڕۆژی یەك شەممەی ١٠ی ئەیلولی ١٩٦١) دا، بەماوەیەك دوای ئەوەش یەكەمین پێشمەرگە ، كە لە چیای بەمۆو ناوچەی ( حاجیلەر ) دا بریندار ئەبێت و دوو ڕۆژی دواتر شەهید ئەبێت كە : ( محەمەد سالح سلێمان بارامی دەلۆ )ی بە ناوبانگ و ئەندامی پێشووی پارتی هیوا بووە ، لە گەرمیان و شاری خانەقیندا ، تەنانەت یەكێك بووە لە چا نەخۆرەكانی شاری خانەقینی ئەودەمانە [٦٤]. كە لە ( ٢٨ی كانوونی دووەمی ١٩٦١ ) دا بریندا دەبێت و دوای دوو ڕۆژ واتە لە ( ٣٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٦١ )دا شەهید دەبێت و تەرمەكەی ئەبرێتەوە خانەقین و لە گۆڕستانی ( پاشا كۆپری ) ئەسپەردەی خاك دەكرێت [٦٥]. وەك دەنووسێت : ( هێنانەوەی جەنازەی محەمەد سالح سلێمان دەلۆ خوا عافوی بكات ) . هاوكات هەر لەم ماوەیەداو لە ( ٩ی كانوونی یەكەمی ١٩٦١ ) دا، موحاكەمەیەكی یاسایی دەكەوێتە نێوان مەلا عارف و شاعیری گەرمیان محەمەد ئەمین بەگی جاف . بەجۆرێك وردەكاریەكانی ئەم دادگایی كردنە دیارە بۆ مەسەلەی قەرزاری بووە ، ماوەیەكی خایاندووە ، هەر لە( ٩/ ١ /١٩٦١ ) - ( ٢٢/ ١ / ١٩٦٢ ) [٦٦].

وەك لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٦٢ ) داو ، بەتایبەتی لە ( ٢٢ کانوونی دووەمی ١٩٦٢ ) دا ، دەنووسێت : ( ئەمڕۆ وەعدەی موحاکەمەی محەمەد ئەمین بەگی جافە بۆ قەرزەکەم ) و هەروەها دوا نووسین ، کە لەم بارەیەوە دەینوسێت لە ( ١ی شوباتی ١٩٦٢ ) دایە، کە تیایدا هاتووە : (( دووبارە مەحکەمەی محەمەد ئەمین بەگ بۆ ئیجرای ڕەسم ) . ئیدی لێرە بە دواوە ، هیچ شتێکی دی لەم بارەیەوە نالێت . ئەوەشی کە زیاتر پەیوەست بێت بە خۆیەوەو لە درێژەی مانگی ئەیلول( ١٩٦١ ) دا ، نووسیبێتی ئەوەیە کە تیایدا هاتووە : ( ئەمڕۆ چوومە باقوبە، ئەمری ئیداری ئیمامەت و خیتابەتم وەرگرت بۆ مزگەوتی مەجید بەگ . مەرسومی جمهوری ڕەقەم ( ٤٩٩ ) موئەڕەخ ( ٢٥ / ٩ / ١٩٦١ ) .یەکێکی دی لەو سەربوردانەی ، کە لە بارەی ئەوکاتەی ناوچەکەو شاری خانەقینەوە مەلا عارف باسی لێوەکردبێت ، ئەویش بریتیە لە دەستگیرکردنی چەند کادیرێکی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەکانی عێراقەوە لە شاری خانەقین . وەك لە بەشێکی نووسینەکەیدا هاتووە: ( گرتنی جەماعەتی وەك ئەحمەد کەلاری و ڕەئوف قەیتەران و ئەحمەدی فەقێ محەمەد ئەمین و چەند کەسێکی تر ). لە سەرەتای نیسانی ( ١٩٦٢ ) دا [٦٧]. بەڵام لە ڕۆژ ژمێری ( ١٩٦٣ ) دا ، بە زۆری لە سەرەتاکانی شوباتی ئەوساڵەوە تیایدا دەستی کردووە بەنووسین و لە ٨ی شوباتی دا نووسیویەتی: ( سەورە لەسەر عەبدولکەریم قاسم کرا ) ، بۆ ڕۆژی دواتر بەڕوونی دەنووسێت :( ئەمڕۆ عەبدولکەریم قاسم ئیعدام کرا لە دوای نیوەڕۆ ، هەر ئەمڕۆش قیستی دوکانەکەم دایە تاهیر ئەفەندی ، کە دەیکردە بیست و پێنج دینار ). کەچی لە ١٠ی مارتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە : ( ئەمڕۆ ئیعلانی حوکمی لامەرکەزی بۆ کورد لە ئیزگەی بەغداوە بلاَوکرایەوە وەلێ درۆ دەرچوو ) . لە ٩ی نیساندا ، باس لەوە دەکات ، کەچۆن کەسێکی وەك :( حەسەنی مەحموود سەقا بە ناهەق لەلایەن کاکەییەکەوە دەکوژرێت ) و بەماوەیەك دوای ئەوەش لە ناو کەلاوەکانی ( جەمیلە خان ) ی نزیك ئاوایی ( غێدان ) ی ناوچەی بنکوورەداو لە ( ٢١ی نیسانی ١٩٦٣ ) دا ، کە دەکاتە ڕۆژی یەك شەممە مەلا عارف دەنووسێت :( چوار کاکەیی بە ناهەق دەکوژرێن ) و دوای چەند ڕۆژێك ، لە لایەن کەس و کاریان و دانیشتوانی ناوچەکەوە تەرمەکانیان دەدۆزرێتەوە و هەروەها لە سەرەتاکانی ئایاردا مێژووی مردنی دوو کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین و ناوچەکە دەنووسێتەوە لەوانە: ( وەفاتکردنی شێخ عەلی شێخ عارفی قەرەداغی بە شێوازێکی کتوپڕ ) ، واتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی شێخ عەلی لە گەڕەکی ( مەزرەرەعە )ی خانەقین ، کە بەناوی خۆیەوە ناونراوەو هەر خۆشی تا لە ژیاندابوو، زەویەکەی بۆ کڕیوەو لەسەری بونیادی ناوە ، کە دەبێتە باوکی دکتۆر عارف قەرەداغی و مامۆستایان : حامد و مەحموود و نەسرین و نازەنین قەرەداغی [٦٨]. هاوکات :( وەفاتکردنی فەقێ مەحموودی خدر ئاغای دەربەند فەقەرەیی لە سەعات دەو نیوی شەو و بۆ ڕۆژی یەك شەممەی پێنجی مانگی ئایاریش دەفن کرا )[٦٩] .

لەم ماوەیە بەدواوە وەك نووسین شتێکی ئەوتۆ لە بیروەریەکانی دا بەرچاو ناکەوێت . بەڵام لە ( ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ )دا باس لەوەدەکات ، کە چۆن فەرمانڕەوایانی عێراق واتە: ( حکومەتی بەعس ئیعلانی شەڕی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد کردەوە) . بەماوەیەکی دواتر و لە ١٨ی تشرینی دووەمیدا دەنووسێت : ( سەورە کردن لەسەر جەماعەتی حەرەس قەومی و تێکدانیان و ڕێی شاری بەغدا مەنع کرا و مەنع تەجەول کرا ) . کەچی بە هەفتەیەك دوای ئەوەو لە ( ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ) دا دەنووسێت :( دوای حەوت ڕۆژ ئەمڕۆ ڕێگای شاری بەغداد کرایەوە) . بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی ( ١٩٦٤ ) دا ، هەندێ وردەکاری سادەی نووسیووە لەوانە : لە ( ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ )دا نووسیویەتی :( مردنی ئەحمەدی کوڕی مەلا عەباس سەر لە ئێوارە لە

مزگەوتی حوسەینیەی شاری خانەقین ) .کە خەڵکی ئاوایی شێروەندی ناوچەی ( بنکووره ) بووه، هەر وەك لەچەند ڕۆژی داهاتوودا و لەچوارچێوەی یاداشتەکانیدا باسی لەوەکردووە ، کە چۆن لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، بەمەبەستی سەرەخۆشیکردن لە مەلا عەباس دەچنە ( شێرەوەند ) ، بۆ نموونە لە ( ٤ی شوباتی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت :( ئەمڕۆ لەگەڵ سەید حەسەن و جەماعەتێکی تر چووین بۆ ئاوایی ( شێرەوەند ) لای مەلا عەباس بۆ تەعزیەی ئەحمەدی کوڕی ) ، بەچەند ڕۆژێکی دواتریش کورتەی هەواڵێکی ڕاگەیاندنەکانی ئەودەمانەی گواستۆتەوە بۆ ناو درێژەی یادداشتەکانی ، وەك لە( ١١ی شوباتی ١٩٦٤ ) دا ، دەگێڕێتەوە کە: ( ئەمشەو بەیانێکی موشتەرەك دەرچوو لە بابەت سوڵحی حکومەت و شۆڕشگێڕەکانی کورد ، کارێکی زۆر باشکرا ). بە ماوەیەکی دواترو ئەوەی پەیوەست بێت بەناوچەکەو بارودۆخی ناوچەکەوە لە ( ٢٦ی نیسانی ١٩٦٤ )دا ، باسی لە هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە بۆ ناو شاری خانەقین وەك ئەوەی دەنووسێت : ( یەك پەل پێشمەرگە هاتە ناو شاری خانەقینەوە )، بەماوەیەك دوای ئەمەو وەك لە درێژەی نووسینەکانیدا دەردەکەوێت مەلا عارف توشی نەخۆشی ئەبێ و وەك خۆی دەنووسێت لە ( ٢ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا ، لە شاری بەغدا نەشتەرگەریەکی بۆ دەکرێت : ( ئەمڕۆ عەمەلیاتکرام لە سەعات یازدەی نیوەڕۆ ) و بە هەفتەیەك دوای ئەوەو لە ( ٩ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت :( ئەمڕۆ لە مستەشفا دەرچووم ) . هاوکات هەر لەو ڕۆژانەشدا ، هەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەی ناسراوی ناوچەی خانەقین کامەرانی کوڕی عەزیز پشتیوان ( ١٩٤٥- ١٩٦٤ ) بلاّودەکاتەوە، لە( ١٦ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا دەنووسێت : ( کامەرانی کوڕی کاك عەزیز پشتیوان کوژرا )[٧٠] . هەرچەندە ئەمڕۆژە لەگەڵ ڕۆژی شەهید بوونەکەیدا نایەتەوە، بەوەی کامەرانی عەزیز پشتیوان لە ڕێکەوتی ( ٣ی تەمموزی ١٩٦٤ ) دا شەهید دەبێت [٧١]. لە درێژەی مانگەکانی دوایدا جۆرێك لە هەرزانی و بوژانەوە دەکەوێتە بازاڕەوە، لەم ماوەیەدا مەلا عارف زۆر جەختی لەسەر ئەو وردە بابەتانە کردۆتەوەو لەوە بەدواوە شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە[٧٢].

بەڵام لە درێژەی ساڵی ( ١٩٦٥ )دا ، زۆر بەکەمی یادداشتی ڕۆژانەی نووسیوە، بۆ نموونە لە ( ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٥ ) دا باسی لە مردنی یەکێك لە بازرگانەکانی شاری خانەقین دەکات و دەنووسێت :( وەفاتکردنی حاجی فەتاحی بەزاز ). بەماوەیەك دوای ئەوەش لەگەڵ کۆمەڵێك مەلای تری ناوچەکەداو بە مەبەستی بەشدار بوون ، لە کۆنگرەی زانایانی ئیسلامی سەردانی شاری بەغدای کردووە و بەسەریەکەوە یەك هەفتەی تەواویان پێ چووە ، بەوەی لە ٢٦ی حوزەیراندا دەنووسێت :( چوونمان بۆ بەغداد بۆ موئتەمەری ئیسلامی ) و لە ٤ی تەممووزیشدا باسی هاتنەوەیان دەکات :( هاتنەوەمان لە بەغدا لە موئتەمەر ) . یەکێکی دی لەو تۆمارکردنانەی ، کە باسی لە چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە ، کە چۆن لەو دەمانەداو بەشەو چوونەتە ناو شاری خانەقینەوەو چالاکیەکی گەورەیان ئەنجامداوە ، کە بۆ ئەو ڕۆژگارە کارێکی بێ وێنە بووە ، وەك ئەوەی لە ( ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥ ) دا نووسیویەتی : ( ئەمشەو هێزی پێشمەرگە هاتنەناو مەزرەعەوەو لە نادی چوار کەسیان کوشت و دوو شورتەشیان کوشت ) . وەك دەبینی لێرە بەدواوەو لە سنووری شاری خانەقین و ناوچەکانی چیای بەمۆوە چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوامی خۆیان هەبووەو تەنانەت لەسەرەتای ساڵی ( ١٩٦٦ )دا ، برەوی خۆی هەبووەو ناو بەناو بنکە سەربازی و ئەمنیەکانی حکومەتی عێراق لە ناو شارو دەورو بەریدا کراون بە ئامانج ، ئەوەتا لە شەوی ( ١١ی شوباتی ١٩٦٦ ) دا باسی لەوە کردووە:( ئەمشەو تەق و تۆق عەجایب بوو . بەڵام هیچ ئەسەرێکی نەبوو ) . لە ١٤ی نیسانی هەمانساڵدا ، هەواڵی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە: ( ئەمڕۆ ئیزگەی بەغداد خەبەری دا ، کە دوێنێ ئێوارە لە سەعات حەوت و بیست دەقیقە یەعنی سەعاتێ

دوای مەغریب عەبدولسەلام عارف ( ١٩٢١- ١٩٦٦ ) و چەند کەسێکی تر لە تەیارە کەوتنە خوارەوەو وەفاتیان کرد ) . بەلاَم لە ١٧ی نیساندا دەنووسێت :( عەبدولڕەحمان عارف ( ١٩١٦- ٢٤ / ٨ / ٢٠٠٧ ) کرایە ڕەئیسی جمهوریە ). بەلاَم هەرکە دەگاتە مانگی ئاب و بەتایبەتی لە ( ٦ی ئابی ١٩٦٦ ) دا، هەواڵی دەست لە کار کێشانەوەی عەبدولڕەحمان بەزاز ( ١٩١٣- ١٩٧٣ )ی سەرۆك وەزیرانی عێراق تۆمار دەکات و دەنووسێت : ( عەبدولڕەحمان بەزاز ئیستیقالەی کرد ) و بۆ چەند ڕۆژێکی دواترو لە ٩ی ئابدا ، قسە لەسەر ئەوە دەکات کە:( ناجی تالیب ( ١٩١٧- ٢٠١٢ ) تەشکیلی وەزارەتی کرد ) . لێرەش بە دواوە ئەوەی کە زیاتر پەیوەست بێت ، بە ژیانی خۆی و بارودۆخی ئابووری خۆیەوە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژی و گلەیی گازندەیەکی زۆر لە وەزعی خۆی و حاڵی دەکات وەك دەنووسێت :( بە دەرەجەیەك وەزعی ئیقتصادیم تێك چووە . ئیقتدارم نەبوو پارەی شەکرو چای خواردنەکەم بدەم ، کە عیبارەت بوو لە یەك دینارو چوار سەد فلس )[٧٣].

هاوکات لە ڕاستیدا ڕۆژ ژمێرەکانی ( ١٩٦٧ ، ١٩٦٨ ، ١٩٦٩ )ی شتێکی ئەوتۆیان تیا نەبوو بنووسرێنەوە . کەچی لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) تەنها لە دوو سێ بڕگەیدا ، نەبێت بەهەمان شێوەی ئەوانەی پێشوو شتێکی ئەوتۆیان تیا نیە . تەنها ئەوە نەبێت کە لە ١١ی مارتدا نووسیویەتی: ( بەیان درا بۆ حکومی زاتی کوردستان الحمد لله وصلی الله علی سیدنا واله ) . هەروەها لە ( ٦ی نیسانی ١٩٧٠ ) دا ، هەواڵی مردنی کەسایەتی ناسراوی شاری خانەقین مەلا ئەحمەد فائیزی مودەریس ( ١٨٩٧ – ١٩٧٠ )[٧٤] ی دەسنیشانکردووە : (( وەفات مەلا ئەحمەد فائزی مودەریس لە ئێوارەی پێش مەغریب بە نیو سەعات )). دوا بڕگەش لە ( ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ ) دا نووسیویە ، سەبارەت بەخۆی وەك تیایدا هاتووە: ( ئەمڕۆ ئیمتیحان تەرفیعیم دا لە دیوانی رئاسەتی ئەوقاف لەگەڵ هەشت مەلای تردا ئەوانیش هەر بۆ تەرفیع بوو ) . کەچی ڕۆژ ژمێری (١٩٧١ ) شتێکی ئەوتۆی تیا نەنووسیوە، بەلاَم ئەوەی ساڵی ( ١٩٧٢ ) بەهەمان شێوە لەیەك دووشوێنك دا نەبێت کە نووسینی تیا تۆمارکراوە، ئیدی شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت ، بۆ نموونە لە ( ٢٩ی مارتی ١٩٧٢ ) دا ، باس لە کوڕو کچێکی خۆی دەکات ، کە ئەندامی ( یەکێتی قوتابیانی کوردستان ) بوون و لە بارەیانەوە نووسیویەتی :( ئیبراهیم و پەروین چوون بۆ شاری سلێمانی بۆ موئتەمەری ئیتحاد تەلەبە) . هەروەها لە ١١ی مانگی نیساندا باسی لەوە کردووە کە: ( ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی مەلا عەباس و سەید ئیبراهیم دا چووین بۆ ئاوایی سەوز بلاَخ بۆ دەعوەتی مەلا عەزیزی محەمەدی شاواز )[٧٥] . هاوکات بەسەریەکەوە هەردوو ڕۆژ ژمێری ( ١٩٧٣ ، ١٩٧٤ ) شتێکی ئەوتۆی تیایاندا نەنووسیوە، بەلاَم لەڕۆژ ژمێری ( ١٩٧٥ ) دا هەرچەندە بەکەمی ڕووداوەکانی نووسیوەتەوە. بەلاَم ئەوانەی کە تۆماری کردوون تا ڕادەیەك ، بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە لەوانە لە ( ٦ی مارتی ١٩٧٥ ) دا ، نووسیویەتی : ( ڕێك کەوتنی شای ئێران لەگەڵ نائب ڕەئیس جمهوری عێراقدا ) . بە چەند ڕۆژێك دواترو لە ( ١٣ی مارتی ١٩٧٥ ) دا بەڕوونی نووسیویەتی : ( وەقفی قیتال لەبەینی پێشمەرگەو حکومەت ). لە ٢٢ی مارتیشدا نووسیویەتی : ( ئینهیاری پێشمەرگە دوای بەیانی مستەفا بارزانی بە فڕێدانی چەك ) . دواتر لە ٣١ی مارتدا باس لە گەڕانەوەی کوڕێکی پێشمەرگەی دەکات بە ناوی ( ئیبراهیم ) ەوە، کە چۆن خۆی ڕادەستی حکومەت دەکات و چەك دادەنێت:( ئەمشەو ئیبراهیم لە ڕێگای سلێمانیەوە هاتەوە ). هەر لەهەمان کاتدا و بەهەمان بۆنەوە، بە خەمێکی گەورەوە دەنووسێت :( زۆر مانگێکی شوم بوو بۆ کوردی قوڕ بەسەر )[٧٦].

## تەوەری سێیەم/ دەستنووس و بەشێك لە نامەو خوتبەكانی مەلا عارف لە مزگەوتی مەجید بەگی شاری خانەقین :

جگە لە یاداشتە بایەخدارەكانی مەلا عارف ، كە زۆردڵنیاین لەوەی بەشێكی یەكجار زۆریان بە درێژایی ڕۆژگار تیاچوون ، چونكە ئەو زیاتر مێژوو و ڕووداوەكانی ڕۆژانەی لە دووتوێی ئەو ڕۆژ ژمێرانەدا ، تۆماركردووە ، كە بە بەردەوامی لە باخەڵی دابوون و هەندێك لەوانە نەماوون ، بەتایبەتی ئەوانەی كۆتایی سیەكان و سەرەتای چلەكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو ، كە ئەوكاتە ئەو وەك ئەندامێكی دیاری حیزبی هیوا لە ترۆپكی چالاكی و كاری ڕێخراوەیی دا بووە ، هاوكات مەلا عارف وەك كەسایەتیەكی ئایینی و لە بنەماڵەیەكی ناسراوی خوێندەواریی ڕۆژهەلاتی كوردستان و باشووریدا، بە سەریەكەوە كۆمەڵێك دەستنووس و بەیاز و بابەتی بە نرخ و گران بەها ، لە نێونامەخانەی بنەماڵەكەیاندا هەبووە و نەوە لەدوای نەوە ، توانیویانە سوودیان لێ وەربگرن و وەك كەرەستە یەكی خاوی مێژوویی ماونەتەوە ، هاوكات بەشێكی یەكجار زۆریشیان بە هۆی ئەو هەموو گۆڕانكاری و ڕووداوە جۆر بەجۆرانەی ، كە بەسەر باشووری كوردستان و ناوچەكەو بەتایبەتی شاری خانەقین دا هاتوون ، زۆرێك لە مانەش تیاچوون و بوونەتە خۆراكی ئاگردانە بێ ڕەحمەكانی مێژوو . بەجۆرێك دەكرێت ، هەموو ئەمانە بەسەر چەند بابەتێكی هەمە جۆردا دەستنیشان و پۆڵێنیان بكەین و وەك پێویست هەر هیچ نەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ناوی بەشێكیان بۆ بكەین . لەوانە : نامەی جۆر بەجۆر بە زمانی كوردی و عەرەبی و فارسی ، دەستنووسی جۆر بەجۆر بە هەمان ئەوزمانانەو لە بوارە گرنگەكانی زانستی فیلۆلۆجیا ( فقه ) ، نەحو ، سەرف و ڕەوانبێژی ( بلاغە ) ... تاد و هەروەها بە شێكی زۆریش لەوخوتبانەی دەگرێتەوە كە لە ماوەی بەر نوێژی و مەلایەتی كردنیدا ، بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی ، بەتایبەتی ئەوانەیان كە لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقین و هەموو ڕۆژانی هەینیەك بۆ كۆمەلانی خەڵكی خوێندۆتەوە و هاوكات بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی ناوەرۆكیانی شیكردۆتەوە . وەك ئەوەی هەریەك لەوانە لە شوێنی خۆیانداو بە پێی ناوەرۆك و تەمەنی مێژووییان ، تایبەت مەندیەكی بێ وێنەیان بۆ مێژوو مێژووی ناوچەكە هەیە و بە زۆریش دەستنووسەكانی خۆی و خانەوادەكەی بەپێی ئەوەی ئێمەمانان دیومانن و بەشێكیمان بۆكاری نووسین و بە دواداچوونی زانستی كۆپیی پێویستمان لە بەر گرتوونەتەوە ئەمانەن ، كە بەسەریەكەوە ، كردوومانەتە دووبەشەوە :

### یەكەم / دەستنووسەكانی نێو نامەخانەو ئەرشیفەكانی مەلا غارف :

١- **تهذیب الكلام** : ئەمەیان بریتی یە لە دەستنووسێكی زۆر بەنرخ ، كە بە زۆری بە خەتی مەلا یەحیای باوكی مەلا عارف نووسراوەتەوە و لە ناو یەكیشدا، وەك چوار دەستنووسی سەربەخۆ دێتەوە بەرچاو و هاوكات چوارجارو لە شوێنی جیاوازدا بۆ هەریەكەیان بە: ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دست پێ دەكات و لە كۆتایی یەكەمیاندا، كە بە ناونیشانی : ( رساله عقائد )ەوەیە ، بەسەر یەكەوە بریتی یە لە ( ٤٥ ) لاپەڕە ، بە زمانی فارسی نووسراوە : ( تمام شد نوشتن رساله عقائد لعمر النسفی اعلی الله درجته عصر پنجشمه ٢٥ شهر محرم حرام سنه ١٣٥٠ برای فرزندی عارف وفقه الله تعالی .. یحیی .. )[٧٧] ، كە ئەمەش بۆ خۆی زۆر بە ڕوونی دیارە ، كە ساڵی نووسینەوەی دەكاتە ( ١٩٣١ ) زایینی ، دووەمیشیان : كە لە ( ٣٢ ) لاپەڕەی چڕوپڕ تر پێك هاتووە و بە هەمان شێوەو هەر بە : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دەست پێ دەكات و

کۆتاییەکەشی هەر زۆر ڕوونە کە دەسخەتی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارفە ، بەهەمان شێوە بە زمانی فارسی نووسیویەتی : (( تمام شد کتاب تهذیب المنطق ازمؤلفات ملا سعید تفتازانی غفرالله لە تعجیب برای فرزندی عارف وفقە الله تعالی در اواخر عشر ثانی شهر رجب ١٣٤٩ صلی الله علی النبی محمد والە ) ، ئەمەشیان نووسینەوەی بەرانبەر بەساڵی (١٩٣٠ ) زایینی [٧٨] . بەڵام بەشی سێیەمیان کە لە ( ٢٢ ) لاپەڕەی دەستنووس پێك هاتووەو بەسەر یەکەوە پەراوێزێکی زۆریشی لەگەڵدا نووسراوتەوە ، هەر بە دەسخەتی مەلا یەحیا خۆیەتی و بە : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دەستی پێکردووەو لە کۆتایشدا بە زمانی فارسی نووسیویەتی : ( تمام شد رسالە وضع از مصنفات مرحوم ملا ابوبکر میر روستمی در شهر رجب ١٣٤٩ ) . بەڵام چوارەمیان کە ( ٢٥ ) لاپەڕەی تەواوە و کەمتر لەوەی پێشووتر پەراوێزی پێویستی بۆکراوە ، هەر لە دانراوەکانی مەلا ئەبو بەکری میر رۆستەمیەو وەك ئەوانی پێشووتر بە سەرەتا : ( بسم الله الرحمن الرحیم ) دەستی پێکردووە و بەهەمان شێوەی پێشوو هەر بە زمانی فارسی ولە کۆتایی دەستنووسەکە دا نووسیویەتی : ( تمام شد رسالة استعارة از مؤلفات ملا ابوبکر میر روستمی بتاریخ شهر رجب ١٣٤٩ )[٧٩] .

٢- **التجوید ومخارج الحروف** : ئەم دەستنووسە بە زۆری بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە و بەسەریەکەوە لە ( ١٩ ) لاپەڕەی تەواو پێك هاتووە ، بەڵام لە زۆربەی لاپەڕەکانی دا ، پەراوێزێکی ڕوون و چڕو پڕی وەك ڕاڤە و لێك دانەوە بۆ لێ تێگەیشتنی ناوەرۆکەکەی کراوە ، بەدڵنیاییەوە و بە پێی شێوازی خەت و نووسینەکەی ، لە نووسینی مەلا یەحیایە ، هاوکات لە کۆتایی زۆرێك لە لاپەڕەکانیدا ناوی ( یحیی ) بە ڕوونی نووسراوە [٨٠].

٣- **کتاب انموذج او شرح انموذج** : ئەم دەستنووسە گرنگە کە بە زۆری بە زمانی عەرەبی و لە هەندێك شوێنی دا فارسی تیا بەرچاو دەکەوێت و دەستنووسەکە زیاتر لە بواری زمانەوانی و زانستی نەحو سەرفدایە و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات : کتاب انموژج : بسم الله الرحمن الرحیم : الحمد لله الزی جعل العربیە مفتاح البیان ... الخ ). ئەمەش هیچ گومانێکی تێدانیە ، کە لە نووسینی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارف خۆیەتی و بەسەریەکەوە و بە پێی ژمارەی ئەولاپەڕانەی لە بەردەستدایە ، نزیکەی (١٩٠ ) لاپەڕەی قەبارە و شێوە مام ناوەندیە ، لە زۆر شوێنیشیدا بۆ لێ تێگەیشتنی ناوەرۆکەکەی ، تاڕادەیەك پەراوێزی زۆر گرنگی بۆ کراوە و وەك پێویست خوێندنەوەی بۆکراوە ، هاوکات لەدەیان شوێنیدا، بەتایبەتی لە پەراوێزەکانی دەستنووسەکەدا ناوی ( ملا یحیی ) بە خەتی شکستە نووسراوەتەوە . بۆ نموونە لە شوێنێکداو بە زمانی فارسی بە مۆری چاپکراوی مەلاعارف ، کە پێ دەچێت ئەویش هەر لە نووسینی مەلا عارف خۆی بێت نووسراوە : ( بتاریخ ڤهر روز چهار شنبە دوم شهر جمادی الپانیە سنە ١٣٤٥ ملا عبدالحکیم کیلە گلدنی درخانقین وفات یافت ). واتە لە مێژووی ڕۆژی چوارشەمەی دووەمی مانگی جەمادی دووەمی ساڵی ( ١٣٤٥) ی کۆچی ، مەلا عەبدولحەکیمی کیلە گلدەنی لە خانەقین کۆچی دوایی کرد ، ئەم مەلا عەبدولحەکیمەش بە پێی گێڕانەوەی ئایش خانی کچی مەلا سەید حەکیمی خانەقینی خەڵکی گەڕەکی ( پاشاکۆپری ) شاری خانەقین بوون و تەنها سێ کچی هەبووە، یەکێکیان ناوی ( حەمیدە ) بووە[٨١]. ساڵی مردنەکەشی بەرانبەر بە ساڵی زایینی دەکاتە ( ١٩٢٦ ) زایینی . هەروەها لە پەراوێزێکی تر داو هەر بە زمانی فارسی نووسراوە : ( سنندج شهریست محل و مرکزحکمران ولایت کردستان و مشهور است بە ( سنە ) اباد باد ) . واتە سەنەندەج شارێکە ، کە دەبێتە شوێن و ناوەندی فەرمانڕەوایەتی ویلایەتی کوردستان و بە

( سنە ئاباد ) بە ناوبانگە . هاوکات لە هەمان لاپەڕەو بە هەمان پێنووس و هەمان خەت کە هیچ گومانی تیادا نیە ، کە لە نووسینی مەلا یەحیایە و ساڵی ١٣٤٥ ی کۆچی بەرانبەرە بە ساڵی ( ١٩٢٦ ) نووسراوە : ( بتاریخ روز ضهار شنبة بیستم شهر صفر سنة ١٣٤٥ ختم شد نوشتن کتاب شرح انموذج از دست یحیی سنندجی برای نور ضشمی عارف اعطاه الله الکرامة الدارین مع سائر اولادی امین .. در خانقاه مرحوم شیخ عمر قدس سره در شهر خانقی .. یحیی ) . بەهەمان شێوەو هەر لە تەنیشتی نووسینەکەی مەلا یەحیاوە و بە زمانی فارسی نووسراوە : ( تمام شد کتاب انموذج از دست حقیر یحیی سنندجی در روز ضهار شنبة بیستم شهرالمظفر سنة ١٣٤٥ ) . دوا بەدوای ئەمەش مەلا یەحیا بەیتێك شیعری کوردی و تێکەڵ بە فارسی لە کۆتایی دەستنووسەکەیدا نووسیوە و ، تیایدا باسی لەوەکردووە ، کە ئەو بەسەد غەمزەو نازەوە کتێبێکی نووسیوە و پێوەی ماندوو بووە و شەونخونی بەدیارەوە کێشاوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێت ڕۆژێك دابێت بە نرخی پیاز بفرۆشرێت :

( کتابی نوشتم بصد غمزەو ناز

کە ترسم فروشند بنرخ پیاز )[٨٢].

٤- **تشريح الافلاك** : ئەم دەستنووسە کە بەسەریەکەوە لە (٣٤ ) لاپەڕە پێك هاتووەو پەراوێزی زۆری بۆ کراوە و بەزمانی عەرەبی نووسراوەو . لە ڕەسەندا لە نووسینی نووسەرێکە بەناوی : ( بەهادینی عاملی) یەوە ، وەك لە سەرەتاکانیدا دەنووسێت : ( فيقول الفقير الى الله الغنى بهاءالدين العاملى عفى الله عنه ) . بەلاَم ئەمەی کە لەناو دەستنووسەکانی مەلا عارف دایە ، زیاتر بەخەتی مەلا یەحیای باوکی مەلا عارف نووسراونەتەوە و وەك پێویست ڕاڤەو پەراوێزی بۆ نووسیوە [٨٣].

٥- **البلاغة ( الاستعارة )** : ئەمەش یەکێکە لە دەستنووسە گرنگەکانی نێو کتێبخانەکەی مەلا عارفی ئەردەڵانی و بەزۆری باس لە لایەنی ( ڕەوانبێژی ) دەکات و دەقە ڕەسەنەکەی بە دەستی ( عەبدوڵلا ئەورامانی ( دوور نیە هەورامانی بێت ) نووسراوەتەوە و ، بەسەریەکەوە پەراوێزێکی یەکجار دەوڵەمەندی بۆکراوە و لە ( ٣٥ ) لاپەڕەی قەبارە گەورە پێك هاتووە و سەرەتاو پێش ئەوەی بچیتە ناووردەکاریەکانی دەستنووسەکەوە ، بە لاپەڕەیەك پێشەکی و بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی لە سەر بە شەکانی : ( الاستعاره ) نووسراوەو بەسەر سێ بەشدا پۆلێنی کردووە . بۆ نموونە لە کۆتایی پێشەکیەکەیدا نووسیویەتی : ( حررته شهر محرم الخير سنة ١٣١٦ م ياضياء الدين ) ولەلایەکی تریشەوەو بە چەند دێڕیك پێش ئەوە بە زمانی کوردی نووسراوە : ( پیتکاری حاشیه ملا احمد فناری ) و بەم شێوەیە دەست پێ دەکات : ( بة بسم الله الرحمن الرحيم نستعين ) . لە کۆتایشدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە : ( قدتمت الرسالة المسماة الاستعارة بعون الملك الوهاب بيد الحقير الفقير اقل الطلاب عبدالله الاورامانى الاصل فى خدمة الاستاذ الكامل فى العلم والحلم الجناب السيد محمد صادق الكلنجى نصره الله الى مديد الزمان ياارحم الراحمين سنة ١٣٠٦ )[٨٤] .

٦- **علم الحساب** : ئەم دەستنووسەیان لە ( ١٠٦ ) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندی پێك هاتووەو بەزۆری لە بواری زانستی : ( بیرکاری ، ئەندازە ، جوگرافیا ، فەلەك ... تاد ) دایەو تابلێی دەستنووسێکی گرنگ و بایەخدارە و بە خەتێکی زۆر ڕوون و جوان نووسراوەتەوە ، کە هەڵدەگرێت لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی شارەزایانەی بۆ بکرێت ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە شارەزاو پسپۆری زانستی دەستنووسن . هاوکات ئەم دەستنووسە وەك چۆن لە بواری جۆر بەجۆری زانستی دایە ، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکی جیاواز

نووسیویانەتەوەو هەیەکەو بە پێی ئەزموون و تایبەتمەندی خۆی لە سەر بابەتەکەو وردەکاریەکانی دواوە و بە درێژایی ڕۆژگار و لە شوێنی پێویستدا پەراوێزیان بۆ کردووە .

## دووەم / خوتبەو نامەکانی نێو دەستنووسەکانی مەلا عارف :

١- **خوتبەکانی** : زۆربەی زۆری خوتبەکانی مەلا عارف بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسراونەتەوە و زیاتر ئەوانەیان دەگرێتەوە ، کە تائێستا ماونەتەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئیمامت و وتاری داوە لە مزگەوتی ( مەجید بەگ ) ی شاری خانەقین دا بۆ کۆمەلانی خەلك و دانیشتوانی شارەکە ، لەگەل ئەوەشدا بەشێکی زۆرکەمیان نەبێت ، مێژوو و سالی وتنەوەیان دیاری نەکراون و ژمارەیەکی یەکجار زۆریشیان بەهۆی هەستیاری ناوچەکەو شارەکەوە ، نەتوانراوە وەك پێویست ئەرشیف بکرێن و لەناو چوون بپارێزرێن ، بەلام بەزۆری هەموو خوتبەی ئاساین و تەنها وەك ڕێنمایی و ئیرشاد کردنی کۆمەلانی خەلك ئامادەی کردوون . وەکیتر زیاتر بایەخ و گرنگیشیان لەوەدا دەردەکەوێت ، کە لە شارێکی وەك خانەقین دا ، کە بەبەردەوامی پرۆسەی تەعریب و چاودێری وردی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی عێراقی لەسەربووە ، کەچی ئەو توانیویەتی خوتبەکانی خۆی لە قۆناغ و ماوەیەکی دوور و درێژدا بە زمانی کوردی بلێتەوەو بە زمانێکی کوردی پاراو بیان نووسێتەوە و بەزۆری بۆ هەریەکەشیان کورتەیەکی بە زمانی عەرەبی کردۆتە پاشکۆ ، هەرچەندە لە کاتی نووسینەوەو تۆمارکردنیانی دەقەکوردیەکانی دا کۆمەلێك زاراوەو وشەی عەرەبیان تێ کەوتووە .

٢- **نامەکانی** : بەزۆری و بەسەریەکەوە بریتین لە: کۆمەلێك نامەی جۆر بەجۆر بەزمانەکانی : کوردی ، عەرەبی و فارسی و هەریەکەشیان لە هەلومەرج و قۆناغێکی جیاواز و تایبەتدا نووسراون و هاوکات زیاتر پەیوەندیان بەبابەت و بۆ مەبەستی دیاری کراو نووسراون و تەنها لە دەست نووسی مەلا عارف نین ، بەلکو بەشێکیان هی باپیری واتە مەلا عەبدولعەزیز و ئەوانی تریشی بەزۆری لە نووسینی مەلا یەحیای باوکی و هاوکات بەشێکی زۆریشیان لە نووسینی مەلا عارف خۆیەتی یان لە خەلکانی ترەوە بۆی هاتوون و لە نێو دەستنووس و ئەرشیفەکانیدا کەلەکە بوون ، زۆر دلنیاشم لەوەی ، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆریان بە درێژایی ڕۆژگار و بە هۆی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەوە لە ناوچوون و یان بوونەتە خۆراکی ئاگردانەکان و بە جۆرێك هەل دەگرن لێکۆلینەوەو بابەتی سەربەخۆیان لە سەر بنوسرێت ، وەك لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەریان و . بە جۆرێك لێرەداو وەك نموونەیەك ، لێکۆلینەوەکەمان بە دەقی نامەیەکی مەلا ئەحمەدی فائیزی مودەریس ( ١٨٩٧ -١٩٧٠ ) ، کە ئیمام خەتیبی مزگەوتی گەورەی شاری خانەقین بووە کۆتایی پێ دێنین، کە بەزمانی کوردیەو لە کاتی خۆیدا بۆ مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقینی نووسیوە. بەلام لە ئیمزای خۆی زیاتر ڕۆژ و سالی نووسینەوەی بەسەرەوە نیەو بەم شێوەیە :

( سعادەت مەئاب نەجابەت ئیکتیساب ...

جەنابی مەلاعارف پاش تەقدیمی ئیحترامات لایقەن عرضم ئەمەیە ، کە سماعە بچووکەکە ڕەوانە بفەرمووی ، بە ئەمانەت بۆ حوسەینیە ، چەند ڕۆژێ بە موناسەبەتی تەعزیەی موحەڕەم . ئیتر سەلەفا تەشەکورت ئەکەین ، بژیت بە سەربەرزی دینو دنیا ... ئیمزا : ئەحمەد فائیزی مودەڕیس... )[٨٥] .

## لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان :

١- مەلا محەمەدی جوانڕۆیی : مەلا محەمەدی کوڕی مەهدی کوڕی هادی کوڕی محەمەد سادقی حوسەیینی ..... جوانڕۆیی ( ١٢٨٥ ك - ١٣٥٧ ك / ١٨٦٨- ١٩٣٨ ) زانا و کەسایەتیەکی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە ، لە ناوچەی هەورامان و شار و دێهاتەکانی : ( سنە ١٣١١ی کۆچی - ١٨٩٣ی زاینی ، دشە ١٣١٢ی کۆچی - ١٨٩٤ی زاینی ، کەسنەزان ١٣١٥ی کۆچی - ١٨٩٧، کەوڵە ١٣١٨ ی کۆچی - ١٩٠٠ی زاینی ) . کە تیایاندا بەزۆری سەرگەرمی تەدریس و خوێندن بووە، هەروەها سەبارەت بەدێهاتەکانیش بۆ نموونە لەگەڵ تەواوکردنی هەر نووسینێکیدا لەپەراوێزیاندا ، بە ڕوونی نووسیویەتی : ( قریة من محال کردستان حینما کنت مدرسا عام او سنة ....الخ ) ، پاشان لە دەوروبەری شاری جوانڕۆوە هاتۆتە گوندی بیارەی باشووری کوردستان و ماوەیەك ، لەوێش وەك لە پەراوێزی زۆرێك لە دەستنووسەکانیدا دەردەکەوێت ، سەرگەرمی تەدریس و نووسین و زانستە شەرعیەکان بووەو هەر لێرەوە و : ( لە کۆتایی ژیانی شێخ عومەری زیائوددیندا، بەفەرمانی ئەو لە بیارە و ناوچەی هەورامانەوە هاتۆتە گەرمیان و لای حەسەن بەگی سلێمان بەگی جاف سەرگەرمی تەدریس و ئیمامەت بووە ) ماوەیەکیش هەر لە گەرمیان و لە کەلاری کۆنی ئەودەمانەدا نیشتەجێ بووە و بەپێی پەراوێزی بەشێك لە دەستنووسەکانی بۆ ماوەیەکیش چۆتە شاری کەرکووك و لەساڵانی دواترداو هەر لە کەلار ، بەخت وا یاوەری دەبێت ، لەگەڵ تەیبەخانی کچی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ قادری ( ١٨٩٧- ١٩٧٦ ) کەلار دا ، ژیانی هاوسەریی پێکەوە دەنێت و دواتر لە گەرمیان و ناوچەی بنکورە و تەنانەت شاری خانەقین دا بە: ( حاجی مەلا محەمەد ) شۆرەت و ناوبانگی ڕۆیشتووە . لە ( ١٩٣٨)دا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) نێژراوە . بڕوانە : ( دەستنووسەکانی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی لە ئەرشیفی نووسەردایە ) .

٢- مەلاسەید حەکیمی خانەقین : ساڵی ( ١٨٩٢ ) لە گوندی ( هویە ) ی سەر بە شاری سنە لەدایك بووە، بەمەبەستی خوێندن زۆر ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەلات و باشووری گەڕاوەو وەکو ئەڵێن : لای مەلا گچکەی هەولێر ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە و بۆ یەکەمین جار لە شارۆچکەی ( قزرابات ) و مزگەوتی مەحموود پاشای جاف دامەزراوە، پاشان چۆتە خانەقین و لە مزگەوت و تەکیەی ( شێخ فەتاح ) بۆتە ئیمام و خەتیبی ئەو مزگەوتە . هاوکات دەرسی بە خوێندکارەکانی وتۆتەوە و هەر لە شاری خانەقیندا ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە ، وەکو چالاکی و کاری سیاسی لە دەستەو ئەندامە سەرەتاییەکانی حیزبی هیوا و پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی ڕزگاری کورد بووە لە ( ١٤/ ١٢/ ١٩٥٧ ) دا هەر لە خانەقین کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) نێژراوە . بڕوانە : ئەحمەد باوەڕ ، دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق و ئێراندا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چ٢ ، ( سلێمانی : ٢٠١٤ ) ، ل.٢٠٧

٣- مەلا محەمەدی قزڵجەیی : ساڵی ( ١٨٩٥) دا لە ( مەهاباد ) دایك بووە ، باوکی مامۆستای مزگەوت بووە لە هەمان شار و هاوکارێکی سەرەکی سمکۆی شکاك بووە سەرنووسورو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ( کورد )ی زمانحاڵی شۆڕشەکەی بووە ، پلەکانی خوێندنی لە نێوەندی بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێکردووە و بۆ خوێندن زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەك ، چۆتە میسر و لە قاهیرە خوێندوویەتی . پاش گەڕانەوەی لە شاری بەغدا نیشتە جێ بووە ، لێرە بە دواوە سەرگەرمی تەدریس و وانە وتنەوە بووە ، سەرەڕای دانانی کتێب گەلێك نووسین و بابەتی هەمەجۆری لە گۆڤارە بە رچاوەکانی ئەوکاتەدا بلاّو کردۆتەوە و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شیعری نووسیوە ، لە کۆلێژی شەریعەی شاری بەغدا دەرسی وتۆتەوەو لە مزگەوتی حوسێن پاشاو شبلی پێش نوێژی کردووە . لە ( ١٤ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) دا کۆچی دوایی کردووە : بڕوانە : ( عومەر عەبدولعەزیز ، مەلا محەمەدی قزڵجەیی زاناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس ١٨٩٥ -١٩٥٩ ، ( سلێمانی : ٢٠١٥ ) ، ل ٢٥- ٧٤ ، عبد الکریم محمد المدرس ، علماؤنا فی خدمة العلم والدین ، عنی بنشره : محمد علی

القرداغی ، ( بغداد : ١٩٨٣ ) ، ص ٥٢٢- ٥٢٣ ، کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ( بەغدا : ١٩٧٨ ) ، ل ٧٩ ، بابا مردوخ روحانی ، تاريخ مشاهير كرد ، ( تهران : ١٣٨٢ ) ، ل ٣٩٢ – ٣٩٣ ) .

٤- مەستورەی کوردستانی ، مێژوی ئەردەلان ، وەرگێڕانی : مامۆستا هەژار، ( تهران : ١٣٨١ ) ، ل ٦٥ ، ٦٧ ، ٧١ .

٥- شێخ محەمەدی خاڵ : ساڵی ( ١٩٠٤ ) لە سلێمانی لە دایك بووە ، قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی پاش مردنی باوکی هەر لەم شارەو لە ژێر چاودێری شێخ ئەمینی خاڵدا دەست پێکردووە، دوای مردنی بۆتە جێنشینی و بەمەبەستی خوێندن چۆتە وڵاتی میسر . لە زۆر شارو شارۆچکەی کوردستاندا قازی بووە . هاوکات ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق و زانیاری کورد و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە ، لە تەمەنی ( ٨٥ ) ساڵی و لە ( ١٩٨٩ ) دا کۆچی دوایی کردوە ، لە بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی و عەرەبی : تەفسیری خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ، پەندی پێشینان ، موفتی زەهاوی ، البيتوشی ، الشيخ معروف النوديهی ، بابا تاهیری هەمەدانی ، ناڵەی دەروون ، فەلسەفەی ئایینی ئیسلام ، سەید جەمالە دینی ئەفغانی ، مەلا محەمەدی خاکی بڕوانە: ( بابا مردوخ روحان ، تاريخ مشاهير كرد ، جلد دوم ، ( تهران : ١٣٨٢ ) ،ل ٥٤٨- ٥٥٠ ) .

٦- مەلا محەمەد سەعیدی دێلێژەیی : ساڵی ( ١٨٨٦) لە بنەماڵەیەکی ئایینی شاری سلێمانی لە دایك بوە و لای باوکی قورئانی پیرۆز و زۆربەی زانستە شەرعیەکانی خوێندوە و دوای تەواو کردنی خوێندن لە مزگەوتی (خوم خانە) ی سلێمانی دامەزراوە . بەڵام زوو تووشی نەخۆشی ئەبێ و لە ( ١٩٤٥ ) دا مردوە . بڕوانە :( عبد الكريم المدرس ، علماؤنا فی خدمة العلم والدين ، ص ٥٣٩ -٥٤٠ ).

٧- شەجەرەیەکی دەستنووسی مەلا عارف ، بە ئیمزای خۆی و لە ( ٢٧ / ٥ / ١٩٧٣ ) دا نووسیویەتی .

٨- دەقی نووسینی ئەو ئیجازەیەی مەلا عارف بەخۆم لە بنەماڵە کەیانەوە وەرم گرتوە ( ا - ب نووسەر ) .

٩- سەردانی مەیدانی نووسەر بۆ سەر ئارامگای مەرحووم مەلا محەمەدی جوانڕۆ ، خانەقین ٢٢/ ٥ / ٢٠١٣ .

١٠- دەستنووسێکی مەلاعارف ، ٢٧ / ٥ / ١٩٧٣ .

١١- دیدەنی لەگەڵ مەلا ئازادی کوڕی مەلا عارفدا ، خانەقین ٢/ ٥ / ٢٠١٤ .

١٢- هوزان باجلان ، فی ذكرى الثامنة لرحيل مفتی خانقين والعالم الجليل ملا عارف يحيى ، خانقين ( جريدة ) ، جريدة ثقافية سياسية عامة ، العدد ( ٣٠ ) ، ٢٠٠٧ .

١٣- مستەفا نەریمان : چای و چا نەخۆرەکانی خانەقی ، هاوکاری ( ڕۆژنامە )، ژمارە ( ٨٦٢ ) ، ٢٣/ ١٠ / ١٩٨٦ .

١٤- انظر : مديرية الاعاشة العامة ، هوية توزيع خبز الاعاشة ، رقم الهوية ( ١١٧ ) ، رقم المخبز ( ١٠ ) .

١٥- دەستنووسە تایبەتەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیا .

١٦- دفتر الخدمة العسكرية ، الرقم ٣٦٧ ، رقم التسلسل ( ٢٣ ) ، اسم اللجنة : تجنيد خانقين ، الاسم : عارف ابن يحيى ، المهنة : طلبة العلوم الدينية ، طبع فی مطبعة الحكومة ، ( بغداد : ١٩٣٩ ) ، ص ٤ .

١٧- دەستنووسە تایبەتەکانی مەلا عارفی مەلا یەحیا .

١٨- عەلائەدین سەجادی ، ڕشتەی مرواری ١ ، ( چاپی ئێران : ١٣٨٦ ) ، ل٣٠٣ ، ڕشتەی مرواری ٢ ، ل ٨٩١ .

١٩- بیرەوەری و دەستنووسەکانی مەلا عارفی مەلا یەحیا .

٢٠- هوزان باجلان ، فی ذكرى الثامنة لرحيل مفتی خانقين والعالم الجليل ملا عارف يحيى ، جريدة خانقين ، المصدر السابق.

٢١- دیدەنی لەگەڵ مەلا ئازادی مەلا عارف ، خانەقین ، ٤ / ٣ / ٢٠١٥ .

٢٢- هوزان باجلان ، فی ذکری الثامنة لرحیل مفتی خانقین والعالم الجلیل ملا عارف یحیی ، جریدة خانقین ، المصدر السابق ، دیدەنی تایبەت لەگەڵ مەلا ئازاد مەلا عارف ، خانەقین ، ٤/ ٣ / ٢٠١٥ .

٢٣- ڕەشید باجەلان : لە ساڵی ( ١٩٢٠) دا لە گوندی ( تازە شار ) ی ناوچەی ( بنکوورە ) لە دایك بووە ، خوێندنی سەرەتایی ، ناوەندی و دواناوەندی و قۆناغی زانکۆیی لە خانەقین و بەعقوبە و بەغدا تەواو کردووە، لەگەڵ عەزیز پشتیوان و محەمەدی ئەمین دەربەند فەقەرەیی و چەند کەسێکی تردا حیزبی ( برایەتی ) یان دامەزراندووە، دوای هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کردووە ، بە حیزبی ( هیوا )ەوەو لەڕێگای هەریەك لە سەید تاهیری هاشمی و ئیبراهیمی نادرییەوە پەیوەندیەکانی نێوان هیواو لقی ( ژ . ك ) لە ناوچەی کرماشان و کەلهوڕ هاتۆتە کایەوە ، دوای هەڵوەشانەوەی هیوا لە ( ١٩٤٥) دا ، بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنی ( حیزبی ڕزگاری کورد ) ی کردووە و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، لە ( ١٦ی ئابی ١٩٤٦ ) دا لە دەستەی دامەزرێنەرانی ( پارتی دیموکراتی کورد ) بووە لە بەغداو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە ، جگە لە چالاکی حیزبی ماوەیەك پارێزەری و حاکمی شارەکانی : خانەقین ، بەعقوبە ، کەرکووك ، شارەبان ، بەسرە ، حللە ، عیمارە ، کازمیە ، روسافە بووە و لە حوزەیرانی ( ١٩٨٣ ) دا خانەنشینکراوە و لە ( ١٩٨٨) دا دووبارە هێنراوەتەوە ناوژیانی وەزیفی و کراوەتە قازی دادگای تاوانەکان و لە کۆتایی ( ١٩٩٢ ) دا دەسبەرداری وەزیفە بووە، پاشماوەکانی ژیانی بە خوێندنەوە بەسەر بردووە و لە ( ١٦ شوباتی ٢٠٠١ ) دا ، لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە بڕوانە: ( سدیق ساڵح ، لە کتێبی : بەهار ڕەشید باجەلان ، ڕەشید باجەلان تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی ١٩٢٠-٢٠٠١، ( سلێمانی : ٢٠٠٩ )، ل ١٣- ١٦ ) .

٢٤- عەزیز پشتیوان : ساڵی ( ١٩١٢ ) لە گوندی ( پیران ) ی سەر بەخانەقین هاتۆتە دونیاوە ، خوێندنی سەرەتایی ، ناوەندی ، دواناوەندی و خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە . لە ( ١٩٣٢ ) دا بۆتە مامۆستاو بەهۆی پەیوەندی سیاسیەوە بۆ باشووری عێراق دوورخراوەتەوە، لە (١٩٣٧) گەڕاوەتەوە خانەقین . ئەندامی یانەی سەرکەوتن ، پارتی هیواو دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ، لە ( ١٩٥٩ )دا ئەندامی کۆنگرەی مامۆستایانی شەقلاوە بووە ، لە ( ٧ی ئابی ٢٠٠١ ) دا کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : ( مستەفا نەریمان ، مامۆستا عەزیز پشتیوان و ٨٢ ساڵی تەمەنی تێکۆشان و کوردایەتی ، ڕەنگین ، ژمارە ( ٦٥ ) ، ١٩٩٤ ، ل ٨- ٩ ، محەمەد فاتح ، پەرەسەندنی ژیانی سیاسی لە کوردستانی باشوور ، ( هەولێر : ٢٠١٤ )، ل ٣٩٢- ٣٩٣ ) .

٢٥- مەلا ئەحمەدی دەککە : کوڕی مەلا عەبدوڵڵا ئیبراهیمە ، ساڵی ( ١٨٨٠ ) لە گوندی ( پرێس ) ی سەر بە ( هەڵەبجە) لەدایك بووە ، لە زۆر ناوچەی کوردستان خوێندوویەتی لەوانە بیارەو کەرکوك ، یەکێك لە مامۆستاکانی مەلا مەحموودی مەزناوی بووە و لە ( گەلاوێژ ) دا بەرهەمی بڵاو کراوەی هەیە ، ماوەیەکیش لە کەلار و ناو بەگزادەکانی جافدا ماوەتەوە و بەکاری تەدریس و ئیمامەتەوە سەرگەرم بووە ، دواتر چۆتە گوندی ( دەککە ) ی حاجی برایم بەگی جاف و تا ( ١٩٥٨ ) لەوێ ماوەتەوە ، پاشان چۆتە خانەقین و لە ( ١٥ی ئەیلولی ١٩٥٩ ) دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ( پاشا کۆپری ) نێژراوە . بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی ، ئەلبوومی کەشکۆڵ ، ب ١ ، ( هەولێر : ٢٠٠٨ ) ، ل ١٧٨- ١٨٠.

٢٦- ئەحمەد باوەڕ، خەباتی سەربازێکی ون لە پەراوێزی کوردایەتیدا ، ڕامان ، هەولێر ، ژمارە ( ١٨٠) ، ٢٠١٢ .

٢٧- مستەفا نەریمان : ساڵی ( ١٩٢٥ ) دا لە کفری لەدایك بووە ، بەڕەسەن لە بنەماڵەی پیر خدری شاهۆن و خوێندنی سەرەتایی ، ناوەندی و دواناوەندی لەکفری و کەرکوك تەواوکردووە ، پاشان خانەی مامۆستایان لە بەغدا و لە گەلێ شوێنی وەك : کەلار، کفری ، کەرکوك و بەغدا مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە ، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی چەندین کتێب و نووسین لە بواری جیاوازدا ، ئەندامی ( هیوا ) بووە و، دوای خانەنشین بوونی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا

کاری کردووە و لە ( ٢٧/ ٥/ ١٩٩٥ ) دا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە بڕوانە: ( مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ( بەغدا : ١٩٩٤) ، ل ٢٤، جمال بابان ، اعلام کرد العراق ،( السلیمانیة : ٢٠٠٦)، ص ٨٠٤ ) .

٢٨- مستەفا نەریمان ، چەردەیەك لە بیرەوەریەکانی مامۆستا ڕەشید باجەلان ، ڕەنگین، ژمارە ( ٦٠ ) ، ساڵی چوارەم ، ١٩٩٣ ، ل ٤٢ .

٢٩- دەروێش حوسێنی خانەقین : ساڵی ( ١٨٩٥ ) لە سنە لە دایك بووە. خوێندنی لە حوجرە تەواو کردوە و دواتر هاتۆتە سلێمانی و هەندێ جار بە ( فەقێ) ناسراو بووە. لەسەردەمی لاویەوە کەوتۆتە خانەقین و ماوەیەك ( کانتینچی ) بوە لە کۆمپانیای نەوت . لە کارو پیشەی دەستیدا بەناوبانگ بووە. یەکێك بووە لەوانەی خەڵکی ناوچەی ( بەمۆ ) و ( بێلولە) ی فێری دروستکردنی خەڵوز کردووە ، کە بۆتە هۆی چاك بوونی گوزەرانیان ، لە دوای خۆی کۆمەڵێك شیعر و دەستنوس و یاداشتنامە و کتێبخانەیەکی بە جێهێشتووە . لە ( ١٥ / ١١ / ١٩٧٨ ) دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: ( ئیبراهیم باجەلان، ڕزگارکردنی شێخ مەحمودی نەمر لە یادداشتەکانی دەروێش حسێن دا١٩٤١ ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٢١ ) ، ئاداری ١٩٨٩، ل ١٩٤ — ١٩٥ ) .

٣٠- حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە: کوڕی گەورەی سلێمان بەگی کوڕی حەمە پاشای جافە ،ساڵی ( ١٨٨٧) هاتۆتە دونیاوە ، خوێندنی لە ناوەندە ئاینیەکانەوە دەست پێکردووە، وەك کەسایەتیەکی خواناس و هاوکاری هەژارو لێقەوماوان ناسراوە ، لە ژیانیدا دووژنی هێناوە یەکەمیان : مەنیجە کە لە هۆزی باجەلان بووە و سێ کچی لێ بووە ، دووەمیان : شەمسەخانی کچی جەمیل بەگی جاف و لە نەوەی ( عادیلە خان ) ی خێزانی ( وەسمان پاشا ) بووە و دووکوڕی لێ بووە بەناوەکانی : عەبدولقادر بەگ و حەمەڕەشید بەگ لە ( ١٩٥٢ ) دا کۆچی دوایی کردووە بڕوانە : ( دەستنووسێکی سەروەتی عەبدولقادر بەگی کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە ) .

٣١- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٤٧ ) کە لە دەستنووسی مەلا عارفە .

٣٢- ساڵح جەبر : ساڵی ( ١٨٩٥ ) لە ناسریە لەدایك بووە ، سیاسیەکی عێراقی سەردەمی پاشایەتیە ، لەوماوەیەدا ، گەلێك پلەو پایەی گرتۆتە ئەستۆ . هەر لە موتەسەریف ، وەزیر ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و پیران و ماوەیەکیش بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، دوای دەست لە کارکێشانەوەی نوری سەعید لە وەزارەتەکەی ، لەسەر ڕاسپاردەی وەسی لە( ٢٩ / ٣ / ١٩٤٧ )دا وەزارەتێکی نوێی پێك هێنا ، لە سەردەمی ئەودا پەیماننامەی پۆرتسمۆسی ١٩٤٨ لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆرکرا، کە بووە هۆی نارەزایی خەڵك و ڕوخانی حکومەتەکە لە ( ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٥) لە بەغدا مردووە .انظر : ( خالد محمد جنابی ، الدستو ( جریدة )، ٢٨ کانون الثانی ، ٢٠١٤ ) .

٣٣- موشی حایی : بەڕەسەن جوولەکەی خانەقین بووە . سەرەڕای ئەوەی گەورە بازرگان و دەوڵەمەندێکی شارەکە بووە ، هاوکات وەك خەڵکی خانەقین لە بارەیەوە دەڵێن : یارمەتی دەرێکی باشی هاولاتیان و چینی هەژاربووە ، لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەندامی لقی : خانەقینی کۆمەڵەی تەفیز — جمعیة تفیض ) بووە، لەگەڵ کەسایەتیەکانی وەك : سەعید محەمەد بەیرەقدار ، ڕەشید باجەلان ، شەفیق محموود ڕەسوڵ ، حسن علی یاوەر ، حەقی مەلا شەهاب ، ئیسماعیل حەبیب ، عەبدولباقی ئەرنائوتی : انظر: ( عزیز یاور، التعلیم و فصول من تاریخ مدارس خانقین ١٨٨٧- ٢٠٠٧ ، ( السلیمانیة : ٢٠٠٩ ) ، ص ١٠٦- ١٠٧ ) .

٣٤- ابراهیم باجلان ، المناضل رشید باجلان من رواد الحرکة التحرریة الکردیة الاوائل ، فی کتاب : بەهار ڕەشید باجەلان ، ڕەشید باجەلان ١٩٢٠ — ٢٠٠١ ، تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی ،( سلێمانی : ٢٠٠٩ ) ، ص١٠١ .

٣٥- صدیق صالح و حسین حسن کریم ، مذکرات محمد محمد امین دربند فقریی ، تقدیم : کمال مظهر احمد، ( السلیمانیة : ٢٠٠٧ ) ، ص ١٦ ومابعدها .

٣٦- صديق صالح و حسين حسن كريم ، مذكرات ، المصدر السابق ، ص ٨٧ .
٣٧- ڕێزان عەبدولعەزیز پشتیوان ، ڕاپەڕینی خانەقی لە ساڵی ١٩٤٨ دا ، لە کتێبی : بەهار ڕەشید باجەلان ، ڕەشید باجەلان ١٩٢٠ – ٢٠٠١ ، ل ٦٥- ٦٦ .
٣٨- ڕۆژ ژمێری واتە ( مفكره) ساڵی ( ١٩٤٨ ) ی مەلاعارف .
٣٩- مەلا محەمەدی شەمێرانی : بە پێی شوناسنامەکەی لە ( ١٩٠٠ ) و بەپێی گێڕانەوەی خۆی بۆ نەوەکانی لە ( ١٨٩٨ ) دا لەدایك بووە ، ماوەیەك لە خانەقین و لای حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆ خوێندویەتی . ماوەیەك لە ئاوایی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگ و شاری خانەقین مەلایەتی و بەر نوێژی کردووە ، لە( ١٩/ ٥ / ١٩٨٢ ) دا وەفاتی کردووە .( دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ، خانەقین / ٥/ ٣ / ٢٠١٥ ) .
٤٠- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٤٩ ) ی مەلاعارف ، مانگی کانوونی دووەم .
٤١- ئەمە دەبێتە برای دکتۆرە ئەختەر شێخ نەجمەدینی شێخ شەمسەدینی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێشوو لە ئیدارەی سلێمانی .
٤٢- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٤٩ ) ی مەلاعارف ، مانگی تەمووز .
٤٣- شێخ وەهابی تاڵەبانی ( ١٨٨٧- ١٩٧٢ ) بە پێی دەستنووسێکی شێخ عاسی کوڕی ( ١٩٣٢- ٢٨/ ١١ / ٢٠١٤ ) لە کۆی ( ٧ ) ژن ، کە هەیبووە ، جگە لە کچ ( ١٥ ) کوڕی لێیان هەبووە بەم ناوانەوە : محەمەد نەجیب کە لە ئاوایی ( سیامەرۆ ) دانیشتووە ، حوسێن و فازیل و نازم لە ئاوایی ( قەرەبلاخی گەورە ) دانیشتوون ، فاتیح و فەریق لە ئاوایی ( بان ئاسیاو )دانیشتوون ، فایەق دانیشتووی ( ئاوبارە ) بووە ، هەروەها هەریەك لە : محەمەد ، عادیل ، کەمال ، سەفاو ، عاسی ، جەلال ، فەزلەدین و فەرەیدوون لە ئاوایی ( غێدان )ی ناوچەی بنکوورە دانیشتوون . بڕوانە : ( دەستنووسێکی شێخ عاسی کوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی کەلای نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە پارێزراوە ) .
٤٤- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥١ ) ی مەلاعارف .
٤٥- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە ، خانەقین ، ٢٢/ ٢ / ٢٠١٥ .
٤٦- بۆ ساغکردنەوەی ئەم ڕووداوە لە دوو دیدەنی تایبەتدا هەر دووکچی گەورەی مەلا سەید حەکیمی خانەقین واتە ئایش ( لە دایك بووی ( ١٩٣٨ ) لە شاری هەولێرو و خەدیجە ( ١٩٣٩ ) لە سلێمانی دەڵێن : باوکمان هەر لە سەردەمی گەنجی و ژیانی فەقێیەتیدا لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان و ناوچەی سنە لاقێکی سەقەت بوو بوو ، زۆر بەناڕەحەتی دادەنیشت و بەڕێدا دەڕۆیشت جگە لەوەش بەردەوام ، ئازارێکی زۆری هەبوو ، بۆیە ئەو نەشتەرگەریەی لە بەغدا بۆ کرا، هەرچەندە نەبووە مایەی چارەسەرکردنی . بەڵام ئازارەکەی کەمی کرد . دیدەنی لەگەڵ دەرخشانی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، سلێمانی ، ٥ی نیسانی ٢٠١٤ ، دیدەنی لەگەڵ ئایشی کچی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ، هەولێر ، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤ .
٤٧- محەمەد ئەحمەد بەیاتی : ساڵی ( ١٩٢٣ ) لە خانەقین لەدایك بووە ، دوای تەواو کردنی پلەکانی خوێندن و کۆلێژی فرۆکەوانی بۆتە ئەفسەر و لە هەمانکاتدا ، ئەدیب و دەستی نووسینی شیعری هەبووەبە تایبەتی بە عەرەبی ، وەك ئەوەی لە ساڵی ( ١٩٤٢ ) دا دیوانێکی شیعری بەناوی ( رسمی ) دوە بلاوکردۆتەوە . لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە ، پەیوەندی کردۆتە ڕیزەکانی حیزبی هیواوە لە خانەقین و لەگەڵ ئەوەشدا شاعیری کورد شێخ بابا عەلی بێداری لە نزیکەوە ناسیوە و بە هۆی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشی بارزانی ( ١٩٤٣- ١٩٤٥ )دوە ماوەیەك زیندانی کراوە، دواتر گەڕاوەتەوە سەرپیشەکەی خۆی . لەگەڵ هەریەك لە ڕەشید باجەلان و محەمەد محەمەد ئەمینی دەربەندفەقەرەدا، بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندیان بە کەسێکی جوولەکەوە بووە بە ناوی ( ساڵحۆن )دوە ماوەیەکی دی دەستگیرکراوەو لە ڕوداوێکی تەم و مژاویدا بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەیەوە لە ( ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٥٤) دا ، گیانی سپاردووە.

بڕوانە : ڕێزان عەزیز پشتیوان ، بە سەرهاتی خانـەقین و ئـەنفال ،( هـەولێر : ٢٠١١ )، ل ٩٢ - ٩٥ ، صـدیق صالح و حسـین حسن کریم ، مذکرات ، ص ١٣٩ - ١٤٠ .

٤٨- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٤ ) ی مەلاعارف .

٤٩- شەجەرەی بنەماڵەی مەلا عارفی مەلا یەحیا کە بە دەسخەتی خۆی نوێ کراوەتەوە ، دیدەنی لەگەڵ مەلا ئازادی مەلا عارف و سەید مەحموودی شێخ ئەحمەدی سنەیی . ٢٤/ ٢ / ٢٠١٥ .

٥٠- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٦ ) ی مەلاعارف .

٥١- ڕژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٧ ) ی مەلاعارف .

٥٢- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٧ ) ی مەلاعارف .

٥٣- عەلائەدین سەجادی ، ڕشتەی مرواری ١ ، چاپی ئێران ، ١٣٨٦ ، ل ٤١٥ — ٤١٧ .

٥٤- مەلا عەزیزی محەمەد شاواز ، ڕۆژ ژمێری ( ١٩٥٨) ، ( لای نووسەری ئەم بابەتە پارێزراوە ) .

٥٥- محەمەد ئەمین بەگی جاف : ساڵی ( ١٩١١) لە ( قەڵای شێروانە ) ی شاری کـەلار هاتۆتـە دونیـاوە و نازنـاوی شـیعری ( مینە) بووە ، دوای ئەوەی ژیانی هاوسـەری پێکـەوە نـاوە بـەزۆری لـە گونـدی ( گۆبـان ) سـەرووی کـەلار ژیـاوە، لـە شـەڕی ئاوباریکی ( ١٩٣١ ) دا ، شانبەشانی هێزەکانی شـێخ مـەحموود دژی حکومـەتی عێـراق و بـەریتانیا جـەنگاوە ، لـە گۆڤـاری گەلاوێژدا بەرهەمی شیعری بلاّو کردۆتەوە و خاوەنی دیوانێکی شیعریە و لە ( ١٩٦٥ ) لە بەغدا کۆچی دوایی کـردووە، لـە گۆڕستانی ( سەید خەلیل ) نێژراوە . بڕوانە: ( مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نووسـەرانی کفـری و دەورو پشـتی، ( بەغـدا : ٢٠٠٧ )، ل ٩٧- ١٠١، مستەفا نەریمان ، دیوانی مینەجاف ، پێشەکی دکتۆر حەسەن جاف ،( بەغدا: ١٩٩٠ ) ، ل ٣ ).

٥٦- مستەفا نەریمان ، دکتۆر حەسەن جاف ، دیوانی مینە جاف ، س . پ ، ل ٩٤- ٩٥ .

٥٧- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٨ ) ی مەلاعارف .

٥٨- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٩ ) ی مەلاعارف .

٥٩- دیدەنی لەگەڵ گۆرانی عەلی مەلا عەباس ، کەلار ، ٢٨ / ٢ / ٢٠١٥ .

٦٠- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٥٩ ) ی مەلاعارف .

٦١- ڕەفیـق حیلمـی : سـاڵی ( ١٨٩٨ ) لـە کـەرکووك لـە دایـك بـووە ، بـاوکی ئەفسـەری سـوپای عوسمـانی بـووە . خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کـەرکووك و سـلێمانی و ئامـادەیی لـە کـەرکووك تـەواو کـردووە . پـە یمانگـای ئەنـدازیاری لـە ئەستەمبووڵ خوێندووەو لە( ١٩٢٠ )دا گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و لـە دووەمـین حکومداریـەتی شـێخ مـەحمووددا ڕاوێـژکاری بـووە , یـەکێك بـووە لـە بەشـداربووانی ڕاپـەڕینی بـەردەرکی سـەرای سـلێمانی ( ١٩٣٠) هاوکـات بەشـداری کـردووە لـە دروستبوونی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکوردیەکانی وەك : کۆمەڵەی کوردستان ١٩٢٢ ، کۆمەڵەی پشـتیوانی کوردان ١٩٢٧ ، حیزبـی هیـوا ١٩٣٩ ، لـە بەرهەمـەکانی : یاداشـت ( ٧ ) بـەرگ ، شـیعرو ئـەدەبیاتی کـوردی ( ٢ ) بـەرگ ، خولاسـەی مەسـەلەی کوردستان وەرگێڕان لە فەرەنسیەوە ، پاش تەموز : دیوانی شیعر ١٩٦٠ . جگـە لـە کوردی ، زمانـەکانی عـەرەبی ، تـورکی ، فارسـی و فەرەنسی بـە باشـی زانیـووە . بڕوانـە : ( دکتـۆر شـکری محەمـەد سـەگبان ، پرسـی کـورد کێشـە گـەلی کەمینـە نەتەوەکان ، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە : نەجاتی عەبدوڵلاّ ، ( هەولێر : ٢٠١٣ )، ل ٨٤ - ٨٥ ، محەمەد فـاتح ، پەرەسـەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشوور ، ( هەولێر : ٢٠١٤ ) ، ل ٣٧٤- ٣٧٥ ) .

٦٢- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٦٠ ) ی مەلاعارف .

٦٣- شێخ محەمەد نەجیبی تاڵەبانی : کوڕی شێخ وەهابی شێخ حەمیدی تاڵەبانیە ، بـەپێی شوناسـنامەکەی سـاڵی ( ١٩٢٢) بەڵام نەوەکانی ساڵی ( ١٩١٢ ) بۆ لەدایك بوونی بەڕاست دەزانن . بە زۆری لە ناوچـەی قـەرەبلاّغی گـەرمیان دانیشـتووە و زەوی و زارو موڵکەکانی بەڕێوەبردووە ، ماوەیەك ئەندامی هیواو : (( ماوەیـەکیش لەگـەڵ شـێخ نـازیمی برایـدا ئەنـدامی

ڕزگاری بووە )). لە بەرپابوونی شۆڕشی ( ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ) بەدواوە ، بەماڵەوە پەنای بردۆتە بەر ئێران ، پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە و لە ساڵی ( ١٩٩١ )دا كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : ( كەمال مەزهەر ئحمەد ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ب٢، ئا/ عەبدوڵلا زەنگەنە، ( هەولێر :٢٠٠١ )، ل ٣٨٤، دەستنووسێكی دڵشاد شێخ محەمەدنەجیبی تاڵەبانی ، سلێمانی ، ٩ / ٣ / ٢٠١٥ ) .

٦٤- مستەفا نەریمان : چەردەیەك لەبیرەوەریەكانی مامۆستا ڕەشید باجەلان ، ڕەنگین ، ژمارە ( ٦٠ )، ١٩٩٤ ، ل٤٢

٦٥- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا حسین مەحموود عەلی كەلاری ، كەلار، ( ٥/ ٣ / ٢٠١٥ ) .

٦٦- ڕۆژ ژمێری ساڵی (١٩٦١ ) ی مەلاعارف .

٦٧- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٦٢ ) ی مەلاعارف .

٦٨- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەلی كوڕی مەلا ئەحمەدی كوڕی دەككە ، خانەقین ، ( ٢٢/ ٢ / ٢٠١٥ ) .

٦٩- ڕۆژ ژمێری ساڵی (١٩٦٣ ) ی مەلاعارف

٧٠- ڕۆژ ژمێری ساڵی (١٩٦٤ ) ی مەلاعارف .

٧٠- ڕێزان عەزیز پشتیوان ، بەسەرهاتی خانەقین و ئەنفال ، س . پ ، ل ٣٧٣ .

٧١- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٦٤ ) ی مەلاعارف .

[٧٣] - ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٦٦ ) ی مەلاعارف .

٧٢- مەلا ئەحمەد فائزی مودەریس : كوڕی حاجی مەلا ڕەسولی كوڕی مەلا شەریفی دێلێژەی قەرەداغییە ، ساڵی ( ١٨٩٧) لە سلێمانی لە دایك بووە . دوای خوێندنی قورئانی پیرۆز و هەندێ وردە كتێبی دی زانستەكانی وەك : نەحو ، سەرف ، ژیربێژی ( منگق ) و ڕوانبێژی خوێندووەو لای شێخ بابا عەلی ئیجازەی وەرگرتووە ، پاشان بۆتە ئیمام و مودەریسی مزگەوتی ( بن تەبەق ) لە سلێمانی ، دواتر چۆتە ناحیەی ( مێرگە سوور ) لە پارێزگای هەولێر و ماوەیەكیش كراوەتە ئیمام و مودەریسی مزگەوتی گەورەی خانەقین ، دوای خزمەتێكی زۆر هەرلەم شارە و لە( ٦ ی نیسانی ١٩٧٠) دا، مردووە . بڕوانە : ( عبد الكريم المدرس ، علماؤنا في خدمة العلم والدين ، عنى بنشره : محمد علي القرداغي ، ( بغداد : ١٩٨٣ )، ص ٨٣ ، دەستنووسەكانی مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین ) .

٧٣- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٧٢ ) ی مەلاعارف .

٧٤- ڕۆژ ژمێری ساڵی ( ١٩٧٥ ) ی مەلاعارف .

[٧٧] - عمر النسفي : مخطوطة ( تهذيب الكلام ) ، قسم رسالة العقائد ، كتابة : ملا يحيى ، ص ٤٥ .

[٧٨] - ملا سعيد تفتازاني : مخطوطة ( تهذيب الكلام ) ، قسم تهذيب المنطق ، كتابة : ملا يحيى ، ٧٧ ،

[٧٩] - ملا ابوبكر مير روستمي ، مخطوطة ( تهذيب الكلام ) ، قسم رسالة استعارة، كتابة : ملا يحيى ، ص ١٠٢.

[٨٠] - التجويد ومخارج الحروف ، كتابة : ملا يحيى ، ص ١- ١٩ .

٧٥- دیدەنی لەگەڵ ئایشی كچی مەلا سەید حەكیمی خانەقین ، هەولێر ، ( ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ) .

[٨٢] - كتاب انموذج او شرح انموذج ، كتابة : ملا يحيى ، ص ١٨١ .

[٨٣] - بهاالدين العاملي ، تشريح الافلاك ، كتابة : ملا يحيى ، ص ١- ٣٤ .

[٨٤] - عبدالله الاوراماني ، البلاغة ( الاستعارة ) ، كتابة : ملا يحيى ، ص ١- ٣٥ .

٧٦- دەقی نامەیەكی مەلا ئەحمەدی فائیزی مودەریس ، ئیمام پێش نوێژی مزگەوتی گەورەری شاری خانەقین .

## لیستی سەرچاوەکان :

### یەکەم / بەزمانی کوردی :


١- ئەحمەد باوەڕ ، دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق و ئێراندا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ( سلێمانی : ٢٠١٤ ).

٢- ڕەشید باجەلان ١٩٢٠ – ٢٠٠١ ، تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی ، بنکەی ژین ، ( سلێمانی : ٢٠٠٩ ) .

٣- ڕێزان عەزیز پشتیوان ، بە سەرهاتی خانەقین و ئەنفال ( هەولێر : ٢٠١١ ) .

٤- شکری محەمەد سەگبان ، پرسی کورد کێشە گەلی کەمینە نەتەوەکان ، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، ( هەولێر : ٢٠١٣).

٥- عەلائەدین سەجادی ، ڕشتەی مرواری ١ ، ( چاپی ئێران : ١٣٨٦) .

٦- عومەر عەبدولعەزیز ، مەلا محەمەدی قزلجەیی زاناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووس ١٨٩٥ -١٩٥٩ ، ( سلێمانی : ٢٠١٥ )

٧- کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ( بەغدا : ١٩٧٨ ).

٨- کەمال مەزهەر ئەحمەد ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئا/ عەبدوڵلا زەنگەنە ، ( هەولێر ٢٠٠١: ) .

٩- مەستورەی کوردستانی ، مێژوی ئەردەلان ، لێکدانەوەو وەرگێڕانی : مامۆستا هەژار ، ( تهران : ١٣٨١) .

١٠- محەمەد عەلی قەرەداغی ، ئەلبوومی کەشکۆڵ ، ب١ ، ( هەولێر : ٢٠٠٨ ) .

١١- محەمەد فاتح ، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشوور ، ( هەولێر : ٢٠١٤ ) .

١٢- مستەفا نەریمان ، دیوانی مینەجاف ، پێشەکی دکتۆر حەسەن جاف ، ( بەغدا: ١٩٩٠ ) .

١٣- مستەفا نەریمان ، بیروەریەکانی ژیانم ، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی ( بەغدا : ١٩٩٤) .

١٤- مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی ، ( بەغدا : ٢٠٠٧ ) .


### دووەم/ بە زمانی عەرەبی :


١- جمال بابان ، اعلام كرد العراق ، وزارة الثقافة فى حكومة اقليم كوردستان ، ( السليمانية : ٢٠٠٦ ).

٢- صديق صالح و حسين حسن كريم ، مذكرات محمدمحمد امين دربندفقريى ، تقديم : كمال مظهر احمد،( السليمانية : ٢٠٠٧ ).

٣- عبد الكريم المدرس ، علماؤنا فى خدمة العلم والدين ، عنى بنشره : محمد على القرداغى ، ( بغداد : ١٩٨٣ ).

٤- عزيز ياور، التعليم و فصول من تاريخ مدارس خانقين ١٨٨٧ - ٢٠٠٧ ، ( السليمانية : ٢٠٠٩ ) .


### سێیەم / بەزمانی فارسی :


١- بابا مردوخ روحان ، تاريخ مشاهير كرد ، جلد دوم ، چاپ دوم ، ( تهران : ١٣٨٢ ) .

## چوارەم / گۆڤارو ڕۆژنامەکان :

### یەکەم / بە زمانی کوردی :

١- ئەحمەد باوەڕ، خەباتی سەربازێکی ون لە پەراوێزی کوردایەتیدا ، ڕامان ( گۆڤار )، ژمارە (١٨٠ ) ، ٢٠١٢ .

٢- ئیبراهیم باجەلان، ڕزگارکردنی شێخ مەحمودی نەمر لە یادداشتەکانی دەروێش حسێن دا ١٩٤١ ، ڕۆشنبیری نوێ ( گۆڤار ) ، ژمارە ( ١٣١ ) ، ئاداری ١٩٨٩ .

٣- مستەفا نەریمان ، ئاوڕێك لە ڕابردوو : چای و چانەخۆرەکانی خانەقی ، هاوکاری ، ژمارە ( ٨٦٢ )، ٢٣/ ١٠ / ١٩٨٦.

٤- مستەفا نەریمان : چەردەیەك لە بیرەوەریەکانی مامۆستا ڕەشید باجەلان ، ڕەنگین ، ژمارە ( ٦٠ ) ، سالی چوارەم ١٩٩٣ .

٥- مستەفا نەریمان ، مامۆستا عەزیز پشتیوان و ٨٢ سالی تەمەنی تێکۆشان و کوردایەتی ، ڕەنگین ( گۆڤار ) ، ژمارە ( ٦٥ ) ، سالی پێنجەم ١٩٩٤ .

### دووەم / بە زمانی عەرەبی :

١- هوزان باجلان ، فی ذکری الثامنة لرحیل مفتی خانقین والعالم الجلیل ملا عارف یحیی ، خانقین ( جریدة ) ، جریدة ثقافیة سیاسیة عامة ، العدد ( ٣٠ ) ، ٢٠٠٧.

٢- خالد محمد جنابی ، الدستو ( جریدة ) ، دولیة یومیة سیاسیة عامة مستقلة ، ٢٨ کانون الثانی ، ٢٠١٤ .

## پێنجەم / دەستنووس بە زمانی کوردی :

١- دەقی نامەیەکی مەلا ئەحمەدی فائیزی مودەریس ، ئیمام پێش نوێژی مزگەوتی گەورەری مودەڕیسی شاری خانەقین .

٢- دەستنووسەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای خانەقین .

٣- دەستنووسێکی شێخ عاسی کوڕی شێخ وەهابی تالەبانی ( ١٩٣٢- ٢٨/ ١١/ ٢٠١٤) پێش مردنی بۆ ئێمەی ناردبوو .

٤- مەلا عەزیزی محەمەد شاواز ، سالنامەی ١٩٥٨، ( لە ئەرشیفی نووسەردایە) .

٥- دەسنووسەکانی حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ، ( لە ئەرشیفی نووسەردایە ) .

٦- دەستنووسەکانی مەلا یەحیای مەلا عەبدولعەزیز ، (لە ئەرشیفی نووسەردایە ) .

٧- شەجەرەی بنەماڵەی مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین کە بە دەسخەتی خۆی نوێ کراوەتەوە .

٨- دەستنووسێکی تایبەتی دڵشاد محەمەدنەجیبی تاڵەبانی ، سلێمانی ، ٩ / ٣ / ٢٠١٥ .

## شەشەم / دەستنووس بە زمانی عەرەبی :

١- عمر النسفی : مخطوطة ( تهذیب الکلام ) ، قسم رسالة العقائد ، کتابة : ملا یحیی .

٢- ملا سعید تفتازانی : مخطوطة ( تهذیب الکلام ) ، قسم تهذیب المنطق ، کتابة : ملا یحیی .

٣- ملا ابوبکر میر روستمی ، مخطوطة ( تهذیب الکلام ) ، قسم رسالة استعارة، کتابة : ملا یحیی .

٤- التجوید ومخارج الحروف ، کتابة : ملا یحیی .

٥- کتاب انموذج او شرح انموذج ، کتابة : ملا یحیی .

٦- بهاالدین العاملی ، تشریح الافلاك ، کتابة : ملا یحیی .

٧- عبدالله الاورامانی ، البلاغة ( الاستعارة ) ، کتابة : ملا یحیی .

## حەوتەم / بەڵگەنامەی بڵاو نەکراوە :

١- مدیریة الاعاشة العامة ، هویة توزیع خبز الاعاشة ، رقم الهویة ( ١١٧ ) ، رقم المخبز ( ١٠ ) .

٢- دفتر الخدمة العسکریة ، الرقم ٣٦٧ ، رقم التسلسل ( ٢٣ ) ، اسم اللجنة : تجنید خانقین ، الاسم : عارف ابن یحیی ، المهنة : طلبة العلوم الدینیة ، طبع فی مطبعة الحکومة ، ( بغداد : ١٩٣٩ ) .

## هەشتەم / دیدەنی :

١- دیدەنی لەگەڵ مەلا ئازادی کوڕی مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین ، خانەقین ، ٢٤/ ٢/ ٢٠١٥ .

٢- دیدەنی لەگەڵ سەید مەحموودی شێخ ئەحمەدی سنەیی . خانەقین ، ٢٤/ ٢ / ٢٠١٥ .

٣- دیدەنی لەگەڵ دەرخشانی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ( ١٩٣٩ )، سلێمانی ، ٥ی نیسانی ٢٠١٤.

٤- دیدەنی لەگەڵ ئایشی کچی مەلا سەید حەکیمی خانەقین ( ١٩٣٨ )، هەولێر ، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤ .

٥- دیدەنی لەگەڵ مەلا عەزیزی محەمەدی شاواز ، ( ١٩٢٧- ٢٠١٥ ) ، کەلار ، ئابی ٢٠١٣ .

٦- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە، خانەقین ، ٢٢/ ٢ / ٢٠١٥ .

٧- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا حسین مەحموود عەلی کەلاری ، کەلار ، ٥/ ٣ / ٢٠١٥ .

٨- دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ، خانەقین / ٥/ ٣ / ٢٠١٥ .

٩- دیدەنی لەگەڵ گۆرانی عەلی مەلا عەباسی بنکورە ، کەلار ، ٢٨ / ٢ / ٢٠١٥ .

# ملخص البحث

يسلط هذا البحث الضوء على الشخصية الدينية والوطنية الكردية المعروفة أى ملا عارف بن ملا يحيى (الاردلانى – الخانقينى ) من خلال بحث معنون : ( الشيخ ملاعارف بن ملا يحيى الخانقينى فى ضوء مخطوطاته و مذكراته وسيرته النضالية ١٩١٢- ١٩٩٨ ) . لاسيما فى منطقة طرميان و خانقين وماحولها ، وهوالعالم الجليل الشيخ ملا عارف بن ملا يحيى بن ملا عبدالعزيز بن ملا محمد مهدى الاردلانى المعروف بشيخ الاسلام فى بلدة سنندج ، الذى كرس حصة الاسد من حياته لخدمة شعبه ومسيرته النضالية ، الى جانب مهامه الدينية كامام و خطيب ومدرس فى : جامع مجيد بيك ( ١٩٥٥- ١٩٨٢ ) فى مدينة خانقين . ومن الجدير بالذكر ان المرحوم ملا عارف الى جانب عمله كامام وخطيب كان يقوم بتدريس قسم كبير من الشرائح الاجتماعية وخصوصا العلوم الدينية و تدريس اللغة الكردية وذلك لاخلاصه وحبه لتطوير المجتمع الكردى لغةً و ثقافةً وحضارة ، وكذلك هو من الاوائل والقلائل بين العلماء الكرد وخصوصا فى منطقة طرميان و مدينة خانقين الذى يلقى خطبه الدينية وخصوصا ايام الجمعة باللغة الكردية . و منذ بداية الحرب العالمية الثانية ( ١٩٣٩ - ١٩٤٥ ) حيث تاسس حزب هيوا ( الامل ) فى كوردستان الجنوبية برئاسة رفيق حلمى (١٨٨٠- ١٩٦٠ ) ولفيف من مثقفى الكرد فى مدينة كركوك ، فاصبح الشيخ ملا عارف عضوا فيه من خلال بعض الشخصيات والمناضلين الكورد المعروفين . و على سبيل المثال : الاستاذ رفيق حلمى ، عزيز نور محمد بشتيوان ( ١٩١٢- ٢٠٠١ ) ، ملا سيد حكيم الخانقينى ( ١٨٩٢ – ١٩٥٧ ) ، رشيد اسماعيل اغا باجلان ( ١٩٢٠- ٢٠٠١) ، محمد صالح سليمان بارام الذى استشهد لاحقا فى منطقة ( حاجيلر- جبال بمو ) فى بدايات ثورة ايلول عام ١٩٦١ . وبعد ان انحل حزب هيوا و فى أواخر فصل الخريف عام ١٩٤٤ ، انظم فى بداية الخمسينات من القرن الماضى ، مع بعض من رفاقه أنذاك الى تنظيمات : ( الحزب الديمقراطى الكردى ) الذى اسس فى مدينة بغداد العاصمة فى السادس عشر من اب عام ١٩٤٦ .

ينقسم البحث الى مقدمة وعدة محاور رئيسية و فرعية . المحور الاول : فهو مخصص بشكل وجيز لدراسة حياته وسيرته العلمية والنضالية , اما المحور الثانى : فهو دراسة قسم كبير من مذكراته اليومية من خلال تلك المفكرات السنوية التى لازال باقيا داخل ارشفته الشخصية والغنية وخصوصا منذ عام ( ١٩٤٧- ١٩٧٥ )، فاما المحور الثالث والاخير : فهو يركز على تلك المخطوطات والخطب والرسائل المتواجدة داخل ارشفته الغنية وبلغات متعددة و خصوصا: الكردية والعربية و الفارسية . ومن تلك المخطوطات على سبيل المثال : ( تهذيب الكلام ، التجويد ومخارج الحروف ،كتاب انموذج او شرح انموذج ، تشريح الافلاك ، البلاغة ( الاستعارة ) و علم الحساب ..الخ . اما الرسائل والخطب فهى ايضا باللغات الكردية والعربية الذى القاها فى خطب الجمع فى جامع ( مجيد بيك ) فى مدينة خانقين . والله من وراء القصد .

## Abstract

This research sheds light on the Kurdish religious and patriotism character known as Mullah Arif bin Yahiya (Alardlany – Al-Khanqany) through the research project entitled: Sheikh Mulla Arif bin Mullah Yahiya Al-Khanqany in the light of his manuscripts, memoirs and his struggle from 1912 to 1998.

Especially in Garmian area and Khanaqin, where the imposing scholar Sheikh Mullah Arif bin Mullah Yahiya bin Mullah Abdul Aziz bin Mulla Mohammed Mahdi Alardlany known as Shaikh Al-Islam in the town of Sanandaj, who has devoted most of his life to serve his people and their struggle, along with his religious duties as an imam and a preacher as well as a teacher: Majid Beck Masjid (1955- 1982) in the city of Khanaqin.

It is worth mentioning that the late Mullah Arif along with his work as an imam and preacher had been teaching a large part of the social strata, especially students of religious sciences and also teaching Kurdish language, this is because of his dedication and love for the development of the Kurdish community as a language, culture and civilization. He was the first among the Kurdish scientists, especially in Garmian area and the city of Khanaqin, who delivered his sermons, especially on Fridays, in Kurdish language.

Since the beginning of the Second World War (1939 - 1945) when Hiwa Party was founded in South Kurdistan, headed by Rafiq Hilmi (1880-1960) and a group of Kurdish intellectuals in Kirkuk. He became a member of that party through some of the known Kurdish characters and freedom fighters. For example: Mr. Rafiq Hilmi, Aziz Noor Mohammad Pishtiwan (1912- 2001), Mullah Sayed Hakeem Al-Khanqany (1892 - 1957), Rashid Ismail Agha Bajalan (1920- 2001), Mohammed Saleh Suleiman Baram who martyred later in (Hajilr – Bamo Mountain) at the beginning of September Revolution in 1961.

After the dissolution of Hiwa party in the late autumn of 1944, and in the early 1950s of the last century, with some of his comrades at that time, he joined (KDP), which was founded in Baghdad, the capital, in August 16th, 1946.

The research is divided into an introduction and several key hubs and sub. The first hub is devoted for a brief study of his life and his scientific career as well as his struggles. As for the second hub: it is a study of a large portion of his diary through those annual diary notes which still remains in his personal and wealthy archives, especially since (1947- 1975), while the third hub and the last, it also focuses on those manuscripts, speeches and messages which exist in his great library with several languages and especially in: Kurdish, Arabic and Persian.

Among those manuscripts, for example: (Refine Speech, Intonation and Exits of Characters, Dissect the Universe, Rhetoric (Metaphor) and Arithmetic ... etc.) The letters and speeches are also in Kurdish and Arabic languages, which he delivered in Friday sermons in Majid Bag masjid in Khanaqin. Finally we have to say our intention is for the sake of Allah.

# راپەڕینی بەیاندوور

م. ی. نەهرۆ محەممەد عەبدلقادر
زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر
کۆلێژی پەروەدەی بنەڕەتی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

## پێشەکی

ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانی گەورەیە کە لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)، بەهۆی سیاسیەتی ولاتە زلهێزەکان بەبێ خوستی گەلەکەی، وەك بەشێك خرایە ژێر قەڵەمڕەوی فەرەنسا و دواتر بە دەوڵەتی سووریا لکێندرا. خەباتی گەلی کورد لەو پارچەیەدا بەردەوام بووە لە پێناوی دەستبەرکردنی مافەکانییەوە، کە تاوەکو ئێستا بەشێکیان بە شاراوەیی ماوەتەوە، لەو چوارچێوەدا راپەڕینی بەیاندوور ساڵی ١٩٢٣ یەکێکە لە لاپەڕە شاراوەکانی خەباتی گەلی کورد لە ماوەی مانداتی فەرەنسی لە سووریادا . ئەم توێژینەوەیە، بۆ یەکەمین جارە بەم شێوەیە و پاڵپشت بە سەرچاوەی دانسقەی وەك بەڵگەنامەکانی سوپا و ئیدارەی ئەو کاتەی فەرەنسا لە سووریا و سەرچاوەی دیکەی پڕبایەخ، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستی، بەشێکی بەرچاوی لاپەڕە شاراوەکانی ئەو راپەڕینەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان بخاتەڕوو، زەمینەش خۆش و دەرگا لە بەردەم توێژەرانی بواری مێژوو والادەکات، تاوەکو دواتر بەشێوەیەکی چڕو پڕ لە سەرجەم گۆشەنیگاکانیەوە لەو راپەڕینەوە بکۆڵنەوە.

توێژینەوەکە چەند تەوەرێکی سەرەکی لە خۆدەگرێت، کە بریتین لە شوێنی جوگرافی بیاندوو، پێگەی رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ چۆنییەتی هاتنی دەسەڵاتی فەرەنسی بۆ ناوچەکە و بارودۆخی بەیاندوور لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی فەرەنسی. هاوکات چۆنییەتی پێکدادانە چەکدارییەکان و سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری لە دژی فەرەنسییەکان بەشێکی دیکەیە کە توێژینەوە پەنجەی لەسەرداناوە. بەشێکی دیکەش تەرخانکراوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کوردبوونی تەواوی ئەو راپەڕینەوە و تاوتوێیش لەسەر رۆڵ و هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان دەکات لە بارەی راپەڕینی بەیاندوور. توێژینەوەکە هەوڵیشیداوە باس لە ناکۆکی نێوان فەرەنسا و تورکیا بکات و رەنگدانەوەی لەسەر ئەو راپەڕینە شیبکاتەوە.

توێژەر لەو توێژینەوەیەدا، پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی دانسقە و پڕبایەخی زانستی بەستووە کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە رووداوەکان هەیە، لە وانەش: بەڵگەنامەکانی سوپا و ئیدارەی فەرەنسا و بروسکە و راپۆرتی پلەدار و ئەفسەرانی فەرەنسی کە لەناوچەکدا بەرپرسیاریەتیان هەبووە لەوانە: المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،K.B.X-10.07.08.10.25.EU. الجيش الفرنسي في المشرق، السرية الثانية للهجانة، مفرزة/بياندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣، الملازم روبيرتو، قائد مفرزة السرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية– الحسبة. ئەو بەڵگەنامانە

زانیاری دانسقەیان لە بارەی ئەو ڕاپەڕینە لە خۆگرتووە، کە بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو. هاوکات چەند سەرچاوەیەکی دیکە بەکارهاتوون، کە پڕبایەخن و ڕاستەخۆ پەیوەندیان بەو ماوەیە هەیە و زانیاری گرنگیان لە بارەی ڕاپەڕینەکە لە خۆگرتووە لە وانە: محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، برلين، ٢٠٠١، منشورات مجلة هاظيبون للدراسات الكوردية. ذوقان قرقوط(د.)، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥، ص ٢٠٢. لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨.

لە نووسینی بابەتێکی وەها وردی زانستی، کە زانیاری کەمیان لەبارەوە هەیە، دەستخستنی سەرچاوەی زانستی کارێکی ئەستەمە، بەڵام توێژەر شێلگیرانە شانی داوەتەبەر بەمەش دواجار توێژنەوەکە هاتووەتە بەرهەم و هەموو تواناکانی لەوبارە خستووەتەگەڕ بۆ دەستکەوتنی زۆرترین زانیاری، کە پەیوەندیان بە توێژینەوەکە هەیە. توێژەر خوازیارە، توێژینەوەکە خشتێکی پتەوبێت و پشدارێکی بەهێزبێت لە دۆزینەوەی لاپەڕە شاراوەکانی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، چونکە بە بەراورد بە پارچەکانی دیکەی کوردستان بایەخی کەمتر پێدراوە.

## دەروازە: پێگەی ڕۆژئاوای کوردستان

(بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا)، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (سایکس-بیکۆ) لە ئایاری ساڵی ١٩١٦دا میراتی دەوڵەتی عوسمانی-یان لە نێوخۆیاندا دابەشکرد[1]، بەو پێیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، چونکە بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەر فەرەنسا کەوت. بەڵام دواتر باشووری کوردستان بووە بەشی بەریتانیا[2].

دواتر لە کۆنگرەی سان ریمۆ (٩-٢٦ی نیسانی ١٩٢٠) بڕیاری مانداتی فەرەنسا بەسەر سووریا و لوبنان دەرچوو[3]، بەڵام لە ٧ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٠ لە (کۆنگرەی نیشتمانی سووری) لە دیمەشق (شا فەیسەڵ) بە شای سووریا داندرا و سەربەخۆیی سووریاش ڕاگەیاندرا[4]. فەرەنسا بە توندی ئەو پێشهاتەی ڕەتکردەوە، لەو چوارچێوەیەدا هێرشی سەربازی کردە سەر سووریا، لە ٢٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ دیمەشق-ی داگیرکرد[5]، بەو پێیە لە کاتەوە ماندات فەرەنسی دەستیپێکرد کە تاوەکو ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بوو[6]. بۆئەوەی ماندات فەرەنسی لە سووریا،

---

[1] – د.ذوقان قرقوط، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥، ص ٢٠٢.

[2] – بڕوانە: عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، کورد لە سوریا، کورد لە سوریا١٩٢٠ – ١٩٤٦، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی سیاسی ڕۆشنبیرییە، چاپ یەکەم، هەولێر، دەزگای موکریانی ، هەولێر، 2009 ، ل ل ٨٦–٨٧.

[3] - جاسم محمد حسين العدول، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل، مديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٦، ص ٣٢–٣٧.

[4] – جاسم محمد العدول، ن.م، ص ١٤٧–١٤٨.

[5] - بڕوانە: لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨، ص ٤٠.

[6] - هێربەت مونتگومری، کوردستان سووریا بوونێکی نکۆڵی لێکراوە، و: مینە پیشەوا،چ١، مەڵبەندی کوردلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٣٩.

**شێوەیەکی یاسایی پێبدرێت، کۆمەڵەی گەلان، بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ ماندا‌تی فەرەنسای لەسەر سووریا پەسەند کرد[٧]. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠دا فەرەنسا لەگەڵ تورکیا رێککەوتننامەیەکی ئیمزاکرد، بەمەبەستی رێکخستنی سنووری نێوان سووریا و تورکیا[٨]. لە ئەنجامی ئەو رێککەوتننامەیەدا، هۆزە کوردییەکان خۆیان لە دوو سنووری جیاوازی دۆزیەوە، لە کاتێکدا لەبنەڕەتدا یەك ناوچە بوون و پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوانیان هەبوو کە زۆرێکیان پەیوەندی ژن و ژنخوازی بووە[٩].**

**ئەو رێککەوتننامەیە دەستپێکی سەرەتایی بوو بۆ لکاندنی ناوچەکە بە وڵاتی سووریاوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە لە سەرەتا ماندا‌تی فەرەنسا جگە لە ناوچەی( کورداغ) نەبێت، هیچ ناوچەیەکی کوردی لەو پارچەیەدا بەشێك نەبوون لە دەوڵەتی سووریا، ئەمە لە کاتێکدایە نەك دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، بگرە ناوەندە سیاسییەکانی سووریاش وابەستەی ئەو بۆچوونە بوون[١٠]. ساڵی ١٩٢٢ فەرەنسا دەسەڵاتی خۆی بەسەر جەزیرەدا سەپاند[١١]، ناوچەکانی حەسەکە و سەری کانیێ، یەکەم ناوچەی هەرێمی جەزیرە بوون کەوتنە چوارچێوەی سووریا[١٢]، ئەمە لە کاتێکدا لە دوای پاشەکشەکردنی عوسمانییەکان زۆربەی ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان بە بۆشایی دەسەڵات تێپەڕبوون، بەمەش لە لایەن سەرۆك هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆجییەتیدا بەڕێوە دەبران[١٣].**

**هەرێمی جەزیرە لە رۆژئاوای کوردستان، دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا[١٤]، ناوەکەی لەوە هاتووە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو رووباری دیجلە و فوڕات، ناوچەیەکی دەشتاییە و رووبەرەکەی نزیکەی (٢٣) هەزار کیلۆمەتر دەبێت لە ناوچەکانی باکوور لە چیاکانی تۆرسی رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە بە زنجیرە چیاکانی شەنگال لە لای باشووری رۆژئاوای کۆتایی دێت[١٥] ناوچەکە لە چەندین شارۆچکە پێکهاتوون[١٦].**

**ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە پەنجەی لەسەر دانێین گوندی (بەیاندوور)ە، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی قامشلۆ[١٧] بە دووری نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر[١٨]، خودی قامیشلۆ لە دەشتە فراوانەکەی جەزیرەدا ناوچەیەکە درێژە پێدەری**

---

[٧] – زین نورالدين زين، الصراع الدولي في الشرق الاوسط و ولادة دولتي سوريا و لبنان، (بيروت، ١٩٧١)، ص ٢٩.

[٨] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، منشورات مجلة هاڤيبون للدراسات الكوردية، برلين، ٢٠٠١، ص ١١.

[٩] – م.س.لازاريف، المسألة الكوردية (١٩١٧–١٩٢٣) ترجمة: د.عبدى حاجي، الطباعة الاولى، بيروت، ١٩٩١، ص ٢٦٤.

[١٠] – على صالح ميراني، الحركة القومية الكوردية في كوردستان–سوريا،ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ص ٢٤.

[١١] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[١٢] – على صالح ميراني،م.س، ص ٢٩.

[١٣] – خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm.

[١٤] – **هێربەت مونتگومری، س. پ، ل ٢٥.**

[١٥] – صبحي عبدالرحمن، كاليفورنيا الشرق (لبنان–١٩٤٥) ص ٢٠.

[١٦] – **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:** على صالح ميراني،م. س، ص ٢٥–٣٢.

[١٧] –ن.م. ص ٣١٦.

[١٨] – صالح هواش المسلط، صفحات منسية من نضال الجزيرة السورية،ط١،منشورات دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٠٦.

دەشتەکانی باکوور و باشووری کوردستانە[١٩]، کە کەوتووەتە نێوان سنووری تورکیا لە باکوور و ناوچەی دێرک لە ڕۆژهەڵات[٢٠]، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەندێ لە سەرچاوەکان ناوی گوندەکە بە بیاندوور هاتووە، بەڵام توێژەرێکی بواری جوگرافی و پسپۆڕ لە جوگرافیای دانیشتوان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دەڵێن (بەیاندوور)[٢١]. بەیاندوور، ناوچەیەکی دەشتایی فراوانە[٢٢]، دانیشتوانەکەی بە کاروباری کشتوکاڵ سەرقاڵ بوون و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن [٢٣]کە لە نزیکەی (٩٠٠) کەس پێکهاتوون[٢٤]. بەڵام بە گوێرەی تۆماری فەرمی سووریا لە ساڵی ١٩٩٤ ئەو ژمارەیە بۆ (٧٠٨) کەس دابەزیووە[٢٥].

# بەشی یەکەم

# بەیاندوور و داگیرکاری فەڕەنسی

## تەوەرەی یەکەم: بەیاندوور لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی فەڕەنسی

فەرەنسییەکان دوای گەیشتنیان بۆ ناوچەکە، بەمەبەستی سەپاندن و جێگرکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا، هەرزوو لە گوندی (بەیاندوور) پێگەیەکی سەربازیان دامەزراند، ماڵی دۆستێکیان بە ناوی ( عەبدوڵڵا شاهین) کردە بنکەی خۆیان کە لە ٢ نهۆم و ٥٠ ژوور پێکهاتبوو[٢٦].

بە گوێرەی دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی لە ٢٨ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣دا، پێگە سەربازییەکە لە (١٠١) کەس پێکهاتبوون کە ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکرد، ٤ سەربازی فەرەنسی، ٤٧ سووری و ٩جەزائیر، نەقیبێکی بە ڕەگەز سووری وەك وەرگێڕ کاری کردووە لەگەڵ ١٩ جەندرمە و ٥ فەرمانبەر، هەروەها ١١ پیاوی مەدەنی و ٣ ئافرەت و منداڵێکی لە خۆگرتبوو[٢٧]. لەو ماوەیەدا مولازم (مۆرێل)، سەرۆکایەتی دەکرد، ئەمە لە کاتێکدایە پێشتر لەلایەن هەریەك لە مولازم (ڕۆبرتۆ) و ( کارێر) ئەفسەرانی سوپای فەرەنسی سەرۆکایەتی کراون[٢٨]. فەرەنسییەکان تەواوی هەوڵەکانی خستەگەڕ، بۆ ئەوەی ناوچەی جەزیرە لە رووی ئیدارییەوە بە دیمەشق گرێ بدرێت و بیکاتە بەشێك لە دەوڵەتی سووریای تازە دروستکراو، لە کاتێکدا پێشتر بەهیچ شێوەیەك ئەو ناوچەیە سەر بە سووریا

[١٩] - ازاد دیرکي، المدن الكردية،ط١، بيروت، ١٩٩٨، ص ٥.

[٢٠] – علي صالح ميراني،م.س، ص ٣٠.

[٢١] – د. عەبدوڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ژمێری دانیشتوانی سووریادا- ١٩٩٤، ب٤،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٧.

[٢٢] - هێربەت مونتگومری، س.پ، ل ٢٥.

[٢٣] – جريدة(الحياة الجديدة)، جريدة للجنة المنطقية الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا،ع(٧)، حزيران ٢٠٠٠،ص ٢.

[٢٤] – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، العدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨، ص ٥.

[٢٥] – د. عەبدوڵا غەفوور، س.پ، ل ٢٧.

[٢٦] - صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

[٢٧] –نامەیەکی سەرهەنگ (ئەندریا) فەرماندەی توخوبی فوراتی هێزەکانی فەرەنسا، بە وەرگرتن لە خالد عیسی، بياندور في الوثائق الفرنسية. بەڵام سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە 150 کەس دەکەن بڕوانە : عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل، کورد لە سوریا ل ٨٨.

[٢٨] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

نەبووە، بەڵکو جەزیرە بەردەوام بەشێك بووە لە ویلایەتی ماردین، هەروەها بەشی رۆژهەڵاتیشی سەر بە جەزیرە یاخود سووریا بووە[٢٩].

لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی، کە فەرەنسییەکان لە ناوچەکە ئەنجامیاندا، خۆنزیك کردنەوەیان بوو لە چەند کەسایەتییەکی ناوچەکە تا وەك داردەستی خۆیان بەکاریان بهێنن و لەو رێگەیەوە دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا زیاتر تۆکمە بکەن[٣٠]. بە مەبەستی بەرێوەبردنی ناوچەکە و کۆکردنەوەی باج و سەرانە، پێگەیەکی کارگێرییان بە پلەی قائیمقامییەت لە (بەیاندوور) دامەزراند[٣١]. هەروەها قازییەکیان دانا و بەندیخانەکیان کردەوە[٣٢]، وەك پیشەی هێزەکانی داگیرکار کەسێکی هەواداری خۆیان بە ناوی ( جاسم ئەفەندی) کردە قائیمقامی بەیاندوور[٣٣]. فەرەنسییەکان سڵیان لە سەرکوتکردن و ئازاردانی دانیشتوانی ناوچەکە نەدەکردەوە[٣٤]، بە تایبەتی ئەوانەی بە گوێرەی خواست و ویستیان هەڵیان نەکردبایە، دووچاری رەفتار و مامەڵەی توند و  نا شایستە دەبوونەوە، بە شێوەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین رەچاوی بەرژەوەندی دانیشوانەکەیان نەدەکرد، چۆنییان پێ باش بووایە وایان دەکرد[٣٥].

یەکێك لەو سیاسەتانەی کە ئیدارەی فەرەنسی لە تەواوی ناوچەکانی ژێر دەستیان پیادەی دەکرد، سیاسەتی نانەوەو چاندنی تۆی جیاکاری و دووبەرەکی بوو لە نێوان پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و مەسحییەکان[٣٦]، بە تایبەتی ئەو مەسیحیانەی، کە لە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی دەوڵەتی عوسمانی هاتبوونە ناوچەکە، بۆ ئەمەش فەرەنسییەکان خۆیان لە مەسیحییەکان نزیك دەکردەوە، بۆ تا لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە مەبەستیانە و لە ناوچەکە هەیانە، پاڵپشتی و پشتگیریان بکەن[٣٧]. هەروەها هەر کەسێکیان مەبەست بوایە بە ئارەزووی خۆیان پەلکێش و دەستگیریان دەکرد، ئەو کەسانەشی نەیاری هێزەکانی فەرەنسا بوون لە ناوچەکە، بە توندترین شێوە سەرکۆنە دەکران و سزا دەدران[٣٨].

---

[٢٩] – محمد ملا احمد، انتفاضة بياندور:
http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

[٣٠] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[٣١] – خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٣٢] – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكردي في سوريا، عدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

[٣٣] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

[٣٤] – م.ن، ص ٢٠٦.

[٣٥] – جريدة (الشمس)، نشرة دورية تصدرها اللجنة المنطقية للحزب الديمقراطي الكوردي في سوريا (البارتي)، الجزيرة،ع(٦٩)، حزيران ٢٠٠٩، ص ١٢.

[٣٦] – د. رضوان باديني، اكراد سوريا موعد مع التاريخ،ط٢، اربيل،٢٠٠٦، ص ٨٠.

[٣٧] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١.

[٣٨] - لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨، ص ٦٦، **عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٨.**

فەرەنسیەکان گرنگیان نەداوە بە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری، بۆیە ناوچەکە بە دەربووە لە هەر چەشنە قوتابخانە، نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەك[٣٩]. سەرباری ئەوەش باجێکی زۆریان لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا سەپاندبوون، کە بێگومان دانیشتوان دووچاری بێزارییەکی زۆر هاتبوون[٤٠]. فەرەنسا وەك تەواوی وڵاتانی زلهێز لەو پارچەیەدا بە تەنگ ئاییندەی کوردەوە نەبوون، ئەمە لە کاتێکدایە بەردەوامی داواکارییەکانی کورد-یان، وەك کارتێکی فشار لە بەرامبەر تورکیا بەکاردەهێنا[٤١] ، تەنانەت لەو کاتەی پڕۆژەی دابەشکردنی سووریا بۆ چەند دەوڵەتۆچکەیەك گەڵاڵە کرا، بەش و پشکی کورد دیاری نەکرابوو[٤٢]، کە واتە دەگەینە ئەو راستیەی کە هەر لە بنەڕەتدا لە سەبەتەی فەرەنسادا شتێك نەبووە بە ناوی دیارییکردنی چارەنووس و کیانی کوردی لە سیاسەتی فەرەنسییەکاندا نەبووە.

کاپتن (رۆگان) کە ماوەیەك سەرۆکایەتی هێزی فەرەنسی دەکرد لە (بەیاندوور) بوو، بە مرۆڤێکی دڵڕەق لە ڤین ناسرابوو، زۆر بە رەقی مامەڵەی لەگەڵ دانیشتوانەکەی دەکرد[٤٣]، بە جۆرێك چاڵی دروستکردبوو خەڵکی دەخستە ناوی و ئازاری دەدان[٤٤]، بە تایبەتیش ئەو سیاسەتەی لە دژی سەرۆك هۆزەکانی کورد بەکار دەهێنا، ئەوەتا (سلێمان عەباس)-ی سەرۆك هۆزی (دوورکان) و برازاکەی (عەباس محەممەد عەباس)ی گرت و لە هەمان رۆژدا برازای سەرۆك هۆزی (دوورکان)ی کووشت، هەروەها کوشتنی (سلێمان)ی بۆ رۆژی دواتر دواخست، بەڵام بە هۆی میانگیری و نێوبژیوانی (محەممەد عەبدولڕەحمان)ی سەرۆك هۆزی تەی عەرەبی، فەرەنسییەکان (سلێمان عەباس)ی سەرۆك هۆزی (دوورکان)یان ئازاد کرد لە بەرامبەر (٣٠٠) هەزار لیرەی زێڕ و(١٢) ئەسپ[٤٥].

لەلایەکی دیکە چەند کەسایەتییەکی دیکەی کوردیان لە ناوچەکەدا خستەزیندانەوە لە وانە؛ (یوسف حەسۆ) موختاری گوندی بەیاندوور[٤٦]، (ئەحمەد یوسف) موختاری گوندی سەیمە، هاوکات زۆرێك لە گەنج و لاوانی کورد دووچاری دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان بوونەوە[٤٧].تەنانەت سیاسەتی لەچاڵ نانی بەکۆمەڵیان پیادەکرد[٤٨]،بەهۆی

---

[٣٩] - ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم،و: فەیزوللا برایم خان و بەرزان وەهاب، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧ ، ل ٢٧.

[٤٠] - اسماعیل الملحم، معرکة المزرعة، ٢ و٣ اب ١٩٢٥ ملحمة السلاح الابیض، منشورات دار علاءالدین،ط١، دمشق، ٢٠٠، ص ١٧.

[٤١] – د. رضوان بادیني، اکراد سوریا، ص ٨٠.

[٤٢] – محمد ملا احمد، انتفاضة بیاندور:

http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

[٤٣] - صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

[٤٤] – معرکة بیاندور صفحة مشرقة لشعبنا، جریدة (طریق الشعب)، الجریدة المرکزیة للحزب الیساري الکوردي في سوریا، (٢٧٨)، حزیران ١٩٩٨.

[٤٥] - محمد ملا احمد، القضیة الکوردیة...، ص ١١. نوشین بیجرماني، معرکة بیاندور بین الجهل و التجاهل ، مجلة الحوار ، العدد (١٥) ، دمشق، ربیع ، ١٩٩٧، ص ٣١. انور عبدالحمید الشمری ، معرکة بیاندور/شهادة عربیة، مجلة الحوار، العددان (١١–١٢) ، دمشق– ربیع– صیف ،١٩٦٦، ص ٤٤.

[٤٦] – بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ناوی موختاری بەیاندوور بە (خەلیل احمد) بردووە، خالد عیسی، دراسة تاریخة: الاکراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٤٧] – الجریدة طریق الشعب، ص٥.

ئەو سیاسەتەوە ناچار ژمارەیەك لە سەرۆك هۆز و كەسایەتییە دیارەكان پەنایان بردە ناوچەی ئارام تر و دوورە دەست، بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست فەرەنسییەكان بپارێزن[٤٩]، فەرەنسییەكان هەر كاتێك كەسێكیان لە نێو چاڵەكانەوە دەنا، بەوەندە نەدەوەستان، بەڵكو دەكەوتنە وێزەی و بە جۆرەها شێواز ئازار و ئەشكەنجەیان دەدا تاوەكو گیانی لە دەستدەدا[٥٠].

ئەمە لە كاتێكدایە ئەو هۆزە عەرەبیانەی كە لە هۆزە كوردییەكانەوە نزیك بوون، زۆر بە كەمی دووچاری دەستگیركردن دەبوونەوە، چونكە ئەوان كۆچەربوون، بە زویی كۆچیان دەكرد لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە، هەروەها بەشێكی هێزەكانی فەرەنسی لە چەكدارانی هۆزە عەرەبییەكان پێكهاتبوون، بۆیە فەرەنسییەكان هەوڵیان دەدا لە رێگەی سازشكردن لەگەڵیاندا خۆیان لە عەرەبەكان نزیكبكەنەوە، نەك بە رێگەی هێز و سەركەوت كردن[٥١]. بەهۆی ئەو سیاسەتە توندوتیژ و نا شایستانەی فەرەنسییەكانەوە، كە لە بەرامبەر بە كورد لە ناوچەكەدا پیادە دەكرا، ئەو پێشهاتانە قۆناغی دیكەیان بەخۆوەبینی، كە خۆی لە رووبەڕبوونەوەی چەكداری لە دژی هێزەكانی فەرەنسی بینیووە[٥٢]، ئەممەش كاتێك هۆزەكان بە مەبەستی لێدان لە بەرژەوەندییەكانی فەرەنسی، هێزی چەكداریان پێكهێنا[٥٣].

## تەوەرەی دووەم: پەرەسەندنی پێكدادانە چەكدارییەكان

دوای ئەوەی ئاسۆی نەرمی نواندنی فەرەنسییەكان بە بن بەست گەیشت و هەڕەشەی راستەوخۆ كەوتە سەر سەرۆك هۆزەكان و كەسایەتییە دیارەكانی كورد لە ناوچەكەدا، بەمەبەستی دانانی سنوورێك بۆ ئەو پێشێلكاریانە بڕیاری تۆڵەسەندنەوە و وەشاندنی گورزێك درا. لەو چوارچێوەیەدا، (سلێمان عەباس)، سەرۆك هۆزی دووركان، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە فەرەنسییەكان پەیوەندی بە (حاجۆ ئاغا) كرد، كە ئەو كات لە باكووری كوردستان بوو، تاوەكو هەماهەنگی و هاوكاری بكات، هەر زوو (حاجۆ ئاغا) پێشوازی لەو داوایە كرد و ٤٠٠ پیاوی خۆی بۆ رەوانە كرد، تاوەكو تۆڵە لە فەرەنسییەكان بكرێتەوە[٥٤].

وەك لە دۆكیۆمێنتێكی فەرەنسیدا جەختی لەسەركراوەتەوە، فەرەنسییەكان هەستیان بە جموجۆڵی نا ئاسایی كردوە و بۆیان دەركەوت لە (بەیاندوور) هێرش دەكرێتەسەریان، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەباشی خۆیان وەرگرتبوو، لەو چوارچێوەیەدا لە شەوی ١٩/١٨ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ هێزی كوردی هێرشیانكردە سەر هێزەكانی فەرەنسا لە (بەیاندوور)، دوای شەڕ و پێكدادانێكی توووند هێزە كوردییەكە پاشەكشەی كرد. دوای

[٤٨] - عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٩.

[٤٩] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٥٠] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢٠٦.

[٥١] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٥٢] – د. رضوان باديني، اكراد سوريا، ص ٨٠.

[٥٣] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[٥٤] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١١–١٢ .

**كۆتایی هاتنی پێكدادانەكانیش، فەرەنسییەكان دوو هێزیان بە سەرۆكایەتی هەریەك لە مولازم (ئەدام) و (ئیبراهیم) دەركرد بۆ ناوچەكە، بەمەبەستی گەڕان و پشكنین لە ناوچەكانی دەوروبەری بنكەكەیان بۆ ئەوەی دڵنیابن كە هیچ چەكدارێكی تێدا نەماوە، دوای گەڕانەوەشیان رایانگەیاند ئەوان گوێبیستی دەنگە دەنگی ئەو چەكدارانە بوونە، دوا بە دوای ئەو هێرشەش، هێزی فەرەنسییەكان بەردەوام لە ئامادەباشی دابوونە، دۆكیۆمێنتەكە ئاماژەی بەوەكردووە لەو شەڕەدا ئەو هێزە فەرەنسییە ٣٧٨ گوللەیان تەقاندووە[٥٥].**

**شەوی ٢٢/٢١ی مانگی تەمموز، دووبارە هێزێكی هۆزە كوردییەكان خۆیان لە بنكەی سەربازی (بەیاندوور) نزیك كردەوە، تەقەیان بەسەر بارەگای هێزەكانی فەرەنسیدا كردوە، ئەو هێزە كوردییە لە هەوڵی ئەوەدابوون ئەو هێزە فەرەنسییە بهێننە دەرەوە، كە خۆیان لەو بارەگایە قایم كردبوو، تاوەكو كردەی هێرش كردنەكە ئاسان بێت و بە چڕی هێرشكردن دەستپێبكەن، بەڵام هێزەكانی فەرەنسی خۆیان لێ بێدەنگ كرد، بەم شێوەیەش ئەو شەوەش بە هێمنی گوزەری كرد، بۆ شەوی دواتر، دووبارە فەرەنسییەكان زانیاریان بە دەست گەیشت كە ( حاجۆ ئاغا) هێرشی یەكلاكەرەوە ئەنجام دەدات، ئەو زانیاریانەش لە رێگەی سێ هاووڵاتی مەسیحی گوندی (ماریكان-٥كیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی بەیاندوور) گەیشت، كاتێك خۆیان گەیاندە ئەو بنكە سەربازییە و لە بارەی ئەو هێرشە ئاگاداری و هۆشداریان پێدان، لەم چوارچێوەشدا هێزەكانی فەرەنسی تەواو ئامادەباشیان گرتەبەر[٥٦]. هاوكات لە كردەیەكی هۆزە كوردییەكاندا كە بە فەرمانی (حاجۆ ئاغا) ئەنجامدرا[٥٧]، ٤ چەكداری كوردی ئێزدی هێرشیان كردە سەر (جاسم ئەفەندی) قائیمقامی بەیاندوور و بە سەختی برینداریان كرد، ئەنجام دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی (دێرزوور) لە رێگادا ناوبراو گیانی لەدەستدا[٥٨].**

**لە ماوەی (٢٨ی تەمموز و ٤ی مانگی ئاب)ی ساڵی ١٩٢٣دا، چەند جارێك شەڕو پێكدادان لە نێوان هەردوولا روویاندا، هێزەكانی فەرەنسی دووچاری فشارێكی زۆر ببون و نەیانتوانی تاسەر خۆیان لە بەردەم راپەڕیوان بگرن، بەتایبەتی ئەو كات دووچاری گەمارۆیەكی تووند بوونەوە، هاوكات بە دەست كەم ئاوی و نەگەیشتنی كۆمەك و پیتاك دەیان ناڵاند، دوای ئەوەی لە گەیشتن و بە هاناهاتنەوە هیوابڕ بوون، بۆیە نەیانتوانی خۆیان رابگرن و دووچاری شكست بوون و پێگەی (بەیاندوور)یان چۆڵكرد و لە لایەن هێزە كوردییەكان دەستی بەسەرداگیرا، بەمەش مولازم (رێگان، رۆبیرتۆ، كاریر) لە دوای پاشەكشە و شكستەكەیان پەنایان بردە لای ئەو هۆزە عەرەبانەی، كە لە ناوچەكەدا نیشتەجێ بوون دۆستی ئەوان بوون، ئەنجام فەرەنسییەكانیش زیانەكانی خۆیان بەم شێوە خستووەتەڕوو: یەكەم: كوژراوان: فەرەنسی: ٣ ئەفسەر، ٣ ئەفسەری پۆل، ١ سەرباز. جەزائیری: ١**

---

[٥٥] – بیاندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣، الملازم روبيرتو قائد مفرزة بياندور التابعة للسرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية الحسجة.

[٥٦] – الجيش الفرنسي في المشرق، السرية الثانية للهجانة، مفرزة/بياندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣ (١)، الملازم روبيرتو، قائد مفرزة السرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية– الحسجة.

[٥٧] – جيان الحصري، عيد الشهداء من جمال باشا السفاح الى...؟، موقع الاكتروني:

http://www.efrin.net/cms/erebi/.php?option=com_contentstask=viewsid=3710sItemid=29

[٥٨] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧.

عەریف، ١٠ سەرباز. سووری:١ عەریف، ٢٢ سەرباز. دووەم شوێن بزربووەکان: ١٥ سەرباز. سێیەم: بە دیلگیراوەکان:- ٢ سەربازی سووری. چوارەم: بریندارەکان: ١٧ بریندار کە یەکێکیان ئەفسەرێکی فەرەنسی بوو[٥٩].
سەرچاوەیەك جەخت لەوەدەکاتەوە کە شەوی ٣٠/٢٩ی مانگی تەمموز، هێزەکانی فەرەنسی، (بەیاندوور)یان چۆڵکرد و بەرەولای سەرۆك هۆزی شەممەر (مەشعەل ئاغا) پاشەکشەیان کرد[٦٠]. دوا بە دوای ئەو رووداوە، راپەڕین تەواوی ناوچەکەی گرتەوە و زۆربەی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە لە دژی فەرەنسییەکان راپەڕین[٦١].
لەلایەکی دیکەوە، هێزێکی فەرەنسی کە بە ئەرکێکی تایبەتی سەردانی ناوچەکەی کردبوو، کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی رۆژی ٣١ی تەمموز کەوتنە نێو بۆسەی هۆزە کوردییەکان، دوای شەڕ و پێکدادانێك کە ماوەی ٣ کاتژمێر ی خایاند ژمارەیەك لەو هێزە کوژران و دەستگیرکران کە ( مولازم رۆبێرتۆ) ئەفسەر لە هێزی پیادە، (مولازم کارێر) ئەفسەر لە هێزی تۆپهاوێژ، ( رەقیب ئادام) لە هێزی پیادەی فەرەنسی لە نێو کوژراواندا بوون[٦٢]. هاوکات رۆگان بەدەستی گەنجێك بەناوی (عەباس عەموکە) کوژرا[٦٣].
دەسەڵاتی (حاجۆ ئاغا) بەهۆی ئەو راپەڕینەوە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەك تەشەنەی سەند، کە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، مەترسی بنیادنانی قەوارەیەکی کوردیان لە ناوچەکەدا دەکرد، کە لە ناوچەی (فوراتەوە تاوەکو موسڵ) درێژببێتەوە، فەرەنسییەکان ئەو بیرۆکەیان زیاتر لەلا گەڵاڵەبوو، کاتێك (شێخ مەحمود)-ی مەلیکی کوردستان لەساڵی ١٩٢٣ سەردانی ناوچەی (نەسیبین)-ی کرد، بۆ هاندانی هۆزەکانی ناوچەکە، کە ئەوکات ببووە مەڵبەندی سەرەکی راپەڕیوان[٦٤].
فەرەنسییەکان پێیانوابوو، (راپەڕینی بەیاندوور)، یاخیبوونێکی هۆزایەتییە کە لە ئەنجامی هاندانی دەسەڵاتدارانی تورکی و خراپی مامەڵەکردنی بەرپرسانی خۆجێیی ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، هەربۆیە فشاریا بۆ سەر دەسەڵاتدارانی تورکیا دەهێنا، تاوەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی راپەڕیوان ئەنجامبدەن[٦٥]. هاوکات ئەو راپەڕینە بەشێوەیەك پەرەی سەندبوو، کە زۆربەی ناوچەکە لە پێشوازی راپەڕیوان بوون و ئامادەی هەماهەنگی و هاوکاریکردن بوون، فەرەنسییەکان بە چاکی دەرکیان بە وەکردووە و لە بەڵگەنامەکانیان

[٥٩] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[٦٠] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، بە وەرگرتن لە: من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU) .

[٦١] – الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

[٦٢] – الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

[٦٣] – صالح هواش المسلط، م.س، ص ٢١٧. عوسمان عەبدولرەحمان سمایل، ، س. پ، ل ٨٩.

[٦٤] – المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،-K.B.X 10.07.08.10.25.EU

[٦٥] – المصدر نفسه.

جەختیان لەسەر کردووەتەوە[66].دوای لە دەستدان و پاشەکشەکردنیان لە ناوچەکەدا، هێزەکانی فەرەنسی زۆر دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکەدا دەکرد و لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٢٣دا لە ڕێگەی فڕۆکەوە چەندین جار ئاگەداری و هۆشداریان بۆ دانیشتوانی بەیاندوور و ناوچەکەدا بڵاوکردەوە، کە دەبێت بە زووترین کات ناوچەکانیان چۆڵ بکەن و خۆیان بە دەستەوە بدەن[67].

پاش ئەوەی فەرەنسییەکان لە خۆبەدەستوەدانی ڕاپەڕیوان بێ ئومێدبوون، زۆر بە چڕی فڕۆکە جەنگییەکانی فەرەنسی ناوچە ئازادکراوەکانیان بۆردومان کرد، بە تایبەتی لە ڕۆژانی (٧-٩)ی مانگی ئاب، ئەو بۆردوومانانە کاریگەری گرنگی لەسەر وورەی ڕاپەڕیوان هەبووە، تەنانەت هەندێك لە سەرکردەکانی هۆزی (چیتی)یەکان داوای دۆستایەتی فەرەنسییەکانیان کرد، ئەمە وەك دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی باسی لێوەکردووە[68].لە پاڵ سیاسیەتی توندوتیژی، هاوکات فەرەنسییەکان تەواوی هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی درز بخەنە نێو ریزی ڕاپەڕیوانان، بۆیە هەوڵیاندا بە هەر شێوەیەك بێت خۆیان لە هەندێ هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە نزیك بکەنەوە، وەك ئەوەی لە ڕێگەی داردەستێکی خۆیان بە ناوی (ئەحمەد یوسف) هەوڵیاندا خۆیان لە هۆزی (چیتییەکان) نزیك بکەنەوە[69].

ئەوەی لە بارەی ئەو ڕاپەڕینەوە تێبینی دەکرێت زۆربەی هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە پێشوازیان لەو ڕاپەڕینە کردووە، هۆزێکی کوردی نەبووە چووبێتە پاڵ فەرەنسییەکان دژی ڕاپەڕیوانان، هاوکات فەرەنسییەکان لە ناوچەکەدا بنکە و جبەخانەیەکی گەورەیان نەبوو، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هۆزەکانی ناوچەکە ببنەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەگەر بێتوو سەرجەم هۆزە کوردییەکانی ناوچەکە هەوڵەکانیان یەك بخستایە، ئەوا دەیانتوانی داوا نەتەوەییەکانیان بەسەر فەرەنسییەکان بسەپێنن، لە وانەش بوو هەندێك لە مافەکانیان فەراهەم بایە، چونکە خودی فەرەنسییەکان پێگەیەکی لاوازیان هەبوو لە ناوچەکەدا. هاوکات سیاسەتێکی جێگریشیان نەبوو، بەڵام هۆزە کوردییەکان هیچ دروشمێکی نەتەوەییان بەرزنەکردووەتەوە، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگ بووە زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی پۆست و پلە و پایە بووە، هەروەها هەوڵشیانداوە تۆڵە لە فەرەنسییەکان بکەنەوە و زیانیان لێبدەن، هاوکات سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و سەرکەوتوویان نەبووە، تاوەکو سەرجەم ڕاپەڕیوان ڕێکبخات و ئاراستەیان بکات.

هەر لەبارەی ئەو ڕاپەڕینەوە دەکرێت بڵێین، ڕاپەڕینێکی تەواو کوردانەبووە، لەگەڵ ئەوەی تەنیا کورد بەشداری کردووە لەو ڕاپەڕینەدا[70]، بەڵام سەرچاوەیەکی عەرەبی ئاماژە بە عەرەبایەتی ئەو ڕاپەڕینەی کردووە کە گوایە

---

[66] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

[67] – عالاي في ٢ اب ١٩٢٣ برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية– حلب رقم البرقية٣/٢٣٢ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٨/٢/ الساعة ١٢.

[68] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[69] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

[70] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية،...، ص ١٣ .

هۆزە عەرەبییەکان تەوەری سەرەکی ڕاپەڕینەکە بوونە و ئەوان ڕاپەڕینەکەیان ئەنجامداوە[71]. بەڵام دەکرێت بڵێین ڕاپەڕینەکە هۆزە کوردییەکان ئەنجامیانداوە، لە هەندێك کات و سنووری بەرتەسك چەند کەسایەتییەك لە هۆزە عەرەبییەکان پاڵپشتیان لە ڕاپەڕینەکە کردووە، بەڵام ڕۆڵی ئەو تۆ و کاریگەریان نەبووە[72]. لەراستیدا، ئەم ڕاپەڕینە، ڕاپەڕنێکی نەتەوەیی نەبووە، چونکە ڕاپەڕیوان هیچ بەرنامە و دروشمێکی نەتەوەییان بەرزنەکردووەتەوە و داوای دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەکردووە، دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئەوەبکرێت ڕاپەڕینەکە پەرچەکرداری بووە، نەك ئەوەی بەرنامەی بۆ دارێژرابێت، هەربۆیە نەیتوانیوە بۆ ماوەیەك لەسەر پێ بوەستێت و پوکاوەتەوە.

فەرەنسییەکان لە ناوچەی جەزیرە، کە بەیاندوور دەکەوێتە ئەو هەرێمەوە لەگەڵ ئەوەی چەند کردە و پرۆسەیەکی سەربازیان ئەنجامدا، بەڵام تاوەکو ساڵی ١٩٢٧ نەیانتوانی لە رووی سەربازییەوە بە تەواوی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، بەڵام کاتێك گەڕانەوە ناوچەکە، بنکەی سەربازی خۆیان لە بەیاندوور گواستوە بۆ قامیشلۆ، بەهۆی ئەوەی هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە دەستیان کردبوو بە دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی لەسەر رووباری (جەقجق)، بۆیە فەرەنسییەکان پێگەیەکی بەهێزی سەربازیان لە ناوچەکەدا جێگرکرد، هاوکات خۆشیان لە سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە نزیك کردەوە بەمەبەستی ڕاکێشانی سۆزریان[73].

## بەشی دووەم

## هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان و تورکیا

### تەوەرەی یەکەم: هەڵوێستی هۆزە عەرەبەکان

قسەکردن لەبارەی هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان یەکێکە لەو پرسانەی کە جێگەی هەڵوەستەکردنە. لەو نووسینانەی کە بە هەناسەیەکی توند نووسراون، کاراکتەری سەرەکی ڕاپەڕینەکەیان ئاوەژووکرووەتەوە بە جۆرێك ڕۆڵی کوردیان لێبێبەری کردووە و هۆزە عەرەبییەکانیان بە ئەنجامدەری ڕاستەقینەی ئەو ڕاپەڕینەوە داناوە، بەشداریکردنی کوردیان لە گۆشەیەکی بەربەستەك پەستاوە[74]، تەنانەت بکوژی ڕۆگان بەکەسێکی عەرەب بەناوی ئەحمەد ئیبراهیم دادەنێن[75]، بەڵام بەڵگەنامە دانسقە فەرەنسییەکان خۆیان گەوایدەری تەواوی ڕاستییەکانن، زۆر بە ووردی پەنجە لەسەر تەواوکوردبوونی ڕاپەڕینی بەیاندوور دادەنێن.

هاوکات ناکرێت ئەوەش لەبەرچاو نەگیرێت، کە چەند کەسایەتیەکی هۆزە عەرەبییەکان لە سنووری بەرتەسك، هاوسۆزی ڕاپەڕینەکە بوونە و لە هەندێك کات و ماوەی دیاریکراو بەشداریانکردووە، وەك (شێخ محەممەد

[71] - صالح هواش المسلط، م.س، ص 206.

[72] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm.

[73] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١٣ .

[74] – صالح هواش المسلط، م.س، ص 206.

[75] – نوشين بيجرماني، معركة بياندور بين الجهل ...،ص ٣١، صالح هواش المسلط، م.س، ص 221.

عەبدولڕەحمان) لە هۆزی (تەی) [76] لەو ناوچەیە بوونیان هەبووە. فەرەنسییەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی سازشکردنیش بێت خۆیان لە هۆزە عەرەبەکان نزیك بکەنەوە، بەری لەوەی ڕێگەی هێز و سەرکەوتکردن بەکار بهێنن[77]. بە تایبەتی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەکەدا بۆ هێزەکانی فەرەنسی گرنگی خۆیان هەبوو، بە تایبەتی لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی (بەیاندوور)، هەربۆیە هەوڵیاندا سوود لە تواناکانیان وەربگرن، بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە، لەم چوارچێوەیەدا بۆ کێشکردنی هۆزە عەرەبییەکان بۆ لای خۆیان و بەکارهێنانیان لە دژی کوردانی ناوچەکە، پارە و پولی زۆریان بەخشیە سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان، لێرەدا دۆکیۆمێنتێکی فەرەنسی ئاماژە بەو لایەنە دەکات، کاتێك لە میانەی سەردانی بەرپرسێکی باڵای سەربازی فەرەنسی (٢٠٠) لیرەی زێڕ بەسەر سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان بەم شێوەیە دابەشکراوە:

(مەشعەل پاشا)، سەرۆك هۆزی تەی (١٠٠) لیرە و (موسەلەت)ی کوڕی مەشعەل پاشا ٢٥ لیرە.(نەواف)، سەرۆك هۆزێکی شەممەر ٢٥ لیرە.(محەممەد غانم) سەرۆك هۆزێکی بەنی سەبعە ٢٥ لیرە.(حەسەن دایر)، سەرۆك هۆزێکی دیکەی بەنی سەبعە ٢٥ لیرە[78]. بەشێکی زۆر لە سەرۆك هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە، بەردەوام هاموشۆی پێگە و بنکە سەربازییەکانی فەرەنسییەکانیان دەکرد، کە تێیدا لە دوایین پێشهاتەکان ئاگاداریان دەکردنەوە و ڕەوشی ناوچەکە و جموجوڵی ڕاپەڕیوانیان بۆ دەخستنەڕوو[79].سەروبەندی بارگرژیی و پێکدادانەکانی بەیاندوور، ( نەقیب دووگیفراڵ)، فەرماندەی سریەی ٢ی هێزەکانی فەرەنسی لە کەرتی (حسبە)، نوێنەری تایبەتی خۆی ڕەوانەکرد بۆ لای هەریەك لە (دەهام هادی)، سەرۆك هۆزی (شەممەر)، (سوڵتان)، سەرۆك هۆزی جبوور،کە تێیدا لەمیانەی دیدار و کۆبوونەوەکاندا داوای هاوکاری و یارمەتی لێکردن تەنانەت خودی نەقیب دووگیفراڵ بەخۆی سەردانی هۆزەکانی (شەممەر) و (جبووری) کرد و داوای لێکردن چەکداریان پێبدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو سەرۆك هۆزە بەڵێنیاندا هاوکاری هێزەکانی فەرەنسی بکەن، بۆ ڕۆژی دواتر چەکداری بۆ ڕەوانە بکەن، بەڵام ئەم کارەیان بە باشی و بە دڵی فەرەنسییەکان ئەنجامدا نەدا، چونکە بۆ ڕۆژی دواتر تەنها ( عەلی سوڵتان) کوڕەکەی لەگەڵ ٨ چەکداری بۆ نارد بوو، ئەوەش فەرەنسییەکانی نیگەران کرد، چونکە چاوەڕێی ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر بوون[80].

لە هەندێك کاتدا، بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکاری فەرەنسییەکان، هۆزە عەرەبییەکان خۆیان ڕێکخستووە و هەوڵیانداوە ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوان ببنەوە، بۆ نمونە لە ٢٠ی مانگی ئاب-ی ساڵی ١٩٢٣ شەڕ و پێکدادان لە نێوان هۆزە کوردییەکان و هێزێکی هۆزە عەرەبییەکان ڕوویدا، کاتێك نزیکەی ١٠٠ چەکداری هۆزی (شەممەر) و ٧٠ چەکداری هۆزی (تەی بەنی سەبعە) لەگەڵ هێزێکی ڕاپەڕیوان بە سەرۆکایەتی (حاجۆ ئاغا) پێکیانداداا، بەڵام

[76] – خالد عيسى، دراسة تاريخة: الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_KurTuralidIsa.htm

[77] – المصدر نفسه.

[78] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

[79] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

[80] – المصدر نفسه.

خۆیان پێ نەگیرا و ناچار هێزەکەی (شەممەر) و (تەی) پاشەکشەیان کرد بۆ (تەلپیردە-۸ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی تەل حەمیدی)[٨١].

لەگەڵ ئەوەی هۆزە عەرەبییەکان لە زۆر کاتدا هەماهەنگی و هاوکاری فەرەنسییەکانیان دەکرد، بەڵام فەرەنسییەکان لە هەڵوێستی هۆزە عەرەبییەکان نیگەران بوون، چونکە ئەوان دەیانەویست هۆزە عەرەبەکان شانبەشانیان بەشداری لە سەرکوتکردنی راپەڕیوان بکەن و رۆڵی کاریگەریان هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆزە عەرەبییەکان لە کاتی هێرشی سەر بەیاندوور و ئازادکردنی لە لایەن راپەڕیوانەوە، بەگوێرەی پێویست هەماهەنگی و هاوکاری فەرەنسییەکانیان نەکرد وەك ئەوەی خوازیاری بوون، بەڵام لە کاتی پاشەکشەکردن ئەو هێزە فەرەنسییە لە ناو هۆزە عەرەبییەکان گیرسایەوە و لە لایەن هۆزی (شەممەر) پێشوازی لێکرا، بە هانانەهاتنی وەك فەرەنسییەکان ئارەزوویان دەکرد، کاریگەری کردوەتە سەر فەرەنسییەکان وایکردووە وەك فشارێك هاوکاری و یارمەتییەکانیان بۆ عەرەبەکان کەم بکەنەوە، چونکە پێشتر بەڵێنیان دابوو هاوکاری تەواویان بکەن، هەر چەندە چەکداریان بۆ رەوانە کردن، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ئاست خواستی فەرەنسییەکان نەبوو[٨٢].

### تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی تورکیا

وەك ئاشکرایە کورد ئەو کارتە فشارە بووە، کە هەموو لایەك بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بەکاریان دەهێنا، دیارە ئەو ململانێیەی کە لە نێوان هاوپەیمان و تورکیا بەزەقی هەستی پێدەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا تورکیا هەوڵی فراوانکردنی سنوورەکەی و فەرەنسا بەرگری لە چوارچێوەی ئەو پشەکە دەکرت، کە هاوسنوور لەگەڵ تورکیا بۆی دیاری کرابوو.

لە چوارچێوەی فشارخستنە سەر فەرەنسییەکان بۆ سازشکردن لەسەر چەند پرسێکی گرنگ، تورکەکان لە سەرەتادا دژایەتی فەرەنسییەکانیان کرد لە رۆژئاوای کوردستاندا، تەنانەت ئەو بنکە سەربازیانەی، کە لە ناوچە سنوورییەکان بڵاوببوونەوە، هەڕەشەیان لە گوندنیشییەکانی ناوچەکە کردبوو، بەوەی گوندەکانیان تاڵان دەکەن ئەگەر هاتوو پاڵپشتی فەرەنسییەکان بکەن[٨٣]. تورکیا پاڵپشتی و پشتگیری لە هەر جموجۆڵێك دەکرد دژایەتی فەرەنسییەکان بکات، لەو سۆنگەیەوە (ئیسماعیل حەقی)، ئەفسەری باڵای سوپای تورکیا پەیوەندی بە راپەڕیوانانی (بەیاندوور)کرد و پاڵپشتی و پشتگیری لێدەکەن، تەنانەت لە هەندێك کاتدا بەخۆی هاتووەتە ناوچەکە و هانی راپەڕیوانانی داوە، بەتایبەتی پەیوەندی بەردەوام هەبووە لەگەڵ (حاجی ئاغا)، هەربۆیە فەرەنسییەکان بەردەوام تورکەکانیان تۆمەتبار دەکرد، کە لە پشت ئەو نائارامیيانەن[٨٤].

---

[٨١] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/س سري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

[٨٢] – فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU) .

[٨٣] – المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/سسري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

[٨٤] – المصدر نفسه.

بەڵگەنامە فەرەنسییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئیسماعیل حەقی، ٢٠٠ سەربازی تورکی بە بەرگی مەدەنییەوە خستبووە بەردەم حاجۆ ئاغا[٨٥] . ئەگەر ئەو زانیاریانە ڕاست بێت دیارە مەبەستی تورکیا لە پشتگیری ڕاپەڕیوان بۆ ئەوە نەبووە، پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان چارەسەر بکرێت و کورد مافەکانی دەستەبەر بکات، بەڵکو دەیەویست لەو ڕێگەیەوە گێچەڵ بۆ فەرەنسییەکان دروست بکات، تاوەکو فشاری زیاتر بخرێتە سەر فەرەنسییەکان، ، لەم نێوەندەدا تورکیا مەرامەکانی بەدەستبهێنێت لەم کاتەدا ململانێی نێوان تورکیا و فەرەنسییەکان لەسەر لیوا (ئەسکەندەرونە) بوو کە فەرەنسییەکان داگیریان کردبوو.

ئەو پەرەسەندنانە واییکرد، بابەتی کورد ببێتە مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا، تورکیا و دواتر سووری- تورکی، بەمەش بۆ چەندین جار شەڕو پێکدادان لە ناوچە سنوورییەکانی هەردوولا ڕوویانداوە[٨٦]. زۆرجاریش لە کاتی بۆردوومانکردنی ڕاپەڕیوانی (بەیاندوور)، سەرکردایەتی سوپا سالاری فەرەنسی، فڕۆکە فەرەنسییەکانیان ئاگادار دەکردەوە لەکاتی بۆردومانکردنی ناوچەی ڕاپەڕیوان، ڕێز لە سنوورەکانی تورکیا بگرن و خۆیان لە بۆردوومانکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەردوولا بە دوور بگرن[٨٧]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك فڕۆکە جەنگییەکانی فەرەنسی لە میانەی بۆردوومانکردنی ناوچەی سنووری تورکیا نزیك ببوونایە، لە لایەن هێزەکانی تورکییەوە بەرپەرچ دەدرانەوە و تەقەیان لێدەکرا[٨٨].

لەکاتی ڕاپەڕینی بەیاندوور، وەك هاوسۆزی و پاڵشتییەك، کوردانی باکووری کوردستان بەتایبەتی دانیشتوانی ماردین خۆپێشاندادانی پاڵپشتیان ئەنجامداوە[٨٩]، کە ئەمەش جەخت لەسەر یەك پارچەیی کوردستانەوە و هاوسۆزیبوونی کوردستانیان دەکاتەوە کە لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان بەبێ لە بەرچاوگرتن هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی، کوردستانی گەورەیان بەسەر چەند دەوڵەتێك بە زۆر دابەشکرد.ئەو پاڵشتیەی تورکیا (وەك پێشتر باسمان کرد) تا سەر نەبوو، بۆیە دوای چارەسەرکردنی کێشەی لەگەڵ فەرەنسییەکان و دەستنیشانکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵاتی سووریا و تورکیا، ڕێگەی لە هاتووچۆی کورد لە نێوان سنووری هەردوولا گیرا، بەڵام کوردان گوێییان بەو سنوورە دەستکردەنەدا، کە بەو هۆیەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کورد بەهۆی چاندنی مین و گوللەی سەربازانی تورکیا کوژران، ئەمەش وایی لە زۆرێك لە کوردە کۆچەرەکان کرد واز لە ژیانی کۆچەری بهێنن و لە زەوییەکانی جەزیرە ئاکنجی بن، لە پاڵ ئەو هۆزە کوردیانەی کە پێشتر لە ناوچەکە ئاکنجی بوون، دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکەن[٩٠].

---

[٨٥] – المصدر نفسه.

[٨٦] – صلاح بدرالدين، غرب كردستان( دراسة تاريخية، سياسية، وثائقية، موجزة،ط١، ١٩٩٨، المانيا–بون،ص٤٢.

[٨٧] – عالاي في ٢ اب ١٩٢٣ برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية– حلب رقم البرقية٣/٢٣٢ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٨/٢/ الساعة ١٢.

[٨٨] – عالاي في ١٠ اب ١٩٢٣،برقية مشفرة الحرب–باريس، رقم ١٩١ الى ١٩٤.

[٨٩] – المصدر نفسه.

[٩٠] – محمد ملا احمد، القضية الكوردية...، ص ١٣ –١٤ .

# ئەنجام

١- ڕاپەڕینی بەیاندوور، لاپەڕەیەکی شاراوە خەباتی گەلی کوردە لە ساڵی ١٩٢٣ لە دژی دەسەلاتدارانی فەرەنسی لە ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ماوەیەك هێزەکانی فەرەنسا وەدەرنراون.

٢- بەشێك هۆزە کوردییەکانی باکووری کوردستان، هەماهەنگی و پاڵپشتی و بەشداری ڕاپەڕینەکەیان کردووە، حاجۆ ئاغا یەکێکە لەو سەرکردە دیارانەی کە بەشداربووە.

٣- ڕاپەرینەکە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی دەسەلاتداران و ئەفسەرانی فەرەنسی بوو لە ناوچەکەدا لە دژی کورد.

٤- ڕاپەڕینەکە تەواو کوردی بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە سنووری دیاریکراودا هۆزە عەرەبەکان بەشداربوونە، بەلام بەهیچ شێوەیەك ئەو ڕاپەڕینە عەرەبی نەبووە، وەك هەندێك لەسەر چاوە عەرەبییەکان باسیان کردوە، بگرە لە هەندێك کات سەرۆك هۆزە عەرەبییەکان نزیکبوونە لە فەرەنسیەکان و لە لایەن ئەفسەرانی فەرەنسی پارەیان پێدراوە بۆ دەستبەرکردنی سۆزی ئەو هۆزانانە.

٥- لە بەرنامەی فەرەنسا، شتێك بوونی نەبووە بەناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.

٦- ئەگەرچی تورکیا لە دەستپێکدا یارمەتی ڕاپەڕیوانانی داوە، بەلام ئەوە تەنیا وەك کارتێکی فشار بەکارهێناوە، دواتر پشتی لە ڕاپەڕیوانان کرد و بگر کەوتۆتە دژایەتیان و سەرکەوتکردنیان.

٧- ڕاپەڕینەکە هەڵگری بەرنامەیەکی نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو زیاتر پەرچە کرداربووە، بۆیە زۆر درێژە ناکێشێ و دادەمرکێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


### یەکەم: بەڵگەنامە فەرەنسیە بڵاونەکراوەکان:

١- الجيش الفرنسي في المشرق، السرية الثانية للهجانة، مفرزة/بياندور في ٢٠ تموز ١٩٢٣ (١)، الملازم روبيرتو، قائد مفرزة السرية الثانية للهجانة الى النقيب قائد السرية.

٢- فرقة المشرق( الفرقة الثانية التابعة للقوات الفرنسية في المشرق–المترجم) تخوم الفرات قطاع الحسجة، من الوثائق الفرنسية (K.B.X-06.07.08.09.50.EU).

٣- الجيش الفرنسي في المشرق الفرقة الثانية، اللواء السوري الثالث المختلط، مسجل في مكتب وزير الحرب في ٣٠اب، و مدون في فرع افريقيا في ٣١اب ١٩٢٣، رقم ٤١٥٨.

٤- المفوضية السامية للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، حلب في ٣٠ اب ١٩٢٣، وارد الى سكرتارية المفوضية في ٣ ايلول برقم ١٦١٥، برقية مرسلة من الجنرال القائد المؤقت للفرقة الثانية الى الجنرال المفوض السامي، (ادارة المخابرات و المكتب العسكري) عالاي،K.B.X-10.07.08.10.25.EU

٥- المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية و لبنان، دولة حلب، الجنرال المفوض، رقم ١٦٣٠/س،سري، حلب في ٣١اب ١٩٢٣،K.B.X-23.07.08 عامودة.

٦- عالاي في ٢ اب ١٩٢٣، برقية مشفرة من الجيش الفرنسي في المشرق الى الفرقة الثانية– حلب رقم البرقية٢٣٢/٣ رقم ٤٦٨٨ مسجل في ٢/٨/ الساعة ١٢.

٧- المفوضية العليا للجمهورية الفرنسية في سورية ولبنان، دولة حلب ، الجنرال المفوض ، رقم ١٦٣٠/س. سري حلب في ٣١ آب ١٩٢٣، برقية مرسلة من القائد المؤقت للفرقة الثانية، نائب المفوض السامي.إلى الجنرال المفوض السامي في المشرق ( المكتب العسكري نسختين).

### دووەم: سەرچاوە کوردییەکان

٨- ئەکرەم جەمیل پاشا، کورتەی ژیانم، و: فەیزوڵلا برایم خان و بەرزان وەهاب، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بیر ، دیاربەکر ، ٢٠٠٧.

٩- د. عەبدوڵا غەفوور، گوندەکانی کوردستان/ گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر ژمێری دانیشتوانی سووریادا- ١٩٩٤، ب٤،چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- هێربەت مونتگومری، کوردستان سووریا بوونێکی نکۆڵی لێکراوە، و: مینە پیشەوا،چ١، مەڵبەندی کوردلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٩.

### سێیەم عەرەبییەکان:

11- اسماعيل الملحم، معركة المزرعة، ٢ و٣ اب ١٩٢٥ ملحمة السلاح الابيض، منشورات دار علاءالدين،ط١، دمشق، ٢٠٠، ص ١٧.

١٠ -احمد وصفي زكريا، عشائر الشام،ج٢، مطبعة دار اليقظة العربية، دمشق، ١٩٤٧.

١١ -ازاد ديركي، المدن الكردية،ط١ بيروت، ١٩٩٨.

١٢ جاسم محمد حسين العدول، تاريخ الوطن العربي المعاصر، جامعة موصل، مديرية دارالكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٦.

١٣ زين نورالدين زين، الصراع الدولي في الشرق الاوسط و ولادة دولتي سوريا و لبنان، (بيروت، ١٩٧١).

١٤ – ذوقان قرقوط(د.)، تطور الحركة الوطنية في سورية(١٩٢٠–١٩٣٢)، ط١، بيروت، ١٩٧٥.

١٥ –صبحي عبدالرحمن، كاليفورنيا الشرق (لبنان–١٩٤٥).

١٦ –صالح هواش المسلط، صفحات منسية من نضال الجزيرة السورية، ط١، منشورات دار علاءالدين، دمشق، ٢٠٠١.

١٧ –صلاح بدرالدين، غرب كردستان( دراسة تاريخية، سياسية، وثائقية، موجزة،ط١، المانيا–بون، ١٩٩٨.

١٨ –على صالح ميراني، الحركة القومية الكوردية في كوردستان–سوريا،ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل ٢٠٠٤ .

١٩ –لانكا بوكونا، المجابهة الفرنسية–السورية في عهد الانتداب (١٩٢٥–١٩٢٧)، ط٢، منشورات دار علاءالدين، سورية–دمشق، ٢٠٠٨.

٢٠ –محمد ملا احمد، القضية الكوردية في سوريا، برلين، ٢٠٠١، منشورات مجلة هاڤيبون للدراسات الكوردية.

٢١ – م.س.لازاريف، المسألة الكوردية (١٩١٧–١٩٢٣) ترجمة: د.عبدى حاجي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١.

**چوارەم: گۆڤار و رۆژنامەکان:**

22– انور عبدالحميد الشمرى، معركة بياندور/شهادة عربية، مجلة الحوار، العددان (١١–١٢) ، دمشق– ربيع- صيف ،١٩٦٦.

23 – نوشين بيجرماني، معركة بياندور بين الجهل و التجاهل، مجلة الحوار ، العدد (١٥) ، دمشق، ربيع.

24– جريدة (الشمس)، نشرة دورية تصدرها اللجنة المنطقية للحزب الديمقراتي الكوردي في سوريا (البارتي)، الجزيرة،ع(٦٩)، حزيران ٢٠٠٩.

25– جريدة(الحياة الجديدة)، الجريدة المنطقية الجزيرة للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا، ع(٧)، حزيران ٢٠٠٠.

26 – معركة بياندور صفحة مشرقة لشعبنا، جريدة (طريق الشعب)، الجريدة المركزية للحزب اليساري الكوردي في سوريا، عدد (٢٧٨)، حزيران ١٩٩٨.

**پێنجەم: ئینتەرنێت**

27 جيان الحصري، عيد الشهداء من جمال باشا السفاح الى...؟، موقع الاكتروني:
http://www.efrin.net/cms/erebi/.php?option=com_contentstask=viewsid=3710sItemid=29

28– خالد عيسى، دراسة تاريخية، الاكراد تحت الانتداب الفرنسي:
http://www.kurdistanabinxete.com/TarixaSuri_Tevlihev/Nerinekji_Ku.rTuralidIsa.htm

29–محمد ملا احمد، انتفاضة بياندور:
http://Kurdnas.com/ar/index.php?option=com_contentsid=viewsid=765sItemid=59

**انتفاضة بياندور**

**انتفاضة بياندور، احدى صفحات نضال الشعب الكوردي ضد السلطة الفرنسية في غرب كوردستان (كوردستان سوريا) والتي اندلعت في العام ١٩٢٣، حيث استطاعت طرد القوات الفرنسية من المنطقة وإن لفترة معينة، فيما شاركت قبائل كوردية من شمال كوردستان (كوردستان تركيا) في تلك الانتفاضة.**
**انتفاضة بياندور اندلعت كرد فعل على سياسة القمع التي انتهجتها السلطة الفرنسية و ضباطها في المنطقة ضد الكورد، و مع ان قبائل عربية كانت تقيم في تلك المنطقة شاركت فيها الا انه يمكن الجزم أن بياندور لم تكن عربية بل كانت كوردية خالصة.**
**لم يكن في جعبة الفرنسيين شيء تحت مسمى منح حقوق الكورد في غرب كوردستان. لكن الدولة التركية و بسبب خلافاتها مع الفرنسيين قدمت في البداية الدعم للمنتفضين الكورد، غير ان ذلك الدعم لم يستخدم سوى ورقة ضغط من قبل الاتراك على الفرنسيين و سرعان ما تنكر الاتراك للكورد بل و حتى بدأوا في معاداتهم و قمعهم.**
**يبقى القول ان بياندور لم تتبنى اجندات قومية، بل كانت مجرد رد فعل، لذا خمدت و لم تدم طوكلا.**

## Baindur Uprising

Baindur is one of the Kurds uprising that took place in 1923 against French officials in the Syrian part of Kurdistan. Throughout this uprising, Kurds were able to fight Frenchmen and take them away from the region for awhile. Moreover, some of the Kurdish clans from Turkey's part of Kurdistan participated.
Due to violence from French officials against Kurds, the uprising launched. Although, in some areas the uprising was coupled by Arab Clans, but the Uprising was a Kurdish Uprising not an Arabic one. French officials did not believe in Kurd's rights in Syria's part of Kurdistan. Nevertheless, at the beginning, Turkey supported the rebels aiming to put pressure on….. . But after awhile turkey changed its directions and started to fight against them. It was not a national uprising, but a reaction. that is why it was not a successful uprising and did not take long.

# پەیوەندی نێوان ڕوسەكان و میرنیشینە ئیسلامییەكانی دەوروبەری دەریای خەزەر لەنێوان سەدەی (٣-٦ك/٩-١٢ز)

م. ی. نوزاد خالد رؤوف
زانكۆی ڕاپەڕین
فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی مێژوو

## پێشەكی

ڕوسەكان وەك هێزێكی نوێ لە سەرەتای سەدەی سێیەمی كۆچی/ نۆیەمی زاینی یەوە دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بەسەر چەندین شار و قەڵا و ناوچەی دەوروبەری ڕوباری(إتل/ ڤۆلگا) و میرنشینێكی بەهێزیان بۆ خۆیان دامەزراند، ئەوان بەمەبەستی پەرەدان بە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی خۆیان لەرێگی ئاوی و وشكانییەوە گەیشتون بە هەرێم و شار و قەڵا كەنارییەكانی دەوروبەری دەریای خەزەر كە لە ڕووی ئابووری و كشتوكاڵی و سیاسییەوە ناوچەی گرنگ بوون و لەلایەن چەندین میرنشین و دەسەڵاتدارییەتی ئیسلامییەوە لە نەتەوە و مەزهەبی جیاواز بەڕێوەدەبران ، لەو ڕێگەیەشەوە پەیوەندی ئابووری و سیاسی لەنێوانیاندا دروست بووە ، گەیشتنی ڕوسەكان بەم ناوچەیە كە هێزێكی نوێی نەناسراوبوون كاریگەری گەورەی هەبووە لە سەردانیشتوانی ناوچەكە و میرنشینەكان ، ڕوسەكان زۆر جار هێرشی سەربازیان كردووەتە سەر ئەو میرنشینانە و كاولكاریی و تالانكارییەكی زۆریان ئەنجامداوە، ئەم پەیوەندیانە لەو سەردەمە و سەردەمە مێژووییەكانی دواتردا كاریگەری گرنگیان هەبووە بەسەر ناوچەكەوە ، ئەمەش گرنگی ئەم بابەتە ڕووندەكاتەوە بۆ توێژینەوە لە بارەیەوە.

گرنگی و بایەخی بابەتەكە و نەبوونی توێژینەوەیەكی سەربەخۆ دەربارەی(پەیوەندی نێوان ڕوسەكان و میرنشینە ئیسلامییەكانی دەوروبەری دەریای خەزەر لەنێوان سەدەی (٣ – ٦ك/ ٩ – ١٢ز)) هۆكار بوو بۆ ئەوەی ئەم بابەتە هەڵبژێرین بۆ توێژینەوەكەمان.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەشێوازێكی زانستی و بەپشت بەستن بەسەرچاوە ڕەسەكان لەبارەی پەوەندییەكانەوە بدوێین و زانیاریەكان بەگوێرەی پێویست شیبكرێنەوە و بەراوردبكرێن.

دیارە توێژینەوەیەكی لەم شێوەیە بەدەر نەبووە لە گیروگرفت و یەكێك لەو گیروگرفتانەش كەمبوونی زانیاری بوو لەسەر پەیوەندییەكانی نێوان ڕوسەكان میرنشینەكان لە سەرچاوە ڕەسەكاندا، بۆیە لە هەندێ جار تەنها پشت بەچەند سەرچاوەیەك بەستراوە لەكاتی باسكردنی پەیوەندی نێوان ڕوس و میرنشینەكان.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكی و چوار تەوەری سەرەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێكهاتووە، لە تەوەری یەكەمدا بەشێوەیەكی پوخت باسی بنەچەی ڕوسەكان و دامەزراندنی میرنشینەكەیان كراوە .تەوەری دووەم تەرخانكراوە بۆ پەیوەندییە ئابورییەكانی نێوان ڕوسەكان و هەرێمەكانی دەوروبەری دەریای خەزەر، تیایدا پەیوەندی بازرگانی لەرێگەی ئاوی و وشكانییەوە لەگەڵ گرنگترین ئەو كاڵایانەی بازرگانیان پێوە كراوە خراوەتە ڕوو.

لە تەوەری سێیەمدا باس لە پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینەکانی ( زەیدی) و (سامانی) و (سالاری) کراوە ، تێیدا هەرمیرنشینە بە جیا و سەرەتا پوختەیەك لەسەر دروستبوونی میرنشینەکە و دواتریش جەخت لەسەر پەیوەندی ڕوس و میرنشینەکە کراوەتەوە.

تەوەری چوارەم تەرخانکراوە بۆ پەیوندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینەکانی (شێروانشاهان) و( هاشمی) و (شەدادی) و (کسرانیان/شێروانشاهان)، بەجیا باسی دامەزاندنی میرنشینەکە و دواتر پەیوەندی نێوان ڕوس و ئەو میرنشینە خراوەتە ڕوو.لە کۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: بنەچەی ڕوسەکان و دامەزراندنی میرنشینەکەیان

ڕوسەکان لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگەزی سلاڤی و لە ناوچەکانی ئەسکەندەنافیا نیشتەجێبوون ، هەندێك لە توێژەران ئەوان بە سویدی و هەندێکی دیکە بە نۆرمانی دادەنێن ، ڕوسەکان لە ڕێگەی هێرش و پەلاماردان و تالانکردنی هۆز و نەتەوەکانی دی و ئەنجامدانی کاری بازرگانی ژیانیان دەگوزەراند ، هەر لەو ڕێگەیەشەوە توانیان سنوری دەسەڵاتیان فراوان بکەن و چەندین هۆزی دیکەی سلاڤی و فنلەندی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بیانکەن بە بەشێك لە خۆیان ، دوای ئەمەش دەستیان کرد بە کۆچکردن بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و سەرەتا لە ناوچەکانی باکور و دواتر لە ناوچەکانی باشور نیشتەجێ بوون[1].

هۆزی ڕوس لەلایەن (روریك) و دوو براکەی بە ناوەکانی (سینوس) و ( تریڤور) سەرکردایەتی دەکران ، ئەوان خۆیان و ئەو خێڵە ڕوس و سلاڤیانەی کەوا لە ژێردەسەڵاتیاندا بوون لەساڵی (٢٤٨ك/٨٦٢ز) بەرە و ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد و شاری (نوڤگۆرد) یان دروستکرد، ئەم شارە دەکەوتە سەر ڕوباری (ڤۆلکۆف/volkhov) و لەنزیك دەریاچەی (ئیلمن)بوو، (روریك) وەك میری ڕوسەکان دەست بەکاربووە و لەو شارەوە فەرمانڕەوایەتی کردووە، پاشان دەستی کرد بە دابەشکردنی ئەو شار و ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندا بوون بە سەر دارودەستە و کەسە نزیکەکانی خۆی و هەریەکە لە(سینوس) و ( تریڤور) بەڕێوەبردنی شارێکیان گرتە دەست[٢].

ڕوسەکان بەردەوام هەوڵی فراوانخوازی و داگیرکردنی ناوچەی دیکەیان دەدا بۆ ئەو مەبەستەش (روریك) دوو لەسەرکردەکانی خۆی بە ناوەکانی ( اسکولد ) و (دیر) بەرەو باشوری سەر ڕوباری دنیپەر نارد ، ئەوانیش توانیان دوای ماوەیەك دەست بەسەر شاری (کیف)دا بگرن کە دەکەوتە سەر ڕوباری دنیپەر، دواتر جیابوونەوە و سەربەخۆ بوونی خۆیان لە ( روریك)ی میری ڕووس ڕاگەیاندووە[٣].

دوای مردنی (روریك) لەساڵی(٢٥٩ك/٨٧٣ز) بە هۆی بچوکی تەمەنی (ئیگور)(٢٦٦ – ٣٣٤ك/٨٧٩ – ٩٤٥ز)ی کوڕی، سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی(ئۆلیگ) کرابە پەروەردەکاری و بەڕێوەبەری کاروباری ڕوسەکان،

---

(1) Wladyslaw Duczko, Viking Rus, Printed In The Netherlands,(Leiden: 2004), pp10,78 ; V.Minorsky, A History Of Sharvan And Darband ,(Cambridge:1958), p108.

(2) Maureen perrie, the Cambridge history of Russian, Cambridge university press, (uk:2006), p47; F.Donald Logan, The Vikings In History, Published In The Taylor, Secand Edition, (London:2003),p187 ;Wladyslaw Duczko, Viking Rus, p78.

(٣) ول و ايريل ديورانت، قصة الحضارة(عصر الامان)، ترجمة: محمد بدران، دار الجليل،(بيروت:١٩٨٨)، ج٣، المجلد ٤، ص٢٠٣؛ Maureen perrie, the Cambridge history of Russian, p47.

ئەم سەرکردەیە حەزی لەوە بوو سنوری دەسەڵاتی میرنشینی ڕوس فراوان بکات ، بۆ ئەو مەبەستەش هێرشی کردە سەر شاری (کیف) و توانی دەستی بەسەردا بگرێت و هەریەکە لە( اسکولد) و (دیر)ی فەرمانـدەی یاخی بووی ڕوسەکان لەوشارە لەلایەن ئەوەوە کوژران، شاری (کیف) پێگەیەکی گرنگی هەبوو لەڕوی سیاسی و لەڕووی ئابوریەوە بەهۆی ئەوەی دەکەوتە سەر ڕوباری دنیپەر و لەو ڕێگەیەوە دەتوانرا پەیوەندی ئابووری و سیاسی لەگەڵ باکور و باشور و دەوڵەتی بێزەنتی و عەرەبەکاندا دروستبکرێت[٤] .

دوای ئەوەی دەسەڵاتی میرنشینی ڕوس بەتەواوی لەو ناوچانە بەهێز بوو ، لە سەردەمی دەسەڵاتی میرەکانیان وەك (ئیگۆر) و دواتر( سفیاتۆسلاڤ) ( ٣٣٤ – ٣٦٠ك/٩٤٥ – ٩٧٢ز)ی کوڕی و میرەکانی دواتریش لەڕێگەی ڕوباری دنێپەرەوە بەکەشتیگەلی دەریایی چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر دەوڵەتی بێزەنتی و شاری( القسطنطينية)ی پایتەختیان گەمارۆداوە ، زۆرجاریش بێزەنتیەکان نەیانتوانیوە ڕووبەڕوویان ببنەوە و ناچاربوون لەگەڵ ڕوسەکان ڕێکبکەون و چەندین ئیمتیازاتی بازرگانیان پێبدەن ، دیارە ئەو هێرشانەی ڕوسەکان زیاتر بەمەبەستی تاڵان و دەستکەوت و ئیمتیازاتی بازرگانی هەبووە لەسەرەتادا[٥].

لە ماوەی توێژینەوەکەماندا سنوری دەسەڵاتی ڕوسەکان زۆر فراوانبووە و چەندین میریش فەرمانڕەوایەتیان کردووە ، کە کارەکەی ئێمە واناخوازێت ئاماژە بە هەموویان بکەین[٦] ، گرنگترین ئەو شارو و ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕوسەکاندا بوون بریتی بوونە ( نوڤگورد، کیف، سمۆلینسك، شرینگۆف، ڕۆستۆڤ، تلیۆتزا، فیشگارد، ...)[٧]، بێجگە لەم شار و ناوچانەش ڕوسەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی میر ( سفیاتۆسلاڤ)لە نێوان ساڵانی ( ٣٥٤- ٣٥٨ك/ ٩٦٥ – ٩٦٩ز) هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شانشینی خەزەر[٨] و توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و هەریەکە لە شارەکانی (سارکل)[٩] و

---

[4] B.P. Golden,Rus,(The Encyclopaedia Of Islam),( Leiden:1995),Volum (VIII),P620; Wladyslaw Duczko, Viking Rus, p205.

عبدالعزيز الدوري، اوراق في التاريخ والحضارة، دار الغرب الاسلامي، (د.م: ٢٠٠٧) ج١، ص ٧٦.

[٥] قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية ، عرض و تحليل و تعليق: محمود سعيد عمران، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، (بيروت:١٩٨٠)، ص ٣١ – ٣٣ ،٦٠.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارو کرداری میرانی ڕوس و ماوەی فەرمانڕەوایەتیان بڕوانە :
Maureen perrie, the Cambridge history of Russian, pp47-97.

[٧] قسطنطين السابع،ادارة الامبراطورية البيزنطية،ص ص ٦٠، ٦٣؛ول و ايريل ديورانت، قصة الحضارة،المجلد ٤،ج٣،ص ص ٢٠٣ – ٢٠٤.

[٨] شانشینی خەزەر: خەزەرەکان بەڕەگەز تورکن و لە هەرێمی خەزەر شانشینەکەیان بنیات نابوو ، پایتەختەکەیان شاری(خزران/ إتل) بوو، پاشای خەزەر و زۆرینەی دانیشتوانی شانشینەکە لەسەر ئاینی یەهودی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمان لە لایەکی پایتەختی میرنشینەکە بوونیان هەبووە، دیارترین شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینە بریتی بوون لە (خزران/ إتل)(سمندر)، (البيضاء)،( خمليخ)،( طولاس)،( سور)... . المسعودي ، التنبيه و الاشراف، تحقيق: عبدالله اسماعيل الصاوي، دار الصاوي للطبع والنشر، (القاهرة:د.ت)، ص٧٢؛ ابن حوقل ، صورة الارض، مطبعة بريل ، ط٢، (ليدن: ١٩٣٨)،ص ص ٣٨٩ – ٣٩٠، ٣٩٣؛ مؤلف مجهول، حدود العالم من المشرق الي المغرب، تحقيق: يوسف الهادي، دار الثقافية للنشر، (القاهرة: ١٩٩٩), ص ١٤٣.

[٩] سارکل : شارێك بوو دەکەوتە سەر ڕوباری (تانیاس/دون) ، ناوی شارەکەش بەمانای (ماڵی سپی) دێت ، ئەم شارە لە ژێر دەسەڵاتی خەزەرەکاندا بوو و لەلایەن (٣٠٠) سەربازی خەزەرییەوە پاسەوانی کراوە. قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية، ص ص ١٤٧ – ١٤٨.

(سمندر)[١٠] و دواتریش پایتەختی شانشینی خەزەر کە شاری (خزران/ إتل)[١١] بوو داگیربکەن ، لەکاتی شەڕەکانیشدا تالآنکاری و کاولکارییەکی زۆریان لەو ناوچانە ئەنجامدەدا و دانیشتوانی ئەو شار و ناوچانەش دووچاری ئاوارەیی بوون ، بەمشێوەیە ڕوسەکان توانیان کۆتایی بە شانشینی خەزەر بهێنن[١٢]، تاوەکو سەردەمی دەسەڵاتی میر(سڤیاتۆسلاڤ) یش پایتەختی ڕوسەکان هەرشاری (فوڤگورد) بووە و بارەگای سەرەکی میریش هەر لەو شارە بووە[١٣]

جوگرافیناسان و نووسەرانی موسڵمانی هاوسەردەمی ڕوسەکان زانیاری گرنگ و دەگمەنیان لەسەر ڕوسەرکان تۆمارکردووە، (ابن رستە (مردووی ٣٠٠ك/٩١٢ز) و چەند نووسەرێکی دیکەی هاوسەردەمی ڕوسەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕوسەکان لە سەر دورگەیەك نیشتەجێن کە بە دەریاچەیەك دەورەدراوە و ئەو زەوی و ناوچەیەی ئەوان تێیدا ژیان دەگوزەرێنن زەوییەکی تەڕو فشەڵە و قاچەکانی مرۆڤ تێیدا ڕۆدەچن، ژمارەی دانیشتوانی ئەو دورگەیەش نزیکەی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەسە[١٤]، هەندێ نووسەر پێیان وایە ئەو دورگەیەی کە باسکراوە بریتیە لە شاری (نوڤگورد)[١٥] .

ڕوسەکان وردە وردە بوونە خاوەنی چەند میرنشینێك کە بە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بڵاوببوونەوە ، بۆیە دەبینین وڵاتناسان و گەڕیدە موسڵمانەکانی هاوسەردەمی ڕوسەکان ئەوانیان بۆ چەند جۆرێك دابەشکردوون و ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێك لەڕوسەکان لەنزیك شاری (بلغار)[١٦] نیشتەجی بوون و پاشاکەیان لەشاری (کویابە)(کیف) نیشتەجێ بوو، ئەم شارە لە شاری (بلغار) گەورەتر بوو، نزیکترین شاری ڕوس بوو لە موسڵمانانەوە، بەشێکی دیکەیان لەسەروی ئەوانەوە بوون و بە(الصلاوية) ناسرابوون و پاشاکەیان لە شاری(صلا) نیشتەجێ بوو، وە بەشێکی دیکەیان بە (الارثانية) ناسرابوون و پاشاکەیان لەشاری (ارثا) دادەنیشت[١٧]، (ابن

---

[١٠] سمندر: شارێکە لە وڵاتی خەزەر و دەکەوێتە پشت شاری (باب الابواب) و هەشت ڕۆژە ڕێ لێیەوە دوورە، شارێکی بەپیت و بەرەکەتە و ڕەز و باخی زۆرە. ياقوت الحموي، معجم البلدان، دار صادر، (بيروت:١٩٧٧)، ج٣، ص٢٥٣.

[١١] خزران/ إتل: شاری ( إتل) پایتەختی دەوڵەتی خەزەر بوو، دەکەوتە سەر ڕوباری ( إتل) ، ڕوبارەکە شاری ( إتل) ی دەکرد بە دوو بەشەوە ، بەشی ڕۆژئاوای بە (خزران) ناودەبرا و بەشی ڕۆژهەڵاتی بە( إتل) ناودەبرا، پاشای خەزەر لە ڕۆژئاوای شارەکە نیشتەجێ بوو لەگەڵ سوپاکەی و بەشی ڕۆژهەڵاتیش زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمان بوون. مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١٤٣؛ ابن حوقل ، صورة الارض، ص ٣٨٩.

[١٢] ابن حوقل ، صورة الارض، ص ص ٣٩٢ — ٣٩٣، ٣٩٧ — ٣٩٨؛ د.م. دانلب، تاريخ خزران، چاپ شمشاد ، ( تهران: ١٣٨٢ هـ. ش)، ص ص ٢١٢ — ٢١٣.

[١٣] قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية، ص٦٠.

[١٤] ابن رستة ، الاعلاق النفيسة، مطبعة بريا، (ليدن: ١٨٩٣)، ص١٤٥؛ البكري ، المسالك والممالك، دارالغرب الاسلامي، (د.م: ١٩٩٢)، ج١، ص٤٩١؛الجرديزى ، زين الاخبار، ترجمة :عفان السيد زيدان، هيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، (القاهرة:٢٠٠٦)، ص٣٩٤.

[١٥] ارثر كيستلر ، القبيلة الثالثة عشر و يهود اليوم، ترجمة : احمد نجيب هاشم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (د.م:١٩٩١)، ص٩١؛
V.Minorsky, A History Of Sharvan,p109.

[١٦] بلغار: شارێکە دەکەوێتە سەر ڕوباری ( إتل) و هەموو دانیشتوانەکەی موسڵمانن، شارێکی بەپیت و بەرەکەتە و دانیشتوانەکەی شەڕی کەسانی بێ باوەڕ دەکەن و نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار ئەسپ سواریان هەیە.مؤلف مجهول، حدود العالم، ص ص ١٤٤ — ١٤٥.

[١٧] الاصطخري، مسالك والممالك، مطبعة بريل، (ليدن:١٨٧٠)، ص ص ٢٢٥ — ٢٢٦ ؛ ابن حوقل، صورةالارض، ص٣٩٧؛ مؤلف مجهول، حدود العالم, ص ص ١٣٩ — ١٤٠؛ البكري، المسالك والممالك، ج١، ص٤٩١.

فضلان)یش کە خۆی لەساڵی (٣٠٩ك/٩٢١ز) سەردانی وڵاتی ڕوسەکانی کردووە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان لەسەر ڕووباری ( إتل) نیشتەجێن[١٨].

سەرۆك و فەرمانڕەوای ڕوسەکان لە سەرچاوەکاندا زیاتربە (خاقانی ڕوس) ناوی هاتووە [١٩]، بەڵام لە هەندێ لە سەرچاوەی دیکەدا بە (پاشای ڕوس)[٢٠]، یان (میری ڕوس) ناوی هاتووە [٢١]. سەبارەت بەناوی ڕوسیش (المسعودی)(مردووی٣٤٥ك/٩٥٦ز) دەڵێت «ڕۆمەکان بە ڕوسەکانیان دەوت ڕوسیا وشەکەش مانای سور(الحمر) دەگەیەنێت»[٢٢].لەڕوی زمانەوە ڕوسەکان زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە کە جیاواز بووە لە زمانی خەزەرەکان و نەتەوەکانی دیکەی دراوسێیان[٢٣].

لەڕوی ئایینییەوە ڕوسەکان لە سەرەتادا بت پەرست بوون و کڕنوشیان بۆ ئەو بتانە بردووە کە لە زێڕو زیو و تەختە و بەرد دایان تاشیون و قوربانیان بۆ کردوون و لێیان پاڕاونەتەوە[٢٤]، بەڵام دواتر لەسەردەمی دەسەڵاتی میرێکیان بە ناوی ( ڤلادیمیر)(٣٧٠ – ٤٠٦ك/٩٨٠ – ١٠١٥ز) ڕوسەکان هاتنە سەر ئاینی مەسیحی لەسەر مەزهەبی ئەرسەدۆکسی(الارثذوكسية)، کە ئەم مەزهەبە مەزهەبی دەوڵەتی بێزەنتی بوو[٢٥]، ئەم گۆڕینی ئاینەی ڕوسەکانیش لە ساڵی (٣٧٥ك/٩٨٥ز)بوو ، سەرچاوەکانی نزیك لەو ڕوداوەش بە دورو درێژی چیرۆکی ئەم بەمەسیحی بوونەی ڕوسەکانیان گێڕاوەتەوە ، ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن لەم کاتەدا ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی توشی کێشەی و شەڕی ناوخۆ بووبویەوە ، پایتەختی دەوڵەتی بێزەنتی(القسطنطينية) لەلایەن سوپای (وردیس) گەمارۆدرابوو، پاشای ڕۆم ( باسیلی دووەم)(٣٦٥ – ٤١٥ك/٩٧٦ – ١٠٢٥ز) بە مەبەستی لەناوبردنی نەیارانی داوای یارمەتی سەربازی لە پاشای ڕوس کرد ، وە خوشکێکی خۆشی پێدا بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان پتەوبێت، پاشای ڕوسیش بەوە ڕازی بوو ، بەڵام خوشکی ئیمپڕاتۆر ئەوەی ڕەتکردەوە کە شوو بە کەسێك بکات کە هاوئاینی نییە و مەسیحی نییە، بۆ داوای لە پاشای ڕوس کرد کە ببێتە مەسیحی ، پاشای ڕوسیش بەو داوایە ڕازی بوو و بووە مەسیحی، دوای ئەمە سوپای ڕوس بۆ یارمەتیدانی ئیمپڕاتۆری ڕۆم هاتن و نەیارانی ئەویان لەناوبرد، پاشان قەشە و پیاوانی ئاینی مەسیحی چوونە وڵاتی ڕوس و دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئایینەکان و دروستکردنی کەنسیە لە ناوچەکانی وڵاتی ڕوس[٢٦].

---

[١٨] ابن فضلان، رسالة ابن فضلان في وصف الرحلة الى بلاد الترك و الخزر و الروس و الصقالبة، تحقيق: سامي الدهان، مطبعة الهاشمية، (دمشق:١٩٦٠)، ص٢١.

[١٩] مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١٤٠؛ ابن رستة ، الاعلاق النفيسة، ص١٤٥؛ الجرديزی ، زين الاخبار، ص٣٩٤؛ مؤلف مجهول، مجمل التواريخ و القصص، تصحيح: ملك الشعراء بهار، چاپخانه خاور، (تهران:١٣١٨هـ.ش)، ص٤٢١.

[٢٠] ابن فضلان، رسالة ابن فضلان، ص١٦٠.

[٢١] قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية، ص ص ٣١ – ٣٢.

[٢٢] التنبيه و الاشراف، ص١٢٢.

[٢٣] الاصطخري، مسالك والممالك، ص٢٢٥؛ابن حوقل، صورة الارض، ص٣٩٦.

[٢٤] ابن فضلان، رسالة ابن فضلان، ص١٥٣؛ جبرائيل لوفتيك، روسية سابقا وحاضرا، مجلة المشرق، العدد(١٧)،السنة السابعة، (بيروت: ١٩٠٤)، ص٧٩٢.

[٢٥] جوزيف نسيم يوسف، تاريخ الدولة البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، (الاسكندرية: ٢٠٠٥)، ص ١٧٧؛ نورمان بينز و اخرون، الامبراطورية البيزنطية، ترجمة: حسن مؤنس و محمود يوسف، مطبعة لجنة تاليف و ترجمة، (القاهرة: ١٩٥٠)، ص٣٠٣.

[٢٦] الانطاكي، تاريخ الانطاكي ( المعروف بصلة تاريخ اوتيخا)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدميري، حروس برس،(لبنان: ١٩٩٠)، ص ص ٢٠٩ – ٢١٠؛الروذراوري،ذيل تجارب الامم، ملحق بكتاب تجارب الامم وتعاقب الهمم،دارالكتب العلمية،(بيروت: ٢٠٠٣)،ج٦،ص ص ٧١ –٧٢؛

## تـەوەری دووەم: پەیوەندییـە ئابورییـەکانی نێـوان ڕوسـەکان و هەرێمـەکانی دەوروبـەری دەریـای خەزەر

ئابووری ڕوسەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بازرگانی کردن بینا کرابوو ، بازرگانی پیشـەی سـەرەکی ئەوان بوو، ئەو شار وگوند و ناوچانەی کە سـەرەتا ڕوسـەکان تێیـدا نیشـتەجێ بـوون زەوییـەکی تـەڕ و شـێدار و باراناوی بوو، کە بۆ کشتوکاڵکردن دەستی نەدەدا و هەرکاتێك مرۆڤ بەسەریدا ڕۆشتبایە ئەوا پێیەکانی لە قوڕ و شێداری زەویەکەدا ڕۆدەچوون، بۆیە دەبینین لەهەندێ سەرچاوەکاندا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە ڕوسـەکان خـاوەن زەوی و زاری کشـتوکاڵی نـین و جوتیـاری لەنێویانـدا نییـە[٢٧]، تەنانـەت هەنـدێ لـە شـارە گـەورەکانی ڕوسـەکان لەوەرزی زستاندا بۆ ئەوە نەدەشیا کە مـرۆڤ تێـدا بـژی ، بـۆ نمونـە لە شـاری (کیـف) بەشـێك لـە ڕوسـەکان لـە مـانگی (نۆڤەمبـەر /١٢) شـارەکەیان بەجێدەهێشـت و دەچـوونە ناوچـەکانی دیکـەی ژێردەسـەڵاتیان و وەرزی زستانیان لەوێ بەڕێدەکرد ، دواتر کـە لـە مـانگی (اپریـل/ ٤) دا بـەفر دەتوایـەوە و بەسـتەڵەکی ڕوبـاری دنیپـەر دەتوایەوە بەرەو شاری (کیـف) دەگەڕانـەوە[٢٨] ، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کەتاسـەر وڵاتـی ڕوسـەکان هـەروا بێپیت و بەرەکەت بووە ، بەڵکو دەبینین دوای ئەوەی سنوری دەسەڵاتی ڕوسەکان فراوان دەبێت و وڵاتـی خـەزەر و ناوچەکانی دیکە دەکەونە ژێردەسەڵاتیانەوە کە لەڕووی کشتوکاڵییەوە بـەپیت و بەرەکـەت بـوون هـەروەك لـە تەوەرەی یەکەم باسکرا، بەڵام سەرچاوەکان ئاماژەیەکی ڕوون لەو بارەیەوە نادەن بەدەستەوە.

بەشێوەیەکی سەرەکی ڕوسەکان بـۆ کـاری بازرگـانیکردن پشـتیان بـە ڕێگـای ئـاوی دەبەسـت ، ئـەو ڕێگـا ئاویەش بریتی بوو لە ڕوباری ( إتل/ ڤۆلگا) کە لە هەندێ سەرچاوە بە ڕوباری خەزەر یاخود ڕوباری ڕوس ناوی دەهێنرێت، ئەم ڕوبارە ڕێگەی سەرەکی بازرگانی ئەوان بوو ، ڕوباری ( إتل) لە سەروی وڵاتی ڕوس هەڵدەقوڵی و بە وڵاتی ڕوسەکاندا دەڕۆیشت و دواتر دەگەیشت بە (بلغار) و دواتـر دەگەیشـتە (برطـاس)[٢٩] ، پاشـان دەگەیشـت بە وڵاتی خەزەر و دەڕژایە (دەریـای خـەزەر)[٣٠]ەوە[٣١]. هـەروەها ڕوبـارێکی گرنگـی دیکـە کـە ڕوسـەکان بـۆ کـاری

v.Minorsky, Commentary Of Book( Sharaf Al – Zaman Tahir Marvazi On : China, The Turkey And India), (London:1942), P P 118 – 119.

[٢٧] ابن رستة، الاعلاق النفیسة، ص ١٤٥؛ الجردیزي، زین الاخبار، ص٣٩٤.

[٢٨] قسطنطین السابع ، ادارة الامبراطوریة البیزنطیة، ص ص ٦٣ – ٦٤.

[٢٩] برطاس: ناوی نەتەوە و شارێکە ، هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی خـەزەرەکان و دەکەوێتـە سـەر ڕوبـاری( إتـل)، دانیشـتوانەکەی خـەڵکی موسڵمانن، شارەکە بە فەرو و پێستەی ڕێوی بەناوبانگە. القزویني، اثار البلاد و اخبار العباد، دار صادر، ( بـیروت: د.ت)، ص ص ٥٧٩ – ٥٨٠؛ البغدادي، مراصد الاطلاع علي اسماء الامکنة و البقاع، دار المعرفة، (بیروت: ١٩٥٤)، ج١، ص١٨٤.

[٣٠] دەریای خەزەر: دەیاریایەکی گەورە و داخراوە و لەڕێگـەی ئاوییـەوە نەبەسـتراوەتەوە بـەهیچ دەریایـەکی دیکـە، چـەندین شـار و هەرێم دەکەونە سەر ئەم دەریایە، لە ڕۆژهەڵاتی ئەم دەیایەوە وڵاتی (دیلم ) و (طبرستان) و(جرجـان) و چـەند ناوچـەیەکی دیکـە، لە ڕۆژئاوایەوە هەرێمی (ئاران) و سـنوری (السریر) و وڵاتـی خـەزەرە، لـە باکوریـەوە ناوچـەی(الغزیە) و (سـیاکوە)یە، لەباشـوریەوە (الجبل) و (الدیلم)ە. اصطخري، مسالك و الممالك، ص ص ٢١٧ – ٢١٨. لـە هەنـدێ سەچاوەش بـە (دەریـای جرجـان ) یـاخود (دەریـای طبرستان) ناوی دەهێنرێت، بەتایبەت لەو سنورە ئاویانەی لەسەر کەناری ئەو هەرێمانەدان. ابن خرداذبة، المسالك والممالك، مطبعـة بریل،(لیدن:١٨٨٩)، ص ص ١٥٤ – ١٥٥؛ ابن حوقل، صورة لارض، ص٣٣٩.

[٣١] ابـن حوقـل، صـورة لارض، ص ص ٣٩٢ – ٣٩٣؛ الادریسـي، نزهـة المشـتاق في اخـتراق الافـاق، مکتبـة الثقافـة الدینیـة،(القاهرة: د.ت)،المجلد٢،ص ص٨٣٤ – ٨٣٥.

بازرگانی سودێکی زۆریان لێوەر گرتووە ڕوباری دنیپەر بوو، ڕوسەکان سنوری دەسەڵاتیان درێژ دەبوەوە بۆ سەر ئەم ڕوبارەش و کەشتییەکانیان لە بنکەی سەرکیان کە شاری (نۆڤگۆرد) و ناوچەکانی دیکەوە دەیان هێنان بۆ شاری (کیف)، لە وێوەش لەڕێگەی ئەم ڕوبارەوە بەرەو باشوور دەڕۆشتن تاکو دەگەیشتن بە دەریای ڕەش و وڵاتی ڕۆم، ئەمەش دوای ئەوەی چەندین بەربەست و مەترسی سەر ڕێگاکەیان لە ڕوباری دنیپەر دەبڕی، لە چەندین شوێن خۆیان لە کەشتییەکانیان دادەبەزین و لە هەندێ شوێنیش کەشتییەکانیان لە ڕوبارەکە دەهێنایە دەرەوە و ڕایان دەکێشا ، پاشان دەیانخستنەوە ناو ڕوبارەکە[٣٢]، بەم شێوەیە دەبینین ڕوسەکان کاری بازرگانیان لەگەڵ خەزەرەکان و بولغارەکان و ڕۆمەکان ئەنجامداوە، ئەوان کە لە باکوری وڵاتی ڕۆم نیشتەجێ بوون بەهۆی باڵادەستیانەوە توانیبوویان باج و خەراج بەسەر چەند ناوچەیەکی ڕۆمەکان و نزیک لە وڵاتی خۆیاندا بسەپێنن[٣٣] ، وە هەندێکجاریش دەوڵەتی بێزەنتیان ناچاردەکرد کە لەڕێگەی ڕێککەوتنەوە کارئاسانی و ئیمتیازاتی بازرگانیان پێبدات[٣٤].کاروانە بازرگانییەکانی ڕوسەکان لەلایەن کۆمەڵێك کەشتی سەربازییەوە دەپارێزران و لەوەرزی بەهاردا گەشتە بازرگانییەکانی خۆیان دەستپێدەکرد، هەڵبەتە ڕوسەکان لە وەرزی زستاندا زیاتر خەریکی کۆکردنەوەی باج و خەراج بوون لەخەڵکانی ئەو ناوچانەی لەژێردەسەڵاتیاندا بوون ، لەوەرزی بەهاریشدا کاروانە بازرگانییەکانیان وەڕێدەخستن[٣٥].

پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی ڕوسەکان لەگەڵ هەرێمەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر لەڕێگەی ڕوباری ( إتل/ڤۆلگا) و ڕوباری (تنیس/دون)کە بە ڕوباری (سەقالیبە) ناوی هێنراوە بووە، ڕوباری ( إتل/ ڤۆلگا) ڕوبارێکی گەورە بوو کە ڕوسەکان لەوڵاتی خۆیانەوە کەشتییە بازرگانییەکانیان دەخستەناوی و بەڕێدەکەوتن بۆ وڵاتی خەزەر ، دوای گەیشتنیشیان بەمەبەستی ڕێگەپێدرانیان بە هاتنە ناوەوەی کەشتییەکان و کاری بازرگانی دەیەکی کەلوپەل و کۆیلەکانیان و سەرمایەکەیان دەدا بە پاشای خەزەر[٣٦].

(ابن فضلان) باسی دیاردەیەك دەکات کە ڕوسەکان لەکاتی بازرگانی کردن لە ڕێگەی ڕوباری ( إتل/ڤۆلگا) ئەنجامیان داوە ، ئەو دیاردەیەش بریتی بووە لە پاڕانەوەی بازرگانەکان لە بتەکان بۆ ئەوەی کاری بازرگانیان بۆ ئاسان بکەن ، بەگوێرەی وتەکانی ئەو ڕوسەکان دوای دەرچوونیان بۆکاری بازرگانی و لادانی کەشتییەکانیان لە ڕۆخی ڕوباری ( إتل) پەیکەرێکی گەورەی لە دار دروستکراو لە زەوی دەچەقێنن و کڕنوشی بۆدەبەن و لێی دەپاڕێنەوە بۆئەوەی کەلوپەلەکانیان بەنرخێکی باش و زوویی و بەئاسانی بۆ بفرۆشرێت ، وە خۆراك و دیارییان پێشکەش دەکردن و ئەگەر کاری بازرگانییەکەشیان سەربگرێت و قازانجێکی باش بکەن ئەوە ئاژەڵیشیان بۆ سەردەبڕی و دەیکەنە قوربانی بۆی[٣٧]

---

[٣٢] قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية، ص ص ٥٥، ٦٠ – ٦٤، ١٤٩؛ نورمان بينز و اخرون، الامبراطورية البيزنطية، ص ص ٣٠٢ – ٣٠٣.

[٣٣] الاصطخري، مسالك والممالك، ص ٢٢٦.

[٣٤] قسطنطين السابع ، ادارة الامبراطورية البيزنطية، ص٣٢.

[٣٥] نورمان بينز و اخرون، الامبراطورية البيزنطية، ص٣٠٢.

[٣٦] ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص١٥٤؛ ابن فضلان ، رسالة ابن فضلان، ص ص ١٤٥ ، ١٥١ ؛ ابن حوقل، صورة الارض، ص ٣٩٢؛ محمود عبدالرحمن، تاريخ القوقاز، دار النفاس للطباعة،( لبنان:١٩٩٩)، ص ص٣٩ – ٤٠.

[٣٧] ابن فضلان ، رسالة ابن فضلان، ص ص ١٥٢ – ١٥٤.

ڕوسەکان دوای تێپەڕینیان لە ڕوبارەکە گەیشتوون بە دەریای خەزەر و لە کەنارەکانی دەریاکە لایان داوە و کاری بازرگانیان لەگەڵ هەرێمەکانی دەوروبەری کردووە ، ئەو بازرگانییەی ڕوسەکان بەتایبەت لەگەڵ هەرێمی جرجان[٣٨] بووە، لەوێشەوە بەسواری حوشتر و بە هاوەڵایەتی وەرگێڕانی سەقالیبەیی کە مەسیحی بوون ، کەلوپەلەکانیان بەمەستی کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن گواستووەتەوە شاری بەغداد[٣٩].

هەروەها ڕوسەکان ڕێگای بازرگانی وشکانیشیان بەکارهێناوە ، دوای گەیشتنیان بە شاری خەزەر( إتل) و دەریای خەزەر و (جرجان) ، لەوێشەوە دەچوون بۆ شاری (بلخ)[٤٠] و وڵاتانی (ما وراء النهر)[٤١] و دواتریش بۆ (الصين)[٤٢].

لەبەرامبەریشدا خەڵکی بەمەبەستی بازرگانی ڕویان دەکردە وڵاتی ڕوس ، بەتایبەت شاری کویابە(کیف)و دەوروبەری بەڵام هەندێ ناوچەی دیکەی ڕوسەکان کەس نەیدەتوانی بۆکاری بازرگانی ڕوی تێبکات ، بۆ نمونە شاری (ارثا) کە هەرکەسێکی نەناسراو ڕوی تێبکردبایە دەیان کوشت، ئەمە لەکاتێکدابوو خەڵکی ئەم شارە کاری بازرگانی خۆیان لەگەڵ ناوچەکانی دیکە ئەنجام دەدا ، بەڵام هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەسەر خۆیان و کاری بازرگانیان بەکەس نەدەوت[٤٣].

ئەو کەلوپەلانەی لەلایەن ڕوسەکانەوە هەناردە دەکرا بریتی بوون لە هەنگوین و فەرو و پێستەی چەند جۆرێك ئاژەڵی وەك سمۆرەی ڕەش و ڕێوی و سەنجاب و (الخز) و پێستەی پڵینگ ، کە هەندێ لەو پێستە و فەروانە تەنها لەوڵاتی بلغار و ڕوس هەبوون و لەڕێگەی ڕوسەکانەوە دەگەیشتن بە ناوچەکانی دیکە[٤٤]، توکی

---

[٣٨] جرجان: ناوچەیەکی گەورەیە و گەورەترین شاری بە (جرجان) ناودەبرێت، ئەم شارە کەوتووەتە سەر کەناری دەریا(دەریای خەزەر) ، شارەکە لە دوو بەش پێکهاتووە و ڕوبارێك بەناویدا دەڕوات و ئەو ڕوبارەش بۆ کەشتیەوانی بەکاردەهێنرێت ، شارێکی بەپیت و بەرەکەتە و میوەی زۆرە ، ئەم شارە شارێکی بازرگانیشە و بازرگانان لە هەموولایەکەوە ڕوی تێدەکەن ، بەتایبەت لەڕێگەی دەریاوە. الاصطخري، مسالك الممالك، ص ص ٢١٢ – ٢١٣.

[٣٩] ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص ١٥٤؛ ادم متز، الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري او عصر النهضة في الاسلام، ترجمة: محمد عبدالهادي، دارالكتاب العربي، (بيروت: د. ت) ،المجلد ٢، ص٣٧٢.

[٤٠] بلخ: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمی (خوراسان)،ئەم شارە بە پایتەختی هەرێمی (خراسان) دادەنرێت و شوێنی نیشتەجێ بوونی فەرمانڕەوایانی هەرێمەکە بووە لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا، شارێك بووە دوو شورە و دوازدە دەرگای هەبووە، چەندین شار و گوند و قەڵا سەربەم شارە بوون. اليعقوبي، البلدان، وضع حواشية: محمدامين ضناوي، دارالكتب العلمية، (بيروت:د.ت)،ص ص ١١٦ – ١١٧؛اسحاق بن الحسين، اكام المرجان في ذكر المدائن المشهورة في كل مكان،عالم الكتب،( بيروت: ١٩٨٨)، ص٨٢.

[٤١] ما وراء النهر: ئەو ناوچانەی دەکەونە پشت ڕوباری(جيحون) بە وڵاتانی ئەودیوی ڕوبار(ما وراء النهر) دەناسرێن، ئەم شار و ناوچانە دەگرێتەوە ( بخارى، سمرقند، جند، الشاش، اشروسه، فرغانه، بناكت...) ، بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناوچانە بەپیت و بەرەکەت بوون و ناوچەی کشتوکاڵی بوون، ابن الفقية، البلدان، تحقيق: يوسف الهادي، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٩٦)، ص ص٦١٥ – ٦١٦؛ القزويني، اثار البلاد، ص٥٥٧.

[٤٢] ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص ص ١٥٤ – ١٥٥.

[٤٣] الاصطخري، مسالك الممالك، ص٢٢٤؛ ابن حوقل، صورة الارض، ص٣٩٧.

[٤٤] الاصطخري، مسالك الممالك، ص ص٢٢١ – ٢٢٦؛ ابن حوقل، صورة الارض، ص ص٣٩٧،٣٩٢؛ ابن الوردي، خريدة العجائب وفيرة الغرائب، تحقيق: انور محمود زناني، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة:٢٠٠٨)، ص١٨٠؛ ادم متز، الحضارة الاسلامية، المجلد٢، ص٣٧٢.

ئەم ئاژەڵانە زۆرجوان و نەرم بوو و پێستەیەکی باش و گونجاویان هەبوو ، بۆیە فەروەکەیان نرخی گران بوو و جلوبەرگی نایاب و بەنرخی لێدروست دەکرا[٤٥].

هەروەها مۆم و قورقوشم(الرصاص) و ئاوریشم و بۆنی میسك و جۆرەها سوفی جل و بەرگ لەو کەلوپەلانە بوون کە ڕوسەکان لە شاری کویابە(کیف) و ناوچەکانی دی هەناردەیان دەکرد و بەبازرگانیکردن و فرۆشتنی بەناوبانگ بوون[٤٦]، سەرەڕای ئەمانەش ڕوسەکان بە جۆرێك لە شمشێری بەنرخ بەناوبانگ بوون کە بە شمشێری (السلمانیة/السلیمانیة) ناسرابوو[٤٧].

بازرگانی کردن بە کۆیلە و کەنیزەکیش لایەنێکی دیکەی گرنگی بازرگانی ڕوسەکانی پێکدەهێنا، ئەوان لە کاتی بازرگانی کردن لە ڕێگەی ڕوباری ( إتل)ەوە کەنیزەکەکانیشیان سواری کەشتییەکانیان دەکرد و بۆ فرۆشتن لەگەڵ خۆیان دەیانبردن بۆ ناوچەکانی دی[٤٨]، زۆربەی ئەو کۆیلە و کەنیزەکانەش ڕوسەکان لە ئەنجامی هێرش کردنە سەر خەڵکی ناوچەکانی (الصقالبة)[٤٩] دەستیان کەوتبوو و خەڵکانی ئەو ناوچانەیان دەستگیرکردبوو و کردبونیانە کۆیلە و کەنیزەك و دەیانفرۆشتن[٥٠].

لەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندا ئاماژەیەکی ڕوونی ئەوتۆ نەکراوە بەوەی کە ڕوسەکان بەو پارەیەی لەئەنجامی فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەوە دەستیان دەکەوت چیان کڕیوە لە هەرێمەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر، وەچ جۆرە کەلوپەلێکیان لەگەڵ خۆیاندا بردووەتەوە بۆ وڵاتەکەیان ، بەڵام بە هۆی ئەوەی وڵاتی ڕوس بۆ کشتوکاڵکردن گونجاو نەبوو بۆیە دەکرێت ئەو بەروبوومە کشتوکاڵیانەی لە خاکە بەپیتەکانی هەرێمەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر بەرهەم دەهێنرا بەتایبەت دانەوێڵە و گەنم و جۆ و بەروبومەکانی دی لەلایەن ئەوانە کڕدرابێتن.

ئەم پەیوەندیە بازرگانییەی نێوان ڕوسەکان و هەندێ لە هەرێمەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر وای کردووە کە پارەی میرنشینە ئیسلامییەکانی دەوروبەری ئەم دەریایە لەو ڕێگە ئاویانەی ڕوسەکان ڕویان تێکردووە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی وڵاتی ڕوسیا و کەنارەکانی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا ، بەڵگەش بۆ ئەمە بریتیە لە دۆزینەوەی هەزارەها درهەمی زیوی لە وڵاتی ڕوسیا و کەنارەکانی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و

---

(٤٥) ابن الاثیر، النهایة في غریب الحدیث والاثر، تحقیق: طاهر احمد الزاوی و محمود محمد الطناحي، المکتبة العلمیة، (بیروت:١٩٧٩)، ج٢، ص٣٤٠؛ ابن منظور، لسان العرب، تحقیق:عبدالله علي الکبیر و اخرون، دارالمعارف، (القاهرة: د.ت)، المجلد٢، ص٢٠٩٢، المجلد٦، ص٤٥٤٥؛ الزبیدي، تاج العروس جواهر القاموس، تحقیق: مصطفي الحجازي و اخرون، مطبعة حکومة الکویت، (الکویت :١٩٧٣)، ج٣، ص٤٢، ج١٢، ص٨١.

(٤٦) ابن حوقل ، صورة الاض، ص ص ٣٩٢ ،٣٩٧؛ مؤلف مجهول، حدود العالم، ص ١٤٠؛ابن الوردي، خریدة العجائب، ص١٨٠.

(٤٧) ابن رسته، الاعلاق النفیسة، ص١٤٦؛ الجردیزي، زین الاخبار، ص٣٩٥.

(٤٨) ابن فضلان، رسالة ابن فضلان، ص ص١٥١ — ١٥٣؛ الجردیزي، زین الاخبار، ص٣٩٤.

(٤٩) الصقالبة: ناوچەیەکە لە ڕۆژهەلاتیەوە (بلغار) و هەندێ ناوچەی ڕوسە، لە باشوریەوە دەریای(نیطس) و ڕۆمە، وڵاتێکی گەورە و پڕ دار و شینایيە، بە بەرهەمهێنانی هەنگوین بەناوبانگە. مؤلف مجهول، حدود العالم، ص ١٣٩.

(٥٠) ابن رسته، الاعلاق النفیسة، ص١٤٥؛ الجردیزي، زین الاخبار، ص٣٩٤.

ئایسلەندە، کەلەلایەن میرنشینی سامانی(٢٦١ – ٣٨٩ك/٨٧٤ – ٩٩٩ز)یەوە لێدراون و مێژووی دروستکردن و لێدانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێ و چواری کۆچی/ نۆ و دەی زاینی [٥١].

## تەوەری سێیەم : پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینەکانی ( زەیدی) و (سامانی) و ( سالاری)

### یەکەم : پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی زەیدی

میرنشینی زەیدی(٢٥٠ – ٣١٦ك/٨٦٤ – ٩٢٨ز)[٥٢] لەلایەن کەسایەتیەکی شیعە مەزهەبەوە بەناوی( الحسن بن زید العلوی) لەهەرێمی (طبرستان)دامەزراوە، دامەزرێنەری ئەم میرنشینە بنەچەی دەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەی خەلیفەی ڕاشیدین(علي بن ابي طالب) و لەشاری (الری)[٥٣] نیشتەجێ بوو[٥٤].

ناوچەکانی (طبرستان)[٥٥] و (دیلم)[٥٦] و دەوروبەری لەلایەن بنەماڵەی (طاهیر)(٢٠٥ – ٢٥٩ك/٨٢٠ – ٨٧٢ز)[٥٧]ی یەوە بەڕێوەدەبران و لەلایەن خەلیفەی عەبباسی(المستعین)(٢٤٨ – ٢٥٢ك/٨٦٢ – ٨٦٦ز) ەوە ڕاسپێررابوون بۆ ئەو کارە، (سلیمان بن عبدالله بن طاهر) والی ئەو ناوچانە بوو، ئەم کەسایەتیە و کاربەدەستانی سەر بە ئەو زوڵم و زۆرداری و ستەم و کوشت و بڕێکی زۆریان دژ بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجام دەدا، باجێکی

---

[٥١] جوزیف شاخت و کلیفورد بوزورث، تراث الاسلام ، ترجمة: محمد رهیر السمهوري و اخرون، عالم المعرفة، (الكويت:١٩٨٥)، ج١، ص١٥٠؛ ول و ايريل ديورانت، قصة الحضارة، ج٣، المجلد٤، ص٢٠٣؛ ادم متز، الحضارة الاسلامية، المجلد٢، ص٣٧٣.

[٥٢] بۆزانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی زەیدی بڕوانە: الطبري، تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، دارالمعارف، ط٢، (بيروت:١٩٧٥)، ج٩، ص ص ٢٧١ – ٢٧٦، ٣٠٧ – ٣٠٩؛حيدر قاسم التميمي، العلويون في المشرق الاسلامي و اثرهم الفكري والحضاري حتى القرن الخامس الهجري، دار النهضة العربية، (بيروت: ٢٠١٠)، ص ص ٢١٧ – ٢٣٧؛ عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، الدول المستقلة من المشرق الاسلامي في منذ مستهل العصر العباسي الى غزو المغولي، دار الفكر العربي، (القاهرة:١٩٩٩)، ص ص ٦٠ – ٦٥.

[٥٣] الری: شارێکی گەورە و پڕدانیشتوانی هەرێمی چیایە و بنکەی فەرمانڕەوایەتی هەرێمەکەیە. مؤلف مجهول، حدود العالم،ص ١٠٨.

[٥٤] الطبري، تاريخ الطبري، ج٩، ص ص ٢٧١، ٢٧٣؛ صام الدين عبدالرؤوف الفقى، الدول المستقلة من المشرق الاسلامي، ص ص ٦٠ – ٦١.

[٥٥] طبرستان: هەرێمێکی فراوانە و دەکەوێتە نێوان (الری) و ( قومس) و دەریای خەزەر ، شاری (امل) بە مەڵبەند و پایتەختی ئەم هەرێمە دادەنرێت، بە (مازندران)یش ناودەبرێت. المقديسي، احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، مكتبة مدبولي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩١)، ص٣٥٩؛ القزويني، اثار البلاد، ص٣٠٤.

[٥٦] دیلم: ناوچەیەکی فراوانە و لە ڕۆژهەڵاتیەوە (خراسان)ە و لە باشوریەوە شارەکانی ناوچەی چیایە، لە ڕۆژئاواشیەوە ئازربیجانە، لە باکوریەوە دەریای خەزەرە، هەرێمیکی ئاودار و ئاوەدانە، خەڵکەکەی شەڕکەری باشن وبەتەور شەڕدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ڕەوشتی باشن. مؤلف مجهول، حدود العالم، ص ١٠٩.

[٥٧] بنەماڵەی طاهري، بنەماڵەیەکی بە ڕەگەز فارسی دیارو ناودار بوون لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەبباسی (المامون)(١٩٤ – ٢١٨ك/٨١٠ – ٨٣٣ز) و ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لەڕوی سەربازییەوە و دامەزرێنەری بنەماڵەکە ( طاهر بن الحسين) بوو، ئەم کەسایەتیە لەلایەن خەلیفە( المامون)ەوە فەرمانڕەوایەتی کردنی هەرێمی (خراسان) و ڕۆژهەڵاتی پێسپێرراوە لەساڵی(٢٠٥ك/٨٢٠ز)، ناوبراو لەساڵی(٢٠٧ك/٨٢٢ز) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی (طلحة بن طاهر)(٢٠٧ – ٢١٣ك/ ٨٢٢ – ٨٢٨ز) جێگەی گرتووەتەوە ، دوای ئەمیش چەند کەسێکی دیکە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست کە ئەمانەن ، (عبدالله بن طاهر)(٢١٣ – ٢٣٠ك/٨٢٨ – ٨٤٤ز)،(طاهر بن عبدالله)(٢٣٠ – ٢٤٨ك/ ٨٤٤ – ٨٦٢ز)،(محمد بن طاهر)(٢٤٨ – ٢٥٩ك/٨٦٢ – ٨٧٢ز). الطبري، تاريخ الطبري، ج٨، ص ص ٤٧٢، ٥٧٧، ٥٩٣ – ٥٩٤؛ استانلى لين پول، طبقات سلاطين اسلام، ترجمة: عباس اقبال، دنیای كتاب، چ٢، (تهران:١٣٦٣هـ. ش)، ص ص ١١٥ – ١١٦.

زۆریان بەسەر خەڵکیدا سەپاندبوو و خەڵکیان دەکوشت یان دەستگیریان دەکردن و دەیانکردن بە کۆیلە، هەموو ئەو کارانە دانیشتوانی ناوچەکەی تووڕە و بێزار کردبوو ، بۆیە خەڵکی لە دەوری دووبرا بە ناوەکانی ( محمد بن رستم) و( جعفربن رستم) کەسایەتی دیاری ناوچەکە کۆبوونەوە و دژی سوپا و کاربەدەستانی ( سلیمان بن عبدالله بن طاهر) ڕاپەڕین، بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوە و ڕاپەڕینەکەیان پێویستیان بە کەسایەتیەکی ئاینی شیعە مەزهەب هەبووە بۆ ئەوەی دژی کاربەدەستانی سوننە مەزهەبی ناوچەکە پشتگیرییان بکات ، بۆ ئەو مەبەستەش ڕویانکردە لای (الحسن بن زید العلوی) لەشاری (الری) و داوایان لێکرد سەرکردایەتی جوڵانەوەکەیان بکات ، ئەویش بەداواکەیان ڕازی بوو و ئەم دوسەرکردە و لایەنگرانیان بەیعەتیان بە (الحسن بن زید العلوی) دا و دواتریش چەندین سەرکردەی دیکەی ناو ناوچەی (دیلم) و (طبرستان)پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو ڕاگەیاند ، هەموو لایەکیش بەڵێنیان پێدا کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و چەك و سەربازی بۆ دابین بکەن بۆ وەدەرنانی کاربەدەستانی بنەماڵەی (طاهري) لە ناوچەکانیان[58].

(الحسن بن زید العلوی) دوای کۆکردنەوەی سوپا و لایەنگرانی لەساڵی (٢٥٠ك/٨٦٤ز) هێرشی کردە سەر هەرێمی (طبرستان)و توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و شاری(امل)[59] بگرێت، دواتر چەندین شار و ناوچەی دیکەی وەك ( ساریە)[60] و (جرجان) و (الری) و ...کەوتنە ژێر دەسەڵاتی (الحسن بن زید العلوی) و میرنشینی زەیدی لەو ناوچانە دامەزرا[61].

پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و هەرێمی (جرجان) و دەوروبەری سەرەتا پەیوەندییەکی بازرگانی بووە هەروەکو (ابن خرداذبة)(مردووی ٢٨٠ك/٨٩٤ز) باس لەگەیشتنی کەشتییە بازرگانییەکانی ڕوس دەکات بە ناوچەی (جرجان) و دەوروبەری و لەوێوەش بۆ ناوچە موسڵمان نشینەکانی دیکە[62]، بەڵام پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی زەیدی لە یەك ڕووداودا خۆی دەبینێتەوە ، ئەم ڕووداوەش مێژوو نووسی فارس (ابن اسفندیار) لەپەرتوکەکەیدا باسی دەکات، ئەم ڕووداوەش بریتییە لە هێرشکردنێکی ڕوسەکان بۆ سەر ناوچەکانی جرجان و (طبرستان)، بەتایبەت بۆ سەر شاری (ابسکون)[63] لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی (الحسن بن زید العلوی) کە لە نێوان ساڵانی (٢٥٠ – ٢٧٠ك/٨٦٤ – ٨٨٣ز) دەسەڵاتدار بووە[64].

---

[58] الطبري، تاريخ الطبري، ج٩، ص ص ٢٧١ – ٢٧٤؛ ؛ابن الجوزي، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دارالكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٢)، ج٩، ص ص ٣٤ – ٣٥؛ اسدالله معطوفي، تاريخ فرهنگ و ادب گرگان و استراباد، چاپخانه احمدى، (گرگان: ١٣٧٦ هـ. ش)، ص ص ٢٧ – ٢٨.

[59] امل: شارێکە بە پایتەختی هەرێمی (طبرستان) دادەنرێت، شارێکی گەورە بووە و چەندین بازاڕ و نەخۆشخانە و مزگەوتی تێدایە، لەڕوی کشتوکاڵییەوە شارێکی بەپیت بووە. المقديسي، احسن التقاسيم ، ص٣٥٩.

[60] ساریە: شارێکە دەکەوێتە هەرێمی (طبرستان)، لە نزیك دەریایە(دەریای خەزەر). ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٣، ص١٧٠.

[61] الطبري، تاريخ الطبري، ج٩، ص ص ٢٧٤ – ٢٧٦؛ ملا شيخعلي طيلانى، تاريخ مازندران، تصحيح و تحشية: منوچهر ستودة، انتشارات بنياد فرهنگ ايران، (د.م: ١٣٥٢ هـ.ش)، ٦٥ – ٦٧؛ حيدر قاسم التميمي، العلويون في المشرق الاسلامي، ص٢٢١.

[62] المسالك والممالك، ص ١٥٤.

[63] ابسکون: شارێکە دەکەوێتە سەر دەریای خەزەر و بازرگانان لە هەموو ناوچەیەکەوە لەڕێگەی دەریاوە ڕوی تێدەکەن ، ئەم شارە سێ ڕۆژە ڕێ لە (جرجان)ەوە دورە. مؤلف مجهول ، حدود العالم، ص ص ١٠٩ – ١١٠؛ ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج١، ص٤٩.

[64] ابن اسفنديار، تاريخ طبرستان، ترجمة: احمد محمد نادي، المجليس الاعلى للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٢)، ص ٢٧٠.

شاری (ابسكون) كە دەكەوتە سەر كەناری دەریای خەزەر و شارێكی ئاوەدان بوو و شارێكی بازرگانیش بوو لە هەموو لایەكی دەریاكەوە بازرگانان ڕویان تێدەكرد[٦٥]، بە ووتەی (ابن اسفندیار) ڕوسەكان لەسەردەمی دەسەڵاتی (الحسن بن زيد العلوی) بەسواری كۆمەڵێك كەشتی هێرشیان كردووەتە سەر شاری (ابسكون) ، میری میرنشینی زەیدی (الحسن بن زيد العلوی) بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشەی ڕوسەكان سوپاكەی خۆی ناردووە و ڕووبەڕووی سوپای ڕوسەكان بووەتەوە، لە ئەنجامدا سوپای میری زەیدی توانیویەتی سوپای ڕوسەكان تێكبشكێنێت و ژمارەیەكی زۆر سەربازی ڕوسیش كوژراون [٦٦]. لەم هێرشەدا ژماری كەشتیگەلی ڕوس و ئامانج و هۆكاری هێرشەكە بۆ سەر شاری (ابسكون)ی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی زەیدی نەزانراوە و سەرچاوەكە ئاماژەی بۆ نەكردووە، بەڵام دەكرێت هەوڵدان بۆ كاری تاڵانكاری و دەستكەوتی مادی هۆكاری سەرەكی هێرشەكە بووبێت ، بەدوریشی دەزانین ڕوسەكان هەوڵی داگیركردن و مانەوەیان لەو شارەدابێت ، وادیارە هێرشەكەش زۆری نەخایاندووە.

## دووەم: پەیوەندی نێوان ڕوسەكان و میرنشینی سامانی

میرنشینی سامانی(٢٦١- ٣٨٩ك/ ٨٧٤ – ١٠٠٠ز)[٦٧] لەلایەن بنەماڵەی سامانییەوە لە هەرێمی (خراسان)[٦٨] و (ما وراء النهر) دامەزرێنراوە ، ناوەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ باپیرە گەورەی میرانی میرنشینەكە كەناوی (سامان خداە)بوو ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی گوندێكی بەناوی سامان لە شاری (بلخ) دروست كردبوو، ئەم بنەماڵەیە لە شاری (بلخ) نیشتەجێ بوون، بەگوێرەی سەرچاوەكان(سامان خداە) لە بنەماڵەی پاشایانی ساسانی و كوڕی (بهرام چوبين) بوو، (سامان خداە) كوڕێكی هەبوو بەناوی(اسد بن سامان) و ئەویش چوار كوڕی هەبوو بەناوەكانی(نوح ، احمد ، يحيى، الياس) كە ڕۆڵكی كاریگەریان بینیوە لەو ڕوداو و پێشهاتە سیاسیای و سەربازیانەی لە (خراسان) و دەوروبەریدا ڕویداوە ، لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەبباسی (المامون)(١٩٤ – ٢١٨ك/٨١٠ – ٨٣٣ز) لەساڵی(٢٠٢ك/٨١٧ز) فەرمانڕەوایەتی كردنی شاری (سمرقند)[٦٩] دراوە بە (نوح بن اسد) و شاری (مرو)[٧٠]ش دراوەتە دەست(احمد بن اسد)[٧١].

---

[٦٥] مؤلف مجهول ، حدود العالم، ص ص١٠٩ – ١١٠.

[٦٦] ابن اسفنديار، تاريخ طبرستان، ص ٢٧٠؛ محمد علي جمالزادة، تاريخ روابط روس و ايران، چاپخانە نقش جهان، (تهران: ١٣٧٢هـ.ش)، ص٢٠؛

F.Donald Logan, The Viking In History, P201.

[٦٧] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی میرنشینی سامانی بڕوانە: النرشخي، تاريخ بخاري، ترجمة و تحقيق: أمين عبدالمجيد بدوي و نصرالله مبشرالطرازي، دار المعارف، ط٣، (القاهرة: ١٩٩٣)، ص ص١١١ – ١٤٢؛ عباس اقبال اشتياني، تاريخ ايران از صدر اسلام تا انقراض قاجارية، چاپخانە حيدری، چ٢٢، ( تهران: ١٣٩٢ هـ.ش)، ص ص ١٣٨ – ١٥٧.

[٦٨] خراسان: هەرێمێكە لە ڕۆژهەڵاتیەوە (سیجستان) و وڵاتی (هند)ە، لە ڕۆژئاواشیەوە ناوچەی(الغزيە) و (جرجان)ە، لە باكوریەوە وڵاتی (ماوراء النهر)ە ، لە باشوریشیەوە وڵاتی (فارس) و هەرێمی چیا و (دیلم)ە، گرنگترین شارەكانی بریتین لە ( نیسابور، مرو، بلخ، هراة). ابن حوقل، صورة الارض، ص ص ٤٢٦، ٤٣٠.

[٦٩] سمرقند: شارێكی بەناوبانگە لەوڵاتی(ماوراء النهر) و دەكەوێتە پشت ڕوباری (جیحون). القزويني، اثار البلاد، ص ٥٣٥.

[٧٠] مرو: شارێكی گەورەیە و پێشتر بارەگای فەرمانڕەوای هەرێمی خوراسان بوو. مؤلف مجهول ، حدود العالم، ص٧٥.

[٧١] النرشخي، تاريخ بخاري، ص ص ٩٠، ١١١ – ١١٢.

لەگەڵ ئەوەی لەم بنەماڵەیەدا ئەم کەسایەتیانەی سەرەوە و چەند کەسایەتیەکی دیکە فەرمانڕەوایەتیان کردووە، بەڵام سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە میر ( اسماعیل بن احمد السامانی) دامەزرێنەری میرنشینی سامانی یە، ئەم میرە توانیویەتی بەهاوکاری خەڵکی شاری (بخاری)[٧٢] لەساڵی (٢٦٠ك/٨٧٥ز) دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت ، دوای ئەوەی(نصر بن احمد)ی برای لەساڵی (٢٧٨ك/٨٩٢ز) جێگەی ئەوی گرتووەتەوە و فەرمانڕەوایەتی کردنی وڵاتانی ئەو دیو ڕوبار دەگرێتە دەست و سنوری وڵاتەکەی فراوانکردووە، خەلیفەی عەبباسی (المعتضد بالله)(٢٧٩ – ٢٨٩ك/٨٩٢ – ٩٠٢ز) دانی بەدەسەڵاتی ئەم میرەدا ناوە و ئەویش گوێڕایەڵی خۆی بۆ خیلافەتی عەبباسی دەربڕیوە، پایتەختی میرنشینی سامانی شاری (بخاری) بووە[٧٣].

لەگەڵ ئەوەی پێگەی سەرەکی میرنشینی سامانی وڵاتانی (ما وراء النهر) و (خراسان) بوو ، بەڵام هەندێ کات دەسەڵاتیان درێژ بووەتەوە بۆ شار و ناوچەکانی (جرجان) و (طبرسان) و (الری) و ئەو ناوچانە و چەندین ناوچەی دیکە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بوون[٧٤].

میر ( اسماعیل بن احمد السامانی) لەساڵی (٢٩٥ك/٩٠٧ز) مرد و (احمد بن اسماعیل)(٢٩٥ – ٣٠١ك/٩٠٧ – ٩١٤ز)ی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە، ئەم میرە توانیویەتی زۆرێك لە شار و ناوچەکانی (طبرستان) و (جرجان) بخاتە ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکەیەوە [٧٥]، و (ابوالعباس عبدالله بن نوح)ی کردووەتە والی (طبرستان)[٧٦] سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی سامانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئەم میرە.

ڕوسەکان لەساڵی(٢٩٨ك/٩١٠ز) بە هێزێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە (١٦) شازدە کەشتی هێرشیان کردە سەر شاری (ابسکون) و ناوچە کەنارییەکانی هەرێمی (طبرستان) و دەوروبەری دەریای خەزەر ، موسڵمانان و دانیشتوانی شارەکە و ناوچەکە نەیانتوانی لەبەرانبەر ڕوسەکاندا خۆیان ڕابگرن و تێکشکان ، ڕوسەکانیش دەستیانکرد بە تاڵانکاری و کاولکارییەکی زۆر لە شاری(ابسکون) و ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان کوشت، ئەم ڕوداوە بووەتە هۆی ئەوەی سامانییەکان یارمەتی و پاڵپشتی سەربازی بنێرن بۆ والی (ساری/ساریە) ئەمەش دوای ئەوە بوو کە والی ئەو شارە داوای پاڵپشتی سەربازی لە (ابوالعباس عبدالله بن نوح)ی والی (طبرستان)کرد، ئەویش کۆمەکی سەربازی بۆ نارد و لە شەودا هێرشیان کردە سەر ڕوسەکان و توانیان ژمارەیەکی زۆر سەربازی ڕوس بکوژن و ژمارەکی زۆریشیان لێبەدیل گرتن ، دیلەکانیشیان نارد بۆ ناوچەکانی دیکەی (طبرستان)[٧٧].

---

[٧٢] بخاری: شارێکی ئاوەدان و گەورەی وڵاتی (ماوراو النهر)ە، بەشورە دەورە دراوە و چەندین قەڵاش لەناوشارەکەدا هەیە. مؤلف مجهول ، حدود العالم، ص ٨٣.

[٧٣] النرشخي، تاريخ بخاري، ص ص ١١٣ – ١١٦، ١٢٢ –١٢٣، ١٢٩– ١٣٠.

[٧٤] القاشي، راس مال النديم في تواريخ اعيان اهل الاسلام، تحقيق: محمد عبدالقادر خريسات، مركز زايد للتراث والتاريخ، (الامارات: ٢٠٠١)، ص ٣٧٣.

[٧٥] النرشخي، تاريخ بخاري، ص ص ١٢٩ – ١٣١؛ القاشي، راس مال النديم، ص ص ٣٧٣ – ٣٧٤؛ عباس اقبال اشتيانى، تاريخ ايران از صدر اسلام، ص ص ١٤١ – ١٤٢.

[٧٦] ابن اسفنديار، تاريخ طبرستان، ص٢٧٠.

[٧٧] ابن اسفنديار، تاريخ طبرستان، ص٢٧٠؛ مرعشي، تاريخ طبرستان و رويان و مازندران، به كوشش : محمد حسين تبيحي، مؤسسة مطبوعات مشرق، (د.م:١٣٤٥ هـ.ش)، ص١٤٥.

سالێك دوای ئەم ڕووداوە ڕوسەکان بە بەژمارەیەکی زۆرتر لە کەشتی و سەربازە بەمەبەستی تۆڵەکردنەوەی شکستی سالی پێشوتریان هێرشیان کردەوە سەرناوچەکە، لەم هێرشەیاندا ڕوسەکان شاری(ساری/ساریە) و ناوچەکانی (پنجاهزار)یان گرت و تالانیانکرد و ئاگریاندا، وە ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی ناوچەکەشیان دەستگیرکرد، پاشان بەخێرایی گەڕانەوە ناو دەریا و هێرشیان کردە سەر چەند ناوچەیەکی دیی و بەشێك لەوان لە نزیك شاری (جیلان)[٧٨] لە دەریا هاتنە دەرەوە و بەشێکیشیان لەناو دەریاکەدا بوون ، خەلکی شاری (جیلان) لە شەودا هێرشیان کردە سەریان و کەشتییەکانی ڕوسەکانیان ئاگرتێبەردا و ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی هاتبوونە دەرەوەی دەریاکە کوژران ، دوای ئەمە ڕوسەکان لە ناوچەکە هەلاتن[٧٩].

سەبارەت بە هێرشی ڕوسەکان بۆ سەر ناوچەکانی (طبرستان)و (ابسکون) مێژوونوس(المسعودی)(مردووی ٣٤٦ك/٩٥٧ز) بەشێوەیەکی وردتر باسی هێرشی ڕوسەکان دەکات، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای سالی(٣٠٠ك/٩١٣ز) هێزێکی ڕوسەکان کە پێکهاتبوو لە سەدان کەشتی لەڕێگەی کەنداوی (نیطس/ڕوباری دون) هاتنە ولاتی خەزەر و داوایان لە پاشای خەزەر کرد ڕێگەیان بدات لەڕێگەی ڕوباری( إتل/خەزەر)ەوە بڕۆنە ناو دەریای خەزەر ، هەردوو لاش ڕێککەوتن کە ڕوسەکان نیوەی ئەو تالانی و دەستکەوتانەی لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەکانیانەوە بۆ سەر خەلکی دەوروبەری دەریاکە دەستیان دەکەوێت بیدەن بە پاشای خەزەر، بۆیە پاشای خەزەر ڕێگەی تێپەڕین بە ڕوبارەکە و گەیشتن بە دەریای خەزەری پێداون، دوای ئەوەی ڕوسەکان گەیشتن بە دەریاکە بە کەنارەکانیدا بلاو بوونەوە و هەندێ دەستەی سەربازیان ڕویان کردە کەنارەکانی (طبرستان ) و (ابسکون ) و (جرجان) ، ڕوسەکان خەلکێکی زۆریان کوشت و ژن و مندالەکانیان بەکۆیلەکردن، سەروەت و سامانێکی زۆریان کۆکردەوە و کاولکاری و خراپەکارییەکی زۆریان ئەنجامدا، پاشان گەڕانەوە بۆ ڕوباری ( إتل) و وەك ئەوەی پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون نیوەی سەروەت و دەستکەوتەکانیاندا بە پاشای خەزەر، بەلام لەکاتی گەڕانەوەی ڕوسەکان بۆ ولاتی خۆیان لەلایەن موسلمانانی نیشتەجێی ولاتی خەزەرەوە ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ڕوسەکان کوژراون[٨٠]. لەم گێڕانەوەی (المسعودی)دا سالی هێرشەکە و ناوی دەسەلاتداران و میرنشینەکانی هەرێمەکان ئاماژەی بۆ نەکراوە ، ئەم ڕوداوەش دوا پەیوەندی نێوان میرنشینی سامانی و ڕوسەکان بووە.

---

[٧٨] جیلان: ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان (دیلم) و چیا و ئازربیجان و دەریای خەزەر، ناوچەیەکی ئاوەدارە و ڕوبارێك بەناوی (سبید رود) بەناوەڕاستیدا دەڕوات و دەڕژێتە دەریای خەزەرەوە . مؤلف مجهول ، حدود العالم، ص ١١٣.

[٧٩] ابن اسفندیار، تاریخ طبرستان، ص٢٧٠؛ طارق منصور محمد، الروس والمجتمع الدولي(٩٤٥ – ١٠٥٤م)، مصر العربية للنشر والتوزيع، (مصر:٢٠٠١)، ص١٤٣.

[٨٠] المسعودي، مروج الذهب و معادن الجوهر، اعتني به وراجعه: كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، بيروت: ٢٠٠٥)، ج١، ص ص ١٤١ – ١٤٢؛ الحميري، الروض المعطار في خبر الاقطار، تحقيق: احسان عباس، مكتبة لبنان، ط٣،(بيروت: ١٩٨٤)، ص ص ٣٤٠ – ٣٤١؛ Simon Franklin and Jonathan Shepard, The Emergence Of Rus 750 – 1200,Longman Publishing,(New York: 1996), P P 69,88.

## سێیەم : پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی سالاری

میرنشینی سالاری(٣٣٠ □٤٢٠ك/٩٤٢ – ١٠٢٩ز)[٨١] لەلایەن بنەماڵەیەکی (دیلم)ی بەسەرۆکایەتی (المرزبان بن محمد بن مسافر) ناسراو بە (السلار) دامەزراوە، باوکی (المرزبان) کەسایەتیەکی ناودار و مەزنی (دیلم) بوو ، ئەو خاوەنی قەڵاکانی (الطارم)[٨٢] و چەند شار و قەڵایەکی دیکەی ناوچەی (دیلم) بوو ، سێ کوڕیشی هەبوو بە ناوەکانی (السلار المرزبان، وهسوذان، صعلوك)، دوای مردنی(محمد بن مسافر) لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) (المرزبان)(٣٣٠ – ٣٤٦ك/ ٩٤٢ – ٩٥٧ز)ی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە و توانیویەتی نەیارەکانی خۆی تێکبشکێنێت و دەست بەسەر زۆرێك لە شار و قەڵا و ناوچەکانی هەرێمی (ئازربیجان)[٨٣] و (ئاران)[٨٤]دا بگرێت و دواتر شاری (اردبیل)[٨٥]کە گەورەترین شاری ئازربیجان بوو کردوویەتیە پایتەختی میرنشینەکەی[٨٦]، بەڵام ئەم ناوچانەی ئەم میرنشینەلەژێر دەسەڵاتیدا بووە بەپێ کات ودەرکەتنی هێزی بەهێزولاوازی سالارییەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی سالاری خۆی دەبینێتەوە لە هێرشێکی گەورەی ڕوسەکان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینە بەتایبەت بۆ سەر شاری (بردعه)[٨٧] و دەوروبەری لەساڵی (٣٣٢ك/٩٤٤ز) لەسەردەمی دەسەڵاتی میر (المرزبان بن محمد بن مسافر) ، لەو بارەیەوەش مێژوونووس (مسكويه)(مردووی ٤٢١ك/١٠٣١ز) و مێژوو نووسانی دوای ئەو باسی ئەو هێرشەی ڕوسەکانیان کردووە، (مسكويه ) خۆی ئەو کەسانەی بینیوە کە لەو هێرشەی ڕوسەکان ڕزگاریان بووە و لە زاری ئەوانەوە باسی هێرشی ڕوسەکان بۆ سەر شاری (بردعه) و پەیوەندی نێوان ئەوان و میرنشینی سالاری دەکات ، بە گوێرەی گێڕانەوەکانی ئەو لەساڵی

---

[٨١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی سالاری بڕوانە: احمد كسروى، شهرياران گمنام، چاپخانه اذر، چ٥،(تهران :٢٥٣٧ هـ.ش)، ص ص ٦٦ – ١١٥؛ بابا صفرى، اردبيل در گذرگاه تاريخ، چاپخانه بهمن، چاپ دوم، (تهران: ١٣٧١ هـ.ش) جلد اول، ص ص ٤٢ – ٥٠؛ كليفورد ا. بوزوروث، الاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة: حسين علي اللبودي، مؤسسة الشراع العربي، ط٢،( الكويت: ١٩٩٥)، ص ص ١٣٣ – ١٣٤.

[٨٢]الطارم/تارم: شارێکە لەوڵاتی (فارس)و لەسنوری شاری (کرمان)ە،بە (تارم)یش ناودەبرێت.یاقوت الحموي، معجم البلدان، ج٤،ص٣٢.

[٨٣] ئازربیجان : ناوچەیەکی فراوانە دەکەوێتە نێوان (قوهستان) و ئاران، چەندان شار وگوند و ڕوبار و چیا لەخۆ دەگرێت لەوانە ( اردبيل، مراغة، مرند، تبريز، خوي، سلماس): اليعقوبي، البلدان، ص ص ٧٨ - ٧٩ ؛ القزويني، اثار البلاد، ص ص ٢٨٤ – ٢٨٥.

[٨٤] ئاران: ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان(ئازربیجان) و (ئەرمینیا) و ( وڵاتی ابخاز)، لە چەندین شار و قەڵاو گوند پێکهاتووە گرنگترینیان بریتین لە ( جنزة / گەنجە، شروان، برذعة، البيلقان،). القزويني، اثار البلاد، ص ٤٩٣.

[٨٥] اردبیل: ناودارترین شاری هەرێمی ئازربیجانە ، شارێکی کشتوکاڵی و بەپیت و بەرەکەتە و ڕەزو باخێکی زۆری هەیە، دوو ڕۆژە ڕێ لە دەریای خەزەرەوە دوورە. ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج١، ص ١٤٥.

[٨٦] ابن حوقل ، صورة الارض، ص ص ٣٣٤، ٣٤٨ – ٣٥٤؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون( المسمى ديوان المبتداء والخبر في تاريخ العرب والبربر و من عاصرهم ذوي الشان الاكبر )، تحقيق: خليل شحاذة، دارالفكر للطباعة والنشر،( بيروت: ٢٠٠٠)، ج٤، ص ص٦٦٩ – ٦٧٠؛ بابا صفرى، اردبيل در گذرگاه تاريخ، جلد اول، ص ص٤٢ – ٤٤.

[٨٧] بردعە: شارێکی گەورەیە و دەکەوێتە هەرێمی ئاران و بە مەڵبەندی هەرێمەکە دادەنرێت، خاوەن زەویوزارێکی زۆر و بەپیتە ، میوە و داری زۆرە و شوێنی نیشتەجێ بوونی فەرمانڕەوایانی هەرێمەکەیە، ڕوباری (الكر) بە زەوییەکانی ئەم شارەدا تێپەڕدەبێت و دواتر لەگەڵ ڕوباری(الرس)دا یەکدەگرن و دەبن بەیەك ڕوبار و دەڕژێنە دەریای خەزەرەوە. اليعقوبي، البلدان، ص ص ٢٠٧ – ٢٠٨؛ القزويني، اثار البلاد، ص٢١٢.

(٣٣٢ك/٩٤٤ز) ڕوسەکان لە دەریای خەزەرەوە بە کەشتییەکانیانەوە گەیشتوون بە ڕوباری (الكر) کەڕوبارێکی گەورە بووە و لە چیاکانی (ئەرمینیا)[٨٨] و ئازربیجانەوە هەڵقوڵاوە و بە شاری (بردعە)دا تێپەڕیوە هەوڵی هێرشکردنە سەر شارەکەیان داوە، نوێنەر و جێگری میر(المرزبان) کە فەرماندەی شاری (بردعە) بوو و (٣٠٠) سێ سەد سەربازی (دیلم)ی لەژێردەستدابوو ، کاتێك بە هاتنی ڕوسەکانی زانی خۆی بۆ شەڕکردن دژ بە ڕوسەکان ئامادەکرد، ژمارەیەکی زۆر لەسەربازی خۆبەخشیش لە خەڵکی ئاسایی کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیك بە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس بۆ شەڕکردن و جیهادکرن لەدەوری کۆبوونەوە و بەشێك لەوان کورد بوون، ئەوان بە ئازایەتی و دڕی سەربازانی ڕوس ئاشنا نەبوون و وایان دەزانی ئەوانیش وەك ڕۆم و ئەرمەنەکان وان، بۆیە کاتێك شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد سوپای ڕوسەکان سەرکەوت و سوپای میرنشینی سالاری لەماوەیەکی کەمدا تێکشکا و ژمارەیەکی زۆریشیان لێکوژرا، ئەوەشی توانای ڕاکردنی هەبوو بەرەو شارەکە ڕایکرد و لەوێشەوە سەربازان و خەڵکی بەکۆمەڵ ئەوەی خاوەنی ئاژەڵی بار و گواستنەوە بوو شاری (بردعە)یان جێهێشت و ڕایانکرد[٨٩]، دواى ئەمە بەبێ هیچ بەرگرییەك ڕوسەکان هاتنە ناو شاری (بردعە) و شارەکەیان داگیرکرد[٩٠].

لەکاتی چوونە ناو شاری (بردعە)وە ڕوسەکان ڕاستەوخۆ دەستیان نەکردووە بە کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکی ، بەڵکو بەمەبەستی هێورکردنەوەی دودڵی خەڵکەکە و دڵنیاکردنەوەی سەلامەتیان پێیان ڕاگەیاندوون کە هیچ ناکۆکییەکی ئاینی لەنێوان ئێمە و ئێوەدا نییە و ئێمە دەمانەوێت فەرمانڕەوایەتی بکەین و بەباشی لەگەڵ ئێوەدا دەجوڵێینەوە و پێویستە ئێوەش گوێڕایەڵمان بن[٩١]، بەڵام هەتاکو ئەو کاتەش کۆمەڵێك سەربازی پەرتەوازەی موسڵمانی شارەکە هێرشیان دەکردە سەر ڕوسەکان ، بەڵام نەیاندەتوانی لەبەرانبەر ڕوسەکان خۆیان ڕابگرن و تێکدەشکان، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لە خەڵکی شارەکە لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە و ڕوسەکانیان بەرد باران دەکرد، ئەم کارەی ئەوان ڕوسەکانی تووڕەکرد و بڕیاری دەرکردنی خەڵکی شارەکەیاندا ، بۆ ئەو مەبەستەش بانگەوازێکیان بەناو شارەکەدا کرد و بەخەڵکەکەیان ڕاگەیاند پێویستە لەماوەی (٣) سێ ڕۆژدا شارەکە چۆڵ بکەن، هەندێ لەوانەی ئاژەڵی سوارییان هەبوو شارەکەیان جێهێشت ، بەڵام زۆربەی خەڵکی شارەکە مابوونەوە، ڕوسەکانیش هەڵسان بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ بەدیل گرتن، ئەو خەڵکانەی مابوونەوەش پەنایان بردە بەر مزگەوتی شارەکە و لەلایەن ڕوسەکانەوە گەمارۆدران، ڕوسەکان لەڕێگەی کەسێکی مەسیحییەوە داوایان لیکردن کە خۆیان بکڕنەوە و ژیانیان ڕزگاربکەن، بۆ ئەوەش ڕێککەوتن کە هەرپیاوێك بڕی (٢٠)بیست درهەم بدات، هەندێ لەوان ئەو داوایەی ڕوسەکانیان قبوڵکرد و هەندێکیشیان ڕەتیان کردەوە، دواى ئەمە ڕوسەکان دەستیان کرد بە کوشتنی خەڵکەکە و ئەوەی کوژرا کوژرا و

---

[٨٨] ئەرمینیا : هەرێمێکە دەکەوێتە نێوان ئازربیجان و ڕۆم، چەندین شار و قەڵا و گوند پێکهاتووە و زۆربەی دانیشتوانەکەی نەصاران . القزويني، اثار البلاد، ص ٤٩٥.

[٨٩] مسكويه، تجارب الامم و تعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دارالكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣)، ج٥، ص ص٢٦٥ – ٢٦٦؛ زرار صديق تۆفيق ، الكورد في العصر العباسي حتى مجيء البويهين(١٣٢ – ٣٣٤هـ/٧٤٩ – ٩٤٦م)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين،(اربيل:١٩٩٤)،ص ١٧٦؛
D.M.Dunlop, Bardhaa, (The Encyclopaedia Of Islam),(Leiden:1986), V (I),P 1041.

[٩٠] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٦٦؛ المروزي، ابواب في الصين والترك والهند منتخبه من كتاب طبائع الحيوان، نشره مينورسكي(لندن:١٩٤٢)، ص ٢٣.

[٩١] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٦٦.

ئەوەی دیکە لە ژن و منداڵ کراون بە کۆیلە و کەنیزەك لەلایەن ڕوسەکانەوە ، تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵکەکە ڕزگاریان بوو[92]، ڕوسەکان ئەو کۆیلە و ژن و منداڵانەیان گواستوووەتەوە بۆ قەڵایەکی شارەکە کە بە (شهرستان)ی خەڵکەکە ناسرابوو و لەوێ بارگەیان خست و خۆیان تێدا قایم کرد[93]، بەڵام نووسەرێکی دیکەی هاوسەردەمی ئەم ڕوداوە باس لەوە دەکات کە ڕوسەکان گوندێکی گەورەی نزیك دەرگای شاری (بردعە) یان بەناوی (مبارکی) کردە سەربازگەی خۆیان لەکاتی دەست گرتن بەسەر شارەکەدا[94].

هەواڵی ئەم کارەسات و کوشت و بڕو کاولکاریەی بەسەر شاری(بردعە) و دانیشتوانە موسڵمانەکەیدا هات، گەیشتە موسڵمانانی ناوچەکانی دیکە، (المرزبان بن محمد)یش وەك میری میرشینی سالاری و خاوەنی شارەکە خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕوسەکان ئامادەکرد، لەهەموو لایەکیشەوە سەربازانی خۆبەش بۆ جیهادکردن لە دەوری کۆبوونەوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەی سەربازانی بوو بە نزیکەی (٣٠٠٠٠)سی هەزار سەرباز، دواتر(المرزبان ) و سوپاکەی ڕووبەڕووی ڕوسەکان بوونەوە و چەندین جارهێرشیان کردەسەر ڕوسەکان و چەندین پلان و بۆسەی سەربازی بۆ ڕوسەکان دادەنا، بەڵام لەگشت ئەو شەڕانەدا سوپاکەی (المرزبان) تێکدەشکا و ژمارەیەکی زۆریش لەسەربازانی ئەو دەکوژران، ئەم تێکشکانەی سوپای موسڵمانان وای کردبوو ورەیان بڕوخێت و بترسێن لە ڕوسەکان و لە گۆڕەپانی شەڕ ڕابکەن[95] .

ڕوسەکان سەربازانی ئازاو ڕاهێنراو بوون ، ئەوان هەر لە منداڵیەوە بەشێوەیەك پەروەردە دەکران کە بجەنگن و شمشێر بەکار بهێنن، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کاتێك ڕوسەکان منداڵیان دەبوو شمشێرێکی تیژیان دەدایە دەست و پێیان دەوت پارەو سامانمان نییە بە میراتی بۆتی بەجێبهێڵین ، هیچ ڕێگەیەکی دیکەت لەبەردەم نییە بێجگە لەوەی بەم شمشێرە بژێوی و پێداویستیەکانی خۆت دابین بکەیت[96]، ئەوان بەچەندین ئامرازی شەڕکردن وەك (شمشێر، تەور، مشار،کوتك، حەربە...) شەڕیان کردووە و کەسانێکی بەهێز و ئازابوون ، تەنانەت خۆکوشتنیان پێباشتر بووە لەوەی لە مەیدانی جەنگدا بکەونە دەست سوپای موسڵمانان و دەستگیر بکرێن بۆیە کاتێك زانیویانە هیچ چارەیەکیان نییە و دەستگیر دەکرێن خۆیان کوشتووە[97]. بەڵام بە پێچەوانەوە سوپای میرنشینی سالاری زۆربەیان کەسانی خۆبەخش بوون ، کەسانی خۆبەخشیش کەسانێکن مەشقی سەربازییان نەبینیوە و زۆربەیان کەسانی ئاسایی و کاسبکار و جوتیار بوون، ئەمەش هۆکارێکی شکستیان ئەوانبووە.

---

(٩٢) ابن الاثير، الكامل في التاريخ، تحقيق: ابوالفداء عبدالله القاضي و محمد يوسف الدقاق، ط٥، دار الكتب العلمية، (لبنان:٢٠١٠)، ج٧، ص١٨٢؛ ابن كثير، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله عبدالمحسن التركي، هجر للطباعة والنشر، (جيزة:١٩٩٨)، ج١٥، ص١٥٧.

(٩٣) مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٦٦.

(٩٤) مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١٢٢.

(٩٥) ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص١٨٣؛ ان. فرای، تاريخ ايران كامبرج، ترجمه: تيمور قادرى، مركز پخش گلستان، ج٢،(تهران: ١٣٩٠ هـ.ش) جلد٤، ص٣٢٥؛سي.اي. بوزورث، التنظيم العسكري عند البويهين في العراق وايران، ترجمة: عبدالجبار ناجي، مجلة المورد العراقية، المجلد ٤، العدد(١)، (بغداد: ١٩٧٥)، ص ٣٩.

(٩٦) ابن رسته، الاعلاق النفيسة، ص ١٤٥؛ الجرديزي، زين الاخبار، ص ص ٣٩٤ – ٣٩٥؛ الكسندر سيبل، اخبار امم المجوس من الارمن و رنك و الروس، مطبعة الاوفيست مكتبة المثنى،(بغداد:د.ت)، ص ٥١.

(٩٧) مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص ص ٢٦٥، ٢٦٨؛ المروزي، ابواب في الصين، ص٢٣.

تێکشکان و ترس و دڵەڕاوکێی سوپای سالارییەکان وای لە میر(المرزبان) کرد ئەویش هاوشێوەی ڕوسەکان بڕیاری چاونەترسی و گیانفیدایی خۆی بدات ، ئەو بڕیاری ئەوەیدا یان دەبێت سەربکەوێت یان بکوژرێت ، بۆ ئەو مەبەستەش بۆ خۆیی و براکانی و ژمارەیەکی کەم لەسەر بازانی دەست و پێوەندی هێرشیان کردەوە سەر ڕوسەکان ، ئەم هەڵویستەی ئەو وورەی سەربازانی بەرزکردەوە و ژمارەیەکی زۆر سەربازی دیکە پەیوەندییان پێوەکرد، لەم هێرشەیاندا سوپای میرنشینی سالاری سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ڕوسەکان زۆر بەخراپی تێکشکان ، نزیك بە (٧٠٠) حەوتە سەد سەرباز و میرەکەشیان لێکوژرا، بۆیە ڕوسەکان بە تێکشکاوی گەڕاونەتەوە ناو قەڵاکەیان بەناوی(شهرستان) ، ئەم قەڵایە پەناگەی ئەوان بوو و پارە و سامانی بەتاڵانبراوی خەڵکی شاری(بردعە) و کۆیلە و ژن و منداڵی بەدیلگیراوی شارەکەیان لەو قەڵایەدا کۆکردبووەوە، (المرزبان) و سوپاکەی گەمارۆیان خستە سەر قەڵاکە و بەردەوام بوون لە هێرشکرنە سەری[٩٨].

سوپای میرنشینی سالاری بەردەوام بوون لە گەمارۆدانی ڕوسەکان، لەناو ڕوسەکانیش بەهۆی خواردنی جۆرێك لە میوەوە پەتا و نەخۆشی بڵاوبوویەوە و ژمارەیەکی زۆریان بەو هۆیەوە مردن ، بەمەش جارێکی دیکە ژمارەیان کەمبووەتەوە ، بۆیە دواجار ناچاربوون لە شەوێکدا ڕابکەن و هەرچییەك لە زێڕ و پارە و جلوبەرگی نایاب و گرانبەها و ژن و منداڵی بەدیل گیراو توانیان بیبەن بردیان و ئەوی تریان ئاگرتێبەردا و بەرەو لای کەشتییەکانیان لەسەر ڕوباری (الكر) ڕۆشتن و لەو ڕێگەیەوە ناوچەکەیان جێهێشت[٩٩]، دوای ئەوەی ڕوسەکان قەڵاکەیان جێهێشت زێڕو پارە و شمشێری نایابی زۆریان لە گۆڕی مردووی ڕوسەکانی ناو قەڵاکەدا دۆزییەوە[١٠٠]، چونکە نەریتی ڕوسەکان وابوو هەرکاتێك کەسێکیان لێ بمردایە لەگۆڕێکی فراواندا بەجل و بەرگ و پارە و بازنەزێڕینەکانیانەوە و کەلوپەلەکانیان دەیانناشتن [١٠١]، ئەم هێرشەی ڕوسەکان و داگیرکردنی شاری (بردعە) ماوەی یەك ساڵی خایاندووە[١٠٢]. لەماوەی ئەو ساڵەی کە ڕوسەکان شاری (بردعە) یان داگیرکردوە و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیبلۆماسی و سیاسی هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە و گفتوگۆ چارەسەری کێشەکان بکەن لەنێوان (المرزبان بن محمد) و سوپای ڕوسەکان لە سەرچاوەکاندا بەدی ناکرێت .

---

[٩٨] القرطبي، صلة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، دار اسويدان،(بيروت:د.ت) ج١١، ص٣٤٥ – ٣٤٦؛ ابن الاثير، الكامل، ج٧، ص١٨٣؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص٦٧١.

[٩٩] مسكويه، تجارب الامم، ج٥، ص٢٦٨، احمد كسروي، شهرياران، ص٨٣.

[١٠٠] القرطبي، صلة تاريخ الطبري، ج١١، ص ٢٤٦؛ ابن الاثير ، الكامل، ج٧،ص١٨٣.

[١٠١] ابن رسته، الاعلاق النفيسة، ص ص ١٤٦ - ١٤٧؛ الجرديزي، زين الاخبار، ص ٣٩٥.

[١٠٢] ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٣، ص٧٩؛ ارثر كيستلر، القبيلة الثالثة عشرة، ص١١٧.

## تــەوەری چــوارەم: پەیونــدی نێــوان ڕوســەکان و میرنشــینەکانی (شێروانشــاهان) و( هــاشمی) و (شەدادی) و (کسرانیان/شێروانشاهان)

### یەکەم: پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی شێروانشاهان

میرنشینی شێروانشاهان(١٨٣ – ٤٦٨ك/٨٠٠- ١٠٧٥ز)[١٠٣] لە لایەن کەسایەتییەکی عەرەب بەناوی (یزید بن مزید بن زائد الشیباني) دامەزرێنراوە ، ئەم کەسێکی ئازا و ناودار بوو ، لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەی عەبباسی( هارون الرشید)(١٧٠ – ١٩٣ك/٧٨٦ – ٨٠٨ز)) دا لەساڵی(١٨٣ك/٨٠٠ز) کراوە بە فەرمانڕەوای هەرێمی ئازربیجان و ئەرمینیا و ئاران و شاری (باب الابواب)[١٠٤]، ئەو توانیویەتی چەندین جوڵانەوە کە دژ بە خیلافەتی عەبباسی سەریان هەڵدەدا دابمرکێنێتەوە و سەرکردەکانیشیان لە ناوبەرێ، ئەمەش وای کردووە ناوبانگێکی باش بۆ خۆی پەیدابکات و خەلیفەکانی عەبباسیش ڕێزیان لێ گرتووە و بەر پرسیاریەتی و ڕۆڵی گرنگیان داوە بە خۆی و کوڕ و نەوەکانی[١٠٥]. دیارە شەیبانییەکان هۆزێکی عەرەبی بوون و لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بە ناوچەکانی (موصل) و ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دا بڵاو ببونەوە[١٠٦].

(یزید بن مزید الشیباني) لەساڵی (١٨٥ك/٨٠٢ز) لەشاری (بردعە) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی بەناوی(اسد بن یزید) جێگەی گرتەوە[١٠٧]، دیارە بێجگە لەم کوڕەی دوو کوڕی دیکەشی هەبوو بەناوەکانی (محمد بن یزید) و(خالد بن یزید) کە ئەمەی دواییان لەوکاتەدا والی شاری (موصل) بوو ، دواتر لەساڵی (٢٢٧ك/٨٤٢ز) لەلایەن خەلیفەی عەبباسی(الواثق بالله)(٢٢٧ – ٢٣٢ك/٨٤٢ – ٨٤٦ز)وە کراوە بە والی ئازربیجان و ئاران، بەردەوام بووە لە والیایەتی ئەو هەرێمانە تاوەکو لە ساڵی (٢٣٠ك/٨٤٥ز) دەمرێت و چوار کوڕی هەبوو بەناوەکانی (محمد، علی ، یزید، الهیثم) ، (محمد)ی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە و تاوەکو لە دوای ساڵی (٢٤٥ك/ ٨٦٠ز) دەمرێت ، (الهیثم بن خالد) یش لەو کاتەدا فەرمانڕەوای شاری (شروان)[١٠٨] و دەوروبەری بوو ، (الهیثم) بەهۆی شەڕەکانی لەگەڵ هێزە ناموسڵمانەکانی دەوروبەری بە (شروانشاهـ) ناوبانگی دەرکرد بوو، دوای مردنشیی (محمد بن الهیثم) ی کوڕی جێگەی گرتەوە ، دوای مردنی ئەویش (الهیثم بن محمد بن الهیثم) جێگەی دەگریتەوە ، دوای

---

(١٠٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی شێروانشاهان بڕوانە: مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب و شروان، اعتني بنشرها والتعليق عليها:و. مينورسكي، (كامبريدج: ١٩٥٨)، ص ص ١ – ١٦.

(١٠٤) باب الابواب: شارێکی گەورەیە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر و کەناراوێکی هەیە کە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو شارەکە و شوێنی لەنگەرگرتنی کەشتییەکانە . الادریسي، نزهة المشتاق، المجلد٢، ص ص ٨٢١ – ٨٢٢.

(١٠٥) خليفة بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: مصطفى نجيب فواز و حكمت كشلي فواز، دارالكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٥)، ص ص ٢٩٢ – ٢٩٩؛ مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ١ – ٢؛ محمد طه صلاح، مواقف الشيبانين في الدولة الاسلامية في القرن الثاني الهجري، رسالة دكتورا غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة ام القرى، (مكة: ١٩٨٠)، ص ص ١٠٨، ١١٥، ١٦٠، ١٦٥.

(١٠٦) القلقشندي، نهاية الارب في معرفة انساب العرب، تحقيق: ابراهيم الابياري، دار الكتب اللبناني، ط٢،(بيروت: ١٩٨٠)، ص ص٣٠٩ – ٣١٠.

(١٠٧) الطبري، تاريخ الطبري، ج٨، ص ٢٧٣؛ ابن الاثير، الكامل، ج٥، ص ٣٢٣.

(١٠٨) شروان: ناوی ناوچە و شارێکە دەکەوێتە نزیك شاری(باب الابواب/ الدربند)، مەڵبەندەکەی شاری( شماخی)یە و دەکەوێتە سەر دەریای خەزەر. ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٣، ص٣٣٩.

مردنی ئەویش ( علي بن الهيثم بن محمد) جێگەی گرتووەتەوە[١٠٩]، لەمە بەدواوە ئەو كەسانەی فەرمانڕەوایەتی شاری شروان و دەوروبەرییان دەكرد بە (شێروانشاهان) ناویاندەهێنرا و ئەو نازناوەیان پێدەوترا[١١٠]، ناوی (میرنشینی شێروانشاهان )دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو كەسانەی فەرمانڕەوایەتی ئەو ناوچەیەیان كردووە، ئێمە كارەكەمان واناخوازێت باسی هەموو ئەو كارو كردەوە و ڕوداوانە بكەین كە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی میرەكاندا ڕویانداوە بەڵكو لێرەدا تەنها باسی ئەو میرانە دەكەین كە پەیوەندییان لەگەڵ ڕوسەكان هەبووە.

ناوچەكانی میرنشینی شێروانشاهان لەسەردەمی دەسەڵاتی میر(علي بن الهيثم بن محمد)دا و لە ساڵی (٣٠٠ك/ ٩١٢ز) بە دواوە ڕووبەڕووی هێرشێكی ڕوسەكان بووەتەوە ، لەو بارەیەوە مێژوونووس (المسعودی) (مردووی ٣٤٦ك/٩٥٧ز) باسی ئەو هێرشە دەكات ، ئاماژە بەوە دەكات ڕوسەكان لەدوای گەڕانەوەیان لە هێرشەكەیان بۆ سەر ناوچەكانی دیكەی دەریای خەزەر ، هێرشیان كردە سەر دوورگە و كەنارەكانی وڵاتی شێروانشاهان ، بەتایبەت دورگە و كەنارەكانی دەوروبەر شاری(باكو/ النفاطة)[١١١] خەڵكی ناوچەكەش بۆ بەرپەرچ دانەوەی شاڵاوی ڕوسەكان و دورخستنەوەیان لە ناوچەكە كۆبوونەوە و سواری بەلەم و كەشتی بازرگانان بوون و ڕوویان لەو دورگانە كرد ، بەڵام ڕوسەكان ڕووبەڕویان بوونەوە و ژمارەیەكی زۆریان لێكوشتن و كەشتییەكانیشیان نوقمی دەریاكردن، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەكی زۆریان خنكان، دوای ئەمە ڕوسەكان بۆ ماوەی چەندین مانگ لە دەریای خەزەردا مانەوە و دوای كۆكردنەوەی تاڵانی و دەستكەوتەكان ناوچەكەیان بەرەو وڵاتی خەزەر جێهێشت[١١٢]، (المسعودی) ساڵی ئەم هێرشەی دیارینەكردووە ، بەڵام دەڵێت لەدوای ساڵی (٣٠٠ك/ ٩١٢ز) وە بووە و ئەوە دووپاتدەكاتەوە و بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لەیادی چووەتەوە لەچ ساڵێكی دوای ئەو ساڵەوە بووە[١١٣]، وە (علي بن الهيثم) تاوەكو ساڵی (٣٠٥ك/ ٩١٧ز) لەسەر كاربووە و لەو ساڵە لەسەر كارلادراوە[١١٤]، بۆیە دەكرێت بڵێین ئەم هێرشەی ڕوسەكان لەنێوان ساڵی (٣٠٠ك/ ٩١٢ز) بۆ (٣٠٥ك/ ٩١٧ز) دا بووە.

لەو هێرشەی ڕوسەكان ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە میرنشینەكە خاوەن هێزێكی سەربازی ڕێكخراو و بەهێز و كەشتی جەنگی نەبووە كە بتوانێت ڕووبەڕووی ڕوسەكان ببێتەوە ، بۆیە دەبینین بە بەلەم و كەشتی بازرگانی شەڕیان لەگەڵ ڕوسەكان كردووە و تێكشكاون و ژمارەیەكی زۆریان لەناوچوون.

بۆ جاری دووەم و دوای زیاتر لەیەك سەدە جارێكی دیكە ڕوسەكان هێرشیان كردووەتەوە سەر ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی شێروانشاهان، ئەو هێرشەشیان لەساڵی (٤٢١ك/١٠٣١ز)بوو، لەو كاتەدا میر(منوچهر بن یزید بن احمد) میری میرنشینەكە بوو ، میر(منوچهر) دوای كۆكردنەوەی سەرباز و خۆئامادەكردن لەنزیك شاری (باكو) ڕووبەڕووی ڕوسەكان بوویەوە، بەڵام ئەم جارەشیان سوپای میرنشینی

---

[١٠٩] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ٢ — ٤؛ زامباور، معجم الانساب والاسرات الحاكمة في تاريخ الاسلامي، ترجمة : زكي محمد حسين واخرون، دار الرئد العربي، ( بيروت : ١٩٨٠)، ص ٢٧٧.

[١١٠] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ٥؛ ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج١، ص١٦١.

[١١١] باكو/ النفاطة: شارێكە دەكەوێتە سەر دەریای خەزەر و لەنزیك شاری (باب الابواب) و (شروان)ە، شارێكی نەوتاوییە و نەوتی زۆرە و نەوتی سپی لێ بەهەم دەهێنرێت. القزويني، اثار البلاد، ص٥٧٨؛ الحميري، الروض المعطار، ص ص٧٨ — ٧٩.

[١١٢] المسعودي، مروج الذهب ، ج١، ص ص ١٤١ — ١٤٢؛

V.Minorsky, A History Of Sharvan,p152.

[١١٣] المسعودي، مروج الذهب ، ج١، ص١٤٣؛ الحميري، الروض المعطار، ص٣٤١.

[١١٤] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ٤ — ٥.

شێروانشاهان تێکشکا و ژمارەیەکی زۆر سەربازیشیان لێکوژرا کە یەکێکیان سەرکردەیەکی گەورە بوو بەناوی (احمد بن خاصكين)، پاشان ڕوسەکان لەڕێگەی ڕوباری (الكر)ەوە ویستیان بەرەو ناوچەکانی سەرەوەی ڕووبارەکە بڕۆن ، بۆجارێکی دیکە میر(منوچهر) ڕوبەڕویان بووەوە و دووبارە تێکشکا و نەیتوانی بەسەر ڕوسەکاندا سەربکەوێت، دوای ئەمە ڕوسەکان ناوچەکانی ئەم میرنشینەیان جێهێشتووە[115]، تاوەکو لەساڵی(٤٢٣ك/١٠٣٣ز) جارێکی دیکە ڕوسەکان گەڕانەوە وڵاتی شێروانشاهان و ژمارەیەکی زۆرخەڵکیان کوشت و بەدیل گرت ، ناوچەکەشیان تاڵان کرد و وێرانیان کرد[116]. لە سەرچاوەکاندا ئەوە بەدی ناکرێت کە جارێکی دیکە تا ڕوخانی میرنشینەکە پەیوەندی لەنێوان ئەمئەوان و ڕوسەکان دروست بوو بێتەوە.

## دووەم: پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی هاشمی

میرنشینی هاشمی (٢٥٥ – ٤٧٠ك/٨٧٠ – ١٠٧٧ز)[117]، لەشاری (باب الابواب) و ناوچەی (المسقط) کە لەچەند شار و قەڵا و گوندێکی ناوچە سنورییەکان پێکهاتبوو دامەزراوە ، دامەزرێنەرەکەشی (هاشم بن سراقە السلمی) یە ، ئەمە سەرکردەیەکی  دیار و ئازای ناوچە سنورییەکان بوو، لە ساڵی (٢٥٥ك/٨٧٠ز) فەرمانڕەوایەتی شاری (باب الابواب ) و دەوروبەری گرتووەتە دەست ، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە بارودۆخی خیلافەت بەتەواوی شێواو بوو ، بۆیە خەڵکی شاری(باب الابواب)و دەوروبەری داوایان لە (هاشم بن سراقە السلمی) کرد ببێتە فەرمانڕەوایان و ئەوانیش گوێڕایەڵی دەبن[118].

دوای مردنی (هاشم بن سراقە) لەساڵی (٢٧١ك/٨٨٤ز) کوڕەکەی( عمر بن هاشم) جێگەی گرتووەتەوە و ئەمیش بۆ ماوەی ساڵێك حوکمڕانی کردووە ، دواتر چەندین میری دیکەی یەك لەدوای یەك هاتونەتە سەردەسەڵات کە دیارترینیان میر( احمد بن عبدالمليك بن هاشم)ە ، ئەم میرە لە دوای مردنی باوکی لەساڵی(٣٢٧ك/٩٣٩ز) بوە بەمیر و چەندین شەڕی لەگەڵ هێزە موسڵمان و ناموسڵمانەکانی دەوروبەری ئەنجامداوە ، لەساڵی (٣٦٦ك/٩٧٦ز) مردووە و میر( میمون بن احمد)ی کوڕی جێگەی گرتووەتەوە[119].

پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی هاشمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میر( میمون) ئەم میرە دوای مردنی باوکی و هاتنە دەرەوەی لەو قەڵایەی باوکی و خێزانەکەی تێیدا دەژیان لەلایەن سەرکردەکانی شاری (باب الابواب) دەستگیر کراو لە کۆشکی فەرمانڕەوایەتی زیندانی کراوە، لەماوەی زیندانی کردنەکەیدا هەموو دەسەڵاتێك لە دەستی سەرکردەکاندا بووە ، لەو ماوەیەدا میر(میمون) بە ئامانجی ڕزگاربوون لە زیندان و گرتنەوە دەستی دەسەڵات و لەناوبردنی دەسەڵاتی سەرکردەکان بەنهێنی پەیوەندی بە ڕوسەکانەوە کردووە ، دوای لێکردوون پاڵپشتی بکەن ، ڕوسەکانیش بەمە ڕازی بوون و لەساڵی (٣٧٧ك/ ٩٨٧ز) بە (١٨)هەژدە کەشتیەوە

---

[115] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص٩؛ عماد كامل مرعي، دور الاكراد في حماية المسلمين في بلاد القفقاس في القرنين الرابع والخامس الهجريين، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد(٧)، العدد(٣)، (كركوك:٢٠١٢)، ص٧٥٨؛
V.Minorsky, A History Of Sharvan,p p 114 – 115.

[116] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص٢١.

[117] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی هاشمی بڕوانە: مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ١٦ – ٢٧.

[118] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص٧، ١٦ – ١٧.

[119] بڕوانە: مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ١٧ – ١٩.

ڕوویان لە ناوچەکە کردووە ، ڕوسەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی میر(میمون) مەبەستیەتی سود لە ئەوان وەربگرێت یەك کەشتیان ڕەوانە کردوە ، کاتێکیش میر(میمون) چووە بۆلای ڕوسەکان ، خەڵکی شاری(باب الابواب)یش دەستیان کردووە بە شەڕکردن دژ بە ڕوسەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتوون، دوای ئەمە ڕوسەکان بەرە و (المسقط) ڕۆشتوون، دوای ئەمە نووسەری پەرتوکی (فصول من تاريخ الباب و شروان) باس لەوە ناکات دوای ئەمە چی ڕویداوە ، بەڵکو لەدوای باسکردنی ئەو ڕوداوە دەڵێت↔ لەساڵی ٣٧٨ك میر میمون قەڵای الباب ی بنیاتنا و لەوێدا خۆی پەنادا و تێیدا نیشتەجێ بوو≈[١٢٠]، بەگوێرەی ئەم ڕوداوەبێت دەبێت میر(میمون) لەماوەی ئەو ساڵەدا بە هاوکاری ڕوسەکان دەسەڵاتی گرتبێتەوە دەست و قەڵایەکی تایبەتی بۆ خۆی لە شارەکە بنیات نابێت.

خەڵکی شاری (باب الابواب) بە فەرمانڕەوایەتی کردنی میر(میمون) و بوونی سەربازی ڕوس لەپاڵ ئەودا ڕازی نەبوون، بۆیە لەساڵی (٣٧٩ك/٩٩٠ز) ئاژاوە و پشێوی لە شارەکە سەریهەڵدایەوە کە بە ئاژاوەی(موسى التوزي الواعظ الجيلاني) ناوی هاتووە، (موسى التوزى) بانگخوازێکی ئاینی بوو لە شاری (جیلان)ەوە هاتبووە شارەکە و دوای ئەوەی لە مزگەوتی شارەکەدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خەڵکی شارەکە ڕێکخستووە و دژ بە بوونی ڕوسەکان هانی داون و نزیکەی (١٠٠٠)هەزار پیاوی شارەکەی لەدەوری خۆی کۆکردووەتەوە ، پاشان بەرەو شوێنی نیشتەجێ بوونی میر(میمون) ڕۆشتوون، لەوێدا داوایان لە میر کرد کە دەبێت یان داوا لەو ڕوسانەی لەگەڵنی بکات کە موسڵمان بن یان بیانکوژێت ، میریش ئەو داوایەی ئەوانی ڕەت کردەوە بەمەش ئاژاوە و شەڕ سەریهەڵدا ، میریش لەساڵی (٣٨٠ك/ ٩٩١ز) لە قەڵاکەیدا خۆی قایمکرد ،( موسى التوزى) و ئەو خەڵکانەی لەگەڵی بوون بۆ ماوەی (٢٨) بیست و هەشت ڕۆژ گەمارۆی قەڵاکەیاندا، دواجار میر ڕازی بوو کە قەڵاکە بدات بەدەستەوە و داوای لێکردن کە گیانی بپارێزن و لێگەڕێن خۆی و شوێنکەوتووەکانی بەسەلامەتی بڕۆن بۆ (طبرسران) ، ئەوانیش بەداواکەی ڕازیبوون و قەڵاکەش کەوتە دەست (موسى التوزى) و خەڵکی شارەکە، دواتر خەڵکی شاری (باب الابواب ) بەڕێوەبردنی شارەکەیان داوەتە دەست میرنشینی شێروانشاهان، بەڵام دوای ماوەیەك میر(میمون) هێرشی کردووەتەوە سەر شارەکە و خستویەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە تاوەکو ئەو کاتەی لەساڵی ( ٣٨٧ك) مردووە[١٢١].

لەگەڵ ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بەوە نەدراوە کە ڕوسەکان لەبەرانبەر چیدا هاوکاری سەربازی میر(میمون)یان کردووە دژ بە دەسەڵاتی سەرکردەکانی خەڵکی شارەکە ، بەڵام دەگونجێت لە پێناوی پارە و زێڕ و پێدانی ئیمتیازاتی بازرگانیدا ئەو کارەیان ئەنجامدابێت ، لەڕاستیدا ئەم پەیوەندیەی نێوان ڕوسەکان و ئەم میرنشینە گۆڕانێکی بنەڕەتی بووە لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسەکان و میرنشینە ئیسلامییەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر و پێشتر وینەی نەبووە کە هێزێکی ڕوسی پاڵپشتی میرێکی میرنشینەکان بکات و دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆی میرنشینەکانەوە، بەڵکو ڕوسەکان بەوە ناسرابوون کە ڕوبکەنە هەرناوچەیەك وێرانی دەکەن و کاری تاڵانکاری و کوشتار بەرانبەر هەموو کەسێك ئەنجام دەدەن، لەو ئاژاوەی (موسى التوزى)یش پاڵنەری ئاینی

---

[١٢٠] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ١٩.

[١٢١] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ١٩ – ٢٠.

V.Minorsky, A History Of Sharvan,p114.

بەوەی ڕوسەکان موسڵمان نین لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە دەشگونجێت شیرواشاهان ڕۆڵیان لەو ئاژاوەیەدا هەبووبێت، چونکە دوای دەرکردنی میری هاشمی لەشارەکە ڕاستەوخۆ ڕادەستی میرنشینی شێروانشاهانی دەکەن.

ئەم پەیوەندی و هاوکاریەی نێوان میرنشینی هاشمی ڕوسەکان لەسەردەمی میر(منصور بن میمون)(٣٩٣ – ٤٢٥ك/ ١٠٠٣ – ١٠٣٤ز) گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، لەساڵی (٤٢٣ك/١٠٣٢ز) کاتێك ڕوسەکان دوای تاڵانکردنی وڵاتی شێروان بەدەستی پڕ و تاڵانی و کۆیلەوە دەیانەویست بگەڕێنەوە ، بەڵام خەڵکی شاری(باب الابواب) و دەوروبەری بەسەرکردایەتی میر(منصور بن میمون) لە تەنگە بەر و سەر ڕێگاکان بۆسەیان بۆ دانانەوە و ژمارەیەکی زۆر ڕوسیان کوشتووە ، وە زۆربەی ئەو کەل و پەلە و شتومەکە تالانکراوەی لە وڵاتی شێروان هێنابوویان لێیان سەندنەوە[١٣٢].

لەبەرانبەر ئەو تێکشکانە قورسەدا ڕوسەکان بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی شاری(باب الابواب) هاوپەیمانەتیان لەگەڵ (لانەکان /اللان)[١٣٣] بەست و دوای کۆکردنەوەی سەرباز لەساڵی (٤٢٤ك/١٠٣٣ز) بەرەو شارەکە بەڕێکەوتن، دوای گەیشتن بە شارەکە خەڵکی شارەکە لێیان هاتنە دەست و ژمارەیەکی زۆر سەربازی ڕوس و لانیان کوشت و سەرکەتن بەسەریاندا، فەرمانڕەوای (لانەکان)یش لەشەڕەکە ڕایکرد [١٣٤]. ئەم ڕوداوەش دوا پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی هاشمی بووە.

## سێیەم : پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی شەدادی

میرنشینی شەدادی ( ٣٤٠ – ٥٩٥ك/ ٩٥١ – ١١٩٨ز)[١٣٥] لەلایەن بنەماڵەیەکی کورد بەناوی بنەماڵەی شەدادی لە هەرێمی ئاران و بەشێك لە ئەرمینیا دامەزراوە و ئەم میرنشینە فەرمانڕەوایەتی ئەو دوو هەرێمەی کردووە [١٣٦]، میر (محمد بن شداد بن قرطق) بە دامەزرێنەری ئەم میرنشینە دادەنرێت ، ئەو توانی سود لەو پشێویە وەربگرێت کە بەهۆی دەستگیرکرانی فەرمانڕەوای ئازربیجان (السلار المرزبان بن محمد مسافری) لەساڵی (٣٣٧ك/٩٤٨ز) لەلایەن بوەیهییەکانەوە سەری هەڵدا بوو، کە هەریەکە لە فەرمانڕەوای شار و قەڵا و ناوچەکانی ئازربیجان و ئاران سەربەخۆیی خۆیان ڕادەگەیاند، میر (محمد بن شداد بن قرطق)یش یەکێك بوو لەو

---

[١٣٢] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ٢٠ – ٢١.

[١٣٣] لانەکان (اللان): لانەکان نەتەوەك بوون ژمارەیان زۆربوو و پاشاکەیان مەسیحی بوو، پایتەختی میرنشینەکەیان (مغص) بوو، وڵاتی لان لە ڕۆژهەڵات و باشوریەوە وڵاتی سەریرە، لە ڕۆژئاوایەوە وڵاتی ڕۆمە ، لە باکوریەوە دەریای نیتس و بجناك و خەزەرە، وڵاتێکی شاخاوی و پڕخێرو بەرەکەتە ،بەشێك لە دانیشتوانەکەی لە دەشت و بەشێکی دیکەیان لە شاخەکان دەژین، دیارترین شار و قەڵاکانی بریتین لە ( باب اللان، کاسك، خیلان). مؤلف مجهول، حدود العالم، ص ١٤٢؛ الجرديزي، زين الاخبار، ص٣٩٧؛ ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج١، ص٢٤٥.

[١٣٤] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ٢١.

[١٣٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی شەدادی بڕوانە: اسماعيل شكر رسول، الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، مطبعة وزارة التربية،(اربيل: ٢٠١٠)، ص ص ٦٧ – ١١٠.

[١٣٦] منجم باشي، جامع الدول باب الشدادية، عني بتحقيقه و نشره: ولاديمير مينورسكي،( كمبريدج:١٩٥٣)، ص١؛ زرار صديق تۆفیق، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦ – ٦٥٦ك/٦٣٧ – ١٢٥٨ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ١٤٢.

فەرماندانە و توانی لەساڵی (٣٤٠ك/٩٥١ز) دەست بەسەر چەند ناوچەیەکی هەرێمی ئاران و بەتایبەت شاری (دوین/دبیل)[١٢٧] دا بگرێت و کردییە بنکەی فەرمانڕەوایەتی کردنی میرنشینەکەی[١٢٨].

شەدادییەکان دوای ڕزگاربوونی (المرزبان بن محمد)لە زیندان لەساڵی(٣٤٢ك/ ٩٥٣ز) شاری (دوین) یان لەدەستداو شارەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی سالارییەکان و شەدادییەکانیش و ئاوارەبوون، لە ساڵی (٣٤٤ك/٩٥٥ز) (محمد بن شداد) مرد و کوڕە گەورەکەی بەناوی (لشکری بن محمد) جێگەی گرتەوە (٣٦٠ – ٣٦٨ك/٩٧٠ – ٩٧٨ز) ، ناوبراو بە هاوکاری (المرزبان) و (الفضل) ی برای و بنەماڵەکەی لەساڵی (٣٦٠ك/٩٧٠ز) دەست بەسەر شاری (جنزە)(گەنجە)[١٢٩]دا بگرێت و جارێکی دیکە میرنشینەکەیان دامەزراندووەتەوە و ئەو شارەیان کردووەتە پایتەختی میرنشینەکەیان ، لەوێوە دوای چەندین شەڕ توانیویانە سالارییەکان تێکبشکێنن و ناوچەکانی ئاران و بەشێك لە ئەرمینیا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە[١٣٠].

پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی شەدادی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میر(الفضل بن محمد)(٣٧٥ – ٤٢٢ك/٩٨٥ – ١٠٣١ز) ، هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ یاخی بوونی کوڕێکی ئەم میرە بەناوی (عسکریە)، ئەم کوڕەی میر(الفضل بن محمد) لەساڵی (٤٢١ك/١٠٣٠ز) لە باوکی هەڵدەگەڕێتەوە و دەست بەسەر شاری (بیلقان)[١٣١]دا دەگرێت [١٣٢]، میر (الفضل) بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەڵگەڕانەوەیە کوڕێکی دیکەی بەناوی (موسى بن الفضل) کە جێنشینی بوو ڕاسپارد، دیارە (موسى بن الفضل) بەتەنیا نەیتوانیوە هەڵگەڕانەوەکە دابمرکێنێتەوە و دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت ، بۆیە پەیوەندی کردووە بەو هێزە ڕوسەی کەوە بە (٣٨) کەشتییەوە ڕویان لەوڵاتی شروان کردبوو، لەگەڵ ئەو ڕوسانە ڕێککەوت لەبەرانبەر بەشداربوون لە گرتنەوەی شاری (بیلقان) پارەیەکی زۆریان پێدەدات، ڕوسەکانیش بەو داوایە ڕازی بوون و لەگەڵ سوپای میرنشینی شەدادی توانیان دەست بەسەر شارەکەدا بگرنەوە و (عسکریە) یش دوای دەستگیرکردنی لەلایەن(موسى)ی برایەوە کوژرا، ڕوسەکانیش دوای ئەوەی پارەکەیان وەرگرت بەرەو وڵاتی ڕۆم و لەوێشەوە بەرە

---

[١٢٧] دوین/دبیل: گەورەترین شاری هەرێمی ئارانە و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی هەرێمەکەوە. مؤلف مجهول، حدود العالم، ص١٢٠؛ اسماعيل شكر رسول، الامارة الشدادية، ص٤١.

[١٢٨] منجم باشي، جامع الدول، ص٣؛ احمد کسروی، شهریاران گمنام، ص٢٦١؛ حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی موکریانی ، کۆکردنەوە و لەچاپدانی دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٧)، بەرگی دووەم، ل٢٩٣.

[١٢٩] گەنجە (جنزە) : گەورەترین شاری هەرێمی ئارانە، کەوتووەتە نێوان شێروان و ئازربیجان، ماوەی نێوان (گەنجە) و (بردعە)(١٦ فرسخە/٩٦ کیلۆمەترە) . یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٢، ص ص ١٧١ – ١٧٢.

[١٣٠] منجم باشي، جامع الدول، ص ص ٦ – ١٠؛ خالد رسول علی، سبط ابن الجوزی و کورد لەکتێبەکەی (مراة الزمان في التاريخ الاعيان) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،(سلێمانی:٢٠١٠)، ل ل ١٤٢ – ١٤٣.

[١٣١] بیلقان: شارێکە دەکەوێتە هەرێمی ئاران و ئەرمینیا ، لە نزیك شاری (باب الابواب ) و (شروان)دایە. یاقوت الحموي، معجم البلدان، ج١، ص٥٣٣.

[١٣٢] منجم باشي، جامع الدول، ص ١١؛ نوزاد خالد رؤوف، ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەیەمی زایینیدا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، ( هەولێر: ٢٠١٤)، ل٣٦.

و ولاتی خۆیان گەڕانەوە [١٣٣]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕوسەکان وەك سەربازی بەکرێگیراو لەو ماوەیدا ڕەفتاریان کردووە و لەپێناوی وەرگرتنی پارەدا دەستیان وەرداوەتە ناو کاروباری ناوخۆی میرنشینەکە.

بەڵام ئەمە دەرگای والاکردووە کە جارێکی دیکە ڕوسەکان هێرش بکەنەوە سەر میرنشینەکە ، بۆیە لەسەردەمی دەسەڵاتی میر(موسى بن الفضل)دا لەساڵی (٤٢٣ك/١٠٣٢ز) جارێکی دیکە ڕودەکەنەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی شەدادی ، میر(موسى) لە لای شاری (باکو) ڕوبەڕویان بووەتەوە و توانیویەتی ژمارەیەکی زۆریان لێبکوژێت و لەولاتەکەی وەدەریان بنێت[١٣٤]. ئەمەش کۆتا پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی شەدادی بوو و لەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندان ئاماژەی بەپەیوەندی دیکە نەکراوە.

## چوارەم: پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و میرنشینی (کسرانیان/شێروانشاهان)

میرنشینی (کسرانیان/شێروانشاهان) (٥٥٠ – ٩٤٦ك/١١٥٥ – ١٥٣٩ز)[١٣٥] لە ناوچەی (شیروان) لەلایەن (منوچهر بن كسران)(٥٥٠ – ٥٥٦ك/١١٥٥ – ١١٦١ز) لەنیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی دامەزرێنراوە، هەندێ لەسەرچاوەکان بنەچەی دامەزرێنەری میرنشینەکە دەگەڕێننەوە بۆ پاشای ساسانی (کیسرا انوشروان عادل)() ، بەڵام هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ سەر میرانی پێشوی میرنشینی شێروان کە سەربەهۆزی ( شەیبانی) عەرەب بوون[١٣٦].

هەندێ لە مێژوو نووسان میرانی ئەم میرنشینە بە (سوڵتانانی شیروان)(سلاطين شيروان) یاخود بە ( بەشێروانشاه) و میرنشینەکەش بە (شێروانشاهان) ناو دەبەن[١٣٧]، بەڵام هەندێکی دیکە بە میرنشینی (کسرانیان)(إمارة بنو كسران) یاخود بە (الخاقانیون) ناو دەهێنن [١٣٨]. هەڵبەتە ئەو سەرچاوانەی کە بە میرنشینی (شێروانشاهان) ناویان هێناون لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە میرانی ئەم میرنشینە فەرمانڕەوایەتی ناوچەی (شروان) یان کردووە، ئەو سەرچاوانەشی میرنشینەکەبە (کسرانیان) ناو دەبەن دەیگەڕێننەوە بۆ باوکی

---

[١٣٣] منجم باشي، جامع الدول، ص ص١١ – ١٢؛ جەمال ڕەشید احمد ، بەیەکگەیشتنی کورد و لان لە ولاتی باب و شەڕوان، وەرگێڕانی: ئاسۆ محەمەد قادر، چاپخانەی شڤان،(سلێمانی: ٢٠٠٤)، ل٢٢٤.

[١٣٤] منجم باشي، جامع الدول، ص١٢؛ نوزاد خالد رؤوف، ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینە کوردییەکان، ل٣٨؛
V.Minorsky , studies in Caucasian history , printed in Great Britain , (London: 1953) p77.

[١٣٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر میرنشینی (کسرانیان/ شێروانشاهان) بڕوانە: مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ٢٧ – ٣٢؛ غفاری، تاریخ جهان آرا، چاپخانه نیکپو، (تهران: ١٣٤٠ هـ. ش) ، ص ص ١٩٢ – ١٩٤؛ زامباور، معجم الانساب والاسرات، ص ص ٢٧٩ – ٢٨٠.

[١٣٦] مؤلف مجهول، فصول من تاريخ الباب، ص ص ٢٧ – ٢٨؛ غفاری، تاریخ جهان آرا، ص ص ١٩٢ – ١٩٣؛ زامباور، معجم الانساب والاسرات، ص ص ٢٧٩ – ٢٨٠.

[١٣٧] بڕوانە : غفاری، تاریخ جهان آرا، ص ص ١٩٢ – ١٩٣؛ هادی حسن، مجموعه مقالات، چاپخانەی مرکزی دولتی، (حیدر اباد: ١٩٥٦)، ص ص ١١٠ – ١١١.

[١٣٨] عادل محمد خضر، العلاقات بين المسلمين والكرج(٤٣١ – ٦٢٨هـ/١٠٤٠ – ١٢٣١م)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة ام القرى، (مكة المكرمة: ١٩٩٤)، ص١٣٦؛
V.Minorsky, A History Of Sharvan,p134.

میری دامەزرێنەرمیر(منوچهر) کەناوی (کسران) بووە. دوای مردنی میری دامەزرێنەر (منوچهر بن کسران ) لە ساڵی (٥٥٦ك/ ١١٦١ز) کوڕەکەی (اخستان بن منوچهر)(٥٥٦ – ٥٩٢ك/ ١١٦١ – ١١٩٦ز) جێگەی گرتوەتەوە[١٣٩].

پەیوەندی نێوان ڕوسەکان و ئەم میرنشینە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی میر(اخستان بن منوچهر) ، ڕوسەکان لەسەردەمی دەسەلاتی ئەم میرە و لەساڵی (٥٧١ك/ ١١٧٥ز) لەڕێگەی دەریاوە و بە کەشتییەکانیانەوە هێرش دەکەنەوە سەر خاکی میرنشینەکە بەتایبەت شاری (باکو)، میر( اخستان بن منوچهر) توانیویەتی زۆر بەتوندی ڕوبەڕویان ببێتەوە و کەشتی گەلی ڕوسی تێکبشکێنێت و ژمارەیەکی زۆریش لە سەربازانی ڕوس بکوژێت [١٤٠]، هەواڵی ئەم شەڕ و لەشکرکێشیەی ڕوسەکان و سەرکەوتنی میر(اخستان بن منوچهر) تەنها لەلایەن شاعیرێکی هاوسەردەمی ڕوداوەکە بەشێوە شعر بەناوی(خاقانی)[١٤١] تۆماری کراوە، کە ئەو ژمارەی کەشتییەکانی ڕوس بە (٧٣) کەشتی ناو دەبات کەتێکشکێنراون[١٤٢] هەروەك مێژوو نووس و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوس(بارتۆڵد) ئاماژەی بۆ دەکات کە سەرچاوە ڕوسییەکان (الحوليات الروسية) هەواڵی ئەم لەشکرکێشی و شاڵاوەی ڕوسەکانیان تۆمار نەکردووە ، بە بڕوای ئەو ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی میرانی حوکمڕانی ڕوسیا لەو سەردەمەدا بەشدار نەبوون لەو شاڵاوە سەربازییە و ئەو ڕوسانە گروپی جیاجیا و سەربەخۆ بوون و ئازاد بوون[١٤٣]. (خاقانی) شاعیر لە بارەی سەرکەوتنی میر (اخستان) بەسەر سوپای ڕوس دەڵێت:

فتح تو بجنك لشكر روس تاريخ شده آسمان مران را
رايات تو روس على روس صرصر شده شاخ ضميران را
پيكان شهاب رنگ چون آب آتش زده ديو لشكران را
در زهرهء روس راندنه زهر آب كانداخته يغلق پران را
يك سهم تو خضر وار بشكافت هفتاد و سه كشتى ابتران را[١٤٤]

---

[١٣٩] زامباور، معجم الانساب والاسرات، ص ٢٧٩؛ عادل محمد خضر، العلاقات بين المسلمين والكرج، ص١٢٧.

[140] W.Bartold and C.E.Bosworth,Shirwan Shah,(The Encyclopaedia Of Islam),( Leiden:1995) ,V (Ix), P489;

هادى حسن، مجموعه مقالات، ص ص١٢٠ – ١٢١؛ و. بارتولد، جايگاه مناطق اطراف درياى خزر در تاريخ جهان اسلام، ترجمه: ربن شه، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى،(تهران: ١٣٧٥ هـ. ش)، ص١٦٦.

[١٤١] خاقانی، ناوی (افضل الدين ابراهيم بن علي شيرواني خاقاني)یە ، لەساڵی(٥٠٠ك/١١٠٧ز) لە شاری شیروان لەدایك بووە ، شاعیرێکی ناسراو و ناوداری گەورەی سەردەمی خۆی بووە، لە نێوان ساڵانی (٥٩٠ – ٥٩٥ك/١١٩٤ – ١١٩٥ز) لەشاری تبریز کۆچی دوایی کردووە. هادی حسن ، مجموعه مقالات، ص ص ١٢٥ – ١٣٦؛ محمد جمالزادة، تاريخ روابط روس، ص ٢٠٢.

[١٤٢]خاقانى، ديوان خاقانى شروانى، بتصحيح و تحشيه و تعليقات: على عبدالرسولى، شركت چاپخانه سعادت،(د.م: ١٣١٦ هـ.ش)، ص٣٦.

[١٤٣] و. بارتولد ، تاريخ الترك في اسيا الوسطى، ترجمة: احمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب،(القاهرة: ١٩٩٦)، ص١٣٤.

[١٤٤]خاقانى، ديوان خاقانى شروانى، ص ٣٦.

له جێگایەکی دیکەدا دەڵێت

بر سر دریای نیلین تیغ کان روسیان          بر جزیره روبناس و لنبران انگیخته

در جزیره رانده یك دریا زخون روسیان          موج از ان دریای خون کوه کلان انگیخته[١٤٥].

لەم شعرەی سەرەوەدا (خاقانی) باس لەسەرکەوتنی میر(اخستیان بن منوچهر)دەکات کە چۆن توانیویەتی (٧٣) کەشتی روس تێکبشکێنێت و دەریا لە خوێنی کوژراوانی روس سوربکات کە شەپۆلی دەریاکە چیاکانی سور کردووە بە خوێنی روسەکان ، وە زۆر باسی ڕۆڵی تیر و کەوان دەکات لە تێکشکاندنی ڕوسەکان. لەسەرچاوەکاندا تەنها باسی ئەم ڕوداوە کراوە کە لەنێوان ئەم میرنشینە و ڕوسەکاندا ڕوویداوە.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە کە بەشێوەی خاڵ دەیانخەینە ڕوو:

١ ـ ڕوسەکان شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرەتایان وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و ئەوروپا بووە و بەڕەگەز سلاڤی بوون ، بۆیە ئەوان دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکانی ڕوسیا نەبوون بەڵکو لە شوێنی ڕەسەنی خۆیانەوە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ڕوباری (إتل/ ڤۆلگا) و ڕوباری (دنیپەر) و میرنشینەکانیان لە شار و ناوچەکانی دەوروبەری ئەم ڕوبارانە دامەزراندووە ، بۆ ئەمەش سودیان لە لاوازی گەلان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە وەرگرتووە و سنوری دەسەڵاتی میرنشینەکانیان لەسەر حسابی ئەوان فراوان کردووە.

٢ ـ ئەو ناوچانەی سەرەتا ڕوسەکان تێیدا نیشتەجێ بوون ناوچەیەکی سەخت و تەڕ و نەگونجاو بووە بۆ کشتوکاڵ، ڕوسەکانیش لەبنەڕەتەوە خەریکی کاری کشتوکاڵی نەبوون، بەڵکو دەریاوان و بازرگان بوون ، ئەمەش ڕوسەکانی هانداوە بۆ ئەوەی بەدوای ناوچەی نوێ بگەڕێن بۆ ئەوەی کاری بازرگانی خۆیان پەرەپێبدەن ، بۆیە هەر زوو کەوتنە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان ، بۆ ئەو مەبەستەش لەڕێگەی ڕوباری (إتل/ ڤولگا)وە بە کەشتییە بازرگانییەکانیانەوە گەیشتوون بە دەریای خەزەر و پەیوەندی ئابووری و بازرگانیان لەگەڵ هەرێمەکانی دەوروبەری ئەم دەریایە دروستکردووە، بۆیە دەبینین بەر لەوەی پەیوەندی سیاسی و سەربازی لەنێوان ڕوسەکان و میرنشینە ئیسلامیەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر دروست ببێت پەیوەندی ئابووری و بازرگانی لەنێوان هەردوولادا بوونی هەبووە.

٣ ـ پەیوەندییە سیاسیەکانی ڕوسەکان و میرنشینە ئیسلامییەکان زیاتر خۆی بینیوەتەوە لە هێرشی سەربازی ڕوسەکان بۆ سەر خاکی میرنشینەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ میرنشینەکاندا کاری سیاسی و هاوکاری سەربازی لەنێوان میرنشینەکان و ڕوسەکاندا بوونی هەبووە و ئەوان ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاوە لە یەکلاکردنەوە ململانێکانی ناو میرنشینەکان، ڕوسەکان هەم شاڵاوە سەربازییەکانیان و پەیوەندیەکانیشیان لەپێناوی دەستکەوت و پارەدا بووە ، بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامان سڵیان لە کوشتن و کاولکاری و تاڵانکاری و بەکۆیلە گرتنی خەڵکانی میرنشینە ئیسلامییەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر نەکردووەتەوە، زۆربەی هێرشەکانیشیان بۆ سەر شار و گوند و ناوچە کەنارییەکانی دەریاکە بووە.

---

[١٤٥] خاقانی، دیوان خاقانی شروانی، ص ص ٤٠٦.

٤ ـ ڕوسەکان لە ڕوی هێزی دەریایی و سەربازییەوە لە میرنشینە ئیسلامییەکان بەهێزتربوون، میرنشینەکان کەشتیگەلی سەربازی و سەربازی پێویست و بەهێزی ئەوتۆیان نەبووە بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی ڕوسەکان، بۆیە لە زۆربەی کاتدا ڕوسەکان توانیویانە بەسەر هێزی سەربازی میرنشینەکاندا زاڵبن ، بەڵام هەندێ کاتیش شکستیان هێناوە لەبەرانبەر سوپای میرنشینەکان و ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێکوژراوە.

٥ ـ ڕوسەکان بەهۆی ئەوەی لەڕوی دەریاییەوە باڵادەست بوون و لەڕێگەی دەریاوە هێرشیانکردووەتە سەر ناوچەکان ، بۆیە هێرشەکانیان پێشبینی نەکراو بووە و لەناکاو هێرشیان کردووە، بۆیە دەردەکەوێت کە ڕوسەکان پەیڕەوی شەڕی پارتیزانیان کردووە و هەوڵی جێگیربوون و مانەوەیان نەداوە .

٦ ـ لە پەیوەندییە سیاسی و هێرشە سەربازییەکانی نێوان ڕوسەکان و میرنشینە ئیسلامییەکانی دەوروبەری دەریای خەزەر ئاماژە بەوە نەکراوە کە میری میرنشینی ڕوس ڕاستەوخۆ بەشدار بووبن لەو کارەدا، بەڵکو دەردەکەوێت کە هەندێ لەو هێزە ڕوسانە سەربەخۆیانە ئەو پەیوەندی و هێرشانەیان ئەنجامداوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان (المصادر)

### أ ـ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی

**ابن الأثير** ، أبو السعادات المبارك محمد (ت ٦٠٦ هـ/١٢٠٩م)

١ ـ النهاية في غريب الحديث والاثر، تحقيق: طاهر احمد الزاوى و محمود محمد الطناحي، المكتبة العلمية، (بيروت:١٩٧٩).

**ابن الاثير:** عزالدين ابي الحسن علي بن محمد بن عبدالكريم الجزري (ت ٦٣٠ هـ/١٢٣٢م).

٢ ـ الكامل في التاريخ، تحقيق: ابوالفداء عبدالله القاضي و محمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية، ط٥، (لبنان:٢٠١٠).

**الادريسي:** محمد بن محمد بن عبدالله ادريسي (ت ٥٦٠هـ/١١٦٥م).

٣ ـ نزهة المشتاق في اختراق الافاق، مكتبة الثقافة الدينية،(القاهرة: د.ت).

**اسحاق بن الحسين:** (عاش في القرن الرابع الهجري/ العاشر الميلادي).

٤ ـ اكام المرجان في ذكر المدائن المشهورة في كل مكان،عالم الكتب ،( بيروت: ١٩٨٨).

**ابن اسفنديار:** بهاء الدين محمد بن حسن (ت ٦١٣هـ/١٢١٦م).

٥ ـ تاريخ طبرستان، ترجمة: احمد محمد نادي، المجليس الاعلى للثقافة، (القاهرة:٢٠٠٢).

**الاصطخري:** ابو اسحاق محمد بن ابراهيم الفاسي (ت بعد ٣٤٦ هـ/٩٥٧م).

٦ ـ مسالك و الممالك، مطبعة بريل، (ليدن:١٨٧٠).

**الانطاكي:** يحى بن سعيد بن يحي الانطاكي(ت ٤٥٨هـ/١٠٦٦م).

٧ ـ تاريخ الانطاكي ( المعروف بصلة تاريخ اوتيخا)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدميري، حروس برس،(لبنان: ١٩٩٠).

**البغدادي:** عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شمائل القطيعي البغدادي(ت٧٣٩هـ/١٣٣٨م)

٨ ـ مراصد الاطلاع علي اسماء الامكنة و البقاع، دار المعرفة، (بيروت: ١٩٥٤).

**البكري:** أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد البكري الأندلسي(ت ٤٨٧ هـ/١٠٩٤م).

٩ ـ المسالك والممالك، دارالغرب الاسلامي، (د.م: ١٩٩٢).

**الجرديزى:** ابو سعيد عبد الحي بن الضحاك(ن ٤٤٣هـ/١٠٥٢م).

١٠ ـ زين الاخبار، ترجمة :عفان السيد زيدان، هيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، (القاهرة:٢٠٠٦).

**ابن الجوزي:** ابو الفرج عبدالرحمن بن علي (ت٥٩٧هـ/١٢٠٠م).

١١ ـ المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دارالكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٢).

**الحميري:** ابو عبدالله محمد بن محمد الصنهاجي(٩٠٠هـ/١٤٩٤م).

١٢ ـ الروض المعطار في خبر الاقطار، تحقيق: احسان عباس، مكتبة لبنان، ط٣،(بيروت: ١٩٨٤).

**ابن حوقل:** ابو القاسم النصيبي(ت٣٦٧هـ/٩٧٧م).

١٣ ـ صورة الارض، مطبعة بريل ، ط٢، (ليدن: ١٩٣٨).

**ابن خرداذبة:** ابوالقاسم عبدالله بن عبدالله الخراساني(ت٢٨٠هـ/٨٩٧م).

١٤ ـ المسالك والممالك، مطبعة بريل،(ليدن:١٨٨٩).

**ابن خلدون:** ابو زيد عبدالرحمن ابن خلدون(ت٨٠٨هـ/١٤٠٥م).

١٥ ـ تاريخ ابن خلدون( المسمى ديوان المبتداء والخبر في تاريخ العرب والعجم والبربر و من عاصرهم ذوي الشان الاكبر )، تحقيق: خليل شحاذة، دارالفكر للطباعة والنشر،( بيروت: ٢٠٠٠).

**خليفة بن خياط:** أبو عمرو خليفة بن خياط بن خليفة الشيباني(ت ٢٤٠هـ/٨٥٤م)

١٦ ـ تاريخ خليفة بن خياط، تحقيق: مصطفى نجيب فواز و حكمت كثلي فواز، دارالكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٥).

**ابن رسته:** ابو علي احمد بن عمر(٢٩٠هـ/٩٠٣م).

١٧ ـ الاعلاق النفيسة، مطبعة بريا، (ليدن: ١٨٩٣).

**الروذراوري:** ابو الشجاع محمد بن الحسين ظهير الدين(ت٤٨٨هـ/١٠٩٥م).

١٨ ـ ذيل تجارب الامم، ملحق بكتاب تجارب الامم وتعاقب الهمم، دارالكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣).

**الزبيدي:** محمد مرتضى الحسيني الزبيدي(ت١٢٠٥هـ/١٧٩٠م).

١٩ ـ تاج العروس جواهر القاموس، تحقيق: مصطفي الحجازي و اخرون، مطبعة حكومة الكويت، (الكويت :١٩٧٣).

**الطبري:** أبو جعفر محمد بن جرير ( ت ٣١٠/٩٢٢م ).

٢٠ ـتاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، دارالمعارف، ط٢، (بيروت:١٩٧٥).

**ابن فضلان:** احمد بن فضلان بن العباس بن راشد بن حماد (ت بعد ٣٠٩هـ/٩٢١م).

٢١ ـ رسالة ابن فضلان في وصف الرحلة الى بلاد الترك و الخزر و الروس و الصقالبة، تحقيق: سامي الدهان، مطبعة الهاشمية، (دمشق:١٩٦٠).

**ابن الفقيه** : أبو بكر احمد بن ابراهيم الهمذاني (ت ٣٦٥ هـ/٩٧٥م).

٢٢ ـالبلدان، تحقيق: يوسف الهادي، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٩٦).

**القاشي:** أبوالعباس احمد بن علي بن بابة القاشي (ت٥١٠هـ/١١١٦م).

٢٣ ـراس مال النديم في تواريخ اعيان اهل الاسلام، تحقيق: محمد عبدالقادر خريسات، مركز زايد للتراث والتاريخ، (الامارات: ٢٠٠١).

**القرطبي** :عريب بن سعيد ( ت بعد ٣٢٠هـ/٩٣٢م).

٢٤ ـ صلة تاريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، دار اسويدان،(بيروت:د.ت).

**القزويني**: زكريا بن محمد بن محمود(ت٦٨٢هـ/١٢٨٣م).

٢٥ ـ اثار البلاد و اخبار العباد، دار صادر، ( بيروت: د.ت).

**قسطنطين السابع**: بورفيروجنيتوس(ت:٣٤٨هـ/٩٥٩م)

٢٦ ـ ادارة الامبراطورية البيزنطية ، و تحليل و تعليق: محمود سعيد عمران، دار النهضة العربية ، (بيروت:١٩٨٠).

**القلقشندي**: أحمد بن علي بن أحمد الفزاري القلقشندي(ت٨٢١هـ/١٤١٨م).

٢٧ ـ نهاية الارب في معرفة انساب العرب، تحقيق: ابراهيم الابياري، دار الكتب اللبناني، ط٢،(بيروت: ١٩٨٠).

**ابن كثير**: أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي(ت٧٧٤هـ/١٣٧٢م).

٢٨ ـ البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله عبدالمحسن التركي، هجر للطباعة والنشر، (جيزة:١٩٩٨).

**المروزي**: شرف الزمان طاهر المروزي (ت بعد ٥١٤هـ/١١٢٠م)

٢٩ ـ ابواب في الصين والترك والهند منتخبه من كتاب طبائع الحيوان، نشره مينورسكي(لندن:١٩٤٢).

**المسعودي**: ابو الحسن علي بن الحسين (ت٣٤٦هـ/٩٥٦م).

٣٠ ـ التنبيه و الاشراف، تحقيق: عبدالله اسماعيل الصاوي، دار الصاوي للطبع والنشر، (القاهرة:د.س).

٣١ ـ مروج الذهب و معادن الجوهر، اعتني به وراجعه: كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، (بيروت: ٢٠٠٥).

**مسكويه**: أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب مسكويه (ت٤٢١هـ/ ١٠٣٠م).

٣٢ ـ تجارب الامم و تعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دارالكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣).

**المقدسي**: أبو عبد الله محمد بن أحمد البشاري (ت٣٧٥هـ/٩٨٥م).

٣٣ ـ احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، مكتبة مدبولي، ط٢، (القاهرة: ١٩٩١).

**منجم باشى**: احمد بن لطف الله(ت١١١٣هـ/١٧٠٢م).

٣٤ ـ جامع الدول باب الشدادية، عني بتحقيقه و نشره، ولاديمير مينورسكى، نشره مع الكتاب ( studies in Caucasian history , ( كمبردج: ١٩٥٣).

**ابن منظور**: جمال الدين ابو الفضل بن محمد (ت٧١١هـ/١٣١١م).

٣٥ ـ لسان العرب، تحقيق:عبدالله علي الكبير و اخرون، دارالمعارف، (القاهرة: د.ت).

**مؤلف مجهول**: (ت بعد ٤٩٨هـ/١١٠٤م).

٣٦ ـ فصول من تاريخ الباب و شروان، اعتنى بنشرها و التعليق عليها : مينورسكي ، نشره مع كتاب ( A History Of Sharvan And Darband)، ( كمبردج: ١٩٥٨).

**مؤلف مجهول**: (ت بعد ٣٧٢هـ/ ٩٨٢م).

٣٧ ـ حدود العالم من المشرق الى المغرب، تحقيق: يوسف الهادي، دار الثقافية للنشر، (القاهرة: ١٩٩٩).

**النرشخي**: أبو بكر محمد جعفر ( ت ٣٤٨ هـ/٩٥٩م) .

٣٨ ـ تاريخ بخاري، ترجمة و تحقيق: أمين عبدالمجيد و نصرالله مبشتر الطرازي، دار المعارف، ط٣، (القاهرة: ١٩٩٣).

**ابن الوردى**: زين الدين عمر بن مظفر(ت٧٤٩هـ/١٣٤٨م).

٣٩ ـ خريدة العجائب وفريدة الغرائب، تحقيق: انور محمود زناني، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة:٢٠٠٨).

**ياقوت الحموي:** شهاب الدين بن عبدالله(ت٦٢٦هـ/١٢٢٩م).

٤٠ ـ معجم البلدان، دار صادر، (بيروت:١٩٧٧).

**اليعقوبي:** احمد بن ابي يعقوب(ت٢٩٢هـ/٩٠٤م).

٤١ ـ البلدان، وضع حواشية: محمدامين ضناوي، دارالكتب العلمية، (بيروت:د.ت).

## ب ـ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی فارسی

**خاقاني:** افضل الدين ابراهيم بن علي شيرواني خاقاني (ت بعد٥٩٠هـ/١١٩٤م)

٤٢ ـ ديوان خاقانى شروانى، بتصحيح و تحشيه : على عبدالرسولى، شركت چاپخانه سعادت،(د.م: ١٣١٦ هـ.ش).

**غفارى:** احمد غفارى القزوينى (ت٩٧٥هـ/١٥٦٧م)

٤٣ ـ تاريخ جهان آرا، چاپخانه نيكپو، (تهران: ١٣٤٠ هـ. ش).

**مرعشي:** سيد ظهيرالدين بن سيد النصرالدين(ت ٨٩٢هـ.ق)

٤٤ ـ تاريخ طبرستان و رويان و مازندران، به كوشش : محمد حسين تبيحي، مؤسسة مطبوعات مشرق، (د.م:١٣٤٥ هـ.ش).

**ملا شيخعلي گيلانى**(ت ١٠٤٤ هـ.ق)

٤٥ ـ تاريخ مازندران، تصحيح و تحشية: منوچهر ستودة، انتشارات بنياد فرهنگ ايران، (د.م: ١٣٥٢ هـ.ش).

**مؤلف مجهول:** (القرن السادس الهجري/الحادي عشر ميلادي).

٤٦ ـ مجمل التواريخ و القصص، تصحيح: ملك الشعراء بهار، چاپخانه خاور، (تهران:١٣١٨هـ.ش).

### دووەم : ژێدەرەکان (المراجع)

### أ ـ ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی

٤٧ ـ ادم متز، الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري او عصر النهضة في الاسلام، ترجمة: محمد عبدالهادي، دارالكتاب العربي، (بيروت: د. ت).

٤٨ ـ ارثر كيستلر ، القبيلة الثالثة عشر و يهود اليوم، ترجمة : احمد نجيب هاشم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (د.م:١٩٩١)

٤٩ ـ اسماعيل شكر رسول، الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، مطبعة وزارة التربية،(اربيل: ٢٠١٠).

٥٠ ـ جوزيف شاخت و كليفورد بوزورث، تراث الاسلام ، ترجمة: محمد رهير السمهوري و اخرون، عالم المعرفة، (الكويت:١٩٨٥).

٥١ ـ جوزيف نسيم يوسف، تاريخ الدولة البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، (الاسكندرية: ٢٠٠٥).

٥٢ ـ حيدر قاسم التميمي، العلويون في المشرق الاسلامي و اثرهم الفكري والحضاري حتى القرن الخامس الهجري، دار النهضة العربية، (بيروت: ٢٠١٠).

٥٣ ـ زامباور، معجم الانساب والاسرات الحاكمة في تاريخ الاسلامي، ترجمة : زكي محمد حسين واخرون، دار الرئد العربي، ( بيروت : ١٩٨٠).

٥٤ ـ طارق منصور محمد، الروس والمجتمع الدولي(٩٤٥ — ١٠٥٤م)، مصر العربية للنشر والتوزيع، (مصر:٢٠٠١).
٥٥ ـ عبدالعزيز الدوري، اوراق في التاريخ والحضارة، دار الغرب الاسلامي، (د.م: ٢٠٠٧)
٥٦ ـ عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، الدول المستقلة من المشرق الاسلامي في منذ مستهل العصر العباسي الى غزو المغولي، دار الفكر العربي، (القاهرة:١٩٩٩).
٥٧ ـ الكسندر سيبل، اخبار امم المجوس من الارمن و رنك و الروس، مطبعة الاوفيست مكتبة المثنى،(بغداد:د.ت).
٥٨ ـ كليفورد ا. بوزوروث، الاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة: حسين علي اللبودي، مؤسسة الشراع العربي، ط٢،( الكويت: ١٩٩٥).
٥٩ ـ محمود عبدالرحمن، تاريخ القوقاز، دار النفاس للطباعة،( لبنان:١٩٩٩).
٦٠ ـ نورمان بينز، الامبراطورية البيزنطية، ترجمة: حسن مؤنس و محمود يوسف، مطبعة لجنة تاليف و ترجمة، (القاهرة: ١٩٥٠)، ص٣٠٣.
٦١ ـ و. بارتولد ، تاريخ الترك في اسيا الوسطى، ترجمة: احمد السعيد سليمان، الهيئة المصرية العامة للكتاب،(القاهرة: ١٩٩٦).
٦٢ ـ ول و ايريل ديورانت، قصة الحضارة(عصر الامان)، ترجمة: محمد بدران، دار الجليل،(بيروت:١٩٨٨).

## ب ـ ژێدەرەکان بە زمانی فارسی

٦٣ ـ احمد كسروى، شهرياران گمنام، چاپخانه اذر، چ٥،(تهران :٢٥٣٧ هـ.ش).
٦٤ ـ استانلى لين پول، طبقات سلاطين اسلام، ترجمة: عباس اقبال، دنياى كتاب، چ٢، (تهران:١٣٦٣هـ. ش).
٦٥ ـ اسدالله معطوفي، تاريخ فرهنگ و ادب گرگان و استراباد، چاپخانه احمدى، (گرگان: ١٣٧٦ هـ. ش).
٦٦ ـ ان. فراى، تاريخ ايران كامبرج، ترجمه: تيمور قادرى، مركز پخش گلستان، چ٢،(تهران: ١٣٩٠ هـ.ش).
٦٧ ـ بابا صفرى، اردبيل در گذرگاه تاريخ، چاپخانه بهمن، چاپ دوم، (تهران: ١٣٧١ هـ.ش).
٦٨ ـ د.م. دانلب، تاريخ خزران، چاپ شمشاد ، ( تهران: ١٣٨٢ هـ. ش).
٦٩ ـ عباس اقبال اشتيانى، تاريخ ايران از صدر اسلام تا انقراض قاجارية، چاپخانه حيدرى، چ٢٢، ( تهران: ١٣٩٢ هـ.ش).
٧٠ ـ محمد علي جمالزاده، تاريخ روابط روس و ايران، چاپخانه نقش جهان، (تهران: ١٣٧٢هـ.ش).
٧١ ـ هادى حسن، مجموعه مقالات، چاپخانەى مركزى دولتى، (حيدر اباد: ١٩٥٦).
٧٢ ـ و. بارتولد، جايگاه مناطق اطراف درياى خزر در تاريخ جهان اسلام، ترجمه: ربن شه، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى،(تهران: ١٣٧٥ هـ. ش).

### جـ ـ ژێدەرەکان بە زمانی کوردی

٧٣ ـ جەمال ڕەشید احمد ، بەیەکگەیشتنی کورد و لان لە وڵاتی باب و شەڕوان، وەرگێڕانی: ئاسۆ محەمەد قادر، چاپخانەی شڤان،(سلێمانی: ٢٠٠٤).

٧٤ ـ حوسێن حوزنی موکریانی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی موکریانی ، کۆکردنەوە و لەچاپدانی دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٧).

٧٥ ـ زرار صدیق تۆفیق، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦ – ٦٥٦ك/٦٣٧ – ١٢٥٨ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ٢، (هەولێر: ٢٠١٢).

### سێیەم: نامە زانکۆییە بڵاونەکراوەکان

#### أ ـ بە زمانی عەرەبی

٧٦ ـ زرار صديق تؤفيق ، الكورد في العصر العباسي حتى مجىء البويهيين(١٣٢ – ٣٣٤هـ/٧٤٩ – ٩٤٦م)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين،(اربيل:١٩٩٤).

٧٧ ـ عادل محمد خضر، العلاقات بين المسلمين والكرج(٤٣١ – ٦٢٨هـ/١٠٤٠ – ١٢٣١م)، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة ام القرى، (مكة المكرمة: ١٩٩٤).

٧٨ ـ محمد طه صلاح، مواقف الشيبانيين في الدولة الاسلامية في القرن الثاني الهجري، رسالة دكتورا غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، جامعة ام القرى، (مكة: ١٩٨٠).

#### ب ـ بە زمانی کوردی

٧٩ ـ خالد رسول علی، سبط ابن الجوزی و کورد لەکتێبەکەی (مراة الزمان في التاريخ الاعيان) نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،(سلێمانی:٢٠١٠).

٨٠ ـ نوزاد خالد رؤوف، ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یازدەیەمی زایینیدا، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین کراوە، ( هەولێر: ٢٠١٤).

### چوارەم: وتار و لێکۆڵینەوەکان

#### أ ـ بەزمانی عەرەبی

٨١ ـ جبرائيل لوفتيك، روسية سابقا و حاضرا، مجلة المشرق، العدد(١٧) ، السنة السابعة، (بيروت: ١٩٠٤).

٨٢ ـ سي.اي. بوزورث، التنظيم العسكري عند البويهين في العراق وايران، ترجمة: عبدالجبار ناجي، مجلة المورد العراقية، المجلد ٤، العدد(١)، (بغداد: ١٩٧٥).

٨٣ ـ عماد كامل مرعي، دور الاكراد في حماية المسلمين في بلاد القفقاس في القرنين الرابع والخامس الهجريين، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، المجلد(٧)، العدد(٣)، (كركوك:٢٠١٢).

## پێنجەم ـ ژێدەر و وتارەکان بە زمانی ئینگلیزی


84 ـ B.P. Golden,Rus,(The Encyclopaedia Of Islam),( Leiden:1995),Volum (VIII).

85 ـ D.M.Dunlop, Bardhaa, (The Encyclopaedia Of Islam),(Leiden:1986), V (I).

86 ـ F.Donald Logan, The Vikings In History, Published In The Taylor, Secand Edition, (London:2003).

87 ـ Maureen perrie, the Cambridge history of Russian, Cambridge university press, (uk:2006).

88 ـ V.Minorsky , studies in Caucasian history , printed in Great Britain , (London: 1953).

89 ـ V.Minorsky, A History Of Sharvan And Darband ,(Cambridge:1958).

90 ـ V.Minorsky, Commentary Of Book( Sharaf Al – Zaman Tahir Marvazi On : China, The Turkey And India), (London:1942).

91 ـ W.Bartold and C.E.Bosworth, Shirwan Shah,(The Encyclopaedia Of Islam),( Leiden:1995) ,V (Ix)

92 ـ Wladyslaw Duczko, Viking Rus, Printed In The Netherlands,(Leiden: 2004).

93 ـ Simon Franklin and Jonathan Shepard, The Emergence Of Rus 750 – 1200,Longman Publishing,(New York: 1996).




نەخشەی وڵاتی ڕوس و ئاڕاستەی بەشێك لە هێرشەكانیان بۆ سەر هەرێمەكانی دەوروبەری دەریای خەزەر

وەرگیراوە لە : Simon Franklin and Jonathan Shepard,The Emergence Of Rus 750 – 200, PP400 – 401.

## ملخص البحث

إن هذا البحث بعنوان ( العلاقة بين الروس و الإمارات الإسلامية حول بحر الخزر بين القرنين (٣ – ٦هـ/ ٩ – ١٢م)، يهدف إلى الدراسة العلاقة بين الروس و هذه الإمارت الإسلامية التى تقع مناطق نفوذهم على بحر الخزر، و بحر الخزر التي لها موقعها الاستراتيجي انذاك على الصعيد السياسي والإقتصادي و التجاري، لذالك بعد ظهور الروس و تأسيس إماراتهم في مدينة (نوفجورد) في مطلع القرن الثالث الهجري/ التاسع الميلادي، حاولوا الى انشاء علاقات الإقتصادية و التجارية مع اقاليم حول بحر الخزر،لأن الروس و إماراتهم اعتمد اعتمادا كليا علي التجارة ، لذالك وصلوا الى اقاليم بحرالخزر عن طريق نهر (إتل/ فولجا)، بعدها تحولت هذه علاقات التجارية الى علاقات سياسية و عسكرية مع الإمارات الإسلامية ، والروس شنوا هجمات عسكرية عديدة علي سكان المدن والقلاع و المناطق التى تحت سيطرة الإمارت الإسلامية ، و شن الروس هذة الهجمات من اجل السلب والنهب و تدمير هذه المناطق. و تهدف هذه الدراسة الى اظهار هذه العلاقة من الناحية السياسية والإقتصادية و التجارية.

يتكون هذا البحث من مقدمة و اربعة مباحث ، يتحدث المبحث الاول عن اصل الروس و نشوء إماراتهم، اما المبحث الثاني فقد خصص لعلاقات الإقتصادية بين الروس و أقاليم بحر الخزر، و عالج المبحث الثالث العلاقة بين الروس والإمارات (الزيدية) (٢٥٠ – ٣١٦هـ/٨٦٤ – ٩٢٨م) و (السامانية)(٢٦١- ٣٨٩هـ/ ٨٧٤ – ١٠٠٠م) و (السالارية)(٣٣٠ – ٤٢٠هـ/٩٤٢ – ١٠٢٩م). و تناول المبحث الرابع العلاقة بين الروس والإمارت (شروانشاهان)(١٨٣ – ٤٦٨هـ/٨٠٠- ١٠٧٥م) و (الهاشمية) (٢٥٥ – ٤٧٠هـ/٨٧٠ – ١٠٧٧م) و (الشدادية)( ٣٤٠ – ٥٩٥هـ/ ٩٥١ – ١١٩٨م) و (كسرانيان/شروانشاهان) (٥٥٠ – ٩٤٦هـ/١١٥٥ – ١٥٣٩م). تنتهي البحث بخاتمة عن اهم النتائج التي توصل اليه الباحث.

## Abstract

This research entitled **(The relationship between the Russians and the Islamic Emirates on sutoudings Caspian Sea Between centuries (3-6 H / 9-12 m)** aims to study the relationship between the Russians and the Islamic Emirates, which their areas of influence is located on the Caspian Sea, the Caspian Sea have a strategic location in the then political and economic level and the trade, to the piece after the Russians emergence and establishment Principality in the city (Novgorod) in early third century AH / ninth century A D, they tried to establish economic relationship and trade with the regions around the Caspian Sea, because the Russians and their Principality adopted totally dependent on trade, for the piece arrived in the provinces Caspian Sea by River (Atil / Volga), then this commercial relationship to become political and military relationship with the Islamic Emirates, and the Russians have launched many military attacks on the population of cities, castles and areas that were under the control of the Islamic Emirates, and the Russians such attacks in order to pillage and looting and destruction of these areas. And this study aimed to show the relationship of the political, economic and commercial terms.

This research consists of four sections basic, speaking first section about the origin of the Russians and the emergence of Principality, while the second section devoted economic relations between the Russians and the regions Caspian Sea, and the third section dealt with the relationship between the Russians and the Emirates (Zaidi) (250-316 AH / 864-928 AD ) and ( Samani) (261-389 AH / 874-1000 AD) and (sallari) (330-420 AH / 942-1029 AD). taking fourth section relationship between the Russians and the Emirates (sharvanshahan) (183-468 AH / 800-1075 AD) and (Hashemite) (255-470 AH / 870-1077 AD) and (Shaddadid) (340-595 AH / 951-1198 AD) and (Kasraniaan / sharvanshahan) (550-946 AH / 1155 to 1539 m) .finally, the results of the researcher described.

# جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی ٢٠١١ – ٧ حوزیرانی ٢٠١٥
# "لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی"

**پ. ی. د. سەفین جەلال فتح الله**
**زانکۆی کۆیە**

**م. ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ**
**وەزارەتی پەروەردە**

**پێشەکی:**

زانستی جوگرافیا کە لەبنەڕەتدا بایەخ بە لێکۆلینەوە لە جیاوازی شوێنی دیاردەکان دەدات، لەهەمان کاتدا ئەم زانستە هەوڵی دۆزینەوەو شیکردنەوەی پێویست بۆ پەیوەندی دیاردە شوێنییە جیاوازەکان دەدات.

بە هۆکاری ئەوەی کە هەڵبژاردن دیاردەیەکی سیاسی خاوەن خاسیەت و سیفەتی شوێنە ( مکانیە) پێویستی بە لێکۆلینەوەیەی پەیوەندی شوێنەکانی دیاردەکەو دیاردە ژینگەیەکانی دەوروبەری هەیە ئەوەبابەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیای نێوان ساڵانی ٢٠١١ – ٢٠١٥ مان هەڵبژارد بۆ لێکۆلینەوە. چونکە زۆر لەپسپۆڕانی جوگرافیای سیاسی پیان وایە لێکۆلینەوە لە جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی لە ئەمرۆدا بۆتە پێویستیەکی سەردەمیانەو گرنگ، چونکە هەڵبژاردن ڕۆڵی سەرەکی لە سەر ئاستی دەسەڵاتە سیاسی و یاسایی و ئایدۆلوجییەکان.... دەبێت و هەر ئەم کردارەش کیشەکان بە هێوری دەگوازێتەوە بۆ گۆڕەپانی دەستوور. بۆیە لێکۆڵینەوەو باسکردن لەم بابەتە گرینگی و بایەخی خۆی هەیە.

ئامانجی توێژینەوەکەمان، دەرخستنی ئەم هۆکارانەیە کە کاریگەریان هەبووە لەسەر جیاوازی ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی (٢٠١١-٢٠١٥)ی پەرلەمانی تورکیا، شیکردنەوەیان

ئەم بابەتە زۆر گرینگ و بایەخدارە، چونکە پەیوەندی هەیە بە گرینگترین ماف و ئەرکەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگاو و شێوازی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی وڵات دیاری دەکات، لێرەشدا لە ڕێگای شیکردنەوەی جوگرافیانەی پرۆسەی هەڵبژاردن و، بەراوردکردنی بە هەمان پرۆسە لە دوو هەلبژاردنی جیادا، تێ دەگەین کە تورکیا لەکوێی پێشکەوتن و گەشە کردنی سیستەمی پەرلەمانی دایە، جگە لەمەش جوگرافیای هەڵبژاردن، نەك هەر بۆ ئێمەی کورد، بەڵکو لە تەواوی دوونیادا بابەتێکی نوێ یەو، زۆر دوور نیە وەك لقێك هاتۆتە ناو جوگرافیای سیاسیەوە، بۆیە توێژینەوەو لێکدانەوەی جوگرافی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا و شوینەکانی تر ئەرکی سەرشانی توێژەرانی ئەم بوارەیە.

کێشەی لێکۆڵینەوەکەش لەو گۆڕانکارایانەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە هەردوو هەلبژاردنی ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا رویانداوە.

گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لەو گۆڕانکاریانەی لەنەخشەو ئەنجامی هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیای ساڵی ٢٠١١ و ٢٠١٥ ڕویانداوە کەئەمەش دەگەرێتەوە بۆ گۆرانکاری لە ئاراستەی دەنگدەری تورکی ئەمەش بەهۆکاری گۆڕانکاری لە هەڵویست و کرداری پارتەکانی تورکیا لەم ماوەیەدا. هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەخوازێت کە توێژەر میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی پەیڕەو بکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە هەوڵماندا کە میتۆدی (شیکردنەوەو بەراوردکاری) لە توێژینەوەکەمان پەیڕەو بکەین، ئەم میتۆدەش خوازیار بوو کارەکەمان بەم شێوەیە ئەنجام بدەین:

- کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر هەلبژاردنەکان بەگشتی و لەتورکیا بەتایبەتی و، داتاو ژمارەی پێویست لەسەر هەردوو هەڵبژاردنەکە کەمەبەستمانە.

- نیشان دانی ئەم هۆکارو داتایانەو بەراورد کردنیان لەگەڵ شێوازی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکە، شیکردنەوەی کاریگەریەکان.

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ئامانجەکانی بپێکێت، ئەم لێکۆلینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێك دێت کەهەر بەشێك لەم بەشانە دابەشکراوە بۆ چەند باس و تەوەرە بەم شێوەیەی خوارەوە:

لەبەشی یەکەمدا ناساندنی چەمکەکان و شوێنی جوگرافی کراوە، بەشی دووەم تایبەتمەندی و پێکهاتەی دانیشتوانی خراوەتەروو، بەشی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ مێژوو و ژیانی پەرلەمانی و بازنەکانی هەڵبژاردن، لەبەشی چوارەمدا باسی جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە نێوان (٢٠١١ – ٢٠١٥) و پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان کراوە، بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆلینەوەیە باس لە ئایندەی کورد لەتورکیا و پەرلەمانی تورکیا دەکات.

**بەشی یەکەم: ناساندنی چەمکەکان و پێگەو شوێنی جوگرافی تورکیا:**

**باسی یەکەم : ناساندنی چەمکەکان**

بۆ ناساندنی هەڵبژاردن بەگشتی و جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەتی، پێویست دەکات سەرەتا پێناسەی هەڵبژاردن بکەین و ئەم چەمك و دەستەواژانە شیبکرێتەوە و رونکردنەوەی بۆ بکرێت کە پەیوەستە بەم پرۆسەیەوە، بەلاَم بۆ ئەوەی سەرەتا بەڕوونی لە چەمکی هەڵبژاردن تێبگەین و پێناسەیەکی گونجاوی بۆبکەین، پێویستە لە سەرەتادا شارەزای چەمکی دیموکراتی بین، چونکە ئەم دوو دەستەواژەیە واتا( هەڵبژاردنو دیموکرتیەت) دوو چەمكو دەستەواژەی تەواوکەری یەکترن.

١- **چەمکی دیموکراسی:** لەبنەڕەتدا دەستەواژەیەکی یۆنانیە لەدوو بڕگە پێکهاتووە یەکەمیان (دیمۆ-Demo) کە بە مانای گەل دەێت، دووەمیان (کراتۆس -Kratos) مانای حوکم یان دەسەلاَت یا فەرمانڕەوایی دەگەیەنێت[1]. بەو واتایەی هەردو وشەکە بەیکەوە بەواتای دەسەلاَتی گەل دێت. بۆیە سادەترین پێناسەی دیموکراسی بریتە لە فەرمان ڕەوای گەل بۆ گەل واتا هەموو دەسەلاَتەکانی جێ بەجێ کار و یاسادانان و دادوەری لە گەلەوە سەرچاوە دەگریت و هەڵدەقوڵێت.

هەندێکی تر پێیان وایە دیموکراسی بریتییە لە مامەڵەکردنی خەڵك یان گەل بەشێوەیەکی دادوەر و بەیەك شێواز بێ جیاوازی، بۆیە لێرەدا پێویستی ڕەچاوکردنی سیاسەتی دەوڵەت بە یەکسانی بە بنەماکانی دیموکراسی دادەنریت[2]. یا دیموکراسی بریتیە لە توانای هاوڵاتی بۆ بەشداری کردنی بە شێوەیەکی سەرپشك و ئازادانە لە بڕیارەکانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی دا ئەمەش بە هەمان واتای حوکمی گەل لە ڕێگای ئەم حکومەتەی خۆی هەڵی دەبژێرێت، بۆیە حوکمەتەش بەگوێرەی ئیرادەو داواکاری ئەو کاردەکات[3].

(1) د.نعمان احمد الخطيب: الوجيزفي النظم السياسية، ط١، دار الثقافة للنشروالتوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص٢٢٦.

(2) د.غازي كرم: النظم السياسية والقانون الدستوري، دراسة مقارنة للنظام الدستوري في دولة الامارات العربية المتحدة، ط١، دار اثراء للنشر، عمان، ٢٠٠٨، ص٦٢.

(3) د.منذر الشاوي: الاقتراع السياسي، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠١، ص٥

دیموکراتیەت چەند جۆرو شێوازێکی هەیە لەوانە: دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ (المباشر)، بریتیە لەوشێوازەی تیایدا گەل ئەرکەکانی دەسەلاّت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبات لەم جۆر دیموکڕاتیەتدا گەل هەموو دەسەلاّتەکان بەڕێوە دەبات بە یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریەوە. بەلاّم دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی (النيابية)، ئەمەیان شێوەیەکە لەشێوەکانی دیموکراتیەت کەتیایدا گەل نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی بەناوی ئەمەوە لەجیاتی ئەم پەیرەوی دەسەلاّت بکەن.

دیموکراتیەتی نیمچە ڕاستەوخۆ یاخود هەندێك پێی دەڵێن نیوە ڕاستەوخۆش هەیە ، کە ئەمەیان جۆرێکە لەسیادەکردنی حوکم دەکەوێتە نێوان دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆو دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی کە تیایدا گەل دەزگایەك هەڵدەبژێرێت لەهەمان کاتدا هەندێ لەدەسەلاّتەکان بۆخۆی دەهێڵێتەوە، تیایدا خۆی بڕیاری گونجاو وەردەگرێت ئەگەر پێویستی کرد.

بۆیە دەکرێت بڵێن لەکاتێدا ئامانج لە دیموکراسی بریتییە لە بەشداری کردنی گەل لە دەسەلاّت و بریارەکانی دەسەلاّت دا، ئەوا هەڵبژاردن وەك پرۆسە بە هەموو وردەکاریەکانەوە بە ڕێگای سەرەکی جێ بەجێ کردنی دیموکراسی وپاراستنی مافەکانی گەل و تاکەکانی دێت .

پرەنسیپی هەڵبژاردن لە بنەڕەتدا لەم جۆرە دیاری کراوەیی دیموکراتیەتدا بەدی دەکرێت ،کەگەل سەرچاوەو خاوەنی دەسەلاّتە بەلاّم ناتوانێ خودی خۆی مومارەسەی ئەم دەسەلاّتە بکات بۆیە نوێنەر هەڵدەبژێرێت ئەم دەسەلاّتەی پێدەبەخشێت[٤]. بەم شێوەیە دەسەلاّت شەرعیەت لەگەلەوە وەردەگرێت ئەمەش ڕەوایی و دیموکراتیەتە کەمانای فەرمانڕەوایی گەل دەگەیەنن لەڕێگای هەڵبژاردن و دیاری کردنی نوێنەرانی خۆیەوە هەر دەسەلاّتێك لەم ڕێگایەوە نەهاتبێت مانای وایە دەسەلاّتێکی دیموکراتی نیەو ڕەوایەتی لەدەست دەدات.

٢- **چەمکی هەڵبژاردن:** هەڵبژاردن بریتیە لەو دیاری کردنەی دەنگدەران کەتیایدا چەند ئەندامێك دیاری دەکەن بۆئەوەی ببنە ئەندام لەئەنجومەنی کاتی نوێنەرایەتی و پەرلەماندا.

پرۆسەی هەڵبژاردن وەك پرۆسە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە لەوانە: هەڵبژاردن بریتیە لەهەڵسانی گەل بۆدیاری کردنی ئەوکەسانەی کەبەناوی ئەمەوە دەسەلاّت بەڕێوە دەبەن[٥] . هەروەها دەتواندرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتیە: لەو دەسەلاّتەی یاسا دەیبەخشێ بەهەندێك لەو هاوولاّتیانەی دەزگای دەنگدەران پێکدەهێنن وئەوانەی بەشداری دەکەن لەژیانی سیاسیدا ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای دیاری کردنی نوێنەرانەوە. یاخود پرۆسەی هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆدروستکردنی دیاردەی سیاسی لەڕێگای دەنگدەرانەوە. لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن بریتیە لەتاکە ئامرازی دیموکراتی بۆدیاری کردنی دەسەلاّت[٦].کە واتە پرۆسەی هەڵبژاردن بریتیە لەبەشداری کردنی ئەوهاوولاّتیانەی کەمەرجی بەشداری کردن دەیان گرێتەوە لەهەڵبژاردن و دیاری کردنی نوێنەرانی گەل لەودەوڵەتانەی کەپەیرەوی سیستەمی دیموکراتی دەکەن.

بابەتی هەڵبژاردنیش ئەمڕۆ بۆتۆتە بابەتێکی گرینگ و پڕ بایەخی ناو کایەی سیاسی و یاسایی و جوگرافی لەسەر تاسەری جیهان دا، بەتایبەت جوگرافیای هەڵبژاردن کە پەیوەستە بە دانیشتوان و شێوەو شێوازی ڕێکخستنیان و دابەش کردنیان بەسەر بازنەو ناوەندەکانی هەڵبژاردن و لێکۆڵینەوە لەم هۆکارە جوگرافیانەی کە

---

(٤) د.نعمان احمد الخطيب: مصدرالسابق، ص٢١٨.

(٥) د.منذر الشاوي: الاقتراع السياسي، مصدر سابق، ص٥.

(٦) خاموش عمر عبداللة، العلاقة بين الانتخابات والديموقراتية، ط١، مركز بحوث العلاقات، اربيل، ٢٠٠٩، ص١٠.

کاریگەریان هەیە لەسەر ڕێڕەوی هەڵبژاردنی دەنگ دەران و بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئاکام و ئەنجامەکانی. بابەتەکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەهێزی هەیە لەگەڵ سیستەمی سیاسی بۆ بەڕێوەچوونی دەوڵەتەکان و هەرێمەکان، کێشانی نەخشەی سیاسی وولات بۆ ئەم مەبەستەش پشت دەبەستێت بە نەخشەی جوگرافی ئەم وولاتە لە هەموو بوارەکان دا، بەتایبەتی نەخشەی جوگرافی هەڵبژاردن، کە لەم نەخشەیەوە دەتواندرێت دابەش بوونی هاوولاتیان، ئاستی ڕۆشنبیریان، پێکهاتەکەیان، ئایین و مەزهەب، هەم ئایدیۆلۆژیاو بەرنامانەی شوێنی کەوتوون دیاری بکرێت کە سەرجەمیان کاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی وولات. چونکە هەر هەڵبژاردنە ئامرازی دەستنیشانکردنی پاڵیوراوێك یان چەند پاڵیوراوێك لەلایەن دەنگدەرانەوە بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان یان سەرۆکایەتی ولات ئەمەش بە پێی ی چەند ڕێو شوێنێکی یاسایی و دەستووری بەرێوە بچێت.

هەرچەندە هەڵبژاردن ئامرازێکی بەشداری سیاسی هاوڵاتیانو بنەمایەکی گرنگی دیموکراسیو یەکێکە لەمافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، هەربۆیە بەلای (ڕۆبەرت داڵ)ەوە، هەڵبژاردن سەرەتایەك نیە بۆ دیموکراسی بەڵکو هەڵبژاردن لەچڵە پۆپەی دیموکراسیدایە کەدیارە مەبەستی (داڵ) هەڵبژاردنێکی دیموکراسیە[٧].

هەڵبژاردن ڕێگایەکی هونەریی کارایە، کەلەڕێگەوە گەل دەتوانێت بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی بکات و بڕیارەکانی وا بگونجێنێت کە لەگەڵ ئارەزوو پێداویستیەکانی یەك دەگرێتەوە. یا بریتیە لەو شێوازە هونەریەیە کە لە ڕێگاوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێرین و دیاری دەکرێن کە ئەرکی دارشتن و دەرکردنی بڕیار و یاساو دانانی نەخشەی سیاسی گشتی دەوڵەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، جا ئەو ڕێگاو شێوازەی دەنگدەران پاڵێوراوانیان تێدا هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی لە پەرلەمان نوێنەرایەتیان بکات پێی دەوترێت سیستەمی هەڵبژاردن[٨].

هەڵبژاردنیش بە یەکێك لە شێوازە گرینگەکانی وەرگرتنی دەسەڵات بە شێوەیەکی شارستانی بەبێ هیچ گرژی و ئاڵۆزیەك. یان هەڵبژاردن ئامرازێکە لە ڕێیەوە بە بێ هیچ کێشەیەك شەرعیتی دەسەڵاتداریەتی یان حوکمرانی لەلایەنیك یان حزبێك دەستێندرێتەوە و دەدرێتە لایەنێکی تر، بۆیە دەوترێت هەڵبژاردن بریتیە لەو رێگا دیموکراسیەی دەسەڵاتی تیدا دەدرێت بە لایەنێك سەرکەوتن بەدەست دێنێت واتا زۆرترین دەنگ متمانەی پێدەدات و هەڵیدەبژێرێت، بە شێوە و مانای گشتیەکەشی هەڵبژاردن بریتیە لەو مافای کە هاوڵاتیان لە چوارچێوەی دەوڵتدا هەیانە (بە گوێرەی یاسا ڕێکخراوە) بۆ دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی ئەو کەسەی بەنوێنەرایەتی ئەو قسە دەکات جا چ تاکەکەس بێت یان بە کۆمەڵ. لە پەرلەمانی دەوڵەتدا، ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەو یاسایەکی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردن ناودەبردرێت. دواتر هەموو دەنگە بەدەست هاتوەکان دەکرێت بە کورسی تەرخان کراو بۆ پارت و کەسەبراوەکانی پرۆسەکە .

لێرەدا گەر بەگشتی پێناسەی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین دەتوانین بڵێن ئەم پرۆسەیە بریتییە لە کۆمەڵە کار (ئیجرائات)ێکی یاسای و دارایی لەڕێگەیەوە دەتواندرێت فەرمان ڕەواو دەسەڵات داران دیاری بکرێت.

٣- **جوگرافیای هەڵبژاردن** وەك لقێکی تازەی جوگرافیای سیاسی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، هەندێك پێان وایە جوگرافیای هەڵبژاردن: بریتیە لەو لقە هاوچەرخەی زانستی جوگرافی سیاسی لە ڕێگایەوە دەتواندرێت

(٧) د.نعمان احمد الخطیب، مصدرالسابق، ص٢٢١.

(٨) سرهنگ حمید البرزنجی، انتخابات اقلیم کردستان العراق بین النظریة والتطبیق، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢، ص٦٣.

شیکردنەوەی بۆ جیاوازی لە شێوازەکانی هەڵبژاردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و هۆکارە کاریگەریەکانی جوگرافیا لەسەر دەنگدەر بخاتە ڕوو[٩] .

**شێوازەکانی جوگرافیای هەڵبژاردن:** لە جوگرافیای هەڵبژاردندا دوو شێوازی سەرەکی بەدی دەکرێت کە شێوازی یەکەم بریتییە لە جوگرافیای هێز و شێوازی دووەم بریتیە لە جوگرافیای پاڵپشتی، لە شێوازی یەکەمدا دەرئەنجامی بەرژەوەندی کۆمەڵەیەك یان وڵاتێك بۆ پاڵپشتی کردنی حیزبێك یان کەسایەتێك لە شاڵاوەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەدیاردەکەوێت. ئەوەی جێگای باسە ئەو بایەخەی جوگرافیای پاڵپشتی بۆ هەڵبژاردن دراوە، بەراورد بەوە ئەوەندە بایەخ بەجوگرافیای هێز نەدراوە. ئەمەش بەهۆی سنووردارییەتی بابەتەکانی، لە کاتێکدا سیاسەت تاڕادەیەك بە نهێنی دەمێنێتەوە ناتواندرێت بە ئاسانی زانیاریت دەربارەی کار و پاڵپشتی و هاوکاری ژێربەژێری حیزب و لایەنەکانت دەست بکەوێت. بۆ نموونە هەڵویست و سلوکی ئاژانسی هەواڵگیری ئەمریکا بۆ پاڵپشتی کردنی بیانی یان ناوەخۆی یان بۆ دروستکردنی نا ئارامی و سەقامگیری حوکمەتەکانی بیانی تاڕادەیەك نهێنی یە.

٤- **سیستەمی هەڵبژاردن (نظام الانتخابات ):** سیستەمی هەڵبژاردن بریتییە لەو ڕێگا ڕێکاریەی دەگیرێتەبەر بۆ ڕێکخستنی کار یان پرۆسەی هەڵبژاردن بە مەبەستی گۆڕینی ئەو دەنگانەی دەنگدەر دەیدات بۆ کورسی پەرلەمانی، بەجۆرێك پالێوراوانی بازنەکانی هەڵبژاردن پێشبڕکێ لەسەر دەکەن و لە ڕێگای دەنگی دەنگدەرانەوە بەدەستی دەهێنن. مەبەست لە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو ڕێساو بنچینەیە هونەریانە یا ئەو کۆمەڵە شێواز و ڕێگایە کە بەکار دەهێندرێت بۆ خستنە بەر چاوی کاندیدەکان بۆ بەردەم دەنگدەر.

(داڤید فاریل) پێ وایە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو ڕێگایەیە دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ کورسی بۆ ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن و کار و پۆستی بەڕێوبردنی دیاریکراویان پێ دەسپێردرێت[١٠].

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین سیستەمی هەڵبژاردن شێوەو سروشتی هەیکەلی حوکمەتی داهاتوو دیاری دەکات، هەروەها ئەم سیستەمەش سروشتی پەرلەمان و قەبارەی پارتە سیاسیەکان کە کورسیەکانی پەرلەمان دەبەنەوە ڕون دەکاتەوە، بۆیە ئەو سیستەمە زۆر مەترسی دارو کاریگەرە ئەگەر هەوڵ بدرێت لە لایەن لایەنێك لە لایەنەکان قۆرغ بکرێت و بۆ سودو بەرژەوەندی تایبەتی بەکار بهێندرێت .

دەبێت ئەوە زانراوبێت لەدەوڵەتدا دەستوور بڕیاری سیستەمی هەڵبژاردنی گشتی دەدات، بەلام کاتێك دەستوور بڕیاری هەڵبژاردنی کۆتدارو بەمەرج بدات جگە لەمەرجەکانی ڕێکخستن وەك تەمەن، ڕەگەزنامە، شایستە بوون ...هتد. مەرجی سەربار دابنێت بۆبەشداری کردن وەك سامان، فێربوونو زانست، چینو توێژ...هتد. ئەوا گەل بەهەردوو ماناکەی لێك دوورتر دەخاتەوە.

سیستەمەکانی هەڵبژاردن ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر پرۆسەی سیاسی هەڵبژاردن بەگشتی هەیە هەر لە کاریگەری لەسەر پارتە سیاسیەکان و یەك ڕێزیان، چونکە هەندێ سیستەم و ڕێگا بۆ لەت بوونی (دابەش بوون یان جیا بوونەوە) ڕیزەکانی یەك پارت خۆش دەکات، لە کاتێکی تر هەندێ سیستەمی تر دەبێتە هۆی یەك ڕێزی

---

(٩) شاكر ظاهر فرحان الزبیدی، جغرافیة الانتخابات البرلمانیة فی العراق لعام ٢٠٠٥، دراسة جغرافیة سیاسیة، رسالة ماجستر غیر منشور، بغداد، ٢٠٠٧، ص١٦.

(١٠)عیدو سعد وعلى مقلد و عصام نعمة اسماعیل، النظم الانتخابیة، دراسة حول العلاقة بین النظام السیاسی والنظام الانتخابی، مركز بیروت للابحاث والمعلومات، بیروت، لبنان، ص٥٧.

و یەك دەنگی ڕێژەکانی پارتەکە و لادانی هەموو جۆرە جیاوازیەك. لەبەرامبەردا هەندێکی تریان ڕێگای زیاتر بە پالێوراوە بێ لایەنەکان دەدات، ئەمە لە کاتێکدا جۆری تریان هەیە هەستی نەتەوەی و ئاینی و مەزهەبی دەبزوێنین هەندێکی تریان ڕەنگە ڕێگا خۆشکەربێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی دەرنەچون یان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە ڕێگاو شێوازی نا دیموکراتی و شێوازی توندڕەوی بگرنەبەر، هەر بۆیە زۆر پێویستە کاتێك باس لە دانان یا هەڵبژاردنی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ هەر هەڵبژاردنێك دەدرێت پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵگاکە لەڕوی ئایدۆلۆژو ئاینی و نەتەوەی و هەرێمی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی لەبەر چاوبگیرێت، ئەمەش بۆ زامن کردنی دروست بوونی پەرلەمانێکی ڕاستەقینەو پاڵنەربێت بۆ دروست کردنی یەك ڕێزی و نزیك بوونەوە لە نێوان پارتە سیاسیەکان ئەمەش بە مەبەستی مسۆگەر کردنی دروست کردنی حوکمەتێکی کارای ڕاستەقینە دوربێت لە هەموو گرژی و پێکدا هەڵچونێك .

لەهەر هەڵبژاردنیکی دیموکراسیدا سێ جۆر یان شێواز یان ڕێگا هەیە کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەو سێ ڕێگایەش بریتەیە لە: أ- سیستەمی زۆرینەی ڕێژەی بە هەردوو شێوازی سادە و شیوازی ڕەها. ب-سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی ( التمثیل النسبي) بە هەر دوو شێوازی تەواو و نزیك کراوە(تقربي). ج-شێوازی تێکەڵاو یان تیکەڵ.

هەر یەك لەم جۆرە سیستەمانەش لایانی پۆزەتیف و نیگەتیفی خۆی هەیە لەگەڵ جۆرەکەی تر جیاوازن. هەر ئەمەشە وای کردوە هەر دەوڵەتێك ئەو سیستەمە هەڵبژاردنە هەڵدەبژێرێت و دەست نیشانی دەکات بۆ پەیڕەوکردنی لە وڵاتەکەیدا لەگەڵ ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەگونجێت دوای ئەوەی بەراوردی لایانە باش و خراپەکانی هەر سیستەمێك بۆ وڵات دەکرێت ئینجا جۆرە سیستەمێکیان هەڵدەبژێرێت وڵات لە کاتی هەڵبژاردندا پەیڕەودەکرێت.

### باسی دووەم : پێگە و شوێنی جوگرافی تورکیا

تورکیا دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاو باشووری ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئەوروپا لەنێوان هەردوو بازنەی پانی(٢٤° - ٣٥°) باکورو هەردوو هێڵی درێژی(٢٦° - ٤٥°) ڕۆژهەلات، ڕووبەری تورکیا (٧٨٣٥٦٢)کم²، لەم ژمارەیەش ٢٣٧٢٠کم² کەوتۆتە بەشی کیشوەری ئەوروپا دەگاتە ڕێژەی ٣٪ خاکی تورکیاو ئەم بەشە بە (تراقیا)ناسراوە، ڕێژەکەی تریش کە ٩٧٪ لەخاکی تورکیایە کەوتۆتە ئاسیاو پێدەڵێن (ئەنەدۆڵ) یان ئاسیای بچوك، کۆی ڕووبەری وشکانی تورکیا(٧٧٠٧٦٠)کم² یە ئەوەی تری لەکۆی گشتی ڕووبەری ئەم ولاتە کە(٩٨٢٠کم²) ڕووبەری ئاوی و دەریاچەی ناوخۆن.

تورکیا لە ڕۆژهەڵاتدا هاوسنورە لەگەڵ هەریەك لە جۆرجیاو ئەرمینیاو ئازربایجان و ئێران، لەباشوری ڕۆژهەلاتی هاوسنورە لەگەل ئیران و عێراق و سوریا، باشوری ڕۆژئاوا بەشێکی رۆژئاوای دەریای ناوەڕاست و دەریای ئیجەیە، لە باکوری ڕۆژئاوای بولگاریاو یۆنانە لە باکوریشی دەریای ڕەشە نەخشەی (١). بەم شێوەیە تورکیا هاوسنورە لەگەل(٨) وڵات کە کۆی گشتی درێژی سنوری وشکانی تورکیا ٢٦٤٨کم ئەمە جگە لە ٧٢٠٠کم سنوری ئاوی، بەواتای کۆی گشتی سنوری ئاوی ٧٣,٣٪ لەسنوری گشتی تورکیا پیك دێنێت. خشتەی (١).

## نەخشەی (١)

## پێگەی و شوێنی جوگرافی تورکیا




سەرچاوە/ Political map of Turkey, www.mapsofworld.com copyright©2014، کاری توێژەران پشت بەست بە:

## خشتەی (١)

## سنووری وشکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ

| ژ. وڵات | وڵات | درێژی\ کم | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | تورکیا_عێراق | ٣٥٢ | ١٣,٣ |
| ٢ | تورکیا_سوریە | ٨٢٢ | ٣١,١ |
| ٣ | تورکیا_ ئێران | ٤٩٩ | ١٨.٨ |
| ٤ | تورکیا_ بولغاریا | ٢٤٠ | ٩,١ |
| ٥ | تورکیا_ یۆنان | ٢٠٦ | ٧,٨ |
| ٦ | تورکیا_ ئازربیجان | ٩ | ٠,٣ |
| ٧ | تورکیا_ ئەرمینیا | ٢٦٨ | ١٠,١ |
| ٨ | تورکیا_ جۆرجیا | ٢٥٢ | ٩,٥ |
| کۆی درێژی سنوری وشکانی | | ٢٦٤٨ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە/ CIA,The fact book 2007,Al Haines,United States,2008.p1560

گەر سەیری شوێنی جوگرافی تورکیا بکەین دەردەکەوێت  ئەم وڵاتە شوێنێکی ستراتیجی زۆر گرینگی هەیە بە شێوەیەك وەك پردێکی زەمینە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا بەیەك دەبەستێتەوە ئەمە سەرەڕای دەست بەسەرداگرتنی هەردوو گەروی دەردەنیل و بسفۆر ئەوا نزیکی ئەم وڵاتە لە دەریاکانی ڕەش و ناوەڕاست و ئیجە

و تیرانا بۆتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە بکاتە ڕێگایەکی سەرەکی پەڕینەوەی کاڵاکانی ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵات و بە پیچەوانەوەش، لەلایەکی تریش تورکیا کەوتۆتە ناوەندیکی دەوڵەمەندی سامانی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە نزیك لە کیلگە نەوتیەکانی عێراق و کەنداو دەریای قەزوین و قەوقاز.

**بەشی دووەم: تایبەتمەندی و پێکهاتەی دانیشتوانی تورکیا**

دانیشتوان واتا ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی کە لە هەرێمێکی سیاسی یا دەوڵەتێك نیشتەجێن، ئەو ژمارەیەش ئامادەیە بۆ زیادبوون بەشیوەی سروشتی (دەرکردنی مردن لە لەدایك بوان)یان بەشێوەی ناسروشتی کۆچ، هەروەها ئامادەیە بۆ کەمبون بەشێوەی کۆچ یا شەڕو ئاژاوە.

دانیشتوان توخمێکی زیندوی بە جوڵەیە لەجەستەی دەوڵەتدا، هەر ئەوانن دەستی کارکەر (ئیشکەر)ی دەوڵەتن، بەرهەمهێن و بەکاربەریشن، دانیشتوان هێزی بەرگریکاری دەوڵەتن، لەپرۆسەی هەڵبژاردنیشدا هەر دانیشوانە دەنگدەرو بڕیاردەرە واتە کۆی گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دانیشوانەو هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە جێ بەجێ دەکرێت و یەکلای دەکرێتەوە.

**خشتەی (٢)**

**ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ٢٠١٤(*)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی گۆڕاو (زیادبوون) ٪ |
|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ١٣.٥٥٤.٠٠٠ | ٦.٥ |
| ١٩٣٠ | ١٤,٤٤٠,٠٠٠ | ٢٢,٨ |
| ١٩٤٠ | ١٧,٧٢٨,٠٠٠ | ١٧.٤ |
| ١٩٥٠ | ٢٠,٨٠٧,٠٠٠ | ٣٢,٣ |
| ١٩٦٠ | ٢٧,٥٠٦,٠٠٠ | ٢٨,٤ |
| ١٩٧٠ | ٣٥,٣٢١,٠٠٠ | ٢٥,٨ |
| ١٩٨٠ | ٤٤,٤٣٩,٠٠٠ | ٢٤,٠ |
| ١٩٩٠ | ٥٥,١٢٠,٠٠٠ | ١٦,٦ |
| ٢٠٠٠ | ٦٤,٢٥٢,٠٠٠ | ١٣,٦ |
| ٢٠١٠ | ٧٣,٠٠٣,٠٠٠ | ١٢ |
| ٢٠١١ | ٧٤.٧٢٤.٢٦٩ | ٢.٣ |
| ٢٠١٢ | ٧٥,٦٢٧,٠٠٠ | ٣,٦ |
| ٢٠١٣ | ٧٦,٦٦٧,٠٠٠ | ١,٤ |
| ٢٠١٤ | ٧٧.٦٩٥.٩٠٤ | ١.٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.ulusalkanal.com.tr و www.tuik.gov.tr/PdfGetir.do?id=18616

لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لەساڵی ٢٠١١دا (٥٠,٣٣٩,٥٩٦) کەس بۆی هەبوە دەنگ بدات واتا مافی دەنگدانی هەبوە، بەلام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥ دا(٥٤.٨١٣.٣٧٥)کەس لە دانیشوانی تورکیا مافی بەشداریکردن و دەنگدانیان لە هەلبژاردنی پەرلەماندا هەبوە[11].

(*) ئێمە لەبەر ئەوەی لەناو ساڵی (٢٠١٥) توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە بۆیە نەمان توانی داتای ژمارەی دانیشتوانی ئەو ساڵە وەربگرین.

(11) http://www.sabah.com.tr/secim/2011&2015-genel-secimleri

**باسی یەکەم: پێکهاتەکانی دانیشتوان**

لەهەموو بارودۆخێکدا لێکۆڵینەوە لە ژمارە و قەبارەی دانیشتوانی دەوڵەت بەتەنها گونجاونیە بۆ باسکردنی بنەما مرۆیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆیە لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەکانی دانیشتوان بایەخی زانستی خۆی هەیە بۆیە لێرەدا ئەم پێکهاتانە باس دەکەین: ١- پێکهاتەی دیمۆگرافی. ٢-پێکهاتەی ئەسنۆگرافی.

**یەکەم: پێکهاتەی دیمۆگرافی:**

**١- پێکهاتەی تەمەن :**

مەبەست لەپێکهاتەی تەمەن دابەشبوونی دانیشتوانی دەوڵەت بەگوێرەی تەمەن، هەروەکو زانراوە هەرکۆمەڵگایەك لەڕووی تەمەنەوە دابەش دەکرێت بۆ سێ کۆمەڵەی سەرەکی کەبریتین لە کۆمەڵەی منداڵ لە (١ ڕۆژی - ١٥ ساڵی)، کۆمەڵەی دووەم لەتەمەنی سەروو( ١٥ - ٦٤ )ساڵی دەگرێتەوە، کۆمەڵەی سێیەم کۆمەڵەی پیرەکانە لەسەرووی( ٦٥ )ساڵیەوە دەگرێتەوە. ئەم شێوازە شیکردنەوەی بە وێنەیەکی هەرەمی شێوە دەکێشرێت پێی دەوترێت هەرەمی تەمەن، لە ساڵی ٢٠١١ (٢٥٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٢٤٪) دانیشتوانی تورکیا تەمەنیان لە (٠-١٤) ساڵ و لەساڵی ٢٠١١ (٦٨.٢٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٦٩.١٪) تەمەنیان لە نیوان (١٥-٦٤) ساڵ، بەلام لەساڵی ٢٠١١ (٦.٨٪) و لەساڵی ٢٠١٤ (٦.٩٪) تەمەنیان لەسەروی (٦٥) ساڵاندابووە، شێوەی (١).

لەڕێگای قوچەکی دانیشتوانەوە زۆر بە سانای دەتوانرێت ڕێژەی ئەو کەسانە دەست نیشان بکرێت کە لەتەمەنی دەنگدان دان، ئەم کارەش لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا مایەی بایەخ پێدانی پارت و لایەن و هێزە سیاسیەکانە و پێویستیان بە زانینی ئەم زانیاریانە هەیە بۆ دیاریکردنی قەبارەی لایەنگران و دابەش بوونی جوگرافیان لە چوارچێوەی بازنەکانی هەڵبژاردندا.

شێوەی (١)

قوچەکی تەمەنی و جۆر (ڕەگەز)ی دانیشتوانی تورکیا لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ — ٢٠١٤دا







سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.adania.com.tr/sayfa/demography-and-labor-force/38 و http://www.invest.gov.tr/en-US/investmentguide/investorsguide/Pages/DemographyAndLaborForces.aspx

کەواتە هەر بەپێی شێوەی (١) دەردەکەوێت لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەکانی تورکیای ساڵی ٢٠١١دا (٦٦.٦٪) کەس تەمەنیان لەسەروی ١٨ ساڵیدابوون، واتا مافی دەنگدانیان هەبوو، کەچی لەساڵی ٢٠١٤[*] دا ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە بووە (٦٧.٧٪)، کۆی دانیشتوانی تورکیایان پێك هێناوە، واتا (١.١٪) ژمارەی دەنگدەران زیادیکردوە.

٢-پێکهاتەی جۆری (التركيب النوعي):

مەبەست لە پێکهاتەی جۆری دابەش بوونی دانیشتوانە بەگوێرەی هەردوو رەگەزی نێرو مێ، ئەم رێژەیەش لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی ژمارەی نێرینە بەسەر کۆی ژمارەی مێینە جارانی (١٠٠) دەکرێت . پێکهاتەی جۆری کاریگەری بەهێزی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، بەشێوەیەك لەو کۆمەڵگایەی کە رێژەی نێرینەیان زیاترە ئەوە ڕاستەوخۆ کار لە بەشداریکردنی پرۆسەکە دەکات و رێژەی بەشداربوان زیاتر دەبێت بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا، تارادەیەك بەشداری مێنە کەمترە لەم پرۆسەیەو پرۆسەی سیاسی بەگشتی. بەڵام تورکیا هەرچەندە وڵاتێکی موسلمانە بەلام نزیکترە لە ئەوروپا و کاریگەری ژینگەی ئەم کیشوەری لەسەرە بۆیە ئەم لایەنە زۆر ڕۆڵی نەبینەوە لە جیاوازی بەشداریکردنی ڕەگەزی مێینە بەرامبەر بە نێرینە.

**دووەم: پێکهاتەی ئەسنۆگرافی**

مەبەست لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوان، دابەش بوونی دانیشتوانە بەگوێرەی نەتەوەو ئاین، ئەم بابەتە بەیەکێك لەبابەتە گرنگەکان دادەنرێت، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەقامگیری و نائارامی دەوڵەتەوە هەیە.

١- پێکهاتەی نەتەوە.

نەتەوە بەکۆمەڵە خەڵکێك دەگوترێت کە چەندین پەیوەندی هاوبەش بەیەکیان دەبەستێتەوە وەك (زمان ، مێژوو، فەرهەنگ، ئایین، زەوی ....) لەئەمرۆدا کەم دەوڵەت هەیە لەڕووی پێکهاتەی نەتەویەوە لەیەك نەتەوە پێك بێت (دەوڵەتی نەتەوەیی) .

جیاوازی پێکهاتەی نەتەوە لە جەستەی دەوڵەتدا زۆر جار کێشە بۆ دەوڵەت دروست دەکات، بەتایبەتی کاتێك ئەگەر نەتەوەیەکی بچووك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا هەستی کرد مافەکانی لێ زەوت کراوە و زۆرداری لەگەڵ دەکرێت و دەچەوسێندرێتەوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر هەر پرۆسەیەکی هەلبژاردن دەبێت و ڕەنگە تارادەیەکی زۆریش ئەم پرۆسەیە گەر ئەنجام بدرێت بێ فرت و فێڵ و نادادپەروەری نابێت.

تو رکیا وڵاتیکی جۆراو جۆرە لەنەتەوە بە شێوەیەك ڕێژەی تورك لە نیوان ٧٠٪ بۆ٨٠٪ و کورد٢٠٪ بۆ٣٠٪ پێکهاتەی ئەم وڵاتەن و ئەوانی تریش ڕێژەکانیان لە ٤٪ تێپەر ناکات، خشتەی(٣).

---

[*] بۆیە ساڵی ٢٠١٤ مان وەرگرتووە، چونکە ئێستا لەساڵی ٢٠١٥ داین و ساڵ کۆتای پێ نەهاتووە، هەرئەمەش وایکردووە داتای ٢٠١٥ی پێویستمان سەبارەت بەژمارەی دانیشتوان دەست نەکەوێت.

**خشتەی (٣)**

**ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەیی لە تورکیا بەپێی سەرژمێری ٢٠٠٥**

| نەتەوە | ٢٠٠٥٪ | ٢٠١١٪ |
|---|---|---|
| تورك | ٧٠ -٨٠ | ٧٠,٢ |
| كورد | ٢٠ -٣٠ | ٢٠,٤ |
| قەوقاز | ٣,٢ | ٢,٣ |
| عەرەب | ٢ | ٢,٢ |
| فارس | ٠.٠٥ | ٠,٩ |
| جۆرجیەکان | ٠.٠٥ | ٢,٣ |

**المصدر/ د.مجيد حميد شهاب، محمد جواد شبع و اخرون، الجغرافية الانتخابية للاحزاب في تركيا، مجلة كلية السياسة جامعة بابل، العدد ٢، ٢٠١٠، ص٢٤٩.**

**٢- پێكهاتەی ئاینی**

**پێکهاتـەی ئـاینی و جـۆراو جـۆری ئـاینی لـە دەوڵەتـدا زۆر جاردەبێتـە مایـەی ناسـەقامگیری و نائـارامی بـۆ دەوڵەت، هەرچەندە ئایین مایەی ئـارامی و ئاسودەبوونی روحـە، بـەڵام زۆر جـاریش دەبێتـە سەرچاوەی كێشـەو قەیران و شەڕی خوێناوی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیـە ئـەم فاكتـەرە لـە هەنـدێ لایەنـدا زۆر لـە فاكتـەرەكانی تری كێشەو ناکۆکیەکان گەورەتردەبێت بەتایبەتی گەر بە هۆكاری دەرەكی هانی بدرێت.**

**لەسەردەمی ئەمڕۆدا هەرچەندە توندی و دەمارگیری ئاینی لە هەمو شوینەكانی دونیا وەك یەك نیەو بەگوێرەی ئاستی ڕۆشەنبیری دەگۆڕێت و بەشێوەی جاران نیە و كەمتر بۆتەوە، بەڵام لەگەل ئەمەشداكاریگەری زۆر تونـدی لەزۆر وڵاتدا ماوە و بۆتە مایەی گرفت و سەرئێشە بۆ دەوڵەتەكانیان و زۆر جار شەڕی ناوخۆشی لێدەكەوێتـەوە، لەبەرامبەردا لە هەندێ دەوڵەتدا سەرەڕای جۆراو جۆری ئاینی، بەڵام ئەم ئاینانە مافی خۆیان لە ئازادی و بیرورا پـەیرەو كردنـی داب و نـەریت و سـروتە ئاینـەكانیان جێ بـەجێ دەكـەن و هـیچ كاریگـەریـەكی لەسـەر ئاسایشـی نەتـەوەش دروسـت ناكـات، توركیـا وڵاتێكی موسـلمانە و زۆربـەی دانیشـتوانی پـەیرەوی ئـاینی ئیسـلام دەكـەن، بەڕێژەی (٩٦.١٪)، ئەمە سەرەڕای بونی ئاینی تـر بـە شـێوەیەكی جیـاواز، خشتەی (٤) و شـێوەی (٢). بـەڵام ئـەم لایەنـە كاریگـەری ئـەوتۆی لەسـەر هەڵبژاردنـەكان لـەڕوی جیاوازیـەوە نـەبوە بگـرە هەنـدی پـارت وەك پـارتی دەسەلاتداری گەشەپیدان سوودی لەم لایەنـە وەرگرتـوەو بەجوڵانـدنی هەسـتی ئـاینی ژمارەیـەكی زۆری هـەوادار لەخۆ كۆكردۆتەوە.**

**خشتەی (٤)**

**پێكهاتەی ئاینی توركیا لەسالی ٢٠١٤**

| ئاین | ڕێژە ٪ |
|---|---|
| موسلمان | ٩٦,١ |
| بێ دین | ٣,٢ |
| مەسیحی | ٠,٦ |
| ئیتر | ٠,١ |

**سەرچاوە/ المصدر/ د.مجيد حميد شهاب، مصدرالسابق، ص٩.**

**شێوەی (٢)**

**پێکهاتەی ئاینی تورکیا لەساڵی ٢٠١٤**




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی (٥)

## بەشی سێیەم: مێژوو و ژیانی پەرلەمانی و بازنەکانی هەڵبژاردن

### باسی یەکەم: مێژوو و ژیانی پەرلەمانی

مێژووی دەستپێکردنی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دوای گۆڕینی مستەفا کەمال لەساڵی ١٩٢٤ ئیمپراتۆریەتی ئاینی و فرەنەتەوەی عوسمانی بۆ دەوڵەتیکی تاك نەتەوەو کۆماری و عیلمانی، بەر لەمەش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەم وڵاتی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە کە ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراوی هەبێت چونکە مێژووی ئەم ئەنجومەنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٦[١٢].

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣/١٠/٢٩دا بڕیاردرا کە دەستورێکی تازە بۆ وڵات بنوسریتەوە، ئەوەبو لەساڵی ١٩٢٤ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورکیا دەستوری نوێی وڵاتی پەسند کردکە تیایدا لە مادەی پینجەم داهاتبوو (ئەنجومەن تاکە نوینەری گەلە و دەسەلاتی یاسادانان و ڕاپەراندنی هەیە و هەر لەرێگای ئەنجومەنیشەوە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت، ئەمە بەردەوام بو تاساڵی ١٩٦١ کودەتای سەربازی ڕویداو دەستوریکی نوی بۆ وڵات نوسرایەو[١٣] هەڵبژاردن ئەنجامدراو پارتی کۆماری گەل بە سەرۆکایەتی (عصمت ئینۆنۆ) ١٧٣ کورسی بەدەست هینا بەلام نەتوانرا حکومەت پێك بهێنریت چونکە پەرلەمان متمانەی پی نەبەخشیو حکومەت هەڵوەشایەوە .

---

(١) عەباس خۆشناو، تورکیا نەبەرد لەپیناو مانەوەدا (دەستوری تورکیاو دەستکاری)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٥١.

(٢) ئارام علی عزیز، کۆرنۆلۆژیای کۆماری تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، دۆسی تورکیا، ژمارە١ ساڵی ٢٠٠٥، ل٣٣.

سەبارەت بە مێژووی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣نیسانی ساڵی ١٩٢٠ کە هەموو تورکیای گرتەوەو مستەفا کەمال کرا بەیەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا[١٤]، ژمارەی کورسیەکانی ئەوکاتەی پەرلەمان (٤٣٦) کورسی بوو واتا بەر لەنوسینەوەی دەستوری یەکەمی کۆماری، ئەم خولە تا ١١ ئابی ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام بووە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەتورکیا هەر چوار ساڵێك لەسەرانسەری وڵات بەڕێوەدەچێت، تاوەکو ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ (٢٥) خولی هەڵبژاردن گرێدراوە، هەرچی تایبەتە بەژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان لە خولێکەوە بۆ خولێکی تر گۆڕانی زۆری بەسەر داهاتووە، کەمترین ژمارەی کورسی لەخولی دووەم بووە ماوەی نێوان (١١ئابی ١٩٢٣ – ١تشرینی دووەم ١٩٢٧) لە ٣٣٣ کورسی پەرلەکانی پێکهاتبوو، ئەمە لەکاتێکدا زۆرترین کورسی لە خولی یازدەهەم بووە ماوەی نێوان ١ تشرینی دووەم ١٩٥٧ – ٢٧ مایسی ١٩٦٠ ژمارەی کورسیەکان لەو ماوەیە ٦٠٢ کورسی بوو.

لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٠ – ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥) دوجار کودەتا بەسەر پەرلەمانی تورکیادا ڕوویداوە، یەکەمیان لە ٢٧ مایسی ١٩٦٠ ڕوویدا و بەردەوام بوو تا ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١، بەکودەتا (٢٣ مایس) ناسراوە، ئەم ماوەیە بە دوو قۆناغ بەڕێوەچوو قۆناغی یەکەم لە (٢٧ مایس ١٩٦٠ – ٢٥ ئەیلول ١٩٦١) کۆمسیۆنێکی یەکڕیزی نیشتمانی دامەزرا، قۆناغی دووەم لە٦ کانونی دووەمی ١٩٦١ – ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١بەردەوام بوو، ئەنجومەنێکی بنچینەیی نوێنەران دامەزرا لە ٣٨ ئەندام، تا ٢٥ تشرینی یەکەمی ١٩٦١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی خولی دوازدەهەم بەڕێوەچوو. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کودەتای دووەم لە ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ – ٦ کانونی یەکەمی ١٩٨٣ بوو، لەماوەیەدا ئەنجومەنی نیشتمانی بەرهەڵستی لە (٥) کەس پێکهاتبوو.

ماوەی پێنج خولە واتا لە خولی بیستەمەوە ساڵی (١٩٩٥)ەوە ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی تورکیا بووە بە (٥٥٠) کورسی و گۆڕانیان بەسەر دانەهاتووە.

خشتەی (٥)

مێژووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا (١٩٢٠ – ٢٠١٥)

| هەڵبژاردنەکان | خول | مێژوو و بەروار | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٠ | خولی یەکەم | ٢٣نیسان ١٩٢٠ – ١١ئاب ١٩٢٣ | ٤٣٦ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٣ | خولی دووەم | ١١ئاب ١٩٢٣ – ات. دووەم ١٩٢٧ | ٣٣٣ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٧ | خولی سێیەم | ١ مایس ١٩٢٧ – ٤ مایس ١٩٣١ | ٣٣٥ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣١ | خولی چوارەم | ٤مایس ١٩٣١ – ١ ئازاری ١٩٣٥ | ٣٤٨ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٥ | خولی پێنجەم | ١ ئازاری ١٩٣٥ – ٣ نیسان ١٩٣٩ | ٤٤٤ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٣٩ | خولی شەشەم | ٣ نیسان ١٩٣٩ – ٨ مایس ١٩٤٣ | ٤٧٠ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٤٣ | خولی حەوتەم | ٨ مایس ١٩٤٣ – ٥ ئاب ١٩٤٦ | ٤٩٢ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٤٧ | خولی هەشتەم | ٥ ئاب ١٩٤٦ – ٢٢ مایس ١٩٥٠ | ٥٠٣ |
| هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٠ | خولی نۆیەم | ٢٢ مایس ١٩٥٠ – ١٤ مایس ١٩٥٤ | ٤٩٢ |

(١٤) د.سامان حوسێن ئەحمەد و د. بەختیار سەعید مەحمود، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، چ ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٥.

| | | | |
|---|---|---|---|
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٤** | **خولی دەیەم** | ١٤ مایس ١٩٥٤ — ١ ت. دووەم ١٩٥٧ | ٥٣٧ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٥٧** | **خولی یازدەهەم** | ١ ت. دووەم ١٩٥٧ — ٢٧ مایس ١٩٦٠ | ٦٠٢ |
| **کودەتا لە ٢٧ مایس** | کۆمسیۆنی یەکرێزی نیشتمانی | ٢٧ مایس ١٩٦٠ — ٢٥ ئەیلول ١٩٦١ | ٣٨ |
| | ئەنجومەنی بنجینەیی — نوێنەران | ٦ ك. دووەم ١٩٦١ — ٢٥ ت. یەکەم ١٩٦١ | |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦١** | **خولی دوازدەهەم** | ٢٥ ت. یەکەم ١٩٦١ — ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٥ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٥** | **خولی سێزدەهەم** | ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٥ — ١٠ ت. یەکەم ١٩٦٩ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٩** | **خولی چواردەهەم** | ٢٢ ت. یەکەم ١٩٦٩ — ١٤ ت. یەکەم ١٩٧٣ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٣** | **خولی پازدەهەم** | ٢٤ ت. یەکەم ١٩٧٣ — ٥ حوزەیران ١٩٧٧ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٧** | **خولی شازدەهەم** | ١٣ حوزەیران ١٩٧٧ — ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ | ٤٥٠ |
| **کودەتا لە ١٢ ئەیلول** | کۆمسیۆنی یەکرێزی نیشتمانی | ١٢ ئەیلول ١٩٨٠ — ٦ ك. یەکەم ١٩٨٣ | ٥ |
| | ئەنجومەنی بنجینەیی — بەرهەڵستی | ٢٣ ت. یەکەم ١٩٨١ — ٦ ك یەکەم ١٩٨٣ | |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٣** | **خولی حەڤدەهەم** | ٢٤ ت. یەکەم ١٩٨٣ — ٢٩ ت. یەکەم ١٩٨٧ | ٤٠٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٧٨** | **خولی هەژدەهەم** | ١٤ ك. یەکەم ١٩٨٧ — ٢٠ ت. یەکەم ١٩٩١ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩١** | **خولی نۆزدەهەم** | ٦ ت. دووەم ١٩٩١ — ٢٤ ك. یەکەم ١٩٩٥ | ٤٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٥** | **خولی بیستەم** | ٢٤ ك. دووەم ١٩٩٥ — ١٨ نیسان ١٩٩٩ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٩** | **خولی** بیست و یەکەم | ٢ مایس ١٩٩٩ — ٢ ت. دووەم ٢٠٠٢ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٢** | **خولی** بیست و دووەم | ١٤ ت. دووەم ٢٠٠٢ — ٢٢ تەموز ٢٠٠٧ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠٠٧** | **خولی** بیست و سێیەم | ٤ ئاب ٢٠٠٧ — ١٢ حوزەیران ٢٠١١ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١١** | **خولی خولی** بیست و چوارەم | ٢٨ حوزەیران ٢٠١١ — ٧ حوزەیران ٢٠١٥ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١٥** | **خولی** بیست و پێنجەم | ٧ حوزەیران — ٢٠١٥ - ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ | ٥٥٠ |
| **هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ٢٠١٥** | **خولی** بیست و شەش | ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥— ..... | – |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A

ئەوەی جێگەی باسە پێویستە لەتورکیادا وەك هەر دەوڵەتێکی دیموکرات چەند بنەماو یاسایەکی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەدەستوری وڵاتەکەی چەسپاندووە، بەپێی بەندی ٧٧ی دەستوری تورکیا کەبۆ ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان (٥) ساڵ جارێك بەڕێوە دەچێت، بەڵام ماوەی ئەم (٥) ساڵە جێگیرنیە، چونکە خودی پەرلەمان لەکاتی بوونی چەند مەرجێکی دیاریکراو دەتوانێ وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان پێش بخات، هەروەها پێویستە ئەندامانی پەرلەمان چەند خەسڵەتێکی یاسایی تێدابێت لەوانە[١٥]:

---

(١٥) یونس گەرمیانی، هەڵبژاردنەکانی تورکیا و سەرکەوتنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان - گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتان، ژمارە ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٢-٦٣.

- **تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.**
- **خوێندنی سەرەتای تەواو کردبێت.**
- **خزمەتی سەربازی تەواو کردبێت.**
- **ئەندامانی دامەزراوی سەربازی و سەرۆکی دادگا و ئەندامانی دامودەزگای خوێندنی باڵا پێش ئەوەی خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید بکەن دەست لە کارەکانیان و لە حزبەکانیان بکێشنەوە.**

**باسی دووەم: بازنەکانی هەڵبژاردن**

**بۆئەوەی بتواندرێت پرۆسەی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکرێت، ڕێو شوێنەکانی بگیرێتەبەر، پێویستە هەرێمی دەوڵەت یا پارێزگا یا هەر یەکەیەکی ئیداری بەگوێرەی قەبارەی یەکەکە دابەش بکرێت بۆبازنەی هەڵبژاردن، ئەمەش بەپێی یاساو سیستەمی دەوڵەتەکە، هەروەها دەبێت دابەشکردنەکە گونجاوبێت لەگەڵ قەبارەی دانیشتوان و ژمارەی نوێنەران و پانتایی خاکی وولات و ...هتد. بازنەکانی هەڵبژاردنیش یەکێکە لەڕێو شوێنەکانی دەسپێکی پرۆسەی هەڵبژاردن، مەبەست لەڕێو شوێنی دەسپێك هەموو ئەو ڕێو شوێنانەیە کە دەسەڵاتی جێ بەجێکردن دەیگرێتەبەر، هەر لەدەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی و سەرجەم ڕێو شوێنەکانی تری ئاسانکاری بۆمسۆگەرکردنی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەسەرتاسەری وولاتدا، بۆئەوەی هەموو ئەوکەسانەی مەرجەکانی هەڵبژاردن دەیانگرێتەوە بتوانن سیادەی مافی خۆیان بکەن بەپێی یاسا کارپێکراوەکان لەدەوڵەتەکەدا. یەکێك لەم ڕێو شوێنە دەستپێکانەی پرۆسەی هەڵبژاردن بریتییە لەدیاری کردنی بازنەکانی هەڵبژاردن، بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەوڵەتەکان دابەش دەکرێن بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، لەهەر یەکێکیان نوێنەرێك یان زیاتر هەڵدەبژێردرێت، ئەم شێوازە لەزۆربەی دەوڵەتانی هاوچەرخ پەیڕەو دەکرێت، چونکە دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن وادەکات ئەرکی سەرشانی دەنگدەر سوك بکرێت بەبەراورد لەگەڵ یەك بازنەدا. دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەك مانای ئەوە نیە ئەوبازنانە یەکسان بن لەگەڵ ژمارەی نوێنەران چونکە نوێنەرایەتی بازنەکان کاریگەر دەبێت بەژمارەی دانیشتوان، بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی بازنەکان بەیەکێك لەم ڕێگایانە خوارەوە دەبێت:**

**١-دەستوور یان یاسا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دیاری دەکات لەم حاڵەتەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەجێگیری دەمێنێتەوەو هەڵدەبژێردرێن لەمیانی بازنەی هەڵبژاردنی جێگیرەوە، هەر بازنەیەك ژمارەیەکی جێگیر لەنوێنەر دیاری دەکرێت، هیچ کاریگەر نابێت و ناگۆڕێت بەگۆڕانی ژمارەی دانیشتوان، لەوانەیە ژمارەی بازنەکان یەکسان بێت لەگەڵ ژمارەی نوێنەرەکان، لەم حاڵەتەدا هەڵبژاردن بەتاك دەبێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی نوێنەرەکان زیاتربێت لەژمارەی بازنەکان هەڵبژاردن بەلیست دەبێت.**

**٢-دەستوور یان یاسا نوێنەرێك بۆژمارەیەکی دیاری کراو لەدانیشتوان دەست نیشان دەکات پاشان دەوڵەت دابەش دەکات بۆبازنەکان و ژمارەی بازنەکان دەگۆڕێت بەپێی زیادوکەمی ژمارەی دانیشتوان.**

**دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، جگە لەوەی ئەرکی دەنگدەر ئاسان دەکات لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ڕێو شوێنەکانی ئەژمارکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان ئاسان دەکات و ئەرکی سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی هەڵبژاردنیش ئاسن دەکات. بازنەکانی هەڵبژاردن جگە لەم گرینگیانەی ئاماژەیان پێدرا، ڕێو شوێنێکە لەپێناو پاکیو بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگیرێتە بەر.**

بازنەکانی هەڵبژاردن یەکێکە لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی سەلامەتی هەڵبژاردن، سەلامەتی هەڵبژاردنیش یەکێکە لەگرینگترین پرەنسیپەکان، زۆربەی دەستوورەکان پەرۆشن لەسەر پاراستنی و پابەندکردنی دەسەڵات بەڕێزگرتن لەم پرەنسیپە، چونکە ئەم پرەنسیپە ڕەنگدانەوەی مەترسیداری هەیە لەسەر سیستەمی ديموكراتيەت بەگشتی.

دابەشکردنی دەوڵەت بۆچەند بازنەیەکی هەڵبژاردن پێویستە مامناوەندی بێت لەڕووی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان، ئەوەش بۆئەوەی لەلایەك ئەرکی دەنگدەر ئاسان بکات، لەلایەکی تر دوور بکەوێتەوە لەوەی هیچ کاریگەریەکی بکەوێتە سەر، هەروەها پێکهێنانی پەرلەمانێکی گونجاو لە ئەندامان لەلای سێهەمەوە. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێویستە پرۆسەی دیاری کردنی بازنەکان ڕێز لەبنەما نێودەوڵەتیەکان بگیرێت کەخۆی لەهەڵبژاردنی یەکسان دەبینێتەوە، نابێت لەکاتی دیاری کردنی بازنەکان هەوڵ بدرێت هیچ کۆمەڵە خەڵکێك یان لایەنێك یان پاڵێوراوێك زیانی بەربکەوێت و دەنگەکانی کەم بێتەوە بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە، یان ناوچەیەکی دیاری کراوبکرێتە ئامانجو زیانی بەربکەوێت.

دابەشکردن و دیاری کردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بە گشتی لە سەر دوو بنەما دەبێت کە یەکەمیان بریتییە لە پێوانەی ناوەند (معيار المتوسط) بەو واتایەی ژمارەی دانیشتوانی هەربازنەیەك هاوشێوەی یان یان نزیك بیت لە یەکتری. دووەمیشیان بریتیە لە قەبارەی ژمارەی ئەو کورسیانەی کە بۆ هەربازنەیەك دیاری دەکرێت. مەبەستی سەرەکی لەم دوو بنەمایە بۆ دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە نوێنەرایەتی دەنگدەران بە شێوەیەکی یەکسان بێت بە شێوەیەك بەهایی هەر دەنگێك هەمان بایەخ و نرخی ژمارەی هەبێت لە هەموو بازنەکاندا. جا لێرەدا پێویستە بۆ ئەوەی دادپەروەری ئەنجامبدرێت پێویستە هەوڵبدرێت یان ژمارەی دانیشتوانی هەر بازنەیەك یەکسان بێت یان دەبێت دابەشکردنی کورسیەکان لە نێوان بازنەکان بە شێوەیەکی هاوکێشەیی ڕێك و پێك بێت بە گوێرەی قەبارە و چڕی دانیشتوان گونجاوبێت.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین مەبەست لە بازنەی هەڵبژاردن ئەو ناوچە جوگرافیەیانەن بۆ مەبەستی هەڵبژاردن سنورەکەی دیاریدەکرێت، کە ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگدەری هەیەو کورسییەك یان چەند کورسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ئەنجومەنە هەڵبژاێردراوەکان، ڕوبەرو ژمارەی کورسییەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بە پێی سیستمی هەڵبژاردنی دەوڵەتان و بنەما یاساییەکانی دابەشکردنی کورسییەکان دەگۆڕێت.

**ئەو پێوەرانەی بازنەکانی هەڵبژاردن دیاریدەکەن بریتین لە:**

١- **پێوەری دەستوریو قانونی:** واتا بە پێی دەستور یان یاساکانی هەڵبژاردن، قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنو ژمارەی کورسییەکانی دیاریدەکرێت.

٢- **پێوەری کارگێڕی:** واتە لەبەرچاوگرتنی یەکەی کارگێڕی بۆدەستنیشانکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن، ئیتر ئەو سنورە شارەوانی شار بێت یان سنوری یەکەی کارگێڕی.

٣-**پێوەری دانیشتوان:** قەبارەی دانیشتوان یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی سنوری بازنەی هەڵبژاردن، چونکە هەرئەندامێکی پارلەمان نوێنەرایەتی ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان دەکات، زۆر جار ژمارەی کورسییەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن هاوسەنگە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی.

دیاریکردنی سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکانی هەربازنەیەك لەسەر بنەمای ژمارەی دەنگدەرانی بازنەکان لە گرنگترین ئەو گرفتانەن کەدێنە ڕێی یاساو سیستمەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن تایبەت بەیاسای هەڵبژاردنەکانو بەهێزترین فاکتەری کاریگەر لەسەرئەنجامەکانی دەزانن، چونکە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر قەبارەو ڕێژەی دەنگی لایەنە ڕکابەرەکان، لەوێشەوە بۆ سەر ژمارەی کورسییەکانو سەنگو قورسایی سیاسی هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی.

لەکاتی داڕشتنو نەخشەکێشانی سنوری بازنەکانی هەڵبژاردندا، کەزۆرجار لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵدا جارێك ئەنجامدەدرێت، دەستکاری سنوری بازنەکانی هەڵبژاردن دەکرێت، بەشێوەیەك کەدەنگەکانی هێزی بە ئامانجکراو پەرت بکرێتو لەبازنە هاوسنورەکان نەگاتە ئاستی بردنەوەی کورسی. لەبەرامبەردا لایەنەکەی تر کورسیەکە بەجیاوازیەکی کەم بباتەوە، لەکاتێکدا پارتی بە ئامانجکراو، لە چەندبازنەیەکی کەمداو بە جیاوازی دەنگێکی زۆر، کورسی ئەو چەندبازنەیە دەباتەوە.

سیستەمی هەڵبژاردنی تورکیا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییە و لەم سیستەمەشدا لیستی نیمچە کراوە بەکاردەهێنرێت، دەنگدەر دەتوانێت دوو دەنگبدات دەنگێکیان بۆ لیستەکە و دەنگەکەی تریان بۆ کاندیدی لیستەکەیە، لەم سیستەمەدا وڵات دابەشدەکرێت بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن و هەر بازنەیەك زیاتر لەکورسیەکی بۆ تەرخاندەکرێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو بازنەیە.

بەر لەدیاریکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لەتورکیا ئەوا بەهای هەرکورسیەك بەرامبەر بە بەدەستهێنانی دەنگی پیویست و بەگوێرەی سەرژمێری دیاریدەکریت، هەرپاریزگایەکیش ١٨ کورسی بەرکەویت لەپەرلەماندا واتا ١٨ نوینەری بۆ دیاریبکریت ئەوە بەگویرەی هەردوو هەلبژاردنی ٢٠١١ و٢٠١٥ بە بازنەیەکی هەڵبژاردن ئەژمار کراوە، هەر پاریزگایەکیش لە١٩ نوینەر(کورسی)تا ٣٥ کورسی بەرکەوێت دەکریت بە دوبازنەوە لەسەروی ٣٦ کورسیش دەکریت بە ٣ بازنە هەروەك شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبۆڵ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەی (٦- ٧) بۆمان دەردەکەوێت وڵاتی تورکیا لە ٨١ پارێزگا پێکهاتووە، لەهەردوو هەڵبژاردنی (٢٠١١ و ٢٠١٥)دا پارێزگاکانی تورکیا دابەشکراون بەسەر ٨٥ هەرێم یاخود بازنەی هەڵبژاردندا، ژمارەی بازنەکان و کورسیەکانی هەریەك لە بازنەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دیاری کراوە، بۆ نمونە پارێزگای ئیستەنبول سێ بازنەی هەڵبژاردنی بۆ دیاریکراوە و کۆی ژمارەی کورسیەکانی لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١١) بریتیبووە لە ٨٥ کورسی، بازنەی بایبورت کەمترین ژمارە کورسی هەبووە لەهەمان ساڵدا ئەویش تەنها ١ کورسی بووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٥)دا ژمارەی کورسیەکانی ئەستەنبوڵ بووە بە ٨٨ کورسی و کورسیەکانی (بایبوت)یش بووە بە ٢کورسی، سەرەرایی ئەوەی (١٥) پارێزگای تر ژمارەی کورسیەکانیان لە ٢٠١٥ تەنها ٢ کورسیبووە.

خشتەی (٦)

دابەشبونی شارەکانی تورکیا بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسیەکانی هەڵبژاردن بۆ هەر بازنەیەك/ ٢٠١١

| بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەدەنە | ١٤ | بارتن | ٢ | دوزجە | ٣ |
| ئادیەمان | ٥ | باتمان | ٤ | ئێدرنێ | ٣ |
| ئافیۆن کرهسیار | ٥ | بایبورت | ١ | ئیلازێ | ٥ |
| ئارە | ٤ | بیلەجیك | ٢ | ئەرزنجان | ٢ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەکسەرای | ٣ | | بینگۆل | ٣ | ئەرزڕوم | ٦ |
| ئاماسیا | ٣ | | بیتلیس | ٣ | ئیسکی شهیر | ٦ |
| ئەنکەرە ١ | ١٧ | ٣١ | بۆلو | ٣ | گازی عەنتاب | ١٢ |
| ئەنکەرە ٢ | ١٤ | | بۆردور | ٣ | گێریسون | ٤ |
| ئەنتالیا | ١٤ | | بۆرسا | ١٨ | گومیش هان | ٢ |
| ئەردەهان | ٢ | | چەنکلێ | ٤ | هەکاری | ٣ |
| ئارتڤین | ٢ | | چانکرە | ٢ | ئیلر | ٢ |
| ئایلن | ٧ | | چۆرو | ٤ | ئیسپارتا | ٤ |
| بەلەکێسیر | ٨ | | دێنیزلی | ٧ | کاهرەمان | ٨ |
| یۆزگات | ٤ | | دیاربەکر | ١١ | یەلۆڤە | ٢ |
| وان | ٨ | | زۆنگولداك | ٥ | هەتای | ١٠ |
| ئەستەنبوڵ ١ | ٣٠ | ٨٥ | کرک کەلی | ٣ | ڕیزا | ٣ |
| ئەستەنبوڵ ٢ | ٢٥ | | کر شەهیر | ٢ | سەکاریا | ٧ |
| ئەستەنبوڵ ٣ | ٣٠ | | کۆجایلی | ١١ | ساماسون | ٩ |
| ئەزمیر ١ | ١٣ | ٢٦ | کۆنیا | ١٤ | شیرت | ٣ |
| ئەزمیر ٢ | ١٣ | | کۆتاهیا | ٥ | سینۆپ | ٢ |
| کارس | ٣ | | مەلاتیا | ٦ | سیڤاس | ٥ |
| کاستا مونو | ٣ | | مانیسا | ١٠ | شانلورفا | ١٢ |
| کەرەبوك | ٢ | | ماردین | ٦ | شرناخ | ٤ |
| کەرەمان | ٢ | | موله | ٦ | تێکردا | ٦ |
| کایسێر | ٩ | | مووش | ٤ | توکات | ٥ |
| کیلس | ٢ | | نیڤ شەهیر | ٣ | ترابزۆن | ٦ |
| کرك ئەرەلی | ٣ | | نیدا | ٣ | ئوسمانیا | ٤ |
| مێرسین | ١١ | | ئوردۆ | ٦ | ئوشاك | ٣ |
| تونجەلی | ٢ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٥٥٠ کورسی | | | | | |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sbeiy.com/Article-121

خشتەی (٧)

دابەشبونی شارەکانی تورکیا بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسیەکانی هەڵبژاردن بۆ هەر بازنەیەك/ حوزیرانی٢٠١٥

| بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی | بازنە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەدەنە | ١٤ | بارتن | ٢ | دوزجە | ٣ |
| ئادیەمان | ٥ | باتمان | ٤ | ئێدرنێ | ٣ |
| ئافیۆن کرهسیار | ٥ | بایبورت | ٢ | ئیلازێ | ٤ |
| ئارە | ٤ | بیلەجیك | ٢ | ئەرزنجان | ٢ |
| ئەکسەرای | ٣ | بینگۆل | ٣ | ئەرزڕوم | ٦ |
| ئاماسیا | ٣ | بیتلیس | ٣ | ئیسکی شهیر | ٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەنکەرە ١ | ١٨ | ٣٢ | بۆلو | ٣ | گازی عەنتاب | ١٢ |
| ئەنکەرە ٢ | ١٤ | | بۆردور | ٣ | گێریسون | ٤ |
| ئەنتالیا | ١٤ | | بۆرسا | ١٨ | گومیش هان | ٢ |
| ئەردەهان | ٢ | | چەنكلێ | ٤ | هەكاری | ٣ |
| ئارتڤین | ٢ | | چانكرە | ٢ | ئیلر | ٢ |
| ئایلن | ٧ | | چۆرو | ٤ | ئیسپارتا | ٤ |
| بەلەكێسیر | ٨ | | دێنیزلی | ٧ | كاهرەمان | ٨ |
| یۆزگات | ٤ | | دیاربەكر | ١١ | یەلۆڤە | ٢ |
| وان | ٨ | | زۆنگولداك | ٥ | هەتای | ١٠ |
| ئەستەنبوڵ ١ | ٣١ | ٨٨ | كرك كەلی | ٣ | ڕیزا | ٣ |
| ئەستەنبوڵ ٢ | ٢٦ | | كر شەهیر | ٢ | سەكاریا | ٧ |
| ئەستەنبوڵ ٣ | ٣١ | | كۆجایلی | ١١ | ساماسون | ٩ |
| ئەزمیر ١ | ١٣ | ٢٦ | كۆنیا | ١٤ | شیرت | ٣ |
| ئەزمیر ٢ | ١٣ | | كۆتاهیا | ٤ | سینۆپ | ٢ |
| كارس | ٣ | | مەلاتیا | ٦ | سیڤاس | ٥ |
| كاستا مونو | ٣ | | مانیسا | ٩ | شانلورفا | ١٢ |
| كەرەبوك | ٢ | | ماردین | ٦ | شرناخ | ٤ |
| كەرەمان | ٢ | | موله | ٦ | تێكردا | ٦ |
| كایسێر | ٩ | | مووش | ٣ | توكات | ٥ |
| كیلس | ٢ | | نیف شەهیر | ٣ | ترابزۆن | ٦ |
| كرك ئەرەلی | ٣ | | نیدا | ٣ | ئوسمانیا | ٤ |
| مێرسین | ١١ | | ئوردۆ | ٥ | ئوشاك | ٣ |
| تونجەلی | ٢ | | | | | |
| كۆی گشتی | ٥٥٠ كورسی | | | | | |

سەرچاوە/ كاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sbeiy.com/Article-121 ، سەرچاوەی پێشوو.

**تەنها هەشت پارێزگا لەماوەی ساڵانی ٢٠١١ – ٢٠١٥ گۆڕان بەسەر ژمارەی كورسیەكان داهاتووە، واتا كورسیەكانیان كەم و زیادبوون، ئەوانیش پارێزگای ئەستەنبوڵ لە ٨٥ كورسیەوە بووە بە ٨٨ كورسی، ئەنكەرە لە ٣١ كورسیەوە بووە بە ٣٢ كورسی، (بایبورت)یش لە كورسیەكەوە كەكەمترین ژمارەی كورسیە، بەرزبۆتەوە بە ٢ كورسی، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە پارێزگاكانی (ئیلازێ، كوتاهیا، مانیسا، موش و ئۆردوو) هەریەكەیان كورسیەكیان كەمردووە، بەجۆرێك ئیلازێ و كوتاهیا لە ٥ كورسیەوە بوون بە ٤ كورسی، مانیسا لە ١٠ كورسیەوە بووە بە ٩كورسی و موش كورسیەكانی لە٤ كورسیەوە كەمبۆتەوە بۆ ٤كورسی و ئۆردووش لە ٦ كورسیەوە ژمارەی كورسیەكانی دابەزیوە بۆ ٥ كورسی، خشتەی (٨).**

**خشتەی ژمارە(٨)**

**جیاوازی لە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژارد لەهەڵبژاردنی ٢٠١١ وحوزەیرانی ٢٠١٥ دا لەهەندێ شارەکانی تورکیا**

| بازنەی هەڵبژاردن | ٢٠١١ | | ٢٠١٥ | | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەنقەرە ١ | ١٦ | ٣١ | ١٨ | ٣٢ | +٢ |
| ئەنقەرە ٢ | ١٥ | | ١٤ | | -١ |
| بایبورت | ١ | | ٢ | | +١ |
| ئێلەزیگ | ٥ | | ٤ | | +١ |
| ئەستەنبول١ | ٢٧ | ٨٥ | ٢٦ | ٨٨ | -١ |
| ئەستەنبول٢ | ٢٨ | | ٣١ | | +٣ |
| ئەستەنبول٣ | ٣٠ | | ٣١ | | +١ |
| کوتاهیا | ٥ | | ٤ | | -١ |
| مانیسا | ١٠ | | ٩ | | -١ |
| موش | ٤ | | ٣ | | -١ |
| ئۆرردوو | ٦ | | ٥ | | -١ |

(*) شارەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبول و ئەزمیر لە هەردوهەڵبژاردندا زیاتر لە بازنەیەکیان پێکدەهێنا.

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: خشتەی (٦ - ٧).

## بەشی چوارەم: جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە نێوان (٢٠١١ – ٧حوزەیرانی ٢٠١٥)(*) و پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان

### باسی یەکەم: جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە نێوان (٢٠١١ – ٧حوزەیرانی ٢٠١٥)

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١١ تورکیا لە ٢٠١١/٦/١٢ ئەنجام درا کە تیایدا مافی بەشداربوان (٥٠,٣٣٩,٥٩٦)کەس بوو بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا (٤٣,٩١٢,١٧٠)کەس بەشداریکردو ڕێژەی بەشداریدنی دەنگدەران ٨٣,٢٣٪بوو، هەروەها دەنگی بەتاڵ (٩٣٩,٥٠٥) بووە.

هەڵبژاردنی حوزەیرانی ٢٠١٥ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ ئەنجام درا بۆ پێشبڕکی لەسەر بەدەستهێنانی (٥٥٠)کورسی پەرلەمانی ئەم پرۆسەیەش بەبەشداری (٤٧.٤٩٠.٥٤٦) دەنگدەر لەکۆی (٥٤.٨١٣.٣٧٥)دەنگدەر کەمافی دەنگدانیان هەبوو کە(٥٣,٧٦٥,٢٣١)دەنگدەریان لەناوخۆو (٢,٨٦٧,٦٥٨)لەدەرەوەی تورکیا مافی دەنگدانیا هەبوو، لەم ژمارە بەشداربوەش (٤٦,١٦١,٤٩٠)دەنگ بەدەنگی تواو دروست ئەژمارکراو (١,٣٤٩,٣٤٠)بەدەنگی هەڵە ئەژمارکراو دەنگەکانیان پوچەڵ کرایەوە.ڕێژەی بەشداربوان لەم هەلبژاردنە ٨٣,٩٢٪ کۆی گشتی دەنگدەران بوو، خشتەی (٩).

خشتەی (٩)

(*) لە ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا دوبارەکرایەوە، ئەمیش لەبەرئەوەی نەتوارنرا پارتەکان لەو ٤٥ ڕۆژەی لەبەردەمیان بوو حکومەت پێکبهێنن، بۆیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك کۆماری تورکیا دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەی ڕاسپارد بۆ دووبارەکردنەوە هەڵبژاردن، ئەوەبوو ١ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ دیاریکرا کە ٥٤ ملیۆن و ٤٩ هەزار و ٩٤٠ دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەوەبووە گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی دەنگ و کورسی پارتە براوەکان هات، لەوانە: (AKP) ڕێژەی (٤٩.٤٪) و کە دەکاتە (٣١٦) کورسی، (CHP) ڕێژەی (٢٥.٤٪) و (١٣٤) کورسی، (MHP) ڕێژەی (١٢٪) و بووە بە (٤١) کورسی، (HDP) تاکە پارتی بەشداربووی کوردییە ئەم جارەش توانی ڕێژەی (١٠٪) تێپەڕێنێت، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی دابەزی و بووە (١٠.٧٪) کەدەکاتە (٥٩) کورسی. هەرچەندە ڕێژەی دەنگی (HDP) دابەزی بەڵام لەڕووی ڕیزبەندی کورسی بووە سێیەم پارت.

ژمارەی دەنگدەران و ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠١١ و ٧حوزەیرانی٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا

| بەرواری هەڵبژاردن | مافی بەشداربوان | ژمارەی دەنگدەران | دەنگی بەتاڵ | ڕێژەی دەنگدان |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١١/٦/١٢ | ٥٠,٣٣٩,٥٩٦ | ٤٣,٩١٢,١٧٠ | ٩٣٩,٥٠٥ | ٨٧.٢٣٪ |
| ٢٠١٥/٦/٧ | ٥٤.٨١٣.٣٧٥ | ٤٧.٤٩٠.٥٤٦ | ١.٣٣٠.٩٠٧ | ٪٨٦.٦٤ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2011-genel-secimleri/ و
http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

گەر بەراوردێك لەنیوان هەردو هەلبژاردن و براوەکانیان بکەین دەبینین لە ساڵی٢٠١١ پارتی دادو گەشەپیدانی تورکیای فەرمان ڕەوا AKP (٢١,٣٩٩,٠٨٢)دەنگی بەدەست هینابو کە دەکاتە ٤٩,٨٤٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ٣٢٧ کورسی پەرلەمانی هەبوو، هەرچی پارتی گەلی کۆماری بووCHP ئەوا(١١,١٥٥,٩٧٢)دەنگی بەدەست هینابوو کە دەیکردە ڕێژەی ٢٥,٩٨٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ببوە خاوەن ١٣٥ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا،هەرچی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیاشەMHP (٥,٥٨٥,٥١٣)ملیۆن دەنگی بەدەست هینابو کە دەیکردە ١٣,٠١٪ کۆی دەنگدەران بەم شیوەیە خاوەن ٥٣ کورسی بوو ، هەرچی کوردیش بوو لەژیر ناوی سەربەخۆکانی کورد چوبونە پیشبرکی و (٢,٨١٩,٩١٧)دەنگیان بەدەست هینابوو کە ٦,٥٧٪دەنگەکانی دەکردو تەنها ٣٥ کورسیان هەبوو، سەبارەت بە لایەنەکانی تری بەشداربوی هەلبژاردنەکە کە ڕیژەکەیان بە(١,٩٧٩,٥٣٤)دەنگ تەنها ٤,٦١٪کۆی گشتی پیك دەهینا بۆیە نەبوونە خاوەن هیچ کورسیەك.

لەهەڵبژاردن ساڵی ٢٠١٥دا دۆخەکە گۆرانکاری بەسەرداهات و مەرجەکانیش قورسترکران بە شێوەیەك هەر پارت و لایەنێك ڕێژەی دەنگەکانی نەگاتە ١٠٪ ئەوا بۆی نیە بەشداری پەرلەمان بکات .

ئەنجامەکانی ئەم هەلبژاردنە بە سەرکەوتنەکانی پارتی دیموکراتی گەلان هاوکیشەکەی گۆری کە بەم شێوەیەبوو:

پارتی دادو گەشەپیدانی تورکیای فەرمان ڕەوا AKP (١٨,٨٦٤,٨٦٤)دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ٤٠,٨٧٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش بوە خاوەن ٢٥٨کورسی پەرلەمانی ، هەرچی پارتی گەلی کۆماری بووCHP ئەوا(١١,٥١٨,٠٧٠)دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ڕێژەی ٢٤,٩٥٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش بون بە خاوەن ١٣٢ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا،هەرچی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیاشەMHP (٧,٥١٩,١٦٨)ملیۆن دەنگی بەدەست هینا کە دەکاتە ١٦,٢٩٪ کۆی دەنگدەران بەم شیوەیە خاوەن ٨٠ کورسی بوو ، هەرچی کوردیش بوو ئەمجارەیان لەژێر چەتری پارتی دیموکراتی گەلانHDP چوە پیشبرکی و (٦,٠٥٧,٥٠٦)دەنگیان بەدەست هینا کە دەکاتە ١٣,١٢٪دەنگەکان و ٨٠ کورسیان مسۆگەر کردو هاوکیشەکەیان گۆری، سەبارەت بە لایەنەکانی تری بەشداربوی هەلبژاردنەکە کە ڕیژەکەیان بە(٢,٢٠٠,٠٣١)دەنگ تەنها ٤,٧٧٪کۆی گشتی پیك دەهینا بۆیە نەبوونە خاوەن هیچ کورسیەك خشتەی (١٠)و شێوەی (٣).

خشتەی (١٠)

ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ و ٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا

| پارتە براوەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی سەدی ٪ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| پارتی داد و گەشەپێدان AKP | ٢١.٣٩٩.٠٨٢ | ٪٤٩.٨٣ | ٣٢٧ |
| پارتی گەلی کۆماری CHP | ١١.١٥٥.٩٧٢ | ٪٢٥.٩٨ | ١٣٥ |
| پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا MHP | ٥.٥٨٥.٥١٣ | ٪١٣.٠١ | ٥٣ |
| سەربەخۆکان (کورد) | ٢.٨١٩.٩١٧ | ٪٦.٥٧ | ٣٥ |
| لایەنەکانی تر | ١.٩٧٩.٥٣٤ | ٪٤.٦١ | ٠ |
| ئەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا | | | |
| پارتی داد و گەشەپێدان AKP | ١٨,٨٦٤,٨٦٤ | ٪٤٠.٨٧ | ٢٥٨ |
| پارتی گەلی کۆماری CHP | ١١,٥١٨,٠٧٠ | ٪٢٤.٩٥ | ١٣٢ |
| پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا MHP | ٧,٥١٩,١٦٨ | ٪١٦.٢٩ | ٨٠ |
| پارتی دیموکراتی گەلان HDP | ٦,٠٥٧,٥٠٦ | ٪١٣.١٢ | ٨٠ |
| لایەنەکانی تر | ٢.٢٠٠.٠٣١ | ٪٤.٧٧ | ٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران ئامادەکراوە پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ و ٢)

شێوەی (٣)

ئەنجامی لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ و٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا




سەرچاوە/ کاری توێژەران: پشت بەست بە خشتەی (١٠)

**خشتەی (١١)**

**ڕێژە و ژمارەی دەنگدانی ناوەوە دەرەوەی پارتە براوەکان تورکیا لەهەڵبژاردنی ٧حوزەیرانی ٢٠١٥**

| پارت | پارتی داد و گەشەپێدان | پارتی گەلی کۆماری | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا | پارتی دیموکراتی گەلان |
|---|---|---|---|---|
| دەنگدانی ناوەوەی بەژمارە | ١٨.٣٤٥.٤٣٢ | ١١.٣٣٨.٨٣٠ | ٧.٤٢٢.٨٣١ | ٥.٨٤٦.٢٥٥ |
| دەنگدانی ناوەوەی بەرێژە (٪) | ٪٤٠.٦٦ | ٪٢٥.١٣ | ٪١٦.٤٥ | ٪١٢.٩٦ |
| دەنگدانی دەرەوە دەرەوە بەژمارە | ٥١٩.٤٧٤ | ١٧٩.٢٧٧ | ٩٦.٣٧٧ | ٢١١.٢٩٩ |
| دەنگدانی دەرەوە دەرەوە بەرێژە (٪) | ٪٤٩.٨٨ | ٪١٧.٢١ | ٪٩.٢٥ | ٪٢٠.٢٩ |
| کۆی گشتی بەژمارە | ١٨.٨٦٤.٨٦٤ | ١١.٥١٨.٠٧٠ | ٧.٥١٩.١٦٨ | ٦.٠٥٧.٥٠٦ |
| کۆی گشتی بە ڕێژە (٪) | ٪٤٠.٨٧ | ٪٢٤.٩٥ | ٪١٦.٢٩ | ٪١٣.١٣ |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ و ٢) http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

**گەر بەراوردی هۆکارەکانی گۆرانکاری لە ڕێژەی دەنگەکان لە نێوان هەردوو هەڵبژاردندا بکەین دەبینین کە:**

- بونی پێویستی بەدەستهێنانی ڕێژەی ١٠٪ وای لە پاڵیوراوانی کورد کرد کە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ بێ بەش بن بەهۆی دەستەبەر نەبوونی ئەم ڕێژە پێویستە بۆیە بە ناچاری دەنگی دەنگدەرانی کوردیش دواتر بەسەر پارتە براوەکانی ئەم هەڵبژاردنە دابەش کرایەوە ، بەلاَم لەهەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ لیستی کورد نەک هەر لە١٠٪ بەڵکو لەمە زیاتریشی بەدەست هێناو بووە خاوەنی ٨٠ کورسیش کە تارادەیەکی زۆر هاوکێشەکەی گۆڕی و ئەو تاک ڕەوی لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن پارتی دادو گەشەپیدانی لەناوبرد .

- دەنگەکانی پارتی دادو گەشەپیدان بەهۆکاری چەقبەستوی لە ئایدیۆلۆجیاو هەڵوێستەکانی و نەخوێندنەوەی ئەوانی ترو باوڕ نەبوون بە فرە لایەنی ڕووی لە کەمی کرد.

- دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری CHP تارادەیەکی زۆر پارێزگاری لە ڕیژەی خۆی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردندا کردوە، لەبەرامبەردە دەنگەکانی پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا١٣.٠١٪ بەرزبۆتەوە بۆ١٦.٢٩٪ لەهەڵبژاردنی ٢٠١٥ کەئەمەش بەمانای هەڵکشانی هەستی نەتەوە پەرستی لەم وڵاتە .

- لاواز بونی بنکەی جەماوەری لە ناوچە کوردنشینەکان هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥، ئەو لاوازبوونەش لەکەم بونەوەی بەرچاوی دەنگەکان دێت لە شارە کوردنیشنەکان.

## نەخشەی (٢)

## جوگرافیایی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ ی تورکیا بەپێی پارێزگاو قەزاکان




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: httpwww.dimpool.com201106122011-turkish-election-result

## نەخشەی (٣)

## جوگرافیایی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ ی تورکیا بەپێی پارێزگاو قەزاکان




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri

## باسی دووەم: پارتە بەشداربوو و براوەکانی پەرلەمان

### یەکەم: پارتە بەشدارەکان

بەسەرنجدا لەخشتەی (١٢ - ١٣) دەردەکەوێت کە لەهەڵبژاردنی پەرلەکانی ساڵی ٢٠١١ دا (١٦) پارت بەڕەسمی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەك زۆر بە کاندی سەربەخۆ واتا بەپێ ئەوەی لەپارتێك دابن بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە لەوانە ئەوکاتە کوردەکان توانیان ٣٥ کاندی سەربەخۆ بخەنە پەرلەمانەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ ژمارەی پارتە بەشدەربووەکان بوو بە ٢١ پارت بەرزبۆیەوەو کوردەکانیش هاوپەیمانیەکیان دروستکرد بەسەرکردایەتی (سەلاحدین دەمیرتاش) بەپارتێکی سەربەخۆ بەشداریانکرد بەناوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)کە ٨٠ کورسیان بەدەست هینا.

خشتەی (١٢)

پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١١ی پەرلەمانی تورکیا

| ژ | لۆگۆی پارت | کورتکراوەی پارت | ناوی پارت بەتورکی | ناوی پارت بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | AKP | ADALET VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی دادو گەشەپێدان |
| ٢ | | CHP | CUMHURİYET HALK PARTİSİ | پارتی گەلی کۆماری |
| ٣ | | MHP | MİLLİYETÇİ HAREKET PARTİSİ | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا |
| ٤ | | BAĞIMSIZ | BAĞIMSIZ | سەربەخۆ |
| ٥ | | SAADET | SAADET PARTİSİ | پارتی شادی |
| ٦ | | HAS PARTI | HALKIN SESİ PARTİSİ | پارتی دەنگی خەڵك |
| ٧ | | BBP | BÜYÜK BİRLİK PARTİSİ | پارتی یەکگرتووی گەورە |
| ٨ | | DSP | DEMOKRATİK SOL PARTİ | پارتی چەپی دیموکراسی |
| ٩ | | DP | DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکرات |
| ١٠ | | HEPAR PARTİ | HEPAR | پارتی هیپەر |
| ١١ | | DYP | DOĞRU YOL PARTİSİ | پارتی ڕێگای ڕاست |
| ١٢ | | IDP | LİBERAL DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکراتی لیبراڵی |
| ١٣ | | MİLLET | MİLLET PARTİSİ | پارتی نیشتمانی (نەتەوەیی) |
| ١٤ | | KP | TÜRKİYE KOMÜNİST PARTİ | حزبی شیوعی تورکیا |
| ١٥ | | MMP | MİLLİYETÇİ VE MUHAFAZAKAR PARTİ | پارتی پارێزگاری نەتەوەیی |
| ١٦ | | EMEP | EMEK PARTİSİ | پارتی هێزی کار |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ١ )

**لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠١١ دا (٥) پارت بەشداربوون کەلەهەڵبژاردنی ٧ی حوزەیرانی٢٠١٥ بەشدارییان نەکردەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە پارتەکانی (دەنگی خەڵك، یەکگرتوویی گەورە، هیبەر، پارێزگاری نەتەوەیی و هێزی کار)، هەروەها ئەو پارتانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیران زیادیانکرد ژمارەیان (٥) پارت بوون، بەڵام پارتە بەشداربووە جیاوازەکانی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ و بەراورد بە ٢٠١١ ژمارەیان (١٠) پارتە ئەوانیش پارتەکانی (دیموکراتی گەلان، وڵات"نیشتمان"، سەربەخۆی تورکیا، ئاشتەوای و چاکسازی و گەشەپێدان، گەلی ئازادوو، ماف و ئازادی، ئەنادۆڵ، ناوەند "چەق"، بێگانە و ڕاستی و دادگەری).**

**خشتەی (١٣)**

**پارتە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا**

| ژ | لۆگۆی پارت | کورتکراوەی پارت | ناوی پارت بەتورکی | ناوی پارت بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | AKP | ADALET VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی دادو گەشەپێدان |
| ٢ | | CHP | CUMHURİYET HALK PARTİSİ | پارتی گەلی کۆماری |
| ٣ | | MHP | MİLLİYETÇİ HAREKET PARTİSİ | پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا |
| ٤ | | HDP | HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ | پارتی دیموکراتی گەلان |
| ٥ | | SAADET | SAADET PARTİSİ | پارتی شادی |
| ٦ | | BAĞIMSIZ | BAĞIMSIZ | سەربەخۆ |
| ٧ | | VATAN PARTİSİ | VATAN PARTİSİ | پارتی وڵات (نیشتمان) |
| ٨ | | BTP | BAĞIMSIZ TÜRKİYE PARTİSİ | پارتی سەربەخۆی تورکیا |
| ٩ | | DSP | DEMOKRATİK SOL PARTİ | پارتی چەپی دیموکراسی |
| ١٠ | | DP | DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکرات |
| ١١ | | TURK PARTİ | TOPLUMSAL UZLAŞMA REFORM VE KALKINMA PARTİSİ | پارتی ئاشتەوایی و چاکسازی و گەشەپێدان |
| ١٢ | | HKP | HALKIN KURTULUŞ PARTİSİ | پارتی گەلی ئازادبوو |
| ١٣ | | HAK-PAR | HAK VE ÖZGÜRLÜKLER PARTİSİ | پارتی ماف و ئازادی |
| ١٤ | | DYP | DOĞRU YOL PARTİSİ | پارتی ڕێگای ڕاست |
| ١٥ | | ANA-PART | ANADOLU PARTİSİ | پارتی ئەنادۆڵ |
| ١٦ | | IDP | LİBERAL DEMOKRAT PARTİ | پارتی دیموکراتی لیبراڵی |
| ١٧ | | MEP | TOPLAM AÇILAN SANDIK ORANI | پارتی ناوەند (چەق) |
| ١٨ | | MİLLET | MİLLET PARTİSİ | پارتی نیشتمانی (نەتەوەیی) |
| ١٩ | | KP | KOMÜNİST PARTİ | حزبی شیوعی |
| ٢٠ | | YURT-P | YURT PARTİSİ | پارتی بێگانە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | | HAP | HAK VE ADALET PARTİSİ | پارتی ڕاستی و دادگەری |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە: پاشکۆکانی ( ٢).

**دووەم: پارتە براوەکانی هەڵبژاردن**

پارتە براوە سەرەکیەکانی هەلبژاردنی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥ پەرلەمانی تورکیا بریتین لە پارتی دادو گەشەپیدان( AKP)و پارتی گەلی کۆماری (CHP) و پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا(MHP )و پارتی دیموکراتی گەلان(HDP ) کەوا لەخوارەوە باسیان دەکەین:

**١- پارتی داد و گەشەپێدان ( AKP):**

لەئابی ساڵی ٢٠٠١ (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئەستەنبوڵ داوای مۆڵەتی دامەزراندنی بۆ پارتێك كـرد بەناوی (پارتی دادو گەشەپێدان) دەستەی دامەزرێنەرانی (١٣) ژنی لەخۆگرتبوو (٤)ییان بالآپۆش بوون، لە نێویشیان گۆرانیبێژ و ئەکتەرو دکتۆر و مامۆستا هەبوون، سەرباری چەندین کەسایەتی پارتی فەزیلەت کەپێشتر کاری سیاسیان لێ قەدەغەکرابوو، لەگەڵ بەشێکی تر لەپارتە ناسیۆنالست و سێکیولاەکان، لە ١٤ ئابی ساڵی ٢٠٠١ لە ژێر ناونیشانی (کارکردن لەپێناو تورکیا و کەمەنکێشکردنی چین و توێژەکانی تورکیا)، دەستپێکی ئەم پارتە لەسەر مەزاری تەتاتورکەوە دەستپێکرد وەك ئاماژەیەك بەقبوڵکردنی سێکیولاریزم وەك بنەمای سیستەمی فەرمانڕەوایەتی، ئەردۆگان بەکۆی دەنگ وەك سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێرا، پارتەکەیان کۆمەڵێك بنەمایان دیاریکرد بۆکارکردن لەوانە[١٦]:

- بنەمای کۆماری نێودەوڵەتی یەکگرتوو پشتبەستوو بە پرەنسیپەکانی دیموکراتی سێکیۆلار و دەوڵەتی مافە کۆمەڵایەتییەکان.
- بەدیهێنانی یەکسانی هەل بۆ هەمووان و دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتان و هەستان بەگواستنەوەی مولکداری لەکەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەتی لەپێناو بەرژەوەندی وڵات.
- بنەمای زامنکردنی باج و کەمکردنەوەی، هەروەها دابەشکردنی بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ بنیاتی کۆمەڵایەتی.
- جەختکردنەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی و تیرۆرو ملکەچکردن لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە.
- سەبارەت بەسێکیۆلاریزم سەرۆکی پارتەکە بەشێوەیەك ڕاڤەی کردووە کەخۆی دەبینێتەوە لەوەی دەوڵەت بێلایەن بێت بەرامبەر بەبیروڕاکان، بەم شێوەیەش زامنی دیموکراسیەت دەکات.
- ئەردۆگان چەختیکردەوە لەسەر پێویستی ئامادەکردنی دەستورێکی هاوچەرخ و گۆڕینی هەردوو یاسایی پارتە سیاسیەکان و هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ خواستەکانی سەردەم.

ئەم پارتە ئێستا دەسەلآت دارەو لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیران ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ٢٥٨ کورسی پەرلەمانی، (٤٠.٨٧٪) دەنگەکانی هێنا، هەروەها لە (٥٦) پارێزگا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. نەخشەی (٦).

---

(١٦) د.سەعد عبدولعەزیز مسلط، گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا ١٩٤٦ – ٢٠١٢، و: بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٢٨-٢٣٠.

نەخشەی (٤)

ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیران ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/ak-parti-secim-sonuclari

## ٢- پارتی گەلی کۆماری ( CHP):

پارتی گەلی کۆماری تورکیا، ئەم پارتە بە کۆنترین پارتەکانی تورکیا دادەنـدرێت کە ڕۆڵی لە دروست کردنی سیستەمی کۆماری و پەرلەمانی تورکیادا هەبووە، ئەم پارتە لە ٩ ی سیپتێمبەری ساڵی ١٩٢٣ لە سەر دەستی مصطفی کمال ئەتاتورك دامەزراوە، ئەم پارتە کۆتای بە دەسەلاتی خلافەتی ئیسلامی لە تورکیا داهێناو بڕیاری کەم کردنەوەی شوێنە ئاینیەکان و هەلگرتنی باڵا پۆشی لێکەوتەوە.

دوای کودەتای سەربازی ساڵی١٩٨٠ بڕیاری داخستنی ئەم پارتە دراوە بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ دیینیز بایکال دوبارە دەست بەکارەکانی کردەوە، ئەم پارتە پارتێکی چەپ ڕەوە و ڕکابەری پارتە ئیسلامیەکانە، لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ١٣٢ کورسی پەرلەمانی، (٢٤.٩٥٪) دەنگەکانی هێناو لە شەش پارێزگا زۆرینەی دەنگەکانی هێنا. نەخشەی (٥).

نەخشەی (٥)

ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/chp-secim-sonuclari

### ٣- پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا ( MHP):

ئەم پارتە بەدرێژە پێدەری بزووتنـەوەی تورکیا دادەنریت، هەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە (ئەرسلان ترکش) سەرپەرشتی کردوە، ئەم پارتە دژی هەر چاکسازیەکی دەستووریە کە ماف بەکەمینەکانی تورکیا بدات، مێژووی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ دوای چاکسازیەکانی ڕێگاپێدان بە پارتە جیاجیاکان لەساڵی ١٩٤٦ کە بە دەستپێکی چوونە ناو کایەی سیاسی ئەم پارتە دادەنرێت، چونکە سەرەتا ئەندامانی لەناو پارتی گەل دابون تا ساڵی ١٩٦٣ ئەرسلان ترکش و هاورێکانی لە مەنفا گەڕانەوەو چوونە ناو پاتی گەلی کۆماری بەڵام دوای وەرگرتنی ئەرسلان ترکش بۆ سەرکردایەتی ئەم پارتەلە کۆنگرەی ساڵی١٩٦٩ناوەکەیان بەهۆکاری بۆچونە نەتەوایەتیەکانی گۆردرا بۆ پارتی بزوتنەوەی نەتەوەی، لەهەمان ساڵ بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان کردو ٣٪ دەنگەکانی پەرلەمانی تورکیایان بەدەست هێنا، لەهەڵبژاردنی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بووە خاوەنی ٨٠ کورسی پەرلەمانی، (١٦.٢٩٪) دەنگەکانی هێناو تەنها لەپارێزگای (عوسمانیا) زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. نەخشەی (٦).

نەخشەی (٦)

دەنگەکانی پارتی نەتەوە پەرستی توکیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بە: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/mhp-secim-sonuclari

### ٤- پارتی دیموکراتی گەلان ( HDP):

هەدەپە لە ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ دامەزراوە، لە ئەنجامی یەکگرتنی پارتی ئاشتی و دیموکراتی و ئەم پارت و گروپە چەپ و سۆسیالستخوازانە (Devrimci Sosyalist Sosyalist , Ezilenlerin Sosyalist Partisi ,İşçi Partisi , Sosyalist Yeniden Kuruluş Partisi,Demokrasi Yeşiller ve Sol Gelecek Partisi)خاوەنی فەرمی وەیبەشی ئەندام بووە لە ساڵی ٢٠١٤دا، باوەڕی بە سۆشیالزم و دیموکراتیک، ژینگە پارێزی و فیمینیزم و فرەیی هەیە.

**ئەرتوغرول کورکچو پەرلەمانتاری ئێستای هەدەپ سەرۆکی پڕ شانازی پارتەکەیە، کەپێشرت لەگەڵ سەباحەت توجنەلی کچە پەرلەمانتاری بوێرو جەسور و قارەمانی زیندانەکان و کوردی عەلەوی پێکەوە هاوسەرۆکی پارتەکە بوون تا ٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤ , لە ٥ی تەموزی ٢٠١٤ ەشەوە سەلاحەدین دەمیرتاش و خاتووە فیگەۆن کسەکداغ تورکێکی سۆسیالستخوازی شاری ئەدەنەیە هاوسەرۆکی پارتەکەن، کۆرکچو یەکێکە لە سیاسەمتەدارانی ناسراوی چەپی پارتەکە.**

**هۆکاری سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی گەلان لەهەلبژاردنەکانی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا دەگەریتەوە بۆ کۆمەلیك هۆکار لەوانە:**

**- داعش و بەرخۆدانی کۆبانێ، چونکە ئەوەی کە زۆر کەوت لەسەر بنکەی جەماوەری پارتی دادوگەشەپێدان لەناوچە کورد نشینەکان، هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا بو بەرامبەر بە رێکخرواى داعش و بەرخۆدانی کۆبانی و لێدوانەکانی (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) بوو کاتێك وتی هێزەکانی داعش و یەکینەکانی پاراستنی گەل(YPG) هیچ جیاوازییەکەیان لەگەڵ یەکدا نییە و هەردوکیان تیرۆریستن.**

**- لەلایەکی ترەوە بێ دەرەنجام بوونی لێکۆلێنەوە لە کوشتاری (ڕۆبۆسکی) پێشتر یەکێك لە هۆکارەکانی دەنگ دانی کورد لە باکوری کوردستانی بە پارتی دادوگشەپێدان بۆ ڕێگری کردن بو لە کوشتاری ناڕەوای کوردان بە دەستی سوپای تورکیا، ڕاستە بەهاتنی پارتی دادوگەشەپێدان گۆڕانێك بەسەر دۆخی کورد داهات لە باکور بەلام کوشتنی ٦٢ هاولاتی کۆلبەری کورد بە بیانوی ئەوەی کە سەر بە پارتی کرێکارنی کوردستانن و بێ دەرەنجام بونی لێکۆلێنەوەکان لە دوای تێپەربونی ٦ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوە ویژدانی تەواوی کوردانی باکوری ئازادرا.**

**- سەبارەت بە دانوستانەکانی ئاشتی: پارتی دادوگەشەپێدان چەند هەفتە بەر لە هەڵبژاردن و بە پێی نەخشەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو نیەتی وابوو کەلە تورکە نەتەوە پەرستەکان نزیك ببێتەوە لەسەر بنەمای ئەوە کە شتێك نییە بە ناوی پرسی کورد لە تورکیا بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان.**

**- هەل و مەرجی ئابورییش هۆکارێکی تربوو چونکە لەکاتی بەدەسەلات گەیشتنی پارتی دادوگەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢ئابوری تورکیا بە شێوەیەکی مامناوەند هەرساڵە نزیك بە ٤,٥٪ گەشەی کردووە و لە حاڵی حازردا تورکیا ٦٨٪ دەولەمەند ترە لەچاو سیانزە ساڵ لەمەوبەر، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەم چەند ساڵی دواییدا گەشەی ئابوری تورکیا وەك جاران نەبوە، نرخی گەشەی ئابوری توریکا گەیشتە ٢,٩% و بە پێی پێشبینیەکانی سندوقی نێودەولەتی دراو ئەوژمارەیە لەم ساڵدا تەنها بە شێوەیەکی کەم زیاد ئەکات، هەروەها نرخی بێکاری کە سێ ساڵ لەمەوبەر لە ژێر ٨ %بو لە ساڵی ڕابوردودا ٢٠١٤ گەیشتە ١٠ % شایانی باسە کە گەندەڵ دارایی وەزیرەکانی نزیك لە ئەردۆغان ڕۆڵێ هەبو لە ناشرین کردنی سەرانی پارتی دادوگەشەپێدان.**

**- لەگەڵ ئەمانەشدا بانگەشەی سیستەمی سەرۆکایەتی: ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان هەمیشە جەختی لە گۆڕینی سیستەمەی حومکڕانی ئەکرد لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە تەنها ٤٠ % دانیشتوانی تورکیا پشتیوانیان لەو هەوڵە دەکرد و تا دەهات ترسەکان زیادتر دەبوو لەوەی کە ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان بتوانێت بە زۆرینەی دەنگەکان حکومەت پێك بهێنێت پرۆسەی سیاسی لە تورکیا بەرەو ئەوە ئەڕوات کە تەواوی دەسەلاتەکان لە چنگی کەسێکدا کۆبکاتەوە.**

نەخشەی (٧)

نەخشەی هەڵبژاردنی پارتی گەلی کۆماری لە٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست: http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/hdp-secim-sonuclari

## بەشی پێنجەم: ئایندەی کورد لە تورکیا و پەرلەمانی تورکیا

تێگەیشتنمان لە مێژووی گەلانو توێژینەوە لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان، ڕاستیەکی ڕۆشنمان بۆ دەسەلێنن، ئەویش بوونی بۆشاییەکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتییە لە ناوچەکانی ئەو ململانێیانەی جیهاندا یاخود بە بۆچوونێکی تر لەوێ دا نا چوونیەکییەك لەنێوان واقیعی ئەو گەلانە و نێوان خواست و ئاواتەکانی دوارۆژیاندا، هەیە ئەمە هەمان مەسەلەیە لە سەر ڕەوشی کورد لە تورکیا، ئەو سیستەمە دەستوورییەی  کە تورکیای کردووە بە دەوڵەتی یاسا، دان بەبوونی نەتەوەیی کورد نانێت، دیموکراتییەتی تورکیش مافی ڕادەربڕین نادات بە پتر لە ٢٠ ملیۆن هاوڵاتی کورد لەم وڵاتەی تورکیا کەئەوە زیاتر لە ١٠ ساڵە هەوڵ دەدات ببێتە دەوڵەتێکی ئەوروپایی هاوچەرخ لە ڕێگەی چوونە ناو ئەنجومەنی ئەوروپی و لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپیدا، هۆکاری ئەوەی تورکیای عیلمانی ودیموکراتی پەرلەمانی دان نانێت بە بوونی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تورکیا نایەوێت فرەییەکەی بکاتە چەترێك بەسەر هاوڵاتییە کوردەکانی خۆی.

ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی جۆزێف کرافت، دەڵێت دوای دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا( کەنعان ئیڤرین )لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٦، ڕەشنووسی ئەم دیدارەی پێشانی کۆنە باڵیۆزێکی ئەوروپی لە ئەمریکا کە شارەزای هەموو کون و کەلێنێکی پرسی تورکیا بوو دا، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەمەڕ مەسەلەکە دەربڕێ، باڵیۆزەکە پێی وابوو تورك حەز ناکەن دان بنێن بە کەمایەتی جیاجیای وەك کورد و ئەرمەنی و ئایینزای جیاجیا لە نێوانیاندا هەن. چونکە چەختکردنیان لە سەر ئەو جیاوازییانە لە تورکیا بەمانای کردنەوەی ڕێگایە لە پێش کەرت و پەرتبوونی زیدەتر ...و ئەوانیش بواری ئەم کارە نادەن، تورکەکان هێشتا کەمێك لە هەستی داب و نەریتی ئەو ئیمپراتۆرییەتەیان لاماوە کە لە سەروبەندی عوسمانییەکاندا زاڵ بوو، هەرچۆنێك بێت ڕژێمەکانی تورکیا

لەسەردەمی ئەتاتۆرکەوە، نایانەوێ دان بە بوونی نەتەوەیی کەمایەتییەکانی تری دانیشتووی تورکیا بنێن بە تایبەت کوردو ئەرمەنییەکان، ئەگەرچی ڕەوشی کوردی تورکیا و خەباتی نەتەوەییان، جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوەی تایبەت بە ئەرمەنییەکانە، لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

- بزوتنەوەی گەلی کورد لە تورکیا، داوای جۆرێك لە حوکمی نامەرکەزی ئیداری و پاشان لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەمەوە داوای ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) کرد، ئەم داخوازییە تەنها لە دوای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەرەو داوای سەربەخۆیی پەرەی سەند، ئەوەیش لەئاکامی ئەو سیاسەتە لەناوبردنەی هێزەکانی تورك لە دژیان پیادەی کرد، بەڵام بزوتنەوەی گەلی ئەرمەنی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە دەرەنجامی بڕیارەکانی کۆنگرەی لۆزان دەستیپێکرد.

- بزوتنەوەی گەلی کورد لە ناو تورکیا و لە سەر خاکی باو باپیران و لەو شوێنانەوە بەهەموو ناوچە جیاجیاکانی شارەزایەو خەبات دەکات، بەپێچەوانەی بزوتنەوەی ئەرمەنییەکان دەیانەوێ شەڕی تورك و بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات بکات، لە شوێنەی بەهەزاران میل لە نیشتمانی دایکەوە دوورن.

- بزوتنەوەی کورد لە تورکیا هەردوو کوردستانی عێراق و ئێران بەقووڵاییە ستراتیژی و شەرگەییەکەی خۆی دەزانێ بە ڕادەیەك ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا تا ئێستا وێڕای هاوپەیمانییان لەگەڵ ڕژێمە دراوسێیەکانی تورکیا، نەیانتوانیوە ئەم قووڵاییە ستراتیژییە پڕبکەنەوە، چونکە لەوێدا کوردستان بە هەموو بەشەکانیەوە یەکێتی خەباتی چارەنووسساز لەئارادایە، بەڵام دەبینین ئەرمەنییەکان لەم قوڵاییە ستراتیژی و خەباتە چارەنووسسازەی نێوان هەرسێ بەشەکەی ئەرمینیا، بێبەشن، چونکە لە ناو خاکی تورکیا هیچ بنکەیەکی سەرەکییان نیە لێوەی درێژە بەخەباتیان بدەن.

- ئەو کەشە دیموکراتی و نیمچە فرەییەی لە تورکیا هەیە و داواکردنی ڕۆشنبیر و هزربینی تورك بۆ پێویستی دانپێنانی بە بوونی نەتەوەیی گەلی کورد لە تورکیا، گوڕوتینێکی بەخشیوەتە بزوتنەوەی کورد بۆ بەردەوامبوون لە سەر خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی، کەچی ئەرمەنییەکان لەم پشتگیرییە ناوخۆییە بێبەشن، ئەوانیش وەکو کورد هاوسۆزی ژمارەیەك لە دەوڵەتەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە و ژمارەیەکیش لەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم بزوتنەوانە گونجاون، پشتگیرییان دەکەن، وەك پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەجۆرێك کەوتۆتە بازنەی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەمەش لەوە دەردەکەوێت ئەم پارتە ڕایگەیاندووە لەرێگەی پژاکەوە دەتوانێ سەقامگیری ناو ئێران تێك بدات، ئەمریکا چەندین جار کۆمەکی پەکەکەی کردووە بەو مەرجەی بدرێتە (پژاك)، ئەمریکا ئەو کۆمەکەی بۆ دژایەتی تورکیا پێشکەشی پەکەکە نەکردبوو، بەڵام دەشێ پەکەکە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری بهێنێ، هەرچەندە ئەو کۆمەکە دوای ڕێککەوتنی هەولگیری ئەمریکا و تورکیا ڕاگیرا[۱۷]. هەروەها دوای سەرهەڵدانی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) و بەشداریکردنی پەکەکە وەك پارتێکی دژ، هەم ڕاستەخۆ لەباشوری کوردستان و هەمیش لەرێگەی باڵێکی وەك یەپەگەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو پێشچوونی زیاتر لەنێوان ئەوان و خۆرئاوا ڕوویدا.

(۱۷) دۆغۆ ئەرگیل، کورد و ئاشتی و تورکیا، و: سەلام یار ئەحمەد وەلی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ۱، ساڵی ۲۱، سلێمانی، ۲۰۱۳، ل۲۸۸.

بزوتنەوەی گەلی کورد لە تورکیا، هەوڵ دەدات پێوەندییەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی گەورە لە لایەك و لەگەڵ بزوتنەوە پێشکەوتووخواز و دیموکراتییەکانی تورکیا لە لایەکی ترەوە پتەو بکات، سەرەڕای هاوکاریکردنی لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە جیهاندا، ئەم بزوتنەوەیە توانی بایەخ و گرنگی پێدانی بزوتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی تر لە ناوەوە و پشتگیری کوردی ناوچەکە و هاوسۆزی ناوەندە ئازادیخوازو دیموکراتییەکان لە جیهان دەستەبەر بکات، وەك ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥ی تورکیا بینیمان چەندین پارت و ڕێکخراو کۆمەڵەو دەستە پشگیری هەدەپە (HDP)یان کرد لەوانە پارتی دەسەتداری یۆنان و بەشێك لەپارتەکانی باشوری کوردستان، جا لەکاتی بانگەشەکان بەشدار دەبوون یان بەنوسین و لێدوان پشتگیریان بۆ ئەم پارتە دەدەبڕی، بۆیە ئەو هێزە پێشکەوتووخواز و دیموکراتخوازانە گروپ گەلێکی فشاریان پێکهێناوە یاخود بوونەتە هێزی فشاری سیاسی( لۆبی )لە سەر تورکیا لەپێناو دانپێنان بە بوونی نەتەوەیی کورد لە تورکیا و هەروا دانپێنانیش بە مافی نەتەوەیی کەمایەتییەکانی تر، لەبەر هەموو ئەم فاکتەرانە تورکیا هەر لەزووەوە کەوتۆتە خۆی و ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٨ کۆمپانیای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەشاری واشنتۆن بەناوی( دەستەی ڕێنماییکارانی نێونەتەوەیی )دامەزراند، بە ئامانجی نزیك خستنەوەی بیر و بۆچوونەکانی هەردوو حکوومەت.

بەشێوەیەك بڕیارەکان وابوون سوپا سالارەکان هەمیشە دوای تەنگژەکان ئەرکی سەرۆکی کۆمارییان گرتۆتە ئەستۆ، دابڕانی چارەنووسی نێوان هەردوو گەلی تورك و کورد لە دوای ساڵی ١٩٩٠ بەرەو دووچارەنووسی هاوتەریب گۆڕا، کاتێك حکوومەتی تورکیا ناچار بوو دان بنێت بەمومارەسەکردنی زمانی نەتەوەیی بۆ کوردی ئەم وڵاتە و دەیەها هەزار بەندکراوی کوردی لە گرتووخانەکانی حوکمی عورفی لە ناوچە کوردنشینەکە بەردا و حوکمی لەسێدارەدانیشی لە یاسای سزاکانی هەڵوەشاندەوە، بزوتنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە لایەنی خۆیەوە داخوازییە نەتەوەییەکانی لە( سەربەخۆییبوون)ەوە سووك کردەوە بەرەو دانپێنان بەبوونی نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمی، بگرە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسیش لە سەر ئەم داخوازییە ڕازی بوو ئەگەر پێویستبوو، تەنانەت (عەبدوڵا ئوجالان) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانیش بانگهێشتی حکوومەتی تورکیای کرد بۆ دانوستان لەگەڵ بزوتنەوەکەی سەبارەت بە هەمان بابەت.

لەئێستادا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پێگەی تورکیا و پەرەسەندنی دیموکراتی لەم وڵاتە گۆڕانی بەسەرهاتووە، سەرەڕای ئارەزووی تورکیا بۆ بەئەندامبوونی لە ناو ئەنجومەنی ئەوروپی، ئەمانە هەموو وادەکەن خێراتر مافەکانی کورد لە چوارچێوەی تورکیا دەستەبەر بێت، وا دیارە ڕەوتی ڕووداوەکان لە تورکیا ڕووە و بەدیهاتنی پێشبینییەکەی (عەبدوڵا ئۆجالان)ە لەمەڕ کێشەی کورد بەم سیناریۆیە، دەڕوات: **سوپاسالار لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا جەخت دەکاتە سەرئەوەی کە سەرکردەکانی سوپا زۆر هەست بە نیگەرانی دەکەن، چونکە شەڕ لە دژی کورد هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆی وەدەستنەهێناوە،** بەڵام ئێمە پێم وایە کورد لە تورکیا بە هەموو مافەکانی خۆیان لە چوارچێوەی یەکێتی تورکیا شاد دەبن، چ بە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیان، یان بە ڕێگەی دامەزراندنی یەکێتییەکی فیدراڵ لە نێوان هەردوو نەتەوەی تورك و کورد وەکو فیدریالیزمی سویسری. بەمە بەشداری لەپەرەپێدانی دیموکراتی لە تورکیا دەکەن بەرێگەی دامەزراوەدەستوورییەکانی وڵات و ئۆتۆنۆمییەکی نموونەیی بەدەست دێنن دەبێتە جێی سەرنجی هەموو کورد لە ناوچەکە و پاڵێش بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەنێن دان بەمافی نەتەوەیی

**کورد بنێن لە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینەدا، بەوە هاوکاری دەکەن لەپەرەسەندن و تەکانـدان بەبزووتنـەوەی گـەلی کورد بەگشتی بەرەو سەرکەوتنی زێدەتر لە پێناوی رزگاری و دیموکراتیدا.**

## ئـەنجـام

**لەم لێکۆڵینەوەیە دوای تاوتوێکردنی بابەتەکانی، گەیشتین بەچەندین ئەنجامی زانستی کەبریتین لە:**

**١- ژمارەی دانیشتوانی تورکیا بەپێی ئامارەکان بەردەوام لـەزیاد بونداـیە، بـەجۆرێك بـەپێی دوایـن ئامـاری سـاڵی ٢٠١٤ ژمارەی دانیشتوانی تورکیا (٧٧.٦٩٥.٩٠٤)کەس بووە، هاوتەریب بە بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان ژمـارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیشیان هەیە زیاد دەکات، بەپێی ئامارەکان تورکیای لەساڵی ٢٠١١دا بەرێژەی (٦٦.٦٪) و ساڵی ٢٠١٤ بەرێژەی (٦٧.٧٪)کەس تەمەنیان لەسەروی ١٨ ساڵیدابوون، واتا مافی دەنگدانیان هەبوو.**

**٢- مێـژووی دەسـتپێکردنی هەڵبژاردنـە پەرلەمانیـەکانی تورکیـا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ١٩٢٣/١٠/٢٩دا، یەکەم هەڵبژاردن لە بەرواری ٢٣نیسانی ساڵی ١٩٢٠ ئەنجامـدرا، ئەمەلەکاتێکدا دوایـن هەڵبـژاردنیش لـە بـەرواری ١ی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٥ ئەنجامـدرا، بـەم پێیەش (٢٦) خولی هەڵبژاردن گرێدراوە.**

**٣- لەبەر فراوانی ڕووبەری وڵاتی تورکیا و بۆئەوەی بتواندرێت پرۆسەی هەڵبژاردن کۆنترۆڵ بکرێت، لەهـەردوو هەڵبژاردنی (٢٠١١ و ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٥)دا وڵات دابەشکرا بەسەر ٨٥ هەرێم یاخود بازنەی هەڵبژاردندا، ژمـارەی بازنەکان و کورسیەکانی هەریەك لە بازنەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دیاری کراوە.**

**٤- لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١١ تورکیادا (٥٠,٣٣٩,٥٩٦)کەس مافی بەشداربوانیان هەبوو، بـوو بـەڵام لـەم هەڵبژاردنـەدا (٤٣,٩١٢,١٧٠)کەس بەشداریکردو ڕێژەی بەشداریدنی دەنگدەران ٨٣,٢٣٪بوو، هـەروەها هەڵبـژاردنی ٧ی حـوزەیرانی ٢٠١٥ ئـەم پرۆسـەیەش بەبەشـداری (٥٤.٨١٣.٣٧٥)دەنگـدەر کـەمافی دەنگـدانیان هـەبوو دەسـتی پێکـردوو تیایـدا (٤٧.٤٩٠.٥٤٦) دەنگدەر لەکۆی کە(٥٣,٧٦٥,٢٣١)دەنگدەریان لەناوخۆو (٢,٨٦٧,٦٥٨)لەدەرەوەی تورکیـا مـافی دەنگـدانیا هەبوو دەنگیاندا، بەرێژەی ٨٣,٩٢٪ .**

**٥- لـە هەڵبـژاردنی ساڵی٢٠١١ پـارتی دادو گەشـەپیدانی AKP (٢١,٣٩٩,٠٨٢)دەنگـی بەدەسـت هێنـابوو کـە دەکاتـە ٤٩,٨٤٪ دەنگەکان بەم شێوەیەش ٣٢٧ کورسی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام هەمان پارت لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥دا ژمـارە و ڕێـژەی دەنگـەکانی دابـەزی بـۆ(١٨,٨٦٤,٨٦٤)دەنـگ، کـە دەکاتـە ٤٠,٨٧٪ دەنگـەکان بـەم شـێوەیەش بـوە خـاوەن ٢٥٨کورسی پەرلەمانی، واتا (٩٪)ی دەنگەکانی کەمیکرد، لەبەرامبـەردا کوردەکان لەهەڵبـژاردنی پەرلـەمانی ٢٠١١ تورکیا بەکاندیی سەربەخۆ بەشداربوون (٢,٨١٩,٩١٧)دەنگیان بەدەست هینابوو کە ٦,٥٧٪دەنگەکانی دەکـردو تـەنها ٣٥ کورسیان هەبوو، بەڵام هەرچی کوردیش بوو ئەمجارەیان لەژێر چەتری پارتی دیموکراتی گـەلانHDP چـووە پێشـبرکی و (٦,٠٥٧,٥٠٦)دەنگیـان بەدەسـت هێنـا کـە دەکاتـە ١٣,١٢٪دەنگـەکان و ٨٠ کورسـیان مسـۆگەر کـردو هاوکیشەکەیان گۆری.**

**٦- لەئێستادا هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پێگەی تورکیا و پەرەسەندنی دیموکراتی لەم وڵاتە گۆڕانی بەسەرهاتووە، سەرەڕای ئارەزووی تورکیا بـۆ بەئەنـدامبوونی لـە نـاو ئەنجومـەنی ئـەورووپی، ئەمانـە هـەموو وادەکـەن خێراتـر مافەکانی کورد لە چوارچێوەی تورکیا دەستەبەر بێت، وا دیارە ڕەوتـی ڕووداوەکـان لـە تورکیـا ڕووە و بـەدیهاتنی پێشبینییەکەی (عەبدوڵا ئۆجالان)ە لەمەڕ کێشەی کورد.**

## ڕاســپاردە

پشت بەست بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەك، بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن و شارەزابوون لە تورکیا و هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو:

١- ژمارەی ئەو دەنگانەی کە پارتی دیموکراتی گەلان بەدەستی هێناوە بەراورد بەژمارەی کورد لە تورکیا زۆر کەمترە، بەڕێژەی زیاتر (١٠٪)، بۆیە پێویستە کوردەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە بدەن دەنگدەری کورد دەنگ بە پارتە کوردییەکان بدەن، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی تورك پێکهاتەکانی تریش بدرێت، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی خزمەتەوە ئەنجام دەدرێت.

٢- پارتی داد و گەشەپێدانی فەرمان ڕەوا ناتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە پێویستە پارتە براوەکان بەگشتی و هەدەپە بەتایبەتی ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ ئەوەی بۆ ڕێگری لە هەوڵەکانی ئەردۆکان بۆ بەسەرۆکایەتی کردنی سیستەمی حوکم تاکڕەوی و چارەسەری کێشەی کورد و فەراهەمکردنی مافەڕەواکانیان..هتد.

٣- حکومەتی ئەم خولە هاوپەیمانی یان بنکە فراوان دەبێت، هەربۆیەش پێویستە لەئەگەری بەشداری هەدەپە، پێویستە خومەتگوزاری زیاتر و پێویست بەرەو ناوچە و شارەکوردییەکان ببرێت و برەوی پێبدرێت.

٣- پێویستە هەدەپە لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیەتی پەرلەمانیەوە هەوڵی هەڵوەشانەوەی یاسایی تێپەڕاندنی ڕێژەی (١٠٪) بدات، چونکە ئەم یاسایە هەمیشە ڕێگربووە لە چوونی کوردەکان بۆ پەرلەمان لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو.

پاشکۆی (١)

ژمارەی کورسی و ڕێژە و ژمارەی دەنگی پارتە بەشداربووەکانی ٢٠١١ی پەلەمانی تورکیا

| پارتە بەشدارەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| AK Parti | 21,465,541 | % 49.95 | 326 |
| CHP | 11,147,167 | % 25.94 | 135 |
| MHP | 5,576,611 | % 12.98 | 53 |
| BAĞIMSIZ | 2,825,952 | % 6.58 | 36 |
| SP | 535,507 | % 1.25 | |
| HAS | 327,230 | % 0.76 | |
| BBP | 315,901 | % 0.74 | |
| DP | 280,927 | % 0.65 | |
| HEPAR | 122,275 | % 0.28 | |
| DSP | 106,327 | % 0.25 | |
| DYP | 64,279 | % 0.15 | |
| TKP | 61,201 | % 0.14 | |
| MP | 59,814 | % 0.14 | |
| MMP | 36,901 | % 0.09 | |
| EMEP | 31,537 | % 0.07 | |
| LDP | 15,495 | % 0.04 | |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2011-genel-secimleri/

## پاشکۆی (٢)

## ژمارەی کورسی و ڕێژە و ژمارەی دەنگی پارتە بەشدارەبووەکانی ٢٠١١ی پەلەمانی تورکیا

| پارتە بەشدارەکان | ژمارەی کورسی و ڕێژەی دەنگ | ڕێژەی دەنگی ناوخۆ | ڕێژەی دەنگی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| AK PARTİ | %40,87 \| 258 | %40,66 | %49,88 |
| CHP | %24,95 \| 132 | %25,13 | %17,21 |
| MHP | %16,29 \| 80 | %16,45 | %9,25 |
| HDP | %13,12 \| 80 | %12,96 | %20,29 |
| SAADET | %2,06 | %2,07 | %1,59 |
| BAĞIMSIZ | %1,08 | %0,00 | %0,00 |
| VATAN PARTİSİ | %0,35 | %0,34 | %0,62 |
| BTP | %0,21 | %0,21 | %0,14 |
| DSP | %0,19 | %0,19 | %0,18 |
| DP | %0,16 | %0,17 | %0,05 |
| TURK PARTİ | %0,16 | %0,16 | %0,08 |
| KURTULUŞ PARTİSİ | %0,13 | %0,13 | %0,17 |
| HAK-PAR | %0,13 | %0,13 | %0,15 |
| DYP | %0,06 | %0,06 | %0,13 |
| ANA PARTİ | %0,06 | %0,06 | %0,06 |
| LDP | %0,06 | %0,06 | %0,04 |
| MEP | %0,05 | %0,05 | %0,03 |
| MİLLET | %0,04 | %0,04 | %0,02 |
| KP | %0,03 | %0,03 | %0,03 |
| YURT-P | %0,02 | %0,02 | %0,02 |
| HAP | %0,01 | %0,01 | %0,06 |
| DİĞER | %0,00 | %0,00 | %0,00 |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/

## پاشکۆی (٣)

## ڕێژەی دەنگی پارتە براوەکانی هەڵبژاردنی ٧حوزەیرانی ٢٠١٥ی پەرلەمانی تورکیا بەپێی شارەکان

| شـارەکـان | AK PARTİ | CHP | MHP | HDP | ئەوانی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| İSTANBUL | %41,11 | %29,14 | %11,03 | %12,60 | %6,12 |
| ANKARA | %41,40 | %29,17 | %17,82 | %5,57 | %6,04 |
| İZMİR | %26,75 | %44,77 | %13,61 | %10,54 | %4,33 |
| ADANA | %30,40 | %28,56 | %23,08 | %14,56 | %3,40 |
| ADIYAMAN | %58,00 | %11,49 | %4,34 | %22,63 | %3,54 |
| AFYONKARAHİSAR | %52,30 | %16,75 | %25,08 | %1,48 | %4,39 |
| AĞRI | %16,60 | %1,38 | %2,72 | %76,91 | %2,39 |
| AKSARAY | %58,20 | %6,91 | %29,83 | %2,15 | %2,91 |
| AMASYA | %45,87 | %26,02 | %22,62 | %1,61 | %3,88 |
| ANTALYA | %35,28 | %32,48 | %21,69 | %7,24 | %3,31 |
| ARDAHAN | %26,76 | %22,09 | %7,84 | %30,15 | %13,16 |
| ARTVİN | %39,06 | %30,68 | %22,63 | %3,12 | %4,51 |
| AYDIN | %29,72 | %40,07 | %17,95 | %9,10 | %3,16 |
| BALIKESİR | %39,12 | %33,67 | %20,01 | %3,46 | %3,74 |
| BARTIN | %41,65 | %30,23 | %18,00 | %1,67 | %8,45 |
| BATMAN | %18,90 | %1,16 | %1,23 | %71,40 | %7,31 |
| BAYBURT | %60,03 | %2,79 | %31,50 | %1,52 | %4,16 |
| BİLECİK | %37,58 | %29,18 | %25,42 | %3,68 | %4,14 |
| BİNGÖL | %47,01 | %1,60 | %2,94 | %40,52 | %7,93 |
| BİTLİS | %31,36 | %1,70 | %4,03 | %59,46 | %3,45 |
| BOLU | %51,95 | %24,44 | %15,94 | %2,09 | %5,58 |
| BURDUR | %43,10 | %27,09 | %22,91 | %1,90 | %5,00 |
| BURSA | %43,99 | %27,71 | %17,49 | %5,85 | %4,96 |
| ÇANAKKALE | %34,56 | %39,04 | %19,77 | %3,07 | %3,56 |
| ÇANKIRI | %59,20 | %6,90 | %28,17 | %1,28 | %4,45 |
| ÇORUM | %54,28 | %22,28 | %17,63 | %2,27 | %3,54 |
| DENİZLİ | %39,78 | %34,76 | %18,14 | %4,18 | %3,14 |
| DİYARBAKIR | %14,80 | %1,31 | %1,24 | %77,73 | %4,92 |
| DÜZCE | %59,17 | %16,09 | %15,62 | %2,44 | %6,68 |
| EDİRNE | %24,77 | %52,94 | %15,62 | %3,05 | %3,62 |
| ELAZIĞ | %52,85 | %6,89 | %20,59 | %15,36 | %4,31 |
| ERZİNCAN | %49,22 | %25,34 | %16,53 | %5,85 | %3,06 |
| ERZURUM | %51,97 | %3,07 | %23,15 | %17,84 | %3,97 |
| ESKİŞEHİR | %36,24 | %38,81 | %16,67 | %3,96 | %4,32 |
| GAZİANTEP | %47,03 | %16,37 | %17,78 | %15,32 | %3,50 |
| GİRESUN | %53,46 | %21,91 | %18,33 | %1,43 | %4,87 |
| GÜMÜŞHANE | %56,76 | %5,36 | %30,94 | %1,94 | %5,00 |
| HAKKARİ | %9,71 | %1,38 | %2,65 | %84,91 | %1,35 |
| HATAY | %38,06 | %35,90 | %13,91 | %6,89 | %5,24 |
| IĞDIR | %11,73 | %3,90 | %26,68 | %55,92 | %1,77 |
| ISPARTA | %44,24 | %22,15 | %26,66 | %2,22 | %4,73 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| KAHRAMANMARAŞ | %60,79 | %8,69 | %19,70 | %5,49 | %5,33 |
| KARABÜK | %47,95 | %17,23 | %27,18 | %1,55 | %6,09 |
| KARAMAN | %55,40 | %15,55 | %22,50 | %1,63 | %4,92 |
| KARS | %27,17 | %12,08 | %13,92 | %43,46 | %3,37 |
| KASTAMONU | %48,72 | %18,60 | %26,83 | %1,11 | %4,74 |
| KAYSERİ | %52,35 | %12,54 | %27,39 | %2,72 | %5,00 |
| KIRIKKALE | %50,60 | %15,36 | %28,43 | %1,69 | %3,92 |
| KIRKLARELİ | %23,70 | %49,40 | %21,13 | %2,72 | %3,05 |
| KIRŞEHİR | %39,84 | %19,30 | %31,64 | %6,42 | %2,80 |
| KİLİS | %49,20 | %7,90 | %35,02 | %4,07 | %3,81 |
| KOCAELİ | %46,40 | %24,23 | %15,20 | %7,66 | %6,51 |
| KONYA | %65,09 | %9,91 | %16,26 | %4,53 | %4,21 |
| KÜTAHYA | %54,49 | %12,01 | %26,58 | %1,32 | %5,60 |
| MALATYA | %58,42 | %16,61 | %11,36 | %8,19 | %5,42 |
| MANİSA | %37,13 | %28,95 | %23,44 | %7,03 | %3,45 |
| MARDİN | %19,91 | %1,35 | %1,29 | %72,06 | %5,39 |
| MERSİN | %26,42 | %28,68 | %24,46 | %17,90 | %2,54 |
| MUĞLA | %26,93 | %45,12 | %18,67 | %5,45 | %3,83 |
| MUŞ | %24,86 | %1,46 | %2,03 | %70,18 | %1,47 |
| NEVŞEHİR | %52,40 | %14,98 | %27,30 | %1,82 | %3,50 |
| NİĞDE | %47,90 | %21,29 | %25,21 | %1,63 | %3,97 |
| ORDU | %52,93 | %28,24 | %12,84 | %1,26 | %4,73 |
| OSMANİYE | %39,10 | %13,42 | %40,36 | %4,21 | %2,91 |
| RİZE | %66,38 | %18,85 | %8,10 | %1,57 | %5,10 |
| SAKARYA | %56,50 | %15,89 | %19,20 | %2,98 | 31.739 |
| SAMSUN | %52,86 | %22,99 | %17,66 | %1,61 | %4,88 |
| SİİRT | %28,66 | %1,57 | %2,51 | %64,79 | %2,47 |
| SİNOP | %47,54 | %28,40 | %16,78 | %1,66 | %5,62 |
| SİVAS | %57,48 | %15,03 | %18,00 | %1,79 | %7,70 |
| ŞANLIURFA | %46,78 | %4,39 | %5,65 | %38,08 | %5,10 |
| ŞIRNAK | %9,72 | %1,32 | %2,54 | %83,89 | %2,53 |
| TEKİRDAĞ | %31,59 | %43,87 | %15,03 | %5,87 | %3,64 |
| TOKAT | %51,57 | %20,77 | %21,69 | %1,70 | %4,27 |
| TRABZON | %55,29 | %17,01 | %20,75 | %1,32 | %5,63 |
| TUNCELİ | %11,52 | %20,53 | %5,99 | %60,00 | %1,96 |
| UŞAK | %38,29 | %28,11 | %27,44 | %2,79 | %3,37 |
| VAN | %20,07 | %1,35 | %2,85 | %73,59 | %2,14 |
| YALOVA | %39,73 | %28,84 | %19,22 | %8,57 | %3,64 |
| YOZGAT | %58,12 | %9,20 | %27,48 | %1,39 | %3,81 |
| ZONGULDAK | %38,26 | %38,52 | %16,25 | %1,61 | %5,36 |

سەرچاوە/ http://www.sabah.com.tr/secim/2015-genel-secimleri/

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ کوردییەکان

**أ/ کتێب:**


١- ئەحمەد، سامان حوسێن و د. بەختیار سەعید مەحمود، مێژووی هاوچەرخی تورکیا، چ ١، چاپخانەی نارین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- خۆشناو، عەباس، تورکیا نەبەرد لەپێناو مانەوەدا (دەستوری تورکیاو دەستکاری)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣- مسلط، سەعد عبدولعەزیز، گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی لەتورکیا ١٩٤٦ – ٢٠١٢، و: بەرزان مەلا تەها، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.


**ب/ گۆڤارەکان**


١- ئەرگیل، دۆغۆ، کورد و ئاشتی و تورکیا، و: سەلام یار ئەحمەد وەلی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١، ساڵی ٢١، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢- عزیز، ئارام علی، کۆرنۆلۆژیای کۆماری تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، دۆسی تورکیا، ژمارە١ ساڵی ٢٠٠٥.

٤- گەرمیانی، یونس، هەڵبژاردنەکانی تورکیا و سەرکەوتنی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان - گۆڤاری سیاسەتی نێودەوڵەتان، ژمارە ٣، سلێمانی، ٢٠٠٣.


### دووەم/ عەرەبییەکان

**أ/ کتێب**


١- البرزنجی، سرهنگ حمید، انتخابات اقلیم کردستان العراق بین النظریة والتطبیق، ط١، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠٢.

٢- لخطیب، نعمان احمد، الموجیز فی النظم السیاسیة، ط١، دار الثقافة للنشر و التوزیع، عمان، ١٩٩٩.

٣- کرم، غازی، النظم السیاسیة والقانون الدستوری، دراسة مقارنة للنظام الدستوری فی دولة الامارات العربیة المتحدة، ط١، دار اثراء للنشر، عمان، ٢٠٠٨.

٤- الشاوي، منذر، الاقتراع السیاسي، مدیریة دار الکتب للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠١.

٥- عیدو سعد وعلی مقلد و عصام نعمة اسماعیل، النظم الانتخابیة، دراسة حول العلاقة بین النظام السیاسی والنظام الانتخابی، مرکز بیروت للابحاث والمعلومات، بیروت، لبنان.

٦- عبدالله، خاموش عمر، العلاقة بین الانتخابات والدیموقراتیة، ط١، مرکز بحوث العلاقات، اربیل، ٢٠٠٩.


**ب/ نامەی ماستەر**


١- الزبیدی، شاکر ظاهر فرحان، جغرافیة الانتخابات البرلمانیة فی العراق لعام ٢٠٠٥، دراسة جغرافیة سیاسیة، رسالة ماجستر غیر منشور، بغداد، ٢٠٠٧.


**ج/ گۆڤار**


١- شهاب، مجید حمید، محمد جواد شبع و اخرون، الجغرافیة الانتخابیة للاحزاب في ترکیا، مجلة کلیة السیاسة جامعة بابل، العدد ٢، ٢٠١٠.

**سێیەم/ ئینتەرنێت**

١- www.mapsofworld.com
٢- www.monroecollege.edu
٣- www.ulusalkanal.com.tr
٤- www.sbeiy.com
٥- www.tuik.gov.tr
٦- www.sabah.com
٧- ar.wikipedia.org
٨- www.adania.com.tr
٩- www.invest.gov.tr
١٠- www.dimpool.com

## پوختە

هەڵبژاردن دیاردەیەكی سیاسی خاوەن خاسیەت و سیفەتی شوێنە ( مكانیه)، لەكاتیكیدا زانستی جوگرافیا بایەخ بە جیاوازیەكانی شوین دەدات بۆیە لێكۆلینەوە لە بواری جوگرافیای هەلبژاردن وەك لقیكی گرینگی جوگرافیای سیاسی بایەخ و گرینگی تایبەتی خۆی هەیە ، چونكە هەڵبژاردنەكانن ڕۆلی سەرەكان دەبیت لە دیاریكردنی كاریگەری پارت و لایەن و دەسەلاتە سیاسیەكان لە سەر بەریوەبردنی یەكە رامیاریەكاندا دەبیت .
لەكاتێكدا هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی توركیا بە گرینگترین رووداوە كاریگەریەكانی خاوەن خاسیەتە كێبركێكان دادەنرێت كە هاولاتیانی ئەم ولاتە زۆرترین بایەخی پێدەدەن، ئەم لێكۆلینەوە رونكردنەوەی پیویست دەخاتە روو سەبارەت بە رەهەندەكانی جیاوازی دەرئەنجامەكانی هەردوو هەڵبژاردنەكانی ساڵانی(٢٠١١ و٢٠١٥)پەرلەمانی توركیا ئەمەش لە رێگای شێكردنەوەو ووردبونەوە لە جومگەكانی ئەم پرۆسەیە لە سیستەمی هەلبژاردن و دابەش بوونی بازنەكانی هەلبژاردن و كاریگەریە جوگرافیەكان لەسەر لیستە براوەكان و شیكردنەوەی ناوچەكانی پالپشتی هەر پارت و لایەنیك ووخستنە روی كاریگەری دەرئەنجامەكان لەسەر رەوشی ناوەخۆی توركیا بەتایبەتی لەگەل كوردو ئاسۆی داهاتوی ئەم نەتەوەیەش لە ئایندەی توركیادا خراوەتە روو.

**الملخص:**

**(الجغرافية الأنتخابية لبرلمان تركيا ما بين عامين ٢٠١١ – ٧ حزيران ٢٠١٥)**

**تعد الانتخابات ظاهرة سياسية ذات خاصية مكانية ، وبما ان الجغرافية تهتم بالتباينات المكانية لذا تعد جغرافية الانتخابات من الموضوعات الحيوية في مجال الجغرافية السياسية، هذا مادفع بالكثير من المختصين في هذا المجال بالقول بان دراسة مواضيع الانتخابات في الوقت الحالي بات من الظروريات الزمنية الملحة لما تظهره نتائج هذه الدراسات من تاثير على السلطة السياسية والايدولوجية والقانونية للوحدة السياسية.**

**ولكون الانتخابات البرلمانية التركية هي الاهم من حيث الطابع التنافسي بين الاحزاب والقوى السياسية واكثر جاذبية لاهتمام الناخبين جاءت هذه الدراسة لتوضيح ابعاد والفوارق النتائجية بين اعوام(٢٠١١ -٢٠١٥ )للانتخابات التركية وذلك من خلال التعمق في مفاصل تلك العملية من نظم الانتخابية وتوزيع الدوائر الانتخابية وتاثير العوامل الجغرافية الى تحليل القوائم الفائزة وتاثيره بالواقع التركي وخاصة الكوردى منها مستندا في ذلك على النتائج والتحاليل على الارقام والاحصاءات الرسمية الصادرة عن المفوضية العليا للانتخابات في تركيا.**

## Abstract

**(Geographical electoral Turkey's parliament two years between 2011 - June 7, 2015)**

Election is a political phenomenon that has spatial characteristic, meanwhile geography deals with spatial differences, so the study has a great importance in the field of geography of election as a vital branch in the geopolitical area, since elections always play key roles in giving power to political parties to manage and administrate the political and governmental units. Thus, a lot of experts in this field claim that doing research regarding elections at the present time is of the necessary at the present time.

While, the Turkish parliamentary elections are the most important events in terms of the competitive nature between parties and political forces as voters in Turkey take it into consideration. This study is to clarify the dimensions and different consequences of the (2011-2015) parliamentary elections in Turkey through analyzing and deeply studying the aspects of this process including electoral systems, the distribution of electoral districts and the impact of geographic factors on the winning parties and the areas where support specific political parties and showing the effects of the results on Turkey, particularly the Kurdish ones and the future of Kurds in Turkey, based on the results and analysis on official figures and statistics released by the Electoral Commission in Turkey.

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئاوی باران
# لەشاری سلێمانی ودەوروبەری بۆ ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤

د. عطا محمد علاءالدین د. ڕۆژان فەرەیدون عبدالرحمن
زانکۆی سلێمانی
سکولی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

**پێشەکی**

لێکۆڵینەوە ژینگەییەکان بەراورد بەلێکۆڵینەکانی تر لەئەمرۆدا بەهۆی دەرکەوتنی کاریگەریەکانی پیسبوون لەسەر ژینگەی مرۆڤ وگیانلەبەران وتەواوی ناوەندە ژینگەییەکانی تر شوێنێکی گرنگیان داگیرکردووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کار وچالاکیە مرۆییەکان وزیادەرەوی کردن لەبەکارهێنانی دەرامەتەکاندا، ونەبوونی پلانی زانستی پێویست لەلایەن پەیوەندیدارانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسیەکانی رەگەزە پیسکەرەکان کەبەردەوام لەزیادبووندان.

ناوچەی لێکۆڵینەوەش یەکێکە لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان وبەچری دانیشتوان وئەنجامدانی چەندین چالاکی ئابوری جۆربەجۆر لەشارەکەو ناوچەکانی دەوروبەریدا دەناسرێتەوە وبەرەو رووی چەندین کێشەی ژینگەیی بوەتەوە وبووەتە جێگەی باسکردن وگرنگی پێدانی توێژەرەکان ورێکخراو ودەزگا پەیوەندیداراکان. هەر لەبەر ئەوەی کەباسکرا ولەپێناو دەرخستنی یەکێك لەکێشە ژینگەییەکانی ناوچەکە کەبریتیە لەپێکهاتەی ئاوی بارانی ناوچەکە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئاوی باران لەشاری سلێمانی ودەوروبەری بۆ ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) ئەنجامدرا.

گرنگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کەتیایدا جەخت دەخرێتە سەر لایەنێکی گرنگی ژینگەیی شاری سلێمانی ودەوروبەری، بەهۆی دروستبوونی گۆران لەتایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی ئاوی بارانی ناوچەکە کەبەپێی جیاوازی شوێن وکات لەنمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، وتیایدا کاریگەری هەردوو فاکتەرە سروشتی ومرۆییەکان لەسەر ئاستی بوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان لەئاوی بارانی ناوچەکەدا بەئاشکرا دەبینرێت، وەئاشکرایە کەپێشتر هیچ لێکۆڵینەوەیەك بەم شێوە وئاراستەیە لەسەر ناوچەکە ئەنجام نەدراوە.

لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەکە ئامانجی خۆی هەیە لەڕووی دەرخستنی شیاوی ئاستی پێکهاتەکانی ئاوی بارانی ناوچەکە، وتیایدا کاریگەری چالاکیە مرۆییەکان زۆر بەئاشکرا لەسەنتەری شار وناوچەکانی باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەگشتی دەردەکەوێت، ولێرەدا شوێن وبەرزونزمی ڕووی زەوی وهەڵکردنی ئاراستەی با وبەهەڵمبوون ڕۆڵی گەورەیان هەیە.

سەبارەت بەشوێنی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بەشاری سلێمانی ودەوروبەری کەتیایدا نمونەکان دابشکراوە بەسەر (٩) جێگای جیاوازدا، ولەرووی بەکارهێنانی زەویەکانیانەوە بەمەبەستی (نیشتەجێبوون وبازرگانی وپیشەسازی وناوچەی سەوزایی) دەگۆرێت، هەروەها هەریەکێك لەو شوێنانەش لەڕووی تایبەتمەندیەکانی شوێن وجێگە وبەرزیانەوە جیاوازن، هەروەك لەخشتەی ژمارە (١)، ونەخشەی ژمارە (١) ئاماژەی بۆ کراوە.

نەخشـــەی‌ژمارە ( 1 )

شــوێن وجێگەی وەرگرتــنی نمونـــەکانی ئـاوی بـاران لـە ناوچەی لێکۆڵینـــــەوە




سەرچاوە: توێـژەر پشـت بەسـت بـە: حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ، وەزارەتـی شـارەوانی وگەشـتوگوزار ، بەشـی نەخشەسـازی ، ماسـتەرپلانی سـلێمانی ،2009.
هەروەها https://www.google.com/earth/explore/products/desktop.html

هەروەها کاتی وەرگرتنی نموونەکان بۆ وەرزی بارانی ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) دەگەڕێتەوە، وبۆ دوو کاتی جیاواز لە٢١-١٢-٢٠١٣ هەتا ٢٠-٣-٢٠١٤ وە لە٢١-٣-٢٠١٤ بۆ٢١-٦-٢٠١٤ دابەشکراوە، سەبارەت بەبەرواری وەرگرتنی داتاکانی کەش وهەواش هەمان ئەو ماوەیە کە نمونەکانی باران بارینی تیادا وەرگیراوە لەماوەی نێوان (٢١-١٢-٢٠١٣ بۆ ٢١-٦-٢٠١٤)، وئەمەش هەردوو وەرزی زستان وبەهار دەگرێتەخۆ.

گریمانەی لێکۆڵینەوەش بەستراوەتەوە بەکاریگەری جیاوازی شوێن وکات لەسەر جیاوازی پێکهاتەی ئاوی بارانی ناوچەکە، وپێویستە پرسیار بکرێت ئایا فاکتەرە سروشتیەکانی وەك بەرزو نزمی ورەگەزەکانی ئاووهەوا وەك جیاوازی پلەی گەرما بەپێی وەرزەکانی ساڵ وخێرایی وئاراستەی هەڵکردنی با وبەهەڵمبوون کاریگەریان لەسەر پێکهاتەی ئاوی بارانی ناوچەکە دروست کردوە؟ وەئایا فاکتەرە مرۆییەکان لەرووی کۆبوونەوەی دانیشتوان وچالاکی ئابووری وبەکارهێنانی زەوی وناوچە سەوزاییەکان کاریگەریان لەم رووەوە هەیە؟ وەئایا بەم پێیە ئاستی رەگەزە کیمیاوی وفیزیاویەکان لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگۆڕێت؟.

میتۆدی زانستی لێکۆڵینەوەکەش بریتیە لەمیتۆدی شیکاری وتیایدا ئاوی باران بۆ نمونەکان لەرێگای بەکارهێنانی کەمووڵەی تایبەتەوە وەرگیراوە. وپاشان لەتاقیگەدا شیکردنەوەی کیمیاوی وفیزیاویان بۆ ئەنجامدراوە وبەچەندین خشتەو شێوە ونەخشە ئەنجامەکانیان لەتوێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو، پاشان بەراوردکردنی ئەنجامەکان بەپێی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی. ئەمە سەرەرای پشتبەستن بەچەندین سەرچاوەی زانستی وبەکارهێنانی ئامێری GPS وبەرنامەی google earth کە لەدیاریکردنی شوێنی نمونەکان ودروستکردنی نەخشەکاندا سوودیان لێوەرگیراوە.

چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوەکەش بریتیە لەباسکردنی باری ئاووهەوای ناوچەکە لەرووی پلەکانی گەرما وهەڵکردنی با ودابارین وبەهەڵمبوون، وەشیکارکردنی ئەنجامی هەریەکێك لەرەگەزە کیمیاوی وفیزیاویەکانی پێکهاتەی ئاوی بارانی ناوچەکە، وپاشان لەباسێکی تردا هەڵسەنگاندنی ژینگەیی وورد بۆ پێکهاتەی ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، لەکۆتاییدا چەندین دەرەنجام وراسپاردە کەبنەمان بۆ چارەسەرێکی زانستیانە وگونجاو بۆ کێشەکە لەناوچەکەدا خراونەتەروو.

خشتەی ژمارە (١)

شوێن وجێگەی وەرگرتنی نمونەکانی باران بەپێی بەکارهێنانی زەوی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤

| نمونە | بەکارهێنانی زەوی | بەرزی(م) | بازنەی پانی | هێڵی درێژی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوچەی بازرگانی- شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ | ٨٦٢ | ٣٥° ٣٣´ ٤١´´ | ٤٥° ٢٦´ ٣٠´´ |
| ٢ | ناوچەی نیشتەجێبوون- گەرەکی چوارباخ | ٨١٣ | ٣٥° ٣٣´ ٠٢´´ | ٤٥° ٢٥´ ٣٤´´ |
| ٣ | ناوچەی سەوزایی – گردی رعایە | ٨٢٩ | ٣٥° ٣٤´ ٢٣´´ | ٤٥° ٢٤´ ٥٢´´ |
| ٤ | ناوچەی پیشەسازی- گەراجی بەغداد | ٧٥٩ | ٣٥° ٣٣´ ٤٢´´ | ٤٥° ٢٣´ ٢٥´´ |
| ٥ | نیشتەجێبوون- گەرەکی چوارچرا | ٧٦٢ | ٣٥° ٣٢´ ٢٤´´ | ٤٥° ٢٤´ ١٦´´ |
| ٦ | ناوچەی نیشتەجێبوون- گەرەکی قرگە | ٨٨٨ | ٣٥° ٣١´ ٥٨´´ | ٤٥° ٢٨´ ١٣´´ |
| ٧ | ناوچەی نیشتەجێبوون- کوردسات | ٩٢٠ | ٣٥° ٣٥´ ٥٤´´ | ٤٥° ٢٥´ ٥٦´´ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | ناوچەی نیشتەجێبوون- تاسلۆجە | ٨١٣ | ٣٥° ٣٥´ ٥٤´´ | ٤٥° ١٣´ ٢٧´´ |
| ٩ | ناوچەی نیشتەجێبوون- بازیان- مەرکەزی ناحیەکە | ٨٢٧ | ٣٥° ٣٦´ ٢٤´´ | ٤٥° ٠٧´ ٣٧´´ |

**سەرچاوە: لەلایەن هەردوو توێژەرەوە ئەنجامدراوە پشت بەست بە:**

**١- بەکارهێنانی ئامێری GPS بۆ دیاریکردنی بەرزی وهێڵی درێژی و بازنەی پانی شوێنی نمونەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە.**

**هەر بۆیە لێرەدا پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بەگشتی وبەتایبەتیش لەناوچەکانی باشورو باشوری ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای ناوچەکە کەبەشێوەیەکی بەرچاو سەرەتاکانی کێشەی پیسبوونی ئاووهەوای تیادا دەرکەوتووە ولەرێگەی ئاوی بارانەوە دەبێتە مایەی دروستبوونی مەترسی لەسەر تەندروستی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە لەئێستا وداهاتوودا.**

**یەکەم: باری گشتی ئاووهەوای ناوچەکە:**

**وەك لەخشتەی ژمارە (٢) دەبینرێت تێکرای پلەی گەرمای ماوەی لێکۆڵینەوەکە دەگاتە ١٥.٤ پلەی سەدی، وتێکرای نزمترین پلەی گەرمای ناوچەکە لەوەرزی زستاندا کە تۆمارکراوە ٩.٨ پلەی سەدیە وتێکرای بەرزترین پلەش دەگاتە ٢٠.٩ پلەی سەدی.**

**خشتەی (٢)**

**تێکرای چەند رەگەزێکی ئاووهەوا بۆ وەرزی زستان وبەهاری (٢٠١٣-٢٠١٤) لەناوچەی لێکۆڵینەوە –وێستگەی سلێمانی**

| تێکرای بەهەڵبوون | نزمترین ئاستی بەهەڵبوون | بەرزترین ئاستی بەهەڵبوون | داباریین | با | تێکرای شێ % | نزمترین ڕێژەی شێ | بەرزترین ڕێژەی شێ | پلەی گەرما (س) | | | وەرز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | خێرایی | | | | تێکرا | نزمترین | بەرزترین | |
| ٦.٥ | ٥.١ | ٧.٨ | ٢٨٨.٤ | ١.٥ | ٥٧.٠ | ٣٨.٦ | ٧٥.٣ | ٩.٠ | ٤.٢ | ١٣.٨ | تێکرای وەرزی زستان |
| ١٠.٨ | ٨.٣ | ١٣.٣ | ٨٣.٩ | ١.٧ | ٤٤.٩ | ٢٧.٣ | ٦٢.٦ | ٢١.٧ | ١٥.٤ | ٢٨.٠ | تێکرای وەرزی بەهار |
| ١٧.٣ | ١٣,٤ | ٢١.١ | ٣٧٢.٣ | ١.٦ | ٥٠.٩ | ٣٣.٠ | ٦٨.٩ | ١٥.٦ | ٩.٨ | ٢٠.٩ | تێکرا |

**سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، دەزگای کەشناسی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی لەپارێزگای سلێمانی، بەشی ئاووهەوا، ٢٠١٣-٢٠١٤، زانیاری بڵاونەکراوە.**

هەروەها هەر لەخشتەكەدا دەبینین تێكرای گشتی شێ لەناوچەكەدا دەگاتە ٥٠.٩ ٪، وەتێكرای خێرایی با بریتیە لە ١.٦م/چركە، لەكاتێكدا كەجیاوازیەكی ئەوتۆ نیە لەنێوان خێرایی با لەهەردوو وەرزەكەدا لەوەرزی زستاندا خێرایی با كەمترە لەوەرزی بەهار، دەگاتە ١.٥ م/چركە، لەكاتێكدا لەوەرزی بەهاردا دەگاتە ١.٧ م/چركە. جگە لەو ڕەگەزە ئاووهەوایانەی كە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كرد، ئاراستەی (با)ش وەك هەریەكێك لەڕەگەزەكانی تر كاریگەری هەیە لەسەر تایبەتمەندیەكانی ئاوی باران لەنمونەكاندا وەك لەشێوەی (١) ئاماژەی بۆ كراوە، تیایدا دووبارە بوونەوەكانی ئاراستەی با لەهەردوو وەرزی زستان وبەهار وتێكرای گشتی ناوچەكەدا ڕوونكراوەتەوە. بەگشتی هەروەك لەشێوەكەدا دیارە لەوەرزی بەهاردا زۆرترین دووبارە بوونەوە بەئاراستەی خۆرئاوا - باشوری خۆراوایە، لەكاتێكدا لەوەرزی زستاندا زۆرترین دووبارەبوونەوە بەئاراستەی باكور - باكوری خۆرهەڵاتە، دواتر كاریگەریەكانی هەریەك لەم ئاراستانە لەسەر نمونەكان وتایبەتمەندی ئاوی بارانی ناوچەكە دەردەكەوێت.

شێوەی(١)

دووبارەبوونەوەی ئاراستەی (با) لەناوچەی لێكۆڵینەوە ٢٠١٣- ٢٠١٤ بەپێی وێستگەی سلێمانی




ا- ئاراستەی هەڵكردنی با لە وەرزی بەهار و زستان    ب- تێكرای ئاراستەكانی هەڵكردنی با

سەرچاوە: هەردوو توێژەر پشت بەست بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، دەزگای كەشناسی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی كەشناسی لەپارێزگای سلێمانی، بەشی ئاووهەوا، ٢٠١٣-٢٠١٤، زانیاری بڵاونەكراوە.

## شیكاری دەرئەنجامەكان:

### ١- پەیتی ئایۆنی هایدرۆجینی، PH:

بریتیە لەژمارەی هایدرۆجینی، كە هێمایە بۆ ئاستی ترشێتی یان تفتێتی تێكرای ئایۆناتی ئاو، كە لەئەنجامی چەند ئاوێتە بوونێك ڕوودەدات ودەگۆڕێت بۆ ئایۆنی هایدرۆجینی (+H)، كە هەڵگری بارگەی موجەبە، یان هایدرۆكسیلی سالب (-OH) وزیادبوونی تیكرای ئایۆنی هایدرۆجینی مانای زیادبوونی ترشێتی ئەو شلەیەیە، لەهەمان كاتدا زیادبوونی ئایۆنی هایدرۆكسیل مانای زیادبوونی ئاستی تفتێتیە. ئاستی ترشی یان تفتی پێوانە

دەکرێت لەنێوان (٠-١٤)، شلە هاوسەنگەکانیش ئاستی ئایۆنی هایدۆرجینی تیایدا یەکسانە بەئایۆنی هایدرۆکسل ودەبێتە شلەیەکی هاوسەنگ واتە (٧)، شلە ترشەکانیش لەنێوان (٠-٦،٩) دایە، وتفتەکان (٧،١-١٤)ەیە[١]، ئایۆنی هایدرۆجینی ئاوی بارانی خاوێن دەگاتە ٦،٨[٢]. بەگوێرەی ئەو دەرەنجامانەی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەردەستمان کەوتون ئاستی phی بارانی نمونەکان لەنێوان (٧،٢٤- ١٠) واتە بارانی ناوچەکە تفتە ولەئاستی بارانی خاوێن بەرزترە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو پێکهاتانەی کە لەهەوای ناوچەکەدا هەیە لەڕووی تەپوتۆز وپاشماوەی بەردی جیڕی کەهۆکاری تفتی ئاوی بارانی ناوچەکەن، چونکە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا یەکدەگرێت لەگەڵ ئاوی باران وپێکهاتەکانی ناو هەواکە لەدەرەنجامدا بەگوێرەی پێکهاتەکانی ناو هەواکە کاردەکاتە سەر ترشبوون یان تفتبوونی ئاوی باران. وبوونی خوێیەکانی کاربۆنات وبایکاربۆناتی کالسیۆم ومەگنسیۆم کاردەکەنە سەر ناسازی ئاوی باران وتفتبوونی ئاوی باران، هەروەها بەهۆی بوونی پاشماوەی کارگەکان وتەپوتۆز وخۆڵی ناوچەکە، بوونی گازی $NH_3$ لەهەوادا هەموو پێکەوە کار لەتفتبوونی ئاوی باران دەکەن [٣].

لەخشتەی ژمارە (٣) وشێوەی ژمارە (٢) دیارە کەبەشێوەیەکی گشتی ئاستی ph لەنمونەکانی ژمارە (٣) لەگردەکەی رعایە ونمونەی ژمارە (٤) لەناوچەی پیشەسازی ونمونەی ژمارە (٨) لەناوچەی نیشتەجێبوون لەتاسلۆجە ونمونەی ژمارە (٩) تایبەت بەمەرکەزی ناحیەی بازیان، بەرزە، واتە پێکهاتەی ئاوەکە تفتە، وهۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاستی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەهۆی بوونی ڕووبەری سەوزایی لەگردی رعایە، چونکە هەتا ئاستی $CO_2$ کەم بێتەوە ئەوا ئاستی PH بەرزدەبێتەوە واتە تفتی زیادەکات کەمی ئاستی $CO_2$ دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕوبەری سەوزایی لەو ناوچەدا کەهۆکاری یارمەتیدەرە بۆ زۆری گازی $O_2$ بەبەراورد بەنمونەکانی تر. سەبارەت بەنمونەی چوارەم ناوچەی پیشەسازییە کەزۆری ئۆتۆمبیل وچڕی هاتوچۆی هۆیەکانی گواستنەوە وتەپوتۆز وخوێیەکان لەهەوادا هۆکاری سەرەکین بۆ بەرزی ئاستی PH، (کەواتە ئاستی PH تەنها پەیوەندی بەئاستی $CO_2$ نیە بەڵکو فاکتەری تریش وەك ئەوانەی کەباسکرا کار لەئاستی PH دەکەن)، ولەهەمان کاتدا لەناوچەکانی تاسلۆجە وبازیان هەریەك لەکارگەکانی چیمەنتۆ وشکاندنی بەرد جارێکی تر هۆکاری بەرزی ئاستی PHی هەر یەکێك لەو ناوچانەن.

---

[١]- حارث جبار فهد، عادل مشعان ربيع، التلوث المائي"مصادره،مخاطره،معالجته"، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الاردن- عمان، ٢٠١٠، ص٣٨،٣٩.

[٢]- علي السعدي، اساسيات علم البيئة والتلوث، دار اليازوري العلوية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٦، ص٣٥٠.

[٣] – E. Ramirez Lara, R. Miranda Guardiola, Y. Gracia Vasques, Chemical composition of rainwater in northestern Mexico, received September(9-2009), accepted February (15-2010), university of Mexico, atmosfera 23(3), 2010,p214.

و د. أياد فضيل قاسم رشا خالد صبري، رؤى مظفر يونس، دراسة تأثير ملوثات الهواء على خصائص مياه الأمطار في قرية العريج/ ناحية حمام العليل جنوب مدينة الموصل، مجلةجامعة تكريت للعلوم الهندسية، المجلد١٩، العدد٢، حزيران، ٢٠١٠، ص٤.

**خشتەی(٣)**

**تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئایۆنی هایدرۆجینی بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ٧.٢٤ | ٩.١٠ | ١٠.٠٠ | ٩.٩٥ | ٨.٩٣ | ٩.٠١ | ٧.٤٢ | ٩.٥٤ | ٩.٠٠ | ٨.٩١ |
| بەهار | ٨.٤٠ | ٨.١٠ | ٨.٤٤ | ٨.٢١ | ٨.٣٩ | ٨.٢١ | ٨.٣٣ | ٨.٢٨ | ٨.٨٢ | ٨.٣٥ |
| تێکرا | ٧.٨٢ | ٨.٦ | ٩.٢٢ | ٩.٠٨ | ٨.٦٦ | ٨.٦١ | ٧.٨٨ | ٨.٩١ | ٨.٩١ | ٨.٦٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر بمانەوێت بەراوورد بکەین لەنێوان هەردوو وەرزی بەهار وزستاندا کە نمونەکانی ئاوی بارانی تیادا وەرگیراون، بۆمان دەردەکەوێت بەگشتی لەوەرزی زستاندا ئاستی تفتی بەرزترە لەوەرزی بەهار جگە لەدوو نمونەی ژمارە (١) ناوچەی سەنتەری بازرگانی ونمونەی ژمارە (٧) ناوچەی نیشتەجێبوون لەگەرەکی کوردسات لەباکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەگشتی نزمی ئاستی پەیتی هایدرۆجینی لەم دوو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕەگەزە قورسەکانی وەکو ئاسن ومەنگەنیز ومس وزنك وقوڕقوشم، بەرزی ئاستی ئەم ڕەگەزانەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئوتۆمبیل وهاتوچۆ و بوونی چەندین کارگەی ئاسنگەری لەنمونەی ژمارە (١)، لەکاتێدا ناوچەی کوردسات واتە نمونەی ژمارە (٧) گەرەکێکی تازەیە وبەبوونی چالاکی بیناسازی وتەپووتۆزی زۆر وکەمی سەوزایی دەناسرێتەوە.

بەتێکڕا بەرزی ئاستی ph لەوەرزی زستاندا بەهۆی بوونی گازی $CO_2$ لەئاوی بارانەکەدا کەلەگەڵ ئەو پێکهاتە وتەنە هەڵواسراوانەی ناو هەواکە یەکدەگرێت، بەتایبەت ئەگەر لەپێکهاتەی بەردی جیری وکلس بن، بەشێوەیەك لەگەڵ ئاوی باراندا کارلێك دەکەن وتفتی ئاوەکان زیاد دەکەن، لەکاتێکدا لەوەرزی بەهاردا بەپێچەوانەوە بەهۆی خاوێن بوونەوەی هەواوە ئاستی ئایۆنی هایدرۆجینی لەوەرزی بەهاردا تفتێتی کەم دەبێتەوە ودەگاتە ئاستی هاوسەنگ، بەگشتیش ئاستەکانی ph لەهەردوو وەرزی باران بارینەکەدا نزیکن لەیەکترییەوە، هەروەك لەشێوەی ژمارە (٢)، ونەخشەی ژمارە (٢) دیارە.

شێوەی (٢)

تێکرای وەرزی ئایۆنی هایدرۆجینی PH بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: پشت بەست بەخشتەی (٣).

## ٢- کۆی خوێیە تواوەکان، Total Dissolved Solid –TDS:

سەبارەت بەکۆی مادە تواوەکان TDS هەموو ئەو مادە تواوانەن لەگیراوەیەکدا بۆ ئایۆنە موجەبەکان (سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، کالسیۆم، مەگنسیۆم) وئایۆنە سالبەکان، کەبریتیە لە (کاربۆنات، کلۆریدات، کبریتات، نترات)، واتە کۆی ئایۆنە سالب وموجەبەکانە لەگیراوەیەکدا، کەبە PPM پێوانە دەکرێت، لەئاوی باراندا بڕی TDS لەنێوان (٤-١٠ ملغم/لتر) ولەهەندێك شوێندا دەگاتە زیاتر لە (١٠ملغم/لتر)، بۆ ئەو ناوچانەی کە ڕووبەڕوی پیسبوونی هەوا دەبنەوە، بۆ ئاوی سەرزەوی ١٢٠ملغم/لتر وئاوی ژێرزەوی ٣٥٠ملغم/لتر[٤]. تێکرای خوێیە تواوەکان لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەکەدا دەگاتە ١٨٥,١٧ملغم/لتر، بەگشتی لەنێوان ١١٠ملغم/لتر بۆ ٤٥٠ملغم/لتر، سەیری خشتەی ژمارە (٤) بکە.

خشتەی (٤)

تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی خوێیە تواوەکان TDS بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە*

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ١١٠ | ١٥٠ | ١٢٥ | ٢٢٠ | ١٤٥ | ١٦٠ | ١٣٠ | ١٣٠ | ١٤٤ | ١٤٦ |
| بەهار | ١٦٨ | ٣٥٠ | ١١٠ | ١٦٦ | ١٤٢ | ٣١٠ | ٤٥٠ | ١٥٣ | ١٧٠ | ٢٢٤.٣٣ |
| تێکرا | ١٣٩ | ٢٥٠ | ١١٧.٥ | ١٩٣ | ١٤٣.٥ | ٢٣٥ | ٢٩٠ | ١٤١.٥ | ١٥٧ | ١٨٥.١٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

---

[٤] - دیاري علي محمد امین المنمي، دراسة کیمیائیة وبیئیة للمیاه الجوفیة في مدینة السلیمانیة وضواحیها، رسالة ماجستیر، کلیة العلوم، جامعة بغداد، قسم علم الارض، بغداد، ٢٠٠٢، ص٥٥.

* توانای گەیاندنی کارەبایی بە(میکروموز/ سم$^{2}$) پێوانە دەکرێت . واتە گەیاندنی ١سم$^{2}$ لەئاو لەپلەی گەرمی ٢٥°سەدیدا. بگەڕێرەوە بۆ (خلیفة درادکة، هیدرولوجیة المیاه الجوفیة، دار محدلاوي، عمان، ١٩٨٧، ص٤٠٠).

بەگوێرەی تێکرای نمونەکان بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٧) ناوچەی کوردستاندایە کەدەگاتە ٢٩٠ملگم/لتر، هەرچەندە ئەم نمونەیە لەبەرزترین شوێنی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە کەبەرزی زەویەکەی لەئاستی رووی دەریاوە دەگاتە نزیکەی ٩٢٠م، بەڵام بەهۆی لێژی ناوچەکە وکەمی رووبەری سەوزایی وسەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی تازەیە وبەردەوام تیایدا کار وچالاکی شارەوانی ورێگاوبان ونیشتەجێبوون جێبەجێ دەکرێت هەروەها لەگەڵ بوونی (با)ی خۆجێیی کە لەهەردوو وەرزی زستان وبەهاردا بەئاراستەی باکور وباکوری خۆرهەڵاتە بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا، کەهۆکاری یارمەتیدەرن بۆ بەرزبوونەوەی خوێیە تواوەکان TDS. شێوەی ژمارە (٣) سەیر بکە.

هەروەها لەهەریەك لەنمونەکانی ناوچەی (٤) ناوچەی پیشەسازی ونمونەی ژمارە (٢) ناوچەی نیشتەجێبوونی نزیك سەنتەری ناوچەی بازرگانی ئاستی TDS تیایاندا بەرزترە لەناوچەکانی تر، لەهەمان کاتدا کەمترین ئاست لەنمونەی ناوچەی ژمارە (٣) واتە گردەکەی رعایە کە لەناوچەی سەوزاییدایە دەگاتە ١١٧,٥ملگم/لتر، بەهۆی بوونی ڕووبەرێکی فراوان لەدارستانی دەستکرد (سنەوبەری) ولەئەنجامیدا کەمترین ئاستی خوێیە کانزاییە تواوەکانی تیادا کۆبوەتەوە. بەگشتی هەروەك لەشێوەی ژمارە (٣) دیارە ئاستی TDS لەنمونەکانی وەرزی بەهاردا بەرزترە وەك لەنمونەکانی وەرزی زستان جگە لەنمونەی (٣،٤،٥) کە لەنمونەی ژمارە (٤)دا جیاوازی تەواو هەیە لەئاستەکەیدا ودەکەوێتە ناوچەی پیشەسازیەوە. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

شێوەی (٣)

جیاوازی ئاستی TDS لەهەردوو وەرزی زستان وبەهاردا




سەرچاوە: پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٤).

### ٣- لێڵی Turbidity:

لێڵی یەکێکە لەسیفەتە سروشتیەکانی ئاو، وپەیوەستە بەبڕی ئەو مادە هەڵواسراوانەی کە لەناویدا هەیە، ورێگا لەتێپەڕبوونی تیشك دەگرن بەناو ئاوەکەدا تێبپەڕێت، کاتێك تەنەکانی ناو ئاوەکە تیشکەکە بۆ خۆیان هەڵدەمژن وناهێڵن تیشکەکە بەناو نموونەی ئاوەکەدا یان بەناو ڕووبەرە ئاویەکەدا گوزەربکات. بەگوێرەی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاستی لێڵی ڕێپێدراو لەنێوان (١-٠ NTU)* واتە ١NTU گونجاوترین ئاستە بۆ لێڵی ئاو(٥).

سەبارەت بەئاستی لێڵی ناوچەکە لەخشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، کە لەنێوان ١٢٦NTU- ٠NTU، وەهەردوو ئاستەکەش لەنموونەی شەشەمدایە لەڤرگە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووتەنی خاکی ناوچەکە وئەو باوبۆرانانەی کە لەوەرزی بەهاردا هەڵدەکات کەهۆکارە لەبەرزکردنەوەی تەپوتۆز وخۆڵ وپاشماوە ئەندامی ونائەندامیەکان لەهەواکەدا ودواتر دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی لێڵی ئاوی باران لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا باوبۆرانەکان کاریگەری ئەوتۆیان نامێنێت، ئەمەش بەهۆی تەواو شێداربوون وتەڕبوونی خاکی ناوچەکە لەم وەرزەدا، وسەرەرای ئەوەی بەگشتی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود، ولەم ناوچانەدا لەوەرزی بەهارەوە چالاکیەکانی شارەوانی وبیناکردن دەست پێدەکات وکاریگەریان لەسەر تەڵخکردن ولێڵکردنی ئاوی بارانی ناوچەکە هەیە، وەبەردەوام لەهەردوو وەرزەکەدا بای ناوخۆیی لەناوچەکەدا بەئاراستەی باشورو باشوری خۆرهەڵات و باکور وباکوری خۆرهەڵات هەڵدەکات، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر گرد وتەپۆڵکە، هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاری شارەوانی لە ڕووی قیرتاوکردنی ڕێگاوبان ودروست کردنی پارك وسەوزایی.

**خشتەی(٥)**

**تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی لێڵی بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| نمونه | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ١٣.٦٥ | ١٥.٧ | ١٤.٩ | ١٨.٥ | ١٦.١ | ٠ | ٢٣.٧ | ١٤.٣٩ | ٢٤.٩ | ١٥.٧٦ |
| بەهار | ٣٥.٩٤ | ٦٨ | ٣٢ | ٧١ | ٨٠ | ١٢٩ | ١٩.٥ | ٦٢ | ٢٨.٦ | ٥٨.٤٥ |
| تێکرا | ٢٤.٨ | ٤١.٨٥ | ٢٣.٤٥ | ٤٤.٧٥ | ٤٨.٠٥ | ٦٤.٥ | ٢١.٦ | ٣٨.٢ | ٢٦.٧٥ | ٣٧.١ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بەتێکڕای گشتی لێڵی نمونەکان دەگاتە ٣٧,١NTU، لەتێکراکانی وەرزیشدا دەبینین بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٦)دایە ودەگاتە ٦٤,٥NTU، ونزمترین ئاستیش لەنمونەی ژمارە (٧) دەبینرێت ودەگاتە ٢١,٦NTU ئەمەش بەهۆی بەرزی ناوچەکەوە کەدەکەوێتە سەرووی ٩٠٠مەترەوە، ئاراستەی (با) هۆکاری کاریگەربووە بۆ گواستنەوەی تەپوتۆز بۆ ناوچەکانی نزمتری دەوروبەری.

سەبارەت بەئاستی لێڵی بەجیاواز لەهەردوو وەرزەکە بەگشتی پاشماوەکان زیاتر بەهۆی هێزی ڕاکێشانی زەویەوە لەناوچە نزمەکاندا کۆدەبنەوە، لەوەرزی بەهاریشدا ئاستەکان لەوەرزی زستان بەرزترن، بێجگە لەنمونەی ژمارە (٧) لەناوچەی کوردسات، بەرزی ئاستەکانی وەرزی بەهار بۆ کاریگەری باوبۆران وبوونی بارانی کتوپڕ وپاشان ووشکی بۆ ماوەی دوورودرێژ وپاشان باران بارین دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی خێرایی با لەوەرزی

* NTU: کورتکراوەی Nephelometric Turbidity Unit یەکەی پێوانە کردنی لێلیە بەئامێری Nephelometer.

٥- Elizabeth Myre & Ryan Shaw, The Turbidity Tube: Simple and Accurate Measurement of Turbidity in the Field, Michigan Technological Department of Civil and Environmental Engineering, Master's International Program, University, 2006, p. 3. & EPA Guidance Manual, Turbidity Provisions, TURBIDITY IN SOURCE WATER, April 2009, p. 1-7.

بەهاردا زیاترە وبڕی باران لەم وەرزەدا کەمترە کەوەك پێویست هەوا پاك نابێتەوە لەپیسکەرەکانی لەوەرزی زستان. سەیری شێوەی ژمارە (٤) بکە.

شێوەی (٤)

جیاوازی ئاستی لێڵی لەهەردوو وەرزی زستان وبەهاردا




سەرچاوە: پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٥).

وەئەوەی تێبینی دەکەین ئەوەیە کە لەوەرزی بەهاردا ئاستی لێڵی ئاوی باران زۆر بەرزترە لەوەرزی زستان ئەمەش بۆ بڕی باران بارین دەگەڕێتەوە لەناوچەکەدا کە تێکرای باران بارین لەم وەرزەدا تەنها ٨٣.٩ملم باریوە، لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا کۆی باران بارین گەیشتووەتە ٢٨٨.٤ملم. ئەمەش هۆکارە بۆ زیاتر خاوێنکردنەوەی هەوا لەتەنە ڕەقەکان و پیسکەرەکان کە هۆکارن لەلێڵی ئاوی بارانی ناوچەکەدا. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

## ٤- ناسازی گشتی، TH "Total Hardness":

ناسازی گشتی لەدەرەنجامی ڕەگەزی کالسیۆم بەپلەی یەکەم وبەبڕێکی کەمتر بەهۆی ڕەگەزی مەگنسیۆمەوە وهەروەها کاربۆناتی کالسیۆم دروست دەبێت، هەموو ئەم ڕەگەزانە بەپشت بەستن بەئاستی ترشێتی یان تفتێتی کاریگەرە وپێوانە دەکرێت[٦].

لەخشتەی ژمارە (٦) دەبینین تێکرای ئاستی ناسازی گشتی دەگاتە ١١٣,٢ ملگم/لتر، تێکرای بەرزترین ئاستی ناسازی گشتی لەنمونەی یەکەمی ناوچەی سەنتەر ١٤٦,٨٥ ملگم/لتر بەهۆی بوونی جەنجاڵی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل وکۆبوونەوەی زۆربەی دانیشتوان لەسەنتەری بازرگانیدا بەمەبەستی نزیکبوونەوە لەکار وچالاکی ڕۆژانەیان، هەروەها بەهۆی نزمی ناوچەکەوە بەبەراوورد بەناوچەکانی دەوروبەری فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ کۆبونەوەی تەنەکان لەهەوای نمونەی ناوچەی یەکەم کە بەرزییەکەی(٨٦٠م) وناوچەی دووەم بە بەرزی(٨١٣م) لەئاستی دەریاوە، کەمترین ئاستی ناسازی گشتی لەنمونەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت واتە نمونەی ناوچەی نیشتەجێبوون

٦- world health organization, guidelines for drinking-water quality, third edition, incorporatin the first and second addena, volume 1, recommendations, geneva 2008,p382.

هەروەها: د. أياد فضيل قاسم و رشا خالد صبري، رؤى مظفر يونس، درا سة تأثير ملوثات الهواء على خصائص مياه الأمطار في قرية العريج /ناحية حمام العليل جنوب مدينة الموصل، المصدر السابق، ص٤.

لەكوردستان ولەڕووی تۆبۆگرافیاوە بەرزترین ناوچەیە ودەگاتە٩٢٠م، وناسازی لەئاوی بارانی ئەم نمونەیەدا دەگاتە ٨٢.٦ملگم/لتر.

**خشتەی(٦)**

**تێكرای وەرزی وتێكرای گشتی ئاستی ناسازی بۆ ئاوی بارانی نمونەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە**

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێكرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ٩١.٨ | ٩١.٨ | ٩١.٨ | ٩١.٨ | ١١٠,١ | ٩١.٨ | ٩١.٨ | ٩١.٨ | ١٣٧.٧ | ٩٨.٩٣ |
| بەهار | ٢٠١.٩ | ١٣٧.٧ | ١٠٠.٩ | ١٣٧.٧ | ١١٠.١ | ١٨٣.٦ | ٧٣.٤ | ١١٠.١ | ٩١.٨ | ١٢٧.٤٧ |
| تێكرا | ١٤٦.٨٥ | ١١٤.٧٥ | ٩٦.٣٥ | ١١٤.٨ | ١١٠.١ | ١٣٧.٧ | ٨٢.٦ | ١٠٠.٩٥ | ١١٤.٧٥ | ١١٣.٢ |

سەرچاوە: كاری توێژەران پشت بەست بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەستەی پاراستن وچاككردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بەتێكرای وەرزەكانیش، سەیری شێوەی ژمارە (٥) بكە، دەبینین تێكرای وەرزی بەهار زیاترە لەوەرزی زستان ودەگاتە ١٢٧.٤٧ملگم/لتر، لەوەرزی زستانیش دەگاتە ٩٨.٩٣ملگم/لتر. ئەمەش بۆ جیاوازی بڕی باران لەو دوو وەرزەدا دەگەڕێتەوە، لەوەرزی بەهاردا كۆی باران بارین دەگاتە ٨٣.٩ملم ولەوەرزی زستاندا ٢٨٨.٤ملم، بەم پێیەش كۆی باران بارین لەبەهاردا كەمترە وپارمەتیدەر نیە لەتواندنەوەی پێكهاتەكانی كالسیۆم ومەگنسیۆم وببێتە هۆی خاوێن كردنەوەی ئاوی باران وئاستی ناسازیشی كەم بكاتەوە. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بكە.

**شێوەی (٥)**

**جیاوازی ئاستی ناسازی لەهەردوو وەرزی زستان وبەهار لەنمونەكانی ئاوی بارانی ناوچەی لێكۆڵینەوە**




سەرچاوە: پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٦).

### ٥- كالسیۆم و مەگنسیۆم ca&mg:

لەخشتەی ژمارە (٧) دەردەكەوێت كە ئاستی تێكرای گشتی ڕەگەزی كالسیۆم ومەگنسیۆم دوابەدوای یەكتر دەگەنە٢٤,٧١ملگم/لتر ١١,٥٢ملگم/لتر، بەرزترین ئاستی ڕەگەزی كالسیۆم لەنمونەی ژمارە (٢)دا دەبینرێت ودەگاتە ٣٥,٨ملگم/لتر لەناوچەی نیشتەجێبوونی چوارباخ، هۆكاری بەرزی ئاستی كالسیۆم لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ

نزمی ناوچەکە بەبەراوورد بەناوچەکانی دەوروبەری وهەروەها نزیکیشە لەسەنتەری شارەوە کە کاروچالاکی بەردەوامی ڕۆژانەی تیادایە، لەکاتێکدا نزمترین ئاستی مەگنسیۆمی تیادایە ودەگاتە ٨,١٥ملگم/لتر.

خشتەی(٧)

تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی کالسیۆم بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ١٤.٤٠ | ٢١.٢٠ | ١٤.٤٠ | ١٠.٨٠ | ١٥.١٠ | ١٤.٤٠ | ١٠.٨٠ | ١٤.٤٠ | ٢٣.٠٠ | ١٥.٣٩ |
| بەهار | ٤١.٠٠ | ٥٠.٤٠ | ٢٥.٥٠ | ٤٣.٢٠ | ٣٦.٠٠ | ٤٣.٢٠ | ٢١.٦٠ | ٢٨.٨٠ | ١٦.٥٠ | ٣٤.٠٢ |
| تێکرا | ٢٧.٧٠ | ٣٥.٨٠ | ١٩.٩٥ | ٢٧.٠٠ | ٢٥.٥٥ | ٢٨.٨٠ | ١٦.٢٠ | ٢١.٦٠ | ١٩.٧٥ | ٢٤.٧١ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

هەر لەخشتەکەدا دەبینین نزمترین ئاستی کالسیۆم لەنمونەی ژمارە (٧) دەگاتە ١٦,٢ملگم/لتر ناوچەی نیشتەجێبون وبەرزترین ئاستی ناوچەکەیە لەرووی تۆبۆگرافیاوە. سەبارەت بەبەرزترین ئاستی مەگنسیۆم لەنمونەی ژمارە (٦)دا هەیە لەناوچەی قرگە ودەگاتە ١٥,٠٥ملگم/لتر. سەبارەت بەتێکرای وەرزەکان ئەوا تێکرای وەرزی زستان بۆ ڕەگەزی کالسیۆم دەگاتە ١٥,٣٩ملگم/لتر، ولەوەرزی بەهاردا ئاستەکە بەرزدەبێتەوە بۆ ٣٤,٠٢ملگم/لتر، لەکاتێکدا ڕەگەزی مەگنسیۆم بەپێچەوانەوە لەوەرزی زستاندا ئاستەکەی بەرزترە لەوەرزی بەهار، لەوەرزی زستاندا دەگاتە ١٤,٣٧ملگم/لتر، لەوەرزی بەهاردا دەگاتە ٨,٦٨ملگم/لتر. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

هەرچی لەبارەی ئاستی وەرزەکانەوەیە ئەوا ڕەگەزی کالسیۆم لەوەرزی زستاندا بەرزترین ئاستی لەنمونەی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت وئاماژەیە بۆ ناوچەی بازیان بەهۆی بەرزی ئاستی ئەو پاشماوانەی دەچنە هەواوە لەکارگەکانی چیمەنتۆ لەناوچەکە وهۆکارە لەبەرزکردنەوەی ئاستی کالسیۆم لەهەوای ناوچەکە ودواتر بەرزبوونەوەی ڕەگەزی کالسیۆم لەئاوی باراندا. هەروەها دەشێت ئاماژە بەوەبدەین کە لەنمونەی ناوچەی ژمارە (٢)ی گەرەکی چوارباخ جارێکی تر ئاستی کالسیۆم تیایدا بەرزە ودەگاتە ٢١,٢ملگم/لتر، ئەمەش بەهۆی نزمی ناوچەکە ونزیکی لەناوچەی سەنتەری شار کە کار وچالاکیە ئابوریەکانی ڕۆژانە زۆر بەچڕی تیادا ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بەئاستە نزمەکان کەمترین ئاست لەوەرزی زستاندا لەنمونەی ناوچەی ژمارە (٤ و٧)ی ناوچەی پیشەسازی وگەرەکی کوردسات دەبینرێت وئاستی هەریەکێکیان دەگاتە ١٠,٨ملگم/لتر. سەیری شێوەی ژمارە (٦) بکە.

نەخشـــەیژمارە ( 2 )

جیاوازی تێکـــرای دابەشـــبوونی ڕەگەزە پێکهێنـــــەرەکانی ئـاوی بـاران لـە نمونـــەکانی ناوچەی لێکۆڵینـــــەوە




سەرچاوە: توێـــژەر پشت بەســت بـە: حکومەتی هەرێمی کوردســتان ، وەزارەتـی شـارەوانی وگەشـتوگوزار ، بەشـی نەخشەسـازی ، ماســـتەرپلانی ســلێمانی ،2009.
هەروەها https://www.google.com/earth/explore/products/desktop.html

**شێوەی (٦)**

**جیاوازی ئاستی ڕەگەزی کالسیۆم لەوەرزی زستان وبەهار لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




**سەرچاوە: خشتەی ژمارە (٧).**

**لەبارەی ئاستی ڕەگەزی مەگنسیۆمەوە لەهەمان وەرزدا خشتەی ژمارە (٨)، ئەوا بەرزترین ئاست لەهەردوو نمونەی ژمارە (٥ و٩)دایە ودەگەنە ١٦,٨ملگم/لتر و١٦,٥ملگم/لتر، کەبریتین لەناوچەی نیشتەجێبونی گەرەکی چوارچرا لەباشوری شاری سلێمانی وناوچەی بازیان لەخۆرئاوای شاری سلێمانی، پاشان ئاستە نزمەکان بەدوبارەیی لەنمونەکانی ژمارە (١ و٣ و٦ و٨) دا دەگاتە ١٢,٩ملگم/لتر بۆ هەریەکێکیان. سەبارەت بەئاستی هەردوو ڕەگەزی کالسیۆم ومەگنسیۆم لەوەرزی بەهاردا ئەوا بەرزترین ئاستیان لەئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەم شێوەیە دەردەکەوێت کالسیۆم لەنمونەی ژمارە (٢)ی گەرەکی چوارباخە ودەگاتە ٥٠,٤ملگم/لتر ونزمترین ئاست لەنمونەی ناوچەی ژمارە (٩)ی بازیاندایە لەم وەرزەدا دەگاتە ١٦,٥ملگم/لتر.**

**خشتەی (٨)**

**تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی مەگنسیۆم بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ١٢.٩٠ | ١٤.٢٠ | ١٢.٩٠ | ١٥.١٠ | ١٦.٨٠ | ١٢.٩٠ | ١٥.١٠ | ١٢.٩٠ | ١٦.٥٠ | ١٤.٣٧ |
| بەهار | ١٥.١٠ | ٢.١٠ | ٨.٦٠ | ٦.٤٠ | ٤.٢٠ | ١٧.٢٠ | ٤.٣٠ | ٨.٦٠ | ١١.٦٠ | ٨.٦٨ |
| تێکرا | ١٤.٠٠ | ١٨.١٥ | ١٠.٧٥ | ١٠.٧٥ | ١٠.٥٠ | ١٥.٠٥ | ٩.٧٠ | ١٠.٧٥ | ١٤.٠٥ | ١١.٥٢ |

**سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.**

**ئەوا بەم پێیە ڕەگەزی مەگنسیۆم بەرزترین ئاستەکانی لەنمونەی ژمارە (٦)ی ناوچەی نیشتەجێبوون لەگەرەکی قرگەدایە ودەگاتە ١٧,٢ملگم/لتر، وەهەروەها لەنمونەکانی ناوچەی ژمارە (١) و(٩)شدا هەر بەرزە لەگەڵ ئەوەی ئاستەکەیان کەمترە لەئاستی نمونەی ژمارە (٦)، هەردوو ئاستەکەش دەگاتە ١٥,١ملگم/لتر و١١,٦ملگم/لتر کە ناوچەی سەنتەری شار وناوچەی بازیانن. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.**

سەبارەت بەئاستە نزمەکان وەك لەخشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، نزمترین ئاستی مەگنسیۆم لەو ناوچانەدایە کە کەمترین ئاستی کالسیۆمی تیادایە ودەگاتە ٢,١ملگم/لتر لەنمونەی ئاوچەی دووەمدا. وەك پێشتریش باسکرا بەگشتی تێکرای ئاستی ڕەگەزی کالسیۆم لەتێکرای نمونەکاندا لەمەگنسیۆم زیاترە وبەتێکرا کالسیۆم دەگاتە ٢٤,٧١ملگم/لتر ومەگنسیۆم دەگاتە ١١,٥٢ملگم/لتر.سەیری شێوەی ژمارە (٧) بکە.

شێوەی (٧)

جیاوازی ئاستی ڕەگەزی مەگنسیۆم لەوەرزی زستان وبەهار لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە:خشتەی ژمارە (٨).

٦- کلۆراید Cl:

ڕەگەزی کلۆراید لەئاوی باراندا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خوێیەکانی کلۆراید وئاوێتەکانی لەهەوای ناوچەکەدا وهەروەها سەرچاوەی ئەو هەورەی کە بارانەکەی لێدروست بووە، ئەو بارانەی کە ئاستی کلۆرایدی بەرزە زیاتر ئەو باران وهەورانە دەگرێتەوە کە لەدەریاوە سەرچاوەدەگرن، هەروەها سەرچاوەیەکی تری کلۆراید دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەپوپۆز وتەنە بچوکەکانی ناو هەوا کە دواتر لەگەڵ ئاوی باراندا دێنە خوارەوە، هەروەها ئەم ڕێژەیە بەگوێرەی وەرزەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەشێوەیەك لەوەرزە ساردەکاندا ئاستی خوێیەکان کەمترە لەوەرزە گەرمەکان بەهۆی چڕبوونەوەی خوێیەکانەوە لەوەرزە گەرمەکاندا هەرچەندە باران بارینیش بوونی هەبێت، بەشێوەیەکی گشتیش بەرزونزمی پلەی گەرما کار لەبوونی خوێیەکان دەکات لەئاوی باراندا[٧].

لەنمونەکانی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا وەك لەخشتەی ژمارە (٩) دیارە دەبینین تێکرای ڕەگەزی کلۆراید دەگاتە ٨٣,٨٨ملگم/لتر، سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە. لەتێکرای ناوچەکە ونمونەکان ئەوا بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٧)دا دەردەکەوێت ودەگاتە ٢٠١,٢ملگم/لتر کەناوچەی نیشتەجێبوونە لەگەرەکی کوردسات، بەهۆی ئاراستەی بای باکور وباکوری خۆرهەڵات کە کاردەکاتە سەر گواستنەوەی هەورەکان بەو ئاراستەیە، ونزمترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٣)دا دەبینرێت ودەگاتە ٢٨,٥٥ملگم/لتر، کەناوچەی سەوزاییە وکەمترین بڕی

---

٧- L. T. KHEMANI, characteristics at Delhi, Rain and Chemical composition of rain water and rain Indiu, New Delhi, 1966, p285,287. Cloud Phyaics Reaearch Centre, National Physic& Laboratory of Detlev Moller, The Na/Cl ratio in rainwater and the seasalt chloride cycle, Axademy of science of the GDR, Rudower Chaussee 5,DDR-1199 Berlin, 1990,p254-262

خوێ لەئاوی بارانی ناوچەکەدا هەیە، وەبەگشتی ئاستی کلۆراید لەئاوی بارانی ناوچەکەدا لەنێوان (٢٣,٢–٣٥٩.٨ملگم/لتر) دەبێت.

**خشتەی(٩)**

**تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی کلۆراید بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ٢٧.١ | ٥٥.٢ | ٣٣.٩ | ١٥٠.٣ | ٥٤.٣ | ٣٢ | ٤٢.٦ | ٤٣.٦ | ٢٦ | ٥١.٦٧ |
| بەهار | ٤٧.٥ | ٢٥١.٢ | ٢٣.٢ | ٣٤.٩ | ٥١.٤ | ٢١٤ | ٣٥٩.٨ | ٣٠.٧ | ١٢١.٢ | ١٢٥.٩٩ |
| تێکرا | ٣٧.٣ | ١٥٣.٢ | ٢٨.٥٥ | ٩٢.٦ | ٥٢.٨٥ | ١٢٣ | ٢٠١.٢ | ٣٧.١٥ | ٧٣.٦ | ٨٨.٨٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بەتێکرای هەردوو وەرزەکە ئەوا بەگوێرەی ئەو داتایانەی لەبەردەستماندایە بۆمان دەردەکەوێت کە کلۆراید لەوەرزی بەهاردا بەرزترە لەوەرزی زستان ودەگاتە ١٢٥,٩٩ملگم/لتر وئەمە لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا دەگاتە ٥١,٦٧ملگم/لتر، هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەم بارە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی پلەی گەرمی لەو دوو وەرزەدا کە تیایدا پلەی گەرمای وەرزی بەهار بەرزترە لەپلەی گەرمای وەرزی زستان وتێکرای پلەی گەرمای وەرزی بەهار ٢١.٧ پلەی سەدیە ولەوەرزی زستاندا ٩ پلەی سەدیە، وتێکرای بەهەڵم بوون لەوەرزی بەهاردا ١٠.٨ملم، لەوەرزی زستاندا ئاستی بەهەڵمبوون ٦.٥ملم، بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاستی کلۆراید هەتا پلەی گەرما وئاستی بەهەڵم بوون زیاد بکات ئەوا ئاستی کلۆراید بەرزدەبێتەوە، هەر بۆیە لەوەرزی بەهاردا ئاستی کلۆراید بەرزترە لەوەرزی زستان.

هەرچی لەبارەی ئاستە بەرزەکانی وەرزی زستانەوەیە ئەوا بەرزترین ئاستی کلۆراید لەنمونەی ژمارە (٤)دایە وناوچەی پیشەسازیە دەگرێتەوە ودەگاتە ١٥٠,٣ملگم/لتر، بەهۆی پاشماوەی دوکەڵی ئۆتۆمبیل وزۆری جموجوڵی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لەناوچەکەدا بەتایبەت کەدەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی بازنەی مەلیك مەحمود، نزمترین ئاستیش لەنمونەی ژمارە (٩) لەبازیاندا دەبینرێت وئاستەکەشی دەگاتە ٢٦ملگم/لتر، چونکە پلەی گەرمای بەراورد بەناوچەی نمونەی ژمارە (٤) نزمترە وریژەی بەهەڵم بوون تیایدا کەمترە.

لەبارەی وەرزی بەهاریشەوە ئەوا بەزرترین ئاست لەنمونەی ناوچەی ژمارە (٧)ەو کە ناوچەی نیشتەجێبوونە وبەرزترین ئاستی داگیرکردووە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا ودەگاتە ٣٥٩,٨ملگم/لتر، ئەم ئاستە بەرزەش بۆ هۆی کەمی ڕووبەری سەوزایی وبوونی بای بەهێز وهەڵکردنی تەپوتۆز وخۆڵی زۆر بۆ ناوچەکە دەگەرێتەوە، ونزمترین ئاستیش لەنمونەی ژمارە (٣)دا دەبینرێت ودەگاتە ٢٣.٢ملگم/لتر کەناوچەی سەوزاییە ودەکەوێتە گردی رعایەوە کە بەدارستان ڕۆپۆشکراوە. سەیری شێوەی ژمارە (٨) بکە.

**شێوەی (٨)**

**جیاوازی ئاستی ڕەگەزی كلۆراید لەوەرزی زستان وبەهاردا لەنمونەكانی ئاوی بارانی ناوچەی لێكۆڵینەوە**




**سەرچاوە: خشتەی ژمارە (٩).**

**٧- نایترەیت،** Nitrate $NO_3$:

**ئەم ڕەگەزە پەیوەستە بەبوونی نایترۆجین لەسروشتدا، نایترۆجینیش لەبنچینەدا لەسروشتدا هەیە وسوری تایبەت بەخۆی هەیە، لەگرنگترین سەرچاوەكانی نترات ئۆكساندنی نایترۆجینی ئەندامیە لەخاكدا، هەروەها دەشێت نترات بگاتە ئاوی سەرزەوی وژێرزەوی لەئەنجامی چالاكیی كشتوكالّی وزیادەی پەینی نایترۆجینی ئەندامی ونائەندامی كە لە(ئاوی ئاوەڕۆی مالّان وپاشماوەكانیان) پەیدادەبێت، بەم پێیە ئۆكسیدەكانی نایترۆجین لەئەنجامی شیبوونەوەی پاشماوە وپاشەڕۆی مرۆیی وئاژەڵیەوە پێكدێت، ئەمە سەرەڕای ئەو چالأنەی كە بەچالّە ڕەشەكان ناودەبرێن، كە لەشارەكان وناوچە تازەكاندا هەڵدەكەنرێت بۆ كۆكردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ وپاشەڕۆ وپاشماوەكانیان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری ئاوەڕۆ لەناوچەكەدا، ئەمەش تەنها لەناوچەی نیشتەجێبووندا نیە بەڵكو لەناوچە پیشەسازیەكانیشدا بوونی هەیە. گازی دووەم ئۆكسیدی نایترۆجین لەهەوادا هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوكەڵ وپاشماوەی گازی ئۆتۆمبیل، هەروەها لەبەردی نیشتوو كە بڕێكی زۆر مادەی ئەندامی تیادابێت دروست دەبێت لەكاتێكدا كە نایترۆجین دەگۆڕێت بۆ ئامۆنیا ودواتر بۆ نیترات. چری نترات لەئاوی باراندا دەگاتە ٥ملغم/لتر لەو ناوچانەی كە پیشەسازین، ولەو ناوچانەی كەچالاكیی تری تیادایە بێجگە لەچالاكی پیشەسازی لە٥ملغم/لتر كەمتر دەبێت[٨]. هەموو ئەو سەرچاوانەی نایترۆجین دواتر لەڕێگەی بەهەڵم بوونەوەی بەشدار دەبن لەپێكهاتەی ئاوی باراندا ودەڕژێنەوە سەر زەوی، جگە لەوەی نایترۆجین لەڕێگەی كرداری Physical fixation نایترۆجین دەگۆڕێت بۆ نترات بەهۆی كرداری هەورە بروسكەوە واتە لەوەرزی هەورە بروسكەدا ئاستی نترات لەئاوی باران وهەوادا بەرزتر دەبێتەوە.**

**بەپێی خشتەی ژمارە (١٠) دەبینین تێكرای ئاستی نترات لەئاوی بارانی ناوچەی لێكۆڵینەوەدا دەگاتە ٣,٤٥ملگم/لتر، جیاوازی ئاستەكانیشی بەپێی نمونەكان دەكەوێتە نێوان (١,٩-٦ملگم/لتر)، سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بكە. سەبارەت بەتێكرای ئاستی نمونەكان ئەوا بەتێكرا بەرزترین ئاستی نترات لەنمونەی ژمارە (٢)دایە**

٨- Nitrate and nitrite in drinking-water, Background document for development of WHO Guidelines for Drinking-water Quality, 2007, P 1-2.

کەناوچەی نیشتەجێبوونی نزیك بەسەنتەری شارە ودەگاتە ٤،٧ملگم/لتر وکەمترین ئاستیش لەنمونەی ژمارە (٤)دا دەبینرێت کەناوچەی پیشەسازیە وتیایدا دەگاتە ٢،٥ملگم/لتر. بەڵام سەبارەت بەتێکرای وەرزەکان بەگشتی ئاستە بەرزەکانی لەوەرزی بەهاردایە وتێکراکەشی دەگاتە ٤،٤ملگم/لتر کە پەیوەندی بەبارودۆخی کەشوهەواوە هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا دەگاتە ٢.٤٩ملگم/لتر بەهۆی کەمی روودانی هەورە بروسکەوە، لەئەنجامدا ئاستی بوونی نترات لەئاوی باراندا بە بەراوورد بەوەرزی بەهار کەمتر بوونی هەیە.

خشتەی(١٠)

تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی نایترەیت بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ٢.١ | ٣.٤ | ١.٩ | ٢.٠١ | ٣.١٢ | ٢.١ | ٢.٢ | ٢.٥ | ٣.١ | ٢.٤٩ |
| بەهار | ٣.٥ | ٦ | ٤.١ | ٣.١ | ٥.٨ | ٥.٤ | ٤.٤ | ٢.٨ | ٤.٥ | ٤.٤ |
| تێکرا | ٢.٨ | ٤.٧ | ٣ | ٢.٥٦ | ٤.٤٦ | ٣.٧٥ | ٣.٣ | ٢.٦٥ | ٣.٨٠ | ٣.٤٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

لەوەرزی زستاندا بەرزترین ئاست لەنمونەکانی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگاتە ٣،٤ملگم/لتر کە دەکەوێتە ناوچەکانی نمونەی ژمارە (٢) هەروەك لەپێشتر ئاماژەکرا نزیك بەناوچەی سەنتەری شارە، ونزمترین ئاستیش دەکەوێتە نمونەی ژمارە (٣) ودەگاتە ١،٩ملگم/لتر وبەنمونەی ناوچەی سەوزایی دەناسرێتەوە. بەڵام سەبارەت بەئاستەکانی بوونی نیترات لەوەرزی بەهاردا، دەبینین بەرزترین ئاستی لەنمونەی ژمارە (٢)دا هەیە ودەگاتە ٦ملگم/لتر، هەورەها لەهەریەك لەنمونەکانی ژمارە (٥ و٦)دا دەگاتە ٥،٨ و٥،٤ملگم/لتر، هۆکاری بەرزی ئاستی نترات لەنمونەی دووەمدا دەگەرێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئۆتۆمبیل ونزیکی لەسەنتەری بازرگانی شارەوە، بەگشتیش بەرزی ئاستەکەی لەناوچەکانی نمونەی ژمارە (٥ و٦)دا دەگەرێتەوە بۆئەوەی کەبەشەکانی باشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە وبەراورد بەناوچەکانی نمونەکانی تر نزمترن وئەمەش زیاتر یارمەتی نیشتنی ئەم رەگەزە دەدات ودواتر زیاتر ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئاوی باراندا، وبەهۆی نزیکی ناوچەکەش لەناوچەی فرێدانی خۆڵ وخاشاکەوە وبەتایبەت لەکاتی سوتانیدا کە هۆکاربووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نترات لەناوچەکەدا، وەك دەزانرێت رێژەی پاشماوەی ئەندامی لەخۆڵ وخاشاکدا زیاترە. سەیری شێوەی ژمارە (٩) بکە.

## ٨- ئەلکەلاینتی  یان تفتێتی القلويه Alkalinity:

ئایۆنی کاربۆنات وبایکاربۆنات سەرچاوەی تفتێتین، توانەوە ولابردنی ئایۆنەکانی هایدرۆجینە، کە سەرچاوەی ترشێتین، یان توانای گیراوەیەکە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی ترشێتی، سەرچاوە سەرەکیەکانی تفتێتی ئایۆنی کاربۆنات وبایکاربۆنات وهایدرۆکسیدەکانە، سەرچاوەیەکی تری بریتیە لەگازی $CO_2$ی ناو کەش، کە دەتوێتەوە لەئاودا وبەگرنگترین سەرچاوەی کاربۆنات وبایکاربۆنات دادەنرێت، هەروەها کرداری رۆشنەپێکهاتن کاریگەریی گەورەی هەیە لەپێکهاتەیاندا، جگە لەکاریگەریی ئۆکساندنی مادە ئەندامیەکان، وکرداری دامالین (الاختزال) کەمبوونەوەی نترات ونتریت بەهۆی مادەی ئەندامی وبەکتریای تایبەت بەشیکردنەوەی نترات. هەموو

کارلێکەکان کاردەکەنە سەر پێکهاتنی ئایۆنەکانی کاربۆنات وبایکاربۆنات وتفتێتیی زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی کاربۆنات وبایکاربۆناتدا، جگە لەپێکهاتەی خاك وبەردەکان وئاوەڕۆی پیشەسازی وناوچەکانی نیشتەجێبوون بەتایبەت هەویری کۆنکرێت کاریگەری دیاری لەسەر ئاستی تفتی هەیە وبەگشتی هێمایە بۆ پیسبوون بەهۆی پیشەسازیەوە، وەبەگوێرەی پێکهاتەکانیان دەستنیشانی ترشی وتفتی پێکهاتەی ئاوەکان دەکەن، وکاربۆناتی کالسیۆم وبڕەکەی بەگشتیی بەبنچینەیەك دادەنرێن بۆ تفتێتی ئاو[٩].

شێوەی (٩)

جیاوازی ئاستی ڕەگەزی نایترەیت لەوەرزی زستان وبەهار لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: خشتەی ژمارە (١٠).

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت کەتێکرای تفتێتی ئاوی باران لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا ٥٩,٥٢ملگم/لتر، وبەهای تفتێتی ئاوی بارانی ناوچەکە لەنێوان ٢٦,٦ -١٣٣ملگم/لتر، سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە. لەسەر ئاستی تێکرای ناوچەکە ئەوا بەرزترین ئاستی تفتێتی لەنمونەی ژمارە (٢)دایە کەنمونەی ناوچەی نیشتەجێبوونی نزیك بەسەنتەری شارە کەسەنتەری هاتوچۆ وهۆیەکانی گواستنەوەیە لەهەموو ناوچەکانی دەرەوەی شار ودەوروبەریەوە بەئاراستەی ئەم ناوچەیە، کەئەمەش کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کە هۆکاری بەرزی ئاستی تفتێتیە، لەم نمونەیەی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا تێکرای تفتێتی دەگاتە ٨٤,٥٥ملگم/لتر، نزمترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٣)دایە کە ناوچەی سەوزاییە ودەگاتە ٤٤,٦٥ملگم/لتر.

٩ - united state protection agency, Voluntary Estuary Monitoring, Manual Chapter 11: pH and Alkalinity ,March,2006,p6. and William A. Wurts , Robert M. Durborow, interactions of PH, Carbon Dioxide, Alkalinity and Hardness in Fish ponds, south Regional Aquaculture Center , SRAC Publication No. 464, December 1992, p1-3.

**خشتەی(١١)**

**تێکرای وەرزی وتێکرای گشتی ئاستی تفتێتی بۆ ئاوی بارانی نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| نمونە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | ٣٦.١ | ٣٦.١ | ٣٠.٤ | ٣٤.٢ | ٢٦.٦ | ٣٦.١ | ٣٠.٤ | ٣٩.٩ | ٥٧ | ٣٦.٣١ |
| بەهار | ٨٩.٣ | ١٣٣ | ٥٨.٩ | ٨٣.٦ | ٧٢.٢ | ٩٦.٦ | ٩٨.٨ | ٦٦.٥ | ٤٥.٦ | ٨٢.٧٢ |
| تێکرا | ٦٢.٧ | ٨٤.٥٥ | ٤٤.٦٥ | ٥٨.٩ | ٤٩.٤ | ٦٦.٣٥ | ٦٤.٦ | ٥٣.٢ | ٥١.٣ | ٥٩.٥٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بەجیاوازی وەرزەکان ئەوا ئاستە بەرزەکان لەرووی تفتێتیەوە بەگشتی لەنمونەکانی وەرزی بەهاردا زیاترە وەك لەوەرزی زستان، تێکرای تفتێتی لەوەرزی بەهاردا دەگاتە ٨٢,٧٢ملگم/لتر، لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا دەگاتە ٣٦,٣١ملگم/لتر، بێگومان لەوەرزی بەهاردا جموجوڵ وچالاکی هاتوچۆ زیاترە وئەمەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی گازی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن لەم وەرزەدا لەهەوادا دواتر ئاوێتە بوونی لەگەڵ ئاوی باراندا، وکەمی ئاستی باران بارین لەم وەرزەدا ٨٣.٩ ملم ولەوەرزی زستاندا زیاترە وکۆی گشتی دابارین دەگاتە ٢٨٨.٤ملم، سەبارەت بەئاستەکانی تفتێتی لەوەرزی زستاندا ئەوا بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە (٩)دایە واتە ناوچەی بازیان ودەگاتە ٥٧ملگم/لتر، چونکە ئەم ناوچەیە ژمارەیەکی زۆر کارگەی تیادایە لەنێویاندا کارگەی چیمەنتۆ وکارگەی گەچ. بێگومان ئەم کارگانەی بیناسازی سەرچاوەن بۆ دروستکردنی تەپوتۆز وبڕێکی زۆر لەپێکهاتەی کاربۆنات وبایکاربۆنات لەهەوای ناوچەکەدا وهۆکاریشە بۆ بەرزی ئاستی تفتێتی، نزمترین ئاستی تفتی هەر لەوەرزی زستاندا لەناوچەی نیشتەجێبوونی گەرەکی چوارچرا واتە نمونەی ژمارە (٥) لەباشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ودەگاتە ٢٦,٦ملگم/لتر، ئاشکرایە ئەم ناوچەیە تارادەیەك دوورە لەڕێگەی هاتوچۆی سەرەکیەوە، لەئێستادا دەتوانین بڵێین ئەوپەری ناوچەی نیشتەجێبوونە لەباشور وباشوری خۆرهەلاتی شاری سلێمانیدا. سەیری شێوەی ژمارە (١٠) بکە.

**شێوەی (١٠)**

**جیاوازی ئاستی تفتێتی لەهەردوو وەرزی زستان وبەهاردا لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا**




**سەرچاوە: خشتەی ژمارە (١١).**

سەبارەت بەوەرزی بەهار ئەوا بەگشتی ئاستەکان بەرزدەبنەوە وبەرزترین ئاست لەم وەرزەدا لەناوچەی گەرەکی چوارباخدا دەردەکەوێت واتە لەنمونەی ژمارە (٢)دایە کەبەیەکێك لەناوچەکانی نیشتەجێبوون دادەنرێت ودەگاتە ١٣٣ملگم/لتر، ونزمترین ئاستیش لەنمونەی ژمارە (٩)دا دەبینرێت واتە ناوچەی بازیان وئاستەکەی دەگاتە ٤٥.٦ملگم/لتر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی ئاراستەی با کەلەبەهاراندا بەسەرناوچەی نمونەکە وناوچەی کۆبوونەوەی دانیشتوان کەمترین دووبارە بوونەوەی هەیە بەپێچەوانەی وەرزی زستان کەهەڵکردنی با بەو ئاراستەیە زۆرترین دووبارەبوونەوەی هەیە.

**هەڵسەنگاندنی ژینگەیی پێکهاتەی ئاوی نمونەکانی باران لەناوچەی لێکۆڵینەوە:**

بەگشتی ئەگەر بمانەوێت بەراوورد بکەین لەنێوان تەواوی نمونەکاندا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لەوەرزی زستاندا ئاستی ph لەنمونەی ژمارە (١ و ٧)دا لەکەمترین ئاستدایە ٧.٢٤ ولەنمونەی سێهەم ١٠ ولەچوارەمدا دەگاتە ٩.٩٥ کە لەبەرزترین ئاستدایە و بەگشتی بارانی ناوچەکە ڕوو لەتفتیە وهەموو ئاستەکان بەرزترن لەئاستی phی بارانی خاوێن کەئاستی ئایۆنی هایدرۆجینیەکەی ٦,٨ وئاستی ئایۆنی هایدرۆجینی ئاوی خواردنەوە (٦.٥-٨.٥)، سەبارەت بەنمونەنەکانی وەرزی زستان تەنها نمونەی ژمارە (١ و ٧) لەئاستی گونجاوی خواردنەوەدان نمونەکانی تر لەدەرەوەی ئەو ستانداردەن وبەگشتی هەموویان بەئاراستەی تفتین. سەبارەت بەوەرزی بەهار ئەوا بەپێچەوانەوە جگە لەنمونەی ژمارە (٩) دەگاتە ٨.٨٢ تەواوی نمونەکانی تر لەنێوان ئەو ستانداردەدان وگونجاون بۆ بەکارهێنان، بەڵام جارێکیتر دەشێت ئاماژە بەوەبکەین کەهەموو نمونەکان ئاستی ئایۆنی هایدرۆجینیان بەرزترە لە (٧) واتە بەئاراستەی تفتین. هەرچی تێکرای هەردوو وەرزەکەشە ئەوا ئاستەکانی نمونەی ژمارە (١ و ٧) لەگەڵ ستانداردی ئاوی خواردنەوەدا گونجاون وتەواوی نمونەکانی تر لەدەرەوەی ستانداردن.

سەبارەت بە ئاستی TDS لەئاوی باراندا ئەوا (٤-١٠ ملگم/لتر)[١٠] باشترین ئاست بۆ TDS کەمترە لە٣٠٠ ملگم/لتر، ئەگەر لەئاستی باشیشدا بێت ئەوا لەنێوان ٣٠٠-٦٠٠ ملگم/لتر[١١]، ئەوا لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەکە لەتەواوی نمونەکانی وەرزی زستاندا کەمترە لە٣٠٠ ملگم/لتر ولەوەرزی بەهاردا لەهەرسێ نمونەی (٧،٦،٢) ئاستەکانی لە٣٠٠ ملگم/لتر زیاترە، وتێکرای گشتی هەردوو وەرزەکەش بۆ بەکارهێنان گونجاوە. بەڵام وەکو ئاستی TDS بۆ ئاوی باران ئەوا هەمو ئاستەکان لەو بڕە زیاترن کە دەشێت لەنێوان ٤- ١٠ ملگم/لتر بن.

سەبارەت بە ئاستی لێڵی ئەوا ئاستی گونجاو بۆ لێڵی لەئاوی خواردنەوەدا ئەوا ١ NTU گونجاوترین ئاستە و دوا ئاستیش ٥ NTU بە گوێرەی ستانداری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەنمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەکەدا تەنها نمونەی ژمارە (٦) ئاستی لێڵی٠ لەوەرزی زستاندا، لەتەواوی نمونەکانی تری هەردوو وەرزەکەدا ئاستی لێڵی بەرزترە لەئاستی ستاندارد.

---

١٠ - دياري علي محمد امين المنمي، المصدر السابق، ص ٥٥.

١١ – Background document for development of WHO Guidelines for Drinking-water Quality, Total dissolved solids in Drinking- water, WHO/SDE/WSH/03.04/16 English only, Originally published in Guidelines for drinking- water quality, 2nd ed. vol. 2. health criteria and other supporting information. P1. world health organization, geneva, 1996,

لەبارەی ئاستی ناسازی گشتی ئەوا بە گوێرەی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (٨٠-١٥٠ ملگم/لتر) گونجاوە بۆ بەکارهێنانی خواردنەوە، تەواوی نمونەکانی وەرزی زستان لەو نێوانەدایە، سەبارەت بە وەرزی بەهار ئەوا هەر یەك لەنمونەکانی ژمارە (٧,٦,١) لەدەرەوەی ئەو سنورەن، نمونەی ژمارە (١و٦) لەدەرەوەی ئەو سنورەن لەبەرزترین ئاست کەهەردوکیان دوابەدوا (٢٠١,٩ ملگم/لتر و ١٨٣.٦ملگم/لتر) لەبارەی نمونەی ژمارە (٧) دەگاتە ٧٣.٤ ملگم/لتر، کەمترە لەکەمترین ئاستی ڕێپێدراو. هەروەها ڕەگەزی کالسیۆم بە گوێرەی ئاستی ڕێپێدراوی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ٢٠٠ ملگم/لتر لەتەواوی نمونەکانی ئاوی بارانی ناوچەکەدا لەم ئاستە کەمترە، سەبارەت بەڕەگەزی مەگنسیۆم ئەوا ئاستی گونجاوی ٥٠ ملگم/لتر، ودوا ئاستی ڕێپێدراو ١٥٠ ملگم/لتر، بەڕێژەیەکی زۆریش تەواوی نمونەکان لەم ئاستە کەمترن.

ئاستی گونجاوی ڕەگەزی کلۆراید ١٠٠ ملگم/لتر و دوا ئاستیش ٢٥٠ ملگم/لتر، لەوەرزی زستاندا تەنها نمونەی چوارەم لەم نێوانەدایە دەگاتە ١٥٠.٣ ملگم/لتر ئەویش نمونەی بارانی ناوچەی پیشەسازیە، تەواوی نمونەکانی تر لەم وەرزەدا کەمترن لەئاستی گونجاویش، لەوەرزی بەهاردا بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما وبەرزبوونەوەی ڕێژەی بەهەڵمبونەوە بەگشتی ئاستی کلۆراید بەرزترن، وتەنها هەردوو نمونەی ژمارە (٩,٦) لەم نێوانەدان، هەروەها نمونەی ژمارە (٧،٢) زیاترن لەئاستی ڕێپێدراو نمونەی ژمارە (٢) دەگاتە ٢٥١ملگم/لتر، نمونەی ژمارە (٧) دەگاتە ٣٥٩,٨ ماگم/لتر، تەواوی نمونەکانی تر کەمترن لەئاستی گونجاو.

سەبارەت بە ڕەگەزی نترات لەسەر ئاستی دەستنیشانکراوی بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نابێت لە١٠ ملگم/لتر زیاتربێت، وئاستەکانی نمونەکان هەمووی لەم ئاستە کەمترن.

ئاستی گونجاوی ڕەگەزی تفتێتیش دەکەوێتە نێوان ٨٠-١٢٥ ملگم/لتر، ولەوەرزی زستاندا هەموو نمونەکان کەمترن لەئاستی دەستنیشانکراو لەوەرزی بەهاردا نمونەی ژمارە (٢) بەرزترە لەو ئاستە دەگاتە ١٣٣ملگم/لتر، هەریەك لەنمونەکانی (٣،٥،٨،٩) کەمترن لەئاستی دەستنیشانکراو، لەسەر ئاستی تێکرای ناوچەکەش ئەوا تەنها نمونەی ژمارە (٢) لەئاستی گونجاودایە، تەواوی تێکرای نمونەکانی تر لەئاستی گونجاو کەمترن. سەیری نەخشەی ژمارە (٢) بکە.

**دەرەنجام**

**١- لەبارەی رەگەزی PHی ئاوی بارانی نمونەکانەوە تەواوی نمونەکان بەئاراستەی تفتین وتێکرای گشتی دەگاتە ٨.٦٣، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو پێکهاتانەی کە لەهەوای ناوچەکەدا هەیە لەڕووی تەپووتۆز وپاشماوەی بەردی جیرِی کەهۆکاری تفتی ئاوی بارانی ناوچەکەن، وەبەرزترین ئاست لە نمونەی ناوچەی ژمارە (٣)دایە (گردی رعایە) دەگاتە (١٠)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەنمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ترشە باران نین.**

**٢- جیاوازی پێگەی نمونەکان لەرووی تۆبۆگرافیەوە بەگشتی کاریگەری ئاشکرایان هەبووە لەسەر جیاوازی بوونی ئاستی رەگەزە پیسکەرەکان، وەك ناوچە نزمەکان لەنمونەی ژمارە (١) و(٢)دا کەچربوونەوەی رەگەزە پیسکەرەکان زیاترن بەهۆی نزمی ناوچەکە بەگشتی وداخراوی ئەم ناوچانە لەرووی کەوتنیان لەنێوان بیناو باڵەخانەکاندا، بێجگە لەدەورە دانیان بەگرد وتەپۆلکە وەك بەئاشکرا لەناوچەی نمونەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت کەکەوتووەتە نێوان گردی عەقاری و شێخ محێدین وشێخ فەتاحەوە.**

**٣- سەبارەت بە خاوێنترین ناوچە دەکەوێتە نمونەی سێیەم، ولەزۆرینەی رەگەزەکاندا کەمترین بڕی پیسبوونی تیادایە، بەهۆی بوونی رووبەری سەوزایی وبەرزی ناوچەکەوە کەهۆکاری یارمەتیدەر بووە لەخاوێنی ئاوی بارانی نمونەکەدا. وەسەبارەت بەزۆرینەی رەگەزە پیسکەرەکان لەکۆی نمونە وەرگیراوەکاندا ئەوا نمونەی دووەم بەرزترین ئاستی تیادا تۆمارکراوە، کەدەگەڕێتەوە بۆ شوێنی نمونەکە لەرووی بەرزی وئاراستەکانی رێگاکانی هاتوچۆ وجەنجاڵی زۆری ناوچەکەوە وشوێنە چاڵەکەی بەپێی ناوچەکانی دەوروبەریەوە.**

**٤- بەتێکرا بەرزترین ئاستەکانی پیسبوون بە زۆری لە وەرزی بەهاردایە وئاستە نزمەکانیشی بەگشتی لەوەرزی زستاندایە، بەهۆی کەمی بڕی ئەوبارانەی کە لەوەرزی بەهاردا باریوە بەبەراوورد بەوەرزی زستان، وئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەگشتی زۆر وکەمی بڕی باران بارین فاکتەرێکی سەرەکیە لەسەر مەودای ئاستەکانی پیسبوون لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا.**

**٥- دەرکەوتنی کاریگەری ئاراستەی گشتی هەڵکردنی باو دووبارەبوونەوەیان بەدرێژایی ساڵ رۆڵی ئاشکرایان هەبووە لەگواستنەوەی تۆز ودوکەڵی کارگەکان بۆ سەر ناوچەکانی تر لەناو سەنتەری شار ودەرەوەیدا، وەك گواستنەوەی تۆز دوکەڵی کارگەکانی ناوچەی تاسلوجە وبازیان بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ئەمە بێجگە لەشێوازی درێژبوونەوەی زنجیرە چیاکانی ئەزمڕ وگۆیژە وبەرانان لەسەر ئاراستەی هەڵکردنی گشتی باکان بەشێوەیەك کاریگەرن لەسەر گواستنەوەی دوکەڵی کارگەکان بۆسەر ناوچەکانی باشوور وسەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، کەزیاتر ئاستەکانی پیسبوون لەنمونەکانی ئەم ناوچانەدا دەرکەوتوون. کەواتە مەرج نیە ئەو ناوچانەی کەسەرچاوەی پیسبوونن هەر ئەوانە بن کەزۆرترین ئاستەکانی پیسبوونیان تێدا دەرکەوێت.**

**راسپاردە**

١- لەبەرئەوەی کەئاراستەی گشتی هەڵکردنی با لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەهاراندا زۆرترین دووبارە بوونەوەی خۆرئاوا وباشوری خۆراوایە، لەکاتێکدا لەوەرزی زستاندا زۆرترین دووبارەبوونەوە بەئاراستەی باکورو وباکوری خۆرهەڵاتە، بەم پێیە ناوچەکانی باشووری ناوچەی لێکۆڵینەوە گونجاوترین شوێنە بۆ دامەزراندنی پیشەسازی بەجۆرێك کەبای پیس بوو بەتۆزی پیشەسازیەکان لەم بارەدا بەسەر شارەکەدا بەهیچ جۆرێك هەڵناکات.

٢- زیادکردنی رووبەری سەوزایی لەناوچەکانی باشوورو باشوری رۆژاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە کەنزمترین ناوچەن وکەمترین رووبەری سەوزاییان تێدایە، چونکە زۆرترین کاریگەری رەگەزە پیسکەرەکان بەپێی لێکۆڵینەوەکە لەم ناوچانەدا دەرکەوتوون.

٣- کردنەوەی چەندین سەنتەری بازرگانی گەورە لەدەرەوەی سەنتەری شار وبەستنەوەیان بەهێڵی گواستنەوەی پێشکەوتوو بەمەبەستی کەمکردنەوەی فشار لەسەر سەنتەری شار وکەمکردنەوەی رۆڵی رەگەزە پیسکەرەکان تیایدا وەك لەلێکۆڵینەوەکەدا بەئاشکرا پیسبوونی هەوا وباران لەنمونەکانی ناوچەی باشوور وسەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**کتێب:**

١- درادكة، خليفة ، هيدرولوجية المياه الجوفية، دار محدلاوى، عمان، ١٩٨٧.

٢- حارث جبار فهد، عادل مشعان ربيع، التلوث المائي"مصادره، مخاطره، معالجته"، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الاردن، عمان، ٢٠١٠.

٣- السعدي، علي، اساسيات علم البيئة والتلوث، دار اليازوري العلوية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٦.

**گۆڤار:**

١- قاسم، أياد فضيل، وآخرون، دراسة تأثير ملوثات الهواء على خصائص مياه الأمطار في قرية العريج/ ناحية حمام العليل جنوب مدينة الموصل، مجلة جامعة تكريت للعلوم الهندسية، المجلد١٩، العدد٢، حزيران، ٢٠١٤.

**نامەی ماستەر:**

١- المنمي، دياري علي محمدامين ، دراسة كيميائية وبيئية للمياه الجوفية في مدينة السليمانية وضواحيها، رسالة ماجستير، كلية العلوم، جامعة بغداد، قسم علم الارض، بغداد، ٢٠٠٢.

**دەزگا حکومیەکان:**

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن، دەزگای کەشناسی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی لەپارێزگای سلێمانی، بەشی ئاووهەوا، ٢٠١٣-٢٠١٤، زانیاری بلاونەکراوە.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1- Background document for development of WHO Guidelines for Drinking-water Quality, Total dissolved solids in Drinking-water, WHO/SDE/WSH/03.04/16 English only, Originally published in Guidelines for drinking-water quality, 2nd ed. Vol. 2. Health criteria and other supporting information. World Health Organization, Geneva, 1996.

2- Detlev Moller, The Na/Cl ratio in rainwater and the seasalt chloride cycle, Axademy of science of the GDR, Rudower Chaussee 5, DDR-1199 Berlin, 1990.

3- EPA Guidance Manual, Turbidity Provisions, Turbidity in Source Water, April 2009.

4- L. T. KHEMANI, Chemical composition of rain water and rain characteristics at Delhi, Rain and Cloud Phyaics Reaearch Centre, National Physic& Laboratory of Indiu, New Delhi, 1966..

5- William A. Wurts, Robert M. Durborow, interactions of PH, Carbon Dioxide, Alkalinity and Hardness in Fish ponds, south Regional Aquaculture Center, SRAC Publication No. 464, December 1992.

6- world health organization, guidelines for drinking-water quality, third edition, incorporatin the first and second addena, volume 1, recommendations, geneva 2008.

7- E. Ramirez Lara, R. Miranda Guardiola, Y. Gracia Vasques, Chemical composition of rainwater in northestern Mexico, received September(9-2009), accepted February (15-2010), university of Mexico, atmosfera 23(3), 2010.

8-Elizabeth Myre & Ryan Shaw, The Turbidity Tube: Simple and Accurate Measurement of Turbidity in the Field, Department of Civil and Environmental Engineering, Master's International Program, Michigan Technological University, 2006.

9- Nitrate and nitrite in drinking-water, Background document for development of WHO Guidelines for Drinking-water Quality, 2007.

10- united state protection agency, Voluntary Estuary Monitoring, Manual Chapter 11: pH and Alkalinity, March, 2006.

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی کوردی

## شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ پێکهاتەی ئاوی باران لەشاری سلێمانی ودەوروبەری بۆ ساڵی ٢٠١٣- ٢٠١٤

ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بەشـیکردنەوەی هەنـدێك ڕەگـەزی فیزیـاوی وکیمیـاوی ئـاوی بـاران لـەناو شـاری سلێمانی ودەوروبەریدا، بۆ ئـەم مەبەسـتەش (٩) شـوێن لەناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەستنیشـانکراوە بـۆ وەرگرتنـی نمونــەکان کەخاســیەتەکانیان بــەپێی تایبەتمەنیــە سروشــتی ومرۆییــەکان وەك شــوێن وبــەرزنزمی وجــۆری بـەکارهێنانی دەگۆڕێت. بـۆ زیـاتر قوڵبوونـەوە لەدەرخسـتنی ئـەم تایبەتمەندێتیانـەدا مـاوەی بـاران بـارین بـۆ هەریـەك لەنمونـەکان لـەماوەی ٢١-١٢-٢٠١٣ بـۆ ٢١-٦-٢٠١٤ وەرگـیراوە ودابـەش بـووە بەسـەر هـەردوو وەرزی زسـتان وبەهاردا. لە دەرەنجامدا دەرکەوتووە کە ڕەگەزە پیسکەرەکان ئاستەکانیان لە نمونـەی ناوچـەیەکەوە بـۆ یـەکێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تـر لـە هـەمان ناوچـەدا دەگۆڕێت. بەگشتی کاریگـەری ڕەگـەزە پیسکـەرەکانی ئـاوی بـاران لەناوچـەکانی سـەنتەری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە (CBD) وناوچـەکانی باشـور وباشـوری ڕۆژئـاوا وباشـور وباشـوری رۆژهەڵاتـدا ئاشـکراترن، وپێویسـتە لەداهاتوویـەکی زۆر نزیکـدا لـەڕووی ژینگەییـەوە ئـەم ناوچـانە هەڵسەنگاندنی ووردیان بۆ بکرێت، وە لەبەرئـەوە پێویسـتە ناوچـەکە بەگشتی وئـەو ناوچانەش کەبـەرەورووی مەترسی پیسبوون دەبنەوە بەپێی چەندین پلانی زانستی وورد چارەسـەربکرێن، لێـرەدا دەبێـت دەزگـا ولایەنـە حکومی ورێکخراوە ژینگەییەکان بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆی خۆیان.

## خلاصة البحث باللغة العربية

## التحليل الجغرافي لتركيب مياه الأمطار في مدينة السليمانية والمناطق المجاورة لها خلال فترة ٢٠١٣–٢٠١٤

خصص هذا البحث لتحليل عدد من العناصر الفيزيائية والكيميائية لمياه الأمطار في مدينة السليمانية وأطرافها، ومـن أجل ذلك تم تحديد تسعة أماكن لأختيار النماذج sample من مياه أمطارها، وتختلف الصفات الطبيعية والبشرية من مكان الى أخرى كالموقع والتضاريس والوظائف المناطة لمنطقة الدراسة. ومـن أجـل دراسـة هـذه الخصـائص وتحليلـها مختبرياً فقد تم أخذ عينات من مياه الأمطار لكل النماذج المختـارة خـلال فـترة ٢١–١٢–٢٠١٣ الى ٢١–٦–٢٠١٤، ومـن اجل ذلك تم تقسيم مدة الدراسـة علـى فصـلي الشـتاء والربيـع. واظهـرت النتـائج بـأن العناصـر المسـببة للتلـوث تـتغير مستوياتها من منطقة الى أخرى ومن فترة الى أخرى في نفس المنطقة. وبشـكل عـام فـأن أثـر العناصـر المسـببة للتلـوث يظهر بشكل أوضـح في مركـز منطقـة الدراسـة وهـو مركـز مدينـة السـليمانية (CBD)، والمنـاطق الواقعـة في الجنـوب– الجنوب الغربي والجنوب– الجنوب الشرقي للمنطقة المـذكورة، ممـا يزيـد الحاجـة في المسـتقبل القريـب الى تقيـيم دقيـق لأهمية هذه المناطق من الناحية البيئية، وهذا مايستلزم معالجة المشاكل البيئية في المنطقة والمناطق المجـاورة لهـا عـن طريق العديد من الخطـط البيئيـة الدقيقـة والمدروسـة مسـبقاً مـن قبـل الجهـات الحكوميـة المعنيـة، والمنظمـات البيئيـة المسؤولة في محافظة السليمانية.

# Abstract

## geographical analysis of the components of raining water in the city of sulaimaniyah and its surroundings/ year (2013- 2014)

The study is highlights the analysis of some of the Physical and Chemical components of water raining in the city of sulaimaniyah and its surroundings. Though, the area of the study is divided into nine samples in which their traits and features will change according to the natural and human characteristics like their places, topography, and functions.

In order to figure out more about these features and traits in detail, for each sample the length of the raining during the $21^{st}$, Dec. 2013 to the $21^{st}$, June 2014 is taken and is divided into the seasons of winter and spring.

The results demonstrate that the level of the pollutant components will vary from a sample of one place to another sample in another place, and it also varies in the same place from one time to another.

Generally, the effects of the pollutant components in the places of the centre of the study (CBD), and the places of the South and the South West, and the South and the South East are more obvious. Environmentally, sooner the better, these areas should be evaluated very precisely, and the whole area and the areas that are at risk due to pollution should be survived and treated through an accurate scientific plan.

# دەستنیشانکردنی ڕۆژە گونجاوەکان بۆ گەشتوگوزار لە ڕوانگەی ئاوهەوای فسیۆلۆجیەوە لە ناوچەی ئاکرێ


د. لقمان وسو عمر

زانكۆی كۆیە

كۆلیجی پەروەردە

بەشی جوگرافیا



## پوختە

گرنگی ئەم بابەتە بریتیە لە دیاریکردنی بارودۆخی ئاوهەوای گونجاو بۆ چالاکی گەشت وگوزار لە ناوچەی ئاکری، کە ڕێبازە گشتیەکانی ئەم هاوبەڵگەیە لە لایەن زانای بەناوبانگی ئەمریکی (تێرجنج) دانراوە، کە بە یەکێك لە بەناوبانگترین هاوبەڵگە بایۆ ئاوهەواییەکان دادەنرێت کە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمرکادا پراکتیك کراوە.

لە کۆتایی دەرکەوتوە، کە بارودۆخی ئاوهەوای گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، جیاوازی هەیە لە نێوان شەو ڕۆژدا بە شێوەیەك کە هاوبەڵگەی ئاسودەیی بۆ هەستکردن بە دۆخێکی گونجاو لە ڕۆژدا دەگاتە (١٠.٤٪)ی رۆژەکانی ساڵ، کەچی ئەم جۆرە هەستکردنە لە شەودا روو لە بەرزی دەکات و دەگاتە (٢٧.٧٪)، ئەمە لە کاتێکدا کە توانای با بۆ ساردکردنەوە، لە ڕۆژدا بۆتە هۆی نزیکردنەوەی بارودۆخی ئاوهەوا لە هەستکردن بە ئارامی بە ڕێژەی (٥٣.٤٪)، بەڵام ئەم جۆرە کاریگەریە لە شەواندا کەمتر بەدیدەکرێت و ڕێژەکە لە (٣٢.٦٪)ی ڕۆژەکانی ساڵ تێپەر ناکات.


## پێشەکی

ئاوهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە سەر مرۆڤ و چالاکیەکانیەوە هەیە، ئەم کاریگەریەش ئەگەر چی لە کەسێك بۆ کەسێك دەگۆڕێت، بەڵام لەشی مرۆڤ بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ هەر بارودۆخێکی ئاوهەوا، پەرچەکرداری فسیۆلۆجی خێراو لە ناکاوی هەیە، ئەم پەرچەکردارانە مەرج نیە لە هەموو حاڵەتەکاندا وەڵامی تەواوی لایەنە فسیۆلۆجیەکانی بداتەوە بەڵکو هەندی جار لە گەڵ بارودۆخی ئاوهەواکە ناگونجێ و هەر بۆیە ئاستی خوگونجاندنەکەی سنوردارە، بۆ ئەم مەبەستە زاناکان چەندین فورمولەیان داهێناوە بۆ ئەوەی بتوانن جۆرەکانی پشوی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی بە ئاوهەواوە دەستنیشان بکەن.

ڕەگەزە ئاوهەوایەکان سەرجەمیان پەیوەندیان بە چالاکیەکانی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام هەندێ لە ڕەگەزەکان لە پەیوەندیەکی توندو تۆڵدان و کاریگەریان زیاترە لە هەندێکی تریان، بۆ نمونە گۆران لە پلەکانی گەرما کاریگەری زیاترە لە گۆڕان لە باران .... هتد

پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ئاوهەوا پەیوەندیەکی تێکهەڵکێش و ئاڵۆزە، هەر بۆیە ناکرێت کاریگەری ڕەگەزێك بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزە ئاوهەوایەکانی تر بکرێت بە پێوەری ڕاستەقینە، بۆ ئەم مەبەستە

**هەوڵ دەدەین لەم باسەدا یەكێك لە گرنگترین هاوبەڵگە ئاوهەوایە فسیۆلۆجیەكان هەڵبژێرین بۆ دەسنیشانكردنی ئاوهەوای فسیۆلۆجی كە ئەویش هاوبەڵگەی (تیرجنج)ە، هۆكاری هەڵبژرادنی ئەم هاوبەڵگەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە تیرجنج بۆ دەستنیشانكردنی جۆری ئاوهەوی فسیۆلۆجی، پشتی بە كۆمەڵی ڕەگەزی ئاوهەوایی بەستوە كە لە پەیوەندی دولایەنەدان لە گەڵ یەكتری، لە گرنگترین ڕەگەزەكانیش وەك (پلەی گەرما، شێی هەوا، تیشكی خۆر، خیرای با).**

**ئامانج لەم باسەدا بریتیە لە پراكتیكردنی پۆلێنكاری تیرجنج بە سەر ڕەگەزە ئاوهەوایەكاندا لە وێستگەی ئاوهەوایی ئاكرێ و شیكردنەوەی دەرەنجامەكانی بۆ دەستنیشانكردنی ڕۆژە گونجاوەكان و نەگونجاوەكان بۆ چالاكی گەشت وگوزاری.**

**گرفتی توێژینەوەكە لەوە سەرچاوەی گرتوە كە ناوچەی لێكۆڵینەوە گۆڕانكاری ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانەی ئاوهەوای بە سەردا دێت لە لایەك و هەڵكەوتی جوگرافی ناوچەكە بەرپرسە لە گۆڕانكاریە ئاوهەوایە كاتیەكان بە سەر ڕەگەزە ئاوهەوایەكان.**

**باسەكەمان لە كۆمەڵێ گریمانەوە سەرچاوەی گرتوە كە بریتین لە:**

1. **گۆڕانی ڕەگەزەكانی ئاوهەوا بەرپرسن لە گۆڕانی ڕۆژە شیاوەكان بۆ گەشت وگوزار.**
2. **هەندی لە ڕەگەزە ئاوهەواییەكان لە كاتە جیاوازەكاندا ڕێگرن لە چالاكی گەشتو گوزار.**
3. **پەیوەندی نێوان ڕەگەزە ئاوهەواییەكان بەرپرسن لە دیاریكردنی ڕۆژە گونجاوەكان یا نەگونجاوەكان بۆ گەشت وگوزار.**

**بە مەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامێكی باش و سروشتی باسەكەش وا دەخوازێ كە تەوەرەكانی توێژینەوەكەمان بە سەر دوو باسی سەرەكی دابەش بكەین كە بریتین لە :**

1. **باسی یەكەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆری و ڕیكارە پێویستیەكانی پراكتیكردنی پۆلێنكاری تیرجینج.**
2. **باسی دوەم تایبەت كراوە بە شیكردنەوەی ڕۆژە شیاوەكان لە ڕوانگەی ئاوهەوای فسیۆلۆجیەوە بۆ گەشتوگوزار و ئارمگرتنی مرۆڤ لە ناوچەی ئاكرێ.**

**لە پێناو بەرچاو رونی و شارەزایی لە سەر بابەتی لێكۆڵینەوە بە پێویستی دەزانین كە ئاماژە بە هەندێك لەو سەرچاوانە بكەین كە پەیوەندیان بە باسەكەمانەوە هەیە لە گرنگترینیان د. نشوان شكری عبداللە كە هەلیداوە شێوازەكانی پشووی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە لە وێستگەی ئاوهەوای زاخۆ بخاتە ڕوو [1] هەروەها عبدالامام نصار دریری هەلسەنگاندنی گەشت وگوزاری بۆ بارودۆخی ئاوهەوای ئوردن بە گوێرەی پۆلینكاری تیرجنج كردوە كاتە گونجاوەكانی بە گوێرەی وێستگەكان بۆ گەشتكردن دیاریكردووە[2] لە لایەكی تر**

[1]–نشوان شكري عبد الله ، انماط المناخ الفسيولوجي في مدينة زاخو (دراسة في المناخ التطبيقي)، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية ، المجلد ٧ العدد ١ سنة ٢٠٠٥

[2]–عبدالامام نصار دريري، تقيم المناخ السياحي ف الاردن باستخدام تصنيف تيرجنج الحيوى، مجله ابحاپ البصره (الانسانيات)، المجلد ٣٠، العدد(٢–ج) ٢٠٠٦.

عبدالحسين ابو رحيل باسيكی تايبەت بە عيراق لە روانگە ئاوهەوای فسيۆلۆجی کردووە و جەختی لە سەر دەرخستنی ئاوهەوای ڕەخساو بۆ چالاکی و گەشت و گوزار کردۆتەوە(٣)

**سنوری شوێنی و کاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە.**

شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە، قەزای (ئاکری)یە، کە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای دهۆك، کە کەوتۆتە نێوان دوو پارێزگای هەرێمی کوردستان و نزیکە لە پارێزگاکانی موسڵ و سنوری نێودەولەتی وولاتی تورکیا، ئەم قەزایە روبەری (١٨٣٢.٥)کم٢ لە هەرێمی کوردستان دادەپۆشی(٤)، هەرچی سنوری کاتیە، ماوەی نێوان ساڵەکانی ٢٠٠١-٢٠١٢ لەخۆ دەگرێ.

دەربارەی شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای ئاکرێ، کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٦:٣٠ °) و (٣٧:٠٢ °)ی باکور و هێڵەکانی درێژی (٤٣:٣٦°) و (٤٤:١٨°)ی رۆژهەڵات. (نەخشەی ژمارە ١)

**(نەخشەی ژمارە ١)**

**شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




**سەرچاوە/** بهزاد حلمي حسين، الامكانات الجغرافية السياحية في قضاء ئاكرى، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين، كلية الاداب،٢٠٠٩، ص٨ و٣٠.

---

(٣)–عبدالحسين مدفون ابو رحيل، انماگ المناخ الفسيولوجيه فی العراق، مجله الجمعيه الجغرافيه العراقيه، العدد ٣٦، السنه ١٩٩٧.

(٤)–بهزاد حلمی حسين، الامكانات الجغرافيه السياحيه فی قچاو ئاكرى، رساله ماجستير،جامعه صلاح الدين، كليه الاداب،٢٠٠٩،ص٢٠.

## تەوەری یەکەم

### چوارچێوەی تیۆری و ڕیکارەکانی پۆلێنکاری تیرجینج و هەنگاوەکانی پراکتیك کردنی

تیرجنج (Werner H. Terjung) لە ساڵی ١٩٦٦ هەوڵی داوە هەرێمە ئاووهەواییە فسیۆلۆجیەکان لە ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستنیشان بکات بۆ ئەم مەبەست (٢٠) هەرێمی ئاوهەوای فسیۆلۆجی دەستنیشان کردووە[٥].

گرنگی ئەم پۆلێنکاریە لەوەدایە کە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵی رەگەزی ئاوهەوایی گرنگ لە لایەك و جیاوازی نێوان کاتەکان لە شەو و ڕۆژدا لە لایەکی تر لە ڕێگەی بە بەهەند هەڵگرتنی کاریگەری تیشکی خۆر. کە بەم پێودانگە (تیرجنج)  بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی ورد کۆمەڵێ هەنگاوی گرتۆتە بەر وەك:

**هەنگاوی یەکەم.** گەرمی کاریگەر و هاوسەنگی گەرمی لە لەشی مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی:

أ.  تابلۆیەکی پێوانەکردن کە کۆمەڵی هێما و بەهای ژمێرەیی بۆ داناوە، ( تابلۆی ژمارە ١).

ب.  بەکار هێنانی خشتەیەك بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەکانی پشو کە بە کۆمەڵی هێما و بەهای ژمێرەیی ڕونکراوەتەوە (خشتەی ژمارە ١).

ت.  تێکەڵکردنی هەردوو پشوی شەو و ڕۆژ بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تابلۆی هاوبەلگەی پشوو  ژمارە (١)**




Terjung, W.H. 1966. Physiologic climates of the conterminous United States: bioclimatic classification based on man. Annals of the Association of American Geographers.vol56, p148.

---

٥. بۆ زانیاری زیاتر بروانە

أ.  عبدالحسین مدفون ابو رحیل، انماگ المناخ الفسیۆلۆجیە ڤ العراق، مجلە الجمعیە الجغرافیە العراقیـە، العدد ٣٦، السنە ١٩٩٧، ص ١٣٠-١٧٧.ب

ب.  علی حسن موسی، المناخ والسیاحە مع نموزج تگبیقی سوریە ومصر، دار الانوار، الگبعە الاولی، دمشق، ١٩٩٧، ص ٧٦.

١. هاوبەڵگەی پشو لە ڕۆژدا. بە بەکارهێنانی تێکرای ڕۆژانەی بەرزترین پلەکانی گەرما و تێکرای ڕۆژانەی نزمترین شێی ڕێژەیی ڕۆژانە.

٢. هاوبەڵگەی پشو لە شەودا. بە بەکارهێنانی تێکرای نزمترین پلەکانی گەرمای ڕۆژانەو تێکڕای بەرزترین شێی ڕێژەیی رۆژانە.

٣. هاوبەڵگەی ئاوێتەی پشوو لە شەو و رۆژ: لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هەردوو هەنگاوەکانی سەرەوە (خاڵی ١، ٢) دواتر بەراوردکردنی دەرەنجامەکان بەو هێمایانەی کە لە خشتەکەدا (خشتەی ژمارە٢) هاتووە، هاوبەڵگەی ئاوێتە دەرهێنراوە.

**خشتەی هاوبەڵگەی پشوو ژمارە (١)**

| هێما | شێوەی هەست کردنی خەڵك |
|---|---|
| 6− | Ultra Cold سەروی ساردی |
| ٥- | Extremely Cold ساردی لە ڕادە بە دەر |
| ٤- | Very Cold زۆر سارد |
| ٣- | Cold سارد |
| ٢- | Keen ساردیەکی دیارو ڕون |
| ١- | Cool ساردیەکی مام ناوەند |
| ٠ | Comfortable خۆش (ئارام) |
| ١ | Warm شلەتێن |
| 2a | Hot گەرم |
| 2b | Oppressive بیزارو هەستکردن بە ناخۆشی |
| 3 | Extremely hot گەرمی لە ڕادە بە دەر |

Terjung, W.H. 1966. Physiologic climates of the conterminous United States: bioclimatic classification based on man. Annals of the Association of American Geographers.vol56, p178.

**خشتەی ژمارە (٢) هاوبەڵگەی پشوو لە شە و ڕۆژدا و هێماکانی بەرامبەریان**

| هاوبەڵگەی ئاوێتە | هاوبەڵگەی شەو و ڕۆژ | هاوبەڵگەی ئاوێتە | هاوبەڵگەی شەو و ڕۆژ |
|---|---|---|---|
| EC1 | -5/-5 | W2 | 0/1 |
| EC2 | -6/-5 | W3 | -1/1 |
| VC1 | -4/-4 | W4 | -2/1 |
| VC2 | -5/-4 | H1 | 2a/2a |
| CD1 | -3/-3 | H2 | 2a/1 |
| CD2 | -4/-3 | H3 | 2a/0 |
| CD3 | -5/-3 | H4 | 2a/-1 |
| K1 | -2/-2 | H5 | 2a/-2 |
| K2 | -3/-2 | S1 | 2b/2b |
| K3 | -4/-2 | S2 | 2b/2a |
| C1 | -1/-1 | S3 | 2b/1 |
| C2 | -2/-1 | S4 | 2b/0 |
| C3 | -3/-1 | S5 | 2b/-1 |
| M1 | 0/0 | EH1 | 2b/3 |
| M2 | -1/0 | EH2 | 2a/3 |
| M3 | -2/0 | EH3 | 1/3 |
| M4 | -3/0 | EH4 | 0/3 |
| W1 | 1/1 | EH5 | 3/-1 |

علی حسن موسی، المناخ والسیاحة مع نموذج تطبیقي سوریة ومصر، دار الانوار للطباعة، دمشق ١٩٩٧، ص٦٣.

**هەنگاوی دوووەم: کاریگەری ساردکردنەوەی با:**

**پێوانی کاریگەری ساردکردنەوەی با بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی با لە سەر دابەزاندنی پلەی گەرمای لەش وەرگیراوە، بە لە بەرچاو گرتنی کاریگەری تیشکی خۆر هەر بۆیە ئەم کاریگەریە لە شەودا جیاوازە وەك لە ڕۆژدا هەیە، کە دەکرێ کاریگەریەکان لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:**

**١. کاریگەری ساردکردنەوەی با لە ڕۆژدا: ئەم کاریگەریە بە دوو ڕێگە دەتوانرێت دەربهێنریت، ئەوانیش یا ئەوەتا پشت بە تابلۆی ژمارە (٢) دەبەسترێت یا پشت بە یاسای سبڵ و بازڵ دەبەسترێت، کە پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە:**

**تابلۆی کاریگەری ساردکردنەوەی با ژمارە (٢)**




John E Oliver . Climate and man's Environment; An International to Applied Climatology John Wiley and Sons in New York 1973. P 202

**أ. بەهای کاریگەری با دەردەهێنرێت بە بەکارهێنانی شێوەی ژمارە (٢) یا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپڵ و پازڵ کە یاساکەش بەم شێوەیەیە:**

$$K = (33 - T)(10\sqrt{V} + 10.45 - V)$$ [٦]

K= **هاوبەڵگەی ساردکردنەوەی با**

V= **خێرایی با بە (م/چرکە)**

T = **پلەی گەرمی هەوا**

---

٦. **علی حسن موسی، مصدر سابق، ص ٦٣.**

أ. بەهای هەنگاوی یەکەم جارانی ژمارەی کاتژمێرە هەتاوە تیۆریەکان دەکرێت (کاتژمیرە تیۆریەکانی دەرکەوتنی خۆر) .

ب. ژمارەی کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی دەرکەوتنی خۆر جارانی (٢٢٠کیلۆکالۆری/م$^{٢}$/کاتژمێر) دەکرێ، کە بەهایەکی نێوەنجیە و تێرجنج دایناوە بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەری تیشك لە سەر کەمکردنەوەی تواناکانی ساردکردنەوەی خێرایی با.

ت. بەهای هەنگاوی سێیەم لە هەنگاوی دووەم دەردەهێنرێت.

پ. ئەنجامی هەنگاوی چوارەم دابەش دەکرێ بە سەر ژمارەی کاتژمێرە تیۆریەکانی خۆر کە دەرەنجامەکەش بریتیە لە تێکرای کاریگەری ساردکردنەوەی با (کیلۆکالۆری/$^{٢}$/کاتژمێر)

ب. **کاریگەری با لە شەودا:**

ئەم کاریگەریە یاخود بە بەکارهێنانی پێوەری سپڵ و پازڵ دەردەهێنرێت یا بەکارهێنانی تابلۆی ژمارە (٢) وەك لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا، کە لەم هەنگاوەدا پێویستە تێکرای نزمترین پلەی گەرمای ڕۆژانەو تێکرای ڕۆژانەی خێرایی با هەیە، بەڵام بە هۆی نەبونی کاریگەری تیشك لە شەودا ئەوا دەرەنجامی هەڵێنجراو لە هاوکێشەکە یا تابلۆی ژمارە (٢) بریتی دەبیت بە تەنها لە کاریگەری با لە شەودا، سەرەڕی ئەمەش لە ڕێگەی خشتەی ژمارە (٣) دەتوانین هێماکان و ئاستی گاریگەری ساردکردنەوەی با لە شەودا دیاری بکەین.

بەم شێوەیە هەر بەهایەك لە بەهاکانی کاریگەری با لە شەودا یا لە ڕۆژدا، هیمایەکی لە بەرامبەر بۆ دانراوە کە ئاماژەیە بۆ سروشتی هەستکردن بە پشو یاخود ئارامی هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) دا هاتووە.

خشتەی ژمارە (٣) هاوبەڵگەیکاریگەری با

| هێما | بەهای هاوبەڵگەی ساردکردنەوەی با | ئاستی کاریگەری با | هێما | بەهای هاوبەڵگەی ساردکردنەوەی با | ئاستی کاریگەری با |
|---|---|---|---|---|---|
| -h | گەورەتر لە ١٤٠٠ | شوێنە دانەپۆشراوەکانی لەش دەیبەستێت | -b | ٣٠٠-٢٠٠ | بایەکی خوش و چێژ بەخش |
| -g | ١٤٠٠-١٢٠٠ | بایەکی ساردی سەخت | -a | ٢٠٠-٥٠ | بایەك کە کاریگەری کەم بێت |
| -f | ١٢٠٠-١٠٠٠ | بایەکی زۆر سارد | n | ٥٠- (-٨٠) | نەبونی هیچ کاریگەریەکی با |
| -e | ١٠٠٠-٨٠٠ | بایەکی سارد | a | -٨٠ – (-١٦٠) | بایەکی نیمچە گەرم کە پلەی گەرمی لەش بەرز دەکاتەوە |
| -d | ٨٠٠-٦٠٠ | بایەکی مام ناوەند لە ساردیدا | b | -٨٠- (-١٦٠) | بایەك کە هەست کردن بە گەرما زیاتر دەکات |
| -c | ٦٠٠-٣٠٠ | بایەکی هێواش لە ساردیدا | c | کەمتر لە -١٦٠ | هەستیکی بیزارکەر بە گەرما و دلتەنگی |

John E Oliver . Climate and man's Environment; An International to Applied Climatology John Wiley and Sons in New York 1973. P 20٣

**ت. هاوبەلگەیکاریگەری با بە ئاوێتەیی (تێکەڵی) لە ڕێگەی گرێدانی دەرەنجامی هەردوو هەنگاوی (١، ٢) و دواتر بەراوردکردنیان بە ئەو هێمایانەی کە لە خشتەی ژمارە (٤) دا هاتووە، بەم شێوەیە دەتوانین هاوبەلگەیکاریگەری ئاوێتەی با بە شێوەی ڕۆژانە (تێکرای هەر٢٤ کاتژمێرێك) دەربهێنرێت.**

**خشتەی ژمارە (٤)**

**هاوبەلگەیئاوێتەی ڕۆژ و شەو بۆ کاریگەری با**

| هاوبەلگەیئاو یتە | هاوبەلگەی شەو و ڕۆژ | هاوبەلگەیئاو یتە | هاوبەلگەی شەو و ڕۆژ | هاوبەلگەیئاو یتە | هاوبەلگەی شەو و ڕۆژ | هاوبەلگەیئاو یتە | هاوبەلگەی شەو و ڕۆژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| c1 | c/-a | n2 | n/-b | -b4 | -b/-e | -e2 | -e/-f |
| c2 | c/-b | n3 | n/-c | -c1 | -c/-c | -e3 | -e/-g |
| c3 | c/-c | n4 | n/-d | -c2 | -c/-d | -e4 | -e/-h |
| b1 | b/-a | -a1 | -a/-a | -c3 | -c/-e | -f1 | -f/-f |
| b2 | b/-b | -a2 | -a/-b | -c4 | -c/-f | -f2 | -f/-g |
| b3 | b/-c | -a3 | -a/-c | -d1 | -d/-d | -f3 | -f/-h |
| a1 | a/-a | -a4 | -a/-d | -d2 | -d/-e | -g1 | -g/-g |
| a2 | a/-b | -b1 | -b/-b | -d3 | -d/-f | -h1 | -h/-h |
| a3 | a/-c | -b2 | -b/-c | -d4 | -d/-g | | |
| n1 | n/-a | -b3 | -b/-d | -e1 | -e/-e | | |

Terjung, W.H. 1966. Physiologic climates of the conterminous United States: bioclimatic classification based on man. Annals of the Association of American Geographers.vol56, p178.

**هەنگاوی سێیەم: لە ڕێگەی لێکدانی هەردوو هاوبەلگەی پشوی ئاوێتەی ڕۆژانە و هاوبەلگەی کاریگەری ساردکردنەوەی با ی ڕۆژانە لە ماوەی سەرجەم ڕۆژەکانی سال دەتوانین دەستنیشانی شێوازەکانی ئاوهەوای فسیۆلۆجی ڕۆژانە بزانین.**

**تەوەری دووەم:**

## شیکردنەوەی ڕۆژ و مانگە شیاوەکان لە ڕوانگەی ئاوهەوای فسیۆلۆجیەوە بۆ گەشتوگوزار و ئارمگرتنی مرۆڤ لە ناوچەی ئاکرێ.

دوای ناسینی هەنگاوەکانی پراکتیکردنی تیرجنج بە سەر تێکرای ڕۆژانەی ڕەگەزە ئاوهەواییەکان. لەم بەشەی باسەکەماندا هەوڵ دەدەین کە شیکردنەوەی ڕۆژە شیاو یا نەشیاوەکان بۆ چالاکی گەشت وگوزار و ئاوهەوای فسیۆلۆجی لە ناوچەی ئاکری بخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. **هاوبەڵگەی ئاوهەوا بۆ پشوو:**

لە ڕێگەی ئەم هەنگاوە هەوڵ دەدەین کە دەستنیشانی ڕۆژە شیاوەکان بۆ ئاوهەوای فسیۆلۆجی لە کاتە جیاوازەکانی شەو و ڕۆژ بە جیا لە لایەك و هاوبەڵگەیئاوێتەی هەردوکیان (شەو و ڕۆژ بە یەکەوە) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەستنیشان بکەین.

أ. **هاوبەڵگەی پشو لە رۆژدا:**

بە تێڕوانین لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێ کە، مرۆڤ هەست بە سەرما (ساردیەکی دیارو ڕون Keen) دەکات هەر لە ناوەراستی مانگی تشرینی دووەم کە، کۆتا مانگی پایزە، تا سەرەتاکانی مانگی ئازار بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی (١١٢) رۆژ بە جێگیری دەمێنێتەوە، ئەم هەستکردن بە سەرمایە (ساردی) کە، بە بەهای (-٢) لە هاوبەڵگەی تیرجنج تۆمار کراوە. بەڵام لە سەرتای مانگی ئازارەوە هەستکردن بە سەرما بەرە بەرە کەم دەبێتەوە دەگاتە ئاستی ساردیەکی مام ناوەند یاخود فێنکی روو لە ساردی Cool) و بەهای ١- و جگە لە چەند رۆژیکی کەم کە، ئارامی تەواو لەم مانگەدا دەردەکەوێ بە بەهای (٠)، ئەم حالەتەش بۆ ماوەی نزیکەی یەك مانگ بەردەوام دەبێت تا دواتر بە تەوای مرۆڤ هەست بە ئارامی تەواو دەکات کە زیاتر رۆژەکانی مانگی نیسان لە خۆ دەگرێت، تا نیوەی یەکەمی مانگی مایس بەردەوام دەبێت. ئینجا بە خیرایی بارودۆخەکە وەردەچەرخێت بۆ فێنکی بەرەو گەرمی (warm)، ئەم ماوەیە زۆر نامێنێتەوە نزیکەی نیو مانگ دەخایەنێت و و دوبارە وەرچەرخانێکی تر ڕوو دەدات و بارودۆخی هەوا راستەوخۆ دەچێتە حاڵەتی هەستکردن بە گەرمی (Hot) بە بەهای (+2a)، بۆ ماوەی یەك مانگ کە لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی مایسەوە دەست پی دەکات تا نیوەی دوەمی مانگی تەمموز لە گەڵ بونی چەند رۆژێکی کەم کە مرۆڤ تیایدا هەست بە گەرمایەکی زۆر یاخود بیزارو هەستکردن بە ناخۆشی Oppressive دەکات بە بەهای (+2b)، کە کەمتر لە هەفتەیەك دەخایەنێت، بەڵام لەو ماوەیە بە دواوە واتە لە رۆژی بیستەمی مانگی تەموزەوە حاڵەتەکە دەبێتە گەرمی لە ڕادە بە دەر Extremely hot بە بەهای (+٣) تا ناوەراستی مانگی ئاب، دواتر دوبارە بارودۆخەکە زۆر بە خێرایی بەرەو گەڕانەوە دەچێت و دەبێتەوە حاڵەتی هەستکردن بە گەرمی (Hot) بە بەهای (+2a) تا کۆتایی مانگی ئەیلول، ئینجا بارودۆخەکە دەچێتەوە حاڵەتی هەستکردن بە فێنکی بەرەو گەرمی (warm)، بۆ ماوەی نزیکەی یەك مانگ لە تشرینی یەکەمدا کە تا کۆتا رۆژەکانی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت و دواتر هەستکردن بە ئارامی تەواو بۆ ماوەی چەند رۆژێك جێگیر دەبیت بەڵام زۆر ناخایەنێت و بە وەرچەرخانێکی خێرا کە تەنها نزیکەی یەك هەفتە دەخایەنێت لە حاڵەتی مام ناوەند یاخود فێنکی روو لە ساردی Cool) و بەهای ١- و لە رۆژەکانی نیوەی دوەمی مانگی کانونی یەکەمەوە دەست بە هەستکردن بە ساردی دەکاتەوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

١. سەرجەمی ئەو رۆژانەی کە ساردن ١١٢ رۆژ دەخایەنێت کە زۆرترین رێژەی رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.
٢. رۆژە مام ناوەندەکان بە هەردوو جۆری فێنکی روو لە گەرمی و فێنکی روو لە ساردی دەگاتە (١٠٠) ڕۆژە. کە یەکسانە بە رێژەی (٢٧.٤٪) ساڵ.
٣. هەرچی رۆژە ئارامەکانە لە دوو وەرزی جیاوازدا بە دیدەکرێت کە بەشێکی کەوتۆتە مانگەکانی کوتایی بەهار (نیسان و مایس)و بەشەکەی تری لە مانگەکانی پایز کوتایی تشرینی یەکەم و سەرەتای تشرینی دووەم دایە، کە سەرجەمیان تەنها (١٠.٤٪) رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.
٤. ئەوەی کە دەمێنێتەوە بە شێوەی پچڕپچڕو نارێك لە وەرزی گەرمی هاوین لە چوارچێوەی ڕۆژە گەرمەکان تا ئەوپەڕی گەرم خوی دەبینێتەوە.

### ب. هاوبەڵگەی پشو لە شەودا

بۆ زانینی کاتە گونجاوەکان بۆ گەشت وگوزار و ئاوهەوای فسیۆلۆجی لە شەودا، خشتەی ژمارە (٥) ئامادەکراوە کە تیایدا هاتوە:

١. هەستکردن بە ساردی (-٢) هەر لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم دەست پێ دەکات و تا ناوەراستی مانگی مایس بەردەوام دەبێت، بە ڕێژەیەك کە تەنها حەوت رۆژ لە سەرەتاکانی مانگی تشرینی یەکەم هەستەکانی مرۆڤ بە ئاراستەی فینکی ڕوو لە ساردی (-١) بونی هەیە، کە سەرجەمی ئەو رۆژانەی کە ساردن ٢٢٤ رۆژ دەخایەنێت.
٢. هەستەکانی مرۆڤ بە ئاراستەی فینکی ڕو لە ساردی تەنها ٤٠ رۆژە بەردەوام دەبێت کە ئەویش لە دوای (١٠) رۆژی یەکەمی مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات و بە شێوەیەکی پچر پچریش لە نیوەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەم هەستی پێ دەکرێت و دواتر بە تەواوی ئەم هەستە دەرەوێتەوە تا جارێکی تر لە نیوەی دوەمی مانگی مایس دەست پێ دەکاتەوە و تا کۆتایی هەمان مانگ بەردەوام دەبێت.
٣. هەرچی رۆژە ئارامەکانە بە بەهای (٠)، سەرجەمیان دەگاتە (١٠١) رۆژ و لە یەکەم رۆژی مانگی حوزەیرانەوە دەست پێ دەکات بە شێوەیەکی ڕێزبەندی نەپچڕاو تا سێیەکی یەکەمی مانگی ئەیلول بەردەوام دەبێت.

لە کۆتایدا دەردەکەوێ کە، تێکرای هەستکردنەکان بە بارودۆخی ئاوهەوا لە شەودا تەنها (٣) سێ جۆر ئاوهەوای فسیۆلۆجی بونی هەیە کە بریتین لە هەستکردن بە سەرما بە ڕێژەی (٦١.٤٪) و هەست کردن بە فینکی ڕوو لە ساردی (١٠.٩٪)، ڕۆژە ئارامەکان (شیاوەکان) بە ڕێژەی (٢٧.٧٪).

**ج. هاوبەڵگەی ئاوێتەی گەرما لە (شەو و ڕۆژ).**

ئەم هاوبەڵگەیە لە ئەنجامی لێکدانی دەرەنجامی شەو و ڕۆژ دێتە ئاراوە، کە بریتیە لە تێکڕای کاریگەری گەرمی شەو و ڕۆژ بۆ دەستنیشانکردنی بارودۆخی ئاوهەوا.

زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٥) تایبەتن بە هاوبەڵگەی ئاوێتە لە ناوچەی ئاکرێ کە تیایدا هاتووە:

١. هەست کردن بە ساردی لە ژێر هێمای (K1): بە گوێرەی هاوبەڵگەی ئاوێتە لە شەو و ڕۆژدا لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم دەست پێ دەکات تا هەفتەی یەکەمی مانگی ئازار بەردەوام دەبێت، بۆ ماوەی (١١١) ڕۆژ کە ڕێژەی (٣٠.٤٪) سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.

٢. هەستکردن بە ساردی لە ژێر هێمای (C2): جیاوازی لە هەستکردنی مرۆڤ بە ساردی ڕون (واچح-٢) لە شەوداو فێنکی ڕوو لە ساردی لە ڕۆژدا (-١) بەرپرسە لە دەستەبەرکردنی ئاوێتەی هەستکردن بە ساردی لە ژێر هێمای (C2)، ئەمەیش هەر لە دوای تێپەڕبونی هەفتەی یەکەم لە مانگی ئازار دەست پێ دەکات تا سێەکی یەکەمی مانگی نیسان بەردەوام دەبێت جگە لە چەند ڕۆژێکی کەم کە جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ زۆرتر دەبێت و هێمای (M3) بە دەست دەهێنێت، بەڵام ئەم حاڵەتەی (M3) کە لە ڕۆژدا ئارامی تەواو و لە شەودا ساردی دەنوێنێت بە تەواوی لە دوای نیوەی یەکەمی مانگی نیسان زاڵ دەبێت بە سەر ئاوهەوای ناوچەکە و تا کۆتایی هەفتەی یەکەمی مانگی مایس بەردەوام دەبێت بە ڕێژەی (٧.٩٪)ی سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ.

٣. جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ لە دوای تێپەڕبونی هەفتەی یەکەمی مانگی مایس دەچێتە حاڵەتی ئاوهەوای مام ناوەند لە ڕۆژدا و ساردیەکی ڕون لە شەودا (W4) کە تەنها (٩) ڕۆژ دەخایەنێت و دواتر لە چوارچێوەی (W3) کە ئاماژەیە بۆ شەوانی مام ناوەند و ڕۆژی فێنکی ڕووە لە گەرمی بۆ ماوەی (٩) ڕۆژی تر بارودۆخەکە جێگیر دەبێت تا لە ڕۆژە کۆتاکانی مانگی ناوبراودا هەستەکانی مرۆڤ بۆ بارودۆخی ئاوهەوا دەچێتە حاڵەتی گەرمی، بەڵام لە شەودا لە هەمان ئاستی پێشو دەمێنێتەوە کە هێمای (W4) وەردەگرێت، کە تەنها (٥) ڕۆژ دەخایەنێت تا ئەم مانگە مایس کۆتایی دێت. بەڵام بارودۆخی ئاوهەوا لە مانگی حوزەیران لە ڕۆژدا بە هەمان شێوەی ڕۆژەکانی مانگی مایس دەمێنێتەوە لە کاتێکدا لە شەودا دەچێتە حاڵەتی ئارامی تەوا و کە هێمای (H3) وەردەگرێت ئەم حاڵەتە بە هێمای (H3) تا ٢٥ مانگی ناوبراو بەردەوام دەبێت.

٤. لە هەفتەی کۆتایی مانگی حوزەیران هێمای (S4) کە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە شپرزەیی لە ڕۆژداو ئارامی لە شەواندا بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ زاڵ دەبێت بەڵام لە تەموزدا بارودۆخەکە جارێکی تر لە ڕۆژدا گۆڕانی بە سەردا دێت و هەست بە گەرما کردن دەست پێ دەکاتەوە بەڵام لە شەودا لە هەمان ئاستی پێشو دەمێنێتەوە و هێمای (H3) وەردەگرێت، کە ئەم حاڵەتەش تا (١٩) مانگی تەموز بەم شێوەیە دەبێت.

٥. لە ڕۆژی (٢٠) تەموزەوە جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ زیاتر بە ڕونی دەردەکەوێت و گاپەکە گەورەتر دەبێت لە نێوان شەو و ڕۆژدا و کە لە ڕۆژدا گەرمیەکی لە ڕادەبەدەر بونی دەبێت بەڵام لە شەودا بە هەمان ئاستی ڕۆژەکانی مانگی حوزەیران و تەموز دەمێنێتەوە و هێمای (EH4) وەردەگرێت کە تا ناوەڕاستی مانگی ئاب بەردەوام دەبێت.

٦. بارودۆخی (H3)ئارامی تەواو جارێکی تر لە نیوەی دووەمی مانگی ئاب دەردەکەوێتەوە کە تا ڕۆژی (٩)ی ئەیلول جێگیر دەبێت، بەڵام لە دوای تێپەربونی سێیەکی مانگی ناوبراو حاڵەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئاوهەوای (H4) لە نێوان شەو و ڕۆژدا کە تا کۆتایی هەمان مانگ بونی دەبێت.

٧. زۆرترین ڕۆژەکانی بارودۆخی (W4) ساردیەکی ڕون لە شەودا، لە مانگی تشرینی یەکەمدا دەردەکەوێت کە تا کۆتا ڕۆژەکانی مانگەکە بۆ ماوەی (٢٥) ڕۆژ بەردەوام دەبێت. بەڵام لە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی تشرینی یەکەم بارودۆخی (M3) کە، ئارامی تەواو لە ڕۆژ و ساردی لە شەو دەگرێتەوە، جارێکی تر بە سەر ناوچەکەدا زاڵ دەبێت و تا کۆتایی هەفتەی یەکەم لە مانگی تشرینی دووەم بۆ ماوەی (١١) ڕۆژ بەردەوام دەبێت کە ڕۆژی ئارام و شەوانی سارد دەبێت، بەڵام لە دوای هەفتەی یەکەمی مانگی ناوبراو حاڵەتی (C3) بە سەر ناوچەکە زاڵ دەبێت کە ئەمیش زۆر ناخایەنێت و تەنها (١٠) ڕۆژ لە ناوەڕاستی مانگی ناوبراو دەمێنێتەوە تا بارودۆخەکە لە (١٦) مانگی تشرینی دووەم جارێکی تر دەچێتەوە باری هەستکردن بە ساردی لە شەو و ڕۆژ.

لە کۆتاییدا دەردەکەوێ کە هاوبەڵگەی پشوی ئاوێتە جۆرە تێکەڵیەکی لە هەستەکان پێوە دیارە لە نێوان شەو و ڕۆژدا بە هۆی جیاوازی لە کاریگەری دەرکەوتنی خۆر لە ڕۆژ و نەبونی ئەم کاریگەریە لە شەودا هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کە زۆرترین هەستەکانی مرۆڤ لەم جۆرە پێوەرەدا دەکەوێتە هەستکردن بە ساردی بە نزیکەی (٣/١)ی سەرجەمی ڕۆژەکانی ساڵ، بەڵام هەستکردن بە ئارامی و هەوای خۆش بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بە جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ لە کاتی جیاوازدا هەر لە مانگی ئازارەوە دەست پێ دەکات تا مانگی ئەیلول.

### ٢. هاوبەڵگەی کاریگەری با

لە ڕێگەی ئەم هاوبەڵگەیەوە کاریگەری با بە سەر کرداری ساردکردنەوە لە لەشی مرۆڤ دەردەهێنرێت لە شەو و ڕۆژدا لە لایەك و کاریگەری تێکەڵی (ئاوێتە) شەو و ڕۆژ لە لایەکی تر بەم شێوەیەی خوارەوە:

#### أ. هاوبەڵگەی کاریگەری با لە ڕۆژدا:

ئەم کاریگەریە لە ڕۆژدا لە ژێر کایگەری ڕاستەوخۆی تیشکی خۆردا دەردەهێنرێت هەر بۆیە هەستکردن بە جۆری ئاوهەوای فسیۆلۆجی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، لە خشتەی ژمارە (٦) هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە هەست بە بایەکی هێواش دەکرێت لە ساردیدا (-c) دەگاتە (٥٩) ڕۆژ بە ڕێژەی (١٦.٢٪) کە زیاتر ئەو ڕۆژانەش دەکەونە مانگەکانی (کانونی یەکەم و کانونی دووەم و شوبات).

٢. ئەو ڕۆژانەی کە هەست بە بایەکی خۆش دەکرێت (-b) دەگاتە (٦٥) ڕۆژ بە ڕێژەی (١٧.٨٪) کە ڕۆژەکانیش بە شێوەیەکی پچر پچر هەر لە مانگی کانونی یەکەمەوە دەست پێ دەکات تا مانگی ئازار.

٣. جۆری هەستکردن بە بایەکە کە کاریگەری کەم بێت (-a) دەگاتە (٣٦) ڕۆژ بە ڕێژەی (٩.٨٦٪).

٤. جۆری ئەو بایەی کە هیچ کاریگەریەکی نەبێت بە هێمای (n) دەگاتە (٣٦) ڕۆژ بە ڕێژەی (٩.٨٦٪) کە ئەوانیش لە نیوەی دووەمی مانگی ئەیلول تا کۆتا ڕۆژەکانی مانگی تشرینی یەکەم بەدوای یەکدا بەردەوام دەبێت.

٥. جۆری هەستکردن بە بایەکی نیمچە گەرم (a) کە کاریگەری هەبێت بە سەر بەرزکردنەوەی پلەی گەرمای لەشی مرۆڤ، لە دوو کاتی جیاوازدا دەردەکەون کە یەکەمیان نزیکەی (٢) هەفتە دەخایەنی لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلول و دوەمیان تەنها نزیکە یەك هەفتە دەمینیتەوە لە دوای هەفتەی یەکەمی مانگی نیسان هەستی پێ دەکرێت. کە تێکرای ئەم جۆرە هەستکردنە دەگاتە (٦.٥٪) ڕێژەی هەمو ڕۆژەکانی ساڵ.

٦. جۆری هەست بە بێزاری بە هۆی زۆری گەرما و دلتەنگی (c) دەگاتە هەر سەرەتای مانگی نیسان دەست پێ دەکات تا کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئاب بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی پێنج مانگ، جگە لە چەند ڕۆژێکی کەم نەبێت.

لە کۆتایی دەرکەوێ کە سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە کاریگەری با دەکەوێتە باری بای خۆش یان هێواش یا کارگەری کەم یا هیچ کاریگەریەکی نەبێت دەگاتە زیاتر لە نیوەی ڕۆژەکانی ساڵ بە ڕێژەی ٥٣.٤٪ بەڵام ئەوەی کە نەخوازراو بێت تەنها ٣٧.٨٪ دەگرێتەوە ئەوەی کە دەمێنێتەوە دەچێتە چوار چێوەی جۆرەکانی تری هەست کردن وەك بایە نیمچە ساردەکان یا بایە نیمچە گەرمەکان.

ب. کاریگەری با لە شەودا :

دەربارەی کاریگەری با لە شەودا بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێ کە:

١. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە هەست بە بایەکی مام ناوەند لە ساردیدا (-d) دەکرێت دەگاتە (٤٥) ڕۆژ کە ڕێژەی (١٢.٣٪) پێك دەهێنێت، ئەم جۆرە هەستەش لە مانگی کانونی دووەم و شوبات بە شێوەیەکی پچر پچر بەدی دەکرێت و دواتر نامێنێت تا جارێکی تر لە کانونی یەکەم بە هەمان شێوەی پچر پچری دەردەکەوێتەوە.

٢. زۆرترین ئەو ڕۆژانەی کە دەچنە چوارچێوەی هەستکردن بە بایەکی هێواش لە ساردیدا (-c) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە دیدەکرێت کە دەگاتە (١٩٨) ڕۆژ کە زیاتر لە نیوەی ڕۆژەکانی ساڵ بە ڕێژەی (٥٤.٢٪) دەگرێتەوە.

٣. ئەو ڕۆژانەی کە بایەکی خۆش و چێژ بەخش تیادایە (-b) دەگاتە (٦٩) ڕۆژ کە زیاتر ئەو ڕۆژانەش کەوتونەتە مانگەکانی (مایس و ئاب)، کە ڕێژەی (١٨.٩٪) ڕۆژەکانی ساڵ پێك دەهێنێت.

٤. جۆری ئەو بایەی کە کاریگەری کەم بێت (-a) دەگاتە (٥٠) ڕۆژ بە ڕێژەی (١٣.٧٪) کە زۆرترینیان دەکەوێتە مانگی حوزەیران و تەموز.

لە کۆتایی دەتوانین بڵێین کە جۆری بای خۆش یا بێ کاریگەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ڕێژەی (٣٢.٦٪)ی ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە کە هاوتایە بە ٣/١ ی ڕۆژەکان، بەڵام زۆرترینی ئەو بایانەی کە ماونەتەوە، دەچێنە چوارچێوەی بای ساردی هێواش یا مام ناوەند.

## خشتەی ژمارە (٦)هاوبەڵگەیساردکردنەوەی با

| ڕۆژ | کانونی دووەم | | شوبات | | ئازار | | نیسان | | مایس | | حوزەیران | | تەمموز | | ئاب | | ئەیلول | | تشرینی یەکەم | | تشرینی دووەم | | کانونی یەکەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو | ڕۆژ | شەو |
| 1 | b- | c- | b- | c- | b- | c- | c | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 2 | b- | c- | c- | d- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | b- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 3 | a- | c- | c- | d- | b- | c- | c | c- | b | b- | c | b- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | d- |
| 4 | b- | c- | c- | d- | b- | c- | n | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 5 | a- | c- | c- | c- | a- | c- | c | c- | c | b- | c | b- | c | b- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 6 | b- | c- | c- | d- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 7 | b- | c- | c- | d- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 8 | a- | c- | b- | c- | b- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | b- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- |
| 9 | c- | d- | c- | d- | a- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | b- | c- | b- | c- |
| 10 | c- | d- | c- | c- | a- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | b- | c- | c- | d- |
| 11 | b- | c- | c- | c- | b- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | d- |
| 12 | c- | d- | c- | d- | b- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | b- | n | b- | b- | c- | c- | d- |
| 13 | c- | d- | b- | c- | b- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | c- |
| 14 | c- | d- | b- | c- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | d- |
| 15 | c- | d- | c- | c- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | c- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | d- |
| 16 | c- | d- | c- | c- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | n | c- | a- | c- | c- | e- |
| 17 | c- | d- | c- | d- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | c- | n | c- | n | c- | b- | c- | c- | d- |
| 18 | b- | c- | c- | c- | b- | d- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | c- | n | c- | n | c- | b- | c- | b- | c- |
| 19 | b- | c- | c- | d- | b- | d- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | n | c- | n | c- | c- | d- | c- | c- |
| 20 | c- | c- | c- | c- | b- | c- | a | c- | c | b- | c | a- | c | a- | c | b- | n | c- | n | c- | b- | d- | c- | d- |
| 21 | c- | d- | c- | d- | b- | c- | c | c- | c | a- | c | b- | c | b- | c | b- | n | c- | n | c- | b- | c- | c- | d- |
| 22 | c- | c- | c- | d- | a- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | b- | c | b- | n | c- | n | c- | b- | c- | b- | c- |
| 23 | b- | c- | c- | d- | a- | c- | c | c- | c | b- | c | b- | c | b- | c | b- | n | c- | n | c- | b- | c- | b- | c- |
| 24 | b- | c- | b- | c- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | b- | c | b- | n | c- | n | c- | b- | c- | b- | c- |
| 25 | c- | c- | b- | c- | a- | c- | a | c- | c | b- | c | b- | c | b- | c | b- | n | c- | a- | c- | b- | c- | c- | d- |
| 26 | c- | d- | c- | c- | a- | c- | c | c- | c | a- | c | a- | c | b- | c | c- | n | c- | a- | c- | b- | c- | c- | d- |
| 27 | c- | d- | b- | c- | a- | c- | c | c- | c | a- | c | a- | c | b- | c | b- | n | c- | a- | c- | b- | c- | c- | d- |
| 28 | c- | d- | b- | c- | b- | c- | c | c- | c | b- | c | a- | c | a- | a | b- | n | c- | a- | c- | a- | c- | c- | d- |
| 29 | c- | d- | c- | d- | a- | c- | c | c- | c | a- | c | a- | c | b- | a | b- | a- | c- | a- | c- | b- | c- | c- | c- |
| 30 | c- | d- | | | a- | c- | a | c- | c | a- | c | a- | c | b- | a | b- | a- | c- | a- | c- | b- | c- | c- | c- |
| 31 | c- | d- | | | a- | c- | | | c | a- | c | a- | c | b- | a | c- | | | a- | c- | | | c- | c- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەکانی پاشکۆی (١).

**پ.  هاوبەلگەی ئاویتەی شەو و ڕۆژ:**

**بە مەبەستی خستنە ڕوی هاوبەلگەی ئاوێتەی هەستکردن بە بارودۆخی ئاوهەوا، تیرجنج هاوبەلگەی ئاوێتەی داناوە کە بریتیە لە بە یەکەوە گرێدانی هەردو هاوبەلگەی شەو و ڕۆژ، بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەماندا پشت بەست بە خشتەی (٧) ئەم زانیاریانە دەرکەوتون:**

**١. زۆرترین شێوازی هاوبەلگەی ئاوێتەی کاریگەری با لە جۆری (c2) کە ئاماژەیە بۆ بایەکی خۆش لە شەودا و هەستێکی بیزارکەر بە گەرما لە ڕۆژدا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دوبارە دەبێتەوە بە تێکرای ٦٣ ڕۆژ کە ڕێژەی (١٧.٢٪) ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە، کە ئەم ڕۆژانەش زیاتر کەوتونەتە مانگەکانی مایس و ئاب.**

**٢. جۆری ئەو بایانەی کە هەستێکی خوش بە مرۆڤ دەبەخشن، دەکەونە چوارچێوەی هێمای (-b2) کە ئەمەش تەنها لە ڕۆژەکاندا بە دیدەکرێت، بەڵام لە شەوانی ئەم جۆرە هێمایە بایەکی هێواش لە ساردیدا بەدیدەکرێت، کە تێکرای ئەم جۆرە ڕۆژانەش دەگاتە (٥٥) ڕۆژ بە ڕیژەی (١٥٪).**

**٣. جۆری ئەو بارودۆخەی کە بە بایە ساردەکان لە شەو و ڕۆژدا ناسراون بە پلەی جیاواز (مام ناوەند یا هێواش لە ساردیدا) لە چوار چێوەی هێماکانی (-c2) ، (-c1) چڕ دەبنەوە کە لە مانگەکانی کانونی یەکەم و کانونی دووەم و شوباتدا دەردەکەون بە تێکرای (٤٢ ، ١٥) ڕۆژ بە دوای یەکدا کە ڕێژەی گشتی هەردوو جۆرەکە دەگاتە (١٥.٦٪).**

**٤. جۆری هێماکانی (a3) ، (n3) کە خاوەنی بایەکی هێواشن لە ساردیدا لە شەوان لە مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم و نیسان بونیان هەیە، بەڵام ڕۆژەکانی ئەم جۆرە بارودۆخە هەست بە بایەکی نیمچە گەرم یا نەبونی هیچ کاریگەریەك بە دیدەکرێت کە سەرجەمیان دەگاتە (٥٩) ڕۆژ بە ریژەی (١٦.٢٪)**

**٥. بارودۆخی گەرم لە چوارچێوەی هیماکانی (c1) لە ڕۆژداو بایەکی بێ کاریگەر لە شەودا لە مانگەکانی حوزەیران و تەموز بە تێکرای (٤٩) ڕۆژ بە دیدەکرێت بە ڕێژەی (١٣.٤٪).**

**٦. زۆرترین زێدەڕۆیی (تطرف) لە نێوان ڕۆژ و شەو لە جۆری هەستکردن بە بایەکی هێواش لە ساردی لە شەواندا و هەستی بیزارکەر بە گەرما لە ڕۆژدا لە مانگی نیسان بە بۆ زیاتر لە ٣ هەفتە بونی هەیە کە هێمای (c3) هەڵدەگرێت.لە هەمان کاتدا جۆری (-a3) کە شەوان هەست بە ساردیەکی هێواش و لە ڕۆژدا نیمچە گەرم بە پچڕ پچری بۆ ماوەی ٤١ ڕۆژ بە ڕێژەی (١١.٢٪) لە مانگەکانی ئازار و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمدا بە دیدەکرێت.**

**کەواتە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کاریگەری ئاوێتەی ساردکردنەوەی با لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری ئارامی یا بونی کاریگەریەکی کەم نزیکەی (٢) مانگ دەخایەنێت کە زیاتر ئەم ڕۆژانەش لە مانگەکانی وەرزە گوازراوەکان بەدیدەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاوبەلگەی ئاوێتە بۆ ساردکردنەوەی با بۆ زۆربەی ڕۆژەکانی تری ساڵ گونجاو نیە.**

## خشتەی ژمارە (٧) هاوبەڵگەی ئاوێتەی شەو و ڕۆژ

| ڕۆژ | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | مایس | حزیران | تموز | اب | ایلول | ١ت | ٢ت | ١ك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | -b2 | -b2 | -b2 | c3 | c3 | c2 | c1 | c1 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٢ | -b2 | -c2 | -b2 | c3 | c2 | c2 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٣ | -a3 | -c2 | -b2 | c3 | b2 | c2 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c2 |
| ٤ | -b2 | -c2 | -b2 | n3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٥ | -a3 | -c1 | -a3 | c3 | c2 | c2 | c2 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٦ | -b2 | -c2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٧ | -b2 | -c2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٨ | -a3 | -b2 | -b2 | a3 | c2 | c1 | c2 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -2b |
| ٩ | -c2 | -c2 | -a3 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -2b | -2b |
| ١٠ | -c2 | -c1 | -a3 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -2b | -c2 |
| ١١ | -b2 | -c1 | -b2 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c2 |
| ١٢ | -c2 | -c2 | -b2 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a2 | n2 | -2b | -c2 |
| ١٣ | -c2 | -b2 | -b2 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c1 |
| ١٤ | -c2 | -b2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c2 |
| ١٥ | -c2 | -c1 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c2 |
| ١٦ | -c2 | -c1 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | a3 | n3 | -a3 | -c3 |
| ١٧ | -c2 | -c2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | c3 | n3 | n3 | -2b | -c2 |
| ١٨ | -b2 | -c1 | -b3 | c3 | c2 | c1 | c1 | c3 | n3 | n3 | -2b | -2b |
| ١٩ | -b2 | -c2 | -b3 | c3 | c2 | c1 | c1 | c2 | n3 | n3 | -c2 | -c1 |
| ٢٠ | -c1 | -c1 | -b2 | a3 | c2 | c1 | c1 | c2 | n3 | n3 | -b3 | -c2 |
| ٢١ | -c2 | -c2 | -b2 | c3 | c1 | c2 | c2 | c2 | n3 | n3 | -2b | -c2 |
| ٢٢ | -c1 | -c2 | -a3 | c3 | c2 | c1 | c2 | c2 | n3 | n3 | -2b | -2b |
| ٢٣ | -b2 | -c2 | -a3 | c3 | c2 | c2 | c2 | c2 | n3 | n3 | -2b | -2b |
| ٢٤ | -b2 | -b2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c2 | c2 | n3 | n3 | -2b | -2b |
| ٢٥ | -c1 | -b2 | -a3 | a3 | c2 | c2 | c2 | c2 | n3 | -a3 | -2b | -c2 |
| ٢٦ | -c2 | -c1 | -a3 | c3 | c1 | c1 | c2 | c3 | n3 | -a3 | -2b | -c2 |
| ٢٧ | -c2 | -b2 | -a3 | c3 | c1 | c1 | c2 | c2 | n3 | -a3 | -2b | -c2 |
| ٢٨ | -c2 | -c2 | -b2 | c3 | c2 | c1 | c1 | a2 | n3 | -a3 | -a3 | -c2 |
| ٢٩ | -c2 | | -a3 | c3 | c1 | c1 | c2 | a2 | -a3 | -a3 | -2b | -c1 |
| ٣٠ | -c2 | | -a3 | a3 | c1 | c1 | c2 | a2 | -a3 | -a3 | -2b | -c1 |
| ٣١ | -c2 | | -a3 | c3 | c1 | c1 | | a3 | | -a3 | | -c1 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەس بە خشتەکانی پاشکۆی (١).

**دەرەنجام**

**لە کۆتایی ئەم باسەدا گەیشتوین بەم دەرەنجامانەی خوارەوە:**

**١. لە ڕوانگەی کاریگەری گەرماوە دەردەکەوێ کە:**

**أ. بارودۆخی هەست کردن بە ساردی لە زۆرترین ڕۆژەکانی ساڵ لە ڕۆژدا بە دیدەکرێت بە ڕێژەی ٣٠.٦٪ ، بەڵام ڕۆژە مام ناوەندەکان بە هەردوو جۆری فێنکی روو لە گەرمی و فێنکی روو لە ساردی یژەی (٢٧.٤٪) ساڵ دەگرێتەوە، لە کاتێکدا ڕۆژە ئارامەکانە لە دوو وەرزی جیاوازدا بە دیدەکرێت کە بەشێکی کەوتۆتە مانگەکانی کوتایی وەرزی بەهار (نیسان و مایس)و بەشەکەی تری لە مانگەکانی وەرزی پایز (کوتایی تشرینی یەکەم و سەرەتای تشرینی دووەم) دایە، کە سەرجەمیان تەنها (١٠.٤٪) ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە، ئەوەی کە دەمێنێتوە زۆرترینی دەکەوێتە ژێر جۆری گەرم تا ئەوپەڕی گەرمی.**

**ب. تێکرای هەستکردنەکان بە بارودۆخی ئاوهەوا لە شەودا (٣) سێ جۆر ئاوهەوای فسیۆلۆجی بەدیدەکرێت کە، بریتین لە هەستکردن بە سەرما بە ڕێژەی (٦١.٤٪) و هەست کردن بە فینکی ڕوو لە ساردی (١٠.٩٪)، ڕۆژە ئارامەکان (شیاوەکان) بە ڕێژەی (٢٧.٧٪).**

**ت. دەربارەی هاوبەڵگەی پشوی ئاوێتە زۆرترین هەستەکانی مرۆڤ لەم جۆرە پێوەرەدا دەکەوێتە هەستکردن بە ساردی بە نزیکەی (٣/١)ی سەرجەمی ڕۆژەکانی ساڵ، بەڵام هەستکردن بە ئارامی و هەوای خۆش بە شێوەیەکی پچرپچڕ بە جیاوازی نێوان شەو و ڕۆژ لە کاتی جیاوازدا هەر لە سەرەتای مانگوکانی وەرزی بەهار جەست پێ دەکات تا کۆتایی وەرزی پایز.**

**٢. دەربارەی کاریگەری ساردکردنەوەی با دەردەکەوێ کە:**

**أ. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە کاریگەری با دەکەوێتە باری بای (خۆش، هێواش، کارگەری کەم یا هیچ کاریگەریەکی نەبێت) لە ڕۆژدا دەگاتە زیاتر لە نیوەی ڕۆژەکانی ساڵ بە ڕیچژەی ٥٣.٤٪ بەڵام ئەوەی بایەی کە نەخوازراو بێت تەنها ٣٧.٨٪ دەگرێتەوە.**

**ب. جۆری بای خۆش یا بێ کاریگەر لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە شەواندا ڕێژەی (٣٢.٦٪)ی ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە کە هاوتایە بە ٣/١ ی ڕۆژەکان.**

**ت. کاریگەری ئاوێتەی ساردکردنەوەی با لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری ئارامی یا بونی کاریگەریەکی کەم نزیکەی (٢) مانگ دەخایەنێت کە زیاتر ئەم ڕۆژانەش لە مانگەکانی وەرزە گوازراوەکان بەدیدەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاوبەڵگەی ئاوێتە بۆ ساردکردنەوەی با بۆ زۆربەی ڕۆژەکانی تری ساڵ گونجاو نیە.**

## سەرچاوەكان


١. بهزاد حلمي حسين، الامكانات الجغرافية السياحية في قضاء ئاكرى، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين، كلية الاداب،٢٠٠٩.

٢. عبدالامام نصار دريري، تقيم المناخ السياحي في الاردن باستخدام تصنيف تيرجنج الحيوي، مجلة ابحاث البصرة (الانسانيات)، المجلد ٣٠، العدد(٢-ج) ٢٠٠٦.

٣. عبدالحسين مدفون ابو رحيل، انماط المناخ الفسيولوجية في العراق، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، العدد ٣٦، السنة ١٩٩٧.

٤. عبدالحسين مدفون ابو رحيل، انماط المناخ الفسيولوجية في العراق، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، العدد ٣٦، السنة ١٩٩٧.

٥. علي حسن موسى، المناخ والسياحة مع نموذج تطبيقي سورية ومصر، دار الانوار للطباعة، دمشق ١٩٩٧.

٦. نشوان شكري عبد الله ، انماط المناخ الفسيولوجي في مدينة زاخو (دراسة في المناخ التطبيقي)، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية ، المجلد ٧ العدد ١ سنة ٢٠٠٥

7. Terjung, W.H. 1966. Physiologic climates of the conterminous United States: bioclimatic classification based on man. Annals of the Association of American Geographers.vol56, p148.

8. John E Oliver . Climate and man's Environment; An International to Applied Climatology John Wiley and Sons in New York 1973..

٩. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ، بەشی ئاماری كشتوكاڵی، داتای كەش وهەوای قەزای ئاكری، تۆماری بڵاونەكراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

١٠. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی كەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تومارى ئاوهەوای وێستگەی ئاكرى، ٢٠٠١-٢٠١٢


پاشكۆی ژمارە (١)

### داتای ڕەگەزە ئاوهەواییەکان لە وێستگەی ئاکرێ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١–٢٠١٢

### مانگی کانونی دووەم

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 10.1 | 2.78 | 77.7 | 73.0 | 0.9 | 9.56 | 5.30 |
| 2 | 9.9 | 5.06 | 81.7 | 77.3 | 1.4 | 9.57 | 6.50 |
| 3 | 10.9 | 3.28 | 77.9 | 75.9 | 0.9 | 9.58 | 7.00 |
| 4 | 11.4 | 4.56 | 77.4 | 73.9 | 1.0 | 9.60 | 5.30 |
| 5 | 12.0 | 4.44 | 84.9 | 76.4 | 1.0 | 9.61 | 6.15 |
| 6 | 11.0 | 4.78 | 82.3 | 75.1 | 0.8 | 9.62 | 4.58 |
| 7 | 11.4 | 4.33 | 86.3 | 75.9 | 1.5 | 9.63 | 6.30 |
| 8 | 12.2 | 3.33 | 80.1 | 72.9 | 0.9 | 9.65 | 7.00 |
| 9 | 9.8 | 3.78 | 80.4 | 69.9 | 2.3 | 9.66 | 4.15 |
| 10 | 10.7 | 3.39 | 79.1 | 68.9 | 1.9 | 9.68 | 3.30 |
| 11 | 11.2 | 3.78 | 77.0 | 62.4 | 1.4 | 9.70 | 6.00 |
| 12 | 10.7 | 3.61 | 76.9 | 68.7 | 1.9 | 9.71 | 5.60 |
| 13 | 9.7 | 2.06 | 75.3 | 67.0 | 3.0 | 9.73 | 6.05 |
| 14 | 11.1 | 2.56 | 73.9 | 60.1 | 1.4 | 9.75 | 5.73 |
| 15 | 9.9 | 2.83 | 75.4 | 66.7 | 1.7 | 9.77 | 5.23 |
| 16 | 9.9 | 1.94 | 77.3 | 68.0 | 1.3 | 9.79 | 6.50 |
| 17 | 11.2 | 0.61 | 67.4 | 61.6 | 1.3 | 9.81 | 6.08 |
| 18 | 11.3 | 1.11 | 76.4 | 60.1 | 1.2 | 9.83 | 6.55 |
| 19 | 9.7 | 1.17 | 76.9 | 71.1 | 0.8 | 9.86 | 5.53 |
| 20 | 10.2 | 1.44 | 76.9 | 68.9 | 1.2 | 9.88 | 5.50 |
| 21 | 10.2 | 2.28 | 76.9 | 64.6 | 1.5 | 9.90 | 6.35 |
| 22 | 11.9 | 1.56 | 78.6 | 71.0 | 1.7 | 9.93 | 6.30 |
| 23 | 11.7 | 2.11 | 85.7 | 77.1 | 0.9 | 9.95 | 4.70 |
| 24 | 12.8 | 2.78 | 82.6 | 67.4 | 1.1 | 9.98 | 6.00 |
| 25 | 11.5 | 1.67 | 84.6 | 72.6 | 0.9 | 10.00 | 6.50 |
| 26 | 11.3 | 2.00 | 83.7 | 70.3 | 1.4 | 10.03 | 4.00 |
| 27 | 12.2 | 2.17 | 84.6 | 73.9 | 1.2 | 10.06 | 6.00 |
| 28 | 9.5 | 3.72 | 87.9 | 79.9 | 1.1 | 10.08 | 6.30 |
| 29 | 7.1 | 1.50 | 87.4 | 80.4 | 1.9 | 10.11 | 6.30 |
| 30 | 9.0 | 1.44 | 89.9 | 77.1 | 0.7 | 10.14 | 4.50 |
| 31 | 9.5 | 1.85 | 91.1 | 76.7 | 1.7 | 10.17 | 5.65 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تومارى ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی شوبات

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 9.9 | 1.5 | 81.6 | 68.9 | 13.0 | 10.20 | 7.00 |
| 2 | 10.1 | 1.3 | 81.4 | 67.6 | 14.4 | 10.23 | 7.00 |
| 3 | 10.1 | 2.2 | 77.8 | 62.6 | 14.4 | 10.26 | 6.00 |
| 4 | 9.1 | 0.9 | 76.3 | 59.1 | 15.1 | 10.29 | 6.73 |
| 5 | 9.7 | 1.6 | 84.1 | 73.3 | 16.1 | 10.32 | 5.23 |
| 6 | 10.6 | 2.1 | 78.9 | 61.4 | 16.1 | 10.35 | 6.55 |
| 7 | 11.3 | 2.6 | 77.8 | 59.6 | 17.1 | 10.39 | 4.15 |
| 8 | 11.6 | 2.7 | 78.6 | 63.9 | 16.9 | 10.42 | 5.65 |
| 9 | 12.0 | 3.8 | 73.5 | 57.3 | 18.4 | 10.45 | 6.15 |
| 10 | 11.2 | 3.1 | 74.5 | 59.5 | 17.1 | 10.48 | 5.65 |
| 11 | 10.7 | 3.1 | 73.6 | 67.9 | 17.6 | 10.52 | 4.23 |
| 12 | 11.1 | 2.4 | 78.0 | 70.6 | 16.9 | 10.55 | 5.00 |
| 13 | 10.7 | 3.4 | 74.4 | 64.5 | 16.9 | 10.59 | 6.23 |
| 14 | 11.5 | 3.9 | 79.9 | 71.6 | 17.1 | 10.62 | 7.73 |
| 15 | 11.2 | 4.6 | 83.5 | 71.3 | 15.1 | 10.66 | 5.23 |
| 16 | 9.9 | 3.6 | 80.3 | 70.5 | 13.4 | 10.69 | 2.20 |
| 17 | 12.0 | 3.6 | 81.1 | 64.4 | 14.7 | 10.73 | 6.08 |
| 18 | 10.7 | 3.8 | 83.4 | 67.0 | 16.2 | 10.76 | 5.60 |
| 19 | 10.9 | 3.4 | 77.8 | 64.8 | 16.2 | 10.80 | 7.00 |
| 20 | 10.9 | 3.1 | 74.9 | 66.5 | 16.0 | 10.83 | 5.50 |
| 21 | 9.8 | 2.7 | 78.1 | 69.6 | 17.4 | 10.87 | 6.73 |
| 22 | 10.4 | 3.0 | 75.6 | 66.1 | 18.4 | 10.91 | 7.50 |
| 23 | 11.4 | 3.3 | 75.6 | 66.5 | 19.5 | 10.94 | 7.48 |
| 24 | 12.6 | 4.8 | 77.8 | 62.4 | 18.6 | 10.98 | 7.80 |
| 25 | 13.6 | 5.0 | 78.5 | 63.8 | 20.3 | 11.02 | 5.55 |
| 26 | 11.3 | 5.6 | 83.5 | 76.4 | 18.8 | 11.06 | 5.10 |
| 27 | 11.3 | 4.9 | 86.5 | 77.0 | 17.7 | 11.09 | 5.55 |
| 28 | 11.1 | 4.9 | 83.8 | 76.6 | 17.5 | 11.13 | 6.45 |
| 29 | 2.0 | 0.5 | 12.1 | 8.8 | 18.7 | 11.17 | 6.00 |
| | | | | | | | |
| | | | | | | | |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

a. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

b. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١-٢٠١٢

مانگی ئازار

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 13.0 | 4.9 | 78.9 | 62.9 | 0.9 | 11.17 | 6.00 |
| 2 | 14.4 | 5.9 | 74.1 | 58.1 | 1.0 | 11.21 | 5.60 |
| 3 | 14.4 | 5.3 | 69.7 | 59.3 | 0.8 | 11.25 | 6.50 |
| 4 | 15.1 | 4.2 | 65.3 | 59.1 | 1.1 | 11.29 | 6.00 |
| 5 | 16.1 | 4.6 | 68.4 | 62.0 | 0.9 | 11.32 | 6.50 |
| 6 | 16.1 | 5.4 | 66.1 | 61.7 | 0.9 | 11.36 | 6.00 |
| 7 | 17.1 | 6.3 | 63.7 | 57.4 | 1.3 | 11.40 | 5.73 |
| 8 | 16.9 | 7.6 | 63.1 | 62.7 | 0.8 | 11.44 | 5.08 |
| 9 | 18.4 | 8.6 | 65.1 | 56.1 | 1.4 | 11.48 | 7.00 |
| 10 | 17.1 | 8.3 | 60.9 | 55.4 | 1.1 | 11.52 | 7.00 |
| 11 | 17.6 | 9.1 | 59.7 | 55.0 | 2.3 | 11.56 | 4.15 |
| 12 | 16.9 | 9.1 | 68.3 | 51.9 | 0.8 | 11.60 | 5.03 |
| 13 | 16.9 | 9.1 | 67.7 | 55.6 | 0.8 | 11.64 | 4.65 |
| 14 | 17.1 | 9.2 | 75.7 | 69.0 | 3.1 | 11.68 | 5.23 |
| 15 | 15.1 | 7.4 | 73.6 | 58.3 | 1.3 | 11.72 | 5.73 |
| 16 | 13.4 | 6.2 | 67.6 | 61.0 | 0.8 | 11.76 | 8.00 |
| 17 | 14.7 | 6.9 | 70.9 | 60.0 | 0.9 | 11.79 | 5.73 |
| 18 | 16.2 | 6.1 | 75.9 | 60.7 | 2.4 | 11.83 | 6.00 |
| 19 | 16.2 | 5.9 | 77.6 | 70.6 | 1.9 | 11.87 | 5.73 |
| 20 | 16.0 | 6.9 | 74.1 | 67.0 | 1.6 | 11.91 | 5.58 |
| 21 | 17.4 | 7.0 | 70.7 | 51.9 | 2.0 | 11.95 | 6.00 |
| 22 | 18.4 | 7.1 | 72.4 | 55.4 | 1.0 | 11.99 | 5.50 |
| 23 | 19.5 | 7.6 | 66.0 | 49.3 | 0.6 | 12.03 | 5.65 |
| 24 | 18.6 | 7.9 | 69.1 | 52.6 | 1.4 | 12.07 | 5.03 |
| 25 | 20.3 | 9.3 | 66.1 | 49.1 | 1.0 | 12.11 | 6.00 |
| 26 | 18.8 | 11.1 | 64.3 | 57.6 | 0.9 | 12.15 | 5.03 |
| 27 | 17.7 | 8.3 | 67.9 | 58.3 | 0.8 | 12.19 | 8.55 |
| 28 | 17.5 | 7.8 | 74.0 | 57.6 | 1.3 | 12.23 | 6.50 |
| 29 | 18.7 | 7.7 | 74.0 | 57.0 | 1.6 | 12.27 | 6.10 |
| 30 | 18.6 | 8.8 | 74.1 | 58.0 | 1.5 | 12.31 | 7.25 |
| 31 | 19.5 | 8.6 | 73.6 | 52.9 | 0.8 | 12.35 | 8.00 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، توماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی نیسان

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکه | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 2 | 18.7 | 7.6 | 65.4 | 49.3 | 1.2 | 12.39 | 5.95 |
| 3 | 18.7 | 7.8 | 72.8 | 53.4 | 2.5 | 12.43 | 5.20 |
| 4 | 18.9 | 8.0 | 65.1 | 54.1 | 1.5 | 12.47 | 5.23 |
| 5 | 18.0 | 9.1 | 59.5 | 57.3 | 3.0 | 12.51 | 6.15 |
| 6 | 19.4 | 9.3 | 62.8 | 55.0 | 1.5 | 12.55 | 5.75 |
| 7 | 20.3 | 9.6 | 64.6 | 55.5 | 1.6 | 12.58 | 5.25 |
| 8 | 20.4 | 10.7 | 62.3 | 53.1 | 1.7 | 12.62 | 6.00 |
| 9 | 20.3 | 10.9 | 62.0 | 45.9 | 1.5 | 12.66 | 7.03 |
| 10 | 20.2 | 9.4 | 57.6 | 43.8 | 3.1 | 12.70 | 6.08 |
| 11 | 21.6 | 9.9 | 55.6 | 43.5 | 1.2 | 12.74 | 7.25 |
| 12 | 21.0 | 11.4 | 54.6 | 37.5 | 1.4 | 12.78 | 7.35 |
| 13 | 20.4 | 11.3 | 58.6 | 38.8 | 1.4 | 12.82 | 6.65 |
| 14 | 20.6 | 9.8 | 58.0 | 43.9 | 1.4 | 12.85 | 7.65 |
| 15 | 22.0 | 10.8 | 59.6 | 40.6 | 1.3 | 12.89 | 5.75 |
| 16 | 21.4 | 11.6 | 61.8 | 42.3 | 1.7 | 12.93 | 5.53 |
| 17 | 21.2 | 10.9 | 55.8 | 39.9 | 1.8 | 12.97 | 6.25 |
| 18 | 21.5 | 11.7 | 64.4 | 47.8 | 3.1 | 13.01 | 5.50 |
| 19 | 21.3 | 10.2 | 62.8 | 47.4 | 1.4 | 13.04 | 5.65 |
| 20 | 21.5 | 10.4 | 66.1 | 52.0 | 1.7 | 13.08 | 6.25 |
| 21 | 22.6 | 11.6 | 58.9 | 47.3 | 2.2 | 13.12 | 8.50 |
| 22 | 21.4 | 12.6 | 62.8 | 46.5 | 1.7 | 13.15 | 6.70 |
| 23 | 21.3 | 12.7 | 58.6 | 48.3 | 1.5 | 13.19 | 5.45 |
| 24 | 20.8 | 12.2 | 61.0 | 47.5 | 1.5 | 13.23 | 5.50 |
| 25 | 21.8 | 11.8 | 65.3 | 47.1 | 0.9 | 13.26 | 6.05 |
| 26 | 22.3 | 13.1 | 64.1 | 49.8 | 3.1 | 13.30 | 7.50 |
| 27 | 21.6 | 13.8 | 61.0 | 49.1 | 1.6 | 13.33 | 5.90 |
| 28 | 23.4 | 12.6 | 65.1 | 50.4 | 1.2 | 13.37 | 7.15 |
| 29 | 22.8 | 13.3 | 55.6 | 42.9 | 1.6 | 13.40 | 5.68 |
| 30 | 23.5 | 13.2 | 57.1 | 39.5 | 1.3 | 13.44 | 8.00 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی مایس

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 23.6 | 13.7 | 52.9 | 42.4 | 5.0 | 13.50 | 9.73 |
| 2 | 23.6 | 14.1 | 54.4 | 40.4 | 1.2 | 13.54 | 10.00 |
| 3 | 23.2 | 14.7 | 47.6 | 37.8 | 1.7 | 13.57 | 9.00 |
| 4 | 25.2 | 15.0 | 51.3 | 42.3 | 1.7 | 13.60 | 9.58 |
| 5 | 25.4 | 15.3 | 49.3 | 43.4 | 1.2 | 13.63 | 11.00 |
| 6 | 25.8 | 14.6 | 49.8 | 39.8 | 1.5 | 13.67 | 10.50 |
| 7 | 26.4 | 15.6 | 47.4 | 37.4 | 2.4 | 13.70 | 10.50 |
| 8 | 25.0 | 15.6 | 48.7 | 33.6 | 2.2 | 13.73 | 9.50 |
| 9 | 27.0 | 14.9 | 49.4 | 36.7 | 2.8 | 13.76 | 11.15 |
| 10 | 27.2 | 13.9 | 46.1 | 34.1 | 1.5 | 13.79 | 11.55 |
| 11 | 26.8 | 16.3 | 46.1 | 39.6 | 1.8 | 13.82 | 9.00 |
| 12 | 27.9 | 16.4 | 37.7 | 34.3 | 1.3 | 13.85 | 11.05 |
| 13 | 29.0 | 17.4 | 37.9 | 36.2 | 2.6 | 13.88 | 11.23 |
| 14 | 28.1 | 16.7 | 37.0 | 33.7 | 2.1 | 13.91 | 8.50 |
| 15 | 57.8 | 16.6 | 39.3 | 34.7 | 2.2 | 13.93 | 11.70 |
| 16 | 29.2 | 18.0 | 37.1 | 37.8 | 3.3 | 13.96 | 12.00 |
| 17 | 28.7 | 17.1 | 40.1 | 31.0 | 1.6 | 13.99 | 11.58 |
| 18 | 28.6 | 17.9 | 39.7 | 34.3 | 1.6 | 14.01 | 11.15 |
| 19 | 29.3 | 19.4 | 46.5 | 34.3 | 1.6 | 14.04 | 11.65 |
| 20 | 30.2 | 18.4 | 42.2 | 38.8 | 2.3 | 14.06 | 11.15 |
| 21 | 30.8 | 18.9 | 39.2 | 32.9 | 1.2 | 14.09 | 11.00 |
| 22 | 30.4 | 19.9 | 34.7 | 28.4 | 2.2 | 14.11 | 12.50 |
| 23 | 31.4 | 18.6 | 37.8 | 33.6 | 2.3 | 14.14 | 10.65 |
| 24 | 31.0 | 19.1 | 37.8 | 31.8 | 3.8 | 14.16 | 11.00 |
| 25 | 31.7 | 18.9 | 39.1 | 33.4 | 2.2 | 14.18 | 11.65 |
| 26 | 33.4 | 19.3 | 30.4 | 24.9 | 1.3 | 14.20 | 12.20 |
| 27 | 32.9 | 20.0 | 34.1 | 30.4 | 2.0 | 14.22 | 12.20 |
| 29 | 32.7 | 19.7 | 36.1 | 26.4 | 4.0 | 14.24 | 11.50 |
| 30 | 32.6 | 18.9 | 32.8 | 29.4 | 2.1 | 14.26 | 12.50 |
| 31 | 32.8 | 18.8 | 37.8 | 27.7 | 2.9 | 14.28 | 12.23 |
| | | | | | | | |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی حوزەیران

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکه | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 23.6 | 13.7 | 42.9 | 33.0 | 2.0 | 14.31 | 12.60 |
| 2 | 23.6 | 14.1 | 39.8 | 29.8 | 3.5 | 14.33 | 12.25 |
| 3 | 23.2 | 14.7 | 39.6 | 31.9 | 2.1 | 14.35 | 11.00 |
| 4 | 25.2 | 15.0 | 39.6 | 30.7 | 1.8 | 14.36 | 13.00 |
| 5 | 25.4 | 15.3 | 38.1 | 31.0 | 3.2 | 14.38 | 11.65 |
| 6 | 25.8 | 14.6 | 39.9 | 31.8 | 1.9 | 14.39 | 12.73 |
| 7 | 26.4 | 15.6 | 42.9 | 32.1 | 1.5 | 14.40 | 12.70 |
| 8 | 25.0 | 15.6 | 40.8 | 32.5 | 1.2 | 14.41 | 11.80 |
| 9 | 27.0 | 14.9 | 39.5 | 31.8 | 3.8 | 14.42 | 11.55 |
| 10 | 27.2 | 13.9 | 47.4 | 35.9 | 4.1 | 14.43 | 11.50 |
| 11 | 26.8 | 16.3 | 40.9 | 33.6 | 4.0 | 14.44 | 12.15 |
| 12 | 27.9 | 16.4 | 42.5 | 34.8 | 2.2 | 14.45 | 12.55 |
| 13 | 29.0 | 17.4 | 42.6 | 35.3 | 1.6 | 14.46 | 11.65 |
| 14 | 28.1 | 16.7 | 44.3 | 31.9 | 1.2 | 14.47 | 12.73 |
| 15 | 57.8 | 16.6 | 37.8 | 33.1 | 1.7 | 14.47 | 12.00 |
| 16 | 29.2 | 18.0 | 40.9 | 32.1 | 1.6 | 14.48 | 11.68 |
| 17 | 28.7 | 17.1 | 38.8 | 31.5 | 1.2 | 14.48 | 10.20 |
| 18 | 28.6 | 17.9 | 39.6 | 34.9 | 1.7 | 14.48 | 12.15 |
| 19 | 29.3 | 19.4 | 40.3 | 33.8 | 3.5 | 14.49 | 11.70 |
| 20 | 30.2 | 18.4 | 32.5 | 30.6 | 3.7 | 14.49 | 13.00 |
| 21 | 30.8 | 18.9 | 32.6 | 29.8 | 4.7 | 14.49 | 13.00 |
| 22 | 30.4 | 19.9 | 32.8 | 28.8 | 5.2 | 14.49 | 13.00 |
| 23 | 31.4 | 18.6 | 33.4 | 31.3 | 4.5 | 14.49 | 13.05 |
| 24 | 31.0 | 19.1 | 33.0 | 30.0 | 4.8 | 14.49 | 12.70 |
| 25 | 31.7 | 18.9 | 35.2 | 28.4 | 4.9 | 14.48 | 13.03 |
| 26 | 33.4 | 19.3 | 37.9 | 32.5 | 1.8 | 14.48 | 12.25 |
| 27 | 32.9 | 20.0 | 38.9 | 32.5 | 2.4 | 14.48 | 11.75 |
| 28 | 32.7 | 19.7 | 36.6 | 31.4 | 4.5 | 14.47 | 12.68 |
| 29 | 32.6 | 18.9 | 41.6 | 33.6 | 1.4 | 14.47 | 12.28 |
| 30 | 32.8 | 18.8 | 39.1 | 32.6 | 1.2 | 14.46 | 11.20 |
| | | | | | | | |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١-٢٠١٢

مانگی تەموز

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 37.5 | 22.4 | 31.1 | 23.9 | 2.5 | 14.45 | 13.79 |
| 2 | 38.5 | 23.7 | 31.4 | 23.6 | 1.8 | 14.44 | 13.67 |
| 3 | 38.6 | 23.7 | 33.1 | 22.2 | 2.2 | 14.43 | 13.26 |
| 4 | 38.3 | 24.1 | 31.6 | 24.7 | 2.0 | 14.42 | 13.93 |
| 5 | 37.9 | 23.3 | 32.8 | 25.0 | 1.5 | 14.41 | 13.48 |
| 6 | 38.7 | 24.4 | 28.9 | 22.3 | 1.8 | 14.40 | 13.84 |
| 7 | 39.6 | 24.4 | 29.3 | 36.1 | 1.8 | 14.39 | 13.83 |
| 8 | 39.9 | 25.7 | 28.7 | 25.3 | 3.1 | 14.37 | 13.53 |
| 9 | 39.8 | 26.3 | 26.4 | 22.3 | 1.7 | 14.36 | 13.44 |
| 10 | 39.7 | 25.8 | 25.9 | 20.9 | 1.7 | 14.35 | 13.43 |
| 11 | 41.3 | 25.4 | 29.0 | 20.2 | 2.7 | 14.33 | 13.64 |
| 12 | 41.4 | 26.3 | 27.3 | 21.7 | 3.1 | 14.31 | 13.77 |
| 13 | 42.1 | 26.3 | 28.6 | 22.4 | 2.2 | 14.30 | 13.47 |
| 14 | 40.4 | 26.3 | 27.8 | 23.1 | 1.7 | 14.28 | 13.82 |
| 15 | 39.8 | 23.9 | 32.1 | 24.3 | 2.0 | 14.26 | 13.58 |
| 16 | 39.8 | 23.8 | 31.6 | 22.6 | 1.5 | 14.24 | 13.46 |
| 17 | 39.3 | 24.6 | 34.3 | 26.3 | 1.2 | 14.22 | 12.97 |
| 18 | 40.1 | 25.2 | 31.7 | 25.4 | 2.5 | 14.20 | 13.61 |
| 19 | 39.8 | 25.3 | 32.4 | 26.4 | 1.4 | 14.18 | 13.46 |
| 20 | 40.9 | 25.7 | 32.1 | 27.2 | 2.0 | 14.16 | 13.88 |
| 21 | 41.8 | 25.6 | 29.3 | 24.3 | 2.1 | 14.14 | 13.87 |
| 22 | 41.7 | 26.3 | 24.5 | 24.7 | 1.9 | 14.11 | 13.87 |
| 23 | 40.8 | 25.4 | 25.8 | 22.3 | 1.7 | 14.09 | 13.88 |
| 24 | 40.6 | 25.8 | 31.8 | 24.4 | 1.8 | 14.06 | 13.75 |
| 25 | 40.1 | 25.2 | 28.6 | 23.1 | 1.9 | 14.04 | 13.85 |
| 26 | 40.7 | 25.3 | 25.5 | 22.9 | 1.9 | 14.01 | 13.58 |
| 27 | 41.6 | 26.0 | 27.5 | 21.0 | 1.5 | 13.99 | 13.40 |
| 28 | 41.2 | 25.6 | 26.2 | 23.2 | 1.1 | 13.96 | 13.70 |
| 29 | 40.6 | 25.3 | 29.7 | 24.4 | 2.2 | 13.93 | 13.56 |
| 30 | 36.8 | 26.2 | 24.7 | 19.9 | 2.8 | 13.91 | 13.19 |
| 31 | 32.7 | 20.3 | 4.6 | 3.0 | | | |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکال، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بلاونەکراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١-٢٠١٢

مانگی ئاب

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکه | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 41.9 | 25.5 | 27.2 | 22.7 | 1.5 | 13.85 | 12.23 |
| 2 | 41.4 | 24.9 | 27.2 | 22.4 | 1.4 | 13.82 | 11.85 |
| 3 | 41.4 | 25.1 | 24.3 | 21.2 | 2.8 | 13.79 | 11.80 |
| 4 | 41.4 | 24.5 | 28.6 | 23.1 | 1.6 | 13.76 | 12.05 |
| 5 | 41.4 | 22.0 | 27.8 | 23.1 | 1.7 | 13.73 | 12.08 |
| 6 | 41.3 | 25.4 | 28.1 | 24.4 | 1.6 | 13.70 | 11.65 |
| 7 | 41.0 | 24.7 | 30.1 | 23.7 | 1.6 | 13.67 | 11.58 |
| 8 | 41.0 | 24.4 | 29.4 | 26.9 | 2.0 | 13.63 | 11.23 |
| 9 | 40.8 | 24.8 | 29.4 | 27.2 | 3.2 | 13.60 | 12.00 |
| 10 | 41.3 | 25.6 | 27.0 | 24.3 | 1.7 | 13.57 | 11.50 |
| 11 | 41.7 | 25.6 | 30.4 | 22.4 | 1.8 | 13.54 | 11.50 |
| 12 | 41.4 | 25.6 | 28.3 | 22.9 | 3.0 | 13.50 | 12.30 |
| 13 | 41.3 | 25.9 | 29.6 | 24.1 | 1.8 | 13.47 | 12.15 |
| 14 | 41.1 | 25.2 | 30.9 | 22.9 | 2.1 | 13.43 | 11.00 |
| 15 | 40.6 | 25.4 | 30.8 | 22.7 | 2.9 | 13.40 | 11.60 |
| 16 | 40.3 | 24.6 | 30.4 | 25.0 | 2.0 | 13.37 | 12.20 |
| 17 | 40.5 | 25.0 | 28.8 | 24.3 | 2.6 | 13.33 | 11.30 |
| 18 | 40.3 | 24.9 | 31.8 | 24.1 | 2.6 | 13.30 | 11.73 |
| 19 | 40.3 | 24.7 | 29.4 | 23.3 | 1.7 | 13.26 | 12.18 |
| 20 | 40.8 | 25.2 | 27.9 | 23.3 | 1.9 | 13.22 | 11.65 |
| 21 | 39.0 | 23.8 | 31.0 | 23.7 | 2.5 | 13.19 | 10.00 |
| 22 | 39.0 | 22.9 | 29.7 | 23.1 | 1.8 | 13.15 | 11.65 |
| 23 | 39.1 | 22.9 | 30.2 | 24.2 | 1.9 | 13.11 | 11.70 |
| 24 | 39.5 | 23.4 | 28.8 | 23.9 | 1.4 | 13.08 | 11.30 |
| 25 | 39.7 | 22.9 | 29.2 | 24.1 | 1.4 | 13.04 | 11.65 |
| 26 | 39.8 | 23.2 | 28.1 | 24.2 | 2.1 | 13.00 | 11.75 |
| 27 | 39.4 | 23.1 | 28.0 | 23.0 | 1.4 | 12.97 | 11.38 |
| 28 | 39.2 | 23.2 | 29.4 | 24.9 | 0.8 | 12.93 | 11.15 |
| 29 | 38.8 | 23.0 | 30.3 | 25.6 | 0.9 | 12.89 | 11.30 |
| 30 | 38.4 | 22.6 | 29.2 | 21.4 | 0.8 | 12.85 | 11.38 |
| 31 | 39.0 | 23.4 | 29.6 | 23.1 | 0.9 | 12.81 | 10.85 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەرێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، توماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی ئەیلول

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 38.8 | 23.8 | 28.6 | 25.6 | 4.8 | 12.78 | 11.50 |
| 2 | 39.2 | 23.2 | 31.0 | 23.2 | 1.1 | 12.74 | 11.50 |
| 3 | 38.8 | 23.2 | 29.7 | 24.6 | 1.9 | 12.70 | 11.23 |
| 4 | 38.6 | 22.8 | 30.0 | 25.3 | 1.7 | 12.66 | 11.20 |
| 5 | 37.7 | 22.8 | 30.6 | 27.3 | 1.7 | 12.62 | 9.70 |
| 6 | 37.3 | 22.8 | 29.8 | 26.1 | 1.7 | 12.58 | 11.15 |
| 7 | 36.7 | 22.7 | 31.7 | 27.2 | 1.7 | 12.54 | 11.18 |
| 8 | 36.4 | 22.2 | 31.8 | 26.8 | 1.6 | 12.51 | 11.00 |
| 9 | 35.9 | 21.6 | 33.6 | 27.4 | 1.6 | 12.47 | 11.05 |
| 10 | 35.5 | 20.6 | 32.0 | 29.7 | 1.7 | 12.43 | 11.00 |
| 11 | 35.6 | 20.3 | 30.9 | 28.9 | 1.4 | 12.39 | 11.00 |
| 12 | 36.1 | 20.9 | 29.9 | 27.4 | 1.5 | 12.35 | 10.53 |
| 13 | 35.6 | 20.3 | 36.0 | 30.6 | 1.8 | 12.31 | 10.23 |
| 14 | 35.1 | 19.9 | 31.0 | 26.7 | 1.6 | 12.27 | 10.23 |
| 15 | 34.9 | 19.8 | 31.6 | 28.8 | 1.7 | 12.23 | 10.15 |
| 16 | 34.8 | 19.9 | 32.1 | 27.6 | 1.5 | 12.19 | 10.18 |
| 17 | 34.3 | 19.6 | 30.1 | 25.7 | 3.1 | 12.15 | 9.65 |
| 18 | 34.1 | 19.8 | 32.6 | 26.1 | 3.2 | 12.11 | 9.80 |
| 19 | 33.4 | 19.3 | 34.3 | 25.8 | 1.8 | 12.07 | 10.00 |
| 20 | 33.9 | 20.4 | 33.7 | 27.2 | 2.4 | 12.03 | 10.15 |
| 21 | 34.4 | 20.6 | 34.7 | 29.7 | 1.9 | 11.99 | 10.60 |
| 22 | 34.6 | 19.7 | 35.9 | 30.6 | 1.2 | 11.95 | 10.10 |
| 23 | 34.4 | 19.9 | 34.3 | 28.9 | 1.5 | 11.91 | 10.65 |
| 24 | 33.9 | 18.9 | 34.4 | 27.8 | 1.5 | 11.87 | 10.15 |
| 25 | 32.8 | 18.9 | 35.8 | 30.1 | 1.4 | 11.83 | 10.08 |
| 26 | 32.6 | 19.0 | 36.0 | 27.9 | 1.7 | 11.79 | 10.25 |
| 27 | 31.9 | 18.7 | 38.0 | 34.0 | 1.1 | 11.75 | 10.13 |
| 28 | 31.2 | 18.0 | 38.0 | 30.3 | 1.3 | 11.71 | 10.08 |
| 29 | 30.6 | 17.5 | 34.1 | 28.0 | 1.2 | 11.67 | 9.73 |
| 30 | 29.5 | 17.1 | 42.2 | 33.3 | 1.3 | 11.64 | 10.08 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تۆماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١-٢٠١٢

مانگی تشرینی یەکەم

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکه | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 29.4 | 17.3 | 38.4 | 30.4 | 2.14 | 11.60 | 7.73 |
| 2 | 29.9 | 17.7 | 39.1 | 29.8 | 1.89 | 11.56 | 7.00 |
| 3 | 29.3 | 16.4 | 39.1 | 27.6 | 2.91 | 11.52 | 7.65 |
| 4 | 29.5 | 16.8 | 39.6 | 29.9 | 2.59 | 11.48 | 6.05 |
| 5 | 29.5 | 16.1 | 37.1 | 30.8 | 2.42 | 11.44 | 6.10 |
| 6 | 28.8 | 17.0 | 36.9 | 30.3 | 1.91 | 11.40 | 5.60 |
| 7 | 28.6 | 16.6 | 38.5 | 31.8 | 1.59 | 11.36 | 5.10 |
| 8 | 29.7 | 16.9 | 37.4 | 28.3 | 1.64 | 11.32 | 5.55 |
| 9 | 29.8 | 16.8 | 37.0 | 26.4 | 1.57 | 11.28 | 6.05 |
| 10 | 30.1 | 18.1 | 38.1 | 32.5 | 1.74 | 11.25 | 6.00 |
| 11 | 29.7 | 17.9 | 39.5 | 35.4 | 1.21 | 11.21 | 5.65 |
| 12 | 30.0 | 19.0 | 38.6 | 34.6 | 1.35 | 11.17 | 5.10 |
| 13 | 29.9 | 18.6 | 37.5 | 32.9 | 1.49 | 11.13 | 6.13 |
| 14 | 30.1 | 18.5 | 37.9 | 32.1 | 1.87 | 11.09 | 5.65 |
| 15 | 29.4 | 17.8 | 37.3 | 28.0 | 2.09 | 11.06 | 5.20 |
| 16 | 29.9 | 17.9 | 38.9 | 34.6 | 1.69 | 11.02 | 5.15 |
| 17 | 26.8 | 19.1 | 38.5 | 35.5 | 1.68 | 10.98 | 5.00 |
| 18 | 28.3 | 16.3 | 38.6 | 30.9 | 1.34 | 10.94 | 5.68 |
| 19 | 26.4 | 14.7 | 46.8 | 34.4 | 1.70 | 10.91 | 6.18 |
| 20 | 26.0 | 15.1 | 37.0 | 26.1 | 1.46 | 10.87 | 6.28 |
| 21 | 27.3 | 15.9 | 40.8 | 26.9 | 1.73 | 10.83 | 4.05 |
| 22 | 26.9 | 16.3 | 37.8 | 25.1 | 2.64 | 10.80 | 5.75 |
| 23 | 26.3 | 15.9 | 40.5 | 28.9 | 1.83 | 10.76 | 5.75 |
| 24 | 26.6 | 15.1 | 40.6 | 30.4 | 1.53 | 10.73 | 6.00 |
| 25 | 25.9 | 15.3 | 42.5 | 35.8 | 2.26 | 10.69 | 5.50 |
| 26 | 24.4 | 14.8 | 44.4 | 90.0 | 2.11 | 10.65 | 5.20 |
| 27 | 24.1 | 15.0 | 49.9 | 39.5 | 1.21 | 10.62 | 6.23 |
| 28 | 22.6 | 14.5 | 53.8 | 47.0 | 2.55 | 10.59 | 5.00 |
| 29 | 19.9 | 13.6 | 55.6 | 50.1 | 2.41 | 10.55 | 5.68 |
| 30 | 19.3 | 11.6 | 57.9 | 50.1 | 1.49 | 10.52 | 6.05 |
| 31 | 19.3 | 12.0 | 61.4 | 53.0 | 1.29 | 10.48 | 5.55 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، توماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی تشرینی دووەم

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با بە م/چرکە | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 20.1 | 12.0 | 64.8 | 59.1 | 2.0 | 10.45 | 7.08 |
| 2 | 20.6 | 12.0 | 63.4 | 59.8 | 1.8 | 10.42 | 6.00 |
| 3 | 20.6 | 11.0 | 63.9 | 52.9 | 1.3 | 10.38 | 6.60 |
| 4 | 20.4 | 10.1 | 61.1 | 48.8 | 1.0 | 10.35 | 6.80 |
| 5 | 19.6 | 10.1 | 61.1 | 47.6 | 1.0 | 10.32 | 6.00 |
| 6 | 20.0 | 9.7 | 53.0 | 46.6 | 1.0 | 10.29 | 6.60 |
| 7 | 19.6 | 10.1 | 58.8 | 47.9 | 1.2 | 10.26 | 5.28 |
| 8 | 19.4 | 10.1 | 53.6 | 45.3 | 1.1 | 10.23 | 5.30 |
| 9 | 18.0 | 10.6 | 58.3 | 49.3 | 1.4 | 10.20 | 4.78 |
| 10 | 17.9 | 10.3 | 53.5 | 52.3 | 1.8 | 10.17 | 5.70 |
| 11 | 18.1 | 9.5 | 53.9 | 53.5 | 1.2 | 10.14 | 6.40 |
| 12 | 17.4 | 9.4 | 59.0 | 55.1 | 1.2 | 10.11 | 4.58 |
| 13 | 17.3 | 7.9 | 59.7 | 54.3 | 1.5 | 10.08 | 7.43 |
| 14 | 16.9 | 7.9 | 56.9 | 56.4 | 0.9 | 10.06 | 5.60 |
| 15 | 17.7 | 8.1 | 60.6 | 55.9 | 1.3 | 10.03 | 5.30 |
| 16 | 16.7 | 7.6 | 58.3 | 55.3 | 0.9 | 10.00 | 6.00 |
| 17 | 15.4 | 7.9 | 62.8 | 57.8 | 1.1 | 9.98 | 5.20 |
| 18 | 15.4 | 7.1 | 62.6 | 57.0 | 1.4 | 9.95 | 6.90 |
| 19 | 14.4 | 7.3 | 61.1 | 58.2 | 3.1 | 9.93 | 6.28 |
| 20 | 15.1 | 5.9 | 60.6 | 46.3 | 2.1 | 9.90 | 6.00 |
| 21 | 14.3 | 6.7 | 61.4 | 53.4 | 1.0 | 9.88 | 6.90 |
| 22 | 14.0 | 6.8 | 71.3 | 53.3 | 0.9 | 9.86 | 6.00 |
| 23 | 15.1 | 6.1 | 65.4 | 49.8 | 1.1 | 9.83 | 5.80 |
| 24 | 15.7 | 6.3 | 60.8 | 48.4 | 1.9 | 9.81 | 5.55 |
| 25 | 14.3 | 5.9 | 60.0 | 55.6 | 1.3 | 9.79 | 4.90 |
| 26 | 15.0 | 5.7 | 62.8 | 55.1 | 1.2 | 9.77 | 4.90 |
| 27 | 15.5 | 5.9 | 59.0 | 50.3 | 0.9 | 9.75 | 5.30 |
| 28 | 15.9 | 6.5 | 58.1 | 51.6 | 0.8 | 9.73 | 5.10 |
| 29 | 15.6 | 6.4 | 53.1 | 43.9 | 0.9 | 9.71 | 4.20 |
| 30 | 15.8 | 6.4 | 55.8 | 45.4 | 0.8 | 9.70 | 5.00 |
| | | | | | | | |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢–٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، توماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١–٢٠١٢

مانگی کانونی یەکەم

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەیی% | | خێرایی با به م/چرکه | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 15.3 | 6.8 | 51.9 | 42.3 | 0.7 | 9.68 | 5.3 |
| 2 | 15.2 | 6.6 | 51.6 | 40.0 | 1.8 | 9.66 | 5.9 |
| 3 | 15.6 | 7.2 | 52.1 | 42.4 | 3.2 | 9.65 | 5.8 |
| 4 | 16.2 | 7.2 | 52.4 | 40.0 | 1.3 | 9.63 | 5.2 |
| 5 | 16.0 | 7.2 | 50.0 | 39.7 | 0.8 | 9.62 | 4.7 |
| 6 | 16.0 | 6.9 | 53.1 | 40.9 | 0.9 | 9.61 | 4.1 |
| 7 | 14.6 | 6.6 | 53.9 | 43.1 | 0.8 | 9.59 | 4.8 |
| 8 | 15.2 | 6.6 | 52.7 | 41.0 | 0.8 | 9.58 | 5.5 |
| 9 | 14.6 | 6.4 | 52.7 | 42.0 | 0.8 | 9.57 | 4.7 |
| 10 | 13.0 | 5.4 | 56.9 | 43.0 | 3.3 | 9.56 | 4.5 |
| 11 | 13.1 | 4.6 | 58.7 | 48.1 | 1.8 | 9.55 | 4.7 |
| 12 | 10.9 | 3.1 | 60.9 | 50.0 | 1.4 | 9.55 | 4.5 |
| 13 | 10.7 | 3.6 | 57.6 | 47.9 | 1.2 | 9.54 | 4.7 |
| 14 | 9.9 | 3.2 | 54.7 | 45.6 | 1.4 | 9.53 | 5.3 |
| 15 | 9.6 | 2.8 | 57.7 | 48.0 | 1.6 | 9.53 | 5.7 |
| 16 | 10.5 | 3.1 | 61.1 | 50.7 | 4.7 | 9.52 | 4.7 |
| 17 | 11.1 | 2.6 | 65.3 | 54.9 | 3.7 | 9.52 | 4.2 |
| 18 | 11.0 | 3.5 | 64.1 | 53.4 | 0.7 | 9.51 | 4.5 |
| 19 | 10.7 | 3.9 | 63.3 | 54.0 | 1.1 | 9.51 | 5.0 |
| 20 | 11.0 | 4.1 | 59.7 | 50.9 | 1.6 | 9.51 | 5.2 |
| 21 | 11.6 | 4.4 | 58.3 | 48.4 | 1.8 | 9.51 | 5.7 |
| 22 | 11.6 | 6.4 | 55.1 | 47.7 | 0.7 | 9.51 | 4.7 |
| 23 | 12.4 | 4.2 | 61.3 | 54.3 | 0.8 | 9.51 | 5.3 |
| 24 | 11.2 | 3.3 | 64.0 | 58.3 | 0.8 | 9.51 | 5.2 |
| 25 | 9.9 | 2.3 | 66.0 | 58.9 | 1.6 | 9.52 | 5.7 |
| 26 | 8.3 | 1.9 | 63.0 | 55.0 | 1.8 | 9.52 | 4.0 |
| 27 | 7.9 | 1.6 | 63.3 | 53.1 | 1.8 | 9.53 | 5.0 |
| 28 | 9.4 | 0.7 | 59.9 | 49.0 | 1.1 | 9.53 | 5.3 |
| 29 | 9.4 | 2.0 | 63.4 | 53.6 | 0.6 | 9.54 | 4.5 |
| 30 | 8.5 | 2.6 | 65.6 | 59.1 | 0.8 | 9.54 | 7.27 |
| 31 | 7.7 | 2.1 | 69.1 | 65.3 | 0.7 | 9.55 | 9.55 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشی ئاماری کشتوکاڵی، داتای کەش وهەوای قەزای ئاکری، تۆماری بڵاونەکراوە ٢٠٠٢-٢٠١٢.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، توماری ئاوهەوای وێستگەی ئاکری، ٢٠٠١-٢٠١٢

**الملخص**

تكمن اهمية هذا الموضوع في تحديد الظروف المناخية الملائمة للانشطة السياحية في منطقة عقرة، حيث اسس مناهجه العامة من قبل العالم الامريكي المشهور تيرجنج والتي تخص بالظروف البايومناخية، والتي تتميز باحد اهم القرائن البايومناخية وطبقت في الولايات المتحدة الامريكية.

تبين في نهاية الدراسة بان الظروف المناخية السياحية في منطقة الدراسة تشهد تباينا لبين الليل والنهار حيث ان نسبة الشعور بالراحة والاستجمام في النهار يصل الى (١٠.٤٪) من ايام السنة، في حين يزداد تلك النسبة في الليل ليصل الى (٢٧.٧٪)، علما بان قدرة الرياح التبريدية في النهار ادى الى تقارب الظرروف المناخية للشعور بالراحة بنسبة (٥٣.٤٪)، ولكن هذه التاثيرات في الليل تبدوا اقل نسبة مقارنة بالنهار ولا تتجاور (٣٢.٦٪) من ايام السنة.

## Abstract

The importance of this issue in determining the appropriate climatic conditions of tourism activities in the area of Akre, where he founded the general curriculum by famous researcher Tergnge which relates to the circumstances of Bioclimatic of the United States, which is characterized to one of the most important clues of Bioclimatic and applied in the United States.

At the end of the study, it has been shown that the atmosphere of tourist conditions in the area under the study experiencing variation between night and day time as the ratio of the feeling of comfort and relaxation during the day was up to 10.4% of the days throughout of the year, while that percentage increases in the night time to reach (27.7%), it has also been noted that the wind cooling capacity per day led to a convergence in the climatic conditions that one feels comfortable by (53.4%), but these effects seem less at night compared to daytime rate is not adjacent to (32.6%) ratio of the days throiughout the year.

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی ئاینزاکان لە هەرێمی کوردستان
## توێژینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاری


م.ی. احمد رفیق کریم
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

م.ی. شاسوار محمد محمود
زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

م. ی. شاد حمید محمد
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا



**پوختە**

خاکی پیرۆزی کوردستان هەر لە مێژەوە لانکەی دەرکەوتنی ئاینە جیاوازەکان بووە لەسە ڕووی زەوی، چەندین ڕووداوی مێژووی ئاینی تێدا ڕویداوە لەوانەش: نیشتنەوەی کەشتییەکەی نوح پێغەمبەر لە چیای جودی و کۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم خەلیل لە کوردستان و دەرکەوتنی پەیامبەر زەردەشت لە کوردستان و پەرستگای سەرەکی ئێزیدیانی جیهان لە لالش... بۆیە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نیە لەم فرە ڕەنگی و جۆراو جۆرە لە ئاین و ئاینزاکان، جگە لە هۆکارەکانی تری مێژووی و جوگرافی و ئاینی و ڕامیاری و جەنگ... ئەمانە هەموویان هەرێمی کوردستانیان کردۆتە گالەرییەك(Gallery)ی ئاینی لە ناوچەکەدا بیروباوەڕە و ئاینەکانی زەردەشتی و جولەکە و ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی و ئەهلی حەق و شەبەك و لە ناوچەکەدا بونیان هەیە.

دابەش بوون و ژمارە ڕێژەی ئەم ئاینزا جیاوازانە لە هەرێم لە ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بوون، بەڵام پاش دەرکەوتنی داعش لە ناوچەکە، هەموو ئاینزاکانی تر توشی قەتڵ و عام و چەوساندنەوە و بەکەنیزکەك کردنی ڕەگەزی مێینە هاتن، بە مەزهەبی شیعەی ئیسلام-یشەوە، بۆیە هیچ ئاسۆیەکی پێکەوە ژیان لە نێوان ئەم ئاینزانەدا بوونی نەماوە، تەنها چارەسەر گەڕانەوەی تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە بۆ سەر حکومەتی هەرێم، تا بتوانرێت هەموو پێکەوە ئایندە بنیات بنێنەوە.

## پێشەکی

ئاینزاکان لە هەرێمی کوردستان دا هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە پەیڕەوی لە بیرو باوەڕێکی تایبەت بە خۆیان دەکەن و باوەڕێکی ڕووحی لە نێوان خودی ئاینزاکە و خوداکەیدا یان دروستکەرەکەیدا هەیە، کەم تا زۆر پەیوەستە بە ڕێباز و فەرمایشتەکانی ئایینەکەی، یان بیروباوەڕەکەی.

دێرینی ژیان لە خاکی پیرۆزی کوردستان، چ کۆچ و ڕەوی ئیبراهیم خلیل* پێغەمبەر لە کوردستان و گیرسانەوەی کەشتیەکەی نوح لە چیای جودی و ئارامگای هەندێك لە پێغەمبەران و پاشتر تێپەڕ بوونی کۆمەڵە مرۆییە جۆراوجۆرەکان چ بەمەبەستی کۆچ و ڕەو بێت یان بەمەبەستی جەنگ و داگیر کاری یان بەمەبەستی بلاّوکردنەوەی ئاینێکی تایبەت ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی هۆکارەی جوگرافییەوە ناوچەکە بۆ بەگری کردن و پارێزگاری لێکردن ئاسانە، بۆنەتە هۆی نیشتەجێبوونی ئاین و ئاینزای جیاواز لە هەرێم دا، بۆیە ئێستا هەرێمەکەمان بەگشتی بۆتە گەلەرییەکی ئاینی بۆ هەرسێ ئاینە ئاسمانیەکە بە تایبەتی و ئاین و ئاینزای تری جۆرار و جۆر بەشێوەیەکی گشتی،بێگومان ژمارە و ڕێژە و دابەش بوونی ئاینزاکانی هەرێم چون یەك نیە و کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆیی ڕۆڵیان بینیوە لەم دابەش بوونەدا، بەلاّم لە سایەی پیادەکردنی سیستمێکی دروستی دیموکراسی و حکومڕانی حکومەتی هەرێم، هەموو ئاینزاکانی هەرێم دەتوانن سروتە ئاینییەکانی خۆیان زۆر بە سەربەستی جێ بەجێ بکەن، بۆیە دەبینین ڕۆژانە هەزارەها کەس لە ئاینزا جۆراو جۆرەکان زێدی خۆیان جێ دەهێڵن(سوریا، عێراقی عەرەبی) و ڕوو دەکەن هەرێمەکەمان لە ترسی ئاینزکانی تر، تەنانەت زۆرێکیان لە ترسی مەزهەبەکەی تری خودی ئاینەکەی خۆیان.

### چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە:

چواچێوەی توێژینەوەکەمان، تەواوی خاکی پیرۆزی کوردستانە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە.

### چورچێوەی کاتی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەیەدا باس لەئاینزاکانی باشوری کوردستان دەکەین، لە ساتەوەختی لکاندنی بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبیەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان(١٩٢١-٢٠١٥)

### کێشەی توێژینەوەکە:

پاش کەوتنی شاری موسڵ لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دا، دابەش بوونێکی نوێی و گۆڕانکاری لە ژمارە و ڕێژەی ئاینزاکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕوویدا، سەرئەنجام کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئاینی و ئیتنی لە ناوچەکەد کەوتەوە:

١-ئایا دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی، کاریگەری هەبوو لەسەر ئاینزاکانی تری ناوچەکە؟

*–خودای گەورە لە چەندین سورەت و ئایەت باسی کۆچی پێغەمبەر ئیبراهیم پێغەمبەر دەکات بۆ شام و میسر، وەك سورەتی عەنکەبوت، ئایەتەکانی ٢٦و ٢٧و سورەتی ئەنبیاء، ئایەتەکانی ٧١ و ٧٣ و سورەتی ئال عومران ئایەتی٩٦... بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە:الامام الحافظ عماد الدين ابو الفداء و اسماعيل بن كثير الفريشي الدمشقي، قصص الانبياء،ص ١٨٧–٢٤٣.

٢-ئایا دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی، گۆڕانکاری کرد لە ڕێژە و دابەش بوونی کەمایەتیە ئایینەکانی تری ناوچەکە؟

٣- ئایا پاش کەوتنی شاری موسڵ، ئایندەی ئاینزاکان بە گشتی و کەمایەتییە ئایینیەکانی تر بە کوێ دەگات؟ ئایا هیچ ڕایەڵەیەك و ئاسۆیەکی پێکەوە ژیان لە نێوانیاندا ماوە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا چەند گریمانەیەك خراوەتە ڕوو لەوانەش:

١-دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کاریگەری هەبوو لە سەر ڕێژە و ژمارە و هەموو ئاین مەزهەب و ئاینزا جیاوازەکانی تری ژێر قەڵەم ڕەوی دەسەلآتیان.

٢-پاش کەوتنی شاری موسڵ ئاین و ئاینزاکانی تری ناوچەکە، دەربەدەر بوون لە سەر زێدی خۆیان و هەندێکیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و هەندێکی دیکەشیان ئاوارەبوونیان هەڵبژارد و ڕوویان لە دەرەوەی وولآت کرد.

٣-هەرگیز ئاین و ئاینزاکانی تری ناوچەکە لە ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان، ناتوانن لەگەڵ ئاین و ئاینزاکانی تری ناوچەکە بژین،

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە:

١- پیشان دان و دەرخستنی هۆکارەکانی پشت هەمەچەشنەی ئاین و مەزهەب و ئاینزاکان لە هەرێم دا.

٢-شیکردنەوەی هۆکارەکانی بەرپرس لە دابەش بوونی ئاینزا جیاوازەکان لە هەرێم دا.

٣-توێژینەوەکە لەساتەوەختێکدا ئەنجام دراوە کە ناوچەکە بەگشتی و هەرێمەکەمان بە تایبەتی بە گەرمەی قەیرانی ئاینی و سەربازی و ئابوری و ڕامیاری... دا تێدەپەڕێت.واتە ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە پێویستییەکی هەنوکەیی بوو.

٤- پێدانی بەرچاو ڕوونی بە لایەنی بەرپرس بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم دۆخە نوێییە، بۆ چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نەیاران.

٥- هاندانی حکومەتی هەرێم بۆ وەبەرهێنانی پاراستنی نزیکەی دوو ملیۆن دەربەدەری عێراقی و ئاوارەی وولآتی تر لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ، لە خزمەتی دۆزی نەتەوەکەمان و دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١-دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکانی ئێستا و بارودۆخی کەمایەتییە ئایینەکانی هەرێم.

٢- وێناکردنی ئایندەی پێکەوە ژیان لە ناوچەکە لە نێوان کەمایەتییە ئاینەکانی تر دا.

٣- هاندانی حکومەتی هەرێم بۆ پیادەکردنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە نوێییە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژووی بەکارهاتوە لە گێڕانەوەی ڕاستییە مێژووییەکانی هەرێم و ناوچەکە، میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە لە هەڵسەنگان و بەراوردکردنی ژمارە و ڕێژەی ئاینزاکانی تر لە نێوان سەرژمێر و ساڵە جیاوازەکاندا.

**گرفتی بەردەم توێژینەوەکە:**

لە ئەنجام دانی ئەم توێژیەوەیەدا چەند گرفتێکمان بۆ دروست بوو لەوانە:

١-ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی لەماوەی ٢٨ ساڵی ڕابووردوو لە هەرێمی کوردستان دا(ناوچە ئازادکراوەکانی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١).

٢- ئەنجام نەدانی سەرژمێری گشتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دا لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابووردوودا، بۆیە لە ئێستادا هیچ زانیارییەکی دروست لەسەر ژمارە و ڕێژەی ئاینزکانی هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و تەنانەت پارێزگاکانی تری عێراقیش هەر بوونی نییە.

٣-ئەنجام نەدانی ڕووپێویی وورد لە چ لە لایەن حکومەتی هەرێم و چ لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵ سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی دەستی دەوڵەتی خەلافە و چ دەربەدەر بوونی ئاینزاکانی تر، بۆ هەرێم و ئاوارەبوونی ئەوانی تریان بۆ دەرەوەی وولأت.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە دابەشی سێ بەش و چەند باسێك کراون کە بریتین لە: لە بەشی یەکەمدا: لە ئاین و ئاینزاکانی هەرێم دواوین،ئەم بەشەمان دابەشی سێ باسکردووە کە بریتین لە: لە باسی یەکەمدا ناوچەی لێکۆڵینەوەمان ناساندوە، لە باسی دووەمدا : ئاماژەمان بە ئاین و ئاینزاکانی هەرێم کردووە، لە باسی سێیەم دا باسمان لە دابەش بوونی ئاینزاکانی هەرێم کردووە، هەروەها لە بەشی دووەم دا باسمان لە هۆکارەی پشت دابەش بوونی جوگرافیای ئاینزاکانی هەرێم کردووەم ،ئەم بەشەمان دابەشی چوار باس کردوە: لە باسی یەکەمدا باسمان لە فاکتەرە جوگرافییەکانی دابەش بوونی ئاینزاکانی هەرێم کردوە، لە باسی دووەم د باسمان لە فاکتەری مێژووی کردوە، لە باسی سێیەم دا باسمان لە فاکتەری ئاینی کردووە، لە باسی چوارەمیشدا باسمان لە فاکتەرە کانی ڕامیاری و کۆچ کردووە، لە بەشی سێیەم دا باسمان لە ڕۆڵی ئاین کردووە لە پێکەوە ژیانی ئاشتی لە دەوڵەت دا، ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس کردووە کە بریتین لە: باسی یەکەم دا باسمان لە ئاین کردووە لە جوگرافیای ڕامیاری دا، لە باسی دووەمدا باسمان لە ڕۆڵی ئاینزاکان کردووە لە کێشەکانی هەرێم و ناوچەکە کردوە، لەباسی سێیەم دا باسمان لە ئایندەی ئاینزاکانی هەرێم کردوە.

**بەشی یەکەم: ئاین و ئاینزاکانی هەرێمی کوردستان**

لەم بەشەدا ناوچەی لێكۆڵینەوە دەناسێنین و هەروەها تیشك دەخەینە سەر ئاین و ئاینزاكانی هەرێم و لە دابەش بوونی جوگرافییان دەدوێین بۆ ئەم مەبەستەش ئەم بەشەمان دابەشی سێ باس كردووە كە بریتین لە:

**باسی یەكەم: ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوە:**

مەبەستمان لە ناوچەی لێكۆڵینەوە، چوارچێوی هەرێمی كوردستانە بە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم-یشەوە، كەواتە هەرێمی كوردستان بریتیە لە و خاكەی كە گەلی كوردستانی لەسەر دەژی بە جیاوازی ئیتن و ئاین و ئاینزاكانیشیەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ بە بڕیاری كۆمەڵەی گەلان لكێندرا بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە. لە چوار[*]پارێزگا و چەند قەزایەك پێك دێت كە بریتین لە پارێزگاكانی(كەركوك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك) و قەزاكانی (بەدرە(پارێزگای واست)،مەندەلی و خانەقین(پارێزگای دیالە)، شێخان و قەرەقوش و تەلكێف و تەلەعفەر و شەنگار(پارێزگای نەینەوا))سەرجەمیرووبەریهەرێمی كوردستان(٨٣٨٢٧) كیلۆمەترچوارگۆشەیە،دەكەوێتەنێوانهێڵەكانیدرێژی(٣٨' ٤١° - ٣٦' ٤٦°)خۆرهەڵات وبازنەكانی پانی (٦٦٣٢' °- ٣٦' ٣٧°) باكوور، (١٩,٨٣٪)ی سەرجەمی ڕووبەری عێراق پێكدەهێنێت[1]. دەكەوێتە باكوری كۆماری عێراقی فیدڕاڵەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

**باسی دووەم: ئاین و ئاینزاكانی هەرێم:**

زیاتر لەهەزار ساڵ پێش پەیدابوونی مەسیحیەت، دانیشتونی كورد زمان و كەلتور و توخمەكانی پەرەسەندنی هندۆ-ئەوروپایی یەكانیان لەخۆگرت، لە ئاكامدا نەریتە ئاینییە ئاریایی یەكان تێكهەڵكێشی بیروباوەڕە ڕەسەنەكانی كورد بوون، ئاینەكانی زەردەشتی، جولەكە، مانییانی(Manichaeism) و مەسیحیەت یەك لە دوای یەك كشانە سەر كوردستان و دواتریش ئاینی ئیسلام پەیدابوو[2].

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو ئاینانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەبوون، یان هەن، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر ئاماژە كردن بە ئاین و بیروباوەڕە ئاینە جۆراوجۆرەكانی هەرێمی كوردستان، زارەوەی ئاین دەناسێنین:

ئاین:بیروباوەڕێكە بۆ چۆنیەتی هەڵسوكەوت كردنی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتری. بەگشتی، فەیلەسوفانی ئایین و تیۆلۆژیستەكان، سێ لایەنی سەرەكی لەبەر چاوە دەگرن كە جەوهەری ئایین پێكدەهێنن، ئەم سێ لایەنە خۆیان لە سێ پەیوەندییدا دەبیننەوە( خوا- مرۆڤ، مرۆڤ- كۆمەڵ- خود)[3].

**نەخشەی ژمارە (١)**

[*]– سەرۆكایەتی هەرێم یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەی لە هەریمی كوردستان دەركرد و لە وەقائعی كوردستان بلاْوكرایەوە، سەرۆكایەتی هەرێم، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی كوردستان- عێراق، وەقائعی كوردستان، ژمارە(١٨٣)لە ٢٤/ ٢/ ٢٠١٥دا.ل١–٣.

[1] - ئەحمەدڕەفیقكەریم،ناوچەدابڕاوەكانیهەرێمیكوردستانلێكۆڵینەوەیەكلەجوگرافیایڕامیاریدا،چاپییەكەم،سەنتەریلێكۆڵینەوەیستراتیجیكوردستان، ٢٠١٤،ل٥٣-٥٤.

[2] - میهرداد ئیزەدی، ئاین و تایفە ئاینی یەكانی لە كوردستاندا، و. كامەران فەهمی، چاپی یەكەم، بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری،٢٠٠٢، ل٧-٨.

[3] -موسڵح عەبدولقەهار ئیروانی،ئاین و ناسیۆنالیزم:ڕۆڵ و كاریگەری و پەیوەندی نێوانیان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی كوردستاندا، نامەیەكە پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی ئاداب- زانكۆی سەلاحەدین كراوە، ٢٠٠٢، ل١٤.

نەخشەی هەرێمی كوردستانی عێراق




سەرچاوە:- ئەحمەدرەفیقكەریم،ناوچەدابڕاوەكانیهەرێمیكوردستانلێكۆڵینەوەیەكلەجوگرافیایرامیاریدا،سەرچاوەی پێشوو،ل٥٥،بە سوود وەرگرتن لە :خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی كوردستان عێراق ، بەرێوەبەرێتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەكان، هەولێر، ٢٠٠٦. بە بێ ژمارەی ل.

بەهۆی جۆراوجۆری ئاینەکان لە ڕووی ناوەڕۆك و بوون یان نەبوونی دروستکەر و ڕۆژی دوایی و ڕێبەر و سروت و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان... ناتوانین پێناسەیەکی گشت گیر بۆ ئاین بکەین ، بەلاَم دەتوانین بلێین کە ئاین بریتیە: لە ڕێبەرێك بۆ ڕێنمایی کردنی تاك بەو ئاڕاستەیەی کە لە ناوەڕۆکی ئاینەکەدا هاتوە، مەبەستی سەرەکی هەموو ئاینەکانیش هەنگاونانی تاکە بەرەو چاکە کردن و دورکەوتنەوە لە خراپەکردن چ لەگەڵ خودی تاك بێت یان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر(مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەر)،دەشێت بەهۆی ئەم ڕێبەرەوە میکانیزمی پەیوەندی روحی نێوان تاك و دروستکەر(خودا یان خوداکان) دیاری بکات، دەشێت ئەمەش ڕوو نەدات، لەهەندێك کاتدا بەهۆی پەیامبەرەوە ئاڕاستەی خەڵك و بارەڕداران کراوە، لە هەندێك لە ئاینەکانیشدا زیندوو بوونەوە هەیە و هەموو کەسێك بە پێی باوەڕ و هەڵسوکەوتی پاداشت یان سزا وەردەگرێت. هەندێك ئاینیش لە چەند لق یان ڕێباز یان ڕێچکە پێکهاتوە

ئاینزا: هە کەسێکە خۆی بە شوێنکەوتەی ئاینێك بزانێت، کەم تا زۆر پەیوەست(باوەڕدار) بێت بە ناوەڕۆکی ڕێبەرە ئاینیەکەوە.لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ئاین و ئاینزا هەن کەبریتین لە:

١-موسوڵمان: موسڵمان بە کەسێك دەوترێت کە پەیوەست بێت بە ئاینی ئیسلام (قورئان)و شوێن

کەوتەی محمد کوری عبدالله(د.خ)، بە هەردوو مەزهەبی سەرەکیەکەی (سونە و شیعە)[*] .

٢-مەسیحی(سریانی)[**] : مەسیحیەکان ئەو کەسانەن کە پەیوەستن بە ئاینی مەسیحی(ئینجیل)[***] و شوێن کەوتەی عیسای کوری مەریەم-ن(د.خ)[****] .

---

[*] - مەزهەبی شیعە دابەش دەبێت بۆ(جەعفەری و ئیسماعیلی و زەیدی و ئەبازی)، مەزهەبی سونی دابەش دەبێت بۆ (حەنەفی و مالکی و شافعی و حەنبەلی)بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاینی ئیسلام تکایە بڕوانە:ویكيبدي، دين(معتقد)(دين_(معتقد/https://ar.wikipedia.org/wiki) (٢٠حوزيران٢٠١٥).

[**] – ئەمانەبریتینلەسریانیکلدانیوسریانیئاسوری،سەرجەمیانبەیەکێکلەزمانیسریانیئەدوێنکەلەبنەڕەتدالەزمانیئارامیکۆنەوەوەرگیراوە،دابەشدەبنبۆدووبەش: یەکەمیانسەرجەمئەونیشتەجێبوانەدەگرێتەوەکەلەسەردەمانێکیکۆنەوەلەمناوچەیەداجێگیربونکەپێکدێنلەکلدانیونەستورییەکگرتوویەعقوبی(السريان).هەرچی گروپیدووەمەسەرجەمئەوکۆمەلاَنەدەگرێتەوەکەلەدوایجەنگیجیهانییەکەمەوهاتونکەبریتینلەئاسوری(نەستوری)،ئەرمەن.. ئەمانەدووبەشن: -
یەکەم: نیشتەجێبووەکان: ئەوکۆمەڵە خەڵکانەن کە لەسەردەمانێکی زووەوە لەعێراقدانیشتەجێبوون کەبریتین لە(کلد وسریانی و پێشیاندەوترێت(یەعقوبی) شوێنی نیشتەجێبوونیان پارێزگای نەینەوایە(شاری موسل ًوگوند وشارۆچکەکانی نزیك موسڵ، بەگشتی کلدانیەکان لەنزیك گوندەکانی نزیك کەناری دیجلەنیشتەجێبوون کەبریتین لە( قوش وتلاسقف،تلكيف،عقره...).
دووەم::هاتوەکان:ئاشوریەکان بەشێکی سەرەکی ئەوئاوارانە پێکدەهێنن کەهاتون بۆعێراق لەپاش جەنگیجیهانی وپاش ئەوانیش ئەرمەنیەکان کەئەمانە سریانینین...بۆزانیاریزیاتربڕوانە: شاكر خصباك،العراق الشمالي (دراسةلنواحياالطبيعيةوالبشرية)،الطبعةالاول،مطبعةشفيق،بغداد،سنة١٩٧٣ص٢١٩-٢٢٤. بۆزانیاریزیاترلەسەرکلدانیوئاشوریومەزهەبەجیاوازەکانبڕوانە: أ- کرێکارعبدالله،کوردوئاشوری،لەبلاَوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی وڕوناکبیری گەلاوێژ،ساڵی١٩٩٨ل٦٣-٨٩. ب- شاكرخصباك،العراق الشمالي دراسةلنواحياالطبيعيةوالبشرية،مصدرسابق،ص٢١٩-٢٢٩. ت- عبدالرزاقالحسنى،العراق قديماًوحديثاً،مطبعةالعرفان - صيدا،سنة ١٩٥٨، ص٤٥-٤٦.

[***] -وەك لە پێشەکی ئینجیل هاتوە، وشەی ئینجیل لە ووشەی (ئیوانجیلۆ)ی یۆتانی هاتوە بە واتای مزگێنی دێت ئەم ووشەیە تەنها بۆ مزگێنی دان بە هاتنی پادشا بۆ شارێك بەکاردەهات، ئەویش ئەو مزگێنییەی عیسا ڕایگەیاند بە ئینجیل ناوبرا، تەنها یەك ئینجیل هەیە ئەویش ئینجیلی حەزرەتی عیسایە، ئەوەش ئەو مزگێنییە کە عیسا هێنای و ڕایگەیاند، قوتابیەکانیشی دوای هەستانەوەی لە نێوا مردوان بەردەوام بوون لە ڕاگەیاندنی. عیسا خۆی ئینجیلی نەنوسیوە، بەلاَم فێرکردنەکانی بە شێوەیەك بەقوتابیەکان دا کە ئاسان بێ بۆ بیرهاتنەوە و فێرکردنی خەڵکی تر، ئینجیلی پیرۆز لە ٢٧ نوسراو پێك هاتوەو بە کۆی هەموویان دەوترێ(پەیمانی نوێ)، ئەمەش بەشی دووەمە لە کتێبی پیرۆز، بەشی یەکەم لە تەواراتی حەزرەتی موسا و زەبوری حەزرەتی داودو نوسراوی پێغەمبەران پێك هاتووە، بە کۆی ئەمانیش دەوترێ(پەیمانی کۆن)، هەروەها پەیمانی کۆن بەو پەیمانەش دەوترێ کە خودا لەگەڵ گەلی ئیسرائیلی بەشت لە ڕێگای موساوە(٢کۆرنسۆس١٤: ٣، عیبرانیەکان ٨:١٣)بەهان شێوە بەو پەیمانەی کە خودا لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی بەستنی بە خوێنی عیسا، دەوترێت پەیمانی نوێ(لۆقا ٢٢:٢٠)،ئەمەش هێنانەدی ئو بەڵێنانەی خودایە کە بەهۆی پێغەمبەرەکانی ڕاگەیاندبوو(عیبرانیەکان ٦: ٨-١٢).( international bible society)، ئینجیلی پیرۆز،چاپی دووەم، ١٩٩٩، بە بێ ژ. ل.کتێبی ڕۆمانی کاسۆلیکییەکان لە (ڕیمز)لەساڵی (١٨٥٢ز) چاپکراوە لە لاتینیەوە و سەر لە نوێ لە

**٣-جولەکە[*****] : پەیڕەوکەرانی ئاینی جولەکەن(تەوارت)و شوێنکەوتەی پێغەمبەر موسا-ن(د.خ).**

**٤-(یارسانیزم[*] )ئەهلی حەق:**

**ئەهلی هەقیش کۆمەڵێکی تری(ئیتنۆ- ئاینی)ن هەر لە نێو قەوارەی ئیتنۆسی(نەتەوە)ی کوردیدا و لە نشیمەکانی خۆیاندا دوورە پەرێز دەژین، خاوەنی باوەڕێکی ئاینی و گەلێ مۆرك و نەریتی تایبەتی خۆیانن، ناوی ڕاستەقینەیان ئەهلی هەقە، و ئەم ناوەیان لا پیرۆزە[**] بەلاَم بە شێکیشیان لە کوردستانی عێراقدا. (کاکەیی)[***]یان پێ دەڵین، لە لایەن پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانیشەوە زێتر بەناوی"عەلی ئیلاهی"ناسراون[٤].**

---

ساڵی (١٦٠٩) لە (DUOAY)چاپکراوەتەوە ،سەرەڕای کۆنێتی ئەم دەقانە بەلاَم پرۆتستانتەکان ئەم دەقانە ڕەت ئەکەنەوە و قبوڵی ناکەن لەبەر ئەوەی حەوت کتێبی زیادەی تێدایە کەناوی ئەنێن ئەپوکریفا(APOCRYP)واتە ئەو کتێبانەی کە گومان هەیە لە ڕاستیان، پاشتر کتێبی پیرۆز چەندین جاری تر بەمەبەستی دەستکاری و بژارکردن تا ئێستا دەستکاری کراوە وچاپ کراوەتەوە... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لەسەر ژمارەی چاپەکان و دەستکاریەکان ، تکایە بڕوانە: محەمەد حەسەن مامە، نهێنیەکانی کتێبی پیرۆز، چاپی یەکەم، چاپخانەی چورچرا،٢٠١٠،ل٨-١٠

[****] - مەسیحییەکانیش دابەش دەبن بۆ چەند لقێك لەوانە: کاثۆلیکی و پرۆتستانت و ئەرسەدۆکس ... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاینی مەسیحی تکایە بڕوانە: ویکیبدی،دین(معتقد)( دين_(معتقد/https://ar.wikipedia.org/wiki).سەرچاوەی پێشوو.

[*****] - مێژووی جولەکایەتی لە کوردستان مێژویەکی کۆنە بە پێی تەلمود٣٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر پاشای ئاشوریەکان شەلمانسەری سێیەم(٨٥٨-٨٢٤پ.ز) جولەکە ڕاگوێزراوەکانی لە کوردستاندا نیشتەجێ کرد بە پێی تەلمورد ڕێ بە مەرجەعە دینی یەکانی جولەکە درا جولەکایەتی لە نێو کوردە خوماڵیەکاندا بلاَوبکەنەوە، ئەوانیش لەم کارەیان سەرکەوتنی چاکیان بە دەستهێنا، لە ئەنجام دا خانەدانی فەرمانڕەوایانی کوردی ئادیابین کە پایتەخەی هەولێر بوو، لەسەدەی یەکەمی پێش زایندا خۆی و ژمارەیەکی زۆر هاولاَتیانی کوردی شانشینکە چونە سەر ئاینی جولەکە.هەموان لەسەر ئەوە کۆکن لە گەڵ دەستپێکی سەدەی دوی زاینی دا جولەکایەتی ڕەگی خۆی لە کوردستانی ناوەڕاستدا ساقامگیر کردبوو، ئازادی ڕێژەیی ئافرەتی جولەکەی کوردستان بوە مایەی ئەوەی کە بۆ یەکەم جار ژنێك ببێت بە حاخام(RABBI)وەك حاخام ئەسیناس بارزانی کچی ساموئێل بارزانی(کۆچکردوی دەوروبەری ساڵی١٦٣٠)،لەو زیارەتگایانەی جولەکە کەئەمڕۆ هەموو جولەکە ڕێزیان لێدەنێنن هەندێکی لە کوردستانە لەوانە زیارەتگاکانی ئەو پێغەمبەرانەی ناویان لەتەواراتدا هاتوە وەك ناحوم لەئەلکیشن یونس ئەلنەبی یونس(نەینەوای کۆن)دانیال لەکەرکوك... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جولەکەکانی کوردستان تکایە بڕوانە:میهردادئیزەدی، ئاین وتایفەئاینییەکان لەکوردستاندا، سەرچاوەیپێشوو،ل٨٨. ئاینی جولەکە دابەش دەبێت بۆ دوو ڕێچکە ئەوانیش بریتین لە سەدوق و فەریسی بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئاینی جولەکە تکایە بڕوانە: کرێکار عبداللە، کورد و ئاشوری،سەرچاوەی پێشوو. ل٨١.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مێژوو و سەرهەڵدانی ئاینی جولەکە و چۆنیەتی باسکردنیان لەقورئاندا ، تکایە بڕوانە،صفوت الشواد،اليهود نشأه وتاريخا،دارتقوى للنشر،١٤٢٠ھ،ص٤-٥٩.

[*] - پەیڕەوانی یارسانیزم بەچەند ناوێك ناسراون وەك یارسان، عەلی ئیلاهی(واتە ئەوانەی عەلی بەخودا دادەنێن)، عەلی حەق، ئەهلی حەق(واتە پەیڕەوکەرانی گیانی شکۆمەند)، شەیتان پەرست، نوسەیری(نەسرانییەکان یاخود مەسیحیەکان), هی تر، ئەمانە لە کوردستانی باشوردا ، هەم لە عێراق و هەم لە ئێراندا هەن وناوچەکانی دەسەلاَتیان هاوجوتە لەگەڵ ناوچەی گۆران ،ئەم بیروباوەڕە بەسەر دوو یان سێ تایفەدا دابەش بوە:ئەهلی حەق، عەلەوی ، ئێزدییاتی) : أ- میهرداد ئیزەدی، ئاین و تایفە ئاینی یەکان لە کوردستان دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤-٧٦.ب- ئەیوب ڕۆستەم، یارسان، چاپی یەکەم،لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان،٢٠٠٦،ل١٤-٤١.

[**] - ئەهلی حەق کە زۆربەی جار دەخرێتە پاڵ شیعە موسڵمانەکانەوە، ئەگەر چی خودی خۆیان پەیڕەوی لە بیروباوەڕە ئاینی یەکانی نور عەلی ئیلاهی(کە یەکێکە لە بەرجەستەکارەکان و لەساڵی ١٩٧٤د کۆچی دوایی کردوە) و باوکی، نیعمەتوڵلاّ جەیحون ئابادی، دەکەن. نور عەلی ئیلاهی دانەری کتێبی بورهانە کەلای تایفەکە کتێبێکی پیرۆزە وەك کتێبێکی ئاینی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ، ئەگەر چی ئەهلی حەق بە ڕوکەش زۆر بەتەنگ ئەوەن کە خۆیان ، لانی کەم وەك شیعە موسڵمانەکان پیشان بدەن،بەلاَم سوکە پێداچونەوەیەك بە کتێبی بورهان و وردبونەوە لە نوسینەکانی نور عەلی ئیلاهی و باوکی، هەموو شك و گومانێك لەسەر ئەوە دەڕەوێتەوە کەئەم پروپاگەندەی ئەهلی هەق تەنها بۆ خۆپاراستنە لە توڕەیی و هەڵچونی دراوسێ موسڵمانیان.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەهلی حەق تکایە بڕوانە: میهردادئیزەدی،ئاینوتایفەئاینییەکانیلەکوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٤-٥٣.

[***] - وشەی کاکەیی لە وشەی(کاك)ی کوردیەوە وەرگیراوە، بەواتای برا دێت، کاکەییەکان هەندێك شتیان لە ئاینی ئیسلام وەرگرتووە جەژنەکانیان بریتین لە چەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و جەژنی نەورۆز، ڕۆژی هەینی و دوشەممە لایان پیرۆزە، سمێڵیان کورت ناکەنەوە... چینایەتی لە ئاینیاندا هەیە و(پیر) سەرۆکی دینی بەرزە و ئەوانەی کە لە سێ چین پێکهاتوون کە بریتین لە ڕێنموونی کار ئاینی ومام(بابا )و ئومی... بۆ زانیاری زیاتر لە سەرناسنامە و ئاین و پەیوەندییان لەگەڵ ئاینەکانی ترو چینایەتی لە ئاینەکەیاندا براوانە: أ- خصباك، شاكر، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبيعية والبشرية، مصدر سابق.ص١٨٧-١٨٩.ب- باسيلي نيكيتين، الأكراد، دراسة سوسيولوجية و تأريخية،م. نوري طالباني، الطبعة الثانية، دار الساقي، سنة٢٠٠١، ص٣٢٤.نقله عن محمد مكري (باللغة الفرنسية ساهمة علمية في الدراسات الايرانية، باريس، سنة١٩٧٠، ص٣٧٢-٣٧٥.

[٤]-ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەییی لە کوردستاندا، بە بێ شوێنی چاپ، ستۆکهۆلم، ١٩٩٣، ل١٥٧.ب- سي.جي. ادموندز، كرد وترك وعرب، ت. جرجيس فتح الله، الطبعةالثانية،مطبعةوزارةالتربية-اربيل،سنة١٩٩٩. ص١٦٨.

ئەهلی هەق مەزهەبێکی کوردی ڕەسەنە لە کوردستاندا سەری هەڵداوە و شوێنە پیرۆزیەکانیشیان هەر دەکەوێتە کوردستانەوە و زۆربەی تێکستە دینیەکانیشیان هەر بەزمانی کوردییە بە(گۆرانی)، پەیڕەو کەرانی ئەم مەزهەبە کە کورد نین ژمارەیان زۆر کەمە[٥].

هەندێك کەس پێی وایە کە سارلیەکانیش هەر کاکەین و شوێن کەوتەی ئاینی کۆنی(دیویسیا)ن، سارلیەکان ناوێکی نوێیە و موسلاَویەکان لێیان ناون، ئەویش لە وشەی بەهەشت بۆ من(صارت لي الجنة) وەرگیراوە و چوونە سەرئاینی کاکەیی و بە تێپەربوونی کات گۆڕا بە(صارلي)[٦].

٥-ئێزیدی[*]: هەروەها لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ سەبارەت بە ئێزیدیەکان دەڵێن:"ئێزیدیەکان بەزمانی کوردی قسە دەکەن، بەزمانی کوردیش نوێژ دەکەن و ژمارەیەکی کەم لە کتێبە پیرۆزەکانیان بەزمانی عەرەبی نوسراوە، شێخیش بە کوردی مەراسیمەکان جێبەجێ دەکات و بە کوردیش بانگ دەدەن و پێیان وایە خواش بە کوردی قسە دەکات"[٧]

٦- زەردەشتی: زەردەشتی پەیڕەوکەرانی ئاینی ڕەسەنی کوردن(ئاڤێستا) و شوێن کەوتەی پەیامبەر زەردەشتن[**].

شەبەك[***]: دەورو بەری کاریگەرییان لە سەری هەبووبێت، هەندێکیان لە ڕێی تەکیەو ڕێگای سۆفیەتیەوە چووبێتنە ناو ئاینەکەوە، وەك شیعەکان لە عاشورا دا جل و بەرگی ڕەش لە بەر دەکەن و سەردانی

---

[٥]- (المترجم)، باسيلي نيكيتين، الاكراد، دراسة سوسيولوجيةو تأريخية، مصدر سابق، ص ٣٢١,

[٦]- متين، شبك- شاه بەگ، مطبعة روناكبري سنة ٢٠٠١، ص٩.

[*]-یەپڕەوانی ئاینی ئێزدیاتی خۆیان بەچەند ناوێك دەناسێنن: ئێزدی، یەزدانی، ئێزادی و داسناتی، بێگانەکانیش زۆر جار بۆ سوکایەتی پێ کردنیان ناویان ناون شەیتان پەرست.ئێزدیاتی وەك لقێکی تایفە یەزدانییەکان ڕێزێکی تایبەت لە فریشتە دەگرێ، ناوی ئێزدی دەچێتەوە سەر زاراوە ئێرانە یەکەی چەرخە کۆن و ناوەڕاستەکانی((یازانە) یان (یازاتە)واتە(فریشتە))،لەو فریشتانە کە بە شێوەی مەلەك تاووس ناوی دەهێنن، شەیتان دوور لەوەی کە کەڵەگای تاریکی و خراپەیە، هەمان سروشتی فریشتە گەورەکانی دیکەی هەیە، ئەگەر چی دەسەلاَت و هێزێکی زۆتری بەسەر کاروباری ماددی دنیاوە هەیە، لە ڕاستیشدا مەلەك تاوس ئافەرێنەری جیهانە و بۆێ ئەنجام دانی ئەم کارە پارچە شکاوەکانی هێلکەی گەردوون یان مرواری یەکی گیانداری بەکارهێناو،ئەمە هانمان دەدات وا بیر بکەینەوە کە شەیتان لای ئێزیدییەکان لە بیرۆکەی پەیدابونی گەردوند جێی خاوەندگار دەگرێتەوە، هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدییەکان((جلێو))و((مەسحەف))دروستی ئەم بۆچونە دەسەلمێنن، جلێوە یاخود سروشت(ئیلهام)کتێبێکی بچوکی پێنج هەزار ووشەیە بەزمانی عەرەبی دەڵێن گوایە شێخ ئادی دیاناوە، مەسحەفا ڕەش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ و بە کوردی نوسراوە لە لایەن شێخ حەسەنی کوری شێخ ئادی، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئێزدییات تکایە بڕوانە: میهردادئیزەدی،ئاینوتایفەئاینییەکانیلەکوردستاندا،سەرچاوەیپێشوو،ل٦٥-٧٦.

[٧]- لجنةعصبةالامم،تقريرحولالحدودالعراقية - التركية،مطبعةالحكومة- بغداد،سنة ١٩٢٤.ص٥٨.

[**]– بیروبۆچونی جیاواز هەیە لەسەر سەرهەڵدانی زەردەشت، هەندێك لایان وایە لە ناوچەی ورمی و هەندێکی تر دەڵێن لە گوساڵە و هەندێکی تریش دەڵێن لە ئێرانیچ هەندێکیش پێی وایە لە هەورامان هاتۆ دنیاوە, بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەرهەڵدان و کورد بوونی زەردەشت تکایە بڕوانە:أ- جەلیل عەباسی- ج. قەقنەس، ئاڤێستا لە مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر-٢٠٠٣، ل٩. ب- هاشم رضی، زەردەشت و ئامۆژگارییە-کانی ،و. م. گۆمەیی، چاپی دووەم، ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی،٢٠٠٠،ل٥-١٢٨.خاڵی هاوبەش و لێك نزیکی هەیە لەنێوان ئاینی زەردەشتی و ڕێچکەی یارسانەکان، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، تکایە بڕوانە : ئەیوب ڕۆستەم ، یارسان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢-٤٣.

[***]- پێ دەچێت ناوی شەبەك لە وشەی(شوانکارە)وەرگیرابێت، شوانکارە هۆزێکی کوردیە:متین، الشبك - الشاه بگ، مصدر سابق، ص٦. وەرگیراوە لە: دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث عشر، ص١٥٥. شەبەکەکانیش کە لە باشور و باشوری ڕۆژهەلاَتی شاری موسڵ لە تەنیش باجەلان و یارسانەکانەوە دەژین، چەشنە ئاینێکی عەلەوی دیملی یان تێدا بە دی دەکرێت ، عەلەویەکان واتە(لایەنگری عەلی) وئالیڤی(ALEVIS) (گەلی ئاگر کە بەناوەڕۆك بەمانای ئاگر پەرست دێ یاخود زەردەشتی چونکە "ALEV" بەمانای ئاگر دێ)، عەلەویەکان پێیان وایە عەلی گرنگترین بەرجەستەکاری روحو گەردونە لە چەرخی دووەمی ژیانی گەردوودن، دیارە ئەمەش زێدەڕۆییە لە خۆشەویستنی ئەم یەکەم ئیمامەی شیعەی موسڵمانەکان، ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ، ڕێك وەك مەسەلەی ناونانی یارسان، بێگانەکا ناویان بنێن عەلی ئیلاهی، مەسەلەی جێی سەرنج ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی یارسانەکان باوەڕیان پێیەتی، عەلی لای عەلەوییەکان کەسایتییەکی دوو لایەنەی هەیە، یارسانەکان ئیمام عەلی و پێغەمبەر موحەممەد پێکەوە گرێدەدەن و عەلی موحەممەد یان لێ پێك دێن و بەیەك جەستە کاریان لەقەڵەم دەدەن، سەرەڕای گرنگی عەلی لەم ئاینەدا و سەرەڕای ناوە هاوچەرخە گشتییەکەی، عەلەوی وەك ئاینێکی نا ئیسلامی وەك باقی لقەکانی تایفەکە بە

**شوێنە پیرۆزەکان دەکەن لە نەجەف و کەربەلا و سامراء، خۆیان بەساقەی ئیمامی عەلی و پێشەواکانی تر(ایمان)دەکەن و لێیا ئەپاڕێنەوە. ئەمەش ئەوەیەکە لە جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەودەکرێت، بەلاّم تێکەلاّو کردنیك لە نێوان ئەمان و قزلّباشی و بەکتاشی و سارلی و ئەهلی هەق هەیە لەلایەن توێژەرەوان... خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین چ لە سەرژمێریەکانی دەوڵەتی عێراق دا بێت یان لە قەبلاّندنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی یان حاکمی ڕامیاری بەریتانیا ئاماژە بە بوونی چەند ئاینزایەك کراوە لە وویلایەتی موسڵدا بڕوانە خشتەی ژمارە(١)**

**خشتەی ژمارە(١)**

**سەرژمێر و قەبلاّندنی ژمارە و ڕێژەی هەندێك لە ئاینزاکانی موسڵ لە نێوان سالاّنی ١٩٢١-١٩٢٤ بە پێی دەوڵەتی عێرقی و تورکی و حکامی ڕامیاری بەریتانیا**

| الروزنامة الرسيمة لولاية الموصل | احصائات النفوس التركية المرفوعة في لوزان | | التخمينات التي اجريت من قبل الحكام السياسين البريطانين١٩١٩ | التخمينات التي اجريت م قبل الحكام السياسين البريطانين في ١٩٢١ | | الاحصائات الاخيرة التي اجرته الحكومة العراقية في سنة ١٩٢٢-١٩٢٤ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | العدد | (٪) | | العدد | (٪) | العدد | (٪) |
| **الاكراد** | ٢٦٣٨٣٠ | | | ٤٢٤٧٢٠ | | ٤٩٤٠٠٧ | |
| **العرب** | ٤٣٢١٠ | | | ١٨٥٧٦٣ | | ١٦٦٩٤١ | |
| **الترك** | ١٤٦٩٦٠ | | | ٦٥٨٩٥ | | ٣٨٦٥٢ | |
| **المسيحيون** | ٣١٠٠٠ | ٢.٦٧ | | ٦٢٢٢٥ | ٨,٢ | ٦١٣٣٦ | ٧,٦٧ |
| **اليهود** | - | | | ١٦٨٦٥ | ٢.٢٢ | ١١٨٩٧ | ١,٤٨ |
| **اليزيديون** | | | | ٣٠٠٠٠ | ٣,٩٥ | ٢٦٢٥٧ | ٢,٢٨ |
| مجموع العدد السكنه | ٥٠٣٠٠٠ | | | ٠٠٠ | | ٠٠٠ | |
| العشائر الرحل | ١٧٠٠٠٠ | | | ٠٠٠ | | ٠٠٠ | |
| المجموع | ١١٥٨٠٠٠ | | | ٧٥٨٤٦٨ | | ٧٩٩٠٩٠ | |

**سەرچاوە:لجنةعصبةالامم،تقريرحولالحدودالعراقية - التركية،مصدر سابق.ص٣٣.**

**ئەگەر سەیری ئاماری نفوسی تورکی بکەین دەبینین مەسیحی و جولەکە(٢,٦٧٪)ی سەرجەمی ویلایەتەکەی پێکهێناوە، بەلاّم قەبلاّندنی فەرمانڕەوا سیاسیەکای بەریتانیا لە سالّی ١٩٢١ دا ڕێژەکە بەم جۆرەیە: مەسیحی(٨,٢٪)، جولەکە(٢,٢٢٪)،ئێزیدی(٣,٩٥٪)، سەرجەمیشان دەکاتە(١٤,٣٧) سەرجەمی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ، بەلاّم بەپێ سەرژمێری حکومەتی عێرق کە لە نێوان سالاّنی ١٩٢٢-١٩٢٤ ئەنجامی داوە ڕێژەکان بەم جۆرەن(٧,٦٧٪)مەسیحی، جولەکە(١,٤٨٪)و ئێزیدی(٢,٢٨٪)، سەرجەمیان دەکاتە(١١,٤٣)دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ.**

---

بەشێکی تایفەی یەزدانی دەمێنێتەوە، چونکە بیرو ئەندێشە عەلەویەکان لەگەڵ پەیام و گیانی قورئاندا، وەك هەر ئاینێکی ناسامی سەربەخۆ، ڕێکناکەوێ، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر عەلەویەکان، تکایە بڕوانە: میهردادئیزەدی،ئاینوتایفەئاینییەکانیلەکوردستاندا،سەرچاوەیپێشوو،ل٥٥-٦٣.

**باسی سێیەم: دابەش بووی جوگرافی ئاینزاکان لە هەرێم دا:**

بەگشتی ئاینزاکانی هەرێم لە هەموو پارێزگاکان بوونیان هەیە، بەلاَم دابەش بوون و بلاَو بوونەوەیان لە ناوچەیەك تا ناوچەیەكی تر جیاوازە لە خوارەوە لە شوێنی جوگرافییان دەدوێین:

١-موسڵمان: پەیڕەو کەرانی ئاینی ئیسلام لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بلاَون و بەشی سەرەکی لە ئاینزاکانی هەرێم پێکدەهێنن .

٢-مەسیحی: مەسیحیەکان بەگشتی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم دا هەن، لە ڕووی بلاَووبنەوەوە بە پلەی سێیەم دێن. بەڵام زیاتر لە پارێزگای هەولێر و قەزا کوردیەکانی پارێزگای نەینەوا بلاَووبونەتەوە.

٣-جولەکە: تا ساڵی ١٩٤٨دا جولەکە لە هەرێمی کوردستان هەبوون،لاَم پاش ئەو بەرواره و دروست کردنی دەوڵەتی جولە ، زۆرینەی جولەکەکانی هەرێم کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل.

٤-ئێزیدی: لە هەموو قەزاکانی کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا هەن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دا، بەلاَم بە چری لە قەزای شەنگار بوونیان هەیە. لە ڕووی ڕیزبەندی ڕێژەی ئاینزاکانی هەرێم لە پلەی دووەم دا.

٥-زەردەشتی: زەردەشتییەکان وەك ئاینزاکانی تر هیچ یەکەیەکی کارگێڕی نیە کە تیایدا بلاَو بووبێتنەوە یان زۆرینە پێك بهێنن، بەلاَم لە ئێستاد خەڵکانێکی زۆر کەم هەن کە خۆیان بە ئاینی زەردەشتییەوە گرێ داوە.

٦-شەبەك: - لە قەزای سنجاردا لە دێهاتی(عەلی ڕەش، یەکیجە، خەزنە، تاللار...)نیشتەجێن[٨].

٧- ئەهلی حەق: ئەهلی حەقیش بە گشتی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بلاَووبوونەتەوە، بە تایبەتی لە دەورو بەری شاری موسڵ، بە تایبەت لە گوندەکانی(زەنگل وەردەك، تل لبن، مجیدیە و کزکان، بساتیلە)[٩]،

دەسەلاَت دارێتی عوسمانی ئەم ئاینزا جیاوازانەی دابەش کرد بە دەوری شاری موسڵدا، بەم جۆرە: شەبەك لە ڕووباری خەوسەر بۆ ڕوباری خازر، گواستزانەوە لە ڕووباری خازەر لە ڕووی چیای مەقلوب بەرەو زێی گەورە و سارلییەکان لە خۆرهەلاَتی شەبەك بۆ باشووری گواستزانەوە، بەمەبەستی دروست کردنی بەربەستێکی مرۆیی لە بەردەم هێرشی دەوڵەتی فارسی.[١٠]بۆ زانینی دابەش بوونی ئاینزاکانی هەرێم لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٥٧دا تکایە بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

[٨]– محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستانلەزۆرقەدیمەوەتائەمڕۆ،بەرگیدووەم،بەبێناویچاپخانە،سلێمانی،ساڵی٢٠٠٠،ل٢٧.

[٩]- متین، الشبك - الشاە بگ، مصدر سابق، ص٨.

[١٠]- المصدر نفسه، ص٥.

## خشتەی ژمارە(٢)

### ڕێژە و ژمارەی ئاینزکانی هەرێمی کوردستان بە پێی یەکە کارگێڕییەکانی ساڵی ١٩٥٧

| لیوا یان قەزا | موسڵمان | | مەسیحی | | ئێزیدی | | ئەوانی تر | | نادیار | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی[١١] | ٣٠٢٨٢٥ | ٩٩,٣ | ١٩٢٥ | ٠,٧ | ٢٣ | ٠,٠٠ | ٢٨ | ٠,٠٠ | ٢٣ | ٠.٠٠ | ٣٠٤٨٢٤ | ١٠٠ |
| هەولێر[١٢] | ٢٦٥٩٨٤ | ٩٧,٣٢ | ٧١٩٨ | ٢,٦٣ | ٢٠ | ٠,٠٠ | ٤٤ | ٠,٠٠ | ١٣٧ | ٠,٠٥ | ٢٧٣٣٨٣ | ١٠٠ |
| کەرکوك[١٣] | ٣٧٥٢٣٢ | ٩٦,٥ | ١٣١٥٠ | ٣,٣٩ | ٢٣ | ٠.٠٠ | ٣٠٤ | ٠,٠٨ | ١٣٠ | ٠,٠٣ | ٣٨٨٨٣٩ | ١٠٠ |
| قەزا کوردیەکانی ل. نەینەوا* | ٢٧٨٦٧٦ | ٧٥,٣٥ | ٣٩١١٠ | ١٠,٥٨ | ٥١٤٥١ | ١٤ | ١٢٤ | ٠,٠٣ | ١٥٤ | ٠,٠٤ | ٣٦٩٥١٥ | ١٠٠ |
| قەزا کوردیەکانی ل. دیالە[١٤] | ١٣١٢٣٦ | ٩٩,٥٥ | ٤٦٣ | ٠,٣٥ | ٨ | ٠,٠٠ | ٥٦ | ٠,٠٤ | ٦٦ | ٠,٠٦ | ١٣١٨٢٩ | ١٠٠ |
| قەزای بەدرە لە ل. کوت[١٥] | ١٦٧٠٩ | ٩٩,٨٦ | ٩ | ٠,٠٥ | ٤ | ٠,٠٢ | ١٣ | ٠,٠٧ | ١ | ٠,٠٠ | ١٦٧٣٦ | ١٠٠ |
| سەرجەم | ١٣٧٠٦٨٩ | ٩٢,٢٩ | ٦١٨٥٥ | ٤,١٦ | ٥١٥٢٩ | ٣,٤٧ | ٥٦٩ | ٠,٠٤ | ٥١١ | ٠,٠٤ | ١٤٨٥١٥٣ | ١٠٠ |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە سەژمێری ساڵی ١٩٥٧دا ئاینزاکانی هەرێم فرەجۆر بوون، بۆ نمونە موسڵمان بە پلەی یەکەم(٩٢,٢٩٪)، مەسیحی بە پلەی دووەم(٤,١٦٪)و ئێزیدی بە پلەی سێیەم(٣,٤٧٪)ی سەرجەمی ئاینزاکانی هەرێمیان پێکهێناوە ئەوەی تریش کە دەمێنێتەوە کە دەکاتە (٠.٠٨٪) دابەش بوونی بەسەر ئاینزا جۆراوجۆرەکانی تری هەرێم دا.

بەلاَم لەسەر ئاستی لیواکان یان قەزا کوردیەکان فرەجۆریەکە زیاترە، ڕیزبەندیەکە لە هەندێك شوێن گۆڕانی تێدا ڕوویداوە، بۆ نمونە لە قەزا کوردیەکانی لیوای موسڵ دا موسڵمانەکان لەپلەی یەکەمدان بەڵام ڕێژەکەیان(٧٥,٣٥٪)، ئێزیدییەکانیش بە پلەی دووەم(١٤٪)و مەسیحیەکانیش بە پلەی سێیەم (١٠,٥٨٪)دێن، بەلاَم لە پارێزگاکانی تر بە گشتی موسڵمانەکان هەر لە پلەی یەکەمدان وبەگشتی لە نێوان ڕێژەکەیان لە نێوان(٩٦,٥-٩٩,٥)ی ئاینزاکانە، پاشان مەسیحی بە پلەی دووەم و دواتر ئێزیدییەکان بە پلەی سێیەم دێن.

بەلاَم لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٦٥دا دابەش بوون و ژمارە و ڕێژەی ئاینزاکانی هەرێم گۆڕانیان بەسەردا دێت بڕوانە خشتەی ژمارە(٣)

## خشتەی ژمارە(٣)

### ژمارە و ڕێژەی هەندێك لە ئاینزاکانی هەرێمی کوردستان بە پێی یەکەی کارگێری لەساڵی ١٩٦٥دا.

| پارێزگا یان قەزا | موسڵمان | | مەسیحی | | ئێزیدی | | ئەوانی تر | | نادیار | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ | (٪) | ژ | (٪) |
| سلێمانی | ٣٩٤٨٩٠ | ٩٨,٧٧٢ | ٢٣٠٦ | ٠,٥٨ | ٣٣ | ٠,٠٠٨ | ١٧٣ | ٠,٠٤ | ٢٤٢٩ | ٠,٦ | ٣٩٩٨٣١ | ١٠٠ |
| هەولێر | ٣٤٥٧٠٠ | ٩٧ | ٨٥٨٢ | ٢.٤٤ | ٤١ | ٠.٠١ | ١٥١ | ٠,٠٤ | ١٨١٩ | ٠.٥١ | ٣٥٦٢٩٣ | ١٠٠ |
| کەرکوك | ٤٥٨٢٨٨ | ٩٦.٧٧ | ١٣٧٤٤ | ٢,٩ | ١٥٩ | ٠.٠٣ | ٢١٢ | ٠.٠٤ | ١٢٢٣ | ٠,٢٦ | ٤٧٣٦٢٦ | ١٠٠ |
| دهۆك | ١٢٥٩٨٠ | ٨٦,٤٢ | ١٤٩٣٢ | ١٠,٢٤ | ٣٦٧١ | ٢,٥١ | ٥٥ | ٠,٠٣ | ١٢٠٠ | ٠,٨ | ١٤٥٨٣٨ | ١٠٠ |
| قەزا کوردیەکانی پ. نەینەوا | ١٥٦٣٦٩ | ٦٩,٦١ | ٦٦٩٠ | ٢,٩٨ | ٦٠١٠٤ | ٢٦,٧٥ | ٤٩ | ٠,٠٢ | ١٤٣٧ | ٠,٦٤ | ٢٢٤٦٤٩ | ١٠٠ |
| قەزا کوردیەکانی پ. دیالە | ١٤١٥٢٣ | ٩٩.٧٢ | ٢٤٧ | ٠,١٧ | ٤ | ٠,٠٠٢ | ٧١ | ٠,٠٥ | ٧٣ | ٠,٠٥ | ١٤١٩١٨ | ١٠٠ |

---

[١١] - مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧لوائي السليمانية و كركوك ، مطبعة العاني-بغداد، بدون سنة طبع، ص٩

[١٢] -مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ العراق- الجاليات العراقية،دار التضامن للتجارة والطباعة والنشر-بغداد،بدون سنة طبع، ص١٨٣.

[١٣] - مديريةالنفوسالعامة،المجموعةالاحصائيةلتسجيلعام ١٩٥٧لوائيالسليمانيةوكركوك،مصدر سابق،ص٢٤١.

* - بة پارێزگای دهۆکیشەوە،مديريةالنفوسالعامة،المجموعةالاحصائيةلتسجيلعام ١٩٥٧لوائيالموصل و اربيل،مطبعةالعاني-بغداد،بدونسنةطبع، ص١٧.

[١٤] - مديريةالنفوسالعامة،المجموعةالاحصائيةلتسجيلعام ١٩٥٧لوائيديالى و الكوت،مطبعةالازهر-بغداد،بدونسنةطبع،ص١٣.

[١٥] - المصدر نفسه ،ص١٦٩.

| پارێزگا یان قەزا | موسڵمان | | مەسیحی | | ئێزیدی | | ئەوانی تر | | نادیار | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ | (٪) | ژ | (٪) |
| قەزای بەدرە لە پ. واست | ١٥١٤٣ | ٩٩,٩٨ | ٣ | ٠,٠٢ | - | | - | | - | | ١٥١٤٦ | ١٠٠ |
| سەرجەم | ١٢٨٢٤٩٣ | ٩١.٥ | ٤٦٥٠٤ | ٣.٣١ | ٦٤٠١٢ | ٤.٥٦ | ٧١١ | ٠.٠٠٥ | ٨١٨١ | ٠.٥٨ | ١٤٠١٩٠١ | ١٠٠ |

الجهاز المركزي لاحصاء،التعداد العام لسكان ١٩٦٥، بدون اسم مطبعة و سنة طبع، ص٤٤٣-٤٦٢, ٤٧١-٤٧٢ ،

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە(٣)، دەبینین لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا موسڵمانەکان لە پلەی یەکەم دان و ڕێژەکەیان(٩١,٥٪)ە، ئێزیدییەکان لە پلەی دووەم دان و ڕێژەکەیان(٤,٥٦٪)ە، پاشتر مەسیحییەکان بە پلەی سێیەم دێن و ڕێژەکەیان(٣,٣١٪)ی هەرێم پێکدەهێنن، بەڵام ئاینزاکانی تر تەنها ڕێژەکەیان(٠.٠٠٥٪)ی ئاینزاکانی هەرێم بووە.

بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاگا یان قەزا کوردییەکاندا تەنها لە قەزا کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا ڕیزبەندییەکە وەك ڕیزبەندی هەرێم وایە و موسڵمانەکان لە پلەی یەکەمدان ڕێژەکەیان(٦٩,٦١٪)ە، ئێزیدی لە پلەی دووەم دان و ڕێژەکەیان(٢٦,٧٥٪)ە، مەسیحی لە پلەی سێیەم دان ڕێژەکەیان نزیکەی(٣٪)ی سەرجەم ئاینزاکانی هەرێم پێکدەهێنن، بەڵام ڕیزبەندییەکە لە تەواوی پارێزگا و قەزا کوردیەکانی تر دەگۆڕێت، لە تەواویاندا موسڵمان لە پلەی یەکەمدایە و لە نێوان(٨٦-٩٩٪) و پاشتر مەسیحییەکان بە پلەی دووەم دێن و دواتر ئێزیدییەکان بە پلەی سێیەم دێن.

خۆ ئەگەر سەیری سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ بکەین ئەوا ڕێژەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە، ڕێژەی موسڵمان زیادی کردوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی ئاینزاکانی تر کەمی کردوە،بڕوانە خشتەی ژمارە(٤).

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ڕێژە و ژمارەی ئاینزاکانی پارێزگا هەندێك لە قەزا کوردییەکانی هەرێم لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا**

| پارێزگا یان قەزا | موسڵمان | | مەسیحی | | ئێزیدی | | هی تر | | نادیار | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) | ژ. | (٪) |
| دهۆك | ٢٢٣٦٧١ | ٨٩.٣٧ | ١٦٥٧٩ | ٦.٦٣ | ٩٦٨٥ | ٣.٨٧ | ٤٣ | ٠.٠٠٦ | ٣١٤ | ٠.١٣ | ٢٥٠٢٨٣ | ١٠٠ |
| هەولێر | ٥٢٩٨٧٨ | ٩٧.٩٣ | ١٠٧٢٢ | ١.٩٨ | ٢١٤ | ٠.٠٤ | ٣٨ | ٠.٠٠٦ | ٢٣٤ | ٠.٠٤ | ٥٤١٠٨٦ | ١٠٠ |
| کەرکوك | ٤٧٩٣٨١ | ٩٧.٣١ | ١١٥٦١ | ٢.٣٥ | ٦٠١ | ٠.١٢ | ٣٨ | ٠.٠٠٨ | ٧٤٥ | ٠.١٥ | ٤٩٢٦١٥ | ١٠٠ |
| سلێمانی[16] | ٦٩٤٢٨٦ | ٩٩.٦٨ | ١٢٥٣ | ٠.١٨ | ٤٨٢ | ٠.٠٧ | ٤٤ | ٠.٠٠٦ | ٣٩٨ | ٠.٠٦ | ٦٨٩١١٩ | ١٠٠ |
| ق. پ. نەینەوا[17] | -* | | ٣٣٢١٢ | | ٨٢٥١٣ | | - | | - | | | |
| ق. پ.دیاله | - | | - | | - | | - | | - | | - | |
| ق. پ. بەدرە | - | | - | | - | | - | | - | | - | |
| سەرجەم | ١٩٢٧٢١٦ | ٩١,٩٦ | ٧٣٣٢٧ | ٣,٥ | ٩٣٤٩٥ | ٤,٤٦ | ١٦٣ | ٠,٠٠ | ١٦٩١ | ٠,٠٨ | ٢٠٩٥٨٩٢ | ١٠٠ |

[16]-مديرية الامن العامة، التوزيع الديني للسكان العراقيين، مطبعة مديرية الامن العامة، بدون سنة طبع، ص١٥.

[17] المصدر نفسه،ص٢٩-٣٠.

*-ڕێژەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانن، نەك لەسەر ئاستی قەزاکان، بۆیە نەتوانراوە ژمارە و ڕێژەی ئاینزاکان لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا بخەینە ڕوو.

ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە(٤)بکەین دەبینین کە ڕێژەی موسڵمان هەر لە پلەی یەکەمدایە(٩١,٩٦٪)، ئێزیدی بە پلەی دووەم دێن و ڕێژەکەیان(٤,٤٦٪)و مەسیحی بە پلەی سێیەم دێن و (٣,٥٪)ی سەرجەمی ئاینزاکانی هەرێم پێکدەهێنن،

موسڵمانەکان لە پاێزگا و قەزا کوردیەکان هەر لە پلەی یەکەمدان و ڕێژەکەیان لە نێوان(٨٩-٩٩٪)، ڕێژەی مەسیحیەکانی چوار پارێزگاکەی(هەولێر، سلێمانی، کەرکوك،دهۆك)(٤٠١١٥)واتە(٥٤,٧٪)ی کۆی ڕێژەی مەسیحی لە هەرێم پێکدەهێنن، بەڵام تەنها قەزا کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا(٤٥,٣٪)مەسیحی هەرێم لە خۆ دەگرێت.دابەش بوون بەسەر قەزاکانی تەلکیف و حمدانیە و شەنگار، شێخان و ئاکرێ و تلەعفەر[١٨].

بەڵام ئێزیدییەکانی چوار پارێزگاکەی هەرێم(١٠٩٨٢)واتە(١١,٧٤٪)ی سەرجەم ئاینزاکانی هەرێم پێکدەهێنێت، واتە(٨٨,٢٦٪)ئاینزای ئێزیدی دەکەوێتە قەزا کوردییەکانی پارێزگای نەینەوا.دەکەونە قەزاکانی شەنگار، تەلکێف، شێخان[١٩].. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

بەڵام بە گشتی ڕێژەی کەمایەتیە ئاینیەکان لە عێرق دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە کەم کردن کردووە، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بەعەرەب کردو ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکانیان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە ناوچەکانیان...بۆیە زۆر لەم ئاینزایانە کۆچیان کرد و عێراقیان جیهێشت، ئەمەو جگە لەوەی هەندێك لە ئاینەکان مژدەدەری نین و هۆکارن بۆ کەم بونەوەی پەیڕەوکەرانیان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥)

**خشتەی ژمارە(٥)**

**ڕێژەی(٪) گەشەی ئاینزاکان لە عێرق دا لە نێوا ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧ و ١٩٦٥-١٩٧٧دا [٢٠]**

| ساڵ | موسڵمان(٪) | مەسیحی(٪) | جولەکە(٪) | صابئە(٪) | ئێزیدی(٪) | ئاینی تر(٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧-١٩٥٧ | ٣,٤٨ | ٣,١٧ | ٢٨,١٧ | ٥,٦٤ | ٥,٥٨ | ٣,١٨ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٣,٣٧ | ٠.٧٣ | ١٦,١٨- | ٠,٩٣ | ٣,٢٥ | - |

ئەگەر بڕوانینە خشتەی سەرەوە دەبینین ڕێژەی گەشەی مەسیحیەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧دا (٣,١٧٪)، بەڵام لە سەڵانی ١٩٦٥-١٩٧٧ دادەبەزێت بۆ(٠,٧٣٪) واتە بە ڕێژەی(٢,٤٤٪)گەشە کەمی کردووە، جولەکەکان-یش لە هەمان ماوەدا ڕێژەی گەشە لە (٢٨,١٧٪)کەم دەکات بۆ (-١٦,١٨٪) و سابیئەکانیش لە(٥,٦٤٪) کەم دەکات بۆ (٠,٩٣٪) و ئێزدییەکانیش لە(٥,٥٨٪)کەم دەکەن بۆ(٣,٢٥٪)واتە بەگشتی سەرجەم ئاینزاکان لە عێراق دا لە ماوەی دوو سەرژمێری (١٩٤٧-١٩٧٧)دا بە ڕێژەیەکەی پێشبینی نەکراو کەمیان کردووە.

**بەشی دووەم: هۆکارەکانی پشت دابەش بوونی جوگرافی ئاینزاکانی هەرێم:**

چەندین فاکتەری مێژوویی و جوگرافی لە کاتە جیاوازەکاندا ڕۆڵیان هەبوو لە دابەش بوون و بڵاو بوونەوەی ئاینزا جیاوازەکانی کوردستان، بۆیە هەرێم بۆتە گەلێرییەك(GALLERY) لە لەخۆ گرتن و نمایش کردنی ئاینزا و مەزهەبە جیاوازەکان، لەوانەش:

[١٨]- المصدر نفسه، ص٢٨-٣١.

[١٩]-المصدر نفسه، ص٣١-٣٤.

[٢٠]-المصدر نفسه، ص٢٦.

**باسی یەکەم : فاکتەری جوگرافیای سروشتی، کۆمەلأیەتی:**

**جوگرافیا ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە دابەش بوونی ئاینزا جیاوازەکان، لەبەر ئەوەی هەرێم پردێکی ووشکانی بووە لە نێوان کیشوەرکانی ئەوروپا و ئەفەریقا و ئاسیا، ئەمەش بۆتە پردێك بۆ تێپەڕین و جێگیر بوونی نەتەوە و گروپی جۆراوجۆر هەندێکیشی جێگیر بوون[٢١]، ئەمە جگە لەوەی تۆبۆگرافیای هەرێمیش ڕۆڵیان هەبووە لە پاراستنی کەمینە ئایینەکان و مانەوەیان[٢٢]، بۆنمونە لەکاتی هێرشی مەغۆلەکان بۆ عێراق ژیانی مەسیحیەکان لە ناوەڕاست و باشور کەوتە مەرسییەوە بۆیە هانایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و لە ناو چیاکاندا خۆیان پاراست[٢٣]. جگەلەوە گەلی کوردیش بە گشتی گەلێکی ژیان دۆست و میوان دۆستە، دەمارگیری ئاینی بوونی نیە، بۆیە ڕۆژهەلأتناسی ئینگلیزی(کلنك) نوسیویەتی(کوردەکان دالّدەی زۆر دەربەدرە و ئاوارەی ئەرمەنیان داوە ڕزگاری کردون باسی ئەوەشیان کردوە کە ئەرمەن و کورد بەیەکەوە ژیاون[٢٤].**

**باسی دووەم: فاکتەری مێژووی:**

**فاکتەری مێژوو یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی کە ڕۆڵی هەبوە لە مانەوەی ئاینزا جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان دا، بۆ نمونە:-**

**ئاینی زەردەشتی بە کۆنترین ئاینی دانیشتوانی کورد دادەنرێت و بڕوا وایە زەردەشت لە ساڵی ٦٠٠ یان ٦٦٠ پ.ز لە ناوچەیەکی کوردی لە دایك بوە و دواتر ئاینەکە بۆتە ئاینی ڕەسمی دەوڵەی فارس[٢٥]، چەند بۆچونێك هەیە سەربارەت بە مێژووی دەرکەوتنی ئاینی جولەکە لە هەرێمی کوردستانی ئێستا، یەکێك لە بۆچونانە پێی وایە شای بابل(نەبوخزنەسر) لەساڵی٥٨٧پ.ز. هێرشی کرد بۆ سەر هەردوو مەملەکەتی جوەکان - ئیسرائیل، یەهوداو بوە هۆی بەدیل گرتنی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکانیان و هێنانیان بە کۆیلەیەتی بۆ بابل[٢٦]. دووەمین شەپۆلی جولەکەکان لەئەنجامی بلأوبوونەوەو دەربەدەرییانەوە بوو ئەویش لە ئەنجامی لەشکرکێشی"تیتۆ"ی ڕۆمانی بوو کە لەساڵی٧٠ی زاینی دا فەلەستینی داگیر کرد.[٢٧]**

**چوونێك کەزیاتر پش ئەستورە بە بەلگەی مێژووی سەرەتای هاتنی مەسیحی بۆ کوردستان، بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئاینی مەسیحی دەگەڕێنێتەوە، ئەویش(جاتلیقی)ی شاری(مەدائن)ە، کەناوی(هیماوسی یەکەم)ە و لە ساڵی(٨٢٢)زاینی دا کۆچی دوایی کردووە و دەڵێت:"ئاینی مەسیحی لە ناوئێمەدا لەدوای بەرزبونەوەی حەزرەتی مەسیح بۆ ئاسمان بە٢٠ ساڵ بلأوکرایەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی مارماری مارادی، کەیەکێك بوون لە(٧٢)قوتابیەکانی مەسیح، کە ڕوویان کردۆتە شارەکانی نوسەیبین، جەزیرە، موسڵ، کوردستان لە سەدەی یەکەمی زاینیدا"[٢٨]، مەسیحیەت هەر لە سەرەتاوە لەناو کورداندا بلأوبووەوە ولأتەکەیان بوو بە حەشارگەیەکی**

---

[٢١]- خەلیل ئیسماعیل محەمە، ئاشوریەکان لە عێراق دا (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی گەشەکردن و دابەش بونی جوگرافیان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ.١٣ نیسانی ١٩٩٥،ل٥٧.

[٢٢]- خلیل اسماعیل محمد، دهوك- نینوی(دراسات في الخصائص الدیموغرافیة للسكان)مركز كردستان للدراسات الاستراتیجیة- السلیمانیة، ٢٠٠٥،ص١١٧.

[٢٣]- شاكرخصباك،الأكراد،(دراسة جغرافیة- اثنوغرافیة)، الطبعة الاولی، دارالعربیة للموسوعات، الطبعة الاولی، ٢٠٠٥، ص٤٨٨.

[٢٤]- خلیل ئیسماعیل محمد، ئاشورییەکان لە عێراق دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

[٢٥]– عبداللە غفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر،ل١٩٠.

[٢٦]-أ-ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦. ب- عبدالرزاق الحسنی، العراق قدیماً وحدیثاً، مصدر سابق، ص٤٣.

[٢٧]-ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەییی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

[٢٨]- کرێکار عبداللە، کوردو ئاشوری، سەرچاوەی پێشوو، وەرگیراوە لە: رفائیل بابواسحاق، تأریخ نصاري العراق، بغداد، سنة١٩٤٨، ص٢.

پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە بەشێکیشیان تەنانەت ئیمڕۆکەش هەر لە سەر ئەو ئاینە ماونەتەوە[٢٩].هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا هاتوە کە"مارماری" لە سەدەی سێیەم لەناو خەڵکی شاری(شەهرکەرد)کە بت پەرست و دارپەرست بوون پڕوپاگەندەی بۆ مەسیحیەت کردووە ئەم شارەش دەکەوێتە نێوان هەولێرو تاوق[٣٠] هەندێکی تر پێیان وایە کە مەسیحیەکان هاتنە عێراق لە سەدەی یەکەمی زاینی لە باکووروخۆرئاوا لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی فارس لەسەرانسەری وڵاتەکەدا بڵاو بووەوە هەتا دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامی[٣١]بۆ واتە لە سەردەمە جیاوازەکاندا ئاینزا جیاوازەکان لە هەرێم دا ژیان و ئاینەکە بووە بە ئاینی فەرمی ناوچەکە یان بەلایەنی کەم بوە بە ئاینی زۆرینیە ناوچەکە.

باسی سێیەم: فاکتەری ئاینی:

ئاین-یش وەك فاکتەرێکی گرنگی تر ڕۆڵی هەیە لە مانەوەی مانەوە فرەچەشنە بوونی ئاینزاکانی هەرێم، بۆ نمونە بوونی گۆڕی شێخ عادی لە مەزارگەی لالش بە یەکێك لە هەرە هۆکارە بەهێزەکان دادەنرێت لە بونی ژمارەیەی زۆر لە ئێزیدییەکان لە قەزاکانی شێخان و شەنگار و دەروربەری.

باسی چوارەم: فاکتەری ڕامیاری و کۆچ:

بەریتانیا توانی ئاشورییەکان لە هێزی ئەلیفی دا ڕێکبخات و لەدژی شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان بەکاربیان بهێنێت، لەبەرامبەر دروست کردنی دەوڵەت ین نمیچە سەربەخۆیی بۆیان، سەرئەنجام لە لایەن بەریتانیا پشتیان تێکرا و حکومەتی عێراقی قەتڵ و عامی کردن. بەریتانیا بەویستی حکومەتی عێراق بەشێوەی گروپ و گروپی لێکدابڕاو لە عێراق نیشتەجێی کردن[٣٢]جگەلەوەی لە ساڵانی(١٩١٢ و ١٩٣٥-١٩٣١)هێرشی سەربازی کرایە سەر ئێزدییەکان و پاشتر پرۆسەکانی تەعریب ناوچەکانیانی گرتەوە بە تایبەت هەردوو قەزاش شەنگال و شێخان[٣٣]، ئەمەش بوە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێژە و دابەش بوون و ژمارەیان.

## بەشی سێیەم: ڕۆڵی ئاین لە پێکەوە ژیانی ئاشتی لە دەوڵەت دا:

لە دوو سەدەی کۆتایی هەزارەی ڕابووردوو دەوڵەتی نەتەوایەتی سەری هەڵدا، بەڵام هەندێك دەوڵەتیش لە سەدەی ڕابوورد لەسەر بنەمای ئاین دامەزران وەك دەوڵەت پاکستان و دەوڵەتی جولەکە،هەرچۆنێك بێت ئاین پەیوەندییەکی زۆر توندی هەیە لەسەر باوردۆخی ڕامیاری و هێزی دەوڵەت،چ بە لایەنە ئەرێنییەکەی بێت یان بەلایەنە نەرێنیەکەی بێت. بۆیە ئەم بەشەمان دابەشی چەند باسێك کردوە کە ئەوانیش بریتین لە:

---

[٢٩]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی ونەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-٢٣٥.

[٣٠]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩. وەرگیراوە لە:
The encyclopedia of islam vol:II.london .1927.volIv.london .1934.vol.I.london1960.p1151.

[٣١]- خليل اسماعيل، اقليم كردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة اوفسيت كريستال، أربيل، سنة١٩٩٨، ص٩١.

[٣٢]- خلیل ئیسماعیل محمد، ئاشوریەکان لە عێراق دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٦٥.

٣٣- خەلیل ئیسماعیل، دابەش بوونی جوگرافیای ئێزدییەکان لە عێراق دا، گۆڤاری سیاسەتی دەولی،ژ(١٠)، تەموزی١٩٩٤، ل٢٧-٣٠.

**باسی یەکەم: ئاین و جوگرافیای ڕامیاری:**

بەگشتی دەوڵەتانی جیهان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر: جۆری یەکەمیان ئەوانە کە گونجاون و یەکێتی ئاینیان لە نێوان دایە، ئەوانە کە(٧٥٪)ی دانیشتوانیان یەك ئاینیان هەیە، بەڵام کۆمەڵەی دووەم ئەو دەوڵەتانەن کە چەند ئاینێکیان تێدا بلاّوە و یەك باوەڕ زۆرینە نیە وەك ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا(٦٥٪)پرۆتسانتە و لە کەنەداش پرۆتستانتەکان(٦٠٪)ی سەرجەمی ئاینزاکانی ئەو ولاّتە پێکدەهێنن، بۆیە ئەگەر مەسەلەی تایفی و مەزهەبی بوروژێنرێت دەبێتە مامەی هەڕەشە لە یەکێتی نەتەوەییان[٣٤].

ئاین فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە پێکەوە ژیانی ئاشتی و سەقامگیری ڕامیاری و کۆمەلأیەتی و ئابوری و تەنانەت هێزی دەوڵەتیش، ئەگەر لە ولاّتێکی فرە ڕەنگی ئاینیدا دیموکراسی بەمانای تەواو بەرجەستە نەبووبێت و تاکەکانی هەست بە ئازادی تەواو نەکە لە پیادەکردن و ئەنجام دانی سروتە ئاینیەکان، ئەوا ئەو وولأتە توشی جەنگی تایفی دەبێت وەك ئەوەی لە بۆرما و عێراق...دەبینرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەشلە ژانی دۆخی ڕامیاری دەوڵە و تێکدانی ژێرخانی ئابوری و داتەپاندنی ئابوری وولأت تا ڕادەی ئیفلیج بوونی ئابوری، لەدەست دانی ژمارەیەك زۆر لە هێزی مرۆیی لە وولأتدا دەشێت ئەم هێزە لە پاراستنی سنوری وولأت و بەرهەم هێنان و داهێنانی زانستی سودی لێببینرایە، ئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەوڵەت چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت یان لەسەر ئاستی هەرێمی و دەرەکی. زۆرێك لەو جەنگانەی کە لە ڕابوردوودا ڕوویان داوە بەهۆی ناکۆکی ئاینییەوە بووە، بەلأم لە ئێستادا  بەهۆی بلاّووبونەوەی ڕۆشنبیری و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە وایکردوە فاکتەری ئاینی ئەو گرنگیەی جارانی نەمێنێت[٣٥]

کەواتە ئالۆزی ئاینی و مەزهەبی و دەمارگیری ئاینی و هەوڵدان بۆ ڕزگار بوون لە دەست کەمینە ئاینییەکان، زیانێکی زۆر بە دەوڵەت دەگەیەنێت و دەبێتە هەلوەشانی یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەی[٣٦].

بە پێچەوانەشەوە، فرە ڕەنگی ئاینی و ئازادی ڕەها بۆ تەواوی ئاینزاکان دەبێتە نیشانەی هێز بۆ وولأتەکە و سەر ئەنجام دەتوانرێت لە پرۆسەی پێشخستن و پەرەسەندنی دەوڵەت لە بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری و زانستی و کۆمەلأیەتی و سەربازی... هاریکاربن.

**باسی دووەم: ئاینزاکانی هەرێم و ڕۆڵیان کێشەکانی ناوچەکە:**

باش دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە عێراق دا و زۆر بەتوندی کەوتنە چەوساندنەوەی ئاینزاکانی تری مەسیحی و شەبەك و ئەهلی حەق ... توشی کوشتن و داگیرکردنی ماڵ و موڵك و دەربەردەر بوون و ئاوارە بوون هاتن لەسەر دەستی ئەم گروپەچەکدارە توندڕەوە، بۆیە بە ناچاری ئەم کەمایەتییە ئایینانە پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا و حکومەتی هەرێم و گەلی کوردستان باوەشی میهرەبانیان بۆ کردنەوە و دالّدەیان دان، خواردن و خواردنەوەی ڕۆژانەی خۆیان لەگەڵ بەش کردن.

---

[٣٤]- محمد عبدلغەنی ، جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان،و. جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەدن چاپخانەی حەمدی- سلێمانی،٢٠٠٥،ل ١٠١-١٠٢.

[٣٥]- نافعالقصابواخرون،الجغرافياالسياسية،دارالكتبللطباعةوالنشر،بدونسنةطبع،ص٧٩

[٣٦]– بۆزانیار زیاتر لەسەر دەمارگیری ئاینی و لێکەوتە نەرێنیەکانی لە دەوڵەتدا تکایە بڕوانە: ا- نافع القصاب و اخرون، الجغرافيا السياسية،مصدر سابق، ص٨١.ب- صلاح الدين الشامي, دراسات في الجغرافيا السياسية،الطبعة الثانية، منشأ المعارف- الاسكندرية، ١٩٩٩،ص١١٢-١١٣.ج– عبدالله عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، و. جەزا تۆفیق تالێب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپ و پەخشتی ڕێنما- سلێمانی،٢٠٠٧، ل٢٠٦.

پاش کەمتر لە دوو مانگ لە دەستبەسەرداگرتنی شاری موسڵ ، ئیدی چەکدارانی خەلافەی ئیسلامی شاڵاوی دڕندانەیان بردە سەر شەنگار و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری شاری موسڵ و لە ماوەیەکی کورتدا توانیان زۆر شوێن لەم ناوچانە داگیر بکەن ، ئیدی کەوتنە جێ بەجێ کردنی بەرنامە ڕەشەکانی خۆیان کە بریتی بوون لە قەتڵ و عامی نێرینەی ئێزیدیەکان و دەستگیرکردنی ژن و کچ و منداڵ و مێینەکان، ئەنجام دانی کڕین و فرۆشتن پێیانەوە بەنرخێکی زۆر کەمتر لە نرخی پەلەوەرێکی ماڵی* ، ئەنجام دانی تاوانی سێکسی بەکۆمەڵ بۆ سەر کچ و ژنە لاوەکان ، کردنیان بە کاڵا و پێشکەش کردنیان بە ئەمیر و جەنگاوەرەکانیان.نەك هەر بە ئاین و

ئاینزا جیاوازەکانی ترەوە نەوەستان، بەڵکو زۆر بە توندی کەوتنە ململانێی مەزهەبی شیعە**ی هاو ئاینیان و زۆر بەتوندی توشی کوشتن و لەناوبردن و ڕاوەدوونان و چەوساندنەوە هاتن لەسەر دەستی ئەم گروپە، ئەم گروپەسونییە توندڕەوە دژیحکومەتی هەرێمیش کەوتە جەنگەوە بە درێژایی ١٠٥٠کم پەلاماری هێزێکی موسڵمانی سونە مەزهەبی دا کە ئەویش هێزی پێشمەرگە**بوو، واتە ئاینیان کرد بە بەرگێك بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییە ڕامیار و سەربازی و ئابورییەکانی خۆیان و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەوڵەتە دینیەکەیان.

باسی سێیەم: ئایندەی ئاینزاکای هەرێم

پاش کەوتنی شاری موسڵ لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دا، درزێکی گەورە کەوتە نێو ئاینزاکانی عێراق بە گشتی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتی، لەم باسەدا هەڵوێستە دەکەین لەسەر ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی قوڵبوونەوەی جەنگی تایفی لە عێراق و ئایندەی پێکەوە ژیان لە عێراق بە گشتی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تایبەتی.

ململانێی لە نێوان ئاینزای ئیسلام(مەزهەبی شیعە و مەزهەبی سونە):

پاش دورخستنەوەی سونە لە دەسەڵات لە ساڵی٢٠٠٣ بە دواوە و کەڵەکە بوونی تاوانەکانی حکومەتی شیعی عێراق بەرامبەر بە پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی تر عێراق بە تایبەت لە ماوەی دەسەڵاتداری نوری مالکی دا، بوە هۆی دروست بوونی درزی گەورە لە نێوان نەتەوە و ئاین و ئاینزا جیاوازەکانی عێراق، بە تەقاندنەوەی مەزارگەی ئیمام عەسکەر لەسامەڕا لە ٢٠٠٦دا پڕیشکی جەنگی ئاینی و مەزهەبی و تایفی عێراقی گرتەوە، لێرە بە دواوە هەردوو مەزهەبی شیعە و سونە قەتماغەی برین و ناکۆکییەکی مێژینەی لەوەو پێشیان هەڵدایەوە و "گێمێکیتری جەنگ لەناوەڕاستی عێراق چەخماخەیکرد،بەڵام بەناووناونیشان وئامانج

---

* - بروانە پاشکۆ ژمارە (١).

* –کێشەی نێوان مەزهەبەکانی شیعە و سونە مێژوویەکی زۆر دور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پاش خەلیفە عوسمانی کوری عەفان(ر.خ)دروست کردنی بناغەی شیعە گەریان دامەزراند، هەر چوار فەقیهەی ئەبو حەنیفە و مالك و شافعی و احمد دژی تەشەیوع وەستاونەتەوە، کێشەی ڕاڤەکردن و دروستی جێ بەجێکردنی ئیسلام و خەلافەتی سێ خولەفاکەی ڕاشدین و دایکی ئیمانداران بەتایبەت عائیشە(ر.خ) و تەحریفی قورئان و حەلاڵ و حەرام و واجب و مەمنوع ...لە کێشە گەورەکانی نێوان شیعە و سونەیە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کێشەکانی نێوان شیعە و سونە تکایە بڕوانە:أ- اسامة شحادة، المشكلة الشيعية، الطبعة الثانية، بدون اسم مطبعة، ٢٠٠٨، ص٢٤-٢٥.ب- محمد سليم العوا،العلاقة بين السنة والشيعة،الطبعة الاولى- سفير الدولية للنشر،٢٠٠٦،ص١٧-٢٣. تەنانەت کێشەی نێون ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسیحی و جولەکە کێشەیەکی زۆر قوڵە، خودای گەورە لە نزیکەی ٥٠ ئایەتدا بەنی ئیسرائیلی بە کافر و بێ باوەڕ ناساندوە، هەروەها لە حەدیسی پێغەمبەریشدا بە ڕەگەزی شەڕ و تاوانکار و گومڕاو کافر ناسێنراون، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کێشە قوڵەکانی نێوان ئاینی جولەکەو ئاینی ئیسلام، تکایە بڕوانە: صفوت الشواد، اليهود نشأة و تاريخا، مصدر سابق، ص٤.

** - لە دیدی ئەم گروپەوە حکومەتی هەرێمی حکومەتێکی ناشەرعیە و پێشمەرگە مورتەدە و دەبێت جارێکی تر گەلی کورد تۆبەیان پێبکرێت و بکرێن بەو موسڵمانەی کە ئەوان بانگەشەی بۆدەکەن.

وكارەكتەرەكانی جەنگەكە كەهەندێك گۆڕانكاری بەسەرداهاتوە بەبەراورد بەجەنگەكانی پێشوو،ئامانج وناونیشانی جەنگەكە لەڕوڵەتداجەنگاندنە لەدژیتیرۆر،كارەكتەرەكانیشی گروپی دەوڵەتی ئیسلامییە لەعێراق وشام وهاوبیرەكانیان هاریكارەكانیانن لەبەرامبەرحكومەتی عێراقی.

بەلأم لەڕاستیدا بەخوێندنەوەیەكی سەرپێی بۆماندەردەكەوێت چەند تەكتیك وئامانجێكیتری ڕامیاری وئیداری وجوگرافی ومەزهەبی وسەربازی وهەڵبژاردن وهەرێمی ونێودەوڵەتیترلەپشت ئەم جەنگەوەخۆیان مەڵاسداوە.

جەنگی مەزهەبی شیعە وسونە مێژوویەكی دەیان سەدەی هەیە،بەلأم ڕووخاندنیڕژێمی بەعسو گرتنەدەستی كورسی دەسەڵات لەلایەن شیعەكانی عێراق،ململانێ ومیكانیزمی ململانێكانی بردەئاستێكی بالأتر. بەجۆرێك ململانێی نێوان ئەم دوو مەزهەبە فولبووەوە نەك بەتەقاندنەوەی مزگەوت وحسێنیە وزیارەتكارانی مەزارگەكانی عێراق وتەسفیەكردنی كەسانی ئاینی یەكدی نەوەستا،بەڵكوململانێكە گەیشتە تەقاندنەوەی بۆنە ئاینی و كۆمەلأیەتیەكانی یەكدیوتەنانەت كوشتن وملپەڕاندنی هاولأتیانی عێراقی لەسەرناو و شوناسیان.

توندبوونەوە یململانێی نێوان ئەم دوو مەزهە بەلای ڕامیارییەكان وئیدارییەكان،دۆخێكی خوێناویتری بەخۆیەوەبینی،تەنانەت سەركردە ڕامیاریو ئیدارییەكان یەكدی تاوانباردەكرا بەكارئاسانیكردن بۆ تیرۆرستان ودالدەدانی تیرۆرستان،تاوانباركردنی سەركردە سونیەكان بەتاوانی تیرۆر پالپشتی یاسایی ودەستوری وقەزایی بۆ سەركردە شیعەكان فەراهەمكرد لەدرێژەدان بەڕیشەكیشی نەیارەكانیان"[٣٧]،

دورخستنەوەی سەركردایەتی سونی لە پرۆسەی ڕامیاری و ئیداری و سەربازی عێراق و فەرامۆش كردنی ناوچەكانیان لە ڕووی خزمەت گوزاری و نەبوونی هەلی كار و تۆلەكردنەوەی تاوانی ٨٠ سالی پێشووی ڕژێمی بەعس(زۆرینە سونە)لە لایەن شیعەكان، دەستگیركردن و زیندانی كردنی بێ دادگایی كردن... ئاگرێك بوو، بوركانی سونەكانی بەرەو تەقینەوە دەبرد[*].

بۆیە پاش كۆنترۆڵ كردنی شاری موسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و كۆنترۆڵ كردنی زۆرینەی ناوچە سونە نشینەكان، داعش بە هاریكاری هۆزە عەرەبە سونییەكان هەستان بە كۆمەڵ كوژ كردن و ملپەڕاندنی بە كۆمەڵی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە[**](بە بێ جیاوازیكردن لە نێوان هاولأتی سادە یان ئەندام و كارمەند لە دەزگا فەرمی جۆربەجۆرەكانی حكومەتی عێراقدا) بە بەرچاوی هاولأتیان و بە بێ دادگایی كردن، ئەنجام دانی تەقینەوە لە ناوچە شیعەكان و سەردانی كەرانی مەزارگە ئاینییەكان، حەلأ كردنی هەموو شتێكی شیعە بۆ

---

[٣٧] زانكۆی ڕاپەڕین ئەم نوسینە وكۆمەڵێك سەرج وپێشنیاریتربەناونیشانی جیاوازەوە ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالأكرد، تا لەوێوە ئاراستەی لایەنی بەرپرس وسەركردایەتی هەرێم بكرێت وكاری لەسەربكرێت وبتوانرێت خزمەت بەدۆخی كورد و كوردستانیانی پێبكرێتب ەژمارە(٣٤٨)لە ڕێكەوتی١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، ئەحمەد ڕەفیقك ەریم، تا تێرمی دووەمی جەنگی چالدێرا خەونەكانمان لەناو نەبات، ڕاپورتی بلأونەكراوە، ٩كانوونی دووەمی ٢٠١٤،ل١.

[*]-لە ئەنجامی دەستدرێژی كردنی هێزە ئەمنیەكانی عێراق بۆ سەر خوپیشاندەرە سونیەكان لە٢٠ دیسەمبەر٢٠١٣، بوە هۆی نوێ كردنەوەی شەری چەكداری لە پارێزگای ئەنبار لە نێوان دانیشتوانی ناوچەكە و هێزە ئەمنیەكان و هێزە چەكدارەكانی تر،لە ئەنجامی هێرشی هەرەمەكی هێزە حكومییەكان بوە هۆی دەربەدەربوونی نزیكەی نیو ملیۆن هاولأتی لە نێوان كانونی یەكەم- ئەیلولی٢٠١٤دا،جگە لە گیان لە دەستدانی ژمارەیەكی نەزانراو لە هاولأتی مەدەنی،هیومانرایتسووچ،العراق،http://www.hrw.org/sites/default/files/related_material/iraq_ar_3.pdf)(٢٥يناير٢٠١٥).ص.

[**]– دەوڵەتی ئیسلامی هەستا بە كوشتنی بە كۆمەڵ و توندوتیژی سێكسی و ڕفاندنی هاولأتیان و ئەشكەنجەدانیانی شیعەكان و كەمایەتیە ئاینی و نەتەوایەتیەكانی تر. منظمة العفو الدولية، تصاعد العنف الطائفي المميت بعد مرورعام علي الهجوم الشرس لتنظيم" الدولةالاسلامية" على العراق،(https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2015/06/a-deadly-spiral-of-sectarian-violence-a-year-on-from-is-onslaught-on-iraq/)(10حوزيران ٢٠١٥).بدون رقم ص.

خۆیان.لێرە بە دواوە ناکۆکی نێوان ئەم دوو مەزهەبە بە جۆرێك قوڵ بووەوە کە ئیدی هیچ ئاسۆیەك بۆ پێکەوەژیانی ئەم دوو مەزهەبەی ئیسلام نەماوە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت دا.چونکە پاش ئەوەی هێزە عێراقییەکان هەندێك ناوچەیان کۆنترۆڵ کردەوە لەچەدارانی داعش هەستان بە سوتاندن و تالانکردنی ماڵ و موڵکی هاولاتیانی سونی مەزهەب و تێك دان و وێرانکردنی ماڵ و مومتەلەکات و خانوەکانیان و ڕفاندن و سەرونگومکردنی هاولاتیانی سونی لەسەر دەستی میلیشیا شیعەکان و سوتاندنی گوندەکانیان...*

**ململانێی نێوان مەزهەبی سونە و ئاینزاکانی تری ناوچەکە**:**

بەیارمەتی و هاریکاری پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سونی، داعش پاش کۆنترۆڵ کردنی دووەم گەورەترین شار لە پارێزگای عێراق، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەسەلاتی گەیشتە زۆر ناوچە لە پارێزگاکانی کەرکوك و دیالە و سەلاحەدین و هەولێر و ئەنبار و بەغا... تا مایسی ٢٠١٥ توانی زۆرترین ڕووبەر و یەکەی کارگێڕی لە گەورەترین پارێزگای عێراق(رومادی) داگیر بکات، و ڕەشە کوژی و تاوانی جەنگ ئەنجام بدات.

داعش هەمان تاوانیشی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارە هەرێم ئەنجام دا، بەلاَم بەهۆی فرە ئاینی و مەزهەبی ئەم ناوچانە، قەبارە و پشکی تاوانی داعش لەم ناوچانە زۆر تر بوو، پاش داگیرکردنی موسڵ خوێنی هەموو شیعەکا حەڵاڵ کرا، پاشان مەسیحیەکان ئاوارە و دەربەدەرکران و دواتر سەرو ماڵیان داگیرکرا، پاشتر ئاینزاکانی شەبەك و کاکەیی و تورکمانە شیعەکانی کانی تەلەعفەر*** و ناوچەکانی تریش هەمان چارەنوسیان هەبوو****، داعش لە سەرەتای مانگی ئابدا، شەنگار و زۆر ناوچەی تری لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم داگیرکرد، سەرجەم نێرینەکانی ئەم ناوچانەی کۆمەڵ کوژ کرد و ماڵ و موڵکیان داگیرکرا، ژن و منداڵ* و کچە لاوەکان دەستگیرکران و کران بە کەنیزەك و لە بازاری کۆیلەکاندا مامەڵەی کڕین و

* - هێزە ئەمنیەکانی عێراق و میلیشیاکان هاوشێوی داعش تاوانیان بەرامبەر هاولاتیانی سونی مەزهەب ئەنجام دا، بۆ زانیاری لەسەر جۆر و شوێنی تاوانەکان و گوندە وێرانکراوەکانی دەستی هێزە عێراقییەکان و وێنەی مانگی دەستکردنی گوندە سوتێنراوەکان تکایە بڕوانە: هیومان رایتس ووچ، بعد التحرير حل الدمار المليشيات العراقيه و ما بعد امرلى، (http://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq0315ar_ForUpload.pdf)(٢٠١٥).

** - داعش هەستا بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمب ڕێژکراو و کردەوەی خۆکوژی لە ناو هاولاتیان و لە سێدارەدانی بێ دادگایی و ئەشکەنجەی زیندانیان و جیاکاری بەرامبەر بە ئافرەت و هاوسەرگیری بە زۆر و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچ و ژنی ئێزیدی و روخاندنی پەرستگا و شوێنە ئاینیەکان و کوشتن و فراندنی کەمایەتیە ئاینی و نەتەوەیەکان بە تایبەت شیعە و ئێزدی لە پارێزگای نەینەوا. هیومان رایتس ووچ، العراق،مصدر سابق.ص١.

*** – داعش هەموو کەمایەتیە ئاینیەکانی ئەم ناوچەیەی کردە ئامانج، تەنانەت ئەو عەرەبە سونییانەی کە دژی داعش بوون، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تاوانی داعش بەرامبەر بەم ئاینزا جیاوازانە تکایە بڕونە:منظمة العفو الدولي،العراق: يزيديون اسرهم تنظيم" داعش"في خضم تصاعد الهجماع الطائفية،(https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2014/07/iraq-yezidis-captured-isis-amid-mounting-sectarian-attacks/)(١تموز٢٠١٤).

**** - بۆ نمونە داعش ویستی گوندی کۆچۆی ئێزیدی نشین لەسەر نەخشە بسڕێتەوە بە ، کۆمەڵ کوژی دژ بە گوندنشینان ئەنجام دا، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: منظمة العفو الدولية، شهادات من كوتشو: قرية حاولت'الدولة الاسلامية'مسحها عن الخريطة،(https://www.amnesty.org/ar/articles/blogs/2014/08/testimonies-from-kocho-the-village-isis-tried-to-wipe-off-the-map/)(١٨ اب٢٠١٤).

* - داعش دەستدرێژ سێکسی بە کۆمەڵی کردۆتە سەر کچە منداڵە ئێزدییەکان، هەندێکیان تەنها تەمەنیان ٩ سال بوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تاوانە و کاریگەرییە دەرونیەکانی سەر ئەم کیژۆڵانە تکایە بڕوانە:ا- هیومان رایتس ووچ،اغتصبتهن داعش والان يحاولن مواجهة المستقبل،(http://www.hrw.org/ar/news/2015/04/14/yezidi-op-ed)(١٤ابريل٢٠١٥).ب- هیومان رایتس ووچ،العراق- الهاربات من داعش تصفن عمليات اغتصاب ممنهجة،(http://www.hrw.org/ar/news/2015/04/15-0)(١٥ابريل ٢٠١٥).

فرۆشتنیان** پێوەکرا، ئافرەتە جوانەکان دەکران بە دیاری و پێشکەشی ئەمیر و بەناو موجاهیدەکان دەکران، دەستدرێژی سێکسی بە کۆمەڵیان دەکردنە سەر، کەنیسە*** و پەرستگای ئاینی ئێزدیان و گۆڕی پێغەمبەران خاپورکران.

**ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم - عێراقی فیدراڵ:**

ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە سەرکردایەتی کورد ئەندازیارئاسا کەوتنە دروستکردنەوەی پەیکەری دەوڵەتی عێراقی نوێ وپێشمەرگە کرا بەهەوێنی سەربازانی سوپای عێراق،بەلاَم حکومەتی شیعەی عێراق نەك پابەندنەبوو بە دەستور و دابینکردنی مافە ئیداری وسیاسی وجوگرافی وياسايى ودەستوری وئابوری... ەكانی گەلی کورد****،بۆنمونە(٨٦) *****مانگ بەسەر وادەی جێبەجێ قۆناغی یەکەمی مادەی ١٤٠ تێپەڕیوە کەدەبوو لە ٣١ ئازاری ٢٠٠٧ جێبەجێبکرابایە،جگە لەپێنەدانی مووچە و کەل وپەلی سەربازی بەپێشمەرگەی هەرێم وکەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەسوپای عێراق بۆکەمتر (٢٪) وسزادان ودورخستنەوەی سەربازانی کوردی سوپای عێراق لەناوچە دابڕاوەکان وجولاَندنی سوپای عێراق دژبەکورد،پاشتردروستکردنی ئۆپراسیۆنیدیجلەودواترئۆپراسیۆنی درعی جەزیرە و پاشتر کار گەیشتە سزادانی بەکۆمەڵی گەلیکوردستان وبڕینی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان وبەڵکوچاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەی (F16)بوون بۆ پاداشتکردنەوەی سەرکردایەتی کورد و گەلی کوردستان...لەیارمەتیانیان وپێشکەشکردنی دەستور و دەسەلاَتداریتی عێراق پێیان!!!.******

پاشتر پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی عێراق لە لایەن حەیدەر عەبادی، نەك سودی وەرنەگرت لە هەڵەکانی حکومەتەکانی پێشوو بەرامبەر بە گەلی کورد، بەڵکو هەمان سیناریۆکانی جەعفەری و مالکی بەرامبەر بە گەلی کورد دووبارەکردەوە.

---

** -سەدەها بگرە هەزارەها لە ژنان و کچانی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە لە ژێر فشاردا ناچار بە زەواج دەکرێن یان دەیانفرۆشن یان وەك دیاری پێشکەشی جەنگاوەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن یان زۆر جار ناچاریان دەکەن ببن بە موسڵمان، سەدان لەمانە بەهۆی توندوتیژی سێکسی و کۆیلایەتی سێکسی(العبودية الجنسية) ژیانیان وێران بوە، کە ئەمانە زۆربەیان منداڵن، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە:هیومان رایتس ووچ،العراق: تواجة النساء والفتيات الايزديات عنفا جنسيا مروعا،(-https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2014/12/iraq-yezidi-women-and-girls-face-harrowing-sexual-violence/)(٢٣ديسمبر٢٠١٤).

*** له موسڵیش داعش پەیکەری مەریەم دایکی پێغەمبەر عیسایان لەسەر کڵێسەی موسڵ شکاندن و کڵێساکەشیان دگیرکرد.بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە ڕاپۆرتی : هیومان رایتس هوچ،الهروب من الموصل: تركنا كل شيء وارئنا للنجو باورواحنا،٢٨ تموز٢٠١٤.(-https://www.amnesty.org/ar/articles/blogs/2014/07/the-flight-from-mosul-we-left-everything-behind-to-save-our-lives/)

**** - بۆ زانینی ڕادەی ناکۆکی نێوان بەغا و هەولێر تکایە بڕوانە: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان،(http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=p0p22xSRvms=)(٥تەمووز٢٠١٤).

***** -لە ئێستادا (حوزەیرانی ٢٠١٥) و تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە (٩٨)مانگ بەسەر تێپەڕبوونی هەنگاوی یەکەمی مادەی ١٤٠ تێپەڕیوە. بەلاَم هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

****** زانکۆیراپەڕینئەمنوسینەوکۆمەڵیکسەرنجوپێشنیاریتربەناونیشانیجیاوازەوەئاراستەیوەزارەتیخوێندنیبالاَکرد،تالەوێوەئاراستەیلایەنیبەرپرسەرکردایەتیەهەرێمبکرێتوکاریلەسەربکرێتوبتوانرێتخزمەتبەدۆخیکوردوکوردستانیانپێبکرێت بە ژمارە (٣٤٨) لە ڕێکەوتی١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا،ئەحمەدڕەفیقکەریم،دارمانی بناغەی دەوڵەتی عێراق ،ڕاپورتیبلاَونەکراوە،١٠حوزەیرانی ٢٠١٤،ل٢.

**ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم – دەوڵەتی خەلافە:**

**پاش دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) لە عێراق دا، داعش پەلاماری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی دا و لەمانگی ئاب دا توانی بۆماوەیەکی کاتی قەزای مەخموری باشوری پارێزگای هەولێری داگیربکات.**

**سەرئەنجام حکومەتی هەرێم بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر کەوتە جەنگەوە لەگەڵ داعش دا، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان بوو، پاش شکست و پاشەکشەی سوپای عێراق لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی ئاین و ئاینزا و دانیشتوانی ئەم ناوچانە، عەرەبە سونییەکان بوونە هاوپەیمانی داعش و جگە لە کاری هەواڵگری، چاوساغ و یارمەتی دەری داعش بوون لە هێرشکردنە سەر ئەم ناوچانە و شەهید کردنی زیاتر لە ١١١٨ پێشمەرگە و بریندار بوونی زیاتر لە ٦٧٢٤ پێشمەرگەی تر و ون بوونی ٤٥ پێشمەرگە[٣٨].**

**ئاسۆی ئاینده:**

**لەئەگەری ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ڕووخاندنی دەوڵەتی بەناو خەلافە، جارێکی تر ئەو پێکەو ژیانەی پێش ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لەناوچەکەدا هەبوو لە نێوان پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سونی و هەر یەك لە ئاینزاکانی تری وەك ئێزیدی و شەبەك و ئەهلی حەق و مەسیحی و مەزهەبی شیعە جارێکی دیکە دروست نابێتەوە، بەڵکو سەرەتایەکی ترسناك دەبێت بۆ قوڵبوونەوەی ململانێی ١٤ سەدەی ڕابووردوو لە نێوان هەردوو مەزهەبی ململانێکاری شیعە و سونە لە لایەك و مەزهەبی سونی و ئاینزاکانی تری ناوچەکە لە لایەکی تر، بۆیە لە ئایندەدا کەلێنەکە قوڵتر و قوڵتر دەبێتەو ڕۆژانەی خوێنی ئاینزای جیاواز بە دەستی ئاینزای تر دەڕژێت*، بە تایبەت پاش ئەوەی خوێن و شەرەف و ماڵ و سامانی ئاینزاکانی تر لە لایەن عەرەبی سونی ناوچەکە(داعش)حەڵاڵ کرا.**

**بەڵام ئەوەی گرفتەکەی قوڵترکردۆتەوە بڵاوکردنەوەی بیری توند و تیژی و سڕینەوەی بەرامبەرە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە ناو هزری تاکی عەرەبی سونە بە گشتی و سونی مەزهەبە هاوبیرەکانی تری داعش لە نەتەوەی جیاواز دا لە ناوچەکەدا چاندوویانە، ئەم بیرە ڕەشە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر چەکەرە دەکات و هەستی دوژمنکارانە و نامرۆڤانە بەرامبەر بە مرۆڤەکان بە گشتی و ئاینزاکانی تر زیاتر دەبێت، لە ئەگەری مانەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا و چارەسەرنەکردنی سنوری کارگێڕی ئەم ناوچانە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ. بۆیە چاوەڕی شڵەژانی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی ستراکچەری گەلی عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و عێراق بەرەو هەڵدێر دەڕوات، بە تایبەت پاش ئەوەی لە عێراق دا شتێك نەما بە ناوی سوپا،میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و فەیلەقی بەدرو عصائب اهل الحق و کتائب امام علی و سەرایای سەلام... شوێنی سوپای عێراقییان گرتەوە.**

[٣٨]-وتەبێژ،فەریق جەبار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نوێترین ئاماری شەهید و برینداراتی پێشمەرگەی ڕاگەیاند،((http://witebej.com/News.aspx?id=3833&MapID=4#.VYW-Ykbby1k)(١٦حوزەیرانی٢٠١٥).

*-بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی چەکدارە ئێزیدییەکان هەستاون بە کوشتنی ٢١ هاوڵاتی عەرەبی سونی لە شەنگار: منظمة العفو الدولية، تصاعد العنف الطائفي المميت بعد مرور عام علي الهجوم الشرس لتنظيم" الدولة الاسلامية" على العراق، مصدر سابق، بدون رقم ص.

چونکە هەرگیز گەلی کورد جارێکی دیکە ناتوانێت لەگەڵ عەرەبی سونی(دەمارگیر)ەکانی ناوچەکەدا درێژە بە ژیان بدات، هەرگیز جارێکی دیکە گەلی کورد ناتوانێت لەگەڵ عەرەبی شیعە مەزهەب بژی* پاش ئەوەی لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە قەتماغەی برینی ١٤ سەدەی لەمەو پێش هەڵدرایەوە، هەموو پەیڕەوکەرنی سونی مەزهەب لە دیدی شیعە مەزهەبکانەوە هەر یەکە** و جگە لە جیاوازی و ناکۆکی نەتەوەیش، ئەمە و جگە لە بوونی مملانێی زۆر توندی خاك و سنوری کارگێری لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغا(مادەی ١٤٠ی تایبەت بە ناوچەی ململانێ)، ڕشتنی دەریایەك خوێن لە نێوان هەولێر و بەغا لە سەر ئەم پرسە لە هەموو کاتێك ئەگەرێکی بەهێزترە، ئەمە و جگە لە نەدانی بودجەی پێشمەرگە لەساڵی ٢٠٠٥ەوە و تەفسیرکردنی جیاواز بۆ دەقەکانی دەستور و بەڕێوەبردنی تاك لایەنەی وولات لە لایەن شیعەکان و سیاسیەتی دەرەوە و سیستمی سیاسی وولات و دەرنەکردنی یاسای نەوت و گاز و تەنانەت کارگەیشتە جوڵانی هێز بە ئاڕاستەی هەرێم و بڕینی بەشە بوودجەی حکومەت و مووچە خۆرانی هەرێم.

بۆیە تەنها ئاسۆی پێکەوە ژیان لە ناوچەکەدا بریتییە لە گەڕانەوەی تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ سەر حکومەتی هەرێم ، چونکە تەنها ئەمە ڕێگا چارەیە بۆ دروست کردنی کەشێکی ئاشتییانەی پێکەوە ژیان لە نێوان تێکرای ئاینزا و ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان پێکەوە، چونکە گەلی کورد بە گشتی، هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و پێکەوە ژیانە* ، لە ساڵانی ڕابووردوشدا حکومەتی هەرێم بەم ئاڕاستەیە

---

*-بەمەبەستی ڕزگارکردنی ناحیەی ئامرلی، لە هاوینی ٢٠١٤ دا، ی. ن. ك. حەشدی شەعبی هێنایە قەزای دوزخورماتو، بەڵام پاش ئازادکردنی ئامرلی لە دەستی داعش ئێستا ئەم هێزە ناگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و لەم قەزایە باڵا دەستن و بە ڕۆژی ڕووناك و بەبەرچاوی هاوڵاتیانەوە، هاوڵاتیانی کورد دەکوژن و تەعدا لە هاوڵاتیە کوردەکان دەکەن و هەڕەشە لەکوردەکان دەکەن کە ناوچەکە چۆڵ بکەن و ماڵ و موڵك و دوکانەکانیان دەسوتێنن و کوردەکان دەکەنە ئامانج و تەقە لە بارەگای هێزە کوردییەکان دەکەن، تەنها لەماوەی دوو مانگدا ٥٠ هاوڵاتی لە قەزاکە بە دەستڕێژی گولە شەهید کراون، بۆیە لایەنە کوردییەکان بۆ بەهاناوە هاتنی حکومەتی هەرێم بۆ خەڵکی خورماتو، بڕیاریان داوە بۆ ماوەی هەفتەیەك بارەگاکانیان دابخەن، پاش سەردانیکردنی وەفدێکی مەکتەبی سیاسی ی. ن. ك. بۆ قەزاکە و کۆبونەوەی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، بڕیاریاندا لە هەر ڕووداوێکدا بەرپەرچی توند هەبێت بەرامبەر بەو کەس و لایەنانەی کە کاری تێکدەرانە دەکەن لە قەزاکە، قایمقامی قەزای خورماتوو دەڵێت"قەزای خورماتو بەرمیلە باروتە ،خوا نەخواستە ئەگەر بتەقێتەوە هەموو ناوچەکەشی لەگەڵ دەسوتێت"بۆ زانیاری زیاتر لەسەدۆخی خورماتو تکایە بڕوانە:سۆران کامەران، حزبە کوردییەکان بارەگانیان دادەخەن، (١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥).(http://hawlati.co/71973/) (ئەرشیڤەکان

هەروەها میلیشیا شیعەکان ڕێگری دەکەن لە هاوڵاتیان و شۆفێرانی کورد لە چونیان بۆ بەغا: حەسەن جومعە،میلیشیا شیعەکان ڕێگە بە هاوڵاتی کورد نادەن بچنە بەغدادن(http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=13961&Jor=2)(٢٢تشرینی یەکەمی ٢٠١٤) وهەرەشەکردنی هەندێك میلیشیای شیعە بەوەی موشەکانیان دەگاتە ناوەندی هەولێر لەئەگەری خستنە سەری پارێزگای کەرکوك بۆ سەرهەرێم:ڕوداو،میلیشیایەکی شیعە هەرەشەی هێرشکردنە سر هەولێر دەکات،(http://rudaw.net/sorani/kurdistan/230620147)(٢٣حوزەیرانی ٢٠١٤)، شەرکردن لەگەل هێزی پێشمەرگە لە ناحیەی یەنگیجە و دیل کردنی ١١ پێشمەرگە: لڤین،میلیشیا شیعەکان ١١ پێشمەرگە بە دیل دەگرن،( (http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12128&Jor=1)٢٢ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

**- هێزە ئەمنیە عێراقیەکان و میلیشیاکان(عەصائبی ئەهلی حەق و کەتیبەکانی حزب الله و فەیلەقی بەدر) هەستاون بە دەستدرێژی کردنە سەر هاوڵاتییە سونەکان، بە تایبەت لە ناوچانەی کە شیعە و سونە بەیەکەوە دەژین وەك: ڕفاندن، سێدارەی بێ دادگایی کردن،دەستگیرکردن و ئەشکەنجە و سەرونگومکردنی هاوڵاتیان بەتایبەت لە بەغا و دیالە و حلە، ئەمەو جگە لەوەی حکومەتی مالکی بەرمیلە تەقەمەنی بەکاهێناوە لە بۆمبا بارانکردنی ناوچە سونیەکان، هیومان رایست ووچ، العراق، مصدر سابق، ص١- ٦.

*- بە پێی ڕاپۆرتی هیومان رایتس ووچ، ئێزیدییە هەڵهاتوەکانی پارێزگای دهۆك کە ژمارەیان لە نێوان(٦٠-٧٠) هەزار کەس دەبون هەندێکیان لە ماڵە دهۆکییەکان داڵدەدرابوون و هەندێکی تریان لە قوتابخانەکان یان بینا تەواو نەکراوەکان مابونەوە، جگە لە ئاو و نان و جلەکانی بەریان هیچ شتێکی تریان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو، بەیارمەتی کوردە جەنگاوەرەکانی سوریا(یەکینەکانی پاراستنی گەل-تویژەر) توانیان لەچیای شەنگار ڕزگاریان ببێت، ئەو پێشمەرگانەی کە ئەرکی پاراستنی ناوچە ئێزدییەکانی پێ سپێردرابوو هیچ جەنگێکیان نەکرد، هەرچەندە مسعود بارزانی وتی تا مردن شەر دەکەین بەڵام پێشمەرگەکان هیچ شەڕێکیان نەکرد و دوای سێ- چوار سەعات پاشە کشەیان کرد، داعش بێ بەرگری لە سەعات ٤ی بەیانی ٣ی ئاب ٢٠١٤ناوچەی ئێزیدی نشینەکانی داگیرکرد. منظمة العفو الدولي، الکابوس العراقي،(http://www.hrw.org/ar/news/2014/08/10-0)(١٠ اغسطس ٢٠١٤).

کاری کردوە، سەرجەم ئاینزاکانی هەرێم تەواوی مەراسیمە ئاینیەکانی خۆیان بە ئازادی جێ بەجێ دەکەن و تەواوی مافی ژیانیان وەك هەر ئاینزایەکی تر موسڵمان بۆ دابین کراوە.

بەپێچەوانەشەوە مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیە ئێستا ئەوا نە هەرێم (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) و نە عێراق و نە ناوچەکە هەرگیز ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێت** و سەرەتای جەنگێکی ئاینی و مەزهەبی بێ کۆتایی دەبێت لە ناوچەکەدا، ئاین و ئاینزا جیاوازەکان(مرۆڤ) دەبنە سوتەمەنی ئەم جەنگە بێ کۆتایە.

## دەرئەنجام

لە میانە ئەنجام دانی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك کە ئەوانیش بریتین لە:

١- هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی فرە ڕەنگە لە ڕووی ئاین و ئاینزاوە ، ئاینزای هەر سێ ئاینە سەرەکییە ئاسمانییەکەو چەند ئاین و ئاینزایەکی تری تێدایە وەك موسڵمان، مەسیحی، جولەکەن ئێزیدی، ئەهلی حەق، شەبەك... هۆکارە سروشتی(جوگرافیا) و مرۆی(مێژوو، ئاین، جەنگ، ڕامیاری...)یەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دابەش بوون و بلاّو بونەوەییان بە شێوەیەکی نا چونیەك لە هەرێمی کوردستاندا.

٢-بەهۆی سیاسەتە ڕەگەز پەرستەکانی بەعسەوە، ئەم کەمایەتییە ئاینانە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارە و ڕێژەیان لە هەرێم کەمی کردوە، داعش-یش توندتر لە بەعسیەکان درێژەیان بەم سیاسەتە ڕەشەدا و ئاینزاجیاوازەکان و تەنانەت شیعیەکانیشی قەتڵ و عام کرد و کچان و ژنان و منداڵەکانیان لە بازاڕی کۆیلەدا فرۆشران و سەروەت و سامانیان داگیرکران، پەرستگاکانیان خاپورکران.

٣- عەرەبە سونەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە ساتەوەختی هێرشی داعش، پشتیان کردە پێکەوەژیان مێژینەی ناوچەکە، هاریکاری داعش بوون لە ڕووی هەواڵگری و سەربازی... دەستی داعشیان گرت بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچانەوە هاوشانی داعش دەستیان بۆ شەرەف و کەرامەت و موڵك و ماڵی ئاینزاکانی تری ناوچەکە برد. ئەمە و جگە لەوەی یارمەتی داعش بوون لە شەهید کردنی زیاتر لە ١٣٠٠ پێشمەرگە و بریندار بوونی هەزاران پێشمەرگە و بە دیل گرتنی دەیان پێشمەرگەی تر.

٤-لە ئەگەری ڕاوەدوونانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئاینزاکانی ئەم ناوچانە ناتوانن درێژە بە ژیان بدەن لەسەر زێدی خۆیان، چونکە هیچ گەرەنتیەك نیە بۆ کۆمەڵکوژ نەکردنەوەیان لە ئایندەدا لەسەر دەستی ئەم عەرەبە سونییانە، جگە لەوەی هەر گیز ناتوانن چاوپۆشی بکەن و دەستەو ستان بەرامبەر بەم عەرەبانە دابنیشن،بۆیە بەمانەوەی ئەم ناوچانە لەسەر دەوڵەتی عێراق و چارەسەرنەکردنی گرفتی سنور لە نێوان بەغا و هەولێر(مادەی ١٤٠) هەمیشە ئاین و مەزهەب هۆکاری

---

**-بە پێی ڕاپۆرتی هیومان رایتس ووچ، حکومەتی هەرێم ماڵی هەندێك لە عەرەبەکانی ناوچ کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی ڕوخاندوە و لە هەندێك ناوچەش هاولاّتی عەرەبی سونی مەزهەبی دەستگیرکردوە، و نایەڵن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حالی خۆیان، ئەمانە لە کاتی هاتنی داعش بۆ ناوچەکانیان هەڵنەهاتن وەك کەمایەتیە ئاینی و نەتەوایەتیەکانی تری ناوچەکە، لە وەلاّمی ئەم ڕاپۆرتەشدا حکومەتی هەرێم دەڵێت "پارێزگاری لە مافی مرۆڤ کاری سەرەکیمانە""" کەس لەسەر و یاساوە نیە"هەر کەس هەڵە بکات سزاکەی وەردەگرێت بەرامبەر بە عەرەب یان هەر کەسێکی تر، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەڵێن هەندێك لە عەرەبە سونەکان هاریکاری داعشیان کردوە لە داگیرکردنی ئەو ناوچانە، ڕەنگە لە ئایندەشدا یارمەتیان بدەن. بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە: هیومان رایتس ووچ،المیلیشیات تصعد من انتهاكات قد یرقي بعض الي جرائم الحرب،(-http://www.hrw.org/ar/news/2015/02/25-0)(١٥فبرایر٢٠١٥)

کولانەوەی برینەکانی نێوان ئەم ئاینزا جیاوازانە دەبێت لەم ناوچانەدا.چونکە بەهۆی لەباری زەمینەی عێراق، پاش نەمانی داعش بیری داعشیەت لەم ناوچانەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەکەرە دەکات و ناوچەکە چاوەڕێی ئایندەیەکی خوێناوی لێدەکرێت لە ئایندەدا.

٥- تەنها چارەسەر بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان ئاینزاجیاوازەکانی ئەم ناوچانە، گەڕانەوەی ئەم ناوچانەیە بۆ سەر هەرێم، چونکە گەلی کورد بە گشتی گەلێکی لێبوردەیە و هەڵگری کلتوری پێکەوە ژیان و مرۆڤ دۆستییە لە نێوان(ئاین و نەتەوە...) جیاوازەکان، ڕابوورد و ئێستای هەرێم بەڵگەی سەلماندی ئەم ڕاستییەیە.

## پێشنیار

بەمەبەستی درێژەدان بەو فرە ڕەنگی ئاینیەی کە لە ناوچەکەدا هەیە و سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە هەرێم لە درێرزەمانەوە تا ئێستا لانکەی پێکەوە ژیان و مرۆڤ دۆستییە دەبێت چەند هەنگاوێك زۆر بە پەلە بندرێن لەوانە:

١- بەفەرمی ناسینی تەواوی ئاین و ئاینزاکانی هەرێم لە دەستوری هەرێم داو دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە ئاینییەکانیان و ئەنجام دانی تەواوی سروتە ئاینیەکانیان بە ئازادی.

٢- دابین کردنی بودجەی تایبەت بۆ دروست کردنی پەرستگای تایبەت بە ئاینزا جیاوازەکان لەو ناوچانەی کە هەر ئاینزایەك زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێکدەهێنن.

٣- بەیاسا دەستدرێژی بۆ سەر سەر و ماڵ و سامان و ئاینی سەرجەم ئاینزا جیاوازەکان قەدەغەبکرێت(چ بە ووتار، چ بە کردار)، ئەنجام دەران بە سزای زۆر توند سزا بدرێن(یاسای تیرۆر).

٤- حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی دەزگا جۆر بەجۆرەکانی وەك و. خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، و. پەروەردە، و. ڕۆشنبیری، و. ئەوقاف و کاروباری ئاینی، میدیا... پێکەوە ژیان و مرۆڤ دۆستی بە تایبەت لە نێوان ئاینزا جیاوازەکان بکات بە کلتور.

٥-دروست کردنی هێزی تایبەتی چەکدار(پێشمەرگە، ناوخۆ) بەمەبەستی پاراستنی پەرستگاکان و شوێنە ئاینە پیرۆزەکان لە پەیڕەو کەرانی هەر ئاینێك.

٦- دروست کردنی لیژنەی فەتوا لە نێوان سەرجەم ئاینزا جیاوازەکان لەسەر ئەو پرسانەی کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە(ڕامیاری، سەربازی، ئابوری، ئاینی...) تا پێکەوە هەموو(کوردستانیان) بتوانن بە یەك دەست و بە یەك دەنگ گەلی کورد ئاراستە بکەنە و یارمەتی دەری حکومەتی هەرێم ببن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پرسانەی کە بەرۆکی هەرێمەکەمان دەگرێت.

٧- حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کار بکات بۆ وەبەرهێنانی ئەم پێکەوە ژیانە ئاینیەی کە لە هەرێم بەرقەرارە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و کوردستانی زیاتر بۆ گەلی کورد و دروست کردنی کیانێکی تایبەت بە خۆی.تا لە سایەیدا تەواوی ئاینزاکانیش بە ئارامی و ئاسودەی بژین.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

#### أ- پەرتوک


١- international bible society،ئینجیلی پیرۆز،چاپ یدووەم، ١٩٩٩.

٢- ئیزەدی، میهرداد ، ئاین و تایفە ئاینی یەکانی لە کوردستاندا، و. کامەران فەهمی، چاپی یەکەم، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری،٢٠٠٢.

٣- رضی، هاشم ، زەردەشت و ئامۆژگارییە-کانی ،و. م. گۆمەیی، چاپی دووەم، ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی،٢٠٠٠.

٤- ڕۆستەم، ئەیوب ، یارسان، چاپی یەکەم،لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان،٢٠٠٦.

٥- زەکی، محەمەد ئەمین ، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان لەزۆرقەدیمەوە تائەمرۆ، بەرگی دووەم، بەبێناوی چاپخانە، سلێمانی،ساڵی٢٠٠٠.

٦- عبداللە، کرێکار ،کوردوئاشوری،لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی ورۆناکبیری گەلاوێژ،ساڵی١٩٩٨.

٧- عبدلغەنی، محمد ، جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان،و. جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەدن چاپخانەی حەمدی- سلێمانی،٢٠٠٥.

٨- عەباسی، جەلیل - ج. قەقنەس، ئاڤێستا لە مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر-٢٠٠٣.

٩- عەتەوی، عبداللە ، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی)، و. جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپ و پەخشتی ڕێنما- سلێمانی،٢٠٠٧.

١٠- غفور، عبداللە ، جوگرافیای کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.

١١- کەریم، ئەحمەد ڕەفیق،ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا،چاپی یەکەم،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٤.

١٢- مامە، محەمەد حەسەن ، نهێنیەکانی کتێبی پیرۆز، چاپی یەکەم، چاپخانەی چورچرا،٢٠١٠.

١٣- میران، ڕەشاد ، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، بە بێ شوێنی چاپ، ستۆکهۆلم، ١٩٩٣.


#### ب- گۆڤار


١- خەلیل ئیسماعیل محەمە، ئاشوریەکان لە عێراق دا (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی گەشەکردن و دابەش بونی جوگرافیان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ.١٣ نیسانی ١٩٩٥.

٢- ئیسماعیل،خەلیل،دابەشبوونیجوگرافیایئیزدییەکانلەعێراقدا،گۆڤاریسیاسەتیدەولی،ژ(١٠)،تەموزی١٩٩٤.


#### ت- میدیا:


١- حەسەن جومعە،میلیشیا شیعەکان ڕێگە بە هاوڵاتی کورد نادەن بچنە بەغداد (http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=13961&Jor=2)(٢٢تشرینی یەکەمی ٢٠١٤)

٢- :روداو، میلیشیایەکی شیعە هەرەشەی هێرشکردنە سر هەولێر دەکات، (http://rudaw.net/sorani/kurdistan/230620147)(٢٣حوزەیرانی ٢٠١٤)،

٣- لڤین، میلیشیا شیعەکان ١١ پێشمەرگە بە دیل دەگرن، (http://www.lvinpress.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=12128&Jor=1)(٢٢ تشرینی یەکەمی ٢٠١٤).

پ- بڵاوکراوە فەرمی و ڕێکخراوەکان:

١- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمان،(http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=p0p22xSRvms=)(5تەمووز٢٠١٤).

٢- سەرۆکایەتی هەرێم،یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق،وەقائعی کوردستان،ژمارە(١٨٣)لە ٢٤/ ٢/ ٢٠١٥دا.ل١-٣.

٣- وتەبێژ، فەریق جەبارلە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدانوێترین ئاماریشەهیدوبریندارانی پێشمەرگەیڕاگەیاند،(http://witebej.com/News.aspx?id=3833&MapID=4#.VYW-Ykbby1k)(16حوزەیرانی٢٠١٥).

ج- نامەو تێزی ئەکادیمی:

١- شیروانی،موسڵح عەبدولقەهار،ئاین وناسیۆنالیزم:ڕۆڵ وکاریگەری وپەیوەندی نێوانیان لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەهەرێمی کوردستاندا،نامەیە کەپێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ٢٠٠٢.

ح- ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە:

١- کەریم،ئەحمەد ڕەفیق،تا تێرمی دووەمی جەنگی چاڵدێران خەونەکانمان لەناونەبات، ڕاپورتی بڵاونەکراوە، ٩کانوونی دووەمی ٢٠١٤.

٢- کەریم،ئەحمەدڕەفیق،دارمانی بناغەی دەوڵەتی عێراق،ڕاپورتی بڵاونەکراوە، ١٠حوزەیرانی ٢٠١٤.

دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

أ- پەرتووک

١- ادموندز، سي.جي. ، كرد وترك وعرب، ت. جرجيس فتح الله، الطبعةالثانية،مطبعةوزارةالتربية- اربيل،سنة١٩٩٩.

٢- اسماعيل، خليل ، اقليم كردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة اوفسيت كريستال، أربيل، سنة١٩٩٨.

٣- الحسنى، عبدالرزاق،العراققديماًوحديثاً،مطبعةالعرفان - صيدا،سنة ١٩٥٨.

٤- خصباك، شاكر،العراقالشماليدراسةلنواحيالطبيعيةوالبشرية،الطبعةالاول،مطبعةشفيق،بغداد،سنة١٩٧٣.

٥- خصباك، شاكر،الأكراد،(دراسة جغرافية- اثنوغرافية)، الطبعة الاولى، دارالعربية للموسوعات، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥.

٦- الشامي، صلاح الدين, دراسات في الجغرافيا السياسية،الطبعة الثانية، منشأ المعارف- الاسكندرية، ١٩٩٩.

٧- شبك، متين، - شاة بةط، مطبعة روناكبري سنة ٢٠٠١.

٨- شحادة، اسامة ، المشكلة الشيعية، الطبعة الثانية، بدون اسم مطبعة، ٢٠٠٨.

٩- الشواد، صفوت،اليهودنشأەوتاريخا،دارتقوىللنشر،١٤٢٠هـ.
١٠- العوا، محمد سليم ،العلاقة بين السنة والشيعة،الطبعة الاولى- سفير الدولية للنشر،٢٠٠٦.
١١- القصاب، نافع واخرون،الجغرافياالسياسية،دارالكتبللطباعةوالنشر،بدونسنةطبع.
١٢- محمد، خليل اسماعيل ، دهوك- نينوى(دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان)مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٥.
١٣- نيكيتين، باسيلي ، الأكراد، دراسة سوسيولوجية و تأريخية،م. نوري طالباني، الطبعة الثانيـة، دار الساقي، سنة٢٠٠١.

ب- ميديا

١-(PUKmedia)،داعش يحدد اسعار بيع سبايا الايزيديات والمسيحيات، (http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=44954)(٥تشرين الثاني ٢٠١٤).

ت- بلاَوكراوە فەرمی و ڕێکخراوەکان

١. الجهاز المركزي لاحصاء،التعداد العام لسكان ١٩٦٥،بدون اسم مطبعة وسنةطبع.
٢. لجنةعصبةالامم، تقريرحول االحدود العراقية - التركية،مطبعةالحكومة- بغداد،سنة ١٩٢٤.
٣. مديرية الامن العامة،التوزيع الديني للسكان العراقيين،مطبعةمديريةالامن العامة،بدون سنة طبع،ص١٥.
٤. مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيلعام ١٩٥٧لوائي السليمانية وكركوك،مطبعةالعاني- بغداد،بدونسنةطبع،ص٩
٥. مديرية النفوس العامة،المجموعةالاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧لوائي الموصل واربيل، مطبعةالعاني- بغداد،بدون سنة طبع،ص١٧.
٦. مديرية النفوس العامة،المجموعةالاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧لوائي ديالى والكوت،مطبعةالازهر- بغداد،بدون سنة طبع،ص١٣.
٧. مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ العراق- الجاليات العراقية،دارالتضامن للتجارة والطباعةوالنشر-بغداد،بدونسنةطبع،ص١٨٣.
٨. منظمةالعفوالدولي،الكابوس العراقي،( http://www.hrw.org/ar/news/2014/08/10-10)(0اغسطس ٢٠١٤).
٩. منظمةالعفوالدولي،العراق: يزيديون اسرهم تنظيم" داعش"في خضم تصاعد الهجماع الطائفية،( https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2014/07/iraq-yezidis-captured-isis-amid-mounting-sectarian-attacks/)(1تموز٢٠١٤).
١٠. منظمةالعفوالدولية، تصاعد العنف الطائفي المميت بعد مرور عام علي الهجوم الشرس لتنظيم" الدولةالاسلامية" علىالعراق،( https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2015/06/a-deadly-spiral-of-sectarian-violence-a-year-on-from-is-onslaught-on-iraq/)(10حوزيران ٢٠١٥).بدونرقمص.

١١. منظمة العفو الدولية ،شهادات من كوتشو: قريةحاولت'الدولةالاسلامية'مسحها عن الخريطة،( https://www.amnesty.org/ar/articles/blogs/2014/08/testimonies-from-kocho-the-village-isis-tried-to-wipe-off-the-map/)(18اب٢٠١٤).

١٢. هيومانرايتسووِچ، للهروب من الموصل: تركنا كل شيء ورائنا للنجو باروحنا،٢٨ تموز٢٠١٤.( https://www.amnesty.org/ar/articles/blogs/2014/07/the-flight-from-mosul-we-left-everything-behind-to-save-our-lives/)

١٣. هيومانرايتسووِچ، بعد التحريرحل الدمار الميليشات العراقية و مابعد امرلي، ( http://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq0315ar_ForUpload.pdf)(2015)).

١٤. هيومانرايتسووِچ،اغتصبتهن داعش والان يحاولن مواجهة المستقبل،(http://www.hrw.org/ar/news/2015/04/14/yezidi-op-ed)(14ابريل٢٠١٥).

١٥. هيومان رايتسووِچ، العراق- الهاربات من داعش تصفن عمليات اغتصاب ممنهجة،( http://www.hrw.org/ar/news/2015/04/15-0)(15ابريل ٢٠١٥).

١٦. هيومان رايتس ووِچ، العراق: تواجة النساء والفتيات الايزديات عنفا جنسيا مروعا،( https://www.amnesty.org/ar/articles/news/2014/12/iraq-yezidi-women-and-girls-face-harrowing-sexual-violence/)(23ديسمبر٢٠١٤).

١٧. هيومان رايتس ووِچ العراق، http://www.hrw.org/sites/default/files/related_material/iraq_ar_3.pdf)(2يناير٢٠١٥).ص١.

١٨. هيومان رايتس ووِچ، الميليشيات تصعد من انتهاكات قد يرقي بعض الي جرائ مالحرب، ( http://www.hrw.org/ar/news/2015/02/25-0)(15فبرايير٢٠١٥)

سێیەم:نەخشە و ئەتڵەس:

١- محمد، خليل اسماعيل و ئەوانى تر،(بە بێ ناونيشان)، هەرێمى كوردستان عێراق ، بەرێوەبەرێتى گشتى پرۆگرام و نەخشە پەروەردەييەكان، هەولێر، ٢٠٠٦.

چوارەم: وێب سايت:

١- ويكيبدي، دين(معتقد)(دين_(معتقد/https://ar.wikipedia.org/wiki) (٢٠حوزيران٢٠١٥).

## پاشکۆ

### پاشکۆی ژمارە(١)

### نرخی منداڵ و کچ و ژنی ئێزیدی و مەسیحیە سەبایەکانی لای داعش



دولة العراق الإسلامية

لا إله إلا الله

الدولة الإسلامية

العدد/ ١٧٨

التاريخ/ ٢١ ذوالحجة ١٤٣٥هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

م/ أسعار بيع الغنائم

وردنا أن سوق بيع النساء والغنائم قد شهد انخفاضا كبيرا وهو ما يؤثر على إيرادات الدولة الإسلامية وتمويل صولات المجاهدين فيها.

ولذلك فقد ارتأت هيئة بيت المال وضع الضوابط والأسعار بخصوص بيع النساء والغنائم وتلزم جميع المزاولين لهذا العمل بالالتزام بها وبخلافه سيتم إعدام كل مخالف:

| الأسعار | البضاعة |
|---|---|
| ٧٥.٠٠٠ ألف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٣٠-٤٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ١٠٠.٠٠٠ ألف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٢٠-٣٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ١٥٠.٠٠٠ ألف دينار | للمرأة البالغة من العمر ١٠-٢٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ٥٠.٠٠٠ ألف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٤٠-٥٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ٢٠٠.٠٠٠ ألف دينار | لجميع الأطفال من ١سنة الى ٩ سنة / ايزيدية / مسيحية |

لا يسمح لأي شخص بشراء أكثر من ثلاث غنائم ويستثنى من ذلك الأجانب من الأتراك والسوريين والخليجيين.

٢١ ذوالحجة ١٤٣٥هـ

سەرچاوە(PUKmedia)،داعش يحدد اسعار بيع سبايا الايزيديات والمسيحيات،(http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=44954)(٥تشرين الثاني ٢٠١٤).

**الملخص**

**ان الارض كردستان الحبيبة هي مهد الظهورالحضارات و الاديان علي اراضهيا و مرت بأحداث تأريخية و دينية مثل رسو سفينة نوح(عليه السلام) علي جبل جودي و هجرة النبي ابراهيم خليل من كردستان و ظهور النبي زرادشت في كردستان، فضلاً عن ذلك وجود الاماكن و المقابر للطقوس الدينية فيها مقبرة الشيخ عدي في معبد لالش.**

**تعد اقليم كردستان من المناطق المتنوعة الاديان و القوميات والمذاهب، يعود هذه التنوعات الي اسباب تاريخية و جغرافية و دينية و سياسية و الحروب... و اقليم كردستان يمثل موزايك فيها الديانات و مذاهب و قوميات مختلفة فيها الاسلام، المسيحي، الايزيدي، اهل الحق و الشبك.**

**تعرض الاقلية الدينة في اقليم كردستان علي الرغم ان بعض الاقليات تمثل الاساسي في تكوين المجتمع مثل المسيحية الي حملات الابادة و الهجرة و الهجرة العسكرية علي مرة التأريخ و نتيجية للتوزيع الجغرافي للاديان والمذاهب و توزيعها علي محافظات العراق و جوديها بالذات في محافظة نينوى تعرضت هذه الاقليات الدينية بعد مجيء الدولة الاسلامية في العراق والشام ان القتل والتشرد والهجرة العسكرية بل الي الاغتصاب الجماعي كما هي الحالة مع الطائفة الايزيدية فضلاً عن ذلل تعرض ممتلكاتهم الي النهب السلب من قبل القبائل العربية في محافظة نينوى و تيبن من خلال هذه البحث الموسوع ان التعايش السلمي بين الاديان و المذاهب و تداعيات استرجاع محافظة نينوى من داعش لن يعود مثل سابق عهده و تكون لها تداعيات كارثية اذا لم يقم الحكومة المركزية بتعويض المتضررين مادياً يضاف الي ذلل فأن كوردستان كانت الساحة في ايواء للنازحينفي المنطقة سهل نينوى و سنجار و بقية لاقليم كوردستان نموذجا للتسامح والديمقراطية سواء اكانت بين القوميات والاديان المذاهب في العراق**

# ABSTRACT

Kurdistan is one of the sacred place on the earth surface that has appeared many religion ,also Noah's ark moored in the Judi mountain ,prophet Ibrahim Khalil immigrated from Kurdistan, and prophet Zoroastrian appeared in Kurdistan, however there are many temple in Kurdistan like Lalish temple. There for we can say Kurdistan is mixture and verity of religions and branches of religions , there are many factors for these verity of religion like history ,geography ,religion , politics , war…these factors became Kurdistan a religion gallery. Because there are Islam, Christianity, Judaism, yazidism , …

This religions didn't distribute equate in the Kurdistan region, but when Isis in the Iraq appeared, they killed and genocide these different religion, they promiscuity yazidis female …

So we can say there will be no any hope to live between these different religions another time if they stay in the Iraqi border. But if they come back to Kurdistan religion the can live together, because there is no racism in Kurdistan

# دەستنیشانکردنی ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان بە بەکارهێنانی پۆلێنی تێرجنج
## ( لیکۆڵینەوەیەك لە ئاووهەوای پراکتیکی )

م.ی سەرکار حمد خدر
زانکۆی ڕا پەڕین
بەشی جوگرافیا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەپشتی بەستووە بە بەکارهێنانی پۆلێنی تێرجنج بۆ دەستنیشانی ڕۆژەکانی حەوانەوەی فسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان کە یەکێکە لە بەناوبانگترین پۆلێنەکان ئاووهەواییەکان و بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردنی شێواز و هەرێمەکانی ئاوهەوای فسیۆلۆجی. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە زۆر بواری جۆراوجۆردا سودیان لێ دەبینرێت لەوانە گەشتوگوزار و بوارەکانی جوگرافیای تەندروستی و سەربازی و نیشتەجێ بوون.

توێژینەوەکە گەیشتوە بەو دەرئەنجامەی کە بارودۆخی ئاوهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە جیاوازی هەیە لە نێوان شەو و ڕۆژدا. بە گوێرەی ئاماژەی لێکدراوی حەوانەوە (شەو و ڕۆژ) سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ تیایدا هەست بە حەوانەوە دەکات دەگاتە ٥٩ ڕۆژ یان ١٦.٢٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ، بەڵام بە گوێرەی ئاماژەی لێکدراوی با (شەو و ڕۆژ) سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ تیایاندا هەست بە حەوانەوە دەکات دەگاتە ٥٢ ڕۆژ یان ١٤.٢٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ. بێگومان بە بەراورد بە سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژەکانی حەوانەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمە.

**پێشەکی**

ئاووهەوا بە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ژینگەی سروشتی دادەنرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەیە لەسەر لەشی مرۆڤ و حەوانەوەی جەستەیی ، دەروونی ، جوڵە و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی. لەم ڕوانگەیەشەوە مرۆڤ لەدێرزەمانەوە بەدوای ئەوناوچانەدا گەڕاوە کە تیایدا هەست بە حەوانەوە دەکات، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنە زاستی و تەکنەلۆجیانەی کە مرۆڤ لە کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانیدا بەدەستی هێناون، بەڵام تاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لە کاریگەریەکانی ئاوهەوا بەدووربگرێت.

پەیوەندی نێوان ئاوهەواو لەشی مرۆڤ لە چۆنیەتی وەڵامدانەوە فیسیۆلۆجیەکانی لەشی مرۆڤ دەردەکەوێت بۆ گۆڕانی بارودۆخە ئاوهەواییەکان، چونکە فرمانە فیسیۆلۆجیەکانی لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی خێرا وەڵامی بارودۆخە ئاوهەواییەکان دەدەنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ بارودۆخە ئاوهەواییەکان بگونجێنێت لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازی جل و بەرگ و خواردن و جۆری نشینگە بە پێی وەرز و بارودۆخە ئاوهەواییە جیاوازەکان.

حەوانەوەی فیسیۆلۆجی بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسەکراوە، بەڵام زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە دۆخێکی ئاوهەواییە کە تیایدا مرۆڤ هەست بە حەسانەوەی جەستەی و دەروونی دەکات. ئەم دۆخی حەسانەوەیەش لە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە لە شوێنێکەو بۆ شوێنێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، واتا تاڕادەیەکی زۆر حەوانەوەی فیسیۆلۆجی ڕێژەییە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی فیسیۆلۆجی و

سایکۆلۆجی لە نێوان مرۆڤەکان لە لایەك و جیاوازیە ئاوهەوای و شارستانی و تەکنەلۆجیەکان لە لایەیکی ترەوە.

سەرجەم رەگەزە ئاواهەواییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر حەوانەی فیسیۆلۆجی مرۆڤ، بەلأم هەندێکیان بە ڕەگەزی بنچینەی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی دادەنرێن کە بریتین لە (تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێی هەوا، با)، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ڕەگەزانە پەیوەندیەکی بەیکداچوو هەیە لە نێوانیاندا و هەموویان بەیەکەوە کاردەکەن. هەربۆیە بۆ دیاریکردنی ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی هەرناوچەیەکی جوگرافی، پێویستە هەموو ئەو رەگەزانەی ناومان هێنان لەبەرچاو بگرین، هەر لەم روانگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە پۆلێنی (تیرجنج) بەکاردەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی رۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان بە سود وەرگرتن لە داتای تۆمارکراوی رۆژانەی رەگەزەکانی تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێی هەوا و با لە ویستگەی کەشناسی دووکان لە نێوان سالأنی ٢٠٠٣-٢٠١٣.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بیریتیە لە جێبەجێکردنی پۆلێنی تیرجنج بەسەر رەگەزەئاوهەواییەکانی (تیشکی خۆر، پلەی گەرمی، شێی هەوا، با) لە ویستگەی کەشناسی دووکان بەمەبەستی دیاریکردنی رۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان، دواتر شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان کەدەتوانرێت لەزۆربواردا سودیان لێ وەربگیرێت بە تایبەتی لەبواری چالاکی گەشت و گوزاردا.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بارودۆخی ئاوهەوای رۆژانەوە و مانگانە و سالأنەی ناوچەی لێکۆلێنەوەگۆرانکاری بەرچاو دیاری بەسەردادێت، ئەم گۆرانکاریانەش کاریگەری دەکەنەسەر حەوانەوەی فیسیۆلۆجی مرۆڤ.

## گریمانەی توێژینەوە

١. ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی دەگۆڕێن بە گۆڕانی رەگەزەکانی ئاوهەوا.
٢. هەندێ لە رەگەزە ئاوهەواییەکان ڕێگری دەکەن لە حەوانەوەی سروشتی مرۆڤ لە هەندێ کاتی سالّدا.
٣. رەگەزە ئاوهەواییەکان بەیەکەوە بەرپرسن لە دیاریکردنی ڕۆژەکانی حەوانەوە و نەحەوانەوەی فیسۆلۆجی.

## پلانی توێژینەوەکە

بەهۆی سروشتی جێبەجێکردنی پۆلێنەکەی تیرجنج و بۆ بەرچاوورونی خوێنەر، توێژینەوەکە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە کە بریتین لە:

باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی پۆلێنەکەی (تیرجنج).

باسی دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دیاریکردنی رۆژەکانی حەوانەوە.

**توێژینەوەکانی پێشوتر**

چەندین توێژەری تر توێژینەوەی هاوشێوەیان ئەنجامداوە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، جا ئەم توێژینەوانە چ بە شێوەی سەربەخۆبن یان وەك باسێك لە نامەکانی ماستەر و دکتۆرابن. لە گرنگترین ئەم توێژینەوانە (د.شیروان عمر رشید) یەکێك لە باسەکانی دکتۆرانامەکەی تەرخانکردووە بۆ ئاوهەوای گەشتیاری و پۆلێنی تیرجینجی بەسەر پارێزگای سلێمانیدا جێ بەجێ کردووە.[١] (د. نشوان شکری عبدالله) لە توێژینەوەکەیدا شێوازەکانی ئاو و هەوای فیسیۆلۆجی لە شاری زاخۆ خستۆتە ڕوو.[٢] (د. عبدالامام نصار دریری) هەڵسەنگاندنی بۆ ئاوهەوای گەشتیاری ئەردەن کردووە بە بەکارهێنانی پۆلێنی تیرجنج.[٣] هەروەها ( نعمان شحادە) پۆلێنی تیرجنجی بە کارهێناوە لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی ( شێوازەکانی ئاوهەوای فیسیۆلۆجی لە ئەردەن: لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی بۆ پەیوەندی نێوان ئاو و هەواو هەستکردنی مرۆڤ).[٤]

**باسی یەکەم: پۆلێنکاری تیرجنج و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی**

پۆلێنەکەی تیرجنج بە یەکێك لە پۆلێنە سەردەمییەکان دادنرێت بۆ پێوانەکردنی پەیوەندی نێوان ئاوهەواو کاردانەوە فسیۆلۆجیەکانی لەشی مرۆڤ. بۆ یەکەم جار ئەم پۆلێنە لە ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن (Werner H. Terjung) دانراوە و جێ بەجێ کراوە بۆ دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی هەرێمەکانی ئاوهەوای فیسیۆلۆجی لە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا.

تیرجنج لە پۆلێنکاریەکەیدا کاردانەوە فیسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیەکانی مرۆڤی بۆ هەریەکە لە ڕەگەزەکانی پلەی گەرمی و شێی ڕێژەی و تیشکی خۆر و با بە بنەما داناوە[5].

ئەم پۆلێنە بە یەکێك لە باشترین و گرنگترین پۆلێنەکان دادەنرێت لەبەرئەوەی بەکارهێنانی زۆری هەیە لە بوارەکانی جوگرافیای گەشتوگوزار و ئاوهەوای پراکتیکی و جوگرافیای سەربازی و نیشتەجێ بوون و جوگرافیای پزیشکی.بەلأم زۆرترین بەکارهێنانی ئەم پۆلێنە دەکەوێتە دەکەوێـە چوارچێوەی جوگرافیای گەشتوگوزارەوە چونکە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی باشترین شوێنی شیاو بۆ حەوانەوە و توانای ئەوەی هەیە باشترین کاتەکانی ڕۆژ و مانگ و ساڵ دیاری بکات بۆ گەشتوگوزار. لەلایەکی ترەوە هاوکار دەبێت لە دیاریکردنی

[١] شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١١، لا ٦٤-١٠٢.

[٢] نشوان شکری عبدالله، انماط المناخ الفسيولوجي في مدينة زاخو ( دراسة في المناخ التطبيقي)، مجلة ابحاث كلية تربية الاساسية، المجلد ٧، العدد ١، ٢٠٠٥.

[٣] عبد الامام نصار دريري، تقيم المناخ السياحي في الاردن باستخدام تصنيف تيرجنج الحيوي، مجلة الابحاث البصرة (الانسانيات)، المجلد ٣٠، العدد (٢-ج)، ٢٠٠٦.

[٤] نعمان شحادة، انماط المناخ الفسيولوجية في الاردن: دراسة تطبيقية للعلاقة بين المناخ و احاسيس الناس، دراسات، المجلد ١٢، العدد ٢، ١٩٨٥.

[5] Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966, P 141.

جۆری جل و بەرگ و چالاکی پیادەکراوی گەشت و گوزاری، ئەمە جگە لە یارمەتیدان لە دۆزینەوەی ناوچەی گەشتوگوزاری نوێ و نەزانراو[١].

خاڵی جیاکەرەوەی ئەم پۆلێنە ئەوەیە کە تیرجنج شەو و ڕۆژی جیاکردۆتەوە لە پۆلێنەکەید لە ڕێگەی هەردوو ئاماژە (قرینە)ی حەوانەوەی شەوانە و ڕۆژانە، بەهۆی جیاوازی بارودۆخی ئاوهەوای لە نێوانیاندا کە هەریەکەیان بە جۆرێك کاردەکەنە سەر رادەی حەوانەوە، دواتر لە ڕێگەی لێکدانی هەردوو ئاماژی پێشتر ئاماژەی تێکەڵی ڕۆژانەی دۆزیوەتەوە (قرینە الراحە المرکبە الیومیە)[٢].

بە پشت بەستن بە هاوسەنگی گەرمی لەشی مرۆڤ و بە بەکارهێنانی چەند رەگەزێکی ئاوهەوای گرنگ ( تێکرای بەرزترین پلەی گەرمای رۆژانە، تێکرای نزمترین پلەی گەرمای رۆژانە، تێکرای نزمترین شێی رێژەی رۆژانە، تێکرای بەرزترین شێی رێژەی رۆژانە، تێکڕای خێرای با بە م/چرکە، تێکڕای کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری راستەقینە، تێکڕای کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆری تیۆری) تیرجنج دوو ئاماژە (قرینە) ی دروستکردووە کە بریتین لە ئاماژەی حەوانەوە (قرینە الراحە) و ئاماژەی کاریگەری با (قرینە تاپیر الریاح)، لە کۆتایشدا بە کۆکردنەوەی ئاماژەی لێکدراوی حەوانەوە و ئاماژەی لێکدراوی با شێوازەکانی ئاوهەوای فیسیۆلۆجی دیاری دەکرێت[٣].

جێ بەجێ کردنی پۆلێنەکە بە سێ قۆناغ دەکرێت* کە بریتین لە:

**یەکەم: دیاریکردنی پلەی حەوانەوە**

لەژێر ڕۆشنایی پلەی گەرمای کارا (درجە حرارە الفعالە) لە ڕێی خشتەیەکی پێوانەکردن (خشتەی ژمارە ١) کە یانزە ناوچەی ئاووهەوای فیسیۆلۆجی لەسەر دیاریکراوە و بە شێوەی بەهای ژمێرەی روونکراوەتەوە، هەروەها شێوەیەکی پێوانەکردن (هێڵکاری ژمارە ١) کە کۆمەڵێك هێما و بەهای لەسەر دیاریکراوە. بە پشت بەستن بە رەگەزی پلەی گەرما و شێ ئاماژەی حەوانەوە دیاری دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ئاماژەی حەوانەوە لەشەودا دەردەهێنرێت بە بەکارهێنانی ناوەندی نزمترین پلەی گەرمای ڕۆژانە و تێکڕای بەرزترین شێی ڕێژەی رۆژانە.
٢. ئاماژەی حەوانەوە لە رۆژدا: بە بەکارهێنانی ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمای رۆژانە و نزمترین شێی ڕێژەی رۆژانە.
٣. ئاماژەی حەوانەوەی لێکدراو ( قرینە الراحە المرکبە): بە لێکدانی هەردوو ئاماژەی سەرەوە ، بەراوردکردنی ئەنجامەکانی بە (خشتەی ژمارە ٢) ئاماژەی حەوانەیلێکدراومان بۆ دەردەچێت.

---

[١] د.علي حسن موسى، المناخ و السياحة مع نموذج تطبيقي سورية و مصر، دار الانوار للطباعەء النشر، دمشق، ١٩٩٨، ص٧٥.

[٢] د. علي حسن موسى، المناخ الحيوي، نينوي للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٢، ص٦٩.

[٣] نشوان شكرى عبدالله، انماط الناخ الفسيولوجي في مدينة زاخو ( دراسة في المناخ التطبيقي)، المصدر السابق، ص١٢٧.

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ا. د.علي حسن موسى، المناخ و السياحة مع نموذج تطبيقي سورية و مصر، مصدر السابق، ص٧٦–٨٨، ب. كاظم عبدالوهاب حسن الاسدي، أقاليم الراحة في العراق باستخدام معيار تيرجنج، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، العدد(٤٤)، ٢٠٠٠، ص ٤٧–٦٨، ج. د.شيروان عمر رشيد، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧–٨٨).

**خشتەی ژمارە( ١)**

**ئاماژەی حەوانەوە**

| ناوچە | جۆری ئاوهەوای هەستپێکراو |
|---|---|
| -6 | ئەوپەڕی ساردی |
| -5 | زۆر زۆر سارد |
| -4 | زۆر سارد |
| -3 | سارد |
| -2 | تاڕادەیەك سارد |
| -1 | مام ناوەندسارد |
| 0 | حەسانەوە |
| +1 | دافیو |
| +2a | گەرم |
| +2b | زۆر گەرم |
| +3 | ئەو پەڕی گەرمی |

**سەرچاوە:**

Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966, P 178.

**هێڵكاری ژمارە(١)**

**ئاماژەی حەوانەوە بە پێی پۆلێنكاری تیرجنج**




**سەرچاوە:**

Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966, P 148.

**خشتەی ژمارە ٢**

**هێماکانی ئاماژەی حەوانەوەی لێکدراو - شەو و ڕۆژ – بە پێی تیرجنج**

| هێمای شەو و ڕۆژ | هێمای ئاماژەی لێکدراو | هێمای شەو و ڕۆژ | هێمای ئاماژەی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| +3/+2b | EH1 | 0/0 | M1 |
| +2/+2a | EH2 | 0/-1 | M2 |
| +3/+1 | EH3 | 0/-2 | M3 |
| +3/0 | EH4 | 0/-3 | M4 |
| +3/-1 | EH5 | ...هتد | ...هتد |
| ...هتد | ...هتد | -1/-1 | C1 |
| +2b/+2b | S1 | -1/-2 | C2 |
| +2b/+2a | S2 | -1/-3 | C3 |
| +2b/+1 | S3 | ...هتد | ...هتد |
| +2b/0 | S4 | -2/-2 | K1 |
| +2b/-1 | S5 | -2/-3 | K2 |
| ...هتد | ...هتد | -2/-4 | K3 |
| +2a/+2a | H 1 | ...هتد | ...هتد |
| +2a/+1 | H2 | -3/-3 | CD1 |
| +2a/0 | H3 | -3/-4 | CD2 |
| +2a/-1 | H4 | -3/-5 | CD3 |
| +2a/-2 | H5 | ...هتد | ...هتد |
| ...هتد | ...هتد | -4/-4 | VC1 |
| +1/+1 | W1 | -4/-5 | VC2 |
| +1/0 | W2 | ...هتد | ...هتد |
| +1/-1 | W3 | -5/-5 | EC1 |
| +1/-2 | W4 | ...هتد | ...هتد |

**سەرچاوە: شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١١، لا٣١٤.**

**هێما لێکدراوەکانی نێو خشتەکە ئاماژەیە بۆ:**

زۆر گەرم =EH    زۆر سارد =VC    داڤ =W    گەرم =H    ئەو پەڕی سارد (شدید البرودە) = EC

مامناوەند =M    ئاشکرا سارد (بروده واچحه)=CD    ساردی مامناوەند =K    بێزار (گەرم و شێدار) =S

سارد=C

**دووەم: پێوانەکردنی ئاماژەی کاریگەری با**

ئەم ئاماژەیە بەکاردێت بۆ هەژمارکردنی کاریگەری با لەسەر دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ و بە تەواوکەری پۆلێنەکەی تیرجنج دادەنرێت، چونکە لە ئاماژەی حەوانەوەدا تەنها ئاماژە بە کاریگەری پلەی گەرمی و شێی رێژەی کراوە لە بارودۆخێکی تەواو جێگیر و بێ جوڵەی هەوا. بێگومان کاریگەری با لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆرێت لە ژێر کاریگەری تیشکی خۆردا لە رۆژدا، کاتێك تیشکی خۆر بەدەروەیە، رۆڵی با لە ساردکردنەوەی لەشی مرۆڤ کەم دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە لەشەودا.

١. کاریگەری با لە رۆژدا پێوانە دەکرێت بەبەکارهێنانی هێڵکاری (٢) کە تیرجنج ئامادەی کردووە، یان دەتوانرێت پشت بە هاوکێشەی سپل و بازل ببەسترێت کە لە خوارەوە روونکراوەتەوە بە بەکارهێنانی ناوەندی بەرزترین پلەی گەرمای رۆژانە و ناوەندی رۆژانەی خێرای با.

K= (33-T) (10 √ V+ 10.45-V)

K= ئاماژەی ساردکردنەوەی با

V= خێرایی با م/چرکە

T= پلەی گەرمی هەوا

پێویستە کاریگەری تیشکی خۆر بەهەند وەربگیرێت لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری ساردکردنەوەی با کە تیرجنج بە هاکەی بە ٢٠٠کیلۆکالۆری/م٢/کاتژمێر دیاریکردووە. رادەی کاریگەری تیشکی خۆریش وەستاوەتە سەر ژمارەی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی تیشکی خۆر، لەبەر ئەمە پێویستە ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدەین بۆ دەرهێنانی کاریگەری با لە رۆژدا:

أ. هەژمارکردنی بەهای ئاماژەی کاریگەری با (قيمە قرينە الرياح) بە بەکارهێنانی هێڵکاری ژمارە ٢، یان بە بەکارهێنای هاوکێشە سپل و بازل.

ب. ئەنجامی هەنگاوی یەکەم جارانی ژمارەی کاتژمێرە تیۆریەکانی دەرکەوتنی خۆر دەکەین لە رۆژێکدا.

ت. ژمارەی کاتژمێرەکانی دەرکەوتنی خۆری راستەقینە جارانی ٢٠٠ کیلۆکالۆری/م٢/کاتژمێر.

پ. بەهای هەنگاوی سێیەم لە بەهای هەنگاوی دووەم دەردەهێنرێت.

ج. ئەنجامی هەنگاوی چوار دابەشی ژمارەی کاتژمێرە تیۆریەکانی دەرکەوتنی خۆر دەکەین بەمەش تێکرای کاریگەری ساردکرنەوەی با دەردەچێت بە کیلۆکالۆری/م٢/کاتژمێر

٢. کاریگەری با لە شەودا: لەبەرئەوەی کاریگەری تیشکی خۆر لەشەودا نامێنێت، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپل و بازل و بە پشت بەستن بە ناوەندی رۆژانەی نزمترین پلەکانی گەرما و تێکرای خێرای با کاریگەری با لەشەودا هەژماردەکرێت.

بۆ هەر بەهایەك لە ئاماژەکانی شەو و رۆژدا، تیرجنج هێمایەکی داناوە کە ئاماژەیە بۆ سروشتی هەستکردنی مرۆڤ بۆ با (خشتەی ژمارە ٣).

٣. ئاماژەی کاریگەری (با) ی لێکدراوە (قرينە تاپير الرياح المركبە): بە تێکەڵکردنی ئاماژەی با لە رۆژ و شەودا، ئاماژەی لێکدراوی با دەردەهێنرێت، کە بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی بەوهێمایانەی کە لە خشتەی (٤) دا هاتوون شێوازەکانی هەستکردنی مرۆڤمان بۆ حەوانەوە دەست دەکەوێت.

**سێیەم: دیاریکردنی شێوازەکانی ئاو و هەوای فیسیۆلۆجی ڕۆژانە**

**لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئاماژەی حەوانەوەی لێکدراوی ڕۆژانە و ئاماژەی ساردکردنەوەی لێکدراوی ڕۆژانە، شێوازەکانی ئاوهەوای فیسیۆلۆجی ڕۆژانەمان بۆ دەردەچێت، وە بۆ دیاریکردنی هەرێمە ئاوهەواییە فسیۆلۆجیەکان، ئاماژەی حەوانەوەی ڕۆژاەی مانگی تەمموز و کانوونی دووەم کۆدەکەینەوە چونکە ئەم دوو مانگە زۆرترین سەرپەریان تێدایە.**

هێڵکاری ژمارە(٢)

ئاماژەی ساردکردنەوەی با بەپێی پۆلێنکاری تیرجنج




**سەرچاوە: شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١١، لا٣٢٥.**

خشتەی ژمارە(٣)

ئاماژەی ساردکردنەوەی با

| هێما | کیلۆ کالۆری/م٢ /کاتژمێر | شێوازی هەستپێکراو لە لایەن زۆرینە |
|---|---|---|
| h- | زیاتر لە ١٤٠٠ | ئەو بەشانەی ڕاستەوخۆ بەرهەوا دەکەون دەیبەستێت |
| g- | ١٤٠٠ -١٢٠٠ | تائەوپەڕی بایەکی ساردە |
| f- | ١٢٠٠-١٠٠٠ | بایەکی زۆر سارد |
| e- | ١٠٠٠-٨٠٠ | بایەکی سارد |
| d- | ٨٠٠-٦٠٠ | بایەکی مامناوەندی ساردکەرەوە |
| c- | ٦٠٠-٣٠٠ | بایەکی کەم ساردکەرەوە (خفیف) |
| b- | ٣٠٠-٢٠٠ | بایەکی خۆش |
| a- | ٢٠٠-٥٠ | بایەکی کەم کاریگەر |
| n | ٥٠ - (-٨٠) | هیچ کاریگەری نییە لەسەر پلەی گەرمی لەش |
| a | (-٨٠) -(-١٦٠)★ | بایەکی(دافی) پلەی گەرمی لەش بەرزدەکاتەوە |
| b | (-٨٠) - (-١٦٠)★★ | زۆرکردنی هەستکردن بەگەرماو نارەحەتی |
| c | زیاتر لە -١٦٠★★★ | زیادەڕەویەکی زۆرو هەستکردن بەگەرماو زۆر نارەحەت (بێزارکەر) |

سەرچاوە/ توێژەر پشتبەست بە:

Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966, P 178.

★ کاتێك ڕووئەدات کە پلەی گەرمی لە نێوان ٣٠-٣٣پلەی سەدی دابێت.

★★ کاتێك ڕووئەدات کە پلەی گەرمی زیاتر بێت لە ٣٣پلەی سەدی .

★★★ کاتێك ڕووئەدات کەپلەی گەرمی زیاتر بێت لە ٣٥,٥پلەی سەدی.

خشتەی ژمارە(٤)

هێماکانی ئاماژەی با – شەو و ڕۆژ- بەپێی پۆلێنی تیرجنج

| هێمای شەو و ڕۆژ | هێمای ئاماژەی لێکدراو | هێمای شەو و ڕۆژ | هێمای ئاماژەی لێکدراو |
|---|---|---|---|
| c/-a | c1 | -b/-c | -b2 |
| c/-b | c2 | -b/-d | -b3 |
| c/-c | c3 | -b/-e | -b4 |
| b/-a | b1 | -c/-c | -c1 |
| b/-b | b2 | -c/-d | -c2 |
| b/-c | b3 | -c/-e | -c3 |
| b/-d | b4 | -c/-f | -c4 |
| a/-a | a1 | -d/-d | -d1 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| -d2 | -d/-e | a2 | a/-b |
| -d3 | -d/-f | a3 | a/-c |
| -d4 | -d/-g | a4 | a/-d |
| -e1 | -e/-e | n1 | n/-a |
| -e2 | -e/-f | n2 | n/-b |
| -e3 | -e/-g | n3 | n/-c |
| -e4 | -e/-h | n4 | n/-d |
| -f1 | -f/-f | -a1 | -a/-a |
| -f2 | -f/-g | -a2 | -a/-b |
| -f3 | -f/-h | -a3 | -a/-c |
| -g1 | -g/-g | -a4 | -a/-d |
| -h1 | -h/-h | -a5 | -a/-e |
| - | - | -b1 | -b/-b |

سەرچاوە:

Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966, P 178.

**باسی دووەم: شیکردنەوە و دیاریکردنی ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی لە ناوچەی دووکان**

دوای جێ بە جێ کردنی پۆلێنەکەی تیرجنج بەسەر داتا ئاوهەواییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لەم باسەدا شیکردنەوەی پێویست بۆ ئەنجامەکانی پۆلێنەکە دەکرێت و ڕۆژەکانی حەوانەوەی فیسیۆلۆجی دەستنیشان دەکرێن.

یەکەم: ئاماژەی حەوانەوەی ئاوهەوای

لەم هەنگاوەدا ڕۆژە شیاوەکان بۆ حەوانەوەی فیسیۆلۆجی دیاری دەکرێت بەپێیئاماژەکانی ڕۆژو شەو لە لایەك، ئاماژەی لێکدراو لەلایەکی تر.

**١. ئاماژەی حەوانەوە لە ڕۆژدا**

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (٥) ئەوە دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەست بە سەرمایەکی ڕوون دەکات (-٢) کە هەر لە کۆتا ڕۆژەکانی ماگی تشرینی یەکەم دەست پێدەکات و تاوەکو کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئازار بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی (١١٥) ڕۆژ. بەڵام لە هەریەك لە ڕۆژەکای ١١ و ١٥ ئازار هەستکردن بە سەرما کەم دەبێتەوە و بەهای (-١) وەردەگرێت کە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە سەرمایەکی مام ناوەند.

لە ٢١ ی ئازارەوە هەستکردن بەسەرما بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و مرۆڤ هەست بە ساردیەکی مام ناوەند دەکات (-١). ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت تاوەکو سەرەتای مانگی نیسان کە تیایدا بەهای هەستکردن بە حەوانەوە دەگۆڕێت بۆ (٠) کە بارودۆخێکە مرۆڤ تیایدا هەست بەحەوانەوەی تەواوەتی دەکات، ئەم بارودۆخە ئاوهەواییە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی ٣٦ ڕۆژ کە لە دووەم ڕۆژ مانگی نیسان دەست پێدەکات و لە هەفتەی دووەمی مانگی مایس کۆتایی دێت، کە لەوێوە بارودۆخی ئاووهەوایی (داڤ) زاڵ دەبێت بەسەر ناوچەکەدا و بۆماوەی ٢١ ڕۆژ درێژە دەکێشێت.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە وەچەرخاێکی تر لە ئاوهەوای ناوچەکە روودەدات و بارودۆخێکە بەرەو گەرمبوون دەروات کە بە (+2a) هێما دەکرێت لە پۆلێنی تیرجنج دا، ئەمەش بارودۆخێکە مرۆڤ تیایدا هەست بە گەرما دەکات و هەستکردن بە حەوانەوە کەم دەبێـەوە. ئەم بارودۆخە لە مانگەکانی تەمموز و ئاب و ئەیلولیشدا بەردەوام دەبێت و هەستکردن بە نارەحەتی زیاتردەبێت. بەڵام جارێکی تر لە کۆتا رۆژی مانگی ئەیلولدا ئاوهەوای ناوچەکە دەگۆڕێت بەرەو (دافێ) (+١) و بۆماوەی ٢١ رۆژ بەردەوام دەبێت. دواتر هەستکردن بە حەوانەوە (٠) باڵ دەکێشێت بەسەر بارودۆخی ئاو و هەوایی ناوچەکەدا و بۆماوەی ٣ هەفتە بەردەوام دەبێت، دواتر بارودۆخەکە دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بە سەرمایەکی مام ناوەند (-١) کە تەنها بۆ ماوەی ١ هەفتە بەردەوام دەبێت، بەڵام دواتر لە کۆتا رۆژەکانی مانگی تشرینی دووەم ئاوهەوای ناوچەکە دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بە سەرمایەکی روون (-٢).

لێرەوە دەتوانین گرنگی رێژەیی هەریەك لە بارودۆخە ئاوهەواییەکان بخەینەروو:

أ. سەرجەمی ئەورۆژانەی مرۆڤ تیایدا هەست بە حەوانەوە دەکات دەگاتە (٥٩) رۆژ، ئەمەش (١٦.٢٪) سەرجەم رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت و زۆربەیان کەوتونەتە مانگەکانی وەرزی بەهار (نیسان و مایس)، بەشێکیشیان دەکەونە مانگەکانی وەرزی پایز بە تایبەت کۆتاییەکانی تشرینی یەکەم و سەرەتاکانی تشرینی دووەم.

ب. ژمارەی ئەورۆژانەی کە مام ناوەندی ساردن (-١) بریتیە لە ٢٥ رۆژ کە رێژەی ٦.٨٪ رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە و زۆربەیان کەوتونەتە مانگەکانی ئازار و تشرینی دووەم.

ت. رۆژە (دافێ)ەکان ژمارەیان ٤٥ رۆژە و کەوتونەتە مانگەکانی مایس و تشرینی یەکەمەوە، رێژەی ١٢.٣٪ رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

پ. هەرچی رۆژە ساردەکانە، ژمارەیان دەگاتە ١١٥ رۆژ و رێژەی ٣١.٥٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ج. ئەورۆژانەی کە مرۆڤ تیایاندا هەست بە گەرما و بێزاری دەکات ژمارەیان ١٢١ رۆژە و زۆرترین رۆژەکانی ساڵ داگیردەکەن بە رێژەی ٣٣.١٪.

٢. **ئاماژەی حەوانەوە لە شەودا**

خشتەی ژمارە (٥) ئاماژەی حەوانەوە لەشەودا روون دەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

مرۆڤ هەست بە ساردیەکی روون دەکات (-٢) لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەم دەست پێ دەکات و تاوەکو سەرەتاکانی مانگی مایس بەردەوام دەبێت، واتە کۆی ١٩٨ شەو دەخایەنێت. لە دووهەفتەی ناوەراستی مانگی مایس بارودۆخی هەستکردن بە سەرمایەکی مام ناوەند (-١) زاڵ دەبێت بەسەر ناوچەکەدا، بەڵام زۆر ناخایەنێت و لە کۆتا هەفتەی هەمان مانگدا بارودۆخەکە گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بەسەردا دێت بە جۆرێك مرۆڤ هەست بە حەوانەوەی تەواو دەکات (٠)، ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت تاوەکو کۆتا هەفتەی مانگی حوزەیران کە لە وێوە هەستکردنی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بە ئاوهەوایەکی (دافی) (١). بەڵام لە سەرەتای مانگی تەمموز بۆماوەی تەنها ٤ شەو جارێکی تر بارودۆخی ئاوهەوا دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بە حەوانەوەی تەواو (٠). لەم کاتە بەدواوە، بۆماوەی ٥٠ شەو هەستکردن بە ئاوهەوایەکی دافی (١) باڵ دەکێشێت بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا و تا کۆتا شەوەکانی مانگی ئاب بەردەوام دەبێت. دواتر بۆماوەی ٢٩ شەو بەدوای یەکدا مرۆڤ هەست بە

**حەوانەوی تەواو دەکات (٠). بەڵام لە ٢٥ ئەیلولەوە تا ١٩ تشرینی یەکەم و بە پچڕ پچڕی هەست بە ئاوهەوایەکی مام ناوەندی سارد (-١) دەکرێت.**

**لەمەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێوازەکانی ئاوهەوای فسیۆلۆجی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە شەودا بریتین لە:**

**أ. هەستکردن بە ساردیەکی روون (-٢) بۆ ماوەی ١٩٨ شەو، کەڕێژەی ٥٤.٢٪ سەرجەم شەوەکانی ساڵ دەگرێتەوە.**

**ب. هەستکردن بە ئاوهەوایەکی ساردی مام ناوەند (-١) بە ڕێژەی ١٠.٢٪ ی سەرجەم شەوەکانی ساڵ.**

**ت. هەستکردن بە حەوانەوە (٠) بە ڕێژەی ١٩.٧٪ شەوەکانی ساڵ.**

**پ. هەستکردن بە ئاوهەوایەیکی دافی بە ڕێژەی ١٥.٩٪ سەرجەم شەوەکانی ساڵ.**

### ٣. ئاماژەی لێکدراوی حەوانەوە (قرینه الراحه المرکیه)

**بەمەبەستی گەیشتن بە وێنەیەکی وورد و دروستی شێوازەکانی ئاوهەوای فسیۆلۆجی ناوچەی لێکۆڵینەوە، پێویستە هەردوو ئاماژەی حەوانەوەی شەو و ڕۆژ لێکبدەین و ئاماژەی لێکدراوی حەوانەوەی لێ دروستیکەین. ئەم ئاماژەیە بریتیە لە تێکڕای گەرمی شەو و ڕۆژ بۆ دەستنیشانکردنی بارودۆخی ئاوهەوا؛**

**بە تێڕامان لە خشتەی ژمارە (٥) کە ئەنجامەکانی ئاماژەی لێکدراوی تیادا خراوەتە روو ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەون:**

**أ. هەستکردن بە ساردی لە ژێر هێمای (K1،C2) لە ١٠ی تشرینی دووەمەوە بە پچڕ پچڕی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەست پێدەکات، وە بە بێ پچڕان لە کۆتا هەفتەی تشرینی دووەمەوە تاوەکو یەکەم ڕۆژی مانگی نیسان بەردەوام دەبێت. لە ماوەیەدا شەوی ناوچەکە ساردیەکی روونی تیادا بەدی دەکرێت و ڕۆژیش لە نێوان ساردی روون و مام ناوەندی سارددا دەبێت. ئەم بارودۆخی هەستکردن بە ساردیە ماوەی ١٤٠ ڕۆژ دەخایەنێت، بەمەش ڕێژەی ٣٨.٣٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ داگیر دەکات.**

**ب. ، هەستکردن بە ئاوهەوایەکی مام ناوەند لە ژێر هێماکانی M3 و M2 لە چەند کاتێکی جیاوازدا و لە هەریەك لە مانگەکانی نیسان و چەند ڕۆژێکی مایس تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و هەستی پێدەکرێت. ئەم بارودۆخە دروست دەبێت بەهۆی هەستکردن بە حەوانەوەی تەواوەتی لەرۆژداو هەستکردن بە ساردیەکی روون بۆ ساردیەکی مام ناوەند لە شەودا. ئەم شێوازی ئاوهەوایە بۆ ماوەی ٥٩ ڕۆژ و ڕێژەی ١٦.١٦٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.**

**ت. بۆ ماوەی ٤٤ ڕۆژ و لە سەرەتای هەفتەی دووەمی مانگی مایس تا سەرەتای حوزەیران و سێ هەفتەی یەکەمی تشرینی یەکەم لە مرۆڤ هەست بە ئاوهەوایەکی دافی (نە سارد نەگەرم) دەکات لە ناوچەکەدا (W2 ، W3 ، W4). واتە لەم ماوەیەدا ڕۆژی ناوچەکە دافی (١) دەبێت و شەویشی سارد(-٢) و مام ناوەندی سارد(-١) و خۆش (٠) دەبێت. ئەم بارودۆخە و ڕێژەی ١٢.٠٥٪ ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.**

**پ. لە مانگی حوزەیران تا مانگی تشرینی یەکەم ئاووهەوای ناوچەکە گەرم دەبێت بە پلەی جیاواز و هێماکانی (H2 ،H3) وەردەگرێت. لە ماوەیەدا ڕۆژی ناوچەکە گەرم و شەویشی لە نێوان خۆش و دافی دادەبێت. ئەم جۆرە هەستکردنە بۆ ماوەی ١٢٢ ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ڕێژەی ٣٣.٤٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.**

**دووەم: ئاماژەی کاریگەری با (قرائن تائپیر الریاح)**

ئەم ئاماژەیە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی کاریگەری با لە ساردکرنەوەی لەشی مرۆڤ، لە شەو و ڕۆژ لە لایەك و هەردووکیان بە لێکدراوی لە لایەکی ترەوە.

**١. ئاماژەی کاریگەری با لە ڕۆژدا**

بەهای کاردکردنی با بۆ نزمکردنەوەی پلەی گەرمی لەشی مرۆڤ لەشەو و ڕۆژدا جیاوازە، بە هۆی بوونی تیشکی خۆر لەڕۆژدا کە کاریگەری ساردکردنەوەی با کەم دەکاتەوە بۆیە دەبێت لە کاتی هەژمارکردنی کاریگەری با لەڕۆژدا، کاریگەری تیشکی خۆری لێ دەربکرێت. خشتەی ژمارە ٦ ئەنجامەکانی ئاماژوی کاریگەری با لەڕۆژدا دەخاتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە هەست بە بایەکی هێواش (خفیف) کەم ساردکەرەوە (-c) دەکرێت دەگاتە ٩٩ ڕۆژ، واتە ڕێژەی ٢٧.١٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت. بەشی هەرەزۆری ئەم ڕۆژانەش دەکەونە مانگەکانی کانوونی یەکەم، کانوونی دووەم، شوبات، و چەند ڕۆژێکی مانگی ئازار.

ب. بەشێوەیەیکی پچڕ پچڕ و بۆماوەی ٢٢ ڕۆژ لە هەریەك لە مانگەکانی ئازار، نیسان، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم هەست بە بایەکی خۆش (-b) دەکرێت. ئەمەش ڕێژەی ٦٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ت. بۆ ماوەی ٥٥ ڕۆژ و بەرێژەی ١٥٪ هەست بە بایەکی کەم کاریگەری (-a) دەکرێت. ئەم ڕۆژانەش بە شێوەیەیکی پچر پچر دابەش بوون بەسەر مانگەکانی ئازار، نیسان، مایس و تشرینی یەکەم.

پ. با هیچ کاریگەری نابێت (n) بۆ ماوەی ٢٣ ڕۆژ لە هەریەك لە مانگەکانی نیسان و مایسدا. ئەمەش ڕێژەی ٦.٣٪ ڕۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ج. (با)یەکی دافی (a) نیمچە گەرم کە پلەی گەرمی لەش بەرزدەکاتەوە تەنها بۆ ماوەی ٦ ڕۆژ و بە ڕێژەی ١.٦٪ ڕۆژەکانی ساڵ بە پچر پچری لە مانگی مایسدا هەستی پێدەکرێت.

ح. سەرجەمی ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ هەست بە بێزاری و نارەحەتی دەکات (C) دەگاتە ١٦٠ ڕۆژ و ڕێژەی ٤٣.٨٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ دەگرێـەوە، کە هەر لە کۆتاییەکانی ماگی مایس دەست پێدەکات و تاوەکو تشرینی دووەم بەردەوام دەبێت. لەم ماوەیەدا پلەی گەرما دەچێتە سەرووی ٣٥ پلەی سەدی، بەمەش کاریگەری با نامێنێت و مرۆڤ هەست بە نارەحەتی و بێزاری دەکات.

لەمەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەوڕۆژانەی هەست بە بایەکی خۆش دەکرێت تەنها ٦٪ ڕۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت، لە کاتێکدا ئەو ڕۆژانەی مرۆڤ تیایاندا هەست بە نارەحەتی بێزاری دەکات دەگاتە ٤٣.٨٪ سەرجەم ڕۆژەکانی ساڵ.

**٢. ئاماژەی کاریگەری با لە شەودا**

بە پشت بەستن بە نزمترین پلەکانی گەرما و تێکرای ڕۆژانەی خێرای با، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپل و بازل، ئاماژەی کاریگەری با لە شەودا دەردەهێنرێت. خشتەی ژمارە ٦.

أ. لە دووەم هەفتەی مانگی کانوونی یەکەمەوە تاوەکو ٢١ ی ئازار، بۆ ماوەی ٩٥ شەو هەست بە بایەکی مام ناوەند لە ساردیدا (-d) دەکرێت. ئەمەش ڕێژەی ٢٦٪ شەوەکانی ساڵ داگیر دەکات.

ب. لە چەند مانگێکی جیاواز و بۆماوەی ١٤٠ شەو و بەرێژەی ٣٨.٣٪ شەوەکانی ساڵ هەست بە بایەکی کەم ساردکەرەوە (-c) دەکرێت.

ت. سەرجەمی ئەو شەوانەی کە تیایدا هەست بە بایەکی خۆش (-b) دەکرێت دەگاتە ٥٢ شەو، ئەمەش رێژەی ١٤.٢٪ سەرجەم شەوەکانی ساڵ پێکدێنن، کە کەوتونەتە مانگەکانی مایس، حوزەیران، ئەیلول و تشرینی یەکەم.

پ. تەنها لە ١ شەودا هەست بە بایەکی سارد (-e) دەکرێت ئەویش کەوتۆتە مانگی شوبات.

ج. بۆ ماوەی ٧٧ شەو با کاریگەری کەم دەبێت (-a) ئەمەش رێژەی ٢١٪ سەرجەم شەوەکانی ساڵ دەگریتەوە، کە لە ناوەراستی مانگی حوزەیران دەست پێدەکات تا تشرینی یەکەم بەردەوام دەبێت.

### ٣. ئاماژەی لێکدراوی با

ئەم ئاماژەیە لە ئەنجامی لێکدای هەردوو ئاماژەی با (شەو و رۆژ) دروست دەکرێت بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێك ورد و دروست. ئەنجامەکانی ئەم ئاماژەیە لە خشتەی ژمارە ٦ خراونەتە روو بەم شێوەیە:

أ. بۆ ماوەی ٨٧ رۆژ و بە پچر پچری لە هەرەیەك لە مانگەکانی کانونی یەکەم، کانوونی دووەم، شوبات و ئازار شێوازی ئاماژەی لێکدراوی (-C2) زاڵ دەبێت بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، کە ئاماژەیە بۆ بایەکی کەم ساردکەرەوە (-c) لە رۆژدا و بایەکی مام ناوەندی ساردکەرەوە (-d) لە شەودا. ئەمەش رێژەی ٢٣.٨٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.

ب. شێوازی ئاوهەوایی (-C1) کە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە بایەکی کەم ساردکەرە لە شە و رۆژدا بۆ ماوەی ١٠ رۆژ لە هەریەك لە مانگەکانی شوبات و کانوونی دووەم هەستی پێدەکرێت. واتە رێژەی ٢.٧٣٪ رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ت. شێوازەکانی (با)ی مام ناوند و کاریگەر کەم لە ساردکردنەوە (-a3-, a4) لە رۆژدا و کاریگەر کەم لە شەودا، بە شێوەیەکی پچر پچر لە هەریەك لە مانگەکانی تشرینی دووەم و ئازار و نیسان و مایس بۆ ماوەی ٦٠ رۆژ بەدی دەکرێن، بەمەش رێژەی ١٦.٤٪ رۆژەکانی ساڵ داگیر دەکات.

پ. بۆ ماوەی ٢٤ رۆژ و  بە پچر پچری لە هەریەکە لە مانگەکانی تشرینی دووەم و ئازار و نیسان، بایەکی خۆش (-b2، -b3) هەستی پێدەکرێت، واتە رێژەی ٦.٦٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ج. شێوازی (-d2) کە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە بایەکی مام ناوەندی سارد لە رۆژدا و بایەکی سارد لە شەودا تەنها لە یەك رۆژی مانگی شوباتتدا هەستی پێدەکرێت.

ح. بە پچر پچری و لە هەریەك لە مانگەکانی نیسان و مایس، بۆ ماوەی ٢٣ رۆژ با کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر ساردکردنەوەی لەشی مرۆڤ، هەر بۆیە هێمای (N3) وەردەگرێت، ئەمەش رێژەی ٦.٣٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.

خ. هەریەك لەهێماکانی C1, C2, C3 زۆرترین شێوازەکانی ئاماژەی لێکدراوی با پێکدەهێنن، کە ئاماژەن بۆ هەستکردن بە بێزاری و نارەحەتی لە رۆژدا و هەستکردن بە بایەکی کەم کاریگەر و هەندێك جار بایەکی خۆش و کەم ساردکەرەوە لە شەودا. ئەم بارودۆخە بۆ ماوەی ١٦٠ رۆژ زاڵ دەبێت بەسەر ناوچەکەدا و رێژی ٤٣.٨٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ئاماژەی کاریگەری با (شەو، ڕۆژ، لێکدراو)**

| ڕۆژ | کانونی دووەم ڕۆژ | کانونی دووەم شەو | کانونی دووەم لێکدراو | شوبات ڕۆژ | شوبات شەو | شوبات لێکدراو | ئازار ڕۆژ | ئازار شەو | ئازار لێکدراو | نیسان ڕۆژ | نیسان شەو | نیسان لێکدراو | مایس ڕۆژ | مایس شەو | مایس لێکدراو | حوزەیران ڕۆژ | حوزەیران شەو | حوزەیران لێکدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | c- | b2- | a- | c- | a3- | c | b- | c2 |
| 2 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | c- | c3 |
| 3 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a- | c- | a3- | c | b- | c2 |
| 4 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a- | c- | a3- | c | b- | c2 |
| 5 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 6 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 7 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 8 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 9 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | b- | c- | b2- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 10 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | a- | c- | a3- | a | c- | a3- | c | b- | c2 |
| 11 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | a- | c- | a3- | a | c- | a3- | c | b- | c2 |
| 12 | c- | d- | c2- | d- | e- | d2- | b- | c- | b2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 13 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | c- | b2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 14 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c2 |
| 15 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | n | c- | n3 | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 16 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | n | c- | n3 | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 17 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a | c- | a3- | c | a- | c1 |
| 18 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 19 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | b- | d- | b3- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 20 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | d- | a4- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 21 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | d- | a4- | a- | c- | a3- | a | c- | a3- | c | a- | c1 |
| 22 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | a- | c1 |
| 23 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a- | c- | a3- | a | b- | b2- | c | a- | c1 |
| 24 | c- | d- | c2- | c- | d- | c2- | a- | c- | a3- | a- | c- | a3- | c | c- | c3 | c | a- | c1 |
| 25 | c- | d- | c2- | c- | c- | c1- | b- | c- | b2- | n | c- | n3 | c | b- | c2 | c | a- | c1 |
| 26 | c- | d- | c2- | c- | c- | c1- | a- | c- | b2- | n | c- | n3 | c | b- | c2 | c | a- | c1 |
| 27 | c- | d- | c2- | c- | c- | c1- | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | a | c- | a3- | c | a- | c1 |
| 28 | c- | d- | c2- | c- | c- | c1- | b- | c- | b2- | n | c- | n3 | c | b- | c3 | c | a- | c1 |
| 29 | c- | d- | c2- | | | | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c3 | c | a- | c1 |
| 30 | c- | d- | c2- | | | | a- | c- | a3- | n | c- | n3 | c | b- | c3 | c | a- | c1 |
| 31 | c- | d- | c2- | | | | a- | c- | a3- | | | | c | b- | c3 | | | |

| ڕۆژ | تەموز ڕۆژ | تەموز شەو | تەموز لێکدراو | ئاب ڕۆژ | ئاب شەو | ئاب لێکدراو | ئەیلول ڕۆژ | ئەیلول شەو | ئەیلول لێکدراو | تشرینی یەکەم ڕۆژ | تشرینی یەکەم شەو | تشرینی یەکەم لێکدراو | تشرینی دووەم ڕۆژ | تشرینی دووەم شەو | تشرینی دووەم لێکدراو | کانونی یەکەم ڕۆژ | کانونی یەکەم شەو | کانونی یەکەم لێکدراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | b- | c2 | a- | c- | a3- | b- | c- | b2- |
| 2 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | b- | c- | b2- |
| 3 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | c- | c1- |
| 4 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | b- | c- | b2- |
| 5 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | b- | c2 | a- | c- | a3- | c- | c- | c1- |
| 6 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | c- | c1- |
| 7 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | c- | c1- |
| 8 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | c- | c1- |
| 9 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | c- | c1- |
| 10 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 11 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 12 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 13 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | b- | c2 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 14 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | b- | c2 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 15 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 16 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 17 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | b- | c2 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 18 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 19 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 20 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 21 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | c- | c- | c1- | c- | d- | c2- |
| 22 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 23 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 24 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 25 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 26 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 27 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | b- | c2 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 28 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | c- | c3 | c | c- | c3 | a- | c- | a3- | c- | d- | c2- |
| 29 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | c- | c3 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 30 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | c | c- | c3 | c | c- | c3 | b- | c- | b2- | c- | d- | c2- |
| 31 | c | a- | c1 | c | a- | c1 | | | | c | c- | c3 | | | | c- | d- | c2- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، ویستگەی کەشناسی دووکان، تۆماری ئاووهەوایی ٢٠٠٣-٢٠١٣.

**دەرئەنجام**

١. سەبارەت بە ئاماژەی حەوانەوە:

أ. ئەو رۆژانەی کە مرۆڤ تیایاندا هەست بە گەرما و نارەحەتی دەکات زۆرترین رۆژەکانی ساڵ پێکدێنن بە رێژەی ٣٣.١٪، بەڵام ئەو رۆژانەی کە تیایاندا هەست بە حەوانەوە دەکرێت تەنها ١٦.٢٪ رۆژەکانی ساڵ پێکدێن کە کەوتونەتە مانگەکانی نیسان کۆتایی تشرینی یەکەم و سەرەتای تشرینی دووەم. هەرچی سەبارەت بە رۆژە ساردەکانە رێژەیان دەگاتە ٣١.٥٪، رۆژە مام ناوەندە گەرم و ساردەکانیش رێژەی ١٩.٢٪ رۆژەکانی ساڵ داگیر دەکەن.

ب. هەستکردن بە ساردیەکی روون زیاتری لە نیوەی شەوەکانی ساڵدا هەستی پێدەکرێت بە رێژەی ٥٤.٢٪، بەڵام هەستکردن بە حەوانەوەوە تەنها رێژەی ١٩.٧٪ دەگرێتەوە. لە کاتێکدا ئاوهەوای مام ناوەندی سارد و گەرم ٢٦.١٪ ی سەرجەم رۆژەکانی ساڵ پێکدێنێت.

ت. ئاماژەی لێکدراو ئەوە نیشان دەدات کە ٧١.٧٪ رۆژەکانی ساڵ مرۆڤ هەست بە نارەحەتی دەکات بە هۆی ساردی یان گەرمی زۆر. بەڵام ئەو رۆژانەی کە مرۆڤ تیایاندا دەحەوێتەوە تەنها ٥٩ رۆژن واتە رێژەی ١٦.١٦٪ رۆژەکانی ساڵ. رۆژە مام ناوەندە گەرمەکانیش رێژەی ١٢٪ پێکدێنن.

٢. سەبارەت بە ئاماژەی کاریگەری با:

أ. با لە رۆژدا دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێزاری لە ٤٣.٨٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ کە هەر لە کۆتاییەکانی مانگی مایس دەست پێدەکات تاوەکو تشرینی دووەم بەردەوام دەبێت. بەڵام ئەو رۆژانەی کە هەست بە بایەکی خۆش دەکرێت تەنها رێژەی ٦٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵ دەگرێتەوە.

ب. شێوازی گشتی کاریگەری با لە شەودا بریتیە لە بایوکی کەم ساردکەرەوە بە رێژەی ٣٨.٣٪، وە شێوازی بەرەو ساردیە بە هەردوو جۆری سارد و مام ناوەندی سارد بە رێژەی ٢٦.٣٪، بەڵام هەستکردن بە بایەکی خۆش تەنها رێژەی ١٤.٢٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵی بەردەکەوێت، لە کاتێکدا بای کاریگەری کەم ٢١٪ رۆژەکانی ساڵ داگیر دەکات.

ت. ئاماژەی لێکدراوی با ئەوە نیشان دەدات کە تەنها بە رێژەی ٦.٦٪ سەرجەم رۆژەکانی ساڵدا هەست بە بایەکی خۆش دەکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وە رێژەی ٦.٣٪ رۆژەکانیش با کاریگەری ئەوتۆی نابێت لەسەر ساردکردنەوەی لەشی مرۆڤ، لە کاتێکدا ٤٣.٨٪ رۆژەکانی ساڵ مرۆڤ هەست بە نارەحەتی دەکات.

**لیستی سەرچاوەکان:**


١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، ویستگەی کەشناسی دووکان، تۆماری ئاووهەوایی ٢٠٠٣-٢٠١٣.

٢. شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتو گوزار لە پارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١١، لا ٦٤-١٠٢.

٣. عبد الامام نصار دريرى، تقيم المناخ السياحى فى الاردن باستخدام تصنيف تيرجنج الحيوى، مجله الابحاپ البصره (الانسانيات)، المجلد ٣٠، العدد (٢-ج)، ٢٠٠٦.

٤. على حسن موسى، المناخ الحيوى، نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٢.

٥. على حسن موسى، المناخ و السياحه مع نموژج تگبيقى سوريه و مصر، دار الانوار للگباعەو النشر، دمشق، ١٩٩٨.

٦. كاڤم عبدالوهاب حسن الاسدى، أقاليم الراحه فى العراق باستخدام معيار تيرجنج، مجله الجمعيه الجغرافيه العراقيه، العدد(٤٤)، ٢٠٠٠.

٧. نشوان شكرى عبدالله، انماگ الناخ الفسيولوجى فى مدينه زاخو ( دراسه فى المناخ التگبيقى)، مجله ابحاپ كليه تربيه الاساسيه، المجلد ٧، عدد ١، ٢٠٠٥.

٨. نعمان شحاده، انماگ المناح الفسيولوجيه فى الاردن: دراسه تگبيقيه للعلاقه بين المناخ و احاسيس الناس، دراسات، المجلد ١٢، العدد ٢، ١٩٨٥.

9. Terjung.W.H. Physiologic Climates of the Conterminous United States: A Bioclimatic classification Based on man, Annals of the Association of American Geographer.vol.56, 1966.

## پاشکۆی ١

## داتای ڕەگەزە ئاوهەواییەکان لە ویستگەی دووکان (٢٠٠٣-٢٠١٣)

### کانونی دووەم

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | بەرزترین | نزمترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 10.4 | 4.2 | 48.2 | 84.0 | 3.0 | 2.1 | 9:36 |
| 2 | 9.5 | 3.2 | 54.8 | 84.0 | 2.5 | 2.5 | 9:37 |
| 3 | 9.5 | 3.7 | 56.5 | 84.5 | 2.0 | 3.8 | 9:37 |
| 4 | 10.6 | 4.1 | 53.3 | 86.2 | 2.2 | 4.8 | 9:38 |
| 5 | 9.9 | 4.5 | 54.5 | 85.5 | 2.8 | 4.1 | 9:39 |
| 6 | 8.7 | 4.6 | 61.2 | 87.9 | 2.7 | 2.6 | 9:40 |
| 7 | 10.5 | 5.3 | 58.0 | 86.6 | 2.6 | 3.6 | 9:40 |
| 8 | 10.3 | 4.5 | 53.1 | 85.5 | 3.1 | 6.0 | 9:41 |
| 9 | 9.5 | 4.9 | 56.4 | 84.4 | 3.6 | 3.5 | 9:42 |
| 10 | 9.9 | 4.2 | 55.7 | 83.0 | 3.3 | 3.2 | 9:43 |
| 11 | 9.1 | 3.3 | 47.0 | 83.3 | 3.0 | 3.7 | 9:44 |
| 12 | 9.0 | 3.4 | 46.3 | 81.4 | 2.6 | 3.8 | 9:45 |
| 13 | 8.7 | 3.2 | 48.0 | 78.8 | 3.3 | 7.4 | 9:46 |
| 14 | 9.5 | 3.5 | 44.7 | 73.3 | 3.5 | 5.2 | 9:47 |
| 15 | 9.9 | 3.9 | 43.5 | 78.5 | 2.8 | 4.3 | 9:48 |
| 16 | 9.5 | 3.1 | 52.0 | 81.8 | 2.4 | 4.2 | 9:49 |
| 17 | 9.7 | 3.4 | 48.0 | 81.4 | 1.8 | 5.9 | 9:51 |
| 18 | 9.9 | 2.9 | 45.1 | 81.2 | 1.6 | 6.4 | 9:52 |
| 19 | 10.5 | 3.0 | 43.8 | 79.1 | 1.9 | 6.5 | 9:54 |
| 20 | 9.5 | 2.8 | 45.2 | 78.3 | 2.7 | 4.9 | 9:55 |
| 21 | 9.3 | 3.3 | 48.8 | 81.2 | 2.3 | 5.2 | 9:56 |
| 22 | 9.5 | 2.5 | 48.0 | 83.5 | 1.9 | 6.5 | 9:56 |
| 23 | 10.2 | 2.5 | 49.5 | 82.6 | 2.9 | 7.6 | 9:59 |
| 24 | 10.4 | 3.3 | 48.5 | 79.9 | 2.3 | 6.4 | 10:01 |
| 25 | 9.9 | 4.4 | 50.5 | 81.0 | 2.0 | 3.1 | 10:02 |
| 26 | 10.1 | 4.0 | 50.6 | 81.2 | 2.6 | 1.7 | 10:04 |
| 27 | 9.5 | 3.9 | 57.1 | 85.4 | 2.5 | 1.1 | 10:05 |
| 28 | 10.5 | 4.0 | 54.9 | 87.4 | 2.8 | 3.4 | 10:07 |
| 29 | 10.3 | 4.0 | 54.4 | 79.0 | 3.1 | 2.4 | 10:09 |
| 30 | 10.5 | 4.7 | 54.8 | 87.9 | 4.2 | 1.7 | 10:10 |
| 31 | 11.2 | 4.7 | 59.3 | 86.5 | 3.3 | 2.0 | 10:12 |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی سلێمانی، ویستگەی کەشناسی دووکان، تۆماری ئاووهەوایی ٢٠٠٣-٢٠١٣.**

**شوبات**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 5.3 | 9.9 | 59.5 | 90.8 | 3.3 | 0.0 | 10:13 |
| 2 | 4.9 | 9.6 | 64.8 | 90.7 | 3.5 | 0.5 | 10:15 |
| 3 | 5.2 | 9.4 | 57.4 | 89.1 | 2.3 | 0.6 | 10:17 |
| 4 | 5.2 | 11.0 | 49.0 | 83.9 | 1.6 | 4.4 | 10:19 |
| 5 | 5.5 | 10.7 | 48.9 | 82.4 | 2.0 | 2.8 | 10:21 |
| 6 | 3.9 | 9.9 | 51.0 | 83.4 | 2.3 | 4.9 | 10:22 |
| 7 | 4.1 | 10.4 | 50.4 | 82.7 | 2.2 | 6.9 | 10:25 |
| 8 | 4.9 | 10.1 | 57.4 | 85.7 | 2.0 | 4.8 | 10:27 |
| 9 | 5.6 | 11.9 | 53.2 | 86.9 | 2.5 | 4.6 | 10:28 |
| 10 | 6.1 | 11.6 | 53.0 | 84.3 | 2.1 | 3.8 | 10:30 |
| 11 | 5.9 | 12.5 | 47.9 | 85.8 | 2.4 | 5.0 | 10:33 |
| 12 | 5.5 | 11.0 | 46.3 | 83.4 | 35.9 | 4.2 | 10:34 |
| 13 | 5.6 | 11.6 | 48.8 | 81.1 | 2.0 | 6.9 | 10:36 |
| 14 | 5.6 | 12.2 | 47.6 | 84.4 | 2.2 | 6.9 | 10:39 |
| 15 | 5.8 | 12.0 | 49.3 | 85.5 | 2.1 | 3.9 | 10:40 |
| 16 | 5.6 | 11.9 | 52.4 | 85.4 | 2.9 | 2.4 | 10:43 |
| 17 | 6.0 | 11.5 | 51.9 | 85.4 | 2.8 | 0.2 | 10:45 |
| 18 | 5.4 | 11.8 | 48.3 | 83.6 | 2.4 | 3.4 | 10:47 |
| 19 | 5.2 | 12.2 | 48.3 | 84.0 | 2.9 | 3.0 | 10:49 |
| 20 | 6.1 | 12.3 | 48.3 | 85.1 | 2.9 | 3.9 | 10:51 |
| 21 | 6.7 | 13.0 | 41.8 | 82.8 | 3.2 | 4.4 | 10:53 |
| 22 | 6.4 | 12.4 | 50.1 | 78.6 | 2.5 | 4.5 | 10:55 |
| 23 | 5.9 | 12.5 | 47.9 | 84.7 | 3.1 | 2.7 | 10:57 |
| 24 | 5.9 | 12.4 | 43.0 | 82.3 | 2.2 | 4.2 | 11:00 |
| 25 | 6.5 | 13.2 | 43.9 | 85.4 | 1.8 | 4.2 | 11:02 |
| 26 | 6.5 | 14.0 | 44.7 | 87.8 | 1.8 | 5.3 | 11:04 |
| 27 | 6.8 | 13.3 | 50.6 | 87.3 | 2.4 | 2.7 | 11:06 |
| 28 | 7.5 | 13.5 | 50.9 | 86.7 | 2.0 | 2.6 | 11:09 |

**ئازار**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 7.5 | 13.7 | 49.6 | 84.9 | 3.6 | 3.1 | 11:11 |
| 2 | 6.7 | 13.5 | 49.1 | 85.6 | 3.7 | 2.3 | 11:15 |
| 3 | 7.1 | 15.1 | 43.3 | 86.3 | 2.5 | 5.1 | 11:15 |
| 4 | 6.6 | 15.1 | 41.0 | 89.2 | 3.1 | 4.9 | 11:18 |
| 5 | 7.1 | 15.2 | 49.5 | 86.4 | 3.5 | 3.0 | 11:20 |
| 6 | 8.5 | 15.5 | 42.2 | 80.7 | 3.7 | 6.6 | 11:22 |
| 7 | 6.6 | 14.9 | 49.5 | 85.5 | 3.5 | 7.2 | 11:24 |
| 8 | 7.6 | 14.7 | 48.6 | 82.8 | 3.2 | 7.3 | 11:27 |
| 9 | 7.6 | 16.8 | 46.6 | 83.9 | 3.0 | 6.2 | 11:29 |
| 10 | 9.3 | 19.0 | 37.1 | 85.1 | 4.0 | 5.9 | 11:31 |
| 11 | 8.8 | 17.7 | 40.7 | 83.3 | 3.0 | 5.8 | 11:34 |
| 12 | 8.5 | 17.6 | 36.0 | 82.3 | 2.8 | 8.0 | 11:36 |
| 13 | 8.6 | 17.0 | 41.2 | 83.7 | 2.6 | 4.9 | 11:38 |
| 14 | 8.6 | 17.5 | 40.0 | 85.4 | 3.5 | 5.5 | 11:40 |
| 15 | 9.5 | 18.5 | 34.7 | 78.3 | 4.8 | 7.3 | 11:43 |
| 16 | 8.6 | 16.9 | 36.2 | 74.6 | 5.1 | 6.3 | 11:45 |
| 17 | 7.5 | 16.5 | 39.0 | 83.8 | 2.9 | 4.8 | 11:48 |
| 18 | 6.7 | 15.9 | 38.0 | 83.4 | 2.3 | 4.3 | 11:50 |
| 19 | 6.7 | 15.7 | 32.3 | 80.9 | 2.6 | 6.3 | 11:52 |
| 20 | 7.6 | 17.5 | 33.4 | 81.5 | 2.9 | 10.3 | 11:55 |
| 21 | 8.6 | 18.1 | 30.1 | 77.2 | 3.2 | 9.9 | 11:57 |
| 22 | 9.0 | 18.5 | 31.2 | 79.2 | 2.8 | 8.5 | 11:59 |
| 23 | 9.9 | 19.7 | 30.3 | 74.9 | 2.7 | 9.5 | 12:01 |
| 24 | 9.4 | 20.5 | 28.2 | 78.5 | 3.0 | 7.6 | 12:04 |
| 25 | 9.4 | 18.4 | 35.7 | 77.5 | 3.3 | 6.8 | 12:06 |
| 26 | 8.5 | 20.4 | 32.2 | 79.0 | 2.4 | 8.8 | 12:09 |
| 27 | 9.5 | 19.7 | 32.6 | 74.2 | 2.5 | 8.3 | 12:11 |
| 28 | 9.1 | 19.1 | 39.6 | 81.4 | 2.8 | 7.4 | 13:53 |
| 29 | 9.5 | 18.8 | 31.9 | 80.8 | 2.7 | 8.3 | 12:16 |
| 30 | 9.5 | 20.0 | 32.9 | 81.1 | 2.7 | 7.4 | 12:18 |
| 31 | 10.1 | 20.8 | 34.4 | 77.4 | 3.6 | 10.2 | 12:20 |

**نیسان**

| | پلەی گەرما | | شێی رێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 9.3 | 19.0 | 25.7 | 67.8 | 3.2 | 10.6 | 12:22 |
| 2 | 10.1 | 21.4 | 28.0 | 78.4 | 2.4 | 10.8 | 12:25 |
| 3 | 10.5 | 22.0 | 26.3 | 77.2 | 2.4 | 10.4 | 12:27 |
| 4 | 10.7 | 21.8 | 35.8 | 78.0 | 2.6 | 9.4 | 12:30 |
| 5 | 11.3 | 22.0 | 37.4 | 83.9 | 2.8 | 6.6 | 12:32 |
| 6 | 12.0 | 21.0 | 35.6 | 79.0 | 2.6 | 6.5 | 12:34 |
| 7 | 11.8 | 22.5 | 27.1 | 74.9 | 2.3 | 8.2 | 12:36 |
| 8 | 12.9 | 22.2 | 39.8 | 82.3 | 2.6 | 7.5 | 12:39 |
| 9 | 13.3 | 21.6 | 38.9 | 79.0 | 2.6 | 3.3 | 12:41 |
| 10 | 13.5 | 24.0 | 28.4 | 72.8 | 3.2 | 6.7 | 12:43 |
| 11 | 13.2 | 23.5 | 32.7 | 73.2 | 3.2 | 7.1 | 12:45 |
| 12 | 13.5 | 22.0 | 43.0 | 70.7 | 3.3 | 4.6 | 12:48 |
| 13 | 12.7 | 22.9 | 35.5 | 77.5 | 3.2 | 4.0 | 12:50 |
| 14 | 12.5 | 23.5 | 28.0 | 79.8 | 2.6 | 5.0 | 12:52 |
| 15 | 11.5 | 22.8 | 31.2 | 78.5 | 2.4 | 11.6 | 12:54 |
| 16 | 12.0 | 24.0 | 32.6 | 80.7 | 3.1 | 11.0 | 12:57 |
| 17 | 12.8 | 23.3 | 27.8 | 78.5 | 3.1 | 7.8 | 12:59 |
| 18 | 12.2 | 22.5 | 29.5 | 80.5 | 2.9 | 8.8 | 13:01 |
| 19 | 11.8 | 23.2 | 32.2 | 76.7 | 2.7 | 7.6 | 13:03 |
| 20 | 12.4 | 24.1 | 27.0 | 72.9 | 2.9 | 8.6 | 13:06 |
| 21 | 12.4 | 23.7 | 29.5 | 80.2 | 2.9 | 8.1 | 13:07 |
| 22 | 13.4 | 24.1 | 32.2 | 81.5 | 2.5 | 5.7 | 13:10 |
| 23 | 13.9 | 23.9 | 36.5 | 82.4 | 2.7 | 3.7 | 13:12 |
| 24 | 14.3 | 24.8 | 41.1 | 77.8 | 2.9 | 5.5 | 12:14 |
| 25 | 13.7 | 26.2 | 24.7 | 75.5 | 2.2 | 10.3 | 13:16 |
| 26 | 14.3 | 26.6 | 27.9 | 71.7 | 2.1 | 11.8 | 13:18 |
| 27 | 14.1 | 25.4 | 33.7 | 74.9 | 2.1 | 10.0 | 13:20 |
| 28 | 14.1 | 25.8 | 32.3 | 77.0 | 2.0 | 11.5 | 13:22 |
| 29 | 14.6 | 26.9 | 37.1 | 74.8 | 2.8 | 10.2 | 13:41 |
| 30 | 16.5 | 26.5 | 35.1 | 79.3 | 3.0 | 8.9 | 13:26 |

**مایس**

| ڕۆژ | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 14.2 | 24.0 | 32.7 | 75.5 | 2.8 | 6.9 | 13:28 |
| 2 | 15.5 | 26.7 | 22.1 | 72.5 | 3.1 | 7.9 | 13:30 |
| 3 | 14.0 | 26.5 | 26.5 | 73.8 | 2.7 | 4.4 | 13:32 |
| 4 | 14.2 | 26.4 | 22.5 | 74.8 | 2.9 | 5.2 | 13:34 |
| 5 | 15.1 | 27.2 | 25.7 | 73.9 | 2.6 | 10.0 | 13:36 |
| 6 | 17.4 | 26.7 | 31.4 | 75.9 | 3.0 | 6.7 | 13:38 |
| 7 | 15.6 | 27.8 | 30.9 | 76.7 | 2.6 | 9.2 | 13:40 |
| 8 | 15.8 | 27.6 | 21.5 | 67.8 | 2.5 | 8.4 | 13:42 |
| 9 | 16.2 | 27.9 | 26.8 | 68.7 | 2.2 | 9.1 | 13:43 |
| 10 | 16.7 | 28.7 | 21.5 | 73.0 | 2.4 | 11.5 | 13:45 |
| 11 | 18.4 | 29.8 | 19.4 | 70.5 | 2.7 | 10.1 | 13:47 |
| 12 | 18.5 | 29.5 | 21.5 | 68.5 | 3.1 | 8.0 | 13:48 |
| 13 | 18.5 | 30.1 | 20.5 | 68.3 | 2.6 | 8.0 | 13:50 |
| 14 | 17.2 | 30.6 | 18.9 | 68.2 | 2.7 | 5.8 | 13:52 |
| 15 | 17.0 | 29.7 | 19.5 | 65.6 | 2.9 | 7.2 | 13:54 |
| 16 | 16.6 | 29.5 | 20.0 | 72.1 | 3.3 | 8.2 | 13:55 |
| 17 | 16.8 | 29.1 | 21.7 | 64.4 | 3.0 | 10.9 | 13:57 |
| 18 | 17.1 | 28.9 | 24.9 | 68.9 | 2.7 | 7.9 | 13:58 |
| 19 | 18.3 | 30.4 | 18.2 | 65.1 | 2.3 | 8.8 | 14:00 |
| 20 | 18.4 | 30.2 | 18.0 | 64.5 | 2.8 | 8.3 | 14:01 |
| 21 | 18.9 | 32.3 | 15.9 | 63.2 | 3.0 | 9.4 | 14:03 |
| 22 | 20.0 | 32.5 | 16.6 | 50.3 | 3.4 | 5.8 | 14:04 |
| 23 | 21.6 | 32.5 | 15.5 | 49.7 | 3.0 | 8.6 | 14:06 |
| 24 | 20.3 | 33.8 | 14.2 | 53.8 | 2.7 | 10.5 | 14:07 |
| 25 | 21.5 | 34.8 | 14.5 | 55.1 | 2.6 | 10.5 | 14:08 |
| 26 | 21.0 | 34.1 | 16.3 | 54.8 | 2.7 | 11.3 | 14:09 |
| 27 | 20.2 | 33.2 | 10.8 | 50.0 | 2.9 | 10.5 | 14:10 |
| 28 | 21.1 | 33.9 | 11.7 | 50.5 | 2.1 | 11.9 | 14:12 |
| 29 | 20.8 | 33.4 | 12.2 | 52.9 | 2.7 | 10.1 | 14:13 |
| 30 | 20.8 | 33.9 | 13.7 | 52.7 | 2.8 | 10.3 | 14:14 |
| 31 | 21.9 | 34.5 | 14.2 | 54.5 | 2.4 | 8.6 | 14:15 |

**حوزەیران**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 21.5 | 34.6 | 18.2 | 51.5 | 2.6 | 10.3 | 14:16 |
| 2 | 21.2 | 36.1 | 12.7 | 52.4 | 3.6 | 11.6 | 14:17 |
| 3 | 23.3 | 35.0 | 13.9 | 48.8 | 3.6 | 11.4 | 14:18 |
| 4 | 22.2 | 36.5 | 11.9 | 47.6 | 3.2 | 12.4 | 14:19 |
| 5 | 22.9 | 36.9 | 11.0 | 49.5 | 2.6 | 12.1 | 14:19 |
| 6 | 23.0 | 38.3 | 8.0 | 46.2 | 2.6 | 12.5 | 12:20 |
| 7 | 23.2 | 37.2 | 12.2 | 45.5 | 3.0 | 11.5 | 14:21 |
| 8 | 23.4 | 37.2 | 8.4 | 43.4 | 2.8 | 11.6 | 14:22 |
| 9 | 23.9 | 37.3 | 11.3 | 41.6 | 3.0 | 11.8 | 14:22 |
| 10 | 24.0 | 36.7 | 12.9 | 45.0 | 3.1 | 10.4 | 14:23 |
| 11 | 24.4 | 36.6 | 12.7 | 43.8 | 3.3 | 11.5 | 14:24 |
| 12 | 24.5 | 37.8 | 14.2 | 39.3 | 2.8 | 12.0 | 14:24 |
| 13 | 24.3 | 38.3 | 10.5 | 40.3 | 2.8 | 12.1 | 14:24 |
| 14 | 25.2 | 38.2 | 14.2 | 39.7 | 3.6 | 12.1 | 14:25 |
| 15 | 25.3 | 39.8 | 12.6 | 42.4 | 3.0 | 12.4 | 14:25 |
| 16 | 26.0 | 40.2 | 13.9 | 46.9 | 2.5 | 12.7 | 14:25 |
| 17 | 25.1 | 40.9 | 8.5 | 41.7 | 2.9 | 12.7 | 14:25 |
| 18 | 26.1 | 40.0 | 8.8 | 42.8 | 3.4 | 11.0 | 14:26 |
| 19 | 25.6 | 38.5 | 13.8 | 43.6 | 4.1 | 10.8 | 14:26 |
| 20 | 26.5 | 39.0 | 13.6 | 43.5 | 4.4 | 10.9 | 14:26 |
| 21 | 26.2 | 39.2 | 12.0 | 42.2 | 3.8 | 11.3 | 14:26 |
| 22 | 26.3 | 39.6 | 10.9 | 41.2 | 3.1 | 11.6 | 14:26 |
| 23 | 26.5 | 39.9 | 10.0 | 39.4 | 3.7 | 11.7 | 14:26 |
| 24 | 26.9 | 39.4 | 13.3 | 40.6 | 4.3 | 11.7 | 14:26 |
| 25 | 27.0 | 39.4 | 12.3 | 37.9 | 3.8 | 11.8 | 14:26 |
| 26 | 26.9 | 39.4 | 13.2 | 39.8 | 3.1 | 12.1 | 14:25 |
| 27 | 26.9 | 40.0 | 10.7 | 41.4 | 2.9 | 12.1 | 14:25 |
| 28 | 27.5 | 40.4 | 15.1 | 40.0 | 3.4 | 12.8 | 14:25 |
| 29 | 27.1 | 39.8 | 14.4 | 41.9 | 3.5 | 12.3 | 14:25 |
| 30 | 27.1 | 40.6 | 11.3 | 38.5 | 3.7 | 12.6 | 14:24 |

تەمموز

| تیشکی خۆر | | با | شێی ڕێژەی | | پلەی گەرما | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تیۆری | ڕاستەقینە | م/چرکە | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | ڕۆژ |
| 14:24 | 11.8 | 2.7 | 37.1 | 10.3 | 40.8 | 27.4 | 1 |
| 14:24 | 13.0 | 2.3 | 39.8 | 8.2 | 41.0 | 26.2 | 2 |
| 14:23 | 12.7 | 2.3 | 44.3 | 10.5 | 40.6 | 26.3 | 3 |
| 14:22 | 11.6 | 2.3 | 40.3 | 12.4 | 40.9 | 27.0 | 4 |
| 14:22 | 12.6 | 2.7 | 37.5 | 11.7 | 41.0 | 27.8 | 5 |
| 14:21 | 12.5 | 2.8 | 41.0 | 12.8 | 40.6 | 27.4 | 6 |
| 14:20 | 12.7 | 2.7 | 40.7 | 13.3 | 41.2 | 27.3 | 7 |
| 14:19 | 12.7 | 2.3 | 42.3 | 12.5 | 42.3 | 28.1 | 8 |
| 14:19 | 12.5 | 3.2 | 40.7 | 13.7 | 42.4 | 29.0 | 9 |
| 14:18 | 12.1 | 3.5 | 41.7 | 15.9 | 42.1 | 28.8 | 10 |
| 14:17 | 12.1 | 2.9 | 41.4 | 16.6 | 42.0 | 28.3 | 11 |
| 14:16 | 12.2 | 2.8 | 41.2 | 11.2 | 42.5 | 28.5 | 12 |
| 14:15 | 11.1 | 2.6 | 41.6 | 10.0 | 43.0 | 27.8 | 13 |
| 14:14 | 12.8 | 2.9 | 38.8 | 6.9 | 42.9 | 28.2 | 14 |
| 14:13 | 12.3 | 3.0 | 36.6 | 6.5 | 42.6 | 27.8 | 15 |
| 14:12 | 12.5 | 3.3 | 37.9 | 10.2 | 42.3 | 27.9 | 16 |
| 14:10 | 12.7 | 3.6 | 36.8 | 10.8 | 41.8 | 27.4 | 17 |
| 14:09 | 10.0 | 2.7 | 40.1 | 10.3 | 42.3 | 27.7 | 18 |
| 14:08 | 11.3 | 3.0 | 38.0 | 11.1 | 42.6 | 27.3 | 19 |
| 14:07 | 11.3 | 3.1 | 40.0 | 11.1 | 42.1 | 26.8 | 20 |
| 14:05 | 12.1 | 3.2 | 39.5 | 11.5 | 42.2 | 27.8 | 21 |
| 14:04 | 12.2 | 3.0 | 38.8 | 13.5 | 42.7 | 28.6 | 22 |
| 14:03 | 12.0 | 2.8 | 39.8 | 9.3 | 43.2 | 28.4 | 23 |
| 14:01 | 12.0 | 3.6 | 39.6 | 11.9 | 42.5 | 28.7 | 24 |
| 14:00 | 11.8 | 3.5 | 38.7 | 12.2 | 42.7 | 29.7 | 25 |
| 13:58 | 12.1 | 3.2 | 38.2 | 12.4 | 42.5 | 29.2 | 26 |
| 13:57 | 12.6 | 2.6 | 36.4 | 10.9 | 43.0 | 28.5 | 27 |
| 13:55 | 12.2 | 3.5 | 36.7 | 11.4 | 42.8 | 28.2 | 28 |
| 13:54 | 11.3 | 4.8 | 33.9 | 12.9 | 42.6 | 29.1 | 29 |
| 13:52 | 10.8 | 4.2 | 35.2 | 13.1 | 41.7 | 28.8 | 30 |
| 13:50 | 11.6 | 3.8 | 36.8 | 12.5 | 42.6 | 28.3 | 31 |

**ئاب**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 29.6 | 43.5 | 12.1 | 35.4 | 3.8 | 11.9 | 13:48 |
| 2 | 29.0 | 43.2 | 8.5 | 36.0 | 3.1 | 12.3 | 13:46 |
| 3 | 27.9 | 42.9 | 10.0 | 36.4 | 2.8 | 12.4 | 13:45 |
| 4 | 27.8 | 42.8 | 9.6 | 36.8 | 3.0 | 12.2 | 13:43 |
| 5 | 28.1 | 42.4 | 12.5 | 40.0 | 3.2 | 12.2 | 13:42 |
| 6 | 28.1 | 42.6 | 11.5 | 35.9 | 2.7 | 12.3 | 13:40 |
| 7 | 27.9 | 42.7 | 12.5 | 37.4 | 2.7 | 12.0 | 13:37 |
| 8 | 27.8 | 42.4 | 12.5 | 38.2 | 2.5 | 11.5 | 13:36 |
| 9 | 27.4 | 42.1 | 12.5 | 40.6 | 2.7 | 11.4 | 13:34 |
| 10 | 27.7 | 42.0 | 14.5 | 40.9 | 3.2 | 12.3 | 13:32 |
| 11 | 27.7 | 42.0 | 14.1 | 41.0 | 2.9 | 12.0 | 13:30 |
| 12 | 28.0 | 41.7 | 13.3 | 39.9 | 2.6 | 12.0 | 13:28 |
| 13 | 28.0 | 42.1 | 14.0 | 41.5 | 2.4 | 11.0 | 13:26 |
| 14 | 27.6 | 42.5 | 12.5 | 39.0 | 2.9 | 11.8 | 13:24 |
| 15 | 27.6 | 42.2 | 12.5 | 40.6 | 2.8 | 12.1 | 13:22 |
| 16 | 27.5 | 42.4 | 11.4 | 38.9 | 3.1 | 12.1 | 13:20 |
| 17 | 27.3 | 42.1 | 9.2 | 37.0 | 3.0 | 11.5 | 13:18 |
| 18 | 27.4 | 42.8 | 10.2 | 37.6 | 2.7 | 11.7 | 13:16 |
| 19 | 27.9 | 42.4 | 12.7 | 37.8 | 2.5 | 11.7 | 13:14 |
| 20 | 26.8 | 42.2 | 10.6 | 36.7 | 2.3 | 11.7 | 13:12 |
| 21 | 26.4 | 42.4 | 8.4 | 41.9 | 2.2 | 12.0 | 13:10 |
| 22 | 26.6 | 41.7 | 9.8 | 41.0 | 2.4 | 12.1 | 13:07 |
| 23 | 27.4 | 41.5 | 12.0 | 39.3 | 2.8 | 11.7 | 13:05 |
| 24 | 26.9 | 41.2 | 14.5 | 41.2 | 3.1 | 11.9 | 13:03 |
| 25 | 27.3 | 41.6 | 11.0 | 39.6 | 3.0 | 11.6 | 13:01 |
| 26 | 26.5 | 40.9 | 13.4 | 40.4 | 2.5 | 11.4 | 12:59 |
| 27 | 26.5 | 41.4 | 9.6 | 38.7 | 2.3 | 13.0 | 12:57 |
| 28 | 26.1 | 40.7 | 9.1 | 40.1 | 2.1 | 11.6 | 12:54 |
| 29 | 26.2 | 40.5 | 10.8 | 39.4 | 3.7 | 10.2 | 12:52 |
| 30 | 26.2 | 40.4 | 11.7 | 39.0 | 3.8 | 11.7 | 12:50 |
| 31 | 26.8 | 40.5 | 11.7 | 39.5 | 2.8 | 11.0 | 12:48 |

**ئەیلول**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 24.0 | 40.9 | 13.2 | 40.0 | 2.7 | 11.6 | 12:45 |
| 2 | 24.4 | 41.2 | 12.1 | 37.7 | 3.2 | 10.2 | 12:43 |
| 3 | 23.9 | 41.7 | 9.4 | 39.2 | 2.2 | 13.2 | 12:41 |
| 4 | 23.6 | 41.0 | 11.1 | 41.3 | 2.9 | 10.9 | 12:39 |
| 5 | 23.7 | 40.6 | 12.4 | 41.6 | 2.8 | 13.4 | 12:36 |
| 6 | 23.6 | 41.2 | 11.3 | 39.8 | 2.6 | 11.6 | 12:34 |
| 7 | 23.1 | 39.9 | 12.7 | 40.0 | 2.2 | 11.6 | 12:31 |
| 8 | 22.7 | 40.2 | 11.7 | 39.7 | 2.4 | 11.4 | 12:30 |
| 9 | 22.6 | 40.2 | 14.4 | 40.9 | 2.1 | 11.4 | 12:27 |
| 10 | 22.5 | 40.0 | 12.0 | 43.3 | 2.1 | 11.5 | 12:25 |
| 11 | 21.1 | 38.3 | 18.0 | 44.7 | 2.4 | 10.4 | 12:22 |
| 12 | 21.3 | 38.0 | 11.6 | 44.4 | 2.3 | 10.7 | 12:20 |
| 13 | 22.3 | 37.3 | 14.3 | 44.9 | 2.4 | 10.1 | 12:18 |
| 14 | 21.7 | 37.9 | 14.0 | 45.3 | 2.6 | 10.6 | 12:15 |
| 15 | 21.2 | 37.4 | 14.0 | 40.2 | 2.3 | 11.2 | 12:13 |
| 16 | 21.1 | 38.0 | 14.6 | 41.9 | 2.3 | 11.3 | 12:11 |
| 17 | 22.5 | 37.3 | 15.9 | 41.9 | 2.8 | 11.4 | 12:09 |
| 18 | 21.4 | 37.3 | 14.3 | 41.0 | 2.4 | 11.4 | 12:06 |
| 19 | 20.9 | 37.7 | 11.6 | 40.6 | 2.6 | 10.9 | 12:04 |
| 20 | 21.2 | 35.9 | 15.0 | 46.1 | 3.4 | 10.0 | 12:01 |
| 21 | 21.7 | 35.9 | 17.1 | 46.4 | 2.7 | 10.1 | 11:59 |
| 22 | 20.6 | 36.5 | 17.7 | 48.1 | 1.6 | 11.1 | 11:57 |
| 23 | 20.7 | 37.1 | 14.4 | 48.0 | 2.0 | 10.9 | 11:54 |
| 24 | 20.3 | 37.1 | 14.5 | 46.4 | 2.1 | 10.2 | 11:52 |
| 25 | 20.0 | 36.4 | 13.8 | 46.7 | 2.5 | 10.1 | 11:50 |
| 26 | 19.7 | 35.7 | 16.2 | 49.2 | 2.3 | 10.3 | 11:48 |
| 27 | 19.9 | 35.8 | 16.3 | 45.9 | 1.8 | 10.1 | 11:45 |
| 28 | 19.3 | 35.5 | 19.4 | 48.3 | 2.2 | 10.5 | 11:43 |
| 29 | 19.3 | 34.3 | 18.3 | 42.9 | 2.6 | 10.4 | 11:40 |
| 30 | 19.8 | 33.8 | 18.3 | 46.8 | 3.1 | 10.6 | 11:38 |

**تشرینی یەکەم**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 20.3 | 32.4 | 21.9 | 49.0 | 2.1 | 7.6 | 11:36 |
| 2 | 20.1 | 32.6 | 20.6 | 47.3 | 2.7 | 9.4 | 11:33 |
| 3 | 20.0 | 32.8 | 18.4 | 51.5 | 2.7 | 10.2 | 11:31 |
| 4 | 19.9 | 33.4 | 17.8 | 40.3 | 2.9 | 8.8 | 11:29 |
| 5 | 20.0 | 32.9 | 18.3 | 46.4 | 2.1 | 8.5 | 11:27 |
| 6 | 19.4 | 32.7 | 18.0 | 44.2 | 2.0 | 9.5 | 11:24 |
| 7 | 19.1 | 32.9 | 17.3 | 43.4 | 2.6 | 9.4 | 11:22 |
| 8 | 18.9 | 31.6 | 19.3 | 46.5 | 2.0 | 10.6 | 11:19 |
| 9 | 19.2 | 31.5 | 21.1 | 44.6 | 2.6 | 9.6 | 11:18 |
| 10 | 19.0 | 32.0 | 16.5 | 44.3 | 3.1 | 10.3 | 11:15 |
| 11 | 19.3 | 30.9 | 22.2 | 45.9 | 2.8 | 10.4 | 11:13 |
| 12 | 19.3 | 31.1 | 23.0 | 48.7 | 2.4 | 8.8 | 11:10 |
| 13 | 19.9 | 31.6 | 20.9 | 50.1 | 2.1 | 10.0 | 11:09 |
| 14 | 21.0 | 32.3 | 18.6 | 45.6 | 2.1 | 7.1 | 11:06 |
| 15 | 19.3 | 30.9 | 20.6 | 48.7 | 1.8 | 9.8 | 11:04 |
| 16 | 19.5 | 31.7 | 21.6 | 50.5 | 2.1 | 9.3 | 11:02 |
| 17 | 20.0 | 32.3 | 18.8 | 50.7 | 2.1 | 6.7 | 11:00 |
| 18 | 18.0 | 31.7 | 17.1 | 47.6 | 2.2 | 8.6 | 10:57 |
| 19 | 18.5 | 30.7 | 22.3 | 47.6 | 1.9 | 8.9 | 10:55 |
| 20 | 17.0 | 30.1 | 20.5 | 50.1 | 2.4 | 9.4 | 10:53 |
| 21 | 16.5 | 27.1 | 25.5 | 59.4 | 2.2 | 7.7 | 10:51 |
| 22 | 15.8 | 28.2 | 18.1 | 53.5 | 2.8 | 10.0 | 10:49 |
| 23 | 16.1 | 28.2 | 22.1 | 49.9 | 2.3 | 9.8 | 10:46 |
| 24 | 16.7 | 27.9 | 21.6 | 47.4 | 2.3 | 9.9 | 10:45 |
| 25 | 15.9 | 28.5 | 17.2 | 52.1 | 1.4 | 9.1 | 10:42 |
| 26 | 17.0 | 27.4 | 24.5 | 51.7 | 2.2 | 8.2 | 10:40 |
| 27 | 16.7 | 27.5 | 26.5 | 52.3 | 2.3 | 4.8 | 10:39 |
| 28 | 16.3 | 27.1 | 23.3 | 54.0 | 2.1 | 5.6 | 10:36 |
| 29 | 14.5 | 26.3 | 29.5 | 57.9 | 2.7 | 5.0 | 10:34 |
| 30 | 15.2 | 24.6 | 33.8 | 63.7 | 2.5 | 4.7 | 10:32 |
| 31 | 16.0 | 26.0 | 31.8 | 59.9 | 2.9 | 6.3 | 10:30 |

**تشرینی دووەم**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | ڕاستەقینە | تیۆری |
| 1 | 14.8 | 23.8 | 40.3 | 70.8 | 3.1 | 6.3 | 10:28 |
| 2 | 13.6 | 24.1 | 36.8 | 70.7 | 2.3 | 6.5 | 10:27 |
| 3 | 13.0 | 23.1 | 36.4 | 70.4 | 3.1 | 5.9 | 10:25 |
| 4 | 12.9 | 23.4 | 35.1 | 68.9 | 3.0 | 8.7 | 10:22 |
| 5 | 13.1 | 22.9 | 32.6 | 73.9 | 2.5 | 6.4 | 10:21 |
| 6 | 12.5 | 21.5 | 42.1 | 76.5 | 1.9 | 6.1 | 10:19 |
| 7 | 12.4 | 21.6 | 35.2 | 75.7 | 2.2 | 8.4 | 10:17 |
| 8 | 12.6 | 22.2 | 33.8 | 75.1 | 3.2 | 9.0 | 10:15 |
| 9 | 12.5 | 20.6 | 40.7 | 76.5 | 2.7 | 2.6 | 10:13 |
| 10 | 11.6 | 20.1 | 42.6 | 71.1 | 2.5 | 5.7 | 10:12 |
| 11 | 11.9 | 20.4 | 40.9 | 73.0 | 2.4 | 5.9 | 10:10 |
| 12 | 11.6 | 21.2 | 38.8 | 73.0 | 2.2 | 8.1 | 10:09 |
| 13 | 12.4 | 20.8 | 40.7 | 73.3 | 2.0 | 6.2 | 10:07 |
| 14 | 11.8 | 20.7 | 33.2 | 71.8 | 1.8 | 8.5 | 10:05 |
| 15 | 11.9 | 20.4 | 35.8 | 69.3 | 2.1 | 8.1 | 10:04 |
| 16 | 12.0 | 21.5 | 37.5 | 72.1 | 2.0 | 6.4 | 10:02 |
| 17 | 11.4 | 20.1 | 43.7 | 79.9 | 2.4 | 6.8 | 10:00 |
| 18 | 10.2 | 19.6 | 42.6 | 78.1 | 2.8 | 7.5 | 9:59 |
| 19 | 9.4 | 18.4 | 41.1 | 81.9 | 2.1 | 6.0 | 10:37 |
| 20 | 10.4 | 18.8 | 41.6 | 78.9 | 2.6 | 5.6 | 9:56 |
| 21 | 11.5 | 17.9 | 48.0 | 77.1 | 3.2 | 2.4 | 9:55 |
| 22 | 10.3 | 18.7 | 42.2 | 80.1 | 2.9 | 7.8 | 9:54 |
| 23 | 8.7 | 18.4 | 41.9 | 80.5 | 2.3 | 8.8 | 9:52 |
| 24 | 8.0 | 16.4 | 42.4 | 81.2 | 2.3 | 7.3 | 9:51 |
| 25 | 7.8 | 16.1 | 37.4 | 82.7 | 1.7 | 7.7 | 9:49 |
| 26 | 7.4 | 15.1 | 39.6 | 82.7 | 2.1 | 5.3 | 9:48 |
| 27 | 7.5 | 16.3 | 38.9 | 75.9 | 2.5 | 7.5 | 9:47 |
| 28 | 7.3 | 16.6 | 40.0 | 77.1 | 1.9 | 8.2 | 9:46 |
| 29 | 8.2 | 16.3 | 41.8 | 78.0 | 2.1 | 5.4 | 9:45 |
| 30 | 8.5 | 17.0 | 38.2 | 78.9 | 1.7 | 5.5 | 9:44 |

**کانوونی یەکەم**

| | پلەی گەرما | | شێی ڕێژەی | | با | تیشکی خۆر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رۆژ | نزمترین | بەرزترین | نزمترین | بەرزترین | م/چرکە | راستەقینە | تیۆری |
| 1 | 7.2 | 16.8 | 36.8 | 76.0 | 1.7 | 4.7 | 9:43 |
| 2 | 7.4 | 16.0 | 35.0 | 78.3 | 1.8 | 5.9 | 9:42 |
| 3 | 8.1 | 15.7 | 38.2 | 74.5 | 2.2 | 4.0 | 9:41 |
| 4 | 7.9 | 15.8 | 34.1 | 70.8 | 2.2 | 4.4 | 9:40 |
| 5 | 8.4 | 16.5 | 33.2 | 69.2 | 2.2 | 3.1 | 9:40 |
| 6 | 8.1 | 15.5 | 45.9 | 73.4 | 2.5 | 2.7 | 9:39 |
| 7 | 8.2 | 15.3 | 49.7 | 76.9 | 1.8 | 2.8 | 9:38 |
| 8 | 8.2 | 15.2 | 50.0 | 78.2 | 2.3 | 3.2 | 9:37 |
| 9 | 8.1 | 14.9 | 46.1 | 77.2 | 2.7 | 2.4 | 9:37 |
| 10 | 6.2 | 14.4 | 38.0 | 78.0 | 2.3 | 4.4 | 9:36 |
| 11 | 5.9 | 14.2 | 37.1 | 80.1 | 2.6 | 4.0 | 9:36 |
| 12 | 5.9 | 12.9 | 49.5 | 85.4 | 2.6 | 1.3 | 9:35 |
| 13 | 6.0 | 12.8 | 53.2 | 84.6 | 2.3 | 0.6 | 9:35 |
| 14 | 6.2 | 12.3 | 50.3 | 80.3 | 2.3 | 0.7 | 9:34 |
| 15 | 4.6 | 12.0 | 51.1 | 80.4 | 2.6 | 1.0 | 9:34 |
| 16 | 5.5 | 12.1 | 53.5 | 80.1 | 1.9 | 2.0 | 9:34 |
| 17 | 5.3 | 11.5 | 52.1 | 84.3 | 2.5 | 5.1 | 9:34 |
| 18 | 4.3 | 12.5 | 42.2 | 81.7 | 2.2 | 5.0 | 9:33 |
| 19 | 4.9 | 11.6 | 48.3 | 78.1 | 3.0 | 3.8 | 9:33 |
| 20 | 3.9 | 11.0 | 47.0 | 74.7 | 2.0 | 2.9 | 9:33 |
| 21 | 4.7 | 12.0 | 43.1 | 78.5 | 2.4 | 5.7 | 9:33 |
| 22 | 5.2 | 13.0 | 49.0 | 78.2 | 1.8 | 5.5 | 9:33 |
| 23 | 6.1 | 13.9 | 41.1 | 76.8 | 2.1 | 5.6 | 9:33 |
| 24 | 6.1 | 14.4 | 39.7 | 75.0 | 2.3 | 5.4 | 9:33 |
| 25 | 6.3 | 13.3 | 45.5 | 77.4 | 3.2 | 5.4 | 9:33 |
| 26 | 6.2 | 12.4 | 49.0 | 79.1 | 2.3 | 5.4 | 9:34 |
| 27 | 5.9 | 12.0 | 39.6 | 76.8 | 3.2 | 5.3 | 9:34 |
| 28 | 5.0 | 12.5 | 36.1 | 78.6 | 2.2 | 3.8 | 9:34 |
| 29 | 4.7 | 12.8 | 38.3 | 68.4 | 1.8 | 5.8 | 9:34 |
| 30 | 5.2 | 12.7 | 39.6 | 71.1 | 2.0 | 5.7 | 9:35 |
| 31 | 5.8 | 12.1 | 42.3 | 75.6 | 2.1 | 2.1 | 9:36 |

**الملخص**

**اعتمد هذا البحث باستخدام تصنيف تيرجنج لتحديد ايام الراحة الفسيولوجية للإنسان في منطقة دووكان السياحية، وهو أحد أشهر التصانيف المناخية يستخدم في تحديدانماط و الأقاليم المناخية الفسيولوجية. يمكن الاستفادة من نتائج البحث في مجالات عديدة منها الجغرافية السياحية ،الجغرافية العسكرية ،الجغرافية الصحية وكذلك في مجالات العمران.**

**حيث توصل الباحث الى نتيجة أن هناك تباين في مناخ منطقة الدراسة ما بين فترات الليل و النهار. حسب قرائن الراحة المركبة وصلت مجموع الايام الراحة الفسيولوجية الى ٥٩ يوم و يشكل نسبة ١٦.٢٪ من مجموع أيام السنة ، ولكن حسب قرائن تاثير الرياح المركبة بلغ مجموع عدد أيام الراحة الذي يشعر بها الانسان الي ٥٢ايام حيث يشكل نسبة ١٤.٢٪ من مجموع أيام السنة.**

**Abstract**

This research determines human comfort days in Dukan district using Terjungs' Physio-climatic classification which is one of the most widely used classifications in determining physiological climate patterns and regions. The results of this paper can be utilized in various areas such as tourism, health and wellbeing, military geography, and geography of settlements.

The study concludes that there is a variation in the climatic conditions of the study area between day and night times. The combined comfort index of day-night reveals that the sum of the days of physiological human comfort does not exceed 59 days which accounts for 16.2% of the total days of the year. While according to the combined wind index of day-night the human comfort days do not exceed 52 days which accounts for 14.2% of the total days of the year.

# پەیوەندی ژنانی کورد بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

## ( توێژینەوەیەکی وەسفیە )

د. ڕێبەر گۆران مستەفا                                         م.ی. پاڤێ جەمیل

مامۆستای ڕادیۆ وتەلەفزیۆن                                    مامۆستای پاریدەدەری ڕۆژنامە

زانکۆی سلێمانی – سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان – بەشی ڕاگەیاندن

**پێشەکی:**

پاش سەرهەڵدانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وزانستی وئابوری وسیاسی ورۆشنبیری، ئەم تۆڕە بۆتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی، بەجۆرێك ڕێژەی بەکارهێنەران لەسەرتاسەری جیهان لەئێستادا لەسەروو یەك ملیار بەکارهێنەرە، کەزانیاری وبابەتی هەمەلایەنە بەشێوەی نوسین وفۆتۆ وڤیدیۆ تێدا بلاۆدەکەنەوە، کەلێرەدا توێژەران لەنێو بابەتە بلاۆکراوەکانی سەر ئەم تۆڕە وێنەیان دیاریکردوە، لەبەر ئەوەی بەشداربوان بەبەردەوامی وێنەی جۆراوجۆری کەسی وگشتی تێدا بلاۆدەکەنەوە، کەبەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو ئەو وێنانەدا لەئێستادا باوترین وێنەی بلاۆکراوە وێنەی سێڵفیە کەکاریگەرترین جۆری وێنەیە بۆ دەربڕینی مەبەستی کەسی بەشدار لەوێنە یان ئەو کەسانەی کەپێکەوە وێنەیەکیان لەکات وشوێنێکی دیاریکراودا گرتوە، بەتایبەتی مۆبایلی زیرەك بۆتە هاندەرێکی زۆر بەهێزی وێنەگران بۆ گرتنی وێنەی سێڵفی وبلاۆکردنەوەی لەسەر ئەم تۆڕانە، هەر بۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەن بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردی ئەویش ژنانە، کەتوێژینەوەی نوێ هەوڵ دەدات؛ بۆ دەرخستنی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنان وبلاۆکردنەوەی ئەو وێنانە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

### - چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە -

**کێشەی توێژینەوە:**

ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستان-عیراق وەك بەشێکی زیندوی کۆمەڵ بەکارهێنەری تەنکۆلۆجیای نوێن، کەلەنێویاندا توێژەران تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتیان هەڵبژاردوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی ژنان لەگرتنی وێنەی سێڵفی لەڕێی کامێرا ومۆبایلی زیرەك بەتایبەتی، هەروەها بلاۆکردنەوەی خودی ئەو وێنانە لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیە، بۆیە بۆ دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە توێژەران پرسیارێکی سەرەکی دەکەن: ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان ژنانی کورد لەبلاۆکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی؟ ئەم پرسیارەش دەکەین بەچەند پرسیارێکی لاوەکیەوە کەئەمانەن:

١ ئایا ژنانی کورد وێنەی سێڵفی دەگرن؟

٢ ئاستی گرنگیدانی سامپڵی تۆژینەوە چەندە بەگرتنی وێنەی سێڵفی؟

٣ کامانەن لایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی؟

٤ ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی چەندە لای ژنانی کورد؟

٥ هۆکاری بلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی چیە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاّیەتی لای سامپڵی توێژینەوە؟

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاّیەتی، هەروەها شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی سامپڵی توێژینەوە بەوێنەی سێڵفی وبلاّوکردنەوەیان لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەلاّیەتیە.

## ئامانجی توێژینەوە:

١ زانینی ڕێژەی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنانی کورد.

٢ زانینی ئاستی گرنگیدانی سامپڵی توژینەوە بەگرتنی وێنەی سێڵفی.

٣ خستنەڕوی لایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنانی کورد.

٤ شیکردنەوەی ئاست وقەبارەی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاّیەتی لای سامپڵی توێژینەوە.

٥ هەڵێنجان وگەیشتن بەهۆکارە سەرەکیەکانی بلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاّیەتی لای ژنانی کورد.

## جۆری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفیە، بەمەبەستی زانینی پەیوەندی ژنانی کورد بەوێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاّیەتی.

## میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پشت بەمیتۆدی روپێوکاری دەبەستێت بۆ سامپڵێك لەژنی کورد لەپارێزگای سلێمانی.

## کۆمەڵگای توێژینەوە:

ژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی نمایشی کۆمەڵی توێژینەوەکە دەکەن.

## سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی هەڕەمەکی توێژ دەست نیشانکراوە لەلایەن توێژەران بۆ سامپڵێك لەژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی کەژمارەیان (١٥٠) ژنە.

## ئامرازی توێژینەوە:

لەم توێژینەویەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکاردەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسیارەکانی توێژینەوە وشیکردنەوەی وەسفی بۆ خودی داتاکان کەنمایشی وەلاّمدانەوەی سامپڵی توێژینەوە دەکەن.

## ڕاستی توێژینەوە:

توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەتی کردوە بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، بەو پێیەی پاش گەلاّڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری میدیا وکۆمەڵناسی بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی، کەپاش تۆمارکردنی تێبینیەکان هاوکێشەی ڕاستی دەرەکی=بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠، کەواتە ڕاستی دەرەکی=٧٥/٨٤×١٠٠=٨٩٪، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی توێژینەوە.

## جێگیری توێژینەوە:

توێژینەوەکە پشتی بەجێگیری ناوخۆیی بەستوە بۆ داتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

**خشتەی (١)**

**جێگیری توێژینەوە**

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
|---|---|---|
| ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی | ٣ | ٠.٩٣٩ |
| ئاستی گرنگیدان بەگرتنی وێنەی سێڵفی لە نمایشکردنی خود | ٤ | ٠.٩٨٣ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە لەنێوان (٠.٩٣٩ — ٠.٩٨٣) دایە کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

## توێژینەوەکانی ڕابوردوو:

١. تایلۆر م. ویکیل ٢٠١٥، **(نێرجسی وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان: کاری گرتنی وێنەی سێڵفی)** [١]، ئامانج لەم توێژینەوەیە سەرنجدانە لەکاری گرتنی وێنەی سێڵفی وبلاّوکردنەوەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەکات کەتا چەند هۆکارە بۆ زیادکردنی ڕەوشتی نێرجسی وئەنانیەت، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێو بۆ (٩٣) خوێندکار لەڕەگەزی مێ سەر بەرێکخراوە یۆنانیەکانی ژنانی کەمپی زانکۆی ئیلۆن لەباشوری ویلایەتی کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئیمەیڵ، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە (٥٥٪) سامپڵی توێژینەوە کۆکن لەسەر ئەوەی کەبلاّوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هانی نێرجسی وڕەوشتی ئەنانیەت دەدات.

٢. جاسلینە وئەوانی تر ٢٠١٥، **(بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن گەنجانی زانۆ: توێژینەوە دەربارەی وێنەی سێڵفی وکاریگەریەکانی)** [٢]، ئامانج لەم توێژینەوەیە کاریگەری وێنەی سێڵفیە لەسەر گەنجانی زانکۆ، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێو بۆ (١٨٧) خوێندکار بەبەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئیمەیڵ وگۆڕاوەکانی ئەرێنی ونەرێنی بۆ پێوانەکردنی کاریگەری، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی لەگرتنی وێنەی سێڵفی لای

([1]) Taylor M. Wickel. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 6, No. 1, Spring 2015), pp: 5-10.

([2]) Jaslina bt. Mohd Tajuddin1, Nor Azlili bt. Hassan & Rahilah bt. Ahmad. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 13, No. 1, Spring 2015), pp: 5-10.

هەردوو ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە هەیە، تێگەیشتنیان دەربارەی بینین ومتمانە زیاد دەکات وبەهەدەردانی کات هەیە لەدارشتنی وێنەی سێلفی پێش بلاوبونەوەی لەسەر سۆشیال میدیا.

٣. سورەیا مەهدیزادە ٢٠١٠، **(نەوەی دوەمی نمایشی خود: نێرجسی وڕێزگرتنی خود لەسەر تۆڕی فەیسبوک)** [٣]، ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی نارۆشنی ، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ بابەتە نمایشکراوە خودیەکانی تایبەت بە (١٠٠) بەکارهێنەری زانکۆی نیویۆرك لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کەپەیوەندی بەرزی نێرجسی ونزمی لەمتمانە بەخود لەنێوان تاکەکانی سامپڵ وابەستەیە بەزۆری چالاکی لەسەر ئینتەرنێت وناوەڕۆکە نمایشکراوە خودیەکان، هەروەها جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزی بەکارهێنەراندا هەیە لەکاریگەری جۆری ناوەڕۆکە نمایشکراوە خودیەکان.

## پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوە:

١. **ژنانی کورد:** توێژێکی گرنگی کۆمەڵی کوردین، کەکارلێکی تەواو لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا دەکەن بەشێوەیەکی بەردەوام لەبوارە کۆمەڵایەتی وئابوری وسیاسی ورۆشنبیریەکاندا، بەتایبەت میدیای تەفاعولی کەتوێژەران درك بەبەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەکەن لەلایەن تاکەکانی ئەم توێژە گرنگە، بۆیە سامپڵێکیان بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی لێوەرگرتوە بۆ گەیشتن بەپرسیار وئامانجەکانی توێژینەوە.

٢. **وێنەی سێلفی:** بریتیە لەگرتنی وێنەی خود بەشێوەی هەڕەمەکی بۆ تۆمارکردنی ئامادەبون لەشوێنێکی دیاریکراو، یان لەگەڵ کەسانی دیاریکراو، یان دەربڕینی بارێکی دەرونی دیاریکراو بەبەکارهێنانی کامێرای دیجیتاڵی ئامێری مۆبایلی زیرەك، بۆ بینین وبلاوکردنەوەی ئەو وێنانە لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

٣. **تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:** ئەو تۆڕەیە کەلەگەڵ نەوەی دوەمی ئینتەرنێتدا وەك بەشێك لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سەری هەڵدا، کەتاك وکۆمەڵ، دەزگا حکومی وناحکومیەکان، دەتوانن لەڕێگەی کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی وسود وەرگرتن لەچەند خزمەتگوزاریەکی دی، زانیاری وبابەتی جۆراوجۆر بلاوبکەنەوە وبتوانن لایك وکۆمینت وشەیری تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆ بلاوکراوەکانی هاوڕێیانیان بکەن.

## - چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە -

## یەکەم: وێنەی سێلفی:

- **کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدان و مانای وێنە:**

کەدەڕوانینە سەرەتای دروستبوونی نووسینی سەرەتایی وسەرەتای دەستپێکردنی وزانینی وگەشەسەندنی لەجیهاندا، بۆ نمونە: (نوسینی میسری کۆن) دەبینین بەتەواوی پێکهاتووە لەهێمای وێنەیی کەبەکارهاتووە

---

([3]) Soraya Mehdizadeh. **(Self-Presentation 2.0: Narcissism and Self-Esteem on Facebook)**, (**Published** Online: Cyberpsychology, Behavior, and Social Networking, Vol. 6, Issue 4 August 16, 2010).

لەگواستنەوە وگەیاندنی پەیامەکاندا، کەهەریەکێك لەو نوسینە وێنەییانە ئاماژەیە بۆ بیروڕایەك کەهاوشێوەی پیتی ئەبجەدی ئێستایە کەبەکاردێت لەگەیاندنی دەربڕینەکاندا [٤].

لەئێستادا وێنە دەربڕی بیرو ڕاکانە وەك خۆی وبەزۆرترین متمانە وڕاستیەوە، کەڕێخۆشکەرە بۆ وەرگر لەتێگەیشتنی ناوەڕۆکی بابەتەکە کەزۆر بەئاسانی بەجۆرێك ئەو دەربڕینانە ئاسان دەکات کەلەڕێگەی نوسینەوە و وشەوە کەزۆرجار گوزارشتێکی پڕاوپڕی نیە، هەروەها لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهیچ جۆرێك دابڕان لەگەڵ وێنەدا ناکرێت، بەشێوەیەك ئەم سەردەمە بەسەردەمی وێنە دادەنرێت وڕۆشنبیری خەڵك وسەرقاڵیان وایلێکردون کاتێکی کەمیان بەدەستەوەبێت بۆ خوێندنەوە، هەروەها دودڵی و وردبوونەوەی زۆریان وایلێکردون باوەڕیان بۆ بابەتەکان کەم بێتەوە، هەر بۆیە باشترین ڕێگا بۆ تێربونیان بەزانیاریەکان لەڕێگەی وێنەوە فەراهەم دەکرێت بەگەورەترین کاریگەریەوە [٥].

بەهۆی گرنگی وبایەخ پێدانیەوە وێنە بۆتە هۆکاری نووسینەوەی مێژوو بەبیرهێنانەوەی یادگاریەکان بۆ کۆمەڵگاو لەداهاتووشدا بۆ نەوەکانی داهاتوو، کەخاوەنی ئامڕاز وزمانێکی جیهانیە لەگەیاندنی زانیاریەکاندا، بەجۆرێك کەهەموو کەس لێی تێبگات بەجیاوازی زمان وڕۆشنبیری وتێگەیشتنیان [٦].

بۆیە لەسادەترین خستنەڕوودا پێناسەی وێنە دەکرێت کەبریتیە لەدیمەنێك کەگیراوە لەڕێگەی ئامێرێکی وێنەگرتنەوە، ئەم گرتەیە دیمەنی کەسێکە یان سروشتێکە یاخود کۆمەڵێك شتی ئاسایی ونائاساییە کەپەیوەندی بە مرۆڤ وژیانی ودەوروبەریەوە هەیە [٧].

لەپێناسەیەکی تردا بۆ وێنە دەوترێت؛ دەربڕی زمانێکی بینراوە کەدەتوانرێت لەڕێگەیەوە تۆماری ڕاستی ڕوداوەکان بکات بەجۆرێك لە ناوەوە ودەرەوە کەناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت [٨].

لێرەوە دەڕوانینە ئەرکێکی گرنگی وێنە کەئەرکی سایکۆلۆجیە لەسەر مرۆڤ، چونکە وێنە لەتوانایدایە بیر فراوانتر بکات بەجۆرێك کاریگەری هەبێت لەسەر هەستی بینین، کەزیاتر لەنەستی مرۆڤدا دەمێنێتەوە وکاردەکاتە سەر زهنی وکاریگەری لە ناخیدا دروست دەکات، بۆیە هەستی بینین کاریگەرترین هەستە لەمرۆڤدا بەرامبەر بە هەستەکانی دی، چونکە مرۆڤەکان بەهەستی بینین زیاتر بابەتەکان دەناسنەوە بەجۆرێك کەدەبێژرێت کەسەکان گوێی بۆ دەگرن و وشەکان دەگۆڕێن بۆ (Image)، لەبەرئەوەی کاتێك کەدەخوێندرێتەوە دەگۆرێت بۆ وێنە، واتە پەیامەکان لەمێشکی مرۆڤدا دەگۆرێت بۆ وێنەی زەینی ولەڕێگەی بینینەوە تێگەیشتنی ئاسان دەبێت بەجۆرێك کەبتوانرێت بنوسرێت [٩].

بۆ نمونە دار ئەو وشەیەیە کەلەزەینی مرۆڤدا وێنەی داری لادروست دەکات، بەجۆرێك کەخودی مرۆڤ لەزەینیدا وێنەی دار پیشان دەداتەوە بۆ لێتێگەیشتن وزانینی.

(4) Arnold Edmun, **(link on paper)**, (New York: New York Haper, Row Publishers,1963), p154.

(5) Hichs Wilson, **(Words and Pictures)**, (New York: New York Harper, 1995), p67.

(٦) شیرین درویش اللبان، **(الألوان في الصحافة المصرية)**، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ١٩٩٦)، ص١٦١.

(٧) شاكر عبدالحميد، **(الصورة؛ الايجابيات والسلبيات)**، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، مجلة عالم المعرفة، العدد٣١١، يناير ٢٠٠٥)، ص٢٣.

(٨) روبرت جيلام سكوت، **(أسس التصميم)**، ترجمة: عبد الباقي محمد ومحمد محمد يوسف، (القاهرة: دار نهضة مصر للطبع والنشر، ١٩٨٠)، ص٧.

(٩) محمود علم الدين، **(الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام)**، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١)، ص٣٤.

**- مانای وێنەی سێڵفی (selfie) یان وێنەی کەسی:**

بریتیە لەوێنەی کەسێك کەلەلایەن خۆیەوە گیراوە بەهۆی ئامێری وێنەگرتنەوە (کامێرا)، جا کامێرا بە هەموو جۆرەکانیەوە بەتایبەت لەئێستادا لەڕێگەی کامێرای مۆبایلی زیرەك (دیجیتالی)، پاشان بلاّوکردنەوەی وێنەکان لەسەر تۆڕە کۆمەلایەتیەکان وەك (فەیس بوك و تویتەر وئینستگرام ودیکە)، بەمەبەستی تۆمارکردنی یادگاریەکان، یاخود دانانی لەناو پرۆفایلی تایبەت بۆ ناسینەوە، یاخود بۆ دەرخستنی ئامادەبونی لەشوێن وکاتێکی دیاریکراو وبۆ مەبەستی تایبەت لەگەڵ دەرخستنی چەند کەسانێکی تایبەت، یان بۆ دەرخستنی بارێکی دەرونی دیاریکراو، کەزۆر جار ئەم وێنەیە دەرخستنی بارێکی ناڕەسمیە، لەڕێگەی گرتنی کامێراکەی بەدەستی خۆی [١٠].

**- مێژوی وێنەی سێڵفی وگۆچانی سێڵفی:**

لەساڵی (١٩٢٦) وێنەیەکی ڕەش وسپی گیراوە لەلایەن دوو هاوسەری بەریتانی لەڕێگەی بەکارهێنانی دارێك هاوشێوەی داری سێڵفی کەوێنەکەی پێگیراوە، هەروەها وێنەیەکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی (Hoggs) کەلەلایەن کورەزاکەیانەوە (ئالان کلیفر) لەکمبریا لەئینگلترا، دۆزراوەتەوە کەخاوەنی وێنەکە پیانۆژەن بووە لەفلیمی بێدەنگدا.

لەکاتێکدا زۆرێك پێیان وایە ئەم داهێنانە نوێیە، بەپێچەوانەی ئەوانەی کەدەڵێن گۆچانی سێڵفی داهێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٦).

لەئێستادا گۆچانی سێڵفی کەپێکهاتووە لە شێوەدارێك کەبەپێکهاتەی جیاواز دروستکراوە بەجۆرێك کامێراکەی لەسەر جێگر دەکرێت ولەتوانایدا هەیە گەورە وبچوك بکرێتەوە وڕێژەیەکی زۆر لەخەڵك ومەودایەکی فراوان لەچواردەور وباکگراوەندی دەورووبەر بەپانتایی و قوڵی مەیدانی جیاواز بەپێی ویستی کەسەکان دەربخات وبەرز ونزم بکرێتەوە بەهەر جۆرێك کەوێنەگرەکە بیەوێت پەیامەکەی بگەیەنێت [١١].

هەر بۆیە دەبینین گۆچانی سێڵفی زۆر بەخێرایی بلاّوبۆتەوە لەسەرتاسەری جیهاندا کەبووە بەپێویستییەك بۆ هەموو ئارەزوومەندانی گرتنی وێنەی سێڵفی، کەلەئێستادا ئەم گۆچانە ئەلکترۆنیە ولەڕێگەی بلوتوسەوە دەگەیەنرێت بەکامێراکە ولەڕێگەیەوە وێنەکە لەدوورەوە دەگیرێت.

لەنۆڤمبەری (٢٠١٤)دا گۆڤاری تایم بلاّویکردەوە کەگۆچانی سێڵفی دانراوە بەگەورەترین داهێنان بۆ هەمان ساڵ کەبیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاسیا، کەلەئێستادا هەوادارێکی زۆری هەیە لەچین وکۆریای باکور [١٢].

سێڵفی بەئینگلیزی (selfie) یان وێنەی تایبەتی کەسی یان وێنەیەك کەلەلایەن خودەوە گیرابێت، کەلەئێستادا وێنەی بەکۆمەڵیش دەگیرێت وبەدەرکەوتنی وێنەگرەکە خۆی وبینینی کەسەکان خۆیان لەڕێگەی شاشەی کامێراکە پێش وێنە گرتنەکە.

دیاردەی وێنەی سێڵفی دەگەڕیتەوە بۆ دەرکەوتن وبلاّوبوونەوە وگەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلاّیەتیەکان بەتایبەتی وبەرەو پێشچون وگەشەسەندنی مۆبایلی زیرەك بەجۆرێك کە هەموو کەسێك دەتوانێت بەدەستیەوە بێت وبەکاری بهێنێت وهەلگرتنی ئاسانە وبۆ هەر جێگایەك بچێت لەگەڵی بێت ولەهەر

---

([١٠]) موقع: ويكيبيديا/الموسوعة الحرة، (سيلفي)، (https://ar.wikipedia.org/wiki/سيلفي)، (تاريخ دخول الموقع: ٢٦-٧-٢٠١٥).

([١١]) موقع: ويكيبيديا/الموسوعة الحرة، مصدر سابق، (تاريخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

([١٢]) موقع: شباب، (http//vb.shbab5.com/t354753)، (تاريخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

حاڵەتێکدا بیەوێت وێنەی پێبگرێت وزانیاریەکان لەهەمان کاتدا بگوازێتەوە وبلاّوی بکاتەوە، بۆیە بلاّوبوونەوە وسەرهەڵدانی بەشێوەیەکی فراوان وڕێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ( ١٩) وسەرەتای سەدەی (٢٠ )، بەهۆی کامێرای براونی، بەجۆرێك وێنەگران ئەوانەی ئەیانویست وێنەی تایبەتی خۆیان بگرن دەیانتوانی وێنەی خۆیان ببیننەوە پێش وێنەگرتنیان بەهۆکاری هەڵگەڕانەوەی پشاندەری یاخود شاشە سکرینی کامێراکەیان، کەپێشتر لەکامێراکانی تردا بەم جۆرە نەبوو، کامێرای براونی ئەو خاسیەتەی کەتیایدابوو ئەوەبوو وێنەگر لەتوانایدابوو هەموو وێنەکە ببینێتەوە کەئەم پێشکەوتنی کامێرایە وگواستنەوەی کامێرا بۆ مۆبایلی دەستی ئەم کارەی زیاتر بەرەو پێشەوە برد ولەگەشەسەندندایە کە هاوشانە بەگەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وئامێرە ئەلکترۆنیەکان [13].

بەلاّم بەکارهێنانی ووشەی (selfie )دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی( ٢٠٠٢) لەسەر تۆری ئەلکترۆنی ئوسترالی لە (ABC online) باسی لێوەکرا پێش ئەوەی بەم شێوازە بەرفراوانە بێت، ساڵی (٢٠١٢) ئەم چەمکە بلاّو بۆوە و زۆر بە بەرفراوانی بە جیهاندا ،لە دوای وێنەی سێلّفی ناسراو کەلەلایەن (ئەلین دی جینیرس) لە ئاهەنگی بەخشینی خەلاّتی ئۆسکاری (٨٦) لەگەڵ ناودارترین ئەستێرەکانی هۆلیود گرتوویەتی پاشان بەبەکارهێنانی ئەم جۆری ستایلی وێنەگرتنە لەلایەن هونەرمەندەکانی هۆلیودەوە زیاتر ناسراو بلاّوبۆوە، پاشان دووبارەکردنەوە و لاسایی کردنەوەی لەلایەن هەواداران وسیاسەت مەدار و پاشانیش بۆ خەڵکی ئاسایی بەتایبەت گەنجان [14].

- وێنەی سێڵفی و کاریگەریەکانی:

- ♦ گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا وبلاّوبوونەوە وفراوانی بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە، کاریگەریەکی گەورەی دروستکردوە لەسەر تاك، چ لەهەڵسوکەوت وپەیوەندیەکانی لەناو خێزان ودەوروبەری، چ لەشێوازی بیرکردنەوە وئاستی ڕۆشنبیری وتانانەت هەڵسوکەوت وعاداتی ڕۆژانەی، هەر بۆیە بۆتە جێی بایەخی توێژەران ولەهەوڵی دەرخستنی کاریگەری وڕێگا چارەکانی ڕێگاگرتنی بەسلبی شکاندنەوەی ئەم حاڵەتەن، لەئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی کەئەکادیمیای ئەمریکی بۆ جوانکردنی سیمای دەم و چاوی کەسەکان کراوە لەڕێگەی نەشتەرگەری وچاککردن وڕێکخستن، لەسەر (٢٧٠٠) کەس، دەرکەوتووە یەك کەس لە سێ کەس بۆ حەزکردنیان بۆ چاککردن وڕێکخستنەوەی سیمایان بەهۆی بلاّوکردنەوەی وێنەکانیان بووە لەتۆڕە کۆمەلاّیەتیەکانیاندا، ئەم ڕێژەیەش زیادیکردوە بە (١٠٪) بۆ نەشتەرگەری لوت لەنێوان ساڵانی (٢٠١٢) و(٢٠١٣)، هەروەها (٧٪) بۆ چاندنەوەی موی سەر و (٦٪) بۆ نەشتەرگەری چرچی دەم وچاو [15].
- ♦ یەکێکی دی لەکاریگەریەکانی پەیوەست بوونە بەتەکنەلۆجیا بەتایبەت وێنەگرتنی سێڵفی کەکاریگەری دەروونی لێکەوتۆتەوە، کەلەدیارترینی بلاّوبونەوەی باری (نێرجسی) کەحاڵەتێکی دەرونی مەترسیدار دەبێت لەگەڵ زیاتر بەرەو پێشچوونی، کەخۆی لەحەزکردن لەخودی خۆی بەشێوازە جیاکانیەوە، پابەند بوون بەخۆی

(13) website: oxford dictionaries, **(selfie)**, (http://www.oxford dictionaries.com/definition/English/selfie), acces to the website: (26-7-2015).

(١٤) موقع: روداو، (http://rudaw.net /Arabic/culture)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٥-٢٠١٥).

(١٥) موقع: البيان، **(جراحات التجميل في عصر سيلفي)**، (http://www.albayan.ae/five-senses/last-page/2014-11-30-1.2255887)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

**وتێرامانی زۆر وپەیوەست بوون بەخودی خۆی وخۆ لەهەموو کەس پێباشتربوون، بەپێچەوانەکەی بوونی بێ متمانەیی بەخۆی وخۆ بەدڵ نەبون ودروست بونی حاڵەتی نائارامی دەرونی، دابڕان لەگەڵ خود وکۆمەڵگاش.**

- **لەتوێژینەوەیەکی تردا کەئەکادیمیای ئەمریکی بۆ حاڵەتی دەرونی (APA) کردوویەتی، ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاوبووە بەتایبەت لای چینی گەنجان، کەئاماژە بەئالودەبوون وحاڵەتی نائارامی دورونی دەدرێت، کەبەردەوام لەزیادبووندایە، بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کەچالاکن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وفەیس بووك بەتایبەت کەدیاردەی (وێنەگرتنی سێلفی) زیاترە تێیدا وبەدرێژایی کات خەریکی ئەم جۆرە وێنەگرتنەن لەهەموو حاڵەت وکات وجوڵەکانیاندا، کەزیاترە لە (٦) وێنە بەلایەنی کەمەوە لەڕۆژێکدا بەبەردەوامی، کەئەمەش جۆرێکە لەحاڵەتی نێرجسی، ئاماژەشی بەوەداوە کەئەم ڕێژەی ئالودەبوونە لە (١٧٪) لەپیاواندایە و(١٠٪) لەنێو ژناندا [١٦].**
- **سایتی (Yahoo) دەری خستوە کەلەساڵی (٢٠١٤) بەنزیکی (٨٨٠) ملیار وێنە گیراوە وبلاَوکراوەتەوە، کەهەر نەفەرێك لەسەر گۆی زەوی (١٢٣) وێنەی بەردەکەوێت، ئەم ڕێژەیەش ڕوو لەزیادبوونە.**
- **یەکێکی دی لەکاریگەریەکانی وێنەی سێلفی ڕوبەڕوبونەوەی کەسەکانە بەڕودا وکارەسات، لەدیارترینی ئەو ڕوداوانە، لەئیتالیا لەکاتی وێنە گرتنی سێلفی یەکێك لەخوێندکارەکان کەسەردانی مۆزەخانەیەکی کۆنی ئەو وڵاتەی کردبوو لەلای پەیکەرێکی ئیغریقی کەمێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەها ساڵ، بوە هۆی شکاندنی قاچی پەیکەرەکە بەبێ مەبەست، کەلەشاری (میلانۆ) دۆزرابۆوە لەقەلایەکی سانانجیلۆ (٤٠٠) ساڵ بەر لەئیستا.**
- **کەوتنە خوارەوەی فرۆکە وچەندەها ڕوداوی هاتوچۆ وکەوتنە خوارەوە لەشوێنە بەرزەکاندا، لەدەستدانی چەندەها کەس لەکاتی گرتنی وێنەکاندا.**
- **یەکێکی تر لە کاریگەریەکان لێکەوتنەوەی کێشەی خێزانی، بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەر لەجیابونەوەی خێزانەکان وبونی شەڕ ودەمە بۆڵە ودروستبونی دودڵی وبێ متمانەیی، لێکتێنەگەیشتن ولێدان وکوشتن، کەلەئەنجامی خراپ بەکارهێنان وبلاَوبونەوەی وێنەکان وزیاتر کات تەرخانکردن بۆ ئەو لایەنە وئالودەبوون.**
- **یەکێکی تر کەزۆر کاریگەری لێکەوتەوە گۆڕانکاری لەئاداب وتەقالیدی کۆمەڵگا وهەڵسوکەوت، بۆ نمونە وێنەگرتنی سێلفی بوو لەناو کەعبەی شەریف بە بەرگی حەج، کەزۆرێك بە توندی دژی ئەم جۆرە وێنەگرتنە بوونەوە ولۆگۆیەکی تایبەت بەنەگرتنی وێنەی سێلفی بۆ ئەم مەبەستە دروستکرا.**
- **ناساندن وشوهرە پەیداکردنی چەندها کەس بەهۆی وێنەی سێلفی، کەلەبنەڕەتدا نەناسراو بون وبەهۆی گرتنی وێنەیەکی سێلفی ناسران، پاش بلاَو بونەوەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، وەك ئەو باوکەی کەدانیشتووی ولایەتی ئەوریغن لەباکوری ڕۆژهەلاَتی ئەمریکا ناسرا بەهۆی وێنەکەیەوە کەلاسایی مناڵە تازەبوەکەی دەکاتەوە، کەبینەرێکی زۆری هەبوو.**
- **خانمێکی نەرویجی بەناوی (کارۆلین بێرگ) لەرێگەی وێنەیەکی خۆی دوای (٤) ڕۆژ لەمناڵبونی وێنەی ڕێکی مەعیدە وسکی پشاندا کەوەك جارانی لێهاتۆتەوە وزۆر تەخت وڕێکە، کەئەمە کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە.**

---

([١٦]) **موقع: راديو سوا، (الصور الملتقطة ذاتيا: هل تنم عن نرجسية؟)،** (-http://www.radiosawa.com/content/selfies-narcissistic-selfish popular/240178.html)، **(تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).**

- ♦ **بەشێوەیەکی دیار وێنەی سێڵفی بڵاوبۆتەوە لای هەموو کەس لەم سەردەمەدا، بەتایبەت کەسایەتیە ناسراوەکان، سەرۆکەکان، لەناودار ترین سەرۆکەکان کە زۆر ئەم جۆرە وێنەیە بەکار ئەهێنن (باراك ئۆباما)ی سەرۆکی ئەمریکایە.**
- ♦ **بۆ وێنە وێنەکەی سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆباما) وسەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (دیفید کامیرۆن) لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی دانیمارك (Helle Thoring Schemidt) لەمەراسیمی خەلاتکردنی (نیلسون ماندیلا) لەباشوری ئەفریقا، لەدیارترین ئەو وێنانەیە، هەروەها وێنەی (پاپا فرانسیس) لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج لەڤاتیکان.**
- ♦ **بڵاوبونەوەی ئەم وێنەیە لەلایەن ئەمیرەکانی کەنداوی عەرەبی، کەزۆرترین بەکار هێنەرین، وەك وێنەکەی مەلیکی سعودیە لەتەمەنی (٩٠)ساڵیدا [١٧].**

**- وێنەی سێڵفی لەکوردستاندا:**

**وێنەی سێڵفی لەکوردستانی عیراق وەك ناوچەکانی دیکەی جیهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی وکرانەوە بەڕوی جیهانگیری وپێشکەوتنی بازار وزیادبونی پێداویستی خەڵك، هەروەها بۆ بەرەو پێشچون هاوشانی گۆڕانکاری ودیاردە دیارەکانی نێو ژیان وژیار، چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم وێنانە دەگرن وگرنگی پێ دەدەن، بەتایبەت لەلایەن چینی گەنجان، کەبێگومان ژنان لەگرتنی ئەم جۆرە وێنەیەن وبڵاوی دەکەنەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.**

**- چۆنیەتی گرتنی وێنەی سێڵفی بەشێوەیەکی دروست:**

**بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوان وێنەی سێڵفی دەربچێت دەبێت بەشێوەیەکی ڕاست وێنەکە بگیرێت بۆ ئەو مەبەستە دەبێت ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت [١٨]:**

**١ بەدەستهێنانی گۆشەیەکی گونجاو ودروست: چەند جارێك گۆشەکە بگۆڕدرێت وتاقی بکرێتەوە تاوەکو گۆشەیەکی گونجاو دەست دەکەوێت لەبری گرتنی وێنەکە بەگۆشەیەکی ڕێك بەرێکی ڕوی کەسەکە لەگەڵ کامێراکەدا، کەبەلای ڕاست یان چەپی سەردا وبەرزتر لەسەرو دور لەکامێراکە بگیرێت تاوەکو چاو گەورەتر بێت ولوت بچوکتر دەربچێت.**

**٢ دەرخستنی شتی نوێ: بۆ دەرخستنی بابەتە نوێیەکان دەبێت زیاتر فۆکەس بخرێتە سەر ئەو بابەتەی کەدەتەوێت زیاتر ڕون بێت وگەورەتر دەرکەوێت.**

**٣ دوورکەوتنەوە لەنمایشی درامی: وێنەی سێڵفی گوزارشتە لەدەرخستنی سروشتی کەسەکان.**

**٤ بوونی ڕوناکی گونجاو: فۆتۆگراف، واتە نووسین بەڕوناکی، بۆیە زۆر گرنگە ڕوناکی گونجاو هەبێت لەدەرخستنی دیمەنەکاندا.**

**٥ گرنگی بە قوڵی مەیدان وباکگراوەندی وێنەکە.**

**٦ وێنەی سێڵفی مەرج نیە تەنها بۆ یەك کەس بێت: لە ئێستادا وێنەگرتنی بەکۆمەڵ گرنگی زۆری پێدەدرێت، بۆیە لێرەدا گرنگ ئەوەیە وێنەگر وهەموو ئەندامانی گروپەکە بەدەردەکەون لەوێنەکەدا.**

---

(١٧) موقع: ثقف نفسك، **(الصورة الذاتية)**، (http//www.thaqafnafsak.com)، **(تاريخ دخول الموقع: ٨-٧-٢٠١٤)**.

(١٨) موقع: RT العربية، **(التقاط الصورة الذاتية)**، (http://arabic.rt.com/search/?q= التقاط+الصور+الذاتية&type=)، **(تاريخ دخول الموقع: ٢-٧-٢٠١٥)**.

## دووەم: تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:

### - پێناسەی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:

ئەو تۆڕەیە کەلەلایەن کەس وکۆمەڵ وڕێکخراوە حکومی وناحکومی ودەزگا سیاسی وئابوری وڕۆشنبیری ودیکەوە بەکاردێت، کەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچون وبلأوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ ووێنە وپارچە ڤیدیۆیەکان بەمەبەستی گەیشتن بەهەڵوێستێکی دیاریکراو دەربارەی دۆخێکی هاوبەشی گرنگی پێدراو، هەروەها نمایشی نوێترین وگرنگترین بابەتە گشتی وکەسیەکان بکات (١٩).

### - مێژوی سەرهەڵدانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:

تۆڕی (Class Mates) یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیە کەساڵی (١٩٩٥) لەلایەن (راندی کۆنرادس) دامەزرا بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وبەکارهێنانی لەناوەندی ئەکادیمیدا، پاشان تۆڕی (Six Degrees) ساڵی (١٩٩٧) لەلایەن (ئەندرۆ وایەنریتش) دامەزرا، دواتر تۆڕی (Cy world) ساڵی (١٩٩٩) لەلایەن کۆمپانیای ( Sky Telecom) دامەزرا، هەروەها تۆڕی (Lunarstorm) ساڵی (٢٠٠٠) لەلایەن (ڕیکارد ئەلیکسۆن) دامەزرا، پاشان تۆڕی (Ryze) ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن (ئەدریان سکۆرت) دامەزرا، دواتر (Friendster) ساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن (جۆناسان ئەبرامس) دامەزرا، هەروەها تۆڕی (My space) ساڵی(٢٠٠٣) لەلایەن (براد گرینسپان) دامەزرا، پاشان تۆڕی (facebook) ساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن (مارگ زوکربێرگ) دامەزرا، دواتر تۆڕی (Twitter) ساڵی (٢٠٠٦) لەلایەن (جاك دۆرسی) دامەزرا (٢٠).

### - لایەنە باشەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی (٢١):

١. پێکەوەبەستنی ژمارەیەکی زۆری تاك وکۆمەڵ لەبابەتی هاوبەش وهاوهەڵوێست وهاوبەرژەوەندیدا.
٢.بلأوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ وبابەتی جۆراوجۆری نوسین ووێنە وڤیدیۆ.
٣.دروستکردنی سەکۆ بۆ گفتوگۆ وخستنەڕوی بیر وڕا وپێشەکەشکردنی سەرنج وتێبینیەکان.
٤.کۆکردنەوەی زانیاری وشارەزایی دروستکردن لەچوارچێوەی بابەت وگفتوگۆکاندا.
٥.گەیشتن بەهاوڕۆی ودۆست وخزم وکەسانی نوێ وەك هاوڕێ لەهەر شوێن وجێگەیەك بێت.

### - لایەنە خراپەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی (٢٢):

١. بەهەدەردانی کات لەلایەن بەشێك لەبەکارهێنەرانی.
٢.گۆڕانکاری لەڕەوشت وهەوڵسوکەوتی بەکارهێنەراندا دەکات.
٣.لەدەست دانی تایبەتمەندی کەسێتی بەکارهێنەر.

---

([19]) Igarashi, T., Takai, J., & Yoshida, T. **(Gender differences in social network development via mobile phone text messages: A longitudinal study)**, Journal of Social and Personal Relationships, 22(5), 2005, pp:691-713.

([20]) Cindy Royal. (**User-Generated Content: How Social Networking Translates to Social Capital**), 2008, Association for Education in Journalism and Mass Communication Annual Convention, pdf online, available at: <http://www.allacademic.com/meta/p271193_index. html> access to the website on 27-02-2011.

([21]) Flavin marketing. (**Social Networking Exposed)**, 2009, pdf online, available at: <http://mark flavinblog.com/reports/SocialNetworkingExposed.pdf>. access to the website on 10-5-2011.

([22]) Axel Bruns, Mark Bahnisch, **(Social Media: Tools for User-Generated Content)**, 2009, pdf online, available at: <http://www.smartservicescrc.com.au/PDF/Social Media State of the Art March 2009. pdf>.access to the website on 10-5-2011.

٤. زیانی تەندروستی لێدەکەوێتەوە لەزۆر بەکارهێنانی بەهۆی دانیشتنی زۆر یان سەیرکردنی زۆرەوە.

٥. توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرانی دەکات.

**- خزمەتگوزاریەکانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [٢٣]:**

١. کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی.

٢. هاوڕێ وپەیوەندی دروستکردن.

٣. ناردنی نامە.

٤. کردنەوەی ئەلبومی وێنە.

٥. گروپەکان.

٦. پەڕەکان.

٧. بانگەشە وڕیکلام.

٨. یاری ودیاری.

**- بوارەکانی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی [٢٤]:**

١. لەنێو کۆمپانیاکان.

٢. لەنێوەندە ئەکادیمیەکان.

٣. لەلایەن مامۆستایان وخوێندکاران وەك ئامرازێکی پەیوەندی.

٤. بۆ کۆبونەوە وجولاندنی شەقام وڕێکخستنی میللی.

٥. لەلایەن کتێبخانەکانەوە.

٦. ڕاهێنان وکارکردن.

**- پەیوەندی ژنان بەوێنەی سێلفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

بەهۆی فەراهەمی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت وئاسانی وزۆری ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ئەم تۆڕە وەك میدیایەکی گرنگ وپڕبایەخ لەلایەن چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی ژنان وەك بەشێکی گرنگ لەکۆمەڵ لەسەرتاسەری جیهان بەگشتی وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بەرێژەیەکی باش ئەم تۆڕە بەکاردێنن [٢٥]، کەجگە لەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری کەئەم تۆڕە بەبەکارهێنەرانی دەبەخشێت، وێنەی سێلفی وەك بابەتێکی بلاوکراوە لەسەر ئەم تۆڕانە بەدەرکەوتون، کەلێرەدا توێژەران تیشك دەخەنە سەر ژنانی کورد لەهەرێمی کوردستان کەلەڕێی ئامێری تەلەفۆنی زیرەك وپاشان سود

(23) Lin, K., & Lu, H. **(Why people use social networking sites: An empirical study integrating network externalities and motivation theory)**, Computers in Human Behavior, 27(3), 2011, 1152-1161. doi:10.1016/j.chb.2010.12.009.

(24) Arabie, Phipps, and Yoram Wind. **(Marketing and Social networks)**, In Stanley Wasserman and Joseph Galaskiewicz, Advances in Social Network Analysis: Research in the Social and Behavioral Sciences. Thousand Oaks, Calif.: Sage Publications, 1994, pp. 254–273.

(25) تکایە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- موقع مبادرة الاصلاح العربي، **(المرأة العربية ومواقع التواصل الاجتماعي)**، (http://arab-reform.net/spip.php?article 3312)، تاريخ دخول الموقع: (٢٥-٥-٢٠١١م).
- رشا مرتضى وفادي سالم، **(الإعلام الاجتماعي العربي)**، (دبي: كلية دبي للإدارة الحكومية، تقارير من إنتاج برنامج الحكومة والابتكار، ٢٠١١م)، ص (٩-٢٨).

وەرگرتن لەم تۆڕە دەتوانن وێنەگیراوە سێڵفیەکانیان بڵاوبکەنەوە کەبەشێوەیەکی گشتی لەم مەبەستانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

١. دەرخستنی کەسێتی ونمایشی جەستە وکاریگەری نێرجسی خۆشەویستی خود (Narcissism) یان خۆپەرستی.

٢. فەزای کۆمەڵایەتی داخراو ودیدارە تایبەتەکان.

٣. دروستکردنی بنەمای کەسێتی لەفەزای ئیفترازیدا.

٤. گرتنی وێنەی سێڵفی بۆ لەبیرخۆبردنەوە وهەستان بەکارێکی دیکە ودورکەوتنەوەیە لەفشارە دەرونیەکان.

٥. چاودێریکردنی کۆمێنتی هاوڕێیان لەکاتی بڵاوکردنەوەی وێنەی سێڵفیدا.

هەر بۆیە لەتوێژینەوەیەکی نوێدا کەلەبریتانیا بۆ تازە پێگەیشتوان لەتەمەنی نێوان (١٨-٢٤) کراوە ساڵی (٢٠٠٥) لە(٥١٪) لەڕابوردودا وێنەی سێڵفیان گرتوە و(٤١٪) لەناوەڕاستی (٢٠١٣) دەستیان کردوە بەگرتنی وێنەی سێڵفی بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە [٢٦]، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کەلەڕابوردودا کراون یەکێك لەسیفەتە کەسیەکان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وێنە لەسەر ئەم تۆڕە نێرجسی یان ئەنانیەتە کەوێنەی جۆراو جۆر وسەرنج ڕاکێش بڵاودەکەنەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر بەتایبەت لەو کاتەی کەسانێك لەپەیوەندیکردن لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا هەوڵی جوڵاندنی حەزی سێکسی بەرانبەرەکەیان دەدەن کەبەدیاردەی قەرەبوکردنەوەی دیاریکراو ناودەبرێت [٢٧]، کەلەدوارجاردا ئەم وێنانە دەبنە پانتاییەکی فراوان لەڕیکلام بۆ ئەم تۆڕە کەوەك کاڵایەك لەلایەن جەماوەرەوە هەڵسوکەوتیان لەبارەوە دەکرێت [٢٨]، هەر بۆیە چالاکی گرتنی وێنەی سێڵفی دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی لەوانە: (کارێکی نوێیە کەتاکەکان هەوڵ دەدەن پێی هەستن، هەروەها گەیشتن بەو تازەگەریە کەبێگومان بەردەوام بون لەگەڵیدا مەبەستدارە، تەکنۆلۆجیای تازە وبەکارهێنانی نوێ وادەکات زۆرترین بەهاو گرنگی زیاتری پێ بدرێت[٢٩].

(26) (**Half of the UK Has Joined the Selfie Craze Creating Over 35 Million Selfies a Month**). (2013, August). Retrieved from http://finance.yahoo.com/news/half-uk-joined-selfie-craze-073200500.html.

(27) DeWall, C. N., Buffardi, L. E., Bonser, I., & Campbell, W. K. **(Narcissism and implicit attention seeking: Evidence from linguistic analyses of social networking and online presentation)**, Personality and Individual Differences, 51(1), 2011, pp:57–62. doi:10.1016/j.paid.2011.03.011.

(28) Jones, A. **(The 'Eternal Return': Self-Portrait Photography and as a Technology of Embodiment),** Journal of Women in Culture and Society, 27 (4), 2002, pp:947-978.

(29) Forest, A. L., & Wood, J. V. **(When social networking is not working: Individuals with low self-esteem recognize but do not reap the benefits of self-disclosure on facebook)**, Psychological Science, 23(3), 2012, pp:295-302. doi:10.1177/0956797611429709.

- ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوە –

* تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە.

خشتەی (٢)

تایبەتمەندیە دیموگرافیەکان

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| تەمەن | لە 18 ساڵ بۆ 24 ساڵ | ٢٩ | ١٩ |
| | لە 25 ساڵ بۆ 31 ساڵ | ٤٦ | ٣١ |
| | لە 32 ساڵ بۆ 38 ساڵ | ٥٧ | ٣٨ |
| | لە 39 ساڵ بەرەو ژور | ١٨ | ١٢ |
| ئاستی زانستی | بنەڕەت | ٧ | ٥ |
| | ئامادەیی | ٢٢ | ١٥ |
| | دبلۆم | ٣٥ | ٢٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٨١ | ٥٤ |
| | خوێندنی باڵا | ٥ | ٣ |
| جۆری کار | فەرمانبەر لەکەرتی گشتی | ٦١ | ٤١ |
| | فەرمانبەر لەکەرتی تایبەت | ٤٨ | ٣٢ |
| | بێکار | ١١ | ٧ |
| | کاری سەربەخۆ | ٢٤ | ١٦ |
| | خوێندکار | ٦ | ٤ |
| خەرجی مانگانە | کەمتر لە ٢٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ١٧ | ١١ |
| | لە ٢٥٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٥٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٣٠ | ٢٠ |
| | لە ٥٠٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٦٩ | ٤٦ |
| | لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی وزیاتر | ٣٤ | ٢٣ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی ژنان بەپلەی یەك لەتەمەنی ( 32 ساڵ بۆ 38 ساڵ) وئاستی زاستی (بەکالۆریۆس) وجۆری کاری (فەرمانبەر لەکەرتی گشتی) وخەرجی مانگانەی (لە ٥٠٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی) خۆدەبینێتەوە.

*** وەلاْمی سامپلی توێژینەوە.**

خشتەی (٣)

بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١١٧ | ٧٨ |
| نەخێر | ٣٣ | ٢٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کەزۆرینەی ژنان تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاْیەتی بەکاردێنن، کەئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ هەڵسوکەوتکردن وبەکارهێنان وئاگاداربونی سامپلی توێژینەوە لەهەرە سەرەکیترین وبەربلاْوترین تۆڕی کۆمەلاْیەتی تەفاعولی لەسەر ئینتەرنێت.

خشتەی (٤)

بەکارنەهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاْیەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی بەکارهێنانی ناکەم | ١٢ | ٣٧ |
| بەشیاوی نازانم | ٦ | ١٨ |
| نازانم بەکاری بهێنم | ٥ | ١٥ |
| لەگەڵ کۆمەلگاکەماندا ناگونجێت | ١٠ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ٣٣ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت سامپڵ توێژینەوە بەپلەی یەك ئارەزوو نەکردن بەهۆکاری بەکارنەهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاْیەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ بێ بەهایی ودورکەوتنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەژنان لەبەکارهێنانی ئەم میدیا نوێیە.

خشتەی (٥)

هۆکاری بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلاْیەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بۆ بەئاگابون لەزانیاری ورِوداوەکان | ١٨ | ١٥ |
| بۆ هەواڵ پرسین وپتەوکردنی پەیوەندی کۆمەلاْیەتیم | ٢٤ | ٢١ |
| بۆ وەلاْمدانەوەی کۆمێنتی هاوڕێیانم | ٧ | ٦ |
| بۆ لایك وشێرکردنی بابەتی بلاْوکراوەکان | ٣١ | ٢٦ |
| بۆ ناردن و وەلاْمدانەوەی نامەکان | ٩ | ٨ |
| بۆ دەرخستنی بابەت و چالاکیەکانم | ١٥ | ١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| بۆکات بەسەر بردن وپرکردنەوەی بوشایەکان | ١٣ | ١١ |
| کۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك بەئاگابون لەزانیاری ورِوداوەکان بەهۆکاری بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە لەهەر زانیاری ورِوداوێکی ناوخۆیی ودەرەکی.

خشتەی (٦)

بەکارهێنانی ڕۆژانەی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەکجار | ٨ | ٧ |
| دووجار | ٢٣ | ٢٠ |
| سێجار | ١٥ | ١٢ |
| چوار جار وزیاتر | ٧١ | ٦١ |
| کۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك چوار جار وزیاتر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی بەکاردەهێنن، کەئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ ژنان لەبەبەئاگایی وگرنگیدان وچاودێری ئەم تۆڕە کۆمەلأیەتیە.

خشتەی (٧)

ڕێگاکانی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەرێی کۆمپیوتەری ماڵ یان کەسی | ٢١ | ١٨ |
| لەرێی کۆمپیوتەری شوێنی خوێندن یان کارکردن | ٤ | ٣ |
| لەرێی مۆبایلی زیرەك | ٦٢ | ٥٣ |
| لە ریێی ئای پاد | ٣٠ | ٢٦ |
| کۆی گشتی | ١١٧ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك لەرێی مۆبایلی زیرەك تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلأیەتی بەکاردەهێنن، کەئاماژەیەکی پۆزەتیڤی سامپڵی توێژینەوەیە لەپشت بەستن بەتەکنۆلۆژیای نوێ لەبەکارهێنانی ئەم میدیا تەفاعولیە.

خشتەی (٨)

ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| ئاستی بەکارهێنان / بڕگەکان | بەبەردەوامی | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
| فەیسبوك | 64 | 43 | 41 | 39 | 12 | 12 |
| ئینستگرام | 49 | 33 | 38 | 37 | 30 | 31 |
| تویتەر | 36 | 24 | 25 | 24 | 56 | 57 |
| کۆی گشتی | 149 | 100 | 104 | 100 | 98 | 100 |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك فەیس بوك بەکاردەهێنێت، کەئاماژەیە بۆ کاریگەری وفراوانی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە لای ژنان.

خشتەی (٩)

گرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٤ | ٦٩ |
| نەخێر | ٤٦ | ٣١ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت کەڕێژەیەکی زۆری ژنان وێنەی سێڵفی دەگرن، کەئاماژەیەکی ئەرێنیە بۆ بەئاگابونی سامپڵی توێژینەوە لەپارێزگای سلێمانی بەرانبەر دیاردەی گرتنی وێنە بەشێوازێکی نوێ وبەسود وەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای نوێ.

خشتەی (١٠)

هۆکاری نەگرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی ناکەم | ١٥ | ٣٢ |
| بەشیاوی نازانم | ١١ | ٢٤ |
| کێشەی لێدەکەوێتەوە | ٩ | ٢٠ |
| بۆ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت | ٧ | ١٥ |
| بۆ خۆدەرخستنە | ٤ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ٪١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك ئارەزونەکردن بەهۆکاری نەگرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ بێ بایەخی لەگرتنی وێنەی سێڵفی لەلایەن ڕێژەیەکی بەرچاو لەژنان.

خشتەی (١١)

هۆکاری گرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هێشتنەوەی وەك یادگاری | ٢٥ | ٢٤ |
| حەزو ئارەزوو | ٢٠ | ١٩ |
| نیشاندانی بە کەس وکار | ١٦ | ١٥ |
| ناردنی بۆ هاوڕێ | ١٤ | ١٣ |
| خستنەسەر شاشەی مۆبایل | ١١ | ١١ |
| دانانی لەسەر پەیج وخزمەتگوزاریەکانی سۆشیال میدیا | ٨ | ٨ |
| لاسایی کردنەوە | ٦ | ٦ |
| سەرسام بوون بە خود | ٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك هێشتنەوە وەك یادگاری بەهۆکاری گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە بەیادەوەری وبیرهێنانەوەی ساتەخۆشەکانی ژیان لەرێی گرتنی وێنەی سێڵفیەوە.

خشتەی (١٢)

هۆکاری گرنگیدان بەگرتنی وێنەی سێڵفی

| هۆکاری گرنگیدان / بڕگەکان | بەپلەیەکی بەرز | | بەپلەیەکی مامناوەند | | بەپلەیەکی نزم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبووە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبووە | ڕێژەی سەدی | دوبارەبووە | ڕێژەی سەدی |
| • بۆ نیشاندانی جوانی ڕوخسارم | 53 | 33 | 37 | 34 | 14 | 9 |
| • بۆ نمایشکردنی جل وبەرگەکانم | 4٤ | 28 | 29 | 26 | 31 | 21 |
| • بۆ خستنەڕوی چالاکیەکانم | ٣٩ | 24 | ٣٦ | 24 | 39 | 27 |
| • گواستنەوەی واقعی ڕۆژانەم | ٢٤ | 15 | ١٧ | 16 | 63 | 43 |
| کۆی گشتی | 160 | ١٠٠ | 109 | ١٠٠ | 147 | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك نیشاندانی جوانی ڕوخسار بەئاستی گرنگیدانیان دەزانن بۆ گرتنی وێنەی سێڵفی، کەئاماژەیە بۆ سەرەکیترین کاریگەری کەلەچوارچێوەی دیاردەی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنان بەدەرکەوتوە، ئەویش کاریگەری نێرجسی یان خۆشەویستی خودە.

خشتەی (١٣)

لایەنە ئەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بۆ بەتاڵکردنەوەی دەرونم | ٣١ | ٣٠ |
| بۆ بەردەوامی پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێیان | ٢٣ | ٢٢ |
| بۆ زانینی کۆمێنتی هاوڕێیانم | ١٨ | ١٧ |
| هەستکردن بەکەسێتیم | ١٥ | ١٤ |
| کاریگەری خۆشەویستی خود | ١٠ | ١٠ |
| بەشداری پێکردنی کەسانی جواردەورم بە هەستەکانم | ٧ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) دەردەکەوێت ژنان بەپلەی یەك بەتاڵکردنەوەی دەرون بەلایەنی ئەرێنی گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ هەستکردن بەدورکەوتنەوە لەسەرقاڵی وفشاری دەرونی لەسەر سامپڵی توێژینەوە لەکاتی گرتنی وێنەی سێڵفیدا.

خشتەی (١٤)

لایەنە نەرێنیەکانی گرتنی وێنەی سێڵفی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مەترسی هەست بە تەنهایی | ٣٧ | ٣٦ |
| لەدەستدانی کات | ٢٥ | ٢٤ |
| خوگرتنم بە گرتنی وینەی سیلفی | ١٩ | ١٨ |
| لاسایی کردنەوەی کەسانی ناسراو | ١٤ | ١٣ |
| ڕوبەڕوبونەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی | ٩ | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك مەترسی هەست بەتەنهایی بەلایەنی نەرێنی گرتنی وێنەی سێڵفی دادەنێن، کەئاماژەیە بۆ هەستکردن بەنائارامی دەرونی ژنان لەبەرانبەر دیاردەی گرتنی وێنەی سێڵفی.

خشتەی (١٥)

بلاْوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٨ | ٨٥ |
| نەخێر | ١٦ | ١٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٤ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت ژنان بەرێژەیەکی زۆر وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بڵاودەکاتەوە، کەئاماژەیەکی پۆزەتیڤی درککردنی توێژەرانە لەهەڵسەوکەوتکردنی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی ومیدیایەکان لەپارێزگای سلێمانی.

خشتەی (١٦)

هۆکاری بڵاونەکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئارەزوی ناکەم | ٦ | ٣٨ |
| بەشیاوی نازانم | ٤ | ٢٥ |
| کێشەی لێدەکەوێتەوە | ٣ | ١٩ |
| بۆ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت | ٢ | ١٢ |
| بەلاسایی کردنەوەی دەزانم | ١ | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٦ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٦) دەردەکەوێت کەسامپڵی توێژینەوە بەپلەی یەك ئارەزونەکردن بەهۆکاری بڵاونەکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ بێ بایەخی لەگرتنی وێنەی سێڵفی وبەکارنەهێنانی خودی ئەو تۆڕانە لەلایەن ڕێژەیەکی کەم ودیاریکراو لەژنان.

خشتەی (١٧)

هۆکاری بڵاوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لاساییکردنەوە | ٢٤ | ٢٨ |
| نمایشی جەستە | ٢٢ | ٢٥ |
| خۆشەویستی خود | ١٧ | ١٩ |
| دروستکردنی بنەمای کەسێتی | ١٥ | ١٧ |
| دورکەوتنەوە لەکێشە وفشارە دەرونیەکان | ١٠ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٨٨ | ١٠٠ |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٧) دەردەکەوێت کەژنان بەپلەی یەك لاساییکردنەوە بەهۆکاری بڵاوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەزانن، کەئاماژەیە بۆ کاریگەری کەلتوری وژینگەی کۆمەڵایەتی لەلای سامپڵی توێژینەوە لەپارێزگای سلێمانی.

## * دەرەنجامی توێژینەوە:

١. ژنانی کورد بەڕێژەیەکی بەرچاو وێنەی سێڵفی دەگرن.

٢. سامپڵی توێژینەوە بەئاستێکی بەرز گرنگی بەگرتنی وێنەی سێڵفی.

٣. بەدەست خستنی کۆمەڵێك برگەی دیار وەك لایەنی ئەرێنی ونەرێنی گرتنی وێنەی سێڵفی لای ژنانی کورد.

٤. سامپڵی توێژینەوە بەئاستێکی بەرز وقەبارەیەکی زۆرەوە تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.

٥. خستنەڕوی هۆکار گەلێکی سەرەکی بۆ بلاْوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لای ژنانی کورد.

## * ڕاسپاردە:

١. ناوەندە ئەکادیمیەکان گرنگی بەتۆری کۆمەڵایەتی بدەن ولەنێو پڕۆگرامی خوێندن وکۆنگرە زانستیەکانیاندا.

٢. لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکان لەکوردستان ڕێگەخۆشکەری بەردەوام بن لەفەراهەمکردنی خزمەتگوزاری تەکنۆلۆژی بەگشتی وئینتەرنێت بەتایبەتی، چونکە بۆتە پێداویستی ڕۆژانەی تاکەکان لەچوارچێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان.

## * پێشنیار:

١. توێژەرانی میدیا لەداهاتودا توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ئەم وێنانە بکەن لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی وئینستگرام بەتایبەتی لەبوارە جیاکانی ژیاندا لای چین وتوێژی دیکە.

٢. دەزگا ودامەزراوە جیاجیاکان لەهەرێمی کوردستان کار بۆ هۆشیاری زیاتری کۆمەڵ بکەن لەبەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی وئاگادارکردنەوەیان لەلایەنە ئەرێنی ونەرێنی هەڵسەکەوتکردن لەگەڵ هەر کەناڵێکی نوێ ودیاردەیەکی باو کەدێتە نێو کۆمەڵ.

*** سەرچاوەکان:**

- **یەکەم: سەرچاوەی عەرەبی.**

– **توێژینەوە.**

١ رشا مرتضى وفادي سالم، **(الإعلام الاجتماعي العربي)**، (دبي: كلية دبي للإدارة الحكومية، تقارير من إنتاج برنامج الحكومة والابتكار، ٢٠١١).

٢ شاكر عبدالحميد، **(الصورة؛ الايجابيات والسلبيات)**، (الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، مجلة عالم المعرفة، العدد٣١١، يناير ٢٠٠٥).

– **كتێب:**

١ روبرت جيلام سكوت، **(أسس التصميم)**، ترجمة: عبد الباقي محمد ومحمد محمد يوسف، (القاهرة: دار نهضة مصر للطبع والنشر، ١٩٨٠).

٢ شيرين درويش اللبان، **(الألوان في الصحافة المصرية)**، (القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ١٩٩٦).

٣ علم الدين، **(الصورة الفوتوغرافية في مجالات الاعلام)**، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١).

– **ئینتەرنێت:**

١ موقع: البيان، **(جراحات التجميل في عصر سيلفي)**، (http://www.albayan.ae/five-senses/last-page/2014-11-30-1.2255887)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

٢ موقع: ثقف نفسك، **(الصورة الذاتية)**، (http//www.thaqafnafsak.com)، (تاريخ دخول الموقع: ٨-٧-٢٠١٤).

٣ موقع: راديو سوا، **(الصور الملتقطة ذاتياً؛ هل تنم عن نرجسية؟)**، (http://www.radiosawa.com/content/selfies-narcissistic-selfish-popular/240 1178.html)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٨-٢٠١٥).

٤ موقع: RT العربية، **(التقاط الصورة الذاتية)**، (http://arabic.rt.com/search/?q=التقاط+الصور+الذاتية&type=)، (تاريخ دخول الموقع: ٢-٧-٢٠١٥).

٥ موقع: روداو، (http://rudaw.net /Arabic/culture)، (تاريخ دخول الموقع: ٣-٥-٢٠١٥).

٦ موقع: شباب، (http//vb.shbab5.com/t354753)، (تاريخ دخول الموقع: ١-٧-٢٠١٥).

٧ موقع مبادرة الاصلاح العربي، **(المرأة العربية ومواقع التواصل الاجتماعي)**، (http://arab-reform.net/spip.php?article 3312)، تاريخ دخول الموقع: (٢٥-٥-٢٠١١).

٨ موقع: ويكيبيديا/الموسوعة الحرة، **(سيلفي)**، (https://ar.wikipedia.org/wiki/سيلفي)، (تاريخ دخول الموقع: ٢٦-٧-٢٠١٥).

- **دووەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

– **توێژینەوە.**

**1** Arabie, Phipps, and Yoram Wind. **(Marketing and Social networks)**, In Stanley Wasserman and Joseph Galaskiewicz, Advances in Social Network

Analysis: Research in the Social and Behavioral Sciences. Thousand Oaks, Calif.: Sage Publications, 1994.

2 Axel Bruns, Mark Bahnisch, **(Social Media: Tools for User-Generated Content)**, 2009, pdf online, available at: <http://www.smartservicescrc.com.au/PDF/Social Media State of the Art March 2009. pdf>.access to the website on 10-5-2011.

3 Cindy Royal. (**User-Generated Content: How Social Networking Translates to Social Capital**), 2008, Association for Education in Journalism and Mass Communication Annual Convention, pdf online, available at: <http://www.allacademic.com/meta/p271193_index. html> access to the website on 27-02-2011.

4 DeWall, C. N., Buffardi, L. E., Bonser, I., & Campbell, W. K. **(Narcissism and implicit attention seeking: Evidence from linguistic analyses of social networking and online presentation)**, Personality and Individual Differences, 51(1), 2011, doi:10.1016/j.paid.2011.03.011.

5 Ekim, B. **(The museum of me: A visual presentation of your online social life on Facebook)**. Proceedings of Visualist 2012 International Congress on Visual Culture: New Approaches in Communication, (Turkey, 1, 2012).

6 Enli, G. S. and Thumim, N. **(Socializing and Self-Reprtesentation online: Exploring Facebook)**, Observatorio Journal, 6 (1), 2012.

7 Flavin marketing. (**Social Networking Exposed)**, 2009, pdf online, available at: <http://mark flavinblog.com/reports/SocialNetworkingExposed.pdf>. access to the website on 10-5-2011.

8 Forest, A. L., & Wood, J. V. **(When social networking is not working: Individuals with low self-esteem recognize but do not reap the benefits of self-disclosure on facebook)**, Psychological Science, 23(3), 2012, doi:10.1177/ 0956797611429709.

9 Gye, L. **(Picture This: the Impact of Mobile Camera Phones on Personal Photographic Practices)**, Continuum: Journal of Media & Cultural Studies, 21 (2), 2007.

10 Igarashi, T., Takai, J., & Yoshida, T. **(Gender differences in social network development via mobile phone text messages: A longitudinal study)**, Journal of Social and Personal Relationships, 22(5), 2005.

11 Jaslina bt. Mohd Tajuddin1, Nor Azlili bt. Hassan & Rahilah bt. Ahmad. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 13, No. 1, Spring 2015).

12 Jones, A. **(The 'Eternal Return': Self-Portrait Photography and as a Technology of Embodiment),** Journal of Women in Culture and Society, 27 (4), 2002.

13 Lin, K., & Lu, H. **(Why people use social networking sites: An empirical study integrating network externalities and motivation theory)**, Computers in Human Behavior, 27(3), 2011, doi:10.1016/j.chb.2010.12.009.

14 Savage, N. **(Sorting through photos. Communications of the ACM)**, (54 (5), 2011. doi: 10.1145/ 1941487.1941493.

15 Soraya Mehdizadeh. **(Self-Presentation 2.0: Narcissism and Self-Esteem on Facebook)**, (**Published** Online: Cyberpsychology, Behavior, and Social Networking, Vol. 6, Issue 4 August 16, 2010).

16 Taylor M. Wickel. **(Narcissism and Social Networking Sites: The Act of Taking Selfies)**, (Carolina: Elon University, The Elon Journal of Undergraduate Research in Communications, Vol. 6, No. 1, Spring 2015).

17 Williams, R. **(Revealed: The third largest 'country' in the world—Facebook hits on billion users)**, The Independent, 2012. Retrieve from http://www.independent.co.uk/life-style/gadgets-and-tech/news/revealed-the-third-largest-country-in-the-world--facebook-hits-one-billion-users-8197597.html.

18 Wu, P., O'Brien-Strain, E., Messenlehner, B., & Tretter, D. **(Photobook creation and social sharing on Facebook)**, Proceedings of the 2011 IEEE International Conference on Multimedia and Expo, Barcelona, 1–4. doi:10.1109/ICME.2011. 6012074.

**- کتێب.**

1 Arnold Edmun, **(link on paper)**, (New York: New York Haper, Row Publishers,1963).

2 Batchen, G. Snapshots, Photographies 1 (2), 2008.

3 Hichs Wilson, **(Words and Pictures)**, (New York: New York Harper, 1995).

**- ئینتەرنێت.**

1 **(Half of the UK Has Joined the Selfie Craze Creating Over 35 Million Selfies a Month)**. (2013, August). Retrieved from http://finance.yahoo.com/news/half-uk-joined-selfie-craze-073200500.html.

2 website: oxford dictionaries, **(selfie)**, (http://www.oxforddictionaries.com/definition/English/selfie), acces to the website: (26-7-2015).

## * پوختەی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندی نێوان ژنانی کورد بۆ وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلآیەتی، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری وەسفیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕوپێوکاری بۆ سامپڵێك کەژمارەیان (١٥٠) تاکە لەژنانی کورد لەپارێزگای سلێمانی لەڕێی بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا وگەیشتن بەئەنجامی زانستی ورد پەیوەست بەپرسیارەکانی توێژینەوە. توێژینەوەکەش گەیشتوە بەکۆمەڵێك دەرەنجام گرنگترینیان: ڕێژەیەکی بەرزی ژنان تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلآیەتی بەکاردەهێنن ووێنەی سێڵفی دەگرن، خۆپەرستی بەپلەی یەکەم دێت لەچوارچێوەی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەیە بەگرتنی وێنەی سێڵفی، زۆربەی ژنانی کورد وێنەی سێڵفی لەسەر تۆڕی بەیەکگەیشتنی کۆمەلآیەتی بلآودەکەنەوە، لاساییکردنەوە بەڕیزبەندی یەکەم دێت لەهۆکاری بلآوکردنەوەی وێنەی سێڵفی لەسەر ئەو تۆڕانە.

## * ملخص الدراسة:

تهدف هذه الدراسة إلى معرفة العلاقة بين المرأة الكوردية للصورة الذاتية على مواقع التواصل الاجتماعي، وهذه الدراسة من الدراسات الوصفية التي تعتمد على منهج المسح لعينة ميدانية بلغت (١٥٠) مفردة من المرأة الكوردية في محافظة السليمانية من خلال أداة استبيان لجمع البيانات والوصول إلى نتائج علمية دقيقة تتعلق بتساؤلات الدراسة. وتوصلت الدراسة إلى عدة نتائج من أهمها: أن نسبة كبيرة من المبحوثين يستخدمون مواقع التواصل الاجتماعي ويلتقون الصورة الذاتية، والأنانية جاءت بالترتيب الاول من ضمن اهتمام المرأة الكوردية بالتقاط الصورة الذاتية، كما اكثرية المبحوثين ينشرون الصورة الذاتية على مواقع التواصل الاجتماعي، وجاءت التقليد بالترتيب الأول من حيث أسباب نشر الصورة الذاتية على تلك الشبكات.

## * ABSTACT:

This study aims to find out the relationship between the Kurdish women's self-image on the social networking sites, and this study of descriptive studies that rely on the survey for field sample approach amounted to (150) Single of Kurdish women in the province of Sulaymaniyah through a questionnaire tool for data collection and access to accurate scientific results with questions related to the study. The study found several results of the most important: that a large percentage of the respondents are using social networking sites and meet self-image, and selfishness came first in order from within the Kurdish women's interest to take self-image, as the majority of the respondents publish self-image on the social networking sites, and came tradition first order from where the reasons for the deployment of self-image on those networks.

# ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكان لە پێشخستنی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەكاندا ( پراكتیزەكردنی گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی بە نموونە )

م.ی. هەردەوان مەحمود كاكەشێخ
زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی ئەدەبیات
بەشی ڕاگەیاندن

## پێشەكی

تۆڕی ئینتەرنێت بەبڕبڕەی پشتی بڵاوبوونەوە و پراكتیزەكردنی تەكنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن دادەنرێت، لە ئێستاشدا تۆڕی ئینتەرنێت بووەتە سەرەكیترین ئامرازی بەكارهێنراو لەبواری ئابووریدا، بەتایبەتیش لەبواری گەشتوگوزاردا، بەجۆرێك زۆرێك لە دامەزراوە گەشتیارییەكان بایەخی تایبەتی و فراوان بە ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكان دەدەن لە پێشخستن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەكاندا، كە ئەمەش دەبێتە مایەی زیادبوونی داهاتی ئەو دامەزراوانە لەڕێگەی گەیشتنیان بە ژمارەیەكی زۆر لە بەكاربەكار (زبائن).

ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكان لەكۆمەڵێك ڕێگاو تەكنیكی نوێی بەكارهێنراو پێكدێت بەمەبەستی كارئاسانیی چالاكییەكی دیاریكراو و بەرزكردنەوەی توانستی ئەو چالاكییە، هەروەها كۆمەڵێك ئامراز و ئامێری پێویست بەیەكەوە كۆدەكاتەوە بۆ بەكارهێنانی زانیارییەكان لە كۆمپیوتەرەكان و پرۆگرامەكان و كەرەستەكانی پاشەكەوتكردن و گواستنەوەی ئەلیكترۆنیانەی بەوایەر و بێ وایەر، لەڕێگای ئامرازەكانی ڕاگەیاندن بەهەموو شێوەكانی و بەجیاوازیی جۆرەكانی: چاپكراو، بیستراو، بینراو، ئەلیكترۆنی كە بەهۆیەوە دووكەس یان زیاتر پەیوەندی بەیەكەوە بكەن و لەڕێگەی تۆڕە داخراو و تۆڕەكراوەكانیشیەوە پەیام بەپارێزراوی لەنێوان نێرەر و وەرگردا ئاڵوگۆڕ بكرێت.

جیهانگیریی تەكنەلۆژیای زانیارییەكان و گەیاندن، لە هەر كونجێكی ئەم گۆی زەویە ڕێگا دەدات بەردەوام سوود لە خزمەتگوزارییەكانی وەربگیرێت، بەتایبەتیش پاش بڵاوبوونەوەی پاكتاوی نەختینەیی ئەلیكترۆنی (التسوية المالية الالكترونية) بۆ مامەڵە ئەلیكترۆنییەكانی سەرهێڵ، ژمارەی بەكارهێنەران زیادی كرد.

لەئەنجامی فراوانبوون و خێرابوونی بەكارهێنانی ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكان لەبوار و چالاكی جۆراوجۆر، وڵاتان و كۆمەڵگەكان ناچاربوون خۆیان، لە شێوەی ڕایەڵەیی (شبكي) ڕێكبخەنەوە بەوجۆرەی كە بگونجێت لەگەڵ ئەم قۆناغە و گۆڕانكاریی و پێشكەوتنە تەكنەلۆژییەكان، بەمەش كۆمەڵگە دەتوانێت زانیارییەكان نوێ بكاتەوە و بەكاریان بهێنێ و دابەشییان بكات و هەموو تواناكانیش لەپێناو كاركردن بۆ پەرەپێدانی بەردەوام بخاتەگەڕ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت گۆڕانی ڕیشەییانە لە دامەزراوەكان و شێوازی بەڕێوەچوون و ڕێكخستنیان بكات. گومانیشی تێدا نییە، ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تەكنەلۆژیای نوێ كاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر كەرتە بەرهەمهێنەرەكان دەكەن بەتایبەتی ئەو كەرتانەی كە پشكی سەرەكییان لە بەرهەمی ناوخۆییدا (GDP) هەیە و لەو ئابوورییە پێشكەوتووانەی كە پێی دەوترێ ئابووری مەعریفە كە قوولبووەتەوە لە كێبركێدا.

تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە ئامرازە بەهێزەکان دادەنرێت لە بەشداریکردن لە بازاڕە جیهانییەکان و باشترکردن و زیادکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و باشترکردنی هەلی بوژاندنەوەی نێوخۆیی، لەناویشیدا وەبەرهێنان بە یەکێك لە داینەمۆ سەرەکییەکانی کێبڕکێیکردنی دامەزراوە ئابوورییەکان دادەنرێت. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پەرەپێدان(Organization for Economic Co-operation and Development) کە بە(OECD) ناسراوە، تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن یەك لەهۆکارە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانی پاڵنان بە پەرەپێدانی ئابووری دادەنرێت، بۆیە پێویستە بخرێتە ناو ڕیشاڵی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە خزمەتگوزارییەکان کەرتی گەشتوگوزار لە بازرگانی ئەلیکترۆنییدا پلەی یەکەمی وەرگرتووە.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

#### ١- کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بایەخ نەدانی کەرتی گەشتوگوزار بە ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە پرۆسەی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا، چونکە کەڵك وەرنەگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێ لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا. جگە لەمە کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسانەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ.ئایا توانای ئەوە هەیە کە ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەکاربخرێ لە پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاردا؟

ب.ئایا خواست لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لەبواری گەشتوگوزاردا ڕوو لە زیادبوون نییە بەتایبەتی بۆ گەشتیارانی بیانی؟

#### ٢- گرنگی توێژینەوە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەڕووی زانستیی و پراکتیکییەوە تاووتوێی یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ڕاگەیاندنی ئابووری دەکات، کە بریتییە لە بوژاندنەوە و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار بەهۆی کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن و بەکارخستنی لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا.

#### ٣-ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لەم خاڵانەدا ڕوونبکرێتەوە:

أ. ناساندنی چەمکی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن و خستنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزادا.

ب.خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی کارئاسانییەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزادا.

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە توێژەر هەستاوە بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك لە دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان, تاوەکو لەرێی وەلامی پرسیارەکانەوە رۆڵ و کاریگەریی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکاندا بخاتە روو.

أ- ئایا بەکارخستنی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە ئامادەکردن و کارئاسانی لە گەیاندنی زانیاری بەگەشتیار، دەبێتە هۆکاری پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار؟

ب- ئایا پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار (بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن) یارمەتیدەرە لە بوژاندنەوەو پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار؟

**سێیەم: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەیە بریتییە لە شوێنە گەشتیارییەکانی (المرافق السياحية) هەرێمی کوردستان، نمونەی توێژینەوەکەش لەشوێنە گەشتیارییەکانی شاری هەولێر وەرگیراوە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١.شاری هەولێر خاوەنی چەندین ناوچەی گەشتیارییە وەکو (ئەکواتارین, هۆتێل دیڤان, تاڤگەی گەلی عەلی بەگ, هاوینەهەواری جوندیان).

٢.شاری هەولێر یەکێکە لەوشارانەی کە چەند ساڵێکە بایەخی تایبەت بە بوژاندنەوەو پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری دەدات.

٣.شاری هەولێر لە ئێستادا ناوەندێکی گەورەی گەشتیارییە، جگ لەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، رۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتی رووی تێدەکەن و بووەتە ناوەندێکی گەورەی گەشتیاریی و بازرگانی.

٤.شاری هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٤ ناسێنراوە.

**چوارەم: بوارەکانی توێژینەوە**

١. بواری مرۆیی: بواری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەو گەشتیارانەی کە بەمەستی گەشتکردن دێنە هەرێمی کوردستان.

٢. بواری کات: ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجام دراوە.

٣. بواری شوێن: لەرووی شوێنەوە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردراوە.

**پێنجەم: رێبازی توێژینەوە**

جۆری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوەی وەسفی، کە راڤەکردنێکی ورد بۆ ئەو داتا و زانیارییانە دەکات کە توێژەر لە چەند خشتەیەکدا خستوونیەتەروو، لەم توێژینەوەیەدا کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە رێگەی چاوپێکەوتن و سەرنجدانەوە وەکو کەرەستەی توێژینەوە بەکارهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی توێژینەوەکە، چونکە ئەم ئامرازەش یەکێکە لەو کەرەستە گونجاوانەی کە بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری. هەروەها سوود لە رێبازی شیکردنەوەی ناوەرۆك وەرگیراوە لە شیکردنەوەی داتاکاندا لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەدا، کە ئەم رێبازەش یەکێکە لەرێبازە باوەکان لەتوێژینەوەکانی راگەیاندندا.

**شەشەم: چەمكەكانی توێژینەوە**

١- بازرگانی ئەلیكترۆنی(Electronic Commerce):

بازرگانی ئەلیكترۆنی واتە كڕین و فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان لەلایەن كۆمپانیا و بەكاربەرەكان لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیكترۆنییە جیاوازەكانەوە و بەبێ بەكارهێنانی هیچ بەڵگەنامەیەكی كاغەزیی[(١)].

٢- گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی(Electronic Tourism):

گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی بریتییە لە پراكتیزە كردنی بازرگانی ئەلیكترۆنی لە بواری گەشتوگوزاردا لەناو چوارچێوەی گشتی خزمەتگوزارییە ئەلیكترۆنییەكاندا (Electronic Services)، كە هەریەك لە كاری ئەلیكترۆنی و بازرگانی ئەلیكترۆنی دەگرێتەوە، چونكە بە ڕەگەزێكی بەدیهێنەری سەركەوتنی هەردوو پرۆسەكە دادەنرێت لەڕێگەی زیادكردنی بەهای خواستی بەرهەم (اضافة القيمة المطلوبة للمنتج)، كە دەبێتە مایەی پڕكردنەوەی پێداویستییەكان بەكاربەر[(٢)].

٣- تەكنەلۆژیای زانیارییەكان و گەیاندن(Information and Communication Technology):

تەكنەلۆژیای زانیارییەكان و گەیاندن بریتییە لە كۆمەڵە ئامراز و ئامێرێك كە توانای پاشكەوتكردن و چارەسەركردنی داتاو زانیارییەكان فەراهام دەكات، و هەروەها گەڕاندنەوەی ئەو داتاو زانیاریيانە لەكاتی پێویستدا، پاشان بەستنەوەی ئەو داتاوزانیاریيانە بە ئامێری گەیاندنەوە و گواستنەوەی بۆ هەر شوێنێك لەسەرانسەری دونیادا[(٣)].

٤-گەشتیار (Tourist)

ئەوكەسەیە كەشوێنی هەمیشەیی خۆی جێدەهێڵێت، بۆماوەیەك كەمتر نەبێت لە (٢٤) كاتژێرو زیاتریش نەبێت لە ساڵێكی تەواو، كە ماوەیەكی دووری دەبڕێت بەمەبەستی دابینكردنی حەزوو ئارەزووەكانی كەپەیوەندییان نییە بە بەدەستهێنانی دەستكەوتێكی ماددییەوە[(١)].

## بەشی دووەم: ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیاری و كاریگەرییان

ئەو گۆڕانكاریە تەكنۆلۆژی و پێشكەوتنەی كە لە ئامرازەكانی گەیاندن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكاندا روویانداوە شێوازی تازەی مامەڵەكردنیان سەپاندووە، لەپێشەوەی هەموو ئەوانەش خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییە ئەلیكترۆنییەكانن كە لەكاتی ئێستادا بوونەتە پێویستیەكی ئەوتۆ كە هیچ چالاكیەكی بواری گەشتوگوزاری ناتوانێ فەرامۆشیان بكا. قسەكردن لەسەر ئەم خزمەتگوزاریانە بوویتە بایەخی ژمارەیەكی زۆر لە توێژینەوە یاسایی و گەشتوزاریەكان، وەكو هەوڵێك بۆ دانانی چوارچێوەیەكی یاسایی و ڕێكخستن بۆی.

---

(١) http://www.investorwords.com/1637/e_commerce.html

(٢) هند محمد حامد، التجارة الالكترونية في المجال السياحي ، النسخة الالكترونية ، القاهرة ، ٢٠٠٣ ، ص‌ص ١٥١و ١٥٣ .

(٣) سامية محمد جابر، نعمات أحمد عثمان، الاتصال والإعلام (تكنولوجيا المعلومات)، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٠، ص١٠٨ .

(١) لوقمان وسو عومەر: بنەماكانی جوگرافیای گەشتوگوزار بەپراكتیزەكردن لەقەزای كۆیە، چاپخانەی شەهاب، لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەو پەخشی كۆیە، كۆیە، ٢٠٠٩، ل٢٣.

بۆ خستنەڕووی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و کاریگەرییان لەسەر کەرتی گەشتوگوزار، ئاماژە بە چەند بابەتێك دەکەین:

**یەکەم: چەمك و پێناسەی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی**

چەمکی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بریتییە لەو چەمکە نوێیانە لەزانستی گەشتوگوزاردا کە بەتوندی تێکەڵی چەمکی بازرگانیی ئەلیکترۆنی دەبێ. توێژەر توانیویەتی ژمارەیەك لەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی گەشتوگوزاریی ئەلیکترۆنی دەکرێ بدۆزێتەوە، لەهەموویان گرنگتر ئەوەیانە کە ئاماژە بۆ "بەکارهێنانی کارکردنە ئەلیکترۆنییەکان دەکا لەبواری گەشتکردن و گەشتوگوزاردا لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئینتەرنێت لەپێناو چوستکردنی هاوردەکاری گەشتوگوزاری و گەیشتن بەو ئاسانکاریانەی کە بۆ بەکاربەرە گەشتیارکەرەکان کاریگەرترن"[٢].

هەروەها بریتیە لە "شێوازێکی گەشتوگوزار کە هەندێك لە راییکردنی کارەکانی تێدا دەکرێ لەنێوان دەزگایەکی گەشتیارکار و یەکێکی دیکەدا یان لەنێوان دەزگایەکی گەشتوگوزار و بەکاربەر (گەشتیار) لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندیەکان و بەشێوەیەك کە نیشاندانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزاریەکان لە رێگەی تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتیەوە (ئینتەرنێت) بۆ ویستوخواستەکانی گشت گەشتیارەکان لەوانەی کە دەیانەوێ ئەو خزمەتگوزارییە گەشتوگوزاریەی کە لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا پێشکەشیان دەکرێ قبووڵ بکەن"[٣].

ئەوەی لەو پێناسانەدا تێبینیدەکرێ ئەوەیە، کە بایەخێکی زۆر بەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیاییە دەدەن، کە لە تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی بەرپا بووە و ئەو کاریگەریانەی کە لەسەر شێوازەکانی گەشتوگوزارە جیاوازەکاندا هەیە بەجۆرێك کە دەتوانرێ ناوی لێبنرێ، بەوەی کە "ئەلیکترۆنییە" هەڵبەتە مەبەست لە شێوازە گەشتوگوزاریەکەیە. ئەگەر بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی تێدا بەکار بهێنرێ لەنیشاندانی بەرهەمەکان و پێشکەشکردنیان بەگەشتیاران لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا. ئەمەش هەموو ئەو کارە گەشتوگوزارییە شێوەزانراوانە دەگرێتەوە هەر لە نیشاندانی بەرنامەکانی گەشتکردن و جێگرتن لە گەشتە گەشتوگوزاریەکان و رێکخستنیان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دوای دەستکەوتنی بەرهەمەکە پێویستن.

گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی پەیوەندیەکی توندی بە چەمکی بازرگانی ئەلیکترۆنییەوە هەیە کە پێناسەکەی بەپێی جیاوازی ئەو تێڕوانینە تەسك و فراوانە دەگۆڕێ کە پێیەوە سەیر دەکرێ. پێناسەی تەسکی بازرگانیی ئەلیکترۆنی تەنیا بۆ کردارەکانی هێنان و بردنی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانە لە رێگەی هۆیەکی ئەلیکترۆنی یان پێناوێکی ئەلیکترۆنییەوە. ئەمەش ئەو مانایەیە کە پرۆژە یاساییەکەی میسر بۆ بازرگانیی ئەلیکترۆنی پشتی پێ بەستووە هەروەك لە گۆڤاری (ئەهرام)ی ئابووریدا لەساڵی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە. لەکاتێکدا رێکخراوی بازرگانیی جیهانی بەوە

---

[٢] یوسف محمد وردانی, کیفیة تنظیم السیاحة الالکترونیة و مردودها علی صناعة السیاحة, ٢٠٠٨, نقلا عن الموقع الالکتروني: https://historicalcities.wordpress.com/2009/03/18

[٣] د.عبدالله بن سلیمان العمار: السیاحة الالکترونیة, الجزیرة للصحافة والطباعة والنشر, نقلا عن الموقع الالکتروني: http://www.al-jazirah.com/2009/20090816/ar7.htm

پێناسەی دەکا کە "چالاکیی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و دابەشکردن و ناردنە بازاڕ یان دانەدەستی کڕیارە لە ڕێگەی پێناوە ئەلیکترۆنییەکاندا"[١].

بەم مانا فراوانەی بازرگانیی ئەلیکترۆنی پێنج جۆرە چالاکیی دەبێ، کە پەیوەستن بە مامەڵە بازرگانییەکان کە بریتیین لە ڕێکلامکردن بۆ کەلوپەلەکە و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە نیشان دەدرێن لەناو ئەم شوێن و کۆگا گریمانەییانەی ناو ئینتەرنێت، لەگەڵ دانی نرخەکان بەپارە لە ڕێگەی هۆیەکانی پارەدانی ئەلیکترۆنییەوە و کردارەکانی دابەشکردن و گەیاندنی کەلوپەل و خزمەتگوزاری و بەدواداچوونی کارەکان، چ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بێ یان لەڕێگە ئاساییەکانی دیکەوە[٢]. ئەم پێناسەیە وا لە بازرگانیی ئەلیکترۆنی دەکا بەجۆرێك فراوان بێ کە هەر زانیاری یان خزمەتگوزارییەك بگرێتەوە کە کۆمپانیایەك پێشکەشی یەکێکی دیکەی دەکا یان دەیداتە بەکاربەر لە ڕێی ئینتەرنێتەوە یان لەهەر ڕێگەیەکی دیکەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی، هەر لەو زانیاریانەی پێش کڕینەوە بگرە تا کۆتایی بە خزمەتگوزارییەکانی دوای فرۆشتن دەهێنرێ. لەکاتێکدا هەندێك وای دەبینن کە چەمکەکە فراوانترە و ئەوەش دەگرێتەوە کە "ڕاییکردنی جۆرەها کارە لە ڕێی تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتیەوە"[٣]. ئەمەش مامەڵەکانی نێوان کۆمپانیاکان و بەکاربەران و ئەوانەی حکوومین دەگرێتەوە، ئەوجا لەنێوان دەستە حکوومیەکان بێ لەناو خۆیاندا یان لەنێوان ئەوان و کۆمپانیا تایبەتەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بەشی گەورە لە قەبارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی پێکدەهێنێ, کە تەنها لە ساڵی ٢٠١٠ داهاتی ئەم کەرتە لە جیهاندا ٨٩ملیار دۆلاری تێپەڕاند, لەساڵی ٢٠٠٩ تەنها لە فەرەنسا ڕێژەی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی گەیشتە ٥٥٪ لە کۆی قەبارەی بازرگانی ئەلیکترۆنی ئەو وڵاتەدا, ئەم ڕێژەیەش بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. ڕێکخراوی عەرەبی بۆ گەشتوگوزار لەڕاپۆرتی خۆیدا ڕونیکردۆتەوە ٤٠٪ی کۆی گشتی ژمارەی گەشتیارانی جیهان ٩٣٨ملیۆن گەشتیار خزمەتگوزارییە گەشتیارییە ئەلیکترۆنییەکانیان بەکارهێناوە, چ بۆ پرسیارکردن و دەستکەوتنی زانیاری, یاخود بۆ کڕین و شوێنگرتن(حجز) و گەشت, ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەردانی وێبسایتە جیهانییەکانی وەکو www.expedia.com دەکەن ٥٠ملیۆن سەردانکەرە و هی www.orbitz.comیش ٣٥ملیۆن سەردانکەرە[١].

خشتەی (١)

گەشەسەندنی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی لەماوەی ساڵانی ١٩٥٠–٢٠٢٠[٢]

| ساڵەکان | ژمارەی گەشتیار (بەهەزار) | داهات (بەملیۆن دۆلار) |
|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ٢٥,٢٨٢ | ٢,١٠٠ |
| ١٩٦٠ | ٦٩,٣٢٠ | ٦,٨٦٧ |

---

[١] أحمد حمد الله السمان: التجارة الالكترونية وتنمية الصادرات، سلسلة أوراق اقتصادية (جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، العدد٢٤، فبراير ٢٠٠٥)، ص٧-٩.

[٢] عبدالله فرغلي على موسا, تكنولوجيا المعلومات و دورها في التسويق التقليدي والالكتروني, دار الفكرالعربي، القاهرة, ٢٠٠٧, ص٢٨.

[٣] فريد النجار ، وليد النجار وآخرون, وسائل المدفوعات الالكترونية– التجارة والأعمال الالكترونية المتكاملة, الدارالجامعية, ٢٠٠٦, ص٤٧.

[١] د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي, دور تكنولوجيا المعلومات و الاتصال في تنمية قطاع السياحة و الفندقة, مجلة الباحث, عدد٠٧/٢٠٠٩–٢٠١٠, ص٢٧٦.

[٢] لوقمان وسو عومەر: س.پ، ل١٧.

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٧٠ | ١٦٥,٧٨٧ | ١٧,٩٠٠ |
| ١٩٨٠ | ٢٨٧,٧٨٧ | ١٠٣,٥٣٥ |
| ١٩٩٠ | ٤٥٧,٣٠٦ | ٢٦٣,٣٥٧ |
| ٢٠٠٠ | ٦٩٨,٧٩٣ | ٤٧٥,٢٧٧ |
| ٢٠٠٣ | ٧٠٣,٠٠٠ | ٥١٤,٠٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ١,٥٦١,١٠٠ | ٢٠٠٠,٠٠٠ |

گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی کاریگەری زۆری کردۆتە سەر گەشەسەندنی گەشتوگوازری نێودەوڵەتی, هەروەك لە خشتەی (١)دا هاتووە، کە ژمارەی گەشتیاران لە ٢٥ملیۆن گەشتیارەوە لە ساڵی ١٩٥٠ زیادی کردووە بۆ ٧٠٣ملیۆن گەشتیار لە ساڵی ٢٠٠٣دا و چاوەڕێش دەکرێت کە ئەم ڕێژەیە بەرز بێتەوە بۆ ١,٥٦ملیار گەشتیار لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ڕیکخراوی گەشتوگوازری جیهانی. واتە ژمارەی گەشتیاران لەماوەی ساڵەکانی ١٩٥٠-٢٠٠٣دا زیاتر لە ٢٨ئەوەندەی خۆی زیادی کردووە، هەروەها بەبۆچوونی هەمان ڕێکخراو چاوەڕوان دەکرێت کە تا ساڵی ٢٠٢٠ زیاتر لە ٦٢هێندەی خۆی زیاد بکات. هەروەها داهاتی نێودەوڵەتی بواری گەشتوگوزاریش لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠-٢٠٠٣ لە ٢,١ملیار دۆلارەوە گەیشتووەتە ٥١٤ ملیار دۆلار واتە ٢٤٤جار هێندەی خۆی زیادی کردووە، لەماوەی نزیکەی نیوسەدەداو چاوەڕێش دەکرێت بگاتە ٢٠٠٠بلیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٠ بەگوێرەی پێشبینییەکانی (WTO) واتە ٩٥٢جار هێندەی خۆی زیاد بکات.

**دووەم: گرنگیی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی و کاریگەریی لەسەر ئابووری نەتەوەیی**

گرنگیی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لەو سوودە گەورەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە فەراهەمی دەکا، چ بۆ پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بێ یان بۆ گەشتیاران خۆیان. لەوەش کە بەشداری دەکا لە بازدان بەسەر ئەو بەربەستە کلاسیکیانەی کە مامەڵە گەشتوگوزارییە ئاساییەکان هەیانە، لەگرنگترین سوودەکانی:

١- پێشکەشکردنی ئەو زانیاریانە ئاسان دەکا کە پیشەسازیی گەشتوگوزاری پشتیان پێ دەبەستێ چونکە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە بەرهەمێکن لە زانیارییەکانیاندا بەشێوەیەکی گەورە جیاوازن و باشی و خراپیەکانیان تەنیا بە تاقیکردنەوە دەزانرێن و بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەمتمانەی گەشتیار دەبەستێ لە باشی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی کە کۆمپانیا و دەزگا گەشتیارییەکان پێشکەشی دەکەن[1]. لێرەدا بەکاربەری گەشتیار دەتوانێ هەموو داتاکان و زانیارییەکانی کە پێویستیەتی دەربارەی بەرهەمێکی گەشتیاری لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەستی بکەوێ. ئەو زانیاریانەش کاتی فڕینی فڕۆکە نرخی بلیت و هۆتێل و بەرنامە گەشتیارییەکان و شوێنەکانی بەکرێگرتنی ئوتومبێل و ...هتد دەگرێتەوە. ئەمە یارمەتیدەرە لە دابینکردنی حەزەکانی گەشتیار و قایلکردنی بەپێداویستیە بنەڕەتیەکانی، ئەوەش لە ڕێی ڕەخساندنی بوار بۆ گەشتیار تا بەراورد لەنێوان شوێنە گەشتیارییە جیاوازەکان بکا و گونجاوترینیان هەڵبژێرێ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بێ کە لەشوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی دیکە. تۆڕی ئینتەرنێتیش ئەمە دابین دەکا لە ڕێی زۆر جۆرە شێوازێك کە زانیارییە

[1] أحمد حمد الله السمان: م.س، ص١١.

ورده نووسراو و وێنەگیراوەکان دەگرێتەوە کە گەشتیار دەتوانێ لە ڕێگەیانەوە بەخۆی سەردانی شوێنەکە بکا یان لاپەڕەی بەرهەمەکە هەڵداتەوە یان تەنانەت گەشتیار دەتوانێ ئەو بەرنامە گەشتیارییە داڕێژێ کە خۆی دەیەوێ، بەبێ ئەوەی خۆی بە بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو ببەستێتەوە و بەپێی ئەو توانا داراییەی کە دەتوانێ خەرجی بکا.

٢- کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی کە پێشکەش دەکرێن[٢]. بەوەش بەرهەمە گەشتیارییەکە دەبێتە جێی بەراوردکردن لەبەر کەمی نرخ. بەکارهێنانی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی دەتوانێ تێچوونەکانی بەبازاڕکردنی گەشتیاری و بەرهەمهێنان کەم بکاتەوە (پەیوەندیکردن لەنێوان بەرهەمهێنی خزمەتگوزاریی گەشتیاری و پێناوەکە ئاسان و خێراتر دەکا). هەروەها تێچوونەکانی دابەشکردن (کرداری ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ توێژێکی گەورە لە ئامانجکراوان) ئاسان دەکا. سەرباری بچووککردنەوەی قەبارەی کارکەران. بۆ نموونە گەشتیار دەتوانێ بلیتی فڕۆکە یان پسوولەی گۆڕینەوەی تایبەتی بۆ گرتنی هوتێلەکان لە ڕێی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە بەدەست بێنێ.

٣- بەئاسانی بەرهەمی گەشتیاری پەرەپێدەدرێ و چالاکیی گەشتیاری تازەتر پەیدا دەبێ کە بۆ توێژە جیاوازەکانی گەشتیاران دەگونجێ. ئەویش لە ڕێی ڕاپرسی کە دەتوانی لێیەوە حەزە نوێیەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان و تەواوکەرەکانی کە گەشتیاران پێیان دەوێ بزانی.

٤- توانای ڕکابەری لەناو دەزگا گەشتیارییەکان زیاتر دەبێ. ئەوەش یارمەتیدەرە لە زیادکردنی فرۆشتن و دەستکەوت و قازانجەکاندا بەشێوەیەك کە کاردانەوەی دەبێ لەسەر ئەو بەهایانەی کە دەخرێنە سەر کەرتی گەشتیاری لەبەرهەمهێنانی گشتیی ناوخۆدا.

٥- بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی گەشتیاریی ئەلیکترۆنی بەڵگەیە بۆ پێشکەوتنی ژێرخانی تەکنۆلۆژی و خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان لەو وڵاتەدا بەوەی کە هاوبەشی دەکا – لەگەڵ هۆکاری دیکەدا- لە زیادبوونی وەبەرهێنانە بیانییەکان و ژێرخانی کارە حکومیەکانیش باوەڕپێکراوتر دەبن لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکاندا.

کەواتە بایەخی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لەگەڵ زیادبوونی گرنگیدان بە بازرگانیی ئەلیکترۆنی زۆرتر دەبێ چونکە دوای ئەوەی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی پێشان بەبڕی ٧٪ بەشداری بازرگانیی ئەلیکترۆنیی دەکرد لەساڵی ٢٠٠٢ دا بۆ ٣٥٪ بەرزبۆوە. هەندێك توێژینەوە ئەوانەیان نیشان داوە کە[١]:

أ. زیاتر لە ٦٤ ملیۆن هاوڵاتی ئەمریکایی لەساڵی ٢٠٠٣ دا ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە بۆ گەڕان بەدوای زانیاریی تایبەت بەشوێنی گەشتیاریی جیاواز و نرخ و بەرنامە گەشتیارییەکان، کە ٦٦٪ لەوانە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە شوێنیان گرتووە. لەساڵی ٢٠٠٥ دا فرۆشتنەکانی ئینتەرنێتی بازاڕی گەشتکردن بە ڕێژەی ٣٠٪ لە ئەمریکا زیادی کردووە.

ب. لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لەساڵی ٢٠٠٣ دا فرۆشتنەکانی گەشتکردن بەشێوەیەك زۆربوو کە گەیشتە ١٤ملیار دۆلار.

ج. بەپێی کۆمیسیۆنی ئەورووپی لەساڵی ٢٠٠٣ دا ٨٠٪ی هوتێلەکان وێبسایتی ئەلیکترۆنی تایبەتی خۆیان هەبووە. لەکاتێکدا لەوڵاتی نەمسا ٩٠٪ی هوتێلەکان وێبسایتی ئەلیکترۆنیان هەیە کە ٦٣٪ خزمەتگوزاری فرۆشتن لە ڕێی ئینتەرنێتەوە پێشکەش دەکەن و داواکاریی جێگرتن لەناویاندا دەگاتە ٧٣٪.

---

[٢] احمد حمدالله السمان: م.س، ص١٢ .

[1] أحمد غاوي: السياحة الإلكترونية تسهم في تخفيض تكاليف الرحلات السياحية, نقلا عن الموقع: www.alriyadh.com/400230

د. قەبارەی فرۆشتنە گەشتیارییەکان لە ڕێی بازرگانیی ئەلیکترۆنییەوە لەساڵی ٢٠٠٦ دا گەیشتە ٦٣ملیار دۆلار کە ٢٠ملیاری لەئەوروپا بوو[٢].

**سێیەم: پێداویستیە گشتییەکان بۆ پراکتیزەکردنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی**

گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی پێویستیی بە زۆر شت هەیە بۆ ئەوەی پراکتیزە بکرێ، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو پێداویستیانەش پەیوەست نین بە ژێرخانە گەشتیارییەکەی کە هەیەتی، بەڵکو لەوە تێدەپەرێ بۆ ئەوەی چوارچێوەی دامەزراوەیی و ڕێکخستنەکانی بگرێتەوە کە کارەکان ڕێکدەخا لەگەڵ ژێرخانی یاسادانان لەبواری بازرگانیی ئەلیکترۆنی و پێشکەوتن لە ژێرخانی تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان[١]. لەکۆتاییشدا ئەو ژێرخانە رۆشنبیریەی کە یارمەتی وەرگرتنی تاك و کۆمەڵ دەدا بۆ بیرۆکەی بازرگانیی ئەلیکترۆنی بەگشتی.

**١- بوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و ڕێکخراو:** ئەم لایەنە پەیوەستە بە گرنگی بوونی هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوە حکوومیەکان لەناو خۆیاندا. هەروەها بەشداری لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێی نیشاندانی ئەو سوودانەی کە بۆ هەمووان دەگەڕێتەوە بەهۆی پیادەکردنی سیستەمەکانی بازرگانیی ئەلیکترۆنی لەبواری چالاکیەکانی گەشتیاریدا. بوونی گفتوگۆیەکی بنیاتنەر لەنێوان دامەزراوەکاندا یارمەتی دروستبوونی ژینگەیەکی دروست و گونجاو دەدا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان[٢]. دەکرێ وەزارەتی گەشتوگوزار و دەستە پەیوەستەکان بەنوێنەرایەتی حکوومەت یارمەتیی ماددیی کۆمپانیا و ئاژانسە گەشتیارییە جیاوازەکان بدەن لەپێناو بەکارهێنانی (ئەپڵیکەیشنەکانی) ئینتەرنێت لەبواری کارکردنیاندا لەگەڵ فەراهەمکردنی داتابەیسی ورد لەسەر شوێنە گەشتیاری و بەرهەمەکانی و یارمەتیدانی سایتە ئەلیکترۆنییەکانی تایبەت بەو پیشەسازیە. کۆمپانیا دیارەکانی کەرتی تایبەت بەو شارەزاییەی کە هەیانە لەتەکنۆلۆجیای زانیاری و بەبازاڕکردن و بازرگانی ئەلیکترۆنی دەتوانن ئامۆژگاری و ڕاوێژ پێشکەشی ناوەندی بڕیاردان بکەن.

ئەرکە دامەزراوەیی و ڕێخستنیەکان لەئاستی ناوەخۆ دەچنە دەرێ و هەردوو چوارچێوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەگرنەوە، وەك لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێدەدەین.

**٢- بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی دیارکراو لەسەر ئاستەکانی نێودەوڵەتی و ناوخۆدا:** گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بە بەشێك لە بازرگانیی نێودەوڵەتی دادەنرێ کە لێی جیاناکرێتەوە و لەچوارچێوەی "ڕێکەوتنی گشتی بۆ ڕزگارکردنی بازرگانی لەخزمەتگوزاری"ی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کار دەکا. ئەوەش وای لەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان کردووە کە ناوی خزمەتگوزارییە گەشتیاریەکانیان لەناو ئەو خشتەی پابەندبوونانەدا تۆمار بکەن کە پاشکۆی ڕێکەوتنی گشتیی ڕزگارکردنی بازرگانییە لە خزمەتگوزارییەکان. ئەوەش بەمەبەستی ڕزگارکردنێکی پلەبەپلە بۆ کەرتی گەشتیاری لەپێناو دابینکردنی ئەو ئامانجانەی گەشەپێدان کە ویستراوە و بۆ ئەوەش کە وەبەرهێنانی بیانی بۆ خۆیان ڕاکێشن[٣]. بەم پێیە ڕێکەوتنی گشتی بۆ ڕزگارکردنی بازرگانی لەخزمەتگوزاریدا بریتییە لە سەرەتایەك بۆ

---

[٢] منى زكريا محمد عبد الفتاح: أسرار السياحة الإلكترونية, نقلا عن الموقع: www.masress.com/october/109844

[١] د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي: م.س, ص٢٧٧.

[٢] أ.د.منيرحجاب: الاعلام السياحي، دارالفجر للنشروالتوزيع،ط٢،القاهرة،٢٠٠٣، ص٤٧.

[٣] د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي: م.س،ص٢٧٨.

گەڕان بەدوای پێداویستیە یاساییەكان بۆ ئەوەی گەشتیاری بەشێوەیەكی گشتی و گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی بەتایبەتی چالاك بكرێ.

**٣- پێشكەوتن لەبواری ژێرخانی تەكنۆلۆجیای زانیارییەكان:** ئەم پێداویستیانە پەیوەندییان بەباری ئەو ژێرخانە تەكنیكییە و چۆنیەتی پەرەپێدان و وەبەرهێنانەی كە لەبواری گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنیدا هەیە و ئەمانە دەگرێتەوە[1]:

أ. ژێرخانی بنەڕەتی پەرەپێبدرێ بۆ هۆیەكانی پەیوەندی و زانیارییە نوێیەكان بۆ رێگەخۆشكردنێكی فراوان بۆ پەیوەندیكردن بەخزمەتگوزارییەكانی ئینتەرنێت چ لەولاتی گەشتوگوزار بەرهەمهێن بێ یان لەو ولاتانەی كە ئامانجی بەبازاڕكردنی گەشتیارین.

ب. هاندانی ناوبەندی ئەلیكترۆنی (Electronic Intermediary) لەكەرتی گەشتیاری ئەوەش لە رێی كاركردن بۆ هاندانی دامەزراندنی تۆڕێك لە وێبسایتە ئەلیكترۆنییەكان بەشێوەیەكی هاوشان لەگەڵ هەموو كرێكارەكانی كەرتی گەشتیاری چ لەبواری هوتێلكردن و هێڵی فڕۆكەوانی بێ یان لەگەڵ ئاژانسەكانی گەشت و رێبەرە گەشتیارییەكان و هیدیكە لەكەرتەكانی كاری گەشتیاری. ئەمەش بەهاوكاری لەگەڵ ناوبەندە كلاسیكییەكان لەبواری گەشتوگوزاری، چونكە هەریەكەیان تەواوكاری ئەویدیكەن.

ج. گەیشتن بە شێوازی تازە لە دامەزراو و دەستەی تایبەت بەچالاككردنی گەشتیاری، لەوانەی كە لەكاركردندا پشت بەوێبسایتە ئەلیكترۆنییە پێشكەوتووەكانی تۆڕی ئینتەرنێت دەبەستن و فەراهەمكردنی پاڵپشتی تەكنیكی و زانیاری بۆ ئەو وێبسایتانە. پێویستە ئەو وێبسایتانە بەپێی پێوەری جیهانیی ناسراو دابندرێن بۆ ئەوەی بتوانن ركابەری وێبسایتە گەشتیارییەكانی دەوڵەتانی دیكە بكەن.

**٤- بوونی كەمترین ئاست لەبەكارهێنانی بازرگانیی ئەلیكترۆنی لە مامەڵە جیاوازەكاندا:** ئەوەش بەكارهێنانی ئەپڵیكەیشنەكانی ئینتەرنێت و بازرگانیی ئەلیكترۆنی دەگرێتەوە لەبوارەكانی پەیوەست بە گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی، وەك: بلیت و خزمەتگوزاری فڕۆكەوانی و ئوتێل و كۆمپانیای گواستنەوە و چێشتخانە گەشتیارییەكان. ئەمەش پەیوەندی بە بەكارهێنانی سیستەمی گرتنی بەئامێر لەرێی ئینتەرنێتەوە لەشوێنگرتن و كڕینی بلیتی فڕۆكە و ژووری هوتێل و دابینكردنی خزمەتگوزاریی ئەلیكترۆنی، چ لەكاتی گەشتكردن بێ لەناو فڕۆكە یان لەكاتی مانەوەی گەشتیار لەهوتێل[2]. بۆ نموونە، جێگرتن و كڕینی بلیتی فڕۆكە بەئینتەرنێت ئازادییەكی زیاتر بۆ گەشتیار دابین دەكا لەدیاریكردنی هێڵی رێكردنی كە خۆی دەیەوێ و شوێنی دانیشتن و جۆری ژەمەخواردنەكانی كە دەستی دەكەوێ. هەروەها هەندێك كۆمپانیای فڕۆكەوانیی گەورە توانای گۆڕینی گرتن و هێڵی رۆیشتن لە بلیتی ئەلیكترۆنی دەرەخسێنێ یان تەنانەت فرۆشتنیشی بۆ هیدیكە لەماوەی تەنیا ٢٤ كاتژمێر لەرێكەوتی گەشتكردن دەرەخسێنێ.

**٥- بوونی ژینگەیەكی رۆشنبیریی پاڵپشت:** زۆر پێویستە بۆ سەپاندنی گەشتوگوزاری ئەلیكترۆنی و ئەو مامەڵەیەی كە پێیەوە بەندە وەكو سەپاندنی حكومەتی ئەلیكترۆنی, كە ژینگەیەكی رۆشنبیری ئامادەكراو هەبێ بۆ ئەمجۆرە مامەڵە كردنانە. لەبەرەوپێشچوونی بەرنامەكانی گەشتوگوزاریی ئەلیكترۆنی دەوەشێتەوە كە زیان بە دەستە حكوومی و تایبەتیەكان بگەیەنێ كە تێیاندا فەرمانبەرانی ئێستا بەرەنگاری شێوازە نوێیەكانی كاركردن و

---

[1] شريف درويش اللبان, تكنولوجيا الاتصال: المخاطر و التحديات و التأثيرات الاجتماعية, الدار المصرية اللبنانية, القاهرة, ٢٠٠٠, ص١٠٢.

[2] فريد النجار ، وليد النجار وآخرون: م.س, ص٦٣.

بەئامێرکردنی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان دەبنەوە، وەکو ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بۆ نەبوونی زانیاری و شارەزاییە پێویستیەکان بۆ بازاڕی کار یان بەهۆی ڕێکارە ڕۆتینی و بیرۆکراتیە ڕێگرەکانەوە کە فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری گشتی رۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕن[1]. ئەمە وامان لێدەکا بڵێین دروستکردنی ستراتیجیەتێکی نوێ بۆ ئەو پێناوە کلاسیکیانە پێویستە دابندرێ بۆ ئەوەی ئامادەیان بکا بۆ شوێنکەوتنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی، ئەوەش لەرێی راهێنانێکی بەبەرنامە کە ئامانجی هۆشیارکردنەوە بێ بەو بازرگانییە ئەلیکترۆنییە و ئەو گەشتوگوزارەی کە پێیەوە بەندە و شارەزایی پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێ.

بۆ ئەوەی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی پراکتیکییانە بەرجەستە بێت, پێویستی بە چوار قۆناغی سەرەکی هەیە بۆ دروستکردنی بنچینە و ناوەرۆکی دیجیتاڵییانە کە ئەمانەن[2]:

أ.کۆکردنەوەی داتاو و پێدراوە گەشتیارییەکان (خواست و خستنەڕوو, نرخ, نەخشەکان, راپۆرتەکان,...هتد).

ب. بەدیجیتاڵکردن و بە ئەلیکترۆنی کردنی داتا و پێدراوە کۆکراوەکان بە بەکارهێنانی هۆکارو ئامرازە تەکنەلۆژییە جۆراوجۆرەکان.

ج. بڵاوکردنەوەو خستنەڕووی زانیارییە کۆکراوەکان, بەشێوەی ئەلیکترۆنی و لەڕێگای وێبسایت و هۆکارە فرەژانرەئەلیکترۆنییەکان(Multimedia) و بە زیاتر لە زمانێك.

د.فەراهام کردن و پێدانی تۆڕی ئینتەرنێت بە دەستە و بریکارەکان و دامەزراوە گەشتوگوزارییەکان و میوانخانەکان, بەجۆرێك کە خێرایی هێڵی ئینتەرنێتەکە و برەکەی پەسەند و گونجاو بێت بۆیان.

لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە دەستەیەکی نیشتمانی هەبێ سەرپەرشتی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بکات لەڕێگەی دەروازەیەکی ئەلیکترۆنی وەهاوە کە بتوانێ هەموو بەرهەم و خزمەتگوزارییە گەشتیارییانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی پێیانەوە هەبێت وەکو(بانکەکان, گواستنەوە و گەیاندنی وشکانی و ئاسمانی).

**چوارەم: پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لە کەرتی گەشتوگوزاردا**

کاتێك دەتوانین بڵێین خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لەڕووی چۆنایەتییەوە زۆرباش و گونجاون کە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا لە هەموو بوارە جیاوازەکانی گەشتوگوزاردا تەوزیف کرابێت و بەگەڕخرابێ, واتە لە پلاندانان و گەشەپێدان و بەبازاڕکردن و شوێنگرتن(حجز) و گرێبەست و پاکتاوکردنی دارایی...هتد[1]. ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی, وولاتان و دەستەو دامەزراوەکانی لە گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە کەرتی گەشتوگوزاردا ئاگادارکردۆتەوە بەوپێیەی کە ئەم ئامرازانە بوونەتە بەردی بناغەی پێشخستن و بوژاندنەوەی گەشتوگوازار. ئەمە بەو مانایە نا تەنها بژاردەیەکی گرنگ بێ بۆ ئەوانەی کە لەکەرتەکەدا کاردەکەن, بەڵکو "حەتمیەتێکە" بارودۆخی ئێستای ئابووری دەیسەپێنێت بۆ پێشخستن و بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار.

---

[1] د.محمد البنا: إقتصاديات السياحة والفندقة, الدارالجامعية, الاسكندرية, مصر, ٢٠٠٩, ص٩٧-٩٨.

[2] صناعة المحتوى الرقمي على إعداد المنتجات والخدمات الرقمية وتصميمها و ادراتها وتوزيعها, النسخة الالكترونية, نقلا عن الموقع: http://www.escwa.un.org/information/publications/edit/upload/E_ESCWA_ICTD_12_TP-4.pdf

[1] د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي: م.س, ص٢٨٠.

هیچ کاتێك گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی نابێتە ڕکابەری گەشتوگوزاری باو(السیاحة التقلیدیة), بەڵکو گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی تەواوکەر و یارمەتیدەر و پێویستیشە بۆ بەرەوپێش بردنی کەرتی گەشتوگوزار, ئەم پەیوەندییە تەواوکارییەش لەم خاڵانەی خوارەوە دێتە ئاراوە[٢]:

١- خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بەهەمووجۆرەکانییەوە پشت دەبەستێ بە زانیارییە گەشتوگوزارییەکان. ئەو زانیارییانەش زۆر جیاواز و بڵاون و پێوانەکردنی چۆنییەتی زانیارییەکان کارێکی سەختە. بۆیە ئینتەرنێت بەناوەندێکی گونجاو دادەنرێت کە لە ڕێگای سەردانە گریمانەکان بۆ خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری ئاستی ئەم (تباین)ـە کەمدەبێتەوە بەجۆرێك کە سەردانکەر دەتوانێت بەو پەڕی ئاسانی و خێرایی شوێنە گەشتیارییەکان بناسێ، لە ڕێگەی وێنەیەکی بینراوی خەیاڵاوی شوێنەکەو سەردانی کردن بەداتاو زانیارییە درێژەکانی تایبەت بەو ناوچە گەشتیارییەی کە دەیەوێت گەشتی بۆبکات، هەروەها بەو هۆیەوە گەشتیارەکە دەتوانێت پلان و پرۆگرامی گەشتەکەی دابڕێژێت و ئەو ناوچەیەش هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت گەشتی بۆبکات و کاتی سەردانەکانیشی بۆدیاری بکات تابتوانێت زۆرترین شت لە ڕواڵەت گەشتیارییەکەی ببینێ و پارەی تەقریبی خەرجیەکانیشی دیاری بکات.

٢- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن، دەبێتە هۆی دابەزینی خەرجی بەرهەمی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان، کەلەلایەك بەشداریدەکات لەبەرزکردنەوەی برەودانی گەشتیارییانە، لە لایەکی دیکەیشەوە تەکنەلۆژیاکە کاردەکات لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان، بەتایبەتیش لەوانەی کە تایبەتن بە پەیوەندیکردن (پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەناوەندەکان و گەشتیاران) و ئەوەشی کە تایبەتە بەدابەشکردن، چونکە داواکاری خزمەتگوزارییەکە بۆخۆی شوێنی دەکەوێت ، بەمەش خەرجی چاپکردنی چاپکراوەکان و بڵاوکراوە گەشتیارییەکان کەمدەبێتەوە، هەروەها ڕێژەی فەرمانبەر کەمدەکاتەوە و توانستی کرێکارانیش بەرزدەکاتەوە و ڕایدەهێنێ لەسەر بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و پراکتیزەکردنی پرۆگرامە جۆراو جۆرەکان.

٣- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەشێوەی فراوان، دەبێتەهۆی بەدیارکەوتنی پێداویستیە شاراوەکان، ئەوانەی کە پێشتر نەبوون، ئەمەش پاڵنەرێکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە لەکەرتی گەشتوگوزار کاردەکەن, تاوەکو گەشە بەرهەمی گەشتیاری نوێ و جۆراوجۆر بدەن و تاوەکو توانای پڕکردنەوەی پێداویستییە شاراوەکانی گەشتیار دابین بکەن، هەروەها ئەم بەکارهێنانە فراوانەی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی چاککردنی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو و فراوانکردنی بنەمای خزمەتگوزاری میوانەکان، و بەرزکردنەوەی توانستی کێبرکێکردن لەنێوان دامەزراوە گەشتیارییەکان لەپێناوی ناساندنی لۆگۆ بازرگانییەکەی، کە ئەم کێبرکێیەش دواجار متمانەی گەشتیار دەبەخشێتە دامەزراوە گەشتیارییە سەرکەوتووەکان و ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێ لەسەرداهاتی گشتی کەرتی گەشتوگوزار.

[٢] د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي: م.س, ص٢٨١.

## بەشی سێیەم: هەلومەرجەکانی پراکتیزەکردنی گەشتوگوازری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا

### یەکەم: ڕەوشی کەرتی گەشتوگوزارو کەرتی تەکنەلۆژیای زانیاری لە کوردستاندا

هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە, بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی گەشتوگوزار و کەرتی تەکنەلۆژیای زانیارییدا. بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ژمارەی شوێنەگەشتیارییەکان (هۆتێل, مۆتێل, کۆمەڵگەی گەشتیاری) تاوەکو ساڵی ٢٠١٠زیاتر لە ٣١٥ شوێنی گەشتیارییە لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی(*).

خشتەی (٢)

ژمارەی شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا بۆ ساڵی ٢٠١٠

| جۆری شوێنی گەشتیاری / پارێزگا | ئوتێل | ڕێژەی سەدی | شوقەیان مۆتێل | ڕێژەی سەدی | کۆمەڵگەی گەشتیاری | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ٧٨ | ٣٦,٤٤٪ | ٣٨ | ٤٩,٣٦٪ | ٠ | ٠٪ |
| هەولێر | ٧٢ | ٣٣,٦٤٪ | ١٦ | ٢٠,٧٧٪ | ٥ | ٢٠,٨٣٪ |
| سلێمانی | ٦٤ | ٢٩,٩٢٪ | ٢٣ | ٢٩,٨٧٪ | ١٩ | ٧٩,١٧٪ |
| کۆی گشتی | ٢١٤ | ١٠٠٪ | ٧٧ | ١٠٠٪ | ٢٤ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٢) بۆمان ڕون دەبێتە کە ژمارەیەکی باش لە ئوتێل و مۆتێل و کۆمەڵگەی گەشتیاری لە هەرسێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانیدا هەیە. ئەم ڕێژەیەش لە شوێنە گەشتیارییەکان لەڕووی ژمارەوە بۆخۆی ئاماژەیەکی باشە کە کوردستان ژینگەیەکی لەباری هەیە لەڕووی لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیار و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و مانەوە بۆیان, دروستکردنی شوێنەگەشتیارییەکانیش بەردەوام ڕوو لە زیادبوون و هەڵکشاندایە.

هەروەها بەپێی ئامارێکیتری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ژمارەی گەشتیارە بیانییەکان (ئەوانەی لەڕێی هێڵی ئاسمانییەوە هاتوونەتە کوردستان), تەنها لە ساڵی ٢٠١٢دا زیاتر لە ٨٠٠هەزار گەشتیار بووە, وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە(*):

خشتەی (٣)

ژمارەی گەشتیارە گوزراوەکانی ئاسمانی (هاتووەکان) ٢٠١٢ لەفڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بەپێی کۆمپانیا

| کۆمپانیا گەشتیارییەکان بەپێی وڵات | ژمارەی گەشتیارە گوزراوەکان (هاتووەکان) | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| عێراقی | ٨٦١٣٧ | ١٧,٨٠٪ | ٣ |
| ئوردنی | ٣٤٩١٢ | ٧,٢١٪ | ٦ |
| لوبنانی | ٣٢٨٩٥ | ٦,٧٩٪ | ٥ |
| میسری | ١٤٧٠٩ | ٣,٠٣٪ | ٨ |

(*) هۆتێل و شوێنەگەشتیارییەکان لەهەرێمی کوردستان٢٠١٠, وەزارەتی پلاندانان–دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

(*) ڕاپۆرتی گواستنەوەی ئاسمانی بۆساڵی ٢٠١٢, وەزارەتی پلاندانان–دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەلیجی | ٥٥٣١٤ | ٪١١,٤٣ | ٤ |
| تورکی | ١٤٣١٩٩ | ٪٢٩,٥٩ | ١ |
| کۆمپانیاکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی | ٢١٢٣٦ | ٪٤,٣٨ | ٧ |
| بیانی | ٩٥٤٩٠ | ٪١٩,٧٣ | ٢ |
| کۆی گشتی | ٤٨٣٨٩٢ | ٪١٠٠ | |

لە خشتەی (٣) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆمپانیا گەشتیارییەکانی تورکیا لە پلەی یەکەمدایە لەجوڵەی گەشتیارییدا بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٪٢٩,٥٩، لەپلەی دووەمدا کۆمپانیا بیانییەکان دێن بەڕێژەی ٪١٩,٧٣, لە پلەی سێیەمیشدا کۆمپانیا گەشتیارییە عێراقییەکان دێن بەڕێژەی ٪١٧,٨٠ . کۆی جموجوڵە گەشتیارییەکان ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان بووەتە جێی سەرنج بۆ گەشتیارانی زۆربەی وولاتانی جیهان, جوڵەیەکی بەرچاوو دیاری گەشتیاران هەیە بۆ کوردستان. ئەمەش بۆخۆی ئاماژەیەکی گرنگە بۆ گەشەسەندن و چالاکی کەرتی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستاندا.

سەبارەت بە کەرتی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان, لە ئێستادا چەندین کۆمپانیای دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت(ISP) واتە (Internet Service Provider) لە کوردستاندا مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوەو لەتوانایاندایە باشترین خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی نەوەی چوارەم(4G)و بە تەکنەلۆژیای(LTE)[*] دابین بکەن بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانیش لە ئامارێکدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن لەدامەزراوەکانی ئاڵوگۆڕی دراو گۆڕینەوە, لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانییدا بە بەراورد بە پارێزگاکانی تری عێراق[**].

خشتەی (٤)

ژمارەی دامەزراوەکان لە پارێزگاکان بەپێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان (ئینتەرنێت, کۆمپیوتەری کەسی, تەلەفۆن)

| پارێزگا | تەلەفۆن | ڕێژەی سەدی | کۆمپیوتەر | ڕێژەی سەدی | ئینتەرنێت | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ١٨٢ | ٪١٥,٨٦ | ٦١ | ٪٨,٧٠ | ٤٠ | ٪٧,٥٢ |
| هەولێر | ١٢٩ | ٪١١,٢٤ | ٦٠ | ٪٨,٥٥ | ٤٦ | ٪٨,٦٤ |
| سلێمانی | ٣٥١ | ٪٣٠,٦٠ | ١٥٣ | ٪٢١,٨٢ | ١١٦ | ٪٢١,٨٠ |
| کۆی ٣پارێزگای هەرێمی کوردستان | ٦٦٢ | ٪٥٧,٧١ | ٢٧٤ | ٪٣٩,٠٨ | ٢٠٢ | ٪٣٧,٩٧ |

[*] تەکنەلۆژیای (LTE) کورتکراوەی (Long Term Evolution)ـە کە پێوانەیەکی تازەیە بۆ خزمەتگوازرییەکانی ئینتەرنێتی نەوەی چوارەمی گەیاندنی بێتەڵ"وایەرلێس". ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە خێراییەکی بێسنوری هەیە لەگواستنەوەی داتاکان و خێراییەکەی چوارهێندەی خێرایی نەوەی سێیەمە, بۆ زانیاری زیاتر سوود لەم سەرچاوە وەربگرن: www.tech-wd.com/wd/2012/05/31/lte

[**] ڕوپێوی دامەزراوەکانی ئاڵوگۆڕی دراو و گۆڕینەوەی لەعێراق و هەرێمی کوردستان ٢٠١٣, وەزارەتی پلاندانان–دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی پارێزگاکانیتری عێراق جگە لەهەرێمی کوردستان | ٤٨٥ | ٤٢,٢٩٪ | ٤٢٧ | ٦٠,٩٢٪ | ٣٣٠ | ٦٢,٠٣٪ |
| کۆی گشتی | ١١٤٧ | ١٠٠٪ | ٧٠١ | ١٠٠٪ | ٥٣٢ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٤) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دامەزراوەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنانی تەلەفۆندا زیاترە بە بەراورد بە تەواوی پارێزگاکانی تری عێراق بەڕێژەی ٥٧،٧١٪ بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەریش لەدامەزراوەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٣٩,٠٨٪ و هەروەها لەبەکارهێنانی ئینتەرنێتیشدا ڕێژەی ٣٧,٠٣٪یە بە بەراورد بەپارێزگاکانیتری عێراق. ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی تەکنەلۆژی گەیاندنی بەهێزی هەیە بە بەراورد بە پارێزگاکانیتری عێراق و دەکرێ سوود لەم ژێرخانە تەکنەلۆژییە ببینرێ و بەکاربخرێ لە کەرتی جیاوازەکاندا بەتایبەتی لە پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا.

**دووەم: هەلومەرجی پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە کوردستاندا**

بەپێی ئەو ئامارو داتایانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا سەبارەت بە کەرتی گەشتوگوزار و کەرتی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان, هەرێمی کوردستان توانای پراکتیزە کردنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی و سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان هەیە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار. دەکرێ بەچەند خاڵێك پوختی بکەینەوە:

١- بەهۆی ئەو پەیوەندیەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئیداری و سیاسی و ئابووری و بازرگانی بە جیهانەوە هەیەتی، توانیویەتی زۆر بە ئاسانی پێداویستی و ئامێری ئەلیکترۆنی بێنێتە هەرێمی کوردستان و بیخاتە بەردەست هاوڵاتیان و کەرتی تایبەت، ئەمەش وایکردووە بە شێوەی نا ڕێکخراو بەشێك لە دامەزراوەی حکومی و کەرتی تایبەت سوود لە ئامێری ئەلکترۆنی وەربگرن و بۆ گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بەکاری بهێنن، بەجۆرێك کە ڕێگا خۆشکەر بێت بۆ پەرەدان بە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی و ببێت بەسەرەتایەك بۆبەکارخستنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی.

٢- باشترە حکومەتی هەرێم یاسای بەئەلیکترۆنی کردنی حکومەت دەربکات و دامەزراوەکان ناچار بکات بۆ پابەند بوون، ئەوە دەبێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ بەهێزکردی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی. چونکە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕێکخستن و ڕینمای تایبەت هەیە کە دەتوانێت پشت بەیاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ببەستێت، تاکو سەرجەم دامەزراوە حکومیەکان و مەدەنیەکان و کەرتی تایبەت پابەند بکرێن بە سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنان، هەروەها پاراستنی ماف و تایبەتمەندیەکان و پێشێل نەکردنی مافی بەرامەبەر. پێویستە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی خولی بەردەوامی بۆ بکرێتەوە و زۆرترین کادری شارەزا لەم بوارەدا دروست بکرێن و سەرجەم ئامێر و پێداویستی بۆ دامەزراوەکان دابین بکرێن.

٣- دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی، وەك دامەزراندنی وێبسایتێکی گەشتیاری(www.bot.gov.krd) کە بەشێکە لەسیستەمی ئەلیکترۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وێبسایتەکە بە پێنج زمان ( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی ) کاردەکات و سەرجەم زانیاری لە بارەی گەشتوگوزار و جۆرەکانی گەشتوگوزاری هەرێم نەخشەی ئەلیکترۆنی و خزمەتگوزارییەکانی وەك میوانخانە و چێشتخانە بە ژمارەی تەلەفۆنەوە تۆمار کراوە، گەشتیار دەتوانێ

بۆ گەشتەکانی لە وێنە و نەخشە و خزمەتگوزارییەکان و گەیشتنی بۆ کوردستان سوودی لێوەربگرێت، خوێندکارانیش بۆ زانیاری و توێژینەوەکانیان سوودی لێوەردەگرێت.

٤-دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئەپڵیکەیشنی گەشتیاری هەرێمی کوردستانی بەناوی(Kurdistan guide) بۆ هەردوو سیستەمی(IOS) و (Android) دروست کردووە، کە بێبەرامبەر گەشتیار و هاووڵاتیان دەتوانن دابەزێنە سەر مۆبایلەکانیان و سوودی لێوەربگرن و سەردانی سەرجەم شوێنەکانی گەشتیاری هەرێم بکەن و زانیاری جۆراو جۆر و نەبیستراو نەدیتراو لێوەربگرن و بەکاری بهێنن. ئەپڵیکەیشنەکە لە رێگای بەکارخستنی هێڵی ئینتەرنێت لەسەر مۆبایل دادەنرێت و بەرنامەکە دەخرێتەسەرمۆبایل، دواتر بە بێ ئینتەرنێت لە هەموو شوێنێکی جیهان کار دەکات. ئەپڵیکەیشنەکە بە زمانی عەربی و ئینگلیزی کار دەکات، وابرپارە لە مانگی ١٠ی ٢٠١٥دا بەزمانی کوردی و فارسی و تورکیش کار بکات. لە رێگەی بەرنامەکە دەتوانی زانیاری لەسەر هەرشوێنێکی گەشتیاری وەربگری و بەوێنە سەیری بکەیت و لەسەرنەخشەی ئەلیکترۆنی بیدۆزیتەوە و رێگای گەشتکردن و پێگەیشتنی بە ئاسانی بۆت دیار دەکات، گەشتیار دەتوانێ خزمەتگوزارییەکانی میوانخانە و ریستۆرانت ببینێت و پەیوەندی بە ئیمیل و بەتەلەفۆن بە میوانخانەکان بکات و پێش دەستپێکی گەشتەکەی شوێن بگرێت.

**سێیەم: ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستاندا**

چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆر هەیە لەبەردەم پراکیتزە کردنی گەشتوگوازری ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستاندا, کە دەکرێ لەچەند خاڵێکدا پۆلێنیان بکەین(*):

١-سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا زیاتر لە ٥٥٠ میوانخانە و ٣٠٠ مۆتێل و ٧٥ گوندی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام تەنها ٧٢ میوانخانە لە وێبسایتی بوکینگ (www.booking.com) چوونەتە ناو سیستەمی گرتنی پێشوەختە بە رێگای ئەلیکترۆنی. کەواتە گەشتیاری دەتوانێت لەماڵی خۆی لەهەر وڵاتێك بێت بەر لەوەی گەشتەکەی بۆ کوردستان دەست پێبکات شوێنی مانەوەی بگرت و پارەی شەوانی مانەوەی بدات، ئەمەش ئاستەنگێکە لەبەردەم پراکیتزەکردنی گەشتوگوازری ئەلیکترۆنیدا چونکە لەکۆی ئەو هەموو شوێنە گەشتیارییە تەنها رێژەیەکی کەم بەشدار لە پرۆسەی شوێنگرتنی ئەلیکترۆنیدا.

٢- نەبوونی بانکی ئەلیکترۆنی لاوازی مامەڵەی دارایی بەشێوەی ئەلیکترۆنی, ئەمەش جۆرێك لە بارگرانی بۆ گەشتیار دروست دەکات کە ناچارە بەشێکی زۆری مامەڵە گەشتیارییەکان لەڕێگەی پارەدانی کاشەوە بکات نەوەك لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە کارتی ئەلیکترۆنی (ڤیزاکارد, ماستەرکارد).

٣- پشت نەبەستن بەسیستمی ئەلیکترۆنی لەکاتی ڕایی کردنی ئیشوکارەکانی گەشتیاردا, بەتایبەتی لە خاڵە سنورییەکان و بازگەنێوخۆییەکاندا. ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە نیگەرانی و ماندووبوونی گەشتیارانی لێدەکەوێتەوە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاردا.

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ (نادر ڕۆستی) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوازی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥/٤/٧.

## دەرەنجام

١- ڕۆشنبیریی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزمدایە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتیان و شوێنە گەشتیارییەکانیش ئاشنای گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی نیین.

٢- گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی لە کوردستاندا بابەتێکی نوێیە و لە قۆناغی سەرەتایدایە, بۆیە بەشێکی کەم لە شوێنەگەشتیارییەکان سوود لەپراکتیزەکردن و خزمەتگوزارییەکانی ئەمجۆرە گەشتوگوازە دەبینن.

٣- کەم شارەزایی لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە بەبازاڕکردن و بەکارخستنی لەبواری گەشتوگوزاردا.

٤- نەبوونی زانیاری لەبارەی گرنگی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی و نزمی ئاستی شێوازی بەکارخستن و بەکارهێنان.

٥- نەبوونی بانکی ئەلیکترۆنی و لاوازی مامەڵە داراییەکان بەشێوەی ئەلیکترۆنی, کە ئەمەش وایکردووە ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پراکتیزەکردنی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنیدا.

٦-تێنەگەیشتن لە بەهای ئابووری بەگەرخستنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لە کەرتی گەشتوگوزاردا.

٧-کەمیی داتاوزانیاری سەبارەت بە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی بەهۆی بایەخ پێنەدان بەمجۆرە گەشتوگوزارە.

٨- بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا لە پارێزگای سلێمانییە بە بەراورد بە پارێزگاکانیتر.

٩- زۆرترین ژمارەی گەشتیار لە ڕێگەی کۆمپانیا گەشتیارییەکانی تورکیاوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەکۆمپانیاکانی وڵاتەکانیتر.

## ڕاسپاردەکان

١- کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دامەزراوە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و گەیاندن لەبواری خزمەتگوازرییە گەشتیارییەکاندا لەڕێگەی هاندانیان بە بەخشینیان لە هەندێ باج بۆ ئەو دامەزراوە گەشتیارییانەی کە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی پراکتیزە دەکەن.

٢- زۆرکردنی بازرگانیی نێودەوڵەتی لەبواری گەشتیاریدا, ئەوەش بەلابردنی هەموو ئەو کۆتە ناوچەییانەی تایبەتن بەجووڵەی گەڕان و گەشت و دەستکەوتنی ڤیزا.

٣- کارکردن بۆ دابینکردنی جۆرێك لە ئاسایش و سەلامەتی بۆ گەشتیار لەڕێی نەهێشتنی هەر شتێکی کە گەشتیار دەترسێنێ یان سەلامەتیی دەخاتە مەترسیەوە. ئەمەش تەنیا لەڕێی کارکردن بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئاشتییەوە دەبێ لەهەموو ناوچەکانی جیهان بۆ ئەوەی گەشتیار بتوانێ بەدڵنیایی و بەبێ ترس بگەڕێ، بەتایبەتی پاش ئەو کردەخۆکوژییانەی کە لەم دواییەدا لەکوردستان ڕوویداندا.

٤- بوونی سیستەمێکی یاسایی تەواو بۆ مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی کە لەگەڵ هەوڵە نێودەوڵەتیە خێراکان هاوشان بێ بۆ فەراهەمکردنی توانا مادی و تەکنیکیەکان بۆ کۆمپانیاکانی گەشتیاری بۆ کارکردن لەپێناو چوستکردنی شێوازی گەشتوگوزاریی ئەلیکترۆنی.

٥- بوونی یاسا و ڕێسای ڕێکوپێك بۆ کارکردنی کۆمپانیا و دامەزراوە گەشتیارییەکان، کە لەگەڵ شێوازە نوێیەکاندا بگونجێ کە گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی سەپاندوویەتی، وەك: کۆمپانیایی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی. دانانی ڕێسای تایبەت بە ڕێکخستنی واژۆی ئەلیکترۆنی و پارەدانی ئەلیکترۆنی و ڕێکخستنی مامەڵەکردنی ئەلیکترۆنی.

٦- دانانی دەرکراوی یاسایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری ڕێبەرە گەشتیارییەکان کە پابەندبوونەکانیان دیاری بکات، لەگەڵ مەرجی کارکردن و ئاستی زانیاریی کە پێویستە لەو کەسانەدا هەبێ کە لەم بوارەدا کار دەکەن و تێیدا ڕەچاوی زانینی تەواوی ئامرازە نوێیەکان بکرێ، لەگەڵ شارەزایی لە ئامێری کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت کە ئامرازی راستەقینەی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنین.

٧- زیادکردنی هاندانەکان لە وەبەرهێنانی گەشتیاریدا بۆ هاندانی سەرمایە نیشتمانی و بیانیەکان بۆ ئەوەی بەتوندی بێنە ناو بواری گەشتیاری، لەگەڵ زۆرترکردنی ئەو هاندانانە بۆ کۆمپانیاکانی کە لەبواری گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنیدا کار دەکەن کە لەئایندەدا دەبێتە هۆی دیارکردنی ئاڕاستەکانی داواکاریی گەشتیاری لەجیهاندا.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: سەرچاوە بەزمانی کوردی**

١. لوقمان وسو عومەر: بنەماکانی جوگرافیای گەشتوگوزار بەپراکتیزەکردن لەقەزای کۆیە، چاپخانەی شەهاب، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩ .

٢. ڕاپۆرتی گواستنەوەی ئاسمانی بۆساڵی ٢٠١٢, وەزارەتی پلاندانان-دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

٣. ڕوپێوی دامەزراوەکانی ئاڵوگۆڕی دراو و گۆڕینەوەی لەعێراق و هەرێمی کوردستان ٢٠١٣, وەزارەتی پلاندانان- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

٤. هۆتێل و شوێنەگەشتیارییەکان لەهەرێمی کوردستان٢٠١٠, وەزارەتی پلاندانان-دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

**دووەم: سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

٤. أحمد حمد الله السمان: التجارة الالكترونية وتنمية الصادرات، سلسلة أوراق اقتصادية (جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، العدد٢٤، فبراير ٢٠٠٥) .

٥. أحمد حمد الله السمان: التجارة الالكترونية وتنمية الصادرات، سلسلة أوراق اقتصادية (جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، العدد٢٤، فبراير ٢٠٠٥) .

٦. أ.د.منيرحجاب: الاعلام السياحي، دارالفجر للنشروالتوزيع،ط٢،القاهرة،٢٠٠٣ .

٧. د.بختي إبراهيم و د.شعوبي محمود فوزي: دور تكنولوجيا المعلومات و الاتصال في تنمية قطاع السياحة و الفندقة, مجلة الباحث, عدد٠٧/٢٠٠٩-٢٠١٠ .

٨. د.محمد البنا: إقتصاديات السياحة والفندقة, الدارالجامعية, الاسكندرية, مصر, ٢٠٠٩ .

٩. سامية محمد جابر، نعمات أحمد عثمان، الاتصال والإعـلام (تكنولوجيا المعلومات)، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٠ .

١٠. شريف درويش اللبان, تكنولوجيا الاتصال: المخاطر و التحديات و التأثيرات الاجتماعية, الدار المصرية اللبانية, القاهرة, ٢٠٠٠.

١١. عبدالله فرغلي على موسا, تكنولوجيا المعلومات و دورها في التسويق التقليدي والالكتروني, القاهرة, ٢٠٠٧.

١٢. فريد النجار ، وليد النجار وآخرون, وسائل المدفوعات الالكترونية- التجارة والأعمال الالكترونية المتكاملة, الدارالجامعية, ٢٠٠٦.

١٣. هند محمد حامد، التجارة الالكترونية في المجال السياحي ، دار الفكر العربي، القاهرة ، ٢٠٠٣.

**سێیەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت)**

١٤. صناعة المحتوى الرقمي على إعداد المنتجات والخدمات الرقمية وتصميمها و إدارتها وتوزيعها, نقلا عن الموقع الالكتروني:
http://www.escwa.un.org/information/publications/edit/upload/E_ESCWA_ICTD_12_TP-4.pdf

١٥. أحمد غاوي: "السياحة الإلكترونية" تسهم في تخفيض تكاليف الرحلات السياحية, نقلا عن الموقع:
www.alriyadh.com/400230

١٦. منى زكريا محمد عبد الفتاح: أسرار السياحة الإلكترونية, نقلا عن الموقع:www.masress.com/october/109844

١٧. يوسف محمد ورداني, كيفية تنظيم السياحة الالكترونية و مردودها على صناعة السياحة, ٢٠٠٨, نقلا عن الموقع الالكتروني: https://historicalcities.wordpress.com/2009/03/18

١٨. د.عبدالله بن سليمان العمار: السياحة الالكترونية, الجزيرة للصحافة والطباعة والنشر, نقلا عن الموقع الالكتروني:
http://www.al-jazirah.com/2009/20090816/ar7.htm

19. http://www.investorwords.com/1637/e_commerce.html

20. http://www.tech-wd.com/wd/2012/05/31/lte

**چوارەم: چاوپێکەوتن**

٢١. چاوپێکەتن لەگەڵ (نادر ڕۆستی) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان, هەولێر، ٢٠١٥.

# دور وسائل الاتصال والتكنولوجيا المعلومات في تنمية الخدمات السياحية
## (تطبيقات السياحة الالكترونية أنموذجاً)


### الملخص

أصبحت وسائل الاتصال و تكنولوجيا المعلومات عاملا حيويا في إحداث تنمية الاقتصادية و اجتماعية متكاملة، إذ يمكن إستخدامها لأغراض العمليات التجارية لزيادة توليد الدخل و زيادة إنتاجية العمل، فهي تقلص تكلفة المعاملات وتزيد من فرص الوصول إلى الاسواق وغيرها من المزايا التي توفرها لكل من الزبون و المورد على حد سواء. ومع انتشار الهائل و التنوع لتكنولوجيا المعلومات والاتصال في مختلف قطاعات الاقتصادية (الانترنت، الهاتف المحمول والثابت و الشبكات بمختلف انوعها...الخ)، برزت عدة مفاهيم كالأعمال الالكترونية، التجارة الالكترونية، الادارة الالكترونية، التسويق الالكتروني، السياحة الالكترونية و غيرها.

وأصبحت الانترنت أكثر وسائل الاتصال استعمالا في المناحي الاقتصادية ومنها القطاع السياحي، حيث أولت العديد من المؤسسات السياحية اهتماما كبيرا بتكنولوجيا المعلومات و الاتصالات لتطوير خدمتها السياحية وبالتالي زيادة مداخليها من خلال الوصول الى عدد أكبر من زبائن.


# The role of the mass communication and information technology in the development of tourism services e-tourism apply as a sample


## Abstract

Sector is telecommunications and information technology in the world severe motor and a drastic change is in flux and accelerated technological changes have reduced substantially the cost of goods and services the technology and expanded the range of options and technological solutions.

Where technology has become information and communication is vital in bringing about economic development and integrated social, which can be used for the purposes of business processes to increase income generation and increasing the productivity of labor, they reduce transaction costs and increase access to markets and other benefits provided by each of the customer and supplier alike.

And with the enormous proliferation and diversity of information and communication technologies in various economic sectors (Internet, mobile and fixed networks of various kinds ...), emerged several concepts such as business, electronic e-commerce, e-governance, e-marketing and e-tourism and others.

The Internet is becoming more widely used means of communication in the economic aspects and of the tourist sector, where many institutions have paid great attention to tourism information and communication technology for the development of tourism services and thereby increase the returns through access to the largest number of customers.

# تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس

م.ی ئارام قادر صابر
زانكۆی راپەڕین
بەشی فەلسەفە

**پوختە:**

ئەمڕۆ، لە جیهانێکدا دەژین کە لە هێما جیا ناکرێتەوە و بوونمان لە ژیان و هزر و تێگەیشتنمان وابەستەی هێما بووە، زانست و هونەرە جیاوازەکانیش بە رێگەی هێماوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن، لە هێماکانیشەوە رووە و زانین و زانیاری ئاراستەمان دەکەن. بە گوێرەی تیۆری هێمازانی، هێما ئاماژەیەکی یارمەتیدەرە بۆ زانست و فەلسەفە و زمان، بە جۆرێك لە جیاوازییەوە لەسەر بنەمایەك کۆیان دەکاتەوە لەسەر زەمینەی تێگەیشتن و هێما خۆی، تا هێمازانی بتوانێت هەموان لەسەر تێگەیشتنی هاوبەش لە هێماکان کۆك بن سەرباری جیاوازییە هزریی و ئایدیۆلۆژییەکان.

چارلس ساندرێس پێرس (١٨٣٩-١٩١٤) دامەزرێنەر و پێشەنگی فەلسەفەی پراگماتیزمە. هاوکات یەکێکە لە پێشەنگانی توێژەران لەبارەی هێما و تیۆری هێمازانی (سیمیۆتیك – Semiotics)، کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ تیۆری واتا دا هەیە لە فەلسەفەی پراگماتیزمدا، هاوکات دامەزرێنەری تیۆری توێژینەوەی سێ ڕەهەندیی هێماکانە، هەوڵیداوە پۆلێنی کاتیگۆرییانەی فەلسەفەکەی لەسەر بنەمای هێماکان بکات و هەموو هزریش بە هێما دادەنێت، واتا هزری ئێمە بە رێگەی هێماکانەوە زانین و تێگەیشتنی هەیە و زانین و تێگەیشتنیش بە رێگەی هێماوە شیاوە. هێماکانیش تەنها لە تێگەیشتنی روکەش و سادەی نێو کولتور و ژیانی رۆژانەوە شیاوی تێگەیشتن نین، بەڵکو تیۆری هێماکان بۆ پێرس سیستمە و لەگەڵ فەلسەفە و لۆژیك و زانست لە پەیوەندیدایە.

ئەم توێژینەوەیە بە تەنها رووناکاتە پۆلێنبەندی جۆری هێماکان و کارکردیان، بەڵکو دەیەوێت لە تێگەیشتنی چارلس پێرس-ەوە راڤە و شرۆڤەی هێماکان بکات و لە پەیوەندیی و ئاستەکانیان تێبگات. ئەو ئارگیومێنتانە بخاتەروو کە چۆن هزر و هێما لە پەیوەندیدان، هێما چ رۆڵێك لە هزردا دەگێڕێت و هزری مرۆڤیش لە سیستمی مەعریفیدا چۆن دەبێتە هزرە-هێما، هزرۆکە ئێدیالەکانی پلاتۆ و هزرۆکە ئامرازییەکانی جۆن دێوی چۆن دەبنە هزرۆکە هێماییەکان لەلای چارلس پێرس.

هەروەها توێژینەوەیە (تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس) تەنها لەگەڵ پۆلێن و جۆری هێماکان خەریك نابێت. بەڵکو توێژەر دەیەوێت لە سیستمەکەی پێرسەوە ئەوە شرۆڤە بکات کە هێما و کاتیگۆرییەکانی فرە رەهەندن و بە شێوەیەکی واتادار و لۆژیکییانە پۆلێنکراون و ئاست و پەیوەندیی و راڤەی هێماکان روونبکاتەوە، رەهەندەکان و کارکردی هێمایی لە زانین و تێگەیشتندا بخاتە بەرباس. هەروەها راڤەی ئەوە بکات کە چۆن لە هزر دەبێت بە کۆگەی هێما و هێماکانیش وەك هزرۆکە لەلای پێرس مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا تیۆری ئێدێکانی پلاتۆن و هزرۆکە ئامرازییەکانی جۆن دێوی دەبن بە هزرە هێما لای پێرس.

توێژینەوەکە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هێماکان تەنها لە چالاکی و کارکردێکی دیاریکراو لە سەردەم و لای فەیلەسوفێکی دیاریکراو ناناسرێن، لەکاتێکدا هێما و کاتیگۆرییەکانی لای پێرس فرە ڕەهەندن، توێژەر دەخوازێت ڕەهەندە فراوانەکانی هێما بخاتە بەرباس تا هێما لە تاکرەهەندیی و ڕاڤەی ناتەواو ڕزگار بکات، بەمەش هۆش و ئاگایی ئاراستەی سەرجەم لایەن و پەیوەندییەکانی هێما دەبنەوە و دەگەن بە ڕاڤەی ڕۆشنی هێمایی فرەلایەن.

هەروەها لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، جەخت لەسەر گرنگی هێمازانی و بایەخە زانستییەکانی و بزاڤی زانستی بنیاتنراو لەسەر هێما و ڕۆڵی هێما لە کولتوری مرۆڤایەتی دەکرێتەوە. هاوکات ئەوە دەبینرێت کە تیۆرە هێماییەکەی پێرس بایەخ بە یەکسانی هزر لەگەڵ هێما و تێگەیشتن لە شت و دیاردەکان لەسەر بنەمای هێما دەدات. هەرچەندە ئاسان نییە سەرجەم هزر لە هێمادا کورتبکرێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕۆڵ و بایەخ و کاریگەری هێما لە زانین و درککردن و تێگەیشتن و ڕاڤەی شتەکاندا ڕوونە، ئەمەش بە گشتی گزارشتە لە بوونی مرۆڤ لە جیهانی ئاگایی و هێماییدا، دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە هێشتا لە زمان و توێژینەوە کولتوریی و زانستییە کوردییەکاندا هێمازانی نەبۆتە بابەتی توێژینەوە و نەگەیشتوە بە ئاستی پێویست تا بایەخەکانی بزانرێ، کە بێگومان پێویستی بە توێژینەوە و لێوردبوونەوەی زۆر هەیە.

## پێشەکی:

ئەمڕۆ هێماکان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵدەگێڕن، بە جۆرێك وەك زمانێکی هاوبەشی نێو–کولتوریی، تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستدەکەن. لەمەوە کێشەکانی ڕاڤە و تێگەیشتن لەلایەك و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەلایەکی دیکەوە لەسەر بنەمای زانین چارەسەر دەکەن، ئەویش کاتێك هێما وەك تێگەیشتنی هاوبەش دەکرێت بە زانینێك کە هەمووان تێگەیشتنیان بۆی هەبێت. زانستی هێما (سێمیۆتیك) لە کارکردی هێماکان و ڕەهەندەکانی دەتوێژێتەوە، ئەمەش بە تایبەت لەلایەن 'چارلس ساندرێس پێرس'ی دامەزرێنەری فەلسەفەی پراگماتیزم، لە فۆرمێکی گەشەسەندووی سیستمی و لۆژیکیدا پەرەی پێدراوە، کە فۆرمی سێپاژیی (تریکۆتۆمی) هێمایە و لە کارکرد، کاربرد، ڕەهەند، واتا، ئاست، جۆر و پەیوەندییەکانی هێما دەتوێژێتەوە.

هێما تەنها ئاماژە نییە بۆ شتێك یان بابەتێك، بەڵکو هاوکات پەیوەندییەکی لکاوی لەگەڵ هزردا هەیە، چونکە واتا و تێگەیشتن پەیوەستن بە ڕاڤەی هێما، بەمەش هێما وەك سەرچاوەیەکی گرنگی زانین دیاریدەکرێت و پەیوەندی هزر و هێما دەسەلمێنێ. ئەمە بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ دروستە، چونکە کۆمەڵگەی هێماکانە، بە جۆرێك ڕێکخستنی تەواوی کۆمەڵگە لەسەر هێماکان وەستاوە، وەك ئەوەی لە نێو سیستەمێکی ئاڵۆزی هێماییدا بژین. هەروەها هێما دەتوانێت کێشەی تێگەیشتنی نێو–کولتوریی و جیاوازیی واتا هەڵگرێت و وەك زمانێکی هاوبەش فۆرمولە بکرێت. ئەمەش بە ڕوونی لە بازاڕ و کاڵا و بەرهەم شوێنە گرنگ و نێودەوڵەتییەکان دەبینین.

بۆ ئەوەی ئێمەش بەشداریی کارامان هەبێت لە دانان و زانین و ناسینەوەی هێماکان، ئەوا پێویستە لە تیۆری هێمازانی (سێمیۆتیك) تێبگەین. هەڵبژاردنی 'چارلس پێرس' وەك یەکێك لە بەناوبانگترین فەیلەسوفە پراگماتییە هاوچەرخەکانی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی تیۆرەکانی ئەو لە بارەی هێما و لۆژیك و زانستەوە، ئەمەش وا پێویست دەکات کە توێژینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەی بۆ بکرێت. تا لەمەوە بگەین بە گەشەی زانستی و لۆژیکی و بنیاتنانی تێگەیشتنی ڕوون و زانینی جەخت لەبارەی هزر و بابەت و هێما.

ئەم توێژینەوەیە (تیۆری هێما لەلای چارلس پێرس) کراوەتە سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا 'کەسایەتی و فەلسەفە' دەروازەیەکمان بۆ ئاشنابوون بە ژیان و بەرهەمەکانی پێرس ئاوەڵا کردووە، هەروەها لەسەر پراگماتیزمی پێرس وەستاوین، چونکە بە باوکی پراگماتیزم و دامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە ناسراوە و لەلایەکی دیکەشەوە تیۆری هێما یەکێکە لە تێزە سەرەکییەکانی فەلسەفە پراگماتیکییەکەی. لە تەوەری دووەمدا تیۆری سیمیۆتیك بە پەیوەندی 'هزر و هێما' خراوەتە روو لە سێ خاڵدا، سیمیۆتیك و دابەشکاریی سێپاژیی هێما و کاتیگۆریی و کارکردی هێماکان، هەروەها رۆڵی هێماکان لە تیۆری زانیندا، روونکراونەتەوە. لە تەوەری سێیەمدا 'هێمازانی لە نێوان لۆژیك و زانستدا' تیشك خراوەتە سەر پەیوەندی نێوان لۆژیك و هێما و هەروەها رۆڵی هێما لە توێژینەوەی زانستیدا.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە توێژینەوە لەبارەی پراگماتیزم بە گشتی و هێمازانیی بە تایبەتی، بە زمانی کوردی کەم و دەگمەنە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنێکی کوردیی لەبارەی هێما و رۆڵی هێما لە گەیاندنی زانین و دروستکردنیدا، هاوکات رێکخستنی پەیوەندی هەردوو جیهانی ناوەوە 'هزر' و جیهانی دەرەوە 'شت'. لێرەوە برەو بە بەشدارییەکی کارای کوردیی بدەین لە راڤە و زانینی هێماییدا، تا بگەین بە زانین و تێگەیشتنی هاوبەش لەبارەی هەر فێنۆمێنێکەوە.

**تەوەری یەکەم: کەسایەتی و فەلسەفە**

**١. ژیان و بەرهەمی چارلس پێرس**

(چارلس ساندرێس پێرس Charles Sanders Peirce (1839-1914)، لە کامبریج – ویلایەتی ماساچوسێتس بەرواری ١٨٣٩/٩/١٠ لەدایکبوو، دووەم کوڕی 'بنیامین پێرس'ی پرۆفیسۆری ماتماتیك و ئەستێرەناسی لە زانکۆی هارڤارد بوو. پێرس دوای خوێندنی فەلسەفە، لۆژیك، ماتماتیك و زانستەکان ساڵی ١٨٥٩ لە زانکۆی هارڤارد بەکالۆریۆسی وەرگرت، دواتر و ساڵی ١٨٦٢ ماجستێری لە ماتیماتیك لە هەمان زانکۆ بەدەستهێنا. ساڵێك دواتر لە ١٨٦٣ بەکالۆریۆسی لە زانستی زانستە کیمیاییەکان وەرگرت. سەرەڕای خوێندن و توانستە زانستییەکانی بەڵام پێگەیەکی لە زانکۆکانی ئەمریکادا نەبوو، بەڵکو وەك فەرمانبەرێك تا ساڵی ١٨٩١ لە فەرمانگەی 'کەناراو و رووپێوی ئەمریکا'دا کاریدەکرد (جیرار ٢٠٠٩: ٢٠٦).

پێرس، فەیلەسوفی هارڤاردی و لۆژیکزان، لەسەر بنەماکانی لۆژیك و زانست و تیۆری هێماکان (سیمیۆتیك) گەشەی بە پراگماتیزم دا، هاوکات کاریگەر بوو بە 'لامارك' و فەلسەفەکەی 'چارلس داروین'، بە تایبەت لە زانست و میتۆدە زانستییەکاندا. هەرچەندە جگە لە بابەت و گوتار هیچ کتێبێکی لە ژیاندا بڵاونەکرایەوە، بەڵام بەرهەمێکی زۆری دوای خۆی جێهێشتووە، کە دواتر لە ساڵانی ١٩٣١–١٩٥٨ لە هەشت بەرگدا وەك 'کۆبەرهەم– Collect Papers' لە لایەن زانکۆی 'هارڤارد' بڵاوکرانەوە و وەك یەکێك لە فەیلەسوفە مەزنەکانی مێژووی فەلسەفە هەژمار دەکرێت (کامل ١٩٩٣: ٩٦). 'بێرتراند رەسڵ' لە کتێبی 'دانایی خۆرئاوا'دا دەڵێت: "بێگومان ... پێرس یەکێك بوو لە رەسەنترین ئەقڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەها بە دڵنیاییەوە گەورەترین هزرڤانی ئەمریکییە" (Russell 1959: 276). هەروەها 'کارل پۆپەر' کە کاریگەری پێرسی بەسەرەوە دەبینرێت بە تایبەت لە تیۆری شیمانەیی و کەوتنەهەڵەوە، کە هیوای خواستبوو زووتر ئاشنای بەرهەمەکانی پێرس بوایە، دەبێژێت: "پێرس یەکێکە لە مەزنترین فەیلەسوفەکان، بە درێژایی سەردەمەکان" (Popper 1972: 212).

بەڵام، پێرس زیاتر لە لایەن باوکییەوە فێردەکرا و هاندەدرا، بۆیە بەردەوام گفتوگۆیان پێکەوە دەکرد و لەسەر بابەتە ماتماتیکییەکان دێبەیتییان هەبوو، هاوکات بەشێك لەناوبانگی خۆی لە زانکۆ و تەنانەت ئەمریکاش لە باوکییەوە وەرگرت، بۆیە هەمیشە سوپاسگوزاری باوکی بوو. پێرس یەکەم جار 'نامە ئێستێتیکییەکان'ی شیللەر و 'لۆژیك'ی وایتلی و 'رەخنەی ئەقڵی پەتی' کانتی خوێندەوە، دواتر لە ساڵانی شەستەکاندا دەرفەتی گوتنەوەی چەند وانەیەکی لە زانکۆی هارڤارد بۆ رەخسا لە بارەی لۆژیك و مێژووی زانست و ئینجا بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٨٧٩ بۆ ١٨٨٤) بوو بە وانەبێژی لۆژیك لە زانکۆی 'جۆنز هۆپکینز– Johns Hopkins' و دواتر وانەبێژی فەلسەفەی زانست بوو لە زانکۆی 'هارڤارد– Harvard' بۆ ماوەی سێ ساڵ. ئنجا لە پەیمانگای 'لۆوێل– Lowell' لە بۆستن دەستی بە وانەگوتنەوە کرد (کامل ١٩٩٣: ٩٦).

پێرس لە خوێندنەوەی 'فرێدریك شیللەر ١٧٥٩–١٨٠٥'ی ئەڵمانیەوە رووی لە فەلسەفە کرد، لەسەرەتای لێهزرینە فەلسەفییەکانییەوە بە فەیلەسوفی ئەڵمانی 'ئیمانوێل کانت ١٧٢٤–١٨٠٤' کاریگەر بوو، بە تایبەت کتێبی 'رەخنەی ئەقڵی پەتی' کە بۆ ماوەی چوار ساڵ گۆشەگیرانە توێژینەوەی لەبارەوە کرد. دواتر لە 'کانت'ـەوە وەرچەرخا رووەو فەلسەفەی تێگەیشتنی/هەستی هاوبەش 'Common Sense' لە لای فەیلەسوفی سکۆتلەندی 'تۆماس رید ١٧١٠–١٧٩٦'، تا ساڵی ١٨٧٠ کە فەلسەفەی تایبەت و رەسەنی خۆی بە ناوی 'پراگماتیزم' دەستپێدەکات، ئەویش دوای رەتکردنەوەی ئایدیالیزمی 'هێگڵ'ی (کامل ١٩٩٣: ٩٦).

پێرس خاوەنی سەدان دەستنووسی بڵاونەکراوە بوو، تا لە ژیاندا بوو نەیتوانی نووسینەکانی بە کتێب چاپ بکات تەنها وەك گوتار بڵاوی دەکردنەوە. دوای مردنی، نووسینەکانی لە لایەن 'چارلس هارتشۆرن' و 'پاوڵ وێیس' کۆکرانەوە و رێکخران و 'جۆن دێوی'ش لە ١٩١٥ کتێبێکی بە ناوی 'پراگماتیزمی پێرس' بڵاوکردەوە، دواتر 'لویس' لە ١٩١٦ 'توێژینەوەی لۆژیکی هێمایی' چاپکرد کە بەشێکی بۆ پێرس تەرخانکردبوو، هەروەها 'مۆریس کۆهێن' هەندێك لە نووسینەکانی پێرسی لە ژێر ناوی 'چانس/رێکەوت، خۆشەویستی و لۆژیك' بڵاوکردەوە کە بابەتی 'روونکردنەوەی لۆژیکی زانست'ی تێدابوو (Gallie 1952: 42-43) کە وەك سێ کاتیگۆریی گەردوونزانی خستبوویەروو، لەشێوەی سێ جیهاندا: جیهانەکانی رێکەوت و خۆشەویستی و پەرەسەندن، کە سێیەمیان بەردەوامی و سەرتاپاگیریی هەیە. لەو ماوەیەدا چەندان گوتاری بڵاوکردەوە: ١.روونکردنەوەی لۆژیکی زانست (١٨٧٧–١٨٧٨) ٢.چەسپاندنی باوەڕ (١٨٧٧) ٣.چۆن بیرۆکەکانمان روونبکەینەوە؟ (١٨٧٨) ٤.شوێنکەوتووانی رێکەوت (١٨٧٨) ٥.ئەگەرێتی ئیستیقرا (١٨٧٨) ٦.رێکخراویی سروشت (١٨٧٨) ٧.هەڵێنجان/دیدەکشن، ئیستیقرا/ئیندەکشن، و گریمانە/ئەبدەکشن (١٨٧٨) ٨.لێکچەرەکانی هارڤارد لەبارەی پراگماتیزم (١٩٠٣) ٩.پراگماتیزم چییە؟ (١٩٠٥) ١٠.کێشەکانی پراگماتیسزم (١٩٠٥) ١١.پراگماتیزم (١٩٠٧).

پێرس لە چەندین گۆڤاری وەك 'باکوری ئەمریکا' و 'نەتەوە' و 'تاکگەرا' بابەتی پەخشکرد و لە دانانی 'فەرهەنگی سەدە' و 'فەرهەنگی دەروونزانی و فەلسەفە'دا بەشداریکرد. هەروەها ئەو هەشت بەرگەی کە لە لایەن 'هارتشۆرن و وێیس' کۆکرانەوە و 'زانکۆی هارڤارد' چاپیکردن، پێکهاتبوو لە: (١–بنەماکانی فەلسەفە، ٢–بنچینەکانی لۆژیك، ٣–لۆژیکی چاك، ٤–ماتماتیکی ئاسان/سادە، ٥–پراگماتیزم و پراگماتیکگەرایی، ٦–میتافیزیکی زانستیی، ٧–زانست و فەلسەفە، ٨–گۆڤارەکان، نامەکان و سەرچاوەکان). هەروەها دواتر چەندان نووسین و توێژینەوە لەبارەی پێرس و بەرهەمەکانی چاپکران. تەنانەت بەرهەمی دۆزراوەی دیکە بۆ 'کۆبەرهەم'ـەکەی زیادکران و پۆلێنبەندی نوێیان تێدا ئەنجامدرا (جیرار ٢٠٠٩: ٢٠٧، ٢١٢).

له دواییدا، پێرس زۆربەی کاتەکانی پشووی له شارۆچکەی 'میلفۆرد'ی ویلایەتی پەنسلڤانیا بەسەر دەبرد. لە تەمەنی خانەنشینیدا پلانی بۆ نووسینی چەندان بابەتی فەلسەفی دانا، کە لە سییەکانی تەمەنیدا بیری لێکردبوونەوە، بەڵام بەردەوام گرفتی ئابووری و نەداری رێگر بوو لەبەردەم کارەکانی، تەنانەت لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا لەسەر یارمەتی چەند هاوڕێیەکی دەژیا بە تایبەت 'ولیام جەیمز'. سەرەنجام لە ١٩ی نیسانی ١٩١٤ لە گۆشەگیری و گوزەرانی هەژارانەدا مرد (Gallie 1952: 35).

## ٢. پێرس و پراگماتیزم

پراگماتیزم کولتور و رێبازێکی فەلسەفییە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا لەساڵی ١٨٧٠ی زایینی. لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وەك رەسەنترین و کاریگەرترین فەلسەفەی ئەمریکی گەیشتە لوتکە، دواتر کاریگەرییەکانی گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی ئەمریکا بە تایبەت ئەوروپا، بەڵام بە ئەزموونی جیاوازەوە (الحفني: ٩٤). پراگماتیزم لکاندنی تیۆر و کردارە، بەڵام تیۆر لە کردارەوە دەبرێتەوە و ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ کردار تا هزری کرداریی روونبکاتەوە. ئەم فەلسەفەیە هەندێ جار فەلسەفەی ئەمریکیشی پێدەگوترێت، بە جۆرێك شێوە ژیانێکی کولتوریی لە هزرین و ئابووریی و سیاسەت و پەروەردە بەو وڵاتە بەخشیوە، بەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگی پێبەخشراوە کە فەلسەفەیەك نییە تەنها بۆ زانکۆ و ئەکادیمیا و فەیلەسوف و دەستەبژێران بێت، بەڵکو فەلسەفەی تەواوی کۆمەڵگەی ئەمریکییە و وەك وەرچەرخانی هزری ئەمریکی دادەنرێت لە فەلسەفەی ئینگلیزییەوە رووەو فەلسەفەی خۆیان، چونگە رەگێکی پراگماتیزم بۆ ئەوروپا و کۆچی فەیلەسوفەکانی بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە. هەروەها بەشداری فەیلەسوفانی ئەوروپی بەردەوامتر بوو، بە تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و کۆچی هەندێ فەیلەسوفانی ئۆکسفۆردی بۆ ئەمریکا و هاوکات دەرکەوتنی لودڤیگ ڤیتگنشتاینی دواتر و ئۆکسفۆردییەکان و ویلارد ڤان ئۆرمان کواین '١٩٠٨–٢٠٠١'.

رێبازی پراگماتیزم جەخت لە پەیوەندی و وەرچەرخانێك لە تیۆرەوە بۆ کردار دەکاتەوە، لە ئەزموون (خبرە) و سروشتەوە بەردەوامی و سەرەنجام وەردەگرێت. ئەزموون بریتییە لە ژینگە و رێڕەو بۆ پێکگەیشتنی سەبژێکت و ئۆبژێکت لە پرۆسەکەدا. زانین بە رێگەی بەهاو ئارەزووەوە رێنمایی دەکرێت و ریالێتی شتەکانیش ناتوانرێن بە رێگەی پێش–ئەزموونی بزانرێن. زانین ئامرازە بۆ رێکخستنی ئەزموونەکانمان. کۆنسێپتەکانیش خووی باوەڕیی یان یاساکانی کردارن. هەروەها هەقیقەت تەنها بە رێگەی رەخنەی مەعریفییەوە دیاری ناکرێت.

فەلسەفەی پراگماتیزم، پراکتیك دەخاتە پێش فەلسەفاندنی تیۆریی، تیۆرەکانیش وەك ئامرازێك دادەنێت، کە راستی و دروستیان دەوەستێتە سەر بەکارهێنان و کارکردیان، هەرئەمەشە وایکردەوە پراگماتیزم دیوێکی روونی ئەزموونگەریی هەبێت، بۆ ئەمەش پشت بە تاکە میتۆد نابەستێت، بەڵکو دژ بە دوالیزمی فەلسەفی کۆن دەوەستێت و هەر میتۆدێکی کردەییش بە گرنگ دەزانێت بۆ زانست و حەقیقەت، لە بوارەشدا جۆن دیوی هەوڵی کاریگەر و بەرهەمداری پێشکەشکردووە.

بەناوبانگترین فەیلەسوفانی پراگماتیزمی کلاسیکی بریتی بوون لە: چارلس ساندرێس پێرس (١٨٣٩–١٩١٤)، ولیام جەیمس (١٨٤٢–١٩١٠)، جۆرج هێربێرت مید (١٩٦٢–١٩٣١)، جۆن دیوی (١٨٥٩–١٩٥٢) و کلارێنس ئایرڤینگ لویس (١٨٨٣–١٩٦٤). بەڵام پراگماتیزمی کلاسیکی بە سێ فەیلەسوف'چارلز ساندرێس پێرس، ولیام جەیمز و جۆن دیوی' فۆرمی تەواوی گرتووە. پێرس بناغەڕێژ و فەیلەسوفی کاریگەری پراگماتیزمە، بەڵام حەزی بە ناوبانگ نەبوو،

تەنانەت نووسینەکانی وەك کۆبەرهەم لە دوای مردنی بڵاوکرانەوە (Hookway 2013). بەڵام پێرس، وەك وتەبێژ و دامەزرێنەری 'یانەی میتافیزیکی'، پراگماتیزمی وەك میتۆدێك بۆ هزرین یان 'تیۆری واتا' هەژمارکرد، لەکاتێکدا جەیمز وەك تیۆرییەك لە دروستیی — الصدق دایڕشت، هاوکات دێوی لە ئامرازگەرییەکەیدا وەك تیۆرییەك لە بەهادا گەشەی پێدا و دواتر ئەزموون و مەبەستە مرۆییەکانی خستە خزمەت ئامانجەکانەوە و دەرەنجامە کردارییەکانیشی کردە پێوەری راستی هزرۆکەکان، هەروەها 'فێردیناند شیللەر'یش ١٨٦٤–١٩٣٧ وەك رێبازێك لە ئیرادەدا ناساندی (**الحفني**: ٩٤).

دەرکەوتنی کاریگەری پراگماتیزمی دواتر لەگەڵ فەیلەسوفانی نوێی ئەم رێبازەدا بوو، وەك: 'ریچارد رۆرتی، هیلاری پوتنام و رۆبێرت براندۆم'. بەڵام سەرجەمی رێبازەکە بە 'سەرەنجامە کردەییەکان'ی فەلسەفەکەیدا دەناسرێتەوە، هەرچەندە لە کارەکانی پێرس و جەیمس دا پراگماتیزم رووەو حەقیقەت/Truth ئاراستەی گرتبوو. هەروەها پراگماتیزم زۆر لق و رێچکەی گرنگی هەیە بریتین لە: ئامرازگەرایی، ئەزموونگەرایی رادیکاڵی، زێدە– دڵنیایی، رێژەگەرایی کۆنسێپتی، جیاوازیی فاکتە بەها، هەروەها کەوتنە–هەڵەوە.

هەروەها فەیلەسوفانی وەك 'جۆرج سانتایانا، ویلارد ڤان ئۆرمان کواین، وڵفرید سێلارس و سوسان هاك' لە فەیلەسوفانی پراگماتیزمن، 'کواین و سێلارس' لە نوێکردنەوەی هزری پراگماتیزمیدا کاریان کرد و رێچکەیەکی نوێی پراگماتیزمیان بۆ رەخنەی 'پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی' لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم بەکارهێنا. 'سوسان هاك'ی فەیلەسوف هاوچەرخ کاری لە پراگماتیزمی شرۆڤەیی و کلاسیکییانەی نوێدا کرد، بە تایبەت کارەکانی پێرس و جەیمس و دێوی. هەروەها جۆرێکی دیکەی پراگماتیزم هەیە کە لە 'ریچارد رۆرتی'یەوە سەرچاوە دەگرێت و پێیدەگوترێت 'پراگماتیزمی نوێ' و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم برەوی پەیداکرد.

وشەی 'پراگماتیزم' لە 'پراگما/Pragma یان پراگماتا/Pragmata'ی گریکییەوە هاتووە بە واتای کردە و کردار و ئەویش لە 'پراسۆ/Prasso یان پراتۆ/Pratto یان پراتین/Prattein' وەرگیراوە بە واتای بەدەستهێنان و ئەنجامدان. بۆ یەکەم جار وەك رێبازێکی فەلسەفیی 'چارلس پێرس' دایمەزراندووە و فۆرمی پێداوە بە رێگەی دوو نووسینەوە: یەکەم 'چەسپاندنی باوەڕ ١٨٧٧' و دووەم: 'چۆن بیرۆکەکانمان روونبکەینەوە ١٨٧٨' کە لە گۆڤاری 'Popular Science' دا بڵاویکردەوە، لەم گوتارەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی داوە کە داخۆ کەی بیرۆکەکان واتایان دەبێت؟ کەی دەربڕینەکان دروستن؟ کەی دەشێ بیرۆکەیەك دەربڕین و کەی ناشێ؟ دواتر وەڵامەکەی دەگات بەوەی کە 'بیرۆکە ئەوەیە کە ئەنجامی دەدەین و بە کردار دەیکەین'، هەروەها واتاکەی پەیوەستە بە ئەنجامەکەی و لێکەوتە زانستییەکانی (کامل ١٩٩٣: ٩٧). هەروەها ئێمە دەبێ هەمیشە چاوەڕێی دەرەنجامی کردارییی بکەین، دەرەنجامی کرداریش لەسەر بیرۆکەکان وەستاوە، ئەم بۆچوونە بناغەییەی پێرس تەنها لە فەلسەفەدا کاریگەر نەبوو، بەڵکو لە سەرجەمی بوارەکانی مۆراڵ، کۆمەڵایەتی، ئابووریی، پەروەردە، سیاسەت، هونەر و چەندانی دیکە کاریگەر بوو. بەمەش، پێرس وەها پێناسەی پراگماتیزمی کرد کە میتۆد و رێبازێکە بیرۆکەکان بە رێگەی کردار و سەرەنجام و لێکەوتە پراکتیکییەکانی روونکەدەکاتەوە (ابراهیم: ٢٢). هەروەها 'جۆن دێوی' لە گوتاری (پراگماتیزمی پێرس)دا ئاماژە بەوە دەکات کە پێرس یەکەم جار واژەی پراگماتیزمی بەکارهێناوە، کە خۆی گوتویەتی لە هەردوو کتێبەکەی کانت (رەخنەی ئەقڵی پەتی و رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی) ئیلهامی وەرگرتووە (Dewey 1923: 301).

پێرس کە پراگماتیستێکی ئەمپیریست بوو، بەڵام نەك ئەمپیریزمی فاکتەکی لە دیدێکی ماتریالانەوە، بەڵکو ئەمپیریزمی فینۆمینۆلۆژی کە لە 'کانت'ـەوە گەشەی پێدا، هەروەها سێ کاتیگۆرییە هێماییەکانی پێرس لە ئەنجامی رەخنەکانی ئەوبوون لە فینۆمینۆلۆژییەکەی کانت، ئەمەش بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی لۆژیکی لە نێوان مرۆڤ و جیهاندا لەبری پەیوەندی سایکۆلۆژی (Deledalle 2000: 14-15). پێرس واژەی 'پراگماتیزم' لە 'ئیمانوێل کانت'ـەوە وەردەگرێت، بەڵام واتای جیاوازی پێدەدات. 'ئیمانوێل کانت' لە کتێبی 'رەخنەی ئەقڵی پەتیی' و 'میتافیزیکای ئاکار'دا جیاوازیی کردووە لە نێوان پراگماتیك و کرداریی، ئەنترۆپۆلۆژیای پراگماتی (کرداریی) بریتییە لە ئەخلاق (ئێتیك)ی کرداریی. بەڵام هۆریزۆنی پراگماتیك (پێکگەیشتنی ئاسۆییانەی ئاسمان و زەوی لەسەر هێڵێك) گۆڕینی زانینی گشتیمانە بۆ کاریگەری لەسەر ئاکار (مۆڕاڵ)مان، بۆ کانت هەموو ئەو یاسا ئەخلاقییانە دەگرێتەوە کە بە لای ئەوەوە پێشینەیی (پێش–ئەزموونیی)ن. بەڵام پراگماتی ئەو رێسا هونەریی و شێوازی مامەڵەکردنانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر ئەزموونکردن (خبرة) دەکەنەوە (Thayer 1982: 48). کانت بۆ جیاکردنەوەی میتافیزیکای سروشتی و میتافیزیکای ئاکار هەوڵیداوە بابەتەکە بە رێگەی پراگماتیکەوە راڤە بکات.

لە کاتێکدا 'پێرس' دژ بە ئەقڵییەتی کارگەیی بوو، رەتیکردەوە رێباز و فەلسەفەکەی ناوبنێت 'کرداریی'، بەڵکو بە درێژایی ژیانی جەختی لەوە دەکردەوە کە خاوەن رێبازێکە لەسەر بنەمای رێسا لۆژیکییەکان، سەرەڕای ئەوەش 'ولیام جەیمز'ی هاوڕێی بیرۆکەی رێبازی پراگماتیزمی لە جێبەجێکردن و ئەنجامی کرداریدا دەبینییەوە، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ناکۆکی نێوان 'پێرس' و 'جەیمز'. هەر لەبەر ئەمەش پێرس فەلسەفەکەی ناونابوو پراگماتیکگەرایی 'پراگماتیسیزم Pragmaticism' لەبری پراگماتیزم، ئەمەش بۆ خۆجیاکردنەوە بوو لە 'ولیام جەیمز' و پراگماتیستەکانی تر(Urmson & Ree 1991: 229).

پراگماتیستەکانی تر زیاتر رووەو کرداری سوودگەرا هەنگاویان دەنا، ئەوان پێیانوابوو حەقیقەت و دروستیی (صدق) بریتین لە بەهای دەستبەجێ (Cash Value) و سوودی ماددی وەك کاڵاکانی بازاڕ، لە کاتێکدا پێرس رووەو 'تیۆری واتا' ئاراستەی گرتبوو دژ بە خۆدەرخستن و بەرژەوەندی تایبەت و خزمەتکاریی عەقڵ بۆ کار، یان ئامرازگەرایی (Instrumentalism) بوو لەلای جۆن دێوی، کە هزرۆکەکانی وەك ئامراز دادەنا. بەڵام پێرس و فەلسەفەکەی بە نەناسراوی تا ماوەیەکی درێژ مانەوە و ناوی 'پراگماتیسیزم' لەسەر زمان قورس بوو، لەبەرئەوە جێگەی خۆی نەگرت (علي ١٩٩٥: ٤٨–٤٩). هەرچەندە پێرس وەك یەکەم فەیلەسوف لە گوتاری "چۆن بیرۆکەکانمان روون بکەینەوە"دا ئەوەی خستە روو کە دەبێ بیرۆکەکان سوودی کردارییان هەبێت، بەڵام لە بە–کردەکردنی هزردا کێشەی هەبوو لەگەڵ ولیام جەیمزدا، پێرس لەو بڕوایەدا بوو کە دروستە بەها (Truth Value) لە سوودی کردەییدایە، بەڵام جەیمز ئاماژەی بۆ دەرەنجامی کردارییی دەکرد کە بەهای دروست بریتییە لە باشترین دەرەنجامی کردارییی مەبەستەکی لە ژیاندا (روزنتال و يودين ٢٠٠٦: ٢١٧). بۆ نموونەی واتا و بەهای دەسبەجێ دەتوانین 'شەکر' وەربگرین، ئایا بەها و واتای شەکر لە شیرینی و وزە و بەکارهێنانیدایە یان لە نرخ و بەها بازاڕییەکانیدایە کە لەکاتی کڕین و فرۆشتنیدا دەردەکەوێت، بە تایبەت کە فرۆشیار لە پێناوی نرخ و سوودی سەرمایەدا و کڕیار لە پێناوی بەهای شیرینی و بەکارهێناندا دەیکڕێت، واتە بەرهەم بۆ بازاڕ و سوودی ئابوورییە یان بۆ بەکارهێنان.

هەروەها پێرس دەیویست جۆرێك لە پۆزەتیڤیزم بونیاد بنێت لە ژێر ناوی پۆزەتیڤیزمی ناسراو (Proper-Positivism)، كە لە بری میتافیزیكای ئۆنتۆلۆژی كار لەسەر میتافیزیكای زانستی بكات و فەلسەفە لە پۆخڵەوات و بێهوودەیی رزگار بكات كە لەبارەی حەقیقەتەوە دووچاری ئاڵۆزی هاتبوو، چونكە حەقیقەت بۆ پێرس بریتییە لە 'ئەوەی كە ئەوەیە' جا تۆ یان من یان هەركەسێكی دیكە پێیوابێت كە 'ئەوەیە یان ئەوە نییە' (See Panesa 1996: 251, 254).

كەواتە پێرس لەگەڵ ئەو پراگماتیزمەدا ناكۆك بوو كە ولیام جەیمس لە دەرسگوتارەكانیدا باسیدەكرد، چونكە بڕوای وابوو كاریگەری نەرێنی لەسەر فەلسەفەی پراگماتیزم دەبێت كە ئەوسا لە برەودابوو وەك فەلسەفەی رۆژ (Audi 1999: 654). بە تایبەت كە 'ولیام جەیمز' بە وەرگرتنی تیۆری واتا–ی پێرس و تەوزیفكردنی، (كاتێك پێرس لەبارەی شوێنكەوتە كردارییەكانی هزرۆكەكانەوە لەو بڕوایەدا بوو كە سەرجەم هزرین و وێناكردنە هۆشەكییەكان لەبارەی بابەتێكەوە، هەروەها هەستكردنە راستەوخۆ و ناراستەوخۆكان تەنها بریتی دەبێت لە هزرین لەبارەی ئەنجامە كردارییەكانی بابەتەكە) سەرجەم بنەمای فەلسەفەكەی لە كتێبی 'پراگماتیزم'دا دادەڕێژێت و تیۆر وەك ئامرازی توێژینەوە دادەنێت (ابراهیم: ٣٠–٣١). ئەم كاریگەرییە هاوكات لەسەر جۆن دێوی–ش بە روونی دیارە كاتێك فەلسەفەی ئامرازگەری پێشنیاز دەكات، بەوەی كە بیرۆكەكان تەنها ئامرازێكن بۆ كردار، ئەگەر نەبن بە كردار واتایەكیان نابێت.

'پراگماتیزم' وەك كتێبی چاپكراو دەگەڕێتەوە بۆ 'ولیام جەیمس' لە كتێبی 'پراگماتیزم' ساڵی ١٨٩٨، كە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاكانی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ چارلس پێرسدا باسیان لێوەكردبوو و لەسەری رێككەوتبوون. 'جەیمز' پێیوایە كە پێرس دامەزرێنەری پراگماتیزمە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ زنجیرەیەك گوتاری پێرس. بەڵام لە گشتیدا دەشێ بگوترێ كە ئاراستە سەرەتاییەكانی پراگماتیزم لە لایەن ئەندامانی 'یانەی میتافیزیكی'یەوە بوو (علی ١٩٩٥: ٤٧) كە زیاتر لە ماڵی 'پێرس' یان 'جەیمس' كۆدەبوونەوە و گفتوگۆیان دەكرد (هەرچەندە پێشتر بیرۆكەكە لای پێرس هەبووە) كە بریتی بوون لە (چارلس پێرس، ولیام جەیمس، نشونسی رایت، جۆن دێوی، نیكۆلا گرین، فرانس ئابۆت و هێربێرت مید). ئەندامانی یانەكە لە روانگەیەكی پراگماتییانەی دەروونییانە دەیانڕوانییە باوەڕ و میتافیزیك، بە جۆرێك 'گرین' لە یەكێك لە دانیشتنەكاندا ئەم پێناسەیە دەخاتەڕوو: "باوەڕ ئەو بنەمایەیە كە مرۆڤ لەسەری ئامادەی رەفتار دەبێت" (علي ١٩٩٥: ٤٧). بە تایبەت كە پێرس و جەیمس لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی نۆزدەهەم لە كامبریجەوە لەسەر بیرۆكەی پراگماتیزم گفتوگۆیان كردبوو. بەڵام بە شێوەیەكی روونتر سەرەتای پراگماتیزم بۆ دوو نووسینی بەناوبانگی پێرس و جەیمس دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٨٧٨. یەكەمیان، پێرس: 'چۆن بیرۆكەكانمان روونبكەینەوە' و دووەمیان، جەیمس: 'پێناسەی سپێنسەر بۆ ئەقڵ وەك هاوتەریبی'.

خستنەڕووی ئەم دەروازەیە لە فەلسەفەكەی چارلس پێرس، كۆمەكمان دەكات لە تێگەیشتنی تیۆرەكەی ئەو لەبارەی هێماوە. چونكە هێماكان تەنها وێنەیەك نین، بەڵكو كاركرد و واتای فراوان و ئاڵۆزیان هەیە، لە ئەرك و كاربردەكانیان دەگەین بە راڤە و زانینی پراگماتی كە لەسەر بنەمای لۆژیك و ئەزموونی زانستییەوە دەتوانین مەعریفەیان لێوەرگرین. هەروەها وەك هەڵوێستێكی فینۆمینۆلۆژیانە دەشێ لە رەهەندی جیاوازی فەلسەفەكەیەوە بەرەو كێشە كرۆكییەكان بڕۆین كە خۆی لە هێمادا دەبینێتەوە، بە جۆرێك لە فەلسەفەی پێرسدا 'باوەڕ/الاعتقاد'یش بابەتێكی پراگماتییە و زەمینەی كردارنوێنییە، نەك چاوەڕوانی ئایندە و بەخشینی میتافیزیكی، كەواتە ئەمە بۆ هێماش هەر دروستە.

**تەوەری دووەم: پەیوەندی هزر و هێما**

هێما (Sign) تێگەیەکە لە فەلسەفە و لۆژیك و زمانەوانی و زانستەکانی دیکەدا لەگەڵ چالاکی و تێگەیشتنی مرۆییدا خەریکی شرۆڤە و راڤەکارییە، زیاتر وەها لە هێما تێگەیشتووین کە شتێك یان کردەیەك، یان ڕووداوێکە دەشێ بە هەستەکان درکبکرێت و ئاماژە و دەلالەت بێت بۆ شتێك یان کردە و ڕووداوێك. ئەمەش پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو نییە بۆ هێما چونکە تەنها لە یەك ڕەهەندەوە ڕوودەکاتە زانین و ناسین و تێگەیشتنی هێما، لە کاتێکدا هێما فۆرمێکی بونیادیی ئاڵۆزی هەیە و لەگەڵ لۆژیك و واتا و ئاگایی و زانین و دەروون و کردە مرۆییەکان لە پەیوەندیدایە (روزنتال و یودین ٢٠٠٦: ٣٠). هەرچەندە هێما و ئاماژە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە بەستێن و تێگەیشتنی زۆر سادەوە بەکاردەبرێن، وەك ئەوەی جوڵە جەستەییەکان ئاماژە بۆ شتێك بکرێت، بەڵام لە فەلسەفە و لۆژیکدا هێما پێگەیەکی باڵاتر و ئاڵۆزتری هەیە، چونکە بەشداریی کارا دەکات لە تێگەیشتن و راڤە و خستنەوەی جیاوازیی یان هاوڕایی.

کەواتە هێما دەشێت هەستەکی یان زەینی بێت، سروشتی بێت یان دەستکرد، بەڵام لە گشتیدا سێ واتای هەیە: یەکەم، شتێکی درککراوی هەستەکییە و ئاماژە بە شتێکی دیکە دەدات، وەك سورهەڵگەڕان هێمای تا لێهاتن بێت. دووەم، هێما کردەیەکی دەرەکی و درککراوە و مەبەست لێی گوزارشتە لە ویست (ئیرادە)، وەك پەنجە ڕاوەشاندن بۆ هەڕەشە و ڕێگەنەدان بە کردنی کارێك. سێیەم، هێما شتێکی بەدەستهێنراوە لە بابەتێکی درکنەکراو، وەك هێما زمانیی و ژمێرەیی و جەبرییەکان. بەڵام لە هەر سێ واتاکەدا هاوبەشییەك هەیە کە کاتێك هێما شتێکە بە ڕێگەی شتێکی دیکەوە ئەزموون دەکرێت و دەناسێنرێت یان دەبێتە جێگرەوەی (صلیبا ١٣٨٥: ٨٤). لەگەڵ ئەم پۆلێنکارییەدا بۆ هێما، چارلس پێرس لەسەر بنەمای لۆژیك و تێگەیشتن دابەشکاریی تازە بۆ هێما دەکات، تەنانەت هێما بۆ خۆی دەبێ لە سێ ڕەهەندەوە تێبیگەین جا هەر جۆرێکی هێما بێت، لەبەرئەوە فەلسەفە هێماییەکەی بە سێپاژیی بەناوبانگە.

**١. هێمازانی (سێمیۆتیك) لەلای پێرس**

هزرین بە هێما و لە هێمادا، پانتاییەکی فراوانی فەلسەفەی پێرسی گرتووە، تا ئەوەی پێرس پێیوابوو 'سەرجەمی هزر لە هێمادایە' و هاوکات سەرجەم کارایی و چالاکی هزر بە هۆی هێماوەیە ( Peirce 1931: CP 1.191). هەرچەند ئەمەش وەك درێژەی فەلسەفە فینۆمینۆلۆژییەکەی دادەنرێت، کاتێك بۆ زانین و راڤەی دیاردەکان هزر لە هێماوە سەرچاوە دەگرێت و تێگەیشتن بە هێما دەکات لە ڕێگەی راڤەی هێماکان، واتا مامەڵە و پەیوەندی هزر لەگەڵ هێمادایە، بۆ ئەمەش پێویستە شت بە هێما بکرێت و هزریش هێما راڤە بکات و بیناسێتەوە و واتا بخاتە هۆشەوە.

هێماکان لە زۆربەی بوارە تیۆری و کردارییەکان بەکاردەبرێن و ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەگێڕن. هەوڵدەدرێت هەر شتێك لە بووندا هێمای هەبێت، بۆیە بە بێ تێگەیشتن لە هێما، تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ کارێکی سەختە، ئەمە نەك بەو واتایەی کە کۆمەڵگەی کۆن هێمای بەکار نەهێنابێت، بەڵکو لە ئەفسانە و دەقە پیرۆزەکان و زمانی هێمایی و هەموو ژیانی کۆندا بە بێ تێگەیشتن لە هێماکانیان لە شارستانیەت و رابردوو تێناگەین. هەروەها بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوە (هزرەکی و کردەکی) پێویستمان بە هێمایە، چونکە هێما دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان هزر و جیهان. ئەمەش ڕێگە بۆ پەیوەندی سیستەماتیکی و

نەهێشتنی فرەبکەریی و فرەتێگەیشتن گرنگە، لێرەوە سێمیۆتیك توانستی دامەزراندنی زانینی نوێی هەیە بە ڕێگەی هێماکان و هاوکاری لۆژیك و زمان.

سێمیۆتیك یەکێکە لەو تێرمانەی کە زۆر بە بڵاوی لە زانستەکاندا بەکاردەهێنرێت. ڕیشەی واژەکە لە ئەدەبی کۆندایە، لە هێما و ئەفسانەکانی رابردوودا، لەو هێمایانەی کە بنەما و رەگەزی ئەفسانە کۆنەکانن و زمانی هێماییان هەیە. فەیلەسوفان، زانایان، لۆژیکزانان زمانەوانان، مرۆڤناسان، دەروونزانان و ئەدیبان لەبارەی هێماوە توێژینەوە دەکەن لە بوارە جیاوازەکاندا. بەڵام لە فۆرمە مۆدێرنەکەی سێمیۆتیکدا کە چارلس پێرس داهێنەرییەتی، پێناسە و لایەن و رەهەند و جۆری تازەی بۆ هێما دیاریکرد، بە ڕێگەی لۆژیکەکەیەوە لە زانستە جیاوازەکاندا بەکاری هێنا. ئێمە دەمانەوێت لە روانگەی پێرسەوە سێمیۆتیك بزانین و بەوە بگەین کە ئەم بابەتە بۆچی گرنگە.

بۆ یەکەم جار 'هیپۆکراتێس ٤٦٠–٣٧٧ پ.ز' دامەزرێنەری زانستی پزیشکی لە رۆژئاوا، لە بواری پزیشکیدا ئاماژەی بە زانستی هێماناسی کردووە کە لە نیشانەکانی نەخۆشی دەتوێژێتەوە (Sebeok 2001: 4). بەڵام لە سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە زانا و پزیشکی گریکی 'گالینۆس ١٣٠–٢٠٠ز' دەکرێت کە وەك زانستی نیشانەکان لە پزیشکیدا بەکاریهێناوە، واتە ئەو نیشانانەی لەسەر جەستەی نەخۆش دەردەکەون و ئاماژە بە نەخۆشی دەدەن و لە ڕێگەیەوە نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکرێت (المرهج ٢٠٠٨: ٨٢). 'پلاتۆ' لە کتێبی 'کراتیلۆس' دا ئاماژە بۆ بنچینەی زمان دەکات کە 'هێرمۆجین و کراتیلۆس' لەسەر کێشەی ناونانی شتەکان و سەرهەڵدانی زمان دیالۆگ دەکەن. 'ئەرستۆتێلیس'یش لە کتێبی 'گوزارشت' و 'هۆزان' دا ئاماژە بۆ کێشەی 'ناو' لە زماندا دەکات و هاوکات لە هێمادا دەچێتە ناو بابەتی نیشانە و ئاماژە و واتا، بۆ نموونە ناو بریتییە لە هێمایەك کە خەڵکان لەسەری ڕێککەوتوون. ئەمانەش وەك سەرەتاکانی سێمیۆتیك دەشێ دابنرێن. دواتر هەر یەکە لە 'ستواییەکان و ئیپیکۆرس و ئۆگۆستین (کە جیاوازی لە نێوان هێمای سروشتی و مرۆییدا کرد) و ولیامی ئۆکهامی و جۆن لۆك' کاریان لەسەر کردووە، تا دەگاتە کارە مەزنەکانی زمانەوانی سویسری 'دی سۆسێر ١٨٥٧–١٩١٣'.

'Semiotics' لە واژەی کۆنی گریکی 'Semeion' وەرگیراوە کە واتای 'هێما' دەگەیەنێت. بۆ یەکەم جار تێگەی سێمیۆتیك لە لایەن فەیلەسوفی ئەزموونگەرا 'جۆن لۆك ١٦٣٢–١٧٠٤'ـەوە وەك زانستی هێماکان ناسێنرا لە کتێبی 'لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە ١٦٩٠' لەوێدا دەبێژێت: "لە تاقیکردنەوەی پرۆسەی بە هێماکردندا بنەمایەکم بۆ لۆژیکی نوێ بینی" واژەکەش لە ڕیشەی وشەی 'Seme'ی گریکی لە 'Semeiotikos' وەرگیراوە بە واتای گوزارشتی هێما (Cobley & Jansz 1997: 4-7). ئەوکات جۆن لۆك پەیوەندییەکی ئاماژەیی لە نێوان بیرۆکە و دەنگ یان وشەکان دۆزیەوە و وەك هێمازانی هەژمارکرا کە وشە و دەنگەکان ئاماژەن بۆ ئایدیاکان، ئەم پەیوەندییە هێماییە بۆ تێگەیشتنە لە نێوان مرۆڤەکان. 'جۆن لۆك' واژەی 'Semiotika' بەکارهێناوە وەك ڕێبازی هێماکان کە لە سروشتی هێما دەتوێژێتەوە و ئەقڵیش بەکاری دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە شتەکان و گواستنەوەی زانین بۆ ئەوانی دیکە کە بە گواستنەوە و گۆڕینەوەی ئایدیا و تێگەیشتن و واژە و دەنگ دروستدەبێت. لە فەرهەنگی کامبریجی فەلسەفیدا، سێمیۆتیك بە سێمیۆسیس 'کە لە پێوانە و هەژماری هێما بە زمانی گریکی هاتووە' پێناسە کردووە، پەیوەندی هێماییش بۆ سێ لایەن دابەشدەکات: هێما، شت و هۆش (Audi 1999: 915). هەروەها، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی فێرکاریی پێشکەوتوواندا، سێمیۆتیك وەك "توێژینەوەی هێماکان و نیشانەکان و واتا و بەکارهێنانیان" پێناسە کراوە (Oxford 2010: 1390).

سێمیۆتیك لەوە دەتوێژێتەوە کە چۆن شتێك واتای شتێکی دیکە دەدات، یان چۆن شتێك دەتوانێت شتێکی دیکە بێنێتە ناو هۆشەوە، بەڵام نەك وەك خۆی بەڵکو وەك تێگەیشتن و ڕاڤە. بەمشێوەیە توێژینەوە لە هێماکان دەبێتە توێژینەوە لە هزرین، لەکاتێکدا شتەکان خۆیان ناخزێننە نێو هۆشەوە بەڵکو بە شتێکی هۆشەکی وێنا دەکرێن (Routledge 2000: 819). لەسەردەمی هاوچەرخیشدا، لە ژێر بابەتی سێمیۆتیکدا چەندان لق پۆلێنکراون، کە یەکێکیان سێمیۆتیکی پراگماتییە و لەلایەن پێرسەوە گەشەپێدراوە، جیاواز لە سێمیۆتیکی ئەورووپی لە نموونەی 'فێرگەی پاریس'. کە زیاتر جەختکردنەوەیە لە لۆژیك و واتا و وەك سەنتەرێك بۆ زمانەوانی پێشنیازکراوە و لەوێوە پەیوەندی لەگەڵ فەلسەفەدا دەگرێت، دواتریش زۆربەی کارەکانی پێرس رووە و تیۆری هێما و گەشەپێدانی کاتیگۆریەکانی هێما ئاراستەی وەرگرت (Martin & Ringham 2000: 1).

پێرس لە بەناوبانگترینی ئەو فەیلەسوفانەیە کە کاری لەبارەی سێمیۆتیکەوە کردووە، لە پێرسەوە ئەم بابەتە فراوان بوو، هەروەها توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کرا. پێرس زۆربەی نووسینەکانی لەبارەی لۆژیکەوە بوو لە پاڵ کارەکانی لەبارەی ماتماتیك، میتافیزیك، گەردونزانی، ئەستێرەناسی، سایکۆلۆژی و زەویناسی. هاوکات سێ بواری سێمیۆتیك جیاکرانەوە لە هێما زمانەوانییەکاندا، ئەوانیش: پراگماتیزمی، واتازانی و ڕستەسازیی (Audi 1999: 915). پێرس، سێمیۆتیك وەك زانستی هێماکان پێناسە دەکات، لە نووسراوی 'لەبارەی لیستێکی نوێی کاتیگۆرییەکان' دا دەستی بە توێژینەوە لەم بابەتە کرد، بەڵام جیاوازیی تیۆرەکەی پێرس لەوەدا بوو کە هێمازانی لە ڕاڤەی دوانەیی (هێما – هێمائێنراو)ی سێمیۆلۆژیەکەی (دی سۆسێر)ەوە گواستەوە – یان ڕزگارکرد – بۆ ڕاڤەی سێپاژیی. بەمەش لای پێرس، هێما خاوەن پەیوەندییەکی سێپاژییە نەك دوانی، ئەوانیش هێما، شت و ڕاڤە (Cobley & Jansz 1997: 3). هەروەها هێمازانیی سۆسێریی زمانەوانیی و ئەزموونگەرییە، لە کاتێکدا هێمازانیی پێرسی فەلسەفیی و لۆژیکیی و کاتیگۆرییانەیە بۆ گەیشتن بە ناسینی فێنۆمێنەکان. هەروەها جیاواز لە 'جۆن لۆك' هێمازانی بۆ پێرس بریتییە لە سیستمێك نەك ڕێبازێك، کە دەشێت کاتیگۆریانە پۆلێن بکرێت و وەك زانست لێی بتوێژرێتەوە.

تیۆرە هێماییەکەی پێرس، وەك ئەوەی دی سۆسێر، تەنها زمانەوانی نەبوو، بەڵکو بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی زانین بوو کە هەریەکە لە فەلسەفە، فینۆمینۆلۆژیی، لۆژیك و سێمیۆتیکی لەخۆگرتبوو. چونکە بە بڕوای پێرس "ئێمە تەنها لە هێمادا بیردەکەینەوە" (Peirce 1932: 302) و هەروەها بۆ پێرس "سەرجەمی هزر لەسەر هێما وەستاوە" هەروەها "هەموو هزر لە هێمادایە" (Peirce: 5.250 – 5.253) (See: Thayer 1982: 44). بە پێچەوانەی دی سۆسێر، هێما لای پێرس بچوکترین یەکە نییە، بەڵکو سادە و ئاڵۆزە. هەر بابەت و شتێك، هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، دەشێ وەك هێما دابنرێ لەو ساتەوەی کە دەخزێتە نێو پرۆسەی سێمیۆتیکەوە، کە پرۆسەیەکی سێپاژیی نێوان نواندن و بابەت و ڕاڤەیە (Hêbert 2011: 193).

کەواتە تیۆری هێما لای پێرس گشتگیر و فراوانە و لە چەندان کاتیگۆری و ئاست و تێگەیشتندا پۆلێنکراوە، تەنها وابەستەی زمانەوانی نەکراوە، بەڵکو وەك ڕێبازێکی نوێی هێماکان لە لۆژیك و زانست و فینۆمینۆلۆژیدا سەرجەم هزر و فەلسەفە و ژیان دەگرێتەخۆی. لەم لایەنەوە زۆرێك لە توێژەران خۆیان بە قەرزباری پێرس دەزانن لە سێمیۆتیك وەك سیستمێکی لۆژیکی و هزریی و مەعریفی، نمونەی ئەوانەش 'ژولیا کریستیڤا ١٩٤١–' (بڕوانە، شارەزووری ٢٠١٥: ١٠٨) ژنە فەیلەسوفی هاوچەرخی بولگاری–فەرەنسی. هەروەها دواتر لەلای زۆرێك لە فەیلەسوفانی وەك ڕۆلان بارت و ئێمبەرتۆ ئێکۆ و ئەندریە ماتینیە و لاکان و گریماس سێمیۆتیك لە تیۆرەوە بوو بە میتۆد و ئامرازی

شرۆڤەیی بابەتەکان بە شێوەی جیاواز (بۆ زیاتر بڕوانە، شارەزووری ٢٠١٥: ١٠٩–١١٧) هەروەها (ئەسوەد ٢٠١٥: ٣٠٤–٣٠٥).

### ٢. دابەشکاریی سێپاژیی (تریکۆتۆمی) و کاتیگۆری و کارکردی هێماکان

دەتوانرێت شەش جۆری هێما جیابکرێنەوە، ئەوانیش: نیشانە/Symptom، ئاماژە/Signal، ئایکۆن/Icon، ئیندێکس/نیشاندەر/Index، سیمبوڵ/ڕەمز/Symbol و ناو/Name (Sebeok 2001: 9-11). بەڵام هێمازانی لەلای پێرس بریتی نییە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی هێما، بەڵکو بریتییە لە ئاکت و کارکردی هێماکان و ڕۆڵییان لە زانین و هزردا.

پێرس گەشەی بە تیۆرێکی هێمازانی دا، کە گشتی و سێپاژیی و پراگماتی بوو. تیۆرەکە گشتی بوو، چونکە: ئەزموونە زەینی و پراکتیکی و دەروونییەکان دەگرێتەوە، هێما لە فراوانترین واتا دا تێدەگات و هەموو ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی سیمیۆتیک لەخۆدەگرێت. هەروەها سێپاژیی بوو، چونکە: لەسەر سێ کاتیگۆریی فەلسەفیی بنیاتنراوە: یەکەمێتی، دووەمێتی و سێهەمێتی کە لە گشتیدا سێ تێرم دێنێتە نێو پەیوەندیەکەوە: هێما، شت و ڕاڤە. هەروەها هێمازانییەکەی پراگماتیی بوو چونکە: هێما وەبەرهێن و واتادەرە، هەروەها هێما کاریگەرە بەسەر کەسی ڕاڤەکار و لێتێگەیشتوو (وەرگر)ەوە (Hêbert 2011: 192).

لە هێمازانیی پێرسدا، سێ ڕەگەزی گرنگ بەشداریی دەکەن: زانستی لۆژیکی ڕەخنەیی، زانستی بەیانکردنی هزرین، زانستی ڕێزمانی هزرین. یەکەمیان وەك نیمچە زەرورەتێکە بۆ هێمازانی، کە وێناکردنەکان بە شێوەی دروست ڕێکدەخات. بەڵام دووەمیان، کە شێوازی دەربڕین و بەیانکردنە، مەرجە وێنەییەکان بۆ هێزی هێماکان و کێشکردنی هزر دادەنێت، واتا گەرچی هێما پێویستە ڕاست بێت، سەرەڕای ئەمەش دەبێت بەهێز و گونجاو و کاریگەر و سەرنجراکێش بێت. ڕێزمانی هزریی لەکۆتاییدا دەبێتە زانستی هێماکان، چونکە زمانێك بۆ گەیاندنی شت و هزر و چێکردنی واتا بریتییە لە هێما، ئەمانەش لە ژێر کاریگەری پراگماتیکی واتا و بەکارهێنانی کرداریدایە، کاتێك واتا بریتییە لە پیادەکردن و بەکارهێنان، نموونەی ئەمەش لای 'پێرسی ولیام بریجمان ١٨٨٢–١٩٦١' و پۆزەتیڤیستەکانی وەك 'کارناپ و ڤیتگنشتاینی دواتر' دەبینرێت (جیرار ٢٠٠٩: ٢٢٠).

مەبەستی پێرس لە سیمیۆتیك بۆ دیاریکردنی سروشتی هێما و توێژینەوەی ڕەگەزەکانی و هاوکات بۆ ناساندنی جۆرێکی نوێ لە زانینی فەلسەفییانە لە ڕێگەیەکی لۆژیکییانە و زانستییانەوە بوو. بە بڕوای پێرس، هەموو زانستەکان و هەموو شتەکانی نێو گەردوون تەنها بە ڕێگەی زانینی سیمیۆتیکەوە شیاوی لێتوێژینەوەن. لەبەرئەوە، سیمیۆتیك وەك "نیمچە–زەروری، یان ڕێبازێکی فۆرماڵی هێماکان" دادەنێت و هەروەها پێیوایە زەینێك کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە فێربووە دەتوانێت سەرجەم هێماکان بەکاربهێنێت. بۆ پێرس، سیمیۆتیك لە چالاکبوونیدا سێ لایەن وەردەگرێت: هێما، شت و ڕاڤە یان گوزارشتەکەی لە هۆشدا، هاوکات لەو پەیوەندییە سیانییەدا پەیوەندی دووانیش بوونی هەیە وەك لە نێوان هێما–شت، هێما–هزر و هزر–شت دا، پێرس بەوە دەناسرێتەوە کە ویستویەتی زۆرترین پەیوەندی هێما بدۆزێتەوە، هەربۆیەشە کۆنسێپت و تیۆرەکانی فرە ڕەهەندن، ئەمەش لەو نامانەیدا دەردەکەوێت کە بۆ (لەیدی وێڵبی) ناردووە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئەم ڕەهەندانەی لێوە ببینین: زەمینەی ئێپیستیمۆلۆژی، فەلسەفەی ئەقڵ، فەلسەفەی زمان، لۆژیك و مێتافیزیك. پێرس، سیمیۆتیکی تەنها لە 'نیشانە'دا کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو نیشانەی وەك کەمتر و بەرتەسکتر لە سیمیۆتیك زانیوە، چونکە "...بە هێماکردن تەنها یەکێکە لە دوو ئەرکە

سەرەكییەكەی هێماكان ... لەبەرئەوە نیشانە وادەردەكەوێت بۆ سنورداركردنی توێژینەوە لە پەیوەندییەكانی هێماوە بۆ راڤەكانی ... لەلایەكی دیكەوە، لۆژیك زۆر بە سوودە لە حەقیقەتی هێماكان دا..." ( Peirce: CP 8.378). پۆلێنكاریی هێماكان لە لۆژیكی پێرسدا لە لۆژیكی سیمیۆتیكییەوە سەرچاوەدەگرێت، پۆلێنی هێماكانیش بە گوێرەی پەیوەندیان لەگەڵ شتەكانە و بۆ سێ تریكۆتۆمی (سێ–بەش یان سێ–پاژ یان سێ–تا Trichotomies)، كە دواتر دەبێت بە نۆ و ئینجا بیست و حەوت پۆلی هێماكان، دابەشدەبێت: هێما، شت و راڤەی لە هۆشدا. بەم پێوەرە، هێماكان دەشێ وەك هەڵگرێك بۆ هزر دابنرێن و بە گوێرەی ئەم لۆژیكە، لە مەغزا فراوانەكەیدا، دەشێ بڵێین 'هزر هەمیشە لە رێگەی واتای هێماكانەوە شوێنی خۆی دەگرێت' ( Lechte 1996: 145).

ئەم سێ رەهەندییەی هێماكان، هاوكات دەروازەی میتۆدێكی دیكەی هزرین بوو بۆ پێرس، كە بە گوێرەی 'پلانی سێپاژیی' جیهان لە سێ ئاستدا بۆ پێرس دەردەكەوێت: شتە بینراوەكان، تێگەیشتنی توێژەر و فەیلەسوف لەبارەیانەوە، هەروەها ئەو تێگە و واژانەی بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەی جیهان بەكاریاندەبات (محمد پور ٢٠١٣: ١٢٩). بەمەش بابەت و هۆش و پەیوەندی نێوانیان بەرێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن دەبێت.

فیگەرێك كە پەیوەندی سێپاژیی هێما رووندەكاتەوە بۆ نەخۆشی ئایدز:




پێرس دەبێژێت "من هێما وەك هەرشتێك پێناسە دەكەم كە لەلایەن شتێكی دیكەوە دیاریكراوە، وەك شتەكەی ناودەبرێت، هەروەها كاریگەرییەكانی لەسەر كەسێك دیاریدەكات، كاریگەرییەك كە ناویدەنێم راڤەكەی" (Peirce 1931: CP 1.339). بۆ ئەو، ناسینی هەر تێگەیشتنێك وەك هزر، پێویستە لە هێمایەكدا بەدیبهێنرێت.

بە بڕوای ئێمە، ئەمە جۆرێکە لە بەدیهێنانی هزر لە کاری هونەریدا لای هێگڵ، ئەمەش وانەکانی هێگڵمان بیردەخاتەوە لەبارەی هونەر کە پێیوابوو دەبێ هزر لە فۆرمی هونەریدا ریالیزە بکرێت (بۆ زانینی زیاتر: G.W.F. Hegel, Lectures on Aesthetics: Development of the Ideal in the Special Forms of Art).
پێرس دەبێژێت "تەنها هزرێك کە شیاوی زانین و تێگەیشتن بێت، هزرێکە لە هێمادا. بەڵام هزرێك کە شیاوی زانین نەبێت ئەوا نییە. لەبەرئەوە، هەموو هزرێك پێویستە بە زەرورەت لە هێمادا بێت" (cf, Lechte 1996: 145).

هێمایەك دەبێ وەك 'هێما' بزانرێ کە بەرامبەر بە شتێکە و ئاماژەیە بۆی نەك خودی خۆی. بە بۆچوونی پێرس، هزر بۆ خۆی هێمایە کە دەشێ لە تێگەیشتنی هزر و خەیاڵکردنەکانمانەوە پێیبگەین. هێما سێ پەیوەندیی و هاوهێزیی هەیە: هێمایەك یان نواندنێکی هێمایی، بابەت و راڤە. لەبەرئەوە، سێ کاتیگۆری بۆ سیستەمە ئۆنتۆلۆژییە هێماییەکەی دادەنێت: یەکەمێتی یان کارەکتەریی، دووەمێتی یان پەیوەندی هەروەها سێهەمێتی یان وێناکردن و راڤە. لەلای پێرس سێ کاتیگۆری بنەمایی لە هێمادا پێویستن بۆ ئەزموونی مرۆڤ، ئەوانیش یەکەمێتی (Firstness) و دووەمێتی (Secondness) و سێهەمێتین (Thirdness).

یەکەمێتی: بوونێکە پشتبەستووە بە شتی دیکەوە، بۆ نموونە نیشانەیەکی نەخۆشی وەك تا–لێهاتن و سوورهەڵگەڕان بوونێکی هەستەکیی وابەستەی نەخۆشییەکە یان ئازار هەستێکە پێویستی بە بوونی زەبر، برین، سوتان، نەخۆشی، هەستکردنی دەماریی و ئەندامێکی لەش هەیە، بەڵام ئەمە واتای هۆوئەنجامی ناگەیەنێت، بەڵکو تەنها وەك ئەزموونێکی هەستەکیی دەمێنێتەوە. دووەمێتی: جۆرێکی بوونە کە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ شتێکی دیکەدا بە شێوەیەکی کردەکی و ماتریالی، بۆ نموونە فڕێدانی بەردێك بۆ سەرزەوی، یان ئازارچێژتن بە هۆی ددان دەرکێشانەوە کاتێك دکتۆرەکە ددانی نەخۆشەکە دەکێشێت، بە واتای ئەوەی دووەمێتی ئەزموونێکی پراکتیکییە. سێهەمێتی: لە نێوان یەکەمێتی و دووەمێتیدا پەیوەندیەك دێتە ئاراوە. سێهەمێتی رووبەری یاسا و رێساکانە، چونکە یاسا پراکتیزە دەکرێت ئەمەش دووەمێتییە و پراکتیزەکردنیش خۆی لە ئاکتوالیزەکردنی چۆنێتیدا دەبینێتەوە کە ئەمەشیان یەکەمێتییە. سێهەمێتی کاتیگۆری هزرە کە خۆی لە زمان و راڤە دا دەبینێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش دروستدەکات، سێهەمێتی بریتییە لە ئەزموونی زەینی و هۆشەکی (Hêbert 2011: 192-193). لەمەوە دەردەکەوێت سێهەمێتی گرنگترین کاتیگۆرییە لە سیمیۆتیکی پێرسدا، چونکە رووبەری کولتور و یاسا و نەریتەکان دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەتوانێت یەکەمێتی و دووەمێتیش بە خۆیەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی سیانەیی دروستکات لە نێوان هەست و ماددە و هزردا.

"ئێستا، هەر هێمایەك سێ ئاماژەی هەیە: یەکەم، هێمایە بۆ هزرێك کە وێنای دەکات" دووەم، هێمایە بۆ شتێك کە یەکسانە بە هزرەکە و هاویەکە لەگەڵیدا" سێهەم، هێمایەکە لە لایەنێکەوە کە بۆ پەیوەندیی لەگەڵ شتەکەیدا هێنراوە" (cf, Habermas 2007: 103).

پێرس، هەروەها دەبێژێت: "هێماکان شیاوی دابەشکردنن بۆ سێ تریکۆتۆمی Trichotomies: یەکەم، بە گوێرەی هێماکان لەخۆیاندا کە تەنها کارەکتەرێکی رووت و هەبوویەکی ریالن یان یاسایەکی گشتین" دووەمیان، بە گوێرەی پەیوەندی هێماکە بۆ شتەکەی کە هێماکە لەخۆیدا هەندێ کارەکتەری هەیە، یان لە هەندێ پەیوەندیی هەبوویی لەگەڵ شتەکەدا، یان لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ راڤە و وێناکردن" سێهەمیان، بە گوێرەی وێناکردن و راڤەکەی وەك هێمای ئەگەرێك، یان وەك هێمای فاکتێك یان هێمای هۆکارێك" (Peirce 1932: CP 2.243).

هێما بۆخۆی نموونەی یەکەمێتییە، بابەت نموونەی دووەمێتییە و راڤە یان وێنای هزری نموونەی سێهەمێتییە. لەمەوە، سێ جۆری هێما شیاوی ناسینن لەسەر بنەمای بەکارهێنانیان بۆ شتەکان و ئەرکەکانیان. لەبەرئەوە، دەشێ سێ رێگە پێشنیاز بکرێن تا هێماکان وێنای شتەکان بکەن، ئەمەش بە 'تریکۆتۆمی هێماکان' یان سێپاژیی هێماکان ناسراوە و یەکێکە لە تیۆرە هەرە ناسراوەکانی پێرس.

بە گوتەی پێرس، تێرمی جیاواز هەن بۆ سێ تریکۆتۆمی هێماکان، ئەو سێپاژییە بۆ هەر یەك لە بابەتە سروشتی و مرۆیی و کولتورییەکان دابەشکاریی سیانەیی هێمایی هەیە. هەروەها هەر تریکۆتۆمییەك لە سێ رەهەندەوە شیاوی تێگەیشتن و زانینە، بەمشێوەیە:

یەکەم: تریکۆتۆمی یەکەم بریتییە لە نواندنی هێمایی، بە تایبەت بۆ بابەتە سروشتییەکان و دەرخستنی چییەتی هێما. بۆ ئەمە سێ تێرم هەن (لە فەرهەنگی فەلسەفیی پێرس دا) کە بۆ هێما دەگەڕێنەوە و تەنها بە رێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتنن: کوالیساین Qualisign کە کوالێتی و کارەکتەری هێماکەیە و جۆرێتی و چۆنێتی دەردەخات (پێرس بە لێکدانی Quality-Sign ئەم واژەیەی دروستکردووە، کە لە کوردیدا دەبێتە جۆر–هێما و بە کورتی جۆرێما) وەك نموونەی رەنگی شین کە تەنها لە یەك چۆنێتیدا شێوەی گرتووە و هەستی پێدەکرێت. سینساین Sinsign کە تاکە شتێکە و تاکە هێمایەکە یان 'تەنها تاکە بوونێکە' (پێرس لە لێکدانی Single – Sign ئەم واژەیەی داڕشتووە بەکوردی تاك–هێما و بە کورتی تاکێما) وەك نمونەی هێمایەکی هاتووچۆ کاتێك شۆفێرێك بە شێوازێکی پراکتیکی پابەند دەکات. هەروەها سێهەمیان بریتییە لە لێجیساین Legisign کە یاسایەکە لە لایەن خەڵکەوە دادەمەزرێنرێت و هەموو هێما نەریتیی و داهێنراوەکان لێجیساینن (پێرس ئەم واژەیەی بە لێکدانی Legal-Sign داڕشتووە بە کوردی یاسا–هێما و بە کورتی یاسێما) بۆ نموونە فیکەی داوەری یاریەك یان بلیتێك (Short 2007: 209).

دووەم: تریکۆتۆمی دووەم، دابەشکاریی هێمایە بە تایبەت پەیوەست بە بابەتە مرۆییەکان و پەیوەندی هێما و بابەت. لێرەدا بابەت لە کارکردی هێماییدا ڕووندەکاتەوە و پەیوەندی نێوان بابەت و هێما دیاریدەکات. هێما ئاماژە بۆ ئۆبجێکتێك دەکات، لەم ئاستەدا دەشێ هێما وەك ئایکۆن Icon، ئیندێکس Index و سیمبوڵ Symbol بناسین (Peirce 1931: CP 1.372).

ئایکۆن لە سێمیۆتیکی پێرسدا هێمای بابەتێکە کە هێمایاندوویەتی، بۆ نموونە پۆرترێتێك هێمایە چونکە وێنەی بابەتێك دەداتەوە یان نەخشەی خانوویەك بریتییە لە ئایکۆنی خانووەکە (Martin & Ringham 2000: 73). ئایکۆن کارەکتەر و هێماکارە، بە کورتی هێمایە بۆ شتێك و هاویەکی لەگەڵیدا هەیە. هەرچەندە پێرس ئاماژە بۆ ئایکۆنی راستەقینەو (نموونەیی و تەواو) لەلایەك و ئایکۆنی ناراستەقینە (گریمانەیی و ناتەواو) دەکات (Peirce: CP 2.276). کە یەکەمیان هاویەکی هەیە لە نێوان ئایکۆن و بابەتەکە و دووەمیان ئایکۆنێکی داتاشراو و ناتەواوی لاساییە، لە کاتێکدا ئایکۆنی راستەقینە زیاترە لەوەی هاوشێوەی بابەتەکە بێت، بەڵکو خودی بابەتەکەیە وەك درەختێك کە ئەرکە سێمیۆتیکییەکەی بەدەستدێنێت وەك هێما و لە بابەتەکەشی جیاناکرێتەوە وەك درەختێك و هاویەکن، بەڵام ئایکۆنی گریمانەیی لاساییە وەك وێنەی درەختێك کە لاسایی ئایکۆنی درەختە.

ئیندێکس بۆ پێرس بریتییە لە هێمایەك کە فیزیکییانە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ بابەتێك و نیشاندەرە، پەیوەندی نێوان هێما و هێمائێنراو دەردەخات. بۆ نموونە تەقەی لە دەرگادان، ئاماژە کردن بە پەنجە بۆ شتێك، تا لێهاتنی نەخۆشێك، بارۆمەتر و هتد... (Martin & Ringham 2000: 76) کەواتە ئیندێکس بریتییە لە

پەرچەکرداری ریالییانە لەگەڵ شتێکدا، چونکە هێما دڵنیامان دەکاتەوە کە ئاماژەی بۆ بابەتێکی هەبووی نێو ریال کردووە. هەروەها، سیمبولّ تێگەیشتن لە هێما دیاریدەکات. بەڵام سیمبولّ وەك هێما هیچ پەیوەندی و هاویەکییەکی لەگەڵ بابەت و شتەکەدا نییە، تەنها واتای شتێك دەدات و دەبێتە نیشانە، بۆ نموونە واژەی 'دار' و 'دەرختەکە خۆی'، ئەمەش بۆ جیاکاریی و پۆلێنبەندی هێمایە لەلای پێرس (Martin & Ringham 2000: 128).




کەواتە، تریکۆتۆمی دووەم بەمشێوەیە رووندەکرێتەوە:

ئەلف. ئایکۆن/رووکەشی: هێماکە رووکەشی بابەتەکە دەنوێنیّ و وەك قاوغێك دەبینرێت، لەم دۆخەدا هاویەکی و هاوشێوەیی لە شت و هێماکەیدا دەرەکییانەیە. ئەمجۆرە لە پەیوەندی بریتییە لە هاوپەیوەندیی ئاکتەکی، وەك دەنگ و شێوە و کاریگەرییەکانی، فۆتۆ و تابلۆ و پۆرترێتەکان. لێرەدا، دەشێ وەك کانت بڵێین کە 'شت بۆ ئێمە' وەك ئەوەی کە فێنۆمێنێکی بەرهەستییە شیاوی ئەوەیە لە ئایکۆندا بە هێما بکرێ. بۆ نموونە ئەو هەستەی بە پارچە موزیکێك دێتە ئاراوە کوالیساینە و جۆر و چۆنێتی کاریگەرییە هێماییەکان نیشاندەدات بەڵام بە پەیوەند بە موزیکەکە ئایکۆنی موزیکەکەیە، پۆرترێتی کەسێك سینساینە و وەك تاکە هێمایەکی تایبەتمەند دەناسرێت و دەبێتە ئایکۆنی کەسەکە (Hêbert 2011: 194).

بێ. ئیندێکس/نیشاندەر: هێماکە وێنەی فاکتێك دەداتەوە وەك ئاگایی نەك وێنەی ئاکتێك کە دەبێتە نیشاندەرێك بۆ ئاگایی راڤەکارانە. بەمەش هێما فاکتییانە ئاماژە بۆ شتێك دەکات بە شێوەی (ئەگەر ... ئەوا ...) ئەگەر ئاگر بێت ئەوا دوکەڵی دەبێت، کەواتە دوکەڵ فاکتێکە کە هێما بۆ ئاکتی سووتان دەکات (Hêbert: Online)، گڵۆپی سووری ترافیك فاکتێکە هێما بۆ ئاکتی وەستان دەکات، شوێن پێ فاکتێکە هێما بۆ کەسێك یا شتێك دەکات کە پێشتر بەو شوێنەدا تێپەریوە. بە گوتنێکی دیکە، ئەمجۆرە لە هێما پەیوەندی 'ئەگەر و ئەوا' و پابەندیی (ئیلزامی) شتەکان لە ئاکت و فاکتیاندا رووندەکاتەوە، واتا مەرج نییە یەکێکیان ببێت بە هۆکار و ئەویدیکە دەرەنجام، بەڵکو دوو ئاکت هەن، ئەگەر یەکەمیان رووبدات ئەوا ئەویدیکەیان دروستدەبێت (Short 2007: 219). واتا مەرج نییە لە پەیوەندی سەرەنجامی و وابەستەیی/ئیلزامی 'ئەگەر...ئەوا'دا پەیوەندییەکی هۆئەنجامی

هەمیشەیی هەبێت، بۆ نموونە رەنگی زەرد یان پرتەقاڵی لە ترافیك لایتدا هێمایە بۆ 'ئامادە بە بۆ وەستان' بەڵام ئـەم پەیوەندییە لە کات و شوێن و ئەرکی جیاوازی دیکەدا هەمیشە هەمان هۆوئەنجام نییە، وەك لـە شۆڕشـی پرتـەقاڵی و دادگا و بەندیخانەکاندا هێما و واتای جیاواز دەگەیەنێت. یان رەنگی سوور هەمیشە هێما نییە بۆ وەسـتان، بـەڵام لـە ترافیك لایتدا ناچار بە وەستانمان دەکات، لە کاتێکدا رەنگی سوور دەشێ هێما و واتا و سـیمبولّی (شـۆڕش، خـوێن، ترسناکی، سنووردارییی، خۆشەویستی، گەرمی، هەڵچوون و هتد...) بێت.

هەروەها ئەگەر بابەت بە راستی کاریگەر بێت بەسـەر هێمـاوە ئـەوا پەیوەنـدی ئیندێکسـی دروسـتدەبێت، بـۆ نموونە ئامێری دیاریکردنی ئاراستەی 'با' یان با–نما (Weathervane) بە کاریگەری 'بـا' شـوێنەکەی دەگـۆڕێـت. دەنگی لـەدەرگادان یـان زەنگـی دەرگـا هێمـای سـەردانکردنە و زەنگـی مۆبایـل پەیوەنـدیی کەسـێکە، نیشـانەکانی نەخۆشی ئیندێکسی نەخۆشیەکەن، لـە زمانەوانیشـدا جێناوەکـان و ئاوەڵناوەکـانی نیشـانە ئیندێکسـن (ئـەو، ئەمـە) (Hêbert 2011: 194). یاخود جیاوازیی جێندەریی لە جل و بەرگ و ستایلی قژ و پێڵاو و کاڵاکانی دیکە دەبنـە ئیندێکس بۆ رەگەز و توخمە مرۆییەکە کە داخۆ نێرە یان مێ، ئەمە بۆ زمانیش دروستە کاتێك دەڵێین پاپوچی ژنانـە و کڵاشی پیاوانە، چونکە رەگەزە جیاوازەکە کاڵایەکی جیاوازی خستۆتەوە کە دەبێت وەك هێمایەکی ئیندێکسی لێی تێبگەین.

جیم. سیمبولّ/نیشانە: هێما دەبێتە سیمبولّ ئەگەر ئاماژەی بۆ بابەتەکەی کرد بە فەزیلەتی نـەریت و یاسـا و رێککەوتن، رێساکانی سیمبولّ دەشێ پێشینەیی (پێش ئـەزموونی) و پاشـینەیی (پـاش ئـەزموونی) بـن ( Hêbert 2011: 195). سیمبولّ دەکەوێتە سـەر چـۆنێتی راڤـەکردن و تێگەیشـتن، وەك لـە رەفتـار و نـەریت و واتاکانیـان. هەروەها، دەشێ سروشتی یان کولتوریی، ئەبسـتراکت یـان لـۆژیکی بـن. بـۆ نموونـە: پیتـەکان، وشـەکان، هێماکـانی ترافیك، هێماکانی خاڵبەندیی. زۆر سیمبولّ هەن کە کولتورییانـە و کۆمەڵایەتییانـە لەسـەریان رێکدەکـەوین، بەمـەش سیمبولّ دەبێتە یاسایەك بۆ تێگەیشتنی هاوبەش (Short 2007: 221) هەروەك 'ئەسپ' کاتێك بە سـیمبولّی هێـز و توانا و 'کۆتر' بە نیشانەی ئاشتی و 'خۆر' بە نیشانەی ئازادی دەناسـرێن. یـان وەك هونـەری کلاسـیکی و گریکـی و میسری کە 'هێگڵ' وەك هونەری سیمبولّی وێنایکردووە. هاوکات، برِیـاری لـۆژیکی کـە دەربڕینێکـی زمـانیی تایبەتـە، بریتییە لە سیمبولّ کاتێك هزری لۆژیکیی فەیلەسوف دەردەبڕێت وەك لای فریگە و رەسڵ و ڤیتگنشتاین.

ئەم وێنەیە ئایکۆن و ئیندێکس و سیمبولّ لە هێمازانی جێندەریدا بۆ مرۆڤ روونەدەکاتەوە



جیاوازی نێوان ئایکۆن و سیمبوڵ لە بەکارهێناندا بۆ جێندەری مرۆیی:



سێیەم: هەروەها بە گوێرەی تریکۆتۆمی سێهەم، پەیوەست بە 'راڤەکردن و تێگەیشتن'ەوە کە هێما کولتورییەکان دەگرێتەوە، دەتوانین بە هێما بڵێین: رێم (Rheme)، دیسیساین (Dicisign, Dicent) و ئارگیومێنت (Argument). ئەم تریکۆتۆمییە بریتییە لە راڤەکردن (تێگەیشتن و لێکدانەوە)، راڤەکردنی ریمەتیکی بونیادێکی یەکەمی هەیە، ریم بریتییە لە (وێناکردن) نە راستە و نە هەڵەیە بەڵکو یەکسانە بە جۆری حوکمە لۆژیکییە کارکردییەکان. بۆ نموونە بۆشایی ناو رستەیەك وەك (... سوورە) دەتوانین بە گوێرەی پێشبینی و وێناکردن وشەیەك بۆ بۆشاییەکە دابنێین. دیسیساین (راستاندن) پەیوەندی نێوان هەڵگیراو لە حوکم و بڕیاری لۆژیکیدا دیاریدەکات کە یان راستە یان هەڵە بۆ نموونە (گوڵەکە سوورە) هەروەها پەیوەندی هێما و بابەتەکە دەراستێنێ. هەروەها ئارگیومێنت (بەڵگە و پاساوی لۆژیکی) کە بەڵگە و دەلالەتی لۆژیکی دەردەخات، هەڵێنجان (لایتی سوور هەمیشە هێمای وەستانە) یان تێخوێندنەوە (دوکەڵ هێمای ئاگرە). یان لە نموونەی ئەبدەکشن (من دەچمە دوکانێك، لەسەر مێزێك مشتە فاسۆلیایەك هەیە و لە تەنیشتییەوە تورەکەیەك فاسۆلیا دانراوە، دەسبەجێ گریمانەی ئەوە دەکەم کە مشتە فاسۆلیاکە هی ناو تورەکەکەیە) کەواتە لە ئەبدەکشندا، (کە پێرس بە تایبەت پەرەی پێداوە و میتۆدێکی لۆژیکی لە بری دیدەکشن و ئیندەکشن) ئارگیومێنتی دەسبەجێ دروستدەکرێ لەسەر شێوەی گریمانەیی و بۆهاتنی دەستبەجێ و راستەوخۆ (Hêbert 2011: 195)

واتای هەر هێمایەك بە گوێرەی وێناکردنی شتەکەی و راڤەکردنەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ریم بریتییە لە تێرم کە وەك هێمایەك ئاماژەیە بۆ کارەکتەریی شتێك و یەکەم ئاستە، دیسیساین وەك بڕیارێکی لۆژیکییە و هێمایە بۆ فاکتێك و ئاستی دووەمە، هەروەها ئارگیومێنت هێمای شتێکە وەك نەریت و یاسا و ئاستی سێهەمە.

لە پۆلێنی سەرەوەی هێماکان و هێماێنراوەکاندا دەگەین بە سێ پێناسەی جیاوازی هێما بە گوێرەی ئەرکەکانیان. یەکەم، هێما زمانی هزرە، چونکە لای پێرس هزر تەنها بە رێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن و دەربڕینە" دووەم، هێما نێوەندێکە لە نێوان هزر و شتدا، چونکە هەردووکیان بە رێگەی هێماوە پێکدەگەن" سێیەم، هێما سیمبوڵی شتە، چونکە بۆ ناسینەوە و راڤەکاریی و تێگەیشتنیی شتەکان پێویستمان بە هێماکانە، هێماکانیش مامەڵە لەگەڵ بابەتە فاکتەکی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و وەك ئاکت لەگەڵیاندا رۆڵدەگێڕن.

هێما بۆ پێرس، هەمیشە لە دۆخی سێپاژییدا شیاوی گرتن و راڤەکردنە" هێما (واژەی یەکەم) کە لە بەرامبەر شت (واژەی دووەم) ێکدایە، ئەویش راڤە و واتا و تێگەیشتن یان وێنا (واژەی سێهەم) ێکی هەیە.

وەك ئەم شێوەیەی خوارەوە (كە پەیوەندی سێپاژیی هێما ڕووندەكاتەوە):




هێڵكاریی سێ تریكۆتۆمییەكان:

| هەر هێمایەك بریتییە لە: | | | |
|---|---|---|---|
| یەكەمێتی | كوالیساین/جۆرێما/هێمای تایبەتمەند | سینساین/تاكێما/هێمای بوون | لێجیساین/یاسێما/هێمای یاسا |
| دووەمێتی | ئایكۆن/ڕووكەش | ئیندێكس/نیشاندەر | سیمبوڵ/نیشانە |
| سێهەمێتی | ڕیم/ هێمانێر/وێناكردن | دیسیساین/هێمای هەواڵدەر/ڕاستاندن | ئارگیومێنت/بەڵگەی لۆژیكی |

(ئەم هێڵكارییەی خوارەوە كاتیگۆرییەكانی هێمازانی ڕووندەكاتەوە)

| زەمینە ١ | پرۆسە ٢ | هێمایی ٣ |
|---|---|---|
| ئایكۆن (كواڵیتی) | هێما | یەكەمێتی |
| ئیندێكس (شت خۆی) | شت | دووەمێتی |
| سیمبوڵ (یاسا و نەریت) | ڕاڤەكاریی | سێیەمێتی |

نموونەی هێما و ئاماژەکانی (ینظر للمزید: أورو و آخرون ٢٠١٢: ٢٠٠)

| | | ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێما کە گوزارشت لە خۆی دەکات | ئاماژەی جۆریی/کوالیساین تایبەتمەندی دەبێتە ئاماژە | ئاماژەی بینراو/سینساین دۆخێکی راستەقینەی هەنووکەییە و دەبێتە ئاماژە | ئاماژەی یاسایی/لێجیساین یاسا دەبێتە ئاماژە |
| ٢ | هێما کە گوزارشت لە بابەتێك دەکات | ئایکۆن کە گوزارشتە لە تایبەتمەندی بابەتێك، جا ئەگەر لە ئارادا بێت یان نا | ئیندێکس/نیشاندەر گوزارشتە لە بابەتێك کە پەیوەندی کردەیی لەگەڵیدا هەبێت | سیمبوڵ/نیشانە کە گوزارشت لە بابەتەکەی دەکات بە رێگەی یاسایەکەوە کە پەیوەستە بە بیرۆکە گشتییەکانەوە |
| ٣ | هێما کە گوزارشت لە تێگەیشتن و راڤەکردنی وەرگر بکات | ریم کە هێما-نێردێکی تاکێنراوە و تەنها جۆرێك لە جۆرەکانی بابەتێك دەنوێنێ و راڤە و تێگەیشتنی هەیە | دیسیساین/ئاماژەی هەواڵدەریی و راستاندنە کە راڤە و تێگەیشتنی لە نواندنی هەبوویەکی هەنووکەییدا هەیە | ئارگیومێنت/ بەڵگە و پاساوی لۆژیکی کە راڤە و تێگەیشتنی لە نواندنی پاساوە هەیە، بە گوێرەی میتۆدە لۆژیکییەکان |

هەرچۆنێك بێت، پێرس هەوڵیدا سێ رەهەند بۆ هێماکان یان رەهەندی سێهەمی هێما دیارییبکات، هاوکات شرۆڤەی هێماکان بکات و فەلسەفەیەکی هاوشێوەی فەلسەفەی شرۆڤەیی بنیات بنێت. فەلسەفەی زمانیش بە میتۆدی پێرس دەکەوێتە ئەودیوی گوتن و دەکەوێتە چێوەی تیۆری هێماوە، زمان نموونەیەکی سەرەکییە بۆ سیمبوڵ وەك جێناوەکان کاتێك کەس و شتەکان بە سیمبوڵ دەکات و (ئەو) دەکاتە نیشانە بۆ کەسەکە (ئازاد). یان دەشێت زمان وەك ئایکۆن تێبگەین وەك کێشانی تابلۆیەك یان کتێبێکی وێنەدار. لێرەوە دوو ئەرکی زمان دەبینین: وێناکردن و واتادان، ئەمەش بە تایبەت لە لۆژیکی زماندا شیاوی تێگەیشتنە.

زمان دەکرێ بۆ دوو جیهان بەشبکرێت: ناوەکی (واتا) و دەرەکی (وشە)، هەروەها زمان وەك بوونێکی زیندوو تەنها بۆ سوودی دەرەکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانی دیکەی بەسوود نییە، بەڵکو سوودی بۆ خۆیشی هەیە، بۆ نموونە 'چەکوش' تەنها سوودی دەرەکی هەیە و لە میانەی کار و بەکارهێناندا هیچ سوودێك بە خۆی ناگەیەنێت، بەڵام زمان وەها نییە. چەکوش هیچ سودێکی بۆ خۆی نییە، زمان هەمیشە خۆی گەشەپێدەدات و دەبێتە رایەڵی پەیوەندیی و ئەرکی دیکەش وەردەگرێت.

پێرس رۆڵی ئایکۆنەکان بەرز دەنرخێنێت لە زمانی لۆژیکی و زانستیدا (Hookway 1985: 134). لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی هێمازانان بڕوایان وابوو کە زمان سیستەمێکی هێماییە، بەڵام پێرس بڕوای جیاواز بوو. نەك تەنها ئایکۆن بەڵکو هەموو هێماکان بۆ زمان بەسوودن و زمانیش دەکارێ تا هێمای جیاواز بۆ شتەکان بخاتەوە. ئەرکێکی گرنگی دیکەی هێمازانی بۆ زمان بریتییە لە وێنەکێشانی هزر. بۆ نموونە رستە و وشەکان

هێمان بۆ واتای شتەکان و مەبەست و ئاکتەکان. هێماکان هەڵگری واتاکانن. کورتکراوەکان هێمای وشە و دەستەواژە و ناوەکانن بۆ نموونە AIDS و MA و UK و UN. هەروەها پیتەکان هێمای دەنگەکانن و بەمەش دەشێ زمان وەك سیستەمێکی هێمایی پێناسە بکرێت.

دەشێ هێماکان بۆ مرۆیی و سروشتی دابەشبکەین، یان بۆ هێمای ئیرادی و نائیرادی: هێما سروشتییەکان ئەوانەن کە سروشت بەرهەمیان دێنێت و سروشتین و مرۆڤ رۆڵ لە دروستبوونیاندا ناگێرێت، وەك هەروەبروسکە و هەورەگرمە، دەنگی نمەی باران، خشپەی گەڵاکان، جوڵەی هەورەکان، شەپۆل، شێوەی مانگ و ئەستێرە، تام و بۆن و رەنگ. یان ئەوەی کە هەستەوەری هەندێ گیاندار هێماکان دەناسنەوە، ئەم هێمایانە دەبنە پێشبینی بەر لە روودانی هەر رووداوێك، وەك ئەوەی کە مارێك نیشانەکانی بومەلەرزە بناسێتەوە، یان راوچی و نێچیر هێماکانی یەکتر بناسنەوە. هەروەها هێما مرۆیی و دەستکردەکان کە مرۆڤ بەرهەمیان دێنێت وەك دەنگی زەنگ و فیکە، بۆنی عەتر و تامی خواردن، ئاراستەی میلی کاتژمێر. لە لایەکی دیکەوە دەشێ هێما بۆ سادە و ئاڵۆز دابەشبکەین: هێماکانی سڵاوکردن و هاتوچۆ سادەن، لە کاتێکدا زمان هێمایەکی ئاڵۆزە و لە دەنگ و پیت و وشە و رستە و گرامەر و بەشەکانی ئاخاوتن و واتا و هتد... پێکهاتووە.

جیاواز لە پێرس، دەکرێ هێمای ئیرادی و نائیرادی دیاریبکەین، بە جۆرێك کە هێما ئیرادییەکان لە دەرەوەی هۆش و توانستی ئێمەدان، بۆ نموونە هۆڕنی ئۆتۆمبێل و هێماکانی هاتوچۆ، پەیکەر و وێنەکێشان ئیرادین، لە کاتێکدا ئاووهەوا و سروشت نائیرادین، یان دەنگی کۆخە و سپی بوونی مووەکانی و گۆڕانی شێوەی نائیرادین. دەشێ هزری ئێمە هەموو هێماکان بزانێ و بناسێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو هێماکان دروستکراوی هزریی و هۆشەکی ئێمە بن.

### ٠٣. رۆڵی هێماکان لە زانیندا

یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە بریتییە لە زانین و پەیوەندی نێوان شت و هزر. وەك ئەوەی زانین بۆ 'ئەرستۆ' لە ریالێتییەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام بۆ 'کانت' لە هۆشەوە. بەڵام پێرس ویستی دیدی تایبەت بە خۆی لەوبارەیەوە بخاتەوە. بۆ پێرس، ریالێتی لە شتەکان پێکهاتووە جا ئەگەر ئێمە بیریان لێبکەینەوە یان نا، ئێمەش بە ئاگاییەوە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەزموونی ریالێتی دەکەین. لێرەدا، پێرس لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ و ریالیستیدا یەکدەگرێتەوە. بەڵام پەیوەندی ئێمە بە شتەکانەوە لەسەر ئایدیا و هزرۆکەکانمان وەستاوە، جا ئەگەر ئایدیاکان بژاردەی خۆمان بن، یان ئەزموونی بن، یان نەریتی و مەبەستگەرایانە بن. بژاردەی سروشتی بۆ زانین دیدێکی کانتیانە لای پێرس دروستدەکات، کە هۆش وەك بنیاتنەر و رێکخەری زانین دادەنێت. کەواتە پێرس وەك کۆکار و لێکدەری نێوان 'ئەرستۆ' و 'کانت' دادەنرێت (Urmson & Ree 1991: 228).

وەك چۆن 'ئەرستۆ' لە پەیوەندی نێوان ئەزموونی خودی راستەوخۆ و شتەکاندا پۆلێنی بابەتییانەی بۆ ریالێتی کرد، پۆلێنەکەشی ناونا کاتیگۆریەکان. پێرسیش هەوڵی پۆلێنکردنی لایەنە سەرەکییەکانی ریالێتی داوە بە رێگەی کاتیگۆرییەکانەوە بەڵام جیاوازتر لە 'ئەرستۆ'. پێرس بە رێگەی ئەزموون و دەرککردنی راستەوخۆوە سێ کاتیگۆری دیاریدەکات، دواتریش دەیانکات بە بنەمای تیۆری زانست و جۆرێك لە 'فینۆمینۆلۆژی' دادەڕێژێت بۆ راڤەی دیاردەکان و لەویشەوە دەگات بە 'هێمازانیی': یەکەمێتی، دووەمێتی، سێیەمێتی.

'یەکەمێتی' کە بە شێوەی هەستەکی و ئیدراك شیاوی تێگەیشتنە وەك نۆتەیەکی میوزیك یان هەستکردن بە رەنگێك (پال کابلی و دیگران ١٣٩١: ٢٩) کەواتە بریتییە لە دەرکەوتن و دیاردانی شت لەخۆوە (شت وەك خۆی)،

ئینجا چۆن فێنۆمێنەکان بۆ ئێمە دیاردەدەن (شت بۆ ئێمە)، هەروەها چۆن لە ژیان و سروشتدا شتەکان لە گەشە و گۆڕاندان و سەرجەمیان وەك یەکەیەکی دانەبڕاو دەردەکەون. 'دووەمێتی' ئاماژەیە بۆ بنەمای دوانەیی ئەزموون، کە خود گریمانەی بوونێکی دەرەکی دەکات وەك ئەوەی دەست بۆ دەسکی دەرگاکە دەبەین تا بە کردەکی دایخەین، بەمەش هەست بەوە دەکەین جیهان بریتییە لە پەیوەندی. 'سێیەمێتی' کە پێرس ناوی ناوە 'قانون' گوزارشتە لە سەرجەم یاساکان و لە هەموویان گرنگترە، چونکە گەر دووەمێتی لە ماتریالیدا شیاوی تێگەیشتن بێت ئەوا سێیەمێتی ئاماژە بۆ بەردەوامێتی دەکات بە تایبەت لە زەین و هزردا (کامل ۱۹۹۳: ۱۰۲). هاوکات سێیەمێتی، یەکەمێتی بە دووەمێتییەوە پەیوەست دەکات، وەك چۆن لە پێداندا (ئەلف) (بێ) بە (جیٚ) دەدات و پەیوەندییەکی سیانەیی چێدەکات، وەك ئەوەی پیانۆژەنێك بە ڕێگەی پەنجە و پیانۆوە ئاواز و نۆتەیەك دەگەیەنێتە هەست و هۆشی گوێگرێك (پال کابلی و دیگران ۱۳۹۱: ۳۰). ئەم سێ کاتیگۆریە ڕووەو میتافیزیکی پێرس ئاراستە وەردەگرن.

هێما ڕۆڵێکی گرنگ لە 'تیۆری واتا' لای پێرس دەگێڕێت، کە بە 'فێرگەی پراگماتیی واتا' ناودەبرێت، کە لەو فێرگەیەدا ڕەفتار بەرامبەر واژە و گوزارەکانە (علی ۱۹۹۵: ۵۳). بۆ پێرس، پرۆسەی گواستنەوەی واتا لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە تەنها بە ڕێگەی هێماوە دەبێت (Peirce 1931: CP 1.444) بێگومان تیۆری واتا لای پێرس پەیوەستە بە تیۆری هێماوە، چونکە هێماکان واتابەخشن، ئەویش بە ڕێگەی پەیوەندی نێوان هێما و بابەتەکەی. سێمیۆتیك توێژینەوەیە لە واتا و کارکردی هێماکان، واتاش زانین دەگەیەنێت و دەبێتە تێگەیشتن، کەواتە هێمازانی وەك زانست کاراییەکەی لە بەرهەمهێنانی زانیندایە، چونکە هێما بریتییە لە تێگەیشتن، هەروەها لە پرۆسەی بە هێما-کردنەوە هزر دەگات بە زانین و ناسینی فێنۆمێنەکان، بەمەش دوای پرۆسەکە دەتوانرێت واتا بە بابەتێك بدرێت.

پێرس سێ جۆری ڕاڤە و تێگەیشتنیی هێماکان دیاریدەکات: ڕاڤەیی ئایکۆنی کە هەستەمەندانەیە و یەکەمێتییە، ڕاڤەیی ئیندێکسی کە وزەمەندانەیە و نێویەکییە، ڕاڤەیی زەینی یان لۆژیکیی کە پەیوەستە بە واتاوە، بە تایبەت لە هێما زمانەوانییەکاندا. ئەم هێمایانە لە نێوکۆیی و نێوپەیوەندییانەوە هزر بەرهەمدێنن. تەنها هزرێك توانستی ناسین و زانینی هەبێت ئەوا لە هێماکانەوەیە، هەر هزرێکیش نەناسرێت ئەوا هزر نییە، لێرەوە، بە زەرورەت پێویستە هزر لە هێمادا بێت (Dewey 1946: 92).

لەمەوە پێرس دەڵێت "هەر هزرێك بریتییە لە هێما" (Peirce 1931: CP 1.538). یاسای هزر لای پێرس بە هۆی هێماوە کاردەکات و جێگەی خۆی دەگرێت و هەر هێماش دەتوانێت گرفتی حەقیقەت چارە بکات (Peirce 1931: CP 1.444).

لە ڕاستیدا، ناسنامەیەك لە گیرفانی کەسێکدا، هێمایەکی شوناسییە، کە دەشێت زانین و زانیاری زۆر لەبارەی تایبەتمەندی و جیاوازییەکان و کەسایەتی ئەو کەسە ئاماژە پێ بکات، ئەم ناسنامەیە هەڵگرتنی زانینە، گوتنی زانیاریی و زمانێکە بۆ ڕاگەیاندنی کەسایەتی. کەواتە ناسنامە و هاوڵاتیبوون دەکەونە ناو سیستەمێکی هێمایی. لە ئەفسانە و ئایین و ئەدەبیاتیشدا بۆ نموونە لە 'ئەفسانەی سیزیف'دا بەردێك دەبێتە هێمایەك بۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ژیان و مەحکومبوون، لە 'کۆشك - کافکا' دا کۆشك بۆخۆی هێمایەکی فرە ڕەهەندی سیمبوڵی و میتافیزیکییە، لە 'چاوەکانی - بوزورگی عەلەوی'دا تابلۆی چاوەکانی لە ئایکۆن و تابلۆیەکی سادەوە دەبێتە هێمایەکی ئاڵۆز بۆ چیرۆکێکی عاشقانەی درێژ. کەواتە، دەشێت ڕاڤە و شرۆڤەی هێماکان، یان چڕکردنەوەی سیستەمێکی ئاڵۆز و فرە

رەهەند لە فۆرمی هێماییدا شاکاری مەزن بئافرێنێت، ئەمە بۆ 'کۆمار – پلاتۆ'یش دروستە، کاتێك سیستمێکی ئایدیاڵ و ئاڵۆزی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و پەروەردەیی لە ژێر هێمای 'کۆمار'دا گفتوگۆ بکات.

ئەمڕۆ بابەتە جیاوازەکان بە ڕێگەی هێماوە فۆرمیان وەرگرتووە، زانستەکان بە ئاسانی لێکدی جیابوونەتەوە، هەر یەکەیان زمان و ڕێسا و هێمای خۆی هەیە. ئەگەر ئێمە توانستی هزرینمان نەبێت لە دەرەوەی هێماکان، ئەوا پرۆسەی هزرین دروست نابێت و زانست و زانین نابن، چونکە زانین دەرککردنی هێماییە. بەمەش، ڕۆڵی هێماکان لە پرۆسەی زانین و دەرککردندا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا نێو هێماکاندا دەژین و دەهزرێین.

## تەوەری سێیەم: هێمازانی لە نێوان لۆژیك و زانستدا

### ١. لۆژیك و هێما

پێرس پراگماتیزمی وەك پرەنسیپێکی لۆژیك دیاریکرد. هەروەها کاری مەزنی لە توێژینەوەی لۆژیکدا ئەنجامداوە، پێش مردنی خۆی کتێبی 'توێژینەوەکان لە بارەی لۆژیکەوە– ١٨٨٣'ی بڵاوکردەوە و دوای مردنیشی کتێبی 'لۆژیکی مەزن'ی بڵاوکرایەوە (کرم: ٤١٧). بۆ پێرس، پراگماتیزم بریتی بوو لە ناوێکی نوێ بۆ میتۆدێکی لۆژیکی، میتۆدێکی دڵنیایی لە واتاکانی وشە فیزیکی و کۆنسێپتە ئەبستراکتەکان (پەتییەکان)، میتۆدێك بۆ دیاریکردنی واتای کۆنسێپتە زەینییەکان، هاوکات بۆ ڕوونکردنەوە یان لە هەندێ حاڵەتدا بۆ کۆتایی پێهێنانی بێواتایی پرسی مێتافیزیکی نەریتی (ترادسیۆنی) (Gallie 1952: 11). هەروەها بۆ پێرس، لۆژیك بریتییە لە بنەما بۆ توێژینەوە و کاری زانستی.

دەسپێکی توێژینەوەکانی پێرس لەبارەی لۆژیکەوە، بۆ کاریگەری کارەکانی 'بوڵ' دەگەڕێتەوە لە بواری جەبردا، کە پێرس توانی گۆڕانکاریی تێدا بکات و زیادەی بخاتە سەر. لێرەوە، پێرس بنەمایەکی تازەی بۆ لۆژیك دانا، کە بریتی بوو لە جەبر، ئەمەشی لە گوتارێك 'زانستی جەبر بۆ لۆژیك–١٨٨٥'. ئەمەش نزیکەی هاوکات بوو لەگەڵ هەمان کار کە 'گۆتلۆب فریگە' ئەنجامیدا. بەمەش لۆژیك لە دوالیزمی ڕاست و هەڵە یان ڕەهەندی دوانییەوە بەرەو سێ ڕەهەندی و ئەگەری سێیەم گوازرایەوە، کە جگە لە ڕاست و هەڵە لایەنێکی دیکە، کە بریتییە لە گریمانە یان شیمانە، بوونی هەیە. واتا لۆژیکی دوو بەهایی ڕووەو لۆژیکی سێ بەهایی وەرگۆڕا، کاتێك حەقیقەت جگە لە بەهای دروست و نادروست دەشێ بەهایەکی دیکەی شیمانەیی هەبێت، ئەمەش دواتر بە 'لۆژیکی سێپاژیی' ناونرا (جیرار ٢٠٠٩: ٢١٥).

بە گوێرەی نووسینەکانی، فەلسەفەکەی پێرس بۆ دوو قۆناخ دابەشدەبێت: سەرەتا و دواتر. لۆژیکیش بۆ ئەو دوو واتای بەرتەسك و فراوان دەدات. لەلای پێرسی سەرەتا لۆژیك لە واتا بەرتەسکەکەیدا دەگیرێت وەك لۆژیکی کۆن یان فۆرماڵ کە بڕیار لە هەڵگر و هەڵگیراو پێکهاتووە و هەردووکیان هێمان، بەڵام لە واتا فراوانەکەیدا لە نووسینەکانی پێرسی دواتردا دەردەکەوێت، ئەویش "لۆژیك شتێکی دیکە نییە جگە لە تیۆرێکی گشتی بۆ هێماکان" (Buchler 1939: 180). هەڵگر/سەبژێکت لە بڕیاردا بریتی نییە لە ناوی ناسراو یان تاکە هێمایەك بەڵکو لێجیساینێکە ئاوەڵایە بۆ تێگەیشتن و ئیندێکسە لە کاتێکدا هەڵگیراو/پرێدیکات ئایکۆنییە. دواتر، سێمیۆتیك یەکسان دەکات بە لۆژیك و وەك تیۆری هێماکان پێناسەی دەکات و دەبێژێت "لۆژیك ناوێکی دیکەیە بۆ سێمیۆتیك (Buchler 1939: 98). هەروەها سێمیۆتیکیش بریتییە لە تیۆریی فۆرمالیستی بۆ هێماکان و فەزایەکی فراوانی لە کاربرد و کارکردندا

هەیە لە ژیانماندا (ئەسوەد ٢٠١٥: ٣٠٤). ئەمەش جۆرێکە لە ئەزموونگەریی رۆژانە کە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموون خەیاڵ بکات و راستی و هەڵە هەڵاوێر بکات، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە هێما و لۆژیک دەبێت، بە جۆرێك هێماکان بە شێوەی لۆژیکی شێوەکی بەکاردەهێنرێن و لە هۆشدا هێماکان هێلکاریی و وێنەی شێوەکی و رووخسارەکی دەبەخشن و دواتر دەخرێنە نێو چالاکی و دەربڕینە جیاوازەکانی مرۆڤەوە لە ژیانی رۆژانەیدا.

لۆژیك بۆ پێرس بەشێکە لە فەزای گشتی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا لە رێگەی تیۆری هێماکانەوە. ئەو سیستەمێکی خشتەی لۆژیکی داهێنا 'نەخشەی ئەزموونەکی یان هەبووەکی' کە لەسەر بڕیارە ئەزموونییەکان وەستاوە، بە جیاوازی نێوان بڕیار و سەلماندن لە فەلسەفە زمانییەکەیدا، هاوکات لۆژیکی بڕیاریی بۆ ئەو وەك ژمێرەی دروستە–بەها وایە "لۆژیك... سەرجەمی بریتییە، لەوانەیە یەکێك بڵێت زۆربەی، وردیی و کت و متی لە هزردا" (Buchler 1939: 181).

پێرس لە لۆژیکدا خاوەن میتۆدی تایبەتی 'ئەبدەکشن'ە، کە جیاوازە لە 'ئیندەکشن و دیدەکشن'. لە کانتەوە ئەبدەکشنی وەرگرتووە، بەڵام گۆڕانی پێداوە و جەختی لەسەر دەرەنجامە کردەییەکانی کردۆتەوە، لە کاتێکدا کانت جەختی لەسەر لایەنی ژیریی و تێگەیشتن دەکردەوە (محمد پور ٢٠١٣: ١٣٢). بەڵام میتۆدی ئەبدەکشنی پێرس زیاتر لەسەر بنەمای بەڵگەی زانستی و زانینی راستەوخۆی نێو جیهان و ژیانی رۆژانە رۆنراوە.

سێمیۆتیکی پێرس دوو میکانیزمی لەخۆگرتووە: پەیوەندی هێمایی و پۆلێنی هێماکان. پەیوەندی هێمایی بریتییە لە پەیوەندیەکی سێپاژیی و هێماکانیش دەرخەری شتەکانن بۆ هۆش. هاوکات، سێمیۆتیك تەنها لە هێما–شت و هێما– هۆش پێکنەهاتووە، چونکە ئەم پەیوەندیانە زەرورەتی مەبەستەکییانەی یەکێتی نێوان هۆش و شت یەکالا ناکەنەوە، چونکە پەیوەندیەکە هێما ناهێنێتە نێو هۆش و هۆش هێما وەرناگرێت، بەڵکو مەبەستەکییانە یەکێتییەکی نێوان هۆش و شت دروست دەکات (Audi 1999: 832-33).

پێرس لۆژیك و سێمیۆتیك بە هەمان بابەت دەزانێت، ئەمەش واپێدەچێت کە هەوڵێك بێت بۆ لێکدانی پلاتۆ و ئەرستۆ. پلاتۆ، هۆشی وەك کۆگەیەك بۆ هزرۆکەکان (ئیدێکان) داناوە، کە دەروون پێش ژیانی ئەزموونیی نێو لەش وەریگرتوون. پێرس، هۆش وەك کۆگەی هێماکان دادەنێت لەسەر بنەمای لۆژیکی فۆرماڵی ئەرستۆیی. پێرس، هێما (کە لە بەرامبەر شتێکدا وەستاوە (Peirce 1931: CP 1.538) وەك وێنەی شتێك لە ریالێتییەوە وەردەگرێت. لەمەوە، هۆش دەتوانێ شتەکان بە رێگەی وێنە هێماییە هەڵگیراوەکانەوە بناسێتەوە. بەمەش دەشێت بڵێین، کە پێرس هزرۆکە میتافیزیکییە پلاتۆنییەکان دەگۆڕێت بۆ هێما ئەزموونییەکان بە رێگەی سێمیۆتیك یان جۆرێکی لۆژیك. کەواتە، لۆژیکی فۆرماڵی ئەرستۆ و 'تیۆری یادهێنانەوە'ی پلاتۆی بۆ هێما گۆڕیوە و پێیوایە کە لۆژیك و سێمیۆتیك هەمان شتن.

بە دیدی پێرس لۆژیك سێ بەشە و لە بنەڕەتیشدا لەسەر سێمیۆتیك بنیاتنراون، ئەوانیش رێسای رامان کە لە پەیوەندی نێوان هێما و هێمایێنراوی پەتی دەتوێژێتەوە، لۆژیکی رەخنەیی کە لە پەیوەندی نێوان هێما و بابەتەکەی دەتوێژێتەوە، هەروەها رەوانبێژیی پەتی لە پەیوەندی نێوان هێماکان و لێکدانەوەکانیان دەتوێژێتەوە. کەواتە لۆژیك و هێمازانی لێکدی جیاناکرێنەوە، تەنانەت بە بڕوای پێرس 'لۆژیك تیۆری ناچارەکی و تەنانەت دڵنیاکەرەوەی هێماکانە' و وەك دوو رووی هەمان دراو دەردەکەون (المرهج ٢٠٠٨: ٩٦).

**٢. هێما لە توێژینەوەی زانستیدا**

پراگماتیزم فەلسەفەیەکە جەخت لەسەر کاری زانستی و توێژینـەوە دەکاتـەوە، فەیلەسوفەکانیشـی لـە بـوارە زانسـتییەکاندا بەرهـەمیان هەیـە، پێرسـیش میتـۆدی زانسـتی لـە پراگمـاتیزم جیاناکاتـەوە، بـەڵکو پراگمـاتیزم بـە فەلسەفەی زانستی دادەنێت. هاوکات لۆژیک وەك میتـۆدی میتۆدەکـان، بـە ئـامرازێکی گرنگـی توێژینـەوەی زانسـتی دادەنێت (المرهج ٢٠٠٨: ٧٢). کەواتە زانست کە پێگەیەکی باڵای لە هێمازانییەکەی پێرسدا هەیە، هۆکـارێکی دیکەیـە تا لۆژیك و سیمیۆتیك بە یەك دابنێت. ئەمەش بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی نوێ بۆ زانست، بەمجۆرە، سیمیۆتیك دەبێتـە ئامرازێکی لۆژیکی بۆ نیشاندانی قەناعەتێکی زانستی کە دەشێ زانست و مەعریفەی زانسـت لەسـەر بنـەمای هێماکـان بونیاد بنرێت. لەبەرئەوە، پێـرس زانسـتی وەك پرۆسـەی راڤـەکاریی هێماکـان پێناسـەکردووە. بـە بـڕوای پرۆفیسـۆر هوکوەی، مەبەستی پێرس لەمکارەدا: فێربوون لە ئەزموونـەوە زیـاتر لـە تێگەیشـتنی کۆتـایی و بڕیارەکـان نزیکمـان دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی زانستیدا رەنگیداوەتەوە (Hookway 1985: 139).

کەواتە، بە تێگەیشتنی ئێمە، پێـرس هەوڵیـداوە تـا خـاڵی سـەرەتا لـە لۆژیکـەوە دیاریبکـات رووەو زانسـت و هەموو لقەکانی فەلسەفە و پەڕینەوە لە تیۆرەوە بەرەو کردار. زانستیش هەروەك لۆژیك لە کۆمـەڵێك بڕیـار سـەبارەت بە سیسـتەمێکی یاسـا سروشـتییەکان پێکهـاتووە لەسـەر زەمینـەی هۆئـەنجامێتی (Feibleman 1946: 321). لێرەوە پێشنیاری 'لۆژیکی توێژینەوە زانستییەکان' دەکات و میتۆدی لۆژیکییانە بۆ زانست جـێگیر دەکـات. لەمـەوە، دەشێت بڵێین، کە زانست لەسەر لۆژیك دامەزراوە، لە کاتێکدا لۆژیك لەسەر فەلسەفە یان میتافیزیك بنیات نەنراوە.

پێرس لە سیستەمە هێماییەکەیدا، زانست یەکسان دەکات بە زانین، چونکە زانـینی پێـرس زانینێکـی زانسـتییە (Peirce 1931: CP 1.8). هـەروەها بـەهای زانـین لـە مەبەسـتی زانسـتیدا دەبینێـت ( Peirce 1931: CP 1.122). لەکاتێکدا لە پێشتر روونمان کردەوە کە هزر و زانینمان لەسـەر هێمـا وەسـتاوە، لێـرەوە، بـە تێگەیشـتنی ئێمە، زانستی نوێ و تەکنۆلۆژی، کە بە رێگەی هێماکانەوە کاردەکەن، بایـەخی هێماکـان دەسـەلمێنن لـە توێکارییـە پزیشکی و پشکنینە پۆلیسییەکان بۆ ئاشکراکردنی درۆ، شوێنی ئامانج و دۆزینەوەی تاوانبار دوای تاوان. بۆ نموونـە: دەست و خەت، پەنجەمۆر، خانەی لـەش، خـوێن، تاڵـە مـوو یـان هـەر هێمایـەکی دیکـە کـە دوای تـاوان جێدەمێنن. هەروەها، هێما بەشێك لە کارەکتەری کەسایەتی لەخۆدا هەڵدەگرێت و دەبێتە وێنەیـەکی بچـووکی کەسـەکە، وەك لـە نموونەی 'واژۆ'دا کـە کەسـایەتی کەسـەکە هەڵـدەگرێت کاتێـك لەبـەردەم یاسـا یـان گرێبەسـت یـان هەرکردەیـەك کـە ئەنجامی دەدات بە واژووە، بەمەش واژۆکەی وەك ئایکۆنێك و راڤەی هێمایی بریتییە لە کەسەکە.

زانست لەسەر دوو بنەما وەستاوە: ماتماتیك و فینۆمینۆلۆژی. میتۆدی زانست لای پێرس میتۆدێکی ئەزموونی و لۆژیکییە، لەسەر ئارگیومێنتـەکان وەسـتاوە بـە تایبـەت لـە زانسـتە سروشـتییەکاندا. پێـرس پێیوابـوو مـادام ئـەم میتـۆدە لـە زانسـتدا پێشڤەچـوونی بەرچـاوی نـاوە و سـوودی کردەیـی لـە ماتماتیـك وەرگرتـووە، ئـەوا پێویسـتە فەلسەفەش لەسەر هەمان میتۆد کاربکات و سوود لە فینۆمینۆلۆژی وەربگرێت. پێرس پێیوابوو کە زاراوەکانی زانست تەنها واتایەکیان هەیە کە مەزنی و فراوانی وابەستەییان بە رووداوە واقیعی و ئەزموونییەکان دەربخـەن. ئـەو بـەرگری لە بنەما تیۆرییەکان دەکرد وەك دەرەنجامی لۆژیکی لە زانستدا، واتا ئەو بنەمایانەی دەرەنجامی توێژینەوەی زانستی و ئـەزموونین، وەك پێناسـەکان لـە ئـەنجامی ئیدراکـەوە، نـەك فەلسـەفەی کـۆنی پشتبەسـتوو بـە پێشـگریمانە و پێشئەزموون (Solomon & Higgins 1996: ٢٥٩). ئەو، کردار بە بنەما دادەنێت نەك بڕیارە پێشـوەختەکانی ئەقڵ، هەر بۆیە دەبێژێت وێناکردنمان بۆ هەر بابەتێك ئـەو وێناکردنەیـە کـە دەرەنجـامی لێکەوتـە کردارییەکانـە نـەك

زیاتر" ئەمەش واتا حەقیقەت پێوەرکانی بریتین لە کردار نەك ئەقڵ و کرداریش بریتییە لە پنت و پرەنسیپی رەها، جا هەر جۆرێکی کردار بێت، لەمەوە رێبازی کردارەکی دەخاتەوە کە لەسەر ئەزموونی رەها وەستاوە و بە ئەزموونی رادیکاڵی ناسراوە (کرم: ٤١٧–٤١٨). ئەزموونێك کە لەسەر تاقیکردنەوەی بەردەوام وەستاوە، بە جۆرێك ئەگەر هەڵەش هەبێت دەبێت تاقیکردنەوە بەردەوام بێت، واتا پێرس هەوڵ و هەڵە لە ئەزموونددا بە ئاسایی دەبینێت. لەکۆتاییدا، پێرس میتۆدی ئەزموونی لە پراگماتیزمدا بە گرنگ دەبینێت بۆ سەرجەم زانستەکان.

لای پێرس بنەماکانی لۆژیك پێویستە یاسا پێشینەییەکانی هزر بن و هزریش تەنها دەشێ بە رێگەی هێماوە دەربڕدرێ. هەروەها، دەشێ بڵێین لۆژیك هزرینمان رێکدەخات کە بیر لە چی بکەینەوە و پێویستە چۆن بیربکەینەوە تا بە دروستی بهزرێین. هەموو لقەکانی فەلسەفە لەسەر لۆژیك بیناکراوە بۆ دۆزینەوەی میتۆدێکی نوێی فەلسەفاندن و هزرین. ئەم لۆژیکەش لە تێگەیشتنە گشتییەکەیدا بریتییە لە هێمازانی تا تێگەیشتنی هاوبەش دروستبکات و زانستیش ئەو تێگەیشتنە گشتییە بێت، بەمەش لۆژیك لە گشتییدا بریتییە لە زانستی هێماکان و دەشێ وەك لۆژیکی هێمایی بناسرێت.

لە کۆتاییدا، دەگەین بە بایەخ و گرنگی هێماکان و ئەرکەزانستییەکانی. بزووتنەوەی زانستیش کە دەوەستێتە سەر هێماکان رۆڵی گەورە و چالاکی لە هەر کولتورێکدا هەیە. فەلسەفە و تێگە هێماییەکانی پێرس زۆر بە بایەخن بە تایبەت کاتێك هزرین و هێما یەکسان دەکات و هەر شتێکیش وەك هێما تێدەگات، هەروەها کاتێك رەهەندی سێهەمی هێمای شرۆڤە و راڤە کرد و پەیوەندییە فراوانەکەی هێمای لە سیستەمێکی لۆژیکی و زانستیدا دۆزییەوە. هەرچەندە ئاسان نییە هزر لە هێمادا کورت بکەینەوە، بەڵام نکوڵی لە رۆڵ و کاریگەرییەکانی هێما ناکرێت بۆ زانین و ناسین و بیرهاتنەوەی شتەکان ئیدێکان. بەڵام هەر هزرێك کە هێمای نەبوو ئەوا پێویستە وەك هزر بیهێڵینەوە تا دەهێمائێنرێت یان بە رێگەی جیاواز لە هێما دەتوانین دەریببڕین.

**دەرەنجام**

•پێرس، لە سیستمە فەلسەفییە پراگماتییەکەیدا، هەوڵیداوە پەیوەندی نوێ لە نێوان هزر و جیهانی دەرەوەدا بە رێگەی هێماکانەوە بدۆزێتەوە. بە تایبەت کاتێك تیۆری هێمای گواستەوە بۆ لێتێگەیشتن و قۆناغێکی نوێ، ئەویش دابەشکاریی سێپاژیی بوو بۆ هێما، بەمەش کارکرد و تێگەیشتن و توێژینەوەی هێما فراوانتر بوو. تەنانەت بە تێڕوانینە تازە و جیاوازەکانی لەبارەی هێماوە، توانی گەشە بە لێهزرینە لۆژیکی و فەلسەفییە فیزیکی و مێتافیزیکییەکان بدات.

•لای پێرس، لۆژیك گرنگە بۆ دۆزینەوەی زانستێکی نوێ و دیاریکردنی هێماکان بۆ تێگەیشتن لێیان لەلایەن هەرکەسێکەوە، ئەمەش سێمیۆتیك دێنێتە ئاراوە کە دەشێ وەك سیستمێکی لۆژیکی دیاریبکرێت لە نێوان هزر و بابەت و هێمادا، کە ئەم پەیوەندییە سێپاژییە هێماییە جارێکی دیکە بۆ سێ تەوەری دیکە دابەش دەبێتەوە، لەم پەیوەندییە سیانەییەوە مرۆڤ دەتوانێت زانین و تێگەیشتنی رۆشنتری لەبارەی جیهان و فێنۆمێنەکانی هەبێت.

•لە هزری پێرسدا، سەرجەم چالاکی مرۆڤ بریتییە لە چالاکی هێمایی. هەروەها چالاکی زمانیش وەك چالاکی مرۆیی هەر هێماییە. ئەمەش لەو بڕوایەوە نزیکە کە پێیوایە زمان هێمایە و واتا دەردەبڕێت، وەك هێمای زمانی بۆ کەڕولاڵان، زمانی جەستەیی، ئاکت و نەریتی دینی و هێما کولتوریەکانی کۆمەڵگە، هەروەها کارکردی زمان وەك سیستمێکی لۆژیکی و هێمایی دادەنێت. کەواتە لەلای پێرسیش پەیوەندی بەهێز لە نێوان زمان و هێمادا هەیە، هەرچەندە تیۆرە هێماییەکەی پێرس کەمتر لە زمانەوانیدا بەگەڕخراوە وەك ئەوەی 'دی سۆسێر' بۆ نموونە کە ناوی نابوو 'سێمیۆلۆژی' و زمانەوانەکانیش زمان وەك سیستمێکی هێمایی دادەنێن. بەڵام فەلسەفە پراگماتییەکەی پێرس بە رێگەی هێماوە دەچێتە ناو کێشەی واتا و بەها و تیۆری واتا دادەڕێژێت.

•تیۆرە هێماییەکەی پێرس پڕ بایەخە، بیرۆکەی سەرنجڕاکێشی لەبارەی هێماوە لەخۆگرتووە. بەڵام ناشێت هەمووی بێ کێماسی بزانین، بە تایبەت کاتێك بە بڕوای ئەو ناتوانین لە دەرەوەی هێمادا بهزرێین. ئەمە دەشێ لە رووی تیۆرییەوە هێما وەك بێسنوور پێناسە بکات، بەڵام لەلایەنی پراگماتییەوە هێما دەگات بە سنوورە کارکردی و کاربردییەکانی خۆی. بێگومان پەیوەندی بەهێز لە نێوان هزر و هێمادا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین هزر لە هێمادا کورت بکەینەوە و یەکسانیان بکەین. هەرچەندە ئەو بڕوای وابوو ئەوەی لە رێگەی هێماوە نەتوانین دەریببڕین ئەوا ناتوانین لێیبهزرێین. لەبەرئەوە، سنورەکانی هزر یەکسان دەکات بە سنورەکانی هێما، هەر هەوڵێکیش بۆ دیاریکردنی سنورەکانی هزر و بیرکردنەوە بە سوودی پرۆسەی زانین تەواو نابێت.

•هێماکان بەشێکن لە هزری ئێمە و ژیانی رۆژانە و ژینگە جیاوازەکانمان. هەردوو جۆری هێما سروشتی و دەستکردەکان گرنگن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەعریفی زانستی و سیستماتیك لەسەر بنەمای لۆژیك و سێمیۆتیك و بۆ کردارەکانمان تا شتەکان بناسین و تێبگەین و بە ئاسانی راڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین. هاوکات بۆ نەهێشتنی کێشەی تێنەگەیشتن بە هۆی جیاوازیی لە نێوان خەڵکی جیاواز لە زمان و ژینگەی کولتوری گرنگە تا راڤە و زانینی هاوبەش لەبارەی شتەکانەوە دروستبکەن، وەك هێمای نێرومێ، کەمئەندامی، هێمای سەر رێگەکان، هێما زانستییەکان و هەروەها هێماکان لە شوێنە گشتیی و نێودەوڵەتییەکانی وەك بۆرسە و فرۆکەخانەکان، هەرچەندە تێگەیشتنی جیاواز لە هێما رێگرە لە دانانی سیستمێکی لۆژیکی و مەعریفی هاوبەش لە نێوان خەڵکدا، واتە هەرچەندە هێماکان هاوبەش بن بەڵام تێگەیشتنەکان جیاوازن.

•زۆر بەکارهێنانی هێما هەن، لە دروشم، رێکلام، فیلم و سینەما، کارتون و وێنەکێشان. بە بڕوای ئێمە فەیلەسوف و زمانەوانان دەتوانن لەسەر بنەمای هێما جۆرێکی نوێ لە زمان دروست بکەن کە لە هێما پێکهاتبێت و خەڵکانی کولتور جیاواز توانستی لانیکەمی هەمان تێگەیشتنیان لێی هەبێت لە بوارە پراکتیکییەکانی هێمادا. زمانێکی هێمایی کە خوێندەوار و نەخوێندەوار بتوانن بەکاریبێنن و ئەمەش وادەکات کێشەی واتا و جیاوازیی و ناکارایی زمانی رۆژانە لەکاتی وەرگێڕان و هەروەها نەخوێندەواری چارەسەر بکات، چونکە هەموو کەسێکی هۆشدروست توانای فێربوون و ناسینەوەی هێماکانی هەیە، بۆ نموونە لە فرۆکەخانەکان، چونکە تێگەیشتن لە زمانی هێمایی خێراتر و ئاسانترە لە زمانی ئاخاوتن، کە خاوەن سیستەمێکی ئاڵۆزی رێزمانییە. هەروەها لەمڕۆدا، مرۆڤ بە هێماکان دەورەدراوە، وەك ناسینەوەی نەخۆشی بە رێگەی هێماکانەوە ئاسانترە وەك لە خوێندنەوە زانینی ئایدز AIDSلە زانینی تەواوی ناوەکە (Acquired Immune Deficiency Syndrome) یان زانینی هێما شێوەییەکەی (کارەکتەر) یان نیشانەی نەخۆشییەکە (ئیندێکس) یان ڤایرۆسی هەوکەری HIV. ئەمڕۆ هەموو کۆمپانیا، یانەی وەرزشی، رێکخراو، کەناڵی میدیایی، پارتی سیاسی، دەوڵەت و دامەزراوەیەك خاوەن هێمای خۆیەتی لە دروشم و لۆگۆ و ئاڵا و هێماکانی دیکە.

•بەگوێرەی تیۆری هێما، هێماکان یارمەتی زانست و فەلسەفە و زمان دەدەن کە تا رادەیەك لە فرە سەبژێکتی (Inter-Subjectivity) رزگاریان بێت بەوەی لەسەر هێمایەك بۆ شت و هزرۆکەیەك رێککەون. بەمەش هێما دەتوانێت فرەیی وێناکردن چارەسەر بکات بە هێمایەك کە هەمووان تێیبگەن و لەسەری کۆك بن. کەواتە هەمووان بە جیاوازییەوە دەتوانن لە سەر هێما کۆك بن. بەڵام هێشتا لەزمان و توێژینەوەی کوردیدا فەرهەنگی هێمازانی و وشەڕۆنانی هێمایی لە ئاستی پێویستدا نییە.

•ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە و جیهانی هێماکاندا دەژین، تەنانەت رەمز و هێماکان گەیشتوونەتە سەر جەستەمان لە شێوەی تاتۆ، وەك ئەوەی جیهان بووبێتە سەکۆیەکی هونەریی و زانستی کە تەنها بە رێگەی هێماوە شیاوی تێگەیشتن بێت. لەبەرئەوە سیمیۆتیك گرنگە و کۆمەکمان دەکات تا لە جیهانی دەرەوە رامێنین وەك شتێك کە بوونێکی ئۆبژێکتییانەی هەیە و لەگەڵ تێگەیشتن و راڤەی مرۆڤدا لە پەیوەندیدایە. هاوکات سیمیۆتیك لە پەیوەندیشدا کۆمەکمان دەکات وەك لە ئینتەرفەیسی کۆمپیوتەردا، کاتێك بە رێگەی هێما و ئایکۆنەکانەوە رووە و ناوەرۆك و پرۆگرامە کارکردییە جیاوازەکان دەچی، یان بابەتەکان بە ئایکۆن دەکەین تا زانین و تێگەیشتنی جیاوازیان پێبدەین.

•جیهانی ئەمڕۆ بە سەردەمی قەیراندا گوزەر دەکات، تەنانەت ململانێکانیش بە رێگەی قەیرانەوە یەکلا دەکرێنەوە، هەروەها سەرباری قەیرانە دەستکردەکان، قەیرانی خۆکرد و سروشتیش هەن، لێرەو دەتوانین قەیرانەکان بە رێگەی هێما و ئاماژەکانەوە، وەك هەر نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی، بناسینەوە، ناسینی قەیرانیش وەك دەستنیشانکردنی هەر نەخۆشییەك گرنگترین هەنگاوە بەرەو رزگاریی و چارەسەر لە قەیرانەکە و هەروەها پاراستنی سیستمەکان.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١.	ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ١، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

٢.	شارەزووری، د. یادگار لەتیف (٢٠١٥): دیاردەگەرایی و رەخنەی ئەدەبی (بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە رەخنەییەکان– بنەچەی سەوسەن وەك بواری کار) چ١، چاپخانەی هێڤی، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر .

٣.	ماگی، برایان (٢٠١٠): مێژووی فەلسەفە، و. عوسمان حەمە رەشید گورون، مەکتەبی بیروهۆشیاری ینك، سلێمانی.

٤.	محمد پوور، د.ئەحمەد (٢٠١٣): فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆییەکاندا – خوێندنەوەیەك بۆ کێشە پارادیمییەکانی سەردەم، و. سەعید کاکی، خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی ئینگلیزی**

.٥	Audi, Robert. (1999). the Cambridge Dictionary of Philosophy. (Second Edition). Cambridge University Press.

.٦	Buchler, Justus. (1939). Charles Peirces Empiricism, London.

.٧	Concise Routledge Encyclopedia of Philosophy. (2000). Routledge. London.

.٨	Deledalle, Gerard. (2000). Charles S. Peirces Philosophy of Signs. Indiana University Press. USA.

.٩	Dewey, John. (1923). Essay on the Pragmatism of Peirce. See the end part of this Article: Peirce, Charles S. Chance, Love and Logic. London.

.١٠	Dewey, John. (1946). Peirces Theory of Linguistic Signs, Thought and Meaning. The Journal of Philosophy, Vol. 43, No. 4 (Feb. 14, 1946).

.١١	Habermas, Jurgen. (2007). Knowledge & Human Interests. Translated by Jeremy J. Shapiro. Polity Press. Cambridge.

.١٢	Feibleman, James. (1946). An Introduction to Peirces Philosophy (interpreted as a system). Harber & Brothers Publishers. London.

.١٣	Gallie W. B. (1952). Peirce and Pragmatism. Pelican Book. Penguin Books. UK. Edinburgh.

.١٤	Hébert, Louis (with the collaboration of Nicole Everaert-Desmedt). (2011). Tools for Text and Image Analysis (An Introduction to Applied Semiotics). Translated from the French by Julie Tabler.

.١٥	Hébert, Louis. (Online Version). Elements of Semiotics. http://www.signosemio.com/elements-of-semiotics.asp {Accessed 2/7/2015.{

.١٦ Hookway, Christopher. (1985). Peirce. Routledge & Kegan Paul. London.

.١٧ Lechte, John. (1996). Fifty Key Contemporary Thinkers (from Structuralism to Postmodernity). Routledge. London.

.١٨ Martin, Bronwen & Felizitas Ringham (2000). Dictionary of semiotics. Cassell, London & Newyork.

.١٩ Oxford advanced learners dictionary of current English. (2010). 8th edition, Oxford University Press. UK.

.٢٠ Panesa, Ronaldo T. (1996). Science and Religion in Charles S. Peirce. Pamplona.

.٢١ Paul Cobley & Litza Jansz. (1997). Semiotics for Beginners. Icon Books. Cambridge.

.٢٢ Peirce, C. S. (1932). The Collected Papers of Charles Sanders Peirce: Elements of Logic. ed. C.Hartshorne & P. Weiss (Vol. 2). Cambridge: Harvard University Press.

.٢٣ Peirce, Charles S. (1931). Collect Papers (Vol. 1). Charles Hartshorne & Paul Weiss. Harvard University Press. Cambridge.

.٢٤ Peirce, Charles S. Collect Papers (Vol. 5).

.٢٥ Peirce, Charles S. Collect Papers Vol. 8. And See Partial Draft of A Letter to Lady Welby.

.٢٦ Popper, Karl. (1972). Objective Knowledge (An Evolutionary Approach).

.٢٧ Russell, Bertrand (1959). Wisdom of the West.

.٢٨ Sebeok, Thomas A. (2001). Signs: An Introduction to Semiotics. (2nd Ed.). University of Toronto Press.

.٢٩ Short, T. L. (2007). Peirces Theory of Signs. Cambridge University Press. New York .

.٣٠ Solomon, Robert C. & Kathleen M. Higgins. (1996). A Short History of Philosophy. Oxford University Press. New York – Oxford.

.٣١ Thayer, H. S. (Edited). (1982). Pragmatism (the Classic Writings). Hacket Publishing Company. Cambridge.

.٣٢ Urmson, J.O & Jonathan Ree (1991). The Concise Encyclopaedia of Western Philosophy & Philosophers. Unwin Hyman Ltd. London.

**سێهەم: بە زمانی عەرەبی**

.٣٣ **ابراهيم، د.زكريا (بدون سنة الطبع): دراسات في الفلسفة المعاصرة، مكتبة مصر.**

.٣٤ **أورو، سيلفان و جاك ديشان و جمال كولوغلي (٢٠١٢): فلسفة اللغة، ترجمة و تقديم بسام بركة، مراجعة ميشال زكريا، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.**

.٣٥ **جاسم، د. منتهي عبد (٢٠١٣): معيار العلم والاخلاق في الفلسفة البراغماتية، ط١، دار التنوير، لبنان.**

.٣٦ **الحفني، د. عبدالمنعم (بدون سنة الطبع): الموسوعة الفلسفية، ط١، دار ابن زيدون، بيروت.**

.٣٧ **ديلودال، جيرار (٢٠٠٩): الفلسفة الاميركية، ترجمة د. جورج كتورة و د. الهام الشعراني، ط١، المنظمة العربية للترجمة، لبنان-بيروت.**

.٣٨ **صليبا، د.جميل (١٣٨٥ش): المعجم الفلسفي، ج١، ط١، منشورات ذوي القربي، ايران.**

.٣٩ **علي، د. سعيد اسماعيل (١٩٩٥): فلسفات تربوية معاصرة، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.**

.٤٠ **كامل، فؤاد (١٩٩٣): أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، ط١، دار الجيل، بيروت.**

.٤١ **كرم، يوسف (بدون سنة الطبع): تأريخ الفلسفة الحديثة، دار القلم، بيروت – لبنان.**

.٤٢ **م. روزنتال و ب. يودين (الإشراف) (٢٠٠٦): الموسوعة الفلسفية (وضع لجنة من العلماء والأكاديميين السوفياتيين)، ت. سمير كرم، ط٢، دار الطليعة، بيروت.**

.٤٣ **المرهج، د.علي عبدالهادي (٢٠٠٨): الفلسفة البراجماتية (اصولها و مبادئها-مع دراسة تحليلية في فلسفة و مؤسسها تشارلس ساندرس بيرس، دار الكتب العلمية، بيروت.**

چوارەم: بە زمانی فارسی

.٤٤ پال كابلی، ليتزا يانتس (١٣٩١ش): نشانەشناسی، ت. محمد نبوی، انتشارات پرديس دانش، چ١، تهران.

**پێنجەم: ئینتەرنێت**

.٤٥ Hookway, Christopher (2013). Pragmatism: http://plato.stanford.edu/entries/pragmatism/(Accessed: 10/12/2014, 22.30)

**الخلاصة :**

**يمكن القول بأننا نعيش في عالمنا الحاضر وفقا للسيمياء بحيث اصبحت الاشارات جزءا لايتجزء من حياتنا بتفاصيلها الدقيقة وكأن العالم اصبح منبرا للفنون والعلوم لايمكن التعبير عنها سوي بالاشارات فضلا عن العلاقات كما هو الحال في التطبيقات التقنية الموجهة عندما تحولنا عن طريق الاشارات الي عالم اخر من المفاهيم والمعارف المتنوعة، و وفقا للنظرية السيميائية فان الاشارة تعطي علامة مساعدة للعلم والفلسفة واللغة الي حد تخلصهم من تعددية المواضيع والتوافق علي احادية الموضوع وبذلك فالسيمياء تختصر الصور المتناثرة في اشارة ليتمكن الجميع من فهمها علي الرغم من اختلافهم الفكري والايدولوجي .**

**يعد تشارلس ساندرس بيرس ١٨٣٩-١٩١٤، مؤسس الفلسفة البراغماتية ورائدها كما انه من اوائل الباحثين في مجال النظرية الفلسفية المسماة بـ (نظرية السيمياء) وهي مرتبطة ارتباطا وثيقا بنظرية المعني في الفلسفة البراغماتية ، وفي الوقت نفسه يمكن القول بان بيرس من مؤسسي نظرية الابعاد الثلاثية للاشارات وقد حاول تصنيف مقولات فلسفته علي اسس ومبادئ السيمياءات بحيث ان مجمل افكار عنده قد وضعت بناءا علي السيمياءات، وعلي هذا الاساس فان فكرنا هو نتاج السيمياء وعن طريقها تتكون المعارف وتجدر الاشارة الي ان السيميائية ليست مفهوما سطحيا من وسط وعمق التراث والحياة اليومية وغير قابلة للفهم وانما هي نظرية عند بيرس وفقا لنظام جدلي مع الفلسفة والمنطق والعلم في دوامة وعلاقة تواصلية .**

**ان دراستنا الموسومة بـ (نظرية السيمياء عند تشارلس بيرس) لاتمثل التفاتة الي تصنيف انواع الاشارات وافعالها فحسب وانما اراد الباحث ومن وجهة نظر بيرسية تحليل السيمياءات وبيان العلاقات والعوائق فيما بينها وكذلك طرح دور السيمياء وطبقا لذلك توضيح كيفية تحول الافكار الافلاطونية المثالية والافكار الاداتية في الفلسفة البراغماتية لتصبح فيما بعد فكرة الاشارة عند تشارلس بيرس .**

**يوضح البحث بان السيميائية لايمكن معرفتها فقط كفعل ونشاط معين في عصر محدد وعند فيلسوف معين ، في حين ان الاشارة والمقولات في نظام بيرس تتميز بكثرة الابعاد اي بمعني اعطاء وصف وبيان لمستوي العلاقة والتحليل السيميائي وبذلك اردنا ايضاح الابعاد المتعددة للاشارة وخلاصها من احادية البعد والتحليل الغير الكامل وبذلك يتجه الوعي المدرك نحو العلاقات السيميائية وتحليلها وفقا لتعددية السيميائية .**

**كذلك نؤكد في ختام دراستنا علي اهمية السيمياء ودورها العلمي ، كما بينا ان الحركة العلمية قائمة علي السيمياء ودورها ونشاطها في التراث الانساني حيث نجد ان المفاهيم السيميائية البيرسية قد اهتمت بشكل كبير في بيان مساواة الفكر مع الاشارة وفهم الاشياء علي اساس السيمياء وهنا لابد من التأكيد انه ليس من السهل اختصار الافكار بالاشارات ولكن في الوقت نفسه لابد من بيان دور وتأثير السيمياء في المعرفة والادراك والتفسير والفهم وهذه بمجملها تعتبر كينونة الانسان في عالمه الواعي والتواصلي ، وهنا نشير الي انه والي يومنا هذا لم تصبح السيمياء موضوعا في اللغة والبحث والتراث الكوردي ولم تصل الي المستوي المطلوب في اعطاءها الاهمية المناسبة ولابد من التفاتة جادة نحو دراستها والتعمق فيها .**

**Abstract**

It can be said that we live in today's world in accordance with the Semiotics. Because the Signs have became the inalienable part of our lives in details. Also, the world has become a platform of Arts and Sciences which can not be expressed whithout signs, as well as in relations and in directed technical applications. When, this world turned us from signs to another world of diverse concepts and knowledge. According to the theory of semiotics, the sign gives help to Science, Philosophy and Language to some extent get rid them from plurality of threads and compatibility on unilateral subject. And so, semiotics abbreviates scattered images in signs in order to that everybody can understand them although they are difference intellectually and ideologically.

Charles Sanders Peirce (1839-1914), who is the founder and pioneer of pragmatism, is one of the first researchers in the field of philosophical theory of signs. In Pragmatism, Semiotics linked with theory of meaning very closely. At the same time it can be said that Peirce, one of the founders of the tri-dimensional (Triadic) theory of signs. He tried to classify his philosophical categories on the principles of semiotics. So that the totality of thought and ideas have been developed based on signs. On this basis, the thought is the product of semiotics and knowledge consists through the signs. It should be noted that semiotics is not a superficial concept in the depth of culture and every day life and it, to Peirce, is a theory according to the system with philosophy, logic and science in the whirlpool and communicative relationship.

Our research, which titled in (Theory of Signs in Charles Peirce), does not toward to the classification of signs types and their functions only, but researcher wanted to analyse the theory from the standpoint of Peirce’s Semiotics and declaration the statement of relations and barriers among themselves and show up the role of signs. Accordingly, this is to clarify that how turning Platonic Ideas and Instrumental Ideas in Pragmatism to become, later, Sign Idea in Peircian account.

Also, this study shows that semiotics can not be known only as a specific act in a specific age and in one philosopher’s articles, while the signs and categories in Peirce’s logical system characterized by multy-dimensional, in other words to give the description of the level of the relationship and semiotic analysis. And so, we wanted to clarify the multiple dimensions of signs and solve it from one-dimensional and imperfect analysis. Thereby the perceived consciousness is moving towards semiotics relations and analyzed according to the multiple of semiotics.

Finally, we confirm the importance of study of semiotics and its scientific functions. Also the study shows that the scientific movement based on semiotics. And semiotics is rolling in the human culture and

understanding. Where we find that Peirce's concepts of semiotics has widely focused on equality between thought and sign understand things on the basis of their signs. Here, it must be stressed that it is not easy to shortcut all thought in signs, but at the same time we have to see notable roles and impact of signs in knowledge. Whole that perception, interpretation and understanding considered as being of human in his conscious and communicative world. In our day, semiotics is no a theme in Kurdish language, academic researches and our culture. And it did not reach to the required level to give importance of signs so we should be understood it deeply as important subject and make a serious study in this field.

# فشاری کار لەنێو مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی قەڵادزێ

م.ی. روخسار محمد عمر

زانکۆی ڕاپەڕین

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تاقیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان و گۆڕاوە پیشەییەکان لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی ناو شارۆچکەی قەڵادزێ. ئەمەش بە بەکارهێنانی نموونەیەکی هەرەمەکی چینایەتی سادە کە پێکهاتووە لە (٩٦) مامۆستا. پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە سێ بەش لە خۆ دەگرێت: (١) پێوانەی فشاری کار، (٢) گۆڕەوەکانی پیشەیی مامۆستایان ( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی)، (٣) گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) پاش بەکارهێنانی (**Multiple Linear Regression**) بۆ شیکردنەوەی داتاکان، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) و فشاری کار و، لە هەموویان زیاتریش تەمەن کاریگەری لەسەر فشاری کار هەیە. هەروەها توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ هەیە لە نێوان گۆڕاوەکانی پیشە ( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی) وفشاری کار لای مامۆستایان و، لە کۆتاییدا دەرکەوت کە گۆڕاوەکانی پیشە کەمێك زیاتر کاریگەریان لەسەر فشاری کار هەیە وەك لە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان بە شێوەیەك ڕێژەی جیاوای ڕاڤەکراو (نسبة التباين المفسرة **R-Square**) بۆ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان (% 96) بوو. بەڵام بۆ گۆڕاوە (پیشەییەکان+ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان) (99%) بوو. لە گرنگترین ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئیدارەی پەروەردە، هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر کە یارمەتی دەربێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان وەك، پێدانی بەرپرسیارێتی دیاریکراو بە مامۆستا و بەخشینی زانیاری و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەمە، ڕانەسپاردنی مامۆستا بە کارێك لەژێر سیاسەتی دژیەك، ڕەخساندنی چانسی بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفی و، هەروەها قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندن کەم بکرێتەوە.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

ئیدارەی ڕێکخراوە نوێیەکان گرنگیان بە شێوازو ڕێگاکانی هاندانی کارمەندان داوە، هەروەها گرنگیان بە وروژاندنی پاڵنەر و بەدەستیهێنانی ڕازیبوونی پیشەیی و، گەشەپێدانی هەستی وەلائی ڕێکخراوەیی داوە (العمری،١٩٩٨، ٢). بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوە نایەتەدی تەنها بە بوونی هێزی کرێکاری پابەندو دڵسۆز نەبێت بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراوە و، بەو کرێکارەی کە ڕازییە بە سیاسەتی ئیداری و، هەروەها هاوکارو دڵنیایە لە سەرکردایەتی کردنی ئیداری و، ڕازییە لە داهاتووی پیشەکەی (عبدالله الطجم وطلق السواط،١٩٩٥،٧٨) بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ دەبێت خاوەن تاکی چالاك بێت و ئاراستەیەکی پۆزەتیڤی هەبێت بەرامبەر پیشە و ڕێکخراوەکەی بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن لە کەمکردنەوەی فشاری کار لەسەری.

بابەتی فشاری کار گرنگی پێدانی لەلایەن توێژەران زیادی کردووە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوو، ئەم گرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی فشارەکانی کار و شوێنەوارەکانی لەسەر ڕەفتاری کارمەندەکانی و هەڵویست و ئاڕاستەیان بەرامبەر کارەکان و دامەزراوەکەیان (السمادوني ، الربيعة ، فهد، ١٩٩٨، ١١٥).

فشاری کار بە دەروازەییەك لە دەروازە هاوچەرخەکان دادەنرێت بۆ توێژینەوە لە ڕێکخراوە مۆدێرنەکان لەبواری زانستە کۆمەلأیەتیەکان. لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە هەوڵدەدەن لەڕێگەی تواناکانی مرۆڤ ئامانجەکانی بەدی بهێنێ و، مرۆڤ گرنگترین و بەنرخترین ڕەگەزی بەرهەم هێنانە. هەر کەموکوڕییەك کە توشی مرۆڤ دەبێتەوە لە ئەنجامی فشاری کار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی دەبێت لەسەر ئەدائی ڕێکخراو ولەسەر توانای بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی گۆڕاو و گرەنتی مانەوەو بەردەوامبوونی.( محمد،١٩٩٢، ٦٩-٩٥)

خوێندنگە ڕێکخراوێکی کۆمەلأیەتیە وەك پێویستییەکی کۆمەڵگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی و، بۆ تێرکردنی ئەم پێویستیە هەڵدەستێ بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەڕێگەی کۆمەڵێك لە تاکەکان (مامۆستایان) کە کاری تێدا دەکەن، لەبەر ئەمە لەوانەیە ئەو تاکانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك فشار ببنەوە کە لەوانەیە خوێندنگە ئیفلیج بکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی. مامۆستا کرۆکی پرۆسەی پەروەردەیە لەبەر ئەو ڕۆڵەی گرنگەی دەگێرێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، ڕۆڵەکانی مامۆستا جۆراوجۆر و ئاڵۆزن لەنێوان ڕۆڵی مەعریفی و هەڵسەنگاندن و کارگێری و، ئەدائی ئەم ڕۆلانەش کاریگەر دەبن بە فاکتەرەکانی کەسایەتی مامۆستاو بونیادی کۆمەلأیەتی ڕێکخراوەو، پیشەی فێرکردن وەك هەر پیشەیەك پێویستی بە ئاستێکی بەرز هەیە. کۆمەڵێك بارودۆخ و هەڵوێست هەن کە مامۆستایان ڕووبەڕووی دەبنەوە لە خوێندنگە لەوانە دڵەراوکێ و شڵەژان و ترس و نوشست و تورەیی، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر حاڵەتی دەروونی و تەندروستی و کاریگەری دەبێت لەسەر ئەدائی کارکردنیان و، لەسەر توانای بەەستهێنانی ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و، زۆربەی دڵەراوکێ وفشارەکانی مامۆستا لەسەرچاوەی پەیوەست بە ئیش و سروشتی ئیشەوە پەیدا دەبێت و هەروەها ژینگەی دەرەکیش کاردەکاتە سەر ڕێکخراوەو تاکەکانی. سەرچاوەکانی فشاری مامۆستا جۆراوجۆرن لەنێوانیان ڕەفتاری خوێندکاران و قەرەباڵغی هۆڵەکانی خوێندن و پەیوەندی زانستی بەها و پیشەکانی، ڕۆڵی نادیار و قورساییە زانستیەکان و لێك تێنەگەیشتن لەنێوان مامۆستاو ئیدارە. ئەمانە دەبنە فشارو ڕووبەڕووی مامۆستا دەبنەوە لە پیشەکەی و تووشی هەڵچوونی دەکات و، لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی ئەمەش ئەوەیە کە گرنگی بە خوێندکارەکانی نادات وخەمسارد دەبێت لەڕووی هەستەوە، پاڵنەری نابێت بۆ ئەنجامدانی کاری نموونەیی و ڕێگری لە گۆڕین دەکات و داهێنانی نابێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەرهەمی مامۆستا بەتایبەتی و بەرهەمی فێرکردن بە گشتی( خضر، محسن خضر، ١٩٩٨، ٨٦-٩٣).

توێژینەوە مەیدانیەکان ئەنجامی دژیەك دەدەن بەدەستەوە لەبارەی کاریگەری هەریەك لە گۆڕاوەکانی پیشە و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لەسەر فشاری کار بۆ نموونە "السمادونی والربیعە" لە توێژینەوەکەیان بەناونیشانی "شەکەتی دەروونی لای نموونەیەك لە کارمەندان لە بواری خزمەتگوزاری مرۆیی لەشاری ریاز باس لەوە دەکەن ( السمادونی والربیعە،١١٣،١٩٩٨-١٦٥). بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ڕادەی کاریگەری گۆڕاوە پیشەیی و گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لەسەر ئاستی فشاری کار چەندە؟

**دووەم: گریمانەکانی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە هەوڵی گەران بەدوای ئەم گریمانە نەبوونیانە (الفرضیات الصفریة- Null H ) دەدات:**

1. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان تەمەن و فشاری کار.**
2. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان موچەی مانگانە و فشاری کار.**
3. **پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ماوەی خزمەت و فشاری کار.**
4. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان قورسی کارو فشاری کار.**
5. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و فشاری کار.**
6. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان ئاڵۆزیی ڕۆڵی پیشەیی و فشاری کار.**
7. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان سروشتی کار و فشاری کار.**
8. **پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان دڵنیایی پیشەیی و فشاری کار**

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

1. **ناسینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە دیمۆگۆافیەکان ( تەمەن، مووچەی مانگانە، ماوەی خزمەت) و فشاری کار لای مامۆستایان.**
2. **ناسینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە پیشەییەکان( قورسی کار، ململانێی ڕۆڵ، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی) و فشاری کار لای مامۆستایان.**
3. **دۆزینەوەو دەرخستی ئەو گۆراوەی کە زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر فشاری کار، ئایا گۆراوی پیشەییە یان گۆراوی دیمۆگرافی.**

**چوارەم: گرنگی توێژینەوە**

**لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی باش لە توێژینەوەی مەیدانی لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەبارەی فشاری کار بەلام ئەم بابەتە لای توێژەرانی کورد بگرە، ئەگەر هەشبێت ژمارەکەی کەمە ئەمە بەتایبەتی لە دەڤەری راپەرین (قەلادزێ). بۆ نموونە هەندێك لە توێژەران هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نوێی سەردەمەکە لە چالاکی ڕێکخراوە فەرمییەکان. بۆیە ئەمە زیادەیەکی نوێیە بۆ سەر کتێبخانەی کوردی کە نموونەی ئەم جۆرە توێژینەوە مەیدانیانە کەمە لە شارۆچکەی قەلادزێ. لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی زانیارییە بۆ توێژەران و گرنگی پێدەرانی واقعی زانستی ڕێکخراوە پەروەدەییە جیاوازەکان. لەمیانەی کۆکردنەوەی داتاکان لەبارەی گرنگترین گۆڕاوە دیمۆگرافی و گۆڕاوە پیشەییەکان کە کاردەکەنە سەر فشاری کار لای مامۆستایان و، سەرچاوەکانی لە ژینگەی کوردی. بۆ ئەوەی یارمەتی ئیدارەی پەروەردە بدات بۆ زانینی ئەو فاکتەرە کارتێکەرانەی کە کاردەکەنە سەر فشاری کار وپاشان دانانی ستراتیجیەتی گونجاو و ئامادەکردنی کەش و هەوایەکی ڕێکخراوەیی و پەروەردەیی گونجاو بۆ مامۆستا، بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر ئەو فشارەی کە لە کاردا ڕووبەروویان دەبێتەوە. شتێك کەوا لە هەستی مامۆستا بکات کە خوێندنگە بەماڵی خۆی بزانێت و ئینتیمای**

بۆی هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی ڕازیبوونی مامۆستا لە کارەکەی دواتر زیادبوونی توانای بەرهەمداری لە کارەکەی.

کەرتی فێرکاری پشت دەبەستێت بە کارامەییەکی بەرز لەبەر ئەوە ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن بۆ کارکردن لەناو ئەو ڕێکخراوە فەرمیانە کە پشت ئەستورن بە باکگراوەندی زانستی و پسپۆرن لەبوارەکەی خۆیان. ئەم شارەزاییە تایبەتیەی کارمەندەکان گرنگی دراسەی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی مامۆستایان لە لایەك و، گۆڕاوە پیشەییەکان لەلایەکی ترەوە وەك دیاریکەری فشارەکانی کار لە کەرتی فێرکاری ڕوون دەکاتەوە.

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: چەمکەکان توێژینەوە و مۆدەلەکانی فشار

#### ١. فشاری کار: چەمك و سەرچاوەکان

ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران هاوڕان لەسەر دیاریکردنی مانای فشاری کار بەوەی کە ئاماژە بە هەڵوێستێك دەکات کاتێك گونجان لە نێوان تاك و پیشەکەی نیە، ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر ناخی تاك و دەبێتە هۆی دروستکردنی ناهاوسەنگی دەروونی و جەستەیی لەناخی تاك، بەو پێ یەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی تاك و تایبەتمەندییەکانی پیشە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەڕوودانی فشارو هەست پێکردنی، هەورەها پێناسە کراوە بەوەی" ئەزموونێکی خودییە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی ناڕێکی دەروونی یان ئەندامی لای تاك ئەمەش بەرهەمی فاکتەرەکانی ژینگەی دەرەکی یاخود ئەو ڕێکخراوەیە کە تاك کاری تێدا دەکات"(سیزلاقی و جی والاس،١٨٠،١٩٩١ ).

(عماد الکحلوت ونصر الکحلوت، ٢٠٠٦،٣٥ ) پێیان وایە فشاری کار بریتیە لە کاردانەوەی مامۆستا بۆ کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی کە لەوانەیە کاریگەری دەروونی و جەستەیی و ڕەفتاری لای مامۆستا دروست بکات، کە مامۆستا هەستی پێ دەکات وەك هەڵوێستێکی ناخۆش هەڵیدەسەنگێنێ ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئەدائی پیشەکەی دەبێت وەك مامۆستا لە خوێندنگە."

ماك گراف Mc Graph (1970, 211) فشار لەڕووی دەروونیەوە پێناسەی دەکات بەوەی کە درککردنی تاکە بە نەبوونی توانا بۆ وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بۆ ئەرك و داواکارییەکان. ئەم درککردنە هەڵچوونی نێگەتیڤی لەگەڵدایە وەك توڕەیی و دڵەراوکێ و خەمۆکی و گۆڕانی فسیۆلۆژی وەك پەرچەکردارێکی ئاگادار کردنەوە بۆ ئەو فشارەی کە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە.

مۆدەڵی کەسی – ژینگەیی (prsonnal-enviromental model) کە هارسۆن و ئەوانی تر(Harrison, et al., 1980) پەرەیان پێداوە کە گرنگی بە کارلێکی نێوان تایبەتمەندییەکانی تاك و تایبەتمەندییەکانی ژینگە داوە لە دروست بوونی فشار، پێیان وایە فشار گەشە دەکات لە ئەنجامی نەگونجانی تاك لەگەڵ پیشەکەی بەمەش فشار دەبێتە تەجروبەیەکی خودی و ناهەوسەنگی دەروونی وفیزیکی لای تاك.ئەمەش لەو فاکتەرانە سەرچاوە دەگرێت کە تاك تێدا کار دەکات یان لە فاکتەرە خودییەکانی لای تاك خۆی سەرچاوە دەگرێ. ( السمادونی والربیعە، ١٩٩٨، ١١٩)

مۆدەلی جبسۆن و ئەوانی تر (Gibson, et al., 1994) مۆدەلێکە پەیوەندی نێوان فاکتەرە جیاوازەکانی فشاری پیشە و شوێنەوارەکانی ئەم فشارە لەسەر کار و کاریگەری تایبەتمەندییە کەسێتی یەکان لەسەر ئەم پەیوەندییە ڕوون دەکاتەوە:

ئەم مۆدەلەش دوو سەرچاوەی سەرەکی لە سەرچاوەکانی فشار لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: فشاری پەیوەست بە سروشتی کار و ژینگەکەی و ڕۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لەوانە:

أ. فشاری پەیوەست بە ژینگەی کاری ماددی: فاکتەرەکانی وەك ژاوەژاو و پلەی گەرمی و ئاو وهەوای پیس دەگرێتەوە.

ب. فشاری تاکی: وەك ململانێی ڕۆڵ ، ئالۆزی رۆڵ و بار قورسی زیادە و بارسوکی ( Over load and Under load) لە کارو و سروشتی پیشە، ئەم فشارە پەیوەستە بە پیشە.

ت. فشاری کۆمەلایەتی: وەك پەیوەندی لاواز لەگەڵ هاوپیشەکانی لە کارو مەرئوسین و بەرێوەبەر.

پ. فشاری رێکخراوەیی: وەك لاوازی لە دیزانی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (ئاستی جۆراوجۆر یان بچووکی ئیدارە لە هەرەمی ڕێکخراوە) و نەبوونی سیاسەتی دیاریکراو.

دووەم: فشاری پەیوەست بە تایبەتمەندییە کەسێتیەکان وەك سیفەتی ژیری و سۆزداری و جەستەیی (جۆری کەسایەتی مەرکەزی کۆنترۆڵکردن و توانا و پێویستیەکانی تاك) هەروەها دیمۆگرافیا کە کاردەکاتە سەر کارلێکی تاك لەگەڵ فاکتەرەکانی فشار (جمعة،٢٠٠٧، ٤٥-٤٨) .

ئەل سەمادونی (١٩٩٤، ٦٢-١٢٠) مۆدەلیی پرۆسەی فشاری بۆ مامۆستای پەروەردەی تایبەت داناوە کە سەرچاوەکانی فشار بۆ ئەم پیشەیە دەگرێتە خۆی کە دەبێتە هۆی هەست کردن بە ماندوویتی، سەرباری ئەو شوێنەوارە نێگەتیڤانەی کە ئەم فشارە ڕووبەڕووی مامۆستا دەکاتەوە لەکاتی مومارەسەکردنی پیشەکەیان. ئەم سەرچاوانەشی بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دیاریکردووە ئەوانیش:

أ. سەرچاوەی پیشەیی (دامەزراوەیی): وەك ململانێی ڕۆڵ (Role Conflict) و ئالۆزی ڕۆڵ ( Role Ambiguity) و بەشداری نەکردن لە بڕیاردان و خۆ ئامادەنەکرنی باش لە لایەن مامۆستاوە کە ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ پیشە، ئەو فشارەی کە دروست دەبێت بەهۆی خوێندکارو تایبەتمەندییەکانیان و، ئەو فشارەی کە بەهۆی خوێندنگەوە دروست دەبێت و نەبوونی سەپۆرتی کۆمەلایەتی چ لەلایەن بەرێوەبەرەوە بێت یان هاوپیشەکانی یان سەرپەرشتیارەوەبێت بۆ کارمەند و دەسکەوتەکانی.

ب. سەرچاوەی کەسێتی یان تاکی: وەك ڕازی نەبوون لە کار و ڕازی نەبوون لە ژیان، سەرباری هەندێك گۆراوی دیمۆگرافی وەك تەمەن و لێهاتووی خوێندنی مامۆستا ڕەگەزو ساڵەکانی خزمەت.

٢. ئەو شوێنەوارانەی کە لەئەنجامی فشارەوە دروست دەبێت

ئامارەکان باس لە شوێنەوارەکانی فشار دەکەن بۆ نموونە لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی ١٠٪ لە کۆی داهاتی نیشتیمانی کە دەکاتە ٥٠٠ بلیۆن دۆلار ساڵانە تێچووی نەخۆشییە جەستەییەکانە چونکە ئەم فشارە کاریگەری لەسەر دروستی دەروونی تاك هەیە (العمری،٢٢،٢٠٠) بەم شێوەیە کاردەکاتە سەر ئاستی ئەدائی

تاك لە کار ودواتر بەرهەمی. زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندییەکی نێگەتیف لەنێوان فشاری کار و ئەدائی پیشەیی هەیە. بەو مانایەی فشاری کار تاکەکان دەوەستێنێ لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی و ڕێکخراوەکەی. چونکە تاکەکان کاتی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم فشارە. بۆیە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە فشاری کار فاکتەری سەرەکیە لە زۆربەی کێشەکانی ڕێکخراوەو بە تایبەتی ئەدائی لاوازی و بەجێهێشتنی کار و شەرانگێزی(جرینبرج ، جیرالد ،بارون،٢٠٠٩، ٢٥٧). لە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەدا هەندێك لە توێژەران وای دەبینن کە بڕێکی گونجاو لەفشاری کار دەتوانێ ژیانی مامۆستا بوروژێنێ بۆ ئەوەی هەست بە چێژ و نوێ بوونەوە و گۆریین و بەرنگاربوونەوە بکات (حسن، ٢٠١٣، ٢١٤).

**دووەم: توێژینەوەکانی رابردوو**

خودی سروشتی کار ( work – Related Causes of Stress ) شێوەی جیاواز لە فشار دروست دەکات و ڕادەی ئەم فشارەش جیاواز دەبێت بە سروشتی کار، ئەلهنداوی لە توێژینەوەکەی بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان سروشتی کارو ئەو فشارەی لێوەی دروست دەبێت لە ١٣٠ پیشە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەندێ پیشە خۆی ئاستێکی بەرز لە فشاری کار دروست دەکات و، هەندێکی تر ئاستێکی نزم دروست دەکات(وفیە أحمد الهنداوی، ١٩٩٤، ١٠١). توێژینەوەکان ئاماژە بە جۆری ئەو کارە دەکەن کە تاك ئەنجامی دەدات و ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتیە قورسانەی کە لە خۆی دەگرێت بە دیاریکەرێکی گرنگ دادەنرێن بۆ بڕ و جۆری ئەو فشارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دەرکەوتووە ئەوانەی ئیشی ئیداری دەکەن زیاتر ڕووبەڕووی شێوەی جیاوازی فشار دەبنەوە لە ئەندازیار و زانایان هەروەها کارمەندان لە بواری پۆلیسی و پەرستاری و ئاگرکوژێنەوەو وانەبێژان وپیاوانی ئیداری. بەهۆی زۆر قورسی کارەکانیان چونکە، بەرپرسیار بوونی مرۆڤ لە تاکەکان سەرچاوەیەکی بەهێزی فشارە وەك لەوەی بەرپرسیار بێت لە شت و مەك (محمد،١٩٩٢، ٨٠).

هنداوی لە توێژینەوەکەی (١٩٩٤، ١٢٣) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشاری کار درککردنی تاکەکان جیاوازە بۆ هۆکارەکانی فشار بەپێی سروشتیان بۆ نموونە لە ڕووی تەمەنەوە ئەوانەی کە تەمەنیان بچووکە زیاتر هەست بە فشاری کار دەکەن لەوانەی بە تەمەن گەورەن. مێلچ و ئەوانی تر ( Gmelch, et al., 1994) سەرچاوەی فشاری کار لای کارمەندانی ئیدارەی پەروەردە دەگەڕێننەوە بۆ ژینگەی کار ئەوانەی کە کاری ئیداری دەکەن ڕووبەڕووی فشاری کار دەبنەوە لە هەردوو بواری ئەکادیمی و ئیداری (الخثیلة، ١٩٩٧، ٨٨).

عسکر و عبداللە لە توێژینەوەکەیان بە ناونیشانی "مەودای ڕووبەڕووبوونەوەی کارمەندان بۆ فشاری کار لە هەندێ پیشەی کۆمەڵایەتی وەك (وانەبێژی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری دەروونی) و پەیوەندی بە گۆڕاوەکانی شارەزایی و ڕەگەزو ڕەگەزنامە و باری کۆمەڵایەتی" هەوڵیان داوە کاریگەری شارەزایی و ڕەگەزو ڕەگەزنامە و باری کۆمەڵایەتی تاك لە پیشەکەی بناسن کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر مەودای ئەو فشارە دروست بکات کە لەم چوار پیشەیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەروەها ئەو تاکانەی کە هاوسەرگیریان کردووە زیاتر ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە لەوانەی کە سەڵتن بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی پیشەی پەرستاری و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتین.

هەورەها لە توێژینەوەی راچ و ئەوانی تر ( Rasch, et al.,1990) دەرکەوتووە کە جیاوازییەکی ئاماری هەیە بۆ رۆڵی پیشەیی و ئەرکی کار لەنێوان ئەوانەی کاری ئیداری دەکەن و ئەوانەی کاری ئیداری ناکەن لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە تێیدا هەست بە فشاری کار دەکەن.ئەمە لە کاتێکدا کە تاك هەست بکات بەوەی چانسی بەرزبوونەوە و گەشەی وەزیفی لاوازە لەناو ئەو دامەزراوەیەی کە ئینتیمای بۆ هەیە دژی تموحاتەکانیەتی ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ فشار و، وا لە تاك دەکات بیر لە داهاتووی پیشەکەی بکاتەوە (الهنداوي، ١٩٩٤، ١٠٢). (عسکر، ١٩٨٨،٧-٥٩) توێژینەوەیەکی لەسەر ٢٤٤ کارمەندی کەرتی بانکی لە ولاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو کردووە. لە دیاترین ئەنجامەکانی ئەوەیە کە بڕی کار و گەشە و پێشکەوتنی پیشەیی و جۆری کار و رۆتنیەت، کە تەحکوم بە ڕێڕەوی کار دەکەن و، نەبوونی ئازادی تەواوی کارمەند لە کاتی ممارسەکردنی پیشەکەی و ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزییەکەی لە گرنگترین فاکتەرەکانی دروستبوونی فشارن لای ئەو کارمەندانە.هەروەها لە یەکێك لە توێژینەوەکان کە لەسەر کارمەندانی ڕێکخراوێك کراوە دەریدەخات کەوا ئالۆزی ڕۆل و نەبوونی زانیاری تەواو و پەیوەست بە پیشەکەی نموونەی سەرچاوەی فشاری کارن(وفیە أحمد الهنداوی، ١٩٩٤، ١٠١). لە توێژینەوەکەی ئەلرەبیعە (السمادوني والربيعة، الإنهاك النفسي، ١٩٩٨، ١٨) کە لەسەر (٥٨) ڕێنماییکاری دەروونی کە کار دەکەن لە نەخۆشخانە دەروونیەکان ئەنجامدراوە، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەندێك گۆڕاوی دیمۆگرافی وەك ئاستی خوێندن و باری کۆمەلایەتی و سالانی خزمەت و تەمەنی ڕێنماییکار و قورسی کار و ئالۆزی ڕۆڵ و بەشداری نەکردن لە بڕیاردان و هەموو ئەو فاکتەرانە گرنگن لە هەست کردن بە هیلاکی دەروونی ڕێنمایکار. هەروەها ئێجەرتۆن (Edgerton, 1977 ) جەخت لەسەر ئەرك و ڕوڵە جۆراوجۆو دژ یەکەکان دەکاتەوە کە مامۆستا ئەنجامی دەدات و دەبێتە هۆی شلەژان و دلەراوکی و فشار (عسکر وجامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ١٨).

کاپلان (Caplan, 1978) توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان قورسی کار و ئاستی فشار، دەرکەوت کە پەیوەندیەکی پۆزەتیف لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوە هەیە. بەو پێیەی چەند قەبارەی قورسایی کار زیاد بێ لەو کارەی کە تاك ئەنجامی دەدات هێندە ئاستی فشارەکەی بەرز دەبێتەوە. (الهنداوي، ١٩٩٤، ١٠١) دوعا ( Dua, 1994) (الخثيلة، ١٩٩٧، ٨٨) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەکانی کار جۆراوجۆرن لەوانە گرنگی پیشەو قورسی کارو پەیوەندی نێوان هاوپیشەکان و بارودۆخی کار. هەورەها توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا پەیوەندییەکی نێگەتیف لەنێوان فشاری کارو تەمەن هەیە، بەو پێیەی ئەوانەی کە تازەن لە پیشەکانیان زیاتر هەست بە فشار دەکەن. هەروەها پەیوەندییەکی نێگەتیف هەیە لەنێوان ئاستی وەزیفی و فشار. لۆرتی( Lortie, 1975 ) لە توێژینەوە کۆمەلایەتیەکەی لەبارەی پیشەی وانەبێژییەوە هۆکاری سەرەکی فشاری کار دەگەرێتەوە، بۆ قورسی پیشەکە کە دەبێتە هۆی نەبوونی کاتێکی تەواو بۆ تەرکیز خستنە سەر پیشە سەرەکیەکەی ( عسکر و جامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ٦٥-٨٧). ئادەمسۆن (Adamson, 1975) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرپرسیارێتی زیاد و قورسی پیشە یەك لە هۆکارە سەرەکیەکانی فشارە لای مامۆستایان لە دامەزراوەیی فێرکاری (عسکر وآخرون،١٩٨٦، ١٨).

براید ( McBride, 1983 ) پێی وایە سەرچاوەکانی فشار جۆراوجۆرن و گرنگترینیان قەرەباڵغی خوێندنگە و ئەرکی زیادو کەمی مووچە و پەیوەندی دژ بەیەك لەگەڵ لایەنی بەرپرسە، هەر کاتێك قەبارەی

خوێندنگە زیاد بێت بەیەکدادان لە نێوان پابەندی (روابط) کەسی روودەدات و بۆشایی دەکەوێتە نێوان مامۆستا و ئیدارە. هەروەها کێشەی هەماهەنگی و چاودێریکردن زیاد دەبێت، دواتر پرۆسەی بریادان زەحمەت دەبێت (محمد، ١٩٩٢، ٧٩) .

لورنس لە توێژینەوەکەی بەناونیشانی "فشاری کار لای مامستایانی قۆناغی بنەرەتی و سەرچاوەو هەڵچوونە دەروونی و نێگەتیفەکان لای نموونەیەك لە مامۆستایانی خوێندنی بنەرەتی لە خوێندنگەی سەرەتایی وئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٧-١٩٨٨ "باس لەوە دەکات کە زۆربەی مامۆستایان دەناڵنن بە دەست فشاری کار و ڕووبەڕووی هەڵچوونی دەروونی نێگەتیفی وەك دڵەراوکێ و نەبوونی سەپۆرت و نائاسودەیی دەبنەوە. لە توێژینەوەکە سێ ڕەهەندی گرنگی فشار دەرکەوت ئەوانش زۆری ژمارەی خوێنکاران لە قوتابخانەکان و خراپی بینایەی خوێندنگە و کێشەی گەشەی پشەیی مامۆستا و کێشەی پەیوەست بە خوێندکاران. جگە لەوەش مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی پلەی هەستکردنیان بە فشاری کار زۆر بەرز بووە ژمارە کاتژمێرەکانی وانەگووتنەوەیان زۆر بووە. هەورەها ئەوانەی تازە دەرچوون یان ئەوانەی تەمەنیان بچووکە زیاتر هەستیان بە فشار کردووە (بسطا، ١٩٨٨، ٣٩-٨٥).

توێژینەوەی ئاپکۆچ (Apkkoch, 1982 et al.) ئاماژە بە جیاوازی نێوان تاکەکان دەکات لە ئاستی هەست کردن بە فشاری کار بەپێی گۆڕاوی تەمەن و شارەزایی ئاستی وەزیفی بۆ هەر تاکێك (الخثيلة، ١٩٩٧، ٨٨ ). عەسکر و ئەوانی تر(عسكر و جامع و الأنصاري، ١٩٨٦، ٦٥-٨٧) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە زۆرترین توێژ کە ڕووبەڕووی سوتانی دەروونی(احتراق النفسي) دەبنەوە بەهۆی فشاری کارەوە مامۆستایانی کوێتین بەتایبەتی ئەوانەی ساڵانی شارەزاییان لەنێوان (٥-٩) ساڵیە. هەروەها عبدالله و عبدالرحیم لە توێژینەوەکەیان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزیی رۆڵ و داهاتی مانگانە و ساڵانی خزمەت سەرچاوەی فشارن بۆ ئەو مامۆستایانە.( العبدالقادر و المير،١٩٩٦، ٣٣٠)

بە پوختی دەردەکەوێت کە دیاردەی فشار گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە لایەن توێژەرانەوە لە بواری جیاواز و، وا تێبینی دەکرێت ئەو توێژەرانە هەریەکە گرنگی داوە بە لایەنێك لە گۆڕاوەکان، هەندێکیان جەختیان لەسەر کاریگەری گۆڕاوە پیشەیەکان کردۆتەوە هەندێکی تریان لەسەر گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان. بەڵام توێژینەوەیەکی دیاریکراو نەکراوە کە جەخت لەسەر گۆراوێك بکاتەوەو بڵێ ئەوەیان لەوەی تریان بەهێزترە، کە ئایا دیمۆگرافیە یان وەزیفیە. بەڵام هەندێك لە توێژەران هەوڵیان داوە جیاوازی ئاستی فشار لای کارمەندان بەپێی گۆراوە دیمۆگرافی و پیشەیی یەکان بزانن بەڵام هەوڵی ئەوەیان نەداوە بزانن کە کامە گۆراو بەهێزترە (دیمۆگرافی یان پیشەیی) لەسەر فشاری کار؟ بە دەربرینێکی تر ئەم توێژینەوانە هیچ گۆراوێکیان دیاری نەکردووە کە کامیان کاریگەریان زیاتر یان بەهێزترە لەسەر ئاستی فشاری کار، ئایا گۆراوی دیمۆگرافی یان پیشەیی؟ هەروەك ئەم توێژینەوەی ئێستا.

## ڕێوشوێنە میتۆدیەکانی توێژینەوە

**یەکەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو مامۆستایانی خوێندنگە ئامادەییەکانی ناو سەنتەری شارۆچکەی قەڵادزێ دەگرێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٤-٢٠١٥ کە ژمارەی خوێندنگەکان (١٢) خوێندنگە بوو. پاش هەڵبژاردنی هەرەمەکیانەی توێژەر لە هەر خوێندنگەیەك (١٠) مامۆستای هەڵبژاردووە (١٢×١٠=١٢٠)، کە ژمارەی گشتی تاکەکانی نموونە گەیشتە ١٢٠ مامۆستا. ژمارەی پرسیارنامە گەڕاوەکان گەیشتە ٩٦ پرسیارنامە کە دەکاتە (80%).

**دووەم: گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

أ. گۆڕاوی شوێن کەوتە وەك ئاستی فشاری کار کە گریمان دەکرێ مامۆستا ڕووبەڕووی هۆکارو سەرچاوەکانی فشاری دیمۆگرافی و پیشەیی ببێتەوە.

پێوانی فشار کراوە بە بەکارهێنانی پێوەری عەسکر و ئەوانی تر (١٩٨٦) کە پێوەرەکە حەوت ڕەهەندی فشار لەخۆدەگرێ وەك: ڕەفتاری خوێندکار و پەیوەندی مامۆستایان لەگەڵ یەکتر وپەیوەندی مامۆستا لەگەڵ ئیدارە و پەیوەندی مامۆستا بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و تەقدیری پیشەی وانەگووتنەوە وململانێی خودی و نیشانەکانی دەروونی وجەستەیی فشار کە لە هەموو بوارەکان چوار دەستەواژە لەخۆ دەگرێ کە مامۆستا ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە هەر لایەنێك و، کۆی بڕگەکانی پێوەریش ٢٨ برگەیە.

وەڵامدانەوەی تاك بۆ بڕگەکان بە هەڵبژاردنی لێتوێژراوە بۆ یەکێك لە وەڵامە گونجاوەکانی پێوەرەکە بە ڕێگەی لیکرتی پێنج پلەیی، کە لە ١بۆ ٥ ئەنجام دراوە . واتە هەر جێگرەوەیەك بەم شێوەیەیە:-

زۆر ناڕازیم=١ ناڕازیم = ٢ نازانم =٣ ڕازیم = ٤ زۆر ڕازیم = ٥

ب. **گۆڕاوی سەربەخۆ:** هەشت گۆڕاو دەگرێتەوە:

١. تەمەن: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ تەمەنی لێتوێژراو پێوانە کراوە( تەمەنت چەندە؟....).
٢. مووچەی مانگانە: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ موچەی لێتوێژراو پێوانە کراوە( موچەی مانگانەت چەندە؟ .....).
٣. خزمەت لەبواری فێرکردن: کە بە پرسیارێکی کراوە بۆ ماوەی خزمەتی لێتوێژراو پێوانە کراوە( خزمەتت لەبواری فێرکردن چەندە؟...).
٤. قورسایی کار: مەبەست لێی ئەوەیە کاتێك داوا دەکرێت لە مامۆستا هەڵسێت بە ئەنجامدانی کاری زۆر و جیاواز یا کاتێکی تەواوی نیە بۆ ئەنجامدانی.
٥. سروشتی کار: مەبەست لێی مەودای بەکاربردنی گونجاوو باشی تواناکانی مامۆستاو بەرپرسیارێتیەکانی دیکەیەتی.
٦. دڵنیایی پیشەیی: مەبەست لێی سنوورداریێتی پلە بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفیە.
٧. ململانێی ڕۆڵی پیشەیی: مەبەست لێی ئەوەیە کاتێك مامۆستا تووشی ژمارەیەك ململانێ دەبێتەوە لە پێشبینی ڕۆڵ لە کارەکەی.

٨. ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی: فەراهەم نەبوونی زانیاری ڕوون و گونجاو لای مامۆستا لەو ڕۆڵەی لێی داوا دەکرێت.

پێوانی گۆڕاوی قورسی کار و سروشتی کارو دڵنیایی پیشەیی بە بەکارهێنانی پێوەری ئەلهنداوی(وفية أحمد الهنداوي: ١٩٩٤، ١٢٥) بۆ سەرچاوەکانی فشاری کار دوای چاککردنێکی کەم لە هەندێ برگە کە لەمانە پێکهاتووە :

یەکەمیان قورسی کار: پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٢٩،٣٠،٣١).

دووەمیان: سروشتی کار: پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٣٢،٣٣،٣٤).

سێیەمیان: داهاتووو دڵنیایی پیشەیی پێك دێت لە بڕگەکانی ژمارە (٣٥،٣٦،٣٧)

بەڵام گۆڕاوی ململانێ ڕۆڵ و ئاڵۆزی ڕۆڵ تەنها لەڕێگەی ئەم بڕگانەی خوارەوە (عسكر: ١٩٨٨، ٣٧) پێوانە کراوە:

یەکەم: ململانێی ڕۆڵی پیشەیی:(بڕگەکانی ژمارە ٣٨،٣٩،٤٠).

١. پێویستە هەندێك چالاکی ئەنجام بدەم کە لەو باوەڕەدام هەڵەیە.
٢. کارکردن لەژێر سێبەری سیاسەت و ڕێنمایی دژ بەیەك.
٣. دەبێت ئەو شتانە بکەم کە پێچەوانەی پرەنسیبەکانی کەسایەتین.

دووەم: ئاڵۆزی رۆڵ ( بڕگەکانی ژمارە ٤١، ٤٢، ٤٣)

١. لەسنوری دەسەڵاتی ئەو پیشەیەی ئێستام دڵنیا نیم.
٢. پیشەکەم ئامانجەکانی روون و دیاریکراو نین.
٣. لە بەرپرسیارێتیەکانی پیشەکەم دڵنیا نیم.

### سێیەم: ڕاستگۆیی و جێگیریی پرسیارنامە

تویژەر بۆ دەرهێنانی راستگۆیی پرسیارنامە ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە:

**راستگۆیی ناوەرۆکی** (Methods of Internal Consistency Reliability)

پلەی ڕاستگۆیی فۆرمی پرسیارنامەکە لەخۆ دەگرێت لە میانەی فاکتەرەکانی جێگیریی لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندی و پەیوەستیەکی بەهێز لە نێوان ڕاستگۆیی ئامرازو جێگیرییەکەی، ئەگەر پێوەر راستگۆ بێت ئەوا هەمیشە جێگیر دەبێت بۆ دڵنیابوون لەمەش و بەمەبەستی پێوانی فاکتەری جێگیریی پێوانەی فشاری کارو پێوانەی سەرچاوەکانی فشار ئەوانیش قورسی کار، ململانێی ڕۆلی پیشەیی، سروشتی کار،دڵنیایی پیشەیی، ئاڵۆزیی ڕۆڵی پیشەیی کە فاکتەرەکانی جێگیریی بۆ بڕگەکانی پرسیارنامەکە دەرهاتووە کە دەکاتە (٠.٨٧). ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە پێوەرەکە خاوەنی پلەیەکی بەرزو پەسندە لە جێگیریی، بە پێی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach-Alpha) و، دوای ئەمە جێبەجێ کردنی ئەم هاوکیشەیەی خوارەوە :

ڕاستگۆیی= ڕەگی دووجای جێگیریی.

که دەکاتە ( 0.93) بۆ جێگیری ئەلفا کرۆنباخ و، کە ئەمە دادەنرێت  بە فاکتەرێکی بەرزو دڵنیاکەر لە هاوسەنگی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی فاکتەرەکانی ڕاستگۆیی.

### شیکردنەوەی داتاکان و خستنەرووی ئەنجامەکانی توێژینەوە

بۆ شیکردنەوەی داتاکان توێژەر شێوازی شیکردنەوەی (Multiple Regression) ی بۆ داتا دیمۆگرافیەکان لە هەنگاوی یەکەم (هاوکێشەی ١) بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ئەم گۆڕاوانە. لە هەنگاوی دووەم (هاوکێشەی ٢) کە تەدخولی گۆڕاوە پیشەییەکان لەگەڵ گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان کراوە بۆ دیاریکردنی گرنگی ڕێژەی کاریگەری هەریەك لەم گۆڕاوانە لەم دوو کۆمەڵەیە و لە ڕاڤەکردنی ڕێژەی جیاوازی گۆڕاوی شوێن کەوتە(beta).

**یەکەم: تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی نموونە**

خشتەی ژمارە (١) بە ڕێگایەکی پوخت ئەنجامەکان دەخاتەڕوو، لە خشتەکەدا دیارە کە زۆرینەی تاکەکانی نموونە (94.8%) بڕوانامەی زانکۆیی بکالۆریۆسیان بەدەست هێناوە، لەکاتێدا لە (3.1%) بڕوانامەی دبلۆمیان بەدەست هێناوە، لە (2.1%) بڕوانامەی ماجستێریان بەدەست هێناوە. هەروەها خشتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە خێزاندارن  کە دەکاتە (74.0%) لەکاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی سەڵتن دەکاتە (26.0%). ئەوانەی  کە تەمەنیان لە نێوان (٣٠-٣٤) ساڵانە ڕێژەیان (39.6%) و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٢٥-٢٩) ساڵانە ڕێژەیان (38.5%) و ئەوانەی تەمەنیان (٣٥-٣٩) ساڵانە دەکاتە ( 12.5%) و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٤٠-٤٤) ساڵانە  لە (2.1%) نموونەکە پێکدەهێنن، ئەوانەی تەمەنیان لە (٤٥) ساڵ زیاترە دەکاتە (2.1%). هەروەك لە خشتەکە ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە مووچەی مانگانەیان لەنێوان (999999-700000) هەزار دینارە بە ڕێژەی (77.1%) هەروەها ئەوانەی مووچەیان لەنێوان (400000 – 699999) ڕێژەیان دەگاتە (13.5%)و، ئەوانەی مووچەکەیان کەوتۆتە نێوان (1000000 – 1299999) ڕێژەیان دەگاتە (7.3%) و، ئەوانەشی کە مووچەکەیان لە نێوان (1300000– 1699999) ڕێژەیان تەنها دەکاتە(2.1%).

**خشتەی ژمارە (١)**

**تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی نموونە**

| گۆڕاوەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| تەمەن | | |
| کەمتر لە ٢٥ ساڵ | 5 | 5.2 |
| لە ٢٥ بۆ ٢٩ ساڵ | 37 | 38.5 |
| لە ٣٠ ب ٣٤ ساڵ | 38 | 39.6 |
| لە ٣٥ بۆ ٣٩ ساڵ | 12 | 12.5 |
| لە ٤٠ بۆ ٤٤ ساڵ | 2 | 2.1 |
| ٤٥ ساڵ زیاتر | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | ٩٦ | ١٠٠ |

| ماوەی خزمەت لە بواری فێرکردن | | |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٥ساڵان | 27 | 28.1 |
| لە ٥ بۆ کەمتر لە ١٠ ساڵان | 44 | 45.8 |
| لە ١٠ بۆ کەمتر لە ١٥ ساڵان | 20 | 20.8 |
| لە ١٥ بۆ کەمتر لە ٢٠ ساڵان | 4 | 4.2 |
| لە ٢٠ بۆ کەمتر لە ٢٥ ساڵان | 1 | 1.0 |
| کۆی گشتی | ٩٦ | ١٠٠ |
| مووچەی مانگانە | | |
| 699999 – 400000 | 13 | 13.5 |
| 999999-700000 | 74 | 77.1 |
| 1299999 – 1000000 | 7 | 7.3 |
| 1699999 –1300000 | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | 96 | ١٠٠ |
| پلەی خوێندن | | |
| دبلوم | 3 | 3.1 |
| بکالوریوس | 91 | 94.8 |
| ماجستێر | 2 | 2.1 |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0 |
| باری هاوسەرگیری | | |
| خێزاندار | 71 | 74.0 |
| سەڵت | 25 | 26.0 |

خشتەی ژمارە (٢) ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری هەموو گۆڕاوەکانی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە و، ڕوونی کردۆتەوە کەوا لادانی پێوەری هەموو گۆڕاوەکان کەمترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە و، ئەمەش سوود بەخشە لەوەی کە زانیاری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی بەکارهێنانی ( Multiple Regression Analysis) بەجێگەیاندووە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری گۆڕاوەکانی توێژینەوە**

| گۆڕاوەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | N |
|---|---|---|---|
| فشاری کار (٢٨ دەستەواژە)* | 87.42 | 16.045 | 96 |
| قورسی کار (٣ دەستەواژە)* | 9.48 | 2.843 | 96 |
| سروشتی کار(٣ دەستەواژە)* | 9.55 | 3.122 | 96 |
| دڵنیایی پیشەیی(٣ دەستەواژە)* | 8.78 | 2.814 | 96 |
| ململانێی ڕۆڵ (٣ دەستەواژە)* | 9.22 | 2.568 | 96 |
| ئاڵۆزی ڕۆڵ (٣ دەستەواژە)* | 10.08 | 2.690 | 96 |
| تەمەن | 30.77 | 4.721 | 96 |
| مووچەی مانگانە | 7.18 | 3.920 | 96 |
| ساڵانی خزمەت لە بواری فێرکردن | 809184.9 | 175147.2 | 96 |

**دووەم: تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە**

شیکردنەوەی (Multiple regression) بەکارهاتووە، کە جەختی لەسەر بەراوردکردنی ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو کردووە (R-Square) لە هەنگاوی یەکەم لەگەڵ ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو لە هەنگاوی دووەم و، کە لە هەنگاوی یەکەم گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان و، لە هەنگاوی دووەم گۆڕاوە پیشەییەکان بەکارهاتووە و، ئەمەش بۆ ئەوەی مەودای کاریگەری هەر یەك لەم گۆڕاوانە بەتەنها و بەشداریان بە یەکەوە بزانین لە ڕاڤەی جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە.

**خشتەی ژمارە (٣) Multiple Regression هەنگاوی یەکەم ( گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان)**

| گۆڕاوە سەربەخۆکان | بەهای (Beta) | بەهای T. Test | ئاستی ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 3.715 | 6.498 | ٠.٠٥< |
| خزمەت لەبواری فێرکاری | -5.235 | -5.495 | ٠.٠٥< |
| مووچەی مانگانە | ٠.٠٠٠٠٧٠ | 3.127 | ٠.٠٥< |
| ڕێژەی جیاوای ڕاڤەکراو (نسبە التباین المفسرە) (R-Square ) =٠.٩٦٢ | | | |

**خشتەی ژمارە (٤) Multiple regression هەنگاویدووەم ( گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان+ گۆڕاوەپیشەییەکان**

| گۆڕاوە سەربەخۆکان | بەهای (Beta) | بەهای T. Test | ئاستی ئاماژەی ئاماری |
|---|---|---|---|
| فورسی کار | 2.186 | 3.471 | ٠.٠٥< |
| سروشتی کار | 1.183 | 2.150 | ٠.٠٥< |
| داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی | 2.767 | 4.423 | ٠.٠٥< |
| ململانێی رۆڵی پیشەیی | 2.457 | 3.687 | ٠.٠٥< |
| ئاڵۆزی رۆڵی پیشەیی | 2.735 | 4.968 | ٠.٠٥< |
| تەمەن | 1.053 | 3.173 | ٠.٠٥< |
| خزمەت لەبواری فێرکاری | -0.724 | -1.232 | >٠.٠٥ |
| مووچەی مانگانە | 5.235E-007 یەکسانەبە = ٠.٠٠٠٠٠٠٥٢٣٥ | .041 | ٠.٠٥> |
| ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو (R-Square ) = ٠.٩٩ | | | |

لەو زانیاریانەی کە لە هەردوو خشتەی (٣،٤) ی سەرەوەدا هاتووە تێبینی دەکرێت کەوا ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو،(R-Square) لە هەریەك لە هەنگاوەکان جیاوازە بە جیاوازییەکی کەم. لە هەنگاوی یەکەم ڕێژەی جیاوازی ڕاڤەکراو گەیشتۆتە (0.96)، بەو مانایەی کە هەموو گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان بەیەکەوە لە هەنگاوی یەکەم ڕاڤەکردنەکە بە نزیکەی( 96.2%) بریتی یە لە جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە، لەکاتێکدا دەبینن ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە بە گۆڕانێکی کەم لە هەنگاوی دووەم، کە لە کاتی ئیدخالکردنی گۆڕاوە پیشەییەکان، ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ 0.99 ، بەو واتایەی هەموو گۆڕاوەکانی(دیمۆگرافی و پیشەیی) گۆڕاون بە گۆڕانێکی کەم لە هەنگاوی دووەم کە ڕاڤە دەکرێت بە نزیکەی (99%) لە جیاوازی ئاستی فشاری کار لای تاکەکانی نموونە. بە تێروانین لە خشتەی ژمارە(٤) کە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوە پیشەییەکان(داهاتوو و دڵنیایی پیشەی، ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی، ململانێی ڕۆڵی پیشەیی، فورسی کار، سروشتی کار) ئاماژەیە بۆ ڕێژەی

کاریگەریان لەسەر فشاری کار کەلەوانی تر بەهێزترە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ گۆڕاوە پیشەییەکان پێش گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان دەکەون بەرێژەیەکی کەم وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی فشاری کار.

لە خشتەی ژمارە (٤) رێگەی ئاماری ( Multiple regression) بەکارهێراوە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان هەریەك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان دیاری بکەین و، هەروەها گۆڕاوە شوێنکەوتەکانیش دوای کۆنترۆڵکردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر. ئەو زانیارییانەی کە لە خشتەی ژمارە(٤) هاتوون پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەمانەن ( تەمەن و مووچەی مانگانە و خزمەت و داهاتوو و دڵنیایی پیشەی و ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی و ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و قورسی کار و سروشتی کار)، لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە.

ئەگەرچی جیاوازی بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکان ئاماژە بە ڕوودانی جیاوازی لە هێزی کاریگەری ڕێژەیی دەکەن بۆ ئەو گۆڕاوانە لە پەیوەندییان بە فشاری کار. لەبەر ئەوەی هەر پێنج گۆڕاوە پیشەییەکە بەهێزترین گۆڕاون کە کاریگەرییان لەسەر فشاری کار هەیە. بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوی داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی بریتی یە لە (2.767) ، بۆ ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی(2.735) ، بۆ ململانێی ڕۆڵی پیشەیی(2.457) ، بۆ قورسی کار(2.186) و، سروشتی کار(1.183) کە بەهێزترین گۆڕاون کاریگەریان لەسەر فشاری کار هەیە و، لە ڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە. پاشان ئەنجامەکان پشتگیری ئەم توێژینەوەیە دەکەن بۆ دروستی گریمانەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم، چونکە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان (داهاتوو و دڵنیایی پیشەی و ئاڵۆزی رۆڵی پیشەیی و ململانێی رۆڵی پیشەیی و قورسی کار و سروشتی کار) لە لایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە. بەهەمان شێوە دەریخستووە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکانی تەمەن (1.053) و گۆڕاوی خزمەت (-0.724) و گۆڕاوی مووچەی مانگانە (٠.٠٠٠٠٠٠٥٢٣٥) کە کەمتر کاریگەرییان هەیە لەسەر گۆڕاوی فشاری کار و ئاماژەدارە لەڕووی ئامارییەوە و، لە هەمان کاتدا ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی لە دروستی گریمانەی سێیەم ناکات کە دەڵێت پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان خزمەت لەلایەك و فشاری کار لە لایەکی ترەوە.

## تاوتوێ کردنی ئەنجامەکانی توێژینەوە و ڕاسپاردەکان

لە ئەنجامەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێنج لە گۆڕاوە سەربەخۆکان کە گۆڕاوەکانی پیشەن (داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی، ئاڵۆزی ڕۆڵی پیشەیی، ململانێی ڕۆڵی پیشەیی، قورسی کار، سروشتی کار) پەیوەستدارن بە فشاری کار بە ئاماژەی ئاماری لەئاستی (٠.٠٥) دوای کۆنترۆڵکرنی گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر. لەلایەکی تر ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ هەندێك لە ئەنجامی توێژینەوەکانی تر.(السمادونی، ١٩٩٤، ٦٢-١٢٠)، (العبدالقادر والمیر، ١٩٩٦، ٣١٧-٢٢٨)، (الهنداوی، ١٩٩٤، ٨٩-١٣١) هەروەها گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر پاڵپشتی لە گریمانەکانی توێژینەوەکە دەکەن. تێبینی دەکەین کە بەهای (beta) بەشداری هەریەك لە گۆڕاوە سەربەخۆکان ڕوون دەکاتەوە لە ڕاڤەکرنی گۆڕان لە هەریەك لە گۆڕاوە شوێنکەوتەکان و، گۆڕاوی دڵنیایی و داهاتووی پیشە لای مامۆستایان بە گرنگترین گۆڕاو دێت لە کارتێکردن لەسەر گۆڕاوی شوێن کەوتە کە بەهای (beta) ی گەیشتە (2.767)، بەو واتایەی هەرکاتێك مامۆستا هەست بە بەرەوپێش چوون و گەشەکردن

نەکات لە دڵنیایی و داهاتووی پیشەکەی ئەوا ئاستی فشاری کار لای زیاد دەکات، دواتر ئاڵۆزی ڕۆڵ بەهای (beta) گەیشتە (2.735)، بەو مانایەی ئاستی فشاری کار زیاد دەبێت هەرکاتێك ئەو ڕۆڵەی مامۆستا پێی هەڵدەستێت ڕوون نەبێت، پاشان ململانێی ڕۆڵ بەهای(beta)ی گەیشتە (2.457)، واتە ئاستی فشاری کار زیاد دەبێت کاتێك مامۆستا هەست بە ململانێ بکات لەو ڕۆڵە پیشەییەی کە پێی هەڵدەستێت، قورسی کار بەهای (beta) ی گەیشتە (2.186)، واتە هەر کاتێك قورسایی کاری مامۆستایان زیاد بێت ئاستی فشاری کار لایان زیاتر دەبێت، ئینجا سروشتی ئەو کارەی مامۆستا بە ئەنجامی دەگەیەنێ لە پیشەی وانەبێژیدا بەهای (betaی گەیشتە (1.183)، ئەمەش واتە سروشتی کار کاتێك بەرپرسیارێتی ئەوانی تری تێدا بێ یان پیشەکەی چانسی بەکارهێنانی تواناکانی بۆ نەرەخسێنێت ئەوا ئاستی فشاری کار لای مامۆستا بەرزدەبێتەوە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە تاڕادەیەك کۆکە لەگەڵ نموونەکەی جیسۆن و ئەوانی تر (العبدالقادر والمیر: ١٩٩٦، ٣١٨-٣١٩). هەروەها لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە السمادونی پەرەی پێدا (١٩٩٤، ٦٢-١٢٠)، بەوەی کە ململانێی ڕۆڵ و ئاڵۆزییەکەی و بارقورسی زیاد بە یەکێك لە سەرچاوە و فاکتەرە گرنگەکانی فشاری کار دەژمێردرێت. هەروەها ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکەی عسکر (١٩٨٨: ٧-٥٩) بەوەی کە بڕی کار و گەشە و پێشکەوتنی پیشەیی وجۆری کارو ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و ئاڵۆزییەکەی بە گرنگترین فاکتەر و هۆکارەکانی فشاری کار دادەنرێن. بەڵام سەبارەت بە گریمانەکانی تر کە دەڵێت پەیوەندییەکی نێگەتیڤی ئاماری ئاماژەدار هەیە لەنێوان هەریەك لە (تەمەن و مووچە و شارەزایی و ماوەی خزمەت ) لەلایەك و فشاری کار لەلایەکی ترەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە ڕوونی دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان گۆڕاوی خزمەت و مووچە لەگەڵ فشاری کار. بەڵام پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ هەیە لەنێوان تەمەن و ساڵانی خزمەت لەگەڵ فشاری کار . هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بەهای فاکتەری (beta) بۆ گۆڕاوەکانی (تەمەن و خزمەت و مووچە) ڕیز بەندییەکەیان پێچەوانەوە دەبێتەوە لە ڕوانگەی بەهێزی کاریگەری ڕێژەیی لاواز لەبواری پەیوەندیان بە فشاری کار. بەو پێیەی گۆڕاوی تەمەن پلەی شەشەم دواتر گۆڕاوی خزمەت لە پلەی حەوتەم و پاشان گۆڕاوی ماوەی خزمەت لە پلەی هەشتەم دێت لەڕووی هێزی کاریگەری ڕێژەیی.

ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئاپکۆچ (Apkkoch,1982 et al.,) بەوەی کە گۆڕاوی تەمەن و شارەزایی ماوەی خزمەت دەبێتە هۆی جیاوازی لەئاستی هەست کردن بە فشاری کار(هند ماجد الخپیلە: ١٩٩٧: ٨٨) و، کۆکە لەگەڵ توێژینەوەکەی الهنداوی (وفیە أحمد الهنداوی: ١٩٩٤: ٨٩-١٣١) بەوەی کە دەڵێت تاکەکان جیاواز دەبن بە پێی تەمەنیان بۆ هۆکارەکانی فشاری کار بەوەی هەرکاتێك تەمەنی تاکەکان کەم بێت زیاتر هەست بە فشاری کار دەکەن لەو تاکانەی کە تەمەنیان گەورەیە.

هەروەها ئەنجامەکان دەریدەخەن کە ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان بەرزە. دەتوانین ئەمە ڕاڤە بکەین بەوەی سروشتی ئەو کارەی مامۆستا ئەنجامی دەدات لەکەرتی فێرکاری وا لە مامۆستا دەکات زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ خوێندکارەکانی بەسەر ببات، ئەمەش وای لێدەکات ڕاستەوخۆ بەردەوام لەگەڵیان بێت بە مەبەستی یارمەتی دانیان، بە چاوپۆشین لەو فشارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئارەزووەی. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عسکر و عبداللە عسکر وعبدالله: ١٩٨٦، ٦٥-٨٧) بەوەی پیشەی وانەبێژی دادەنرێت بە یەکێك لە پیشە کۆمەڵایەتیەکان کە بەسروشتی خۆی ئاستێکی بەرز لە فشار دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی بارقورسی زیاد و بەرپرسیارێتیان بەرامبەر تاکەکان، لەبەرئەوەی

بەرپرسیارێتی تاکەکان سەرچاوەیەکی بەهێزی فشارە بە پلەیەکی زۆر گەورە لە بەرپرسیارێتیان بەرامبەر شتەکانی تر.( لطفي راشد محمد: ١٩٩٢، ٦٩-٩٥) لەوانەیە هۆکاری سەرەکی فشاری کار لای مامۆستایان نەبوونی پێشکەوتن لە داهاتوو و دڵنیایی پیشەیی و بارقورسی بێت چونکە، بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی نەبوونی کاتی تەواو بۆ تەرکیزکردن لەسەر پیشەی سەرەکیان. هەست کردنی مامۆستا بەوەی کە چانسی بەرزبوونەوەو بەرەوپێش چوونی پیشەیی لە خوێندنگە لاوازە و دادەنرێت بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی فشاری کار لەبەر ئەوەی دژی حەزوو تموحاتی مامۆستا و داهاتووی کار و پیشەیەتی.

هەروەها بارقورسی زیاد و ململانێی ڕۆڵی پیشەیی و ئاڵۆزییەکەی و سروستی پیشە دەبنە هۆی ئەوەی کە مامۆستا زیاتر کاردانەوەی بۆ شپرزەیی و هەڵچوون و فشار هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی چالاکی و زیندوویەتی و جۆش و خرۆشی بۆ پیشەی وانەبێژی کە ئەمەش کاردەکاتە سەر دەسکەوتی مامۆستا بەتایبەتی و دەسکەوتی فێرکرن بەشێوەیەکی گشتی.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕاسپاردە بکەین:

١. فشاری کار لای مامۆستایان لە دامەزراوە فێرکارییەکان لەبەر چاو بگیرێ و کەم بکرێتەوە و، ئەمەش بە جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی بەرێوەبردنی(الاداره الحديپه) نوێ وەك پرەنسیپی پلەداری دەسەڵات و پرەنسیپی دەرکردنی یەك فرمان و ڕێنیمایی بۆ ئەوەی فرمانەکان دژ یەك نەبن چونکە، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ. لەبەرئەمە پێویستە لەسەر ئیدارەی پەروەردەیی هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر کە یارمەتی دەربێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی فشاری کار لای مامۆستایان بۆ نموونە :

   أ. پێدانی بەرپرسیارێتی دیاریکراو بە مامۆستا و بەخشینی زانیاری و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەمە.
   ب. ڕانەسپاردنی مامۆستا بە کارێك لەژێر سیاسەتی دژیەك.
   ت. رەخساندنی چانسی بەرزبوونەوەو گەشەی وەزیفی.
   پ. قەرەباڵغی پۆلەکانی خوێندن کەم بکرێتەوە.

٢. پێویستە مامۆستا بە باشی ئامادە بکرێت بەو شێوەیەی بسازێ لەگەڵ سروشتی پیشەی وانەبێژی، لەبەر ئەمە گرنگە ئاستی ئامادەکردنی مامۆستایان لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەرەت و پەروەردە بەرز بکرێتەوە، ئاستی بەرز بە تەنها بەرپرس نیە لە دروستکردنی ئاڕاستەی پۆزەتیڤی مامۆستا بەرامبەر پیشەی وانەبێژی بەڵکو وا ئامادە بکرێت کە فشاری کار و باش هەڵسوکەوت کردن لە ئەستۆ بگرێت لە هەڵوێستە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

٣. توێژەر وای دەبینێ پێویستە ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانە فراوان بکرێت بۆ پاساندن یاخود دڵنیابوون لە پەیوەندی گۆڕاوەکانی توێژینەوە (دیمۆگرافیا/ پیشەیی) بە فشاری کار کە ناوەندەکانی تری فێرکردن بگرێتەوە وەکو خوێندنی باڵا لە هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەتی.

## ليستى سەرچاوەكان


١. العمري ،عبيد عبدالله (١٩٩٨). محددات الولاء التنظيمي في القطاع الصحي الحكومي ، مركز بحوث كلية الآداب، جامعة الملك سعود، ع٧٤.

٢. عبدالله الطجم وطلق السواط(١٩٩٥). السلوك التنظيمي، المفاهيم، والنظريات و التطبيقات ،جدة: دار النوابغ).

٣. السمادوني ، السيد ابراهيم " فهد الربيعة (١٩٩٨). الإنهاك النفسي لدى عينة من المعلمين في مجال الخدمات الإنسانية بمدينة الرياض وعلاقته ببعض المتغيرات، مجلة جامعة الملك سعود، العلوم التربوية و الدراسات الإسلامية،١٠، ١ع .

٤. محمد، لطفي راشد (١٩٩٢). نحو إطار شامل لتفسير ضغوط العمل، وكيفية مواجهتها، الإدارة العامة، ع٧٥.

٥. خضر، محسن خضر (١٩٩٨). الاحتراق النفسي للمعلم العربي، مجلة المعرفة، ع٣٩.

٦. اندرو دي سيزلاقي ومارك جي والاس (١٩٩١). السلوك التنظيمي والأداء، ترجمة جعفر أبو القاسم أحمد ( المملكة العربية السعودية): معهد الإدارة العامة.

٧. المير، عبدالله العبد القادر " عبدالرحيم (١٩٩٦). اختبار العلاقة بين صراع الدور وغموض الدور و الرضا الوظيفي و الصفات الديموغرافية للمهنيين العاملين في مجال الحاسوب في المملكة العربية السعودية: دراسة ميدانية ، المجلة العربية للعلوم الإدارية، ٣، ٢ع.

٨. السمادوني ، السيد ابراهيم (١٩٩٤). الإنهاك النفسي لمعلمي التربية الخاصة وتبعاته: دراسة تنبؤية في ضوء بعض المتغيرات الشخصية و المهنية، التربية المعاصرة،" ع٣١.

٩. لهنداوي، وفية أحمد ا (١٩٩٤). استراتيجيات التعامل مع ضغوط العمل، الإداري، ع ٥٨.

١٠. الخثيلة ، هند ماجد (١٩٩٧). مصادر ضغوط العمل كما يدركها العاملون في التعليم العالي، مجلة جامعة الملك سعود، العلوم التربوية و الإسلامية، ٩ ، ١ع.

١١. عسكر ، سمير أحمد (١٩٨٨). متغيرات ضغط العمل: دراسة نظرية وتطبيقية في قطاع المصارف بدولة الإمارات العربية المتحدة، الإدارة العامة ، ع٦٠.

١٢. الأنصاري ، علي عسكر " حسن جامع ، محمد (١٩٨٦). مدى تعرض معلمي المرحلة الثانوية بدولة الكويت لظاهرة الاحتراق النفسي، المجلة التربوية، ٣، ع١٠،

١٣. بسطا ، لورنس (١٩٨٨). ضغوط العمل لدى معلمي مرحلة التعليم الأساسي مصادرها والانفعالات النفسية السلبية المصاحبة لها، دراسات تربوية، ع٧.

١٤. يوسف ، جمعة (٢٠٠٧). ادارة الضغوط " ، مركز تطوير الدراسات العليا والبحوث في العلوم الهندسية ، الطبعة الاولى، جامعة القاهرة .

١٥. العمري ، عبيد بن عبدالله (٢٠٠١). بناء نموذج سببي لدراسة تأثير كل من الولاء التنظيمي والرضا الوظيفي وضغوط العمل على الاداء الوظيفي والفعالية التنظيمية ، رسالة ماجستير . جامعة الملك سعود . الرياض ، السعودية .

١٦. جرينبرج ، جيرالد . روبرت بارون (٢٠٠٩). ادارة السلوك في المنظمات ، ترجمة اسماعيل علي بسيوني . دار المريخ للنشر .الرياض ، المملكة العربية السعودية.

١٧. سحراء انور حسن (٢٠١٣). قياس تاثير ضغوط العمل في مستوى الاداء الوظيفي، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد السادس.

## ضغوط العمل بين المدرسين في المدارس الاعدادية في قضاء قلعةدزة (دراسة ميدانية)


### ملخص البحث

ان الهدف من هذا البحث هو اختبار العلاقة بين المتغيرات الديموغرافية والمتغيرات الوظيفية من ناحية، وضغوط العمل من ناحية اخرى، في الاعداديات التابعة لقضاء قلعةدزة.

ويتكون عينة البحث من (٩٦) ست و تسعين مدرسا تم اختيارهم بشكل عشوائي من مجتمع العينة من مختلف الطبقات، ويتكون الاستبيان المعتمد في هذا البحث من ثلاث اجزاء، (١) مقياس ضغوط العمل، (٢) المتغيرات الوظيفية للمعلمين ( عبء العمل، صراع الدور، غموض الدور، طبيعة العمل، الأمان الوظيفي)، (٣) المتغيرات الديموغرافية (العمر، الراتب الشهري، مدة الخدمة)، تم استخدام الانحدار المتعدد ( **Multiple Linear Regression**) لتحليل البيانات.

واستنتجنا بان وجود علاقة ايجابية ذات دلالة إحصائية المتغيرات الديموغرافية (العمر، الراتب الشهري، مدة الخدمة)، وضغوط العمل، وكان العمر اكثرهم تاثيرا على ضغط العمل.

كما استنتجنا بان العلاقة بين المتغيرات الوظيفية( عبء العمل، صراع الدور، غموض الدور، طبيعة العمل، الأمان الوظيفي)، و ضغوط العمل كانت ايجابية عند المدرسين، وكانت المتغيرات الوظيفية لها تأثير أكثر قليلا من المتغيرات الديموغرافية بطريقة (نسبة التباين المفسرة) للمتغيرات الديموغرافية، وكانت نسبة المتغيرات الديموغرافية (96.2%) والمتغيرات الوظيفية + المتغيرات الديموغرافية كانت نسبتها(99%).

## Job Stress among High School Teachers of Qaladza Town (An Applied Study)

This study aims to examine the relationship between demographic variables and professional variables on the one hand and job stress in high schools in Qaladza Town on the other. To achieve the aims of the study, a simple stratified random sample, which consists of 96 participants, and (A Multiple Linear Regression) to analyze the collected data were employed. The questionnaire was composed of three parts:

1. Job stress measurement
2. Teachers' professional variables such as (workload, professional conflict, nature of work, professional assurance).
3. Demographic variables which include: (age, salary, duration of service).

The study concluded that there exists a statistically significant positive relation between demographic variables such as (age, salary, and duration of service) and job stress. Among the demographic variables, age has a lot more effect on job stress than all the other demographic variables. It was also shown that a positive relation exists between professional variables such as (workload, professional conflict, nature of work, and professional assurance) and job stress among high school teachers. Finally, the study revealed that professional variables have a little more effect on job stress than the demographic variables, in a way that the R-square for demographic variables was (96.2%), whereas the R-square for the (professional + demographic) variables was (99%). The study comes to a halt with the recommendation that the educational administration should take bold and immediate steps to help decrease the level of job stress, by assigning specified responsibilities to teachers, not recommending teachers to a task under contradictory policies, providing opportunities for promotion and professional development and lowering the number of students in crowded classes.

# الفرائد البهية في القواعد والفوائد الفقهية
# (مسائل الطهارة) للشيخ محمود بن محمد بن نسيب الحمزاوي المتوفى سنة ١٣٠٥هـ

أ.د. جمال محمد فقي رسول　　م.شيلان محمد علي القرداغي
جامعة كويه　　جامعة صلاح الدين

## المقدمة:

الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على النبي الأمين وآله وصحبه أجمعين وبعد:

فإن المخطوطات في تراثنا الإسلامي من اغنى مصادر العلوم قديما وحديثا، وتحقيق ما يمكن تحقيقه من هذه المخطوطات هو جزء من الوفاء لفطاحل علمائنا الذين كاد النسيان أن يطويهم، وهذه المخطوطة التي سنحقق جزءا منها هي مخطوطة لأحد علماء دمشق الكبار الذين رفدوا المكتبات الإسلامية بعدد كبير من الكتب، ألا وهو القاضي الشيخ محمود بن محمد بن نسيب الحمزاوي المتوفى سنة ١٣٠٥هـ، والمخطوطة التي نحن بصددها هي مخطوطة "الفرائد البهية في القواعد والفوائد الفقهية" في القواعد الفقهية للمذهب الحنفي.

ومعلوم أن معرفة القواعد الفقهية هي مما يعين المجتهد على الاستنباط، والفقيه على معرفة أحكام الجزئيات الفقهية وحفظها، ولولا هذه القواعد لبقيت الأحكام الفقهية فروعا مشتتة، قد تتعارض ظواهرها، دون أصول تمسك بها في الأفكار وتبرزَ فيها العلل الجامعة، وتعَينَ اتجاهاتها التشريعية، وتمهد بينها طريق المقايسة والمجانسة.[1] فلذلك عني الفقهاء بالقواعد الفقهية وصنفوا لضبطها مصنفات كثيرة، لذا احببت أن اشارك في تحقيق جزء من هذا التراث العلمي الرصين، فاخترت القواعد والفوائد في مسائل الطهارة بغية تسليط الضوء عليها، وإخراجها من دائرة النسيان؛ لما لها من اهمية في تنظيم المسائل الفقهية المبعثرة، فكل قاعدة وفائدة هي بمثابة السور الذي يضم بداخله عدداً كبيراً من المسائل الفقهية.

وقسمت البحث الى قسمين:

القسم الأول: القسم الدراسي، ويشتمل على مبحثين:

المبحث الأول عن حياة القاضي محمود -رحمه الله- الشخصية والعلمية.

المبحث الثاني: التعريف بالمخطوط ومنهج المؤلف في المخطوط والباحثة في التحقيق.

القسم الثاني: القسم المحقق، ويشتمل على تحقيق مسائل الطهارة من كتاب "الفرائد البهية في القواعد والفوائد الفقهية" نسأل الله نعالى التوفيق والسداد.

---

(١) مقدمة مصطفى أحمد الزرقا لشرح القواعد الفقهية للشيخ أحمد بن محمد الزرقا ت١٣٥٧هـ-١٩٣٨م- دار القلم-دمشق-الطبعة الرابعة سنة ١٤١٧هـ-١٩٩٦م: ص٣٥.

## القسم الأول

## المبحث الاول

### المطلب الأول: اسمه، نسبته، كنيته، مولده، وفاته.

اسمه: محمود بن محمد بن نسيب بن حسين بن يحيى بن حمزة[٢].

نسبته: الحسيني[٣] الحمزاوي[٤] الحنفي[٥] الحراني[٦].

كنيته: ورد أن كنيته هي: ابن حمزة [٧]، ولكنه لم يشتهر بالكنية كثيرا.

ولادته: اختلفت الروايات في سنة ولادته على عدة آراء، ولكن الراجح منها والذي ذكر في معظم المصادر هو أنه ولد في ١٢٣٦ه[٨]، وهناك رأيان آخران في ولادته وهما: أنه ولد سنة:١٢٣٤ه[٩]، أو ولد سنة: ١٢٣٥ه[١٠].

وفاته: في أواخر عمره اعتراه ضعف برجليه، فلزم بيته، ولم يخرج منه إلا قليلا، مع ملازمته وظيفته والعمل بموجبها، وفي اليوم التاسع من محرم وقيل في ١١ محرم[١١]، سنة ١٣٠٥ه، اخترمته المنية عن تسعة وستين عاما

---

(٢) الأعلام، خير الدين بن محمود الزركلي (المتوفى: ١٣٩٦هـ)، دار العلم للملايين، الطبعة الخامسة عشرة، ٢٠٠٢م: ١٨٥/٧، معجم المؤلفين، عمر بن رضا كحالة الدمشقي (المتوفى: ١٤٠٨هـ)، مكتبة المثنى - بيروت، ودار إحياء التراث العربي بيروت: ٢٠٠/١٢.

(٣) الأعلام:١٨٥/٧، ويصل نسبه الى علي زين العابدين بن الحسين الشهيد بن علي بن أبي طالب. فيض الملك الوهاب المتعالي، بأنباء أوائل القرن الثالث عشر والتوالي، الشيخ أبي الفيض عبد الستار بن عبد الوهاب البكري الصديقي الحنفي، ١٢٨٦ - ١٣٥٥هـ، دراسة وتحقيق أ. د. عبدالملك بن عبد الله بن دهيش، بدون طبعة وبدون تاريخ.١٥٥٣/١

(٤) نسبة إلى حمزة الحراني (من جدودهم). الأعلام:١٨٥/٧.

(٥) المصدر السابق نفسه.

(٦) المصدر السابق نفسه، وورد في توقيعه على الشعر الذي بعثه الى الشيخ عبد القادر الجزائري —رحمهم الله جميعا- (عبودية الداعي لكم بطول البقا وسمو الارتقا، مدى الأيام، محمود الحراني غفر الله له ولوالديه آمين)حلية البشر/١ ١٤٧٣. وهي نسبة الى حران الرها التي سكنها جدهم الأكبر، ومدينة حران هي من الأماكن المشهورة في لواء الرَها وهي مدينة من ديار مضر، قديمة عتيقة، لا يدرى متى بنيت، يقال بناها هران أخو إبراهيم عليه السلام وهو أبو لوط عليه السلام، وهي مدينة الصابئين ولهم بها تل عليه مصلاهم، وهم يعظمونه وينسبونه إلى إبراهيم عليه السلام، الروض المعطار في خبر الأقطار، أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن عبد المنعم الحِميرى ت: ٩٠٠هـ، تحقيق: إحسان عباس، مؤسسة ناصر للثقافة — بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٠ م: ١٩١/١، نهر الذهب في تاريخ حلب، كامل بن حسين بن محمد بن مصطفى البالي الحلبي، الشهير بالغزي ت: ١٣٥١هـ، دار القلم، حلب، الطبعة الثانية، ١٤١٩ هـ: ١/ ٤٢٧..

(٧) فهرس الفهارس والأثبات ومعجم المعاجم والمشيخات والمسلسلات، محمد عَبْد الحَيّ بن عبد الكبير المعروف بعبد الحي الكتاني (المتوفى: ١٣٨٢هـ)، تحقيق: إحسان عباس، دار الغرب الإسلامي — بيروت، الطبعة الثانية سنة ١٩٨٢م: ٣٧٢/١، إيضاح المكنون في الذيل على كشف الظنون، إسماعيل بن محمد أمين بن مير سليم الباباني البغدادي (المتوفى: ١٣٩٩هـ)، عنى بتصحيحه وطبعه على نسخة المؤلف: محمد شرف الدين بالتقايا رئيس أمور الدين، والمعلم رفعت بيلكه الكليسى، دار إحياء التراث العربي، بيروت — لبنان: ٢٤٣/٤.

(٨) الأعلام:١٨٥/٧، تراجم مشاهير الشرق في القرن التاسع عشر، جرجي زيدان، الطبعة الثالثة، مطبعة الهلال بشارع توبار نمرة ٤، بمصر، سنة١٩٢٢: ١٧٨/٢. أعلام الفكر الإسلامي في العصر الحديث، أحمد تيمور باشا، دار الآفاق العربية، القاهرة-مصر، ١٤٢٣هـ-٢٠٠٣م،ص٢٤٩.

(٩) حلية البشر في تاريخ القرن الثالث عشر، عبد الرزاق بن حسن بن إبراهيم البيطار الدمشقي (المتوفى: ١٣٣٥هـ)، حققه ونسقه وعلق عليه حفيده: محمد بهجة البيطار، دار صادر، بيروت، الطبعة الثانية، ١٤١٣ هـ - ١٩٩٣م.١٤٦٨/١.

(١٠) فيض الملك الوهاب المتعالي١٥٥٣/١.

(١١) وهذا الرأي لم يذكر إلا في: أعلام الفكر الإسلامي في العصر الحديث ص٢٤٩.

بدمشق، فكبر خطبه، وعظم مصابه، وتقفلت دوائر الحكومة، وتوقفت أشغال المدينة في ذلك اليوم، وأذن له بالمآذن، وعم الحزن والأسف عموم الناس وصلى عليه في جامع بني أمية ما ملأ الجامع مع اتساعه من علماء ووزراء وفضلاء وغيرهم، ثم ساروا به في موكب عظيم إلى تربة الفراديس المعروفة بمرج الدحداح.(١٢)(١٣)

**المطلب الثاني: نشأته العلمية**

نشأ في كنف والده، كما ينشأ ربيب العز والمجد، وكانت المدارس في أيامه ضعيفة، التحق بها عام ١٨٣٢هـ، فتعلم القرآن، وأتقن الخط في المكتب الابتدائي، وهو في الثانية عشرة من عمره، واشتهر خطه بالجمال من ذلك الحين، ثم عكف على اكتساب العلم، وأكبَ على المطالعة والتبحر على علماء دمشق، وكان أول أساتذته والده، فقرأ على يديه متن القدوري، ثم أخذ علومه على يد كبار علماء عصره (١٤).

كان كثير المذاكرة حسن المحاضرة، ذا نطق فصيح وذكاء راجح مليح، وحافظة جيدة سامية، وتقريرات صائبة(١٥).

تعلم اللغة التركية، وبرع فيها، وصار من أكابر علمائها والمتبحرين فيها، يدرك آثارها ويروي نكاتها، ومنظوماتها، وآدابها كأحسن فضلائها(١٦).

**المطلب الثالث: مذهبه العقدي والفقهي:**

يظهر لنا من خلال الاطلاع على كتبه أن مذهب القاضي محمود العقدي هو مذهب أهل السنة والجماعة، وغالب الظن أنه ماتريدي لأن مذهب معظم الحنفية العقدي هو الماتريدية.

أما مذهبه الفقهي فهو على مذهب الإمام الشافعي أو الإمام الأعظم أبي حنيفة النعمان بن ثابت الكوفي والذي كان المذهب السائد في الحكومة العثمانية.

**المطلب الرابع: شيوخه وتلاميذه**

**الفرع الأول: شيوخه:**

ذكر الحمزاوي في ثبته(١٧) المعروف بـ (عنوان الأسانيد):بأنه يروي عامة عن(١٨):

---

(١٢) مقبرة الدحداح: بين العقيبة والعمارة البرانية، في شارع بغداد اليوم في دمشق، كان مكانها قديماً مرج يعرف بمرج الدحداح نسبة إلى أبي الدحداح الدمشقي المحدّث الذي دفن فيه، وهو أحمد بن محمد بن إسماعيل الدمشقي المتوفى عام ٣٧٢هـ، وكان هذا المرج مجاوراً لمقبرة الفراديس وهذه المقبرة تنسب بدورها إلى قرية الفراديس التي شاع عليها أيضاً اسم: الأوزاع في القرون الأولى، ومن الأسماء الأخرى التي أطلقت علي مقبرة الفراديس: مقبرة الذهبية. فمع الأيام اندمج مرج الدحداح مع المقبرة وصار جزءاً منها، واليوم تعتبر الدحداح من أهم وأكبر مقابر المدينة.معالم دمشق التاريخية أحمد الأيبش ود.قتيبة الشهابي، من منشورات وزارة الثقافة في الجمهورية العربية السورية، دمشق،١٩٩٦:ص:١٧٧-١٧٨.

(١٣) حلية البشر١٤٧٧/١، تراجم مشاهير الشرق في القرن التاسع عشر ١٨١/٢.

(١٤) تراجم مشاهير الشرق في القرن التاسع عشر ١٧٨/٢، معجم المطبوعات العربية والمعربة ١٧٠٦/٢.

(١٥) حلية البشر ١٤٧٥/١.

(١٦) تراجم مشاهير الشرق في القرن التاسع عشر ١٧٨/٢و١٧٩.

